ـو (کوتاه)	u	فروش	furûš
ُ (ضمه‌ی کشیده)	o:	پُلو	polo:
اَو	ow	پُلَو	polow

۲. همخوان‌ها(حروف بی‌صدا)

همخوان	نشانه‌ی آوایی	نمونه	آوانگاری
ب	b	بار	bār
پ	p	پا	pā
ت ، ط	t	تار	tār
		طبل	tabl
ث ، س، ص	s	ثبت	sabt
		سال	sāl
		صدا	sedā
ج	c	جوان	cavān
چ	č	چمن	čaman
ح ، ه	h	حرف	harf
		هما	homā
خ	x	خوب	xûb
د	d	درس	dars
ذ ، ز ، ض ، ظ	z	ذهن	zehn
		زیبا	zibā
		ضَرب	zarb
		ظُلم	zolm
ر	r	راه	rāh
ژ	j	ژاله	Jāle
ش	š	شیر	šîr

همخوان	نشانه‌ی آوایی	نمونه	آوانگاری
غ ، ق	q	غار	qār
		قند	qand
ف	f	فردا	fardā
ک	k	کاخ	kāx
گ	g	گُرگ	gorg
ل	l	لاک	lāk
م	m	ماه	māh
ن	n	نان	nān
و	v	وزن	vazn
ی	y	یاد	yād

۳. حروف همخوان /ء/ و /ع/

همـزه و عـین در زبـان فارسـی تلفـظ یکـسان دارنـد و در ایـن کتـاب بـا نشانه‌ی /'/ آوانگـاری شـده‌انـد؛ماننـد: اَلَـم (درد و رنـج) و عَلَـم (پـرچم)؛ کـه هر دو «'alam» خوانده می‌شوند.

حرف	نشانه‌ی آوایی	نمونه	آوانگاری
ء	'	شيء	Šey'
أ		أرز	'arz
ـأ		مأنوس	ma'nûs
ؤ		رؤیا	ro'yā
ئـ		رئوف	ra'ûf
ع		عَکس	'aks
		عِلم	'elm
		عُرف	'orf
		عود	'ûd
		سعید	sa'îd
		فعّال	fa''āl
		وسیع	vasî'

باید توجه داشت که هجا هیچگاه با واکه (مصوت) شروع نمـی‌شـود. بـه عبـارت دیگر سَرِ هجا باید حرف همخوان (صامت) باشد. از این روست که صداها اگـر در ابتدای واژه قرار گیرند، با همزه (کوتاهترین همخـوان از نظـر کـشـشی) خوانـده مـی‌شـوند. ماننـد: آسـان ('āsān)، اَبـر('abr)، ایـن ('în)، اِسـم('esm) ، او('û)، و اُنس('ons).

نشانه‌های به کار رفته در این فرهنگ

نشانه	کاربرد
. (نقطه)	پایان سرواژه، پس از جایگاه دستوری
؛ (نقطه‌بند)	بین کلمات و گاهی عبارات مترادف
، (ویرگول)	توقف کوتاه
: (دو نقطه)	قبل از ریشه‌ی واژه و برای توصیف
[ ] (کروشه)	ریشه‌ی لغت
[ ] (کروشه خوابیده)	حوزه‌ی معنایی
( ) (کمان)	توضیح بیشتر
☜	ارجاع یک واژه به واژه‌ی دیگر
‹ ›	شاهد یا مثال به کار رفته در تعریف‌ها
// //	صرف مصدر
/ /	جدا کردن تلفظ و نشانه‌ی جمع
/	یا
❋	مترادف بودن یک واژه با همه‌ی تعریف‌ها
⊡	زیر مدخل فعلی
▣	زیر مدخل اسمی
□	جدا کردن تعریف مصدرهای لازم و متعدی
!	تعجب، خطاب، تأکید
؟	پرسش
■	صفت فاعلی، صفت مفعولی و مصدر منفی، در پایان مصدرها
- -	جمله‌ی معترضه
-	بین اجزای برخی ترکیب‌ها

آ

آ[1] / 'ā/: *حرف.* ئا: ۱. هەوەڵین پیتی ئەلفوبێتکەی فارسی؛ ئەم نیشانەیە لە بناغەدا دوو پیتە: «ئـ» و «ا»، کە لە ڕێنووسی کوردیدا جیا کراونەتەوە و گرفتێکی زۆری لابردووە ۲. *[مخفف،گفتاری]* ئاغە؛ کا ‹آتقی: ئا تەقی›.

ـا[2]: *میانوند.* ۱. ـا؛ ـام؛ ـان؛ نیشانەی پێوەندی ‹سراپا؛ برابر؛ سراسر: سەراپا؛ بەرامبەر؛ سەرانسەر› ۲. ـا؛ ـاو؛ ـای؛ نیشانەی چۆناوچۆنی ‹دمادم: دەماودەم› ۳. *[ادبی]* با؛ دەبا؛ یاخوا؛ نیشانەی داخواز و دۆعا و ئاواتخوازی ‹بماناد: با بمێنێت›.

ـا[3]: *پسوند.* ۱. ـا؛ ـایی؛ ـەی؛ ـای؛ ـی؛ ناوساز ‹پهنا: پانا› ۲. ـا؛ ئاوەڵناوساز؛ لەگەڵ ڕەگی کرداردا ‹بینا؛ شنوا: بینا؛ ژنەوا› ۳. جێگری دووسەر(ً) لە وشە ڕەگەز عەرەبیەکاندا، بە مانای قەت، هەرگیز ‹ابداً؛ اصلاً؛ مطلقاً› ٤. *[ادبی]* ـا؛ ئەی؛ نیشانەی بانگهێشتن ‹خداوندا؛ برادرا: خوایا؛ ئەی برا› ٥. *[ادبی]* ـۆ؛ ـا؛ ئەی؛ بەهـ ؛ حەی؛ نیشانەی پەسندان، سەرسووڕمان یان پێناخۆش بوون ‹دریغا: دەردۆ›.

آئورت / 'ā'ort، ـها/: [از فرانسوی]/*اسم.* ئائۆرت؛ سوورە دەماری هەرەگەورەی لەشی بڕبڕەداران.

آئین / 'āîn/ ☜ **آیین**

آئین‌بندی / 'āînbandî/ ☜ **آیین‌بندی**

آئین‌نامه / 'āîn.nāme/ ☜ **آیین‌نامه**

آئینه / 'āîne/ ☜ **آیینه**

ـ آئینی / 'āînî/ ☜ **ـ آیینی**

آب / 'āb/: *اسم.* ۱. ئاو؛ یاو؛ ئاوی؛ ئاڤ؛ ئەو؛ تراوێکی ڕوون، بێڕەنگ، بێتام و بێبۆیە کە بە هۆی بارین یان توانەوەی بەفر و سەهۆڵ بەدیدێت ۲. ئاو؛ ئاوی؛ ئاڤ؛ ئەو تراوەی کە زەریا و چۆم و کانی بەدی هێناوە ۳. ـها/*[مجازی]* زەریا؛ چۆم؛ چەم؛ ڕۆ؛ ڕۆبار؛ ڕووبار؛ هانە؛ کانی؛ گۆم؛ گم ٤. ئاو؛ ئاڤ؛ ئاوێ کە شتێکیان تێدا کوڵاندووە ‹آب‌گوشت: ئاوگۆشت› ٥. ئاو؛ ئاڤ؛ شیلە یا ئاوی میوە و سەوزی ‹آب کاهو: ئاو کاهوو› ٦. ئاو؛ ئاڤ؛ ئاوی؛ ئاوێ کە میوە یا گیایەکی تێدا دەخووسێنن ‹آب انجیر: ئاو هەنجیر› ۷. ئاو؛ ئاڤ؛ ئاوی؛ تراوێ کە بەهۆی تێکەڵ بوونی شتێک لەگەڵ ئاودا درووس دەبێت ‹آب‌نمک: ئاوخوێ› ۸. ئاو؛ ئاڤ؛ ئاوی کانزایەک کە لە ئاوکاریدا بەکار دێ ‹آب نقره: ئاوی زێو› ۹. *[گفتاری]* ئاو؛ یەکەی شۆردن ‹یکی دو آب کە بشویی،

اندازەات مـی‌شـود: یـەکــ دوو ئـاو بیـشۆی، دەبێتـە ئـەنـدازەت› ١٠. ئـاو؛ یـەکـەی چێـشت لێنـان ‹بایـد دو آب بجوشانی: ئـەشـێ دوو ئـاو بیکولـێنی› ١١. ئـاو؛ ئـاڤ؛ تـراوێ کـە لـە لـەش دێتـە دەرەوە ‹آب بینـی: ئـاوی لـووت› ١٢. ئـاب؛ مـانگی هـەشـتـەمـی سالـی زایـینی لـە ولاتـە عـەرەبـەکـان، بـەرانبـەر بـە مـانگی ئـووت/ ئاگوست ١٣. ئاب؛ مـانگی یـازدەهـەمـی سالـی عـورفی و مـانگی پێنجـەمـی سالـی دیـنی جوولەکە.

◙ **آب آلوده:** شلوێ؛ لیخناو؛ لێلاو؛ گەنکاو.

آب آهک ☜ **آب‌آهک**

آب اکسیژن ☜ **آب‌اکسیژنه**

آب امالـه: ئـاو عیمالـە؛ ئـاوی سـابوون یـان ڕۆنی بـادام کـە بـۆ چـاری زگ بـەسـتن بکرێتە ناو ڕێلەخۆوە.

آب انجیـر: ئـاو هـەنجـیر: ١. هـەنجـیراو؛ ئاوێـک کـە هـەنجـیری وشـکی تێـدا ئـەخووسـێنن ٢. *[نامتـداول]* شـیلە یـا ئـاوێ کە لە گووشاندنی هەنجیر بەدەس دێت.

آب انگـور: ١. ئـاوی تـرێ؛ ئـاو هـەنگـوور؛ ئاوێـک کـە لـە گووشـینی تـرێ بـەدی دێ ٢. *[مجـازی]* حـەرامـەشـەربـەتـاو؛ خواردنەوەی ئەلکولی.

آب ایستاده ☜ **آب راکد**

آب باتری: ئاو ئەسـید؛ ئـاو بـاتری؛ تێکـەڵـی ئاو و ئەسید سـوولفۆریک کـە بـۆ پیلـی تـەڕ بەکاردێ.

آب بـاران: بارانـاو؛ باروونـەو؛ وارانـاوی؛ ئـاوی باران.

آب باریک ☜ **آب‌باریکه**

آب بینـی: ١. چـلـم؛ کـلـم؛ چۆلـم ٢. خـوڕ؛ ئاو لووت؛ تـراوێ کـە کـاتی درم و پـەتـا بـە لووتدا دێ.

آب پـاک: *[اسـلام]* ئـاو پـاک؛ ئـاوی پـاکژ؛ ئـاوی پـاقژ؛ ئـاوە پوختـە؛ ئـاوی خـاوێن کـە دەسنوێژی پێ بگیردرێ.

آب پـاکی: ئـاو پـاکی؛ ئـاوی خـاوێنی؛ پاکـاوی؛ دوایـین ئاوێـک کـە بـۆ خـاوێن کردنەوە بە شتێکیدا دەکەن.

آب پـشت: *[کنـایی]* شـاوەت؛ ئـاو؛ ئـاوی پشت؛ ئاوی؛ ئاوێ کـە لـە ڕەحـەت بـوونی پیاودا دەڕژێ.

آب تبلـور: *[شـیمی]* ئـاوی بلـووری؛ ئـەو مۆلوکوولانـەی ئـاو (H_2O) کـە لـە دروسـت کـردنی سـاختمانی بلوورێکـدا بـەشـداری دەکەن.

آب تَتمـاج: *[مجـازی]* ئـاوەلۆلـکە؛ تـەڕەتوولـکە؛ تـەڕەتوورکـە؛ ئـاوەلۆلـێ؛ خۆراکی بێ‌پیت و ئاوەکی.

آب تنباکو: ئاو تـەمـاکۆ؛ ئـاوی تـووتن؛ ئـاوێ کە تووتنی تیێدا خووسراوە.

آب توبـه: ئـاوی تۆبـە؛ ئـاوێ کـە دوای ئـەوە گونابار تۆبەی‌کـرد، بـەسـەریـدا دەکـەن کـە پێشووی لێ بسرێتەوە.

آب جاری: ئـاوی وەگـەڕ؛ ئـاو جـاری؛ ئـاوێ کە لە ئاوڕێژێکەوە دەڕوا: **آب روان**

آب جـوش: ئـاوەکـوڵ؛ ئـاوکوڵ؛ ئـاوەقولـێ؛ ئەوقوڵ؛ ئاوێ کە لە کوڵدایە.

آب چـشم: *[ادبـی]* فرمێـسک؛ فرمیـسک؛ ئەسـرین؛ هـەرسـی؛ ئـەسر؛ ڕۆنـدک؛ ئـاوی چـاو؛ ئـەشـک؛ هـەرش؛ هێـستر؛ هێـسیر؛ هەستار.

آب چشمه: کانیاو؛ ئـاوی‌کـانی؛ هانـەچـەمـە؛ ئاوێ کە لەکانی دێتەدەر.

آب چلو: ئـاو بـرنج؛ ئـاوێ کـە برنجـی تێـدا کوڵاوە و ئاوکێش‌کراوە.

آب حیات: ١. *[اساطیر]* ئـاوی حـەیـات؛ ئـاوی ژیـان؛ ئاڤا ژیانـێ؛ ئـاوۆ ژیـوەی؛ ئـاوێ کـە هـەرکـەس بیخواتـەوە نـامرێ: **آب زنـدگی**؛

آب حیــوان؛ آب خــضر ۲. کــارەبــا؛ جــۆرێ مــوورگی زەردە کــە ژنــان بــە دەس و پــاوە هــەڵــیدەواســن ۳. *[مجـازی]* خواردنــەوەی ئەلکولی.

آب حیوان ☜ **آب حیات ـ۱**

آب خــالص: ئــاوی بــێخــەوش؛ ئــاوی بێڕەنگ و بۆ و پاکژ.

آب خام: ئاوی سروشــتی؛ ئــاوێ کــە هێــشتا بــۆ خــاوێن بوونــەوە، هــیچ کــاری لــە ســەر نەکرابێ.

آب خضر ☜ **آب حیات ـ ۱**

آب خــــوردن: ئــــاوی خواردنــــەوە؛ ئــــاو خــــواردن؛ ئاڤــا قــەخارنــێ؛ ئــاوۆ/ ئــاوەو واردەی؛ ئاوێ کە شیاوی خواردنەوە بێ.

آب خورشــــت: ئــــاوی خۆرشــــت؛ ئــــاو خــوەرشــت؛ ئــاو چێــشت؛ بــەشــی ئــاوەکــی خۆرشــت بــریتی لــە ئــاو، ڕۆن و... (وەکــوو ئاوی تەماتە، ئاوقۆرە و...).

آب خوش: ئاوی خۆش؛ ئاوی گەوارا.

آب دهان: تــف؛ تفگــە؛ تفلیــک؛ لیــق؛ لیقــاو؛ لیکــاو؛ خــوز؛ ئــاو دەم؛ گــڵۆیز؛ گلیــز؛ گرێــز؛ لییــەر؛ لیــەراو؛ ڕینگــە؛ لیکــاوی زار؛ ئــاوۆ دەمی؛ ئاڤا دەڤی.

آب دیــده: *[ادبــی]* فرمێــسک؛ فرمیــسک؛ هەرسی؛ ئەسر؛ ئەسرین؛ ڕۆنـدک؛ ئـەشـک؛ هێـستر؛ هـەسـتار؛ هێـسیر؛ هـەرش؛ ئـاوی دیدە.

آب راکــد: مــەنــداو؛ مــەنــداڤ؛ پــەنگــاو؛ پەنگاوە؛ یــەق؛ ئــاوی وەســتاوی بــێبــزووتن: **آب ایستاده؛ آب ساکن**

آب روان ☜ **آب جاری**

آب زرشــک: ئــاوی زریــشک؛ ئــاو زرشــک؛ ئـــــاوێ کـــــە دانی زریـــــشکیان تێـــــدا خووساندووە.

آب زندگی ☜ **آب حیات ـ۱**

آب زیپو: *[مجازی]* تــەڕەتوورکــاو؛ ئــاوە لۆڵــێ؛ چێــشتی ئــاوەکــی یــان خواردنــەوەیکــاڵ و بــێتــام (وەکــوو ئاوگۆشــتی بــێچــەوری، یــان چای کاڵ).

آب زیرزمینــی: ئــاوی ژێــرزەوی. بــەرانبــەر: **آب سطحی**

آب ژاول: ئــاو ژاوێــل؛ مــاکێکی تــراو کــە بــۆ ڕەنــگ لابــردن و خــاوێنکردنــەوە بــەکــار دێت.

آب ساکن ☜ **آب راکد**

آب سبز ☜ **آب سیاه**

آب سبک: ئــاوی ســووک؛ ئــاو ســۆک؛ ئــاوی سووکە؛ ئاوی خۆش؛ ئاوی گەوارا: **آب نرم**

آب ســبیل: سمبــڵ؛ خێــراو؛ ئــاوێ کــە بــە خێر بە تینوانی دەدەن.

آب سخت ☜ **آب سنگین**

آب ســطحی: ئــاوی ڕوو؛ ئــاوێ کــە بــە ڕووی زەویدایە. بەرانبەر: **آب زیرزمینی**

آب سفید ☜ **آبمروارید**

آب ســنگین: ئــاوی قــورس؛ ئاڤــا گــران: **آب سخت**

آب سیاه: ئــاوی ڕەش؛ ئــەوســێ؛ ئــەوێســێ؛ شیناوی چاو؛ نەخۆشی چــاو، لــەگــەڵ ئــێش و کــەمســۆما بوونیــدا، کــە ئــەگــەر دەرمــان نەکرێ ئەبێتە هۆی کوێری: **آب سبز**

آب شــور: ســوێراو؛ ســۆلاو؛ شــۆراو؛ لمــک؛ خویــاوک؛ فیراڤــک؛ ئــاوی شــۆر؛ ئــاوی ســۆڵ؛ ئــاوی ســوێر؛ ئــاوی سۆڵــە؛ ئــاوی زریاکــان کــە خــوێی زۆری تێکــەڵــە و بــۆ خواردنــەوە و شــۆردن و... نابــێ. بــەرانبــەر: **آب شیرین**

آب شــیرین: ئــاوی شــیرین؛ ئــاوێ کــە بــۆ خواردنــەوە و ئــاودێران و شــۆردن بــە کــار ئەبرێت. بەرانبەر: **آب شور**

آب صابون: ئــاوی ســابوون؛ ئاوســاون؛ ئــاراو؛

ئاوێ که سابوونی تێکەڵاوە.
آب صاف: ژاوە؛ ئاوی ڕوون؛ ئاوی ڕۆشن.
آب صنعتی: ئاوی پیشەسازی؛ ئاوێ کە بۆ درووس‌کردنی دەسهاتی پیشەسازی بەکار ئەبرێ و ناخورێتەوە. هەروەها: **آب کشاورزی**
آب طلا ☜ **آب‌طلا**
آب قلیل: *[اسلام]* ئاوی قەلیل؛ ئاوێ کە لە ئاوی کور کەمترە.
آب کدر: لێلاو؛ لەشێو؛ ژەڵم؛ شلوو؛ ئاڤشیز؛ بەخی؛ ئاوی شلوێ؛ ئاوی بە تویژ و لێڵ.
آب کُر: *[اسلام]* ئاوی کور؛ ئاوێ کە بارستاییەکەی لانی‌کەم یەک میتری چوارپاڵوو بێت.
آب کمر: *[کنایی]* شاوەت؛ تۆماو؛ ئاوی پشت؛ تراوێک کە لە ڕەحەت بوونی پیاودا، لێی دەڕژێ.
آب گرم ☜ چشمەی آب‌گرم، **چشمه**
آب گوشت ☜ **آبگوشت**
آب لاباراک: ئاوی لاباراک؛ تراوێکی ڕەنگ لابەرە.
آب لوله‌کشی: ئاوی لوولەکێشی؛ ئاوێ کە بە لوولە لە سەرچاوەیەکەوە بۆ مالان ڕادەگوێزرێ ‹آب لوله‌کشی شهر: ئاوی لوولەکێشی باژێر›.
آب مرد: *[کنایی]* شاوەت؛ ئاوی پشت؛ تۆماو.
آب مرده: ئەو ئاوە کە مردووی پێ شۆردراوە.
آب مروارید ☜ **آب‌مروارید**
آب مضاف: *[اسلام]* ئاوی مەزاف؛ ئاوی گوڵ، میوە و شتی وا کە پاکە، بەڵام پاک ناکاتەوە.
آب معدنی: گازاو؛ گەڕاو؛ گڕاو؛ گڕ؛ ئاوی سەرچاوەی گەرم، کە تێکەڵاوی هەیە و زۆرتر گازیشی تێدایە.
آب مقطر: هەڵماو؛ ئاوێ کە لە سارد بوونەوەی هەڵمەوە بەرهەم دێ و هیچی تێکەڵ نیە.
آب میوه ☜ **آبمیوه**
آب نرم ☜ **آب سبک**
آب نقره ☜ **آبکاری**
آبهای آزاد: ئاوی ئازاد؛ ئەو بەشە لە ئاوی دەریا و ئوقیانووسگەل کە تایبەت بە ولاتێک نیە.
آبهای ساحلی: کەرخاو؛ قەراخاو؛ ئەو بەشە لە دەریا و ئوقیانووس کە سەر بە ولاتێکی دیاریکراوە.
آب هویج: ئاوگەزەر؛ ئاوگێزەر؛ ئاو هەویج.
آب یخ: سەهۆلاو؛ یەخاو؛ یەخاوی؛ بەفراو؛ وەرواوە: ١. ئاوی زۆر سارد ٢. ئاوێ کە سەهۆڵیان تێ‌خستووە.
▣ **آب آوردن:** ئاو هێنان؛ ئاو تێ‌زان؛ ئاو ئاردەی؛ کۆ بوونەوەی ئاو لە لەشی مرۆڤ بەهۆی نەخۆشیەوە ‹اب اوردن شکم: ئاو هینانی ورگ›.
آب از آب تکان نخوردن: *[مجازی]* هیچ نەقەومان؛ ئاوی جە ئاوی نەترازیەی ‹یک سال مدرسه را اداره کرد و اب از اب تکان نخورد: سالێک قوتابخانەکەی بەڕێوە برد و هیچ نەقەوما›: **آب از آب نجنبیدن**
آب از آب نجنبیدن ☜ **آب از آب تکان نخوردن**
آب از چشمه گل آلود بودن: *[کنایی]* ئاو لە چاوکەوە لێڵ بوون؛ لە چاوکەوە خراو ڕژان؛ کار لە بنەوە خراپ بوون.
آب از دریا بخشیدن: *[کنایی]* لە سەرکانی بەخشینەوە؛ لەسەر ئاو حمام تەعارف

کردن؛ شتی بێبایەخ بەخشین.

آب از دست نچکیدن: *[کنایی]* هیچ لێ هەڵنەوەرین؛ ئاو لە دەس نەتکان؛ دەس قووچاو بوون؛ وشکەهەورە بوون؛ زاد لە دەس دەرنەهاتن.

آب از سر گذشتن: *[کنایی]* کار لە کار ترازان؛ ئاو لە سەر دەرچوون؛ کار فەوتان ‹او دیگر گوشەی زندان است و اب از سرش گذشته: ئەو ئیتر لە گۆشەی گرتووخانەیە و کاری لەکار ترازاوە›.

آب از لب و لوچە سرازیر شدن: *[کنایی]* ئاو زانە دەم؛ دەم پڕ لە ئاو بوون؛ ئاو دەزار گەڕان؛ ئاوی پڕاینە دەم ‹تا این را گفتم آب از لب و لوچەاش سرازیر شد: هەرکە ئەوەم گوت ئاو زایە دەمی›.

آب انداختن: ١. *[مجازی]* میزکردن؛ گمێز کردن؛ ئاو ڕشتن؛ گمێز پژگنەی ‹حواست باشد، بچە اینجا آب انداختە: هۆشت بێ، منالەکە لێرەدا میزی کردووە› ٢. ئاو بەردان؛ ئاو تێخستن؛ ئاو هەڵکردن؛ ئاو نان؛ ئاو نیان؛ ئاوی هۆرکەردەی؛ ئاوی بریەیرە؛ ئاو لە جێگایەک بەردان ‹مزرعە را تازە آب انداختە بودند و زمین گل بود: تازە ئاویان بەردابووە ناو مەزراکە و زەوی قوڕ بوو› ٣. ئاو خستن؛ ئاو دانەوە؛ ئاوی ئاسەیەوە؛ ئاوکەوتنە سەر برێ خواردەمەنی (وەکوو ماست). هەروەها: **آب افتادن**

آب بر آتش ریختن: *[کنایی]* ئاو بە سەر ئاوردا کردن؛ تووڕەیی دامرکاندن.

آب برداشتن: *[مجازی]* ئاو هەڵگرتن؛ ئاو خواردنەوە؛ سەخت و دژوار بوون (سەبارەت بە قسەی کەسێ، کە وەرگرتن یان لێحاڵی بوونی دژوارە، یان مانای زۆری لێ ئەبێتەوە) ‹این حرف خیلی آب برمیدارد: ئەم قسە زۆر ئاو هەڵدەگری›.

آب بردن: ئاو بردن: ١. ئاو بەردەی؛ شتێ بە دەم ئاوەوە چوون ‹کاسە را لب رودخانە میشستم، آب برد: بایەکەم لە لێواری چەمەوە دەشۆرد، ئاو بردی› ٢. ئاو داماڵین؛ ئاو ماڵەی؛ کاول بوونی جێگەیەک بەهۆی ئاو تێبەربوونیەوە ‹خانە را آب برد: ماڵەکە ئاو بردی› ٣. *[مجازی]* ئاو خواردنەوە؛ پێویستی بە کار و خەرجی زۆر بوون ‹این کار خیلی آب میبرد: ئەم کارە زۆر ئاو دەخواتەوە›.

آب برکشیدن: ئاو هەڵێنجان؛ ئاو هەڵهێنجان؛ ئاو هەڵکێشان؛ ئاوی هۆرگۆسەی؛ بە دەفر تراو هەڵکێشان.

آب بستن: ١. ئاو تێخستن؛ ئاو تێبەردان؛ ئاوی بینەی؛ بەر دانی ئاو بە جێگایەکدا ‹آب بستن بە حوض: ئاو خستنە ناو هەسێڵ› ٢. ئاوکردنە سەر؛ ئاوی کەردەینە ‹قوری را آب بست و گذاشت روی سماور: ئاوی کردە سەر چادانەکە و نیایە سەر سەماوەرەوە› ٣. ئاو تێکردن؛ ئاو تێکەڵکردن؛ ئاویەنە کەردەی؛ ئاوکردنە سەر تراوێک بۆ زۆر بوونەوەی ‹بە هر کاسە شیر، یک پیالە آب میبست: هەر بایەیەک شیر، پیالەیەک ئاوی تیدەکرد› ٤. *[مجازی]* تەتەپەخێ کردن؛ دووتڕەمەگەزی کردن؛ بێ سەرنجدان بە دەستوور و قانوون، هەروا کارکردن ‹بیانصاف خیلی بە کار آب بستە بود: بێئینساف لە کارەکەدا زۆری تەتەپەخێ کردبوو›.

آب بە آب شدن: دوو هەواکەوتن؛ بەهۆی گۆڕانی جێگای ژیان، ناساغ و لەشبەبار بوون ‹چیزی نیست، آب بە آب شدە است، دو سە روز کە بگذرد حالش خوب میشود: شتێ نیە، دوو هەوا کەوتووە، دوو سێ ڕۆژێکە، چاک دەبێتەوە›.

آب به آسیاب کسی ریختن: */کنایی/* ئاگری کەسێ گەشاندنەوە/ گەش‌کردنەوە؛ چۆ پێوەنان؛ کەسێ (زۆرتر لە کاری خراپدا) یارمەتی‌دان ‹آقایان هم با پخش شایعه‌های دروغ، آب به آسیاب دشمن می‌ریختند: سەرزلەکانیش بە بلاوکردنەوی هەوالی درۆ، ئاگری دوژمنیان ئەگەشاندەوە›.

آب به دست شمر/ یزید افتادن: */تعریض/* گورگ بوونە قازی؛ کالای پێداویست یان کاری خەلک کەوتنە دەسی کەسی گەند و بەرچاوتەنگ.

آب به کرت آخر بودن: */کنایی/* کرێ ئاخر بوون؛ ئاخری کار بوون ‹این مجله‌ای که می‌بینم آبش به کرت آخر است و همین روزها تعطیل می‌شود: ئەم گۆڤارە کە من دیومە کرێ ئاخریە و هەر لەم رۆژانە دادەخرێ›.

آب به کرت اول بودن: */کنایی/* لە جێی خۆ مانەوە؛ لە مالّی هەوەلّدا مانەوە ‹بعد از این همه دوندگی هنوز آب به کرت اول است و از محصول و درآمد خبری نیست: دوای ئەم هەموو تێکۆشانە هێما لە جێی خۆ ماوەتەوە و لە دەسهات و پارە خەبەر و باسێک نیە›.

آب پاکی روی دست کسی ریختن: */کنایی/* ئاو پاکی‌کردنە سەر دەستی کەسێکەوە؛ کەسێ تەواو ناهومێدکردن ‹آب پاکی ریخت روی دستم و گفت من اصلاً بدهکار تو نیستم: ئاوی پاکی کردە سەر دەستمەوە و وتی من قەرزدارت نیم›.

آب پس دادن: ئاو دان؛ ئاو دانەوە؛ نم دان؛ ئاوی دایوە؛ شۆ ئاسەیوە ‹شیر آب پس می‌دهد: شێرەکە ئاو ئەدات›.

آب توی دل کسی تکان نخوردن: */کنایی/* دلّی کەسێک نەلەرزین؛ دلّ کەسێ دانەخورپان؛ کارەساتێ بۆ کەسێ پێش نەهاتن ‹نگذاشتم آب توی دل کسی تکان بخورد: نەمهێشت دلّی کەسی بلەرزێ›.

آب توی/ در گوش کسی کردن: */کنایی/* کەسێ فریودان؛ کلاو سەر کەسێ نان؛ لە سەودادا کەسێ فریودان.

آب توی/ در لانه‌ی مورچه ریختن: */کنایی/* هورووژاندن؛ درووخاندن.

آب جایی را خوردن: */کنایی/* ئاوی جێگایەک خواردنەوە؛ لەوێ بوون؛ دەوێدا بوون ‹وقتی یک فصل آب شهر را خورد، دیگر ده را پسند نمی‌کند: ئەگەر وەرزێ ئاوی شار بخوانەوە، تازە لادێی پێ خۆش نابێ›.

آب جایی را کشیدن: ئاوی شوێنێ هەلّگۆزین؛ ئاوی جێگایەک هەلّکێشان؛ ئاوەو یاگێوە هۆرگۆستەی ‹آب چاه را کشید و ریخت توی حوض: ئاوی بیرەکەی هەلّکیشا و رژاندیە نێو هەسێلّەکەوە›.

آب چیزی را گرفتن: ئاوی شتێ گرتن؛ ئاوۆ چێوێوی هۆرچنیەی ‹آب پرتقال را بگیر: ئاوی پرتەقالەکە بکرە›.

آب خنک خوردن: ١. */کنایی/* شنەی دەشت و کوێستان هەلّمژین؛ لە شوێنی خۆش ئاو و هەوادا ژیان؛ وارگەنە ژیوەی؛ بۆ حەسانەوە بەرەو زۆزان یان بژوێن چوون ٢. */کنایی/* کەوتنە گرتووخانەوە؛ زیندانی بوون.

آب خوردن: ١. ئاو خواردنەوە؛ ئاو خواردن؛ ئاو واردەیوە ‹دو لیوان آب خورد: دوو لیوان ئاوی خواردەوە› ٢. ☜ از جایی آب خوردن، جا[1] ٣. */مجازی/* خەرج هەلّگرتن؛ مەزخ بەردەی ‹برایم صد تومان آب خورد: سەد تمەن خەرجی بۆم هەلّگرت›.

آب خوش از گلو پایین نرفتن: */کنایی/* پایەک بە رەحەت دانەکێشان؛ نانێ بە رەحەت نەخواردن؛ هەناسێوی وەش

هۆرنەکێشتەی؛ هەمیشە لە دەرد و خەمدا بوون ‹یک روز آب خوش از گلویم پایین نرفت: تاقە ڕۆژێ پایەکم بە رەحەت دانەکیسا›.

آب دادن: ئاودان: ۱. ئاویاریکردن؛ ئاودێریکردن؛ ئاو دەردەی؛ ئاو دارەی ۲. ئاوکاریکردن؛ داپۆشاندنی کانزا بە ئاوی کانزایەکیتر بۆ خەملاندن یان پاراستنی لە ژەنگ هێنان ۳. ئاو دانەوە؛ کانزای زۆر گەرم بردنە ناو ئاو یا ڕۆن بۆ پتەو کردنەوەی. هەروەها: **آبداده**

آب در غربال کردن: */مجازی/* ئاو خەست/ هەس کردنەوە؛ ئاوکوتانەوە؛ با شەنکردن؛ ئاو لە دنگا کوتان؛ ئاوکردنە سەوەتەوە؛ ئاوکردنە بێژنگا؛ ئاوی ئەنەچنگڵە کەردەی؛ کاری بێهوودە و بێبایەخ کردن: **آب در هاون سودن** */ادبی/*؛ **آب سفت کردن** */گفتاری/*

آب در هاون سودن ☜ **آب در غربال کردن**

آب دیزی را زیاد کردن: */کنایی/* ئاوی چێشتەکە زیادکردن؛ ئاو لێ زیادکردن؛ ئاوکردنە سەر چێشتەکەوە؛ ئاو تێکردن؛ چێشت (زیاتر بە لێ زیادکردنی ئاو) زۆرکردنەوە ‹نهار را پیش ما بمانید، آب دیزی را زیاد می‌کنیم: بۆ فراوین لە لامان بمێننەوە، ئاوی چێشتەکە زیاد نەکەین›.

آب را باز کردن: بەردانی ئاو؛ ئاو بازکردن؛ ئاو هەڵکردن؛ ئاو وەردەی. بەرانبەر: **آب را بستن** ‹آب را باز کن، استخر پر شود: ئاوەکە بەردە، هەسێڵەکە پڕبێت›.

آب را بستن: ئاو بەستن؛ بەستنی ئاو؛ ئاو داخستن؛ ئاو بینەی. بەرانبەر: **آب را باز کردن** ‹ظرف پر شد، آب را ببند: دەفرەکە پڕ بوو، ئاوەکە ببەستە›.

آب را بە هم گره زدن: */مجازی/* پۆس تس گرتنەوە؛ گوو وشکەوکردن؛ دەسپاریزیکردنی لە ڕادەبەدەر.

آب رفتن: ۱. چوونە ئاو؛ لواینە ئاوی؛ کورت بوونەوەی قوماش یا بەرگ بە هۆی شۆردنەوە. هەروەها: **آبرفته** ۲. ئاو چوونەوە؛ ئاو وشککردن؛ ئاو بڕیەی؛ قتبوونی ئاو ۳. */مجازی/* چوونە ئاو؛ کز بوون؛ تاویانەوە؛ لواینە وریو؛ لاواز بوون ‹بیچارە خیلی آب رفتە: بێچارە زۆر چووەتە ئاو›.

آب رفتە بە جوی باز نیامدن: */کنایی/* کار لە کار ترازان؛ ئاوی ڕژاو کۆ نەبوونەوە؛ ئاوی چووگ نەگەڕیانەوە؛ پینێ هۆرنەگیرتەی؛ تێکچوون و هەڵشێوانی کار بە شێوەیەک ئیتر وەک خۆی لێنەیێتەوە.

آب زدن: ۱. تەڕکردن؛ نمدارکردن. هەروەها: **آبزده** ۲. پشیلەشۆرکردن؛ کتکشۆرکردن؛ سەرسەری و بە پەلە شۆردن.

آب زیر پوست کسی رفتن: */مجازی/* ئاو زانە ژێر پێست کەسێکەوە: ۱. بووژانەوە؛ دیسان لە لەشساغی و شادابی تا ڕادەیەک بەهرەمەند بوونەوە ۲. گۆشت گرتن؛ وەخۆدا هاتن؛ هێندێک قەڵەو بوون.

آب سرد روی سر کسی ریختن: */مجازی/* کەسێ حەپەساندن؛ کەسێ تەزاندن؛ بەهۆی کارەسات یا هەواڵی ناخۆشەوە، کەسێ تووشی سەرسامی و ناهومێدی کردن.

آب سفت کردن ☜ **آب در غربال کردن**

آب شدن: ۱. توانەوە؛ تاویانەوە؛ تاویایوە؛ شیایوە؛ قەبوهوژین؛ بهیتن؛ بهتین؛ حەلین؛ حەلیان؛ بوونە ئاو ۲. */مجازی/*

بێ ڕەنگ بوون؛ لەڕ و لاواز بوون؛ کز بوون؛ تاویایەوە ٣. *[مجازی]* شەرمەزار بوون؛ بوونە تکێ ئاو؛ تەریقەوە بوون ٤. *[مجازی]* گوم بوون؛ ون بوون؛ بزر بوون؛ نوقم بیەی؛ لە چاو گوم بوون.

آب شدن و رفتن توی زمین: *[مجازی]* بوونە مەل و باڵ گرتنەوە؛ ون بوون؛ بزر بوون؛ گوم بوون؛ نوقم بوون؛ نوقمەسار بوون ‹هر چە گشتم فایدەای نداشت، کلید آب شدە بود و رفتە بود توی زمین: هەرچی گەڕام قازانجی نەبوو، کلیلەکە ببووە مەل و باڵی گرتبووەوە›.

آب کردن: ١. تواندنەوە؛ تاواندنەوە؛ هەلینایش ‹طلاها را آب کردند و سکە زدند: زێڕەکانیان تواندەوە و سکەیان لێدا›. هەروەها: **آب‌کردە** ٢. *[مجازی]* تواندنەوە؛ تاواندنەوە؛ شتێکی بێ‌بایەخ فرۆشتن یا بە کەسێکی دیکە دان ٣. ئازاردان؛ چزاندن؛ پووش دانە دەست؛ گەهراندن.

آب کسی با کسی بە/ در/ توی یک جو نرفتن: *[مجازی]* دان پێکەوە نەکولان؛ خوێن لە تەشتێک تێکەڵ نەبوون؛ پێکەوە هەڵنەکردن؛ پێکەوە نەکریان؛ نەسازان ‹من و آرام آبمان بە یک جو نمی‌رود: من و ئارام دانمان پێکەوە ناکولێ›.

آب کشیدن: ١. ئاوکێشانە دەر؛ ئاو هەڵگۆزین؛ ئاو لێ‌کێشان؛ ئاو هۆرگۆستەی؛ دەرهێنانی ئاو لە جێگایەک ٢. ئاوکێشان؛ ئاوکێشتەی؛ بردنی ئاو لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی دیکە ٣. ئاو کێشان؛ پاکاوی ئاسەی؛ پاک‌کردنەوەی قوماش یا جل لە ناپاکی و ماکی خاوێنکەرەوە، بەهۆی خستنە ناو ئاوەوە ٤. کێم‌کردنی برین؛ ئاوکەردەی ٥. ئاوکێش بوون؛ ئاوواز بیەی؛ تینوویەتی هێنان؛ هۆی تینوویەتی بوون ‹ماهی شور، آب می‌کشد: ماسی سوێر، ئاوکێشە›.

آب گرفتن: ئاوگرتن: ١. ئاو داگرتن؛ ئاو پۆشنەی؛ ئاو جێگایەک گرتن و داپۆشاندنی ‹همە جا را آب گرفتە بود: هەموو جێگایەک ئاو گرتبووی› ٢. ئاو لێ‌گرتن؛ ئاو چنەگێرتەی؛ گرتنی ئاوی شتێک ‹این پرتقالها بە درد آب گرفتن می‌خورد: ئەم پرتەقاڵانە بە کاری ئاوگرتن دێن› ٣. لێگونجان؛ ئاو هەڵگرتن؛ جێگاکردنەوە؛ دێران؛ جێگەدار بوون؛ ئاو دارەی ‹این ظرف صد لیتر آب می‌گیرد: ئەم دەفرە سەد لیتر ئاو دەگری› ٤. ئاو هەڵخستن؛ ئاوگرتن؛ کۆکردنەوەی ئاو لەناو سەتڵ و دەبە و... لە بەر بێ‌ئاوی لە داهاتوودا.

آب گرم کردن با کسی: *[مجازی]* نان لەگەڵ کەسێک خواردن؛ تێکەڵ بوون/ دۆستی‌کردن لەگەڵ کەسێک ‹اگر با کسی آب گرم کردیم بە او نارو نمی‌زنیم: ئەگەر لەگەڵ کەسێ نانمان خوارد فێڵی لێ ناکەین›.

آب نخوردن چشم: *[مجازی]* هیوا بە شتێک نەبوون؛ چاوەڕوان نەبوون؛ چەمەنە ئاوی نەواردەی ‹چشمم از این درس خواندن تو آب نمی‌خورد: هیوام بەم خوێندنەی تۆ نیە›.

آب و گاو را یکی کردن: *[مجازی]* کەم و زۆر تێکەڵ کردن؛ شەریک بوون؛ ئاوماڵ بوون؛ هاوبەش بوون.

آبها از آسیاب افتادن: *[کنایی]* ئاش لە هەراکەوتن؛ دامرکانەوە؛ قاڵ نیشتنەوە؛ هاژوکاژ نیشتەیوە؛ کۆتایی هاتنی ڕووداوێکی بەهەرا و هوریا.

آبی گرم شدن: *[کنایی]* تۆز لێ‌هەڵسان؛ ڕەنگدانەوە؛ خێردانەوە ‹از او آبی گرم

نمی‌شود: لەووەوە توزی هەڵناسێ›.
از آب درآمدن: لێ‌دەرهاتن؛ بەرهەم هاتن؛ لێ‌بوونەوە؛ بەر ئامەی؛ بە بار و دۆخ و چۆنیەتیەک دەرهاتن ‹بچەهایش خوب از آب درآمدند: منالەکانی چاکیان لێ‌دەرهات›.
از آب کره گرفتن: *[مجازی]* کەرە لە ئاو گرتن؛ بە گونێو بەرانی پەنێرە وەش کەردەی؛ لە کەڵک هەڵکراندندا شارەزا بوون.
از آب گرفتن: لە ئاوگرتنەوە؛ جە ئاویەنە گێرتەیوە؛ بەدەس هێنان یا دەرهێنان لە ئاو (چەم، دەریا و...) ‹جنازەاش را از آب گرفتند: تەرمەکەیان لە ئاو گرتەوە›.
از آب گل آلود ماهی گرفتن: *[کنایی]* لە لێلاودا ماسی گرتن؛ لە تاریکی دەس بۆ بردن؛ هەل بە دەرفەت زانین؛ لە تێکەڵ- پێکەڵی کەڵک وەرگرتن.
از آب و گل درآمدن ☜ **آب و گل**
با آب حمام دوست گرفتن: *[کنایی]* سووک و هاسان دۆست گرتن؛ بە شتێکی چکۆلە دڵی کەسان بە دەست هێنان.
به آب افتادن: کەوتنە ناو ئاو؛ کەوتەیرە ئاوی.
به آب انداختن: خستنە ئاو؛ خستنە ناو ئاو؛ نیو ئاو خستن؛ وسەینە ئاوی؛ لە ئاو (دەریا، چەم و...) خستن ‹کشتی به آب انداختن: گەمیە خستنە ئاو›.
به آب دادن: خستنە بەر ئاو؛ بە ئاودان؛ دانە دەم ئاوەوە؛ دەموو ئاویەرە دەی.
به آب زدن: لە ئاو دان؛ خۆ خستنە ناو ئاو؛ دەی دلێ ئاویەرە ‹هوا گرم بود، به آب زدیم: هەوا گەرم بوو، دامان لە ئاو›.
به آب و آتش زدن: *[کنایی]* لە دار و بەرد دان؛ تێکۆشانی زۆر و مەترسی‌دار بە مەبەستی بە ئامانج گەیشتن.
آب‌آوردگی / 'ābāvardegî/: *اسم. [پزشکی]* ڕەوتی ئاوهێنان؛ ئاو ئاردەی؛ نائاسایی هەڵتۆقانی لەش بە بۆنەی ئاو هێنانیەوە.
آب‌آورده / 'ābāvarde/: *صفت.* ۱. لایەز؛ ئاومالک؛ گلار؛ شتێ کە لافاو لەگەڵ خۆی هێنابێتی ۲. *[مجازی]* مفت؛ خۆرایی.
آب‌آهک / 'āb(e)āhak/: *اسم.* قسلاو؛ دە ئاو کراوی ئاهەک؛ تێکەلاوی ئاو و ئاهەک کە لە قوڕەکاریدا بە کار ئەبرێت.
آبا / 'ābā/: [عربی] *اسم. [ادبی]* باوکان؛ بابان؛ باوان؛ کالان؛ پیران؛ باپیران.
آباجی / 'ābācî/: [مغولی از ترکی] ☜ **آبجی**
آباد / 'ābād/: *صفت.* ئاوا؛ ئاڤا: ۱. ئاوەدان؛ ئاڤەدان؛ قەوغا؛ ئاودار؛ جێگەی ئاو و گیا ‹زمین آباد: زەوینی ئاوا› ۲. ئاوەدان؛ ئاڤەدان؛ قەوغا؛ شیاو بۆ ژیان ‹شهر آباد: باژێری ئاوەدان› ۳. دڵگر و بەبرەو و خۆش؛ وەش‌دەماخ ‹باغ آباد: باخی ئاڤا› ٤. *[مجازی]* ئاوەدان؛ ئاڤەدان؛ بەهرەمەند؛ بەرەوەر؛ گەش؛ بەدەماخ ‹شب عیدی پدرزنم حسابی آبادمان کرد: شەوی جێژن، خەزوورم تەواو ئاوەدانی‌کردین› ۵. ئاوەدان‌کراو بە یارمەتی کەس یان شتێ (زۆرتر بۆ نێوی جێگایە) ‹حسن‌آباد: حەسەن‌ئاوا› ٦. شاد؛ خۆش؛ سەرکەیف.
▣ **آباد شدن:** ئاوەدان بوونەوە؛ ئاوا بوونەوە؛ پاش وێران بوونی خانوو یا زەوی، دووبارە ساز بوونەوە. هەروەها: **آباد بودن**
آباد کردن: ئاواکردنەوە؛ ئاوەدان‌کردنەوە؛ پاش وێرانی، سازکردنەوە.
آبادان / 'ābādān/: *صفت.* ئاوەدان؛ ئاڤەدان؛ ئاوان؛ ئاوا؛ ئاڤا؛ بەهرەمەند لە ئاوەدانی ‹کشور آبادان شد: وڵات ئاوەدان بووەوە›. هەروەها: **آبادان بودن؛ آبادان شدن؛ آبادان کردن**

آبادانی / 'ābādānî/: اسم. ئاوەدانی: ١. کاری ئاواکردنەوە ٢. بار و دۆخ و چۆنیەتی ئاوا بوون ‹نه آب بود نه آبادانی: نە ئاو بوو نە ئاوەدانی›.

آبادسازی / 'ābādsāzî/: اسم. ئاوەدان‌کاری؛ کار یا ڕەوتی ئاوەدان‌کردنەوە ‹آبادسازی روستاها: ئاوەدان‌کاری گوندەکان›.

آبادگر / 'ābādgar/: صفت. ئاواکەرەوە؛ ئاوەدان‌کار؛ ئاوەدان‌کەرەوە؛ توانا لە ئاواکردنەوەدا ‹او شخصی کارآمد و آبادگر است: ئەو کەسێکی کارامە و ئاواکەرەوەیە›.

آبادگری / 'ābādgarî/: اسم. ئاوەدان‌کاری: ١. ئاواکاری؛ کار یان ڕەوتی سوور بوون لە سەر ئاوەدان‌کردنەوە ٢. ئاواگەری؛ کار یان ڕەوتی ئاواکردنەوە ‹آرام بیشتر عمرش را به آبادگری گذراند: ئارام زۆربەی تەمەنی بە ئاوەدان‌کاری بەسەر برد›.

آبادی / 'ābādî/: اسم. ئاوایی: ١. /ـها/ ئاوایی؛ گوند؛ دێ؛ دەگا؛ دێهات؛ لادێ ‹اهل آبادی همه کوچ کردند: خەڵکی ئاوایی هەموو باریان کرد› ٢. ئاوەدانی؛ ئاوانی؛ ئابادی ٣. کار یان ڕەوتی ئاوەدان‌کردنەوە.

آباره / 'ābāre، ـها/: اسم. جۆلە؛ جۆگەلە؛ جۆگا؛ جۆ؛ ئاوارە؛ جۆی؛ جۆکلێ؛ جۆبار؛ جۆگەیەکی دەسکرد و سەرواز بۆ ڕاگوێزانی ئاو.

آباژور / 'ābājûr، ـها/: [فرانسوی] اسم. ئاباژۆر: ١. کڵاوەیەکی ڕەنگی بۆ ئەهوەن‌کردنەوەی تیشکی چرا ٢. چرایەکی پایەدار کە ئاوەها کڵاوەیەکی لە سەر بێ.

آباکا / 'ābākā/: [؟] اسم. ئاباکا؛ هەودا یا ڕیشاڵێک کە لە ساقەتەی مۆزی فیلیپینی ساز دەبێ.

آب اکسیژنه / 'āb(e)oksîjene/: [فارسی/ فرانسوی] اسم. ئاوئوکسیژینە؛ ماکێکی بێ‌ڕەنگ و ڕەنگ لابەرە: **آبِ اکسیژن**

آب آلو / 'ābālû/: اسم. ئاوی هەڵووژە؛ هەرواوی؛ ئاوی عەلووکە: ١. شیلەی هەڵووچە ٢. مەلیس؛ مەلیساو؛ ئاوێ کە قەیسییان تێدا خووساندووە.

آبان / 'ābān/: اسم. خەزەڵوەر؛ گەلاڕێزان؛ وەزتەکنان؛ سەرپەلە؛ ئاوان؛ وەران؛ مانگی هەشتەمی ساڵی هەتاوی‌کە سی‌ڕۆژە.

آب‌انبار / 'ābambār, -anbār، ـها/: اسم. هەماراو؛ هەمباراو؛ جێگایەکی سەرداپۆشراو و زیاتر لە ژێر زەوییەوە بۆ پاشەکەوت خستنی ئاو.

آب‌باریکه / 'āb.bārîke/: اسم. ١. جۆگەلە؛ جۆگە؛ جۆلە؛ جۆکلێ؛ میزاڤ؛ میزاو ‹قنات آب‌باریکه‌ای بود که کفاف اهالی را نمی داد: کارێزەکە جۆگەلەیەک بوو کە بەش خەڵکی نەدەکرد› ٢. /کنایی/ بژی و مەمر؛ نەمر و نەژی؛ مەمرە مەژی؛ کورتە هۆرتە؛ نە قڕ نە پڕ ※ **آبِ باریک**

آب‌باز / 'āb.bāz، ـها؛ ـان/: اسم. /گفتاری/ ئاوباز: ١. کەسێ کە زۆر حەزی لە ناو ئاو بوونە ٢. مەلەوان؛ زەریەوان؛ ئاڤژەن؛ بناولێدەر؛ نوقرڤان.

آب‌بر / 'āb.bor، ـها/: اسم. ئاوبڕکە؛ ئاوبڕ؛ بەشی بەرووی پایەی پرد، کە تیژە و ئاوەکە دەبڕێ: **آبشکن**

آب‌برو / 'āb.boro/ ☜ **شوربرو**

آب‌بند / 'āb.band، ـها/: اسم. بەربەند؛ بەربین: ١. دەریژە یان دیوارێکی جووڵەر بۆ بەرگری لە ڕۆیشتنی ئاو ٢. دیوارێک بۆ بەرگری لە وەگەڕانەوەی ئاو.

آب‌بندی / 'āb.bandî/: اسم. ئاوبەندی: ١. کار یان ڕەوتی ئاوبەندکردنی شتێ یان جێگایەک لە بەرانبەری نم دانەوەدا ‹آب‌بندی لوله‌ها را درست انجام نداده بود:

ئاوبەندی لوولەکانی باش ئەنجام نەدابوو› ۲. ڕەوتێک کە دەبێتە هۆی کپ و کوێر بوونەوەی درز و کونگەلی دەستگایەکی نوێ. هەروەها: **آب‌بندی شدن؛ آب‌بندی کردن**

آب‌بها / āb.bahā'/: /اسم. کرێ‌ئاو؛ ئاوبەها؛ پارەیەک کە ئەبێ بە مەزرینگەی ئاو بدرێ.

آبپاش / ābpāš'، ـها/: /اسم. ئاوپژێن؛ ئاوپرژێن؛ ئاوپژگنە؛ ئاوپاش: ۱. دەفرێکی دەسکداری لوولەدرێژە کە سەرێکی کون‌ـکونی پێوەیە و ئاوی پێ دەپرژێنن ۲. هەر ئامرازێ بۆ پرژاندنی ئاو ‹ماشین آبپاش: ماشێنی ئاوپرژێن›.

آبپاشی / ābpāšî'/: /اسم. ئاوپاشی؛ گوڵنم؛ ئۆپشکن؛ ئاوڕەشە؛ ئاوپژێن؛ ئاوڕشێن؛ کار یان ڕەوتی پرژاندنی ئاو بەسەر شتێکدا، بەتایبەت زەوی و گوڵ و گیا. هەروەها: **آبپاشی شدن؛ آبپاشی کردن**

آب‌پخشان / ābpaxšān'، ـها/: /اسم. ۱. قاچ؛ قاچاوکە؛ قوتکە و زۆپگەلی نێوان دوو یان چەند ڕووبار کە دەبنە هۆی دابەش بوونی ئاوی باران ۲. ئاوبەشێن؛ جێگای دابەش کردنی ئاوی وەگەڕ.

آب‌پز / ābpaz'/: صفت. کوڵاو؛ کوڵیا؛ کوڵیاگ؛ گریا؛ ئەوکوڵوو؛ کوڵان لە نێو ئاودا بە بێ ڕۆن ‹سیبزمینی آبپز: سێفەزەمینی کوڵاو›.

آبتاز / ābtāz'/: /اسم. شەتاو؛ تێژەنگاو؛ نەوال؛ لافاوێک کە بە بۆنەی ورد بوون و توانەوەی سەهۆڵان لە بەهار و هاویندا ڕێ دەکەوێت.

آب‌تراز / ābtarāz'/: صفت. ئاوتراز؛ بە ڕووبەری ڕێک و تەختانەوە بۆ گەڕانی ئاو ‹آبتراز کردن قنات: ئاوترازکردنی کارێز›.

آب‌تراش / ābtarāš'/: صفت. هەڵکڵۆشاو؛ هەڵکڵۆشراو؛ تاشراو بۆ ئەوەی ئاوی تێدا خڕ بێتەوە ‹هندوانەی آبتراش: شووتی هەڵکڵوشاو›.

⊡ **آب تراش کردن**: هەڵکڵۆشان؛ تاشینی گۆشتی میوەی ئاودار بۆ ئەوەی ئاو بگرێتە خۆی ‹هندوانه را آبتراش می‌کند: شووتیەکە هەڵدەکلوشی›.

آب‌ترسی / ābtarsî'/: /اسم. [روان‌شناسی] لە ئاو ترسان، کە بە هۆی نەخۆشینی هارییەوە مرۆ تووشی دێت: **آبهراسی**

آب‌تره / ābtare'، ـها؛ ـگان/: /اسم. کووزەڵە؛ کویزەڵە؛ کویز؛ کووزی؛ بیزەروو؛ بەرگەمێ؛ بریەمێ؛ تووز؛ کووز؛ سەوزی خۆراکی خۆڕسک کە لە لای کانی و جۆگەی ئاودا دەردێ: **بولاغاوتی**

آبتل / ābtal'، ـها/: [فارسی/ عربی] /اسم. تەپۆڵکە یان زۆپی نێوان ڕووبار یان دەریا.

آب‌تنباکو / āb(e)tambākû, -tanbākû'/ ☜ آب

آبتنی / ābtanî'/: /اسم. بالاف؛ مەلە؛ مەلێ؛ لەمێ؛ مالاو؛ شۆ؛ کار یان ڕەوتی مەلەکردن لە هەسێڵ بۆ فێنک بوونەوە، خۆ شۆردن و...

آبجو / ābcow, 'āb(e)co:'/: /اسم. ئاوجۆ؛ ئابجوو؛ ئەوجوە؛ ئاوجەو؛ مزەر؛ بیرە؛ خواردنەوەیەکە لە جۆ دروست دەبێ.

آبجوسازی / ābcowsāzî, 'ābco:-'/: /اسم. ئاوجۆسازی؛ ئابجۆسازی: ۱. کار یان ڕەوتی درووس کردنی ئابجۆ. هەروەها: **آبجوساز** ۲. /ـها/ کارخانە یا کارگای درووس کردنی ئابجۆ.

آبجی / ābcî'، ـها/: [مغولی/ ترکی] /اسم. [گفتاری] خوشک؛ خۆشک؛ خۆیشک؛ خوج؛ خوەه؛ خوار؛ واڵێ: **آباجی**

آبچر[1] / ābčar'/: /اسم. ۱. پووشانە؛ ئاڵفانە؛ پووش‌خۆڕانە؛ مزی لەوەڕی تەڕش لە

زەوینی کەسێکی تردا ٢. لەوەڕگای ئاژەڵ کە هی خاوەن ئاژەڵ نەبێ.

آبچر[٢]: صفت. بەراوکەر؛ وەراوکەر؛ بەراڤکەر؛ خاوەن تایبەتمەندی لە نێو ئاودا چەرین.

آبچرا / ābčarā'/: اسم. ١. بەردڵ؛ وەردڵ؛ بەرقلیانێکی کەم ٢. دان؛ دانە؛ خۆراکی مەل و مۆر.

آبچشی / ābčešî'/: اسم. خۆراکێک (جگە لە شیر) کە بۆ یەکەم جار دەرخواردی کۆرپەی دەدەن.

آبچکان / ābčekān'، ـها/: اسم. ئاوچۆڕە؛ ئاوچنە: ١. باریکە شوێنێک کە بۆ پێدا چوونی ئاو لە دەسکردێک (وەک پاڵ دیوار یان یەخچاڵ) چێ دەکرێ ٢. چەشنێ جێدەفر بۆ ئاوەچۆڕکردنی کاسە و کەوچکی شۆردراو.

آبچکو / ābčakû'/: صفت. [گفتاری] لووشن؛ مووشن؛ ئاوەچۆڕە؛ لووت و چاو تەڕ و تەلیس.

آبچکیده / ābčekîde'/: صفت. خەستە؛ هەسە؛ هەسێنە؛ تاچن؛ خەستەوەبوو؛ ئاو لێچنراو (بەتایبەت بۆ خواردەمەنی، وەک ماست).

آبچلیک / ābčelîk'، ـها؛ ـان/: اسم. شێلاقە؛ شەلاقە؛ مەلێکی کۆچەرە سەرێکی خرت و دەندووکێکی درێژی هەیە.

آبحوض‌کش /ābhowzkeš, 'āb(e)ho:z-/' ☜ **آبحوضی**

آبحوضی / ābhowzî, 'āb(e)ho:zî'، ـها/: [فارسی/ عربی] اسم. [قدیمی] ١. ئاوکێش؛ کەسێ کە پیشەی خاڵی کردنی ئاو هەمار و حەوز بووە ٢. بەردەست؛ کرێکارێ کە کاری هەمیشەیی نەبێ * **آبحوض‌کش**

آبخاکی / ābxākî'/ ☜ **آبی‌خاکی**

آبخشک‌کن / ābxoš(k)kon'، ـها/: اسم. زوهانگ؛ زوانگ؛ مژەر؛ مەرەکەفمژ؛ پەڕەیەکی زوور و پرزدار کە مەرەکەفی نووسراوەی پێ وشک دەکەنەوە.

آبخوان / ābxān'، ـها/: اسم. ناقاو؛ زەلەمە؛ چین یا زناوگەی ژێر زەوینی کە لە ئاوەکەی کەڵک وەربگیردرێ.

آبخوانداری / ābxāndārî'/: اسم. ئاوژێرخان؛ زانستی دۆزینەوەی کەڵک وەرگری و چاوەدێری لە ئاوی ژێر زەوی.

آبخور / ābxor'، ـها/: اسم. ١. ئاوگیر؛ ئاڤڤەخور؛ ئەو بەشە لە ئامرازێ کە ئەکەوێتە نێو ئاوەوە ‹آبخور کشتی: ئاوگیری گەمیە›: **آبگیر- ٥** ٢. بەراو؛ بنەجۆ؛ دەراف؛ جێگەی دابین بوونی ئاوی ئاوەدێری ٣. بەرسمێڵ؛ وەرسمێڵ؛ بەشی خوارووی سمێڵ کە دێتە سەر لێو ٤. ئاوچن؛ ڕادەی ئاوکێشانی زەوی کشتوکاڵ.

آبخوری / ābxorî'، ـها/: اسم. [قدیمی] ١. ئاوخۆرە؛ ئاوخۆری؛ لیوان؛ قومقومۆک؛ پەرداخ؛ شەربە؛ زەرک؛ تماق؛ تەرار؛ بەرزەق؛ دەماخ؛ گوسک؛ هەرچی ئاوی پێ دەخورێتەوە ٢. لەغاو؛ جۆرێ دەمبێنی ئەسپ کە ئاڵقەی خوار لەوسی نیە و کاتی ئاودانی بۆی دەبەسرێ.

▣ **آبخوری سفالی**: گوژنەو؛ گۆژنە؛ گۆژنەوە؛ گلێنەی ئاو خواردنەوە؛ شەربەی لە سواڵەت.

آبخیز / ābxîz'، ـها/: اسم. ئاورێژ؛ ئاورێژگە؛ شوێنێک کە هەموو ئاوەگەرەکانی ئەرژێتە چۆمێک یان زەلیایەکەوە: **آبریز-١**

آبخیزداری / ābxîzdārî'/: اسم. ئاورێژوانی؛ زانستی بەهرەگری لە زەوینگەلی بەستێنی ئاورێژگە، پێشگری لە پووکانەوەی خاک، بەر پێ گرتنی سێلاوان و باشترکردنی

گیاجاڕی.

آبداده / ābdāde/' ☜ آب دادن، **آب**

آبدار / ābdār/' ☜ **آبدارچی**

آبدار / ābdār/': صفت. ئاودار: ١. ئاو تێزاو؛ بۆڵ؛ تێرئاڤ؛ بئاڤ؛ پڕئاو؛ پەڕئاو؛ ئەودار؛ خاوەن ئاوی زۆر ‹میوەی آبدار: میوەی ئاودار› ٢. [مجازی] تەڕ؛ بەهێز و کارا ‹بوسەی آبدار؛ سیلی آبدار: ماچی تەڕ؛ زللەی ئاودار› ٣. کارگێڕی ئاودارخانە.

⊡ **آبدار شدن**: ئاو تێزان؛ ئاوگرتن؛ ئاو گرتنەخۆ.

آبدارباشی / ābdārbāšî/': [فارسی/ ترکی] ☜ **آبدارچی**

آبدارچی / ābdārčî/'، ها/: [فارسی/ ترکی] /اسم. ئابدار؛ ئابدارباشی؛ ئاودارچی؛ کارگێڕی چاپەز و قاوەچی دیوەخان: **آبدارباشی**

آبدارخانه / ābdārxāne/'، ها/:/اسم. ئابدارخانە؛ ئاودارخانە؛ کونەلان؛ ژووری قاوەلێنان و چا سازکردن.

آبدارک / ābdārak/'، ها؛ ان/:/اسم. فیسقە؛ قوونگ‌هەڵتەکێنە؛ کلک‌هەڵتەکێنە؛ بەرگاییلکە؛ ئنەوەسۆنگلێ: **دم‌جنبانک**

آبداری / ābdārî/':/اسم. ئاوداری؛ بۆڵی؛ تێراوی؛ پڕئاوی؛ بار و دۆخ و چۆنیەتی ئاودار بوون ‹پرتقال به این آبداری کمتر دیده‌ام: پرتەقاڵی بەم ئاوداریەم کەم دیوە›.

آبدان / ābdān/'، ها/:/اسم. گمێزدان؛ میزەڵدان؛ میزڵدان؛ مسوڵدان؛ موسڵدان؛ میزدان: **مثانه**

آبدانک / ābdānak/'، ها/:/اسم. گمێزدان؛ میزەڵدان؛ میزڵدان؛ مسوڵدان؛ پوڤدانک؛ میزدانک: **مثانه**

آبدرمانی / ābdarmānî/':/اسم. ئاودەرمانی: ١. ڕەوشتێ بۆ دەرمانی تاقمێ نەخۆشی بە وەرزشی تایبەت لە ئەستێر یان سەرچاوەی ئاوی کانزایی و هەروەها خواردنەوەی ئاوی کانی ٢. ڕەوشتێ بۆ تەندروستی بە شێوەی ئاو زۆر خواردنەوە.

آبدره / ābdarre/'، ها/:/اسم. لەپاو؛ شیپاو؛ چوونە پێشەوەی باریکەئاوی دەریا لە وشکانیدا.

آبدزد / ābdozd/'، ها/:/اسم. قوڵە؛ وڵەمووش؛ ئاودزە؛ کونێ لە زەوی کە ئاو لەوێوە دەچێتە ناخی زەمینەوە.

آبدزدک / ābdozdak/'، ها/:/اسم. ١. تورومپا؛ ئامرازی چکۆلەی لاستیکی یان پلاستیکی بۆ بە تەوژمەوە پژاندنی ئاو ٢. /ان/ جۆبڕ؛ جۆبرە؛ جۆبرکە؛ جێبرک؛ جۆبرک؛ قوزگەزک؛ لار؛ هووڵە؛ مڵە؛ مل؛ قاژنگە؛ سنک؛ جانەوەرێکە لە ژێر زەوی دەژی و ڕەگی گیا دەخوا: **انگشت‌بُر**

آبدمزن / ābdamzan/' ☜ پرستوی دریایی، **پرستو**

آبدنگ / ābdang/'، ها/:/اسم. ئاوپەڕە؛ پەڕەیەک کە بە هێزی ئاو کار دەکات.

آبدوست / ābdûst/': صفت. [شیمی] هیدرۆفیل؛ خاوەن تایبەتمەندی تێکەڵخوازی لەگەڵ ئاودا.

آبدوغ / ābdûq/':/اسم. دۆغورمە؛ ئاودۆ؛ ئەوێدۆ؛ تریتەدۆ؛ ئاڤاماست؛ خواردەمەنیەکی ئێرانی بە شێوەی ماستاو (کە زۆرتر خەیار، سەوزی، مێوژ و گوێزی تێدەکەن).

آبده / ābdeh/':/اسم. بناو؛ ئاودەرە؛ کونجۆکارێزی.

آبدهی / ābdehî/':/اسم. ئاودەری؛ ئاودەیی؛ توانایی سەرچاوەیەک (وەک کارێز، ڕووبار، بیر...) بۆ ئاودان لە هەر چرکەیەکدا: **دِبی**

آبدیدگی / ābdîdegî/':/اسم. بارهاتوویی؛ لەکاڵدەرهاتوویی؛ بار و دۆخ و چۆنیەتی

بارهاتن ‹کار سخت و زندگی در کوه، موجب آبدیدگی می‌شود: کاری دژوار و ژیان لە کێودا، ئەبێتە هۆی لەکڵدەرهاتوویی›.

آبدیده / 'ābdîde/: *صفت*. ۱. نمرچ؛ گزنگاز بوو بە هۆی ئاوەوە؛ شتێ کە ئاو خراپی کردبێ ۲. *[فلزکاری]* ئاودراو؛ ئاودریاگ؛ لەبەر ئاو دانراو ‹فولاد آبدیده: پۆلای ئاودراو› ۳. *[کنایی]* لەکڵدەرهاتوو؛ بارهاتوو؛ تاڵ و سوێری ڕۆژگار چەشتوو؛ سەرد و گەرمی ڕۆژگار چەشتگ. هەروەها: **آبدیده بودن؛ آبدیده شدن؛ آبدیده کردن؛ آبدیده گشتن**

آبراهه / 'ābrāhe، ـها/: *اسم*. زائاو؛ ئاوزێ؛ ئاوەڕێژ؛ ڕەهەند؛ گونج؛ گونجە؛ ئاوەڕۆ؛ ڕێئاو؛ ئەوڕی؛ ئاوویەر؛ ئاوبگار؛ بواری (زۆرتر دەسکرد) بۆ ئاو.

آبرسانی / 'ābresānî، ـها/: *اسم*. کار یان ڕەوتی ئاوکێشان؛ کێشانی ئاو لە بناوانەوە بۆ بنکەکانی‌تری ئاو (بە لوولەکێشی، کاناڵ‌کێشی یان بە هەر جۆرێکی‌تر).

آبرست / 'ābrost، ـها/: *صفت*. *[گیاەشناسی]* ئاوڕس؛ ئاوڕسک؛ ئاوڕواو؛ ئاوی؛ بە تایبەتمەندی یان توانستی ڕوان لە ئاودا.

آبرفت / 'ābroft، ـها/: *اسم*. ۱. تەرازنە؛ هەرێزنە؛ ئاومالشت؛ چەومال؛ چینگەلی جێماو لە گەڕانی ئاو و نیشتنی قوڕ و زیخدا ۲. لیتە؛ لم؛ خەرگ؛ هەرگ؛ هەرە؛ قوڕاوێک کە لافاو لەگەڵ خۆی دەیبا و لە شوێنە چاڵ و نەویەکاندا بە جێی دێڵێ.

آبرفتی / 'ābroftî/: *صفت*. ئاومالشتی؛ چەومالی.

آبرنگ / 'ābrang/: *اسم*. ئاوڕەنگ: ۱. /ـها/ ماکێکی ڕەنگیە بۆ نیگارکێشی ۲. تابلۆیەک کە بە ئاوڕەنگ کێشرابێ.

آبرو / 'ābrow، ـها/: *اسم*. کوتە؛ نسوێن؛ ئاوڕێژ؛ ڕەهەند؛ گونج؛ گونجە؛ ئاوەڕۆ؛ بواری ڕۆیشتنی ئاو.

آبرو / 'āb(e)rû/: *اسم*. ئاوڕوو؛ ئابڕوو؛ ئابوور: ۱. ئاکاری هاوڕێ لەگەڵ بایەخگەلی کۆمەلایەتی کە دەبێتە هۆی سەربەرزی و خۆشناوی ۲. دۆخ یان چۆنیەتیەک کە دەبێتە هۆی سەربڵندی و ناوی چاکە.

⊡ **آبرو برای کسی نگذاشتن**: ئابڕوو بۆکەسێ نەهێشتنەوە؛ ئابڕووی کەسێ تکاندن؛ ئاوڕوو پەی یۆی ناسەیوە ‹با حرفهایی که زد ابرو برایش نگذاشت: بەو قسانە کە کردی ئابڕووی بو نەهێشتەوە›.

آبروی کسی را بردن/ ریختن: ئاوڕووی کەسێ بردن؛ ئاوڕووی کەسێ تکاندن؛ ناو کەسێ زڕاندن؛ شەقڵ شکاندن؛ سووکایەتی بەسەرهێنان؛ ئاوڕوو یۆی بەردەی ‹با این رفتارها آبروی ما را بردی: بەم ئاکارانە ئاوڕوومانت برد›.

آبروی کسی را خریدن: ئابڕووی کەسێ سەندنەوە؛ بەرگری‌کردن لە بەدنامی و ناو زڕانی کەسێ ‹آن روز آبروی ما را خریدی: ئەو ڕۆژە ئابڕوومانت سەندەوە›.

آبروی کسی رفتن: ئاوڕووی کەسێ چوون؛ ئاوڕووی کەسێ نەمان؛ سووک بوون لە بەر چاوان؛ ناوی کەسێ زڕان؛ ئاوڕووی کەسێ تکان؛ ئاوڕوو یۆی شیەی؛ شەرمەزار یا ڕووسیا بوونی کەسێ ‹پیش مردم آبرویم رفت: لای خەڵکی ئاوڕووم چوو›.

آبروت / 'ābrût/: *اسم*. سووتاوی؛ سووزیاگی؛ سووتاوە؛ پۆرگ؛ بلۆق؛ بلۆقە؛ سووتان بەهۆی ئاو یان تراوێکی داخەوە.

⊡ **آبروت کردن**: قوشقن‌کردن؛ ئاوڕووت کردن؛ ئاوەڕووت‌کردن؛ مریشکی سەربڕاو خستنە ناو ئاوەکوڵ بۆ ڕووتاندنەوەی پەڕەکانی.

آبرودار / 'āb(e)rûdār/: *صفت*. *[گفتاری]*

ئاوڕوودار؛ بەئابڕوو؛ بەحەیا ‹آزاد، مرد آبروداری است: ئازاد پیاوێکی ئاوڕوودارە›.

آبروداری / 'āb(e)rûdārî/: *اسم.* ئاوڕووداری؛ بە ئاوڕوو ژیان؛ ژیانی بە چاکە و سەربەرزی.

آبرورفته / 'āb(e)rûrafte/: *صفت.* ئابڕووڕژاو؛ ئاوڕووتکاو؛ ناوزڕاو؛ ئابڕوونەماو؛ سووک و بێئابڕوو؛ ئەوڕی تەکیایە.

آبروریزی / 'āb(e)rûrîzî/: *اسم.* ئابڕوو چوون؛ ئاوڕوو شیەی؛ بار و دۆخ، کار یان ئاکارێک کە بێتە هۆی بەدناوی ‹میهمانیشان آبروریزی بود: میوانیەکەیان ئابڕووچوون بوو›.

⊡ **آبروریزی کردن:** بێئابڕوویی بارهێنان؛ ئابڕوو بردن؛ ڕووڕەشی بارهێنان؛ ڕووسیاوی وەشکەردەی ‹چرا برای صد تومان اینهمه آبروریزی می‌کنی؟: بۆچی بۆ سەد تمەن ئەم هەمووە بێئابڕوویی باردینی؟›.

آبروغن / 'ābrowqan, -ro:qan/: *اسم.* ئاوڕۆن؛ ڕوەناوە؛ ئاوەکوڵ و ڕۆنی تێکەڵاو کە بەسەر چێشتیدا دەکەن.

آبرومند / 'āb(e)rûmand/: *صفت.* ئابڕوومەند: ١. ڕووسوور؛ ڕووپاک؛ سەربەرز؛ بەحەیا؛ خاوەن بڕ و ڕێزی کۆمەڵایەتی ‹او از خانوادەی آبرومندی است: ئەو لە بنەماڵەیەکی ئابڕوومەندە› ٢. سازیار لەگەڵ بایەخگەل و داب و نەریتی کۆمەڵگادا ‹عروسی آبرومند: زەماوەندی ئابڕوومەند›.

آبرومندانه / 'āb(e)rûmandāne/: *قید.* ئابڕوومەندانە؛ ئاوڕوومەندانە؛ بە شێوازی ئابڕوومەند ‹مهمانی، آبرومندانه برگزار شد: میوانیەکە ئابڕوومەندانە بەڕێوە چوو›.

آبرومندی / 'āb(e)rûmandî/: *اسم.* ئابڕوومەندی؛ ئاوڕوومەندی؛ ڕووسووری؛ بار و دۆخ یان چۆنیەتی ئابڕوودار بوون ‹بابا جان! آبرومندی کە بە خانە و ماشین و پول نیست: کاکە گیان! ئابڕوومەندی خۆ بە ماڵ و ماشین و پارە نیە›.

آبرون / 'ābrûn/: *اسم.* وەرکەمەر؛ گەلاماسی؛ گیایەکی بۆنخۆشە، بەهاران لە سەر بەردان دەڕوێ.

آبریز / 'ābrîz، ـها/: *اسم.* ١. ☜ **آبخیز** ٢. مەنهۆڵ؛ مەنگۆڵ؛ مەنگۆڵە ٣. پلووسک؛ پلوور؛ پلوورە ٤. گونج.

آبریزش / 'ābrîzeš/: *اسم.* لووشە؛ چڵمەشۆڕە؛ ڕژانی نائاسایی ئاو لە چاو و لووتەوە: **آبریزه**

آبریزگاه / 'ābrîzgāh، ـها/: *اسم.* کناراو؛ ئاودەس؛ دەس‌ئاو؛ دەساو؛ مەستەراو؛ مستەراو.

آبریزه / 'ābrîze/ ☜ **آبریزش**

آبزدایی / 'ābzedāyî، ـها/: *اسم. [شیمی]* ئاوچنی؛ ئاوەچنکاری؛ کار یان ڕەوتی گرتنی ئاو لە شتێ.

آب‌زرشک / 'āb(e)zerešk,-zerešg/ ☜ **آب**

آبزن / 'ābzan، ـها/: *اسم.* جەکووزی؛ جۆرێ وانی حەمامە کە لە هەموو لایەکیەوە ئاوی بە تەوژم دێتە دەرەوە و لەش دەشێلێ.

آبزی / 'ābzî، ـها: ـان/: *صفت.* ئاوژی؛ ئاوی؛ ئاقی؛ تایبەتمەندی گیانلەبەرێک کە لە ئاودا دەژی.

آب‌زیپو / 'āb(e)zîpo/ ☜ **آب**

آبزیخانه / 'ābzîxāne، ـها/: *اسم.* ئاکواریۆم؛ وەنەدی ماسیان.

آبزیدان / 'ābzîdān، ـها/: *اسم.* ئاکواریۆم؛ وەنەدی ماسیان.

آب‌زیرکاه / 'ābzîr(e)kāh، ـها/: *صفت. [کنایی]* ئاوژێرکا: ١. مارمزووک؛ مارمەزووک؛ نهێنکار ٢. نەرمەبڕ؛ لە بنەوە بڕ؛ نەرمکێ بن کایێ؛ چێرەنەبڕ.

آبساب / ābsāb'، ها/:اسم. سەنگساو؛ ئامرازی تایبەتی بۆ ساوین و هەساندانی مووزاییک. هەروەها: **آبساب کردن**

آبسال / ābsāl'/:اسم. تەڕسال؛ تەڕەسال؛ بارانەسال؛ پەڕئاوە؛ ساڵی پڕ باران. بەرانبەر: **خُشکسال**

آبست / ābsat'، ها/:اسم.[نامتداول] چارەوەز؛ تۆکڵ؛ توێکڵە؛ پێست یان پەڕەی ناوەکی بڕێ میوە (وەکوو پێستە ناسکەی گوێز، پستە، فنۆق یان دانەوێڵە).

آبستره / ābst(e)re'/: [فرانسوی] صفت. هاوێری؛ ئاوارتە؛ دوور لە پێوەندی لەگەڵ دەور و بەریدا.

آبستن / ābestan'/: صفت. ١. ئاوس؛ ئاڤس؛ یاوس؛ هاوس؛ واڤز؛ لەمەپەڕە؛ ئاوز؛ زکپڕ؛ دووجان؛ دووگیان؛ نۆسکە؛ ئێملە؛ سکدار؛ زگدار؛ باردار؛ تۆڵ لە زگدا ‹همسرش آبستن است: ژنەکەی ئاوسە› ٢. [مجازی] لەبەر؛ پێبووگ؛ بارهەڵگر؛ ئامادە بۆ ڕووداو یان کارەساتێ ‹جهان آبستن جنگ بود: جیهان شەڕی لەبەر بوو›.

▣ **آبستن شدن**: ئاوس بوون؛ ئاڤیسن؛ زکپڕ بوون؛ لەمەپەڕ بیەی.

آبستن کردن: [مجازی] خۆشەکردن؛ سەندن؛ ئەسەی؛ بەپارە کەسێ کڕین؛ بەرتیل دان و هاوکاری کەسێ بەدەسهێنان ‹دزدان از مدتی پیش نگهبان را آبستن کرده بودند: دزەکان پێشووتر نگابانەکەیان خۆشە کردبوو›.

آبستنی / ābestanî'/: صفت. ئاوسی؛ ئاڤسی؛ ئاڤزی؛ سکپڕی؛ زکپڕی؛ لەمەپەڕی؛ بارداری؛ دۆخی گۆهانداری مێوینەی پێگەیشتوو لە سەردەمێ کە تۆڵی لە پزدانداییە ‹مدت آبستنی در انسان ٩ ماه است: ماوەی ئاوسی لە مرۆڤدا ٩ مانگە›.

▣ **آبستنی کاذب/ دروغین**: شەیتانئاوسی.

آبسته / ābaste'/ ☜ زمین آبسته، **زمین**

آبسرا / ābsarā'، ها/:اسم.[قدیمی] ئاوەلیان؛ خانووی سەر ئاو کە دە کەوناردا بە سەر گۆل و گۆماوان و لەبان کۆڵەکەگەلێکەوە دەکرایەوە.

آبسردکن / ābsardkon'، ها/:اسم. ئاو ساردکەرەوە؛ ئاوفێنکەوکەر؛ کەرەسەیەک کارەبایی، ئاوی تێدەکەن، ساردی دەکاتەوە.

آبسنج / ābsanc'، ها/:اسم. ئاوپێو؛ ئامرازێ بۆ پێوانی قورسی و سووکی تراوان.

آبسنگ / ābsang'، ها/:اسم. گاشەی ژێر ئاو کە کاتی کشانەوەی ئاو، دەردەکەوێ.

آبسه / ābse'، ها/: [فرانسوی]اسم.[پزشکی] ١. کوان؛ کۆڤان؛ قونیر؛ گۆنر؛ کونێر؛ وەرمەک؛ بەرکی؛ دومەڵ؛ دمەڵ؛ ئاوپەڕ؛ ئارینج؛ مەوێژە؛ هانەکوان؛ زیپکەی گەورەی پڕ لە کیم و زووخ ٢. ئاوەزا؛ ئاودز؛ ئاوجز؛ تیراوێ؛ گرووز؛ زامی ئاو تێزاو و کیم هاوردوو.

آبشار / ābšār'، ها/:اسم. ١. [ـان/] تاڤگە؛ تافگە؛ تافە؛ تافینە؛ تاف؛ هاوشار؛ ئاوشۆڕ؛ ئاوهەڵدێر؛ سەرووەشین؛ بافڵ؛ قەڵبەزە؛ تاوتاف؛ سولاڤ؛ سویلاڤ؛ سیتاڤ؛ سیتاڤک؛ ڕیژاڤ؛ ڕێژاو؛ سواڤ؛ لووس؛ لووساو؛ لووساوک؛ سورک؛ سوپێل؛ سول ٢. [ورزش] سپەک؛ کوتاندنی تۆپ بە توندی لە زەمینی ئەوبەردا (والیبال، تێنیس، پینگپۆنگ و...).

آبشامه / ābšāme'/:اسم.[کالبدشناسی] نێوانپۆش؛ پەردەیەک لە نێو لەشدا کە بڕێ لە هلۆلیەکانی ناوزک دادەپۆشێ.

آبشخور / ābešxor'، ها/:اسم. ئاوخۆرگە؛ دەراڤ؛ دەراو؛ مەخەڵگا؛ نا؛ جێگایەک لە

چۆم، جۆگە یان کانی کە ڕێ هەیە ئاوی تێدا بخورێتەوە.

آبشر / 'ābšor/، ـها/:/اسم. /گفتاری/ چـۆڕاو؛ شۆڕاو؛ ئاوهەڵدێر؛ شۆش؛ تافی چکۆلەی دەسکرد.

آبشش / 'ābšoš/، ـها/:/اسم. سی؛ سیئاو؛ ئاوشۆشی؛ سیهـ ؛ ئەندامی هەناسەدانی گیانلەبەری ئاوژی.

آبششدار / 'ābšošdār/،ـان/:صفت. ئاوشۆشدار؛ سیئاودار؛ تایبەتمەندی گیانداری خاوەن سیهـ .

آبششی / 'ābšošî/: صفت. سیئاوی؛ بەسراو یان پێوەندیدار بە سیئاوەوە.

آبشکن / 'ābšekan/ ☜ **آببُر**

آبشن / 'ābšan/ ☜ **آویشن**

آب‌شناس / 'ābšenās/، ـها: ـان/:/اسم. ئاوناس؛ ئاڤناس؛ کەسێ کە زانست و توانایی لە بواری ئاوناسیەوەیە.

آب‌شناسی / 'ābšenāsî/:/اسم. ئاوناسی؛ ئاڤناسی؛ زانستی ناسینەوەی ئاو، بەتایبەت لە باری پێوەندی لەگەڵ ژیاندا.

آبشویی / 'ābšûyî/، ـها/:/اسم. ڕێخەوشۆر؛ نیسکەوشۆر؛ بەرەشۆ؛ بەردەشۆر؛ کاری شۆردنەوە بە ئاو بۆ لێک جیاکردنەوەی سووک و قورس لە یەکتر (وەک جیاکردنەوەی وردە ڕێخ لە دانەوێڵە): **خاکشویی**

آب‌شیب / 'ābšîb/، ـها/:/اسم. ۱. خوڕگە؛ بوارگەی ڕژدی ئاو؛ جۆگەی ئاو بە شیوی زۆرەوە ۲. تاف؛ ئاوی خوڕ ۳. قەڵوەز؛ قەلوەزە؛ قەلبەزە؛ ئاوهەڵدێر.

آب‌شیرین‌کن / 'ābšîrînkon/، ـها/:/اسم. ئاو شیرین‌کەرەوە؛ ئاو شیرین‌کەر؛ ئامراز یان دامەزراوەی تایبەت بە پالاوتن و شیرین‌کردنی ئاوی سوێر.

آب‌طلا / 'ābtalā/: [فارسی/ عربی]/اسم. ئاوتەلا؛ زێڕئاو؛ تەلای تراو کە بۆ ئاوکاری بەکار دەڕوا.

آبغوره / 'āb(e)qûre/:/اسم. ئاوقۆرە؛ ئاڤشیلە؛ قوڕە؛ سیهک؛ گوشراوی بەرسیلە.

⊡ **آبغوره گرفتن**:/تعریض/ فیشکەفیشک کردن؛ فینگەفینگ کردن؛ گریان؛ گیریان؛ گرەوەی.

آبفشان / 'ābfešān/، ـها/:/اسم. ئاوپژێن: ۱. ئامرازێ کە ئاو دەپژێنێ و لە ئاوەدێری باخچەدا بەکار دێ ۲. سەرچاوەی ئاوی گەرم کە شوێن لە دووی شوێن، هەڵم و ئاوی گەرمی لێ هەڵدەقولێ.

آبقمبل / 'ābqombol/ ☜ **آبکوپیل**

آب‌قند / 'āb(e)qand/: [فارسی/ معرب]/اسم. ۱. ئاوقەن؛ شەربەت قەن ۲. قەنداخ؛ ئاوگەرم و قەن.

آبکار / 'ābkār/، ـها: ـان/:/اسم. ئاوکار؛ کەسێ کە پیشەی ئاوکاریە.

آبکاری / 'ābkārî/:/اسم. ئاوکاری: ۱. کار یان ڕەوتی داپۆشاندنی کانزا بە ئاوی کانزایەکی دیکە (وەک زێڕ، زیو و...) بۆ خەملاندن یان بەرگری لە ژەنگ‌هێنان. هەروەها: **آبکاری کردن** ۲. /ـها/ کارگای ئەو کارە.

آب‌کردنی / 'ābkardanî/: صفت. ۱. بۆ تاواندنەوە؛ تواندنەوەیی؛ قاڵ‌کردنی؛ لە باو بۆ کردنە ئاو ‹این کَره آب‌کردنی است، آبش کن بریز روی پلو: ئەم کەرەیە بۆ تاواندنەوە باشە، بیتوێنەوە و بیکە سەر پلاوەکەدا› ۲. /ـها/ /کنایی/ فرۆشتنی؛ شیاوی فرۆشتن ‹آب‌کردنی‌ها را آب کن، بقیه را هم بریز دور تا انبار خالی شود: ئەوی فرۆشتنیە، بیفرۆشە، پاشماوەکەشی فرێدە با هەمارەکە چۆڵ بێ›.

آبکره / 'ābkore/: [فارسی/ عربی]/اسم.

هیدروسفیر؛ کۆمەڵەی ئاوەگەلی زەوین.

آبکــش / ābkeš'، ــهـا/:*اسـم*. ۱. ســوزمە؛ سـووزمە؛ تـەینجـە؛ تـەوجـە؛ ئاشپاڵـوو؛ پاڵـێو؛ ئاوپاڵ؛ پالانـەک؛ ئاشپاڵـوو؛ سـەلـە؛ نانـەشـان؛ نانــەشــانە؛ ئاڤـکێش؛ تـەیکـە؛ تـەک؛ سـافۆ؛ چوختەکـە؛ دەفـرێ کـە بـۆ پـالاوتنی بـرینج و سـاوار و... کـون ــکـون کـراوە ۲. آونـد آبکـش ☜ **آونـــد** ۳. *[نامتــداول]* ئــاوکێش؛ ئاوبـــەر؛ ئاوگێـڕ؛ کـەسـێ کـە ئـاوی دەبـردە دەرکـی مـــالان و ئـــاوانی وەردەگـــرت ٤. ئـــاوکێش؛ ئـــاوخواز؛ ئـــاوواز؛ چێـــشتی ســـۆڵ یـــان زۆر چەور.

▣ **آبکـش کـردن**: ۱. پـالاوتن؛ ئاسـەیـرە؛ بـە ســوزمە ئــاوی شــتێ گــرتن ۲. *[کنـایی]* کـون ــکـون کـردن؛ وڵ ــ وڵ کـەردەی؛ وەک سوزمە ئاژن ـ ئاژن کردن.

آبکـــشت / ābkešt'، ــهــا/:*اسـم*. ئاوچانـــد؛ ئـــاوچێن: ۱. کـــار یـــان ڕەوتی چانـــدن و ڕواندنی گیا، بە بێ خـاک و تـەنیـا بـە کـەڵـک وەرگـرتن لـە کـوودی تـراو ۲. ئـەو گیایـە وا بەم شێوەیە چێندراوە.

آبکشی / ābkešî'، ـهـا/:*اسـم*. ئاوکێـشی؛ کـار یان ڕەوتی ئاوکێشان.

آب کــــشیده / ābkešîde'/: *صــفت*. تــــەڕ و تلیـسک؛ تـەڕ و تـڵیز؛ تـەڕ و تلـیس؛ خووسـاو؛ خووسـیاگ؛ فیـسیا؛ فیـسیاگ؛ دە ئـاو گـەوزاو ‹موش آب‌کشیده: مشکی تەڕ و تلیسک›.

آبکک / ābkak'، ـهـا/:*اسـم*. ئاوڕۆشـەنـەوکـەرە؛ گیانلـەبـەرێکـی وردیلـەی ئـاوژی بـێ سـی و جـەرگـە کـە لـە ڕێگـای پێـستیەوە هـەناسـە دەدات و مەلاوانێکی باشە.

آبکنـد / ābkand'، ـهـا/:*اسـم*. ئـاودڕ؛ لانـدڕ؛ بـوودڕ؛ ڕەهـۆڵ؛ زنـدور؛ کـەولـۆس؛ کـەنـداڵ؛ ئاودڕکە؛ ئاودڕگە؛ جـۆم؛ دڕنـاڵ؛ کـەن؛ کـەنـد؛ کەنداو؛ کەنـاو؛ خـڕ؛ جـێلافـاو؛ ئـەو جێگـەیـە ئاو دایدڕیوە.

آبکوپیــل / ābkûpîl'/:*اســم*. *[زیــست‌شناســی]* تیرەیەک لە پەلـەوەرانی ئـاوژی، بـە دنـدووکی هــەڵــگەڕاوە، باڵــی پــان و ســەری پۆپنــەوە: **آبقُمبُل**

آبکوهــــه / ābkûhe'، ـهــا/:*اســم*. شــاپێل؛ گاپێـل؛ گـەڤـل؛ لیـپ؛ ئاڤـزین؛ نێرینـەی ئـاو؛ شەپۆلی زۆر بەرزی ئاو.

آبکــی / ābakî'/: *صفت*. *[گفتـاری]* ئـاوەکـی: ۱. تـەڕ؛ تـەوش؛ برنگـاو؛ تـراو؛ ئـاوین؛ دولـە؛ دژی خەسـت ‹غذای آبکی بخـور: چێـشتی تـەڕ بخـۆ› ۲. شـل؛ تـراو؛ تـەڕ ‹مربـایش کمـی ابکـی بـود: مرەباکەی تۆزێ شل بوو› ۳. بـێ‌تـام؛ نـەگرسـاو؛ تـەوش؛ بـێ‌کاریگـەری یـان هێـزی پێویـست ‹شوخی ابکی: گاڵتەی بی‌تام›.

آبکــیس / ābkîs'/:*اسـم*. پـیرۆک؛ پـیرەڵـۆک؛ پنـر؛ ترکیـێ؛ چـرچ و لۆچێـک وا بـەهـۆی زۆر مانـــەوە لـــە ئـــاودا لـــە پێـــستی ســـەرقامکدا بەدی‌دێت.

آبگـاه / ābgāh'/:*اسـم*. *[گفتـاری]* ۱. پووتـەگـا؛ خاڵـیگە؛ کـەلـەکـە؛ لابـرگ؛ کیلـەکـە؛ بـرک؛ کێلەکـێ؛ کالـەکـا؛ تـەنـشت؛ تـەڕیـژە؛ بنپـاڵ؛ پـەراسـوو؛ گورچـوو؛ گرچـک؛ ئـەوگـە؛ غالیکـە ۲. میـــزەڵـــدان؛ میزڵـــدان؛ گمێـــزدان؛ مسوڵدان؛ جێگەی میز لە ناو زگدا.

آبگــذر / ābgozar'، ـهـا/:*اسـم*. جۆگـە؛ جۆلـە؛ ویـەراو؛ ئـاوەڕێـژ؛ ڕەهـەنـد؛ جۆبـار؛ ئـاوەڕۆ؛ دەربازگــەی دەســکرد بــۆ گواســتنەوەی ئــاو (وەک کارێز).

آبگـــرا / ābgarā'/: *صـفت*. ئـاوخواز؛ ئـاوواز؛ ئاوەگر؛ بە تایبەتمەندی ئاوخوازیەوە.

آب‌گرایـــی / ābgerāyî'/:*اسـم*. ئـاوخوازی؛ ئاوەگری؛ تایبـەتمـەندیـەک لـە گیاگـەلدا کـە ئـەبێتـە هـۆی جووڵانـەوە و گـەش و هـەراش بوونیان لە ڕاستەی ڕەوتی ئاودا.

هیدروسفیر؛ کۆمەڵەی ئاوەگەلی زەوین.

آبکش / ābkeš'، ـهـا/: اسم. ١. سوزمە؛ سووزمە؛ تەینجە؛ تەوجە؛ ئاشپاڵوو؛ پاڵێو؛ ئاوپاڵ؛ پالانەک؛ ئاشپاڵوو؛ سەلە؛ نانەشان؛ نانەشانە؛ ئاڤکێش؛ تەیکە؛ تەک؛ سافۆ؛ چوختەکە؛ دەفرێ کە بۆ پالاوتنی برینج و ساوار و... کون‌ـکون کراوە ٢. آوند آبکش ☜ **آوند** ٣. [نامتداول] ئاوکێش؛ ئاوبەر؛ ئاوگێڕ؛ کەسێ کە ئاوی دەبردە دەرکی ماڵان و ئاوانی وەردەگرت ٤. ئاوکێش؛ ئاوخواز؛ ئاوواز؛ چێشتی سوڵ یان زۆر چەور.

▣ **آبکش کردن**: ١. پالاوتن؛ ئاسەیرە؛ بە سوزمە ئاوی شتێ گرتن ٢. [کنایی] کون‌ـکون کردن؛ وڵ‌ـ وڵ کەردەی؛ وەک سوزمە ئاژن ـ ئاژن کردن.

آبکشت / ābkešt'، ـهـا/: اسم. ئاوچاند؛ ئاوچێن: ١. کار یان ڕەوتی چاندن و ڕواندنی گیا، بە بێ خاک و تەنیا بە کەڵک وەرگرتن لە کوودی تراو ٢. ئەو گیایە وا بەم شێوەیە چێندراوە.

آبکشی / ābkešî'، ـهـا/: اسم. ئاوکێشی؛ کار یان ڕەوتی ئاوکێشان.

آب‌کشیده / ābkešîde'/: صفت. تەڕ و تلیسک؛ تەڕ و تلیز؛ تەڕ و تلیس؛ خووساو؛ خووسیاگ؛ فیسیا؛ فیسیاگ؛ دە ئاو گەوزاو ‹موش آب‌کشیده: مشکی تەر و تلیسک›.

آبکک / ābkak'، ـهـا/: اسم. ئاوڕۆشەنەوکەرە؛ گیانلەبەرێکی وردیلەی ئاوژی بێ سی و جەرگە کە لە ڕێگای پێستیەوە هەناسە دەدات و مەلاوانێکی باشە.

آبکند / ābkand'، ـهـا/: اسم. ئاودڕ؛ لاندڕ؛ بوودڕ؛ ڕەهۆڵ؛ زندور؛ کەولۆس؛ کەنداڵ؛ ئاودڕکە؛ ئاودڕگە؛ جۆم؛ دڕناڵ؛ کەن؛ کەند؛ کەنداو؛ کەناو؛ خڕ؛ جێ‌لافاو؛ ئەو جێگەیە ئاو دایدڕیوە.

آبکوپیل / ābkûpîl'/: اسم. [زیست‌شناسی] تیرەیەک لە پەلەوەرانی ئاوژی، بە دندووکی هەڵگەڕاوە، باڵی پان و سەری پۆپنەوە: **ابقُمبُل**

آبکوهه / ābkûhe'، ـهـا/: اسم. شاپێل؛ گاپێل؛ گەڤل؛ لیپ؛ ئاڤزین؛ نێرینەی ئاو؛ شەپۆلی زۆر بەرزی ئاو.

آبکی / ābakî'/: صفت. [گفتاری] ئاوەکی: ١. تەڕ؛ تەوش؛ برنگاو؛ تراو؛ ئاوین؛ دولە؛ دژی خەست ‹غذای آبکی بخور: چێشتی تەڕ بخۆ› ٢. شل؛ تراو؛ تەڕ ‹مربایش کمی آبکی بود: مرەباکەی تۆزێ شل بوو› ٣. بێ‌تام؛ نەگرساو؛ تەوش؛ بێ‌کاریگەری یان هێزی پێویست ‹شوخی آبکی: گاڵتەی بی‌تام›.

آبکیس / ābkîs'/: اسم. پیرۆک؛ پیرەڵۆک؛ پنر؛ ترکیێ؛ چرچ و لۆچێک وا بەهۆی زۆر مانەوە لە ئاودا لە پێستی سەرقامکدا بەدی‌دێت.

آبگاه / ābgāh'/: اسم. [گفتاری] ١. پووتەگا؛ خاڵیگە؛ کەلەکە؛ لابرگ؛ کیلەکە؛ برک؛ کێلەکێ؛ کالەکا؛ تەنشت؛ تەڕیژە؛ بنپاڵ؛ پەراسوو؛ گورچوو؛ گرچک؛ ئەوگە؛ غالیکە ٢. میزەڵدان؛ میزڵدان؛ گمێزدان؛ مسوڵدان؛ جێگەی میز لە ناو زگدا.

آبگذر / ābgozar'، ـهـا/: اسم. جۆگە؛ جۆلە؛ ویەراو؛ ئاوەڕێژ؛ ڕەهەند؛ جۆبار؛ ئاوەڕۆ؛ دەربازگەی دەسکرد بۆ گواستنەوەی ئاو (وەک کارێز).

آبگرا / ābgarā'/: صفت. ئاوخواز؛ ئاوواز؛ ئاوەگر؛ بە تایبەتمەندی ئاوخوازیەوە.

آب‌گرایی / ābgerāyî'/: اسم. ئاوخوازی؛ ئاوەگری؛ تایبەتمەندیەک لە گیاگەلدا کە ئەبێتە هۆی جووڵانەوە و گەش و هەراش بوونیان لە ڕاستەی ڕەوتی ئاودا.

آبگردان / ābgardān'/ ها/: *اسم.* ئاوگەردان؛ ئاوگەردێن؛ ئاوبارە؛ چەرخەچێ؛ چەرخەتوو؛ کەوجز؛ کەوجێز؛ ئەسکۆ؛ ئەسکوێ؛ کەتوو؛ قەمتەرە؛ کاسەیەکی دەسکدار بۆ ئاو هەڵهێنجان.

آبگردش / ābgardeš'/ ها/: *اسم. [کشاورزی]* نۆرەئاو؛ نۆبەئاو؛ نۆگەئاو؛ ئاوگەڕ؛ سەرەئاو؛ گەڕا ئاڤدانێ؛ چەلی وەرگرتنی ئاو بۆ ئاودێری مەزرا.

آب‌گرفتگی / ābgereftegî'/ ها/: *اسم.* ئاوداگری؛ ئاوداپۆشی؛ ئاویەرەگێرتەی؛ دۆخ یان چۆنیەتی ئاوداگرتنی جێگایەک ‹بخش بزرگی از محصولات کشاورزی بر اثر آب‌گرفتگی کشتزارها از میان رفته است: بەشێکی گەورە لە دەسهاتی کشتوکاڵ بەهۆی ئاوداگری جارەکان لەناو چووە›.

آبگرمکن / ābgarmkon'/ ها/: *اسم.* ئاوخۆشکەر؛ ئاوگەرمکەر؛ کەرەسەیەک بۆ گەرمکردنی ئاو.

آبگریزی / ābgorîzî'/: *اسم.* تایبەتمەندی بڕێک لە ماکگەل کە دەبێتە هوی تێکەڵ نەبوونیان لەگەڵ ئاودا. هەروەها: **آبگریز**

آبگز / ābgaz'/: *صفت.* ئاوگەستوو؛ ئاوجز؛ ئاودز؛ گەنەئاو؛ گەزنگاز بەهۆی ئاوەوە.

▣ **آبگز شدن:** ۱. ئاوجز بوون؛ ئاودز بوون؛ گەنە ئاو بیەی؛ خەسار دیتن بەهۆی ئاو پێوەتلانەوە ۲. لە بەر باش نەکوڵان و سارد بوونەوە، تام و قەوامی خۆ لە دەستدان ۳. ڕەش بوونەوەی پێستی دەست و پێ بە هۆی مانەوەی زۆر لە ئاوی سارددا.

آبگوشت / āb(e)gûšt'/: *اسم.* گۆشتاو: ۱. ئاوگۆشت؛ گۆشتینە؛ یەخنی؛ شۆربا و گۆشت؛ ئەوگەرم؛ چەلاو؛ قەلاو؛ چێشتی ئاوداری گۆشت وسێفەزەمینی و نۆک و لووبیا و ئاڵەت و زەردەچێوە ۲. ئاوێ کە گۆشتیان تێدا کوڵاندووە.

آبگون / ābgûn'/: *صفت. [ادبی]* ۱. شین؛ کەوە؛ کەوو؛ ئاوی؛ کۆڵە؛ کۆ ‹آسمان آبگون: ئاسمانی شین› ۲. *[مجازی]* ئاودراو؛ ئاوکار؛ تیژ و بەبریقە (زیاتر بۆ شیر و خەنجەر) ‹شمشیر آبگون: شیری ئاودراو›.

آبگونه / ābgûne'/ ها/: *صفت. [ادبی]* تەوش؛ ئاوەکی؛ ئاوئاسا؛ تراو ‹الکل مادەای است آبگونە: ئەلکول ماکێکی تەوشە›.

آبگیر / ābgîr'/ ها/: *اسم.* ۱. هەسێڵ؛ ئەستێر؛ ئەستێڵ؛ هەسوێل؛ هەساری؛ گۆلاو؛ چاڵ و قووڵایەکی سروشتی یان دەسکردی زۆرتر ڕوو والا کە ئاوی تێدا کۆ دەبێتەوە ۲. گۆل؛ گوول؛ ئاوگر؛ گەردەو؛ چلەو؛ ناوچەیەک کە تێیدا بەشگەلێ لە زەوی نیشتووە و قووڵایەکی پێک هێناوە ‹حوضەی آبگیر: بەستێنی گۆل› ۳. ئاودێر؛ ئاودار؛ ڕادەی ئاو دێران ‹آبگیر آن ۶ متر مکعب است: ئاودێرەکەی ٦ میتری چوارپالووە› ٤. *[قدیمی]* کیسەکێش؛ کاریگەری حەمام ۵. ☜ **آبخور**

آبگیری / ābgîrî'/ ها/: *اسم.* ئاوگری: ۱. ئاوەچنی؛ کار و ڕەوتی ئاوگرتن لە شتێک ‹ابگیری میوە: ئاوگری میوە› ۲. کار یان ڕەوتی پڕکردنەوەی خەزێنەیەک لە ئاو ‹ابگیری سد: ئاوگری بەربەند›. هەروەها: **آبگیری شدن؛ آبگیری کردن**

آبگینه / ābgîne'/ ها/: *اسم. [ادبی]* جام: ۱. مینا؛ شووشە؛ شیشە؛ شیشێ ۲. ئاوێنە؛ ئایینە؛ خودیک.

آب‌لمبو / āblambû'/ ☜ **آب‌لنبو**

آب‌لنبو / āblambû, -lanbû'/: *صفت.* ۱. ئاولەمە؛ لەبەئاو؛ خاوەن ئاوی کۆوەبوو دە ژێر پێستەوە بە هۆی مالین و گووشانەوە

‹انار آبلنبو: هەناری ئاولەمە› ٢. داچەکاو؛ دەساژۆ؛ داشۆڕاو؛ دالۆچاو؛ نەبوونی تورتی و پەژی بە هۆی گوشار و گووشانەوە ‹زنی با پستانهای آبلنبو داشت بچەاش را شیر می‌داد: ژنێک بە مەمکەی داچەکاوەوە خەریک بوو شیری بە منداڵەکەی دەدا› ❋ **آب‌لمبو**

آذین‌بندی / āzînbandî'، ـها/: اسم. کار و رەوتی رازاندنەوە؛ رازاندنەوەی جێگایەک بە گوڵ، چرا، ئاڵا و لەم چەشنەیە بە بۆنەی جێژن و شاییەوە.

آر[1] / ār'/: [فرانسوی]/اسم. ئار؛ پێوانەیەک بۆ پێومانی زەوی بەرامبەر بە ۱۰۰ میتری چوارگۆشە.

ــ ار[2]: پسوند. ــ ار: ۱. نیشانەی ناوی چاوگ ‹کردار: کردار› ۲. نیشانەی بکرد یان ئاوەڵناو ‹خریدار: کڕیار›.

آرا[1] / ārā'/: [عربی] جمعِ ☜ **رأی**

ــ آرا[2]: پیواژه. ــ رازێن؛ ـ خەملێن؛ ـ رازن؛ ـ تەوزێن؛ ـ نەژرن؛ رازێنەر ‹بزم‌آرا: بەزم رازێن›.

ـ آرائی / ārā'î'/ ☜ **ـ آرایی**

آرائیدن / ārā'îdan'/ ☜ **آراییدن**

آرابسک / ārābesk'/: [فرانسوی]/اسم. لەولاوی؛ ئیسلیمی؛ شێوازێکی هونەرکاری بۆ رازاندنەوەی دیوار و میچ و... بەشێوەی گوڵ و بتەی پێچاوپێچ.

آراستگی / ārāstegî'، ـها/: اسم. رازاوەیی؛ خەملاوی؛ بار و دۆخ یان چۆنیەتی رازاوە بوون ‹آراستگی سر و وضعش حرف نداشت: رازاوەیی بەژن و بالای قسەی تێدا نەبوو›.

آراستن / ārāstan'/: مصدر. متعدی.// **آراستی**: رازاندتەوە؛ **می‌آرایی**: دەرازێنیتەوە؛ **بیارا**: برازێنەوە// ۱. رازاندنەوە؛ رازاندن؛ رازانن؛ رازاننەوە؛ رازنەی؛ رازنای؛ خەملاندن؛ خەملاندن؛ جوان‌کردن؛ تەوزاندن؛ تیف‌تیفە دان؛ نەژرنای؛ نەژرنایش؛ وەش‌کەردەی؛ جوان و لووس‌کردن؛ رازاندنەوە بە خشڵ و جلکی جوان ۲. [ادبی] تەکووزکردن؛ تەکویزکردن؛ هەڵپەرتاوتن؛ هەڵوەژارتن؛ رێک‌وپێک‌کردن؛ مریس‌کردن؛ پەسارنەی؛ پەسارنای ‹لشکر آراستن: تەکووزکردنی لەشکر›. هەروەها: **آراستنی**

■ صفت فاعلی: **آراینده** (رازێنەرەوە)/ صفت مفعولی: **آراسته** (رازێنراوە)/ مصدر منفی: **نَیاراستن** (نەرازاندنەوە)

آراسته / ārāste'/: صفت. ۱. خەملاوە؛

خەملاو؛ ڕازاوە؛ جوان‌کراو؛ خەملێو؛ جوان و لووس‌کراو؛ خەملی؛ ڕازیا ‹سر و روی آراسته: سەر و سیمای خەملاوە› ٢. هەڵپەرتاوتە؛ پەساریا؛ تەکووز؛ تەکویز؛ نەژریا؛ هەڵوەژێراو؛ خاوەن ڕێک و پێکی ‹خانەی آراسته: خانووی هەڵپەرتاوتە›.

آرام[1] / ārām'/: *صفت. [ادبی]* ئارام؛ هێمن؛ هێور؛ مەن؛ مەند؛ هارام؛ ئاشاس: ١. کڕ؛ بێ‌شڵەژاوی و تێکەڵاوی ‹کشور آرام؛ هوای آرام: ولاتی هێمن؛ هەوای ئارام› ٢. بێدەنگ؛ کش‌ومات؛ ڕپ؛ زریە؛ سوکنا؛ ئامۆش؛ هامۆش؛ هاڵە؛ بێ هەرا و هوریا ‹خانەی آرام: خانووی بێدەنگ› ٣. بێ‌جوولە؛ ئۆقرەگرتوو؛ هێواش؛ یەواش؛ کپ؛ زەوت؛ زەود؛ کپەنە؛ بێ پەلە و جوولە ‹حرکت آرام: بزاڤی ئارام› ٤. هێور؛ هێدی؛ هێمن؛ هەدار؛ لەسەرخۆ؛ بەپشوو؛ پشوو لە سەرخۆ؛ سەرخۆ؛ سەماس؛ ئۆخژن؛ توێتکە؛ ئاکاری بێ‌تووڕەیی ‹اسب آرام؛ مرد آرام: ئەسپی هێدی؛ پیاوی هێمن›.

▣ **آرام بودن:** ئارام بوون؛ هێمن بوون: ١. هێور بوون؛ لە سەر خۆ بوون ٢. ئوقرە گرتن؛ بێ‌جوولە بوون؛ ستارگرتن ٣. ئاسوودە بوون.

آرام گرفتن/ یافتن: ئارام‌گرتن؛ هێور بوون؛ هەدادان؛ هێمن بوونەوە؛ لاکراسیان: ١. سوکنایی هاتن؛ لە بەین چوونی شڵەژاوی ‹کشور آرام گرفت: ولات هێمن بووەوە› ٢. سرەوان؛ سرەوەی؛ دامرکان؛ قریان؛ لە بەین چوونی ئێش ‹درد آرام گرفت: ئێشەکە سوکنایی هات› ٣. داکەسیان؛ داسەکین؛ ئەرەکاسیەی؛ دامرکان؛ قورمین؛ دەس کێشان لە جوولە و هورووژان ‹دیگر آرام بگیر: ئیدی ئارام بگرە›.

آرام[2]: *قید.* بە ئارامی؛ گوڤا؛ هێدیکایی؛ هێور؛ بە ئەسپایی؛ بە هێمنی: ١. هێواش؛ بێ پەلە ‹آرام برو: بە ئارامی برۆ› ٢. لەسەرخۆ؛ بێ دەرخستنی قین و تووڕەیی ‹آرام حرف بزن: بە هێمنی قسە بکە›.

▣ **آرام‌-آرام:** هێدی‌-هێدی؛ نم‌-نمەک؛ ئارام‌-ئارام؛ شێنە‌-شێنەی؛ نمناز؛ گلۆگل.

آرامبخش[1] / ārāmbaxš'/: *ـها/: اسم.* ئارامبەخش؛ سرەوێنەر؛ هەدادەر؛ سوکنایی‌دەر؛ شتێ (وەکوو دەرمان) کە نەخۆش ئارام دەکاتەوە.

آرامبخش[2]: *صفت.* ئارامبەخش؛ سرەوێنەر؛ هەدادەر؛ هێورکەر؛ سوکنایی‌دەر؛ بە تایبەتمەندی و توانای ئارام‌کردنەوەوە ‹سخن آرامبخش: قسەی سوکنایی‌دەر›.

آرامپز / ārāmpaz'/: *ـها/: اسم.* ماوڵبورش؛ کەرستەیەکی چێشت‌چێکەرە، نەرم و لەسەرخۆ چێشتەکە دەکوڵێنێ.

آرامش / ārāmeš'/: *اسم.* ئارامشت؛ هەوا؛ هەراس؛ خۆراس؛ ئشاس؛ ئتر؛ ئارا و قارا: ١. هێمنایەتی؛ هێمنایی؛ هێمنەتی؛ هێمنی؛ هێونی؛ ئۆقرە؛ تەناهی؛ هەڤیان؛ سەکامەتی؛ ستار؛ تەبت؛ قارا؛ هەدا؛ وەخژن؛ ئۆخژن؛ قەرار؛ هەندر؛ ئەرەمەردەی؛ دۆخ یان چۆنیەتی نەبوونی: *الف)* بزاڤ و جووڵانەوە. *ب)* هەرا و هوریا. *ج)* ئاژاوە ‹آرامش کشور: هێمنایەتی ولات› ٢. لاچوونی ژان و هورووژان ‹آرامش خود را بازیافت: هەدای بۆ گەڕاوە›.

آرامش‌طلب / ārāmeštalab'/: *ـها؛ ـان/: [فارسی/ عربی] صفت.* هێمنایەتی‌خواز؛ هەداخواز؛ خۆراس‌خواز. هەروەها: **آرامش‌طلبی**

آرامگان / ārāmgān'/: *اسم.* نەرمەبایان؛

باگەلی پەڕانپەڕی کەمەرەی گۆی زەوی کە بە هێوری دەشنن.

آرامگاه / ārāmgāh'، ـها/:اسم. ١. گۆڕ؛ گلکۆ؛ قەبر؛ قەور؛ قەبرە؛ زیارەت؛ مەزار ٢. قسن؛ بینایەک کە لە سەر گۆڕ سازکراوە ‹ساختن آرامگاه چند سال طول کشید: دروست کردنی قسن چەن ساڵی خایاند›.

▣ **آرامگاه سرباز گمنام**: گۆڕی سەربازی ون؛ گلکۆی سەربازی نەناسراو کە بە یادی تەواوی کوژراوانی شەڕ دروست دەکرێ: **قبر سرباز گمنام**

آرامی / ārāmî'/:اسم. ئارامی: ١. [گفتاری] مەندی؛ هێمنی؛ هێوری؛ مەنی؛ لەسەرخۆیی ‹دریا کمتر به این آرامی بوده: زەریا زۆرکەم بەم مەندییە بووە› ٢. لە زمانگەلی سامی باکووری ڕۆژاوی ئاسیا کە لە نێوان ٣٠٠ ساڵ پێش لە دایکبوونی عیساوە تا ٦٥٠ی زایینی، لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا باو بووە ‹زبان آرامی: زمانی ئارامی›.

آرامیدن / ārāmîdan'/: مصدر. لازم. [ادبی] //**آرامیدی**: سرەویت؛ **می آرامی**: دەسرەوی؛ **بیارام**: بسرەوە// ١. خەوتن؛ خەفتن؛ نووستن؛ وتەی ‹آرامیدن در هوای آزاد: نووستن لە دەرەوە› ٢. سرەوان؛ حەسانەوە؛ حەوانەوە؛ پشوودان؛ پیشدان؛ سرەوەی؛ سیەی؛ سیای؛ پالدانەوە؛ داسەکیان؛ داسرەوتن؛ داسرەوین؛ شەکەتی دەرکردن ‹مثل اینکه اینجا جای آرامیدن نیست: وا دیارە ئێرە جێی حەسانەوە نییە› ٣. سرەوان؛ سەقامگرتن؛ لەتان؛ وەرکەتن؛ کودان؛ هەندران؛ هەدان؛ لە جم و جووڵ کەوتن ٤. دڵنیا بوون؛ ئارخەیان بوون؛ خاترجەم بوون؛ هەدان؛ هەندران؛ هەدنین؛ دڵ دامەزران (سەرنج: بۆ ماناکانی تری کە لە پێشوودا باو بووە ☜ **آرام؛ آرامش؛ آرمیدن**).

هەروەها: **آرامیدنی**

■ صفت فاعلی: **آرامنده** (ـــ)/ صفت مفعولی: **آرامیده** (سرەواو)/ مصدر منفی: **نیارامیدن** (نەسرەوان)

آرایش / ārāyeš'، ـها/:اسم. ١. جوانکاری؛ خەملان؛ ئاڕایشت؛ ڕازاندنەوە؛ ڕەوش؛ کار یان ڕەوتی خەملاندن ‹آرایش عروس: خەملانی بووک› ٢. جوانکاری؛ خەملان؛ ئاڕایشت؛ ڕازاندنەوە؛ کارێ کە بۆ جوان و تەکووز بوون کراوە ‹آرایش غلیظ او جلب توجه می کرد: ئاڕایشتی توندی سەرنجی ڕادەکێشا› ٣. دەق؛ هەڵپەرتاوتەیی ‹آرایش سپاه: دەقی سوپا›.

▣ **آرایش جنگی**: هەڵپەرتاوتەی شەڕ؛ ئاڕایشتی شەڕ.

آرایش صحنه: ڕازاندنەوەی شاشە.

▣ **آرایش دادن**: تەکووزکردن؛ تەکویز کردن؛ پۆڕاندن؛ خنج‌کردن؛ قنج‌کردن.

آرایش کردن: ڕازاندنەوە؛ خەملاندن؛ هەڵپەرتاوتن؛ ئەوەڕازنەی؛ وەش‌کەردەی.

آرایشگاه / ārāyešgāh'، ـها/:اسم. ئاڕایشتگا؛ ئاڕایشگا، جێگایەک کە مووی سەر و چاوی تێدا کورت و ڕێک دەکەنەوە؛ شوێنی جوانکاری ‹ماهی یکبار آرایشگاه می‌روم: مانگێ جارێ دەچمە ئاڕایشتگا›.

▣ **آرایشگاه زنانه**: ئاڕایشتگای ژنانە؛ جێگایەک کە لەوێ ژنان دەڕازێننەوە.

هەروەها: **آرایشگاه مردانه**

آرایشگر / ārāyešgar'، ـها؛ ـان/:اسم. ڕازێنەر: ١. جوانکەر؛ جوانکار؛ خەملینۆک؛ خەملێن؛ موویکار؛ دەلاک(بۆ پیاو)؛ کەسێ کە پیشەی ئاڕایشت‌کردنە. هەروەها: **آرایشگر زنانه** ٢. دیکۆراتۆر؛ خەملێنەر؛ کەسێ‌کهکاری، ڕازاندنەوەی شوێنێکە.

هەروەها: **آرایشگر صحنه**

آرایشگری / ārāyešgarî'/: /اسم. جوانکاری؛ جوانکەری؛ خەملێنەری؛ ڕازێنەری: ١. کار یان ڕەوتی خەملاندن ٢. پیشەی جوانکەر.

◙ **آرایشگری صحنه:** شاشە ڕازاندنەوە.

آرایشی / ārāyešî'/: صفت. ئارایشتی؛ پەیوەندیدار یان هاوگەر بە ئارایشتەوە ‹مواد آرایشی: ماکی ئارایشتی›.

آرایە / ārāye'، ـها/: /اسم. ڕازە؛ تەوزە: ١. [ریاضی] بەڕیز دانانی بڕێ لە شتان بە پێی ئەندازەیانەوە، لە گەورەوە بۆ چکۆلە یان بە پێچەوانە ٢. [زیستشناسی] ڕێکخستنی ژینەوەران بەپێی دووریان لە یەکترەوە ٣. [ادبی] زانستە وێژەییەکان، بۆ جوان کردنی نووسراوە (وەک: بەدیع و مەعانی و...) ‹آرایەهای ادبی: ڕازە وێژەییەکان›.

آرایەگر / ārāyegar'، ـها؛ ـان/: /اسم. ڕازێنەر؛ تەوزێنەر؛ خەملوان؛ خەملێنەر؛ دیکوراتۆر.

ـــ آرایی / ārāyî'/: پیواژە. ـــ ڕازێنی؛ ـــخەملێنی؛ ـ تەوزێنی؛ کاری ڕازاندنەوە ‹سفرەآرایی: سفرەڕازێنی›: **ـ آرائی**

آراییدن / ārāyîdan'/: مصدر. متعدی. //**آرایید:** خەملاندت؛ **میآرایی:** دەخەملێنی؛ **بیارا:** بخەملێنە//[نامتداول] خەملاندن؛ غەملاندن؛ جوان کردن؛ ڕازاندن؛ ڕازاندنەوە؛ تەوزاندن؛ ئەوەڕازنای؛ ڕازنەی؛ وەش کەردەی: **آرائیدن**

آرتز / ārt(e)roz'/: [فرانسوی] ☜ **آرتروز**

آرتروز / ārt(e)roz'/: [فرانسوی]/اسم. ئارترۆز؛ جۆرێ نەخۆشینە کە دەبێتە هۆی وردەوردە توانەوەی کرۆچەنەی سەر ئێسکگەلی لەش: **آرتُرز**

آرتزین / ārtez(i)yan'/: [فرانسوی] ☜ چاه آرتزین، **چاه**

آرتیست / ārtîst'، ـها/: [فرانسوی]/اسم. ١. نیارڤان؛ کۆسەکار؛ شانۆکار؛ ئارتیست ‹آرتیست سینما: نیارڤانی سینەما› ٢. [نامتداول] هونەرمەند.

آرتیستبازی / ārtîstbāzî'، ـها/: [فرانسوی/فارسی]/اسم. نیارڤانکاری؛ کارگەلی نائاسایی، سەرسووڕێنەر و شانۆیی (وەک بازدان بە سەر بان و دیواردا، ئاژۆتن بە خێرایی زۆرەوە و...) کە لایەنی خۆ نواندنیان تێدایە.

آرتیستی / ārtîstî'/: [فرانسوی] صفت. نیارڤانی؛ کۆسەکاری.

آرتیشو / ārtîšû'/: [فرانسوی]/اسم. کنگر فرنگی ☜ **کنگر**

آرد / ārd'، ـها/: /اسم. ئارد؛ هارد؛ هەرد؛ ئار؛ هاردی: ١. دەغلی هاڕدراوی ئامادەی کردنە هەویر بۆ نان ‹آرد گندم: ئاردی گەنم› ٢. شتێ کە وەک ئارد هاڕدرابێ ‹آرد استخوان: ئاردی ئێسک›.

◙ **آرد استخوان:** ئێسکە پرووسکە؛ ئاردە پێشە؛ ئاردی ئێسک.

◙ **آرد بە دهان داشتن:** [تعریض] دەم دووریان؛ لاڵ بوون؛ لاڵ و پاڵ بوون؛ دەم قووچان؛ دەم قووچاندن؛ دەم چوونە کلێلەوە؛ مۆمیایی لکەی دەمەرە؛ بە پێچەوانەی بەرژەوەندی و پێداویستی، بێدەنگ بوون و هیچ نەگوتن ‹مگر آرد بە دهان داشتی کە صدایت درنیامد؟: مەگەر دەمت دوورابوو وا دەنگت دەرنەهات؟›.

آرد کردن: هاڕین؛ ڤەهاڕین؛ هێڕاندن؛ هێڕین؛ هاڕاندن؛ هاڕەی؛ هێڤن؛ یەردە؛ گژمراندن؛ کردنە ئارد.

آرد را بیختن و آردبیز/ الک را آویختن: [کنایی] ئارد تەقاندن و سۆسی ڕژاندن؛ هاردی وێتەی وسوێ متەی؛ کۆتایی هێنان بە کار و پاڵدانەوە ‹من آردم را بیختە و آردبیزم را آویختەام، شما غصەی خودتان را

بخورید: من ئاردەکەم تەقاند و سوسشم ڕژاند، ئێوە خەفەت بۆ خۆتان بخۆن›.

آردالو / ārdālû'/: /اسم. پیازاو؛ ئاردەوا؛ پەڵوڵە؛ جۆرێ چێشتە کە ئاردی تێدەکەن: **آرداله**

آرداله / ārdāle'/ ☜ **آردالو**

آردبیز [١] / ārdbîz'، ـها/: /اسم. *[ادبی]* هێڵەگ؛ هێڵەک؛ ئێڵەک؛ ئێڵەگ؛ هێڵەکە؛ ئێڵەگ؛ بێژن؛ بێژنگ؛ موخل؛ مۆخڵ؛ قەڵبێر؛ زوخمە؛ سوخمە؛ وێچنە (بۆ خەڵە)؛ کەمە (بۆ خاک)؛ ئامرازی دابێژتن.

آردبیز [٢]: *صفت.* ئاردبێژ؛ ئارددابێژ؛ هاردوێچ؛ ئاردێژ؛ ئاردڤێز؛ ئێڵەک؛ هێڵەک؛ ئێڵەگ؛ زوخمە؛ بە لێهاتوویی دابێژتنی ئاردەوە.

آردل / ārdel'، ـها/: [روسی] /اسم. *[قدیمی]* ١. فەرمانبەری بانگیشتن ٢. ئاردەڵ؛ باب نۆگە؛ گزیر؛ زوات؛ ڕاوێژکەری خان؛ گەورە نۆکەری خانی خانان.

آردوارک / ārdvārk'، ـها؛ ـان/: [انگلیسی] /اسم. ئاردوارک؛ خێروخۆر؛ گیانلەبەری گوانداری گەورەی مێرووڵەخۆر، لە ڕیزی بێددانان، بە لمبووزی درێژەوە.

آردواز / ārdvāz'، ـها/: [فرانسوی] /اسم. ئاردواز؛ لە بەرهەمگەلی سیمان و پەمووی نەسۆچ، بۆ داپۆشانی سەربانان.

آردولف / ārdvolf'، ـها؛ ـان/: [؟] /اسم. ئاردۆلف؛ گیانلەبەری گوانداری ئافریقایی لە تیرەی کەمتیارگەل.

آردی / ārdî'/: *صفت.* ئاردین؛ ئاردی؛ هاردی؛ هەردی؛ ئاری: ١. خاوەن دۆخ یان چۆنیەتی بە ئاردەوە بوون ‹سنجد دارای درونبر آردی است: سرینچک ناوەڕۆکی ئاردینە› ٢. ئارداوی؛ هارداوی؛ تێکەڵ و ئاوقای ئارد ‹لباسم آردی شد: جلەکەم ئارداوی بوو› ٣. ئاردەمەنی؛ ئاردینە؛ بەرهەمی ئارد ٤. *[گیاهشناسی]* ئاردانە؛ داپۆشراو لە توێەکی ناسکی ئاردئاسادا.

آردینه / ārdîne'/: /اسم. بنیه؛ هەویرێکی تێکەڵاو لە ئارد، هێلکە و خوێ کە برێ لە گۆشتگەلی (وەک ماسی) بۆ بەرگری لە شیبوونەوەیان، بەرلە سوورکردنەوە، تێی دەگلێنن: **بُنیه**

آرزو / ār(e)zû'، ـها/: /اسم. ئاوات؛ ئارەزووە؛ ئارزی؛ هیوا؛ کەڵکەڵە؛ کەڵکەڵ؛ دڵخوازی؛ حەز؛ تاو؛ تاسە؛ ئاوەخت؛ ئاقەزت؛ قین؛ قەشقە؛ کام؛ خولیا؛ کاو؛ هێوی؛ هێڤی؛ ئالها؛ تەما؛ مگێز؛ واز؛ هومێد؛ نیاز؛ هەرس؛ هەز؛ هەسر؛ هەژ؛ مراد؛ قرم؛ قیتک: ١. هاش؛ ویستی بەهێز بۆ بەدەس هێنانی شتێکی گرینگ ‹تنها آرزوی آنها این بود که به وطنشان بازگردند: تەنیا ئاواتیان ئەمە بوو کە بگەڕێنەوە بۆ زێدەکەیان› ٢. بابەت یان ئارمانجی ئاوەها خوازیارییەک ‹آرزوی تو چیست؟: ئاواتی تۆ چیە؟›.

◙ **آرزوی خام**: خەیاڵپڵاو؛ فاک و فیک؛ ئاواتی بێخۆ؛ خەیالی خاو؛ خەیالی بەتاڵ؛ خەیالی کاڵ.

آرزوی دور و دراز: ئاواتی دوور و درێژ؛ ئاواتێک کە بەدیهاتنی زۆر دژوارە.

آرزوی محال: ئاواتی نەهاتی؛ ئارەزووی ئەستەم؛ وازێ کە گەز نابێ.

◘ **آرزو برآوردن**: بە ئاوات گەیاندن؛ بە مراو گەیاندن؛ ئاوات بەگا ئاردەی ‹سرانجام آرزویش را برآورد: ئاخری بە ئاواتی گەیاند›.

آرزو به دل ماندن: *[مجازی]* داخ بە دڵەوە مان؛ بە کام نەگەیشتن ‹آرزو به دلم ماند یکبار ببینم تو درس میخوانی: ئەو داخەم بە دڵەوە ما جارێ بتبینم کە دەرس دەخوێنی›.

آرزو به گور بردن: *[مجازی]* داخ بە گڵ بردن؛ ئاوات بردنە ژێر گڵ؛ داخێ بە

قیامەت بەردەی؛ بە ناکامی مردن ‹مگر این آرزو را به گور ببرد که با دختر من ازدواج کند: مەگەر ئەم داخە بەگڵ بەرێ کە لەگەڵ کچی مندا زەماوەن بکا›.

آرزو پختن: *[نامتداول]* ئاواتی دوورکردن.

آرزو خوردن: *[نامتداول]* تەما بڕین؛ دەس لە ئاواتی خۆ بەردان.

آرزو داشتن/ کردن: بە ئاواتەوە بوون؛ ئاواتەخواز بوون؛ ئاوات خواستن؛ ئارەزوو کردن؛ هێڤی کرن؛ ڤیتن؛ واشتەنە؛ حەز لێکردن؛ هەژیکرن؛ واز لێ بوون؛ دڵ پێوە بوون؛ ئارەزوومەن بیەی ‹آرزو داشت یکبار دیگر آن شهر را ببیند: بە ئاواتەوە بوو، جارێکیتر ئەو شارە ببینێ›.

آرزوی کسی بودن: ئاواتەخواز بوونی کەسێک؛ ئاوات/ ئارەزووی کەسێ بوون ‹همه آرزویشان است که اینطور پسری داشته باشند: گشتیان ئاواتەخوازن ئاوەها کوڕێکیان هەبێ›.

به آرزوی خود رسیدن: بە ئاواتی خۆ گەیشتن؛ بە مرای دڵ گەیین؛ دەسکەوتنی شتێکی ئاواتی ‹سرانجام به آرزویش رسید و به دانشگاه رفت: ئاخری بە ئاواتی گەیشت و چووە زانستگا›.

آرزوانه / 'ār(e)zûvāne/ ☜ **ویارانه**

آرزوبەدل / 'ār(e)zûbedel/: *صفت. [گفتاری]* نامراد؛ بێمراد؛ ناکام؛ ئاوات بە دڵ؛ داخ بە دڵ؛ داخ لە دڵ ‹ممکن است همینطور آرزو به دل بمانی: ڕەنگە هەروا نامراد بمێنیتەوە›.

آرزومند / 'ār(e)zûmand/، ـها؛ ـان/: *صفت.* ئاواتخواز؛ ئاواتەخواز؛ ئاوەتەواز؛ ئارەزوومەند؛ ئارەزوومەن؛ بە ئاوات؛ ئارەزووکەر؛ بە ئارەزوو؛ هیوادار؛ هێڤیدار؛ بە هومێد؛ هیواخواز؛ دڵبەستە؛ دڵ بە تاسە؛ ئاواتمەتێ؛ داڤەگر؛ بە هەویا؛ تاسەمەند؛ تامەزرۆ؛ دلارزوو؛ ئەزرەتمەن؛ تاسەخواز؛ هەزکەر؛ لهێڤی؛ کاسۆتی؛ دڵبژۆک ‹آرزومند موفقیت شما: ئاواتەخوازی سەرکەوتنی ئێوە›.

آرزومندی / 'ār(e)zûamandî/: *اسم.* دڵبژۆکی؛ تاسە؛ ئاواتەخوازی؛ تامەزرۆیی؛ ئارەزوومەندی؛ دۆخ یان چۆنیەتی بە ئاواتەوە بوون ‹سحر با باد می‌گفتم حدیث آرزومندی: بەیان دەمدا بە دەم باوە هەواڵی دڵبژۆکی خۆم›.

آرژانتیت / 'ārjāntît/: [فرانسوی] *اسم. [کانی‌شناسی]* ئارژانتیت؛ بەردی زیو؛ بەردێکی سروشتیە، زیوی لێ بە دەس دێ.

آرسنیک / 'ārsenîk/: [فرانسوی] ☜ **آرسِنیک**

آرشه / 'āršê، ـها/: [فرانسوی] *اسم.* ئارشە؛ چێوێ باریک کە ڕیشاڵگەلێ لەمسەریەوە تا ئەوسەری کێشراوە بۆ ژەندنی تاقمێ لە سازە ژێدارەکان.

آرشیتکت / 'āršîtekt، ـها/: [فرانسوی] *اسم.* نژیاروان؛ ئارشیتێکت؛ میعمار؛ خانووکار.

آرشیو / 'āršîv، ـها/: [فرانسوی] *اسم.* ئارشیڤ: ١. شوێنی ڕاگرتنی بەڵگە و پەرتووک ٢. خەزێنەی بەڵگەیان.

آرشیویست / 'āršîvîst، ـها/: [فرانسوی] *اسم.* ئارشیڤیست؛ بەرپرسی ئارشیڤ.

آرغ / 'āroq/ ☜ **آرُوغ**

آرکئوپتریکس / 'ārke'opetrîks، ـها/: [فرانسوی] *اسم.* ئارکیئۆپیتریکس؛ پەلەوەرێکی زلپەیکەری خولی دووهەمی زەوینناسی.

آرگن / 'ārgon/: [فرانسوی] *اسم.* ئارگون؛ توخمی کیمیایی، بە ژمارەی ئەتومی ١٨ و کێشی ئەتومی ٣٩/٩٤، کە گازێکی بە بێ ڕەنگ و بۆیە.

آرم / 'ārm، ـها/: [فرانسوی] *اسم.* نیشانە؛ ئارم؛ دروشم؛ هەوە؛ نیشانەی تایبەتی

ڕێکخراوەیەک یا هەر جێگایەکی دیکە، بە شێوەی نووسراوە یان وێنە.

آرماتور / 'ārmātor'، ـها: [فرانسوی]/اسم. [معماری] ئاڵماتور؛ هەرکام لەو میلە کانزاییانە وا لە خانووکردنەوەدا بۆ ناو بیتون بە کار دەڕوا.

آرماتوربندی / 'ārmātorbandî'، ـها: [فرانسوی/ فارسی]/اسم. ئاڵماتوربەندی؛ کاری دانانی میلەی کانزایی (ئاڵماتور) لە نێو بیتوون؛ بە مەبەستی پتەوترکردنی.

آرمادیلو / 'ārmādîlo'، ـها: [فرانسوی]/اسم. ئارمادیلۆ؛ گواندارێکی گچکەی گشتەخۆری دەڤەری ئامریکا.

آرمان / 'ārmān'، ـها:/اسم. ئامانج؛ ئارمانج؛ ئارمان؛ گاڤین؛ هەنی؛ دۆز؛ ئەوەی کە کەسێ یا گرووپێ، پێگەیشتنی بە مەبەستی مەعنەوی و ناوەرۆکی خۆی دەزانێ ‹آرمان دینی؛ آرمان سیاسی: ئارمانجی دینی؛ ئامانجی ڕامیاری›.

آرمانخواه / 'ārmānxāh'، ـان/: صفت. ئامانجخواز؛ ئارمانخواز؛ ئارمانواز؛ خوازیاری گەیشتن بە ئارمانی خۆ ‹انسان آرمانخواه: مرۆڤی ئارمانخواز›.

آرمانخواهی / 'ārmānxāhî'، ـها:/اسم. ئامانجخوازی؛ ئارمانخوازی؛ ئارمانوازی؛ دڵبەستەیی بە ئارمانێکی دیاریکراو و هەوڵ دان بۆ پێگەیشتنی ‹شور آرمانخواهی در جوانان به چشم می‌خورد: تاوی ئامانجخوازی لە گەنجەکاندا دیارە›.

آرمانشهر / 'ārmānšahr'، ـها:/اسم. ئارمانشار؛ کەس‌نەزاناوا؛ شارێکی خەیاڵی، خاوەن قانوون و حکوومەت و کۆماری دڵخواز: **مدینەی فاضلە؛ ناکجاآباد**

آرمانگرا / 'ārmāngerā'، ـها؛ ـیان/: صفت. ئامانجەوگر؛ دۆزخواز؛ ئیدیالیست.

آرمانگرایی / 'ārmāngerāyî'، ـها/: اسم. ئامانجەوگری؛ دۆزخوازی؛ ئیدیالیسم.

آرمانی / 'ārmānî'/: صفت. ئارمانی؛ خوازراو ‹جامعەی آرمانی: کۆمەڵگای ئارمانی›.

آرمیدن / 'ārāmîdan'/: مصدر. لازم. [ادبی] //**آرمیدی**: سرەوتی؛ **می‌آرامی**: دەسرەوی؛ **بیارام**: بسرەوە// ١. سرەوتن؛ هەڤان؛ هەڤیان؛ قریان؛ قورمین؛ لەتان؛ ئوقرەگرتن؛ ئارامگرتن؛ حەسانەوە؛ سیەی؛ سیای؛ سرەوەی؛ سرەوای؛ داسەکنان ٢. دامرکان؛ داتەمران؛ لە کوڵ نیشنەوە؛ لە کەف و کوڵ کەوتن؛ لە تین و تاو کەوتن؛ کاسیایرە؛ ئەرەکاسیەی ٣. خەوتن؛ خەفتن؛ نووستن؛ وتەی ***آرامیدن**

■ صفت فاعلی: **آرامندە** (ـ)/ صفت مفعولی: **آرمیدە** (سرەوتوو)/ مصدر منفی: **نیارمیدن** (نەسرەوتن)

آرمیدە / 'ārāmîde'، ـها؛ ـگان/: صفت. ١. ئوقرەگرتوو؛ داسەکاو؛ ئارام؛ بێجوولە؛ بێبزاڤ؛ مەن؛ ئەرەکاسیا ‹آهوی آرمیدە: ئاسکی داسەکاو› ٢. [کنایی] خەوتوو؛ خەفتگ؛ نووستوو.

آرنج / 'ārenc, 'āranc'، ـها:/اسم. ئەنیشک؛ هەنیشک؛ ئانیشک؛ هانیشک؛ قۆلانیسک؛ قوڕانیسک؛ قنانیسک؛ کونارشک؛ هەنیشخ؛ هەرەژنێ؛ مرک؛ میرک؛ زەنگە؛ باڵنج؛ لاشاخ؛ بەلەچەق؛ ئانیسک؛ هانیسک؛ هەنیسک؛ بەلەمرک؛ بەندی نێوان قۆڵ و باسک لە دەرەوە.

آرواره / 'ārvāre'، ـها:/اسم. شەویلکە؛ شەویلاکە؛ شەویلاک؛ شەویلە؛ شەویلەکە؛ شەوی؛ کاکیلە؛ کاکیلکە؛ کاڕێژ؛ کاژێر؛ ئاروو؛ ئارۆ؛ لاچناکە؛ لاچلاچ؛ لاچلاچک؛ هاروو؛ هارەوە؛ ئەملا و ئەولای چەنە؛ هەرکام لە دوو پێشەی بان و خواری دەم ***فک**

▣ آروارەی بالایی ☜ آروارەی زبرین
آروارەی پایینی ☜ آروارەی زیرین
آروارەی زبرین: شەویلەی سەروو؛ هارووی بان؛ پێشەی سەرووی دەم: **آروارەی بالایی**
آروارەی زیرین: شەویلەی خواروو؛ هارووی خوارین؛ پێشەی خوارووی دەم: **آرواره پایینی**

آروارەدار / ārvāredār'/: *صفت.* پەلێک لە گیانلەبەرانی بربڕەدار، بە شەویلکەی جووتەوە.

آروبند / ārûband'، ـها؛ ـان/: *اسم.* *[نامتداول]* شکستەبەن؛ شکسەگر؛ کەسێ کە ئێسکی شکاوی لەش تێک دەخاتەوە.

آروبندی / ārûbandî'، ـها/: *اسم.* *[نامتداول]* شکستەبەنی؛ شکسەگری؛ تێک خستنەوەی ئێسکی شکاوی لەش.

آروغ / āruq'، ـها/: *اسم.* قرپ؛ قورپ؛ قڕقێنە؛ قولقێنە؛ پڕقێنە؛ قوژپێنە؛ قورپینە؛ قورقێنە؛ قرقینە؛ قولپک؛ وەربوق؛ یەق؛ ئارشک؛ بڕی؛ قرپەی گەروو کە زۆرتر دوای زۆر خواردنەوە دێت: **آرُغ؛ آرُوق**

▣ آروغ بی‌جا زدن: *[تعریض]* خۆ تێکوتان؛ خۆ تێ‌هەڵقولتان ‹باز تو آروغ بی‌جا زدی؟: دیسانەوە خوتت‌تیکوتا؟›.

آروق / āruq'/ ☜ **آروغ**

آروماتیک / āromātîk'، ـها/: [فرانسوی] *صفت.* ئارۆماتیک: ١. بە چێژ یان بۆنی گیرۆ و بەهێز ٢. *[شیمی]* خاوەن یەک یان چەند جەغزی بەنزەنی.

آره / āre'/ ☜ **آری**

آری[1] / ārî'/: *اسم.* بەڵێ؛ بەلێ؛ بەلی؛ بەلێ؛ بەرێ؛ ئەرێ؛ ئەری؛ بەری؛ هەرێ؛ ئارێ؛ ئاری؛ ئێ؛ ئا؛ با؛ قەی؛ وەرامی ئەرێنی و پەسندکەر ‹عروس خانم آری را گفت: بووکەکە بەریی گوت›.

▣ آری گفتن: بەڵێ‌کردن؛ ئەرێ گوتن؛ ئەرێ واتەی؛ پەسندکردن و بە ڕاست زانین.

آری[2]: *قید.* بەلێ؛ بەلێ؛ ئەرێ؛ ئارێ: ١. نیشانەی هاوڕایی و بڕوا پێکردن ‹پرسیدم: می‌آیی؟ گفت: آری: پرسیم: دێی؟ وتی: ئەرێ› ٢. نیشانەی پاداگری و دڵنیایی ‹آری، اینچنین بود برادر: ئاری، برا! وا ڕابرا› ❋ **آره** *[گفتاری]*

آریا / ār(i)yā'، ـها/: *اسم.* ئاریا: ١. بەشێ گەورە لە ڕەگەزی سپی‌پێست بریتی لە ئێران و هێند و بەشێ گەورە لە ئەورووپا ٢. [ایتالیایی] *[موسیقی]* بەشی سەرەکی و بە ئاهەنگی ئۆپێرا. بەرانبەر: **کُر**

آریائی / ār(î)yā'î'/ ☜ **آریایی**

آریانیسم / ār(î)yānîsm'/: [؟] *اسم.* ئاریانیسم؛ ئایینێ کە کەشەیەک بە ناوی ئاریووس (دەوروبەر ٢٥٠-٣٣٦ی زایینی) دایهێنا و لەسەر ئەو بڕوایە کە عیسا نە لەگەڵ بابی (خودا) بەرامبەرە نە وەک ئەو هەتاهەتاییشە.

آریایی / ār(î)yāyî'/: *صفت.* ئاریایی؛ پەیوەندیدار یا هاوگەر بە ڕەگەزی ئارییاییەوە ‹نژاد اریایی: ڕەگەزی ئاریایی›: **آریائی**

آریستوکرات / ārîstok(e)rāt'، ـها/: [فرانسوی] *صفت.* ئاریستۆکرات؛ هاوگەر یان بەسراو بە چینی زلپایەوە.

آریستوکراسی / ārîstok(e)rāsî'، ـها/: [فرانسوی] *اسم.* ئاریستۆکراسی؛ ڕژێمی ئاغەواتی.

آز / āz'/: *اسم.* *[ادبی]* ئاز؛ چاوچنۆکی؛ خوازەلۆکی؛ تەما؛ هەڵپە؛ هەڵپ؛ هومێد و داوای ناڕەوا بۆ بەدەس هێنانی شتی زۆرتر،

تەنیا بە مەبەستی دارابوونیان، نەک بۆ کەڵک لێوەرگرتنیان.

آزاد[1] / āzād' ـها/: اسم. ئازاد؛ داری هورمان لە تیرەی نارەوەن: **آزاد دار؛ آزاد درخت**

آزاد[2]: صفت. ئازاد: ١. وەهیر؛ سەربەست؛ سەرازا؛ سەربەس؛ سەربەخۆ ‹من آزادم: من ئازادم› ٢. ئاسایی و سروشتی ‹حرکت آزاد: جووڵانەوەی ئازاد› ٣. بەرهەڵدا؛ وڵ؛ بێ بەند و گرێ یان کەرەسەی بەرهەڵست ‹سر آزاد طناب: سەری ئازادی تەناف› ٤. ڕزگار؛ سەربەس؛ ڕها؛ ڕەها؛ ڕستگار؛ ڕسگار؛ وڵ؛ دووری یا جیایی لە شتێکی ناخۆش ‹آزاد از غم: ڕزگار لە خەم› ٥. بێبارش و قۆرت ‹فضای آزاد: جێگای ئازاد› ٦. بێبەرگری ‹عبور آزاد: هاتوچووی ئازاد› ٧. بەتاڵ؛ بێهۆکاری داگیرکەر ‹وقت آزاد: کاتی ئازاد› ٨. بە بێ قانوونێکی تایبەت ‹کلاس آزاد: کلاسی ئازاد› ٩. غەیری دەوڵەتی ‹شغل آزاد: پیشەی ئازاد›.

▣ **آزاد ساختن:** ئازادکردن؛ ڕزگارکردن؛ داقەڕساندن ‹جنگهای داخلی آمریکا، بردگان را آزاد ساخت: شەڕە ناوخۆییەکانی ئەمریکا، کۆیلەکانی ڕزگار کرد›.

آزاد شدن: ئازاد بوون؛ ڕزگار بوون؛ ڕەها بیەی: ١. خەلاس بوون؛ داخەلسان؛ خەلستن؛ فلتین؛ داقەڕسان؛ قەرسین؛ ڕزگار بوون لە بەند ‹دیروز از زندان آزاد شد: دوێنێ لە بەندیخانە ئازاد بوو› ٢. لاچوونی بەرگری لە شتێ ‹عبور از خیابان آزاد شد: هاتوچۆ لە شەقام ئازاد بوو›.

آزاد کردن: ئازادکردن؛ ڕزگارکردن: ١. ڕاهێکردن؛ وەردەی؛ داخەلساندن؛ قەرساندن ‹مردم به زندان ریختند و زندانیان را آزاد کردند: خەڵکی ڕژانە گرتووخانەوە و بەندیەکانیان ئازاد کرد› ٢. لێخۆشبوون؛ بووردن؛ لێبوورین؛ چنە وەش بیەی ‹به مناسبت عید، عده‌ای از زندانیان را آزاد کردند: بە بۆنەی جەژنەوە، تاقمێ لە بەندیەکانیان ئازاد کرد› ٣. بەر هەڵداکردن * **آزاد گرداندن**

آزاد گذاشتن: مەودا پێدان؛ دەرفەت پێدان؛ کۆسپ دانەنان؛ وەرپەنگ نەدەی ‹او را آزاد گذاشت تا هر طور می‌خواهد کار کند: مەودای پێدا تا هەرچۆنێک دەیەوێ کاربکات›.

آزاد گرداندن ☜ **آزاد کردن**

آزاداندیش / āzādandîš' ـان/: صفت. بیرباز؛ ویرواز؛ بیربەرز: ١. بە شێوازی بیرکردنەوەی دوور لە لایەنگری و بەرچاوتەنگی ٢. هۆگر یان پەیڕەوی بیربەرزی * **آزادفکر**

آزاداندیشی / āzādandîšî' ـها/: اسم. بیربازی؛ ویروازی؛ بیربەرزی: **آزادفکری**

آزادانه / āzādāne'/: قید. ئازادانە؛ سەربەستانە؛ بە ئازادی؛ بە شێوازی ئازاد.

آزاددار / āzād.dār'/ ☜ **آزاد**[1]

آزاددرخت / āzād.deraxt'/ ☜ **آزاد**[1]

آزادراه / āzādrāh' ـها/: اسم. گەورەڕێ؛ شاڕێ؛ ئۆتووبان.

آزادسازی / āzādsāzî' ـها/: اسم. ڕزگارکاری؛ کار یان ڕەوتی ئازادکردن، بەتایبەت دەرهێنان لە بەند، گیراوی یا دیلی ‹آزادسازی حلبچه: ڕزگارکاری هەڵەبجە›.

آزادفکر / āzādfekr'/ ☜ **آزاداندیش**

آزادفکری / āzādfekrî'/ ☜ **آزاداندیشی**

آزادگی / āzādegî'/: اسم. ئازایەتی؛ جوامێری؛ مێرخاسی؛ دۆخ یان چۆنیەتی مێرخاس بوون.

آزادماهی / āzādmāhî' ـها؛ ـان/: اسم. ماسیئازاد؛ جۆرێ ماسی درێژووکەی خۆش خۆراک: **ماهی آزاد**

آزادمرد / āzādmard'، ـان/: *اسم.* *[ادبی]* ئازاپیاو؛ ڕزگار؛ جوامێر؛ مێرخاس؛ پیاوێ خاوەن ئاکاری لەبار و مەزنانە. هەروەها: **آزادزن**

آزادمنش / āzādmaneš'، ـها؛ ـان/: *صفت.* جوامێر؛ مرۆچاک؛ خاوەن ئاکاری بە دوور لە بەدی و بەدخوازی و لایەنگری.

آزادمنشانه / āzādmanešāne'/: *قید.* جوامێرانە؛ هاوڕێ لەگەڵ جوامێریدا.

آزادمنشی / āzādmanešî'، ـها/: *اسم.* جوامێری؛ دۆخ یان چۆنیەتی جوامێر بوون.

آزاده / āzāde'، ـها؛ ـگان/: *صفت.* سەربەتی؛ خاوەن ئاکاری شیاو، دوور لە بەرچاوتەنگی، خۆویستی و پێشداوەری ‹انسانی آزاده بود کە بە صاحبان قدرت سر فرود نیاورد: مرۆیەکی سەربەتی بوو کە بۆ میرمەزنان سەری دانەنەواند›.

آزادی / āzādî'، ـها/: *اسم.* ئازادی؛ سەربەستی؛ سەربەسی: ١. ڕزگاری؛ سەربەخۆیی؛ بار و دۆخ یان چۆنیەتی ئازاد بوون: *الف)* نەبوونی پێویستی، ناچاری یان بەرگری لە بەرامبەر کار یان هەڵبژاردنێکەوە ‹آزادی سیاسی: ئازادی ڕامیاری› *ب)* ڕزگاری لە کۆیلەتی، گراویەتی یان لە ژێر فەرمانی کەسێدا ‹آزادی از زندان: ئازادی لە بەندیخانەدا› *ج)* ڕزگاری لە بار و دۆخێکی ناخۆش و نالەبار ‹آزادی از بار قرض: ڕزگاری لە قەرز› ٢. هەبوونی ماف یان ڕێی کارکردن بە پێی ویستی خۆ ‹آزادی انتخاب: ئازادی هەڵبژاردن›.

◙ **آزادی بحث و تحقیق:** ئازادی باس و تۆژینەوە؛ مافی لێکۆڵینەوە، وانە وتنەوە و گۆڕانەوەی ئازادانەی بیر و ڕای زانستی.

آزادی دریاها: ئازادی دەریاگەل؛ مافی گەمیەوانی لە دەریاگەلی ئازاد لە دەرەوەی ئاوە ڕەخیەکان، بۆ هەموو نەتەوەگەل.

آزادی مسکن: ئازادی خانووبەرە؛ مافی هەڵبژاردنی ماڵ لە هەر شوێنێک و مافی پاراستنی ئەو ماڵە.

آزادی مشروط: *[حقوق]* ئازادی بەمەرج؛ ئازادی تاوانبار لە بەندیخانە بەهۆی مەرجگەلێ کە دادگا دیاری دەکات.

آزادی موقت: *[حقوق]* ئازادی ماوەیی؛ ئازادی بەرتەنگ.

آزادیهای چهارگانه: چوار ئازادی سەرەکی؛ کە بریتین لە: ئازادی وتن، ئازادی بیر و بڕوا، ئازادی لە پێداویستی و ئاتاجی و ئازادی لە ترس، کە بە بنەمای ئازادیگەلی مرۆڤ دەژمێردرێن.

آزادیخواه[1] / āzādîxāh'، ـها؛ ـان/: *اسم.* ئازادیخواز؛ ئازادیواز؛ ڕزگاریخواز؛ هشازا؛ داواکاری سەربەستی ‹دو آزادیخواه ایرلندی دستگیر شدند: دوو ئازادیخوازی ئیرلەندی قۆڵبەس کران›: **آزادیطلب**

آزادیخواه[2] / ـها؛ ـان/: *صفت.* ئازادیخواز؛ ئازادیواز؛ ڕزگاریخواز؛ هشازا؛ لایەنگر و هۆگری ئازادی ‹روزنامەی آزادیخواه؛ ملت آزادیخواه: ڕۆژنامەی ئازادیخواز؛ نەتەوەی ڕزگاریخواز›: **آزادیطلب**

آزادیخواهانه / āzādîxāhāne'/: *صفت.* ئازادیخوازانە؛ ڕزگاریخوازانە؛ هشازایانە؛ خاوەن ڕەوشت یان شێوازی ئازادیخوازی ‹اندیشەی آزادیخواهانه: بیری ئازادیخوازانە›.

آزادیخواهی / āzādîxāhî'/: *اسم.* ئازادیخوازی؛ ڕزگاریخوازی؛ هشازایی؛ لایەنگری لە ئازادی ‹او سالها بە جرم آزادیخواهی زندانی بود: ئەو زۆرسالان بە تاوانی ئازادیخوازی بەندی بوو›: **آزادیطلبی**

آزادی طلب / āzādîtalab'/: [فارسی/ عربی] ☜

آزادیخواه

آزادی‌طلبی / 'āzādîtalabî/: [فارسی/ عربی] ☜ **آزادیخواهی**

آزار / 'āzār/: *اسم*. ١. ئازار؛ هازار؛ ئاران؛ ڕەنج؛ ڕێنج؛ وەند؛ سوێ؛ ناوەشی؛ ئاکارێک کە ببێتە هۆی ڕەنج، خەفەت یان گەزەنگاز بوونی گیانلەبەرێک ‹رفتارت باعث آزار دیگران است: ئاکارت هۆی ئازاری کەسانی دیکەیە› ٢. *[نامتداول]* نەخۆشی؛ دەرد؛ ئێش؛ ژان ٣. ☜ **آذار**

▣ **آزار به کسی/ چیزی نرساندن**: بە کەسێ ئازار نەگەیاندن؛ هۆی ناخۆشی و زەحمەتی کەسێ نەبوون ‹او آزارش تا بە حال بە مورچە هم نرسیدە: تا ئێستا ئازاری بە میروولەش نەگەیشتووە›.

آزار دادن: ئازاردان؛ ئەشکەنجە دان؛ ئازارگەیاندن؛ ئازار یاونەی ‹چرا اینقدر او را آزار می‌دهی؟ بۆچی ئەوندە ئازاری دەدەی؟›: **آزار کردن؛ آزار رساندن**

آزار داشتن: ئازار بوون؛ ناوەشی بیەی؛ هەبوونی نەخۆشینی دەروونی حەز لە ئازار گەیاندن بە خەڵکی.

آزار دیدن: ئازار دیتن؛ عەزیەت بوون؛ ستەم دیتن ‹همیشە از او آزار دیدە بود: هەمیشە ئازاری لێ دیبوو›.

آزار رساندن ☜ **آزار دادن**

آزار کردن ☜ **آزار دادن**

آزار کشیدن: ئازارکێشان؛ ڕەنج‌کێشان؛ ئازار چەشتەی ‹چە آزاری کشید: چ ئازاریکی کیشا›.

آزاراقی / 'āzārāqî/ ☜ **آذاراقی**

آزاربلندی / 'āzārbolandî/ ☜ بیماری ارتفاع، **بیماری**

آزاردوست / 'āzārdûst/، ـها؛ ـان/: *صفت*. *[روانشناسی]* مازووخیست؛ دوچاری نەخۆشینی مازووخیسم.

آزاردوستی / 'āzārdûstî/: *اسم*. *[روانشناسی]* مازووخیسم؛ جۆرە نەخۆشیەکی جنسی- ڕەوانیە کە نەخۆش بە ئازار دیتن لە لایەن لفەکەیەوە، کەیفخۆش دەبێ.

آزارگر / 'āzārgar/، ـها؛ ـان/: *صفت*. ١. *[روانشناسی]* سادیست؛ جۆرە نەخۆشیەکی جنسی- ڕەوانیە کە نەخۆش بە ئازاردانی لفەکەی کەیفخۆش دەبێ ٢. ڕەنجدەر؛ ئازاردەر.

آزارگری / 'āzārgarî/: *اسم*. ١. *[روانشناسی]* سادیسم ٢. ڕەنجدەری؛ بار و دۆخ یان چۆنیەتی ئازاردەر بوون.

آزارنده / 'āzārande/: *صفت*. ئازاردەر؛ ڕەنجدەر؛ گەهرێنەر؛ خاوەن بار و دۆخ یان چۆنیەتیەک کە ئەبێتە هۆی ئازاردان ‹صدای آزارنده‌ای داشت: دەنگێکی ئازاردەری بوو›.

آزبست / 'āzbest/: [فرانسوی] *اسم*. ئازبێست؛ پەمووی نەسۆچ.

آزتک / 'āztek/: [؟] *اسم*. ئازتێک: ١. گەلی سوور پێستی میکزیک ٢. ـها/ هەرکام لەو خەڵکە ٣. زمانی ئەو خەڵکە.

آزردگی / 'āzordegî/، ـها/ *اسم*. ڕەنجاوی؛ ئازراوی؛ گەهراویەتی؛ دڵێشاوی؛ دڵئێشاوی؛ بار و دۆخ یان چۆنیەتی دڵئێشان ‹آزردگی از چهره‌اش پیدا بود: دلیشاوی لە دیمەنیدا دیار بوو›.

آزردن / 'āzordan/: *مصدر. متعدی. [ادبی]* //**آزردی**: ئاراندت؛ **می‌آزاری**: دەئارێنی؛ **بیازار**: بئارێنە// ئاراندن؛ ئازاردان؛ ئازاراندن؛ دڵئێشاندن؛ ڕەنجاندن؛ گەهراندن؛ دڵڕەنجاندن؛ وەزەنەی؛ قەهراندن؛ ئێشاندن ‹از آزردن دیگران لذت می‌برد: لە ئازاردانی خەڵکی کەیف دەکا›. هەروەها:

آزردنی

■ صفت فاعلی: **آزارنده** (ئازاردەر)/ صفت مفعولی: **آزرده** (ئازاردراو)/ مصدر منفی: **نَیازردن** (ئازار نەدان)

آزرده / āzorde/ ـگان/: *صفت.* *[ادبی]* ۱. ڕەنجاو؛ گەهراو؛ ئاراو؛ ڕەنجیاگ؛ ڕەنجیاو ‹آزرده دل: دڵ ڕەنجاو› ۲. نەخۆش؛ نەساغ؛ ناکۆک.

◘ **آزرده بودن:** ڕەنجان؛ ڕەنجیان؛ ڕەنجاو و خەمبار بوون. هەروەها: **آزرده شدن؛ آزرده کردن**

آزردەجان / āzordecān/ ـان/: *صفت.* *[ادبی]* داچەکاو؛ مل‌کز؛ دڵ‌بەکوڵ؛ دڵ پڕلەژان؛ چەوساوە؛ کوێرەوەر؛ خاوەن لەشێکی کز بەهۆی کوڵ و کەسەری زۆرەوە.

آزردەخاطر / āzordexāter/ ـان/: [فارسی/ عربی] *صفت.* *[ادبی]* دڵمەند؛ دڵمەن؛ دڵتەنگ؛ دڵپڕ؛ دڵگران؛ دڵشکاو؛ دڵڕەنجاو؛ دڵ‌جخار؛ شەمزاو؛ ڕەنجاو؛ ڕەنجیاگ؛ دڵ‌ئێشاو ‹نگذار آزردەخاطر از پیش تو برود: مەهێڵە دڵمەند لە لاتەوە بڕوا›: **آزردەدل**

آزردەدل / āzordedel/ ☜ **آزردەخاطر**

آزرم / āzarm/: *اسم.* *[ادبی]* ۱. ئەدەب؛ هۆرتە؛ شەرم؛ تۆرە ۲. ئابڕوو؛ ئاوڕوو؛ حەیا.

◘ **آزرم داشتن:** بەشەرم بوون.

آزرمگین / āzarmgîn/ ـان/: *صفت.* *[ادبی]* بە شەرم؛ بە حەیا؛ شەرمێون؛ شەرمین.

آزگار / āz(e)gār/: *صفت.* *[گفتاری]* ڕەبەق؛ خشت؛ تەواو؛ تەخت و تەواو؛ ئازگار؛ پەیوەستە ‹سە سال آزگار: سێ ساڵی ڕەبەق›.

ـ **آزما** / āz(e)mā/ ـیان/: *پیوازە.* ـ ئەزمە؛ ـ زمە؛ ـ هێچین؛ تاقی‌کەرەوە ‹بخت‌آزما: بەختەزمە›.

ـ **آزمائی** / āz(e)mā'î/ ☜ ـ **آزمایی**

آزمایش / āz(e)māyeš/ ـها/: *اسم.* ئازمایشت؛ ئەزموون؛ هێچ؛ دۆپیەک؛ دپیەک؛ ئەزمشت؛ کار یان چالاکیەک بۆ دۆزینەوەی شتێکی نەناسراو، لێکۆڵینەوە لە دروستی، نادروستی یان سەلماندنی گریمانەیەک.

◘ **آزمایش کردن:** تاقی‌کردنەوە؛ سەنگاندن؛ هەڵسەنگاندن؛ کرێشەیش؛ جەڕمین؛ ئەزموون‌گرتن؛ ئازمایش کەردەی.

آزمایشگاه / āz(e)māyešgāh/ ـها/: *اسم.* تاقیگە؛ ئەزموونگە؛ ئازمایشگا؛ جێگەی ئەزموون؛ جێگایەک بە کەرەسەی پێویستەوە بۆ ئەنجامدانی ئەزموونگەلی زانستی و پیشەیی.

آزمایشگاهی / āz(e)māyešgāhî/: *صفت.* ئەزموونگەهی؛ ئەزموونگەیی؛ ئازمایشگایی؛ بەسراو یان پێوەندیدار بە ئەزموونگەوە ‹تحقیقات آزمایشگاهی: لێکۆڵینەوەی ئەزموونگەهی›.

آزمایشگر / āz(e)māyešgar/ ـها؛ ـان/: *اسم.* ئەزموونگر؛ ئازمایشتکار؛ تاقی‌کار؛ کەسێ کاری تاقی‌کردنەوە بێت.

آزمایش‌گرایی / āz(e)māyešgerāyî/: *اسم.* ئازمەوگری؛ ڕوانگەیەکی فەلسەفیەکە ئازمایشت بە بنەمای هەر چەشنە ئەنجامێکی مژیوەرانە دەزانێ (شرۆڤە: ئازمەوگری لەگەڵ ئەزموونگەریدا جیاوازن).

آزمایش‌وخطا / āz(e)māyeš-o-xatā/: [فارسی/ عربی] ☜ **آزمون‌وخطا**

آزمایشی[1] / āz(e)māyešî/: *صفت.* ئازمایشتی؛ بە دۆخ یان چۆنیەتی ئازمایشت ‹پرواز آزمایشی: هەڵفڕینی ئازمایشتی›.

آزمایشی[2]: *قید.* ئازمایشتی؛ ئەزموونی ‹چند روزی آزمایشی کار کن تا کارت را ببینیم: چەن ڕۆژێ ئەزموونی کار بکە تا کارەکەت ببینین›.

ـ آزمایی / āz(e)māyî'، ـها/: *پیواژه.* ـ ئەزموونی؛ ــ هێچێنی؛ زمین ‹هوش‌ازمایی؛ بخت‌ازمایی: هۆشەزموونی؛ بەختەزموونی›: **ــآزمائی**

آزمند / āzmand'، ـان/: *صفت.[ادبی]* چنۆک؛ چاوچنۆک؛ چاڤ‌چنۆک؛ چاونەزێر؛ چاوبرسی؛ چاڤ‌برسی؛ چڵماس؛ چەڵماس؛ چەڵماسک؛ دەڤبەش؛ پرکێش؛ تەماکار؛ لێشتۆک؛ هەفهەفی ‹مردی آزمند بود: پیاوێکی چاڤ‌چنۆک بوو›.

آزمندی / āzmandî'، ـها/: *اسم.[ادبی]* تەماکاری؛ چاڤ‌چنۆکی؛ چاوچنۆکی؛ چنۆکی؛ چڵماسی؛ چەڵماسکی؛ چەڵماسی ‹آزمندی نشانەی سفلگی است: تەماکاری نیشانەی بێ‌بایەخیە›.

آزمودن / āz(e)mûdan'/: *مصدر. متعدی. [ادبی]* //**آزمودی**: هەڵتسەنگاند؛ **می‌آزمایی**: هەڵدەسەنگێنی؛ **بیازما**: هەڵسەنگێنە// هەڵسەنگاندن؛ سەنگاندن؛ تاقی‌کردنەوە؛ تاقیەوکردن؛ زمین؛ زموون؛ ئەزماین؛ زمنەی؛ زمنای؛ جەڕباندن؛ کرێشەی؛ هۆرسەنگنەی ‹معلومات کسی را آزمودن: زانیاری کەسێ سەنگاندن›.

■ صفت فاعلی: **آزماینده** (هەڵسەنگێنەر)/ صفت مفعولی: **آزموده** (هەڵسەنگێنراو)/ مصدر منفی: **نَیازمودن** (هەڵنەسەنگاندن)

آزمودنی / āz(e)mûdanî'، ـها/: *اسم.* ئەزموونی؛ مرۆڤ یا گیانلەبەرێک کە لە لێکۆڵینەوەی زانستیدا ئازمایشت دەکرێ.

ــ آزموده / āz(e)mûde'، ـها؛ ـگان/: *پیواژه.* ـئەزمووده؛ـدیتوو؛ـدیتە؛ـئەزموو؛ـزمووده؛ خاوەن تەجرەبە ‹کارازموده: کارنەزمووده›.

آزمون / āz(e)mûn'، ـها/: *اسم.* ئەزموون؛ ئەزموونە؛ زمنای؛ هێچان؛ تێست.

▣ آزمون دیک: ئەزموونی دیک؛ ئەزموونێ بۆ پەیداکردنی توانای تووش بوونی کەسێ بە نەخۆشی مەخمەڵەک.

آزمون **ورودی**: ئەزموونی هەڵبژاردن؛ ئەزموونێک بۆ هەڵبژاردنی داواکارانی کار یان خوێندن.

آزمون هوش: ئەزموونی هۆش؛ ئەزموونێک بۆ دیاری‌کردنی ڕادەی هۆش.

آزمون‌شناسی / āz(e)mûnšenāsî'، ـها/: *اسم.* ئەزموون‌ناسی؛ تۆژینەوەی ئەزموونگەلی شیاو بۆ هەڵسەنگاندنی توانای تاقی‌کراوگەل.

آزمون‌شونده / āz(e)mûnšavande'، ـها؛ ـگان/: *اسم.* تاقی‌کراو؛ تاقیەوکراو؛ کەسێ کە ئەزموونی لێ دەگرن.

آزمونگر / āz(e)mûngar'، ـان/: *اسم.* تاقی‌گر؛ تاقیەوکەر؛ هێچکار؛ کەسێ کاری ئەزموون گرتنە.

آزمون‌گرایی / āz(e)mûngerāyî'/: *اسم.* ئەزموونگرەوی؛ ئەزموونەوگری؛ بنەمای فەلسەفی بڕوامەند بە ئەزموونی هزری، وەک تەنیا سەرچاوەی ئاگایی و ناسین: **اصالت تجربه**

آزمون‌وخطا / āz(e)mûn-o-xatā'، ـها/: [فارسی/ عربی] *اسم.* کۆمەڵەیێک لە ئازموون یان ئاکاراگەل بۆ گەیشتن بە ئەنجامی دڵخواز یان باشترین ڕێگا، بە لێکدانەوەی ڕێگاکان: **آزمایش و خطا**

آزمونه / āz(e)mûne'، ـها/ ☜ **تست**

آزمونه‌ای / āz(e)mûne'î'/ ☜ **تستی**

آزوئیک / āzo'îk'/: [فرانسوی] ☜ **آزوییک**

آزوغه / āzûqe'/: [ترکی] ☜ **آذوقه**

آزوقه / āzûqe'/: [ترکی] ☜ **آذوقه**

آزوییک / āzoyîk'/: [؟] ☜ **بی‌زیوی: آزوئیک**

آژان / ājān'، ـها/: [فرانسوی] *اسم.* پاسەوان؛

پاسەبان؛ پاسگر؛ پازگر؛ ئاژان؛ پۆلیس؛ قوڵچی.

آژانس / ājāns'، ـها/: [فرانسوی]/اسم. ١. نۆینەرایەتی؛ پێشکاری ٢. بنکە؛ بنگە ‹آژانس بیمه؛ آژانس املاک: بنکەی دابین؛ بنکەی خانوو و مڵک› ٣. *[گفتاری]* تاکسی تەلەفوونی.

آژدار / ājdār'، ـها/: *صفت*. ١. ئاجدار؛ ئاژدار؛ گرناڵ؛ ئاژن ٢. دەق‌دراو؛ ئاژدراو.

آژنگ / ājang'، ـها/: *اسم. [ادبی]* لۆچ: ١. چرچ و لۆچ؛ خێچ؛ کوریشک؛ قرچان؛ گرنج؛ گنج ‹چهرەی آژنگ: چاری چرچ و لۆچ› ٢. خول؛ سوور؛ قەمچ و پێچ ٣. ئاش؛ شۆ؛ دەقی پارچە ٤. کەل؛ پێل؛ پێلۆکە؛ پێلێکی چکۆلە کە دە ئاودا بەدی دێت.

آژه / āje'، ـها/: *اسم*. دەقدەر؛ ئاژدەر.

آژیدن / ājîdan'/ ☜ **آجیدن**

آژیده / ājîde'/ ☜ **آجیده**

آژیده‌دوزی / ājîdedûzî'/ ☜ **آجیده‌دوزی**

آژیر / ājîr'، ـها/: *اسم*. ئاژیر؛ هایدار: ١. دەنگێ بۆ ئاگادارکردن (وەکوو دەنگی بۆق و زەنگ) ‹آژیر آتش‌نشانی: ئاژیری ئاگرتەمرێن› ٢. ئامراز یان کەرەسەیەک بۆ دەرهێنانی ئاوەها دەنگێ.

▣ **آژیر کشیدن:** ئاژیرکێشان؛ ئاژیر لێدان؛ هایدان.

آژینه / ājîne'/: *اسم*. ئاژینە؛ چەکوشی بیرازکردن کە سەرەکەی ددانەی هەیە.

آس / ās'، ـها/: *اسم*. ١. [فرانسوی] ئاس؛ تەکە؛ تەک خاڵی وەرەق‌بازی ٢. [فرانسوی] ئاس؛ جۆرێ کایەی وەرەق ٣. [سریانی] ☜ مورد سبز، **مورد** ٤. هار؛ هارە ‹دست آس: دەس‌هار›.

ـــ **آسا** / āsā'/: *پیوازه*. ـئاسا: ١. ـیان/ـحەسێن؛ حەسێنەر ‹تن‌آسا: لەش‌حەسێن›

٢. وەک؛ پیسە ‹دیوآسا: دێوئاسا›.

آسائیدن / āsā'îdan'/ ☜ **آساییدن**

آسامی / āsāmî'/: *اسم*. ئاسامی: ١. لە زمانگەلی هێندوئێرانی کە لە پارێزگەی ئاسامی هێنددا قسەی پێی دەکەن ٢. ـها؛ ـان/ هەرکام لەو خەڵکە وا بەو زمانە قسە دەکەن.

آسان[1] / āsān'/: *صفت*. ئاسان؛ هاسان؛ سانا؛ سەنا؛ هێسا؛ گانگاز؛ سادە؛ سانەهی؛ ساکار: ١. بێ‌دژواری؛ ڕەحەت ‹درس آسان: وانەی هاسان› ٢. بێ‌نیاز لە تێکۆشان، بیرکردنەوە یان زەحمەتی زۆر ‹کار آسان: کاری ئاسان›

*بەرانبەر: **دشوار**

▣ **آسان گرفتن:** ئاسان‌گرن؛ هاسان‌گرتن: ١. سەختگیری نەکردن؛ سۆک لێ‌نەوین؛ شل گرتن ‹امسال آزمون را آسان گرفته بودند: ئیمساڵ ئەزموونەکەیان ئاسان گرتبوو› ٢. چاوپۆشی کردن لە دژواری ‹او کارها را آسان می‌گرفت: ئەو کارەکانی ئاسان دەگرت›. هەروەها: **آسان بودن؛ آسان شدن؛ آسان کردن**

آسان[2]: *قید*. بە ئاسانی؛ بە سانایی؛ ئاسان؛ هاسان؛ گازنگازی ‹شیشه خیلی آسان شکست: شیشەکە زۆر بە ئاسانی شکا›.

آسان‌بر / āsānbar'، ـها/: *اسم*. سانابەر؛ ئاسانسۆڕ.

آسانسور / āsānsor'، ـها/: [فرانسوی]/*اسم*. سانابەر؛ ئاسانسۆڕ؛ هۆدەیەک چکۆلە (کە زۆرتر بە کارەبا کار دەکات) بۆ بان و خوار پێ‌کردنی مرۆ یان بار.

آسانسورچی / āsānsorčî'، ـها؛ ـان/: [فرانسوی/ ترکی]/*اسم*. ئاسانسۆڕچی؛ سانابەرچی؛ کەسێ کە کاری ڕێخستنی ئاسانسۆڕە.

آسانگر / āsāngar'، ـها/: *اسم. [شیمی]* کاتالیزۆر.

آسانگوار / āsāngovār'، ـها/: *صفت*. سۆک؛ زوو هەرسەک؛ سانا هەرسەک. بەرانبەر: **دیرگوار (دیرهضم)**

آسانگیر / āsāngîr'، ـها؛ ـان/: *صفت*. ۱. کەمتەرخەم؛ کەترەخەم؛ بێ وردبینی و دواکەوتن ‹آدم آسانگیر اغلب موفق نمی‌شود: مرۆی کەمتەرخەم زۆر جار سەر ناکەوێ› ۲. ساناگر؛ هاسانگر؛ پێ‌دانەگر ‹استاد ما آسانگیر است: مامۆستاکەمان ساناگرە›.

آسانگیری / āsāngîrî'، ـها/: *اسم*. ۱. کەمتەرخەمی؛ کەترەخەمی؛ کار یان ڕەوتی ئاسان گرتن ‹آسانگیری تو باعث خراب شدن این بچه شد: کەمتەرخەمی تۆ بوو بە هۆی لاڕێ بوونی ئەم مندالە› ۲. *[سیاست]* ساناگری؛ ئازادی جوولانەوەی کەسێ لەباری ئاکاری و کردارییەوە تا جێگایەک کە ئازاری بۆ کەس نەبێ. بەرانبەر: **سختگیری**

آسانی / āsānî'، ـها/: *اسم*. ئاسانی؛ هێسانی؛ هاسانی؛ سانایی؛ سەناهی. بەرانبەر: **دشواری**

آسان‌یاب / āsānyāb'/: *صفت*. سانادۆز؛ هاسان‌دۆز؛ لەبەردەست؛ شتێ کە هاسان دەس‌دەکەوێ ‹این کتابها آسان‌یاب است و در همه جا پیدا می‌شود: ئەم کتێبانە سانادۆزن و لە هەموو لا دەس‌ئەکەون›.

آسایش / āsāyeš'/: *اسم*. ئاسایشت؛ ئاسوودەیی؛ ئاسۆدەیی؛ شێنی؛ هێسایی؛ تەناهی: ۱. شێنەیی؛ دۆخ یان چۆنیەتی ئاسوودە بوون ‹آسایش خیال: ئاسوودەیی خەیال› ۲. بار و دۆخێ کە سانەوە و ئارامشت وەدی دێنێ و شەکەتی و پەژارە لە بەین دەبا ‹در آنجا همه‌گونه وسیله و امکان آسایش فراهم است: لەوێدا هەموو شتێک بۆ ئاسایشت تەیارە›.

◙ **آسایش خاطر/ خیال**: دلتەنایی؛ دلنیایی؛ ئارخەیانی؛ دل‌بجێ؛ ئاسوودەیی خەیال.

آسایش‌طلب / āsāyeštalab'، ـها؛ ـان/: [فارسی/ عربی] *صفت*. چاخەسێوەرێ؛ گانگازخواز؛ ساناویست؛ خوازیاری ئاسوودەیی خۆ و دوورەپەرێزی لە تێکۆشان.

آسایشگاه / āsāyešgāh'، ـها/: *اسم*. ئاسایشتگا: ۱. حەسانگە؛ حەوانگە؛ جێی حەسانەوە ‹آسایشگاه روانی: ئاسایشتگای ڕەوانی› ۲. خەستەخانە و ڕێخراوەیەک کە تێیدا ئەو نەخۆشانە وا دەرمانیان درێژەی هەیە ڕادەگیردرێن ‹آسایشگاه معلولین: ئاسایشتگای لەش‌ناتەواوان› ۳. بووژانگە؛ دامەزراوەیەک بۆ وچاندان، حەسانەوە و هێز و گوڕ گرتنەوە ‹آسایشگاه تابستانی: ئاسایشتگای هاوینان›.

آساییدن / āsāyîdan'/: *مصدر. لازم. [ادبی]* ☜ **آسودن**

آسبویه / āsbûye'/: [؟] ☜ **سوسَنبَر**

آسپرین / āsperîn'/: [فرانسوی] ☜ **آسپیرین**

آسپیرین / āspirîn'، ـها/: [فرانسوی] *اسم*. ئاسپرین؛ حەبێ کە ئێش دەسرەوێنێ و یاوبڕە: **آسپرین**

آستاتین / āstātîn'/: [فرانسوی] *اسم*. ئاستاتین؛ توخمێ کیمیایی ڕادیۆئەکتیڤ، لە گرۆی هالۆژینەکان، بە ژمارەی ئەتومی ۸۵ و کێشی ئەتومی ۲۱۰.

آستان / āstān'، ـها/: *اسم*. ۱. *[ادبی]* ئاستان؛ ئاسان؛ ئاسانە؛ دەرگانە؛ دەریزانک؛ دەریزان ۲. ئاسانە؛ دەرازینک؛ شیپانێ؛ وەربەرە؛ دەرازوون؛ دەرازین؛ سەردەرانە؛ کەوشکەن؛ ئەو بەشە لە زەوی کە لە درگا نێزیکە ۳. *[مجازی]* بارەگا؛ کۆشک؛ سەرا.

آستان‌بوسی / āstānbûsî'، ـها/: *اسم*. خاک ڕامووسی؛ کار یان ڕەوتی لاشیپانە ماچ‌کردن؛ ماچ‌کردنی ئاستانی خودا یان

گلکۆی کەسێ ‹بە استان‌بوسی شهدا رفتیم: بۆ خاکراموسی شەهیدان ڕۆیشتین›.
هەروەها: **آستان‌بوس**

آستانه / āstāne'/:/اسم. ئاستانە: ١. /ـهـا/ شیپانە؛ ژێردەرانە؛ دەرازوونە؛ دەریزانک؛ دەریزان؛ دەرازین؛ شیفتک؛ پێپنک؛ دەرچک. بەرانبەر: **بَلَند** ٢. لاشیپانە؛ لاشیپان؛ بەشی لابەلای دیوار یان کەف لە ژێر دەرک یان دەلاقەوە ٣. /مجازی/ بەردەرک؛ پێش‌ماڵ؛ بەر دەرگا؛ بەرماڵی گەورەماڵان ٤. کەمترین بزوێنەری پێویست بۆ بزاوتنی دەمارێکی هەزری ‹آستانەی درد: ئاستانەی ئێش› ٥. لە هەلی هات و نەهاتدا ‹در آستانەی جنگ: لە ئاستانەی شەڕدا›.

آستر / āstar'، ـها/:/اسم. ئاستەر؛ ئاسەر؛ زەخەرە؛ بەرە کەوا؛ هەوبەر؛ هەوجەر؛ هاسەر؛ بەر. بەرانبەر: **رویە** ‹استر جامە: ئاستەری جلک›.

▣ **آستر کردن**: ئاستەر بۆکردن؛ ئاسەر گرتن؛ ئاسەرگێرتەی: **آستر کشیدن-١**

آستر کشیدن: ١. ☜ **آستر کردن** ٢. ئاسەر کێشان؛ ڕەنگ یان بەتانە ماڵین بەسەر دیوار یا بوومی نیگارگەریدا ‹دوبار آستر بکش، بعد رنگ بزن: دووجار ئاسەری بکێشە، جا ڕەنگی بکە›.

آستربدرقه / āstarbadraqe'، ـها/: [فارسی/ عربی]/اسم. ئاسەری کتێب؛ پارچە یان قاقەزێکی ئەستووری دوو لاپەڕە، کە لاپەڕەیەکی بە بەرگەوە و ئەو لاپەڕەکەی بە کتێب یان دەفتەرەکەوە چەسپاوە.

آسترگذاری / āstargozārî'/:/اسم. ئاسەرگیری.

آسترگیری / āstargîrî'/:/اسم. بەرگ‌گری؛ ئاسەرگری؛ ئاستەرگیری؛ کار یان ڕەوتی ئاسەرگرتن؛ دوورینی ئاسەر بۆ جل و بەرگ، لێفە و لەم چەشنەیە ‹سارا لحاف را استرگیری کرد: سارا لێفەکەی ئاسەرکرت›.

آستروئید / āstero'îd'، ـها/: [فرانسوی]/اسم. /نجوم/ هەسارۆک.

آسترولژی / āstrolojî'/: [فرانسوی]/اسم. ئەستێرەبژێری.

آسترونومی / āstronomî'/: [فرانسوی]/اسم. ئەستێرەناسی.

آستری / āstarî'، ـها/: صفت. ئاسەڕی؛ ئاستەڕی؛ تایبەتی ئاستەر یان شیاو بۆ ئاسەر ‹پارچەی استری: پارچەی ئاسەری›.

آستیگمات / āstîgmāt'، ـها/: [فرانسوی] صفت. /پزشکی/ ئاستیگمات، تووشیار بە نەخۆشینی ئاستیگماتیسم.

آستیگماتیسم / āstîgmātîsm'/: [فرانسوی] اسم. /پزشکی/ ئاستیگماتیسم؛ جۆرێ نارێکیە لە شەبەکییەی چاودا کە ئەبێتە هۆی لێل بینینی پاژێک لە دیمەنە وا لە بەر چاوە.

آستین / āstîn'، ـها/:/اسم. قۆڵ؛ سەردەس؛ سەردەست؛ دەربال؛ هووچک؛ ئەچک؛ هچک؛ هەنگوچک؛ ئەنگوچک؛ گوچک؛ مچگە؛ چلان؛ قرچک؛ لەنگوچ؛ لەنگوچک؛ لەوەندێ؛ لەقەندی؛ ئاسین؛ سۆرانی؛ ئاواسی؛ ئاوسێ؛ قۆڵەکەوا؛ بەشێ لە جل‌وبەرگ کە لە شانەوە تا سەری دەست دادەپۆشێ ‹استین کتش پارە شد: قۆل کۆتەکەی دادڕا›.

▣ **آستین بالا زدن**:/کنایی/ قۆڵ لێ هەلماڵین؛ دەس پێوەدان؛ خۆ لێ هەلکردن؛ چۆلێ هۆرکەردەی؛ بە کارێ پەرژان؛ کارێک دەست پێ‌کردن ‹باید آستین بالا بزنی و نان در بیاوری: دەبێ قۆلی لێ هەلمالی و بژیو پەیدا کەی›.

آستین‌سرخود / āstînsar(e)xod'/: صفت.

۱. بیٚ‌قوڵ؛ کراسی بیٚ سەردەست کە لە سەر شانەوە داکشاوە ۲. *[مجازی]* سەربەخۆ ‹ریش‌تراش من استین سر خود است و احتیاجی بە برق ندارد: ریش‌تاشەکەم سەربەخویە و کارەبای پیویست نیە›.

آسفالت / āsfālt'/: [فرانسوی]/*اسم*. ۱. *[شیمی]* قیر ۲. ئیسفاڵت؛ قیرتاو؛ تیکەڵاویک لە قیر و زیخ کە بۆ داپۆشانی ریگا و بان بەکار دەڕوا ‹اسفالت خیابان: قیرتاوی شەقام› * **اسفالت**

▣ **آسفالت ریختن:** ئیسفاڵت ڕژاندن.

آسفالت شدن: ئیسفاڵت بوون؛ قیرتاو بوون؛ ئیسفاڵت‌کران ‹کوچەی ما هم اسفالت شد: کۆڵانی ئیمەش ئیسفاڵت‌کرا›.

آسفالت کردن: قیرتاوکردن؛ داپۆشینی شوینیٚ بە ئیسفاڵت.

آسفالت‌ریزی / āsfāltrîzî'، ـها/: [فرانسوی/ فارسی]/*اسم*. قیرتاوریژی؛ ئیسفاڵت‌کاری؛ ئیسفاڵت‌ریژی؛ داپۆشانی جیگایەک بە ئیسفاڵت ‹هفتەی پیش کوچە اسفالت‌ریزی شد: حەوتووی پیشوو کووچەکەمان قیرتاوریژی کرا›.

آسفالتکار / āsfāltkār'، ـها؛ ـان/: [فرانسوی/ فارسی]/*اسم*. قیرتاوکار؛ ئیسفاڵتکار؛ کەسیٚ کە کاری ئامادەکردن و ڕژاندنی قیرتاوە.

آسفالتکاری / āsfāltkārî'/: [فرانسوی/ فارسی]/*اسم*. قیرتاوکاری؛ ئیسفاڵتکاری: ۱. پیشەی قیرتاوکار ۲. قیرتاوریژی.

آسفالته / āsfālte'/: [فرانسوی] *صفت*. قیرتاو؛ قیرەتاو؛ ئیسفاڵت‌کراو.

آسکاریس / āskārîs'، ـها/: [فرانسوی]/*اسم*. ئاسکاریس؛ مارمارک؛ جۆرە کرمیکە لە ریخۆڵەی مرۆڤ و بەرازدا گەرا دەکا و زۆر دەبیٚ.

آسم / āsm'/: [فرانسوی]/*اسم*. ئاسم؛ گەژم؛ تەنگە نەفەسی؛ نەخۆشینی تەنگەنەفەسی و هەناسەسواری: **آسم ریَوی**

▣ **آسم ریَوی** ☜ **آسم**

آسمان / ās(e)mān'، ـها/: /*اسم*. ئاسمان؛ ئەسمان؛ ئەزمان؛ عەزمان؛ ئەزمیٚن؛ فەلەک؛ بەرزاییەک کە ئەستیرە و مانگ و ڕۆژی لیوە دەبیندریٚ ‹پرندەای در آسمان پرواز می‌کند: پەلەوەریٚ لە ئاسمانەوە هەڵدەفڕیٚ›.

▣ **آسمان بە زمین آمدن:** *[مجازی]* کۆڵەکەی ئاسمان ڕووخان؛ ئاسمان ڕمیان/ ڕووخان؛ دنیا ورەی؛ ئاسمان ئامایرە زەمین؛ ڕووداویکی گرینگ ڕوودان ‹حالا فکر می‌کنی با این کارت آسمان بە زمین می‌آید؟: ئیستە وا دەزانی بەم کارەت کولەکەی ئاسمان دەڕووخیٚ؟›.

آسمان را بە زمین دوختن/ آوردن: *[مجازی]* لە دار و بەرد دان؛ هەموو دەرگا کوتان؛ کرد و کۆشی زۆرکردن ‹برای رسیدن بە نامزدش اسمان را بە زمین دوخت: بۆ گەیشتن بە دەزگیرانەکەی لە دار و بەردی دا›.

آسمان سوراخ شدن: *[کنایی]* قەومان؛ قۆمیان؛ ئاسمان شەق بەردن؛ ئاسمان ترەکە بەردەی؛ بەڵا یان چۆرتمیکی گەورە ڕوودان.

از آسمان افتادن/ آمدن: *[مجازی]* لە لووت فیڵ داکەفتن؛ زۆر گرینگ و لەبەر چاو بوون؛ ئاسمانەرە وارەی ‹چە فرقی دارد؟ مگر او از آسمان افتادە؟: چ تۆفیریکی هەیە؟ مەگەر ئەو لە لووت فیل داکەفتگە؟›.

آز آسمان ریختن/ باریدن: *[مجازی]* گیای بەهار بوون؛ پەینە بیەی؛ زۆر و زەوەند و بیٚ‌بایەخ بوون ‹مگر پول از آسمان ریختە، کە اینطور خرجش می‌کنید؟: مەگەر پارە گیای بەهارە، ئاوەها خەرجی دەکەن؟›.

به آسمان رساندن: *[مجازی]* گەیاندنە ئاسمان؛ بەردەی پەی ئاسمانی؛ زۆر بردنە سەرەوە ‹فریادش را به آسمان رساند: هاواری گەیاندە ئاسمان›.

به آسمان رسیدن: گەیشتنە قاپی ئاسمان؛ بە لای خوا گەیشتن؛ یاوەی هۆر ئاسمان؛ زۆر بەرزەوە بوون ‹فریادم به آسمان رسید: هاوارم گەیشتە قاپی ئاسمان›.

به آسمان رفتن و به زمین آمدن: *[مجازی]* قەپ بە زەویدا کردن؛ مەردەی و سۆتەی؛ پاداگرتن و سوور بوون ‹اگر به آسمان بروی و به زمین بیایی، اجازه نمی‌دهم موتورسوار شوی: هەرچێکیش پاداگری و تەنانەت قەپ بە زەویدا بکەی، ناهێلم سوار موتور ببی›.

در آسمان جستن و در زمین پیدا کردن: *[مجازی]* زۆر بە دوای کەسێ یان شتێکەوە بوون، بەلام بە هاسانی دۆزینەوەی.

آسمان‌پیسه / 'ās(e)mānpîse/: *اسم.* شین و مۆر؛ ئاسمانی پڕ لە هەوری پەلە‌پەلە، کە بەشگەلێ لە ئاسمان دەنێوانیدا دیارە.

آسمان‌جل / 'ās(e)māncol، ـها/: [فارسی/عربی] *صفت.* *[تعریض]* بێ‌لەش‌پۆش؛ بەلەنگاز؛ لات؛ هەژار؛ رووت؛ رووتە؛ ساماڵسا؛ سامەڵسا؛ سلق؛ بێ‌ئەنوا ‹می‌خواهی زن آن آدم آسمان‌جل شوی؟: دەتەوێ ببیتە ژنی ئەو کابرا بەلەنگازە؟›.

آسمانخراش / 'ās(e)mānxarāš، ـها/: *اسم.* ئاسمانگەز؛ ئەورماڵ؛ خانوویەکی زۆر گەورە کە چەن نهۆمی هەبێت.

آسمان‌دره / 'ās(e)māndar(r)e/: *اسم.* کاکەشان؛ کەشکەشان؛ کاکێشان؛ رێکا کادزا.

آسمانسنگ / 'ās(e)mānsang، ـها/: *اسم.* بەرداسمان؛ بەردی ئاسمانی؛ بەردێ کە لە ئاسمانەوە کەوتبێتە سەر زەوی.

آسمان‌غرنبه / 'ās(e)mānqorombe, -qoronbe، ـها/: *اسم.* *[گفتاری]* هەورەگرمە؛ گوڕژ؛ گرمەی گەواڵە: **آسمان‌غُرّه**

آسمان‌غره / 'ās(e)mānqorre/ ☜ **آسمان‌غُرُنبه**

آسمانکان / 'ās(e)mānkān، ـها/ ☜ **آسمانسنگ**

آسمان‌کلاهی / 'ās(e)mānkolāhî، ـها/: *[مجازی]* سەربێ‌کڵاوی؛ دەسبەتاڵی.

آسمان‌نما / 'ās(e)mān.nemā، ـها/: *اسم.* *[نجوم]* ئاسماندۆز؛ ئاسمان‌نوێن: ١. هەرکام لەو کەرەسانەی وا تەنگەلی ئاسمانی نیشان دەدا ٢. خانوویەک وەک گومەز کە تەنگەلی ئاسمانی تێیدا دەبینن.

آسمان‌نورد / 'ās(e)mān.navard، ـها؛ ـان/: *اسم.* ئاسمان‌پێو. هەروەها: **آسمان‌نوردی**

آسمان‌وریسمان / 'ās(e)mān-o-rîsmān/: *اسم.* *[مجازی]* حەلەق‌مەلەق؛ هاتەران‌پاتەران؛ ئاسمان و رێسمان؛ شێلەوبێلە؛ شێلەوپێلە؛ هەڵیت و پەڵیت؛ قسەگەلی بن‌شڕ و هیچ بە سەریەکەوە نەبوو.

▣ **آسمان و ریسمان به هم بافتن:** قسەی حەلەق‌مەلەق کردن؛ هەڵیت و پەڵیت گوتن ‹قدری آسمان و ریسمان به هم بافت و آخرش هزار تومان ازم گرفت: بڕێ قسەی حەلەق‌مەلەقی کرد و ئاخری هەزار تمەنی لێ‌ساندم›.

آسمانه / 'ās(e)māne، ـها/: *اسم.* ١. سایەوانە؛ سەیوانە؛ سایەوان ئاسایەک بۆ خەملاندنی جێگایەک (وەکوو میحرابی مزگەوت) ٢. *[نامتداول]* ئاسمانە؛ میچ؛ سرمیچ؛ سەقف.

آسمانی / 'ās(e)mānî/: *صفت.* ۱. ئاسمانی؛ ئەزمانی؛ سەر بە ئاسمان ‹سنگ آسمانی: بەردی ئاسمانی› ۲. *[مجازی]* پیرۆز ‹پدر آسمانی: بابی پیرۆز› ۳. ئاسمانی؛ شین؛ بە ڕەنگی ئاوی ئاسمانی ‹رنگ آسمانی: ڕەنگی ئاسمانی›.

▣ **آبی آسمانی** ☜ **آبی**[1]

آسمی / 'āsmî، ـها/: [فرانسوی] *صفت.* ئاسمی؛ گژمی؛ تووشی نەخۆشی ئاسم هاتوو ‹بیمار آسمی: نەخۆشی ئاسمی›.

آس‌وپاس / 'ās-o-pās، ـها/: *صفت. [گفتاری]* نەدار؛ هەژار؛ کەمدەس؛ دەسکورت؛ ڕووت و ڕەجاڵ؛ ئاس و پەلاس؛ ڕووت و قووت؛ ڕەپ و ڕویت.

آسودگی / 'āsûdegî، ـها/: *اسم.* ئاسوودەیی؛ خۆشکایی؛ بێ‌خەمی؛ سەرشکلی؛ بار و دۆخ یان چۆنیەتی بێ خەم وخەیاڵ بوون ‹در آنجا در کمال آسودگی زندگی می‌کرد: دەوێدا لەوپەڕی ئاسوودەییەوە دەژیا›.

آسودن / 'āsûdan/: *مصدر. لازم. [ادبی]* //**آسودی**: حەسایەوە؛ **می‌آسایی**: دەحەسێیەوە؛ **بیاسا**: بحەسێوە// حەسان؛ سانەوە؛ حەسانەوە؛ هەسیانەوە؛ حەسیانەوە؛ هەسیانەڤە؛ ڤەهسیان؛ ئەوەسیەی؛ سیایوە: ۱. لە خەم دەرباز بوون؛ لە ڕەنج ڕزگار بوون ‹بیاساید از رنج شاه و سپاه: لە ئەرکی شا و سوپا بحەسێتەوە› ۲. ئارام گرتن؛ هەدا دان؛ لە جێگایەک دانیشتن، خەوتن یان مانەوە ‹چندی در آن شهر بیاسود: ماوەیێ لەو شارەدا حەسایەوە› ۳. پشوو دەرکردن؛ وچاندان؛ ڕۆکەتن؛ پاڵدانەوە ٤. هەدرین؛ لە ئەماندا بوون ‹کسی از ستم او نیاسود: کەس لە ستەمی ئەو نەحەسایەوە› ❋ **آساییدن**

■ صفت فاعلی: **آساینده** (ــ)/ صفت مفعولی: **آسوده** (حەساو)/ مصدر منفی: **نیاسودن** (نەحەسان)

آسوده / 'āsûde، ـگان/: *صفت.* ئاسوودە؛ هاسوودە: ۱. بە ئاسایشت؛ هێسا ‹آسوده حال؛ آسوده خاطر: ئاسوودە حاڵ؛ دڵ ئاسوودە› ۲. سەرسڤک؛ سەحەت؛ ساو؛ حەساو؛ خاوەن هێمنی و ئارامشت ‹زندگی آسوده: ژیانی ئاسوودە›. هەروەها: **آسوده‌بودن؛ آسوده‌شدن؛ آسوده‌کردن**

آسوده‌حال / 'āsûdehāl، ـان/: [فارسی/ عربی] *صفت.* ئاسوودەحاڵ؛ دارا؛ ماڵدار؛ دەوڵەمەن ‹مردمی آسوده‌حال بودند و غم نان نداشتند: خەڵکێکی دەوڵەمەن بوون و خەمی زگیان نەبوو›.

آسوده‌خاطر / 'āsûdexāter، ـان/: [فارسی/ عربی] *صفت.* دڵ‌ئاسوودە؛ دڵڕوون؛ بێ‌خەم؛ دڵنیا؛ دڵتەنا؛ خاترجەم؛ ئارخەیان؛ دڵهەدا: **آسوده‌دل**

آسوده‌دل / 'āsûdedel/ ☜ **آسوده‌خاطر**

آسوری / 'āsûrî, 'āsorî/: *اسم.* ئاسووری؛ ئاشووری: ۱. هۆزی سامی خەڵکی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، کە پێشتر «سوریانی»یان پێ دەگوتن و ئێستەش لە ئێران، ئیراق، تورکیە، لوبنان، سووریە و ئامریکادا بڵاون ۲. /ـها؛ ـان/ هەرکام لە کەسانی ئەو هۆزە ۳. زمان و خەتی ئەو هۆزە.

آسوندار / 'āsûndār/ ☜ **انجیلی**

آسه / 'āse/: *اسم.* ۱. تەوەرە؛ تەوەر؛ گرۆڤەر ۲. بەردی ئاش؛ هارەی ئاسیاو.

آسی / 'āsî/: *اسم.* ئاسی؛ ئالانی؛ لە زمانگەلی ئێرانی ڕۆژهەلات کە ئێستا لە سەر زاری بەشێ چکۆلە لە خەڵکی قەفقازی ناوەندیە: **آلانی**

آسیا / 'āsiyā، ـها/: *اسم.* ۱. ئاساو؛ ئاسیاو؛ هەرکام لە دەزگاگەلی جۆراوجۆری هاڕینی

دانەویڵە ۲. ئاساو؛ ئاسیاو؛ خانوو بەرەیەک کە کۆمای دانەویڵەی تێدا دەهاڕن ۳. ☜ دندان آسیا، **دندان**

▣ **آسیا به نوبت:** *[کنایی]* ئاسیاو بە نۆرە؛ ئاش بە نۆبە؛ هەر کەسێک لە نۆرەی خۆیدا ‹پسر جان! آسیا به نوبت، اول باید این آقا را راه بیاندازم: کوڕم! ئاسیاو بە نۆرە، سەرەتا دەبێ ئەم پیاوە وەڕێخەم›.

آسیای آبی: ئاسیاو؛ ئاشاو؛ ئاسیاو ئاوی؛ ئاشی ئاوی.

آسیای بادی: ئاسیاوی بادی؛ ئاساوی وایی.

آسیای برقی: ئاسیاوی کارەبایی: **آسیای موتوری**

آسیای بزرگ: کاکیلە؛ کاکیلێ؛ هەرکام لە سێ ددانە ژووروەکانی ناو دەم.

آسیای چکشی: دۆڵ؛ جۆرێ ئاسیاوی دەستی سەرداگیراو بە چەند پەڕەی کانزایی تیژەوە کە بە توندی دەخولێنەوە و دەهاڕێنن.

آسیای سنگی: هارە؛ هارێ؛ دەساڕ؛ دەسهار؛ بەردوولک؛ گێرووسە؛ گێرووشە؛ دەستار؛ ئامرازی گەنمکردنە ئارد، بە دوو بەردی لەسەریەک داندراو (بەردەئاش)ەوە کە ئەوی سەروویان دەخولێتەوە و گەنمەکە لە نێوانیاندا ورد دەبێ و دەبێتە ئارد.

آسیای غلتکی: هارەگلە؛ ئامرازی وردکردنی گەنم و جۆ، بۆ خۆراکی ئاژەڵ.

آسیای کوچک: لا کلیلە؛ ددانی لا؛ هەرکام لە دوو ددانە ناوەندیەکانی زار.

آسیای موتوری ☜ **آسیای برقی**

▣ **آسیا کردن:** هاڕین؛ داهاڕین؛ هەڕدن؛ هەڕین؛ گەژمراندن؛ گەژمرین؛ هاڕەی؛ ئاسیاوکردن؛ زۆر وردکردن.

آسیائی / āsiyā'î/ ☜ **آسیایی**

آسیاب / āsiyāb/، ـها/: *اسم*. ئاسیاو؛ ئاساو؛ ئاش؛ ئاشی دەخڵ هاڕین.

آسیابان/ āsiyābān/، ـها؛ ـان/: *اسم*. ئاشەوان؛ ئاسیاوان؛ ئاساوان: ۱. خاوەناش؛ میراش؛ قەڕاش؛ خاوەنی ئاسیاو ۲. ئاشەڤان؛ ئاردهەڕ؛ بهەڕ؛ لونیە؛ لووینە؛ کاریگەری ئاسیاو.

آسیاسنگ / āsiyāsang/، ـها/: *اسم*. ۱. بەرداش؛ بەردەئاش؛ تەوەن ئاش ۲. *[مجازی]* گابەرد؛ گاشە؛ تاش؛ تەلە سەنگ.

آسیایی[1] / āsiyāyî/، ـها؛ ـان/: *اسم*. ئاسیایی؛ هەرکام لە خەڵکی سەربە قوڕنەی ئاسیا و منداڵەکانیان: **آسیائی**

آسیایی[2]: *صفت*. ئاسیایی؛ پەیوەندیدار یان سەربە ئاسیاوە ‹کشورهای آسیایی: وڵاتانی ئاسیایی›: **آسیائی**

آسیب / āsîb/، ـها/: *اسم*. تەگەرە؛ تەمەرە ئاسیب؛ ئاسیو؛ زیان؛ ئازار؛ مزەڕەت؛ گەزەن؛ پێوەر؛ تەوەرە: ۱. ئەوەی کە ئەبێتە هۆی خراپی شتێ ‹آسیب خشکسالی: تەگەرەدی وشکەساڵی› ۲. *[پزشکی]* هەر ڕووداوێ کە لەشساغی تێک ئەدا (وەکوو نەخۆشی) ‹آسیب وارد شده به چشم: ئازارێ کە چاو تووشی بووە› ۳. زەرەر؛ زیان؛ وەزەن؛ وەزن؛ وەزەنگ.

▣ **آسیب دیدن:** زیان دیتن؛ گەزەن دیتن؛ زیان لێ کەوتن: **آسیب رسیدن**

آسیب رساندن ☜ **آسیب زدن**

آسیب رسیدن ☜ **آسیب دیدن**

آسیب زدن: زیان گەیاندن؛ ئاسیب گەیاندن؛ زیان یاونەی لا؛ دۆخی سروشتی تێکدان و خراپکردن ‹به محصولات کشاورزی آسیب زدن: زیان گەیاندن بە دەسهاتی کشتوکاڵ›: **آسیب**

رساندن

آسیب‌پذیر / āsîbpazîr'/ ـها؛ ـان/: *صفت.* بێبەرگە؛ گەزنگاز؛ زیانەوین؛ ئامادەیی بۆ گەزەن پێگەیشتن و بێتوانا بۆ بەرگری لە ئاسیب ‹این گُل در برابر سرما اسیب‌پذیر است: ئەم گوڵە لەبەر سەرماوە بێ بەرگەیە›.

آسیب‌پذیری / āsîbpazîrî'/: *اسم.* بێبەرگەیی؛ گەزنگازی؛ زیانەوینی؛ دۆخ یان چۆنیەتی بێبەرگە بون ‹اسیب‌پذیری کودکان و سالمندان در شرایط بحران اقتصادی بیشتر است: گەزنگازی منداڵان و پیران لە بواری قەیرانی ئابووریدا زۆرترە›.

آسیب‌شناس / āsîbšenās'/ ـها؛ ـان/: *اسم.* خەسارناس؛ ئاسێوناس؛ شارەزای خەسارناسی.

آسیب‌شناسی / āsîbšenāsî'/: *اسم.* خەسارناسی؛ ئاسێوناسی: ۱. بەشێ لە زانستی بژیشکیە کە لە هۆ و چیەتی نەخۆشینگەل دەکۆڵێتەوە ۲. ناسینی خەسارگەل و هۆکارەکانیان ‹آسیب‌شناسی اجتماعی: خەسارناسی کۆمەڵگایی›.

آسیستان / āsîstān'/ ـها/: [فرانسوی] *اسم.* بەردەست؛ پشتمێر؛ یاریدەر؛ وەرە ویرک؛ وەرێرک.

آسیمه / āsîme'/: *صفت. [ادبی]* پەشێو؛ پەرێشان؛ بیربڵاو؛ پەریشان؛ پەشۆکاو؛ پەرۆش؛ شێواو؛ شیویا.

آسیمه‌سر / āsîmesar'/ ☜ **سَراسیمه**

آش / āš'/: *اسم.* ئاش: ۱. /ـها/ چێشت؛ شێو؛ ئژگل؛ چێشتی ئاوەکی کە دانەوێڵەی زۆری تێدایە و چاشنی و ماکی جۆراوجۆری (وەکوو ماست، کەشک، دۆ و...) تێکەڵاوە ۲. ئاوهەڕاڵ؛ هەڵاڵاو؛ ئاوخوێی دەباخی کە چەرمی تێدەخووسێنن.

▣ **آش آبکی:** شلە؛ شلەک؛ شێوی تراو.

آش ابودردا: *[فرهنگ‌مردم]* ئاشێ کە بە مەبەستی خۆشبوونەوەی نەخۆش لێدەنێن و بەشی دەکەنەوە.

آش آلو: هەرووەین؛ هەرووەینە. هەرووەها: **آش آبغوره؛ آش ارزن؛ آش جو**

آش اُماج: پرپۆڵە؛ ئاشێ کە بە جێگای هەڕشتە، گونکی چکۆڵەی هەویر یان نانی تێدەکەن.

آش باقلا: باقلاو؛ شێوی باقلە و ئاو و ڕۆن.

آش برگ: دۆخەوا؛ دۆخوا؛ ئاشێ کە بە جێگەی سەوزی، گەڵاچۆنەر و ئەسپەناخ یان لووشە و گیلاخەی تێدەکەن.

آش برنج: بەرزە؛ شێوی برنج.

آش بغرا: کایلۆش؛ کارۆش؛ ئاشی دۆکەشک و قاورمە و پیازداخ.

آش بلغور: برۆیشین؛ برێشین؛ پتپتک؛ پیر خەنیلە؛ گەرماوی؛ ولۆشینە؛ چێشتی شلەوی وردە ساوار.

آش پرهیز: شۆرباو؛ شۆروا؛ ئاشێ کە بۆ نەخۆشی لێدەنێن.

آش پنیر: زورچە؛ چێشتی پەنیری وشک کە لە ئاودا دەیکوڵێنن.

آش پیاز: پیازاو؛ پیازاوی؛ ئاو و تام؛ شێوی پیواز و ئاو و ڕۆن.

آش تعزیه ☜ **آش عزا**

آش درهم‌جوش ☜ **آش شله‌قلمکار_۲**

آش دندانی: *[فرهنگ‌مردم]* دانوولە؛ دانەکولانە؛ دیانەکولانە؛ ددانەلۆ؛ چێشتی تێکەڵاوی هەمووجۆرە دانەوێڵە و گۆشت وپیواز، کە بەبۆنەی دەرهاتنی هەوەڵین ددانی زارۆوە لێدەنرێ.

آش دهن‌سوز: *[کنایی]* شتی زۆر بەنرخ ‹آن شغل آش دهن‌سوزی هم نیست: ئەو کارە شتێکی وا زۆر بەنرخیش نیە›.

آش رشته: ئاشڕشتە؛ ئاشێ کە دانەوێڵە

و سەوزی و ڕشتەی تێدەکەن.
آش سادە: پیازاو؛ ئاشێ کە گۆشت و چەشنی تێ نەکرێ.
آش ساک: ترشاو؛ ئاشی سرکە یان ئاوی نارنج و ئەسپەناخ.
آش شلەقلمکار: ١. دانوولە؛ دانەکولانە؛ چێشتێ کە لە هەموو چەشنە دانەوێڵە و سەوزیەکی تێدایە ٢. *[کنایی]* چێشتی مجێور؛ شپرز و شێواو؛ بێسەر و بەر؛ شەقلێ-پەقلێ: **آش درهم جوش**
آش غورە: گۆشتاوێک کە بە بەرسیلەوە لێدەنرێ.
آش‌عزا: چێشتی پرسە؛ ئاشی ئازیەتباری؛ ئاشوو پەرسانەی: **آش تعزیە**
آش کشک: ئاش‌کەشک؛ ئاشێ کە دوای کولاندن کەشکیشی تێدەکەن.
آش کشک خالە: *[کنایی]* ئەرکی سەرشان؛ کاری ناچار؛ چاری ناچار؛ کارێ کە بە ئەستۆی کەسێکەوە بێ.
آش گِل گیوە: *[کنایی]* تەڕەقووڕکە؛ تەڕەماش؛ چێشتی بێ‌تام و قیزەون.
آش ماست: ئاش‌ماس؛ ماسەوا؛ چێشتێ کە دوای لێنانی، ماستیشی تێدەکەن.
آش نذری: ئاشێ کە بە مەبەستی بە جێ هاتنی نزا و پاڕانەوەیەک لێیدەنێن.
آش همان آش و کاسە همان کاسە: هەر هەرەکە و هەر بارەکە؛ دیسان ئەو سڕنا و پیکە/ دیسان ئەو فاک و فیکە؛ هەر ئەو خەرمانە و هەر ئەو گێرەیە؛ هەر وەکوو خۆی مانەوە و هیچ نەگۆڕانی بار و دۆخی نالەباری شتێ ‹مژدە بدە ای صبا بە مردم اوباش/ کاسە همان کاسە است و آش همان آش: ئەمسالیش هەر وەک پارەکە/ هەر هەرەکە و هەر بارەکە›.
▣ **آش برای کسی پختن:** *[مجازی]* پیلان نانەوە بۆ کەسێک؛ هەرە پەی یۆی گێرتەیوە ‹معلوم شد خوب آشی برایش پختەاند: دەرکەوت پیلانیکی باشیان بو ناوەتەوە›.
آش بە دهن داشتن: *[کنایی]* دەم بە یەکدا هاتن؛ قسەکردنی وا کە کەسی لێ تێنەگا ‹مگر آش بە دهن داشتی؟ می‌خواستی درست حرف بزنی: بۆ دەمت بە یەکدا دەهات؟ با جوان قسەت بکردایە›.
آش در کاسەی کسی ریختن: *[کنایی]* ئاوکردنە ئاشی کەسێکەوە؛ خێر بە کەسێ گەیاندن؛ بە کەسێ قازانج گەیاندن.
آش را خوردن و کاسەاش/ جایش را شکستن: *[مجازی]* ئاو خواردن و گۆزە شکاندن؛ نان خواردن و سفرە دڕین؛ چەمەنە ئاوی واردەی و تەوەنیش وسەینە ‹از آنهاست کە آش را می‌خورند و کاسەاش را می‌شکنند: لەوانەیە وا ئاو دەخواتەوە و گۆزە دەشکێنێ›.
آش نخوردن و دهن سوختن: *[مجازی]* ماچی نەکریا و زەنگی زریا؛ بە بێ تاوان، جزیا دیتن؛ نەواردەی و سۆتەی ‹پول را او برد و مرا دستگیر کردند، شدم آش نخوردە و دهن سوختە: پارەکە ئەو بردی و منیان قۆڵبەس کرد، ماچی نەکریا و زەنگی زریا خۆم›.
ـــ آشام / ʼāšām /: ـان/: *پیوازە.* ـمژ؛ ـخۆرەوە؛ ـڤەخۆر؛ ـئاشام؛ ـهۆرلووش؛ کەسێ کە دەنۆشێ ‹خون‌آشام: خوێنمژ›.
آشامیدن/ ʼāšāmîdan /: *مصدر. متعدی. [ادبی]* //**آشامیدی:** نۆشیت؛ **می‌آشامی:** دەنۆشی؛ **بیاشام:** بنۆشە// نۆشین؛ ئاشمای؛ ڤەخوارن؛ خواردنەوە؛ فڕکردن؛ ورماشین؛ وەخواران؛ هەڵقۆڕان؛ هۆرلووشەی؛ هۆرقۆڕنەی؛ نانە

سـەرەوەی شـتی ئـاوەکـی ‹آب آشامیدن: ئـاو نوشین›.

■ صـفت فـاعلی: **آشـامنده** (نۆشـەر)/ صـفت مفعـولی: **آشـامیده** (نۆشـراو)/ مـصدر منفـی: **نَیاشامیدن** (نەنۆشین)

آشـامیدنی / āšāmîdanî'/ :ـهـا/:اسـم. خواردنەوە؛ خواردنەوەیی.

آشـانتی / āšāntî'/ :اسـم. ئاشـانتی: ۱. خێـڵی ڕەش پێستی سـەربـە غـەنـا لـە ئـەفریقـادا ۲. /ـها/ هـەرکـام لـەو خـەڵـکە ۳. زمـانی ئـەو خەڵکە، لە بنزاراوەگەلی ئاکان.

آشـپز / āšpaz'/ ـهـا/:اسـم. چێـشتلێنـەر؛ ئاشـپەز؛ ئـازپیش؛ شـێوکـەر؛ چێـشتکـەر؛ زادچێکـەر؛ ئاشـچی: ۱. کـەسـێ کـە کـاری چێشت لێنان بـۆ کـەسـانی دیکـەیـە ‹بـۆ وێنـە لـە نـەخۆشـخانە، میوانخانـە و سـەربازخانـەدا› ۲. کـەسـێ کـە لـە چێـشت لێنـان و ئاشـپەزیدا کارامەیە.

آشـپزخانه / āšpazxāne'/ ـهـا/:اسـم. ئاشپەزخانـە؛ کارخانـە؛ هێـشخانە؛ چێـشتخانە؛ جێگـەی چێـشت لێنـان ‹خانـه بـد نبـود، ولـی آشـپزخانەاش خیلـی کوچـک و تاریـک بـود: ماڵـەکـە خراپ نەبـوو، بـەڵام ئاشـپەزخانـەکـەی زۆر چکۆڵـە و تاریک بوو›.

▣ **آشـپزخانەی اُپـن**: ئاشـپەزخانـەی بـاز؛ شـێوازێکی نـوێ ئاشـپەزخانەی ماڵانـە کـە لـە بـەرێک یـان دوو بـەرەوە دیـواری بـۆ نانێن.

آشـپزی / āšpazî'/ :اسـم. ئاشـپەزی؛ چێـشتکـەری؛ شـیولێنەری: ۱. کـار یـان ڕەوتی چێـشت لێنـان ۲. هونـەری سـەبـارەت بـە چۆنیـەتی شـیو لێنـان ‹دختـرم بـه کـلاس آشـپزی مـی‌رود: کچەکـەم دەڕواتـە کـەلاسـی ئاشپەزی› ۳. پیشەی ئاشپەز.

آشتی / āštî'/ ـها/:اسم. ئاشـتی: ۱. تـەبـایی؛ تـەڤـایی؛ سازشـت؛ هێمنایـەتی؛ هـاش؛ کـار یـان ڕەوتی دەسهـەڵـگرتن لـە شـەڕ و دوژمنایـەتی یـان ناتـەبـایی ۲. */ادبـی/* ئـارا و قارا؛ هەڤان؛ ئارامشت و نێوانخۆشی.

▣ **آشـتی دادن**: ئاشـت دانـەوە؛ پێـک ئـانین؛ پێـکهـانین؛ لێـک ئـانین؛ ڕێـک خـستن؛ ئاشـتکـەردەیـوە؛ ئاشـتکردنـەوەی دوو نـەیـار ‹مـی‌خـواهم تـو را بـا پـدرت آشتی بـدهم: دەمەوێ لەگەڵ بابت ئاشتت بدەمەوە›.

آشتی کـردن: ئاشـت بوونـەوە؛ ئاشـتی کـردن؛ خـۆش بوونـەوە؛ سـازان؛ هـۆرێ ئـاردەنـە؛ وەرەی ئامـایش؛ دڵـەوە دایـن؛ دووس کـردن ‹بـا پـدرم آشـتی کـردم: لـەگـەڵ بـاوکم ئاشـت بوومەوە›.

آشـتی‌پـذیر / āštîpazîr'/ :صـفت. */ادبـی/* ئاشتی‌خواز؛ ئاشـتی‌واز؛ تـەبـا ویـست؛ بـە توانـا و ئامـادە بـۆ ئاشـتکردنـەوە ‹مـرد آشـتی‌پـذیری است: پیاوێکی ئاشتی‌خوازە›.

آشـتی‌جویانـه[1] / āštîcûyāne'/ :صـفت. ئاشـتی‌خوازانـە؛ خـاوەن هـۆگری بـە ئاشـت کردنـەوە ‹رفتـار آشـتی‌جویانـه: ئاکـاری ئاشتی‌خوازانە›.

آشتی‌جویانـه[2]: قیـد. ئاشـتی‌خوازانـە؛ خـاوەن هـۆگری بـە ئاشـتکردنـەوە ‹آشتی‌جویانـه پـیش آمد: ئاشتی‌خوازانە هاتە پێشەوە›.

آشـتی‌کنـان / āštîkonān'/ :اسـم. ئاشـتبوونـەوە؛ ڕێوڕەسمـی ئاشـتبوونـەوە ‹بـرای آشـتی‌کنـان سـارا و شـوهرش مهمـانی داده بودنـد: بـۆ ئاشـتبوونـەوەی سـارا و شـووەکـەی میوانییان دابوو›.

آشـخوری / āšxorî'/ :صـفت. ئاشـخۆری؛ ئاشوەری؛ چێـشتخۆری؛ تایبـەت بـۆ خـواردنی ئـاش ‹بادیـەی آشـخوری را گذاشـت وسـط سـفره: بایەی ئاشخۆریەکەی نا ناوەڕاستی سفرەکەوە›.

آشـغال / āšqāl'/ ـهـا/:اسـم. */گفتـاری/* زبـڵ؛

زبیل؛ زوێل؛ زبڵ و زاڵ؛ گوهوور؛ گلێش؛ شەخەڵ؛ گەناڵ؛ گناڵخە؛ گەنەڵخە.

آشغال‌برچین / āšqālbarčîn/' ☜ **آشغال‌جمعکن_١**

آشغال‌جمعکن / āsqālcam'kon/'، ها/: [فارسی/ عربی/ فارسی]/*اسم*. ١. زبڵ گەڕ؛ کەسێ کە بە ناو زبڵ و زاڵدا دەگەڕێ و شتێ کە بە کاری بێت کۆی دەکاتەوە و دەیفرۆشێ ‹چند آشغال‌جمعکن افتاند به جان زباله‌ها و آنها را کاویدند: چەن زبڵ گەڕ کەوتنە ناو زبڵەکانەوە و ژێر و بانیان دەکرد›؛ **آشغال‌برچین؛ آشغال‌ورچین** *[گفتاری]* ٢. *[مجازی]* گەنەکۆ؛ کەسێ کە ئامرازی کۆن و لەکارکەوتوو و بێ قازانج کۆ دەکاتەوە و هەڵیان‌دەگرێ ‹تو اصلاً آشغال‌جمعکنی و دوست داری این چیزهای بدرد نخور را جمع کنی: تۆ هەر گەنەکۆی و حەزت لە کۆکردنەوەی ئەم شتە پووچانەیە›.

آشغالدان / āšqāldān/'، ها/: *اسم. [گفتاری]* زبڵدان؛ سەبرگە؛ سەرانگوێلک؛ تەبغە؛ شەخەڵگا؛ بووڵگا؛ لاسکدان.

آشغالدانی / āšqāldānî/'، ها/: *اسم. [گفتاری]* زبڵدانی؛ شەخەڵدانی؛ بووڵدانی؛ گڵدال؛ گەناڵدان.

آشغال‌گوشت / āšqālgûšt/'، ها/: *اسم*. چەق؛ چەقە گۆشت؛ ئەو بەشانە لە گۆشت کە بە کەڵکی خواردن نایێن ‹این آشغال‌گوشتها را ببر بریز جلوی گربه: ئەم چەقە گۆشتانە ببە بیخەرە بەر پشیلەکەوە›.

آشغال‌ورچین / āšqālvarčîn/' ☜ **آشغال‌جمعکن_١**

آشغالی / āšqālî/'، ها/: *اسم. [گفتاری]* پاکەوان؛ زبیل‌ڕێژ؛ زبڵ‌ماڵ؛ سەبرگەچی؛ سپوور؛ سبوور؛ سفوور؛ گەسکدەری کۆڵان.

آشفتگی / āšoftegî/'، ها/: *اسم*. ١. شێواوی؛ شپرزەیی؛ پرژ و بڵاوی؛ بێسەروبەری؛ پەرێشانی؛ شڵەژاوی؛ تێکەڵ‌پێکەڵی؛ تەڤلهەڤی؛ بار و دۆخ یان چۆنیەتی شێوان ‹استاد از آشفتگی کارها شکایت داشت: مامۆستا لە شڵەژاوی کارەکان گازندەی بوو› ٢. تێکچوویی؛ گرژی؛ بار و دۆخ یان چۆنیەتی توورە و ڕک‌هەستاو بوون ‹با آشفتگی جوابم را داد: بە تێکچوویی پەرسڤی دامەوە›.

آشفتن / āšoftan/': *مصدر. لازم. متعدی. [ادبی]* //**آشفتی**: شێوای؛ **می آشوبی**: دەشێوی؛ **بیاشوب**: بشێوە// □*لازم*. ١. شێوان؛ پەرێشان بوون؛ شڵەژان؛ تێکچوون؛ ژلیوان؛ پەشۆکان؛ شیویەی؛ پەشۆکیەی ‹از این حرفها می‌آشفت: لەم قسانە هەڵدەشێوا› ٢. شێوان؛ تێکچوون؛ ڕاتڵەکان؛ لەدەسدانی ئارامشت ‹دریا آشفت: زەریا شێوا› □ *متعدی*. ٣. پەرێشان کردن؛ شێواندن؛ شێونەی؛ هەڵشێواندن؛ تێکدان ‹با این کارها مردم را می‌آشوبی: بەم کارانە خەڵکی پەرێشان دەکەی›. هەروەها: **آشفتنی**

■ صفت فاعلی: **آشوبنده** (ـ)/ صفت مفعولی: **آشفته** (شێواو)/ مصدر منفی: **نیاشفتن** (نەشێوان)

آشفته/ āšofte/': *صفت*. شێواو؛ ئاڵۆز؛ شوسە؛ هەڵشێواو؛ شێویاگ؛ شێویاو؛ شێویا؛ شیڤیاگ؛ پەشۆکاو؛ شڵەژاو؛ شەمزاو؛ پەشێو؛ پەشۆکیا؛ چەواشە؛ تێکچوو؛ ژەلمسە؛ منتەوەش؛ گژۆلە؛ بێ سەرە و بەرە ‹موی آشفته؛ خواب آشفته: مووی شێواو؛ خەوی ئاڵوز›. هەروەها: **آشفته بودن؛ آشفته شدن؛ آشفته کردن**

آشفته‌بازار / āšoftebāzār/'، ها/: *اسم. [کنایی]* ١. قەرەباڵغ؛ گوڕمۆڕە؛ ئاخۆران‌باخۆران؛ گەرمۆڵ؛ تێکەڵ‌پێکەڵی؛ جێگەی شلووق

و شڵەژاو ‹شهرهای بزرگ به صورت آشفته‌بازاری درآمده‌اند و زندگی در آنها دشوار است: شارەگەورەکان بوونەتە قەرەباڵغێکی وا کە ژیان تێیاندا زۆر دژوارە› ٢. دۆخی نەبوونی سەروبەر؛ کەس لە کەسی ‹در این آشفته‌بازار نمی‌دانی کی به خانه‌ات می‌رسی: لەم کەس‌لەکەسیەدا نازانی کەی دەگەیە ماڵەوە›.

آشفته‌حال / āšoftehāl'، ـان/: [فارسی/ عربی] *صفت. [ادبی]* شپرزە؛ شڵەژاو؛ شێواو؛ پەشێوحاڵ ‹پارسال دیدمش خیلی آشفته‌حال بود: پارەکە چاوم پێکەوت، زۆر شپرزە بوو›.

آشفته‌خاطر / āšoftexāter'، ـها؛ ـان/: [فارسی/ عربی] *صفت. [ادبی]* دڵ پەرێشان؛ دڵ پەشۆکاو؛ دڵ پەشێو؛ دڵ پەرت؛ خەیاڵ بڵاو؛ ناخاترجەم ‹به خاطر دخترش آشفته‌خاطر بود: بەبۆنەی کچەکەیەوە دڵ پەریشان بوو›: **آشفته‌دل**

آشفته‌دل / āšoftedel'/ ☜ **آشفته‌خاطر**

آشفته‌کار / āšoftekār'، ـان/: *صفت. [ادبی]* شپرزەکار؛ شپرز؛ هەڕەمەگوڵخار ‹خیلی آشفته‌کار است: زۆر شپرزەکارە›.

آشفته‌کاری / āšoftekārî'، ـها/: *اسم.* شپرزەکاری؛ شپرزی؛ هەڕەمەگوڵخاری؛ بار و دۆخ یان چۆنیەتی بێ سەر و بەرە بوون لە کاردا ‹در اداره کم‌کاری و آشفته‌کاری می‌بینیم: لە مەزرینگەدا کەمتەرخەمی و شپرزەکاری دەبینین›.

آشفته‌مو / āšoftemû'، ـیان/: *صفت. [ادبی]* دژیا؛ قژنەسەرە؛ گژنەسەرە؛ سەرقژن؛ قژئاڵۆز؛ سەرەدژیا؛ قژەگژە؛ مووگرژ؛ خاوەن مووی سەری شێواو و تێکەڵ‌ـپێکەڵ.

آشفته‌هوش / āšoftehûš'/: *صفت. [ادبی]* بیربڵاو؛ بیرشاش؛ بێ‌بیر و هۆش؛ فرامۆشکار؛ ویرشێویا.

آش‌کار / āš.kār'، ـها؛ ـان/: *اسم.* ئاش‌کار: ١. شۆکار؛ ئەو کەسەی کە جل‌وبەرگ هەنگووژاو (ئاهار) دەدات ٢. هەلالکار؛ پێستە خۆشکەر ❋ **آشگر؛ آشمال**

آشکار / āškār'/: *صفت.* دیار؛ ئاشکرا؛ ئەشکەر: ١. هاینە؛ بەرچاو؛ وەرەچەم؛ ڕاشکاو؛ بان‌واز؛ واز؛ ناوخەت؛ خۆیا؛ خوانە؛ خوانی ‹نشانه‌های آشکار: نیشانەگەلی ئاشکرا› ٢. ڕوون؛ زانراو و ناسراو ‹منظور حرفهایش برایم آشکار بود: مەبەستی قسەکانی بۆم ئاشکرا بوو›. هەروەها: **آشکار بودن؛ آشکار شدن؛ آشکار کردن؛ آشکار گشتن**

آشکارا[1] / āškārā'/: *صفت. [ادبی]* دیار؛ ئاشکرا؛ ئەشکەرە؛ ڕاشکاو.

آشکارا[2]: *قید.* بە ڕاشکاوی؛ بە ئاشکرایی؛ ئاشکرا؛ سوورەسوور؛ زەق؛ لە بەر چاو ‹آشکارا دروغ می‌گفت و خجالت هم نمی‌کشید: بە ڕاشکاوی درۆی دەدا و شەرمیشی نەدەکرد›.

آشکارساز / āškārsāz'، ـها/: *اسم.* خۆیاکەر؛ کەرەسە یان دەزگایەک بۆ دەرخستنی هەبوونی شتێ: **آشکارگر**

آشکارگر / āškārgar'/ ☜ **آشکارساز**

آش‌کاری / āš.kārî'/: *اسم.* ئاش‌کاری؛ شۆکاری؛ هەلالکاری؛ کار یان پیشەی ئاش‌کار: **آشگری؛ آشمالی**

آشکاری / āškārî'/: *اسم.* ئاشکرایی؛ ئاشکاری؛ دیاری؛ لەبەر چاوی؛ ڕاشکاوی؛ بار و دۆخ یان چۆنیەتی ئاشکرا بوون.

آشگر / āš.gar'/ ☜ **آش‌کار**

آشگری / āš.garî'/ ☜ **آش‌کاری**

آشمال[1] / āš.māl'/ ☜ **آش‌کار**

آشمال[2]: *صفت. [مجازی]* ماستاوکەر؛ پیاز پاک‌کەر؛ دالانەماڵ؛ زمان‌لووس.

آشمالی / āš.mālî'/: *اسم.* ١. ئاش‌کاری؛ ئاش‌ساوین ٢. *[مجازی]* ماستاوکەری؛ زمان‌لووسی.

آشنا[1] / āš(e)nā'، ـها؛ ـیان/:/اسم. ئاشنا: ١. ناس؛ ناسکری؛ شناس؛ ناسیاو؛ نیاس؛ گولساخ؛ هاونشین و هاوقسەیەک کە زۆر نێزیک نەبێ ‹در آن اداره دو سه نفر آشنا داشتم: لەو مەزرینگەیەدا دووـ سێ ئاشنام هەبوو› ٢. شناس؛ خزمی دوور ‹از آشناهای شوهرم است: لە ئاشناگەلی شووەکەمە› ٣. *[ادبی]* دۆس؛ هەڤال؛ دۆست و یاوەر؛ کەس و کار.

آشنا[2]: *صفت.* ئاشنا: ١. ناسیاو؛ ناسراو؛ ناس؛ ئەژناس. بەرانبەر: **ناشناس** ‹نه اسمش برایم آشنا بود نه قیافه‌اش: نە ناوی بۆم ئاشنا بوو نە دیمانی› ٢. خاوەن ئاشنایەتی ‹من با این پسکوچه‌ها آشنا هستم: من لەگەڵ ئەم کووچە و کۆلانانەدا ئاشنام› ٣. کەم ئاگادار ‹عربی و انگلیسی را خوب می‌داند و با آلمانی هم آشناست: عەرەبی و ئینگلیزی چاک دەزانێ و لەگەڵ ئاڵمانیشدا ئاشنایە›.

آشنائی / 'āš(e)nā'î ☞ **آشنایی**

آشنایی / āš(e)nāyî'، ـها/:/اسم. ئاشنایی؛ ئاشنایەتی: ١. ناسیاوی؛ ناسیاگی؛ بار و دۆخ یان چۆنیەتی ئاشنا بوون ‹آشنایی آنها مربوط به سالها پیش بود: ئاشنایەتیان دەگەڕاوە بۆ لە مێژ ساڵ لەوە پێش› ٢. شناسایی؛ شوناسایی ‹آشنایی با کار آن ماشین، چندان هم ساده نیست: ئاشنایەتی لەگەڵ کاری ئەو ماشێنەدا، ئەوندەش هاسان نیە› ٣. ناسیاوی؛ نێوان خۆشی ‹آشنایی شما دو نفر برایم عجیب است: ئاشنایەتی ئێوە دوانەم زۆر پێ سەیرە›
***آشنائی**

▣ **آشنایی دادن:** خۆ ناساندن؛ ئاشنایی خۆ لەگەڵ کەسێکدا دەربڕین ‹وقتی آشنایی داد، او را شناختم: کاتێ خۆی ناساند، ناسیمەوە›.

آشوب / āšûb'، ـها/:/اسم. ئاژاوە؛ بشێوی؛ پشێوی؛ بشێوە؛ کەتن؛ خارۆرە؛ ئاشۆ؛ شلۆقی؛ ئاڵۆزی؛ کێشە و هەرا؛ ئاژاولە؛ ئاژاولێ؛ ئاشوو؛ کەس‌لەکەسی؛ زەنا ـ زەنا؛ خڕین؛ خوارەبڕێ؛ هێو؛ گۆتاوەڕۆ؛ گۆتاڵ؛ گۆبەند؛ ئاشێو؛ گاشە؛ هەرا؛ دونیای بێ‌قانوون و کەس‌لەکەس. هەروەها: **آشوب‌شدن؛ آشوب‌کردن**

▣ **آشوب شدن دل:** دڵ بەیەکا هاتن؛ دڵ هەڵشێوان؛ دڵ هەڵشێویان؛ دڵ هۆرشلێویەی؛ دڵ تێکچوون ‹از دیدن آن منظره دلم آشوب شد: لە دیتنی ئەو دیمەنە دلم هەلشیوا›.

آشوباندن / āšûbāndan'/: *مصدر. متعدی. [ادبی]* //**آشوباندی:** شێواندت؛ **می‌آشوبانی:** دەشێوێنی؛ **بیاشوبان:** بشێوێنە// شێواندن؛ شلەژاندن؛ شێونەی؛ شێونای؛ هەڵشێواندن ‹مردم را آشوباندن: خەڵک هەڵشیواندن›. هەروەها: **آشوباندنی**

■ صفت فاعلی: **آشوباننده** (هەڵشێوێنەر)/ صفت مفعولی: **آشوبانده** (هەڵشێوێنراو)/ مصدر منفی: *[نامتداول]* **نَیاشوباندن** (هەڵنەشێواندن)

آشوب‌طلب / āšûbtalab'، ـها؛ ـان/: [فارسی/ عربی] *صفت.* بشێوەخواز؛ ئاژاوەخواز؛ ئاشۆهۆرگرن؛ هۆگری بشێوە و بەدیهاتنی ئاژاوە ‹گروه آشوب‌طلب: دەستەی بشێوەخواز›: **آشوبگرا**

آشوب‌طلبانه / āšûbtalabāne'/: [فارسی/ عربی] *صفت.* بشێوەخوازانە؛ پەیوەندیدار یان سەر بە بشێوەخوازی ‹فعالیتهای آشوب‌طلبانه: کارگەلی بشێوەخوازانە›.

آشوبگر / āšûbgar'، ـها؛ ـان/: *صفت.* ئاژاوەچی؛ گۆبەندگێڕ؛ کەتن‌گێڕ؛ خومەشێنکە؛ خومەشێونە؛ ئاشۆکەر؛ گۆتاڵکار؛ ئاشووەکەر؛ خەم‌شێوێن؛ تێکدەر؛ سەرسوودەرە؛ شەڕهەڵایسێن؛ شەڕهەڵخڕێن؛ هێوچی؛ گولکە؛ شێوەژنە؛

بشوونه؛ بشێونه؛ گێرەشێوێن؛ چوولەی ئاشوو؛ خاوەن خوو و هۆگری بشێوەخوازی ‹افراد آشوبگر: کەسانی ئاژاوەچی›.

آشوبگرا / 'āšûbgerā/ ☜ **آشوب‌طلب**

آشوبگرانه / 'āšûbgarāne/: *صفت.* بشێوەخوازانە؛ ئاشۆکەرانە؛ پەیوەندیدار یان سەر بە بشێوەخوازی.

آشوبگری / 'āšûbgarî/، ـها/: *اسم.* ئاژاوەچیەتی؛ کەتن‌گێری؛ هەڵشاندنەوە؛ ئاشۆکەری؛ ئاشۆ هۆرگرنی؛ شێوەژنی؛ گێرە شێوێنی؛ کار یان ڕەوتی بشێوە نانەوە؛ بەدیهێنانی بشێوە ‹دستەهای اوباش به آشوبگری می‌پرداختند: لات‌ولووتگەل خەریکی بشێوە نانەوە بوون›.

آشوبیدن / 'āšûbîdan/: *مصدر. لازم. متعدی. [ادبی]* //**آشوبیدی:** شڵەژای؛ **می‌آشوبی:** دەشڵەژێی؛ **بیاشوب:** بشڵەژە// ☐*لازم.* ١. شێوان؛ شێویان؛ شێویەی؛ شێویای؛ تووشی پشێوە هاتن ‹همه جا آشوبید: هەموو لایەک شڵەژا› ٢. شپرزە بوون؛ ئاڵۆز بوون؛ پەشۆکان؛ شڵێویەی؛ پەرێشان بوون ☐ *متعدی.* ٣. شێواندن؛ هەڵشێواندن؛ شێونەی؛ ئاڵۆزهکاندن؛ دانەیەکا ‹شهرها را آشوبیدند: شارەکانیان شێواند›. هەروەها: **آشوبیدنی**

■ صفت فاعلی: **آشوبنده** (ــ)/ صفت مفعولی: **آشوبیده** (شڵەژاو)/ مصدر منفی: **نیاشوبیدن** (نەشڵەژان)

آشوری[1] / 'āšûrî/: *اسم.* ئاشووری؛ ئاشۆری؛ مەخین: ١. /ـها؛ ـان/ ئاسووری؛ هۆزی سامی خەڵکی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، کە پێشتر «سوریانی»یان پێ دەگوتن و ئێستەش لە ئێران، ئیراق، تورکیە، لوبنان، سووریە و ئامریکادا بڵاون ٢. /ـها؛ ـان/ هەرکام لە خەڵکانی هۆزی سامی نیشتەجێی ولاتانی کەونارای ئاشوور لە ناوچەی بەین‌چۆمان ٣. زمان یان شێوەی نووسینی ئەو هۆزە.

آشوری[2]: *صفت.* ئاشووری؛ هاوگەر یان پاڵدراو بە ولاتی کەونارای ئاشوورەوە.

آش‌ولاش / 'āš-o-lāš/: *صفت. [گفتاری]* شەل‌وپەل؛ لەت‌وپەت؛ شەل‌وپەت؛ شڕ و وڕ؛ شی‌وشیتاڵ ‹صورت جوان بیچارە آش‌ولاش شده بود: ڕوومەتی ئەو لاوە داماوە شەل و پەت بوو›. هەروەها: **آش‌ولاش شدن؛ آش‌ولاش کردن**

آشیان / 'āš(i)yān/، ـها/: *اسم. [ادبی]* ☜ **آشیانه**

آشیانه / 'āšiyāne/، ـها/: *اسم.* ١. هێلانە؛ هێلین؛ هێلان؛ هێلیوون؛ هالەین؛ هیلیان؛ لیانە؛ لیان؛ ئیلیان؛ لانە؛ لوونە؛ کاپۆ؛ واجا؛ قن؛ قنک؛ ماڵی مەل ‹لکلکی از آشیانه‌اش بیرون پرید: حاجی‌لەق‌لەقێک لە هێلانەکەیەوە دەرپەڕی› ٢. *[مجازی]* خانوو؛ یانە؛ ماڵ ‹هر کس نیاز به آشیانه‌ای دارد: هەر کەسێ پێویستی بە خانوویەک هەیە›* **آشیان** *[ادبی]*

▣ **آشیانه ساختن:** ١. هێلانە دروست‌کردن؛ لانە درووس‌کردن؛ لانەکردن؛ لیان وەش‌کەردەی ٢. خانوو دروست‌کردن؛ ماڵ‌کردنەوە؛ یانەوەکەردەی.

آشیانه کردن: هێلانە بەستن؛ هێلانە کردن؛ نیشتەجێ بوون؛ جێ‌خۆش‌کردن؛ لیان وەش‌کەردەی؛ هیلیان بینەی؛ جێگر بوون ‹کبوتران در آن خانه آشیانه کردند: کۆترەکان لەو ماڵە هێلانەیان کردەوە›: **آشیانه گرفتن**

آشیانەی کسی را برهم زدن: *[مجازی]* ماڵی کەسێک وێران‌کردن؛ ماڵ کەسێ شێواندن؛ یانەو یۆی شێونەی؛ بوونە هۆی شێواندنی بنەماڵەی کەسێک ‹شوهرش را اخراج کردند و آشیانه‌اش را بر هم زدند: شووەکەیان دەرکرد و ماڵ‌وێرانیان کرد›.

آشیانه گرفتن ☜ **آشیانه کردن**

آشیانەدوست / āš(i)yānedûst/، ـان/: *صفت. [زیست‌شناسی]* هێلانەدۆست؛ هێلانویست؛ هێلانەخواز؛ خاوەن تایبەتمەندی جێگربوون و مانەوە لە هێلانەوە تا کاتی فڕان (سەبارەت بە پەلەوەری پێنەگەیشتوو).

آشیانەگریز / āš(i)yānegorîz/، ـان/: *صفت. [زیست‌شناسی]* خاوەن تایبەتمەندی بە جێهێشتنی هێلانە بە دوای لە هێلکە جووقان (سەبارەت بە پەلەوەری پێگەیشتوو).

آغا / āqā/: [مغولی] *اسم. [قدیمی]* ١. خاتوو؛ خاتوون؛ خا؛ خان؛ نازناوی ژنان لە سەرەتا یان لە کۆتایی ناویاندا ‹ملک‌تاج آغا: خاتوو مەلەک‌تاج› ٢. خەساو؛ خەسیاگ؛ نازناوێک بۆ پیاوانی خەسێنراو.

آغار / āqār/: *اسم. [نامتداول]* ١. شێ؛ شۆ؛ نمیای؛ نم؛ شە؛ شۆیەک کە دادەچێ و شوێنی دەمێنێتەوە ٢. نمتک؛ نز؛ زنە؛ تەڕایی؛ ئاودزە؛ تاچنە؛ ئەوەی لە گۆزەوە دەدەڵێ.

آغاردن / āqārdan/: *مصدر. متعدی. لازم. [نامتداول]* □ *متعدی.* ١. شێدان؛ شێهەڵدان؛ شێ هەڵاوردن؛ نماندن ٢. ئاو پاشین؛ ئاو پژاندن؛ ئاوپژگنەی ٣. خووساندن؛ فیسنەی؛ فیسنای □*لازم.* ٤. شێ گرتن؛ شۆ هاوردن؛ نمکێشتەی ٥. خووسان؛ فیسیەی؛ تەڕ بوون: **آغاریدن؛ آغردن**. هەروەها: **آغاردنی**

■ صفت فاعلی: **آغارنده** (خووسێنەر)/ صفت مفعولی: **آغارده** (خووسێنراو)

آغاره / āqāre/، ـها/: *اسم.* نەوارێکی (زۆرتر) چەرمی کە بە مەبەستی بەرگیری لە ئاودزینەوە، دەپەڕانپەڕی ناوەوەی کەوشی دەنێن.

آغاریدن / āqārîdan/ ☜ **آغاردن**

آغاز / āqāz/: *اسم. [ادبی]* سەرەتا؛ دەسپێک؛ کەبارە؛ پیت: ١. بەشی یەکەمی هەرشتێ ‹آغاز کتاب؛ آغاز تابستان: سەرەتای کتێب؛ سەرەتای هاوین› ٢. هەوەڵین قۆناغی هەرکارێ. بەرانبەر: **انجام** ‹آغاز جنگ؛ آغاز آشنایی: سەرەتای شەڕ؛ سەرەتای ئاشنایی›.

▣ **آغاز شدن:** دەسپێکردن؛ دەس‌پنەکەردەی؛ وەدی هاتنی کار یان ڕووداوێک ‹کار آغاز شد؛ زمستان اغاز می‌شود: کارەکە دەستی پێکرد؛ زستان دەسپێدەکات›.

آغاز کردن: دەسپێکردن؛ دەس‌پنەکەردەی؛ خەریک کارێ بوون؛ بەدیهێنانی شتێ یان کارێ ‹نوشتن کتاب را آغاز کرد: نووسینی کتێبەکەی دەسپێکرد›.

آغازگر / āqāzgar/، ـها؛ ـان/: *اسم.* ١. ڕچەشکێن؛ ڕێخۆشکەر؛ ناسێنەری کارێکی نەکراو کە لە دواییدا درێژەی پێ بدرێ و گرینگ بێتەوە ٢. دەسپێکەر؛ کەسێ کە لە سەرەتاوە کارێک دەست بۆ دەبا ٣. *[ورزش]* دەسپێکەر؛ بەرپرسی کێبەرکێی غارغارێن (ئەسبدەوانی).

آغازگری / āqāzgarî/: *اسم. [ادبی]* دەسپێکەری؛ ڕچەشکێنی؛ ڕێخۆشکەری؛ بار و دۆخ یان چۆنیەتی دەسپێکەر بوون.

آغازی / āqāzî/، ـان/: *صفت.* سەرەتایی؛ پیتی؛ کەبارەیی؛ پەیوەندیدار یان پاڵدراو بە سەرەتاوە.

آغازیدن / āqāzîdan/: *مصدر. متعدی. [ادبی]* //**آغازیدی:** دەستت‌پێکرد؛ **می‌آغازی:** دەستپێدەکەی؛ **بیاغاز:** دەست‌پێبکە// دەسپێکردن؛ دەس‌پنەکەردەی؛ خەریکی ئەنجامی کارێ بوون هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە. هەروەها: **آغازیدنی**

■ صفت فاعلی: **آغازنده** (دەسپێکەر)/ صفت مفعولی: **آغازیده** (دەسپێکراو)/ مصدر منفی: **نَیاغازیدن** (دەسپێنەکردن)

آغازین / āqāzîn/': *صفت. [ادبی]* سەرەتایی؛ هەوەڵی؛ ئێکەمی ‹مرحلەی آغازین: قۆناغی سەرەتایی›.

آغالش / āqāleš'، ـها/: *اسم. [ادبی]* ١. زیخان؛ دنە؛ هەڵخران؛ بزوان ٢. ڕاپەڕین؛ شۆرش؛ ورووژان؛ هورووژان.

آغالیدن / āqālîdan/': *مصدر. متعدی. [ادبی]* ١. زیخاندن؛ دنەدان؛ هاندان؛ هەڵخراندن؛ هەڵنان؛ بزواندن؛ هۆرخڕنەی؛ هۆرنیەی؛ هۆرنیای ٢. ڕاپەڕاندن؛ ورووژاندن؛ هورووژاندن.

■ صفت فاعلی: **آغالنده** (هەڵخڕێنەر)/ صفت مفعولی: **آغالیده** (هەڵخڕێنراو)

آغر / āqar/': *اسم.* مەرخاو؛ هەشکەڕۆ؛ گۆمەلاو؛ چاڵ و چۆڵی ئاو گرتووی بەستۆڕەی چۆم.

آغردن / āqardan/' ☜ **آغاردن**

آغز / āqoz/' ☜ **آغُوز**

آغشتگی / āqeštegî'، ـها/: *اسم.* شەلالی؛ تێوەدراوی؛ گەوزاوی؛ بار و دۆخ یان چۆنیەتی شەلال بوون.

آغشتن / āqeštan/': *مصدر. متعدی. [ادبی]* //**آغشتی**: گەوزاندت؛ **آغشته می‌کنی**: دەگەوزێنی؛ **آغشته‌کن**: بگەوزێنە// ١. گەوزاندن؛ تێوەدان؛ پێوەدان؛ پلگانن؛ ئاڵشتەی؛ تێوەدانی شتێ لە تراوێک ‹کاغذ را بە مرکب آغشتن: تێوەدانی قاقەز بە مرەکەفەوە› ٢. خووساندن؛ تێکەڵ کردن؛ ئاڵشتەی؛ شتێ لەگەڵ تراوێکدا تێکەڵ کردن ‹گچ را بە آب آغشتن: گەچ لەناو ئاودا خووساندن›. هەروەها: **آغشتنی**

■ صفت مفعولی: **آغشته** (گەوزاو)/ مصدر منفی: **نَیاغشتن** (نەگەوزاندن)

آغل / āqol'، ـها/: *اسم.* هۆڵەمەڕ؛ هۆڵ؛ هۆڕ؛ هەڵ؛ گەوڕ؛ ئاخڵ؛ ئاغەڵ؛ غەڵ؛ ئەژیر؛ تەژیر؛ بنگوڤ؛ بنگوفک؛ گۆڤ؛ پاگە؛ لیت؛ پەچیە؛ کۆز؛ کۆزە؛ کۆزمانە؛ گەلەخان؛ شوێنی سەرداپۆشراو بو ڕاگرتنی مەڕ و مالات.

آغُوز / āqoz/': *اسم.* ژەک؛ ژاک؛ زاک؛ فرشک؛ فرچک؛ گووش؛ فرەندوول؛ شیرماک؛ فلە؛ شمە؛ فرشە؛ زەک؛ فری؛ فرۆ؛ خرندۆڵ؛ خەڵەندۆز؛ قاقنە؛ خریشک؛ لێوە؛ لوی؛ زەها؛ گوچ؛ شیری زنج؛ شیری چەور و خەستی گوان/ مەمک، چەن ڕۆژ پێش یان پاش زایین: **آغز**

آغوش / āqûš'، ـها/: *اسم.* باوەش؛ باوش؛ واشی: ١. کۆش؛ کەش؛ ئامێز؛ هامێز؛ هەمێز؛ هامبێز؛ هەمبێز؛ هەمبز؛ همێز؛ همبز؛ نێوان سینە و باسک ٢. *[مجازی]* داوێن؛ جێگای گرتنە بەر ‹آغوش طبیعت: داوێنی سروشت›.

◘ **آغوش باز**: باوەشیئاوەلا ‹مردم از او با آغوش باز استقبال کردند: خەڵکی بە باوەشی ئاوەلاوە پێشوازییان لێکرد›.

آغوش‌گرم: ئامێزیگەرم؛ باوەشی پرسۆز ‹به آغوش‌گرم خانواده بازگشت: گەڕایەوە بۆ ناو ئامێزی گەرمی بنەماڵەکەی›.

◘ **آغوش‌گشودن**: ١. باوەش‌کردنەوە؛ باوش کردنەوە؛ واشی وازکەردەی؛ درێژ کردنەوەی دەست بۆ لە هامێزگرتن ٢. *[مجازی]* دەرگانەکردنەوە؛ وەرگیران؛ ڕووتێکردن.

آغول / āqûl/': *اسم. [ادبی]* لاتیر؛ مۆڕ (بردنەوە)؛ چێڕ؛ چیر (بردنەوە)؛ دووپرەکی (کردنەوە)؛ تیکورک (کردنەوە): **آغیل**

آغیل / āqîl/' ☜ **آغول**

آفات / āfāt/': [عربی] جمعِ ☜ **آفت**

آفـازی / āfāzî/': [فرانسوی] اسم. [روانشناسی] توری؛ تری؛ لاڵەپەتێ؛ گیر بوونی زمان لە قسەکردندا.

آفـاق / āfāq/': [عربی] اسم. [ادبی] ۱. جمعِ ☜ **اُفُق** ۲. [نامتداول] ئاقار؛ هۆرە؛ دەوروبەر ۳. وڵاتان؛ ئاواق ‹سِیر آفاق: گەشتی وڵاتان›.

آفـاق‌وانفس / āfāq-o-anfos/': [عربی] اسم. وڵاتان و خەڵکان؛ وڵگان و خەڵکان.

آفـاقی / āfāqî/': [عربی] صفت. ۱. ئاقاری؛ پەیوەندیدار بە ئاقارەوە ۲. [فلسفه] ڕواڵەتی؛ دەرەوەیی.

آفـت / āfat/'، ـها؛ آفات/: [عربی] اسم. ۱. مێمڵ؛ مەریفی؛ تەشە؛ ئافەت؛ ئافات؛ گرگاشە؛ ئاپۆر؛ بەلا؛ وەی ‹آفت آسمانی: مێملی ئاسمانی› ۲. نەخۆشی؛ درم؛ پەتا؛ ئازار ‹خداوند تو را از آفتها حفظ کند: خوا لە نەخۆشی بتپارێزێ› ۳. هاڵ؛ ئازار؛ هۆی لە بەین چوون و خراپی.

◙ **آفت آسمانی**: مێملی ئاسمانی؛ بەلای ئاسمانی؛ بەلاگەلێک کە ئەبێتە هۆی لە بەین‌چوونی دەسهاتی کشت‌وکاڵ و لە ناو بردنی گیانلەبەران (وەکوو تەرزە، گێژەڵووکە، کەم بارانی): **آفت سَماوی**

آفت ارضی ☜ **آفت زمینی**

آفت انباری: مێملی هەمار؛ مێملی هومار؛ شتێ (وەک مشک و جرجانەوەر) کە ئەبێتە هۆی گەزنگاز بوونی هەر شتێ کە هەمارکراوە.

آفت زمینی: مێملی زەمینی؛ شتێ (وەک کرم و بژار) کە لە ژێر زەمینەوە ئەبێتە هۆی لە بەین چوونی تۆوی چێندراو.

آفت سَّماوی ☜ **آفت آسمانی**

آفت‌گیاهی/ نباتی: مێملی شینایی؛ گیاڕەنج؛ یەختەسار؛ ئەوەی کە دەسهاتی کشت‌وکاڵ و باخات لە بەین دەبات (وەکوو کوللە).

آفتـاب / āftāb/': اسم. هەتاو: ۱. هەتاڤ؛ هەفتاو؛ خۆرەتاو؛ خوەرەتاو؛ تیرۆژ؛ تیسک؛ ڕۆجیار؛ تیجیە؛ وەرەتاو؛ تیشکی خۆر؛ تیشکی ڕۆژێ ‹آفتاب دادن: دانەبەر هەتاو› ۲. [مجازی] خۆر؛ خوەر؛ وەر ڕۆژ؛ ڕۆج؛ ڕۆچ ۳. بەربەڕۆچکە؛ خۆرەتاو؛ خوەرەتاو؛ وەرەتاو؛ بەرەفتەو. بەرانبەر: **سایه** ‹اینجا آفتاب است، بیر سایه: ئێرە خۆرەتاوە، بیبە سێبەرەوە›.

◙ **آفتـاب بـه آفتـاب**: هەموو ڕۆژ؛ هەر ڕۆژە؛ ڕۆژ لە دووی ڕۆژ.

آفتـاب پـاییزی: [کنایی] زەردەی پاییزی؛ وەرە پەیزە؛ وەرە سەردا بەرە؛ خۆری ڕەقەو بردوو؛ خۆرەتاوی بێ‌تین و کەم ڕەنگ.

آفتـاب دولـت: [کنایی] چرای بەخت؛ هەڤیازی و بەهێزی.

آفتـاب لـب‌بـام: [کنایی] خۆرەتاوی دەم پاسار؛ هەتاوی دەم‌کەل؛ پای لێو قەور؛ دەمینوو کەلی؛ لە کاتی مردن و لە بەین چوون ‹او دیگر آفتاب لب بام است و چیزی از عمرش باقی نمانده: ئەو ئیتر خورەتاوی دەم پاسارە و تەمەنی ئەوەندەی پێوە نەماوە›.

◙ **آفتـاب از مغـرب طلـوع کـردن**: [مجازی] خۆر لە کام لاوە هەلاتن (لە کوردیدا هەمیشە بە شێوەی پرسیار دەگوترێ)؛ شتێکی سەیر و سەمەرە ڕوودان ‹چە عجب! مگر آفتاب از مغرب طلوع کرده است؟: سەیرە! ئەوە خور لە کام لاوە هەلاتووە؟›.

آفتـاب افتـادن: خۆرکەوتن؛ خۆرداکێشان؛ خۆرداکەوتن؛ خوەرکەفتن؛ وەرتاویایرە؛ وەرقاق بیەی؛ وەردایرە ‹آفتاب افتاده بود وسط اتاق: خور کەوتبووە ناوەڕاستی دیوەکەوە›.

آفتاب بالا آمدن: خۆر هەلاتن؛ خوەر کەفتنە بان؛ ڕۆجیار هۆر وەسەی؛ وەر وەسەی سەر؛ خوەرەتاو هەلکەفتن.

آفتاب بە گل اندودن: *[مجازی]* خۆر داپۆشان؛ پەل لە خۆرگرتن؛ تێکۆشانی بێئاکام بۆ داپۆشاندنی ڕاستی ‹این تلاشها همه آفتاب بە گل اندودن است: ئەم تێکۆشانە هەمووی خور داپوشاندنە›.

آفتاب پهن بودن/ شدن: سێوەر درێژ بوون؛ سێبەر داکەوتن؛ سێبەر دابەزین؛ سێوەر هاتن؛ سەیەی ئامایرە؛ سەی وەستەیرە؛ هێندێک لە ڕۆژ تێپەڕ بوون ‹آفتاب پهن بود کە راه افتادیم: کاتێ ڕێکەوتین سێبەر درێژ ببوو›.

آفتاب جا کردن: *[کنایی]* خۆ دانەخۆر؛ جێخۆش کردن؛ لە بەر خۆرەتاوەوە دانیشتن ‹آفتاب جاکردە بود و تخمە مێشکست: جێی خۆش کردبوو، تووی دەتووکاند›.

آفتاب خوردن: تاولێدان؛ تیشکی خۆر وێکەوتن؛ وەرەقاق دەیونە؛ لە بەر خۆرەتاودا بوون ‹بگذار کمی آفتاب بخورد، خشک شود: بیهێلە کەمێ تاو لیی بدات، وشک ببێتەوە›.

آفتاب دادن: دانە خۆر؛ خوەردان؛ نیانە بەر خۆرەوە؛ لە بەر خۆرەتاو دانان؛ نیەی وەروو وەری ‹رختخوابها را آفتاب دادم: جێوبانەکەم خوردا›.

آفتاب درآمدن: ١. ☜ **آفتاب دمیدن** ٢. خۆر دەرکەوتن؛ خۆر دەرهاتن؛ وەرزیەی ‹آفتاب از پشت ابرها درآمد: خور لە پشت هەورەکانەوە دەرکەوت›.

آفتاب در جایی غروب نکردن: *[مجازی]* زۆر پان و بەرین بوون؛ ئاواق بوون؛ واقواق بوون ‹آفتاب در ملکش غروب نمیکند: ملکەکەی زۆر پان و بەرینە›.

آفتاب دمیدن: خۆر هەلاتن؛ خۆر دەرهاتن؛ خۆرکەوتن؛ خوەر هەلخستن؛ وەرزیەی؛ ڕۆجیار بەرئامەی ‹وقتی آفتاب دمید، همە بیدار بودیم: کاتێ کە خور هەلات، هەموومان هەستابووین›: **آفتاب درآمدن؛ آفتاب زدن**

آفتاب زدن: *[گفتاری]* ١. ☜ **آفتاب دمیدن** ٢. خۆرلێدان؛ وەردەینە ‹آفتاب میزد توی چشمهایم: خور دەیدا بە ناو چاومدا›.

آفتاب شدن: خۆرکەوتنەوە؛ هەتاوکەوتن؛ خۆرکردنەوە؛ خۆر خستنەوە؛ خۆر هاتنەوە؛ خۆر دەرکەوتن؛ وەروسەیوە؛ دەرکەوتنی خۆر لە پشتی هەورەوە ‹صبح هوا ابری بود، بعدازظهرآفتاب شد: سەر لە بەیانی هەور بوو، پاش نیوەڕۆ خور کەوتەوە›.

آفتاب کردن: خۆرکردنەوە؛ خۆرەتاو کەفتن؛ خۆر خستنەوە؛ وەرەتاو وسەیوە ‹آسمان دوبارە آفتاب کرد: ئاسمان دیسان خوری کردەوە›.

آفتاب گرفتن: خۆرگرتن؛ خوەرگرتن؛ وەرگێرتەی: ١. بەرەو خۆر بوون؛ خۆرگیر بوون ‹این اتاقها آفتاب میگیرد؟: ئەم دیوانە خور ئەگرن؟› ٢. کەلک وەرگرتن لە تیشکی خۆر ‹دارم آفتاب میگیرم: خەریکم خور ئەگرم› ٣. ڕۆژ گیران؛ خۆر گیران ‹آن روز آفتاب گرفتە بود: ئەو ڕۆژە خور گیرابوو›.

آفتاب گز کردن: پیاسەکردن؛ خیابان گەزکردن؛ زەمین پیمەی؛ ڕێگە ڕۆیشتنی بەر خۆر لە دەسبەتالی و بێکاریدا ‹دارد آفتاب گز میکند: خەریکە پیاسە دەکا›.

آفتاب‌پرست / āftābparast'/: اسم. ١. /ـهـا/ گوڵەسەنگ؛ کوچکەچۆرە؛ مراوکە؛ گیا دمارەکۆڵ ٢. /ـهـا؛ ـان/ قومقومە؛ قومقومەک؛ قومقموکە؛ قۆڕیانەزەردە؛ قۆڕیەزەردە؛ زەردە قۆڕە گومگموک؛ کەرپەزە؛ کەشتێلەسەرە؛ مالبا؛ بێژنگەسەر؛ خمخموک؛ خەمخەمۆکە؛ ڕۆژپەرست؛ خۆرپەرست؛ ؛ قژ؛ خمەگروو؛ خەمەگروو؛ فمخوک؛ شینشینک؛ کمکمە؛ لووس‌لووسک؛ تێرتێرە؛ سەرمازەڵە؛ جۆری مارمێلکەی ئەستوور و درێژە، زۆر زوو ڕەنگی خۆی دەگۆڕێ و بەڕەنگی دەوروبەری دەردێ: **آفتابگَردک؛ بوقلمون؛ حِربا** [ادبی]

آفتابرو / āftābrû'/: صفت. ١. خۆرەتاو؛ هەتاوگیر؛ ڕووەو/ بەرەو خۆر؛ وەرەتاو؛ بەڕۆژ. بەرانبەر: **سایه‌رو** ‹اتاق آفتابرو: ژووری هەتاوگیر› ٢. [مجازی] خۆر؛ زۆر جوان و لەبار؛ پرشنگ.

آفتابزدگی / āftābzadegî'/: اسم. خۆرانگازی؛ خۆرەنگازی؛ گەرمەژنە؛ ڕۆژگەستوویی؛ ڕۆژبردوویی؛ تاوبردوویی؛ تاوانگازی؛ هەتاوبردوویی؛ وەربەردەیی؛ تاوانگازبوویی؛ نەخۆشینێکە بەهۆی زۆر مانەوە لە بەر تیشکی خۆر سەرهەڵدەدا و بە شێوەی بوورانەوە و یاو کردن خۆی پیشان دەدا ‹وقتی آوردندش دچار آفتابزدگی شده بود و حال بدی داشت: کاتێ هێنایان تووشی خۆرەنگازی ببوو، حاڵێکی خراپی بوو›.

آفتابزده / āftābzade'/: صفت. تاوانگەز؛ خۆربردوو؛ تاوگەز؛ تاوەنگەز؛ تاوەگەز؛ هەتاوگەز؛ خۆرانگاز؛ خۆرەنگاز؛ وەربەردە؛ ڕۆژگاز؛ ڕۆژگەز؛ ڕۆژگەستی؛ هۆرگەستە؛ هۆرگەز؛ گەرماژۆ؛ تاوبردوو ‹شخص آفتابزده را باید در سایه قرار داد: تاوانگاز ئەبێ ببرێتە سێوەرەوە›.

آفتابزردی / āftābzardî'/: قید. زەردەپەڕ؛ خۆرەزەردی خۆرئاوا؛ ئەنگۆرە؛ هەنگۆرە؛ هەنگڤار؛ خۆرپەلەکۆ؛ وەرپەلەکۆ؛ وەرپەڕەی؛ وەرنیشتەنەکۆ؛ لە کۆتایی ڕۆژئاوا بووندا ‹مى‌گفتند آفتابزردى نبايد خانه را جارو كرد: ئەیانگوت خورەزەردی خورنـاوا نابێ ماڵ گەسک بدرێ›.

آفتابسنج / āftābsanc'، ـهـا/: اسم. هەتاوپێو؛ ئامێرێک بۆ پێوانی ماوەی تابشتی ڕۆژانەی خۆر لە جێگایەکدا.

آفتابسوختگی / āftābsûxtegî'/: اسم. تاوانگەزی؛ وەرانگەزی؛ تاوانبردوویی؛ خۆربردوویی؛ وشکەوبوویی؛ تاوانگازی؛ تاوبردەیی؛ سووتانەوە یان ڕەش‌هەڵگەڕانی پێست بە هۆی هەتاوەوە.

آفتابسوخته / āftābsûxte'/: صفت. تاوانگەز؛ وەرانگەز؛ تاوانبردوو؛ تاوانگاز؛ تاوبردە؛ خۆربردوو؛ وەربەردە؛ تووشیاری تاوانگازی ‹صورت آفتاب‌سوخته‌اى داشت: دەم و چاوێکی تاوانگازی بوو›.

آفتابگردان / āftābgardān'، ـهـا/: اسم. ١. سەیوان؛ سایەبان ٢. چەتری سێبەر ٣. گوڵەبەڕۆژە؛ گوڵبەڕۆژ؛ ڕۆژامپەرێز؛ ڕۆژانپەرێز؛ ڕۆجیاپەرشت؛ ڕۆجیارپرێس؛ ڕۆزیارپەرس؛ هەتاوپەرس؛ گوکباخان؛ ڕووەکێکی لاسکی بەرز و گەڵا پانە و تا تۆمی نەکردووە گوڵەکەی دەگەڵ خۆر دەگەڕێ ٤. توو؛ تۆم؛ تووی گوڵەبەڕۆژە کە تۆمێکی چەور و بەتامە، دەیتروکێنن و زۆرتر ڕۆنی لێدەگرن.

آفتابگردک / āftābgardak'/☜ **آفتاب‌پَرست ـ٢**

آفتابگرفتگی / āftābgereftegî'، ـهـا/: اسم. خۆرگیران؛ ڕۆژگیران؛ دەمێ کە مانگ دەکەوێتە نێوان زەمین و خۆرەوە.

آفتابگیر[1] / āftābgîr'، ـها/:/اسم. بەربەرۆچکە؛ لاخوەر؛ شوێنی خۆرگیر.

آفتابگیر[2]: صفت. هەتاوگیر؛ خۆرگیر؛ وەرەتاو؛ هەبوون لە جێگایەک کە خۆر لێی دەدا.

آفتابگیری / āftābgîrî'/:/اسم. هەتاوگیری؛ خۆرگیری: ۱. بار و دۆخ یان چۆنیەتی خۆرگیر بوون ۲. کار یان دۆخی لە بەر تیشکی هەتاودا بوون.

آفتاب‌مهتاب / āftābmahtāb'/:/اسم. ئالنج و کۆلنج؛ پشتەتەقێ؛ پەشتەمارێ؛ مازیەمازیالێ؛ گەمەیەک مندالانەیە کە دوو کەس پشت بە پشتی یەکترییەوە ڕادەوەستن و قۆڵیان لە یەک گیر دەدەن و بە نۆبە کۆم دەبنەوە و ئەویتر بەرز دەکەنەوە.

آفتاب‌نزده / āftābnazade'/: قید. خۆر نەکەوتوو؛ خوەرەتاو هەڵنەهاتگ؛ نەمازی؛ نەماجی؛ پێش خۆرکەوتن ‹صبح آفتاب‌نزده باید راه بیفتی: بەیانی خورنەکەوتوو، ئەبێ ڕێ بکەوی›.

آفتاب‌نشین[1] / āftābnešîn'، ـها؛ ـان/:/اسم. وەرزێر؛ وەرزیەر: ۱. کەسێ کە لە گوند و لادێ کار دەکا ۲. فەلاح؛ کاریگەری کشت‌وکاڵ.

آفتاب‌نشین[2]: صفت. [کنایی] تەمەڵ؛ تەپ؛ کەهاڵ؛ هەمین؛ تەوەزەل؛ گەندەڵ؛ لەش‌گران؛ لەمەرە وەرەتاو.

آفتابه / āftābe'، ـها/:/اسم. ئافتاوە؛ ئەفتاوە؛ هەفتاوە؛ ئافتاوێ؛ بریک؛ مسینە؛ مسینک؛ مەسین؛ لوولێنە؛ دەفرێکی وەکوو کووزوو، بە دەستە و لوولەیەکی بەرز بۆ شۆردن (بەتایبەت لە دەساو).

◻ **آفتابه خرج لحیم کردن**: [کنایی] کەر بە کۆپان دان؛ بێخ دیوارکەندن و بانەناو پێ‌کردن؛ بۆ چاک‌کردنی شتێکی کەم بایەخ پارەیەکی زۆر خەرج‌کردن ‹تعمیر این ماشین آفتابه خرج لحیم کردن است: چاک‌کردنەوەی ئەم ماشێنە کەر بە کۆپان دانە›.

آفتابه‌چی / āftābečî'/: [فارسی/ ترکی]/اسم. ڕەیپس‌کناراو؛ ئاغای دەساو.

آفتابه‌دار / āftābedār'، ـها؛ ـان/:/اسم. ڕەیپیس‌کناراو؛ کەسێ کە کاری پڕکردنەوەی ئەفتاوە و خاوێن‌کردنەوەی دەساوە. هەروەها: **آفتابه‌داری**

آفتابه‌دزد / āftābedozd'، ـها؛ ـان/:/اسم. [کنایی] دەڵەدز؛ دزی کەم دەسەڵات ‹شما به این آفتابه‌دزد بدبخت می‌گویید راهزن؟: ئێوە بەم دەلەدزە بێچارەیە ئەڵێن چەتە؟›.

آفتابه‌لگن / āftābelagan'، ـها/:/اسم. ئەفتاوەولەگان؛ ئافتاوە و لەگەنی چکۆلە،کە پێشووتر بۆ شۆردنی دەست و زار لە سەر سفرەوە بەکاریان دەبرد ‹غذا را که خوردند، صاحبخانه آفتابه‌لگن آورد و مهمانها دستشان را شستند: کە نانیان خوارد، خاوەن ماڵ ئافتاوە و لەگانی هێنا و میوانەکان دەسیان شۆرد›.

آفتابی / āftābî'/: صفت. ۱. خۆرەتاو؛ هەتاوی؛ خۆری؛ خوەری؛ بەهرەمەند لە هەتاو ‹روز آفتابی: ڕۆژی هەتاوی› ۲. هەتاوی؛ خۆری؛ خوەری؛ بە کاربەری هەتاویەوە ‹عینک آفتابی: چاویلکەی هەتاوی› ۳. خۆرلێداو؛ هەتاوی؛ خۆری؛ خوەری؛ ئامادە کراو لە بەر هەتاودا ‹کشمش آفتابی: مێوژی هەتاوی› ٤. [مجازی] ئاشکرا؛ دیار؛ خویا ‹خجالت می‌کشید جایی آفتابی بشود: خەجالەتی ئەکێشا لە جێگایەک ئاشکرا بێ›. هەروەها: **آفتابی شدن؛ آفتابی کردن**

آفتامات / āftāmāt'/: [روسی] ☜ **آفتومات**

آفت‌زده / āfatzade'، ـها؛ ـگان/: [عربی/

فارسی] *صفت.* ئازاربردوو؛ تەشەلێداو؛ ئاکلێداو؛ ئافەتبردوو؛ ئازاربردە ‹درختان آفتزده؛ مزرعەی آفتزده: دارگەلی ئازاربردوو؛ مەزرای تەشەلیداو›.

آفتومات / āftomāt'، ـها/: [روسی] *اسم.* ئافتامات: ۱. *[مکانیک]* بڕینبار؛ ئامرازێکی کارەباییە لە ماشێندا ڤۆلتاژی دینام یەکچەشن دەکاتەوە ۲. ناوە بۆ جۆرێ چەکی ڕووسی ✽ **آفتامات**

آفریدگار / āfarîdegār'/: *اسم. [ادبی]* خوا؛ خواوەن؛ کردگار؛ ئافرێندە؛ ئافرێنەر؛ چێکەر.

آفریدن / āfarîdan'/: *مصدر. متعدی.* //**آفریدی:** ئافراندت؛ **میآفرینی:** دەئافرێنی؛ **بیافرین:** بئافرێنە// ئافراندن؛ خولقاندن؛ بەدیهێنان؛ داهێنان؛ سێوراندن؛ دروستکردن؛ وەش کەردەی: ۱. ڕسکاندن ‹جهان را آفریدن: ئافراندنی جیهان› ۲. وەدیهێنان ‹شادی آفریدن: شادی خولقاندن› ۳. بە یارمەتی بیر شتێ بەدیهێنان ‹آفریدن شعر: داهێنانی شیعر› ✽ **خلق کردن؛ بەوجود آوردن**. هەروەها: **آفریدنی**

■ صفت فاعلی: **آفریننده** (ئافرێنەر)/ صفت مفعولی: **آفریده** (ئافراو)/ مصدر منفی: **نَیافریدن** (نەئافراندن)

آفریده / āfarîde'، ـها؛ ـگان/: *اسم. [مجازی]* خولقاو؛ زیندەوەر؛ گیانلەبەر؛ گیاندار؛ گیانەوەر؛ ئارەسە؛ ئافراو.

آفریقائی / āfrîqā'î'/ ☜ **آفریقایی**

آفریقایی[1] / āfrîqāyî'، ـها؛ ـان/: *اسم.* ئەفریقایی؛ ئافریقایی؛ هەرکام لە خەڵکی سەر بە قوڕنەی ئەفریقا: **افریقایی؛ آفریقائی**

آفریقایی[2]: *صفت.* ئەفریقایی؛ پەیوەندیدار یان بەسراو بە قوڕنەی ئەفریقاوە ‹گیاهان آفریقایی: گیاگەلی ئەفریقایی›: **افریقایی؛ آفریقائی**

آفریکان / āfrîkān'/: [انگلیسی] *اسم.* ئافریکان؛ زمانێ کە لە سەدەی حەڤدەهەم بەملاوە، لە لایەن کۆچەرە هۆڵەندیەکانەوە لە ئەفریقای باشووری بەدیهات و ئێستە یەکێ لە زمانگەلی سەرەکی ئەو وڵاتەیە.

آفرین[1] / āfarîn'، ـها/: *صوت.* ئافەرین؛ ئافەریم؛ ئافەرەم؛ هۆپ؛ هەلاڵتە؛ هەلان بۆ دەست خۆش؛ وتەی پەسندکردن ‹آفرین! همین طور برو جلو: ئافەرین! هەر وا بڕۆ پێشەوە›.

⊡ **آفرین خواندن/ کردن:** *[ادبی]* ئافەرین وتن؛ ئافەریمکردن؛ هۆپکردن.

آفرین گفتن: ئافەرین وتن؛ ئافەریم وتن ‹باید به چنین پسری آفرین گفت: ئەبێ بە ئاوەها کوڕێ ئافەریم بێژی›.

ـ **آفرین**[2] /ـها؛ ـان/: *پیواژه.* ـخولقێن؛ ـئافرێن ‹نقشآفرین: نیگارخولقێن›.

آفرینش / āfarîneš'، ـها/: *اسم.* ۱. بەدیهێنەری؛ داهێنەری؛ ئافرێنی؛ کار یان ڕەوتی خولقاندن؛ بەدیهێنان ‹آفرینش جهان: بەدیهێنانی جیهان› ۲. *[مجازی]* ئاسەوار؛ خولقاو؛ بەرهەمی ئافراندن بە گشتی ‹نمایشگاه آفرینشهای هنری: پێشانگای ئاسەوارە هونەریەکان›.

آفرینندگی / āfarînandegî'، ـها/: *اسم.* خولقێنەری؛ ئافرێنەری؛ ئافرێنەریەتی؛ بەدیهێنەری؛ داهێنەری؛ بار و دۆخ یان چۆنیەتی ئافرێنەر بوون ‹قدرت آفرینندگی: توانای ئافرێنەری›.

آفند / āfand'، ـها/: *اسم. [نظامی]* ۱. شەڕ و شۆ؛ پەیکار؛ جەنگ ۲. هێرش؛ پەلامار؛ پلار؛ هەڵمەت؛ کار یان ڕەوتی دابەڕزین؛ داپڕسکان.

آفندیدن / āfandîdan'/: *مصدر. متعدی. [نامتداول]* ۱. شەڕکردن؛ پەیکارکردن؛

گزیەی ٢. هێرش بردن؛ پەلامار دان؛ پلار دان؛ داپڕسکاندن؛ دابەڕزاندن.

■ صفت مفعولی: **آفندیده** (داپڕسکاو)

آفیش / āfîš'، ـها/: [فرانسوی]/اسم. ئافیش؛ لاپەڕەی گەورەی ڕاگەیاندن، زیاتر وێنەدار کە بە دیواریدا دەدەن.

آقا[1] / āqā'، ـها؛ ـیان/: [مغولی]/اسم. ١. *[نامتداول]* گەورە؛ سەروەر؛ مەزن؛ ئاغە؛ ئاغا ٢. کاکە؛ کاک؛ ئاغە؛ ئاغا؛ نازناوێک بۆ ڕێزلێنان کە لە هەوەڵ یان ئاخری ناوی پیاوانەوە بەکار ئەبرێت ‹آقا جمشید؛ احمد آقا: کاک جەمشید؛ ئەحمەد ئاغا› ٣. *[گفتاری]* مەلا؛ مەلا ‹آقا آمد و عقدشان کرد: مەلا هات و مارەیانی بڕی› ٤. *[گفتاری]* پیاو؛ پیاگ؛ مێرد ‹آقامان خانه نیست: پیاوەکەمان لە ماڵ نیە› ٥. ئاغە؛ ئاغا؛ کاکە؛ ئابرا؛ نازناوێک بۆ بانگ کردنی پیاوان ‹آقا! بفرمایید: ئاغە! فەرموون› ٦. ئاغە؛ ئاغا؛ ئەرباب ‹آقای خودم هستم و نوکر خودم: ئاغای خۆمم و نۆکەری خۆم› ٧. *[گفتاری]* نێر؛ نێرە؛ گیانلەبەری نێر (بەتایبەت لە چیرۆک یان بە سەرهاتدا) ‹آقا موشە: مشکە نێر› ٨. *[گفتاری]* بابە؛ باوک؛ تاتە ‹آقا جان: بابە گیان›.

آقا[2]: صفت. *[گفتاری]* پیاو؛ پیاگ؛ مێر؛ خاوەن کەسایەتی شیاو ‹برادرش یک پارچه آقا بود: براکەی پیاوێکی تەواو بوو›.

▣ **آقا شدن**: بوونە پیاو؛ گەورە بوون؛ وەکوو کەسێکی بەڕێز پێهاتن ‹با این سر و ریخت یکپارچه آقا شدەای: بەم سەر و سیماوە تەواو بوویە پیاو›.

آقائی / āqā'î'/: [مغولی] ☜ **آقایی**

آقابالاسر / āqābālāsar'، ـها/: [مغولی/ فارسی] اسم. *[تعریض]* کوێخا؛ قەیخا؛کەیخا ‹حالا دیگر این الف بچە آقابالاسر ما شده: ئێستا ئیتر ئەم مناڵووکە بۆتە کوێخای ئێمە›.

آقابالاسری / āqābālāsarî'/: [مغولی/ فارسی] اسم. *[تعریض]* کەیخایی؛کوێخایی ‹دوست دارد آقابالاسری کند: پێی‌خۆشە کوێخایی بکا›.

آقابزرگ / āqābozorg'، ـها/: [مغولی/ فارسی]/اسم. *[گفتاری]* باوەگەورە؛ باوە؛ نازناوێ بۆ باوەگەورە ‹آقابزرگ از شهر برگشتند: باوەگەورە لە شار هاتنەوە›.

آقاپسر / āqāpesar'، ـها/: [مغولی/ فارسی] اسم. *[گفتاری]* کوڕی چاک؛ کوڕخاس؛ نازناوێ بۆ کوڕ ‹آقاپسر، مدادت افتاد: کوڕی چاک، قەڵەمەکەت داکەوت›.

آقاجان / āqācān'/: [مغولی/ فارسی]/اسم. *[گفتاری]* ١. بابە؛ باوکە؛ بابەلێ؛ تاتەلە؛ وشە بۆ ناو بردنی باوک ‹آقاجان آمد: بابە هاتەوە› ٢. خاڵۆ؛ مامە؛ لالە؛ لالۆ؛ کاکە؛ برالە؛ برالە؛ نازناوێ بۆ بانگ کردنی پیاوان ‹آقاجان، مواظب باش: خاڵۆ، هۆشت بێ›.

آقاداداش / āqādādāš'، ـها/: [مغولی/ ترکی] اسم. *[گفتاری]* ئابرا؛ ئاغەبرا؛ کاکەلێ؛ نازناوێک بۆ برای گەورەتر ‹آقاداداش رفته خارج: ئابرا ڕۆیشتووە بۆ هەندەران›.

آقادایی / āqādāyî'، ـها/: [مغولی/ فارسی] اسم. *[گفتاری]* خاڵۆ ئاغە؛ خاڵۆ گەورە؛ نازناوێکی ڕێزگرانەیە بۆ خاڵۆ، بەتایبەت خاڵۆی گەورە ‹آقادایی فرمودند: خاڵۆ ئاغە فەرموویان›.

آقازاده / āqāzāde'، ـها؛ ـگان/: [مغولی/ فارسی]/اسم. ئاغازادە؛ ئاغەزادە؛ نازناوێکی ڕێزگرانەیە بۆ کوڕی کەسێ ‹دیروز آقازاده به مدرسه نیامده بود: دوێنێ ئاغەزادە نەهاتبوو بۆ قوتابخانە›.

آقاعمو / āqā'amû'، ـها/: [مغولی/ عربی]/اسم. *[گفتاری]* ئامامۆ؛ ئاغەمەمۆ؛ نازناوێکە بۆ مامە، بەتایبەت مامەی گەورەتر ‹آقاعمو حالشان خوب نیست: حاڵی ئامامۆ باش نیە›.

آقــــامنش / āqāmaneš'/: [مغــولی/ فارســی] *صـفت.* پیاوانـه؛ بـەڕێـز ونرخـدار؛ کـاو ‹مـرد آقامنشی است: پیاوێکی پیاوانەیە›.

آقاموشــه / āqāmûše'/: [مغـولی/ فارسـی]/*اسـم.* *[گفتاری]* ١. مـشکه نێـر؛ قـارەمـانی تاقمـیٚ لـە چیرۆکگەلی منداڵان ٢. مشک؛ مڵە.

آقاننــه / āqānane'/: [مغـولی/ فارسـی]/*اسـم.* *[گفتـاری]* دایـەخـانم؛ داپـیر؛ نازناوێـک بـۆ دایەگـەورە، بـەتایبـەت دایـەگـەورەی باوکییـە ‹آقاننه برایمان قـصه مـی‌گفـت: دایـەخـانم چیرۆکـی بۆ دەگێڕاینەوە›.

آقــایی / āqāyî'، ـهـا/: [مغـولی/ فارسـی]/*اسـم.* گـەورەیـی: ١. بـەڕێـزی ‹آقـایی از سـر و رویـش مـی‌باریـد: گـەورەیـی لـە سـەر و سـیمای دەبـاری› ٢. سـەروەری ‹در آقـاییش شــکی نیـست: گەورەیی ئەو بێ‌قسەیە› * **آقائی**

آقبــانو / āqbānû'/: [مغــولی/ فارســی]/*اسـم.* ئاغەبـانوو؛ ئاغابـانوو؛ ئاخـەبـانوو؛ پارچـەیـەکـی ناسـک کـە لـە ڕابـردوودا دەکرایـە سـەرپـێچ و چارشێو.

آقطــی / āqtî'/: [از یونـانی]/*اسـم.* گێجـەگیـا؛ کـەزنـەزان؛ کـەسنـزان؛ ورِ؛ گیابۆنکـە؛ نـاوی چەن جۆر ڕوەکی جەنگەڵی بۆگەنە.

◘ **آقطــی ســیاه:** گـــەنـــەدار؛ جۆرێــک گێجـەگیــای گــوڵ ســپیە کـــە بـــۆنێکی ناخۆشی هەیە.

ــ اک / āk'/: *پسوند.* ١. ـمـەنی؛ ـئـەمـەنی؛ ـاک؛ شـیاو بـۆ کـاریٚ ‹پوشـاک؛ خـوراک: پۆشەمەنی؛ خـواردەمـەنی› ٢. ـاو؛ ـیـاگ؛ ـیاو؛ ـاگ؛ ـیـا؛ ـواو؛ سـازندەی ئـاوەڵـناوی بەرکاری ‹کاواک: کۆڵراو›.

آکــادمی / ākādemî'، ـهـا/: [فرانـسوی]/*اسـم.* ئاکـادێمی: ١. کـۆڕی زانیـاری ٢. فێرگـەی بەرزی زانستی و هونەری.

آکادمیسین / ākādemisyan'، ـهـا/: [فرانـسوی] /*اسم.* ئەندامی کۆڕ.

آکادمیــک / ākādemîk'/: [فرانـسوی] *صـفت.* زانـستگایی؛ ئاکادێمیـک ‹تحـصیلات آکادمیـک: خوێندنی زانستگایی›.

آکــاردئون / ākārde'on'، ـهـا/: [فرانـسوی] /*اسـم.* ئاکـاردیئۆن؛ جـۆریٚ ئـامێری مووسـیقایە کیـسەیەکی فانووسـی لـە بنپاڵـیدایە، بـەو کیـسەوە بـا هـاتوچۆ دەکـا و دەنگـی سـازەکە پێک‌دێنێ.

آکــاردئونی / ākārde'onî'/: [فرانـسوی] *صـفت.* ئاکـاردیئۆنی؛ فانووسـی؛ دەق‌کـراو لـەسـەر یـەک وەکـوو ئاکـاردیئۆن ‹درِ آکاردئونی: درگـای ئاکاردئونی›.

آکــاژو / ākājû'، ـهـا/: [فرانـسوی]/*اسـم.* کورسـیکـەمـەر؛ گـوڵشـەیتـان؛ ئاکـاژۆ؛ داری سـەر بـە دەڤـەرانی گـەرمیـان لـە تـیرەی سرینچکە تاڵە، کە بـەرەکـەی خـواردەمـەنیـە: **ماهون؛ بلادُر آمریکایی؛ بَلادُر مغربی**

آکــان / ākān'/: /*اسـم.* ئاکـان: ١. هـۆزی ڕەش‌پێـستی ڕۆژهـەڵاتی ئافریقـا ٢. /ـهـا/ هەریـەکـە لـە کـەسانی ئـەو هـۆزە ٣. زمـانی ئەو هۆزە.

آکبنــد / ākband'/: [از انگلیـسی] *صـفت.* ئـاک؛ دەس نـەخـواردوو: ١. بـەسـتەبـەنـدی‌کـراوی کارخانە ‹ایـن تلویزیـون را وقتـی خریـدم آکبنـد بـود: ئـەم تـەلـەفیزیۆنـەم کاتـیٚ کـڕی ئـاک بـوو› ٢. *[مجـازی]* نـوێی هێـشتا دەس‌نـەخـواردوو ‹تلویزیون آکبند: تەلەفیزیۆنی ئاک›.

آکــپ / ākop'، ـهـا/: /*اسم.* *[نامتـداول]* نـاوگوپ؛ نـاوەوەی گـوپ؛ لاکـپ؛ هۆنـدریٚ دەڤـی ‹آکُـپ خودش را گاز گرفت: قەپی کردە ناوگوپی خۆیا›.

آکتور / āktor'، ـهـا/: [فرانسوی]/*اسـم.* ئـەکتـەر؛ بازیکەری پیاو؛ هونەرپیشەی پیاو.

آکتــورس / āktores'، ـهـا/: [فرانـسوی]/*اسـم.* *[نامتــداول]* ئـــەکتـــۆرێس؛ بازیکـــەری ژن؛

هونەرپیشەی ژن.

آکتینید / āktînîd'، ـهـا/: [فرانسوی]/اسم. ئاکتینید؛ هەرکام لە توخمگەلی کیمیاوی بە ژمارەی ئەتۆمی سەرتر لە ۸۹ کە بە چەشنی دەستکرد بە دەست دێن.

آکتینیم / āktîn(i)yom'/: [فرانسوی]/اسم. ئاکتینیۆم؛ توخمی کیمیایی کانزایی ڕادیۆئەکتیڤ، بە ژمارەی ئەتومی ۸۹ و کێشی ئەتومی ۲۲۷.

آکرد / ākord'/: [فرانسوی] ☜ **آکُورد**

آکروبات / ākrobāt'، ـهـا/: [فرانسوی]/اسم. ئەکرۆبات؛ بەنباز؛ بەندباز ‹آکروبات سیرک: بەنبازی سیرک›.

آکروباسی / ākrobāsî'/: [فرانسوی]/اسم. ئەکرۆباسی؛ بەنبازی؛ بەندبازی.

آکرومگالی / ākromegālî'/: [فرانسوی]/اسم. */پزشکی/* ئاکرۆمێگالی؛ دیاردەی گەورە بوونی ئێسکانی بنی دەست و پا و دیمەن بە هۆی ئالۆزکاری لووی هیپۆفیزەوە.

آکریلیک / ākrîlîk'/: [فرانسوی]/اسم. ئەکریلیک: ۱. ڕێزین؛ جەوی ۲. هەودای ئەکریلیک.

آکلاد / ākolād'، ـهـا/: [فرانسوی]/اسم. ئاکۆلاد؛ بیچمی وەکوو دوو برۆی پەیوەست ({}) بۆ جیا کردنەوەی وشە، ڕستە یان دێڕ لە یەکتریدا: **آکولاد**

آکله / ākele'/: [عربی]/اسم. ۱. */نامتداول/* خۆرە؛ گولی؛ پیسی؛ خیرک؛ شەقافلووس؛ نەخۆشیەکی زۆر خراپ و پیسە، ئەندامانی لەش (بەتایبەت سەر و چاو و دەست و پێ) زام دێنن و لێیان دەبێتەوە ۲. ـها/*/مجازی/* سەلیتە؛ کەسکە؛ سازندە؛ ژنی زماندرێژی بێحەیا ‹گیر آکلەای افتادە کە بە این راحتی ولش نمی‌کند: گیر سەلیتەیەک کەوتووە بەم هاسانیە لەکۆلی نابێتەوە›.

آکندگی / ākandegî'/: اسم. */نامتداول/* پڕی؛ لیپی؛ لیپاولیپی؛ پەستاوتەیی؛ ئاخنراوی؛ هەڵپشاوی.

آکندن / ākandan'/: مصدر. متعدی. */ادبی/* //**آکندی**: ئاخنیت؛ **می آکنی**: دە ئاخنی؛ **بیاکن**: بئاخنە// ۱. تەپاندن؛ تەپان؛ ئاخنین؛ ئاخنەی؛ تەپنای؛ ژنین؛ پەستاوتن؛ هەپشاندن؛ هەشاندن؛ هەشڤاندن؛ هەستاندن؛ هەڵئاخنین؛ سیخاخن؛ پەستن؛ پەستاوش؛ بە زۆر تێداکردن ‹آکندن شکم: زگ ئاخنین› ۲. ماشتنەوە؛ خڕکردنەوە؛ ئەوەماشەی؛ پێکەوە نان؛ کۆکردنەوە؛ گلێرکەردەیوە ‹آکندن ثروت: پێکەوەنانی دارایی›. هەروەها: **آکندنی**

■ صفت مفعولی: **آکنده** (ئاخنراو)/ مصدر منفی: **نَیاکندن** */نامتداول/* (نەئاخنین)

آکنده / ākande'/: صفت. پڕ؛ پەڕ؛ پەستاوتە ‹باغشان آکندە از گل بود: باخەکەیان پڕ بوو لە گوڵ›.

آکنه / ākne'، ـهـا/: [فرانسوی]/اسم. */پزشکی/* زیپک؛ زپرکە؛ زەک؛ زیپکەی دەم و چاوی لاوی تازە پێگەیشتوو.

آکواریم / ākvār(i)yom'، ـهـا/: [فرانسوی]/اسم. ئاوژیدان؛ ئاکواریۆم: ۱. جێگایەکی دەسکرد بۆ زیندوو هێشتنەوە، لێکۆڵینەوە یا نومایشی جانەوەر و گیای ئاوی ۲. جێگایەکی چوار دەور شیشە بۆ ئەو کارە.

آکورد / ākord'، ـهـا/: [فرانسوی]/اسم. */موسیقی/* ئاکۆرد؛ چەن نۆتی مووسیقا کە هاوکات دەژەندرێن و هەر دووپاتە دەبنەوە: **آکُرد**

آکوستیک / ākostîk'/: [فرانسوی]/اسم. ۱. دەنگناسی ۲. ـها/ دەنگگیر.

آکولاد / ākulād'/: [فرانسوی] ☜ **آکُلاد**

آکومولاتور / ākomûlātor, 'ākomolātor'،

ـها/: [فرانسوی]/اسم. پیل؛ باتری.

آگـات / āgāt'، ـهـا/: [فرانـسوی]/اسـم. ئـاقیق؛ یاقیق؛ گەوهەرێکە بە زۆر ڕەنگان دەبێ.

آگـاه / āgāh'، ـان/: صـفت. ۱. ئاگـادار؛ ئاگـا؛ ئـارا؛ ئاگـار؛ بـە ئاگـا؛ ئایـە؛ هـایلـێ؛ هـایدار؛ هاگا؛ هایا؛ خەبـەردار ‹او از مـاجرا آگـاه اسـت: ئـەو لـە ڕووداوەکـە ئاگـادارە› ۲. زانـا؛ ئاگـادار؛ وان؛ پسپۆڕ؛ چـاڤـڤـەکـری؛ تێگـەیـشتوو ‹شخصیت آگاه: کەسایەتی زانا›.

▣ **آگــاه شــدن:** ئاگــادار بــوون؛ خــەبــەردار بوون؛ وشیار بوونـەوە؛ حـەسـیان؛ حـەسـین؛ هـەسـت پێکـردن؛ پێـزانین؛ سـەحکـرن ‹از ماجرا آگاه شد: لە ڕووداوەکە ئاگادار بوو›.

آگــاه کــردن: ئاگــاکردن؛ ئاگــادارکردن؛ هایــدان؛ خــەبــەر پێـدان؛ پێگــەیانــدن. هەروەها: **آگاهبودن**

آگاهــــان / āgāhān'/: اســم. شــارەزایــان؛ ئاگــاداران؛ ئاگایــان؛ کــەســگەلێــک کــە (بــەتایبــەت لــە بــوارێکی دیــاریکراودا) خــاوەن ئاگاداریـەکـی بـەرچـاون (تـەنیـا بـە شـێوەی کۆدەگــوترێ) ‹آگاهــان سیاســی: شــارەزایانـــی ڕامیاری›.

آگاهاندن / āgāhāndan' ☜ **آگاهانیدن**

آگاهانـــه[1] / āgāhāne'/: صــفت. ئاگادارانـــە؛ ئاگایانــە؛ خــاوەن بــار و دۆخ یــان چۆنیــەتی ئاگــا بــوون ‹ســخنانش آگاهانــه بــود: وتــەکــانی ئاگادارانە بوو›.

آگاهانـــه[2]: قیـد. ئاگادارانــە؛ ئاگایانــە؛ بــە ئاگاییــەوە؛ بــە ئاگادارییــەوە؛ بــە ئاگارییــەوە ‹آگاهانــە ســخن مــی‌گفــت: ئاگادارانــە قــسەی ئەکرد›.

آگاهانیـــدن / āgāhānîdan'/: مــصدر. متعــدی. //**آگاهانیدی:** ئاگـادارت کـرد؛ **مـی آگاهـانی:** ئاگـادار دەکـەی؛ **بیاگاهــان:** ئاگادارکــە// ۱. ئاگاکردنــەوە؛ ئاگــادارکردن؛ هایــدان؛ پێگــەیانــدن ‹بــرای آگاهانیـــدن همـــسایگان فریـــاد کـــشید: بـــۆ ئاگاکردنــەوەی دراوســـێیەکان هــاواری کـــرد› ۲. وریاکردنـــەوە؛ هوشـــیارکردنەوە؛ خـــەبـــەر پێــدان؛ وارەســە ‹آگاهانیــدن مــردم بــر عهــدەی روشـنفکران اسـت: هوشـیارکردنەوەی خـەڵـکی بـە ئـەسـتۆی ڕۆشـنبیرانە› ❋ **آگاهانــدن؛ آگــاهی دادن**. هەروەها: **آگاهانیدنی**

■ صـفت فـاعلی: **آگاهاننــده** (ئاگاکـەرەوە)/ صـفت مفعولی: **آگاهانیده** (ئاگاکراوە)

آگـــاهی / āgāhî'، ـهـــا/: اســـم. ئاگـــایی؛ ئاگـــاداری؛ ئاگـــا؛ خـــەبـــەر؛ خـــەبـــەرداری: ۱. سـەح؛ سـەهـ؛ بـار و دۆخ یـان چۆنیـەتی ئاگادار بوون ‹آگاهی تو از مـاجرا تـا چـه حـد اسـت؟: ئاگـایی تـۆ لـەم ڕووداوە چـەنـدە؟› ۲. بـار و دۆخ یــان چۆنیــەتی تێگــەیــشتن لــە ڕاســتی و دروســـتی ‹دادن آگـــاهی بـــه مـــردم وظیفـــەی رسـانەهاسـت: ئاگـاییدان بـە خـەڵـکی ئـەرکـی ســـەرشـــانی میدیاکانـــە› ۳. لێـــزانی؛ ڕادەی زانــست ســەبــارەت بــە شــتێ ‹آگــاهی او در زمینـەی تعمیـر موتـور خـوب اسـت: ئاگـایی ئـەو سـەبـارەت بـە چاکردنـەوەی موتـور چاکـە› ٤. زانیــاری؛ هــایی؛ هــای؛ هــەی؛ ســالۆخ ‹از رفتـنش آگـاهی یـافتم: لـە ڕۆیـشتنی ئاگـادار بـووم› ٥. دەڤـلی؛ تـەڤـلی ‹بـە آگـاهی مـردم برسـانید: خەڵک ئاگـادار کـەنـەوە› ٦. *[نامتـداول]* هـەڕەشـە و گوڕەشە.

▣ **آگاهی دادن** ☜ **آگاهانیدن**

آگــاهی یــافتن: ئاگــادار بــوون؛ خــەبــەردار بوون؛ هوشیار بوونەوە؛ هەی بیەیوە.

بــە آگــاهی رســاندن: ڕاگــەیانــدن؛ ئاگــادار کردنــەوە؛ ئاگارکردنــەوە ‹بــە آگــاهی عمــوم می‌رساند: بە هەمووان ڕادەگەیەنریت›.

آگاهینامـــــه / āgāhîname'، ـهـــا/: اســـم. ئاگادارینامــە؛ خەبەرنامــە؛ بووڵــتەن؛ گــۆواری ناوەکی دامەزراوەیەک.

آگـران / āgrān'، هـا/: [فرانسوی]/اسم. [مخفف] ☜ **آگراندیسور**

آگراندیـــسمان / āgrāndismān'/: [فرانـــسوی] /اسـم. ئاگراندیـــسمان: ۱. کـــاری گـــەورە کردنـــەوە ئاشـــۆپی فـــیلم ‹آگراندیـسمان عکـس: گـەورەکردنـەوەی وێنـە› ۲. [کنـایی] کـاری زل‌کردنـەوە؛ فشەکـردن؛ شـات‌وشـووت‌کـردن سـەبـارەت بـە کـەسـێ یـان شـتێک ‹ماجرا را خیلـی آگراندیـسمان مـی‌کنـد: ڕووداوەکـە زۆر زل دەکاتەوە›.

آگراندیـسور / āgrāndisor'، هـا/: [فرانـسوی] /اسـم. گـــەورەکـــەرەوە؛ ئاگراندیـــسۆر؛ کـەرەسـەیـەک بـۆ گـەورەکردنـەوی ئاشـۆپی فیلم.

آگرمـــان / āgremān'/: [فرانـــسوی] /اســم. [سیاست] پەسند؛ پەسن؛ پەسەن.

آگنوسـتی‌سیـسم / āgnostîsîsm'/: [انگلیـسی] /اسم. لێ‌نەزانی؛ ئەو بڕوایە کە دەڵێ لە وزەی مرۆڤـدا نیـە خـودا و بـاقی ڕاسـتیە سەرەکیەکان بناسێ.

آگنوسـتیک / āgnostîk'، هـا/: [انگلیـسی] صـفت. لـێ‌نـەزان؛ خـاوەن بـیر و بـڕوای لێ‌نەزانی.

آگنـه / āgne'، هـا/: اسـم. نـاو؛ ناوئـاخن؛ نـاواخن؛ نێوئـاخن؛ ئـاخن؛ پـەسـتاوتە؛ نـاوەرۆک؛ متێـل؛ شـتێ کـە ئـەخرێتـە نـاو شتێکی ترەوە.

▣ **آگنـەی دیـوار:** ناوپـڕ؛ نـاوچین؛ ناوکـار؛ نـاوێر؛ قـوڕ و خـشتی ئاخنـدراوی چـینی دیوار.

آگنەی لباس: قـەنـەواچـە؛ نـاواخنی جلـک؛ لایی.

آگـــوتی / āgotî'، هـا/: [؟]/اسـم. ئـاگوتی؛ جانـەوەرێکـی ئـەمریکـای باشـووریە بـە جـەسـتەیـەکی وەکـوو کـەروێـشک، ڕەنگـی سووری تۆخ و پای درێژ و باریکەوە.

آگوست / āgust'/: [انگلیسی] ☜ **اوت**

آگـه / āgah'/: صـفت. [مخفـف] ئاگـا؛ ئاگـادار؛ ئاگار؛ ئارا؛ ها؛ هاگـا؛ هاگـە؛ خـەبـەردار ‹نبودنـد آگـە ز درد و ز رنـج: ئاگـادار نـەبـوون لـە کـوڵ و کەسەر›.

آگهـــی / āgahî'، هـا/: اسـم. ئاگـەداری: ۱. [مخفف] ئاگایی؛ خەبەر؛ سـەح؛ سـەهـ ؛ هـەواڵ ۲. نووسـراوە، وتـار، فـیلم یـان وێنـەیـەک بـۆ دنەدانی دەستەیـەکـی دیـاریکراو لـە خـەڵـکی بـۆ کارێـک یـان ئاگـایی‌دان بـە هـۆگران سەبـارەت بـە مـەبـەسـتێکی دیـاریکراو ‹آگهی تجاری: ئاگەداری بازرگانی›.

▣ **آگهی استخدام:** ئاگەداری دامەزران.

آگهی الصاقی ☜ **آگهی دیواری**

آگهـی انحـصار وراثـت ☜ **آگهـی حَـصر وراثت**

آگهـــی بازرگـــانی/ تجـــارتی: ئاگـــەداری بازرگـانی؛ ئاگـەداریـەک بـۆ ناسـاندن یـان فرۆشتنی شتومەک.

آگهی تلویزیـونی: ئاگـەداری تـەلـەویزیـۆنی؛ ئاگـەداریـەک کـە لـە تـەلـەویزیـۆنـەوە بـڵاو دەبێتەوە. هەروەهـا: **آگهـی رادیـویی؛ آگهـی سینمایی**

آگهـــی ثبتـــی: ئاگـــەداری تۆمـــاری؛ ئاگـەداریـەک سـەبـارەت بـە کـاری تۆمـار کردن وەکوو میرات‌بەری و...

آگهـــی حَـــصروراثت: ئاگـــەداری مـیرات‌بـەری؛ ئاگـەداریـەک کـە لـە لایـەن دادپـەروەری یـان مـەزرینگـەی تۆمـاری بـەڵـگەوە دەدرێ بـۆ دیـاری‌کـردنی مـیرات‌بـەرانی کـەسێ‌کـە مـردووە: **آگهـی انحصار وراثت**

آگهـــی دولتـــی: ئاگـــەداری دەوڵـــەتی؛ ئاگەداریەک کە لە لایـەن مـەزرینگـەیـەکـی

دەوڵەتیەوە بڵاو دەبێتەوە.
آگهی دیواری: ئاگەداری دیواری: ١. ئاگەداری دان بە شێوەی نووسراوە لەسەر دیوارەوە: **آگهی الصاقی** ٢. وێنەی کێشراوە لەسەر دیوار.
آگهی مطبوعاتی: ئاگەداری گۆڤاری؛ ئاگەداری سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی کتێب، گۆڤار یان ڕۆژنامە.
▣ **آگهی دادن:** ئاگەداری دان؛ دانی ئاگەداری بە مەزرینگەی بڵاوکردنەوەی ئاگەداری ‹برای فروش خانە بە روزنامە آگهی دادم: بۆ فرۆشی ماڵەکە ئاگەداریم بە ڕۆژنامە دا›.
آگهی کردن: ئاگەداری کردن؛ بڵاو کردنەوەی ئاگەداری لە یەک یان چەن میدیاوە ‹توی روزنامە آگهی کردە بودم: لە ڕۆژنامە ئاگەداریم کردبوو›. هەروەها: **آگهی شدن**

ــــ**آگین** / āgîn'/: پیواژه. ساوی: ١. پڕکراو؛ ئاخندراو ‹خشمآگین: شەڕاوی› ٢. پێوەتلاو؛ ـالوو؛ ـالین؛ ـن ‹زهرآگین: ژەهراوی›.
آل[1] / āl'/: اسم. ١. ئاڵ؛ هاڵ؛ نەخۆشی ژاکاوی و دڵ مردوویی ژنی زەیسان ٢. [فرهنگ مردم] ئاڵ؛ هاڵ؛ جندۆکەی خەیاڵی دژی ژنی زەیسان ٣.[عربی][ادبی] خێڵ ‹ال علی: خێلی عەلی› ٤.[عربی] تراویلکە؛ سەراو؛ بەتایبەت هی بەرلە نیوەڕۆ ٥. ☜ **سیاه‌آل**
آل[2]: صفت. [ادبی] ئاڵ؛ سوور؛ سوورکاڵ؛ سۆری قەبی؛ بە ڕەنگی سووری ڕۆشن.
ــــ**آل**[3]: پسوند. ـاڵ؛ خاوەن وێکچوون و لێکچوون ‹چنگال: چنگاڵ›.
آلائیدن / ālā'îdan'/ ☜ **آلاییدن**
آلاپلنگی / ālāpalangî'/: صفت. خاڵ‌ـخاڵی؛ پەڵ‌ـپەڵ؛ بە نەخش یان ڕەنگێک کە دژی یەک بن (وەکوو پێستی پلنگ).

آلات / ālāt'/: [عربی]/اسم. ١. جمعِ ☜ **آلت** ٢. ـات؛ ـواڵە؛ ـئەواڵە؛ نیشانەی کۆ لە بڕێ دەسهاتەکاندا ‹آهن‌الات: ئاسنەواڵە›.
آلاچیق / ālāčîq'، ـها/: [ترکی]/اسم. کولک: ١. چیخە؛ کولا؛ کوولا؛ چارداخ لە حەسیر و قامیش ٢. کەپر؛ هەرزاڵ؛ کوملان؛ هەرزەلە؛ جێگایەک کە بە سەر و دەوریەوە گیا پێچراوە و بۆ سێبەر لە باخ و باخچە کەڵکی لێ وەردەگیرێ.
آلاخون‌والاخون / ālāxûnvālāxûn'/: [؟] صفت. [گفتاری] دەربەدەر؛ ئاوارە؛ ڕەبەن؛ بێ ماڵ و حاڵ؛ تەرەوبەرە؛ بەرەزە؛ دەرەندوو؛ وێڵ و سەرگەردان ‹بیچارە توی شهر غریب الاخون والاخون بود: بێچارە لەو شارە غەریبەدا دەربەدەر بوو›.
آل‌اسبی / āl'asbî'، ـها؛ ـان/: اسم. ئارژینگە کێوی؛ گێلاسەکێفیلە؛ دارچکێ ناو لێڕەوارە گوڵێکی قاوەیی مەیلەو سەوزی هەیە: **گیلاس وحشی**
آلاش / ālāš'/ ☜ **راش**
آلاف‌والوف / ālāf-o-ulûf'/: [عربی]/اسم. [کنایی] ١. دەم و دەزگا؛ دام و دەزگا ‹بین چە آلاف و الوفی درست کردە: بڕوانە چ دەم و دەزگایەکی پێکناوە› ٢. سامان؛ دارایی زۆر ‹وقتی پدرزنش مرد، آرام بە الاف و الوفش رسید: کاتێ کە خەزوورەی مرد، ئارام گەیشتە سامانەکەی›.
آلاگارسن / ālāgārson'/: [فرانسوی] صفت. [نامتداول] کوڕانە (سەبارەت بە ئارایشتی موو).
آلاله / ālāle'، ـها؛ ـگان/: اسم. ئالالە؛ هەلالە؛ گوڵەمێرگ؛ گوڵماساوە؛ سپی‌چنە؛ گوڵماس؛ چنارکەڵە؛ چنارە؛ گوڵەبووک؛ گوڵێکی سووری ئاڵە.
▣ **آلالەی زهری:** گیاژار؛ هەلایهەل؛ هەلاهیل؛ هەلاهەل.

آلاله‌ی سفید: هه‌لاله چه‌رمه.

آلالـی / 'ālālî/: اسم. [روان‌شناسی] لاڵ‌وپاڵی؛ لالی؛ کڕی؛ بێ‌زمانی.

آلام / 'ālām/: [عربی] جمعِ ☜ **آلم**

آلامد / 'ālāmod، ـها/: [فرانسوی] صفت. ئه‌لمۆده؛ به‌رامبه‌ر به دابی ڕۆژ ‹لباس آلامد: جلکی ئه‌لموده›.

آلان / 'ālān/: اسم. ئالان: ۱. هۆزی کۆنی ئێرانی نیشته‌جێی قه‌فقاز که ئاستیگه‌ل یان ئاسیگه‌لی ئێستا له تۆره‌مه‌ی ئه‌وانن ۲. /ـها/ هه‌رکام له که‌سانی ئه‌و هۆزه.

آلانک / 'ālānak/ ☜ **آلونک**

آلانی / 'ālānî/ ☜ **آسی**

آلاو / 'ālāv/: اسم. ڤه‌ژن؛ کڵه؛ تین؛ تینی؛ هالاو؛ هه‌ڵم؛ هه‌ڵمی؛ گه‌رمه‌بۆق؛ تینی گه‌رمای به ته‌وژم.

آلایـش / 'ālāyeš، ـها/: اسم. ۱. [ادبی] ناپاکی؛ پیسی؛ گه‌ماری؛ پیساتی ۲. [مجازی] ڕه‌غم؛ ئه‌غم و ڕه‌غم؛ ئه‌ندامگه‌لی گیانله‌به‌رانی گۆشتی که جیا- جیا ده‌فرۆشرێن (وه‌کوو که‌ل وپا، دل، گورچیله و...).

آلاینـده / 'ālāyande، ـها/: صفت. [ادبی] پیسکه‌ر؛ هه‌ڕمێنه‌ر؛ له‌وتێنه‌ر؛ به توانا بۆ پیس‌کردن ‹ماده‌ی آلاینده: ماکی پیسکه‌ر›.

آلاییدن / 'ālāyîdan/ ☜ **آلودن: آلائیدن**

آلئـوت / 'āle'ût/: اسم. ئالێئووت: ۱. /ـها/ هه‌رکام له که‌سانی خێڵه‌کی له دوورگه‌کانی ئالێئووشێن و په‌گالی له ئالاسکادا ۲. زمانی ئه‌و خێڵه که نێزیکه به زمانی ئێسکیمۆوییه‌وه.

آلبالو / 'ālbālû، ـها/: اسم. بلاڵووک؛ براڵووک؛ به‌لاڵووک؛ به‌راڵووک؛ براڵوێ؛ ئالووباڵوو؛ ئالووباڵوو؛ ئالۆباڵۆ؛ براڵوو؛ ئاری‌باری؛ بلاڵوێ؛ وه‌لالیک؛ هالووبلاڵووک؛ هالۆبه‌لاڵووک؛ هاله‌به‌لاڵووک؛ هه‌لمه‌لووک؛ به‌لالیک؛ بلاڵک: ۱. داری بلاڵووک ۲. میوه‌ی ئه‌و داره که خڕ و ترش و سووری تۆخه ❋ **آلوبالو**

▣ **آلبالو کوهی:** گلیه‌ر؛ به‌لاڵووکه‌کێویله؛ گیراز؛ باچک؛ هلملووک؛ هه‌لهه‌لاک؛ هه‌لاڵووک؛ هه‌لوونه؛ ته‌ڕبی؛ براڵووکه کێوی؛ بلاڵووکه کێفیله؛ براڵوویی؛ ئالووباڵووی کێوی.

▣ **آلبالو گیلاس چیدن چشم** ☜ **چشم**

آلبالوئی / 'ālbālûî'î/ ☜ **آلبالویی**

آلبالوپلو / 'ālbālûpolow, -polo/: اسم. بلاڵووک‌پلاو؛ جۆرێ پلاوی تێکه‌ڵ به مره‌بای بلاڵووک.

آلبالویی[1] / 'ālbālûyî/: اسم. سوور تۆخ: **آلبالوئی**. هه‌روه‌ها: **آلبالویی رنگ**

آلبالویی[2]: صفت. سووری تۆخ؛ به ڕه‌نگی بلاڵووکێ که جوان گه‌یشتووه و ڕه‌نگی سووری تۆخی هه‌یه: **آلبالوئی**

آلبانیائی / 'ālbān(i)yā'î/ ☜ **آلبانیایی**

آلبانیایی / 'ālbān(i)yāyî/: اسم. ئالبانیایی: ۱. له زمانگه‌لی هێندو ئورووپایی له ئالبانیا و باشووری ئیتالیا ۲. /ـها؛ ـان/ هه‌رکام له خه‌ڵکی سه‌ر به ئالبانیا یا منداڵه‌کانیان ❋**آلبانیائی**

آلبوم / 'ālbom، ـها/: [فرانسوی] اسم. ئالبۆم؛ ده‌فته‌رێک له په‌ڕی ـ زۆرتر ـ مقه‌بایی یان پلاستیکی بۆ ڕاگرتنی کۆمه‌ڵێک (وه‌ک وێنه، ده‌ستنووس، ته‌مر، سکه و...).

آلپاکا / 'ālpākā، ـها/: [انگلیسی از اسپانیایی] اسم. ئالپاکا؛ گیانله‌به‌رێکی گواندار له تیره‌ی وشتران به کوڵک و مووی نه‌رم و بریقه‌داره‌وه.

آلت / 'ālat، ـها؛ آلات/: [عربی] اسم. ۱. ئامێر؛ ئامیر؛ ئامراز؛ ئه‌سپاب؛ که‌رسته؛ که‌ره‌سه

‹آلت جنگ: ئامرازی شەڕ› ٢. ئەندام.

▣ **آلت تناسلی:** ئەندامی زاوزێ.

آلت جرم: ئامرازی کەتن؛ ئامێری تاوان؛ کەرستەیەک (وەک چەقۆ، هاچەر، چەک و...) کە بەوەوە کارێکی ناڕەوایان کردبێت.

آلت دست: *[مجازی]* داردەس؛ دارەدەست؛ کەسێ کە بێ ئەوەی بزانێ، دەبێتە ئامرازی بەڕێوە چوونی ویستی (زیاتر ناڕەوای) کەسێکی‌تر.

آلت فعل: ١. ئامێر؛ ئامراز؛ ئەسپابی کار ٢. *[کنایی]* کێر؛ چووک؛ سیرەت.

آلت قتاله: کەرەسەی کوژەر؛ کەرەستەیەک کە بۆ کوشتن کەڵکی لێ وەردەگیردرێ.

آلت مَعَطّله: ١. پەڕۆکۆنە *[مجازی]*؛ ئامێری لاکەوتە؛ کەرەسەی لەکارکەوتوو و بێ کەڵک ٢. *[مجازی]* بێکار؛ مێشگر؛ ڕێخاوی؛ دەس‌بەتاڵ.

آلترناتیو / ālternātîv'، ـها/: [فرانسوی] *صفت.* جێگر؛ نوێنەر؛ جێنشین؛ یاگەدار ‹بە دنبال آلترناتیو دیگری باشید: بکەونە دوای جێگرێکی‌ترەوە›.

آلتو / ālto'/: [انگلیسی از ایتالیایی] *اسم.* *[موسیقی]* ئالتۆ؛ دەنگی زیقی ژنانە لە ئاوازێ کە چەن کەسی دەخوێندرێ.

آلتواستراتوس / ālto'esterātûs'/ ☜ ابر فرازپوش، **ابر**

آلتوکومولوس / āltokomolûs'/ ☜ ابر فرازکومەای، **ابر**

آلتیمتر / āltîmetr'، ـها/: [؟] *اسم.* بەرزی‌پێو.

آلرژی / ālerjî'، ـها/: [فرانسوی از آلمانی] *اسم.* ١. هەستۆکی؛ هەستەمەنی؛ حەساسیەتی جەستە بە شتێ کە بە شێوەی خارشت، ئاو لە لووت یان چاوەوە هاتن یا زیپکە دەرهێنان، خۆی دەنوێنێ ٢. *[مجازی]* بێز؛ وەڕەزی زۆر.

▣ **آلرژی پیدا کردن:** تووشی هەستۆکی بوون. هەروەها: **آلرژی داشتن**

آلرژی‌زا / ālerjîzā'، ـها/: [فرانسوی/ فارسی] *صفت.* هەستۆکی هێنەر؛ هەستەمەنی هێنەر؛ هۆی پەیدا بوونی هەستۆکی.

آلزایمر / ālzāymer'/: [آلمانی] *اسم.* *[پزشکی]* ئالزایمر؛ نەخۆشیەک کە وردەوردە مێشک بەتاڵ دەکاتەوە.

آلفا / ālfā'/: [یونانی] *اسم.* ١. ئالفا؛ نێوی هەوەڵین پیتی ئەلف و بێتکەی یوونانی (α) ٢. *[نجوم]* ئالفا؛ ڕووناکترین ئەستێرە لە کەلوویەکی ئاسمانیدا ٣. *[شیمی]* ئالفا؛ یەکێ لە دوو یا چەند پێکهاتەی ئیزومێری ٤. ـها/ ئالفا؛ گیایەک کە هەوداگەلی لە نەساجی و قاقەزسازیدا بەکار دەڕوا.

آلک / ālak'/: *اسم.* سملەتیف؛ سملەتیف؛ ئاوەڕێژە؛ گیا کتک؛ ئەشەدبۆ.

آلکومتر / ālkometr'، ـها/: [فرانسوی] *اسم.* ئەلکول‌پێو.

آلگ / ālg'، ـها/: [فرانسوی] *اسم.* کەفزەر؛ خەزە؛ شینایی سەر ئاو.

آلگول / ālgol'/: [انگلیسی] *اسم.* ئالگول؛ لە زمانگەلی بەرنامەنووسی کۆمپیوتەر.

آلگونکین / ālgonkiyan'/: [؟] *اسم.* ئالگلۆنکیەن؛ دووهەمین خولی پێش لە خولی سەرەتایی زەوین‌ناسی.

آلمانی[1] / ālmānî'/: *اسم.* ئالمانی: ١. ـها/ ـان/ هەرکام لە کەسانی سەر بە ولاتی ئالمان یان منداڵەکانیان ٢. لە زمانگەلی ژێرمەنی باو لە ولاتانی ئەڵمان، ئوتریش و بەشێ لە سوویس.

آلمانی[2]: *صفت.* ئالمانی؛ پەیوەندیدار یان پاڵدراو بە ئالمانەوە ‹شرکت آلمانی:

بەشدارگەی ئەلمانی›.

آلنـگ / ālang'، ـهـا/:/اسـم. [ادبی]/ کـەنـداو؛ خـەنـدەک؛ خـەرەنـد؛ قوولـکە؛ کـەنـدک؛ کەندە؛ کەنەکی شـوورا؛ خـەنـەق؛ چالـێک کـە بە دەور قەڵادا دەیکەنن و ئاوی تێدەخەن.

آلو / ālû'، ـها/:/اسم. ئـەلـوو؛ هـەلـوو؛ هـیروو؛ ئەلی؛ هەڵـوو؛ حولیـک؛ حـەلـووک؛ حولـووک؛ عـەلـوک؛ عـەلووکـە: ١. داری هـەڵـووچە ٢. میوەیـەکـی خڕکـەڵـەی شـیرینە و بـەهـارە و پاییزەی هەیە.

▣ **آلـو زرد**: زەردالـوو؛ زەردەلـوو؛ ئـالووزەر؛ حـەلووکـەزەر؛ ئالووچـەزەردە؛ حـەتحـەت؛ حـەتحـەتۆک؛ فـاتر داشـاخی؛ عـەلـووکی زەرد؛ هـــەروە زەردێ؛ حــــەلووکــــازەر؛ هەڵووژە پاییزەی زەرد.

آلــو ســرخ: گــەلاس؛ گــەلاز؛ گــلاز؛ ئاریباری؛ هەڵووچە سوورەی پاییز.

آلوبالو / ālûbālû'/ ☜ **آلبالو**

آلوچـــه / ālûče'، ـهـا/:/اسـم. هــەڵــووچە؛ هـەڵـووژە؛ هـەلووجـە؛ ئـەلووکـە؛ هێروگـە؛ هــەڵـــچە؛ گۆگجـــە؛ گۆیجـــە؛ : ١. داری هـەڵـووچە ٢. میـوەی ئـەو دارە کـە سـەوز و ترش و خۆراکیە.

ـ آلـود / ālûd'/: پیواژە. ١. ـالـوو؛ خـاوەن بـار و دۆخ یـان چۆنیـەتی دیـاریکراو ‹خـوابالـود: خـەوالـوو› ٢. ـاوی؛ ـالـین؛ ـن؛ ـین؛ تێکـەڵ بـە شـتێ ‹اشـکالـود؛ چرکـالود: فرمیـسکـاوی؛ چلکن›.

آلـودگی / ālûdegî'، ـهـا/:/اسم. ١. پیـسی؛ پیساتی؛ تـەڕیفـی؛ دۆخ یـان چۆنیـەتی پـیس بـوون ‹فاضـلابهای خـانگی و صـنعتی موجـب آلودگی آبها مـیشـود: فازلاوگـەلی مالـی و پیـشەیـی ئەبێتە هۆی پیـسی ئـاوەکـان› ٢. گـیر و گرفـت؛ گیرۆیـی بـە کـار یـان دۆخێکـی خـراپ و نالـەبـارەوە (وەکـوو گوناهـ ، قـەرزداری و...)

‹سـعی کـن خـودت را از ایـن آلودگیهـا خـلاص کنـی: تێکۆشـە خـۆت لـە دەس ئـەم گـیر و گرفتانـە ڕزگار بکەی›.

آلــودن / ālûdan'/: مـصدر. متعـدی.// **آلــودی**: لـەوتانـدت؛ **مــیآلایــی**: دەلـەوتـێنی؛ **بیــالا**: بلەوتێنە// تێـوەدان؛ لـەوتانـدن؛ هـەڕمانـدن: ١. ئالوودەکردن؛ چـەپـەڵ کـردن؛ تـێ گـەڤـزاندن؛ پـیس کـردن؛ ڤـەزختانـدن؛ پـاکی و خـەوشـی شتێ بەبۆنەی شـتێکی دیکـەوە لـە نێـو بـردن ‹آب را آلـودن: ئـاو لـەوتانـدن› ٢. هـەڵـپێچاندن بە کارێکی نالـەبـارەوە ‹بـە گناه آلـودن: تێـوەدان بـە گوناهــەوە› ٣. [کنـایی]/ نــاو زڕانــدن؛ قــاڵ دەرخـستن؛ پێـوە تلانـدن ‹نـام کـسی را آلـودن: نـاو زڕاندنـی کـەسـێ› ✻**آلاییـدن**. هـەروەهـا: **آلودنی**

■ صـفت فـاعلی: **آلاینـــده** (لەوتێنــەر)/ صـفت مفعـولی: **آلــوده** (لـەوتـاو)/ مـصدر منفـی: **نَیــالودن** (نەلەوتاندن)

آلــوده / ālûde'/: صفت. ١. لـەوتی؛ پیـسکراو؛ چڵکن؛ گـەمـار؛ تـەڕیـف؛ ڤـەزخـت؛ زیـرگ؛ زیـرگن ‹دسـتهای آلـوده: دەسـگەلی لـەوتی› ٢. تووشـیار؛ گـیرۆدە ‹خـودش را آلـودەی دوسـتان نابـاب کـرد: خـۆی تووشـیاری دۆسـتی خـراپ کرد›.

▣ **آلــوده دامــن**: دامـێنتـەڕ؛ دامـێنپـیس؛ داوێنتەڕ؛ شواڵچەپەڵ؛ داوشکەستی.

▣ **آلوده کـردن**: هـەڕمانـدن؛ چـەپـەڵ کـردن؛ پـیس کـردن؛ لـەوتانـدن. هـەروەهـا: **آلـوده بودن؛ آلوده شدن**

آلــومینیم / ālomîn(i)yom'/: [فرانـسوی]/اسـم. فـافۆن؛ ئالـۆمینیۆم: ١. تـوخمێکیکـانزایی، زۆر سووک بـە ژمـارەی ئـەتـومی ١٣ و کێـشی ئـەتـومی ٢٦،٩٨، بـە ڕەنگـی سـپی ئامـاڵ خۆڵـــەمێـــشیەوە ٢. /ـــهـــا/ دەســـهاتی ئالۆمینیۆمی؛ هەرچێک لە فافۆن چێ کراوە.

آلـــــومینیمی / ālomîn(i)yomî'/: صـــفت. فـــافۆنی؛ ئالـــمین؛ ئـــالۆمینیۆمی؛ درووســـکراو لـه ئـالۆمینیۆم ‹در و پنجـرەی آلـومینیمی: درگـا و پەنجێرەی ئالۆمینیۆمی›.

آلونـــک / ālûnak'، ـهـا/:اسـم. هۆلـــک: ۱. ترکەڵەک؛ کولک؛ سەرپـەنـا یـان خانوویـەکـی چکۆلـەی درووسـکراو لـە شـتی کـەم بـەرگـە (وەکـوو چێـو، دار و حـەلـەبی) ۲. *[کنـایی]* کـۆخ؛ کۆختـە؛ کۆخـک؛ کۆلـیت؛ کۆلـیتە؛ قۆلـیت؛ کـاز؛ ماڵـۆچکە؛ یانـەکـڵە؛ خانوویـەکـی زۆر چکۆلە ※ **آلانک**

آلونـــکنـــشین / ālûnaknešîn'، ـهـا؛ ـان/: صـــــفت. هۆلـــــکنـــــیش؛ کازنـــــشین؛ ماڵۆچکەنـشین؛ یانـەکـڵەنـشین؛ نیـشتەجێـی ماڵۆچکە. هەروەها: **آلونکنشینی**

آله / āle'/ ☜ **سُنبُلالطّیب ــ۲**

آلـی / ālî'/: [عربـی] صفت. ئـالی: ۱. سـەر بـە شتێ یا مـاکێکی زینـدوو ‹شیمی آلـی: کیمیـای ئـالی› ۲. زانـستە وێـژەییـەکـانی زمـانی عـەرەبی (وەک: سـەرف و نـەحـو و...) ‹علـوم آلی: زانستگەلی ئالی›.

آلیـاژ / āl(i)yāj'، ـهـا/: [فرانـسوی] اسم. ئالیـاژ؛ تێکەڵاوی دوو یان چەند کانزا.

آلیگـــاتور / ālîgātor'، ـهـا/: [فرانـسوی] اسم. ئالیگـاتۆر؛ گیانلـەبـەرێکـی خزۆکـی ئاوژیـە لـە تـیرەی نەهـەنگ بـە درێژایـی ٤ تـا ٥ میتـر: **نهنگ آمریکایی**

ـ آمـا / āmā'، ـهـا؛ ـیان/: پسوند. *[ادبی]* ــونـار؛ ـچلێن؛ پێکهێن؛ پێکهێنەر ‹کارآما: کارونار›.

ـ آمائی / āmā'î'/ ☜ **ـ آمایی**

آمائیدن / āmā'îdan'/ ☜ **آماییدن، آمادن**

آمـــاتور / āmātor'، ـهـا/: [فرانـسوی] صـفت. ئامـاتۆر؛ خـاوەن کـار و چـالاکی لـە بـوارێ (وەک زانـــست، هونـــەر، وەرزش و...) بـــۆ سەرگەرمـی یـان هـۆگری، بـێ ئـەوەی ژیـانی پێـوە بـەرێـوە بچـێ. بـەرانبـەر: **حرفـەای** ‹اخترشناس آماتور: ئەستێرەناسی ئاماتور›.

آمـــاتوری / āmātorî'/: [فرانـــسوی/ فارســـی] صـفت. ئامـاتۆری؛ بـە شـێوازی ئاماتۆرگـەل ‹ورزش آماتوری: وەرزشی ئاماتۆری›.

آمـاج / āmāc'، ـهـا/:اسم. *[ادبی]* ۱. نیـشانە؛ نیـشا؛ نیـشانێ؛ ئارمـانج؛ ئـەو شـتەی بـۆ تـیر هاویـشتن دەبـەر چـاو دەگـیرێ ۲. بـەرپـەڵ؛ ئامـانج؛ ئـەمـانج؛ ئـەوەی کـە کـەوتبێتـە بـەر شـتێکی ـــ زۆرتـرـــ زیانبـارەوە ‹آمـاج دشـنام: ئامانجی جنێو› ※ **هـدف** ۳. کێلـگ؛ سـەگمـان؛ کێـــل؛ گێـــسن؛ گیـــسن؛ گاســـن؛ دەمـــی گـاوەسـن ٤. بـەرپێـک؛ هـەتـەر؛ تـیرەنـگ؛ مەودای تیرهاوێژ هەتا نیشانەگا.

◘ **آمـاج حملـه بـودن:** لـە بـەر هێـرش بـوون؛ بەر سینگی هێرش بوون.

آماج قـرار دادن: کردنـە ئامـانج: ۱. نیـشانە کـردن؛ کردنـە نیـشانە ۲. هێـرش بـردن؛ بۆی هێرش بردن یان تیر خستن.

آماجگـاه / āmācgāh'، ـهـا/:اسم. بـەرپێـک؛ نیـــشانگە؛ ئارمانجگـــا؛ ئامانجگـــە؛ جێگـــەی نیشانەگیری.

آمـاد / āmād'/:اسم. *[نظـامی]* ئـابوورەمـەنی؛ هـــەر چـــەشـــنە خـــۆراک، جـــل و بـــەرگ و ئامرازی شەرێک کـە بـۆ چـەکداران پێویـست بێ. هەروەها: **آمادی**

آمادگـاه / āmādgāh'، ـهـا/:اسم. پـشتیوانی؛ رێکخـراوەیـەک لـە ئـەرتـەش کـە بـەرپرسـی ئامـادەکـردنی ئـابوورەمـەنیگـەلی پێویـستە (وەک دابـــینکـــردنی پێخـــۆر، پۆشـــاک و شتومەکی شەڕ).

آمـادگی / āmādegî'/:اسم. ۱. بـەرهـەڤـیەتی؛ بـەرهـەڤـی؛ راهـاتوویی؛ خـاراوی؛ خاراویـەتی؛ بار و دۆخ یان چۆنیـەتی ئامـادە بـوون ‹تـا یـک هفتـە همـە بـە خـاطر زلزلـە در آمـادگی بودنـد: تـا

حەوتوویەک بەهۆی بوومەلەرزەوە هەموو لە بەرهەڤیەتیدا بوون› ۲. لەباری؛ لێهاتوویی؛ ساز و تەیاری؛ ژێهاتوویی و توانایی ‹آمادگی مبتلا شدن به بیماری قند: لەباری بۆ تووشیاری نەخۆشینی قەن› ۳. پلەی پێش سەرەتایی لە خوێندنی هەمووانیدا.

⊡ **آمادگی داشتن:** خاراوی بوون؛ ئامادەیی هەبوون؛ تەیاری هەبوون؛ ساز بوون ‹من امادگی این کار را ندارم: من خاراوی ئەم کارە نیم›.

آمادن / āmādan'/: *مصدر. متعدی. [ادبی]* //**آمادی:** سازتدا؛ **می آمایی:** سازدەدەی؛ **بیاما:** سازدە// بەرهەڤ کرن؛ چلانن؛ پێ گەیاندن؛ سازدان؛ ڕاهێنان؛ دەرهێنان؛ ئامادەکردن؛ ناردن؛ خاراندن؛ سەروبەند بەستن ‹امادن محصولات کشاورزی: بەرهەڤ کرنی دەسهاتی کشتوکاڵ›: **آمودن**؛ **آماییدن**. هەروەها: **آمادنی**

■ **صفت فاعلی: آماینده** (سازدەر)/ **صفت مفعولی: آماده** (سازدراو)

آماده / āmāde'/: *صفت.* ئامادە: ۱. تەیار؛ ساز؛ خاراو؛ خارا؛ ڕاهاتە؛ بەرهەڤ؛ کارکری؛ ونار؛ گورج؛ مق؛ کن کوو؛ ساز و تەیار بۆ کارێ (بە بیر یان بە لەش) ‹آمادەی رفتن: تەیار بۆ ڕۆیشتن› ۲. چێ؛ دروست؛ بەدەستەوە؛ بەدەسەوە؛ چاخ؛ خاراو؛ خارا؛ دەرهاتە؛ ساز و تەیارکراو ‹مرغ اماده: مریشکی ئامادە› ۳. تەیار؛ خاوەن هۆگرەتی ‹آمادەی پذیرش: تەیاری وەرگری›.

⊡ **آماده بودن:** ئامادە بوون: ۱. بە دەستەوە بوون ‹پول اماده است: پارە بە دەستەوەیە› ۲. ونار بوون؛ تەیار بوون؛ ساز بوون ‹آمادە بود ما را ببرد: ساز ببوو ئێمە بەرێت›.
هەروەها: **آماده شدن**

آماده داشتن: بە دەستەوە بوون؛ پێ بوون؛ لەبەر دەسدا بوون ‹اگر قالی را آورد، پول آماده داری؟: ئەگەر قالیەکەی هێنا، پارەت بە دەستەوەیە؟›.

آماده کردن: چلانن؛ سازدان؛ پێ گەیاندن؛ ئامادەکردن؛ بەرهەڤ کردن؛ تەیارکردن؛ خاراندن؛ ناردن؛ گورجفرج کردن.

آمادەباش / āmādebāš'، ـها/: *اسم.* وازری؛ بار و دۆخ یان چۆنیەتی ئامادە بوون لە بەرانبەر مەترسیدا ‹آمادەباش در برابر سیل: وازری لە بەرانبەر لافاودا›.

⊡ **آماده باش دادن:** *[نظامی]* وازری دان ‹به سربازان آماده باش داده شد: بە سەربازەکان وازری درا›.

آمادەسازی / āmādesāzî'، ـها/: *اسم.* ئامادەسازی؛ کار یان ڕەوتی ئامادەکردن ‹آمادەسازی کتاب: ئامادەسازی کتێب›.

آمار / āmār'/: *اسم.* ژمێرکۆ؛ سەرژماری؛ هەڵژماری: ۱. /ـها/ ئاگایی ژمارەی سەبارەت بە مرۆ یان هەر شتێکی تر ‹آمار نفوس و مسکن در کردستان: ژمێرکۆی مرۆ و خانوو لە کوردستاندا› ۲. زانستی کۆکردنەوە، دەرهێنان، لێکۆڵینەوە و ڕاگەیاندنی ئاگایی ژمارەیی سەبارەت بە بەشێک لە کۆمەڵەیەک یان پۆلێک لەو کۆمەڵانە؛ زانستی ژمێرکو: **آمارشناسی**

⊡ **آمار دادن:** ژمێرکۆ دان؛ سەرژماری دان ‹از موجودی انبار آمار بدهید: لە شتەکانی هەمار سەرژماری بدەن›.

آمار گرفتن: ژمێرکۆگرتن؛ سەرژماری کردن؛ کردنە سەر ‹سال پیش آمار گرفتەایم: ساڵی پێشوو سەرژماریمان گرتووە›.

آمارد / āmārd'/: *اسم.* ئامارد: ۱. هۆزی کەڤارای نیشتەجێی ڕەخی باشووری دەریای کاسپیەن ۲. /ـها/ هەرکام لە

خەڵکی ئەو هۆزە.

آماردن / āmārdan/' ☜ **آماریدن**

آمارشناس / āmāršenās'، ـها؛ ـان/: اسم. ژمێرکۆناس؛ زانا و کارناسی ژمێرکۆ.

آمارشناسی / āmāršenāsî/' ☜ **آمار-٢**

آمارگر / āmārgar'، ـها؛ ـان/: اسم. هژمارکار؛ ژماریار؛ سەرژمێر: ١. ناونووس؛ سەرنووس؛ هوومارتۆخ؛ کەسێکە سیایی ناوی خەڵک دەگرێ ‹باید برای این تحقیق یکی ــ دو نفر آمارگر هم بگیریم: ئەبێ بۆ ئەم لێکۆڵینەوە دانێ ــ دوان ژماریاریش بگرین› ٢. کەسێ کە گیانداران یان هەر شتێکیتر دەژمێری.

آمارگیر / āmārgîr'، ـها؛ ـان/: اسم. سەرژمار؛ سەرژمێر؛ کەسێ کە گیانداران یان هەرشتێکیتر دەژمێرێ.

آمارگیری / āmārgîrî'، ـها/: اسم. ژمارزانی؛ کار یان ڕەوتی بەدەس هێنانی ژمارەگەلی ژمێرکۆیی لە کۆمەڵێکی دیاریکراودا.

آماریدن / āmārîdan/': مصدر. متعدی. [ادبی] بژاردن؛ هەژماردن؛ هەژمراندن؛ ژمارتن؛ ئژمارەی: **آماردن**

آماس / āmās'، ـها/: اسم. ١. باکردوویی؛ ڕەوتی بەرزەوە بوون؛ باکردن ‹جیبش آماس کرده بود: گیرفانی بای کردبوو› ٢. [پزشکی] ماس؛ پەنام؛ پەنم؛ وەرەم؛ هەڵمساوی؛ ئەستووری؛ هەوا؛ هیزە؛ پەرچڤ ‹آماس زانو: ماسی ئەژنۆ›.

◘ **آماس مخ:** مێشک پەنەمی؛ با کردنی مێشک.

◘ **آماس کردن:** پەنەمان؛ پەنەمین؛ پەنمان؛ ئاوسان؛ ماسین؛ ماسایش؛ ماسەی؛ ماسان؛ ماسیان؛ باکردن؛ هەڵکفان؛ هەڵکفیان؛ ئەستوور بوون.

آماساندن / āmāsāndan/': مصدر. متعدی. [نامتداول] پەنەماندن؛ هەڵتۆقاندن؛ ماساندن؛ ماسنەی؛ ماسنای: **آماسانیدن**

آماسانیدن / āmāsānîdan/' ☜ **آماساندن**

آماس‌کش / āmāskeš'، ـها/: اسم. [پزشکی] ماس‌کێش؛ هەرکام لەو دەرمانانە کە دەبێتە هۆی لەبەین چوونی پەنام.

آماسیدن / āmāsîdan/': مصدر. لازم. ماسین؛ ماسان؛ ماسیان؛ ماسایش؛ ماسەی؛ ماسای؛ پەنەمیەی؛ هەڵماسین؛ هەلامسین؛ هەلاماسین؛ هەڵمسان؛ هەلامسان؛ پەنەمان؛ پەنەمین؛ پەنمان؛ پەمیان؛ پەڵمان؛ پەڵمین؛ پەمین؛ ئاڤسین؛ ئاوسان؛ ئاوسیان؛ ئاوسین؛ هەڵپفان؛ هەڵپفیان؛ هەڵکفان؛ هەڵکفیان؛ هەڵکفین؛ پەرچڤین؛ ئەستوور بوون؛ باکردن.

■ صفت فاعلی: **آماسنده** (ــ)/ صفت مفعولی: **آماسیده** (ماسیو)

آماسیده / āmāsîde/': صفت. ماسیو؛ ماساو؛ ماسیاگ؛ هەڵماسیاو؛ هەڵمساو؛ هەلامساو؛ هەلامسیو؛ پەنەمیو؛ پەنماو؛ پەنەماو؛ پەڵماو؛ پەمیاو؛ ئاوساگ؛ هەڵپفاو؛ باکردوو؛ ماسورا؛ ماسایە؛ ماسایا؛ پەڵم؛ پەنەمیاگ؛ ماسا ‹جسد آماسیده‌اش را از آب بیرون کشیدند: لەشی هەڵماسیویان لە ئاو دەرکێشا›.

آمال / āmāl/': جمعِ ☜ **اَمَل**

آمالگام / āmālgām/': [فرانسوی از عربی] اسم. مەلغەمە؛ ئالیاژی جیوە لەگەڵ کانزایەکیتردا.

آمایش / āmāyeš'، ـها/: اسم. ١. ئامادەسازی؛ کار و ڕەوتی خاران؛ ڕاهێنان؛ ونارن ‹آمایش زمین: ئامادەسازی زەمین› ٢. پۆڕان؛ پۆڕیان؛ دەسکلاری.

◘ **آمایش داده‌ها** ☜ **داده‌آمایی**

آمایش سرزمین: خارانی زەوین؛ کار یان ڕەوتی بەهرە وەرگرتن لە سەرچاوەگەلی سروشتی بە مەبەستی دابین کردنی

پێداویستیەکانی دانیشتوانی ئەو شوێنە.

ـ آمـایی / āmāyî'/: *پیواژه.* ــپێکهێنــەری؛ ـ پۆری؛ ـکۆوەکری: **ـآمائی**

آماییدن/ āmāyîdan'/ ☜ **آمادن: آمائیدن**

آمبــولانس / āmbûlāns, 'āmbolāns'، ـهـا/: [فرانسوی]/*اسم.* ئامبۆلانس؛ ماشێنی تایبەتی جێبەجێ‌کردنی نەخۆش و گەزنگازان ‹مریض را گذاشتند توی آمبولانس و بردند: نەخۆشەکەیان خستە نێو ئامبولانس و بردیان›.

آمبــولی / āmbolî'/: [فرانسوی]/*اسم.* [*پزشکی*] ئامبولی؛ بەسرانی ڕەگ؛ کپ بوونەوەی دەماری لەش.

آمپــر / āmper'/: [فرانسوی]/*اسم.* ئامپێر؛ یەکەی پێوانی توندی و هێزی کارەبا.

آمپرســاعت / āmpersā'at'/: [فرانسوی/ عربی] /*اسم.* یەکەی پێوانی کارەبا، بەرانبەر بە ٣٦٠٠ کوولۆن.

آمپرســنج / āmpersanc'، ـهـا/: [فرانسوی/ فارسی]/*اسم.* ئامپێرمیتر؛ ئامپێرپێو؛ ئامێری پێوانی توندی و هێزی کارەبا: **آمپرمتر**

آمپرمتــــر / āmpermetr'/: [فرانسوی] ☜ **آمپرسنج**

آمپلیفــــایر / āmpilîfāyer, 'āmp(e)lîfāyer'، ـها/: [انگلیسی]/*اسم.* ئامپلیفایر؛ ئامرازێک بۆ بەهێزترکردنی توندی کارەبا، بەرزتر کردنەوەی دەنگ و...

آمپــول / āmpûl'، ـهـا/: [فرانسوی]/*اسم.* ئەمپوول: ١. شووشەیەکی چکۆلە و سەربەسراو کە دەرمانی تێدایە ‹یکی از آمپول‌ها شکست: دانێ لە ئەمپوولەکان شکا› ٢. ئەو شتەی وا لە نێو شووشەکەدایە ‹هر هفته یک آمپول تزریق شود: حەوتەیەک ئەمپوولێ بوەشێندرێ›.

⊡ **آمپول تزریقی:** ئەمپوولی وەشاندن.

آمپول خوراکی: ئەمپوولی پێخۆری.

آمپول زیرجلدی: ئەمپوولی ژێرپێست.

هەروەها: **آمپول عضلانی؛ آمپول وریدی**

⊡ **آمپول زدن:** دەرزی وەشاندن؛ ئەمپوول لێدان؛ چەن شەی ‹دکتر آمد و آمپول را زد: دوکتۆر هات و دەرزیەکەی وەشاند›.

آمپــول‌زن / āmpûlzan'، ـهـا/: [فرانسوی/ فارسی]/*اسم.* دەرزیوەشێن؛ چەن‌شان.

آمپیریســم / āmpîrîsm'/: [فرانسوی]/*اسم.* ئامپیریسیم؛ ئەزموونگری: **آزمون‌گرایی**

آمپیریسیســم / āmpîrîsîsm'/: [فرانسوی]/*اسم.* ئامپیریسیسم؛ ئەزموونگری: **آزمون‌گرایی**

آمخته / āmoxte'/ ☜ **آموخته**[٢]

آمـد[١] / āmad'/:/*اسم.* ١. [*مخفف*] هات؛ ئاما؛ کاری هاتن ‹آمد و رفت: هات و چوو› ٢. ئامەوی؛ هات؛ ئامەدی؛ ئامەت؛ بە هورمی ‹آمد کار: ئامەوی کار›.

⊡ **آمد داشتن:** بەهات بوون؛ ئامەد بوون؛ بەئامەو بوون؛ بەرەژنە بیەی ‹می‌گویند شال سبز آمد دارد: دەڵێن شاڵی سەوز بە هاتە›.

آمد نیامد داشتن: بە هات و نەهات بوون.

ـ آمـد[٢]: *پیواژه.* ــهات؛ ـام؛ ـئاما؛ ئەوەی کە دێت ‹پیامد: شوێن‌هات›.

آمــدن / āmadan'/: *مصدر. لازم.*//**آمــدی:** هاتی؛ **می آیی:** دێی؛ **بیا:** بێ// هاتن؛ هامەیش؛ ئامان؛ ئامای؛ ئامەی: ١. ئام؛ نێزیک بوون بە بوێژ، بیسەر یان ئاماژەپێکراوەوە ‹آمدن وزیر خارجەی ایتالیا بە عراق: هاتنی وەزیرەی دەرەوەی ئیتالیا بۆ عیراق› ٢. هاتن بۆ لای بوێژ، بیسەر یان ئاماژەپێکراوەوە ‹آرام آمده بود پیش من: ئارام هاتبوو بۆ لای من› ٣. پێ‌کەوتن؛ پێ‌کەفتن؛ لێ‌هاتن؛ شیاو بوون ‹آن لباس خیلی به او می‌آمد: ئەو جل و بەرگەی زۆر پێی ئەکەفت› ٤. ڕوودان؛ قەومان ‹بد آمدن: خراپ هاتن› ٥. گەیشتن بە

جێگایەک یا پەیدا بوونی دۆخێک ‹جوش آمدن: هاتنە کوڵ› ٦. پێ‌هاتن؛ لێ‌هاتن؛ نواندن یان وا لێ دەرکەوتن ‹سنگین آمدن: پێ سەخت هاتن› ٧. [گفتاری] بەنیازی کارێ بوون ‹تا آمدم حرف بزنم، زد توی دهنم: تا هاتم قسە بکەم، دایەناو دەممدا› ٨. گرتن؛ فەرزکردن؛ (بە مانای:گریمان؛ گرتمان؛ بگرە؛ هاتوو؛ هاتینوو؛ ئاماو) ‹آمد و پولت تمام شد، آن وقت چه می‌کنی؟: هاتوو پارەکەت تەواو بوو، ئەو کاتە چ دەکەی؟› ٩. پەیدا بیەی؛ هاتنە دونیاوە؛ بە دونیا هاتن؛ لە دایک بوون ‹زمانی بچەی دومش آمد، هنوز خانە نخریدە بود: کاتێ منداڵی دووهەمی هات، خانوویان نەکڕیبوو› ١٠. کەوتن؛ داکەوتن؛ کەوتەیرە ‹پایش لیز خورد و با سر آمد پایین: پای خزا و بەسەرەوە هاتە خوارێ› ١١. هاوڕێی‌کردن (زۆرتر لە ڕستەی پرسیاریدا) ‹می‌آیی برویم شام بخوریم؟: دیی بڕۆین شام بخۆین؟› ١٢. نیشاندان؛ نومایشدان؛ نانە پێش چاو ‹چشم و ابرو آمدن: چاو و برۆ نیشاندان› ١٣. بە دەس هاتن؛ دابین بوون؛ ئابووران ‹خیال می‌کنی این پولها از کجا می‌آید؟: وا ئەزانی ئەم پووڵانە لە کوێوە دێ؟› ١٤. بەدیهاتن ‹بوی بدی می‌آید: بۆیەکی پیس دێ› ١٥. کاری هاوکرد ‹درآمدن؛ پیش‌آمدن: دەرهاتن؛ هاتنەپێش›.

هەروەها: **آمدنی**

■ صفت فاعلی: **آینده** (ـــ)/ صفت مفعولی: **آمده** (هاتوو)/ مصدر منفی: **نَیامدن** (نەهاتن)

آمدنـــه / āmadane'/: *قید. [گفتاری]* لە هاتنەوەدا؛ ئامایوە؛ هاتیەوە؛ کە هاتیتەوە؛ ئەوەئامەی؛ لە کاتی هاتندا ‹آمدنە آزاد را دیدم: لە هاتنەوەدا ئازادم دیت›: **آمدنی**

آمدنی / āmadanî'/ ☜ **آمَدنە**

آمد ـ نیامد / āmadnayāmad'/ ☜ آمد-نیامد داشتن، **آمد**[1]

آمـــدورفت / āmad-o-raft'، ـهـا/: *اسم.* هاتوچوو؛ هاتوچۆ؛ هاتن‌وچوون؛ ئامەوشۆ؛ ئاما و لوای: ١. هاتن و چوونی ماشێن و خەڵکی لە جێگایەکدا ‹در خیابان آمدورفت زیادی بود: لە شەقامدا هاتوچوویەکی زۆر بوو› ٢. ئاموشۆ؛ ئامەشۆ؛ ئامشۆ؛ ئامشۆڕەفت؛ دیداری دۆستانە و سەر لە یەکدانی هاوسایان ‹سالهاست آمدورفت داریم: لە مێژساڵە هاتوچۆمان هەیە› ❊**رفت‌وآمد؛ آمدوشد**

آمدوشد / āmad-o-šod'، ـها/ ☜ **آمد و رفت**

آمـــر / āmer'، ـان، ـین/: [عربی] *اسم. [ادبی]* فەرماندەر ‹در مورد این قتلها آمر و عامل هر دو مجرمند: سەبارەت بەم قەتڵانە فەرماندەر و فرمانبەر هەردوو تاوانبارن›.

آمرانـــه[1] / āmerāne'/: [عربی/ فارسی] *صفت.* فەرماندەرانە؛ فرماندەرانە؛ دۆخ یان چۆنیەتی فرماندەری ‹لحن آمرانە: شێوە وتنی فەرماندەرانە›.

آمرانه[2]: *قید.* فەرماندەرانە؛ فرماندەرانە؛ بە شێوەی زۆر توند و تیژ ‹آمرانە سخن می‌گفت: فەرماندەرانە قسەی دەکرد›.

آمـــرزش / āmorzeš'/: *اسم.* لێ‌خۆش‌بوویی؛ لێ‌بواری؛ بەخشینی گوناهی بەندەکان لە لایەن خواوە.

▣ **آمـــرزش خواســـتن**: داوای لێبووردن کردن؛ داوای لێ‌خۆش‌بوون‌کردن؛ نزا و پاڕانەوە لە خوا بۆ لێ‌خۆش بوون.

آمرزیـــدن / āmorzîdan'/: *مصدر. متعدی.* //**آمرزیدی**: بەخشیت؛ **می آمرزی**: دەبەخشی؛ **بیامرز**: ببەخشە// لێبووردن؛ لێ‌بوورین؛ بەخشین؛ لێ‌خۆش‌بوون؛ ئامرزین؛ چنەوەش بیەی؛ بەخشینی گوناهی کەسێ لە لای خوداوە ‹گناه کردن کار بندە است و آمرزیدن کار خدا: گوناهـ کردن کاری بەندەیە و

لیبووردن کاری خودا›. هەروەها: **آمرزیدنی**

■ صفت فاعلی: **آمرزنده** (بەخشێنەر)/ صفت مفعولی: **آمرزیده** (بەخشراو)/ مصدر منفی: **نَیامرزیدن** (نەبەخشین)

آمرف / 'āmorf/: [فرانسوی] ☜ **آمُورف**

آمریسیم / 'āmîrîsiyom/: [فرانسوی] ☜ **آمریکیُم**

آمریکائی / 'āmrîka'î/ ☜ **آمریکایی**

آمریکایی[1] / 'āmrîkāyî، ـها؛ ـیان/: *اسم.* ئەمریکی؛ ئامریکایی: ۱. هەرکام لە خەڵکانی قوڕنەی ئەمریکا ۲. هەرکام لە خەڵکانی وڵاتی ئامریکا ***اِمریکایی؛ آمریکائی**

آمریکایی[2]: *صفت.* ئەمریکی؛ ئامریکایی: ۱. پەیوەندیدار یان پاڵدراو بە قوڕنەی ئامریکاوە ۲. پەیوەندیدار یان پاڵدراو بە وڵاتی ئەمریکاوە ***اِمریکایی؛ آمریکائی**

آمریکیم / 'āmrîkiyom/: [فرانسوی]/*اسم.* ئامریکیۆم؛ توخمی کیمیایی کانزا و ڕادیۆئەکتیڤ، بە ژمارەی ئەتومی ۹۵ و کێشی ئەتومی ۲۴۳، کە لە داشکانی ئورانیۆم و پولۆتونیۆم لە سیکلۆترۆندا بەدەس دێت: **آمریسیُم**

آمفی‌تآتر / 'āmfîte'ātr، ـها/: [فرانسوی]/*اسم.* ئامفی‌تیئاتر؛ بینایەکی خڕت یان هێلکەئاسا (زۆرتر) بۆ بەڕێوە بردنی شانۆ.

آموختگی / 'āmûxtegî/: *اسم.* فێری؛ خووگرتوویی؛ هوکارەیی؛ هەڤۆیەتی؛ بار و دۆخ یان چۆنیەتی خووگرتن.

آموختن / 'āmûxtan/: *مصدر. متعدی. لازم.* //**آموختی**: فێرت‌کرد/ فێر بووی؛ **می‌آموزی**: فێر دەکەی/ فێر دەبی؛ **بیاموز**: فێرکە/ فێربە// □ *متعدی.* ۱. فێرکردن؛ هووین‌کردن؛ هێ کردن؛ هێن‌کردن؛ هاڤۆتن؛ هەڤۆتن؛ هەڵووتن؛ هەوساندن؛ هۆژاندن؛ عاملاندن؛ ڕاهێنان؛ فێرکەردەی؛ مسنایش؛ مسنایەنە؛ ئاگایی دان بە کەسانی دیکە؛ دەرس دان ‹آموختن الفبا: فێرکردنی ئەلفوبێتکە›. □ *لازم.* ۲. فێر بوون؛ هین بوون؛ بەدەس هێنانی ئاگایی؛ ڕاهاتن؛ ئەوگرتن؛ هاڤۆتن؛ هەڤۆتن؛ هەڵووتن؛ هۆژان؛ هۆژین؛ هەوسین؛ عاملان؛ مسایش؛ مسایە؛ مسەی ‹از او چیزهای زیادی آموختم: شتی زۆری لێ فێر بووم›. هەروەها: **آموختنی**

■ صفت فاعلی: **آموزنده** (فێرکەر)/ صفت مفعولی: **آموخته** (فێرکراو)/ مصدر منفی: **نَیاموختن** (فێرنەبوون)

آموخته[1] / 'āmûxte، ـها/: *اسم.* فێربوونی؛ ئەوەی کە کەسێ فێری بووە ‹آموخته‌هایت همین چهار کلمه انگلیسی است؟: فێربوونیەکانت هەر ئەم چوار وشە ئینگلیزیەیە؟›.

آموخته[2]: *صفت.* خۆگرتوو؛ هۆژاندی؛ هۆگر؛ هوکارە؛ هێ: **آمُخته**

⊡ **آموخته شدن**: هۆگرتن؛ هێ گرتن؛ خووگرتن؛ هۆگر بوون. هەروەها: **آموخته کردن**

آمودن / 'āmûdan/ ☜ **آمادن**

آمورف / 'āmorf/: [فرانسوی] *صفت.* ئامۆرف؛ بێ‌بیچم؛ بێ‌تەشک؛ بێ‌شکڵ: **آمُرف**

ـــ **آموز** / 'āmûz، ـها؛ ـان/: *پیواژە.* ـئامۆژ؛ ـئامۆچ: ۱. ئەوەی کە فێر ئەبێ ‹دانش‌آموز: زانست‌ئامۆژ› ۲. ئەوەی کە فێر دەکا ‹بدآموز: بەدئامۆژ›.

آموزاندن / 'āmûzāndan/: *مصدر. متعدی.* *[نامتداول]* //**آموزاندی**: فێرت‌کرد؛ **می‌آموزانی**: فێر دەکەی؛ **بیاموزان**: فێرکە// فێرکردن؛ هۆژاندن؛ هەوساندن؛ عاملاندن؛ ڕاهێنان؛ هین‌کردن؛ هێ‌کردن؛ دەرس دان ‹آموزاندن سواد بە روستائیان: فێرکردنی سەواد بە لادێییەکان›. هەروەها: **آموختنی**

■ صفت فاعلی: **آموزاننده** (فێرکەر)/ صفت مفعولی: **آموزانده** (فێرکراو)/ مصدر منفی: **نَیاموزاندن** (فێر نەکردن)

آموزانه / āmûzāne'، ـها/:/اسم. مووچەی فێرکاری.

آموزش / āmûzeš'، ـها/:/اسم. فێرکاری؛ هین؛ هەڤۆت؛ هووین؛ هۆژان؛ هەوسان؛ ڕێکری؛ کارگەلێک کە بە مەبەستی فێرکردنی زانست یان کارێ بە کەسێ، ئەنجام دەدرێن ‹آموزش ابتدایی؛ آموزش راننـدگی: فێرکاری سەرەتایی؛ فێرکاری شۆفیری›.

▣ **آموزش ابتدایی**: فێرکاری سەرەتایی: **آموزش دبستانی**

آموزش برنامه‌ای: فێرکاری بەرنامەیی.

آموزش دانشگاهی ☜ **آموزش عالی**

آموزش دبستانی ☜ **آموزش ابتدایی**

آموزش دبیرستانی ☜ **آموزش متوسطه**

آموزش عالی: فێرکاری دواناوەندی (سەرەکی، بالا): **آموزش دانشگاهی**

آموزش متوسطه: فێرکاری ناوەندی: **آموزش دبیرستانی**

▣ **آموزش دادن**: فێرکردن؛ هینکردن؛ هەڤۆوتن؛ هێکردن؛ هوین کرن؛ هۆژاندن؛ هۆساندن؛ عاملاندن؛ ڕاهێنان ‹بچه‌ها را آموزش می‌داد تا خودشان کار کنند: منداڵەکانی فێر ئەکرد کە خۆیان کار بکەن›.

آموزش دیدن/ یافتن: فێر بوون؛ هین بوون؛ هووین بوون؛ هەڤۆتن؛ ڕاهاتن؛ هەوسین؛ هۆژین.

آموزش‌دیده / āmûzešdîde'، ـها؛ ـگان/: صفت. ڕاهاتوو؛ فێربووگ؛ خاراو؛ هینبوو ‹نیروی آموزش‌دیده: هێزی ڕاهاتوو›: **تعلیم‌یافته**

آموزشکده / āmûzeškade'، ـها/:/اسم. ئامۆژگە؛ یانەی فێرکاری؛ دامەزراوەی فێرگەی بەرز، کە زۆرتر لە لقێکی پیشەیی دیاریکراودا کار دەکا.

آموزشگاه / āmûzešgāh'، ـها/:/اسم. ۱. فێرگە؛ دامەزراوەیەکی فێرکاری کە لە کاتێکی دیاریکراودا و بە مەرجگەلێکی تایبەتی خۆی، کار و پیشەیەک، فێری خوازیاران دەکا ‹آموزشگاه رانندگی؛ آموزشگاه خیاطی: فێرگەی شۆفیری؛ فێرگەی جلدووری› ۲. قوتابخانە؛ قوتاوخانە؛ قتاوخانە؛ قتاوخان؛ خۆندگا؛ خواندنگەهـ ؛ خوێندگە؛ خوێندنگە؛ مەدرەسە؛ مەکتەب؛ جێگەی دەرس خوێندن.

▣ **آموزشگاه عالی**: فێرگەی باڵا.

آموزشگاهی / āmûzešgāhî'، ـها/: صفت. فێرگەیی؛ خوێندنگەیی؛ بەسراو یان هاوگەر بە فێرگەوە.

آموزش‌وپرورش / āmûzeš-o-parvareš'/: اسم. پەروەردە: ۱. کۆمەڵێکی کاری دیاریکراو بۆ فێرکردن و فێر بوونی زانست و ئاگاداریگەلی گشتی بە خەڵکی کۆمەڵگا (بەتایبەت منداڵان و تازەلاوان) ‹سرمایه‌گذاری بر روی آموزش و پرورش کودکان و نوجوانان، وظیفه‌ی دولتهاست: کار لەسەر پەروەردەی منداڵان و تازەلاوان، بە ئەستۆی دەوڵەتەکانە› ۲. ڕێکخراوەیەک کە گشت کاری فێرگەکانی بە ئەستۆوەیە ‹بیش از یک میلیون نفر در آموزش و پرورش کار می‌کنند: زۆرتر لە ملیۆنێ لە پەروەردە کار دەکەن› ۳. لقێکی خوێندنی زانستگا سەبارەت بە ڕەوشتی فێر کردن و وانە وتنەوە لە فێرگەکاندا.

آموزشی / āmûzešî'/: صفت. فێرکاریەتی؛ هینی؛ هەڤۆوتی؛ هۆژانی؛ هەوسانی؛ پەیوەندیدار یان پاڵدراو بە فێرکاریەوە ‹کار

آموزشی: کاری هەڤووتی›.

آموزشیار / āmûzešyār'، ـها؛ ـان/:اسم. فێرکار؛ دەرسبێژ؛ هێکار. هەروەها: **آموزشیاری**

آموزگار / āmûz(e)gār'، ـها؛ ـان/:اسم. فێرکەر؛ هێکەر؛ هینکەر؛ هیندار؛ وانەوێژ؛ مامۆستا؛ هەڤۆتکار؛ سەیدا: ۱. کەسێ کە شتێ بە کەسانیتر فێر دەکات ۲. دەرسبێژ؛ دەرزبێژ؛ دەرزدەر؛ مامۆستای مندالان لە قوتابخانە.

آموزگاری/ āmûz(e)gārî'/:اسم. فێرکاری؛ فێرکەری؛ هێکاری؛ هینکاری؛ هینداری؛ هینکەری؛ هەڤۆتکاری؛ وانەوێژی ‹مدتی آموزگاری کرد: ماوەیەک فێرکاری کرد›.

آموزندگی / āmûzandegî'/:اسم. فێرکاری؛ فێرکەری؛ بار و دۆخ یان چۆنیەتی فێرکار بوون.

آموزنده / āmûzande'/: صفت. فێرکار؛ هۆژێنەر؛ بە تایبەتمەندی فێرکردنەوە ‹سخن آموزنده: قسەی هوژینەر›.

آموزه / āmûze'، ـها/:اسم. ئامۆژە؛ کۆمەڵێ بنەمای فێرکاری سەبارەت بە بابەت، کەس یان ڕێبازێکی دیاریکراو ‹آموزەی مذهبی؛ آموزەی اخلاقی: ئاموژەی مەزهەبی؛ ئاموژەی ئەخلاقی›.

ـ آموزی / āmûzî'/: پیوازه. ـ ئامۆژی؛ ـفێربوونی ‹بدآموزی: بەدئاموژی›.

آموسنی / āmvesnî'، ـها/:اسم. [نامتداول] هەڤوو؛ هەوە؛ هەڤی؛ هەوی؛ هەوگ؛ هەنی؛ هەنە؛ هەوێ؛ هەوەخان؛ هەرکام لە دوو یان چەند ژنی مێردێک، بەرانبەر بە ئەوانیتر.

آمونیاک / āmon(i)yāk'/: [فرانسوی] اسم. ئاموونیاک؛ گازێکی بێڕەنگ و بۆگەنە کە لە تێکئالاوی هیدرۆژێن و نیترۆژێن بەدەسدێت: **جوهر نُشادِر**

آمیتوز / āmîtoz'/: [؟] اسم. [زیستشناسی] ئامیتۆز؛ کار یان ڕەوتی دابەش بوونی ڕاستەوخۆی خانک (یاختە) لە ڕەوتانەی پێگەیشتن و گەورە بوونیدا.

آمیختگی / āmîxtegî'، ـها/:اسم. ۱. تێکەڵاوی؛ تێکەڵی؛ ئاوێتەیی؛ ئامێتەیی؛ تێکەڵیەتی؛ تێکەڵاویەتی؛ بار و دۆخ یان چۆنیەتی تێکەڵاو بوون ‹آمیختگی این مواد موجب پیدایش رنگ درخشانی میشود: تێکەڵاوی ئەم ماکانە ئەبێتە هۆی بەدیهاتنی ڕەنگێکی ڕوون› ۲. خەوشی ‹طلایش قدری آمیختگی دارد: زێڕەکەی نەختێ خەوشی هەیە› *درآمیختگی[ادبی]

آمیختن / āmîxtan'/: مصدر. متعدی. //آمیختی: تێکەڵت کرد؛ میآمیزی: تێکەڵ دەکەی؛ بیامیز: تێکەڵ کە// ۱. تێکەڵ کردن؛ تێکەڵاوکردن؛ لێکدان؛ لە هەڤدان؛ لە هەڤدودان؛ ئامێتن؛ ئامیتن؛ ئاوێتن؛ ئاوێتەکردن؛ تەڤ لهەڤ کرن؛ لەیەکدان؛ ڤەستراندن ‹شیر را با آب آمیختن: شیر و ئاو تێکەڵ کردن› ۲. هەڵسوکەوت کردن؛ هەڵسە و دانیشەکردن؛ تێکەڵاو بوون؛ وتوویژکردن و هەڵسان و دانیشتن ‹با مردم آمیختن: لەگەڵ مەردم هەڵسوکەوت کردن› * **درآمیختن** [ادبی]. هەروەها: **آمیختنی**

■ صفت فاعلی: **آمیزنده** (تێکەڵکەر)/ صفت مفعولی: **آمیخته** (تێکەڵکراو)/ مصدر منفی: **نَیامیختن** (تێکەڵ نەکردن)

آمیخته / āmîxte'/: صفت. ۱. تێکەڵاو؛ تێکلاو؛ کەرچل؛ تەڤلهەڤ؛ لێکدراو ۲. ئاوێتە؛ ئامیتە؛ ئامێتە؛ قاتی؛ تێکەڵ؛ هامیتە؛ تێکەڵ کراو ۳. خەوش * **درآمیخته** [ادبی]

ـ آمیز / āmîz'/: پیوازه. ـ اوی؛ هاوڕێ؛

لـەگـەڵ؛ وەگـەرد ‹دردآمیـز؛ رنـج‌آمیـز: دەرداوی؛ مەینەتاوی›.

آمیـزش / 'āmîzeš/: اسم. ۱. ئاوێتەیی؛ تێکەڵی؛ تێکەڵاوی؛ ڤەستران؛ کار یان ڕەوتی تێکەڵ بوون ‹آمیزش مواد: تێکەڵاوی ماکگەل› ۲. [مجازی] هەڵس‌وکەوت؛ هەڵسان و دانیشتن؛ هەبوونی پێوەندی لەگەڵ کەسانی دیکە (وەکوو دیتن و وتوویژ) ‹با کسی آمیزش نداشت: لەگەڵ کەس هەڵس‌وکەوتی نەبوو› ۳. /ها/ نزیکی؛ سەرجێیی.

▣ **آمیـزش‌جنسی:** جووت بوون؛ نزیکی کردن؛ سەرجێیی.

آمیزشی / 'āmîzešî/: صفت. ۱. سەربە تێکەڵاوی ۲. نزیکی؛ دووانە؛ باوەشی ‹بیماری آمیزشی: نەخۆشی نزیکی›.

آمیزگـار / 'āmîzgār/: صفت. [نامتداول] تێکەڵاوی‌کەر؛ خاوەن خوو و ئارەزووی نزیکی‌کردن.

آمیزگاری / 'āmîzgārî/: اسم. [نامتداول] ۱. هاوباوەشی ۲. هەڵس‌وکەوت؛ هاونشینی.

آمیـزه / 'āmîze/: اسم. [ادبی] تێکەڵاو؛ ئاوێتە: ۱. ئەوەی لە تێکەڵ بوونی دوو یان چەن شت بەدی‌دێت ۲. [زیست‌شناسی] دوورەگە.

آمیـغ / 'āmîq/: اسم. [ادبی] ۱. ئاوێتەیی؛ تێکەڵاوی؛ ڤەستران ۲. تێکەڵ‌ـپێکەڵی.

آمیـن / 'āmîn/: [معرب از عبری] دعا. ئامین؛ باوابێ؛ باپاسەبۆ؛ خوایە قەبووڵی کەی.

آن[1] / 'ān/: [عربی] اسم. سات؛ قاس؛ هەل؛ تاو؛ دەم؛ هلووم؛ لەخوە؛ ماوەیەکی کەم لە کات ‹یک آن از او غافل نبود: ساتێکیش هەی لێ نەبڕا›.

▣ **آن به آن:** دەم‌بەدەم؛ سات‌بەسات.

آن[2]: صفت. ئەو؛ هۆ؛ ئا؛ وێ؛ هێماپێکراو ‹آن سال خیلی کار کردیم: ئەو ساڵە زۆر کارمان کرد›.

آن[3] / ـها/: ضمیر. ئەوە؛ هۆوە؛ ئڤێ: ۱. ئانە؛ هێما بە دوور ‹آن چراغ است: ئەوە چرایە› ۲. ئانە؛ جێناوی هێما (جگە لە مرۆڤ) ‹آن را بگیر: ئەوە بگرە› ۳. /ـان/ [گفتاری] ئانە؛ ئانێ (بۆ مێ)؛ جێناوی هێما بۆ سێهەم کەسی تاک ‹آن کیست؟: ئەوە کێیە؟› ٤. [مخفف] ئەوەش؛ ئەویشە؛ ئانەیچە؛ ئەوەیچە؛ ئەو دانە ‹آن را هم بخور: ئەوەش بخۆ›.

▣ **آن‌یکی:** [گفتاری] ئەوی دیکە؛ ئەوی‌کە؛ ئەویان؛ ئەو یەکە؛ ئەوی‌تر؛ ئەوتر؛ ئەوتری؛ ئەوە؛ ئانە؛ ئەویانە؛ ئەوشا؛ ئانەشا ‹آن یکی مال من بود: ئەوی دیکە هی من بوو›.

ـ ان[4]: پسوند. ـ ان: ۱. ـانە؛ ـانێ؛ ـێ؛ نیشانەی کات ‹بامدادان؛ بهاران: بەیانیانە؛ بەهاران› ۲. نیشانەی جێگا ‹دیلمان: دەیلەمان› ۳. ـ بە؛ ـ ئەران؛ نیشانەی ئاوڵناوی بکرد یان ئاوەڵکار ‹خندان؛ شادان: خەنەران؛ شادان› ٤. ـ ێ؛ نیشانەی کۆ: الف) بۆ گیانلەبەر و نەتەوەگەل ‹مردان: پیاوان› ب) بۆ ئەندامگەلی جووتی لەش ‹چشمان: چاوان› ج) بۆ کات ‹روزان؛ سالیان: ڕۆژان؛ ساڵان› د) بۆ جێگا ‹چشمه‌ساران: کانیاوان› ٥. نیشانەی ئاینی تایبەت ‹حنابندان: خەنەبەندان›.

آناً / 'ānan/: [عربی] قید. دەسبەجێ؛ لەجێ؛ ڕێوڕا؛ دەرلاد؛ دەم و دەس؛ خێرا؛ گورج؛ زۆر زوو ‹آناً خودش را رساند: دەسبەجێ خۆی گەیاند›.

آناتومی / 'ānātomî/: [فرانسوی] اسم. ئاناتۆمی؛ لەش‌ناسی؛ توێ‌کاری.

آنارشی / 'ānāršî/: [فرانسوی] اسم. شاژاوە؛ بشێوە؛ ئاخوران؛ گاشە.

آنارشیست / 'ānāršîst/: [فرانسوی] صفت.

ئاژاوەچی؛ بشێوەخواز؛ ئانارشیست.

آنارشیسم / ʼānāršîsm/: [فرانسوی] /اسم. /سیاست/ ئانارشیسم: ۱. ڕێبازگەی فەلسەفی ـ ڕامیاری کە پێداویستی دەوڵەت، ڕێکخراوەکانی کارگێڕی و پیشەسازیگەلی بەرپان ڕەچاو ناکات ۲. بشێوەخوازی.

آناکاوی / ʼānākāvî/: [فرانسوی] ☜ **آنالیز**

آناکوندا / ʼānākondā، ـها/: /اسم. ماری ئاناکۆندا؛ مارێکی بێژەهرە بە درێژی ۱۰ میتر، ئێسقانگەلی نێچیرەکەی ورد دەکا و ئەمجار قووتی دەدا.

آنالوگ / ʼānālog/: [فرانسوی] صفت. ئانالۆگ؛ پێوانەیی.

آنالیز / ʼānālîz، ـها/: [فرانسوی] /اسم. ۱. کڕ و کاش ۲. تاوتوێ؛ کولکومووش؛ شیکاری *آناکاوی

آنان / ʼānān/: ضمیر. ئەوان؛ ئادێ؛ هۆوان؛ جێناوی سێهەم کەسی کۆ، بەتایبەت لە مرۆڤدا ‹آنان از سردشت می‌آمدند: ئەوان لە سەردەشتەوە دەهاتن›.

آناناس / ʼānānās، ـها/: [فرانسوی] /اسم. ئاناناس: ۱. بنچکەدارێکی تایبەتی ولاتگەلی گەرمەسێرە ۲. میوەی ئەو گیایە.

آنتاگونیسم / ʼāntāgonîsm/: [فرانسوی] /اسم. /جامعه‌شناسی/ دژکاری؛ ناسازگاری.

آنتراسیت / ʼāntrāsît/: [فرانسوی] /اسم. ئانتراسیت؛ جۆرێ بەردەخەڵووز.

آنتراکت / ʼānt(e)rākt، ـها/: [فرانسوی] /اسم. پشوو؛ پشوودان؛ ناوبڕ؛ ماوەی نێوان دوو پەردەی شانۆ یان مووسیقا.

آنتروپوئید / ʼāntropoʼîd، ـها/: [فرانسوی] /اسم. ئانترۆپوید؛ مەیموونی مرۆڤئاسا.

آنتروپوزوئیک / ʼāntropozoʼîk/: [فرانسوی] ☜ **آدم‌زیوی**

آنتروپولژی / ʼāntropolojî/: [فرانسوی] /اسم. مرۆڤناسی؛ مرۆناسی؛ ئینسان‌ناسی.

آنتروپومرفیسم / ʼāntropomorfîsm/: [فرانسوی] /اسم. مرۆ بیچمی؛ مرۆڤڕیتی.

آنتریک / ʼānt(i)rîk، ـها/: [فرانسوی] /اسم. ئانتریک: ۱. دنە؛ کاری هەڵخران/ هەڵخراندن؛ بزوان/ بزواندن؛ زیخان ‹دایم سارا را آنتریک می‌کرد و بە جان شوهرش می‌انداخت: پەسایپەس سارای هەڵئەخراند و ئەیخستە گیان مێردەکەی› ۲. هەستبزوێن؛ ڕووداوێکی هەژانۆک لە چیرۆک، شانۆ یان فیلمێ کە دەبێتە هۆی بزواندنی هەست و هۆگری.

آنتن / ʼānten، ـها/: [فرانسوی] /اسم. ۱. ئانتین؛ ئامێری گرتنی شەپۆلی ئیلیکترۆمیغناتیسی ‹آنتن تلویزیون: ئانتینی تەلەفیزیۆن› ۲. /زیست‌شناسی/ شاخ ‹آنتنهای سوسک داشت تکان می‌خورد: شاخەکانی قۆلانجەکە ئەجوولانەوە› ۳. /مجازی/ شۆفار؛ سیخوڕ؛ زێرەوا؛ گوهبەل؛ کەسێ کە خەبەر و باسی شوێنێک بۆ شوێنێکیتر دەبا.

آنتی‌بیوتیک / ʼāntîbiyotîk، ـها/: [فرانسوی] اسم. /پزشکی/ ئانتی‌بیۆتیک؛ دەرمانی وشک کردنی ڕیم و چڵکی لەش و کوشتنی میکرۆب.

آنتی‌پیرین / ʼāntîpîrîn/: [فرانسوی] /اسم. ئانتی‌پیرین؛ دەرمانی تاو و ئێش.

آنتی‌توکسین / ʼāntîtoksîn/: [فرانسوی] /اسم. /پزشکی/ ژار بەر؛ ژەهر بڕ؛ دژەژار؛ دەرمانی لە کار و قەوەت خستنی ژەهر.

آنتیک[1] / ʼāntîk، ـها/: [فرانسوی] /اسم. ئەنتیک؛ ئەنتیکە؛ عەنتیکە؛ کەل و پەلی زۆر کەونارا.

آنتیک[2]: صفت. ئەنتیک؛ ئەنتیکە؛ عەنتیکە؛ کەونارا؛ کەڤنارا؛ پێوەندیدار یان سەر بە سەردەمانی کۆن.

آنتیموان / 'āntîmû'ān, 'āntîmûvān/: [فرانسوی]/اسم. ئانتیموان؛ توخمی کیمیایی، بە ژمارەی ئەتومی ۵۱ و کێشی ئەتومی ۱۲۱,۷۵، کە لە پیشەسازی و بژیشکیدا بە کار دێ: **آنتیمُون**

آنتیمون / 'āntîmon/: [فرانسوی] ☜ **آنتیمُوان**

آنجا[1] / 'āncā/: *قید.* لەوێ؛ لەوێوە؛ لەهۆوێ؛ هۆئەوێ؛ لەینە؛ لەوێنە؛ لوێنە؛ لەورە؛ دەوێ؛ چا؛ چاگە؛ چاوە؛ چانە؛ ئاچا؛ ئاچاوە؛ ئاچاگە؛ ئاچانە؛ چاگەنە؛ چاگەوە؛ ئاچاگەوە؛ ئاچاگەنە؛ ئاگە؛ پاگەنە ‹آنجا بنشین: لەوێ دانیشە›.

آنجا[2] / ـها/: *ضمیر.* ئەوێ؛ هۆوێ؛ هۆئەوێ؛ ئەورە؛ ئۆگە؛ ئێنە؛ وا؛ واگە؛ ئاوا؛ ئاگە؛ ئەینە؛ وێنە؛ لەینە؛ ئەوردانە؛ ویدەری؛ وێدەری؛ ڤێدەری؛ وێدێ؛ چنە؛ هۆڤ؛ وجا؛ وۆجا؛ وۆژا؛ دۆڕا؛ ژا؛ پارە؛ وێ ‹برو بە آنجا: بچۆ بۆ ئەوێ›.

آنجهان / 'āncahān/: *اسم.* ئەولا؛ ئەو دنیا؛ جیهانی پاش مەرگ.

آنجهانی / 'āncahānî/: *صفت.* ئەولایی؛ ئەو دنیایی؛ پێوەندیدار بە جیهانی پاش مەرگ.

آنچنان / 'ānčenān/ ☜ **چنان**

آنچنانی / 'ānčenānî/: *صفت. [کنایی]* ۱. پەنی؛ وەهایی؛ وەهایینە؛ ئاوەهایی؛ خاوەن دۆخێکی نالەبار کە بۆ هەموو کەس ناسراوە ‹با سابقەی آنچنانی کە داشت، آمدە بود وکیل بشود: بەو پێشووە پەنیەوە کە بووی، هاتبوو ببێتە بریکار› ۲. ئەوتۆ؛ ڕازاوە؛ تایبەتی ‹زندگی آنچنانی: ژیانی ئەوتۆ› ۳. ئاوەهایی ‹کاری آنچنانی کرد: کارێ ئاوەهایی کرد›.

آنچە / 'ānče/: *ضمیر.* ئەوەی؛ هەرچێکی؛ هەچێکی؛ ئانە: ۱. شتێ کە؛ ئەو شتەی؛ ئاچێوە ‹آنچە گفت: ئەوەی وتی› ۲. ئەوەی کە؛ هەرتشتەک؛ هەرچێوێو ‹آنچە توانست، کرد: ئەوەی کە پێیکرا، کردی›.

آندوسکپ / 'āndoskop، ـها/: [فرانسوی] *اسم. [پزشکی]* ئاندۆسکۆپ؛ ئامرازێک بۆ دیتنی ناوەوەی لەش.

آندوسکپی / 'āndoskopî، ـها/: [فرانسوی] *اسم. [پزشکی]* ئاندۆسکۆپی؛ کاری دیتنی ناوەوەی لەش بە ئاندۆسکۆپ.

آنرمال / 'ānormāl، ـها/: [فرانسوی] *صفت.* نائاسایی؛ نەگونجاو؛ پێچەوانەی هۆرتەوبەرە ‹آدم آنرمال رفتارش هم آنرمال است: مرۆی نەگونجاو ئاکاریشی نەگونجاوە›.

آنژین / 'ānjîn/: [فرانسوی]/*اسم.* ۱. گەروو هاتوویی؛ پەنەمان و سووربونەوەی ناودەم و گەروو ۲. بەرهەنگ؛ هەناسەتەنگی؛ هەست بە خنکیان و نەفەس‌تەنگی.

آنژیولژی / 'ānjîyolojî/: [فرانسوی]/*اسم. [پزشکی]* دەمارناسی: **آنژیولژی**

آنسفالیت / 'ānsefālît/: [فرانسوی]/*اسم. [پزشکی]* ئانسیفالیت؛ مێشک پەنەمی؛ نەخۆشینێکی ویرووسیە کە ئەبێتە هۆی پەنەمان و چلک‌کردنی مێشک و لە کار کەوتنی ئەعساب و خەوالوویی.

آنفلوآنزا / 'ānfelo'ānzā, 'ānflû'ānzā/: [فرانسوی]/*اسم.* ئامفلۆانزا؛ پەرکەم؛ نەخۆشی تاو و هەلامەت پێکەوە.

◘ **آنفلوآنزای مرغی**: ئامفلوانزای مریشک؛ هەلامەتی بالندە؛ نەخۆشیەکی بالندەیە کە مرۆڤیش تووش دەکا.

آنقدر / 'ānqad(a)r/: *قید.* ئەوەندە؛ ئەوەند؛ ئەونە؛ ئەننە؛ ئانە؛ ئەمەننە؛ ئەمەن؛ یەن؛ مەندە؛ ئەوەندی؛ ئەندۆ؛ هەند؛ هەندای؛ هێند؛ هێندێ؛ هێندە؛ ئەوقاس: ۱. تا ڕادەی ڕەچاوکراو ‹آنقدر رفت تا رسید بە خانە: ئەوەندە ڕۆیشت تا گەیشتەوە مال› ۲. زۆر؛

فره؛ گەلەک؛ یەکجار ‹انقدر پول داشت که نمی‌دانست چطور خرج کند: ئەوەندەی پارە هەبوو نەیدەزانی چۆنی خەرج کا›.

آنقدرها / ānqad(a)rhā'/: *قید.* ئەوەندەش؛ ئەونەیشە؛ ئەونەیچە؛ ئاننەیچە؛ فرەیش؛ یەکجار زۆر (تەنیا لە ڕستەگەلی نەرێنی واتا بە شێوەی «نە ئەوەندە زۆر» بە کار دەڕوا) ‹آنقدرها خوب نبود؛ آنقدرها کم نیست: ئەوەندەش چاک نەبوو؛ ئەونەیچە کەم نیە›.

آنقره / ānqore'/: [یونانی] ☜ پشم آنقره، **پشم**

آنقوت / ānqût'، ـها/: [؟]/*اسم.* سۆراویلک؛ سۆرەپەن؛ سوورەمراوی؛ مزراح؛ سوورەقانگ؛ کەرسەر؛ کەرزەڕە؛ جۆرێ مراوی پێبەپەڕی سوور و سپیەوە.

آنکادره / ānkādre'/: [فرانسوی] *صفت.* *[نامتداول]* ۱. تەکووز؛ تەکوویز؛ ڕێکوپێک؛ مرێس ۲. لە نێو چوارچێوەدا.

آنکت / ānket'، ـها/: [؟]/*اسم.* پرسیارنامە.

آنکه[1] / ānke'/: *قید.* ئەوە؛ ئەوەیە؛ ئەوەیەکە؛ ئەوەسە؛ ئانە؛ ئانەنە ‹اول آنکه، باید خوب گوش کنی: یەکەم ئەوەیە کە ئەشێ باش گوێ بگری›.

آنکه[2]: ضمیر. ئەوەکە؛ ئەوەی‌کە؛ کەسێ‌کە؛ ئەویکە؛ ئەوکەسەی‌کە؛ ئانە؛ ئاکەسەکە ‹آنکه دیدی برادرم بود: ئەوەی‌کە چاوت پێی‌کەوت برام بوو›.

آنگاه / āngāh'/: *قید.* *[ادبی]* ئەوکاتە؛ جا؛ ئەوجار؛ ئەودەم؛ ئەوسا؛ ئەوسە؛ ئەسکە؛ ئاسا؛ شۆنیشەرە؛ هەنگین؛ هەنگی؛ هینگێ ‹انگاه او را گرفتند و بردند: ئەوجار گرتیان و بردیان›.

آنگاه‌که / āngāh ke'/: *حرف.* *[ادبی]* ئەودەم؛ ئەودەمی؛ لەودەمەیرا؛ لەوکاتەدا؛ لەوکاتەڕا؛ چاسەردەمە؛ ئەوسا؛ چاگەوە؛ چەوساوە ‹انگاه که تو طفل بودی: ئەودەمەی کە تۆ زارۆ بووی›.

آنگستروم / āng(e)strom'/: [فرانسوی]/*اسم.* ئانگێستروم؛ یەکەی‌درێژایی بۆ پێوانی زۆر چکۆلە بەرانبەر 10^{-10} میتر.

آنگلوساکسن / āng(e)losākson'/: *اسم.* ئانگلۆساکسۆن: ۱. ڕەگەزی خەڵکی ئینگلیز کە تێکەڵێکە لە ئانگلە نیشتەجێیەکان و ساکسۆنە کۆچەرەکان ۲. /ـها/ خەڵکی ئینگلیزی‌زمان (بریتین لە خەڵکی بریتانیا، ئەمریکا و بەشێ لە کانادا و ئوستراڵیا).

آنگلوفوب / āng(e)lofob'، ـها/: [فرانسوی] *صفت.* ئانگلۆفۆب؛ ئەوەی ترسی لە دەوڵەتی ئینگلیس هەبێ.

آنگلوفوبی / āng(e)lofobî'/: [فرانسوی. فارسی]/*اسم.* ئانگلۆفۆبی؛ ترس لە دەوڵەتی ئینگلیز یان خەڵکی ئینگلیز.

آنگلوفیل / āng(e)lofîl'، ـها/: [فرانسوی] *صفت.* ئانگلۆفیل؛ لایەنگری دەوڵەتی ئینگلیز یان هۆگری ئینگلیزیگەل.

آنگلیکان[1] / āngelîkān'/ ☜ مذهب آنگلیکان، **مذهب**

آنگلیکان[2]: *صفت.* ئانگلیکان؛ پێوەندیدار یا سەربە ڕێبازی ئانگلیکان.

آنمومتر / ānemometr'، ـها/: [فرانسوی]/*اسم.* باپێو.

آنمی / ānemî'/: [فرانسوی]/*اسم.* *[پزشکی]* کەم‌خوێنی؛ کەمونی.

آنوریسم / ānevrîsm,'ānûrîsm'/: [فرانسوی] *اسم.* *[پزشکی]* ئانۆریسم؛ دیاردەی نائاسایی و هەمیشەیی گوشا بوونەوەی ڕەگی خوێنی (زۆرتر ڕەگە سوورە) و کۆبوونەوەی خوێن تێیدا.

آنوفل / ānofel'، ـها/: [فرانسوی]/*اسم.* تەپۆ؛ ئانۆفێل؛ مێشوولەی مالاریا؛ پێشکەی

دندووک خوار.

ـ انه / āne'/: *پسوند.* ـانه: ۱. وەکوو؛ وەک؛ هەروەک؛ پیسەو ‹مردانە: پیاوانە› ۲. لە بەرامبەر؛ بە چەشن یا بۆ هەر یەک ‹سالانە: ساڵانە› ۳. بە بۆنەیەک یان لەبەر هەبوونی کارێ یا پلەیەکی تایبەت ‹شاگردانە؛ عیدانە: شاگردانە؛ جەژنانە›.

آنها / ānhā'/: *ضمیر. [گفتاری]* ئەوان؛ ئەوانە؛ ئەونە؛ وان؛ یانە؛ وینە؛ ئانێ؛ ئەونی؛ ئادێ؛ هین؛ جێناوی هێما بو سێهەم کەسی کۆ.

آن‌هم / ānham'/: *قید.* ئەویش؛ ئادیچ: ۱. ئەوەش؛ وەش ‹بیچاره آن زن آبستن بود، آن‌هم در شهر غریب: ئەو ژنە داماوە دوگیان بوو، ئەویش لە شاری غەریبدا› ۲. بەتایبەت؛ نەخوازە؛ نەخوازەلا؛ خازما؛ خوازما ‹اینجا دکتر پیدا نمی‌شود آن‌هم نصف شب: لێرە دوکتۆر پەیدا نابێ، نەخوازە بە نیوەشەودا›.

آنهمه / ānhame'/: *قید.* ئەوهەمووە؛ ئەوگشتە؛ ئاگردە ‹چطوری می‌خواهی آنهمه را بخوری: چۆن ئەتەوێ ئەوهەمووە بخۆی؟›.

آنی / ānî'/: [عربی/ فارسی] *صفت.* ۱. دەسبەجێ؛ خێرا؛ زوو؛ گڕ ‹تصمیم آنی: بڕیاری دەسبەجێ› ۲. کوت‌وپڕی؛ تاو‌ـتاوی؛ بێ‌درێژە ‹هوسهای آنی: وازگەلی تاو‌ـتاوی›.

آوا / āvā'، ـها/: *اسم. [ادبی]* ۱. دەنگ ‹آوای زنگ: دەنگی زەنگ› ۲. *[زبان شناسی]* بڕگە؛ بڕ؛ هەرکام لەو دەنگانەی زبان.

آوائی / āvā'î'/ ☜ **آوایی**

آوابر / āvābar'، ـها/: *اسم.* ئایفۆن.

آوار / āvār'، ـها/: *اسم.* کەلاوە؛ ئاوار؛ لاوار؛ دار و پەردوو؛ سەخمە: ۱. تەپسە؛ تەپاوکە؛ ئەو شتانەی بە هۆی ڕووخانی سرمیچ یان دیوارەوە بە جێ مابێ ‹مردم در میان آوارها به دنبال آشنایان خود می‌گشتند: خەڵکی لە نێو کەلاوەکاندا بە دوای ئاشناکانیاندا دەگەڕان› ۲. ئاڕفتە؛ ماڵی ڕووخاو ‹چند نفر را از زیر آوار درآوردند: چەن کەسیان لە ژێر سەخمە دەرهێنا›.

▣ **آوار شدن**: *[گفتاری]* داڕووخان؛ ڕمان؛ ڕمیان؛ وریەی؛ داڕووخانی کوت‌وپڕی سرمیچ، دیوار یان تاشەبەرد ‹سقف آوار شد روی سرشان: سرمیچەکە داڕووخا بە سەریاندا›.

آوارگی / āvāregî'، ـها/: *اسم.* ئاوارەیی؛ ڕەبەنی؛ دەربەدەری؛ هەڵوەدایی؛ بێ‌ماڵ و حاڵی؛ بەرەزەیی؛ باشیلی؛ دەرەندوویی؛ دووری لە وڵاتی خۆیی؛ دۆخ یان چۆنیەتی ئاوارە بوون.

آواره / āvāre'، ـها؛ ـگان/: *صفت.* ئاوارە: ۱. دەربەدەر؛ دەروەدەر؛ مشەخت؛ مەرژیر؛ بێ‌لانە؛ بێ‌هێلانە؛ ڕەبەق؛ بێ‌ئەنوا؛ بێ‌ماڵ؛ ئەراگێڵ؛ بێلیقە؛ بەرەزە؛ باشیل؛ بێ‌خانەولانە و جێگەی نیشتەجێ بوون ‹صاحبخانه بیرونمان کرد و در این فصل سرما آواره شدیم: خاوەن ماڵەکەمان دەری کردین و لەم وەرزی سەرمایەدا ئاوارە بووین› ۲. تار؛ تەرە؛ بەرەزە؛ ئەودال؛ هەڵوەدا؛ ئەڵوەدا؛ تێنوارە؛ پەڕەوازە؛ پەڕتەوازە؛ باشیل؛ تراقیە؛ دوور لە ماڵ و زێدی خۆ ‹جنگ هزاران نفر را آواره کرد: شەڕ هەزاران کەسی ئاوارە کرد› ۳. سەرگەردان؛ دەرەندوو؛ بێ‌پشتیوان ‹شش ماه توی اداره‌ها آواره بودم تا کار پسرم را درست کردم: شەش مانگ لە مەزرینگەکاندا ئاوارە بووم تا کاری کوڕەکەم جۆر کرد›. هەروەها: **آواره بودن؛ آواره شدن؛ آواره کردن؛ آواره گشتن**

آواری / āvārî'/: *صفت.* ئاواری؛ پەیوەندیدار بە ئاوارەوە ‹خاک آواری؛ سنگ آواری: خاکی ئاواری؛ بەردی ئاواری›.

آواز / āvāz'، ـها/: *اسم.* ۱. *[ادبی]* دەنگ ‹از چاه آوازی شنید: لە بیرەکەوە دەنگێکی بیست› ۲. *[موسیقی]* گۆرانی؛ گورانی؛ ئەڤاس؛ ستران؛

کـۆت؛ زار؛ لاوک؛ کـزه ‹اواز زیـرک دوسـتداران زیـادی دارد: گـۆرانی زیـرەک هـۆگری زۆری هـەیـە› ٣. ئـاواز؛ بـەشـێکی جیـاواز لـە دەسـگاگەلی مووسـیقای ئێـرانی (بـریتین لـە ئیسفەهـان، بـەیـاتی تـورک، ئـەفشاری، دەشـتی، ئـەبووعـەتـا) ٤. چریکـە؛ جریکـە؛ جیکـە؛ دودەنگـە؛ ئـاواز؛ دەنگـی پـەلـەوەر، بـەتایبـەت باڵـندەی خۆشـدەنـگ ‹اواز بلبـل: چریکـەی بلبل›.

▣ **آواز دسـتەجمعـی:** هـەڤئـاواز؛ هـەوای گۆرانی بە کۆمەڵ.

آواز کوچەباغی: گۆشـەیـەک (بـەشـێک) لـە ئاوازی مووسیقای ئێرانی.

▣ **آواز خوانـدن:** ئـاواز خوێنـدن: ١. خۆنـدن؛ خـۆنن؛ دەنـگ هـەلاوردن؛ گـۆرانی گـوتن؛ چرین؛ دەرهێنانی دەنـگ بـە ئاهـەنگـەوە ‹از خوشـحالی آواز مـی‌خوانـدم: لـە خۆشـیانا ئـاوازم دەخوێند› ٢. گـۆرانی وتـن؛ گـۆرانی واتـەی؛ چـرین؛ کـۆت‌کـردن؛ خۆنـدن؛ خـۆنن ٣. چریکاندن؛ بەدیهـاتنی دەنگـی پـەلـەوەر بـە ئـاوازەوە ‹بلـبلان آواز مـی‌خواندنـد: بولبـولان نەیانچریکاند›.

آواز دادن: */ادبـی/* بانـگ‌کـردن؛ قـاوکردن؛ گـازکردن؛ چریـەی ‹مـرد آواز داد، ای رهگـذر!: پیاوەکە بانگی کرد، هۆ کاکی ڕێبوار!›.

آوازخـوان / āvāxān'. ـهـا/: */اسـم.* گـۆرانی‌بێـژ؛ گـۆرانی‌وێـژ؛ سـتران‌بێـژ؛ گـۆرانی‌واچ؛ ئاوازخوێن؛ هۆرەچڕ؛ دەنـگ‌چڕ؛ کـەسـێ کـە ئـاواز دەخوێنـێ، بـە تایبـەت ئـەوەی کـاری گۆرانی‌بێژی بێت: **آوازەخوان**

آوازخـــوانی / āvāzxānî'/: */اســـم.* گـۆرانی‌بێـژی؛ گـۆرانی‌وێـژی؛ سـتران‌بێـژی؛ گـۆرانی‌واچـی؛ ئـاوازخوێنی: ١. کـار یـان ڕەوتی خوێندنـەوەی ئـاواز ‹همـه سـرگرم آوازخوانی بودنـد: هـەمـوو خـەریکـی گـۆرانی‌بێـژی بوون› ٢. پیشەی گۆرانی‌بێژ ***آوازەخوانی**

آوازه / āvāze'/: */اسـم.* */ادبـی/* ناوبانـگ: ١. قـوو؛ ئـەوی کـە خـەڵـکی لـەبارەیـەوە قـسە دەکەن ‹آوازەی او در همـه جـا بـه گـوش مـی‌رسـید: ناوبـانگی لـە هـەمـوو جێگایـەکـدا دەبیـسرا› ٢. نـاوداری؛ ئـاوازە؛ وت‌وویژێکـی زۆر (زۆرتربـاش) سەبارەت بە کەسـێ لـە نێـو خـەڵـکیدا ‹شـاعر بلند آوازە: شاعیری بەناوبانگ›.

آوازەخوان / āvāzexān'/ ☜ **آوازخوان**

آوازەخوانی / āvāzexānî'/ ☜ **آوازخوانی**

آوازی / āvāzî'/: *صـفت.* ئـاوازی؛ پێـوەندیـدار یـان پاڵـدراو بـە ئـاوازەوە ‹موسـیقی آوازی: مووسیقای ئاوازی›.

آواشناسـی / āvāšenāsî'/: */اسـم.* دەنـگ‌ناسـی؛ زانـستی ناسـینەوەی دەنگگـەلی تایبـەت بـە زمانێک. هەروەها: **آواشناس**

آوانـس / āvāns'/: [فرانـسوی] */اسـم.* قـەلان؛ مـووس؛ پـێ‌بـەخـشی: ١. بـووردن یـان کۆمەکێ کە زۆرتـر لـە مـافی وەرگـرەکـەیـەتی ٢. بەخشراوە؛ کاکەبەشانە.

▣ **آوانـــس دادن:** قـــەلان دان؛ مـــووس دان؛کاکە بەشانەدان .

آوانگـــارد / āvāngārd'/: [فرانـسوی] *صـفت.* پێـشڕەو؛ پێـشتاز؛ ڕەمکـێش ‹هنـر آوانگـارد: ادبیـات آوانگـارد: هونـەری پێـشڕەو؛ وێـژەی ڕەمکێش›.

آوانگـاری / āvānegārî'. ـهـا/: */اسـم.* فۆنێتیـک؛ کار یـان ڕەوتی نووسـینی بڕگـەگـەلی زمانێـک بە نیشانەگەلی تایبەت.

آوانگاشـــــتی / āvānegāštî'/: *صـــــفت.* فۆنێتیکی؛ پەیوەندیدار بە فۆنێتیکەوە.

آوایـــی / āvāyî'/: *صـفت.* ١. فـــونێتیکی؛ پێوەندیدار یان سەربـە دەنگـە سـەرزاریـەکـانی وشـــەگـــەلی زمانێـــک ٢. فونولـــۆژی؛ پەیوەندیدار بە زانستی فونێتیکیەوە ***آوائی**

آوخ / ʼāvax/: صوت. [ادبی] ئاخ؛ ئاهـ ؛ ئـۆف؛ وشـەیـەک بـۆ نیـشاندانی پـێ نـاخۆش بـوون ‹آوخ از این جهان نافرجام: ئـاخ لـەم دنیـا بـێ سـەر و بنە›.

ـ آور / ʼāvar/، ـان/: پیواژه. ١. ـ دار؛ دارا؛ بـەـ ‹نامآور: ناودار› ٢. ـ اوەر؛ـ هێنـەر؛ـئـار؛ ـئـاور؛ ـ ئێنەر؛ـئێن؛ـ هێن؛ ‹سودآور: قازانجهێنەر›.

آورتـا / ʼāvortā/: [انگلیـسی]/اسـم. ئـائۆرت؛ سووره دەماری هەرەگەورەی برِبرِەداران.

ـــ آورد / ʼāvard, ʼāvord/: پیـواژه. ـــ هـات؛ ـــکـەوت؛ ـیـاو؛ بـە دەسـت هـاتوو؛ هێنـراو ‹دستاورد: دەسهات›.

آوردن / ʼāvardan, ʼāvordan/: مـــصدر. متعـــدی. لازم. //آوردی: هـــاوردت؛ مـــی آوری: دێـــنی؛ بیـــاور: بێنـــە// ☐ متعـــدی. هێنـــان؛ هـــاوردن؛ ئـــاوردن؛ هـــانین؛ ئـــانین؛ ئـــاردن؛ ئێنـــان؛ ئـــاردەی؛ وەرانـــدن؛ بـــارین: ١. شـــتێ یـــان کـــەسێ بـــە بیـــسەر، بێـــژەر، کـــەس یـــا جێگایـــەکـــی دیـــاریکراو نێزیکـــەوەکـــردن یـــا پێگـــەیانـــدن ‹آوردن آزاد بـە مدرسـە: هێنـانی ئـازاد بـۆ قوتابخانـە› ٢. نومایـشدان؛ پیـشان‌دان ‹عیـد را آوردن: جێـــژن هێنـــان› ٣. گـــوتن؛ دەربـــرِین ‹ایـن نکتـه را در کتابهـای مختلـف آوردەانـد: ئـەم خاڵەیـان لـە کتێبـە جۆرواجـۆرەکانـدا هێنـاوە› ٤. پێـکهێنـان؛ دابـین‌کـردن ‹ایـن همـه پـول را ازکجا آورد؟: ئەم هەمـوو پوولـەی لـە کـوێ هێنـا؟› ☐لازم. ٥. بـەرهـەم هێنـان؛ دروسـت‌کـردن ‹بچـه آوردن: منـداڵ هێنـان› ٦. رووبـەرِوو بوونـەوە لـە گـەڵ رِووداوێکـدا ‹بـد آوردن؛ خـوب آوردن: خـراپ هێنـان؛ بـاش هێنـان› ٧. گێرِانـەوە ‹آوردەانـد کـە...: گێراویانـەتـەوە کـە...› ٨. کـرداری هـاوکرد لـە چـاوگی جۆرواجـۆردا ‹بـە دسـت آوردن: بـە دەس هێنـان›. هـەروەهـا: **آوردنی**

■ صـفت فـاعلی: **آورنـــده** (هێنـــەر)/ صـفت مفعـولی: **آورده** (هێنـراو)/ مـصدر منفـی: **نیـاوردن** (نەهێنان)

آورنـــده / ʼāvarande/، ـهـا؛ ـگـان/: صـفت. هێنـەر؛ هـاوەر؛ ئـاوەر؛ خـاوەن تایبـەتمـەنـدی یان توانستی هاوردن.

ـ آوری / ʼāvarî/، ـها/: پیواژه. ـداری؛ دۆخ یـان چۆنیەتی دارا بوونی شتێ ‹نامآوری: ناوداری›.

آوریـــل / ʼāvrîl/: [فرانـسوی]/اسـم. ئـاپریل؛ مـانگی چـوارەمـی ساڵـی زایـینی کـە ٣٠ رِۆژە و لە ١٢ی خاکەلێوەوە دەست‌پێدەکا.

آومتـــر / ʼāvometr/، ـهـا/: [فرانـسوی]/اسـم. ئاڤـۆمیتر؛ ئـامێری پێـوانی ئـامپێر، ڤۆڵـت و ئوهم لە کەرەسەی کارەباییدا.

آونـــد / ʼāvand/، ـهـا/: اسـم. ئـاوخۆره: ١. [گیاەشناسی] ئـاوەن؛ ئاونـە؛ نـاوەرِۆکـی لـق کـە تـــەرِایـــی رِادەگـــوێزێ ٢. [قـدیمی] لیـوان؛ قومقومۆک؛ پیاڵە و شەربەی ئاوخواردنەوە.

▣ **آونـد آبکـش**: ئـاوەنی ئاوبـەر؛ ئـاوەخـۆرە؛ لوولـەیـەکـی باریـک و درێـژ کـە شـیرەی پەروەردە لە گەڵاکانـەوە بـەرەو ئـەندامگـەلی دیکەی گیا دەبا.

آونـد چـوبی: ئـاوەنی چێـوی؛ نـاونێرِک؛ نـاودۆک؛ دەربازێـک کـە ئـاو و مـاکی بووژانـەوە لـە رِیـشەوە دەگـەیێنێتـە گـەڵای گیا.

آوندی / ʼāvandî/: صفت. ئاوخۆرەیی؛ ئـاوەنی؛ ئاونەیی: ١. خـاوەن ئـاوەن ‹گیاه آونـدی: گیـای ئاوەنی› ٢. پێوەندیدار یان پاڵدراو بـە ئـاوەنـەوە ‹دستگاه آوندی: کەرەسەی ئاوەنی›.

آونـگ / ʼāvang/، ـها/: اسـم. ئاونـگ؛ ئـاوەنـگ؛ کاروانە: ١. [فیزیک] شـندل؛ هـەڵـوەسـراوی بـە هاتوچـۆ ٢. ئـانگوو؛ دارەلـۆز؛ مـێلاق؛ مـەلاق؛ هەر شتێکی هەڵواسـراو، بـەتایبـەت هێـشووی ترێ یان میوەیەکی‌تر.

آویتـــامینوز / ʼāvîtāmînoz/: [فرانـسوی]/اسـم.

[پزشکی] ئاڤیتامینۆز؛ نەخۆشی و گرانباری لەش بە بۆنەی کەمەوە بوونی ڤیتامینی پێویست.

آویختگی / āvîxtegî'/: اسم. دالەقاوی؛ هەڵواسیاوی؛ هەڵواسراوی؛ ئالۆچیایی؛ داڵۆزاوی؛ داچەلاوی؛ بار و دۆخ یان چۆنیەتی هەڵواسیان.

آویختن / āvîxtan'/: مصدر. متعدی. لازم. //**آویختی**: هەڵتواسی؛ **می آویزی**: هەڵدەواسی؛ **بیاویز**: هەڵواسە// ☐ متعدی. ۱. هەڵواسین؛ هەڵاوەسین؛ هەلاواسین؛ هێلاوستین؛ هلاڤیشتن؛ هەڵخستن؛ هۆرئاسپنەی ‹بە درخت آویختن: بە دارەوە هەڵواسین› ۲. داهێشتن؛ شۆڕەوکردن؛ داچکاندن؛ دەلالەکۆچکێ کردن؛ داچەلاندن؛ ئاوێزان کردن؛ ئالۆچنایرە ‹از درخت اویختن: لە دارەوە شۆڕەوکردن› ۳. [ادبی] شەڕکردن؛ دەستەویەخە بوون؛ ئاوقا بوون؛ گژیەی؛ گژیای ☐لازم. ٤. هەڵواسران؛ داهێڵران؛ دالەقیان؛ ئاوێزان بوون؛ دارەلۆز بوون؛ ئالۆچیایرە؛ ئەرەئاسیەی ‹بە درخت آویختن: بە دارەوە هەڵواسران›. هەروەها: **آویختنی**

■ صفت فاعلی: **آویزنده** (ــ)/ صفت مفعولی: **آویخته** (هەڵواسراو)/ مصدر منفی: **نیاویختن** (هەڵنەواسین)

آویخته / āvîxte'/: صفت. دالەقاو؛ هەڵواسراو؛ هەلاوەسراو؛ هەلاوێزاو؛ ئالۆچیا.

آویز[1] / āvîz'/: اسم. ۱. /ها/ ئاوێز؛ شروە؛ هەرشتێ کە بۆ ڕازاندنەوەی چرا پێیەوە هەڵیدەواسن ۲. /ها/ ئاوێز؛ بەردی زۆر بەنرخ کە بۆ خەملاندن لە گۆشەوارە و سینەڕێزەوە ئاوێزانی دەکەن ۳. /ها/ گوڵەنگ؛ ئاوێز ‹اویز پردە: گوڵەنگی پەردە› ٤. [ادبی] شەڕ؛ پەیکار ‹آهنگ اویز دارد: بەتەمای شەڕە›.

ـــ **آویز**[2]: پیواژە. ۱. ـــهەڵواس؛ ـئەڵۆز؛ ـداهێڵ؛ ـداچەل؛ هەڵواسراو ‹سقف‌آویز: بە میچەوە هەڵواسراو› ۲. ـــئاوێز؛ شیاو بۆ هەڵواسینی شتێ ‹رخت‌آویز: ڕەخت‌ئاوێز›.

آویزان / āvîzān'/: صفت. دالەقاو؛ هەڵواسراو؛ هەلاوەسراو؛ ئاوێزان؛ دور؛ دوولویز؛ ئەڵخ؛ هادار؛ میوەک؛ شۆڕەوەبووگ؛ داهێندراو؛ بەل؛ دوڕ؛ بەلەچەک؛ دەنگلەوێز؛ دارەلووس؛ داهێلاو؛ ئالۆچیا؛ هەرشتێکی لە سەرەوە دابەسراو و لە خوارەوە ئازاد ‹چراغ زنبوری از سقف آویزان بود: چرا تۆریەکە هەڵواسرابووە میچەکەوە›.

▣ **آویزان شدن**: ئاوێزان بوون؛ هەڵواسران؛ هەڵواسیان ‹از دستگیره آویزان شدن: بە دەسەگیرەوە هەڵواسیان›.

آویزان کردن: ئاوێزان کردن؛ هەڵواسین؛ ئالۆچنایرە ‹کلاهش را به قلاب آویزان کرد: کلاوەکەی بە قولابەکەوە ئاوێزان کرد›.

آویزه / āvîze'/: ۱. ☜ **آویز**[1]ـ ۲،۴. ۲. ☜ **آپاندیس**

آویشن / āvîšan'، ـها/: اسم. جاترە؛ جاتیرە؛ هەزبی؛ هەزبێ؛ هەزوێ؛ هەزوە؛ ئەزبی؛ ئەزبووە؛ هەزبێلە؛ هەزبیە؛ ئەزبۆلە؛ ئەزبوولە؛ هوزبێ؛ هەزبۆ؛ هەزبۆوە؛ هەزبە؛ بۆخۆشکە؛ چەویر؛ هەویشن؛ گیایەکە لە تیرەی پنگ.

▣ **آویشن کوهی**: مشک تەرامشیح؛ جاترەکێویلە؛ هەزبیەکێفیلە؛ هەزبرکێفیلە؛ هەزوەکیفی؛ چاییە شاخی؛ گیایەکە بۆ دەرمان دەشێ.

آه[1] / āh'/، ـها/: اسم. ئاه ؛ ئاخوداخ؛ هەناسەی خەمباری.

▣ **آه کسی گرفتن**: [کنایی] هەناسەی کەسێ پێکان؛ ئاهی کەسێ گیران؛ تووکی کەسێ کاریگەر بوون.

آه کشیدن: ئاخ هەڵکێشان؛ ئاخوداخ

کردن؛ هەناسە هەڵکێشان؛ بە هۆی خەم و کەسەرەوە هەناسەی درێژ هەڵکێشان.
آه[2]: *صوت.* ۱. ئاهـ ؛ ئۆف؛ ئاخ؛ وشەیەک بۆ دەربڕینی خەم و خەفەت یا سەرسوڕمان ۲. ☜ آخ
▣ **آه در بساط نداشتن:** *[مجازی]* لە سەر ساجی عەلی بوون؛ لە سەر سیفر خولانەوە؛ ڕشکی شکە نەبەردەی؛ زۆر هەژار و دەستەنگ بوون.
آه در سینه پنهان کردن: *[مجازی]* خەفەت قووت دانەوە؛ داپۆشاندنی خەفەتی خۆ؛ دەرنەبڕینی کوڵ و کەسەری سەر دڵ.
آها / āhā'/: *قید. [گفتاری]* ئەها؛ بەڵێ؛ ئەرێ: **آهان**
آهار / āhār'/: *اسم.* ۱. ئاهار؛ ئاش؛ تراوی نیشاستە، کەتیرە یان جەوی کە لە قوماش یان کاغەزی دەدەن، ڕەپ و لووسی دەکا ۲. *ـها/* گوڵەتیکە؛ گوڵەدەقاق؛ شەسپەرە فەرەنگی.
▣ **آهار زدن:** ئاهار لێدان؛ دەق لێدان؛ شۆ لێدان؛ ئاش کردن.
آهاردار / āhārdār'/: *صفت.* ئاهاردار؛ ئاهاری ‹پارچەی آهاری: قوماشی ئاهاردار›.
آهاردن / āhārdan'/: *مصدر. متعدی. [نامتداول]* ئاهاردارکردن؛ ئاهاری کردن: **آهاریدن**
آهارزنی / āhārzanî'/: *اسم.* ئاش‌مالین؛ شۆلێدان؛ کار یان ڕەوتی پێداساوینی ئاهار بە ڕووی شتێکدا یان گەوزاندنی شتێک لە تەڕاوی ئاهاردا.
آهاری / āhārî'/: *صفت.* ئاهاری؛ ئاهاردار ‹یقەی آهاری: یەخەی ئاهاری›.
آهاریدن / āhārîdan'/ ☜ **آهاردن**
آهان / āhān'/ ☜ **آها**
آهای / āhāy'/: *صوت. [گفتاری]* ئەی؛ های؛ هەی؛ ئوهۆی؛ ئەهای؛ هۆی؛ دا؛ هێست؛ پشت؛ هێی؛ هەرێ؛ وشەیەک بۆ ئاگادار کردنەوە یا بانگ کردن ‹آهای، با توام! آهای، مواظب باش!: هۆی، لەگەڵ تۆمە!؛ های، هۆشت بێ!›.
آهرو / āhrû'/. *ـها/: اسم.* پایە؛ پاچکە؛ داری مالبەند.
آهستگی / āhestegî'/: *اسم.* ۱. ئەسپایەتی؛ هەسپایەتی؛ هێوری؛ شێنەیی؛ هێمنی؛ هێونی؛ هێدیکایی؛ بە پەلە نەبوون ‹از آهستگی قدمهایش پیدا بود...: لە نەسپاییەتی هەنگاوەکانیدا دیار بوو...› ۲. نزمی؛ نەوی بوونی دەنگ ‹آهستگی صدایش نشان می‌داد که نمی‌خواهد کسی بشنود: نزمی دەنگی وای دەنواند کە نایەوێ کەس بیبیسێ›.
آهسته[1] / āheste'/: *صفت.* ئەسپا؛ هەسپا؛ هێواش؛ هێدی؛ هێمن؛ هێون؛ شێنە؛ ئارام؛ هێدیکا؛ یاوە؛ هەستە؛ بێ‌کش؛ لەسەرخۆ: ۱. یاو؛ جووڵانەوەی لەسەرخۆ و بێ‌پەلە ‹حرکت آهسته؛ چرخش آهسته: بزاڤی هێدی؛ خولانەوەی هێواش› ۲. بە توندی و تەوژمێکی کەم ‹تکان آهسته: تەکانی هێدی› *** آرام: یواش** *[گفتاری]*
آهسته[2]: *قید.* هێواش؛ یەواش؛ هێدی؛ شێنەی؛ یاوەیاوە؛ بەسپایی؛ بەئەسپایی؛ بەحەستەمی؛ بەئەستەمی؛ بەهێونی؛ بەهێمنی؛ بە هێواشی: ۱. بێ‌پەلە ‹آهسته غذا می‌خورد: هێواش نانی دەخوارد› ۲. بە بێ‌تەوژم و زۆر ‹آهسته در را باز کرد: بەسپایی درگاکەی کردەوە› ۳. بەدەنگی نزم ‹آهسته گفت: مواظب جیبت باش: بەهێمنی وتی: هۆشت بە گیرفانتەوە بێ› *** آرام: یواش** *[گفتاری]*
آهسته‌کاری / āhestekārî'/. *ـها/: اسم. [ادبی]* کەمتەرخەمی؛ خاوی؛ تەوەزەلی؛ تەمەڵی؛ تەپەیی.
آهک / āhak'/: *اسم.* ئاهەک؛ ئەهاک؛

قسل؛ قسر؛ کلس؛ کسڵ؛ کشل؛ زقل؛ سنجوڤ؛ ماکێکی سپیە لە بەردی ئاهەک چێ دەکرێ.

▣ **آهک آبدیده** ☜ **آهک شکفته**

آهک آب‌ندیده ☜ **آهک زنده**

آهک چارو ☜ **آهک ساروج**

آهک زنده: ئاهەکی زیندوو؛ ماکێکی خۆگر و سپی ڕەنگە کە لە کوورەی ئاهەک‌پەزی ساز دەبێ و هێشتا ئاوی لێ‌نەدراوە: **آهک نشکفته؛ آهک آب‌ندیده**

آهک ساروج: ئاهەکی ساروج؛ ئاهەکێ تێکەڵاو لەگەڵ خۆڵەمێش، زیخ یا خۆڵدا: **آهک چارو**

آهک شکفته: ئاهەکی کوشتە؛ تێکەڵاوی ئاو و ئاهەکی زیندوو: **آهک آبدیده؛ آهک کشته؛ آهک مرده**

آهک کشته ☜ **آهک شکفته**

آهک مرده ☜ **آهک شکفته**

آهک نشکفته ☜ **آهک زنده**

سنگ آهک ☜ **سنگ**

آهک‌پز / āhakpaz/، ـها؛ ـان/: *اسم*. ئاهەک‌پەز؛ کەسێ کە کاری پێژانی بەردە ئاهەک لە کوورەی ئاهەک‌پەزیدایە.

آهک‌پزی / āhakpazî/، ـها/: *اسم*. ئاهەک‌پەزی؛ کارگایەک کە بەردە ئاهەکی تێدا ئەپێژن تا ببێتە ئاهەک.

آهک‌دهی / āhakdehî/: *اسم*. *[کشاورزی]* ئاهەک‌دان؛ ئاهەک ماڵین؛ پژاندنی هێندێک ئاهەک لەسەر زەوی بۆ باشتر بوونی کشت و کاڵ.

آهکدوست / āhakdûst/، ـان/: *صفت*. *[گیاه‌شناسی]* ئاهەک‌خواز؛ گیای توانا بۆ گەشەکردن لە خۆڵی ئاهەکیدا. بەرانبەر: **آهک گریز**

آهکرس / āhakros/: *اسم*. گلاهەک؛ چەشنێ کوود کە لە تێکەڵاوی خۆڵ و ئاهەک ساز دەبێ.

آهک‌گریز / āhakgorîz/، ـان/: *صفت*. *[گیاه‌شناسی]* ئاهەک‌نەخواز؛ ئاهەک‌بێز؛ گیایەک کە لە خۆڵی ئاهەکیدا کز و سیس دەبێ. بەرانبەر: **آهکدوست**

آهکی / āhakî/: *صفت*. ئاهەکی؛ ئەهاکی؛ قسلی؛ قسری؛ کسلی؛ زقلی؛ کشلی ‹زمین آهکی؛ چشمه‌ی آهکی: زەوی قسلی؛ کانیاوی ئەهاکی›.

آهن / āhan/: *اسم*. ئاسن؛ ئاهەن؛ ئاسنگ؛ ئاهێن؛ هەسن؛ ئێسن؛ هەسنگ؛ هاسن؛ هێسن: ۱. توخمێ کیمیایی کانزایی، بە ژمارەی ئەتومی۲٦ و کێشی ئەتومی ۵۵،۸٤، زۆر زوو ژەنگ دێنێ و لە پیشەسازی زۆر بە کار دەڕوا ۲. /ـها/ دەسهاتی ئاسنی؛ بەرهەمی هاسنی.

▣ **آهن تفته**: ئاسنی پۆلوو؛ ئاسنێ کە بە هۆی گەرم‌کردنی زۆرەوە سوور بۆتەوە و هەڵماسیوە.

آهن جفت ☜ **آهن شیار**

آهن سپری: ئاسنی سێ‌پەڕی؛ مێڵەی درووسکراو لە ئاسن وەکوو T.

آهن سفید: گاڵوانیزە؛ ئاسنی سپی؛ پۆلای بە کانزای ڕۆح داپۆشراو.

آهن شیار: *[کشاورزی]* گاواسن؛ گاسن؛ گێسن؛ نووکی خیشەکە کە دەڕواتە ناو زەمینەوە و هەڵیدەدڕێ: **آهن جفت**

آهن گالوانیزه: گاڵوانیزە؛ ئاسنی سپی؛ پۆلای بە کانزای ڕۆح داپۆشراو.

آهن نبشی: ئاهەنی نەبشی؛ ئاسنی دوو پاڵوو.

▣ **آهن سرد کوفتن**: *[کنایی]* ئاو کوتانەوە؛ با شەن‌کردن؛ ئاو خەست‌کردنەوە؛ ئاو هەس‌کردنەوە؛ ئاو لە دنگ کوتان؛ کاری

بێ‌هۆکردن.

آهن کهنه به حلوا دادن: *[کنایی]* مەلیچک بە قەناری گۆڕینەوە؛ کارێ پڕقازانج کردن.

آهن‌آلات / āhanālāt'/: [فارسی/ عربی] /*اسم.* ئاسنەواڵە؛ دەسهاتگەلی ئاسنی (وەکوو تیرئاسن، نەبشی و...) ‹بهای آهن‌آلات در هفته‌ی گذشته ترقی کرد: نرخی ئاسنەواڵە حەوتەی پێشوو چووە سەرەوە›.

آهن‌پاره / āhanpāre'، ـها/: *اسم.* ۱. ئاسنەلەتە؛ کوتەئاسن ‹اتومبیل به صورت آهن‌پاره درآمده بود: ماشینەکە وەکوو ئاسنەلەتەی لێ‌هاتبوو› ۲. *[مجازی]* قوڕازە؛ کانزای بێ‌بایەخ، شکاو یا لە کار کەوتوو ‹بابت این آهن‌پاره پول هم می‌خواهی؟: لە باتی ئەم قوڕازانە پارەیشت ئەوێ؟›.

آهنجش / āhanceš'/: *اسم. [فلسفه]* لاکردن؛ کردنەلاوە؛ هەلاوێری؛ هەڵوەژێری؛ لە باقی جوێ‌کردنەوە.

آهنجیدن / āhancîdan'/: *مصدر متعدی. [قدیمی]* هەڵوەژارتن: ۱. هەلاواردن؛ لێک جیاکردنەوە؛ لە یەک کێشانەوە؛ لێک گرتنەوە ۲. بە چەشنی جیا لە باقی ڕەچاوکردن ۳. هەڵێنجان؛ هەڵهێنجان؛ هینجان؛ هێنجان؛ لە باقی جیاکردنەوە ‹تُرُب را بکوبد و آب وی بیاهنجد: ترپ بکوتێتەوە و ئاوەکەی هەڵێنجێنێ›.

■ صفت مفعولی: **آهنجیده** (هەڵوەژارتوو)

آهنربا / āhanrobā'، ـها/: *اسم.* هەسن‌فڕێن؛ ئاسن‌کێش؛ مەگەن؛ موغناتیز؛ کانزایەک کە ئاسن بەرەو خۆی دەکێشێ: **مغناطیس**

آهنربایی / āhanrobāyî'/: *صفت.* ئاسن‌کێشی؛ هەسن‌فڕێنی؛ بە تایبەتمەندی ئاسن‌کێشیەوە ‹میله‌ی آهنربایی: مێلەی هەسن‌فڕێنی›.

آهن‌فروش / āhanfurûš'، ـها؛ ـان/: *اسم.* ئاسن‌فرۆش؛ ئاهەن‌فرۆش؛ فرۆشیاری دەسهاتی ئاسنی (وەکوو تیرئاسن، مێلگرد). هەروەها: **آهن‌فروشی**

آهنکار / āhankār'، ـها؛ ـان/: *اسم. [نامتداول]* ئاسنگەر؛ هەسنکار؛ ئاسنکار؛ هەسنکەر؛ هەسنگر؛ ئاهێنگەر؛ وەستاخاڵە.

آهن کشی / āhankešî'/: *اسم.* ئاسن‌کەشی؛ جۆشدانی مێلە و تەسمەی ئاسنی لە ژێر و لاپاڵی ماشێن یان ئامرازی شکاو، بۆ دروست و قایم‌کردنەوەی.

آهنکوب / āhankûb'، ـها؛ ـان/: *اسم.* ئاسنگەر؛ هەسنکەر؛ هەسنگر؛ ئاهێنگەر؛ وەستاخاڵە؛ وەستای ئامرازی ئاسن.

آهنکوبی / āhankûbî'/: *اسم.* ۱. ئاسنگەری؛ هەسنکەری؛ هەسنگری؛ ئاهێنگەری؛ پیشەی ئاسنگەر ۲. ئاسن‌کەشی.

آهنگ / āhang'/: *اسم.* ۱. /ـها/ ئاهەنگ؛ نەوا؛ هەوای ستران؛ مەقام؛ مقۆم؛ هەوای گۆرانی؛ بەشێ لە مووسیقا کە مووسیقاڕ دروستی کردووە ‹آهنگ شهرزاد: ئاهەنگی شەهرزاد› ۲. دەنگ؛ چۆنیەتی دەنگ یان سۆز ‹آواز دادنش آهنگی آمرانه داشت: بانگ‌کردنی دەنگێکی میرمەزنانەی بوو› ۳. /ـها/ هەوا؛ بەزم و ئاهەنگ ‹آهنگ رقص: بەزمی هەڵپەڕکێ› ٤. *[ادبی]* نیاز؛ ویست؛ ئاهەنگ؛ خەیاڵ لە کردنی کارێک ‹آهنگ رفتن کرد: ئاهەنگی ڕۆیشتنی‌کرد› ٥. نرخ؛ هەوا؛ نرخی جێبەجێیی یان گۆڕانی شتێ لە ماوەیەکی دیاریکراودا ‹آهنگ رشد: نرخی پەرەسەندن›.

◙ **آهنگ شاد:** ئاهەنگی کرژ.

آهنگ عزا: ئاهەنگی ماتەم.

آهنگر / āhangar'، ـها؛ ـان/: *اسم.* ۱. ئاسنگەر؛ ئاهێنگەر؛ هەسنکەر؛ هەسنگر؛

ئاسنکوت؛ وەستاخاڵە؛ خاڵە؛ هۆستای هەسنان؛ وەستای ئامرازی ئاسن ۲. جۆشکار.

آهنگرخانه / āhangarxāne'، ـها/: اسم. *[قدیمی]* ئاسنگەری؛ ئاهەنگەری؛ ئاسنکارخانە؛ کارگای ئاسنگەری.

آهنگری / āhangarî'/: اسم. ئاسنگەری؛ ئاهەنگەری؛ ئاهێنگەری: ۱. کاری ئاسنگەر ‹شوهرش آهنگری می‌کند: شووەکەی ئاسنگەری دەکات› ۲. /ـها/ کارگای ئاسنگەری ‹در آهنگری کار می‌کند: لە ئاسنگەری کار دەکات›.

آهنگساز / āhangsāz'، ـها؛ ـان/: اسم. مووسیقارِ؛ نەواچی؛ ئاهەنگساز؛ دەنگ‌نقیس؛ ئاوازدانەر؛ بەستەکار؛ هەوای ستران رێکخەر ‹علی مردان اهنگساز نامداری بود: عەلی مەردان مووسیقارێکی بەناوبانگ بوو›.

آهنگسازی / āhangsāzî'/: اسم. مووسیقارِی؛ ئاهەنگسازی: ۱. کار یان رەوتی رێکخستنی هەوای ستران ‹آهنگسازی نوار خیلی عالی بود: مووسیقاری شریتەکە زۆر باش بوو› ۲. پیشەی مووسیقارِ ‹اهنگسازی برای آدم نان نمی‌شود: مووسیقاری نابێتە نان و ئاو بۆ کەس›.

آهنگین / āhangîn'/: صفت. نەزمین؛ ئاهەنگین؛ خۆش‌ئاهەنگ ‹کلام اهنگین: قسەی نەزمین›.

آهنی / āhanî'/: صفت. ۱. ئاسنی؛ ئاسنگی؛ ئاهەنی؛ ئاسنین؛ ئاهێنی؛ هەسنی: چێ بوو لە ئاسن ‹میز اهنی: مێزی ئاسنی› ۲. *[مجازی]* کانزایی ‹چیز آهنی: شتی کانزایی›.

آهنین / āhanîn'/: صفت. *[ادبی]* ۱. ئاسنین؛ ئاسنی؛ ئاسنگی؛ ئاهەنی؛ ئاهێنی ۲. *[مجازی]* پۆلایین؛ زۆر سەخت؛ پتەو ‹ارادەی آهنین: ویستی پولایین›.

آهنین‌بازو / āhanînbāzû'، ـان/: صفت. *[ادبی]* باهۆپۆلایین؛ گورد؛ خاوەن باهۆیەکی زۆر بەهێز. هەروەها: **آهنین‌پنجه؛ آهنین‌چنگال**

آهو / āhû'، ـها؛ آهوان āhovān/: اسم. ئاسک؛ مامز؛ کارمامز؛ مامبز؛ ئاهوو؛ ئاهی؛ خەزال؛ کەژاڵ؛ کەژەڵ؛ غەزاڵ؛ مەراڵ؛ مەبرە؛ جەیران؛ گیانداریکی گواندەری گیاخۆری جووت سمە، بە قەد بزنێک دەبێ، دەست و پێی بڵند و باریک و لەشی کەم‌تووکە.

▣ **آهوی خُتَن** ☜ **آهوی مُشک**

آهوی مشک: ئاسکی موشک؛ ئاسکێکی چکۆلەی بەرزایەکانی سیبری، ساخالین و هیمالیایە، بە مووی قاوەیی و زبرەوە، کە لە ناوکی موشک دەگرن: **آهوی خُتَن**

آهوبره / āhûbar(r)e'، ـها؛ ـگان/: اسم. کارمامز؛ کارمامبز؛ کارخەزاڵ؛ ئاسکۆلە؛ بەچکە ئاسک.

آهوپا / āhûpā'، ـها/: اسم. *[معماری]* موقەرنەس؛ ژێرتاق؛ نەخشێکی تایبەت بە ژێرتاق و پاڵ دیوارە، وەکوو نیو جەغزی لەسەریەک کەوتوو وایە.

آهوچشم / āhûčešm'، ـها؛ ـان/: صفت. *[کنایی]* چاوکەژاڵ؛ چەمکەژەڵ؛ چاوبەلەک؛ خاوەن چاوێکی درشت و کێشراوە وەکوو چاوی ئاسک.

آه و ناله / āh-o-nāle'، ـها/: اسم. *[کنایی]* ئاهـ و ناڵە؛ نزوولە؛ نکوناڵ؛ گریان و هاوار، بەتایبەت بە هۆی ئێش یان خەفەتەوە.

آهیانه / āh(i)yāne'، ـها/: اسم. لا تەوێڵ؛ هەر کام لە دوو ئێسکی لاپاڵی تەوێڵ.

آهیختن / āhîxtan'/: مصدر. متعدی. *[ادبی]* ۱. دەرهێنان؛ دەرکێشان؛ بەرکێشتەی ۲. بڵیندکردن؛ بەرزکردنەوە؛ هۆربرِنەی.

■ صفت مفعولی: **آهیخته** (دەرکشاو)

آهیخته / āhîxte/': صفت. [ادبی] کشاو؛ دەرکشاو؛ دەرکێشراو؛ دەرهاتوو لە کالان.

آی[1] / āy/': حرف. [گفتاری] ئای؛ ئەی؛ وشەی نیشاندانی زۆر و زەوەندی ‹آی خندیدیم!: ئای پێکەنین!›.

آی[2]: صوت. ۱. ئەهای؛ ئوهۆ؛ های؛ هۆی؛ هۆ؛ گەلۆ؛ وشەیەک بۆ بانگ‌کردن یان هەڕەشەکردن ۲. ئای؛ ئاخ؛ ئۆف؛ وەی؛ وشەیەک بۆ نیشاندانی ئێش ‹آی سَرم؛ آی مُردم: ئای سەرم؛ وەی مردم› ۳. ☜ آخ

آیا / āyā/': قید. ئایا؛ ئایاکوو؛ ئاخۆ؛ ئاخوا؛ داخۆ؛ داخوم؛ داخوا؛ ئەرێ؛ هەیاران؛ وشەی پرسیار کە زۆرتر لە نووسیندا بە کار دەڕوا ‹آیا می‌دانی؟: ئاخۆ ئەزانی؟›.

آیات / āyāt/': [عربی] ۱. جمعِ ☜ آیه ۲. جمعِ ☜ آیَت

آیت / āyat/'، ـها؛ آیات/: [عربی]/اسم. [ادبی] نیشانە؛ گەوای شتێ ‹آیت حُسن: نیشانەی باشی›.

آیت‌الله / āyatollāh/'، ـها/: [عربی]/اسم. ئایەتوڵڵا؛ نیشانەی خودا (نازناوێکە بۆ زانای ئایینی هەرە گەورەی موسڵمان).

آیروسل / āyrosol/': [فرانسوی]/اسم. ۱. تەم؛ هەورێک لە ڕێزەگەلی جۆراوجۆر لە ناو هەوادا ۲. پڕژە؛ دووکەڵ؛ پڕژەک؛ پڕژێنە؛ ماکێکی (وەکوو ئۆدکولون) کە وەک پژگە لە دەفری تایبەتی خۆیەوە ئەپڕژێتە دەر ۳. /ـها/ پژانە؛ دەفری پڕژەک * **افشانه؛ اسپری**

آیروگرام / āyrog(e)rām/': [انگلیسی]/اسم. ئایرۆگرام؛ نامەی پۆستی هەوایی؛ چەشنێ قاقەزی ناسک کە دوای دەق‌کردن وەکوو پاکەتی پوستی لێدێ و بۆ نووسینی نامەی هەوایی بە کار دەڕوا.

آیرومتر / āyrometr/'، ـها/: [انگلیسی]/اسم. هەواپێو.

آیزنه / āyezne/'، ـها/: [ترکی]/اسم. شووی خوشک؛ زاوا؛ زاما؛ زاقا؛ زەما؛ یزنە: **یَزنه**

آی. سی. یو. / āy.sî.yû/': [انگلیسی]/اسم. ئای.سی.یوو؛ جێگەی ئاگاداری تایبەت لە نەخۆشخانە، بۆ نەخۆشی دڵ.

آیش / āyeš/':/اسم. ۱. شیوەرد؛ شێف؛ شوو؛ شووم؛ شوومی؛ زەمینی کشت‌وکاڵ کە بۆ ماوەیەک ناکێڵدرێ، تا خاکەکەی بەهێز ببێتەوە ۲. کار یان ڕەوتی هێشتنەوە و نەکێڵانی زەوی، بۆ قەوەت گرتنی.

آیش‌بندی / āyešbandî/'، ـها/:/اسم. ۱. شێف و وەرز؛ دابەش‌کردنی زەمینی کشت‌وکاڵ بە شێوەیەک کە ئەبێ هەر ساڵ چەندی شێف بێ و چەندی بکێڵدرێ ۲. شێف‌دانان؛ وێڵ‌کردنی بەشێ لە کێڵگە بە شێفی.

آیفن / āyfon/'، ـها/: [انگلیسی]/اسم. ئایفۆن؛ نێوی بازرگانی ئامرازێکی کارەبایی بۆ ناسینی کەسێ کە لە دەرکە دەدا و کردنەوەی دەرگا، بە بێ ئەوەی بچیە پشتی دەرکەوە ‹از پشت آیفن صدایش را شناختم: لە پشت ئایفۆنەکەوە دەنگیم ناسی›.

آی. کیو. / āy.kiyû/'، ـها/: [انگلیسی]/اسم. ئای.کیوو؛ بەشە هۆشی؛ هۆشبەرە.

آیمارا / āymārā/':/اسم. ئایمارا: ۱. هۆزێک لە خەڵکی سوورپێستی سەر بە وڵاتانی پیرۆ و بوولیڤی ۲. /ـها/ هەرکام لەو هۆزە ۳. زمانی ئەو هۆزە.

آیم‌سایم / āyam.sāyam/': قید. [گفتاری] ۱. گاگا؛ جارجار؛ گاف‌گاف؛ جاروبار ‹آیم‌سایم سری به مسجد می‌زد: گاگایەک ڕێی لە مزگەوت ئەکەوت› ۲. بەهەڵکەوت؛ تەکوتووک؛ بەدەگمەن؛ تاکوواز ‹مگر آیم‌سایم راه گم کند و این طرفها بیاید: مەگەر بەهەڵکەوت پای هەڵکەوێ و بێ بۆ ئێرە›.

آیندگان / āyandegān/': ضمیر. داهاتوان؛

نـەهـاتوان؛ کـەسـانێکـە لـە داهـاتوودا لـەم دنیایە دەژین.

آیندوروند / āyand-o-ravand' ،هـا/:/اسـم. [گفتـاری] هـاتوچـۆ؛ هـاتوچـوو؛ ئامشۆ؛ ئامشۆ- ڕەفـت؛ ئامـاولوەی ‹روزهـای جمعـه آینـد و رونـد مـا زیـاد اسـت: ڕۆژانی هـەینـی هـاتوچـووی ئێمە زۆرە›.

▣ **آیندورونـد داشـتن:** بـە ئامـشۆ- ڕەفـت بـوون؛ بـە هـاتوچـۆ بـوون ‹سالهاسـت کـه بـا آنها آینـد و رونـد نداشـتەایـم: چـەنای چـەن سالـە لەگەڵ ئەواندا ئامشو-ڕەفتمان نەبووە›.

آینـــده / āyande'/:/اسـم. داهـــاتوو؛ بانـــان؛ هالـەڕێ؛ ئـێ؛ ئاینـدە: ١. ئایـەنـە؛ ئاینـە؛ چـەومـا؛ چـەودمـا؛ دواڕۆژ؛ پاشـەڕۆژ؛ لـەوەدوا؛ لـەمـەبـەولا؛ ڕۆژانی دوایـی؛ سـەردەمـی دوای ئێستا ٢. بـەرجـەوەنی وێچـوونی بـاش بـوون و پـەرەسـاندن لـە دواڕۆژدا ‹ایـن مغـازە آینـدەاش خـوب اسـت: ئـەم دووکانـە داهـاتووی باشـە› ٣. بـەسـەر بـردنی ژیـان یـان سـەرکـەوتـن لـە سالانی دواییدا ‹مـیخـواهم آینـدەات تـأمین بـشود: دەمـەوێ داهـاتووت دابـین بێـت›. هـەروەهـا: **آینده داشتن**

آینـــــدەســـــاز / āyandesāz' ،ـان/: صـفت. داهاتووساز؛ ئاینـدەسـاز؛ هـۆی دابـین بـوون و چـاکتر بـوونی بـارودۆخی داهـاتوو ‹جـوان آیندەساز: گەنجی داهاتووساز›.

آینـــدەشناســـی / āyandešenāsî'/:/اسـم. داهاتووناســـی؛ ئاینـــدەناســـی؛ لقـــێ لـــە زانـستگەلی ئـاپۆرەیـی کـە سـەبـارەت بـە بـــارودۆخی زانــستی، ئـــابووری و پیـــشەیـــی ولاتان لێدەکۆڵێتەوە.

آینـدەنگـری / āyandenegrî' ،هـا/:/اسـم. دوورنـــــواڕی؛ دووربـــــینی؛ کـــــار و ڕەوتی پـێشبـینی و ڕێـکوپێـک کـردنی بـەرنامـەی پێویست بۆ داهاتوو.

آینــو / āynû'/:/اسـم. ئـاینوو: ١. هـۆزی سـپی پێـستی نیـشتەجـێ لـە بـاکووری ژاپـۆن، دوورگـەگـەلی ساخالـین وکوریـل ٢. /ـهـا/ هەرکام لەو کەسانە ٣. زمانی ئەو هۆزە.

آینه[1] / āyne' ☜ **آیینه**

آینه[2]: صفت. لار؛ گێـر؛ ڕاسـت ڕانـەوەسـتاو (بـە تایبەت بۆ جک و قاپ).

آیـه / āye' ،ـها؛ آیات/: [عربـی]/اسـم. ئایـە؛ هـەر کام لـەو بـەشـانەی قورئـان کـە ژمـارەیـەکـی تایبەت بە خۆی هەیە.

▣ **آیـــەی یـــأس خوانـــدن:** [مجـازی] قـسەی ساردکردن؛ بە ناهومێدی قسەکردن.

آیـەومایـه / āye-vo-māye'/: [؟ فارسـی]/اسـم. [مجازی] پاک؛ سەروبەر؛ گش‌لەگش.

آیـــین / āyîn' ،هـا/:/اسـم. ١.ئاکـــار؛ ڕەوشـت‹آیـین جـوانمردی؛ آیـین پهلـوانی: ئاکـاری جـوامێری، ئاکـاری پاڵـەوانی› ٢. دیـن؛ ئـایین؛ ئـاین؛ ڕەوشـت؛ ئـۆل ‹آیـین اسـلام: ئایینـی ئیـسلام› ٣. شـێواز؛ زێ؛ ڕەوشـتی کـار ‹آیـین نگـارش؛ آیـین سـوارکاری: شـێوازی نووسـین؛ شـێوازی سـوارکاری› ٤. ڕێوڕەسـم؛ ئاهـەنـگ ‹آیین حج: ڕێورەسمی حەج› ❋ **آئین**

▣ **آیـین مدرسـی:** ١. ئـامۆژەگـەلی ئـایینی و فەلـسەفی زاڵ بـە سـەر ئۆرووپـای ڕۆژئـاوادا، دەنێـــوان ســـالانی ١٠٠٠ تـــا ١٥٠٠ی زایینی ٢. کۆنەپەرسـتی؛ پـاداگری لـە سـەر وانە و شێوازگەلی کۆنەی پێشووەکان.

آیـینبنـدی / āyînbandî' ،هـا/:/اسـم. ١. ڕازاندنەوە (بە گوڵ و چـرا بـە مـەبـەسـتی جـەژن و شادی) ٢. ئایەنەکاری ❋ **آئینبندی**

آیـــیننامـــه / āyîn.nāme' ،هـــا/:/اسـم. دەسـتووری حکوومـەتی؛ قانوونگـەلێک کـە لـە لایـەن بـەرپرسـانی حکوومـەتـەوە دادەمـەزرێ و دەبێ بەڕێوە بچێ.

آیینه / āyîne'/:/اسـم. ١. /ـهـا/ ئاوێنـە؛ ئاوینـە؛

هاوێنــه؛ جــام؛ جامــەک؛ قــۆدی؛ قودیــک؛ مریــک؛ گزگــی؛ گــوزگی؛ گــوزین؛ هیلــی؛ هێلی؛ نـەینـووک؛ نۆینـک؛ نـەنیـک؛ نـەینـک؛ نـەینـۆک ٢. ـُهـا//فیزیک/ جام؛ هـەر شـتێ سـاف، کـوور یـان قـوول کـە ئاشـۆپ یـان وێنــەیــەک نیــشان بــدات ٣. [مجــازی] ڕۆشــنایی؛ ڕوونــاکی؛ شــتی خــاوێن و ڕوون ‹آیینـــەی آب؛ آیینـــەی آســمان: ئاوێنـــەی ئـــاو؛ ڕۆشنایی ئاسمان› ❋ **آئینه؛ آینه**

▣ **آیینـــەی بخـــت**: ئاوێنـــەی بـــەخـــت؛ ئاوێنەیەک کـە لـە زەمـاوەنـدا بـەرانبـەر بـە بووکی دادەنێن.

آیینەی تال: ئاوێنەی حەڵەبی.

آیینەی تخت: ئاوێنەی تەخت؛ ئاوێنەی ساف.

آیینــەی چینــی: [قـدیمی] ئاوێنــەی چــینی؛ ئاوێنەی دروستکراو لە پۆلای بریقەدار.

آیینەی‌دق: ١. ئاوێنەی شێت؛ ئاوێنەیەک کـە باش ساف نەبووبێ و وێنـە و ئاشـۆپ خـراپ نیـشان بـدا ٢. [مجـازی] داگـیراو؛ داهێـزراو؛ پـەژمـەراو؛ داچـەکـاو؛ مـرۆی خـەمگـین و بێ‌دەنگ داکەوتوو.

آیینەی سوزان: ئاوێنـەی کـوور، ئاوێنـەیـەک کە تیشکی تاو خـڕ دەکاتـەوە سـەر خاڵـێک و لە هەرچی بدا دەیسووتێنێ.

آیینـەی قـدی: ئاوێنــەی قــەدی؛ ئاوێنــەی باڵا پیاو.

آیینـــــەی کـــــاو: ئاوێنـــــەی قـــــووڵ؛ ئاوێنـــەیـــەک‌کـــە نـــاوەکـــەی قووڵـــە و وێنـــە و ئاشـــۆپ ئـــەگـــەر زۆر لـــێ نزیـــک بـــێ گـــەورەی دەکاتـــەوە و زۆریـــش لـــێ‌دوور بـــێ پچـــووک نیـــشانی‌دەدا: **آیینـــەی مقعّر**

آیینـەی کـروی: ئاوێنـەی خـڕ؛ بـەشـێ لـە گۆیـەک کـە دەرەوە یـان نـاوەوەی وەکـوو ئاوێنەی لێ‌هاتبێ.

آیینـەی کـوژ: ئاوێنـەی کـوور؛ ئاوێنـەیـەک کـە قوتـە و وێنـە یـان ئاشـۆپ، چکۆلـەتـر نیشان دەدات: **آیینەی محدّب**

آینەی محدب ☜ **آینەی کوژ**

آیینەی مقعر ☜ **آیینەی کاو**

آیینـــەبنـــدان / āyînebandān'/: اسـم. [ادبـی] ئاوێنــەبــەنــدان؛ کــار یــان ڕەوتی ڕازاندنــەوەی جێگایــەک بــە ئاوێنــەی جۆراوجــۆر (زۆرتــر بــۆ جێژن و شادی).

آیینـــــەخانـــــه / āyînexāne'، ـهـا/: اسـم. ئاوێنەبەند؛ جێگایەکـی سـەرداپۆشـراو کـە دەر و دیواری بە ئاوێنە ڕازاوەتەوە.

آیـیـنـــــەدار / āyînedār'، ـهـا؛ ـان/: اسـم. ئاوێنـەدار؛ کـەسـێ کـە پێـشووتر ئاوێنـەی لـە گەڕەک دەگێڕا، پارەی لە خەڵـکی دەسـتاند تـا خۆیان تەماشا کەن.

آیینـــەداری / āyînedārî'/: اسـم. [قـدیمی] ئاوێنەداری؛ کار یان پیشەی ئاوێنەدار.

▣ **آیینەداری در شـهر کـوران**: [کنایی] بلـوێر بـۆ کـەڕ لێـدان؛ کـاری بێهـوودەکـردن، بەتایبـەت نوانـدنی هونـەر بـۆ کـەسـانێ کـە ئاگایان لێ نیە و هیچ تێ‌ناگەن.

آیینـــەکـــار / āyînekār'، ـهـا؛ ـان/: اسـم. ئاوێنەکار؛ کەسێ کە کـاری خـەملانـدنی مـاڵ و بینا بە کۆمەکی ئاوێنەیە.

آیینـەکـاری/ āyînekārî'/: اسـم. ئاوێنـەکـاری: ١. کــار یــان ڕەوتی ڕازاندنــەوەی جێگایــەک بە ئاوێنە ٢. ـُها/ نەخـش و نیگارێـک کـە بـەم شێوازە دروست کـراوە ‹تمام دیوارها آیینـەکـاری بود: تەواوی دیوارەکان ئاوێنەکاری بوو›.

ـآیینـی / āyînî'/: پیـوازه. ـئـایینی؛ سـەر بـە ئایین: **ـآئینی**

آی.یـو.دی./ āy.yû.dî'، ـهـا/: [انگلیسی] اسـم. [پزشکی] کەرەسـەیـەک کـە ژن هـەڵـیدەگـرێ بۆ بەرگری لە ئاووس بوونی.

ا

ا¹ / 'a/: *حرف.* پیتی سەرەتایی ئەلفوبێتکەی فارسی، کە لە سەرەتای وشەدا بە سێ شێوەی «اَ»،«اِ»،«اُ» دەخوێنرێتەوە.

ا²: *صوت. [گفتاری]* ئا؛ تەح؛ تەحا؛ ئەک؛ پەح؛ دەک؛ وتەی سەیرمان وێڕای ئافەرین ‹ ا! اینهمه پول گرفتی؟: ئا! ئەم گشتە پارەیەت وەرگرت؟›.

ا / 'e/: *صوت. [گفتاری]* ئەی؛ ئێ: ١. نیشانەی سەمەرەیی ‹ اِ! این که خالی است: ئەی! ئەمە خۆ خالیە ٢. نیشانەی ناڕەزایی ‹ اِ! بس کن دیگر: نەی! بەسیە ئیتر›.

ا / 'o/: [فرانسوی] *اسم. [پزشکی]* ئۆ؛ گرۆیەکی خوێنی.

ا / 'o:/: *صوت. [مخفف]* ئوهۆی؛ ووو؛ هۆ؛ ئۆ؛ هۆی؛ دەنگی دڵگرانی و عاجزی دەربڕین ‹اُ! چکار می کنی؟: ئوهوی! چدەکەی؟›.

ائتلاف / 'e'telāf، ـها؛ ـات/: [عربی] *اسم.* یەکگری؛ هەڤبەندی: ١. *[نامتداول]* سازگاری؛ سازشت؛ پێکهاتوویی؛ تەبایی؛ تەڤایی ٢. *[سیاسی]* هاوپەیمانی؛ هاوکاری دوو یا چەند دەستە یا بەستەی ڕامیاری و هاویاری، بۆ دابین بوونی ئامانج یان بەڕێوەبردنی بەرنامەگەلی دیاریکراویان، هاوڕێ لەگەڵ پاراستنی پەسار و بەندەنەی خۆیان. هەروەها: **ائتلاف کردن**

ائتلافی / 'e'telāf/: [عربی] *صفت.* هاوپەیمانی؛ هاوپەیمانیەتی؛ پێوەندیدار یان سەر بە هاوپەیمانیەتیەوە.

ائمه / 'a'emme/: [عربی] جمعِ ☜ **امام**

ائوسن / 'e'osen/: [؟] *اسم.* ئیئۆسێن؛ دووهەمین خول لە دەورانی سێهەمی زەوینناسی.

ابا / 'ebā/: [عربی] *اسم. [ادبی]* دووری؛ خۆبوێری؛ خۆپارێزی؛ خۆلادەری؛ ملنەدەری؛ ڕەوتی خۆ پاراستن لە جێبەجێ کردنی کارێ یان بەجێهێنانی ئەرکێک.

⊡ **ابا آوردن** ☜ **ابا داشتن/ کردن**

اباداشتن/کردن: *[ادبی]* قەبووڵ نەکردن؛ دووری کردن؛ نەپەزێران؛ خۆ پاراستن؛ خۆ پارێزان: **ابا آوردن**

ابابیل / 'abābîl، ـها/: [معرب از ؟] *اسم. [نامتداول]* پەڕەسێلکە؛ پلیزری؛ پلیزرگ؛ پلیزر؛ پلیسری؛ پلیسرگ؛ پلیزگردە؛ دویل مقەس؛ کاردە پەلە؛ پەلەوەرێکی باڵ باریکی دەنووک کورتی کلک وەک مقەستی، کۆچەرە.

اباحـــه / 'ebāhe /: [عربـی]/اسم. ڕەوایـی؛ دۆخ یان چۆنیەتی ڕەوا بوون.

اباطیل / 'abātîl /: [عربی]/اسم. هەڵیتوپەڵیت؛ هیچوپووچ؛ هەڵیانوپەڵیان؛ هەلەق‌مەلەق؛ هەڵەمەڵەق؛ هاتەران‌پاتەران؛ هەلەوشاش؛ قسەی بێتەرز و ڕێز؛ وتەگەلی بێمانا و بێهۆ.

ابتدا[1] / 'ebtedā /: [عربی]/اسم. سەرەتا؛ هەوەڵ؛ ئەوەڵ؛ بەرایی؛ بەراهێک؛ دەسپێک؛ بەلەبوورە ‹ابتدای کتاب: سەرەتای کتێب›.

ابتدا کردن: دەست پێکردن؛ دەسپێکردن؛ دەسپەنەکەردەی.

ابتدا[2]: *قید.* سەرەتا؛ لە هەوەڵا؛ ئەوەڵ؛ وەڵێنە؛ هەوەڵ؛ لەبەرا؛ لە سەرەتاوە ‹ابتدا او آمد: سەرەتا ئەو هات›.

ابتداً / 'ebtedā'an /: [عربی] *قید. [ادبی]* لە سەرەتاوە؛ لە سەرەتا؛ سەرەتا؛ لە هەوەڵا؛ بەر لە هەموو شتێ؛ پێش هەموو شتێ؛ ئەوەڵای ئەوەڵ؛ پێشەکی ‹ابتداً باید ثابت کرد: لە سەرەتاوە دەبێ بیسەلمێنین›: **ابتدائاً**

ابتدائاً / 'ebtedā'an /: [عربی] ☜ **ابتداً**

ابتدائی / 'ebtedā'î /: [عربی] ☜ **ابتدایی**

ابتدا بە ساکن[1] / 'ebtedābesāken، ـها /: [عربی/ فارسی/ عربی] *صفت. [دستور]* کپی لە بڕگەی هەوەڵدا (سەبارەت بە وشە) زمانی فارسی قاڵبی وای نیە، بەلام لە کوردیدا زۆرە، وەک: سست، کش، مشت، بڵند.

ابتدا بە ساکن[2]: *قید.* لە پڕ؛ لە ناکاو؛ لەنکاو؛ گز؛ گزومەت؛ ژگرقە؛ ژنشکێڤە ‹ابتدا بە ساکن شروع کرد بە بد گفتن از روزنامەها: لە پڕ دەسی کرد بە هەڵشاخان بە ڕۆژنامەکاندا›.

ابتـــدایی / 'ebtedāyî /: [عربی] *صفت.* سەرەتایی: ۱. بەراهی؛ دەسپێکی؛ پێوەندیدار یان سەربە سەرەتا یا هەوەڵین قۆناغ ‹مدرسەی ابتدایی: خوێندنگەی سەرەتایی› ۲. *[مجازی]* دواکەوتوو؛ ڕەمەکی؛ بێئەزموون؛ وەک سەرەتا مانەوە ‹زندگی ابتدایی: ژیانی سەرەتایی› ❋ **ابتدائی**

ابتذال / 'ebtezāl /: [عربی]/اسم. بێنرخی؛ تەوەشی؛ بار و دۆخ یا چۆنیەتی بێفەڕی و سووکی؛ پڕ لە باری نالەباری، بێکەڵکی و پڕپەلەیی.

ابتر / 'abtar /: [عربی] *صفت. [ادبی]* ۱. لنگەر؛ عەلەمیار؛ عەلەمدار؛ قۆپ؛ نیڤەڕۆ؛ دویلکبڕی؛ یەوکشت؛ قەرەت؛ ناتەواو؛ قسر؛ دوابڕاو ۲. خراو؛ خراپ؛ خرا؛ تەفر و توونا.

ابتکار / 'ebtekār، ـها؛ ـات /: [عربی]/اسم. نوێکاری: ۱. ڕەوشتێکی تازە و نوێ بۆ جێبەجێ‌کردنی کارێک ‹استفاده از لامپ روشنایی برای گرم‌کردن کرسی، ابتکار او بود: کەڵک وەرگرتن لە گولۆپ بۆ گەرمکردنەوەی کورسی، نوێکاری ئەو بوو› ۲. کارێک کە بە بارێکی نوێ و جوان دەکرێ ‹او در فروش کتاب ابتکار جالبی داشت: لە فرۆشتنی کتێبدا نوێکاری باشی هەبوو› ۳. بیر و ڕەوشتی نوێ لە کار و باردا ‹انسان باید در کارش ابتکار داشته باشد: مرۆ دەبێ لە کاریدا نوێکاری هەبێ›.

▣ **ابتکار عمل**: توانایی ئەنجامدانی کارێک بە ویست و شێوازی ڕەچاوکراوی تایبەت بە خۆ.

ابتکاری / 'ebtekārî /: [عربی] *صفت.* نوێکارانە ‹روشهای ابتکاری: ڕەوشتگەلی نوێکارانە›.

ابتلا / 'ebtelā، ـها؛ ـات /: [عربی]/اسم. ۱. کارەڕەهاتی تووش بوون؛ تێوەگلان؛ تێئالیان؛ گرتن؛ تووشی نەخۆشی یان ناخۆشی هاتن ۲. *[نامتداول]* بار یا چۆنیەتی بە سەردا هاتنی بەلا و چورتم.

ابتهاج / 'ebtehāc /: *اسم. [ادبی]* خۆشی؛ خوەشی؛ وەشی؛ شادی؛ شادمانی؛ شایی.

ابتیاع / 'ebtiyā' /: [عربی]/اسم. *[ادبی]* کڕیاری؛ سێنیاری.

▣ **ابتیاع شدن:** سنیان؛ سەنیان؛ کڕدران؛ ئەسنیەی ‹کالاها خیلی زود ابتیاع شدند: کەلپەلەکان خێرا کڕدران›.

ابتیاع کردن: سەندن؛ سەنین؛ کڕین؛ خەڕین؛ سانەی؛ ئەستەی.

ابجد / 'abcad/: [عربی] *اسم.* ۱. ئەبجەد؛ ناوی جۆرێ ئەلفوبێتکەی مێژینەی عەرەبیە کە بە ئەبجەد دەست پێدەکا و هەر پیتێک ژمارەیەکی هەیە و حیساباتی پێدەکرێ ۲. ☜ حساب ابجد، **حساب**

ابجدخوان / 'abcadxān، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] *اسم. [ادبی]* نۆمس؛ نۆئامۆژ؛ کەسێ کە تازە خوێندن و نووسین دەست پێدەکا.

ابخره / 'abxere/: [عربی] جمعِ ☜ **بُخار**

ابد[1] / 'abad/: [عربی] *اسم. [ادبی]* هەتا؛ ئەبەد: ۱. کۆتایی جیهان؛ ئاکامی دنیا ‹از ازل تا ابد: لە سەرەتا تا هەتا› ۲. *[مجازی]* بێبڕانەوە؛ بێپسانەوە؛ تاهەتا؛ هەتاـهەتا؛ نەڤەبڕی؛ بێبڕانەوەی دەم و کات؛ هەتاهەتایی؛ کات و ساتی درێژخایەن و نەبڕاوە.

ابد[2]: *صفت.* هەتایی؛ هەمیشەیی؛ نەڤەبڕی؛ هەرماوی ‹حبس ابد: بەندی هەتایی›.

ابدا / 'abadā/: [عربی] *قید.* قەت؛ قەد؛ حەر؛ هەر؛ هەرگیز؛ حەریز؛ هەجگیز؛ هەرگیزای هەرگیز؛ هەرگیزا و هەرگیز؛ هەرگیسەی هەرگیس؛ ب چ تەرزا؛ ب چ ڕەنگا؛ هیچوەخت ‹ابداً او را ندیدەام: قەت نەمدیوە› ✻**ابداً**

ابداً / 'abadan/: [عربی] ☜ **اَبَدا**

ابداع / 'ebdā'، ـها؛ ـات/: [عربی] *اسم.* بەدیهێنەری؛ داهێنەری؛ نۆهاوەری؛ نۆهێنەری؛ تازەهاوەری؛ کار یان ڕەوتی هێنانەکایەوە؛ داهێنان یان دروستکردنی شتی تازەبابەت ‹هر روز مدلهای جدیدی از کامپیوتر ابداع میکنند: هەموو ڕۆژێ جۆرێکی تازە لە کەمپیوتەر بەدیدینن›.

▣ **ابداع کردن:** بەدیهێنان؛ داهێنان؛ دائێنان؛ لە نەبوو چێکردن؛ درووس کردن؛ وەشکەردەی؛ خولقاندن؛ ساز کردنی نوێ.

ابداعی / 'ebdā'î/: [عربی] *صفت.* داهێنراو؛ تازە داهاتوو؛ نۆ بە دیهێنراو ‹دیروز مهندس کارخانە روش ابداعی خود را نشان داد: دوێنێ ئەندازیاری کارخانە ڕەوشتی داهێنراوی خۆی پیشان دا›.

ابدال / 'abdāl/: [عربی] *اسم. [ادبی]* ۱. عەوال؛ عەودال؛ خەلکی ماقووڵ و خاسکار ۲. *[تصوف]* حەوت مرۆی هێژا کە لە هەر چاخێکدا لە حەوت پەڕی دنیاوە، ڕێبەری خەلکیان وەئەستۆیە ۳. خوانەناس؛ خودێنیاس.

ابدال / 'ebdāl/: [عربی] *اسم. [ادبی، نامتداول]* کار یان ڕەوتی گۆڕین؛ گوهرین؛ گۆڕینەوە؛ واڕایوە؛ ئاڵوگۆڕکردن.

ابدالآباد / 'abadal'ābād, 'abadol'ābād/: [عربی] ☜ **آبدالدهر**

ابدالدهر / 'abadoddahr,'abadaddahr/: [عربی] *قید.* هەمیشە؛ هەمیشەدەرە؛ حەتاـحەتا؛ هەتاـهەتایە؛ هەتا جیهان مایە: **ابدالآباد**

ابدان / 'abdān/: [عربی] جمعِ ☜ **بَدَن**

ابدی / 'abadî/: [عربی] *صفت.* هەتاـهەتایی؛ تاسەر؛ بێبڕانەوە؛ هەرهە؛ هەرمانی؛ هەمیشەیی ‹زندگی ابدی: ژیانی هەمیشەیی›.

ابدیت / 'abadîyyat/: [عربی] *اسم.* هەمیشەیی؛ هەمیشەیەتی؛ هەرمانی؛ هەرهەیی ‹ماتریالیستها به ابدیت گیتی معتقدند: ماتریالیستەکان بڕوایان بە هەمیشەیەتی جیهانە›.

ابر- / 'abar/: *پیشوند.* زل-؛ گەورە-؛ گەپ-؛ کەلە-؛ مەزن؛ گاورە؛ گر؛ ئەورە؛ هەورە؛ سلال؛ بالا؛ زۆر؛ خاوەن چۆنیەتی بارودۆخی هەڤیازی و باشتری ‹ابرقدرت: زلهێز›.

ابر / 'abr، ـها/: *اسم.* ۱. هەور؛ ئەور؛ ئێور؛

هەڤر؛ ئەورە؛ هۆر؛ تەمی بەر ئاسمان کە بارانی لێوە دەبارێ ٢. هەورک؛ هەور؛ هەوری؛ شتێکی نەرمی کون ـ کونە کە بۆ شت شۆردن بەکار دەچێ ٣. گیایەکە لە تیرەی هاروێگەل، کە هەودای ناو ساقەتەکەی وشک دەکەنەوە و بە جێی هەورک بەکاری دێنن.

▣ **ابر آلتواستراتوس** ☜ **ابر فراز پوشن**

ابر آلتوکومولوس ☜ **ابر فراز کومەای**

ابر استراتوس ☜ **ابر پوشن**

ابر استراتوکومولوس ☜ **ابر پوشنِ کومەای**

ابر الکترونی: */ شیمی/* ئوربیتال؛ هەوری ئلیکترۆنی؛ هەورئاسایەک کە ئلیکترۆن بە هۆی سوورخواردنی یەکجار خێرا بە دەوری ناوکی ئەتومدا بەدی دێنێ.

ابر بارا: هەورە بارانە؛ هەوری پڕ و توند؛ وارانە هەور؛ هەورە تەڕە؛ گەلوازە هەوری تێکسمڕاو کە بارانی لێدەبارێ: **ابر نیمبوس؛ ابر بارانزا**

ابر باراپوشن: هەوری تۆکمە و نزم، بە ڕەنگی خۆڵەمێشی تاڵ کە بەفر و باران پێک‌دێنێت: **ابر نیمبواستراتوس؛ ابر تیرەی بارنزا**

ابر بارانزا ☜ ابر بارا

ابر پردەای ☜ **ابر پوشن**

ابر پستانی: هەورە مەمکینە؛ هەورە مەمینە؛ هەورێ کە لە مەمکە ئەکا و لە سۆنگەی ڕاگوێزانی گەرما و هەڵچوونی شەستەڕەهێڵەوە پێک دێ: **ابر ماماتوس**

ابر پشتەای ☜ **ابر پوشنِ کومەای**

ابر پوشن: هەوری داگر؛ عەڤرێ گوگری؛ هەوری توێ‌ـتوێ؛ هەوری تەنک و خۆڵەمێشی: **ابر استراتوس؛ ابر پردەای؛ ابر لایەای**

ابر پوشن کومەای: هەوری پڕ؛ عەڤری تیر؛ کۆمە هەوری داگری خۆڵەمێشی: **ابر استراتوکومولوس؛ ابر پشتەای**

ابر تیرەی بارانزا ☜ **ابر باراپوشن**

ابر خرمنی ☜ **ابر کومەای**

ابر رشتەای ☜ **ابر کاکلی**

ابر سیرواستراتوس ☜ **ابر کاکلی پوشن**

ابر سیروس ☜ **ابر کاکلی**

ابر سیروکومولوس ☜ **ابر کاکلی کومەای**

ابر فراز پوشن: هەوری پەردەئاسا و یەک چەشن بە ڕەنگی بووڵ: **ابر آلتواستراتوس**

ابر فراز کومەای: کۆمە هەوری بەربڵاوی تۆپەڵە ئاسا: **ابر آلتوکومولوس**

ابر کاکلی: هەوری ڕیشاڵ‌ـڕیشاڵ و سپی بە بیچمی پەڵەگەلی گەورە و گچکە: **ابر رشتەای؛ ابر سیروس**

ابر کاکلی پوشن: هەوری سپیکەڵەی زقماوی کە داوێنی ئاسمانی دەڤەرێک دادەگرن، بەڵام بە هۆی تەنک بوونیان ناکەونە بەر چاو: **ابر سیرواستراتوس**

ابر کاکلی کومەای: تۆپەکی شیری ڕەنگ لە گەڵوازە هەوری بەرز و بڵیند: **ابر سیرکومولوس**

ابر کومولوس ☜ **ابر کومەای**

ابر کومولونیمبوس ☜ **ابر کومەای بارا**

ابر کومەای: هەوری بە بیچم وەک کۆڵەکە و ئەستوونی بورج‌ئاسا: **ابر خرمنی؛ ابر کومولوس؛ ابر کوهەای؛ ابر گلولەای**

ابر کومەای بارا: هەورێک بە بیچمی سندان بە پەراوێزی سپی و ئاوێزی ڕەشەوە، کە زۆرتر هەورە برووسکەی لەگەڵدایە: **ابر کومولونیمبوس**

ابر کوهەای ☜ **ابر کومەای**

ابر گلولەای ☜ **ابر کومەای**

ابر لایەای ☜ **ابر پوشن**

ابر ماژلان: هەوری ماژێلان؛ هەرکام لە دوو

پەلە هەورئاسا چکۆلە و پرشنگدارە کە لە ئاسمانی لەتەگۆی باشووریدا دیارن و نزیکترین کاکەشانن بە کاکەشانی ئێمەوە.

ابر ماماتوس ☜ **ابر پستانی**

ابر نیمبواستراتوس ☜ **ابر بارا پوشن**

ابر نیمبوس ☜ **ابر بارا**

ابرا / ebrā'/: [عربی]/اسم. [حقوق] چاوپۆشی؛ ژێگەری؛ لێبووری؛ لێگەڕانی خاوەنی شتێ لە ساندنەوەی شتەکەی. هەروەها: **ابرا کردن**

ابرار / abrār'/: [عربی]/اسم. [ادبی] خاسان؛ خاسکاران؛ چاکان؛ نووکان؛ مرۆڤە باشەکان.

ابراز / ebrāz'/: [عربی]/اسم. [ادبی] کار یان ڕەوتی دەربڕین؛ دەرخستنی باوەڕ، بۆچوون، ڕوانگەگەل یان دۆخێک ‹ابراز انزجار: دەربڕینی بێزاری›.

▣ **ابراز تنفر**: ڕق دەربڕین؛ دەربڕینی ڕک و قینی خۆ لە ئاستی شتێک، کارێک یان کەسێکەوە.

ابراز وجود: کار یان ڕەوتی خۆ نواندن؛ خۆ نیشاندان؛ خۆ هەلدانەقە؛ لێهاتوویی و توانایی خۆ ڕانان ‹آزاد هم خواست ابراز وجود کند، گفت من هم کمک می‌کنم: ئازادیش ویستی خوی بنوینی، گوتی منیش یارمەتی دەدەم›.

ابرآلود / abrālûd'/: صفت. هەوری؛ هەورین؛ هەورایی؛ هەور ـ هەوری.

ابرآلودگی / abrālûdegî'/: اسم. ۱. هەوراوی؛ هەورەلاوی؛ بار و دۆخ یان چۆنیەتی هەور و هەلا بوون ۲. لێلی؛ بار و دۆخ یان چۆنیەتی لێلی، بۆری، ماتی یا نەزانراوی لە شتێک.

ابرام / ebrām'/: [عربی]/اسم. ۱. پژل؛ پاداگری؛ پێداگری؛ لووبلووب؛ پێزەبری؛ شێلگیری؛ پێچەقینی؛ سوور بوون لە سەر شتێک ۲. [حقوق] بەڕاست زانینی بڕیاری دادگایەک لە لایەن دادگایەکی بالاترەوە.

ابرانگل / abar'angal'/: ها/: اسم. [زیستشناسی] دایکەکرمانە؛ کرمی دەرەکی یان ناوەکی کرمێکی دی.

ابررسانا / abar.resānā'/: ها/: صفت. پڕگەیێنەر؛ خاوەن تایبەتی گەورە ڕەسانایی.

ابررسانایی / abar.resānāyî'/: اسم. پڕگەیێنەری؛ تایبەتمەندی بڕێ شت کە هێزی کارەبایی لە خۆوە بە تەواوی بەڕێ دەکەن.

ابرشهر / abaršahr'/: ها/: اسم. گەورەشار؛ گەڤرەبازێر؛ گاشار؛ شارمازن؛ شاری زۆر گەورە، بە خەلکێکی زۆرەوە.

ابرقدرت / abarqodrat'/: ها/: اسم. زلهێز؛ هێزینمەزن؛ ولاتی خاوەن ئامرازی زۆر پێشکەوتووی شەڕ بە دەسەلاتی چەکداری و ئابووری فراوانەوە.

ابرمرد / abarmard'/: ان/: اسم. گەورەپیاو؛ مەزنەپیاو؛ کەلەپیاو؛ خۆشمێر؛ زەلامی ژێهاتی؛ پیاوی خاوەن خوو و خدەی مرۆڤانە و هەلسوکەوتی هەلکەوتە و بەرچاو.

ابرو / abrû'/: ها؛ ابروان abrovān'/: اسم. ئەبرۆ؛ برۆ: ۱. بەرم؛ برم؛ برە؛ برهـ؛ برێ؛ بری؛ بورگ؛ موژەلانک؛ قاژ؛ تک؛ خەتە مووی بەر تەوێل و بانچاو ۲. کەوانەی بالاخانەی چاو کە بە تایبەت مووی لێ دەڕوێ ۳. [ریاضی] چەلەمە؛ ئاکۆلاد.

▣ **ابروی پاچەبزی**: بڕۆی پڕ؛ بڕۆی پەیوەستی پان و پۆڕ و ڕەش.

ابروی پیوسته: بڕۆی پەیوەست؛ قاژە برۆ؛ پەیوەست؛ بڕۆیین پێکەڤە نویسیای؛ برۆی پێکەوە لکاو.

ابروی کشیده: بڕۆی درێژ و باریک؛ بڕۆی قەیتانی.

ابروی کمانی: بڕۆی کەوانی؛ بڕۆی بە کەوانەی زۆرتر لە ڕادەی ئاساییەوە.

⊡ **ابرو آمدن:** *[گفتاری]* بڕۆ هەڵتەکاندن؛ بڕێ هۆر بڕنەی؛ بە بڕۆ ناز و نیم‌نازکردن: *[ادبی]* **ابرونمودن؛ تاق ابرو نمودن**

ابرو انداختن: هێماکردن بە بڕۆ؛ بڕێ ژڵێونەی.

ابرو باز کردن: چەڵەمە لێدان؛ پێ زیادکردنی وتەیەکی دیکە بە هۆی نیشانەی چەڵەمەوە.

ابرو بالا انداختن: *[کنایی]* بڕۆ هەڵتەکاندن؛ ڕێک‌نەکەوتن؛ نەسازان.

ابرو برداشتن: ژێر بڕۆ گرتن؛ بڕۆ گرتن؛ ژێر بڕۆ دەرهاوردن؛ بڕێ هۆر گێرتەی؛ بڕۆ زراف کرن؛ گرتنی مووگەلی ژێر بڕۆ بە مووکێش، بە مەبەستی پتر دەرخستنی کەوانەی بڕۆ.

ابرو تُرش کردن ☜ گره بر ابرو افکندن، **گره**

ابرو خم نکردن ☜ خم به ابرو نیاوردن، **خم**[1]

ابرو درهم کشیدن: ناوچاو ترشاندن؛ ڕوو گرژ کردن؛ ناوچاو دانەیەکدا؛ ناوچاو تاڵ کردن؛ خۆ تویش و تەشەنەکرن؛ ناوچاو بە یەکا دان؛ وێ گەمۆرکەردەی.

ابرو نازک کردن: *[کنایی]* نازکردن؛ خۆ ڤەهەژاندن؛ خۆ بە بێ‌مەیل نیشاندان.

ابرو نمودن ☜ **ابرو آمدن**

ابروکمان / 'abrûkamān/ ☜ **کمان‌ابرو**

ابروگشاده / 'abrûgošāde ، ـها، ـگان/: *صفت.* ڕووگەش؛ ڕووخۆش؛ ڕووکراوە؛ خۆشڕوو؛ میاچەمافەریح ‹ابروگشاده باش چو دست گشاده نیست: ڕوگەش بە ئەگەر دەستت بەتاڵە›.

ابره / 'abre/: *اسم.* ڕوە؛ پارچەی ڕووکاری جل‌و بەرگ.

ابری / ābrî/: *صفت.* هەوری: ۱. هەورایی؛ هەورین؛ هەوردار؛ بە هەور؛ داپۆشراو بە هەور ‹آسمان ابری: ئاسمانی هەوری› ۲. هەورکی؛ هەر شتێ کە نەرم و فش و کون‌کون و سووک بێ ۳. هەورئاسا؛ هەورینە؛ بە تەشک و شێوەی هەور؛ وەک هەور.

ابریشم / 'abrîšam/: *اسم.* هەورێشم؛ هەوریشم؛ هەڤریشم؛ هۆریشم؛ هەورەمیش؛ هاوریشم؛ هاورێشم؛ ئاوریشم؛ ئاورێشم؛ ئارموش؛ ئارمیش؛ ئاڤڵمیش؛ هەلبسم؛ ئەلبسم؛ تەمووش: ۱. داوی لیکاوی کرمی ئاوریشم ۲. *[مجازی]* بەن و قوماشی چێکراو لە هەورێشم.

⊡ **ابریشم مصنوعی:** هەورێشمی دەسکرد.

کِرم ابریشم ☜ **کِرم**

ابریشمباف / 'abrîšambāf/: *اسم.* هەورێشم‌چن؛ کەسێ کە چنراوەی لە تاڵی هەورێشم دەهۆنێتەوە.

ابریشمبافی / 'abrîšambāfî/: *اسم.* هەورێشم‌چنی: ۱. کار یان ڕەوتی چنینی قوماشگەلی هەورێشمی ۲. /ـها/ شوێنێ (کارگە یان کارخانە) کە هەورێشمی تێدا دەچنن ۳. کاری هەوریشم چن.

ابریشمتاب / 'abrîšamtāb ، ـها، ـان/: *اسم.* هەورێشم ڕێس؛ کەسێ کە تاڵگەلی پیلۆ (تەتڵە میوە) دەڕێسێ و بەنی هەورێشمی دروست دەکا.

ابریشمتابی / 'abrîšamtābî/: *اسم.* ئاوریشم‌ڕێسی: ۱. ڕێسانائەڤریشم؛ کار یان ڕەوتی بادانی هەورێشم؛ هۆرێشم‌ڕێستەی ۲. /ـها/ کارگەی هەورێشم ڕێس ۳. پیشەی هەورێشم ڕێس.

ابریشمدوزی / 'abrîšamdûzî ، ـها/: *اسم.* ئاوریشم دووری؛ چەشنێ گوڵدووری بە شێوەی دووراندنی نەخش ونیگار بە

هەوداگەلی هەورێشمی خاو و نەڕێسراو لە سەر پارچەوە.

ابریشم‌کش / abrîšamkeš' ، ـها؛ ـان/: اسم. هەورێشم‌کێش؛ کەسێ کە هەوداگەلی ئاوریشمی بە چەرخی هەورێشم‌کێشی لە پیلۆ (تەتڵە میوە) دەکاتەوە.

ابریشم‌کشی / abrîšamkešî'/: اسم. هەورێشم‌کێشی.

ابریشمی [1] / abrîšamî'/: اسم. [نامتداول] ۱. هەورێشم‌ڕێس ۲. /ها/ کاپووت؛ کاندوم.

ابریشمی [2] / ـها/: صفت. هەورێشمین؛ هاوریشمی؛ لە هەورێشم.

ابریشمین / abrîšamîn'/: صفت. [ادبی] هەورێشمی؛ هەورێشمین؛ ئاورێشمین.

ابزار / abzār' ، ـها/: اسم. ئامراز؛ هامراز؛ ئالاڤ؛ ئامێر؛ ئامیر؛ ئامووێر؛ کەرەسە؛ کەرەستە؛ ئەسباب؛ ئەسپاب؛ هەسپاو؛ چەکچێو؛ هەرکام لە ئامێرانی کار و پیشەسازی.

▣ **ابزار برقی:** ئامرازی‌کارەبایی؛ ئەسپابی بەرقی؛ ئامێرێن کارەبایێ.

ابزار تولید: ئامێری بەرهەمهێنان؛ ئامێر و دەزگاگەلێک کە بۆ بەرهەمهێنانی کەل‌وپەل بەکار دێن.

ابزار دستی: ئامێری دەستی؛ ئامێر و کەرەسەی پێویست بۆ کارگەلی دەستی.

ابزار کار: ئامرازی‌کار؛ ماغرمە؛ ماعزەمە؛ ئامیر؛ مالزەمە.

ابزار ماشین: ماشێن؛ هەر کەرەسەیەک کە بە موتۆرکار دەکا.

ابزار یدکی: یەدەک؛ یەدەکی؛ ئامرازی زیادی بۆ جێگرتنەوەی ئەوانەی لەکار دەکەون.

ابزارآلات / abzārālāt'/: [فارسی/ عربی] اسم. ئامێران؛ ئامرازان؛ سەرجەمی ئەو شتانە کە بە ناو ئامێرەوە بە کار دێن.

ابزارسازی / abzārsāzî'/: اسم. ئامێرسازی: ۱. کار یان ڕەوتی چێکردنی ئامێرگەلی پێویست بۆ کار (وەک تەور، کارد، هاچەر و...) ۲. /ها/ کارگە یان کارخانەیێک کە ئامێری تێدا چێ دەکەن.

ابزارفروش / abzārfurûš' ، ـها؛ ـان/: اسم. ئامێرفرۆش؛ فرۆشیاری ئامرازگەلی پیشەیی (وەک هەرە، ترێشتە، ماڵە، هاچەر، چەکوش و...) و کەرەستەگەلی پێداویست بۆ ئاوەها کارگەلێک (وەک پێچ و مۆرە و...).

ابزارفروشی / abzārfurûšî'/: اسم. ئامێرفرۆشی: ۱. پیشە یان کاری ئامێرفرۆشی ۲. /ها/ فرۆشگەی ئامێر ۳. کاری ئامێرفرۆش.

ابزارگرایی / abzārgerāyî'/: اسم. ئامرازخوازی؛ ئامرازەوگری؛ ئامێرگرەوی؛ ئایینی فەلسەفی شوێنگری بنەمای کار، کە دەڵێ بیر و هزر دەبێ ئامێری بەڕێوەبردنی ژینگە بن و بایەخی بیر و بۆچوون دەبێ لە ڕووی کارتێکەرییان لە سەر ئەزموون و پێشکەوتنی مرۆڤەوە دەستنیشان بکرێ: **اصالت وسیله**

ابزارمند / abzārmand' ☜ **افزارمند**

ابژکتیویسم / objektîvîsm'/: [فرانسوی] اسم. دەروەخوازی؛ دەرەوەخوازی؛ دەروەگری؛ دەرەوگری؛ هاندانی هەست و نەست بەرەو دنیای دەرەوەی خۆ، بەرەو کۆمەڵگا.

ابستروکسیون / obstroks(i)yon'/: [فرانسوی] اسم. ۱. [سیاست] گەلەکۆمەی دەستەیەک بە مەبەستی بەرگری لە کۆبوونەوەی زۆرینەی پێداویست ۲. [پزشکی] گیراوی؛ بەسراوی؛ ڕەوتی گیران؛ بەستران؛ کپ بوونەوەی دەمار بە هۆی

چەوریەوە.

ابصار / 'absār/: [عربی] جمع ☜ **بَصَر**

ابطال / 'ebtāl/: [عربی]/اسم. کار یان ڕەوتی پووچ‌کردن؛ پووچ کردنەوە؛ پویچکرن؛ هەڵوەشاندن ‹ابطال آرای دو حوزه‌ی انتخابی: پووچ‌کردنی دەنگەکانی دوو بنکەی هەڵبژاردن›.

ابعاد / 'ab'ād/: [عربی] جمع ☜ **بُعد**

ابقا / 'ebqā/: [عربی]/اسم. کار یان ڕەوتی هێشتنەوە؛ هێلانەڤە؛ دانانەوەی کەسێ یان شتێک لە جێی خۆی.

⊡ **ابقا شدن:** مانەوە؛ مەنایوە ‹استاندار در سمت خود ابقا شد: پارێزگار لە جێگەی خۆی مایەوە›.

ابقا کردن: هێشتنەوە؛ دانانەوە؛ ئاسەیوە.

ابقا نکردن: نەبوورین؛ نەویەردەی؛ چاوپۆشی نەکردن؛ چاڤ لێ‌نەنقاندن ‹او در آزار رساندن به کسی ابقا نکرد: ئەو خۆی لە ئازاردانی خەڵک نەبوارد›.

ابلاغ / 'eblāq/، ـها؛ ـات/: [عربی]/اسم. ۱. پێ‌ڕاگەیاندن؛ پێ‌وتن؛ پنەیاونەی؛ ڕاگەیاندن؛ کاری گەیاندنی نامە یان ڕاسپاردە بە کەسێ ۲. *[حقوق]* پێ‌ڕاگەیاندن؛ پێوتن؛ پنەیاونەی؛ ڕاگەیاندن؛ گەیاندنی پەڕەگەلی دادپرسی یان کارگێڕی بە وەرگر، بە هۆی ڕاسپاردەوە ۳. ڕاگەیاندە؛ ڕاگەیێنراو.

⊡ **ابلاغ شدن:** ڕاگەیێنران (بە شێوەی ڕەسمی). هەروەها: **ابلاغ کردن**

ابلاغیه / 'eblāqîyye/، ـها/: [عربی]/اسم. بلاوکراوە؛ ڕاگەیەنراو؛ ڕاگەیاندە؛ پنەیاونە؛ دەستوور یان بڕیارێکی بڕیتی لە بابەتێک کە لە لایەن پێگەیەکی ڕەسمیەوە بلاو دەبێتەوە.

ابلق / 'ablaq/: [معرب از فارسی] *صفت.* ئەبلەق؛ ڕەش و سپی؛ سوور و سپی؛ بازگ؛ بازوو؛ بازە؛ بەوز؛ بۆز؛ هەبلەق؛ ماچیل؛ ڕەشباز؛ چیل؛ ڕەش و سپی تێکەڵاو؛ بازگی خاڵدار؛ ڕەش بەڵەک؛ دوو ڕەنگ، بەتایبەت ڕەش و سپی.

ابلک / 'ablak، ـها/: اسم. گرانک؛ بابردەڵە؛ پوورئاشۆکە؛ گیایەکی بە لق و پۆی زۆر و ڕیشەی ناسکەوە، با هەڵیدەکەنێ و بە دەم خۆیەوە دەیخولێنێتەوە: **باذآورد**

ابله / 'ablah، ـان/: [عربی] *صفت.* گەوج؛ چڵ؛ گێلۆکە؛ گێل؛ گێلە؛ قەوج؛ فەحە؛ شافێر؛ لەوچ؛ دەبەنگ؛ بلح؛ خەشۆ؛ بێ‌ئاوەز؛ قەوچەڵ؛ قەوچ؛ لاوژ؛ ئاوجاو؛ گەوجولەوج؛ لەوێژ؛ لەوژەکەر؛ هشتاری؛ کەم‌هۆش و بێ توانایی زەینی.

ابلهانه[1] / 'ablahāne/: [عربی/فارسی] *صفت.* گەوجانە؛ گێلانە؛ بلحانە؛ خاوەن دۆخ یان چۆنیەتیەکی دوور لە ئاوەز و زانست ‹حرف ابلهانه‌ای زدی: قسەیەکی گەوجانەت کرد›.

ابلهانه[2]: *قید.* گەوجانە؛ لە ڕووی نەزانیەوە؛ بە شێوەی گەوجان ‹ابلهانه حرف زدی: گەوجانە قسەت کرد›.

ابلهی / 'ablahî/: [عربی]/اسم. گەوجی؛ گێلی؛ گێلاتی؛ بێ‌ئاوەزی؛ دەبەنگی؛ دۆخ یان چۆنیەتی گەوج بوون ‹آدم به ابلهی او دیده‌ای؟: کەست بە گەوجی ئەو دیوە؟›.

ابلی / 'abolî/ ☜ **ابُولی**

ابلیس / 'eblîs/: [معرب از یونانی]/اسم. *[ادبی]* شەیتان؛ ئاهریمەن؛ دۆزاک.

ابلیسک / 'obelîsk/: [؟] ☜ **میل ـ۳**

ابن / 'ebn، اَبنا/: [عربی]/اسم. کوڕ؛ منداڵ؛ کوڕی کەسێ (بڕێ جار «بن» دەڵێن، وەک: ابن‌یوسف= بن‌یوسف: کوڕی یوسف).

ابنا / 'abnā/: [عربی]/اسم. ۱. جمع ☜ **اِبن** ۲. *[مجازی]* منداڵان؛ منالان؛ بەرە؛ فرزندان؛

زاولـێ؛ زارۆکـان؛ زارۆکـان؛ بچیـک؛ کـەچک و بەچک.

▣ **ابنـای بـشر**: خـەڵـک؛ بنیـادەم؛ ئـادەمیـزاد؛ نەفێین ئادەمی.

ابنـای زمـان: خـەڵـکی رۆژگـار؛ خـەڵـکانی سەردەم؛ خەڵکین سەردەمی.

ابنـای وطـن: منـدالانی ولات؛ هاوولاتیـان؛ هاونیشتمانان؛ هاوزێدان.

ابـن‌الـسبیل / 'ebnossabîl/: [عربـی]/اسـم. [فقـه] رێبوار؛ رێـڤینگ؛ بـە تایبـە ت رێبـواری دامـاو و هەژار.

ابـن‌الوقـت / 'ebnolvaqt ، ـهـا/: [عربـی] صفت. هەلپەرست؛ دەرفەتخواز؛ دلیڤەخاز.

ابنــه / 'obne/: [عربــی]/اســم. ۱. قوونــەک؛ قوندەر؛ قنگـە؛ قنگـدەر؛ پوشـت؛ پـشتە؛ پـشت؛ دوودەکـی؛ نێـری حیـز؛ نێـری گانـدەر؛ پیـاوی حیز ۲. ئاڵـۆش‌و خـورووی کـۆم ۳. /ـهـا/ لـک؛ لکە؛ گۆگ؛ گرێ لە چێودا.

ابنیه / 'abnîye/: [عربی] جمعِ ☜ **بَنا**

ابـو / 'abû/: [عربـی]/اسـم. بـاوک؛ بـاب؛ بـاڤ؛ تاتــە؛ نازنــاوێ بــۆ بــرێ پیــاوان لــە کۆنــدا ‹ابوالحسن: بـابی حـەسـەن› (بـرێ جـاریش «بـو» دەڵــێن، وەک: بوالحــسن= ابوالحــسن: بابــی حەسەن).

ابـوا / 'obovā ، ـهـا/: [فرانـسوی]/اسـم. ئـەبـوا؛ جـۆرێ ئـامرازی مووسـیقای رۆژئاواییــە بــە شێوەی لوولەیەکی درێـژ، دوو زوانـەی پێـوەیە کە لە دەمی دەنێن و فووی پیدا دەکەن.

ابــواب / 'abvāb/: [عربــی]/اســم. [ادبــی] ۱. دەرگاگــەل؛ دەرگانــە ‹ابـواب رحمـت بـە رویـش گــشوده شــد: دەرگانــەی رەحمــەت بــە روویــدا کرایەوە› ۲. جمعِ ☜ **باب**[1]

ابوابجمــــع / 'abvābcam'/: [عربــــی]/اســـم. کارکــەران؛ پــالێن؛ پالــە؛ هــەرمانکــەرێ؛ قــەرەواش؛ کارکـەرانی ژێـردەسـەلاتی کـەسێ یان دامەزراوەیەک.

ابــوابجمعی / 'abvābcam'î/: [عربــی] صــفت. گــشتی؛ پێــوەندیــدار یــان بــەســراو بــە کارکەرانەوە.

ابوالبـشر / 'abolbašar/: [عربـی]/اسـم. بابـەدەم؛ باوکی مرۆڤ؛ یەکەمین مرۆڤ؛ باوە ئادەم.

ابوالهــــول / 'abolhowl/: [عربــــی] صــــفت. [مجازی] ترسـێنەر؛ زاتبـەر؛ زاڵـەتـۆقێن؛ دەعبـا؛ زەندەقبەر؛ زراڤبەر.

ابــــوت / 'obovvat/: [عربــــی]/اســــم. [ادبــــی] بــاوکی؛ بــاوکێتی؛ بــار و دۆخ یــان چۆنیــەتی باوک بوون.

ابوطیـاره / 'abûtayyāre ، ـهـا/: [عربـی]/اسـم. [مجـازی] لۆقلـۆق؛ ئاسـنجاو؛ قـوڕازە؛ ماشـینی زۆر کۆن و لەکارتە: **ابوقراضه**

ابوعطــا / 'abû'atā/: [عربــی]/اسـم. [موسـیقی] ئەبووعـەتـا؛ ئاوازێـک لـە دەسـتگای شـوور، لـە مووسیقای ئێرانیدا.

ابوقراضه / 'abûqorāze/: [عربی] ☜ **ابوطَیّاره**

ابــولی / 'abolî/: [عربــی]/اســم. [گفتــاری] ۱. فـلانی؛ فیـسارەکـەس؛ کـابرا؛ کـاورا؛ کـەسـی نادیار ۲. [کنایی] کێـر؛ ئـامێری نێرینـە یـی پیـاو *آبْلی

ابونیـت / 'ebonît/: اسـم. لاسـتیکی سـەخـت و رەشی گۆگرد لێدراو.

ابـوی / 'abavî/: [عربـی]/اسـم. ۱. بـاوکم؛ بـابم؛ تاتــەم ‹ابـوی سـلام رسـاند: بـاوکم سـەلامــی گەیانـد› ۲. بـاوک؛ تاتـە؛ بـاب ‹خدمت ابـوی‌تـان عرض کردم: خزمەتی باوکتانم راگەیاند›.

ابــوین / 'abaveyn/: [عربــی]/اسـم. [نامتـداول] دایبـاب؛ دایـک و بـاوک؛ ئـەدا و تاتـە؛ داڵـگ و باوگ.

ابــه / 'obe ، ـهـا/: [ترکـی]/اسـم. ئۆبـە؛ هۆبـە؛ ئــاوایی یــان شــوێنی نیــشتەجــێ بــوونی رەشماڵی تورکەمەنان.

ابهام / 'ebhām ، ـها؛ ـات/: [عربی]/اسم. لێڵی؛ گۆنگی؛ دۆخ یان چۆنیەتی گۆنگ و نادیار بوون ‹توضیح شما ابهام دارد: شرۆڤەکەت لێڵی تێدایە›.

ابهت / 'obohhat, 'obbohat/: [عربی]/اسم. سام؛ گەورەیی و شکۆیێ کە دەبێتە هۆی ترس، وێڕای ڕێز و پێیداهەڵدان لە بینەردا ‹مردی با ابهت بود: پیاوێکی بەسام بوو›.

ابهر / 'abhar/: [عربی]/اسم. [قدیمی] ئائۆرت؛ سووره دەماری هەره گەورەی لەشی بڕبڕەداران.

ابیات / 'abyāt/: [عربی] جمعِ ☜ **بیت**

ابیض / 'abyaz/: [عربی] صفت. [نامتداول] سپی؛ سپیکەڵە؛ چەرمە؛ چەرمەڵە؛ بە ڕەنگی سپی؛ سپی ڕەنگ.

اپال / 'opāl ، ـها/: [فرانسوی]/اسم. ئوپال؛ چەشنێ ئاقیقی بەناوبانگ بە ئاقیقی سلێمانی.

اپتومتری / 'optometrî ، ـها/: [فرانسوی] /اسم. بیناییپێوی؛ سۆماپێوی؛ بیناپێمایی.

اپتیک[1] / 'optîk/: [فرانسوی]/اسم. ئۆپتیک؛ لقێ لە زانستی فیزیک کە خەریکی لێکۆڵینەوەی تایبەتمەندیگەلی نوور، بەرهەم هێنان و بڵاو بوونەوەی لە کۆئەندامگەلی بیناییە: **أوپتیک**

اپتیک[2]: صفت. ئۆپتیکی؛ نووری؛ سەر بە نوور یان بینایی.

اپتیکی / 'optîkî/: [فرانسوی] صفت. نووری؛ بینایی؛ سەر بە نوور یان بینایی.

اپتیمم / 'optîmom ، ـها/: اسم. چاکینە؛ باشینە؛ باشترین دۆخی گونجاو.

اپتیمیزاسیون / 'optîmîzās(i)yon/: اسم. چاکینەسازی؛ باشینەسازی؛ چاکەوەکری.

اپتیمیست / 'optîmîst ، ـها/: صفت. خۆشبین؛ گەشبین.

اپتیمیسم / 'optîmîsm/: اسم. خۆشبینی؛ گەشبینی.

اپرا / 'operā ، ـها/: [فرانسوی از ایتالیایی]/اسم. ئۆپێرا: ۱. چەشنێ شانۆ لەگەڵ مووسیقا، بە ئاوازی گشت یان زۆربەی ئەندامەکانەوە ‹اپرای ریگولتو: ئوپێرای ریگۆلتۆ› ۲. بینایەک بۆ پیشاندانی ئەم شانۆیە ‹در اپرا با هم آشنا شدند: لە ئۆپێرادا یەکیان ناسی›. هەروەها: **اپرا کمیک؛ اپرا موزیکال**

اپراتور / 'operātor/: [فرانسوی]/اسم. کاروەر؛ کارپێکەر؛ کاربەدەستی بەڕێخستن و کار کردن بە دە سگا یان ماشینێک (وەک چاپ، و...).

اپسیلن / 'epsîlon/: [یونانی]/اسم. ئیپسیلون: ۱. پێنجمین پیتی ئەلفو بێتکەی یونانی ۲. [ریاضی، فیزیک] یەکجار کەم؛ نزیک لە سیفر.

اپشک / 'apšak/ ☜ **افشک**

اپل / 'apel/: [فرانسوی]/اسم. ئەپێل؛ لە زمانگەلی بەرنامەنووسی کەمپیۆتەر.

اپل / 'epol ، ـها/: [فرانسوی]/اسم. ئێپول؛ باڵنجە چکۆلەیەک کە بۆ جوانی دەخرێتە ژێر شانی جلکەوە.

اپلیکیشن / 'aplîkeyšen ، ـها/: [انگلیسی] /اسم. داخوازنامە.

اپورتونیست / 'oportunîst ، ـها/: [فرانسوی] صفت. [سیاست] هەلپەرست؛ کەسێ کە بۆ دەرفەتێک دەگەڕێ تا کارێ بکا.

اپورتونیسم / 'oportunîsm/: [فرانسوی]/اسم. [سیاست] هەلپەرستی؛ کار یان ڕەوتی کە لکگری (زۆرتر ناڕەوا) لە ڕووداو یان بار و دۆخگەل.

اپوزیسیون / 'opozîs(i)yon/: [فرانسوی] اسم. [سیاست] ئۆپۆزیسیۆن: ۱. چوکڵەشکێنی؛ هەڵوێستگرتن دژ بە

بیرێک یان کارێک و کۆسپ خستنه سەر ڕێی ٢. گرۆی نوێنەران یان کەسانی نەیار لەگەڵ سیاسەتەکانی دەوڵەت لە کۆمەڵگایەکدا ٣. ڕێخراوە یان بەرەی نەیار.

اپوسوم / 'oposom/ ☜ **ساریگ**

اپیدمی / 'epîdemî ، ـها/: [فرانسوی]/اسم. گیرۆیی؛ ئاهۆیی: ١. *[پزشکی]* پەتایی؛ درمی؛ کار یان ڕەوتی بڵاو بوونەی نەخۆشیەک کە هاوکات لە جێیەکدا ژمارەیەکی زۆر گیرۆدە ئەکا ٢. *[مجازی]* هەر شتێکی بڵاوەو بوو و پەرەسێن.

اپیدمیک / 'epîdemîk/: [فرانسوی] صفت. *[پزشکی]* گیرۆ؛ پەتا؛ ئامۆ؛ درم؛ خاوەن تایبەتمەندی خێرا بڵاو بوونەوە بە شێوەیەک کە لە ماوەیەکی کورتدا، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ناوچە تووش دەکا.

اپیدمیولژی / 'epîdem(i)yolojî/: [فرانسوی] اسم. *[پزشکی]* پەتاناسی؛ درمناسی؛ ئاهۆناسی؛ لقێک لە ئازارناسی کە لە نەخۆشیگەلی گیرۆ و ڕێگەی بەرپێ گرتنیان دەکۆڵێتەوە.

اپیکورآیینی / 'epîkûr'āyînî/: [فرانسوی/ فارسی]/اسم. ڕێبازێکی فەلسەفیە سەربە ئێپیکوروس فەیلەسووفی یوونانی (٣٤١-٢٧٠ پێش زایین) کە ئامانجی ژیان لە بە دەست هێنانی خۆشی درێژخایەن لە ڕێگەی وەدەست خستنی ئارامشتی ڕەوانیەوە دەزانێ: **اپیکوری؛ اپیکوریسم**

اپیکوری / 'epîkûrî ، ـها؛ ـان/: [فرانسوی] صفت. ١. ☜ **اپیکورآیینی** ٢. خۆشبوار؛ ڕابویرە؛ خۆشگوزەران.

اپیکوریسم / 'epîkûrîsm/: [فرانسوی] ☜ **اپیکورآیینی**

اپی‌گلوت / 'epîg(e)lot ، ـها/: [فرانسوی] اسم. *[کالبدشناسی]* نایپۆش؛ کرۆچەنەی گەلائاسا لە پشتی زوانی بڕەبڕەدارانەوە کە لە کاتی قووت دانی شتێکدا، ڕێگای نای دەبەستێ: **مُکبّی**

اپیلاسیون / 'epîlās(i)yon/: [فرانسوی]/اسم. موو لابەری؛ موو هەڵکەنی؛ کاری لابردنی تووک و مووی زیادە و گەنەمووی لەش.

اپی‌لپسی / 'epîlepsî/: اسم. *[پزشکی]* فێ؛ خوداری؛ پەرکەم؛ ئازارە؛ نەخۆشی لەسەر هەستنەمان و چاوهەڵگەڕان و کەف چەراندنی جاروبارە.

اتابک / 'atābak ، ـها؛ ـان/: [ترکی]/اسم. *[قدیمی]* ئەتابەک؛ نازناوێک بووە لە بڕێ دەربارگەلی ئیسلامیدا (لە بنەڕەتدا بە واتای بابەگەورەیە): *الف)* بۆ میران و فەرمانڕەوایانی نیوە سەربەخۆ (وەک ئەتابەکانی فارس یان ئەتابەکانی مووسڵ) *ب)* بۆ وەزیران ‹امیر اتابک: میر ئەتابەک›.

اتاق / 'otāq/: [ترکی]/اسم. دیو: ١. ژوور؛ دیم؛ ئوتاق؛ وەتاخ؛ چاوەخانوو؛ چاوەماڵ؛ دیوەخان؛ وەتاق؛ ژووری دانیشتن؛ ئۆدە؛ هۆدە؛ ژوورێکی سەرگیراوی ماڵ کە بە دیوارگەلێک لە بەشەکانی تر جوێ بۆتەوە ٢. /ـها/ تاق؛ کەژاوە؛ بەشی سەرگیراوی ماشێن و... (اتاق ماشین: دیوی ماشین) ٣. /ـها/ بۆشایەتیەکی هۆدە ئاسا لە دەستگا یان ئامێرێکدا (اتاق تاریک: دیوی تاریک) ***اطاق**

▣ **اتاق ایزوله**: دیوی جیاواز؛ دیوی جیاوەبوو؛ دیوی جیاگانە؛ دیوی تایبەتی نەخۆشانی گیرۆیی.

اتاق بازرگانی: ژووری بازرگانی؛ یەکێتی بازرگانان؛ یەکگرتەی بازرگانان؛ یەکێتی بازرگانانی شار یان پارێزگایەک بۆ سەر و سامان پێدانی کاروبار و پاراستنی

قازانجی کۆ: **اتاق تجارت**

اتـاق پـذیرایی: میوانخانـه؛ دیـوەخـانی میوانان؛ دیوی میوان.

اتاق تاریک: *[ئپتیک]* دیـوی تاریـک؛ سـندوق یان دیوێک کـە تـەنیا لـە دیـواری بـەریـەوە کـونێکی چکۆلـەی تێکـراوە و لـەوێـوە تیـشکی ڕوونـاکی وەژوور دەکـەوێ و وێنـەی سـەرەونخـوونی شـتەکـان پیـشان دەدا.

اتاق تجارت ☜ **اتاق بازرگانی**

اتاق تکی: دیوی تەنیا؛ دیـوی یـەک کـەسـی؛ دیوی تاکەکەسی: **اتاق یک‌نفره**

اتـاق درد: دیـوی ژان؛ دیوێـک لـە زاینگـە یـان نەخۆشـخانەکـە ژنی سـەرەژانی تێـدا ڕادەگرن تا کاتی زایینی بگات.

اتـاق سـردر: چـوخم؛ چوخمـە؛ مـاڕێ؛ باڵەخانە؛ هۆدەی سەر دالان.

اتـاق فرمـان: دیـوی فـەرمـان؛ ژوورێـک کـە لەوێوە فـەرمانگـەلی پێویـست بـۆ جێبـەجـێ کـردنی زنجـیرە کـردەوەیـەک (وەک شـەڕ یان وەگەڕ خستنی بەرنامـەگـەلی تـەلـەفزیـونی) دەدرێ و بەسـەرکردەوەکانـدا چـاوەدێری دەکرێ.

اتاق کوچک: لیر؛ ئۆدەی چکۆلە لە ماڵدا.

اتـاق ناهـارخوری: دیـوی فراوینخـۆری؛ دیوی نانخواردن.

اتاق یک‌نفره ☜ **اتاق تکی**

اتـاقــ اتـاق[1] / 'otāq'otāq/: [ترکـی] *صـفت.* دیوـدیو؛ هۆدەـهـۆدە؛ چـەنچـاوە؛ بـە هـۆدەی زۆرەوە ‹قلعه اتاق‌اتـاق بـود: قـەلاکـە هـودەـهـودە بوو›.

اتاق ـ اتاق[2]: *قید.* دیـو ـ دیـو؛ هـۆدەـ هـۆدە؛ چـاوەـچـاوە؛ بـە شـێوەی دیوگـەلی جیـاواز ‹خانـە را اتـاق‌ـاتـاق اجـاره داده بـود: ماڵـەکـەی هودەـهودە دابووەکرێ›.

اتاقـدار[1] / 'otāqdār/، ـهـا؛ ـان/: [ترکـی/ فارسـی] *اسم.* هۆدەوان؛ کەسێ کـە لـە دامـەزراوەیـەکـدا (وەک میوانخانـە) کارگێـڕی ئاگـاداری و پـاک و خاوێن‌کردنەوەی هۆدەکانە.

اتاقـدار[2]: *صـفت.* دیـودار؛ وتاقـدار؛ بـەهـۆدە؛ هـەرچێـک هـۆدەی هـەبـێ ‹تراکتـور اتاقـدار: تەراکتۆری وتاقدار›.

اتاقـک / 'otāqak، ـهـا/: [ترکـی/ فارسـی] *اسـم.* دیـوەک؛ دیوۆچکـە: ۱. لـیر؛ هـۆدەک؛ دیـوی زۆر بچـووک ‹اتاقـک نگهبـانی: هـودەی کێـشک‌دان› ۲. پێکهاتەیـەک پتـر بـە شـێوەی دیـوێکی بچـووک، جیـاواز و گواسـتنی ‹اتاقـک تلفن: دیودکی تەلەفوون›.

اتاقـه[1] / 'otāqe، ـهـا/: [ترکـی] *اسـم.* *[قـدیمی]* کـلاو یـان تاژێـک کـە لـە پـەڕی پـەلـەوەران دروست بووە.

ـاتاقه[2]: *پیواژە.* ـچـاوە؛ ـدیـوە؛ ـهـۆدە؛ ـژوور؛ ـدیمه ‹خانەی دواتاقه: ماڵی دوودیوە›: **ـاطاقه**

اتانـل / 'etānol/: [فرانـسوی] *اسـم.* *[شـیمی]* ئێتـانۆل؛ ئـەلکول ئیتیلیـک؛ تراوێکـی بـێ‌ڕەنـگ، هـەڵـچۆک و گـڕبـەرە کـە لـە پیـشەسـازی و دەرمـان و خواردنـەوەگـەلی ئـەلکولیـدا بـە کـار دێـت: **الکـل طبّـی؛ جـوهر شراب**

اتئیـست / 'ate'îst، ـهـا/: [یونـانی/ انگلیـسی] *صفت.* خوانەناس؛ دەهری؛ بێ‌بڕوا بە خوا.

اتئیـسم / 'ate'îsm/: [یونـانی/ انگلیـسی] *اسـم.* خوانەناسی؛ بێ‌بڕوایی بە خوا.

اتبـاع / 'atbā'/: [عربـی] *اسـم.* ۱. جمـعِ ☜ **تابع** ۲. جمعِ ☜ **تَبَعه**

اتبـاع / 'etbā'/: [عربـی] *اسـم.* *[بـدیع]* هونـەری ڕیزکـردنی وشـەگـەلی هـاوکێش دوا بـە دوای یـەکتریـەوە (وەک: *[فارسـی]* تیـشه بـر ریـشەی اندیشه زدند. *[کُردی]* هـەشـت بـێ و لـە مـشت بـێ، نەک نۆ بێ و نەبێ).

اتحـــاد / ettehād' ، ـهـــا/: [عربـــی]/اســم. یـەکیـەتی؛ یـەکـێتی؛ یـەکایـەتی؛ هـەڤگری؛ یـەکگـری؛ یـەکگرتـوویی ‹اتحـاد موجب پیروزی است: یەکیەتی هۆی سەرکەوتنە›.

▣ **اتحــاد جمــاهیری:** یــەکیــەتی کۆمــاران؛ کۆمارگەلی یەک گرتوو.

▣ **اتحاد داشتن:** یـەک گرتـوو بـوون؛ یـەکیـەتی هەبوون؛ یەکبوون؛ بـە یـەکـەوە بـوون ‹بـرای شکسـت دشـمن بایـد اتحـاد داشـت: بـۆ شـکاندنی دوژمن دەبێ یەکیەتی بێ›.

اتحــاد کردن: یـەک گـرتن؛ یـەک کـەوتـن؛ هەڤهـاتن ‹همـه بـا هـم اتحـاد کردنـد: هـەمـوو پێکەوە یەکیان گرت›.

اتحادیــه / ettehādîyye' ، ـهـا/: [عربـی]/اسـم. یـــەک گرتـــە؛ یـــەک گرتـــوویی؛ یـــەکـــێتی؛ یـەکیـەتی؛ سـەنـدیکا؛ ڕێکخـراوەیـەک کـە لـە یەکـانگیر بـوونی کـەسـان، تـاقم یـان وڵاتـانی هاوەبـەسـتو هـاودۆز پێـک دێ ‹اتحادیـەی کارگران: یەکیەتی کرێکاران›.

▣ **اتحادیــەی اقتــصادی:** یــەکیــەتی ئـابووری؛ یەکگرتەی ئابووری؛ یەک گرتـەیـەک کـە لـە نێـوان چـەن دامـەزراوە یـان دەوڵـەتـدا بـۆ وەدیهێنـانی هاوکاریگـەلی ئـابووری پێـک دێت.

اتحادیــەی دفــاعی: یــەکیــەتی بــەرگــری؛ یەک گرتەی بـەرگـری؛ یـەک گرتـەیـەک لـە چەن دەوڵـەت بـۆ پـشتیوانی لـە یـەکتـر لـە ئاستی هێرشی دوژمندا.

اتحادیــەی صــنفی: یــەکیــەتی پیــشەیــی؛ یـەک گرتـەی پیـشەیـی؛ یـەک گرتـەیـەک نێوان کارمەنـدانی پیـشەیـەک بـۆ پاراسـتنی قازانجگەلی ئابووری خۆیان.

اتحادیــەی نظــامی: یـەکیـەتی چـەکـداری؛ یەک گرتـەی چـەکـداری؛ یـەک گرتـەیـەکی زیـاتر لـە چـەن دەوڵـەت، بـە مـەبـەسـتی یاریکاری چەکداری لە نێوانیاندا.

اتخــاذ / ettexāz' /: [عربـی]/اسـم. وەرگـری؛ کـار یـــان ڕەوتی گـــرتن، بـــە دەس هێنـــان یـــان وەرگرتن. هەروەها: **اتخاذ شدن؛ اتخاذ کردن**

▣ **اتخاذ تصمیم:** ڕەوتی بڕیاردان؛ قەراردان.

اتــر / eter' /: [فرانـسوی]/اسـم. [پزشـکی] ئیتێـر؛ تراوێکــی بــێڕەنــگ و هــەڵــچۆکە کــە وەک دەرمانێکی بێهۆش کردن بە کار دێ.

اتــراق / otrāq' /: [ترکـی]/اسـم. وچـان؛ پـشوو؛ لــەنــگ؛ لــەنگــە؛ ئاشـۆی کــەم لــە شــوێنێکدا ‹بعـدازظهر همانجـا اتـراق کـردیم: دوای نیـوەڕۆ هـەر لەوێ وچـانـماندا›.

▣ **اتــراق کــردن:** وچـــان دان؛ پـــشوودان؛ بـــەزتـــن؛ لـــەنگـــەر خـــستن؛ بارخـــستنی کاروان؛ کورت مانەوە لە جێیەکدا.

اتــساع / ettesā' ، ـات/: [عربـی]/اسـم. هـەراوی؛ گوشـادی؛ بـازی؛ فـرەهـی ‹اتّـساع رگهـای خـونی: هەراوی دەمارگەلی خوێن›.

▣ **اتــساع دادن:** هــەراوکــردن؛ گوشــادکردن؛ فرەهـ کردن؛ بازکردن؛ کێشاندن.

اتــساع یــافتن: هــەراو بــوون؛ گوشــاد بــوون؛ کێش هاتن؛ بازبوون؛ هەڵماسین.

اتــصال / ettesāl' ، ـهـا؛ ـات/: [عربـی]/اسـم. لکـــاوی؛ پێـــوەنـــدی؛ پێـــکـ گـــەیـــشتوویی؛ پەیوەستەیی؛ ڕەوتی پێکەوە لکان.

▣ **اتــصال دادن:** لکانــدن؛ پێــکـ گــەیانــدن؛ پێــوەنــدی دان ‹سـر سـیم را بـه کابـل اصـلی اتـصال مـیدهـیم: سـەری سـیمەکـە دەلکـێنـین بـە کـابلی سـەرەکیـەوە›. هـەروەهـا: **اتـصال داشتن**

اتــصالاً / ettesālan' /: [عربـی] قیـد. [نامتـداول] لـە پەستا؛ پەیتـاپەیتا؛ پەساپـەس؛ هـەیتاـهـەیتا؛ بێبڕانـەوە؛ یـەک لـە دوای یـەک؛ بـێ پسانەوە ‹اتصالاً تقاضـای بازنشستگی مـی کـرد: پـەیتـاپـەیتا داوای وەنیشتەیی دەکرد›.

اتـــــصالات / ettesālāt'/: [عربـــی]/ســـم. ١. لکامێر؛ لکەواڵە؛ هەریەک لەو ئامێرانەی دوو یان چەن پاژ پێکەوە دەلکێنن (وەک پێچ، پەرچ، ئەنیشکە، سێڕایی،...) ٢. لکانگە؛ شوێنی پێکەوە لکانی پاژگەلی ئامێر، دەزگا یان تۆڕێک.

اتـصالی [1] / ettesālî'، ـها/: [عربی]/اسم. [برق] لکیاگی؛ بەدی هاتنی لکانێکی کوتوپڕ و نەخواستە لە خولگەیەک یان ئامێرێکی کارەبایی بە هۆی پێوەلکاونی بڕێ پاژەگەلی لێک جیا.

اتصالی [2]: صفت. لکاو؛ پێکەوە لکاو ‹قطعەهای اتّصالی: بڕگەگەلی لکاو›.

اتفاق / ettefāq'/: [عربی]/اسم. ١. پێکەوەیی؛ یەکانگیری؛ هاوڕێیی؛ یەک گرتوویی؛ سات؛ سانە ‹بە اتفاق هم رفتند: پێکەوە چوون› ٢. یەک گری؛ یەکبوونی؛ یەکیەتی؛ ڕەوتی یەک کەوتن؛ هەڤهاتن ‹اتفاق آرا: یەک گری دەنگگەل› ٣. /ـها؛ ـات/ ڕووداو؛ هەڵکەوت؛ ئەڵکەفت؛ ڕێکەوت؛ پێشهاتی لە نەکاو ‹از این اتفاقها زیاد دیدەام: لەم ڕووداونانەم زۆر دیوە›.

▣ **اتفاق آرا:** یەک گری ڕایان؛ تێکڕایی دەنگگەل؛ ڕەوتی هەموو پێکەوە لە سەر بیر و ڕایەک بوون.

اتفاق غیرمنتظره: ڕزم؛ قەوماوی لەنکاو؛ ڕووداوی چاوەڕوان نەکراو.

▣ **اتفاق‌افتادن:** قەومان؛ پێش‌هاتن؛ ڕوودان ‹وقتی این اتفاق افتاد، من ده سال داشتم: کاتێک ئەم کارەساتە ڕوویدا من دە ساڵم بوو›.

اتفاق کردن: پێکهاتن؛ سازیان؛ جۆرهاتن؛ یەک قسەکردن ‹همگی با هم اتفاق کردند: گشتیان لەگەڵ یەک پێکهاتن›.

اتفاقاً / ettefāqan'/: [عربی] قید. ١. بە ڕێکەوت؛ بە هەڵکەوت؛ وە هەڵکەفت؛ خۆ و بەختی؛ بەرێرەو؛ لە ڕووی ڕێکەوت و بە بێ‌ئاگەداری لە پێشوودا ‹رفته بودم بازار که اتفاقاً او را دیدم: چووبوومە بازاڕ بەرێکەوت چاوم پێکەوت› ٢. بە پێچەوانە؛ وشەی پێداگری بۆ پەرسقی نەڕێنی ‹اتفاقا من نظر دیگری دارم: بە پێچەوانە من ڕایەکی‌ترم هەیە›.

اتفـــاقی [1] / ettefāqî'/: [عربی] صفت. هەڵکەوت؛ هەڵکەتی؛ بەدەگمەن؛ بەختەکی؛ هەڵکەفت؛ پێوەندیدار بە دۆخ یان دیاردەیەکی لەنکاو و چاوەڕوان نەکراو ‹فرصتهای اتفاقی: دەرفەتگەلی هەلکەوت›.

اتفاقی [2]: قید. [گفتاری] بە ڕێکەوت؛ بە هەڵکەوت؛ ناگا؛ لەپڕ؛ گزوگومەت ‹اتفاقی چشمم افتاد به ویترین مغازه: بەرێکەوت ویترینی دووکانەکەم کەوتە بەرچاو›.

اتکا / ettekā'/: [عربی]/اسم. کار یان ڕەوتی پاڵدان؛ پشتدان؛ پاڵ پێوەدان.

▣ **اتکای به نفس** ☜ **اتکابەنفس**

▣ **اتکا کردن:** پشت بەستن؛ پاڵدانەوە؛ پاڵ پێوەدان؛ پشتدان؛ پشتدانەوە. هەروەها: **اتکا داشتن**

اتکابەنفس / ettekā-be-nafs'/: [عربی/فارسی/عربی]/اسم. کار یان ڕەوتی بە خۆدا پەرمیان؛ لە خۆڕا دیتن؛ بە خۆ ڕاپەرموون؛ پەرمەی وێرە؛ لە خۆ دیتنەوە؛ هومێدواری و پشتگەرمی بە هێز و توانایی و لێهاتوویی خۆ: **اتکای به نفس**

اتکال / ettekāl'/: [عربی]/اسم. [ادبی] کار یان ڕەوتی پشت پێ‌بەستن؛ پشت پێ‌بەستنەوە؛ خۆ پێ بەستنەوە ‹اتکال به خدا: پشت بە خودا بەستنەوە›.

اتلاف / etlāf'/: [عربی]/اسم. کار یان ڕەوتی لەکیس دان؛ بە فیڕۆدان؛ مەزخان.

▣ **اتلاف وقت:** کات بە فیڕۆدان؛ لە

دەس‌دانی وەخت؛ لەکیس‌دانی کات و سات.

اتلال / 'atlāl/: [عربی] جمعِ ☜ **تَل**

اتلس / 'atlas/: [معرب از یونانی] /اسم. ئەتلەس: ۱. جۆرێ قوماشی هەورێشمی ۲. /ـها/ گۆڤاری وێنە و نەخشەی تایبەت بە جوگرافی * **اطلس**

◘ **اتلس زربفت / زرکار / زری**: ئەتلەسی زەری؛ جۆرێ قوماشی ئەتلەسی کە زەری تێ‌چاندرابێ.

اتلسی[1] / 'atlasî، ـها/: [معرب از فارسی] /اسم. ئەتلەسی: ۱. گۆچان‌قەند؛ جۆرێ ئاونەوات ۲. گوڵە حەریرە؛ گولبۆری؛ گوڵی ئەتلەسی؛ گوڵێکی جوانە کە لە شەودا زۆر بۆنخۆشە *اطلسی

اتلسی[2]: صفت. ئەتلەسی؛ وەکوو ئەتلەسی؛ ئەتلەسی چەشن؛ ئەتلەسی ئاسا: **اطلسی**

اتل‌متل توتوله / 'atal-matal-tutûle/: /اسم. هەتۆڵ ـ مەتۆڵ؛ هەتۆڵ ـ مەتۆڵ؛ هەلوور ـ بلوور؛ حلوور ـ بلوور؛ حللوور ـ بللوور؛ گەمەیەکی منداڵانە، لە دەوری یەک دادەنیشن و لاق ڕادەکێشن، وەستا شێعرێک دەخوێنێتەوە و بە نۆرە دەور دەداتەوە، هەرکامێک نۆرەی هات و دەست لە لاقی درا، دە بێ لاقی بکێشێتە دواوە، تا لە ئاخرەوە لاقی کێ مایەوە، ئەوە دۆڕاندوویە.

اتم / 'atam(m)/: [عربی] صفت. [ادبی] تەواوتر؛ تەواوەتی؛ تەلەک تەواو؛ بە تەواوەتی؛ تەواوی تەواو.

اتم / 'atom، ـها/: [فرانسوی] /اسم. ئەتوم؛ بچووکترین پاژی هەر شتێ: **آتُم**

اتمام / 'etmām/: [عربی] /اسم. دوایی؛ کۆتایی؛ ڕەو؛ بوخت؛ کار یان ڕەوتی کۆتایی پێ هێنان ‹کار ما اتمام یافت: کاری ئێمە کۆتایی هات›.

◘ **اتمام حجت کردن**: ڕامل خستن؛ قسە نەهێشتنەوە؛ قسەی ئاخرکردن؛ دواترین قسە و ڕاوێژگوتن و درگای وتووێژ داخستن.

اتمسفر / 'atmosfer/: [فرانسوی] ☜ **آتمُسفِر**

اتمی / 'atomî/: [فرانسوی] صفت. ئەتومی؛ پێوەندیدار یان سەر بە ئەتوم ‹بمب اتمی: بومبی ئەتومی›.

اتنولژی / 'etnolojî/: [فرانسوی] /اسم. خەڵک‌ناسی؛ مەردم‌ناسی؛ هۆزناسی؛ لقێ لە زانستی مرۆناسی کە لە ڕەچەڵەک، پێوەندی ئاقاری و کۆمەڵگایی و زمان و فەرهەنگی کۆمەڵگاکانی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە.

اتو / 'utû, 'otû، ـها/: [ترکی] /اسم. ئوتۆ؛ ئوتوو؛ وتوو؛ تووز؛ چرچ لابەر؛ جل سافکەر؛ دەقاق؛ کەرەسەیەکە بە پەڕەیەکی ساف و کانزاییەوە بۆ لابردنی لۆچی قوماش: **اطو**

◘ **اتوی بخار**: وتووی هەڵمین؛ ئوتۆیەک کە جێگای تایبەتی ئاوی هەیە و خۆی هەڵم دروست دەکا.

اتوی برقی: ئوتووی بەرقی؛ دەقاقی کارەبایی. هەروەها: **اتوی زغالی**

◘ **اتو خوردن**: ۱. ساف بوون؛ بێ‌چرچ و لۆچ بوون ۲. [مجازی] ژێر بوون؛ هاتنە سەربار؛ دەست لە چەوتی هەڵگرتن.

اتو زدن: [گفتاری] وتوو کردن؛ وتوو لێدان؛ ئوتوو کێشان؛ ئوتووماڵین.

اتو کردن: وتووکردن؛ ساف‌کردن؛ لا بردنی چرچ و لۆچی جل و بەرگ بە ئوتوو.

اتو کشیدن: وتوو کێشان؛ دەقاق دان.

اتوبان / 'otobān، ـها/: [آلمانی] /اسم. گەورەڕێ؛ شاڕێ.

اتوبوس / 'otubûs, 'otobûs، ـها/: [فرانسوی] /اسم. پاس؛ ئوتوبووس؛ ماشێنی گەورەی

جێبەجێ کردنی خەڵک.

اتوبوس برقی: پاسی کارەبایی؛ پاسێ کە لە سەر هێڵی ئاسن و بە وەرگرتنی هێز لە تەلی کارەبایەوە کە لە بانیەوە کێشراوە دەکەوێتە ڕێ: **تراموا؛ ترامواى**

اتوبوس دوطبقه: پاسی دوونهۆمی؛ پاسێ کە دوو دیوی لە سەر یەکەوە هەبێ.

اتوبوس واحد: پاسی ناوشاری؛ پاسێ کە لە ناو شاردا خەڵک جێبەجێ دەکا.

هەروەها: **اتوبوس شهری؛ اتوبوس بیابانی**

اتوبیوگرافی / otobiyog(e)rāfî'/: [فرانسوی] /اسم. بەسەرهاتنووسی؛ ژیننامەنووسی؛ ژیاننامەنووسی؛ کاری نوسینی ژیاننامەی خۆ.

اتوپیا / otopiyā'/: [انگلیسی از یونانی] /اسم. کەسنەزاناوا؛ ئوتۆپیا؛ شاری ئاواتان؛ شارمازن.

اتوپیست / otopîst' ، ـها/: [انگلیسی از یونانی] صفت. ئوتۆپیست؛ لایەنگری پێکهاتنی کۆمەڵگای ئارمانی؛ بە ئاواتی شاری ئاواتان.

اتوپیسم / otopîsm'/: [انگلیسی از یونانی] /اسم. ئوتۆپیسم: ۱. بڕوا بە ڕەخساندنی کەسنەزاناوا ۲. هزرپەروەری لە بوارگەلی ڕامیاری و ئابووریدا.

اتوتروف / otot(e)rof'، ـها/: [انگلیسی] صفت. *[زیستشناسی]* ئوتۆتروف؛ بە تایبەتمەندی و توانایی گرتن و سازکردنی خواردەمەنی لە خاک (وەک شینایییەکان).

اتوتومی / ototomî'/: [انگلیسی] /اسم. *[زیستشناسی]* خۆبڕی؛ تایبەتیەک لە بڕێک گیانلەبەراندا کە کاتی هەست بە مەترسیدا دەتوانن بەشێک لە لەشیان ببڕن و بەجێبێڵن (وەک مارمزووک).

اتوخورده / utûxorde, 'otû- /: [ترکی/ فارسی] صفت. دەقکراو؛ ئوتووکراو؛ دەقاقکراو؛ جل و بەرگێک کە بە وتوو ساف و لووس کرابێ.

اتود / etûd' ، ـها/: [فرانسوی] /اسم. ۱. کاری چاو پێدا خشاندن ۲. گەڵاڵە دارشتن؛ کلاڵە دادان ۳. تەمرین (بەتایبەت ڕاهاتن لە نیگارکێشیدا).

اتوریتریانیسم / otoriteryānîsm'/: [فرانسوی] اسم. *[سیاست]* دەسەڵاتخوازی؛ دەگەرخوازی.

اتوریته / otorîte'/: [فرانسوی] /اسم. دەسەڵات؛ دەسچوویی ڕامیاری.

اتوشویی / utûšûyî, 'oût- /: [ترکی/ فارسی] /اسم. وتووشۆری: ۱. کاری شۆردن و وتووکێشی جلوبەرگ و... بە ماشێن ۲. /ـها/ کارگایەک کە تێیدا شۆردن و وتووکێشی بە ماشین ئەنجام دەدرێ.

اتوکار / otokār' ، ـها/: [فرانسوی] /اسم. ئوتووبووس؛ پاس.

اتوکار / utûkeš, 'otû- /: [ترکی/ فارسی] ☜ **اتوکش**

اتوکراسی / otok(e)rāsî'، ـها/: [فرانسوی] اسم. *[سیاست]* خۆسەری؛ ملهوڕی؛ بێسنوور بوونی هێزی فەرمانڕەوا لەکردەوەدا.

اتوکش / utûkeš, 'otû- '، ـها/: [ترکی/ فارسی] /اسم. وتووکێش؛ کرێکارێ کە کاری وتوو کردنی جلک و پارچەیە.

اتوکشی / utûkešî, 'oût- /: [ترکی/ فارسی] /اسم. ئوتووکێشی؛ وتووکێشی.

اتوکشیده / utûkešîde, 'otû- /: [ترکی/ فارسی] صفت. *[کنایی]* ۱. دەقکراو؛ ساف و ڕێک؛ بێچرچ و لۆچ ‹لباس اتوکشیده: جلکی ساف و ڕێک› ۲. /ـها/ بەدەق؛ خاوەن جلک و سەر و ڕووی ڕێک و پێک ‹آدم اتوکشیده: مرۆی بەدەق›.

اتوکلاو / otok(e)lāv'، ـها/: [فرانسوی] /اسم. ئوتۆکلاو؛ کەرەسەی میکرۆب کوژی بە هەڵمی زۆر داخ.

اتومات / otomāt'/: [فرانسوی] *صفت.* خۆکار؛ خۆمەش؛ خۆگەڕ؛ ئۆتۆمات.

اتوماتیک / otomātîk'/: [فرانسوی] *صفت.* خۆمەش؛ خۆگەڕ؛ خۆکار؛ ئۆتۆماتیک.

اتوماسیون /otomās(i)yon/: [فرانسوی] /*اسم.* ئۆتۆماسیۆن؛ کار یان ڕەوتی خۆکارکردن.

اتومبیل / otom(o)bîl'، ـها/: [فرانسوی]/*اسم.* گەڕۆک؛ ترومبێل؛ ترومبیل؛ ماشین؛ ماشێن؛ ماکینە؛ سەیارە؛ کەرەستەی گواستنەوەیی چەرخدار کە بە سەر زەویدا دەڕوات و بۆ هەڵگرتن و بردنی مرۆڤ و بار چێ کراوە.

▣ **اتومبیل باری**: ترومبیلی باری؛ گەڕۆکی باری؛ ماشێنێ کە بۆ هەڵگرتنی بار دەشێ.

اتومبیل سواری: ترومبیلی سواری؛ گەڕۆکی سواری؛ ماشێنی بچووک، بۆ هەڵگرتنی کەمتر لە دە کەس.

اتومبیل شخصی: گەڕۆکی کەسی.

اتومبیل شکاری: ترومبیلی ڕاو؛ گەڕۆکی ڕاو؛ ماشێنی ڕاو.

اتومبیل کرایه: ترومبیلی کرێ؛ گەڕۆکی کرێ.

اتومبیلرانی / otom(o)bîlrānî'/: فرانسوی/ فارسی]/*اسم.* گەڕۆک ئاژۆیی؛ گەڕۆک لێخوڕی؛ ترومبیل لێخوڕی.

اتومبیلرو / otom(o)bîlrow'/: [فرانسوی/ فارسی] *صفت.* ماشێنڕۆ؛ شوێنی شیاو یا تایبەت بۆ هاتوچووی ترومبیل.

اتومبیلسازی / otom(o)bîlsāzî'/: [فرانسوی/ فارسی]/*اسم.* گەڕۆکسازی؛ ترومبیلسازی: ۱. ڕەوتی درووس کردنی گەڕۆک ۲. کار یا پیشەی ترومبیلساز ۳. /ـها/ کارخانەیەک کە تێیدا گەڕۆک درووس دەکەن.

اتهام / ettehām'، ـها؛ ـات/: [عربی]/*اسم.* گزنی؛ بوختیان؛ بوخت؛ بوختان؛ هەڵە یان سووچێک کە دەیدەنە پاڵ کەسێکەوە و هێشتا بەڕاست دەرهاتنی ڕوون نەبۆتەوە.

▣ **اتهام زدن**: تاوانبارکردن؛ گزنی هەڵبەستن؛ بوخت لێدان؛ بوخت بە کۆڵدادان؛ بوختیان کردن؛ تۆمەت لێدان؛ بوختیان هەڵوەستن؛ بوخت چنین.

اتهام وارد بودن: بوختان چەسپان؛ ڕەوا ناسینی بوختیان لە لایەن پێگەیێکی ڕەسمیەوە.

اتهام وارد کردن: بوختیان بۆ کردن؛ لە یەک ناوەندی ڕەسمیەوە تاوانبارکردن.

هەروەها: **اتهام وارد شدن**

اتیکت / etîket'/: [فرانسوی]/*اسم.* ۱. بەرنووسەک؛ بەرچەسپ ‹اتیکت قیمت: بەرنووسەکی نرخ› ۲. خووی هۆرتەوبەرە؛ خووی هەڵس و کەوت؛ ڕێ وشوێنی هەڵس و بنیش.

اتیمولژی / etîmolojî'/: [فرانسوی]/*اسم.* *[زبان‌شناسی]* ڕەگناسی؛ ڕیشەناسی.

اثاث / asās'/: [عربی]/*اسم.* کەلوپەل؛ کەلپەل؛ پرتاڵ؛ پیتۆڵ؛ ماتول؛ خرپڕ؛ خروپڕ؛ هێرک؛ ئەسپابات ‹اثاث خانە: کەلپەلی ماڵ›.

اثاث‌کشی / asāskešî'، ـها/: [عربی/ فارسی] /*اسم.* ئەسپاوکێشی؛ کەلپەل گواستنەوە.

اثاثه / asāse'، اثاث/: [عربی]/*اسم.* [ادبی] کەلوپەل؛ کەلپەل؛ ناوماڵ؛ خرت و پرت؛ ئەساسیە.

اثاثیه / asāsîyye'/: [عربی]/*اسم.* کەلوپەل؛ کەلپەل؛ پرتاڵ؛ پیتۆڵ؛ ماتول؛ خرپڕ؛ خروپڕ؛ هێرک؛ ئەسپابات.

▣ **اثاثیەی بَنجَل**: پوخڵەوات؛ خڕ و خەگوڵ؛

قەرەقۆت؛ خرت و پرتی بێنرخ.

اثاثیەی خانە: پرتاڵ؛ هێرک؛ هێزەک؛ ناوماڵە؛ کەلوپەلی ناوماڵ؛ ئەسپاوی ناوماڵ.

اثاثیەی سبک: مردە ماڵ؛ برێ لە ئەسپاباتی ناوماڵ کە هاسان بار دەکرێن.

اثاثیە و آذوقەی خانە: ترۆتفاق؛ کەلوپەل و ئازۆقەی ماڵ.

اثبات / 'esbāt/: [عربی]/سم. کار یان ڕەوتی سەلماندن؛ چەسپاندن؛ ڕوون کردنەوەی دروستی بابەتێک بە چەشنێ کە (زۆتر) بۆ کەسانی تر جێبڕوا بێ.

▣ **اثبات شدن:** سەلمیان؛ سەلمان؛ چەسپان.

اثباتاً / 'esbātan/: [عربی] قید. بە ئەرێنی؛ بە سەلمیاوی؛ بە شێوەی چەسپاو؛ بە جێگر بوون ‹نتیجەی بررسی را نفیاً یا اثباتاً اعلام فرمایید: ئاکامی لێکدانەوەکە بە نەرێنی یان ئەرێنی ئاراستە کەن›.

اثر / 'asar، ـها؛ ـات؛ آثار/: [عربی]/سم. ۱. شۆ؛ شوێن؛ شۆپ؛ شۆب؛ شوون؛ شوێنەوار؛ شۆنەما؛ شۆنەمەی؛ ئالگ؛ مەئەر؛ نونگ؛ یافت؛ نیشان؛ شۆن و بەر؛ ڕێنج؛ ئاسەوار؛ نیشانێک کە لە شتێک یان بە ڕووی شتێکەوە دەمێنێتەوە ‹اثر زخم: شوێنی برین› ۲. بەرهەم ‹اثر ادبی: بەرهەمی ئەدەبی› ۳. ئاسەوار؛ شوێنەوا؛ شۆنەما؛ شۆنەمەی؛ ئەو شتەی کە بەجێماوە ‹اثر تاریخی: ئاسەواری مێژوویی› ٤. ئەسەر؛ شوێنەوا؛ ئەو شتە کە دەبێتە هۆی پەیدا بوونی گۆڕان لە چەندیەتی یان چۆنیەتیدا ‹اثر دارو: شوێنەوای دەرمان› ٥. فایدە؛ کارایی ‹گریە و زاری اثر ندارد: ناڵە و گریان و شیوەن فایدەی نیە›.

▣ **اثر ادبی:** بەرهەمی ئەدەبی؛ ئاسەواری ئەدەبی؛ نووسراوەیەک (وەکوو چیرۆک یا شێعر) کە بایەخ یان ناوەرۆکێکی وێژەیی هەبێ. هەروەها: **اثر دینی؛ اثر علمی؛ اثر فلسفی**

اثر انگشت: شۆن قامک؛ شۆتل؛ شۆن تل؛ شۆپل؛ شۆن پل؛ شۆن کلک؛ شوێنی وردەهێڵگەلی سەر پێستی قامک بەتایبەت کاتێ بە مەرەکەب نرابێتە بان کاغەز یان شتێ ترەوە کە زۆرتر بۆ ناسینەوەی خاوەنەکەی بەکەڵکە.

اثر باستانی: کەون ئاسەوار؛ ئاسەواری دێرینە؛ کەلوپەل یان ئاسەوارێکی هونەری پێوەندیدار بە سەردەمانی ڕابردوو (بەر لە ئیسلام یان بەر لە زایین).

اثر تاریخی: ئاسەواری مێژوویی؛ شوێنەواری مێژینەیی؛ هەرشتێ (وەک سکە، کتیبە، کەلوپەل، بەتایبەت خانووبەرە)ی پێوەندیدار بە سەردەمێکی مێژوویی دیاریکراوەوە.

اثر حجمی: هەتیال؛ هەیکەل؛ پەیکەر؛ کۆتەڵ.

اثر سینمایی: ۱. فیلمی سینەمایی ۲. فیلمنامە.

اثر طبیعی: شۆنی سروشتی؛ شوێنەواری خۆڕسکی؛ دیاردەیەکی سروشتی سەرسووڕێنەر و بەدەگمەن (وەک ئەشکەوت، تاڤگە، فوارە و…).

اثر نقّاشی: بەرهەمی نیگارکێشی؛ ئەو ئاسەوارەی نیگارکێش بەدیهێناوە.

اثر نمایشی: ۱. فیلم؛ شانۆ ۲. شانۆنامە.

اثر هنری: بەرهەمی هونەری (وەکوو: پەیکەر، نەخش، نیگار، مووسیقا و…).

▣ **اثر بخشیدن:** کارتێکردن؛ کاریگەر بوون؛ کارکۆیی بوون ‹چند دقیقه بعد دارویش اثر بخشید و دردش ساکت شد: پاش ساتێ دە واکە

کاری‌تیکرد و ئیشەکەی دامرکا›.

اثـر پـذیرفتن: وەخـۆگرتن؛ کـار پـەژیـران؛ بـوون لـە بـەرانبـەر گـۆڕانی چـەنـدی یـان چۆنی بە هۆی کارتێکەری شتێکەوە.

اثر داشتن: کاریگـەر بوون؛کـارکۆ بـوون ‹هر چه گفـتم هـیچ اثـری نداشـت: هـەر چـێکم گـوت، هیچ کاریگەر نەبوو›.

اثر کـردن/ گذاشـتن: کـارتێکردن ‹حرفهـایش در مـن خیلـی اثـر کـرد: وتـەکـانی زۆریـان کـار تیکردم›.

اثـربخش / 'asarbaxš/: [عربـی/ فارسـی] *صـفت.* کارتێکەر؛ کاریگەر؛ کارکۆ؛ گۆڕێنـەر لـە چـەنـد و چوونیـدا ‹درمـان اثـربخش؛ سـخن اثـربخش: دەرمانی کاریگەر؛ قسەی کاریگەر›.

اثربخـشی / 'asarbaxšî/: [عربـی/ فارسـی] *اسـم.* کاریگـەری؛ کارتێکـەری؛ کـارکۆیی؛ کـار یـان ڕەوتی کاریگـەر بـوون و کـارتێکردن ‹میـزان اثربخـشی ایـن دارو در بیمـاران مختلـف اسـت: ڕادەی کاریگـەری ئـەم دەرمانـە لـە نـەخۆشـاندا جۆراوجۆرە›.

اثر پـذیر / 'asarpazîr/: [عربـی/ فارسـی] *اسـم.* کارپـەژیـر؛ کـار وەخـۆگر ‹انـسان در کـودکی و جـوانی بیـشتر اثرپـذیر اسـت: مـرۆڤ لـە منداڵـی و لاوەتیدا، زۆرتر کارپەژیرە›.

اثر پـذیری / 'asarpazîrî/: [عربـی/ فارسـی] *اسـم.* کارپـەژیـری؛ بـار و دۆخ یـان چۆنیـەتی گـۆڕان بـە هـۆی شـتێکەوە ‹اثرپـذیری افـراد در مقابـل یـک پیـام معـین، متفـاوت اسـت: کارپـەژیـری هـەر کـەس لـە بـەرانبـەر پـەیـامێکی دیـاریکراودا جیاوازە›.

اثر گـذاری / 'asargozārî/: [عربـی/ فارسـی] *اسـم.* کاریگـەری؛ کارتێکـەری ‹بایـد دیـد میـزان اثرگـذاری برنامـەهـای تلویزیـون چقـدر اسـت: دەبـێ بـزانین ڕادەی کاریگـەری بـەرنامـەگـەلی تەلەڤیزیۆن چەندە›.

اثنا / 'asnā/: [عربـی] *اسـم.* مـەودا؛ نێـوان؛ مـاوە؛ گـاف؛ کـاتی نێـوان سـەرەتـا و سـەرەنجـامی ڕەوتێـک یـان هـەبـوون لـە نێـوان دوو ڕووداودا ‹در اثنـای کـار دسـتش زخمـی شـد: لـە نیـوان کـاردا دەستی بریندار بوو›.

▣ **در اثنای** ☜ **در**[۲]

در این اثنا ☜ **در**[۲]

اثناعشر / 'asnāašar, 'asnā'ašar/: [عربـی] *اسـم.* ۱. *[نامتـداول]* دوازدە؛ دەوازدە ۲. *[کالبدشناسـی]* دوازدەیینـە؛ داوزدە سـانتی هەوڵی ڕیخۆڵەی بچووک: **اثنیعَشَر**

اثناعشری / 'asnāašarî,'asnā'ašarî/: [عربـی] ☜ شیعەی اثناعشری، **شیعه**

اثنیعشر / 'asnāašar/: [عربی] ☜ **اَثناعَشَر**

اثیـر / 'asîr/: [معـرب از یونـانی] *اسـم. [قـدیمی]* ترووسکەی شـیر؛ گـۆی ئاگرینێـک کـە گومـان دەکرا لە سەر کەشی زەویندایە.

اثیـری / 'asîrî/: [معـرب] *صـفت. [مجـازی]* تـراو؛ تەڕ؛ گەڕۆک و نادیار.

اج / 'ac,'oc/: هـا/: *اسـم. [نامتـداول]* ۱. کوولـەکـەسـەراوی؛ کۆنـدکی ئـاوی؛ کولنـد ۲. گۆزە یـان دەفرێـک کـە لـە کوولـەکـەسـەراوی ساز دەکرێ.

اجابـت / 'ecābat/: [عربـی] *اسـم.* ۱. وەڵامـدەری؛ پـەرسـڤدەری؛ بـەرشـۆدەری؛ جواوگۆیی؛ جوابـدەری ۲. قـەبـووڵ؛ پـەزێـرین؛ بوارایی.

▣ **اجابـت دعـا:** وەرام دانـەوەی نـزا؛ وەکـەرەم کەوتنی دوعا؛ پـەزێـرانی نـزا ‹دعـا از ماسـت و اجابت دعا از خدا: نـزا لـە مـەیـە و وەرام دانـەوەی نزا لە خودایە›.

اجابـت مـزاج: زگ کـارکردن؛ کـارکردنی زگ؛ کارکردنی گـە وو ‹دو روز اسـت کـە اجابـت مزاج نداشته: دوو ڕۆژە زگی کاری نەکردووە›.

▣ **اجابـت شـدن:** وەکـەرەم کـەوتـن؛ وەرام

درانــــەوە؛ قــەبـــووڵ بـــوون؛ دەرچـــوون؛ دەرهاتن ‹دعایش اجابت شد و خدا به او پسری داد: نـزای وەکـەرەم کـەوت و خـوا کـوڕێکی پێدا› .

اجابـت کـردن: ۱. بـواراکردن؛ قـەبـووڵ کـردن؛ وە بـەردڵ کـەوتـن؛ پـەزێـران ۲. بـەجـێ هێنـان ‹تقاضـای مـرا اجابـت کـرد: داخوازیەکەی منی بە جێ هینا›.

اجـاره / ecāre'/: [عربـی]/اسم. کـرێ؛ کراهـە؛ کرایـە؛ کرێهـا؛ کـرا؛ کرهـا؛ کراهـا: ۱. مـافی کـەڵـک وەرگـرتن لـە جـێ یـان شـتێک لـە بـەرانبـەر پێـدانی پـارەیـەکـی دیـاریکراو لـە کـاتێکی دیـاریکراودا ۲. *[فقـه]* پـەیمانێـک کـە دەبێتـە هـۆی ئـەوە کـرێگیر مـافی بـەهـرە وەرگـرتن لـە بابـەتی کـرێگیراوەکـەی ببـێ و لـەوە بـەولاوە دەبێتـە خـاوەنی قـازانج و بەرهـەمـی ئـەو شـتە ۳. *لـهـا/[گفتـاری]* نرخـی کـرێ؛ بـایی ئیجـارە ‹اجـارەاش چقـدر اسـت؟: کرێکەی چەندە؟›.

▣ **اجـاره دادن:** بــە کــرێدان؛ کرهـــا دان؛ کـرادان ‹خانـه را اجـاره دادیـم: ماڵـەکـەمـان بەکرێ داوە›.

اجـــاره‌ای / ecāre'î'/: [عربــی] صـــفت. ۱. کرهایی؛ کرێیی ۲. ئیجارەکراو؛ کرێ‌گیراو.

اجـارەبهـا / ecārebahā'/: [عربـی/ فارسـی]/اسم. کرێ؛ کرها؛ کراها؛ نرخی‌کراها؛ بایی‌کرێ.

اجـــارەدار / ecāredār'، ـهـا؛ ـــان/: [عربــی/ فارسـی]/اســم. کرهــادار؛ کــرادار؛ کرێــدار؛ کرێهادار؛ کرێدەر.

اجـــارەداری / ecāredārî'/: [عربـــی/ فارســـی] /اسم. کـراداری؛ کرهـاداری؛ دۆخ یـان چۆنیـەتی کراهـەدار بـوون ‹از اجـارەداری درآمـد خـوبی دارد: لە کراداری داهاتی باشی هەیە›.

اجـارەنامچـه / ecārenāmče'، ـهـا/: [عربـی/ فارسـی]/اسم. *[گفتـاری]* کرهـانامـە؛ کرانامـە؛ قەواڵـەیـەک کـە ڕاڤـە و مـەرجـی کرێـی تێـدا نووسراوە.

اجـارەنامـه/ ecārenāme'، ـهـا/: [عربـی/ فارسـی] /اسم. کرهانامە؛ کرانامە؛ ئـەو بـەڵـگە کـە ڕاڤـە و مەرجگەلی چۆن بەکرێدانی تێدا نووسراوە.

اجـارەنـشین / ecārenešîn'، ـهـا؛ ـان/: [عربـی/ فارسـی]/اسم. کـرێنـشین؛ ماڵـگر؛ کرێهانـشین؛ کرانـشین؛ کرێگـرتی؛ کرێچـی؛ ئیجـارەنـشین؛ کـەسـێ کـە لـە خـانووی ئیجـارە دادەنیـشێ؛ کـەسـێ کـە لـە جێگایـەکـی کـرێ دراو نیشتەجێیە.

اجـــازات / ecāzāt'/: [عربـــی] ۱. جمـــعِ ☜ **اجازه** ۲. جمعِ ☜ **اجازت**

اجـازت / ecāzat'، اجازات/: [عربـی]/اسم. *[ادبی]* بەرایی؛ ئیزن؛ ئیجازە؛ بوار.

اجازه / ecāze'، اجازات/: [عربـی]/اسم. بـەرایـی؛ بوار؛ ئیجـازە: ۱. ئیـزن؛ مافێـک کـە بـە رپـرس یـان خـاوەن مـاف بـۆ ئـەنجامـدانی کـارێ بـە کـەسـێکی‌تـری دەدات ‹اجـازەی ورود: بـەرایـی هاتنـە ژوور› ۲. ڕەوا زانـین؛ سـازانی بـەرپـرس یان خاوەن ماف لەگەڵ کـردەوەیـەکـدا کـە بـە دەسـتی ئـەو یـان لـە دەربـەسـتی ئـەودایـە ‹اجازەی فروش: بەرایی فرۆش›.

▣ **اجـــازەی فتـــوی:** وەجـــەر؛ دەســـتوور؛ فـەرمـان؛ فتـوا؛ فـەرمانێـک کـە بـە پێـی، خاوەن فەرمان ڕێی هەیە فتوا بدا.

▣ **اجـازه خواسـتن:** بـەرایـی خواسـتن؛ ئیـزن خواســتن؛ ئیجـــازە خـــوازین؛ ڕاخواســـتن ‹اجـازه مـی‌خـواهم در ایـن بـاره صـحبت کـنم: بەراییم دەوێ لەم بارەوە قسە بکەم›.

اجـازه دادن: بـەرایـی پێـدان؛ بـەرایـی دان؛ ڕێـدان؛ هێـشتن؛ ئاسـەی؛ ئاسـتەی؛ هـێڵان؛ هـــێلان؛ ڕێگـــەدان؛ ئیجـــازەدان؛ ڕادان؛ بواردان؛ ڕەوا دیـن؛ ڕەوا زانـین ‹بـه شما اجازه مـی‌دهـم از خودتـان دفـاع کنیـد: بـەراییتـان

پێده‌ده‌م که له خۆتان باشاری بکه‌ن›.

اجازه داشتن: به به‌رایی بوون؛ به‌رایی هه‌بوون.

اجازه گرفتن: به‌رایی گرتن؛ ئیزن گرتن: **اجازه یافتن**

اجازه یافتن ☜ **اجازه گرفتن**

اجازه‌نامه / ecāzenāme'، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. په‌روانه؛ به‌رایی‌نامه؛ ئیزن‌نامه؛ جه‌واز ‹اجازه‌نامه‌ی کار: به‌رایی‌نامه‌ی کار›.

اجاق / ocāq'/: [ترکی]/اسم. ۱. /ـها/ کوانوو؛ کوانک؛ کولانێ؛ کۆنه؛ کوونه؛ ته‌ژگا؛ ته‌شگا؛ تفک؛ ئاگردان؛ قاو؛ جاخ؛ وه‌جاخ؛ وجاخ؛ ئاورگ؛ ئارگا؛ ته‌فایه؛ ئاگردانی موبه‌ق؛ کوچک؛ کوچکه؛ کوچک و کوانک؛ ئایه‌ردان؛ ئامرازی گه‌رمه‌و کردن یان لێنانی چێشت ۲. /مجازی/ وجاخ؛ ڕه‌ته‌وه؛ ڕه‌چه‌له‌ک؛ بنه‌ماله‌ی زۆر ڕه‌سه‌ن ‹اجاق کور: وجاخ کوێر› ۳. باوه‌لێ؛ سه‌هید؛ شێخ ‹او در ولایت ما به اجاق معروف بود: له ولاتی مه‌دا به باوه‌لێ ده‌ناسرا› ٤. قسن؛ شه‌خس؛ نه‌زه‌رگه؛ گۆڕی باوه‌لێ؛ گۆڕی شێخ.

▣ **اجاق برقی**: کوانووی به‌رقی.

اجاق سنگی: ئاته‌شخان؛ کوانوو؛ سێ کوچکه؛ ئارگا؛ قوڵکه ی ژێر تیانه که ئاگری تێدا ده‌که‌نه‌وه.

اجاق گاز ☜ **اجاق‌گاز**

اجاق‌روشن / ocāqrowšan, -ro:šan'، ـها/: [ترکی/ فارسی] صفت. فه‌رزه‌ندار؛ وجاخدار؛ وجاخ ڕۆشن؛ فه‌رزه‌نیار؛ خاوه‌ن مناڵ و فه‌رزه‌ند به تایبه‌ت خاوه‌ن کوڕ؛ به‌رانبه‌ری وجاخ‌کوێر.

اجاقک / ocāqak'، ـها/: [ترکی/ فارسی]/اسم. کوانووی کاره بایی؛ ئامێری کولاندن، که به هێزی کاره‌با گه‌رم ده‌بێته‌وه: **هیتر**

اجاق‌کور / ocāqkûr'، ـها/: [ترکی/ فارسی] صفت. وجاخ کوێر؛ وه‌جاخ کوێر؛ ئوجاخ‌کوێر؛ بێ‌مناڵ؛ واروندا؛ وارکوێر؛ شۆرک؛ بێ‌کوڕ.

اجاق‌گاز / ocāqgāz'، ـها/: [ترکی/ فارسی] /اسم. ئوجاخ‌گاز؛ کوانووی گازی؛ وجاخێ که به گاز ده‌گرێ.

اجامرواوباش/acāmer-o-'owbāš, -'o:bāš'/: [عربی]/اسم. لات‌ولووت؛ خوێڕی‌وتوێڕی؛ خوێڕی؛ لات و به‌ره‌ڵا؛ گه‌جه‌ر گوجه‌ر؛ خه‌ڵکی وێڵه‌کی و هه‌رزه که ئاکاری دژ به کۆمه‌ڵگه‌یان هه‌بێت.

اجانب / acāneb'/: [عربی] جمعِ ☜ **أجنَبی**[1]

اجبار / ecbār'/: [عربی]/اسم. زۆره‌کی؛ به‌زۆر؛ خوڕتی: ۱. کارێ به که‌سێ کردن به زۆر یان گوشار و لاپاره‌وه ‹بچه‌های مدرسه را به اجبار به تظاهرات می‌بردند: منداڵانی قوتابخانه‌یان به‌زۆر بۆ خۆپیشاندان ده‌برد› ۲. ناچاری؛ به زۆری؛ ناعیلاجی ‹از روی اجبار به فروش خانه‌اش رضایت داد: له ناچاری بۆ فرۆشی ماڵه‌که‌ی ملی دانه‌واند›.

اجباراً / ecbāran'/: [عربی] قید. ناچار؛ به زۆراتی؛ به زۆره‌کی؛ به زۆره‌ملێ؛ به زۆره‌ملێ؛ به‌خوڕتی؛ به زۆر؛ به ناچار؛ به ناعیلاجی؛ له ناعیلاجی ‹اجباراً خانه را فروختم: ناچار ماڵه‌که‌م فرۆشت›.

اجباری[1] / ecbārî'/: [عربی]/اسم. /گفتاری، مجازی/ سه‌روازی؛ خزمه‌تی سه‌ربازی ‹پسرش را بردند اجباری: کوڕه‌که‌یان برده سه‌روازی›.

اجباری[2]: صفت. زۆره‌کی؛ به‌زۆری؛ به‌خوڕتی؛ زۆرانی؛ زۆره‌ملێ؛ ناچاری؛ ناعیلاجی ‹اقامت اجباری: نیشته‌جێ بوونی زۆره‌کی›.

اجتماع / ectemā'/: [عربی]/اسم. کۆ؛ چقات؛ به‌راقی؛ کۆڕ؛ جوات؛ جڤین؛ شه‌ماته؛ ئاپۆره؛ کهان؛ گهان؛ کۆمه‌ڵه؛ کۆگا؛ کۆما؛ کوا؛

پسات: ۱. خڕ؛ کۆم؛ تۆق؛ گرد؛ کار یان ڕەوتی کۆوە بوون لە جێگایەک ‹دانش‌آموزان در جلو مدرسه اجتماع کرده بودند: قوتابیەکان لە بەر قوتابخانەدا کۆ ببوونەوە› ۲. /ـها؛ ـات/ کۆ بوونەوە؛ گرۆیێ کە لە شوێنێک خڕ بوونەتەوە ‹مخالفان، اجتماع دانشجویان را بە آشوب کشاندند: نەیاران ئاژاوە یان خستە ناو کۆ بوونەوەی خوێندکارانەوە› ۳. /ـها؛ ـات/ کۆمەڵە؛ کۆمەڵگا؛ کۆمەڵ‌پسات؛ گەل؛ ئاپۆرە ‹اجتماع آزاد: ئاپۆرەی ئازاد›.

اجتماعی / ectemā'î'/: [عربی] *صفت*. کۆمەلایەتی؛ جڤاتی؛ کۆمەیی؛ ئاپۆرەیی: ۱. سەر بە ئاپۆرە ‹نهادهای اجتماعی: بنکەگەلی کۆمەلایەتی› ۲. کەسێ یان شتێ کە خۆ و خەی ژیان بردنە سەری لەگەڵ هیتران و لە نێوان کۆمەلاندا هەیە ‹مورچەهای اجتماعی: میروولەگەلی ئاپۆرەیی› ۳. هۆگر بە هاونشینی لەگەڵ دیتران ‹آدم اجتماعی: مرۆی ئاپۆرەیی› ٤. هۆگر بە قازانج و بابەتگەلی ناو کۆمەڵگا ‹شخصیت اجتماعی: کەسایەتی کۆمەلایەتی›.

اجتناب / ectenāb'/: [عربی] /*سم*. دوورەپەرێزی؛ کەنارەگیری؛ دووری؛ ئیتلیس؛ کار و ڕەوتی تلماسانەوە.

▣ **اجتناب کردن:** خۆ پاراستن؛ دووری گرتن؛ قەراخ گرتن؛ تلماسینەوە ‹باید از خوردن غذای مانده اجتناب کرد: دەبێ لە خواردنی چێشتی کۆنە خۆ بپاریزن›.

اجتناب شدن: دەس پاراستن؛ پارێزکردن؛ خۆ لادان؛ خۆ لێگرتن؛ تلاسانەوە ‹از بردن کودکان بە مکانهای آلودە اجتناب شود: لە بردنی مندالان بۆ جێگەگەلی چەپەڵ پاریزکەن›.

اجتناب‌پذیر / ectenābpazîr'/: [عربی/ فارسی] *صفت*. دووری‌لێگر؛ خۆلێ‌لادەر؛ شیاوی خۆ لێ‌لادان. هەروەها: **اجتناب‌ناپذیر**

اجتهاد / ectehād'/: [عربی] /*سم*. ۱. /ـها؛ ـات/ هەڵهێنجانی بابەتگەلی شەرعی لە قورئان و حەدیس ۲. کار یان پیشەی کەسێ کە ئەو کارە دەکا(مەلا) ۳. /ـها؛ ـات/ *[نامتداول]* هەوڵ؛ کۆشش؛ گوزاق؛ کردوکۆش؛ تەپشت.

اجحاف / echāf'، ـها؛ ـات/: [عربی] /*سم*. ناحەقی؛ ستەم؛ گووج؛ مافخۆری؛ کردەوەی ناحەق ‹بە او اجحاف شد: ناحەقی لێکرا›.

اجداد / acdād'/: [عربی] /*سم*. ۱. جمعِ ☜ **جَد** ۲. باپیران؛ نەبەتەر؛ باب و کالان ‹اجداد ما کشاورز بودند: باپیرانی ئێمە وەرزێر بوون›.

اجدادی / acdādî'/: [عربی] *صفت*. باب و کالی؛ پشتی؛ پێوەندیدار یان سەر بە باپیران.

اجر / acr'، ـها؛ أجور/: [عربی] /*سم*. ئەجر؛ جزیای باش؛ پاداش: ۱. پاداشت؛ دەسیاو ۲. مز؛ دەسمز.

▣ **اجر دادن:** پاداشت دانەوە؛ کەل دانەوە. هەروەها: **اجر یافتن**

اجرا / ecrā'/: [عربی] /*سم*. بەڕێوەبەری؛ کار یان ڕەوتی ئەنجامدانی کارێ بە پێی گەلالە، بەرنامە یان فەرمانێک.

▣ **اجرای آتش:** تیر هاوێژی؛ کار یان ڕەوتی تیر خستن؛ تیر هاویشتن؛ تەقە کردن.

▣ **اجرا کردن:** بەڕێ بردن؛ کارکردن بە گوێرەی بیرێ، بڕیارێ یان فەرمانێک: **بە اجرا درآوردن**. هەروەها: **اجرا شدن**

بە اجرا درآوردن ☜ **اجرا کردن**

اجرائی / ecrā'î'/: [عربی] ☜ **اجرایی**

اجرایی / ecrāyî'/: [عربی] *صفت*. بەڕێوەبردنی؛ پێوەندیدار یان سەر بە بەڕێوە بردن ‹برنامەی اجرایی: بەرنامەی بەڕێوە

بردنی›: **اجرائی**

اجرام / acrām'/: [عربی] جمعِ ☜ **جِرم**

اجرت / ocrat'، ـها/: [عربی]/*اسم. [قدیمی]* مز؛ مزدیە؛ کرێما؛ حەقدەس؛ مووچە؛ خرە؛ کرێ؛ پاداش. هەروەها: **اجرت دادن؛ اجرت گرفتن**

اجرت‌المثل / ocratolmesl'، ـها/: [عربی] *اسم.* کرێیەک هاوقاتی ئەوەی کە لەکرێنامەدا نووسراوە.

اجرت‌المسمی / ocratolmosammā'، ـها/: [عربی]/*اسم.* کرێیەک کە لەکرێنامەدا نووسراوە.

اجرت‌کاری / ocratkārî'/: [عربی/ فارسی] *اسم.* کرێمز؛ پاشمز؛ کرێکاری؛ گرتنی مووچە لە بەرانبەر کاری ئەنجام دراوەوە. بەرانبەر: **مزدکاری**

اجر و قرب / acr-o-qorb'/: [عربی]/*اسم. [گفتاری]* رێز و پلە؛ ریز و بڕ؛ سەنگ و رێز؛ حورمەت؛ قەدر؛ بایەخ؛ ئەرزشت.

اجر و مزد / acr-o-mozd'/: [عربی/ فارسی] *اسم. [گفتاری]* کرێ؛ مز؛ دەسمز؛ حەقە زەحمەت؛ حەق و پاداش.

اجزا / aczā'/: [عربی] جمعِ ☜ **جزء**

اجساد / acsād'/: [عربی] جمعِ ☜ **جَسَد**

اجسام / acsām'/: [عربی] جمعِ ☜ **جِسم**

اجق‌وجق / acaqvacaq'/: *صفت. [گفتاری]* زاق و واق؛ بە ڕەنگگەلی زەق و چاوبەر و پێکهاتەی ناجوور.

اجل / acal'/: [عربی]/*اسم.* ۱. مەرگ؛ کاتی مەرگ؛ هەلی مەرگ؛ دەمی مەرگ ۲. مەرگ؛ مەری.

▣ **اجل معلق**: *[مجازی]* کوتەی کوت‌وپڕ؛ مەرگی ناوەخت؛ مەرگی لە ناکاو؛ مردنی لەپڕ؛ مەرگی کوت‌وپڕ؛ مەرگی بێ‌وادە.

▣ **اجل کسی رسیدن**: هەلی مەرگی کەسێک گەییشتن؛ ئەجەل/ ئەنجەلی کەسێ هاتن؛ کاتی مردنی کەسێک هاتن.

اجل / acal(l)'/: [عربی] *صفت.* بەرێز؛ هێژا؛ پایەبەرز؛ زۆر مەزن؛ مازن؛ جێدار؛ گراگر.

اجلاس / eclās'، ـها؛ ـات/: [عربی]/*اسم.* کۆڕ؛ کۆنگرە؛ دانیشتن؛ کۆ بوونەوە؛ بۆ وت و ویژ و ڕاپرسی دانیشتن ‹اجلاس وزیران: کۆڕی وەزیران›.

اجلاسیه / eclāsîyye'، ـها/: [عربی]/*اسم.* دانیشتگە؛ جێگایەک کە تێیدا کۆ دەبنەوە.

اجل‌برگشته / acalbargašte'، ـها/: [عربی/ فارسی] *صفت.* مەرگ هەڵپێچاو؛ ئەنجەڵ هاتوو؛ تووش بوو بە مەرگی کوتووپڕ.

اجله / acelle'/: [عربی]/*اسم. [ادبی]* مەزنان؛ گرگران؛ پایەبەرزان؛ شکۆداران؛ گەورەگەل؛ کەسانی بە گەورەیی و شکۆ.

اجماع / ecmā''/: [عربی]/*اسم.* ۱. *[ادبی]* هاودەنگی؛ هاوڕایی؛ هاوداستانی ۲. *[فقه]* باوەڕ پێکردنی بابەتێک لە لایەن هەمووی موسڵمانانەوە.

اجماعاً / ecmā'an'/: [عربی] *قید.* بەگشتی؛ هەموو؛ هەرهەموو؛ بە جارێ؛ بەکۆمەڵ؛ وێکڕا؛ تێکڕا؛ پێکەوە؛ بەڕایە؛ گردەوە ‹اجماعاً صلوات بفرستید: بە گشتی سەڵەوات بنێرن›.

اجمال / ecmāl'/: [عربی]/*اسم. [ادبی]* بەکورتی؛ دۆخ یان چۆنیەتیەکی کورت ‹ماجرا را بە اجمال بیان کرد: ڕووداوەکەی بەکورتی گەڕاندەوە›.

اجمالاً / ecmālan'/: [عربی] *قید.* بە کورتی؛ کورت‌وبڕ.

اجمالی / ecmālî'/: [عربی] *صفت.* کورت؛ خێرا؛ کورتکراو.

اجناس / acnās'/: [عربی] جمعِ ☜ **جِنس**

اجنبی[1] / acnabî'، ـها؛ اجانب/: [عربی]/*اسم.*

بێگانە؛ لاوەکی؛ بیانی؛ هاقی؛ کەس،گرۆ یان دەوڵەتی لاوەکی؛ دەرەوەیی؛ نامۆ ‹نوکر اجنبی: نۆکەری بێگانە›.

اجنبی[2]: *صفت.* بێگانە؛ بیانی؛ نەناس؛ بەیانە؛ لایدە؛ نەناسیاو ‹مرد اجنبی: پیاوی بێگانە›.

اجنبی‌پرست / acnabîparast'، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] *صفت.* بێگانەپەرەس؛ بیانی‌پەرەس؛ لاوەکی‌پەرست؛ بریتی لە جیرەخۆر و نۆکەری بێگانە.

اجنه / acenne'/: [عربی] جمعِ ☜ **جِن**

اجوف / acvaf'/: [عربی] *صفت. [ادبی]* هولۆڵ؛ هەڵۆڵ؛ هەرۆڵ؛ قرۆڵ؛ ناوپووچەڵ؛ ناوچۆڵ؛ قولۆر؛ هەلکۆلیاگ؛ بۆش؛ قالا؛ کلۆر.

اجیر / acîr'، ـها؛ ـان/: [عربی] *اسم.* مزوور؛ بەکرێ‌گیراو؛ کرێ‌گرتە؛ کرێچاڵە ‹یک سال نزد ارباب ده اجیر بودم: ساڵێ لە لای کوێخوای ئاوایی مزوور بووم›. هەروەها: **اجیر کردن؛ اجیر شدن**

احادیث / ahādîs'/: [عربی] جمعِ ☜ **حدیث**

احاطه / ehāte'/: [عربی] *اسم.* کار یان ڕەوتی: *الف)* دەوردان؛ چوار لادان؛ هەموو لا لێ‌گرتن؛ دەورگرتن؛ پەرانپەری شتێک داگرتن *ب)* شارەزایی تەواو لە هەموو لای بابەتێک پەیداکردن.

▣ **احاطه داشتن:** زاڵ بوون؛ ئاگاداری بە گش‌لایەکدا پەیدا کردن؛ ئاگەداری هەمە لا بوون.

احاطه کردن: لێ وەرهاتن؛ گەمارۆ دان؛ هەموو لا لێ‌گرتن؛ دەورەدان؛ ئابلۆقە دان؛ هێڵ‌دان؛ هەوشەدان؛ کۆ بوونەوە لە دەوری کەسێ یان شتێک. هەروەها: **احاطه شدن**

احاله / ehāle'/: [عربی] *اسم.* پێ‌سپێری؛ سپاردنی کارێک بە کەسێکی‌تر. هەروەها: **اِحاله دادن؛ اِحاله کردن**

احباب / ahbāb'/: [عربی] *اسم.* ۱. جمعِ ☜ **حبیب** ۲. *[ادبی]* یاران؛ دۆستان؛ هاوەلان؛ ڕەفیقان؛ هاوبازان؛ هاویاران؛ خۆشەویستان؛ هەڤالان؛ هەوالان.

احتباس / ehtebās'/: [عربی] *اسم. [پزشکی]* گیراوی؛ گیریاگی؛ کار و ڕەوتی گیرکردن؛ بە تەنگ‌کەوتن ‹احتباس بول: گیراوی میز›.

احتجاج / ehtecāc'، ـها؛ ـات/: [عربی] *اسم.* بەربەرەکانێ؛ کار و ڕەوتی دەم‌نانەدەم؛ دەم لە دەم نان؛ قسەکردن بۆ سەلماندن، نەک بۆ دەرکەوتنی ڕاستەقینە.

احتراز / ehterāz'، ـها/: [عربی] *اسم.* پارێز؛ دووری؛ خۆلادەری؛ خۆپاریزی. هەروەها: **احتراز کردن**

احتراس / ehterās'/: [عربی] *اسم. [قدیمی]* پاسەوانی؛ نیابانی؛ چاوەدێری؛ زێرەڤانی؛ کێشکڤانی؛ قەرەوڵی؛ پاسداری.

احتراق / ehterāq'، ـها/: [عربی] *اسم.* کار یان ڕەوتی سووتان؛ سۆتەی؛ سۆتن؛ گڕ لێ‌هەستان.

▣ **احتراق کامل:** *[شیمی]* سووتانی تەواو؛ یەکگرتنی تەواوەتی ماکی سووتەر لەگەڵ ئۆکسیژندا بە مەرجی هەبوونی گەرما، ئۆکسیژنی پێویست و تیکەلاوی شیاو لە کاتی شیاودا.

احتراق ناقص: *[شیمی]* سووتانی ناتەواو.

احترام / ehterām'، ـها؛ ـات/: [عربی] *اسم.* ڕێز؛ قەدر؛ کەل؛ حورمەت؛ هورمەت؛ ئاکارێک کە نیشانەی پەژیرانی بایەخ، گرینگی و پلەی بەرزتری کەسێ یان شتێکە.

▣ **احترام نظامی:** ڕێزی چەکداری.

▣ **احترام خود را نگه داشتن:** حورمەتی خۆ

ڕاگرتن؛ ڕێزی خۆ ڕاگرتن؛ خۆ لادان لە ئاکارێک کە دەبێتە هۆی سووکی و بێحورمەتی لە لایەن خەڵکەوە ‹داداش! احترام خودت را نگهدار: کاکە! حورمەتی خۆت ڕاگرە›.

احترام کسی به دست خودش بودن: وریای ڕێز و حورمەتی خۆ بوون؛ ڕێزی خۆ ڕاگرتن.

احترام کسی را نگه داشتن: ڕێز بۆ کەسێ دانان؛ بە گەورەتر خاوەن گەورەیی زانینی کەسێک.

احترام گذاشتن: ڕێزگرتن؛ ڕێز لێنان؛ حورمەتگرتن؛ سەنگ نیان؛ سەنگ لێنان؛ سەنگگرتن؛ ئێحترامگرتن؛ قوڵف لێنان؛ قەدرگرتن. هەروەها: **احترام کردن؛ احترام به جای آوردن**

احتراماً / ehterāman/: [عربی] قید. بەڕێزەوە؛ بە حورمەتەوە ‹احتراماً به عرض می‌رساند: بەڕیزەوە ڕادەگەیێنریت›.

احتساب / ehtesāb/: [عربی] اسم. [ادبی] ۱. [نامتداول] ژماردن؛ بژاردن ۲. [قدیمی] ژمارياری؛ ئەو کارانەی ئەرکی ژمارياربوو ۳. [فقه] فەرمان بە چاکە و لادان لە خراپە.

احتشام / ehtešām/: [عربی] اسم. [نامتداول] شکۆ؛ شێدوبێد؛ گەورەیی.

احتضار / ehtezār/: [عربی] اسم. ئاویلکە؛ گیانەلا؛ گیانەلاو؛ دواگیان؛ سەرەمەرگ؛ گیانکەنشت؛ ئاوزینگ؛ ئاوەزینگ؛ دۆخ یان چۆنیەتی گیاندان و لە سەرەمەرگدا بوون ‹عمویم در حال احتضار است: مەموم کەوتۆتە ئاویلکە›.

احتقان / ehteqān/: [عربی] اسم. [پزشکی] گیران؛ پەتران؛ کۆ بوونەوەی نائاسایی هەر شتێک لە لەشدا، کە دەبێتە هۆی گیرانی دەماری لەش ‹احتقان بینی: گیرانی لووت›.

▣ **احتقان بینی:** لووت گیریان؛ گیریانی بێڤل؛ کپ بوونەوەی کەپۆ. هەروەها: **احتقان سینه**

احتقان پستان: مەمک گیریان؛ گۆی سینە گیریان.

احتکار / ehtekār/: [عربی] اسم. کار و ڕەوتی هەمارکردن؛ پاوان کردن: ۱. کۆ کردنەوەی شتێ پتر لە ڕادەی پێویست یان بەبێ کەڵک لێوەرگرتنیان ۲. [اقتصاد] هەڵگرتنی شت تا نرخی گران بێتەوە. هەروەها: **احتکار شدن؛ احتکار کردن**

احتکاری / ehtekārî/: [عربی] صفت. هەمارکراو؛ پاوانکراو؛ قۆرخکراو.

احتلام / ehtelām/: [عربی] اسم. شەیتانی؛ شەیتان پێکەنین؛ ئاوهاتنەوە لە خەودا.

احتمال / ehtemāl/، ـها؛ ـات/: [عربی] اسم. وێچوویی؛ شیمانی؛ گاهەزی؛ ڕێپێچوویی؛ گومانی نزیک بە ڕاست کە هێشتا نەسەلماوە.

▣ **احتمال قریب به یقین:** زۆر وێچوون؛ تا ڕادەیەکی زۆر سەلماو: **به احتمال قوی**

به احتمال قوی ☜ **احتمال قریب به یقین**

▣ **احتمال دادن:** دوور نەزانین؛ ئەگەری ڕووداوێک بۆ ڕەخسان/ لوان ‹همه احتمال می‌دادیم زود برگردد: هەموو دوورمان نەدەزانی زوو بێتەوە›.

احتمال داشتن: وێچوون؛ دوور نەبوون ‹احتمال داشت هرگز او را نبینم: ویدەچوو قەت نەیبینم›.

احتمالاً / ehtemālan/: [عربی] قید. لەوانەیە؛ وێدەچێ؛ شایەت؛ گاهەز؛ ڕەنگە؛ بە ئێحتماڵ؛ شایەکێ؛ شایەد؛ شایەتا؛ دەشێ؛ ئەشێ ‹احتمالاً او را خواهم دید: لەوانەیە ببینم›.

احتمالی / ehtemālî'/: [عربی] صفت. ئەگەری؛ ئگەری؛ دووبەختی؛ گاهەزی؛ شایەدی؛ لەوانە بوون.

احتوا / ehtevā'/: [عربی] اسم. [نامتداول] پێبوونی؛ دۆخ یان چۆنیەتی تێدا بوون؛ داگری شتێ بوون.

احتیاج / ehtiyāc'، ـها؛ ـات/: [عربی] اسم. نیاز؛ ئاتاجی؛ پێداویستی؛ پێویستی؛ هەجی؛ هەوجە؛ قاپۆ؛ کەل؛ وەجە: ۱. بار و دۆخ یان حاڵەتی ویستنی شتێ بۆ گەیشتن بە مەبەستێ یان ئەنجامدانی کارێک ‹من به این پول احتیاج دارم: من پێویستیم بەم پارەیە› ۲. نیازمەندی؛ بار و دۆخی نەبوونی کەل‌وپەلی پێویست ‹احتیاج مادر اختراع است: پێداویستی هۆی داهێنانە›.

▣ **احتیاج افتادن**: نیازمەند بوون؛ ئەوەجە کەوتن؛ وەجە بە کەل کەوتن؛ تووشی نیازباری بوون.

احتیاج بودن: پێویست بوون ‹احتیاج بود یک بار دیگر آن را بخوانم: پێویست بوو جارێکی‌تر بیخوێنمەوە›.

احتیاج داشتن: پێویستی پێ بوون؛ پێویست بوون؛ گەرەک بوون؛ ئیحتیاج پێ بوون؛ نیازمەن بوون ‹او به آن پول احتیاج داشت: ئەو پارەیەی پێویست بوو›.

احتیاج کسی را برآورده کردن: کەلی کەسێ گرتن؛ دەس یەکێ گرتن؛ کەل یەکێ گرتن؛ بە دەم کەسێکەوە بوون؛ دابین کردنی ئەوەی کە کەسێک پێویستیەتی.

احتیاط / ehtiyāt'، ـها/: [عربی] اسم. ۱. پارێز؛ خۆپارێزی؛ پێش‌بینی مەترسیگەل و ڕێگەگەلی خۆ لێ‌لادانیان ‹احتیاط شرط عقل است: خۆپارێزی مەرجی بە ئاوەز بوونە› ۲. [نظامی] یەدەک؛ سپێر؛ بەشێ لە هێزگەل کە فەرماندە بۆ کاتی پێداویست لە پشتی شەڕکەرانەوە ڕایاندەگرێ.

▣ **افسر احتیاط** ☜ **افسر**

▣ **احتیاط داشتن**: [اسلام] شکدار بوون؛ بەگومان بوون؛ دردۆنگ بوون؛ ڕوون نەبوونی پاکی یان ناپاکی، ڕەوا یان ناڕەوا بوونی شتێ.

احتیاط کردن: بە هۆش بوون؛ هۆشیار بوون؛ دووربین بوون؛ بە تەگبیرەوە کارکردن.

احتیاطاً / ehtiyātan'/: [عربی] قید. بە دوورنوارییەوە؛ بۆ دڵنیایی ‹احتیاطاً کمی پول با خودت ببر: بۆ دڵنیایی برێ پارە لەگەڵ خۆت بەرە›.

احتیاط‌کار / ehtiyātkār'، ـها؛ ـان/: [عربی/فارسی] صفت. قایم‌کار؛ هۆشیار؛ تێبین؛ دووربین؛ دوورئەندێش؛ دوورنوار؛ سپێرکار.

احتیاط‌کاری / ehtiyātkārî'/: [عربی/فارسی] اسم. دوورئەندێشی؛ دووربینی؛ دوورنواری؛ قایمکاری؛ سپێرکاری.

احتیاطی / ehtiyātî'/: [عربی/فارسی] صفت. دوورنوارانە ‹اقدامهای احتیاطی: داپەڕی دوورنوارانە›.

احجار / ahcār'/: [عربی] جمعِ ☜ **حَجَر**

▣ **احجار کریمه**: [ادبی] بەردگەلی گرانبایی؛ بەرێت گرانبەها؛ بەردە بەنرخەکان.

احد / ahad'/: [عربی] صفت. [ادبی] تاک؛ تاقانە؛ تاکانە؛ تاق؛ بێ‌هاوتا؛ یەکدانە؛ یەکتا ‹خدای احد و واحد: خوای تاکی تەنیا›.

احداث / ehdās'/: [عربی] اسم. کار یان ڕەوتی کردنەوە؛ بە دی هێنانی شتێکی نوێ کە پتر بەرهەمی چالاکیگەلی خانووسازیە (وەک نەخۆشخانە، شەقام، پرد، ماڵ و...) ‹احداث کارخانه ها از کارهای اساسی برای پیشرفت کشور است: کردنەوەی کارخانەگەل لە کارە

بنەڕەتیەکانی پێشکەوتنی ولاته›.

احدالناس / ahadonnās'/: [عربی] ضمیر. کەس؛ هیچ کەس؛ تاقەکەسێک؛ یۆ؛ یوه؛ شتاق ‹در خیابانها احدالناسی دیده نمی‌شد: له شەقامەکاندا کەس نەدەبینرا›.

احدی / ahdadî'/: [عربی] ضمیر. *[گفتاری]* کەس؛ هیچ کەس؛ یۆ؛ یوه؛ شتاق ‹از احدی نمی‌ترسید: له کەس نەدەترسا›.

احدیت / ahadîyyat'/: [عربی]/اسم. ۱. *[ادبی]* یەکدانەیی؛ تاقانەیی؛ تەنیایی؛ یەکتایی ‹احدیت خداوند: تاقانەیی خودا› ۲. *[مجازی]* تاکی توانا؛ خودای یەکتا ‹دعا به درگاه احدیت: نزا له بارەگای تاکی توانادا›.

احرار / ahrār'/: [عربی]/اسم. *[قدیمی]* ۱. سەربەستان؛ هەشازان؛ ڕزگاران ۲. ئازادی‌خوازان؛ ڕزگاری‌خوازان.

احراز / ehrāz'/: [عربی]/اسم. *[ادبی]* دەستگەیشتوویی؛ دەسگەییوی؛ دەستڕەسی؛ دەسکەوتوویی؛ مشتکەوتوویی.

◘ **احراز کردن**: بە دەست هێنان؛ دارا بوون؛ دەست خستن ‹در میان شرکت کنندگان مقام اول را احراز کرد: له نێو بەشداربووەکاندا پلەی یەکەمی به دەست هینا›.

احرام / ehrām'/: [عربی]/اسم. ئێحرام: ۱. خاولی و فۆتەی دوو لەتی حاجیان کە له وەختی حەج کردندا بە خۆیانەوە دەپێچن ۲. ئاهەنگی حەج ۳. لە سەر خۆ حەرام کردنی بڕێ شت (لە ڕۆژانی حەجدا).

◘ **احرام بستن**: ئێحرام بەستن: ۱. بەرگی تایبەتی حەج پۆشین ۲. ئاهەنگی حەج کردن.

احرام گرفتن: حەج کردن؛ حەج بە جێ هاوردن.

احرامی / ehrāmî'/: [عربی]/اسم. جانماز؛ جۆرێ بەرماڵی لە خوری یان پەموو بە نەخشگەلی ڕەش یان شین لەسەر زێوارەی سپیدا.

احزاب / ahzāb'/: [عربی] جمعِ ☜ **حِزب**

احساس / ehsās'، ـها؛ ـات/: [عربی]/اسم. هەست؛ هاس؛ ئیحساس: ۱. پسۆ؛ کار یان ڕەوتی هەست پێ کردن ۲. هۆشە؛ ئاخێز یان به خۆدا هاتنی دەروونی ‹تو اصلاً احساس نداری: تۆ هیچ هەستت نیه› ۳. ئاگایی و زانستی ناڕوون ‹احساس خطر: هەستی مەترسی›. هەروەها: **احساس داشتن؛ احساس شدن**

◘ **احساس خشم**: کسپوکۆ؛ هەستی قیز و ڕک؛ هەستی تووڕەیی.

احساس سوزش: تووزیانەوە؛ چووزانەوە؛ کزانەوە؛ کزیانەوە؛ جووزیانەوە؛ ئەوەکزیەی؛ برژانەوەی پێست و زام.

احساس نفرت: کسپوکۆ؛ هەستی بێزاری.

◘ **احساس کردن**: هەست پێ کردن؛ پێ‌زانین؛ ئاگا کردن؛ هەست‌کردن؛ هەسیان؛ حەسیان؛ سەحکرن؛ پەلیان.

احساسات / ehsāsāt'/: [عربی]/اسم. هەست؛ کولی دەروون؛ هەستی هەناو؛ جۆشی دەروونی؛ کولەی دڵ؛ کولەی ناخ؛ قولقولەی دڵ ‹احساسات بشر دوستانه: هەستی مرۆڤ دۆستانه›.

احساساتی / ehsāsātî'/: [عربی] صفت. حەسانی؛ هاسی: ۱. تووشی هەیجانی دەروونی ‹آن روز بچه‌ها خیلی احساساتی شده بودند: ئەو ڕۆژە منداڵەکان زۆر حەسانی ببوون› ۲. بە جۆشی دەروونی زۆرەوە ‹آزاد جوانی احساساتی است: ئازاد لاوێکی حەسانییه›.

احساسی / ehsāsî'/: [عربی] صفت.

هەستۆکی؛ هەستی؛ ئیحساسی؛ پێوەندیدار یان سەر بە هەستەوە ‹ترسم یک ترس احساسی است: ترسم ترسێکی هەستۆکیە›.

احسان / ehsān/، ـها/: [عربی]/اسم. چاکە؛ باشە؛ پیاوەتی؛ خاسی و بەخشین لە ڕێی ڕەزامەندی خودا.

▣ **احسان کردن:** خێرکردن؛ ئیحسان کردن؛ چاکە کردن؛ خەیرگەیاندن؛ بەخشین بە پیاوەتی و بێ تەمای قەرەبوو.

احسن / ahsan/: [عربی] صفت. [ادبی] خاستر؛ باشتر؛ چاکتر؛ بێ کەمایەسی ‹کارش را به نحو احسن انجام می‌دهد: کارەکەی بێ کەمایەسی جێبەجێ دەکا›.

▣ **به نحو احسن** ☜ **نَحو**

احسنت / ahsant/، ـها/: [عربی] صوت. ئافەرەم؛ ئافەرین؛ ئافەریم؛ بارەکەڵڵا؛ دەست خۆش ‹فریاد احسنت حاضران برخاست: دەنگی ئافەرینی دانیشتوان بەرزەوە بوو›.

احشا / ahšā/: [عربی]/اسم. چەشگە؛ هەناو؛ هەناڤ؛ جەرگ و دڵ؛ جیق؛ حورگش؛ ناوزگ؛ ورگ و ناو؛ جەرگ و ناو؛ هێلاک؛ گەیگ؛ گەیێ؛ پزۆر؛ هەندرخان؛ ناف؛ ناڤزگ؛ دەروون؛ هەرچی لە ناو زگایە؛ ناو؛ گەوو؛ زیق؛ ناخ؛ ناوسک؛ ئەندامگەلی ناو سک (وەک جەرگ، گورچیلە، سپڵ و...).

احشام / ahšām/: [عربی]/اسم. ۱. جمع ☜ **حَشَم** ۲. زینەماڵ؛ زیندەماڵ؛ ماڵ؛ ئاژەڵ؛ کەواڵ؛ مالات؛ مالیات؛ پاتاڵ؛ ولسات؛ ماڵ و پەز؛ گا و گوێر؛ گاوڕان؛ ڕان؛ گاڕان؛ ڕەویە؛ وردەپا؛ گا و گۆل و مەڕ و مالات.

احصا / ehsā/: [عربی]/اسم. [قدیمی] ئەژماری؛ هژماری؛ هەژماری؛ شمێری؛ بژاری.

▣ **احصا کردن:** ژماردن؛ ژمێرین؛ ژمارین؛ شماردن؛ شمێرین؛ بژاردن؛ ئژمارەی.

احصائیه / ehsā'îyye/، ـها/: [عربی]/اسم. [قدیمی] هەڵژماری؛ ژمێرکۆ.

احضار / ehzār/: [عربی]/اسم. [ادبی] بانگ؛ کار یان ڕەوتی خواستن؛ بۆ لای خۆ بانگ کردن.

▣ **احضار ارواح:** ڕۆح هێنانەوە؛ بانگ کردنی ڕۆح؛ بانگ کردنی ڕۆحی مردوان لە لایەن کەسانێکەوە خۆ لەم بابەتە دەدەن.

▣ **احضار شدن:** بانگ کران؛ بانگێشتن کران؛ قاوکران.

احضار کردن: بانگ کردن؛ قاوکردن؛ بانگێشتن کردن.

احضارنامه / ehzārname/، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. [حقوق] بانگێشتن‌نامە؛ نووسراوەیەک کە بە پێی ئەوە بەرپرسی دادپرسی ئەمر بە بانگێشتنی تاوانکار، گەواهیان ئاگادار، بۆ دادگا دەکا: **احضاریه؛ خواستبرگ**

احضاریه / ehzārîyye/: [عربی] ☜ **احضارنامه**

احفاد / ahfād/: [عربی]/اسم. [ادبی] نەوە و وەچە؛ زازان؛ نەڤان؛ زاوڵەزەی؛ نەوەونەوەزا؛ نەڤی‌ونەڤی‌چڕ.

احق / ahaq(q)/: [عربی] صفت. [ادبی] هێژاتر؛ شیاوتر؛ لەبارتر؛ لێوەشاوەتر؛ شانتر؛ لایەق‌تر.

احقاق / ehqāq/: [عربی]/اسم. کار و ڕەوتی وەرگرتنی ماف؛ گەیاندنە جێ؛ حەق‌گرتن.

▣ **احقاق حق:** ماف سەندن؛ حەق‌گرتن؛ خاوەن ماف بە مافی خۆ گەیاندن.

احقر / ahqar/: [عربی] صفت. [ادبی] بچووکتر؛ نزمتر؛ سووکتر.

احکام / ahkām/: [عربی] جمعِ ☜ **حُکم**

▣ **احکام شرعی:** بڕیارە ئایینیەکان؛ بڕیارگەلی دینی.

احکام عشره: دەفەرمان؛ فەرمانگەلی دەیانە؛ فەرمانگەلێک کە بە بڕوای جوولەکە، خودا بە حەزرەتی مووسای داوە: **دەفرمان**

احلاف / 'ahlāf /: [عربی] /اسم. [حقوق] سوێندکاری؛ کار یا ڕەوتی سوێنددان.

احلام / 'ahlām /: [عربی] /اسم. [ادبی] خەونە خۆشە؛ خەوانی خۆش.

احلیل / 'ehlîl /: [عربی] /اسم. [ادبی] ۱. مۆزی؛ مۆزیک؛ کونی کێر ۲. [مجازی] کێر.

احمر / 'ahmar /: [عربی] صفت. [نامتداول] سوور؛ بە ڕەنگی سوور.

احمق[1] / 'ahmaq ، ـها؛ ـان؛ حُمَقا /: [عربی] /اسم. نەزان؛ کەر؛ نەفام؛ گوارەنە؛ تێنەگەیشتوو؛ بێئاوەز؛ کەسێ کە مێشکی لە هۆش یان توانایی بۆش بێ ‹بود تا احمق اندر دهر، مفلس درنمی‌ماند: تا نەزان لە جیهان هەبێ، بێکارە قەت دانامێنێ›.

احمق[2]: صفت. گەوج؛ گوارەنە؛ حۆلحۆلە؛ بێعەقڵ؛ کەرمەغز؛ گوێلەق؛ زرەک؛ گەمژە؛ گەلحۆ؛ گێل؛ دەبەنگ؛ بێمەژگ؛ ڕێژگاڵ؛ خەشۆ؛ خەشیم؛ کەلەپووک؛ مێشکوشک؛ کەلهوو؛ ناحاڵی؛ حەپش؛ بلح؛ نەفام ‹آدم احمق خودش را عقل کل می‌داند: مرۆی گەوج خۆی بە زۆر زانا دەزانێ›.

⊡ **احمق شدن**: گەوج بوون؛ گواڕیاین؛ خۆکەرکردن؛ بە ڕاشکاوی خۆ لە نەفامی دان.

احمقانه[1] / 'ahmaqāne /: [عربی/ فارسی] صفت. نەزانانە؛ گەوجانە؛ بێعەقلانە؛ سایلۆحانە ‹سخن احمقانه: قسەی گەوجانە›.

احمقانه[2]: قید. گەوجانە؛ نەزانانە؛ لە ڕووی نەزانیەوە ‹احمقانه می‌خندید: گەوجانە پێدەکەنی›.

احمقی / 'ahmaqî ، ـها /: [عربی] /اسم. گەوجی؛ بێئاوەزی؛ نەفامی؛ سایلۆحی؛ گێلی؛ دەبەنگی؛ گەمژەیی.

احوال / 'ahvāl /: [عربی] /اسم. ژیوار؛ چۆنیەتی؛ بار؛ حار؛ حاڵ؛ ئەحواڵ: ۱. حاڵ و باڵ؛ چۆنیەتی دۆخی کەسێک یان جێگایەک ‹چیزهای عجیبی از احوال آنجا و مردمش تعریف می کرد: شتی سەیری لە ژیواری ئەوێ و خەڵکەکەی ئەگێڕایەوە› ۲. /ـها/ حاڵ؛ ئەحواڵ؛ چۆنیەتی دۆخی دەماخی (ساقی یان نە خۆشی) ‹احوال شما چطور است؟: حاڵتان چۆنە؟› ۳. سەرگوروشتە؛ ژیننامە؛ بەسەرهات؛ شەرحی حاڵ ‹کتابی در احوال گاندی نوشته است: کتێبێکی لە مەڕ ژیننامەی گاندیەوە نووسیوە› ٤. [حقوق] کۆمەڵە زانیاریگەلی تایبەت بە کەسێ لە باری قانوونی شارستانیەتەوە (وەک ناو، جێژیان، ژمارەی پێناسە و...).

⊡ **احوال کسی را پرسیدن**: هەواڵی کەسێ لێپرسین؛ چاکوچۆنی لە کەسێ کردن؛ وشیوتشی چنی یۆی کەردەی.

احوال کسی را نپرسیدن: [مجازی] ئاوڕ لەکەسێ نەدانەوە؛ گوێ بە کەسێ نەدان؛ لا لە کەسێ نەکردنەوە.

احوال گرفتن: هەواڵ گرتن؛ هەواڵ پرسین؛ لە دۆخ یان ژیواری کەسێک پرس و جۆ کردن.

احوالپرسی / 'ahvālporsî ، ـها /: [عربی] /اسم. هەواڵپرسی؛ چاکو خۆشی؛ چاکو چۆنی؛ خۆشی ویشی؛ خۆش و چۆنی؛ خۆشی و بۆشی؛ خوەشودشی؛ خەوەرپرسی؛ وەشوتشی: ۱. لە بار و ژیواری کەسێ پرسینەوە ‹خاله‌ام مریض است، دیروز رفتم احوالپرسی او: پوورم نەخۆشە، دوێنێ چوومە هەواڵپرسییەوە› ۲. پرسیار لە حاڵ و باڵی کەسێک و خزمانی (وەک ئەمە بێژن:

چۆنی؟ چاکی؟ باشی؟ وەشەنی؟ چ دەکەی؟ لە چیدای؟ بنەماڵەت چۆنە؟ منالەکان چۆنن؟ و...). هەروەها: **احوالپرسی کردن**

⊡ **احوالپرسی کسی رفتن:** سەردان؛ دیتن؛ خەوەر پرسین؛ بۆ هەواڵی کەسێک ڕۆیشتن؛ بۆ دیتن/ سەردانی نەخۆشێک چوون.

احول / 'ahval/: [عربی] صفت. *[ادبی، نامتداول]* هەڵجەڕ؛ خێل؛ چاوخوار؛ خوێل؛ چاولار؛ چاوگێر؛ خوارو خێچ؛ چەملار؛ خوول؛ خوویل؛ چاو چەوێل؛ کەسێ کە گلێنەی چاوی لە جێیێ خۆی نەبێ.

احیا / 'ahyā ، ـها/: [عربی]/اسم. شەونوخسی؛ شەونخوونی؛ شەوبەیاری؛ شەوزیندوویی؛ شەوخەوەری؛ شەو وریایی.

⊡ **احیا گرفتن:** شەو بەیاگرتن؛ (شەو بە) ڕۆژ کردنەوە؛ ئەنجام دانی دابی شەوانی تاقی نیوەی دووهەمی مانگی ڕەمەزان.

احیا / 'ehyā/: [عربی]/اسم. کار و ڕەوتی ژیاندنەوە؛ زیندووکردنەوە؛ ئیحیا؛ بووژاندنەوە؛ وەگورخستنەوە؛ زینەو کردنەوە؛ زینگەوکردن؛ گەشەوکردنەوە؛ گەشە پێدانەوە: ١. کار یان ڕەوتی هێزدان بە بار و دۆخی کەسێ یان جێیەک کە تووشی شکست هاتووە ‹پدر زنم مارا احیا کرد: خەزوورەم ئێمەی ژیاندەوە› ٢. ئاوەدان کردنەوە ‹احیای مراتع: بووژاندنەوەی لێڕەوارگەل›.

احیاگر / 'ehyāgar، ـان/: [عربی/ فارسی]/اسم. بووژێنەر؛ زیندوو/ زینگ/ زینی کەرەوە؛ کەسێک کە دەبێتە هۆی گەشەکردن و بووژاندنەوەی کەسێ یان شتێک.

احیاناً / 'ahyānan/: [عربی] قید. ١. هاتوو؛ بە هەڵکەوت؛ ڕێکەوت؛ ئەگەر؛ ئەگەرکوو؛ ئەگەرکەتەی؛ ئاماو ‹تو برو، احیاناً اگر مشکلی پیش آمد، خبرم کن: بڕۆ، ئەگەر هاتوو گرفتێک هاتە پێش، ئاگادارم کە› ٢. ڕەنگە؛ ڕەنگا؛ گاهەز؛ گاز؛ گاڤانێ؛ جاروبار؛ چەل‌ـچەلە؛ چلۆنها؛ بەدەگمەن؛ جاروبارە؛ جارـجار؛ هنگاڤی؛ جارێک لە جاران ‹کس و کاری را دارد کە احیاناً بتوانند قدری دلسوز او باشند: چەند کەس و کاری هەن کە ڕەنگە بتوانن بۆی باش بن›.

اخ / 'ax/: صفت. *[کودکانه]* قخ؛ قخە؛ پیس؛ ئیش؛ خراپ؛ وشەیەکە بە منداڵی دەڵێن، واتا: پیس، خراو، نەگونجاو.

اخ / 'ex/: صوت. تف؛ ئخ؛ ئێخ؛ قخ؛ قرخ: دەنگی تفکردنەوە؛ تفانەوەی شتێ لە زارەوە.

⊡ **اخ کردن:** تفینەوە؛ تفانەوە: ١. تف کردنەوە؛ لە گەروو هاوردنەوە؛ لە گەروو دەرکێشان ٢. گوڕکفن کردن؛ بە نابە دڵی شتێ بە تایبەت پارە بە کەسێ دان ‹باید هزار تومان اخ کنی: دەبێ هەزار تمەن بکەیە گوڕکفنی›.

اخ / 'ox/: صوت. ١. ئۆخ؛ ئاخ؛ ئای؛ ئۆی؛ وەی؛ دەنگێکە بە نیشانەی ئێش و ژان یان خۆ بە نیشانەی خۆشیەوە دەگوترێ ٢. ☜ **آخ**

اخاذ / 'axxāz/: [عربی] صفت. خوازەڵۆک؛ تەڵەکەباز؛ لێ دەرهێنەر؛ بە خوو و خدەی تەڵەکەبازی.

اخاذی / 'axxāzî ، ـها/: [عربی]/اسم. کار و ڕەوتی لێدەرکێشان؛ تەڵەکە؛ وەرگرتنی شتێ لە کەسێ بە ناڕەوایی (زۆرتر وەک بەرتیل، باج یان بۆ دەمبەسانە).

اخبار / 'axbār/: [عربی] جمعِ ☜ **خَبَر**

اخت / 'oxt/: [عربی] صفت. *[گفتاری]* هاودەم؛ هاونشین؛ هاودەنگ؛ وێک کەوتوو؛ هۆگرین.

▣ **اخت شدن**: وێک کەوتن؛ خووگرتن؛ هاودەم بوون. هەروەها: **اخت بودن**

اختاپوس / oxtāpûs/ ـها؛ ـان/: [از انگلیسی/ از یونانی]/اسم. حلە؛ هەشت پا؛ هەشپا؛ گیانلەبەرێکی ئاوی هەشتپایە.

اختتام / extetām/: [عربی]/اسم. [ادبی] کۆتایی؛ دوایی؛ دمایی ‹کار شمارش آرا امروز اختتام یافت: کاری ژماردنی دەنگەکان ئەمڕۆ دوایی هات›.

اختتامیه / extetāmîyye/ ـها/: [عربی] صفت. دوایین؛ دمایین؛ ڕێوڕەسمی دوایی هاتنی شتێ ‹مراسم اختتامیه: ڕێ و ڕەسمی دوایین›.

اختر / axtar/: اسم. ۱. / ـها؛ ـان/ ئەستێرە؛ ستێر؛ هەسارە؛ ئاسارە ۲. /ـها؛ ـان/ تەن؛ هەرچی لە ئاسمانەوە بێ و تیشک بداتەوە ۳. [ادبی] هات؛ چارەنووس؛ بەخت؛ ناوچاو؛ فریشتە ٤. /ـها؛ ـان/ لووشە گوڵ؛ گوڵە درووش؛ دووگە گورگ؛ گوڵێکی باڵا بەرزی ڕەنگ ئاڵە بە گەڵای زۆر پانەوە.

اختراع / exterā'/ ـها؛ ـات/: [عربی]/اسم. کار و ڕەوتی داهاوردن؛ داهانین؛ داهێنان؛ وەدی هێنانی شتێ نوێ؛ لە نوێ هێنان؛ وەش کەردەی؛ چێ کردنی شتێکی تازە، بە هێزی خەیاڵ و ئەزموون (بێئەوەی پێشتر وێنەی بووبێت) ‹ادیسون اختراعهای زیادی داشت: ئێدیسۆن داهێنانی زۆری هەبوو›.

▣ **اختراع جدید**: نووژەن؛ نەقازە؛ تازە داهاتگ؛ تازە هاتوو؛ تازە هاتی.

اختراعی / exterā'î/: [عربی] صفت. ۱. داهێنراو؛ نەقازە؛ وەش کریا ۲. [مجازی] هەڵبەستراو؛ نارەسەن.

اختربینی / axtarbînî/ ☜ **اَختَرشُماری**

اخترسرا / axtarsarā/ ـها/: اسم. ئاسماندۆز.

اخترسنجی / axtarsancî/ ـها/: اسم. ئەستێرەپێوی؛ سەرنجدانی دۆخ و جمینی تەنە ئاسمانیەکان لە باری زانستیەوە.

اخترشماری / axtaršomārî/: اسم. خێڤزانکی؛ خێفزانی؛ ئەستێرەگەری؛ بەختناسی؛ کەسێ کە لە ئەستێرە دەڕوانێ و هات و نەهاتی تێدا دەبینێ: **اختربینی؛ اخترگویی**

اخترشناسی / axtaršenāsî/: اسم. ئەستێرەناسی؛ هەسارەناسی؛ ئەستێرەوانی؛ هەسارەوانی؛ زانستی دۆزینەوە و تێڕوانینی تەنە ئاسمانیەکان. هەروەها: **اخترشناس**

اخترگویی / axtargûyî/ ☜ **اَختَرشُماری**

اخترنگاری / axtarnegārî/: اسم. ئەستێرەکێشی؛ هەسارەکێشی؛ لقێ لە زانستی ئەستێرەناسی کە تایبەتە بە نەخشە کێشانی گەردوونی و ناساندنی ئاسمان.

اخترنما / axtarnemā، ـها؛ ـیان/: اسم. کوازار؛ هەرکام لەو تەنە ئاسمانیە ئەستێرەئاسایانە کە لە مەودای یەکجار دوور لە زەوینەوەن: **کوازار**

اختروش / axtarvaš/ ☜ **سَیّارک**

اختصار / extesār، ـها؛ ـات/: [عربی]/اسم. کورتی؛ پوختەیی؛ دۆخ یان چۆنیەتی کورت بوون ‹رعایت اختصار در بیان مطالب ضروری است: ڕەچاو کردنی کورتی لە وتنەوەی وتەگەلدا پێویستە›.

▣ **اختصار کلام**: پوختەی وتە؛ کورتەی مەبەست.

▣ **اختصار کردن**: درێژە پێنەدان؛ کورت کردنەوەی بابەت.

اختصاراً / extesāran/: [عربی] قید. بە کورتی ‹شرح مذاکرات را اختصاراً بنویسید: چۆناوچۆنی وتوویژەکان بە کورتی بنووسن›.

اختصارات / extesārāt/: [عربی]/اسم. کورتکراوان؛ پیت یان وتەگەلێک کە

کورتکراوەی وشە یان رستەیەکن (وەک: ژ.ک، بە جێی ژیانەوەی کورد).

اختصاری / extesārî' ، ـهـا/: [عربی] صفت. کورتکراو؛ کۆتاوەبووگ ‹نشانەهای اختصاری: نیشانەگەلی کورتکراو›.

اختصاص / extesās' ، ـها؛ ـات/: [عربی]/اسم. تایبەتدەری؛ تەرخانکری؛ تەرخانکاری.

⊡ **اختصاص دادن**: تەرخانکردن؛ تایبەت دان؛ بۆ کەسێ یان شتێک دانان ‹اتاقی را بە کامپیوتر اختصاص دادند: ژوورێکیان بۆ کامپیۆتەر تەرخان کرد›.

اختصاص‌داشتن: تایبەت بوون؛ تایبەت بە کە سێ یان شتێ بوون ‹این اتاق بە کامپیوتر اختصاص دارد: ئەم دیوە تایبەت بەکامپیۆتەرە›.

اختصاصاً / extesāsan'/: [عربی] قید. بەتایبەت؛ بە تایبەتی؛ تەیبە؛ بە شێوەی تایبەتی ‹این کیک را اختصاصاً برای شما پختەایم: ئەم کەیکەمان بەتایبەت بۆ ئێوە دروست کردووە›.

اختصاصات / extesāsāt'/: [عربی]/اسم. تایبەتمەندیگەل؛ بە شێوەیێکی تایبەتی.

اختصاصی / extesāsî'/: [عربی] صفت. تایبەتی؛ تایبەت؛ تەیبە؛ تاویەتی؛ خۆماڵی ‹اتاق اختصاصی: هۆدەی تایبەتی›.

اختفا / extefā'/: [عربی]/اسم. /ادبی/ نهێنی؛ دزەکی؛ پەنامەکی ‹دکتر آرام مدتی است در اختفا بە سر می‌برد: دوکتور ئارام ماوەیەکە پەنامەکی دەژی›.

⊡ **در اختفا زندگی کردن**: بە دزیەوە/ بێ‌دزیەوە ژیان؛ بە نهێنی ژین تێپەڕ کردن.

اختگی / axtegî'/: [ترکی/ فارسی]/اسم. خەساوی؛ خەسیاگی؛ لە پیاوەتی کەوتوویی.

اختلاج / extelāc' ، ـها؛ ـات/: [عربی]/اسم. ۱. لەرە؛ لەرزە؛ شەکە ۲. /پزشکی/ رەوتی پلدان؛ گرفت؛ پێچ‌خواردن؛ پەرینی ئەندام؛ گرفت یان پێچ‌خواردنی کوت‌وپڕی و خۆنەویستی یەک یا چەند ماسوولکەی لەش، هاورێ لەگەڵ ئێش و ئازاردا: **اختلاج اعضا** ۳. فرین؛ پلدان؛ بزاڤی خۆنەویستی ئەندام (وەک فرینی پێڵوو یا برۆ).

⊡ **اختلاج اعضا** ☜ **اختلاج** ـ۲

اختلاس / extelās' ، ـها/: [عربی]/اسم. دزی و گزی؛ دزی، بەتایبەت لە ڕێگای کەلەک و فێڵەوە (وەک دزی مووچەخۆرێک لە سەرمایەی ئەو ڕێکخراوەیەکە تێیدا کار دەکا).

اختلاط / extelāt'/: [عربی]/اسم. ۱. تێکەلاوی؛ تێکەڵی ‹دورگەها نتیجەی اختلاط دو نژاد یا دو گونەاند: دوورەگەگەل ئاکامی تێکەلاوی دوو نەژاد یان دوو تیرەن› ۲. /ـها/ /گفتاری/ دەمەتەقە؛ دەمەتەقێ؛ وت‌وویژی دۆستانە ‹مدتی نشستیم و اختلاط کردیم: ماوەیەک دانیشتین و دەمەتەقەمان کرد›.

⊡ **اختلاط کردن**: دۆسانە قسەوباس‌کردن.

اختلاف / extelāf' ، ـها؛ ـات/: [عربی]/اسم. ۱. جیاوازی ‹این دو پارچە باهم اختلاف دارند: ئەم دوو قوماشە جیاوازییان هەیە› ۲. جیاوازی؛ جیایی؛ جودایی؛ یەک نەبوویی؛ جۆراوجۆری؛ چەشناوچەشنی؛ چەن لەونی ‹اختلاف زبان داریم: جیاوازی زمانمان هەیە› ۳. ناکۆکی؛ دووبەرەکی؛ ناتەبایی؛ زویری؛ نەسازیاری ‹بین آن زن و شوهر اختلاف افتادە است: ناکوکی کەوتووەتە نێوان ئەو ژن و شووەوە›.

⊡ **اختلاف سطح**: بەرز و نزمی؛ جیاوازی لە بلیندی و خواری دوو شت بەرامبەر بە یەکترییەوە.

اختلاف سلیقە: جیاوازی یان جۆراوجۆری سەلیقە.

اختلاف منظر: گۆڕانی دۆخی ڕواڵەتی شتێک بە گوێرەی گۆڕیانی جێگای چاولێکەرەوە.

اختلاف داخلی: دووبەرەکی؛ چەند دەستەیی؛ دومڕەکی؛ کێشە و هەرا لە ناو یەک هۆز و گەلدا.

▣ **اختلاف افتادن:** ئاژاوە داکەوتن؛ دووبەرەکی خۆش بوون؛ کێشە ساز بوون؛ جیاوازی سەرهەڵدان؛ جیاوازی ڕمیان؛ نەیاری تێکەوتن ‹میان زن و شوهر اختلاف افتاد: ئاژاوە کەوتە نێوان ژن و شووەکەوە›.

هەروەها: **اختلاف انداختن؛ اختلاف پیداکردن**

اختلاف داشتن: ۱. جیاواز بوون ۲. ناکۆک بوون.

اختلال / extelāl' ـها؛ ـات/: [عربی]/اسم. شێواوی؛ ئاڵۆزی؛ هەڵشێواوی؛ ناسامانی؛ پەرێشانی؛ تێکەڵ‌پێکەڵی؛ پەشۆکەیی ‹اختلال امور: شێواوی کار و بار›.

▣ **اختلال‌رادیویی:** پارازیت؛ خشەخشێک کە بە ئەنقەست دەخرێتە سەر ئیزگەیەکی ڕادیۆییەوە.

اختلال روانی: پەرێشانی ڕەوان.

اختلال مشاعر: ئاوەز ئاڵۆزی؛ تێکچوونی ئاوەز.

اختناق / extenāq' ـها/: [عربی]/اسم. ۱. خنکاوی؛ تاساوی؛ گرفت و گیری ڕێگای هەناسە ۲. /سیاسی/ خەفەمان؛ خەفەخان؛ دەمبەست؛ دەمکوت ‹هدف از تشکیل ساواک ایجاد اختناق در جامعه بود: ئامانجی پێکهاتنی ساواک داسەپاندنی خەفەمان لە کۆمەڵگادا بوو›.

اخته / axte' ـها؛ ـگان/: [ترکی] صفت. ۱. خەساو؛ خەسیو؛ خەسیاو؛ خەسیاگ؛ خەساندی؛ خاجە؛ ئەختە؛ یەختە؛ ئێختە؛ گون‌بڕاو؛ گون دەرهاتوو ۲. بێ‌هێزی جنسی ۳. /مجازی/ بێ‌وڕە؛ ترسەنۆک؛ ترسەزاڵ؛ گەوش؛ کەلەزات.

▣ **اخته‌کردن:** ۱. خەساندن؛ کرتان کرن؛ گونەکرن؛ گون دەرهێنان؛ ئەختەکردن؛ خادم‌کردن ۲. /کنایی/ لەغاوکردن؛ بێ‌دەست‌کردن.

اختیار / extiyār' ـها؛ ـات/: [عربی]/اسم. ۱. دەرەتان؛ بوار؛ ئازادی؛ سەربەستی لە کاردا ‹به شما اختیار داده می‌شود تا یکی از دو راه را انتخاب کنید: دەرەتانتان پێ‌دەدرێت تا یەکێ لەم دوو ڕێگایە هەڵبژێرن› ۲. هەڵبژێری؛ هۆرچنیەی ‹هریک را خواستید می‌توانید اختیار کنید: هەرکامتێکان گەرەک بوو دەتوانن هەڵبژێرن› ۳. /فلسفه/ باری خواستی مرۆ بۆ کردن یان نەکردنی کارێک. بەرانبەر: **ناچاری**

▣ **اختیار تام داشتن:** بکوژ و ببڕ بوون؛ ئازاد بوون لە کردنی هەرکارێکدا ‹در کارش اختیار تام دارد: لە کاریدا بکوژ و ببڕ خۆیە›.

اختیار چیزی را داشتن: بە دەسەڵات بوون لە شتێکدا؛ لە بەرانبەری شتێکەوە خاوەنی مافی ئەنجامدانی هەر کارێک بوون.

اختیار دارید: ۱. ئازادن؛ ئازادی ۲. /مجازی/ نابێت؛ ناوێت؛ شتی وا چۆن دەبێ؛ ناشێت؛ ناکرێ؛ مەبۆ؛ هەر باسیشی مەکە ‹اختیار دارید! مگر می‌گذارم بروید: شتی وا چۆن دەبێ! هەر نایەڵم بڕۆن›.

اختیار کردن: هەڵبژاردن؛ هەڵوەژارتن؛ چنین؛ هەڵچنین؛ تەڵچنین ‹او راه دیگری را اختیار کرد: ئەو ڕێگایەکی تری هەڵبژارد›.

اختیاردار / extiyārdār'/: [عربی/فارسی] صفت. /گفتاری/ دەسەڵاتدار؛ خاوەن دەستەڵات ‹یعنی می‌گویی اختیاردار مال خودم هم نباشم؟: یانێ ئێژی دەسەڵاتداری ماڵی

خۆشم نەبم؟›.

اختیـــاری[1] / 'extiyārî/: [عربـی] صـفت. بـە مەیلی؛ بە کەیفی‌خۆ. بەرانبەر: **اجباری**

اختیـــاری[2]: قید. بـەدەسـتەخـۆ؛ لـە ڕووی ویـستنەوە ‹خنـدەام اختیـاری نبـود: پێکـەنینـەکـەم بە دەستەخو نەبوو›.

اخـذ / 'axz/: [عربـی]/اسـم. کـار یـان ڕەوتی وەرگرتن؛ گرتن؛ گێرتەی.

▣ **اخذ آرا:** کۆکردنەوەی دەنگ.

اخذ تصمیم: بڕیاردان.

اخذ تماس: پێوەندی‌گرتن.

▣ **اخذ شدن:** گیران؛ وەرگیران.

اخذ کـردن: کـار و ڕەوتی وەرگـرتن؛ گـرتن؛ سـەندن؛ گلدانـەوە؛ هۆرگێرتـەی؛ چنـە سانەی ‹از مـا صـد تومـان بابـت اجاره اخـذ کـرد: سەد تمەنی بۆ کرێ لێمان وەرگرت›.

اخـذوقبض / 'axz-o-qabz، هـا/: [عربـی] اسم. [نامتداول] گیروگرفت.

اخـرا / 'oxrā/: [معـرب از یونـانی]/اسـم. ئـۆخرا؛ خاکێـک بـۆ پێکهێنـانی ڕەنگـی جۆراوجـۆر و بە ڕەنگی زەردی ئاماڵ سوور: **گِل اُخرا**

اخرائی / 'oxrā'î/: [معرب] ☜ **اخرایی**

اخـراج / 'exrāc، هـا/: [عربـی]/اسـم. کـار یـان ڕەوتی دەرکـردن؛ وەدەرنـان؛ بـەرپرنـەی؛ بەرکەردەی.

▣ **اخراج شدن:** دەرکران؛ بەرکریەی.

اخــراج کــردن: دەرکــردن؛ تارانــدن؛ بــەرکــەردەی؛ ڕەوانــدن؛ ڕەڤــاندن؛ دەرپەڕاندن.

اخراجـی / 'exrācî، هـا/: [عربـی] صـفت. دەرکراو؛ دەرکریاگ؛ بەرکریا.

اخرایـی / 'oxrāyî/: [معـرب]/اسـم. ئـوخرایی؛ بە ڕەنگی خاکی ئوخرا؛ زەردی ئاماڵ سوور.

اخـروی / 'oxravî/: [عربـی] صـفت. ئـەو دنیایی؛ سەبارەت بە ڕۆژی پەسڵان.

اخری / 'oxrā/: [عربی] ☜ **آخرَت**

اخـش / 'oxeš/: صـوت. ئۆخـەی؛ ئۆخـوەی؛ وەی؛ ئایش؛ وەیش؛ ئۆخـەیـچ ‹اخـش دلـم خنـک شد: ئوخەی دلم فێنکەوە بوو›.

اخـص / 'axas(s)/: [عربـی] صـفت. تایبـەت: ۱. خوازە؛ وازە ‹بـە طـور اخـص: بـە وێنـەی تایبـەت› ۲. هەڵچنراو؛ بژاردە ‹بـە معنـی اخـص: بـە واتـای تایبەت›.

اخطار / 'extār، هـا/: [عربـی]/اسـم. ڕاگـەیانـدن: ۱. بـــە گـــوێ دانـــەوە؛ وەبـــیر هێنـــانی سەبارەتێکـی پێویـست یـان خـۆ پاراسـتن لـە ئەنجامدانی کارێـک ‹بـه شـما اخطـار مـی‌کـنم کـه در صـورت ادامـەی غیبـت اخـراج خواهیـد شـد: پێتـان ڕادەگـەیـینـم ئـەگـەر هـەروەهـا نـەیێنـەوە دەر دەکـرێن› ۲. ئاگـەداری مـەترسـی ‹اخطـار حملـەی هـوایی: ڕاگـەیاندنـی هێرشـی هـەوایی›. هـەروەهـا: **اخطـار دادن؛ اخطـار شـدن؛ اخطـار کردن**

اخطارنامـــه / 'extārname، هـــا/: [عربـــی/ فارسی]/اسم. نامەیـەکـی قـانوونی کـە لـە لایـەن بـەرپرسـێکی دادوەری یـان کارگێڕییـەوە بـۆ وەبـیر هێنانـەوە یـان ئاگـەدارکردنـەوە دەردەکرێ: **اخطاریه**

اخطاریه / 'extārîyye/: [عربی] ☜ **اخطارنامه**

اخفـــا / 'exfā/: [عربـــی]/اســـم. [ادبـــی] حـەشـاردەری؛ کـار یـان ڕەوتی شـاردنەوە؛ سەخت‌کەردەی.

▣ **اخفای اشیا:** شاردنەوەی شت‌ومەک.

اخفای مجرم: شاردنەوەی تاوانبار.

اخگـر / 'axgar، هـا؛ ـان/: اسـم. [ادبـی] بـژ؛ پشکۆ: ۱. پەنگر؛ پـەنگڵ؛ پـەنـگ؛ پـن؛ پـەن؛ پنگـر؛ پـەنگرێ؛ پـۆل؛ پـۆلی؛ پۆلـوو؛ پلـۆخ؛ پـەل؛ سـکڵ؛ ئـەسـکڵ؛ سـکەڵ؛ کـۆر؛ کـۆزر؛ کـۆزەرە؛ کلـوا؛ ئیـژگڵ؛ گـوڵ؛ ڕەژی گـەش ‹آتـش نـشاندن و اخگـر گذاشـتن: ئـاگر تـەمرانـدن و

پشکو تەقژاندن› ۲. پەرەنگ؛ ئاورنگ؛ ئاورینگ؛ پریشک؛ پریشکە؛ پریز؛ پریزگ؛ پلیز؛ پلیس؛ پلیزگرد؛ پرزە؛ پروسک؛ پزووسکە؛ پزووسک؛ پزیسک؛ پزیسکەی سکلی‌گەش؛ پزووسکەی ئاگر ‹اخگر سوزان: پەرەنگی بەگڕ› ۳. *[مجازی]* ئاگر؛ ئاور؛ ئایر.

▣ **اخگر درشت**: کۆتە سکەڵ؛ کەڵەپشکۆ؛ سکڵی‌درشت؛ پەنگری زل.

اخگر مشعل: ڕەژی گەش؛ سکڵی بێ‌ڕەشایی.

اخگرکش / axgarkeš'/: *اسم.* پەنگرکێش؛ مەسێ؛ بێلۆکەی ئاسنی سەرچەماوە کە سکڵی پێ لە کوانوو یان مەنگەڵ دەردێنن.

اخگل / axgal'/: *اسم.* قەلاس؛ قەڵداس؛ داسوو؛ داسگ؛ داسووک؛ داسووکە؛ داسوولکە؛ داسە؛ سۆ؛ قلچک؛ پرزە گوڵی گەنم و جۆ.

اخلاص / exlās'/: *اسم.* پاکی؛ دڵپاکی؛ بێ‌خەوشی ‹سخنانش از روی اخلاص بود: قسەکانی لە ڕووی پاکیەوە بوو›.

اخلاط / axlāt'/: [عربی] جمعِ ☜ **خِلط**

اخلاف / axlāf'/: [عربی]/*اسم.* ۱. جمعِ ☜ **خَلَف** ۲. تۆرەمە؛ تخمان؛ ڕەچەڵەک؛ ڕەتەوە؛ کەسانێ کە لە وەچەی کەس، تیرە یان هۆزێکی سەردەمانی ڕابردوو ماونەتەوە ‹شاه اسماعیل از اخلاف شیخ‌صفی‌الدین اردبیلی بود: شا ئیسماعیل لە تۆرەمەی شێخ سەفیەدینی هەردەویلی بوو› ۳. جێ‌نشینان؛ جێگران؛ یاگەداری ‹اخلاف صفویان در تاراج و کشتار از آنان دست کمی نداشتند: جێ‌نشینانی سەفەویش لە تالان و مالاندا کەمتر لەوان نەبوون›.

اخلاق / axlāq'/: [عربی]/*اسم.* ۱. جمعِ ☜ **خُلق** ۲. خۆ؛ خوو؛ خدە؛ چۆناوچۆنی ئاکار و هەڵس و کەوتی مرۆڤ لە نێو کۆمەڵدا.

▣ **اخلاق اجتماعی**: هۆرتەوبەرە؛ نەریت؛ گەلەمپەری؛ شێوازگەلی ئاکاری باو لە کۆمەڵگادا: **اخلاق عمومی**

اخلاق حسنه: ئاکاری چاک؛ ڕەوشتی باش.

اخلاق حمیده: ئاکاری پەسندکراو؛ ئاکاری پەسندانە؛ ڕەوشتی پەسەند.

اخلاق عمومی ☜ **اخلاق اجتماعی**

اخلاق مخنثان: هیزەکی؛ کاری حیزانە؛ حیزکاری؛ حیزبازی.

اخلاقی / axlāqî'/: [عربی] *صفت.* ئاکاری؛ ڕەوشتی؛ ڕێ و ڕێباز؛ پێوەندیدار یان سەر بە ئاکار.

اخلاقیات / axlāqîyyāt'/: [عربی]/*اسم.* خۆ و خدە؛ ڕێ و ڕەوشت؛ ڕێ و ڕێباز؛ کار و باری پێوەندیدار بە ئاکارەوە.

اخلال / exlāl'، ـها/: [عربی]/*اسم.* بشێوە؛ بشێوی؛ ئاڵۆزی؛ پشێوی؛ کردەوەی تێکدان و بە یەکدانی ڕێکوپێکی یان ڕەوتی ئاسایی شتێک ‹دشمنان در انتخابات اخلال کردند: نەیاران لە هەڵبژاردنەکەدا بشێوەیان کرد›.

اخلالگر[1] / exlālgar'، ـها؛ ـان/: [عربی/فارسی]/*اسم.* ئاژاوەچی؛ هەڵشێونکە؛ بشێونکار؛ تێکدەری سامان و ئاسایشتی کۆمەڵگا ‹امروز دو اخلالگر دستگیر شدند: ئەورۆ دوو ئاژاوەچی گیران›.

اخلالگر[2]: *صفت.* ئاژاوەچی؛ هەڵشێوێنکە؛ بشێونە؛ بشێونکە؛ کارتێکدەر؛ کارشکێن؛ گێرەشێوێن؛ کارشێوێن؛ شێوەژنە؛ گاشەکار؛ توانا لە پەرێشان‌کردندا ‹او مرد اخلالگری است: پیاوێکی ئاژاوەچیە›.

اخلالگری / exlālgarî'، ـها/: [عربی/فارسی] *اسم.* بشێوەکاری؛ بشێونەیی؛ گاشەکاری: ۱. ئاکامی بشێونکاری ‹اخلالگری در انتخابات، موجب ابطال آن شد: بشێوەکاری، دەنگدانەکەی

هەڵـــشێواندەوە› ٢. دۆخ یـــان چۆنیـــەتی بـشێونکار بـوون ‹چنـد تـن بـه جـرم اخلالگـری دستگیر شدند: چـەنـد کـەس بـە تـاوانی بـشیونەیـی گیران›.

اخــم / axm'، ـهـا/: اسم. [گفتـاری] مـۆڕی؛ مـۆچی؛ مـۆنی؛ گـرژی؛ ئـەخـم؛ ڕووترشـی؛ پیخی؛ گەمۆری؛ بـەدخـەیـزی؛ گـرێ کـەوتنـە نێـو هـەنیـەوە و تێکچـوونی بـرۆ بـە نیـشانەی پێناخۆش بوون، دەرد و خەم یان تووڕەیی.

▣ **اخـم کـردن**: مـۆن کـردن؛ گرژکـردنی ڕوو؛ ڕوو تـرش کـردن؛ ناوچـاو تـاڵ کـردن؛ قۆرتـانن؛ لـچ و لێـو گرژکـردن؛ ناوچـاو ترشـانن؛ ناوچـاو دانـەیـەکـا؛ ڕوو تـاڵ کـردن؛ مۆرکـەردەی؛ ڕوە دژنـەی؛ چـەرمـەکـردن؛ شمۆرکە داژەنین.

اخـم‌آلـود / axmālûd'/: صفت. ١. ئـەخمـی؛ ڕووگـرژ ٢. ڕووگرژانـە؛ بـە ڕووگرژیـەوە ‹نگـاه اخم‌آلود: ڕوانینی ڕووگرژانە›.

اخمـــو / axmû'/: صـفت. [گفتـاری] گـرژ؛ ڕووگـرژ؛ ڕوو درژ؛ ڕووتـرش؛ ڕووکـرژ؛ مرومۆچ؛ مـۆن؛ مـۆڕ؛ گـەمـۆڕ؛ خمـڵوو؛ پیچـەو؛ تـەڵـخ؛ نـژمشـۆڕ؛ مـڕ؛ لمـۆڕ؛ ناوچـاو تـرش؛ ناوچاوتـاڵ؛ مـرج؛ نمـرج؛ مـووج؛ ناوچـاودێژ؛ ناوچـاوگرژ؛ ناوچـاو تورشـیاگ؛ ڕووتـاڵ؛ ڕوو ناخۆش؛ ڕوو هشیک.

▣ **اخمـوی خودپـسند**: بـاتیزۆک؛ ڕووگـرژی خۆ بە زلزان.

اخـم‌وتخـم / axm-o-taxm'، ـهـا/: اسم. مڕ و مۆنی؛ چەرمـەیـی؛ ڕوو گـرژی لـەگـەڵ قـسەی بەرز و توندا.

اخــوان / axavān'/: [عربـی] اسـم. ١. دوو بـرا؛ دوو برادەر ٢. برادەران؛ برایان.

اخـــوان / exvān'/: [عربـی] اسـم. [نامتـداول] برایان؛ برادران.

اخوانیـــات / exvānîyyāt'/: [عربـی] جمـعِ

☜ **اخوانیّه**

اخوانیــه / exvānîyye'، اخوانیّـات/: [عربـی] اسـم. نووسراوە، بەتایبـەت هـونراوەیـەک کـە دۆسـتێ بۆ خۆشەویستێکی دەنووسێ.

اخواوخ / axu-ûx'، ـهـا/: اسم. [تعریض] ئـاخ و ئـۆخ؛ وشـەی بـە تـەنـگ هـاتن؛ دەربـڕینی قین و قەڵسی.

اخ وپیــف / ax-o-pîf'/: اسـم. [تعـریض] ئـیش و ویـش؛ دەربـڕینی بێـزاری ‹قـدری اخ‌وپیـف کـرد، بلکه قیمت را پایین بیاورد: بـڕێ ئـیش وویـشی کـرد، بەڵکوو نرخی بشکێنێ›.

اخــوت / oxovvat'، ـهـا/: [عربـی] اسم. [ادبـی] برایی؛ برایەتی؛ برادەری.

اخوتـــف / ax-o-tof'، ـهـا/: اسـم. [گفتـاری] ئاخ‌وتـف؛ ئـاوی دەم؛ ئـاوی قـوڕگ و دەم؛ لیـک و بەڵغەم.

▣ **اخ‌وتـف کـردن**: ئـاخ‌وتـف‌کـردن: ١. تـف و ئـاوی نـاو دەم هاویـشتنە دەرەوە ٢. [کنـایی] ئیش و ویش کردن؛ یـەع کـردن؛ قـەڵـسی و بێزاری پیشاندان.

اخـــوی / axavî'، ـهـا/: [عربـی] اسـم. ١. براکـەم؛ بـرای مـن ‹دیـروز اخـوی از مـسافرت برگشت: دوێنێ براکـەم لـە سـەفـەر گـەڕایـەوە› ٢. برا؛ کاکە؛ ئـابرا ‹خـدمت اخـوی‌تـان سـلام برسانید: سلاوی براکەت بگەیەنە›.

اخــوی‌زاده / axavîzāde'، ـهـا؛ ــگـان/: [عربـی/ فارسـی] اسـم. بـرازا؛ بـرازاو؛ بـرازاگ؛ فەرزەن برا؛ مناڵ برا.

اخیــر / axîr'، اواخـر/: [عربـی] صـفت. دوایـین؛ دمـایین؛ پێـوەندیـدار یـان سـەر بـە ئـاخرین ڕۆژانی مانگ یـان سـاڵانی لـەمـەو پێش ‹سفر اخیـر رییس جمهـور بـە خـارج: سـەفـەری دوایینـی سەرۆک‌کۆمار بۆ دەرەوە›.

▣ **در روزهای اخیر**: لەم ڕۆژانەی دواییەدا.

اخیــراً / axîran'/: [عربـی] قیـد. لـەم دواییـە؛

چی دماینه؛ دواـدوایی؛ لـه کـاتی نزیـک بـه کـات و سـاتی ئاخـافتن ‹اخیـرا دلار گـران شـد: لەم دواییە دولار گران بوو›.

اخیرالـذکر / axîrozzekr'/: [عربـی] صـفت. دواگوتراو؛ دوایـین نـاوبراو ‹کتـاب اخیرالـذکر بارهـا چـاپ شـده اسـت: کتـێبی دواگـوتراو زۆر جـار لـه چاپ دراوەتەوە›.

اخیـه / ax(i)ye'/: [عربـی]/اسـم. ١. گولـمێخ؛ مـێختـەوێـلە؛ سـووکە؛ ئاخیـە؛ سـکە؛ ئـارنج؛ ئۆلـک؛ مـێخزنجـیر؛ بزمـاری زل لـە دار یـان ئاسـن ٢. دار یـان تـەنـافێک کـە هـەوساری چوارپێی پێ دەبەسنەوە.

▣ **زیر اخیه کشیدن** ☜ **زیر-٣**

ادا/ adā'/:/اسم. ١. /ـها/ ئەدا؛ جووڵاندنـەوەی ئـەنـدامانی لـەش، بـەتایبـەت ڕوومـەت بـە مـەبـەسـتی سـەرنـج ڕاکێـشانی خـەڵـک ‹ادا درآوردن: نــەدا دەرهێنــان› ٢. لاســایی؛ دەمـەلاسـکە؛ دەمـەلاسـکێ؛ لاسـاویێ؛ دتـەر؛ زارزارک؛ زارقـە ٣. کـار یـان ڕەوتی بـەجـێ هێنان ‹ادای احترام: حورمەت بەجێ هێنان›.

▣ **ادا درآوردن:** ١. ئـین دەرهێنـان؛ لاقرتێـی کـەردەی؛ کـار و جووڵانـەوەی پێکـەنـیندار کـردن ٢. لاسـاکردنەوە؛ ئاکـاری کـەسـێ لاسایی و گەمەجاڕ پێ کردن.

ادا کـردن: بـەجـێ هێنـان؛ ئـەنجامـدانی ئەرکێک کە بە ئـەسـتۆی کـەسـێکە ‹نماز ادا کردن: نوێژ بە جێ‌هێنان›.

ادای کـاری را درآوردن: بـە کارێـک مەرایی‌کـردن؛ خـۆ وا نیـشاندان ‹لازم نیـست ادای نوعدوسـتی را دربیـاوری: پێویـست ناکـا خـۆ بە گەلدوست نیشان بدەی›.

ادای کـسی را درآوردن: لاسـایی کـەسـێ کردنـەوە: ١. نیـشاندانی ئاکـار یـان حاڵـەتی کەسێک ٢. ئەو کـارە بـۆ گاڵـتە یـان سـووک و چـرووکـکـردنی کـەسـێ لـە خـۆ دەرهێنان.

ادات / adāt'، ادوات/: [عربـی]/اسـم. [نامتـداول] کەرەسە؛ ئەوراز؛ ئامراز؛ ئالاڤ؛ ئامێر.

▣ **ادات اسـتفهام:**/دسـتور/ وشـەی پرسـیار (وەک: چگونـە؟ کجـا؟ کـی؟: چـۆن؟ لـە کـوێ؟ کەی؟).

ادات تـشبیه:/دسـتور/ واژەی چـوان (وەک: چو، چون، همچون: وەک، وەکوو، هەروەک).

ادارات / edārāt'/: [عربی] جمعِ ☜ **اداره**

اداره / edāre'/: [عربـی]/اسـم. ١. /ـها؛ ـجات؛ ادارات؛ دوایـر/ دەزگـای دەوڵـەتی؛ مـەزرینگـە؛ دام و دەزگـای کارگێـڕی؛ فـەرمانگـە؛ کارگێـڕی؛ جێگـەی کـار و بـاری دەوڵـەتی؛ دامەزراوەیەکی (زۆرتـر دەوڵـەتی) بـۆ جێبـەجـێ کـردنی ڕاژەگـەلی گـشتی و دیـاریکراو ‹ادارەی ارشـاد: مـەزرینگـەی ڕۆشـنبیری› ٢. بـەڕێـوە بردن؛ گـەڕان یـان درێـژەی کـار یـان ڕەوتێـک ‹ادارەی زندگی: بەڕیوە بەردنی ژیان›.

▣ **ادارەی آتـشنـشانی:** مـەزرینگـەی ئاگرتەمرێن.

ادارەی آگـاهی: دایـرەی ئاگـایی؛ مەزرینگەی ئاگایی.

ادارەی احـصائیه:/قـدیمی/ کارگێـڕی ئامـار؛ مەزرینگەی ژمێرکۆ.

ادارەی اوقاف: مەزرینگەی ئەوقاف.

ادارەی ثبـت احـوال: ژینووسـگە؛ مەزرینگەیەک کە ئاگـەداریگـەلی سـەبارەت بـە لـە دایـک بـوون و مـردنی خەڵـکی ولات تۆمار دەکـا و پێناسەیان بۆ دەردێنێ.

ادارەی ثبـت اختراعـات: مـەزرینگـەی تۆمارکردنی داهێنراوەکان.

ادارەی ثبت اسناد: مـەزرینگـەی تۆمـاری بەڵگە؛ بەڕێوەبەرایەتی بەڵگە.

ادارەی ثبـت امـلاک: کارگێـڕی قـەباڵـەی مولک نووسین؛ بەڕێوەبەرایەتی تاپۆ.

ادارەی ثبت شرکتها: مەزرینگەی تۆماری ناوکۆ؛ مەزرینگەی تۆماری بەشدارگە.

ادارەی تدارکات: کارگێڕی ئابوورەمەنی؛ مەزرینگەی دابینکاری.

ادارەی دارایی: دارایی؛ کارگێڕی باج و پیتاک ساندن.

ادارەی دولتی: دامەزراوەی دەوڵەتی؛ دام و دەزگای سەر بە میری.

ادارەی راهنمایی ☜ **ادارەی راهنمایی و رانندگی**

ادارەی راهنمایی و رانندگی: مەزرینگەی ڕێبوورین؛ دەم و دەزگایەک کە کاری چاوەدێری و ڕێکخستنی هاتوچووی ناو شەقامەکانە: **ادارەی راهنمایی**

ادارەی کل: مەزرینگەی گشتی.

⊡ **ادارە شدن:** بەڕێوە چوون ‹با این حقوق زندگی‌اش ادارە نمی‌شود: بەم مووچە ژیانی بەڕێوە ناچێ›.

ادارەبازی / edārebāzî'، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. ئیدارەگەری؛ مەیل بە پەرە پێدانی مەزرینگە و ڕێوڕەسمی مەزرینگەیی.

ادارەجات / edārecāt'/: [عربی] جمعِ ☜ **ادارە**

ادارەجاتی / edārecātî' ، ـها/: [عربی]/اسم. */گفتاری/* مووچەخۆر؛ کارمەند؛ بەتایبەت کارمەندی دەوڵەت.

اداری/ edārî'/: [عربی] صفت. مەزرینگەیی: ١. ئیداری؛ سەر بە مەزرینگە ٢. /ـها/ ئەندام یان مووچەخۆری کارگێڕی.

ادامە / edāme'/: [عربی]/اسم. درێژە؛ ترەک: ١. پاشماوە؛ دمامەنە؛ دوا؛ دما ‹ادامەی داستان: پاشماوەی چیرۆک› ٢. لەسەر ڕۆیی؛ کار یان ڕەوتی شوێن کەوتنی کارێ ‹او بە خواندن درسش ادامە داد: بە خوێندنی وانەکەی درێژەی دا›.

⊡ **ادامە دادن:** درێژە پێدان؛ بە شوێن چوون؛ هەروا بن گرتن؛ پێداچوون.

ادامە داشتن: درێژەدار بوون؛ دوادار بوون.

ادامە یافتن: درێژە پەیداکردن؛ بەردەوام بوون؛ دوایی نەهاتن و هەروەها لە گەڕاندا بوون ‹تیراندازی ادامە یافت: تیرهاوێژی درێژەی پەیداکرد›.

اداواصول / adā-vo-'usûl, -'osûl'، ـها/: [عربی]/اسم. */تعریض/* فرمەسۆنی؛ ئاکار و جوولانەوەی نائاسایی بە نیشانەی ئۆگرەتی بە تەشریفاتەوە.

⊡ **ادا و اصول درآوردن:** فرمەسۆنی کردن. هەروەها: **ادا و اصول داشتن**

اداواطوار / adā-vo-'atvār'، ـها/: [عربی] اسم. */تعریض/* ئەداو ئەتوار؛ ئاین و ئۆین؛ کردەوەیەکی شانۆیانە بۆ سەرنج ڕاکێشان.

⊡ **ادا و اطوار درآوردن:** ئەدا و ئەتوار دەرهاوردن؛ ئاین و ئۆین نواندن.

ادب / adab'، آداب/: [عربی]/اسم. ئەدەب: ١. هۆرتە؛ ڕست؛ داب؛ ئەیەو؛ ئیەو؛ مخت؛ کار و کردەوەی شیاو و گونجاو، هاوسەنگی بایەخگەلی پەسندکراو ٢. */قدیمی/* وێژە؛ تۆرە ٣. */قدیمی/* ڕێ و ڕەوشتی هەرکارێک.

⊡ **ادب داشتن:** بە کردەوەی شیاو بوون؛ ڕێ و ڕەوشت زانین.

ادب شدن: ژیر بوون: ١. ڕاهاتن بە هەڵس و نشستی شیاو؛ ڕێ و ڕەوشت فێر بوون ٢. */مجازی/* تەنبێ بوون.

ادب کردن: ١. ڕێ و ڕەوشت فێرکردن ٢. */مجازی/* تەنبێ کردن؛ ژیرکردن.

ادبا / odabā'/: [عربی] جمعِ ☜ **آدیب**

ادبار / edbār'/: [عربی]/اسم. */ادبی/* هەژاری؛ بەڵەنگازی؛ ڕۆژڕەشی؛ کوێرەوەری؛ بەدبەختی.

ادب‌پرور / adabparvar'، ـان/: [عربی/ فارسی] *صفت*. وێژه‌پەروەر؛ لایەنگر و پشتیوانی زمان و وێژه.

ادب‌پیشه / adabpîşe'، ـگان/: [عربی/ فارسی] *صفت*. وێژه‌کار؛ خاوەن چالاکی لە وێژەدا.

ادبی / adabî'/: [عربی] *صفت*. وێژەیی؛ ئەدەبی؛ چۆنیەتی وتە یان نووسراوەیەک کە پێوەندی بە وێژەوە هەبێ.

▣ **ادبی حرف زدن**: ئەدەبی قسەکردن؛ بە شێوەی نووسین ئاخافتن.

ادبیات / adabîyyāt'/: [عربی] *اسم*. وێژە؛ بێژە؛ تووره: ۱. کۆمای ڕامان و ڕانانی هونەری گەلێک کە لە چوار چێوەی وتاردا جێگر بووە ۲. کۆمەڵە نووسراوەگەلێک کە شێوازی گوتنەوە، یان بیر و بۆچوونەکانیان جێگای پەسندی بەرەی داهاتوو یان گەلانی جۆراوجۆری وڵاتانی دیکە بێت.

▣ **ادبیات تطبیقی**: وێژەی بەراوردی؛ لقێک لە وێژەی نێونەتەوەیی کە باسی کارتێکردنی وێژەی گەلێک بە سەر گەلێکی تردا، یان شێوازگەلی جیاواز بەڵام لە یەک چەشنی وێژەی وڵاتان دەکا.

ادبیات سیاه: وێژەی ڕەش؛ وێژەیەک کە قسە لە مردن و چارەڕەشی مرۆ و بێئەمەگی دنیا دەکا.

ادبیات شفاهی: وێژەی زارەکی؛ وێژەوانی سەرزارەکی؛ کۆمەڵەی چیرۆک، کایە، گۆرانی، لیچار و مەتەڵۆک و... کە پشتاوپشت دەگێڕدرێنەوە.

ادبیات کلاسیک: وێژەی کلاسیک؛ ئەدەبی کۆن؛ بەرهەمی وێژەوانانی گەورە و لە مێژینەی هەر نەتەوەیێک. هەروەها: **ادبیات کهن؛ ادبیات معاصر؛ ادبیات مکتوب؛ ادبیات منظوم**

ادرار / edrār'/: [عربی] *اسم*. میز؛ مێز؛ گمێز؛ چوڕ؛ چرگە؛ پێشاو؛ زاراو؛ ژاراو؛ تراوی دەرهاتوو لە گورچیلەی گوانداران کە دەتکێتە میزەڵدان و لەوێوە دەڕژێتە دەرەوە.

ادراک / edrāk'، ـها؛ ـات/: [عربی] *اسم*. ڕەوتی تێگەیشتن؛ هەست پێ کردن؛ پێزانین؛ چنەیاوەی.

ادعا / edde'ā'، ـها/: [عربی] *اسم*. ۱. داوا؛ خوازە؛ وتەیەک کە دروستی یان نادروستیەکەی نەسەلماوە ۲. *[گفتاری]* خۆ هەڵکێشان ۳. *[حقوق]* داوا؛ خوازە؛ داخواز؛ داخوازە ‎*‎**دعوت**

▣ **ادعای برحق**: خوازەی ڕاست و دروست.
هەروەها: **ادعای ناحق**

▣ **ادعا داشتن**: ۱. هاش‌وهووش کردن؛ شات و شووت کردن؛ لاف و گەزاف لێدان؛ داداندن ۲. خۆ هەڵکێشان؛ بە خۆ نازین؛ خۆ هەڵخستنەوە؛ خۆ هەڵدان.

ادعا کردن: داواکردن؛ ئیدعاکردن.

ادعائی / edde'āî'/ ☜ **ادعایی**

ادعانامه / edde'āname'، ـها/: [عربی/ فارسی] *اسم*. *[حقوق]* خوازەنامە؛ داوانامە؛ ئیدعانامە.

ادعایی / edde'āyî'/: [عربی] *صفت*. داواکراو؛ خوازەیی ‹زمین ادعایی مال او نیست: زەویە داواکراوەکە هی ئەو نیە›: **ادعائی**

ادعیه / ad'iye'/: [عربی] جمعِ ☜ **دُعا**

ادغام / edqām'، ـها/: [عربی] *اسم*. تێکەڵی؛ ئاوێتەیی؛ تێوەچوونی؛ کار یان ڕەوتی پێوەلکان و بوونە یەکی دوو یان چەند شت.

▣ **ادغام شدن**: تێکەڵ بوون؛ ئاوێتە بوون؛ تێوەچوون؛ پێکەوە لکان.

ادغام کردن: ئاوێتەکردن؛ تێکەڵ کردن؛ تێکبردن.

ادکلن / od(o)kolon'/: [فرانسوی] *اسم*. ئۆدکولۆن؛ تێکەڵی عەتر و ئەلکول و ئاو کە

دەبێتــە تراوێکــی بــۆنخــۆش: **ادکلنـــی؛ اودوکلنی**

ادکلنی / 'odkolonî/: [فرانسوی] ☜ **ادکلن**

ادله / 'adelle/: [عربی] جمعِ ☜ **دلیل**

ادوات / 'adavāt/: [عربــی]/اســم. ١. جمــعِ ☜ **ادات** ٢. ئامراز؛ کەلوپەل؛ کەرەستە.

ادوار / 'advār/: [عربی] جمعِ ☜ **دَوره**

ادواری / 'advārî/: [عربــی] صـفت. مــاوەیــی؛ زڤــڕانی؛ گــەڕوەگــەڕی؛ خــاوەن دۆخ یــان چۆنیــەتی دووپــات بوونــەوە لــە مــەوداگــەلی کاتیدا.

ادونتیــســت / 'adventîst/: [انگلیــسی] صـفت. ئەدوێنتیست؛ پەیڕەوی ئەدوێنتیسم.

ادونتیــســم / 'adventîsm/: [انگلیــسی]/اســم. ئە دوێنتیسم؛ لــە ڕێبازگــەلی خاچپــە رستی لــە ئامریکــا، کــە گــەڕانــەوەی مــەسیح بــە نزیــک دەزانــن و چینێکیــان ڕۆژی شــەمــەیــان لــە لا پیرۆزە.

ادویــه / 'adviye، ــجات/: [عربــی]/اســم. ١. جمــعِ ☜ **دَوا** ٢. ئــەدوا؛ بــەهــارات؛ ئــەزوا دەرمانــک؛ هــەزوێلــە؛ داودەرمــانی چێــشت خۆشــــکەر (وەک ئاڵــــەت و زەردەچێــــوە) ٣. *[قــدیمی]* دەوا؛ دەوا و دەرمــانی گیــایی (وەک عەناب و خاکشیر).

ادویــەجــات / 'adviyecāt/: [عربــی] جمــعِ ☜ **ادویه**

ادیان / 'adyān/: [عربی] جمعِ ☜ **دین**

ادیــب / 'adîb، ــان؛ ادبــا/: [عربــی]/اســم. ١. وێــژەوان؛ تــوورەوان؛ وێــژەنــاس؛ ئــەدیــب ٢. نووسەر یان شاعیر.

ادیبانــه / 'adîbāne/: [عربــی/ فارســی] صـفت. وێژەناسانە؛ وێژەیی؛ وێژەوانە؛ وێژەوانیانە.

ادیپ / 'odîp/: [؟] ☜ عقدەی ادیپ، **عقده**

ادیــت / 'edît/: [انگلیــسی]/اســم. نویــسیاری؛ نڤیسیاری؛ ویرایش.

▣ **ادیــت کــردن**: نویــسیاری‌کــردن؛ ویــرایش کردن.

ادیتــور / 'edîtor/: [انگلیــسی]/اســم. نویــسیار؛ نڤیسیار؛ ویراستار.

اذان / 'azān/: [عربــی]/اســم. بانــگ؛ بــان؛ بــانگی نوێژ.

▣ **اذان صبح**: بــانگی بــەیــانی. هــەروەهــا: **اذان ظهر؛ اذان عصر؛ اذان مغرب؛ اذان عشا**

اذان و اقامه ☜ **اقامه ـ٢**

اذانگــو / 'azāngû، ــها؛ ــیان/: [عربــی]/اسم. بانگبێژ؛ بانگوێژ؛ بانگهەڵدەر؛ بانگدەر.

اذعــان / 'ez'ān/: [عربی]/اسم. پــێ‌هــاتن؛ ددان پێدانیان؛ پنــە ئامــەی؛ ڕەوتی قــەبــووڵ‌کــردن و ڕاگــــەیانــــدنی ڕاســــتی و دروســــتی بــــیر و بۆچوونی پێچەوانەی خۆ.

اذکار / 'azkār/: [عربی] جمعِ ☜ **ذِکر**

اذن / 'ezn/: [عربــی]/اســم. *[ادبــی، نامتــداول]* ئیــزن؛ ئیجــازە؛ بــەرایــی. هــەروەهــا: **اذن دادن؛ اذن داشتن**

اذنــاب / 'aznāb/: [عربی]/اسم. *[مجازی]* دەســە و دایــرە؛ دەســتو پێــوەنــد؛ دەســەوبــەســە؛ کەسانێک کــە دەبنــە داردەســتی کــەســێ یــان پێگەیێک و شوێنکەوتووی ئەون.

اذهان / 'azhān/: [عربی] جمعِ ☜ **ذِهن**

▣ **اذهــان عمــومی**: بــیری گــشتی؛ بــیر و ڕای هە مــووانی ‹اذهــان عمــومی از او برگــشت: بــیری گشتی لێ هەڵگەڕایەوە›.

اذیــت / 'azîyyat, 'azyat، ــها/: [عربــی]/اسم. ئــاران؛ ئــازار؛ عــەزیــەت؛ چوکــڵەچــزی؛ چــز؛ تەنگ؛ ژەنگ؛ وەزەنگ.

▣ **اذیــت دیــدن**: ئــازار بیــنین؛ ئــازار دیــتن؛ دەرد چــەشــتن؛ عــەزاو پــێ‌گــەیــشتن؛ ئــێش پــێ‌گــەیــشتن؛ گــەهــران. هــەروەهــا: **اذیــت شدن**

اذیــــت کــــردن: ئازارانــــدن؛ ئێــــشاندن؛

ئێــشـنـەی؛ چــزانن؛ چلنگــانن؛ ئــازار دان؛ گەهراندن؛ عەزاو دان. هەروەها: **آزردن**

ار / 'ar/: *قید. [مخفف، ادبی]* گەر؛ ئەر؛ ئەگە؛ هەگە؛ هەکە؛ ئەگەر؛ هەگەر.

ارائه / 'erā'e/: [عربی]*اسم.* ١. پیشاندەری؛ نوێنی؛ کار و ڕەوتی نیشاندان؛ ڕانان؛ ئرمانەی ‹شناسنامەها را ارائه دادند: ناسنامەکانیان پیشاندا› ٢. کار یان ڕەوتی نیشان دان؛ ڕاگە یاندن ‹وکیل مدافع دلایل خود را ارائه داد: پارێزەر بەڵگەکانی خۆی ڕاگەیاند›.

▣ **ارائەی طریق:** ڕێنوێنی؛ ڕێنموونی.

▣ **ارائه دادن:** پیشاندان؛ نیشاندان؛ شاندان؛ نواندن.

ارائه کردن: پیشاندان؛ نیشاندان؛ شاندان؛ نواندن؛ ئرمانەی.

ارابه / 'arrābe، ـها/: *اسم.* ئەڕابە؛ گاریە؛ گاری؛ عەرەبانە؛ ئارەبانە: **عَرّابه**

▣ **ارابەی جنگی:** ئەڕابەی شەڕ؛ دەبابەی شەڕ.

ارابەران / 'arrāberān/: *اسم.* /ـها؛ ـان/ دەبابەچی؛ شۆفێری عەڕابە؛ ڕانەندەی ئارەبانە.

ارابەرو / 'arrāberow/: *صفت.* ڕێگەی ئەڕابە؛ ئەڕابەڕەو.

اراجیف / 'arācîf/: [عربی]*اسم.* ١. قۆڕیات؛ قسەی پووچەڵ و بەتاڵ؛ قسەی قۆڕ؛ هەلەق مەلەق ٢. قسەی نابەجێ و ناشیرین.

ارادت / 'erādat/: [عربی]*اسم.* ١. سەرسپێری؛ دۆستی و خۆشەویستی وێڕای باوەڕ و پەرمان بە کەسێکی سەرتر لە خۆ ٢. *[قدیمی]* پەیرەوی؛ شوێنکەوتوویی.

▣ **ارادت داشتن:** سەرئەسپێر بوون؛ سەرسپێراو بوون؛ لایین تواسن.

ارادتمند / 'erādatmand/: [عربی/ فارسی] *صفت.* سەرسپێراو؛ سەرئەسپێراو. هەروەها: **ارادتمندی**

ارادتمندانه / 'erādatmandāne/: [عربی/ فارسی] *قید.* سەرسپێرانە؛ بەسەرسپێراوی؛ بە سەرئەسپێراوی.

اراده / 'arrāde/: [از عربی]*اسم.* ١. /ـها/ پێچکە؛ چەرخی گاری و عەڕابە و... ٢. *[مجازی]* چەرخی ژیان ‹کارش بد نیست و ارادەاش می‌چرخد: کاری خراپ نیە، چەرخی ژیانی دەگەڕێ›.

اراده / 'erāde، ـها/: [عربی]*اسم.* ئیرادە: ١. هێزی زاڵ بە سەر کار و هەناودا ‹ارادەی آهنین: ئیرادەی پۆڵایین› ٢. هێز و پێزی زەینی بە شێوەی هەڵبژاردن، ئۆگرەتی یان گەرەک بوون ‹برای ترک سیگار اراده لازم است: بۆ وەلانانی جگەرە ئیرادە پێویستە› ٣. لە خۆ نەوین؛ لە خۆ بڕیان؛ گەرەک؛ خواز؛ واز؛ هۆگری زەینی بۆ بە شوێندا چوونی کارێکی دیاریکراو ‹اگر اراده کنی موفق می‌شوی: ئەگەر لە خو بنەوی سەردەکەوی›.

▣ **ارادەی استوار / آهنین:** ویستی پتەو؛ بڕیاری پتەو: **ارادەی خلل‌ناپذیر**

ارادەی خلل‌ناپذیر ☜ **ارادەی استوار/ آهنین**

▣ **اراده کردن:** لە خۆ نەوین؛ ویستن؛ گەرەک بوون؛ هەرەک بوون؛ خواستن؛ وازیەی.

ارادەگرایی / 'erādegerāyî/: [عربی/ فارسی] ☜ **وُلونتاریسم**

ارادی / 'erādî/: [عربی] *صفت.* خواستی؛ ویستیانە؛ ئاگایانە؛ پێوەندیدار یان سەر بە ویست ‹رفتار ارادی: کردەوەی خواستی›.

اراذل / 'arāzel/: [عربی] جمعِ ☜ **رذل**

اراضی / 'arāzî/: [عربی] جمعِ ☜ **ارض**

ارامنه / 'arāmane/: جمعِ ☜ **ارمنی**

ارانگوتـــان / 'orāngotān، ـهـــا/: [انگلیـــسی] /اسم. ئـــوران‌ئوتـــان؛ ئورانـــگ‌ئوتـــان؛ جـــۆرێ مـــەیمـــوونی تـــووک نـــەرمـــی دەســـت‌درێـــژە: **اُورانگ اُوتان؛ اُوران اُوتان**

اربـــاب / 'arbāb، ـهـــا؛ ـــان/: [عربـــی] /اسم. ١. خـــاوەن؛ خێـــو؛ ئاغـــا؛ ئـــەرواو ٢. خودایـــان ٣. خـــاوەنـــان ‹ارباب جراید: خـــاوەن قـــەڵـــەمـــان› ٤. خاوەن‌کار؛ ساحێوکار؛ پرگاڵ.

▣ **ارباب انواع**: جمعِ ☜ **ربالنوع**

اربـــاب جرایـــد: ڕۆژنامـــەنووســـگەل؛ خـــاوەن قەڵەمان.

ارباب ده: خاوەن دێ؛ خێوی گوند.

ارباب رجوع: کارێنەر؛ کەسـێ کـە بـۆ کـارێ دەچێتـــە شـــوێنێ (بـــەتایبـــەت مـــەزرینگـــەی دەوڵەتی).

ارباب علم: زانایان؛ زانیاران؛ زانستمەندان.

▣ **اربـــاب خـــود بـــودن**: /کنایی/ ئاغـــای خـــۆ بوون؛ ژێر دەستی کەس نەبوون.

اربابانـــه[1] / 'arbābāne/: [عربـــی/ فارســـی] /اسم. بهرەی مالکانه ☜ **بهره**

اربابانـــه[2]: صفت. ئاغایانـــە؛ ســـانانە؛ وەکـــوو ئاغـــا ‹رفتار اربابانه: ئاکاری ئاغایانە›.

اربـــاب‌مـــنش / 'arbābmaneš/: [عربـــی/ فارســـی] صفت. خـــۆی خانانـــە؛ خـــان‌ئاسا؛ خـــاوەن خـــۆ و ئاکاری وەک ئاغایان. هەروەها: **ارباب‌منشانه**

اربـــــاب‌ورعیتـــــی / 'arbāb-o-ra'îyyatî/: [عربـــی] /اسم. دەرەبـــەگایـــەتی؛ دەزگایـــەکـــی کۆمـــەڵایـــەتی و ئـــابووری کـــە بـــەگ خێـــوی هەموو شتێکە و بە کەڵـک وەرگـرتن لـە کـاری ڕەنجبـــەر، بـــەرهـــەمـــی زیـــادەی دەســـت دەکەوێ.

اربـــابی[1] / 'arbābî/: [عربـــی] /اسم. ئاغـــایی؛ دۆخ یان چۆنیەتی ئاغا بوون.

▣ **اربـــابی کـــردن**: ئاغـــایی کـــردن؛ دێـــداری کـــردن: ١. داخـــوڕین و فـــەرمـــان‌دان ٢. بەخشین و جوامێری‌کردن.

اربابی[2]: صفت. ئاغـایی؛ ئاغایـەتی؛ پێـوەندیـدار یان سەر بە ئاغا ‹خانەی اربابی: ماڵی ئاغایی›.

اربعـــه / 'arba'e/: [عربـــی] صفت. چواردانـــەیـــی؛ چوارە؛ خاوەن چوار ئەندام یان چوار توخم.

اربعـــین / 'arba'în، ـهـــا/: [عربـــی] /اسم. ١. /نامتـداول/ چـل ٢. چلـه؛ چلـێ؛ چـل ڕۆژ دوای مـــردنی کـــەســـێک ٣. ڕۆژی بیـــستەمـــی مـــانگی سەفەر؛ چلەی حوسەینی.

اربیتـــــال / 'orbîtāl، ـهـــا/: [فرانـــسوی] /اســـم. /شـــیمی/ ئوربیتـــــاڵ؛ هـــــەوری ئلیکتـــــرۆنی؛ هەورئاســـــایەک کـــــە ئلیکتـــــرۆن بـــــە هـــــۆی ســـــووڕخواردنی یـــــەکجار خێـــــرا بـــــە دەوری نـــــاوکی ئەتومـــــدا بـــــەدی دێنـــــێ: **آشـــیانەی الکترون**

اربـــیم / 'erbiyom/: [فرانـسوی] /اسم. ئیربیـۆم؛ تـــوخمی کیمیـــاوی کـــانزایی لـــە دەســـتەی لانتانیدەکان بە ژمـارەی ئـەتـومی ٦٨ و کێـشی ئەتومی ١٦٧,٢٦.

ارتبـــاط / 'ertebāt، ـهـــا؛ ـات/: [عربـی] /اسم. پەیوەندی؛ پێـوەنـدی: ١. پێـوەنـد ٢. کـەیـن و بـەیـن؛ ڕەوتێـک کـە دەبێتـە هـۆی ئـاڵوگـۆڕ کـــردنی زانیـــاری ‹ارتبـــاط تلفنـــی: پێـــوەنـــدی تەلەفوونی›.

▣ **ارتباط تصویری** ☜ **گرافیک**

▣ **ارتباط دادن**: پەیوەندی‌دان؛ پێوەنددان.

ارتبـاط داشـتن: پـەیـوەنـدی هـەبـوون: ١. پێکـەوە نێوانـدار بـوون ‹همـه بـا هـم ارتبـاط داریـم: گـشتمان پێـکەوە پێوەنـدیمان هـەیـە› ٢. پێـوەندیـدار بـوون؛ پێـوەسـت بـوون ‹کـار من به شما ارتباط نـدارد: کـاری مـن پێـوەنـدی بـە ئێوەوە نیە›.

ارتباط گـرفتن: پـەیـوەنـدی‌گـرتن؛ پێـوەندیـدار بوون. هەروەها: **ارتباط یافتن**

ارتباطـــــــات / 'ertebātāt/: [عربـــــی] /اســـــم.

پێـوەندیگـەل: ۱. ئاگـەداری و پێـوەندیگـەلی ئـاڵوگـۆڕکراو ۲. شـێواز و سیـستەمـی دامەزرانـدنی پێـوەنـدی. هـەروەهـا: **ارتباطـات بانکی؛ ارتباطات راه دور؛ شبکەی ارتباطات**

ارتبـاطی / ertebātî/': [اعربـی] صـفت. پێوەندی؛ بـە تایبـەتـمەنـدی یـا چۆنـاوچۆنی پێـوەندیـدار کردنـەوە ‹راه ارتباطی: رێگـەی پێوەندی›.

ارتجـاع / 'erteca'/: [اعربـی]اسـم. ۱. کێش‌ئاسایی؛ گـەڕانـەوە بـۆ دەقـی سـەرەتـا ۲. کۆنـەپـەرستی؛ کۆنـەبـیری؛ بـیر و بـڕوای کۆنەپەرست.

ارتجـاعی / erteca'î/': [اعربـی] صـفت. ۱. کـێش‌ئاسـا ۲. کۆنـەپـەرستانە ‹فکـر ارتجاعی: بیری کونەپەرستانە›.

ارتجـال / 'ertecāl/: [اعربـی]اسـم. [ادبـی] دەسـبەجێیـەتی؛ ڕێـوڕایی؛ کـار یـان ڕەوتی بێ‌گت قسە دانان یان هەڵبەست هۆنینەوە.

ارتجـالاً / 'ertecālan/: [اعربـی] قیـد. دەسـبەجێیانـە؛ ڕێوڕایانـە؛ بـە شـێوەی ڕاستەوخۆ و بە بێ لێ‌ڕاوەستان.

ارتجـالی / 'ertecālî/: [اعربـی] صـفت. دەسـبەجـێ؛ ڕێـوارا؛ سـەرپێیـی ‹شعر ارتجالی: شیعری دەسبەجی›.

ارتحـال / 'ertehāl/: [اعربـی]اسـم. [ادبـی] ۱. مردن؛ مەردەی ۲. [نامتداول] کۆچ.

ارتـداد / 'ertedād/: [اعربـی]اسـم. کـاری گـەڕانـەوە؛ هـەڵـگەڕانـەوە؛ وەرگـەڕان و چاوپۆشان لە دین یان ئایینی خۆ.

ارتـدکس / 'ortodoks، ـهـا: [فرانسوی]اسـم. ئورتـودۆکس: ۱. کـەسـێ کـە پـەیـڕەوی کلێـسەی ئۆرتۆدۆکـسە ۲. کـەسـێ کـە شۆپگری ئایینی کۆنە * **ارتُودوکس**

ارتـزاق / 'ertezāq/: [اعربـی]اسـم. [ادبـی] کـار یـان ڕەوتی بژیـو پـەیـدا کـردن؛ بـە دەسـت هێنانی خواردەمەنی.

ارتـش / 'arteš، ـهـا/: اسـم. قوشـوون؛ سـپا؛ ئارتەش: ۱. سـەرجـەم ڕێخـراوەی چـەکـداری وڵاتێـک ۲. یـەکـەیێکـی چـەکـداری ۳. کۆمەڵەیەکـی گـەورە لـە چـەکـدارانی ڕاهـاتوو بۆ شەڕ، بەتایبەت لە وشکانیدا.

ارتـشا / 'ertešā/: [اعربـی]اسـم. [ادبـی] بەرتیل‌خۆری؛ بەرتیل‌گری.

ارتـشبد / 'artešbod، ـهـا/: اسم. ئـەرتـەشـبود؛ بەرزترین پلەی ژنراڵی لە ئەرتەشی ئێران.

ارتـشبدی / 'artešbodî/: اسم. ئـەرتـەشـبودی؛ بەرزترین پلەی چەکداری لە ئێران.

ارتـشتار / 'arteštār، ـان/: اسم. [ادبی] سـپایی؛ سوپایی؛ ئارتەشی.

ارتـشتاران‌فرمانـده / 'arteštārānfarmāndeh/: اسم. فەرماندەی گشتی؛ فەرماندەری گشتی.

ارتـشسـالاری / 'artešsālārî/: اسـم. سـپامەزنی؛ ڕژیمـی زەبـر و زەنگـی ئەرتەشیان.

ارتـشی[1] / 'artešî، ـهـا؛ ـان/: اسم. سـپایی؛ قۆشەنی؛ ئەرتـەشـی؛ نیزامـی؛ کـەسـێ کـە لـە ئەرتەشدا کار دەکا.

ارتـشی[2]: صفت. ئـەرتـەشـی؛ پێـوەندیـدار یـان پاڵدراو بە ئـەرتـەشـەوە ‹ماشین ارتشی: ماشـێنی ئەرتەشی›.

ارتعـاش / 'erte'āš، ـهـا؛ ـات/: [اعربـی]اسم. لـەرە؛ لـەرزە: ۱. دیـاردە یـان ڕەوتی لـەرزە ۲. لەرزان؛ لەران؛ ڕاژان.

▣ **ارتعاش صـوت:** لـەرەی دەنـگ؛ لـەرینـەوەی دەنگ.

ارتعاشـی / 'erte'āšî/: [اعربـی] صفت. لـەرزانی؛ لەرانی؛ پێوەندیـدار بـە لـەرەوە ‹حرکت ارتعاشی: بزووتنی لەرزانی›

ارتفـاع / 'ertefā'، ـهـا؛ ـات/: [اعربـی]اسم. بـڵندی؛ بـڵندایی؛ بـەرزی؛ بلنگـی؛ چـۆڕۆ: ۱.

مەودای ئەستوونی تەن یان شوێنێک لە جێگای ئەندازەگرتنەوە، بە پێی یەکەی درێژایی ‹ارتفاع آب: بڵندی ئاو› ٢. *[مجازی]* بەرزایی؛ جێگای بەرز (وەک تەپکە و کێو) ‹روی یک ارتفاع بایست تا بتوانی خوب ببینی: لە سەر بەرزاییەکەوە ڕاوەستە با باش ببینی› ٣. ڕادەی قەوەتی دەنگ ‹ارتفاع صدا: بەرزی دەنگ›.

ارتفاعات / ertefā'āt/': [عربی]/اسم. بەرزاییگەل؛ بڵنداییگەل؛ هەورازان؛ کاس؛ جێ و شوێنی (وەک کێو و تەپۆڵکە) وا لە دەور و بەریان بەرزترن ‹در ارتفاعات برف باریده: لە بەرزاییگەلدا بەفر باریوە›.

ارتفاع‌سنج /ertefā'sanc، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. هەورازپێو؛ ئامرازی نیشاندانی بەرزایی شوێنێک لە چاو زەریا.

ارتفاع‌یابی / ertefā'yābî' ، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. کار یان ڕەوتی بە دەست هێنانی مەودای ئەستێران و بەرزاییان لە ئاسۆوە.

ارتفاق / ertefāq'/: [عربی] ☜ حق ارتفاق، **حق**

ارتقا / erteqā'، ـها/: [عربی]/اسم. ڕەوتی چوونە سەر؛ بەرزەوە بوون؛ گەشە پێدان یان گەشەکەکردن. هەروەها: **ارتقا دادن؛ ارتقا یافتن**

▣ **ارتقای درجه:** *[نظامی]* پلەک گرتن؛ پلەک چوونە سەرەوە.

ارتقای مقام: بەرزتر بوونەوە؛ پایە چوونە سەر.

ارتکاب / ertekāb'/: [عربی]/اسم. دەستپێداچوون؛ کار یان ڕەوتی تووش بوونی گوناهو تاوان.

ارتماسی / ortopedî'/ ☜ غسل ارتماسی، **غسل**

ارتوپد / ortoped'، ـها/: [از فرانسوی]/اسم. ئۆرتۆپید؛ بژیشکی پسپۆڕی ئێسک و جمگە.

ارتوپدی / ortopedî'/: اسم. ئۆرتۆپیدی؛ کاری تێک خستنەوەی ئێسکی شکاوی لەش و دەرمانگەلی سەر بە ئێسک.

ارتودکس / ortodoks'/: [فرانسوی] ☜ **اُرتُدُکس**

ارتودنسی / ortodensî'/: [فرانسوی]/اسم. *[پزشکی]* ئۆرتۆدێنسی؛ لە پسپۆڕیگەلی ددان‌بژیشکی.

ارث / ers'، ـها/: [عربی]/اسم. ١. کەلەپوور؛ کەلوپوور؛ کەلەپوور؛ کەرەپوول؛ کالکی؛ میرات؛ میراس؛ مەردەلا؛ هشتە؛ ئیرس؛ پاشماوە؛ دمامەنە؛ دارایی لە مردگ جێ ماو ٢. هەر کام لە تایبەتمەندیگەلی لەشی (یا خوویی) کە لە باوک، دایک یان پیرانەوە دەگاتە زارۆ (وەک ڕەنگی پێست یان چاو).

▣ **ارث بردن:** میرات بردن؛ میرات بەرکەوتن ‹دختر یک سهم ارث می‌برد، پسر دو سهم: کچ بەشێک میرات دەبا، کوڕ دووبەش›.

ارث پدر خواستن/ طلب داشتن: *[کنایی]* داوای بەشی باوک کردن؛ بابێنی ویستن؛ داوای میرات‌کردن؛ پێداگری بۆ ویستنی شتێ.

ارث رسیدن: میرات پێ‌گەیشتن.

ارث شغال به کفتار رسیدن: *[کنایی]* میراتی کەر بە کەمتیار گەیشتن؛ شتێ لە مرۆڤێکی خراپەوە بگاتە یەکێکی خراپتر. (بە کوردی دەڵێن: میرات کەر هی کەمتیارە).

ارث گذاشتن: میراتی بەجێ هێشتن ‹یک خانه ارث گذاشت: ماڵێکی میراتی بەجێ هیشت›.

ارثاً / ersan'/: [عربی] قید. بە میراتی؛ بە

کەلەپووری.

ارث‌خــور / 'ersxor'، ـهـا/: [عربـی/ فارسـی] *صفت.* *[گفتاری]* میرات‌بەر؛ ئیرس‌بەر.

ارث‌ومیـراث / 'ers-o-mîrās'، ـهـا/: [عربـی] *اسم.* *[گفتـاری]* ئێـرس و مـیراس؛ مـردەلا؛ مەردەلا.

ارثی / 'ersî'/: [عربی] *صفت.* ئەوەی لە بـاب و دایکـەوە (وەک بـیچم و ڕەنگـی چـاو و...) بـە مندالان دەبڕێ.

ارثیه / 'ersîyye'، ـها/: [عربی]/*اسم.* کـەلـەپـوور؛ شـتێ کـە لـە کـەسـێکەوە، بـۆ پاشمـاوەکـانی دەمێنێتەوە.

▣ **ارثیەی پدری:** بابێنی؛ بـەشـی بـاوکی؛ مـاڵ و سامانی باوکی؛ میراتی باوک.

ارج / 'arc'/: *اسم.* پـیـز؛ هێـژ؛ نـرخ؛ بـەهـا؛ بایـەخ؛ هرمـەت؛ حورمـەت؛ ڕێـز؛ سـەنـگ و ڕەنـگ؛ ئـەرزش؛ ئـەرجـست؛ ئـەرزشـت؛ گەورەیـی (زیـاتر لـە بـاری چۆنیـەتیـەوەیـە نـەک چەندیەتی).

▣ **ارج گذاشتن:** نرخ دانان؛ گەورەیی دانان.

ارج نهادن: نرخ بۆ دانان.

ارج ننهادن: لـووت پێـدا نـەهێنـان؛ لـێ ڕازی نـەبـوون؛ نـرخ نـەدان بـە کـەسـێ؛ خێ(هەمیەت) نەدان بە کەسێ.

ارجـــاع / 'ercā''، ـهـا؛ ـات/: [عربـی]/*اسـم.* ناردنەوە: ۱. کـار یـان ڕەوتی پێـدانی کـارێ لـە کـەسـێ یـان شوێنێکـەوە بـۆ کـەسـێک یـان شـوێنێکیتـر ۲. ڕەوتی پێـدانی ڕاڤـە یـان ڕاپۆرتی بابەتێـک بـە شـوێنێکیتـر. هـەروەهـا: **ارجاع دادن؛ ارجاع کردن**

ارجاعـــات / 'ercā'āt'/: [عربـی] ۱. جمـعِ ☜ **ارجاع** ۲. جمعِ ☜ **ارجاعی**

ارجـاعی / 'ercā'î'، ـها؛ ارجاعـات/: [عربـی]/*اسم.* هەڵگەڕاوە؛ ئەوەی گەڕاوەتەوە.

ارجـح / 'arcah'/: [عربی] *صفت.* ۱. سـەرتـر ۲. چاتر؛ باشتر ۳. شایان‌تر؛ شیاوتر؛ پەسەندتر.

ارجحیـت / 'arcahîyyat'، ـهـا/: [عربـی]/*اسـم.* ۱. سـەرتـری؛ هـەڤـیازی ۲. باشـتری ۳. شیاوتری.

ارجمنــد / 'arc(o)mand'/: *صـفت.* هێـژا: ۱. خـۆشـەویـست؛ وەشـەویـست ۲. بـەوەج؛ ڕێـزدار؛ مـەزن؛ گـەورە؛ بـەڕێـز؛ زۆر بـەرز لـە باری دەروونیەوە.

ارجن / 'arcan'/ ☜ بادام کوهی، **بادام**

ارج‌وقـــرب / 'arc-o-qorb'/: [فارسـی/ عربـی] *اسـم.* *[گفتـاری]* ڕێـز و قـەدر؛ ڕێـز و خۆشەویستی.

ارج‌ومقــام / 'arc-o-maqām'/: [عربـی/ فارسـی] *اسم.* شان و شکۆ؛ ڕێز و پێـز؛ پایـە و ڕێـز؛ پلـە و پایە.

ارحـــم‌الـــراحمین / 'arhamarrāhemîn'/: [عربـی] *صـفت.* دلۆڤـانترینی دلۆڤـانان ‹خداونـد ارحم‌الراحمین است: خوا دلۆڤانترینی دلۆڤانانە›.

ارخـــالق / 'arxāloq'، ـهـا/: [ترکـی]/*اسـم.* *[قدیمی]* سوخمە؛ ئەخلەخ؛ جلی ژێرکەوا.

ارد / 'ord'، ـهـا/: [از فرانسوی] اسـم. فرمـان؛ دەسـوور؛ فرمانێـک کـە لـە چێـشتخانە و ڕسـتۆراندا بـە بـەردەسـت دەدرێ بـۆ جێبەجێ‌کردنی داواکاریگەل.

▣ **ارد دادن:** ۱. فرمـان دان ‹حـالا هـی اُرد بده: ئێـسە هـەر فرمـان بـدە› ۲. *[کنـایی]* دەسـووردان؛ بـە ناحـەقـەوە ئـەنجـامدانی کارێ لە کـەسـێک ویـستن ‹چقدر اُرد می‌داد: چەندە دەسووری دەدا›.

ارد کسی را خواندن: ملـدان بـە دەسـووری کەسێک.

اردک / 'ordak'، ـهـا/: [ترکـی]/*اسـم.* ۱. سۆنە؛ سۆنێ؛ بت‌ئاوی؛ شـووش؛ پـەلـەوەری ئاوبـاز و کـەوی و بـێ‌پـەرواز لـە تـیرەی مـراوی، بـە پـا و ملـی کـورت و خرپنـەوە ۲.

مراوی؛ مراویە؛ مەلی کۆچەری پێکەوەژی سۆنەئاسا.

اردنانس / ordonāns'/: [فرانسوی]/اسم. [نظامی] ئۆردونانس؛ ئابوور کردنی چەک و تەقەمەنی.

اردنگ / ordang'/ ☜ **اردنگی**

اردنگی / ordangî'، ـهـا/: اسم. [گفتاری] دەخش؛ شەق؛ بلتە؛ ئۆردەنگی؛ شەق وەشاندنی بە ئەژنۆ. هەروەها: **اردنگی پراندن؛ اردنگی خوردن؛ اردنگی زدن**

▣ **با اردنگی بیرون کردن:** [کنایی] بەشەق دەرکردن؛ بە سووکی وە دەرنان.

اردو / ordû'/: [ترکی]/اسم. ١. /ـها/ هۆردوو؛ دەستەیەک کە لە هۆردووگایەکدا گیرساونەتەوە ٢. /ـها/ هۆردووگە؛ هۆردوو ‹رفته بودیم اردو: چووبووینە هوردووگە› ٣. /ـها/ [قدیمی] لەشکر؛ سپا ٤. هووڕەو؛ ئاپۆرە؛ خەڵکێکی زۆر ٥. زمانی ئوردوو؛ زمانێک لە بنەماڵەی زوانگەلی هیندو ئێرانی کە لە پاکستان، ئەفغانستان و هێند، بەشێ لە خەڵکەکە قسەی پێ دەکەن.

▣ **اردو زدن:** لەشکر بەز کردن؛ نیشتەجێ بوونی هۆردوو لە جێگایەکدا.

اردوال / ardavāl'، ـهـا/: [؟]/اسم. شیست؛ جۆرێ بەرد.

اردور / ordovr'/: [فرانسوی] ☜ **پیش‌غذا**

اردوکشی / ordûkešî'، ـهـا/: [ترکی/ فارسی] اسم. [قدیمی] لەشکرکێشی.

اردوگاه / ordûgāh'، ـهـا/: [ترکی/ فارسی] اسم. هوردووگا؛ ئۆردووگا: ١. مەکۆیەک کە تاقمێکی تێدا بۆ تاوێک و بە شێوەی کۆ نیشتەجێ دەبن ‹اردوگاه دانش‌آموزی: ئۆردووگای خوێندکاری› ٢. دامەزراوەیەک وەک بڕێ ڕەشماڵ، خانووچکەی پێش‌سازراو و... بۆ دانیشتنی زۆرەکی و بەکۆمەڵی گرۆیێک ‹اردوگاه پناهندگان: ئوردووگای پەنابەران›.

اردوویسین / ordovîs(i)yan'/: [فرانسوی] اسم. ئوردوویسیەن؛ دەوری دووهەم لە دەورانی یەکەمی زەوی‌ناسی: **اوردویسین**

ارده / arde'/: اسم. ئەردە؛ کڕەکونجی؛ کونجی هاڕدراو؛ کونجی هاڕەکراو؛ کەڵدڕی هاڕیاگ.

ارده‌شیره / ardešîre'/: اسم. ئاردەشیرە؛ ئاردەقوم؛ هەڵوائاردە.

اردیبهشت / ordîbehešt'/: اسم. گوڵان؛ بانەمەڕ؛ جوەدرەو؛ مانگی تێرەخوەرە؛ دووهەم مانگی بەهار؛ مانگی دووهەمی ساڵی هەتاوی ئێران کە ٣١ ڕۆژە.

ارز / arz'، ـهـا/: اسم. پارەی بیانی؛ پارەی وڵاتانی‌تر جگە لە وڵاتی خۆ.

ارزاق / arzāq'/: [عربی]/اسم. ١. جمعِ ☜ **رِزْق** ٢. خاروبار.

ارزان[1] / arzān'/: صفت. ئەرزان؛ هەرزان؛ کەم‌نرخ؛ مەلاخۆر؛ مەلاخۆرە؛ کەم‌قیمەت: ١. شتێ کە نرخی کەمتر لە ڕادەی ئاسایی یان پێشووی بێ ‹نان ارزان شده: نان هەرزان بووە› ٢. بە نرخی شیاو و بە جێ ‹آنجا کتاب ارزان است: دەوێدا کتێب هەرزانە›. هەروەها: **ارزان بودن؛ ارزان شدن؛ ارزان کردن**

ارزان[2]: قید. هەرزان؛ بە شێوەی هەرزان؛ بە نرخی هەرزان ‹آنجا کتاب را ارزان می‌فروشند: دەوێدا کتێب هەرزان دەفرۆشن›. هەروەها: **اَرزان خریدن؛ اَرزان فروختن**

ارزانفروش / arzānfurûš'، ـهـا/: صفت. هەرزانجان؛ کەسێ کە ئاکار و خدەی بەرەو لای هەرزانجانی هەبێت.

ارزانفروشی / arzānfurûšî'/: اسم. هەرزانجانی؛ کار یان ڕەوتی فرۆتنی شت‌ومەک بە نرخی باش یان هەرزانتر لە

فرۆشەرەکانی تر.

ارزان‌قیمت / 'arzānqeymat, -qîmat/: [فارسی/ عربی] صفت. هەرزان؛ هەرزان‌بایی؛ نرخ هەرزان؛ بە نرخێکی کەمتر لە بەرانبەر پیتەوای هاوچەشنەوە.

ارزانی[1] / 'arzānî/: [عربی]/سم. ١. هەرزانی؛ گوشادی؛ پێشکەشی؛ شوولگ؛ شت‌زۆری ‹ارزانی نان گذشت و ارزانی جان شد: دەوری نان هەرزانی چوو، ئێستەکە گیان هەرزانە› ٢. فەرحانی؛ فرەهی؛ بژیو زۆری ‹در گذشته ارزانی بود و مردم زندگی راحتی داشتند: لە رابردوودا فەرحانی بوو و خەلک ژیانێکی باشیان هەبوو›.

ارزانی[2]: صفت. خەلات؛ شیاو؛ ڕەوا (بە هیماوە) خەلاتی؛ پێشکەشی ‹این خانه جای من نیست ارزانی خودت: ئەم مالە جێی من نییە خەلاتی خۆت›.

▣ **ارزانی داشتن/کردن**: بەخشین؛ بەشینەوە ‹خداوند به من یک پسر ارزانی داشت: خوا کوڕێکی پێ بەخشیم›.

ارزش / 'arzeš، ـها/: اسم. ١. [اقتصاد] نرخ؛ بایی ‹ارزش این خانه چقدر است؟: ئەم مالە بایی چەندە؟› ٢. بایەخ ‹نزد خردمند، جهان بی‌ارزش است: لای تێگەیشتوو جیهان بێ‌بایەخە› ٣. بایەخ ‹کار با ارزش: کاری بە بایەخ› ٤. [جامعه‌شناسی] بایەخ؛ پێوانەگەلی فەرهەنگی هاوبەش لە کۆمەلگایەکدا (وەک: کار، ئازادی، هونەر، ڕاستی و...) ‹آزادی یک ارزش است: ئازادی بایەخێکە›.

▣ **ارزش پول**: بایەخی پارە؛ ڕادەی قەوەت و بایەخی پارەیەک بۆ کڕینی هەر شتێ لە بازاڕدا.

ارزشهای اخلاقی: بایەخگەلی ئاکاری؛ بایەخگەلی ئەخلاقی؛ شێوەگەلی ئاکاری پەسندکراو لە لایەن پڕایی ئەندامگەلی کۆمەل یان دەستەیەکەوە.

▣ **ارزش داشتن**: هێژا بوون؛ بایەخدار بوون؛ تیەرزین.

ارزش قایل شدن: بایەخ پێدان؛ ڕێز لێگرتن؛ نرخ بۆ دانان.

ارزش‌شناسی / 'arzeš.šenāsî/: اسم. بایەخ‌ناسی؛ هێژایی‌ناسی؛ لقێک لە زانست سەبارەت بە لێکۆلینەوەی چیەتی، چەشن و پێومانی بایەخگەل و داوەری لە مەڕ ئەوانەوە، بە تایبەت لە زانستی ئەخلاقدا.

ارزشگذاری / 'arzešgozārî، ـها/: اسم. نرخ‌بڕی؛ کار یان ڕەوتی نرخاندن؛ نرخ بۆ دانان؛ هێژاندن؛ قرساندن؛ نرخ بۆ بڕینی شتێک بە پێی داوەری زەینی.

ارزشمند / 'arzešmand/: صفت. هێژا؛ بەنرخ؛ هەژی؛ کوک؛ حەلکی؛ باییدار؛ نرخدار؛ هاولە؛ کاو؛ بایەخدار؛ بەبایەخ ‹کتاب ارزشمند: کتێبی هێژا›.

ارزشمندی / 'arzešmandî/: اسم. هێژایی؛ بەنرخی.

ارزشیابی / 'arzešyābî، ـها/: اسم. نرخ‌بڕی؛ کار یان ڕەوتی دیاری‌کردنی بایەخی شتێک، بەتایبەت بەلگەیەک، پتر بە گوێرەی پێومانگەلی لە پێش دیاریکراو.

ارزن / 'arzan، ـها/: اسم. هەرزن؛ هەرزین؛ هەرزنێ؛ ئەرزن؛ کارس؛ باچیک؛ کۆرەک؛ کوڕێک؛ گاریس؛ گەلدوو؛ ڕەمەرانە؛ سۆزک؛ سوورکە؛ گال؛ گیەل؛ گەنمە شامیە سوورە؛ زڕاتە کێویلە؛ ڕووەکێک لە بنەمالەی گەنم کە دانەکانی ورد و سافە و بە تایبەت پەلەوەران دەیخۆن.

▣ **ارزن تلخ**: گال؛ هەرزنەتالە؛ جۆرێ هەرزن کە چێژەی تالە.

ارزن خوشه‌ای: زوڕات؛ هەرزنە گەورە؛ زوڕەت؛ گەنمەشامی.

ارزن درشت: کزن؛ گارس؛ هەرزنە گەورە.
ارزن کوهی: هەرزنەکێویلە؛ گیایەکە بەرێکی وەک هەرزن دەگرێ.
ارزنی از خرمنی: *[کنایی]* مشتێ لە دەشتێ؛ دڵۆپێ لە رووبارێ؛ گوڵێ لە گوڵزارێ؛ گەرەکێ لە شارێ.
به قدر ارزنی: *[کنایی]* ئەوەندەی نیسکێک؛ فرە بچووک و کەم؛ ئێنە و مرۆچێوی؛ وەقەی باڵەمێشێک.
◙ **ارزن از لای انگشت کسی نریختن:** *[کنایی]* هیچ لە کەسێ هەڵنەوەرین؛ زۆر ڕژد و چرووک بوون؛ وشکەهەوەڕ بیەی.
ارزن روی چیزی پهن کردن: *[کنایی]* مەویژ لە سەر ڕەشکە هەڵخستن؛ بڕ و بیانوو هێنان بۆ نەدانی شتێک.
ارزنده / 'arzande/: *صفت.* هێژا؛ نایاب؛ زۆر بەنرخ ‹خدمت ارزنده؛ کتاب ارزنده: خزمەتی زور بەنرخ؛ کتێبی نایاب›.
ارزی / 'arzî/: *صفت.* سەر بە پارەی بیانی.
ارزیاب / 'arzyāb، ـها؛ ـان/: *اسم.* نرخبڕ؛ نرخێنەر؛ هەڵسەنگێنەر؛ خەمڵێنەر؛ نرخدانەر؛ قەرسێنەر؛ نەهێنەر؛ بەراوردکار؛ هێژانکار؛ کەسێ کە نرخی شتان دیاری دەکا.
ارزیابی / 'arzyābî، ـها/: *اسم.* هەڵسەنگێنی؛ بەراورد؛ ئەزمون؛ سەنگالی؛ سەنگاتی؛ قەبلی؛ خەمڵ؛ خەمڵێنەری؛ قەرسێنەری؛ نەهێنەری: ١. کار یان ڕەوتی هەڵسەنگاندن؛ دیاریکردنی بایەخی شتێک ‹هنر را نمی‌توان با معیارهای مادی ارزیابی کرد: ناکرێ هونەر بە پێومانگەلی مادی هەڵسەنگێنرێت› ٢. تۆژینەوەی قازانج و زەرەر یان خاسی و خراوی کارێ ‹ارزیابی کار مدیران: بەراوردی کاری بەڕێوەبەران› ٣. بەراوردی نرخ ‹ارزیابی مالی شرکت: سەنگاندنی مالی شەریکە›.
◙ **ارزیابی شده:** قەبلاو؛ خەمڵ کراو؛ قرساو؛ بەراوردکراو.
◙ **ارزیابی شدن:** قەبلین؛ هەسبان؛ نەهان؛ خەملان؛ قەرسان؛ نرخ لەسەر دانران.
ارزیابی کردن: خەمڵ کردن؛ نەهاندن؛ خەملاندن؛ بەراوردکردن؛ قەرساندن؛ قرساندن؛ هەڵسەنگاندن؛ هەڵسەنگانن؛ سەنگاندن؛ قەولانن؛ قەبلاندن؛ هێژاندن؛ نرخبڕین؛ نرخاندن؛ هەسباندن؛ گومان بردن؛ واتێگەیشتن؛ کرێشەیش؛ دەرهێنانی نرخی شتێ.
ارزیافت / 'arzyāft/: *اسم.* گوزارشت یان ئاکامی هەڵسەنگاندن.
ارزیدن / 'arzîdan/: *مصدر لازم.* // **ارزیدی:** ژیای؛ **می‌ارزی:** دەژی؛ **بیَرز:** بژی// هێژان؛ هەژیان؛ هێنان؛ ئێژەی؛ ئێژای؛ ژیان؛ ژان؛ هەرزین؛ نرخ هێنان: ١. بایەخدار بوون ٢. شیاو بوون. هەروەها: **ارزیدنی**
■ صفت فاعلی: **ارزنده** (هێژا)/ صفت مفعولی: **ارزیده** (هێژاو)/ مصدر منفی: **نَیرزیدن** (نەهێژان)
ارزیز / 'arzîz/: *اسم.* قالایی؛ قەلایی؛ ژرێژ؛ مز؛ کانزایەکی نەرمی سپیە، مسی پێ سپی دەکەنەوە.
ارژن / 'arjan/ ☜ بادام کوهی، **بادام**
ارس / 'ors، ـها/: *اسم.* سەندەلووس؛ ناوی چەند جۆر سەڵوی کێویە.
ارسال / 'ersāl/: [عربی] *اسم.* کل؛ کار یان ڕەوتی ناردن؛ هەناردن؛ بەرێ کردن؛ ڕەوانە کردن؛ کیاسەی؛ کیاستەی.
◙ **ارسال رادیویی:** ناردنی ڕادیۆیی؛ ناردنی پەیام لە ڕێگەی بێسیمەوە.
ارسال مَثَل: *[بدیع]* تێ هەڵکێشانی پەندێکی بەناوبانگ یان وتەیەکی جوان و

قووڵ لە هەڵبەستدا.

ارسال مراسلات: ناردنی نامەگەل.

◘ **ارسال شدن**: ناردران؛ بەڕێوە کران؛ کیاسیەی. هەروەها: **ارسال کردن**

ارسال داشتن: ناردن؛ هەناردن؛ کڵ کردن؛ بەڕێ کردن.

ارسالی / 'ersālî/: [عربی] *صفت*. ناردراو؛ ڕەوانەکراو؛ هەناردوو؛ بەڕێکراو؛ هەناردی؛ ناریاگ؛ کیاسیا.

ارسنیک / 'arsenîk/: [فرانسوی] /*اسم*. ئارسێنیک؛ توخمێکی کیمیایی ناکانزایە بە ژمارەی ئەتومی ۳۳ و کێشی ئەتومی ۷٤,۹۲، بە ڕواڵەت لە کانزا دەکا و ڕەنگی بۆرە: **آرسنیک**

◙ **ارسنیک سفید**: ئارسنیکی سپی؛ دەرمانی مشک.

ارسی / 'or(o)sî، ـها/: [روسی] /*اسم*. *[قدیمی]* ۱. عورووسی؛ ئورووسی؛ ڕەوانی؛ جۆرێ پەنجەرەی چێوی بە شیشەی ڕەنگاوڕەنگ و چکۆلەوە، کە هەڵدەدرێتەوە ۲. کەوش، بەتایبەت کەوشی چەرمی پاژنەدار و قەیتانی.

ارسیدوز / 'or(o)sîdûz، ـها/: [روسی/ فارسی] /*اسم*. *[قدیمی]* کەوشدوور؛ کەوشدروو؛ کەوشدۆز؛ پالاوراز.

ارش / 'araš/: /*اسم*. ئانیشک؛ لە سەر قامکە بالابەرزەوە تا بن ئێسک کە یەکەیێکی درێژایی پێوان بووە لە ڕابوردوودا و بەرامبەر بە دوو بست یان نیوگەزە: **رَش**

ارشاد / 'eršād، ـها؛ ـات/: [عربی] /*اسم*. ڕێنوێنی؛ ڕێشاندەری؛ ڕێنمایی؛ ڕێبەرنان؛ ڕێنمانی بەتایبەت لە بواری ئەخلاقی، کردەوە یان دینیەوە.

◘ **ارشاد شدن**: ڕێشاندران؛ ڕێنوێنی کران؛ ڕێبەرنران. هەروەها: **ارشاد کردن**

ارشادکننده / 'eršādkonande، ـها؛ ـگان/: [عربی/ فارسی] *صفت*. ڕێشاندەر؛ ڕێ‌پیشاندەر؛ ڕێنما. هەروەها: **ارشادکنندگی**

ارشادی / 'eršādî/: [عربی] *صفت*. ڕێشاندەری؛ ڕێنوێنی.

ارشد / 'aršad/: [عربی] *صفت*. ۱. گەورە؛ گەورەتر ‹فرزند ارشد: منالی گەورە› ۲. بالادەس؛ سەروو ‹درجه ارشد: پلەی سەروو›.

ارشدیت / 'aršadîyyat/: [عربی] /*اسم*. هەڤیازی؛ بالادەستی؛ سەری؛ بار و دۆخی بالادەست بوون.

ارصاد / 'ersād/: [عربی] /*اسم*. ئاسمان‌دۆزی؛ کار یان ڕەوتی ڕوانین بۆ ئاسمان.

ارض / 'arz، اراضی/: [عربی] /*اسم*. ۱. زەوین؛ زەوی؛ زەمین؛ ئەرز؛ هەرد؛ بوومی ۲. سەرزەوین؛ وڵات؛ مەڵبەند؛ هەرد و بووم.

ارضا / 'erzā/: [عربی] /*اسم*. دامەزراوی؛ دڵنیایی؛ کار یان ڕەوتی ڕازی‌کردن.

◘ **ارضا شدن**: ۱. ڕەحەت بوون؛ ڕازی بوون؛ دڵخۆش بوون؛ دابین بوون (یان بەدیهاتنی) خواست و ئارەزوو ۲. *[کنایی]* ئاوهاتنەوە؛ کاژێر بوون (بۆ پیاو)؛ زاوێر بوون (بۆ ژن)؛ ڕەحەت بوونی ژن یان پیاو لەباری جینسیەوە. هەروەها: **ارضا کردن**

ارضی / 'arzî/: [عربی] *صفت*. زەوینی؛ هەردی؛ ئەرزی؛ پێوەندیدار یان سەر بە زەوین.

ارعاب / 'er'āb، ـها/: [عربی] /*اسم*. کاری تۆقاندن؛ ترساندن؛ زراو بردن؛ زاڵە ترەکاندن؛ هەژڤاندن؛ هەڕەشە و گوڕەشە لێکردن. هەروەها: **ارعاب و تهدید؛ دست به ارعاب زدن**

ارغنون / 'arqanûn، ـها/: [معرب از یونانی] /*اسم*. ئەرغەنوون؛ چەشنێک ئۆرگی دەستی کۆن (ئامرازی مووسیقا).

ارغـــوان / arqavān'/:/اسـم. ئـەرخــەوان؛ ئـــەرغـــەوان: ١. /ـــهـــا/ دار ئـــەرخـــەوان؛ دارئـەرغـوو؛ دارێکـە گوڵـە هـەڵاڵـەی سـووری ئامـاڵ بـەنـەوش دەکـا و پـاش چـرۆ گـەڵا دەردەکـات ٢. /ـهـا/ گوڵـەئـەرغـوو؛ گوڵـی ئەرخەوان؛ گوڵی ئەو دارە.

ارغـــوانی[١] / arqavānî'/:/اسـم. ئـەرخـەوانی؛ ڕەنگی ئەرخـەوان؛ ڕەنگـی سـووری بریقـەداری ئاماڵ بەنەوش.

ارغـــوانی[٢]: صـفت. ئـەرخـەوانی؛ بـە ڕەنگـی ئەرخەوان.

ارغه / arqe'/ ☜ **آرقه**

ارفـــاق / erfāq'، ـــهـــا؛ ـات/: [عربـــی]/اسـم. پێبەخشیان؛ چاوپۆشـی یـان یاریدەیـەک کـە بـڕێک زیـاتر لـە هـەقـی خـۆی بـێ ‹اگـر معلم ارفاق نکرده بـود، قبـول نمـی‌شـدم: ئـەگـەر مامۆسـتا پێی نەدەبەخشیم سەر نەدەکەوتم›.

ارفاقـــــاً / erfāqan'/: [عربـــــی] قیـــــد. بەپێبەخشینەوە؛ لە ڕووی چاوپۆشیەوە.

ارقام / arqām'/: [عربی] جمعِ ☜ **رقَم**

ارقـــم / arqam'/: [عربـــی] جنجێـــر؛ جـــنجیر؛ ماری دوو ڕەنگ؛ ماری خاڵدار.

ارقـــه / arqe'، ـــهـــا/: صـفت. [گفتـاری] زرک و گزیکار؛ دەبـەکـار؛ تـەشـقەڵـەبـاز؛ فێـڵباز؛ (بـە هێما) سەگ؛ حەرامزا: **ارغه**

ارک / ark'/ ☜ **آرگ**

ارکان / arkān'/: [عربی] جمعِ ☜ **رُکْن**

◘ **ارکـــان اربعـــه**: چـــوار سروشـــت؛ چـــوار دیرەگی سروشت (ئاو، ئاگر، خاک، با).

ارکـان حـــرب: [قـدیمی] هیمـەکـانی شـەڕ؛ لێژنـــــەی لـــــەشـــــکەر؛ لێژنـــــەی ســـــپا؛ کۆڵەکەکانی شەڕ.

ارکان دولت: هیمـەکـانی دەوڵـەت؛ سـەران و سەرگەورەگـەلی دەوڵـەت؛ کۆڵـەکـەکـانی دەوڵەت.

ارکان نماز: کۆڵەکـەکـانی نـوێژ؛ هیمـەکـانی نوێژ (تەکبیرەتـولئیحـرام، وەسـتان، دانـەویـن و چوونە سوژدە).

ارکاندیــــــشن / e(y)rkāndîšen'/: ـهـــا/: [انگلیـــسی]/اســـم. بـــاگۆڕی؛ هـــەواگـــۆڕی؛ سیستەمێکە لە هێنـدێ مـاڵ و ماشـیندا، هـەوا دەگۆڕێ و سارد یان گەرمی دەکاتەوە.

ارکـــستر / orkes(t)r'، ـهـا/: [فرانـسوی]/اسـم. ئۆرکێستر؛ سازبەند؛ ڕستەی مۆسیقا ژەنان.

◘ **ارکـــــستر ســـــمفنیک**: ئۆرکێـــــستری سەمفونێک؛ سـازبەنـدێکی مـەزن بـریتی لـە چەندین ژەنیار بۆ هەرسازێک.

ارکـــستر فیلارمونیـــک: ئۆرکێـــستری فیلارموونیـک؛ گرووپـی ژەنیـاری سـەر بـە ئەنجومەنی فیلارموونیک.

ارکـــستر مجلـــسی: ئۆرکێـــستری کـــۆڕی؛ ســازبەنــدێک کــە ژمــارەی ژەنیــارەکــانی کەمتر لە دەکەسە.

ارکـــــــــستراسیون / orkestrās(i)yon'/: [فرانـــسوی]/اســـم. ئـــورکێـــستراسیۆن: ١. ســازبەنــدی و تــەکــووزکردنی ئاهــەنگێــک بــۆ کــاری هاوکــاتی چــەنــدین ســاز یــان ئۆرکێـــسترێک ٢. هونـــەری ســـازکردنی ئاهەنگ بۆ ئۆرکێستر.

ارکیـــده / orkîde'، ـهـا/: [فرانـسوی]/اسـم. ئورکیـدە؛ گوڵـێکی سـپی یـان چێـرەیـی زۆر جوانە و لە گوڵخانەدا باریدێنن.

ارگ / arg'، ـها/:/اسم. [قـدیمی] قـەڵا؛ دژ؛ دز؛ کەل؛ کەلـێ: ١. قـەڵاتـێ کـە لـە نێـو شـاردایە ٢. بنکـــەی چـــەکـــداری؛ پاســـگە؛ شـــوێنی هەڵـگرتن و پاراسـتنی چـەک و تـەقـەمـەنی ✻ **ارک**

ارگ / erg'، ـها/:/اسم. [فیزیـک] یەکـەی کـار یـان هێـز، بەرامبـەر بـە کارێـک کـە هێـزی یـــەک دیـــن(Dîn) لـــە گۆزاندنەوەیـــەک بـــە

ئەندازەی یەک سانتی‌میتردا دەیکا.

ارگ / org'، ـهـا/: [فرانسوی]/اسم. ئۆرگ؛ سازێکی گەورە بە چەن ڕیز دوگمەی دەستی و ڕیزێک دوگمەی پایی، بۆ دەرهێنانی چەند دەنگ پێکەوە.

▣ **ارگ دستی:** ئۆرگی دەستی؛ ئۆرگی وا کە هەڵبگیردرێ و ئەملا و ئەولای پێ بکرێ.

ارگان / orgān'، ـهـا/: [فرانسوی]/اسم. ۱. */زیست‌شناسی/* ئەندام؛ ئەنام؛ بەشێک لە لەش بە کاری تایبەتەوە ۲. ئورگان؛ گوتەبێژی بیر و بۆچوونگەلی ڕێکخراوە یان دەستەیێک ۳. بنکەی کۆمەلایەتی.

ارگانیزه / orgānîze'/: [فرانسوی] صفت. ڕێخراوە؛ ڕێکخراوە؛ سامان‌پێدراو؛ ڕێک‌وپێک‌کراو.

ارگانیسم / orgānîsm'، ـهـا/: [فرانسوی]/اسم. زیندەوەر؛ ژینەوەر.

ارگانیک / orgānîk'/: [فرانسوی] صفت. ۱. ئالی؛ ژینەوەری؛ سەر بە زیندەوەر ۲. ئەندامی؛ ئەنامی؛ سەربەئەندام؛ زیندەڵ.

ارگونومی / ergonomî'/: [فرانسوی]/اسم. ئێرگۆنۆمی؛ زانستێک کە بە چاوبڕین و کەڵک وەرگرتن لە ڕەوتە زیندەوەریەکان، تێدەکۆشێ ئامراز و کەرەستەی باشتر و بەکەڵک‌تر دروست بکا.

ارل / erl'، ـهـا/: [عربی]/اسم. ئێرل؛ نازناوی چینێک لە پیاو ماقوولانی ئینگلیز.

ارم / eram'/: [عربی]/اسم. */ادبی/* ۱. بەهەشت؛ بەهەشت ۲. ئێرەم؛ باغێک لە بەهەشتدا ‹باغ ارم: باغی ئیرەم›.

ارمغان / armaqān'، ـهـا/: [ترکی]/اسم. */ادبی/* دیاری؛ سەوقات؛ سەوقاتی؛ سلامانە؛ دەساوێز؛ دەستاوێز؛ پێشکێش؛ پێشکەشی؛ دیاری سەفەر ‹سیب‌زمینی، توتون و گوجەفرنگی، ارمغان دنیای جدید است: سێفەزەمینی، تووتن و تەماتە، دیاری دنیای نوێیە›. هەروەها: **ارمغان آوردن**

▣ **ارمغان مور:** */مجازی/* دیاری شوان؛ دیاری کەم و بچووک.

ارمنی / armanî'/:/اسم. هەرمەنی؛ ئەرمەنی؛ ئارانی: ۱. هۆزێک لە ڕەگەزی ئاریایی، دانیشتووی هەرمەنستان ۲. /ـها؛ ـان؛ ارامنە/ هەرکام لە کەسگەلی ئەو هۆزە ۳. یەکێ لە زمانگەلی هیندو ئورووپایی کە ئەرمەنیگەل قسەی پێ دەکەن.

ارموی / ormavî'، ـها؛ ـان/: [عربی] صفت. */ادبی/* ورمێیی: ۱. خەڵکی ورمێ ۲. سەر بە شاری ورمێ لە باکووری ڕۆژاوای ئێران.

ارنب / arnab'/: [عربی] ☜ **خرگوش ـ۱**

ارنعوت / arna'ût'، ـهـا/: [ترکی]/اسم. */گفتاری/* زلحۆرت؛ زلحۆ؛ زلک؛ تەژە؛ ترتەمان؛ بەلان؛ بڕبانە؛ حندرحۆ؛ قۆلەمە؛ زڕ و زەلام؛ گەبەزە؛ مرۆی لەش درشتی نەفام.

ارنه / arna'/: حرف. ئەگەرنا؛ ئەگینا؛ دەنا؛ ئەرنا؛ هەگەنا؛ وەرنا.

ارواح / arvāh'/: [عربی]/اسم. ۱. جمع ☜ **روح** ۲. */گفتاری/* گیان: *الف)* سەر؛ ئەرواح؛ ئەروا؛ وشەی سوێند پێ‌خواردن و سوێنددان ‹ارواح جدت این کار را نکن: تو سەری بابت، ئەم کارە مەکە› *ب)* گیان خۆت؛ وشەی سووکایەتی ‹ارواح بابات! خیال کردی بە این راحتی است؟: ئەرێ گیان باوکت! وات ئەزانی هەربەم ڕەحەتیەسە؟›.

▣ **ارواح خبیثه:** ئەرواحی دزێو.

ارواح طیّبه: ئەرواحی پاک.

اروپائی / urûpā'î'/: [لاتینی] ☜ **اروپایی**

اروپایی[1] / urûpāyî, 'oûrpāyî'، ـها؛ ـان/: [لاتینی]/اسم. ئورووپایی؛ فەرەنگی؛ هەرکام لە خەڵکانی ئورووپا یان زارۆکانیان ‹چند اروپایی

دیروز اینجا بودند: چەند ئورووپایی دوێکە لێرە بوون›.

اروپایی[٢]: *صفت.* ئورووپایی؛ پێوەندیدار یان سەر بە قورنەی ئورووپا ‹کشورهای اروپایی: وڵاتە ئورووپاییەکان›.

اروپیم / 'urop(i)yom/: [فرانسوی] *اسم.* ئوروپیۆم؛ توخمێکی کیمیایی کانزایی لە دەستەی لانتانیدەکان بە ژمارەی ئەتومی ٦٣ و کێشی ئەتومی ١٥١,٩٦.

اره / 'arre، ـها/: *اسم.* هەرە؛ ئەرە؛ بڕە؛ بڕەک؛ ئەڕا؛ مشار؛ تیغی ددانەدار بۆ شت (بەتایبەت دار) بڕینەوە.

▣ **ارەی آهن‌بری:** هەرەی ئاسنبڕ؛ هەرەی ئاسنبڕی؛ مشاری ئاسنبڕی؛ بڕە کی ئاسن. هەروەها: **ارەی سنگ‌بری**

ارەی برقی: هەرە بەرقی؛ هەرەی کارەبایی؛ بڕەکی کارەبایی؛ مشاریکارەبایی؛ بڕەکێ کە بە وزەی کارەبا کار دەکا. هەروەها: **ارەی دستی**

ارەی تَربَر: هەرەی تەربڕ؛ مشاری تەربڕ؛ مشاری تایبەتی بۆ بڕینی داری تەڕ.

ارەی درودگری: مشار؛ هەرە؛ ئامرازی ددانەداری دار بڕینەوە.

ارەی دوسر: خزار؛ خیزار؛ شەقەمشار؛ شەقە؛ گروەبڕ؛ مشاری دووکەسی: **ارەی دونفره**

ارەی دونفره ☜ **ارەی دوسر**

ارەی عمودی: هەرەی ئەستوونی؛ مشاری ئەستوونی؛ مشارێ کە هێڵی بڕینەوەی لە سەردا بۆ خوارەوەیە.

ارەی کمانی: کەوان هەرە؛ هەرەی تایبەت بۆ بڕینەوە و دەرهێنانی ناوی شتێ.

ارەی مویی: هەرە موویی؛ هەرەی تایبەتی کاری زۆر ناسک و ورد.

ارەی نواری: هەرەی نەواری؛ بڕەیەک کە تیکەگەلی چوار گۆشە و گردی پێ دەبڕنەوە.

▣ **اره چاق‌کردن:** ١. هەرە تیژکردنەوە؛ هەرە ساودان؛ ساوین و لە چەرخ دانی ددانەکانی هەرە ٢. *[کنایی]* هەڵخڕاندن و هەڵزرینگاندن بۆ ئاژاوە نانەوە.

اره دادن و تیشه گرفتن: *[مجازی]* شەڕە چەقە کردن؛ شەڕمە شەرعێ کردن؛ چەقە و هەرا کردن.

اره کردن: بە مشار بڕینەوە؛ داهێنان؛ هەڕەکردن.

ارەای / 'arre'î/: *صفت.* هەرەیی؛ مشاری؛ ئەڕەینە؛ هەڕەئاسا؛ هەرشتێکی وەک هەڕە.

ارەقلمه / 'arreqalame/: [فارسی/ عربی] ☜ **تبریزی**[١]

ارەکش / 'arrekeš، ـها؛ ـان/: *اسم.* شەقەکێش؛ هەڕەکێش؛ دارتاش؛ کەسێ کە بە مشاری زل کار دەکا.

ارەماهی / 'arremāhî، ـها؛ ـان/: *اسم.* هەرەماسی؛ هارەماسی؛ مشارە؛ جۆرێک ماسییە کە دەمی لە دوو ئێسکی وەک هەرە چێ بووە: **نیزەماهی**

اریب / 'orîb/: *صفت.* چەفتوور؛ شەفت؛ شەفتوور؛ شەفتوول؛ چەفتول؛ دۆلکان؛ دۆلگان؛ خوارەکە و پێچەکە؛ خوارەوخوار؛ شەت؛ شەتوور؛ چەفتبڕیاگ؛ تیلاوتیل؛ لاولا؛ لاونیو؛ پێلە؛ لار؛ گێڕ؛ قەناس؛ ئورووف؛ کەش‌تووش؛ کەش‌وتووش؛ لاترقەوچ؛ قیل‌قاج؛ قیلەوقاچ؛ قیرقاچ؛ قیلەوقانچ.

اریکه / 'arîke، ـها/: [معرب از فارسی؟] *اسم.* *[ادبی]* تەخت؛ کورسی لەسەر دانیشتنی پاشا.

اریگامی / 'orîgāmî/: [فرانسوی/ انگلیسی از ژاپنی] ☜ **کاغذوتا**

اریــــون / or(i)yon'/: [فرانـــسوی]/ســـم. ملـەماسـیێ؛ ملـەخـڕە؛ ملـەخـڕێ؛ ئۆریـۆن؛ پەنەمیانی زلی لووی بنگوێ: **اُوریُون**

از [1] / az'/: [عربـی] حـرف. لـە؛ جـە؛ ژ؛ ئـەژ؛ ژێ: ۱. نە؛ نیشانەی سەرەتایی ‹از سه سال پیش: لـە سـێ سـاڵ لـەمـەو پێشەوە› ۲. نیشانەی جووڵـە ‹از آن طـرف رفـت: لـەو لاوە چـوو› ۳. کـاری؛ بـەرهـەمـی؛ هـی؛ هینـوو ‹ایـن شعر از سعدی اسـت: ئـەم شیعره لـە سـەعدیـە› ٤. بـە هـۆی؛ بـە بۆنـەی ‹از او یـاد گـرفتم: لـە ئـەو فێـر بـووم› ٥. هـۆ؛ سـۆنگە ‹مـرگ از گرسـنگی: لـە برسـیەتیـدا مـردن› ٦. لـە بـەرامبـەر ‹از تـو نمـیترسم: لـە تـۆ ناترسـم› ۷. ئـەسـتۆ ‹از مـن کـاری برنمـیآیـد: کـارێ لـە دەسـتم نایـە› ۸. سـەبـارەت بـە؛ لـەمـەڕ ‹از کارهـایش مـیگفـت: باسـی لـە کـارەکانیـەوە دەکـرد› ۹. نیـشانەی هەموو یا بەشـێک ‹پـر از دشمن: پڕ لـە دوژمـن› ۱۰. نیـشانەی بـەرامبـەرکردنـەوە ‹ایـن از آن بهتـر اسـت: ئـەم لـە ئـەو باشـترە› ۱۱. نـە؛ نیـشانەی سـەرچـاوە یـان بنـەمـا ‹از خـانوادەی بزرگـی اسـت: لـە بنـەماڵـەیـەکـی گـەورەیـە› ۱۲. نیـشانەی جیـاوازی ‹دسـت آن میمـون از پـایش درازتـر اسـت: دەسـتی ئـەو مـەیموونـە لـە پـای درێژتـرە› ۱۳. نیـشانەی جـنس ‹از آهـن سـاختە شدە: لە ئاسن دروست کراوە›.

از- [2]: پیشوند. لـە؛ جـە؛ ژ؛ ئـەژ؛ ژە؛ لـەتـەک ناوێـک و چاوگێکـدا، چـاوگێکی نـوێ دروسـت دەکـا کـە پتـر بـار و دۆخێـک پیـشان ئە دا ‹از پـا افتـادن؛ از دسـت دادن: لـە پـێ کـەوتـن؛ ژدەسدان›.

ازا / ezā'/: [عربـــی] حـــرف. بــــەرامبـــــەر؛ بەرانبەری؛ وەراوەروو؛ هەمبەری؛ بارتەقای.

◙ **بە/ در ازای:** لـە بـەرامبـەر؛ جـە وەراوەروو ‹در ازای هـــر دلار ۱۰۰۰ تومـــان گرفـــت: لـــە بـەرامبـەر هـەر دولارێکـەوە ۱۰۰۰ تمـەنی وەرگرت›.

ازآب‌گذشته / azābgozašte'/، ــهـا/: صفت. /فرهنگ‌مـردم/ ۱. پـاک؛ خـاوێن؛ شـۆردراو (بـۆ خـۆراک) ۲. سـەوقـات؛ ئـەوەی کـە لـە شوێنێکیترەوە هێنرابێ.

ازار / ezār'، ــهـا/: [عربـی]/سـم. [قـدیمی] ۱. لۆنگ؛ فۆتە؛ قوماشـێک کـە لـە حـەمام بـەجێی دەرپـێ بـە دەور کـەمـەریانـدا دەبـەسـت ۲. پـاتۆڵ؛ پـانتۆڵ؛ ڕانـک؛ شـەل؛ شـواڵ ۳. شاشـیک؛ مێـزەر؛ مێـزەرە؛ مـشکی؛ جامانـە؛ سەروێـن ٤. چارشـێو؛ رووپـۆش؛ مـەلافـە یـان هـەر پۆشـەنێکـیتـر ٥. [فارسـی] ☜ **ازاره؛ هزاره**

◙ **ازار بستن:** پاتۆڵ و دەرپێ لە پێ کردن.

ازاره / ezāre'، ــهـا/: اسـم. پـادیوار؛ هێـزار؛ بەشی خوارووی دیوار کـە بـە بـەرد، کـەرپـووچ یـان کاشـی دەڕازێتـەوە و لـە بـەشـیتـری دیوارەکە جیا دەبێتەوە: **ازار؛ هزاره**

ازالـه / ezāle'/: [عربـی]/سـم. کـار یـان ڕەوتی لابردن؛ نەهێلان؛ لە بـەیـن بـردن؛ نـەهێشتن؛ لەبن هێنان؛ دوورکردنەوە یان لە نێو بردن.

◙ **ازالەی بکارت:** لابردنی کچێنی.

ازالەی مو: لابردنی موو؛ موو لابردن.

ازالەی نجاسات: لابـردنی پیـسی؛ نـەهـێلانی پیسی.

◙ **ازالـه شـدن:** لـە بـەیـن چـوون؛ لاچـوون؛ نەمان؛ نەمەنەی. هەروەها: **ازاله کردن**

ازالیـــد / ozālīd'/: [فرانـسوی]/سـم. /چـاپ/ ئوزالیـد؛ نـاوێکی بازرگانیـە بـۆ شـێوازێکی چاپکـردنی خـەریتـە و دەسنووسـان بـە سـەر کاغەزەوە، بە هەڵمی ئامۆنیاک: **اُوزالید**

ازآنـرو / azānrû'/: حـرف. /ادبـی/ بـەو بۆنـەوە؛ بۆیە؛ لە بەر ئەوە؛ بەو هۆیـەوە؛ قـەینـاو ئانـەیـە؛ وەروو ئانەیە؛ ژبـەرکـوو ‹کوهی ریزش کـرده بـود، از انـرو قطـار چنـد سـاعت تـأخیر داشـت: کێوێـک

دارمابوو، بەو بۆنەوە شەمەندەفەرەکە چەند کاتژمێژ وەدوا کەوت›.

ازبر / azbar'/: *قید.* لەبەر؛ لبەر؛ لەسینە؛ دەرخ؛ ئەزبەر؛ ژبەر؛ بە وەر؛ گوتنەوەی نووسراوە، شیعر یان پەخشانێک بە بێ چاو لێکردن.

▣ **ازبر بودن** ☜ **از برداشتن**

ازبر خواندن: لە بەر وتن؛ دەقێک لەبەر خوێندنەوە.

از برداشتن: لە بەر بوون؛ از بر بودن: **از بر بودن**

ازبر کردن: بەرکردن؛ لە بەرکردن؛ دەرخ کردن؛ دەقێک بە دڵ سپاردن.

هەروەها: **ازبر شدن**

ازبرکردنی / azbarkardanî'، ـها/: *صفت.* لەبەرکردنی؛ دەرخی؛ بە بار و دۆخێکی پێویست و گونجاو بۆ لە بەر کردن.

ازبک / ozbak'/: [مغولی]/*اسم.* ئوزبەک: ۱. ناوی گشتی خەڵکی زەرد پێست و ڕەگەز تورکی دانیشتووی ئوزبەکیستان لە ئاسیای ناوڕاستدا ۲. /ـها؛ ـان/ هەر یەکە لە خەڵکی ئەو هۆزە ۳. زمانی ئوزبەکی.

ازبکی / ozbakî'/: [مغولی]/*اسم.* ئوزبەکی؛ زمانی خەڵکی ئوزبەک، لە زمانگەلی ئوڕاڵ- ئاڵتایی.

ازپاافتاده / azpāoftāde, -'oftāde' ـها؛ ـگان/: *صفت.* لە پێ کەوتوو؛ بێ تەشە؛ بێ هاز؛ بێتان؛ بێتقاب؛ لە پاکەفتی؛ بێ هێز و بێ تین لە درێژەدانی تەقالا و تێکۆشاندا.

ازت / azot'/: [فرانسوی] ☜ **نیتروژن**

ازته / azote'/: [فرانسوی] *صفت.* ئەزۆتدار؛ نیترۆژندار.

ازجان‌گذشته / azcāngozašte'، ـها؛ ـگان/: *صفت.* لە خۆ بوردوو؛ لە گیان بوردوو؛ گیان لە سەر دەست.

ازخدابی‌خبر / azxodābîxabar'، ـها؛ ـان/: [فارسی/ عربی] *صفت.* لە خوا دوور؛ خوا نەناس؛ بێ بڕوا بە خوا یان بێ خەبەر لە ئامۆژگاریگەلی خواناسی.

ازخداخواسته / azxodāxāste'/: *قید.* لە خواییەوە؛ لە خوا گەرەک بووگ؛ بە خوازیاری و تامەزرۆیەکی زۆرەوە ‹تا گفت برو، من هم ـــ از خدا خواستهــ راه افتادم: لە خواییەوە گوتی برۆ، منیش کەوتمە ڕێ›.

ازخودبیگانگی / azxodbîgānegî'/: *اسم.* [روانشناسی] لە خۆ نامۆیی؛ لە خۆبێگانە یی؛ لە خۆ بوویی؛ نەخۆشیەکی ڕەوانییە دەبێتە هۆی نامۆ بوونەوەی نەخۆش لە دنیای دەور و بەری و کار لێ‌نەهاتووی.

ازخودبیگانه / azxodbîgāne'، ـها؛ ـگان/: *صفت.* لەخۆنامۆ؛ لەخۆبووگ؛ لەخۆبێگانە؛ لەخۆ بیانی؛ نەخۆشی لەخۆ نامۆیی.

ازخودراضی / azxodrāzî'، ـها؛ ـان/: [فارسی/ عربی] *صفت.* گوریخ؛ لەخۆ بایی؛ بەفیز؛ لەخۆ ڕازی؛ خۆپەسن؛ وێ وین.

ازخودگذشتگی / azxodgozaštegî'، ـها/: *اسم.* لە خۆبوردوویی؛ کار و ڕەوتی چاو لە گیان یان ماڵی خۆ پۆشین، لە بەر کەسێک یان ئامانجێک.

ازخودگذشته / azxodgozašte'، ـها؛ ـگان/: *صفت.* لە خۆ بوردوو؛ دەست لە ژیان بەرداو؛ خوازیاری لە خۆ بوردوویی.

ازدحام / ezdehām'، ـها/: [عربی]/*اسم.* جمە؛ گورمۆرە؛ ئاپۆرە؛ پڕ؛ کۆما؛ گژ-گژ؛ گورتل؛ هەزارەزیلە؛ زلە؛ حەشامات؛ خلەپۆرت؛ گوردەم؛ هەیشت؛ قەرەباڵغ؛ چڕەبەندان؛ پڕایی و تێکەڵ-پێکەڵی.

▣ **ازدحام کردن:** کۆبوونەوە؛ ئاپۆرەدان؛ کۆمرەدان؛ کەڵەکە کردن؛ لێک وەرهاتن؛ داباران؛ پوورەدەی؛ لە شوێنێک گلێر

بوونــەوە، لێــک ترنجــان و هــەرا و هوریــا کــردن. هــەروەهــا: **ازدحــام بــودن؛ ازدحــام شدن**

ازدحـــــام‌هراســـــی / ezdehāmharāsî'/: [عربــی/ فارســی] اســم. [روانــشناسی] تــەرەدوا؛ ترسی نەخۆشانە لە شوێنی پڕ لە خەڵک.

از دســت‌رفتــه / azdastrafte'، ـهــا؛ ــگــان/: صـفت. لـە دەسـت‌چـوو؛ لـە کـیس‌چـووگ؛ لـە دەس چیـو؛ بـە بـێ دەسـت پێگەیـشتن یـان کـارایی پێـشوو ‹زنـدگی از دسـت رفتـه: ژیـنی لـە دەست‌چوو›.

ازدواج / ezdevāc'، ـهـــا/: [عربـــی] اســـم. ۱. جـــووت‌بـــوون؛ ژن و شـــوویی ۲. لفگـــری؛ لفگـیری؛ یـەک‌گـیری؛ هـەڵـوەژاردنی دوو بـە دووی شـتان ۳. [گفتـاری] زەمـاوەن؛ زەمـاوەنـد؛ زەماوەنە؛ زەهاسە؛ گۆڤەند؛ گۆبەند.

▣ **ازدواج کـردن**: جـووت‌بـون؛ لفگـرتن؛ شـوو کردن یان ژن هێنان.

بـه ازدواج کـسی درآمـدن: بوونـە هـاوژینی کەسـێک؛ بوونـە هـاوجووتی کـەسـێ؛ بوونـە ژنی کـەسـێ. هـەروەهـا: **بـه ازدواج کـسی درآوردن**

ازدیـــــاد / ezdiyād'/: [عربـــی] اســـم. زۆری؛ فرەیی؛ ڕەوتی زێدە بوون؛ زۆر بوون.

ازرق / azraq'/: [عربـی] صـفت. [ادبـی] نیلـی؛ چـویتی؛ کـەوگ؛ خمـی؛ کـەوە؛ کـۆ؛ کـەو؛ کۆڵە.

ازرق‌چـــشم / azraqčešm'، ـهـا؛ ــان/: [عربـی/ فارسی] صفت. [ادبی] چاوکەوگ؛ چەمەکۆڵە.

ازرق‌فـــام / azraqfām'/: [عربـــی/ فارســـی] صفت. [ادبی] نیلیواشە؛ کەوگ؛ خمیگۆن.

اززیر کـــاردررو / az.zîrekārdar.row'، ـهـــا/: صفت. [گفتـاری] هەمین؛ خۆ لـە کـار نـەدەر؛ کـار نەویـست؛ پـاش‌گـوێ خـەری کـار؛ تـەوەزەل و مەیلەو بێکاری.

ازقضا / azqazā'/: [عربی/ فارسی] ☜ **قضا**

ازکارافتــــادگی / azkāroftādegî, -'oftādegî'/: اسم. لـە کارکـەوتـوویی؛ لـە کارکـەوتـەیـی؛ پـەک‌کـەوتـەیـی: ۱. بـار و دۆخـی لـە کـار کـەوتـن ۲. بـار و دۆخـی لـەدەس‌دانی هێـز و توانـای کـار کـردن، بـە هـۆی نـەخۆشـیەکـی سەخت یان ناتەواوی ئەندامیەوە.

ازکارافتــاده / azkāroftāde, -'oftāde'، ـهـا؛ ـگان/: صفت. لە کارکـەوتـە؛ لـە کـەڵـک‌کـەوتـە؛ بـێ‌بـەهـرە؛ لـە کارکـەوتـوو؛ لێکـەفتـگ؛ پەک‌کەوتە؛ کـەفتـەکـار؛ ئاڕفتـە؛ کـەڵـک‌بـڕاو؛ ژهێزکەتی؛ لەکارتـە؛ لـەکارکـەفتـگ؛ لـەنگـەر؛ لێ‌کەوتوو؛ خرخپ‌کەفتە.

ازکیا / azkiyā'/: [عربی] جمعِ ☜ **زَکی**

ازگیـــل / azgîl'، ـهــا/: اسـم. ئیزگیـــل؛ گـــویژەمـــازەنی: ۱. داری ئیزگیـــل ۲. میـــوەی ئیزگیـــل؛ میـــوەیـــەکـــی مێخۆشـــی ئـــاودارە، ئەوەندەی گوێزێک دەبێ.

ازل / azal'/: [عربـــی] اســـم. ئـــەزەل؛ ئـــەزەڵ؛ پێشینەترین: ۱. کـاتی بـێ دەسـپێک کـە هـەر بووە ۲. [فلسفه] بـێ‌سـەرەتـا؛ ئـەوەی هـەر بـووە و هەردەمێنێ؛ ئەو شـتە کـە دەسـپێکی نـەبـێ یان بوونی هەمیشەیی و هەتاهەتاییە.

ازلـــی / azalî'/: [عربـــی] صـــفت. ئـــەزەلی؛ ئەزەڵـی؛ هـەربـوو؛ هـەمیـشەیـی؛ هـەمیـشەوا؛ جاویدان.

ازلیـــــت / azalîyyat'/: [عربـــــی] اســـــم. هەتاهەتایی؛ هەرمەنی؛ هەرماوی.

ازمـــــابهتران / azmābehtarān'/: اســـــم. [مجـازی] مـەچێتـر: ۱. جنۆکـە؛ هـەجنـە ۲. دەسـەڵاتـداران؛ مـل‌پانـان؛ سـەر زلان؛ خـاوەن زۆر و دەسچووانی کۆمەڵگا.

ازملـک / azmalak'، ـهـا/: [معـرب از لاتینـی] اسم. قنگاولە؛ قنگاوڵێ؛ دووپـەلـە؛ گیایـەکـە بـە ســاقەتــەی دڕک‌دار و گوڵـــی ســـەوزی

هۆشەییەوە کە بۆ دەرمان بە کەڵکە: **ازملکی**

ازملکی / azmalakî'/: [معرب] ☜ **ازملک**

ازمنه / azmene, 'azmane'/: [عربی] جمعِ ☜ **زَمان**

ازن/ ozon'/: [فرانسوی/ انگلیسی] /اسم. ئوزون؛ گازێکی ئاوی کاڵ و بۆدارە لە سەرووی هەوادا و بەر ئازاری تیشکی خۆر دەگرێ: **اُوزن**

از و التماس / ezzo'eltemās'/: [فارسی/ عربی] ☜ **اِزّوجِز**

ازوجز / ezzocez'، ـها/: اسم. [گفتاری] تکا و لاڵە؛ ناڵە و نووکە؛ لاڵە؛ لالکە؛ لاڵە و پاڵە: **ازّوجز؛ ازّوالتماس**

▣ **ازّوجز کردن**: لالانەوە؛ لاڵیانەوە؛ پاڕانەوە؛ تکا و لالەکردن.

به ازّوجز افتادن: کەوتنە لالانەوە؛ کەوتنە پاڕانەوە؛ کەوتنە لاڵە و پاڵە؛ دامان و کەوتنە لالانەوە.

ازوچز / ezzočez'/ ☜ **ازوجِز**

ازهم‌پاشیدگی / azhampāšîdegî'، ـها/: [عربی] /اسم. لێک‌بلاوی؛ لێک‌پەرژاوی؛ لێک‌بەربوویی؛ داوەشیاگی؛ هەرشیاگی؛ هەراش‌ـهەراشی؛ پەرپتین؛ هەرشاوی؛ پروسکانی؛ دۆخ یان چۆنیەتی لێک بەر بوون.

ازهم‌پاشیدن / azhampāšîdan'/ ☜ **هم**[1]

ازهم‌پاشیده / azhampāšîde'/: صفت. لێک‌بلاو؛ لێک پەرژاو؛ هەراش؛ لە بەریەک هەڵوەشاو؛ ڕیزاڵ؛ دارزاو؛ داتوولاو؛ دارزیاگ؛ دارزیو؛ داپژیاگ؛ بە دۆخ یان چۆنیەتی لێک بەربوون و نەمانی یەکپارچەیی.

ازهم‌گسسته / azhamgosaste'/: صفت. لێک‌براو؛ لێک‌پساو؛ لێک‌قەتیاو؛ دەس لە یەک بەرداگ؛ دۆخ یان چۆنیەتی لە بەر یەک چوون.

ازیادرفته / azyādrafte'، ـها؛ ـگان/: صفت. لە یاد چوو؛ لە بیرەوەچوو؛ لە بیرەوچووگ؛ لە بیرکراو؛ جەویرشیە؛ لە بیربراو؛ دورزتی؛ فەرامۆش‌کراو.

ازینرو / azînrû'/: حرف. [ادبی] بەم‌بۆنەوە؛ بۆیە؛ بەم‌هۆیەوە؛ لەبەر ئەمە؛ پۆکێ؛ پەوکێ؛ پەوکی؛ پەوکەی؛ پەرەوکێ؛ پەوچی ‹فردا نمی‌توانم بیایم، ازینرو بهتر است امروز کار را تمام کنم: بەیانی بۆم ناکرێ بێم، بۆیە باشترە ئەمڕۆ کارەکە تەواو بکەم›.

اژدر / ajdar, 'ejdar'، ـها/: اسم. ئەژدەر؛ جۆرێ مووشەکی ژێر ئاو.

اژدرافکن / ajdarafkan'، ـها/: اسم. ئەژدەرخەر: ۱. قایقی توند و تیژ بۆ هەڵگرتن و خستنی ئەژدەر ۲. کەسێ کە بەو ئامرازە کار دەکا.

اژدرانداز / ajdarandāz, 'ejdar-'، ـها/: اسم. ئەژدەرخەر؛ ئەو کەسەی بەرپرسی خستنی ئەژدەرە.

اژدرمار / ajdarmār, 'ejdar-'، ـها؛ ـان/: [عربی] /اسم. ئەژدەرمار؛ تیرەیەک ماری گەورە کە زۆرتر بێ‌ژارن.

اژدها / ejdehā, 'ajdahā'/: [عربی] /اسم. زیا؛ هەژدیها؛ حەزیا؛ زەها؛ هەزیا؛ ڤژاف؛ عەزیا؛ حەفی؛ ئەلهوو؛ ئەژدیها؛ ئەژدەها؛ زهار؛ زهاک: ۱. /ـها؛ ـیان/ ماری گەورەی چیرۆکان کە لە دەمیەوە ئاگر دەبارێ، باڵ دەگرێتەوە و زیان دەگەیێنێ ۲. [نجوم] برجێکی ئاسمانی ۳. شامار؛ زڕەمار؛ ماری گەورە.

▣ **اژدهای پرنده**: زیافرە؛ هەژدیهای باڵگر؛ ئەژدەهای فڕندە.

اژکتور / ejektor'، ـها/: [فرانسوی] /اسم. تورومپا.

اس / os(s)'، اساس/: [عربی] /اسم. [نامتداول] بناغە؛ بنەڕەت؛ بنەما؛ پێزە؛ شەنگستە.

▣ **اس اساس:** *[مجازی]* بەردی بناغە؛ بەردی بنەڕەت.

اسائه / esā'e'/: [عربی]/*اسم*. ١. خراپکاری ٢. خراپەکاری؛ خوو و ڕەوشتی خراپ ٣. خراپی؛ چەوتی.

▣ **اسائەی ادب:** بێئەدەبی؛ ڕووداری ‹اگر خدا نکرده به جنابعالی اسائەی ادب شده، باید به بزرگواری خودتان ببخشید: ئەگەر خوا نەخواستە بە بەڕێزتان بێئەدەبیەک کراوە، دەبێ بە گەورەیی خۆتان ببوورن›.

اساتید / asātîd'/: [عربی] جمعِ ☜ **أستاد**

اسارت / esārat, 'asārat'، ـها/: [عربی]/*اسم*. دیلیەتی؛ دۆساخی؛ هێسیرێنی؛ یەخسیری؛ بەردەستی: ١. کۆیلایەتی؛ کۆیلەتی؛ کۆیلەیی؛ کۆلەتی؛ لێزیەتی؛ بەنەیی ٢. گیرۆدەیی؛ گراوی.

▣ **به اسارت افتادن:** بە دیلی گیران؛ بە دیل‌گیران؛ بە دیل چوون؛ دیل بوون.

به اسارت بردن: بە دیل‌گرتن؛ بە دیلی بردن.

به اسارت گرفتن: دیل‌کردن.

اسارتبار / esāratbār, 'asārat-'/: [عربی/ فارسی] *صفت*. دیلمەندانە؛ دۆساخانە؛ مایەی دیلی ‹قرارداد اسارتبار: بڕیارنامەی دیلمەندانە›.

اسارون / asarûn'/: [؟]/*اسم*. هەنیووکە؛ هەنیۆکە؛ ڕووەکێک لە تیرەی کالەکەمارانە کە لە ناو جەنگەڵ و شوێنی ساردەسێردا دەڕوێ و بۆنێکی ناخۆشی هەیە.

اساس / asās'، ـها/: [عربی]/*اسم*. بناخە؛ بناغە؛ بنواشە؛ بنڕەخ؛ بنەڕەت؛ شەنگستە؛ خیم؛ هیم؛ هێم؛ بنچینە؛ بنچەک؛ ما؛ سۆکین؛ تین؛ کرۆک ‹اساس کار باید درست باشد: بناخەی کار دەبێ دروست بێ›.

اساساً / asāsan'/: [عربی] *قید*. هۆرا؛ لەخۆی دا؛ لە بنەڕەتدا؛ لە بنەڕەتا؛ جە بنەنە؛ لە بنەڕەتەوە؛ لە ماوە ‹این خانه اساساً خراب است: ئەم ماڵە لە بنەڕەتدا خراپە›.

اساسنامه / asāsnāme'، ـها/: [عربی/ فارسی] /*اسم*. بنواشەنامە؛ هیمنامە؛ کۆمەڵەی ڕێوڕەوشتێک کە بە مەبەستی بەڕێوەچوونی کار لە بنکەیەکدا (هاوبەشگە، ئەنجومەن، ڕێکخراوە) داڕێژراوە.

▣ **اساس نهادن:** قەنانەدن؛ هیم دانان؛ بناغە داڕژتن/ دارشتن.

اساسی / asāsî'/: [عربی] *صفت*. کرۆکی؛ بنەڕەتی؛ هیمی؛ بناخەیی؛ پێوەندیدار یان سەر بە بناخەوە ‹کار اساسی: کاری بناخەیی›.

اساطیر / asātîr'/: [عربی] جمعِ ☜ **أسطوره**

اساطیری / asātîrî'/: [عربی] *صفت*. دیرۆکی؛ ئەفسانەیی؛ پێوەندیدار یان سەر بە ئەفسانە و دیرۆکەوە.

اسامی / asāmî'/: [عربی] جمعِ ☜ **اِسم**

اسانس / esāns'، ـها/: [فرانسوی]/*اسم*. ئیسانس: ١. ماکێکی بۆنخۆش یان خۆش چێژە کە زیاتر لە گوڵ و میوە دەگیردرێ ٢. شیرە؛ جەوهەر.

اسب / asb'/: /*اسم*. ئەسپ؛ هەسپ؛ ماڵ؛ چروە: ١. /ـها؛ ـان/ یاو؛ گیانلەبەرێکی ئالفخۆر، سواریدەر و بارهەڵگرە بە دەنگ و ڕەگەزگەلی جۆراوجۆر و ناوی جیاجیاوە ٢. یەکێ لەمۆرەکانی شەترەنج ٣. حەوتەمین ساڵ لە ساڵگەلی ڕۆژمێری تورکستانی ☜ **تقویم** ٤. بەشێک لە ماشێنی ترەیلی کە موتور و وەتاغ دەگرێتەوە.

▣ **اسب آبی:** ئەسپی ئاوی؛ گیانلەبەرێکی ئالفخۆری زۆر گەورەی دەست و پێ کورتە کە لە ئەفریقا، لە پەنای چۆم و پاڵ ڕووباراندا دەژی.

اسب ابلق: کل؛ ئەسپی سپیلک؛ ئەسپی خاڵ-خاڵی سپی و ڕەش و...

اسب اصیل: مانەک؛ ئەسپی ڕەسەن؛ هەسپی کەحێل.

اسب بخار: یەکەی پێوانی توان (قەوەتی ماشین) بەرانبەر بە ٧٤٧,٧ وات.

اسب تازی: ئەسپی عەرەبی؛ نەژادێکی بەناوبانگی ئەسپە کە زۆر جوان و وریا و بەتاقەتە: **اسب عربی**

اسب تشریح: *[کنایی]* ئەسپی لەڕ؛ ئەسپی وا کە ئێسکەکانی لە ژێر پێستەوە دیاربێ.

اسب تعلیم‌ندیده: وشکەڕۆ؛ ئیشکەڕۆ؛ ئەسپی ڕانەهێنراو.

اسب چپ: ئەسپێک کە لاقێکی سپی و سێ لاقی ڕەش بێ.

اسب چموش: تووش؛ چارەوای کارگز و هاوێژ.

اسب خوشرو: بەدەو؛ ئەسپی خۆشبەز.

اسب راست: ئەسپێ کە لاقێکی ڕەش و سێ لاقی سپی بێ.

اسب رام‌نشده: سەروشک؛ ئەسپی ڕانەهێنراو؛ تۆڕ؛ ئەسپی یاخی؛ چارەوای بار نەکراوی زین نەدیتوو.

اسب رودخانه: ئەسپی ئاوی.

اسب رهوار: یەکران؛ خۆشبەز؛ ڕەجوان؛ ڕەهوان؛ ڕەوان؛ ئەسپی خۆشڕۆ.

اسب سرکش: تۆسن؛ سەرکێش؛ نارام.

اسب شاه: ئەسپی شا؛ ئەسپی شەترەنج، ئەوی لە شا نزیکترە. هەروەها: **اسب وزیر**

اسب عربی ☜ **اسب تازی**

اسب غنیمتی: یەخترمە؛ یەختەرمە؛ ئەسپ و مایینی تالانی.

اسب گشن: مایین بەراز؛ مایین وەراز؛ ئەسپی فەحل کە ماینی لێ چا دەکەن.

اسب ماده: مایین؛ ماهین؛ مەینە.

اسب مَراد: *[کنایی]* شانس؛ بەخت.

اسب مسابقه: هەسپی بەزا؛ ئەسپی گریوەغار.

اسب نجیب: ڕەسەن؛ کەهێل؛ کەحێل؛ کحێل؛ کەحلان؛ محەنەک.

اسب یدک: یەخترمە؛ یەختەرمە؛ یەدەک؛ ئەسپێ کە بۆ نۆرە پێکردن دەگەڵ سواردایە؛ ئەسپی بەزین کە لە دوای سوار دەڕوا.

اسب یورتمه: لەقلۆق؛ قەترە؛ قۆرتە؛ ئەسپ یان ماینێک کە بە گورگەلۆقە دەڕوا.

▣ **اسب برداشتن:** ئەسپ هەڵگرتن؛ ڕەڤکردنی ئەسپ.

اسب پیشکشی را دندان شمردن: *[کنایی]* داوای باقیەکەی کردن؛ چاوچنۆک و زۆر ویست بوون.

اسب تاختن: ئەسپ تاودان؛ غاردانی ئەسپ؛ هەسپ لینگاردن؛ ئەسپ لنگاردان.

اسب دادن و خر گرفتن: *[کنایی]* کەر بە کۆپان گۆڕینەوە؛ سەودای بێقازانج و بە زەرەرکردن.

اسب را تاراندن: تاودانی ئەسپ؛ غاردانی ئەسپ.

اسب زین کرده را سوار شدن: *[کنایی]* حازر خواردن؛ بەهرە بردن لە بەرهەمی کاری کەسانیتر.

اسباب / asbāb'/: [عربی]/*اسم*. ١. جمعِ ☜ **سَبَب** ٢. ئەسپاب؛ ئامێر و ئالاف؛ کەلوپەل؛ ئەنجاڵ؛ ئەسپاو؛ ئەشمەک؛ شمەک؛ ئامراز؛ ئامێر؛ والە؛ وردەوالە ‹اسباب کار: کەلوپەلی کار› ٣. هۆ؛ مایە ‹اسباب دلخوری: هۆی دلمەندی›.

▣ **اسباب بازی** ☜ **اسباب‌بازی**

اسباب زحمت: *[گفتاری]* هۆی زەحمەت ‹اسباب زحمت برایتان فراهم کردیم: بووینە

هوی زەحمەتتان›.
اسباب سفر ☜ **توشه ـ٢**
اسباب صورت: دەم و چاو؛ ئەندامەکانی ڕوومەت (وەک چاو، برۆ، دەم، گوێ و...).
اسباب کار: ئامرازی کار؛ ئامێری پێویست بۆ ئەنجامدانی کار.
▣ **اسباب حرف شدن:** *[گفتاری]* قسه لێ هەستان/ هەڵسان؛ هۆی وتوویژی ناخۆش بوون ‹کاری کن که اسباب حرف نشود: وابکه قسەی لی هەلنەستی›.
اسباب‌بازی / asbāb(e)bāzî'، ـها/: [عربی/ فارسی] *اسم.* لیزۆک؛ لێزۆک؛ لەیزۆک؛ لەیزتۆک؛ لەیستۆک؛ لیستۆک؛ ئامرازی گەمە.
اسباب‌چینی / asbābčînî'/: [عربی/ فارسی] *اسم.* پێکهانی؛ ڕەوتی بەرهەڤکرنی دەسپێکی پێویست بۆ جێبەجێ کردنی کارێک.
اسباب‌سفره / asbāb(e)sofre'/: [عربی/ فارسی] *اسم.* کاسەوکەوچک؛ کاسەوکوچەلە؛ دەفر؛ ئەسپاو سەر سفرە؛ ئەوشتانەی کە لە کاتی چێشت خواردندا پێویستن (وەک کەوچک، چنگاڵ، خوێدان و...).
اسباب‌کشی / asbābkešî'، ـها/: [عربی/ فارسی] *اسم.* ماڵ گۆزینەوە: ١. کار یان ڕەوتی بردنی هەموو یان بەشێکی زۆر لە کەل‌-پەلی کار یان ماڵ، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر ٢. *[مجازی]* ئەسپاوکێشی؛ کەلوپەل کێشی؛ گواستنەوە؛ گۆزانەوە؛ گۆزینەوە؛ ماڵ گۆزانەوە؛ یانەوە وارەی ‹هفته‌ی دیگر اسباب کشی دارند: حەوتوویەکی تر ماڵ گوزینەوەیانە› ✻ **اثاث کشی**
اسبان / asbān'/: *اسم.* یەکسم؛ چارەوێیان؛ یەکسم گەل؛ یەکسمان (وەک ئەسپ و هێستر و قاتر و کەر).
اسبداری / asbdārî'، ـها/: *اسم.* ١. گەوڕ؛ تەویلە؛ تەوێلە؛ پشتێر؛ پشتیر؛ جێگەی ڕاگرتن و بەخێوکردنی ئەسپ ٢. مەیتەری؛ کاری ڕاگرتن و بەخێوکردنی ئەسپ.
اسبدوانی / asbdavānî'، ـها/: *اسم.* غارغارێن؛ شەڕناخێوی؛ شەڕانخێوی؛ کاری غارغارێن بە ئەسپان لەپاڵ یەکتریدا، بۆ هەڵسەنگاندنیان و بەراوردی ڕادەی سوارچاکی سواران.
اسبرز / asbrez'/ ☜ **آسپریس**
اسبریس / asbrîs'/ ☜ **آسپریس**
اسبق / asbaq'/: [عربی] *صفت.* پێشووتر؛ لەمەو بەرتر؛ چیەو وەڵتەر؛ پێشتر لە پێش.
اسبک / asbak'/: *اسم.* ددانەی کلیل.
اسبل / osbol'/: *اسم.* *[گفتاری]* ١. تاڵ؛ سپڵ؛ دێدک ٢. سنان؛ ستان؛ سندان؛ پەنەمانی بن‌هەنگڵ.
اسپاسم / espāsm'، ـها/: [فرانسوی] *اسم.* *[پزشکی]* ڕەگ‌گرتوویی؛ گیرانی کوتوپڕی و توندی یەک یان چەند ماسوولکەی لەش.
اسپاگتی / espāgetî'/: [فرانسوی/ انگلیسی از ایتالیایی] *اسم.* ماکارۆنی.
اسپانیائی / espān(i)yāʾî'/ ☜ **اسپانیایی**
اسپانیایی[1] / espān(i)yāyî'/: *اسم.* سپانیول: ١. لە زمانە ڕۆمیەکان کە ئێستا لە سپانیا، میکزیک، ئەمریکای ناوەندی و باشووری قسەی پێ‌دەکەن ٢. ـها؛ ـیان/ خەڵکی سپانیا ✻ **اسپانیول؛ اسپانیائی**
اسپانیایی[2]: *صفت.* سپانی؛ سپانیایی؛ پێوەندیدار یان سەر بە سپانیا ‹موسیقی اسپانیایی: مووسیقای سپانی›: **اسپانیائی**
اسپانیول / espānyol'/: *صفت.* سپانیول؛ سپانیایی.
اسپر / espar'، ـها/: *اسم.* *[قدیمی]* ئاسپەڕ؛ باروom؛ دیوارۆکەی لە حەوشە و پێش وەتاخ دروستکراو بۆ ئەوەی لە دەرەوە نێو ژوورەکە

دیار نەبێ.

اسپرانتو / 'esp(e)ranto/: [فرانسوی]/اسم. سپرانتۆ؛ یەکێ لە زمانە داندراوەکان، بۆ باشتر لێک گەیشتنی گەلان، دانراوی دوکتور زاینهوفی لیهستانی (١٨٥٩-١٩١٧ ز.).

اسپرت[1] / 'esport/: [انگلیسی]/اسم. وەرزش.

اسپرت[2]: صفت. ١. وەرزشی ٢. وەرزشکار؛ وەرزش دۆست.

اسپرز / 'esporz/:/اسم. تاڵ؛ تەحاڵ؛ سپڵ؛ دیدک؛ دێدک؛ دیدەڕەش.

اسپرزه / 'esporze/ ☜ **اسفرزه**

اسپرس / 'esper(e)s، ـها/:/اسم. خاشە؛ شەوەرە؛ شەوەن؛ ڕووەکێ لە تیرەی شەوەرگ کە ئالفێ خۆشخۆری بۆ ئاژەڵ هەیە.

اسپرغم / 'esparqam، ـها/:/اسم. ئەسپەرەم؛ ڕەشەڕێحانە؛ سیاو ڕێحان: **شاه اسپرغم؛ شاهِسپَرَم**

اسپرک / 'esparak، ـها، ـان/:/اسم. پیژگ؛ ئەسپەرە؛ گێنوو؛ زەرتک؛ خاکشیرە دەیمیلە.

اسپرم / 'esperm، ـها/: [فرانسوی]/اسم. ١. ئیسپێرم؛ تۆم؛ بەشی گیانداری بە جوولە لە نێو تۆماوی نێرینەدا ٢. [مجازی] شاوەت؛ ئاوی پشت؛ تۆماو: **اسپرماتوزوئید**

اسپرماتوزوئید / 'espermātozo'īd، ـها/: [فرانسوی]/اسم. [زیست‌شناسی] ☜ **اسپرم ـ ١**

اسپری / 'esp(e)rey، ـها/: [انگلیسی]/اسم. پژانە؛ ئامێرێک کە تراو دەپژێنێ * **آیروسل؛ افشانه**

اسپریز / 'asprîz/ ☜ **آسپریس**

اسپریس / 'asprîs، ـها/:/اسم. تەراتێنگا؛ لنگارگە؛ مەیدانی غارغاران؛: **اسبریس؛ اسبرِز؛ اسپریز**

اسپست / 'aspest، ـها/:/اسم. وێنجە؛ یۆنجە؛ زەرەک.

اسپند / 'espand/ ☜ **اسفَند**

اسپندان / 'espandān/:/اسم. خردل سفید ☜ **خردل**

اسپنددانه / 'espandāne/ ☜ **اسفَنددانه**

اسپیره / 'espîre، ـها/: [فرانسوی]/اسم. تەولەکێ؛ تەپلەقوو؛ تەپلەهەلالە؛ بنەگیایەکی گوڵ چێرەیی وەک هۆشەیە کە لە پەنای جۆگە ئاو و نێو مێرگەدا سەر دەردێنێ.

است / 'ast، هستند/: فعل. ـە؛ ـا؛ ـەن؛ ـیە؛ ـن؛ ـنە؛ نیشانەی کاری بوون لە سێهەم کە سی تاک لە کاتی ئێستادا ‹هوا گرم است: هەوا گەرمە›.

استاتیک[1] / 'estātîk/: [فرانسوی]/اسم. ستاتیک؛ وێستاوی؛ لقێ لە زانستی میکانیک کە باسی چۆناوچۆنی کاری هێزگەل بەسەر شتێکی وەستاودا دەکا.

استاتیک[2]: صفت. ستاتیک؛ وێستاو.

استاتیکی / 'estātîkî/: [فرانسوی] صفت. ستاتیکی؛ سەبارەت بە زانستی ستاتیک.

استاد[1] / 'ostād، ـها؛ ـان؛ اساتید/: [عربی]/اسم. ١. مامۆستا؛ مامۆسا؛ وسا؛ کەسی خاوەن جۆرێکی زانست یان کارامەیی کە کەسانی تر فێر دەکا ٢. وەستا؛ وسا؛ یوسو؛ ئسا؛ ئوسا؛ سنعاتکار؛ کارزان؛ زانا لە کار؛ سەرناوێ بۆ بانگ کردنی کەسانی کارزان ‹استاد نجار؛ استاد آهنگر: وسا دارتاش؛ وەستا خالە› ٣. مامۆستا؛ ئوستاد؛ هۆستە؛ خاوەن بانترین پلەی فێرکاری لە زانکۆدا ‹استاد ادبیات: ماموستای وێژەوانی› ٤. سەرمەلا؛ ڕێبەر و سەرۆکی کایە لە برێ گەمەی مندالاندا.

▣ **استاد راهنما:** مامۆستای ڕێنوێن؛

مامۆستایەک کە خوێندکار لە ڕەوتی لێکۆڵینەوە یان نووسینی نامیلکەدا ڕێنوێنی دەکا.

استاد شکستەبندی: کرەکی؛ وەستای شکستەبەند.

استاد مدعوّ ☜ **استاد مهمان**

استاد مهمان: مامۆستای میوان؛ مامۆستایەک کە بانگ کراوە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لە زانکۆیەک دەرس بێژێتەوە: **استاد مدعو**

استاد همکار: مامۆستای هاوکار؛ مامۆستایەک لە دەرەوەی لێژنەی فێرکاری زانکۆ،کە لەگەڵ مامۆستایان و خوێندکارانی ئەو زانکۆیەدا چالاکی تۆژینەوەیی یان وانەیی (وەک ڕێک کردنی نامیلکە)ی هەیە.

استاد[2]: *صفت.* مامۆستا؛ پسپۆڕ؛ لێزان؛ سەردەرچوو.

▣ **استاد شدن:** بوونە پسپۆڕ.

استادانه / 'ostādane/: *قید.* مامۆستایانە؛ پسپۆڕانە؛ زانایانە.

استادکار / 'ostādkār، ـها؛ ـان/: *اسم.* سەرئۆستا؛ ئۆساکار؛ وەساکار؛ وەستا.

استادی / 'ostādî/: *اسم.* ١. وەستایی؛ ئوستایی؛ وسایی؛ هۆستایی؛ زانایی لە کار؛ کارامەیی لە پیشەدا ٢. مامۆستایی؛ پیشەی مامۆستا.

استادیار / 'ostādyār، ـها؛ ـان/: *اسم.* مامۆستا؛ پلەیەکی مامۆستایی لە زانستگا. هەروەها: **استادیاری**

استادیوم / 'estād(i)yom ، ـها/: [انگلیسی] *اسم.* هەوشەنگ؛ مەیدانی یاری؛ گۆڕەپانی وەرزە؛ وەرزشتگا.

استارت / 'estārt/: [انگلیسی] *اسم.* ١. */ورزش/* دەسپێک؛ کار و ڕەوتی دەسپێکردن؛ سەرەتای کایە ٢. */صنعت/* ئیستارت؛ ئامێری وەڕێخستنی موتور: **استارتر**

▣ **استارت زدن:** ڕۆشن کردن؛ هەڵکردن؛ وەکار خستن.

استارتر / 'estārter/: [انگلیسی] ☜ **استارت-٢**

استاژ / 'estāj/: [فرانسوی] *اسم.* کاروەرزی.

▣ **استاژ دادن:** کاروەرزی کردن.

استالاکتیت / 'estālāktît، ـها/: [فرانسوی] *اسم.* ستالاکتیت؛ چلوورەی ئاهەکی ئاوێزان لە میچی ئەشکەوتان.

استالاگمیت / 'estālāgmît، ـها/: [فرانسوی] *اسم.* ستالاگمیت؛ چلوورەی ئاهەکی هەڵچوو لە تەختایی ئەشکەوتان.

استامبولی / 'estāmbolî/ ☜ **استانبولی**[1]

استامپ / 'estāmp ، ـها/: [فرانسوی] *اسم.* ١. باسمە؛ جەوهەر ٢. مۆر ٣. نەخشی مۆر.

▣ **استامپ زدن/ کردن:** مۆر لێدان؛ مۆر کردن.

استان / 'ostān، ـها/: *اسم.* پارێزگا؛ گەورەترین یەکە لە دابەشینی خاکی ئێران کە بریتیە لە چەن شارستان.

استانبولی[1] / 'estāmbolî, 'estānbolî، ـها/: *اسم.* ئەسەمۆلی؛ ئەستەموولی؛ جۆرێ دەفری گەورەی دەم والا بۆ گرتنەوەی گێچ و...: **استامبولی**

استانبولی[2]: *صفت.* ستامبۆلی؛ سەر بە ئەستەمبووڵ: **اسلامبولی**

استانبولی‌پلو / 'estāmbolîpolow, 'estānbolîpolo/: *اسم.* ستامبۆلی؛ ئەسەمۆلی‌پلاو؛ جۆرێ پلاوی تێکەڵ بە تەماتە و گۆشت و سێفەزەمینە.

استاندار / 'ostāndār، ـها؛ ـان/: *اسم.* پارێزگار؛ لێپرسراوی کارگێڕی و بالاترین پایەی ولاتی ناو پارێزگایەک.

استاندارد[1] / 'estāndārd، ـها/: [انگلیسی] /اسم. پێوەر؛ پێومان؛ ستاندارد: ١. ئەوەی لە لایەن دەوڵەتەوە، بە پێی نەریت یان هاوبیری گشتی، وەک وێنە و نیشانەیەک وەرگیراوە ٢. ئەوەی لە لایەن دەوڵەتەوە وەک نیشانەی پێوەری چەندێتی،کێش و سەنگ، درێژایی، بارستایی یان چۆنیەتی دەستنیشان کراوە ٣. دامەزراوەیەکی ڕەسمی کە وەئەستۆگری چاوەدێری و دانانی ئەو پێوەرانەیە.

استاندارد[2]: *صفت.* پێوەر؛ بەرانبەر و داهاتوو ڕەگەڵ ئەو پێوەرە دەستنیشانکراوانە کە لە لایەن کاربەدەستانەوە داندراوە: **استانده**

استانداری / 'ostāndārî/: /اسم. ١. پارێزگاری؛ پیشەی پارێزگار ٢./ـها/ پارێزگا؛ بەڕێوەبەرایەتیەک کە پارێزگار تێیدا کار دەکات.

استانده / 'estānde/: [؟] ☜ **استاندارد**[2]

استبداد / 'estebdād/: [عربی] /اسم. ١. زۆرەملی؛ ملهوڕی ‹استبداد رأی: بڕیاری زۆرەملی› ٢. */سیاست/* زۆربێژی؛ فەرمانڕەوایی بەبێ بایەخدان بە بیر و بۆچوونی خەڵک ٣. */سیاست/* سیستەمی وڵاتێک کە تێیدا ڕێبەران و بەڕێوەبەران لە لایەن ئاپۆرە یان نوێنەرانیانەوە هەڵنابژێردرێن.

استبدادی / 'estebdādî/: [عربی] *صفت.* زۆرەملانە؛ ملهوڕانە؛ خاوەن دۆخ یان شێوازی زۆرەملی ‹نظام استبدادی: ڕێژیمی زۆرەملانە›.

استبرق / 'estabraq/: [معرب از فارسی] /اسم. ١. ئاورێشمی زەرچن؛ کووتاڵی زەری: **استبرک** ٢. شیرەدار.

استبرک / 'estabrak/: [معرب] ☜ **استبرق-١**

استبل / 'establ، ـها/: [معرب از لاتینی] /اسم. گەوڕ؛ گەوەڕ؛ پشتیر؛ پشتێر؛ تەویلە؛ تەوێلە: ١. جێگایەکی سەرگیراو بۆ ڕاگرتنی ئەسپ ٢. جێگای ڕاگرتنی چارویێیان *

اسطبل؛ اصطبل

استتار / 'estetār/: [عربی] /اسم. کار یان ڕەوتی داپۆشین؛ داپۆشان؛ داپۆشاندن؛ پۆشنایرە؛ ئەرەپۆشنەی؛ سەر داپۆشینی شتێ بۆ دەرنەکەوتنی.

استثمار / 'estesmār/: [عربی] /اسم. چەوسێنەری: ١. بەهرەکێشی لە بەرهەمی کاری دیتران ٢. */اقتصاد/* وەدەست خستنی قازانج و کەڵکی زیادی لە بەرهەمی کاری کەسانی تر. هەروەها: **استثمار شدن؛ استثمار کردن**

استثنا / 'estesnā، ـها/: [عربی] /اسم. ١. هاوێر؛ هەڵاوێر؛ بەدەر؛ کار یان ڕەوتی بەدەرکردنی ئەندام یان ئەندامگەلێک لە کۆمەڵەیەکدا لە بڕیار یان کارێک ‹کشاورزان را باید از شمول این قانون استثنا کرد: جووتیاران دەبێ لەبەرکەوتنی ئەم قانوونە هاویر بکرێن› ٢. /ـات/ جودا؛ جیا؛ جیاواز؛ ئەوەی لە دەرەوەی وەبەرکەوتنی بڕیار یان کارێکەوە بێت. بەرانبەر: **قاعدە** ‹در میان بچەهایش بهار استثنا است: لە نێو منداڵەکانیدا بەهار جیاوازە›. هەروەها: **استثنا بودن؛ استثنا شدن**

▣ **استثنا قایل شدن:** جیاوازی دانان؛ هەموو بە یەکجۆر نەزانین.

استثنا کردن: جیاکردنەوە؛ هەڵاوێرکردن؛ لە هەمە لایەن بوونی بڕیار یان کارێ.

استثنائاً / 'estesnā'an/: [عربی] *قید.* جیاکار؛ جیاکارانە؛ بە شێوەی جیاکار ‹استثنائاً او را به سربازی نبردند: جیاکار ئەویان بۆ سەربازی نەبرد›.

استثنائی / 'estesnā'î/: [عربی] ☜ **استثنایی**

استثنایی / 'estesnāyî/: [عربی] *صفت.* جەبە؛

جیاواز؛ جیاکار: ١. جیاواز لەگەڵ دیتران ‹هوشش استثنایی بود: هۆشی جیاکار بوو› ٢. کەموێنە یا بێوێنە ‹یک معلم استثنایی است: مامۆستایەکی جیاکارە› * **استثنایی**

استجابت / estecābat'/: [عربی]/اسم. [نامتداول] ڕەوتی قەبووڵ کردن؛ گیراکردن؛ وەڵام دانەوە؛ بە دەنگەوە چوون.

استحاضه / estehāze'/: [عربی]/اسم. خوێن لێچوونی ناوەختی ژن.

استحاله / estehāle'، ـها/: [عربی]/اسم. ١. داگەڕانی؛ خولی ئاڵوگۆڕی گیانلەبەرێک تا گەورە دەبێ و پێدەگا ٢. کار یان ڕەوتی هەڵوەشانەوە.

استحباب / estehbāb'/: [عربی]/اسم. [ادبی] ڕەوابینی؛ باشزانی؛ ڕەوتی بەرێوجێ زانین.

استحبابی / estehbābî'/: [عربی] صفت. ڕەوا؛ بەرێوجێ؛ باش.

استحصال / estehsāl'، ـها/: [عربی]/اسم. [ادبی] کار یان ڕەوتی دەسگیر بوون؛ وەگیر هاتن؛بەهرە هەڵگری لە شوێنێک (وەک کان، زەویـن، کارخانە و...) کە خاوەن داهاتێکی بەکەڵکی ئابوورییە.

استحصالات / estehsālāt'/: [عربی]/اسم. [نامتداول] داهاتگەل؛ بەرهەمگەل؛ ئەوەی کەڵکی لێ وەرگیراوە.

استحضار / estehzār'/: [عربی]/اسم. ئاگاداری؛ بار و دۆخی خەبەردار بوون؛ ئاگادار بوونەوە.

◘ **به استحضار رساندن**: خەبەردار کردن؛ ئاگاردار کردن.

استحفاظ / estehfāz'/: [عربی]/اسم. ١. چاوەدێری؛ پارێزگاری؛ ڕاگرتەیی؛ نواداری ٢. [نامتداول] پاسەوانی؛ نواوانی؛ زێرەڤانی.

استحفاظی / estehfāzî'/: [عربی] صفت. شیاوی پارێزگاری یان پێویستی ڕاگرتن.

استحقاق / estehqāq'/: [عربی]/اسم. شایستەیی؛ بسەرڤەیی؛ شیاوی.

◘ **استحقاق داشتن**: شیاو بوون؛ سزاوار بوون.

استحقاقی / estehqāqî'/: [عربی] صفت. شایانی.

استحکام / estehkām'، ـها/: [عربی]/اسم. پتەوی؛ گورخی؛ پەیتی؛ قایمی.

استحکامات / estehkāmāt'/: [عربی]/اسم. پتەویگەل؛ خانووبەرە و مەتەرێز و کەند و لەندانی دەستکرد بە مەبەستی بەرگری و باشاری.

استحکامی / estehkāmî'/: [عربی] صفت. پتەوکەرەوە؛ قایمکەرەوە؛ گورخکەرەوە.

استحمام / estehmām'، ـها/: [عربی]/اسم. [ادبی] کار و ڕەوتی خۆ شۆردن؛ گەرماو کردن؛ مەلە کردن؛ شۆردنی لەش بەتایبەت لە گەرماڤدا.

استخاره / estexāre'، ـها/: [عربی]/اسم. جۆرێک فاڵ گرتنەوەی ئایینی بە قورئان و تەزبێح بۆکردن یا نەکردنی کارێک.

استخبار / estexbār'، ـها؛ ـات/: [عربی]/اسم. [نامتداول] خەبەرگری؛ هەواڵگری.

استخدام / estexdām'، ـها/: [عربی]/اسم. دەسەوکاری؛ کار یان ڕەوتی دامەزراندن؛ بە کار هێنان؛ بەگەڕ خستن؛ مەرزنایرە؛ کار پێکردن؛ بە کار گرتن لە بەرانبەری مزی دیاریکراوەوە.

◘ **استخدام شدن**: دامەزران؛ بەگەڕکەوتن؛ ئەرەمەرزیەی؛ دەسەوکاربین؛ بە کاریگەر یان کارگێڕ لە دامەزراوەیەکدا وەرگیران.

استخدامی / estexdāmî'، ـها/: [عربی] صفت. دامەزراوی؛ پێوەندیدار بە کاری دامەزرانەوە ‹سابقەی استخدامی: پێشینەی دامەزراوی›.

استخر / estaxr'، ـها/:اسم. هەسێڵ؛

هەسوێل؛ هەسێر؛ ئەستیل؛ ئەستیر؛ ئەستێل؛ حەسێل؛ ئەستێر؛ ستێر؛ ئەستیلک؛ سیل؛ ئەستێرک؛ هەساری؛ گۆلاو؛ گولەم؛ لیچ؛ لێچ؛ گۆل؛ بۆک؛ حەوز؛ گوەل؛ قۆمی؛ پەنگاوێکی دەستکردی بۆ ئاودێری یان مەلە کردن.

▣ **استخر بازی:** مۆژی نزم و کەمئاو بۆ گەمەی مندالان.

استخر بزرگ: هۆڕاو؛ گۆلی گەورە؛ ئەستێری زل.

استخر طبیعی: بێرک؛ گۆمیلکە.

استخر کوچک: گۆلتک؛ گۆلی کەمئاو؛ ئەستێری پچووک؛ مۆژ.

استخر سرپوشیده: هەسێلی سەرگیراو.

استخر شنا: هەسێلی مەلە.

استخراج / 'estexrāc، ـها؛ ـات/: [عربی] *اسم.* کار و ڕەوتی دەرهێنان؛ بەرئاردەی: ۱. دەرکێشان؛ دەرهێنانی شتێ لە شوێنێک ‹استخراج زغالسنگ: دەرهێنانی بەردەخەلووز› ۲. کار یان ڕەوتی بە دەست هێنانی سەرئەنجامی تۆژینەوە یان هەلسەنگاندنی بیر و ڕا ‹استخراج آرا: دەرهێنانی دەنگەکان›.

▣ **استخراج آرا:** دەرهێنانی دەنگەکان؛ ژماردنی دەنگەکان.

استخراج معادن: دەرهێنانی کانی لە کان.

استخرداری / 'estaxrdārî، ـها/: *اسم.* هەسێلوانی؛ گۆمەوانی؛ کار یان ڕەوتی دروستکردن یان بەڕێوەبردنی هەسێر.

استخفاف / 'estexfāf/: [عربی] *اسم. [ادبی]* ۱. کار و ڕەوتی پچووک کردنەوە ۲. بە پچووک زانین * **تحقیر**

استخلاص / 'estexlās/: [عربی] *اسم. [ادبی]* ڕزگاری؛ ئازادی؛ داخەلسان؛ ڤەرسان؛ ڕەهایی.

استخلاف / 'estexlāf/: [عربی] *اسم. [شیمی]* جێگیری؛ جێگەگیر بوونی ئەتوم یان ئەتومگەلێک لە جێی ئەتوم یان ئەتومگەلی تر لە مولوکوولێکدا.

استخلافی / 'estexlāfî/: [عربی] *صفت.* جێگیر؛ جێگرتوو؛ جیەگیربووگ؛ یاگەگیر.

استخوان / 'ostoxān, 'ostexān، ـها/: *اسم.* ۱. ئێسک؛ ئیستک؛ هێسک؛ هێستک؛ هێستی؛ یەسک؛ هەستۆ؛ ئێسقان؛ سقان؛ ئیسخوان؛ سخان؛ پێشە؛ پلان؛ سوقان؛ سۆقان؛ سووقان؛ کاتە؛ وەرسەل؛ چوارچێوەی لەش ۲. *[مجازی]* عاج.

▣ **استخوان خاصره:** کەلەکە.

استخوان خرما: ئێسکەخورما؛ پێشە خورما.

استخوان درشت: پەل قەوی؛ پێشە ئەستوور؛ هەستی گەشتک.

استخوان دنبالچه: نێک؛ جوچکە سمت؛ مازگا؛ پێشەی کلێنچکە؛ قۆڕگ؛ قلێچکە؛ ئێسکی قنگ.

استخوان ران: کولی مەل؛ ئێسکی ڕان؛ نێک؛ پێشەی ڕان، لە ئەژنۆ بەرەو ژوور تا ژێر زگ.

استخوان زانو: ڕەقەلە؛ کەشکەژنۆ؛ کەشکە وژنگ؛ زرانی؛ پێدارە ئێسکی سەر ئەژنۆ: **استخوان کشکک**

استخوان ساق: ڕەقینە؛ قولەپا؛ پیشەی پووزوو؛ دروشە؛ قۆر؛ قۆلمە؛ دوریش؛ دوریشک؛ لووولاق؛ گاللۆر؛ لوولاک؛ پێشەی بەلەک.

استخوان سر: مەژیچک؛ کاژەڕە؛ کاژەلە؛ کاژەلاک؛ کامێرە؛ کرۆز؛ کاسۆلکە؛ پێشەسەر کە مێشکی تێیدایە.

استخوان سینه: پەراسووبەند؛ ڕەفەی سنگ.

استخوان شانه: گورمک؛ پێشەی شان.

استخوان قاب: قاپووله؛ قاپووره؛ گوێزنگ: **بُجول؛ پُژول؛ اِشتالنگ؛ قاپ**

استخوان کتف: باڵەکە؛ دەفەی شان؛ پارۆی شان.

استخوان کشکک: کەشکە زەنگۆڵ؛ کەشکەک؛ کەشکە وژنگ؛ کەشکەژنۆ؛ پێدارە: **استخوان زانو**

استخوان گردن: گەردەمل؛ پێشەی گەردن.

استخوان لگن: کزیە؛ کولۆک؛ کلۆت؛ ئێسکی سمت و کەفەڵ.

استخوان ماهی: گووسە؛ ئێسکە ماسی.

استخوان نشیمنگاهی: دوو سمتە.

پوست و استخوان ☜ **پوست**

▣ **استخوان ترکاندن**: *[مجازی]* گەورە بوون؛ بایباڵدان؛ بە خۆدا هاتن.

استخوان چریدن: کڕاندنەوەی ئێسک؛ کڕاندنەوەی ئێسقان؛ پێشەکڕاندنەوە.

استخوان خرد کردن: *[مجازی]* ڕەنجدان؛ زۆر زەحمەت کێشان؛ خۆ زۆر ماندوو کردن.

استخوان درگلو داشتن: *[مجازی]* دەم بەسیان؛ دەم چوونە کلێلەوە؛ تیکەگیر کەردەی؛گرفتێک بۆ پەیڤین و قسەی دڵ کردن هەبوون.

استخوان سبک کردن: *[مجازی]* چاکە کردن (بۆ کەم کردنەوەی سووچ و گوناح).

استخوان لای زخم گذاشتن: *[مجازی]* کردنە لک بەرچاو؛ کەردەی لکۆ چەمی؛ کار بە ناتە واو داخستن و جێگای ناکۆکی بۆ داهاتوو هێشتنەوە.

استخوان‌بندی /'ostoxānbandî,'ostexān-/، ـها/: *اسم.* قاپۆرە؛ قاپلۆخە؛ قراپووە؛ چوار بەندە؛ چوارچێوەی لەش.

استخوان‌پزشکی / 'ostoxānpezeškî, 'ostexānpezeškî/: *اسم.* ئورتۆپێدی؛ ئێسکدەرمانی.

استخوانداران / 'ostoxāndār, 'ostexān-/: *صفت.* ١. ئێسقاندار؛ پێشەدار ٢. *[پزشکی]* قۆترمە؛ تۆکمە؛ پتەو؛ قایم؛ پەیت؛ گورخ.

استخوان‌درد / 'ostoxāndard, 'ostexān- ☜ **ـ درد**[٢]

استخوان‌شکن /'ostoxānšekan,'ostexān-/، ـها/: *اسم.* *[پزشکی]* ئێسقانشکێن؛ پێشەشکێن؛ پێشەمار؛ ئامرازی ئێسک شکاندن لە برینکاریدا.

استخوانی / 'ostoxānî,'ostexānî/: *صفت.* ئێسقانی؛ سخانی: ١. پێوەندیدار بە ئێسقانەوە ‹بیماری استخوانی: نەخۆشی ئێسقانی› ٢. *[مجازی]* قەمامە؛ نەیچە؛ هەلووک؛ لەڕ؛ داڵگۆشت؛ مردۆخ؛ مردۆخە؛ لەڕ و لاواز ٣. *[مجازی]* وەکوو ئێسقان؛ وەک پێشە ٤. پێشەیی؛ لە جنس ئێسقان.

▣ **استخوانی شدن**: پێشەکردن؛ بوونە پێشە؛ گۆڕانی بافت و کڕەکڕە بە ئێسک.

استدراک / 'estedrāk، ـها؛ ـات/: [عربی] *اسم.* *[ادبی]* ١. کار و ڕەوتی دۆزینەوە؛ دینەوە؛ بینینەوە؛ دیتنەوە ٢. دابین؛ ئابوور؛ پێکهێنان ٣. شیکردنەوە؛ لێکدانەوە؛ شرۆفەکردنی زۆری بابەتێک.

استدعا / 'ested'ā، ـها/: [عربی] *اسم.* *[ادبی]* تکا؛ لالە؛ خوازە؛ داوا؛ خوایشت.

▣ **استدعای عاجزانه**: پاڕانەوە؛ لالیانەوە؛ لالانەوە؛ ئەوە لالیەی؛ خوایشت لە ڕووی کەم دەسەلاتی یان خاکەساریەوە.

▣ **استدعا داشتن/ کردن**: ویستن؛ خوازیار بوون.

استدلال / 'estedlāl، ـها؛ ـات/: [عربی] *اسم.* ١. کار و ڕەوتی بەلگە هێنانەوە ‹برای قبولاندن پیشنهادش خیلی استدلال کرد: بۆ

سەلماندنی پێشنیارەکەی زۆری بەڵگە هێناوە›
۲. شێوە یان ڕەوتی کەڵک وەرگرتن لە بەڵگە.
⊡ **استدلال کردن:** بەڵگە هێنانەوە؛ بەڵگە نیشاندان.

استدلالی / 'estedlālî/: [عربی] صفت. ۱. بەڵگەیی ۲. بەڵگەخواز.

استر / 'astar، ـها؛ ـان/: اسم. [ادبی] هەستەر؛ هستر؛ هێستر؛ هێسر؛ هەسەرە؛ ئێستر؛ ئیستر؛ قاتر؛ قانتر؛ مینەگ؛ داک ماینی کەر باب.
⊡ **استر پور اسب:** بالانی؛ ئێستری باب ئەسپی داک ماکەر.

استراتژی / 'est(e)rātejî، ـها/: [فرانسوی] اسم. ستراتیجی؛ ستراتێژی؛ زانستی کەڵک وەرگرتن لە هەموو هەبوونێکی ڕامیاری، ئابووری، ڕەوانی و چەکداری بۆ پێکهێنانی زۆرترین پشتیوانی لە ڕەوتی ڕامیاری دامەزراودا.
⊡ **استراتژی جنگی:** ستراتێژی شەڕانە.
هەروەها: **استراتژی علمی**

استراتژیک / 'est(e)rātejîk/: [فرانسوی] صفت. ستراتێژیک؛ ستراتیجیک؛ پێوەندیدار یان سەر بە ستراتێژی: **استراتژیکی**

استراتژیکی / 'est(e)rātejîkî/: [فرانسوی] ☜ **استراتژیک**

استراحت / 'esterāhat/: [عربی] اسم. وچان؛ چوترم؛ پیش؛ پشوو؛ ڕەوتی حەسانەوە؛ حەوانەوە؛ سانەوە؛ ئەوەسیەی؛ قەسین؛ ئاسوودەیین؛ دەست لە کار کێشان و شەکەتی دەرکردن.
⊡ **استراحت دادن:** وچان پێدان؛ ئێسراحەت دان ‹دکتر برایم ده روز استراحت داد: دوکتور دە ڕۆژ وچانی دامێ›.
استراحت داشتن: هەبوونی وچان ‹حتی یک دقیقه استراحت نداشتم: تەنانەت ساتێکیش وچانم نەبوو›.
استراحت کردن: حەسانەوە؛ حەوانەوە؛ سانەوە؛ سیایوە؛ قەسین؛ پاڵدانەوە؛ پیش دان؛ پشوودان؛ وچان دان؛ بیهن‌دان؛ داگراسیان ‹همین جا کمی استراحت کن: هەر لێرە وچانیک بدە›.

استراحتگاه / 'esterāhatgāh، ـها/: [عربی / فارسی] اسم. هەڤانگە؛ حەسانگە؛ قەسینگا؛ وچانگا؛ عەنوا؛ جێگەی تێدا حەسانەوە؛ یانگە؛ جێگەی سانەوە.
⊡ **استراحتگاه صحرایی:** لاگا؛ جێگەی وچان‌دان لە دەشت.

استراق‌سمع / 'esterāqesam'/: [عربی] اسم. گوێ‌تەقێ؛ خۆگرتی؛ بە دزیەوە گوێ گرتن لە قسەی خەڵک.
⊡ **استراق‌سمع کردن:** گوێ هەڵخستن؛ گوێ تەکان؛ کولە گرتن؛ هەست ڕاگرتن؛ کەڵەکردن؛ گۆشێ ماڵێ وسەی ‹خواهرش از پشت در استراق‌سمع می‌کرد: خوشکی لە پشت دەرکەوە گوێی هەڵخستبوو›.

استرالیائی / 'ostorālyā'î/ ☜ **استرالیایی**

استرالیایی[1] / 'ostorālyāyî, 'ost(o)rāl(i)yāyî، ـها؛ ـان/: اسم. ئوسترالیایی؛ هەرکام لە خەڵکی وڵاتی ئوسترالیا: **استرالیائی**

استرالیایی[2]: صفت. ئوسترالیایی؛ پێوەندیدار یان سەر بە ئوسترالیاوە ‹گوسفند استرالیایی: مەڕی ئوسترالیایی›: **استرالیائی**

استرئوسکپ / 'est(e)re'oskop، ـها/: اسم. ستێرۆسکۆپ؛ ئامێرێک کە لە دوو شکڵی وەک یەک، وێنەیەکی سێ پاڵوو دەردەخا.

استرحام / 'esterhām/: [عربی] اسم. [ادبی] لێبوردەخوازی؛ داوای بەزەیی و لێبوردن.

استرخا / 'esterxā/: [عربی] اسم. [ادبی] خاوی؛ شلی؛ داهێزاوی؛ سستی. هەروەها:

استرخای اعصاب؛ استرخای اعضا

استرداد / esterdād'/: [عربی] /اسم. /ادبی/ گێرانەوە؛ دانەوە؛ هەڵگەڕاندنەوە؛ ئەوە دەی؛ دایوە.

▣ **استرداد مجرمین**: دانەوەی تاوانباران.

استرژن / estorjen'، ـها/: /اسم. ستروژێن؛ ماسی خاویار.

استرس / est(e)res'، ـها/: [انگلیسی] /اسم. ۱. دڵەتەپە؛ دڵەڕەپێ ۲. /روان‌شناسی/ گوشاری ڕەوانی.

استرلاب / ostorlāb'/: [از یونانی] ☜ **أسطُرلاب**

استرنزیائی / ostroneziyā'ī'/ ☜ **استرنزیایی**

استرنگ / estarang'/: /اسم. گیائادەمە؛ سێوەخووگانە؛ قیرەگیا؛ تووڵەزەرە؛ بەلەدوون؛ حەسەن‌بەگی؛ گیایەکە بنکەکەی لە بیچمی بنیادەمە، بۆ دەرمان دەشێ.

استرنزیایی / ostroneziyāyī'/: /اسم. ئوسترونێزیایی؛ دەستەیەک لە زمانگەلی جۆراوجۆری سەر بە دورگەکانی ئۆقیانووسی هێند و ئارام، لە تایوانەوە تا ماداگاسکار و لە مالزیەوە هەتا فیلیپین: **استرنزیائی**

استرونتیم / estrontiyom'/: /اسم. سترۆنتیۆم؛ تۆخمی کیمیاوی کانزایی، بە ژمارەی ئەتومی ۳۸ و کێشی ئەتومی ۸۷,٦۲ سووک، نەرم و چەکوشخۆر، کە تەنیا بە شێوەی لێکدراو هەیە: **أسْتْرَنسیُم**

استرونسیم / estronsiyom'/: [فرانسوی از انگلیسی] ☜ **أسْتْرُونتیُم**

استره / ostore'، ـها/: /اسم. /قدیمی/ دوزان؛ گوێزان؛ گوزان؛ گوزان؛ گیزان؛ گیزان؛ مووس؛ مووس؛ کافرمان؛ هەستەرە؛ تیخی مووتاشین؛ چەقۆی سەر و ڕیش تاشین.

استریپ‌تیز / est(i)rîptîz'/: [انگلیسی] /اسم. ستیریپتیز؛ جۆرێ هەڵپەڕکێی ڕۆژاوایی کە تێیدا هەڵپەڕکێکەر بەرە بەرە خۆی ڕووت دەکاتەوە.

استریل / est(i)rîl'/: [فرانسوی] صفت. ۱. نەزۆک ۲. /پزشکی/ پاکژ؛ بەری لە میکرۆب.

استریلیزاسیون / est(i)rîlîzās(i)yon'/: [فرانسوی] /اسم. ۱. کار و ڕەوتی نەزۆک‌کردن ۲. کار و ڕەوتی پاکژکردنەوە.

استریلیزه / est(i)rîlîze, 'esterlîze'/: [فرانسوی] صفت. ۱. نەزۆک‌کراو ۲. پاکژکراو.

استریو / esteryo'/: [انگلیسی] ☜ **اِستِریوفُونیک**

استریوفونیک / esteryofonîk'/: [انگلیسی] صفت. /صوت/ ستریۆفۆنیک: ۱. بار و دۆخێک کە دەنگ لە هەموو لایەکەوە بە بیسەر بگا (وەک لە بڕێ سینەمادا) ۲. خاوەن دەنگێکی وەها ❊ **استریو**

استسقا / estesqā'/: [عربی] /اسم. /پزشکی/ ئاقزەلێلک؛ تینشکی؛ ئاوبەند؛ زکەماسێ؛ ئیسقایی؛ نەخۆشی زگ ئاوسان.

استشمام / estešmām'/: [عربی] /اسم. /ادبی/ کاری بۆن‌کردن؛ بۆن هەڵمژین؛ بۆ هەڵکێشان؛ بۆ هۆرلووشەی.

▣ **استشمام شدن**: بۆن‌هاتن؛ بۆ ژنەفتن؛ بۆ لێهاتن.

استشمام کردن: بۆن پێوەکردن؛ بۆ هەڵمژین؛ بۆکردن.

استشهاد / esteŝhād'/: [عربی] /اسم. ۱. کاری گەوا هێنانەوە؛ شاهیدگرتن ‹او به این شعر استشهاد کرد: ئەو ئەم شیعرەی گەوا هێنایەوە› ۲. /ـها؛ ـات/ گەواهی؛ شایەتی؛ گەواهی بەتایبەت بە شێوەی نووسین.

▣ **استشهاد محلی**: شایەت‌نامە؛ گەواهی ویستن لە دانیشتوانی گەڕەک.

استصواب / estesvāb'/: [عربی] /اسم.

چاکزانی؛ ڕاستخوازی.

استصوابی / estesvābî/': [عربی] ☜ نظارت استصوابی، **نظارت**

استضعاف / estez'āf/': [عربی]/اسم. چەوسێنراوی؛ چەوساوی؛ ستەمکێشی؛ بێهێز و لاواز بوون لە بەر بەشخوراوی و زۆرلێکراوی.

استطاعت / estetā'at/': [عربی]/اسم. /ادبی/ دەسەلات؛ توانایی؛ زوخ؛ دەسچوویی ‹من استطاعت این کار را ندارم: من دەسەلاتی ئەم کارەم نیە›.

◘ **استطاعت مالی**: دەسەلاتی ماڵی ‹او استطاعت مالی برای خریدن خانه نداشت: ئەو دەسەلاتی ماڵی بۆ کڕینی خانووی نەبوو›.

استطاله / estetāle/'، ـها/: [عربی]/اسم. /ادبی/ ۱. کێشراوی؛ کێشیاگی ۲. ڕیشاڵ؛ هەودای درێژ و باریک ۳. درێژە؛ دواڵە.

استطراد / estetrād/': [عربی]/اسم. /ادبی/ کار یان ڕەوتی وتە هێنانەوە لە نێوان گوتەیەکیتردا.

استظهار / estezhār/': [عربی]/اسم. /ادبی/ دڵگەرمی؛ پشتقورسی؛ دڵقورسی؛ دڵقایمی؛ پشت ئەستووری؛ پشتگەرمی.

استعارات / este'ārāt/': [عربی] جمعِ ☜ **استعاره**

استعاره / este'āre/': [عربی]/اسم. /دستور/ خوازە؛ کار یان ڕەوتی وەرگرتن؛ خواستنەوە؛ بە کار هێنانی ناوێک لە جێگای ناوێکی تر، بە هۆی وێکچوویەوە (وەک نێرگز و چاو، کەوان و ئەبرۆ).

استعاری / este'ārî/': [عربی] صفت. خوازەیی؛ وەرگرتنی.

استعانت / este'ānat/'، ـها/: [عربی]/اسم. /ادبی/ یارمەتی؛ یاری؛ پشتگری؛ یاردەی.

◘ **استعانت جستن/ خواستن/ طلبیدن**: یارمەتی ویستن؛ یاردەی واسەی؛ داوای پشتگری کردن. هەروەها: **استعانت کردن**

استعداد / este'dād/'، ـها/: [عربی]/اسم. بڕشت؛ لێهاتویی؛ ئامادەیی؛ توانایی؛ بەرهەڤی.

◘ **استعداد اکتسابی**: بڕشتی فێر بوون؛ تواناییەک کە بە هۆی کار و پەروەرشتەوە بەدی دێت.

استعداد ذاتی: بڕشتی سروشتی؛ تواناییەک کە زگماک لەگەڵ کەس یان شتێکدایە: **استعداد فطری**

استعداد رزمی: بڕشتی شەڕی؛ توانایی بۆ جەنگ.

استعداد شکوفا: بڕشتی گەشاوە؛ توانایی پشکووتوو.

استعداد فطری ☜ **استعداد ذاتی**

استعداد نهفته: بڕشتی نهێنی.

استعداد هنری: بڕشتی هونەری.

استعفا / este'fā/'، ـها/: [عربی]/اسم. لاگری: ۱. داواکاری کەسێ بۆ دەس لە کار بەردان ۲. کار یان ڕەوتی لاگرتن لە کار و پیشەی خۆ ۳. /گفتاری/ لاگرینامە ‹استعفایش را نوشت و گذاشت روی میز: لاگرینامەکەی نووسی و نایە سەر مێزەکەوە›.

◘ **استعفا دادن**: لاگرتن؛ دەس لە کار کێشان؛ دەس ئاسەی؛ واز لە کار هێنان. هەروەها: **استعفا کردن**

استعفانامه / este'fānāme/'، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. لاگرینامە؛ نامەیەک کە بۆ لاچوون لە سەر کارێ یان پێگەیەکەوە دەنووسرێ.

استعلاج / este'lāc/': [عربی]/اسم. /ادبی/ ۱. دەرمان ‹هزینەی استعلاج: خەرجی دەرمان› ۲. /نامتداول/ چارەدۆزی؛ چارەسەری؛ ڕەوتی لە دووی چارە بوون.

استعلام / 'este'lām، ـها/: [عربی]/اسم. پرسیاردان؛ کار یان ڕەوتی پرسین بە نیازی ئاگادار بوون لە مەڕ بابەتێکەوە.

▣ **استعلام بها:** نرخخوازی؛ پرسیاری نرخ.

استعمار / 'este'mār/: [عربی]/اسم. ۱. وڵاتگری؛ داگیرکاری؛ دەست بەسەردا گرتنی هەرد و بوومێک لە لایەن هێزی بێگانەوە بۆ کەڵک وەرگرتن لە سەرچاوەگەلی هەمەلایەنیەی ئەو وڵاتە ۲. *[نامتداول]* ئاوەدانکاری؛ ئاوانکردنەوە.

▣ **استعمار فرهنگی:** داگیرکاری فەرهەنگی.

استعمار نو: داگیرکاری نوێ؛ نوێ داگیرکاری.

استعمارگر / 'este'mārgar، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی]/اسم. داگیرکار؛ داگیرکەر.

استعماری / 'este'mārî/: [عربی] *صفت.* داگیرکاری.

استعمال / 'este'māl/: [عربی]/اسم. ۱. بەکاربەری؛ بەکارهێنەری؛ خستنە گەڕ ‹از استعمال واژەهای بیگانه پرهیز کنید: لە بەکار بردنی وشەگەلی نامۆ دەس بپارێزن› ۲. کاربەری ‹این پماد ویژه ی استعمال خارجی است: ئەم مەلهەمە تایبەتە بۆ کاربەری سەر پێست›.

▣ **استعمال خارجی:** کاربەری سەر پێست؛ کاربەری دەرەکی.

▣ **استعمال شدن:** بەکارچوون.

استعمال کردن: بەکاربردن؛ وەگەڕ خستن.

استغاثه / 'esteqāse، ـها/: [عربی]/اسم. *[ادبی]* لالیانەوە؛ لالانەوە؛ پاڕانەوە بە گریان و شیوەنەوە.

استغراق / 'esteqrāq/: [عربی]/اسم. *[ادبی]* تێڕامان؛ تێفکرین؛ سەخت چوونە ناو بیر یان کارێکەوە.

استغفار / 'esteqfār، ـها/: [عربی]/اسم. *[ادبی]* تۆبە؛ داوای لێبوردوویی؛ پەشیمان بوونەوە لە گوناهـ.

استغفرالله / 'astaqferollāh/: [عربی] *دعا.* پەنا بە خودا؛ پەنا بۆ خوا.

استغنا / 'esteqnā/: [عربی]/اسم. *[ادبی]* ۱. بێنیازی ۲. دەوڵەمەندی.

استفاده / 'estefāde، ـها/: [عربی]/اسم. کەڵک: ۱. قازانج؛ بەهرە؛ سوود ‹معاملەی قالیها خوب استفاده داشت: مامەڵەی قالیەکان قازانجی باشی بوو› ۲. کار یان ڕەوتی کەڵک وەرگرتن لە شتێک ‹از این پوشالها استفاده میکنیم: لەم پووش و پەلاشانە کەڵک وەردەگرین› ۳. فایدە؛ کاربەری ‹یکی از استفادەهایش در کولر آبی است: یەکێ لە فایدەکانی لە کوولیری ئاویدایە›.

▣ **استفادەی ابزاری:** قازانج بردنی نابەجێ لە کەسێک یان کەسانێک.

▣ **استفاده بردن:** قازانج کردن: **استفاده کردن**

استفاده داشتن: بە قازانج بوون؛ بە کەڵک بوون؛ بەهرەدار بوون.

استفاده کردن ☜ **استفاده بردن**

استفادەجو / 'estefādecû، ـها؛ ـیان/: [عربی/ ترکی] *صفت.* خوازەڵۆک؛ بۆخۆمئەوێ.

استفادەچی / 'estefādečî، ـها؛ ـان/: [عربی/ ترکی] *صفت.* *[گفتاری]* بەهرەچی؛ لێهاتوو لە بە دەست هێنانی قازانجی ناڕەوادا.

استفاضه / 'estefāze، ـها؛ استفاضات/: [عربی] *اسم.* بەهرەبەری؛ کەڵک وەرگری (وەک لە خزمەت گەورەیەکدا).

استفتا / 'esteftā، ـها؛ ـات/: [عربی]/اسم. ڕاپرسی؛ ڕاوەرگری؛ کاری وەرگرتنی ڕا و بۆچوونی بەرپرسێکی ئایینی.

استفتاح / 'esteftāh/: [عربی]/اسم. سەفتاح؛ هەوەڵفرۆش؛ دەشت؛ هەوەڵ فرۆشی

ڕۆژانه.

استفراغ / 'estefrāq/: [عربی]/اسم. ۱. هێق؛ قەڵ؛ ڕەوتی ڕشانەوە؛ هەڵهاوردنەوە؛ قەیکردنەوە ‹بچه استفراغ کرد روی لباسم: منداڵەکە ڕشایەوە سەر لیباسەکەمدا› ۲. قەی؛ ڕشاوە؛ زێڵەشێوە؛ هەڵهاوریاگ؛ هەڵاورده ‹استفراغ بچه ریخته بود روی لباسش: قەی منداله‌که ڕژابووە سەر لیباسەکەیدا›.

▣ **استفراغ کردن:** ڕشانەوە؛ هەڵهاوردنەوە؛ هەڵاوردن؛ هەڵهێنانەوە؛ دەردان؛ ئاردەیوە؛ هۆر ئاردەیوە. هەروەها: **قی کردن؛ بالا آوردن؛ شکوفه کردن**

استفسار / 'estefsār، ـات/: [عربی]/اسم. [ادبی] پرس‌وجۆ؛ بیرخوازی؛ لێپرسی؛ کار و ڕەوتی پرسیارکردن؛ چنە پەرسەی ‹از شخص مُطّلعی استفسار کنید: لە کەسێکی ئاگادار پرس‌وجۆ بکەن›.

استفهام / 'estefhām/: [عربی]/اسم. [ادبی] پرسیار؛ پرس؛ خوازیاری حاڵی بوون.

استفهامی / 'estefhāmî/: [عربی] صفت. [دستور] پرسیاری؛ پرس و جۆیی.

استقامت / 'esteqāmat، ـها/: [عربی]/اسم. خۆڕاگری؛ خۆگری؛ پتەوی؛ ڕاسایی ‹استقامت ساختمان خوب است: خۆگری ماڵەکە باشە›.

▣ **استقامت بە خرج دادن** ☜ **استقامت کردن/ ورزیدن**

استقامت کردن / ورزیدن: خۆڕاگرتن؛ ڕاوەستان؛ کۆڵ نەدان؛ ڕاسایی کردن.

هەروەها: **استقامت بەخرج دادن**

استقبال / 'esteqbāl/: [عربی]/اسم. پێشواز؛ پێشوازی؛ بەرەندک؛ پیر؛ پیرایی: ۱. ئاکاری بەرانبەر بە کەس یان شتێکی تازە ‹از محصول جدید چندان استقبال نشد: لە بەرهەمی نوێ ئەوندەش پێشوازی نەکرا› ۲. پێوەی؛ ڕێوڕەسمێک کە بە بۆنەی هاتنی کەسێکەوە ڕێک دەخرێ ‹مردم به استقبال ورزشکاران رفتند: خەڵکی چوونە پێشوازی وەرزشکارانەوە› ۳. دانانی شیعرێک لە سەر کێشی شیعری شاعیرێکی‌تر ٤. [نامتداول] داهاتوو؛ کاتی نەهاتوو.

▣ **استقبال گرم از مهمان:** پانیاز؛ بە خێرهێنانی گەرم و گوڕ؛ خۆش و بێش بە مێوان گوتن.

استقرا / 'esteqrā، ـها/: [عربی]/اسم. [منطق] ڕەوتی هەڵهێنجان؛ یەکێ لە شێوەگەلی بەڵگەهێنانەوە و لێکۆڵینەوە بە پێی گەیشتن لە وردەوە بە گشت، بە واتایێکی دی، تۆژینەوەی بەش بە بەشی بابەتێک و دۆزینەوەی بڕیاری گشتی بە پێی تایبەتمەندیگەلی گشت ئەو بەشانە: **اصل استقرا**

▣ **استقرای تام:** هەڵهێنجانی تەواو؛ خوێندنەوەی تەواو.

استقرای علمی: هەڵهێنجانی زانستی.

استقرای ناقص: هەڵهێنجانی ناتەواو.

استقرار / 'esteqrār/: [عربی]/اسم. سەقامگیری؛ سەقامگری؛ جێگری؛ کار یان ڕەوتی جێگیر بوونی کەسێ یان شتێک لە جێگایەکدا.

▣ **استقرار امنیت:** جێگیربوونی هێمنایەتی. هەروەها: **استقرار صلح**

▣ **استقرار یافتن:** سەقامگیر بوون؛ جێگیر بوون.

استقراض / 'esteqrāz، ـها/: [عربی]/اسم. [ادبی] کاری قەرزکردن؛ قەرز هاوردن.

استقصا / 'esteqsā، ـها؛ ـات/: [عربی]/اسم. [ادبی] پەیدۆزی؛ بنکۆڵی؛ کار یان ڕەوتی لێکۆڵینەوە؛ تۆژینەوە؛ توێژینەوە؛ هلکەواشتن؛ هلکەوشاندن؛ هەوڵدان بۆ

دۆزینەوەی ڕەگ و ڕیشەی بابەتێک.

استقلال / esteqlāl'/: [عربی]/اسم. سەربەخۆیی؛ خۆبوویی؛ سەرازایی؛ سەربەستی؛ سقام؛ کار بە کەسێکی‌تر نەمان؛ دۆخ یا چۆنیەتی بڕیاردان، کار کردن و بەڕێوە بردنی کاران لە لایەن یا بە چاوەدێری کەس یا کەسانی سەربەخۆوە.

▣ **استقلال اقتصادی:** سەربەخۆیی ئابووری؛ توانای کەس یان ولاتێک بۆ کەلک گری لە سەرچاوەگەلی ئابووری خۆ، بە شێوەی ئازاد.

استقلال داخلی: خودموختاری؛ سەربەخۆیی؛ ئازادی حکوومەتی ولات یان ناوچەیەک لە کاروباری دانیشتوانی خۆیدا.

استقلال رأی: سەربەخۆیی فیکری: **استقلال عقیده؛ استقلال فکر**

استقلال روانی: سەربەخۆیی ڕەوانی؛ توانی کەسێک لە پاراستنی بیر و کرداری خۆی بە شێوەی یەکدەست و یەکپارچە.

استقلال سیاسی: سەربەخۆیی ڕامیاری؛ سەربەخۆیی سیاسی؛ توانی بڕیاردانی دەولەتێک لەمەڕ کاروباری ناوخۆیی و دەرەوەیی خۆیەوە.

استقلال عقیده ☜ **استقلال رأی**

استقلال فکر ☜ **استقلال رأی**

استقلال‌طلب / esteqlāltalab'، ـها؛ ـان/: [عربی] صفت. سەربەخۆیی‌خواز.

استقلال‌طلبانه / esteqlāltalabāne'/: [عربی/فارسی] صفت. سەربەخۆیی‌خوازانە.

استقلال‌طلبی / esteqlāltalabî'/: [عربی] اسم. سەربەخۆیی‌خوازی.

استکان / estekān'، ـها/: [روسی از فارسی؟] اسم. ئیستکان؛ ستەکان؛ ئیسکان؛ ئسکام؛ پیاڵە؛ پیاڵەی چا خواردنەوە.

▣ **استکان شستی:** ئیسکانی دەسکدار؛ پیاڵەی دەسەدار.

استکان‌نعلبکی / estekān.na'lbakî'/: [روسی/؟] اسم. ١. پیاڵە و ژێرپیاڵە ٢. *[مجازی]* کتری و پیاڵە؛ کتری و ئەسپاو.

استکانی / estekānî'/: [روسی] ☜ گل استکانی، **گل**

استکبار / estekbār'/: [عربی]/اسم. *[سیاست]* زۆرەملی: ١. گووجکاری؛ زۆروێژی و ستەمکاری ٢. زۆرکاری؛ زۆرداری و زۆرخوازی ٣. دووری لە بەهرە مەعنەوییەکان بە هۆی پەیدا کردنی هێز و زۆرەوە ٤. *[لغوی]* لووتبەرزی؛ بە دەعیە و دەماری؛ دەمارزلی؛ دەماربەرزی؛ ترزلی.

استکباری / estekbārî'/: [عربی] صفت. ١. لووتبەرزانە؛ دەمارزلانە ٢. *[سیاست]* زۆرەملی؛ زۆرملانە؛ زۆرکاریانە؛ پێوەندیدار یان سەر بە زۆرکاریەوە ‹سیاستهای استکباری: سیاسەتگەلی زۆرەملانە›.

استماع / estemā''/: [عربی]/اسم. *[ادبی]* ١. کار یان ڕەوتی بیستن؛ ژنەوتن؛ ژنەفتن؛ شنەفتن؛ ئژنیەی؛ بە گوێ گەیشتن ‹صداهای ناخوشی استماع می‌شد: دەنگەلێکی ناخوش دەبیسران› ٢. گوێ لێگری؛ ڕەوتی گوێدان؛ گوێچکەدان؛ گوێ‌گرتن؛ گۆش‌دەی؛ گۆش شل‌کەردەی.

▣ **استماع شدن:** بیسران؛ شنەفتن؛ ژنەفتن؛ ئژنیەی؛ بە گوێ‌گەیشتن.

استماع کردن: گوێ‌دان؛ گۆش‌دای؛ گوێ لێ گرتن.

استمالت / estemālat'، ـها/: [عربی]/اسم. *[ادبی]* دڵنەوایی؛ کار و ڕەوتی دڵدانەوە؛ دڵداری دانەوە؛ دڵخۆشی دانەوە.

استمداد / estemdād'، ـها/: [عربی]/اسم. یارمەتی‌خوازی؛ داوای پشتگیری؛ کار یان

ڕەوتی کۆمەک ویستن؛ یاردەی واسەی.

استمرار / estemrār'/: [عربی] *اسم.* بەردەوامی؛ پەیوەستەیی؛ سەرەمەڕە؛ دۆخ یان چۆنیەتی درێژەدار هەبوون.

⊡ **استمرار داشتن:** بەردەوام بوون؛ درێژەدار بوون.

استمراری / estemrārî'/: [عربی] *صفت.* درێژەدار؛ هەمیشەیی؛ دوادار.

استمزاج / estemzāc'/: [عربی] *اسم. [مجازی]* ژێرزوان چێژی؛ سەر داکێشی؛ کار و ڕەوتی قسە لێ کێشانەوە؛ پرسینەوە لە بیر و باوەڕی کەسێک بە تایبەت بە شێوەی ناڕاستەوخۆ.

استمنا / estemnā'/: [عربی] *اسم. [ادبی]* ئاو هێنانەوە؛ جەلق؛ مشتە؛ مشاو؛ مشتاو؛ دەسپەڕ؛ دەسەژوو؛ دەستمێز؛ مشتەگان؛ کەپلەمە؛ بە دەست شاوەت هێنانەوە.

⊡ **استمنا کردن:** مشتەکردن؛ مشتاوکردن؛ کەپلەمەکێشان.

استمهال / estemhāl'/: [عربی] *اسم.* ماوەخوازی؛ کار یان ڕەوتی مەودا ویستن.

استناد / estenād'، ـها؛ ـات/: [عربی] *اسم. [حقوق]* کار و ڕەوتی پشت بەستن یان پشت دانە بەڵگەوە ‹استناد به این مدارک جرم را ثابت نمی‌کند: پشت‌دان بەم بەڵگانە تاوانەکە ناسەلمێنێ›.

⊡ **استناد جستن/ کردن:** پشت پێ‌بەستن.

استنباط / estenbāt, 'estembāt'/: [عربی] *اسم.* بۆچوون؛ هەڵێنجان؛ هەڵهێنجان: ۱. کار یا ڕەوتی هەڵسەنگاندنی مەبەست و واتای پۆشراوەی شتێک ‹از رفتارش این طور استنباط می‌کردم که راضی نیست: لە ئاکاری وای بۆ دەچووم کە ڕازی نیە› ۲. ئەوەی کە بەم شێوەیە هەڵسەنگێنرابێت ‹استنباط تو از این موضوع بکلّی غلط است: بۆچوونی تۆ لە بارەی ئەم بابەتەوە بە تەوای هەڵەیە›.

استنباطی / estenbātî'/: [عربی] *صفت.* هەڵێنجانی.

استنتاج / estentāc'، ـها؛ ـات/: [عربی] *اسم. [ادبی]* ئەنجامگری؛ دەرەنجامی؛ دەسکەوتی.

استنتاجی / estentācî'/: [عربی] *صفت.* دەسکەوتوویی؛ دەرەنجامیەتی.

استنجا / estencā'/: [عربی] *اسم.* خۆ شۆردن؛ تارەت گرتن؛ قنگ شۆردن.

استنساخ / estensāx'/: [عربی] *اسم. [ادبی]* لە ڕوو نووسینەوە؛ لە بەرخەت گرتنەوە.

⊡ **استنساخ کردن:** لە ڕووەوە نووسینەوە؛ کاری لە بەرخەت کردنەوە.

استنشاق / estenšāq'/: [عربی] *اسم. [ادبی]* بۆ کردن؛ هەڵمژین؛ هۆرلووشەی: ۱. کار یان ڕەوتی بۆن کردن ۲. کار یان ڕەوتی هەڵکێشانی شتێک (وەک هەڵم و بخوور) بە لووت.

استنشاقی / estenšāqî'/: [عربی] *صفت.* هەڵمژینی.

استنطاق / estentāq'، ـها/: [عربی] *اسم.* لێ‌پرسی؛ لێوە پرسی؛ پرسینەوە؛ وەپرسی.

⊡ **استنطاق کردن:** لێ‌پرسینەوە؛ پەیڤاندن؛ بە قسە هێنان؛ هەڵپێچانی بە زۆری کەسێ بۆ ئاخافتن.

استنطاق پس دادن: جواودانەوە؛ بەرانبەر لێوەپرسی بوونەوە.

استنکاف / estenkāf'/: [عربی] *اسم. [ادبی]* ۱. خۆبوێری؛ کار یان ڕەوتی خۆ پاراستن ‹از دریافت پول استنکاف کرد: لە وەرگرتنی پارەکە خۆی پاراست› ۲. سەرپێچی ‹از اجرای دستور استنکاف کرد: لە بەجێ‌هێنانی دەستوورەکە سەرپێچی کرد›.

استوا / estevā'/: [عربی] *اسم.* ئوستوا؛ ئاو و وشکانی دەور و بەری خەتی ئوستوا.

⊡ **خط استوا** ☜ **خط**

استوائی / 'estevāʾî/: [عربی] ☜ **استوایی**

استوار[1] / 'ostovār، ـها؛ ـان/: اسم. [نظامی] ئوستوار؛ خاوەن دەرەجەی ئوستواری؛ پلە یەکی هێزی چەکداری ئێرانە، خوارتر لە ئەفسەری.

استوار[2]: صفت. پتەو؛ ڕاسا؛ هێقم؛ قایم؛ پێوەجێ؛ پاوەجا؛ خۆگرتوو؛ خۆگرتی؛ پەیت؛ داکوتیاگ ‹بنای استوار: بینای پتەو›.

استوار[3]: قید. ڕاسا؛ پڕ و پتەو؛ گورخ؛ قورس و قایم ‹استوار بر جای ایستاده بود: ڕاسا وەستابوو›.

استوارنامه / 'ostovārname، ـها/: اسم. [سیاست] بڕوانامە؛ ناسنامەیەک کە نوێنەرایەتی نێردراوێک پەسند دەکات.

استواری / 'ostovārî، ـها/: اسم. ۱. قایمی؛ توندی؛ پتەوی؛ گورخی؛ مەحکەمی ۲. ئوستواری؛ پلەیەکی هێزی چەکداری ئێرانە، خوارتر لە ئەفسەری.

استوانک / 'ostovānak، ـها/: اسم. ۱. کەپسوول ۲. سیلەندر.

استوانه / 'ostovāne، ـها/: اسم. گرۆڤەر؛ خەڵەڵە؛ گلیل.

استوانه‌ای / 'ostovāneyî/: صفت. گرۆڤەر؛ خەڵەڵە؛ خڕی لوولەیی؛ گلیل؛ گرۆڤەری لوولەیی؛ درێژۆکەی لووس و بێسووچ؛ خڕ وەک داردۆژەنگ.

استوایی / 'estevāyî/: [عربی] صفت. پێوەندیدار بە ئوستوا.

استوخودوس / 'ostoxod(d)ûs/: [معرب] ☜ **اُسطُوخُودوس**

استودان / 'ostûdān، ـها/: اسم. [قدیمی] ئۆستوودان؛ هەستیدانک؛ گۆڕستانی زەردەشتیان؛ چاڵ و کەندێک کە ئێسک و پرووسکی مردوویان تێدەڕژاند: **سُتودان**

استودیو / 'estodyo، ـها/: [فرانسوی/ انگلیسی از ایتالیایی] اسم. تۆمارگە؛ ستۆدیۆ.

استوقدوس / 'ostoqod(d)ûs/: [معرب] ☜ **اُسطُوخُودوس**

استهزا / 'estehzā، ـها؛ ـات/: [عربی] اسم. [ادبی] گاڵتە؛ گەمە؛ تیز؛ جەفەنگ؛ گەپجاڕ؛ تیتاڵی ‹او را به استهزا گرفته بودند: گاڵتەیان پێدەکرد›.

استهلاک / 'estehlāk/: [عربی] اسم. پوان؛ ڕزان؛ داڕزان؛ کار یان ڕەوتی بەرەو لە ناو چوون ڕۆیشتن (بۆ شتی بێگیان دەگوترێ، وەک کەل- پەلی ماشێن).

▣ **استهلاک بدهی**: بار بوونی قەرز؛ باربوویی قەرز.

استهلال / 'estehlāl/: [عربی] ☜ **بِراعَت‌استهلال**

استیجاری / 'estîcārî/: [عربی] صفت. کرێیی؛ کراهەیی؛ کرایەیی: ۱. بۆ کرێ ۲. کرێ؛ بەکرێدراو؛ کرێگیراو ‹خانەی استیجاری: ماڵی کراهەیی›.

استیصال / 'estîsāl/: [عربی] اسم. [ادبی] داماوی؛ قوڕەماوی؛ هەڕ بەسەری؛ بێدەسەلاتی؛ پەککەوتوویی؛ لە بن‌هاتوویی ‹در دوران جنگ استیصال مردم به نهایت رسید: لە دەورانی شەڕدا داماوی خەڵک گەیشتە ئەوپەڕی›.

استیضاح / 'estîzāh/: [عربی] اسم. ۱. [نامتداول] لێپرسینەوە ۲. [سیاست] ڕوون کردنەوە؛ پرسینەوەی نوێنەری پارلمان لە وەزیر یان سەرۆکی دەوڵەت سەبارەت بە کارێک (ڕاڤە: دوای وەڵامدانەوەی ئەو کەسە، بە پرسیاری نوێنەر، پەرلمان دەبێ دەنگ بدا بەو کەسە، بە ئەرێ یان نە).

استیفا / 'estîfā/: [عربی] اسم. [ادبی] بەجێهێنی؛ ڕەوتی جێبەجێ کردنی کارێک بەتایبەت بەجێهێنانی ئەرکێک.

▣ **استیفای حقوق**: [حقوق] گرتنی ماف؛

داواکاری ماف.

استیک / 'estayk/: [انگلیسی]/اسم. ئێستەیک؛ خۆراکی گۆشتی راستەی پانەوەکراوی سوورەوە بووگ: **بیفتک**

استیل / 'estîl/: [انگلیسی]/اسم. ۱. ئستیل؛ ئاسنی بێژەنگ ۲. ـها/ شێوە؛ ڕەوشت ۳. شێوازی تایبەتی.

استیلا / 'estîlā/: [عربی]/اسم. زاڵی؛ چیری؛ دەس داگرتوویی بە مل کە سێ یان شتێکدا بە زۆر.

▣ **استیلا یافتن**: زاڵ بوون؛ دەست بە سەراگرتن ‹انگلیسیان بر هند استیلا یافتند: ئینگلیزیەکان بە سەرهێنددا زاڵ بوون›.

استیلن / 'asetîlen/: [فرانسوی]/اسم. *[شیمی]* ئاسیتیلن؛ گازێکی بێ ڕەنگ، بۆدرن، گڕی بە تیشکێکی سپی درەوشەدارەوە کە بۆ ڕۆشنایی و جۆشکاری بە کار دەبرێت.

استیلیدن / 'estîlîdan/: *مصدر. متعدی.* ساناکردنەوە؛ وەک ئەوە کە پەلەوەرێک بە دوو کەوانی پێکەوە لکاو یان دەموچاو بە جەغزێک نیشان بدرێ (لە نیگارکێشیدا): **استیلیزاسیون**

استیلیده / 'estîlîde/: [عربی] *صفت.* ساناکراوە.

استیلیزاسیون / 'estîlîzās(i)yon/ ☜ **استیلیدن**

استیلیزه / 'estîlîze/ ☜ **استیلیده**

استیناف / 'estînāf/: [عربی]/اسم. *[حقوق]* ڕەوتی تێهەڵچوونەوە؛ لە سەر گرتنەوە؛ سەر لە نوێ کردنەوە؛ دیسان لێکۆڵینەوە؛ دادڕەسی دووبارە بەرانبەر بە ڕای دادگای یەکەم.

▣ **استیناف خواستن/ دادن**: خوازیاری دیسان لێکۆڵینەوە؛ داوای تێهەڵچوونەوە کردن.

اسد / 'asad/: [عربی]/اسم. ۱. ☜ **شیر ۳** ۲. *[تقویم]* پێنجەمین بورج لە دوازدە بورجی ساڵ، بەرامبەر بە مانگی گەلاوێژ.

▣ **اسد اصغر** ☜ شیر کوچک، **شیر**

اسرا / 'osarā/: [عربی] جمعِ ☜ **أسیر**

اسرائیلی [1] / 'esrā'îlî، ـها؛ ـان/: [عربی]/اسم. ئیسرائیلی؛ جووی دانیشتووی وڵاتی فەلەستین.

اسرائیلی [2]: *صفت.* ۱. جوو؛ جوولەکە؛ مووسایی ۲. سەر بە ئیسرائیل.

اسرار / 'asrār/: [عربی] جمعِ ☜ **سِرّ**

اسرارآمیز / 'asrārāmîz/: [عربی/ فارسی] *صفت.* ڕەمزاوی؛ ڕازناک.

اسراف / 'esrāf، ـها/: [عربی]/اسم. زێدەڕۆیی؛ هەڵەخەرجی؛ هەرش؛ تەلاس؛ کاری هەڕژاندن؛ بێهوودە خەرج کردن؛ دەستبڵاوی نە لە جێی خۆیدا ‹اسراف در مصرف روغن ضرر دارد: زێدەڕۆیی لە ڕۆن خواردندا زیانی هەیە›.

▣ **اسراف کردن**: زیادەڕۆیی کردن؛ هەڵەخەرجی کردن؛ بێ خۆ و بێ فایە خەرج کردن.

اسرافکار / 'esrāfkār، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] *صفت.* زێدەڕۆ؛ نابەجێ خەرج کەر؛ هەڵەخەرج.

اسرافکاری / 'esrāfkārî، ـها/: [عربی/ فارسی] *اسم.* زێدەڕۆیی؛ هەڵەخەرجی.

اسرع / 'asra'/: [عربی] *صفت.* تونتر؛ زووتر؛ خێراتر؛ گورجتەر.

▣ **در اسرع وقت**: لە زووترین کات؛ بە زووترین کات.

اسطبل / 'establ/: [معرب از لاتینی] ☜ **اِستَبل**

اسطرلاب / 'ostorlāb، ـها/: [معرب از یونانی] *اسم. [قدیمی]* ئۆسترلاب؛ ئاسمانپێو؛

ئامرازێکە لای ئەستێرەناسان بۆ لێکدانەوەی مەودای نێوان ئەستێرەکان: **أسْتُرلاب**

اسطقس / ostoqos'، ـات/: [معرب از یونانی] *اسم.* پێز؛ بنەما؛ ماک: ۱. کالەدەند؛ ڕیشە و بنەچەکەی هەرشتێک ۲. هەر یەک لە ماکە چوارێنەکان (ئاو، ئاگر، با، خاک) ۳. *[کنایی]* پێ، بنەڕەت؛ بنچینە؛ پایە؛ بناخە؛ شەنگەستە ❋ **أسّ و قُس** *[گفتاری]*

اسطوخودوس / ostoxod(d)ûs'، ـها/: [معرب از یونانی] *اسم.* شاڕێحانە؛ شاڕێحانە ڕۆمی؛ ئەسپەرە ڕۆمی؛ خەزێمە کێویلە: **استوخودوس؛ استوقدوس**

اسطوره / ostûre'، ـها؛ أساطیر/: [عربی از سریانی] *اسم.* دیرۆک؛ ئەفسانەیەک سەبارەت بە بوونەوەران، کار یان ڕووداوانی نائاسایی، بڕێ لە بیر و بڕوای خەڵکی کەونارا لەبارەی دیاردەگەلی سروشتی یان مێژوویییەوە (وەک بەدیهاتنی جیهان، گیانەوەران، ڕووەکان، کێوان، چۆمان، گەلان، نەتەوە و وڵاتان).

اسف / asaf'/: [عربی] *اسم.* *[ادبی]* خەفەت؛ دەرد و داخ: ۱. هایلۆ؛ کوڵ و زووخاو؛ خەم و کەسەر؛ جەخار ‹کسالت ابوی موجب اندوه و اسف گردید: نەخۆشینی باوکم بووە هۆی خەم و خەفەتێکی زۆر› ۲. دەردۆ؛ مخابن؛ داخ؛ ئاخ؛ توخوا؛ دوخان.

▣ **اسف خوردن:** داخ و خەم خواردن؛ ئاخ هەڵکێشان ‹همە بر مرگ آن جوان اسف خوردند: هەموو بۆ ئەو جوانەمەرگە ئاخیان هەڵکیشا›.

اسف‌آور / asafāvar'/: [عربی/ فارسی] *صفت.* خەماندەر؛ خەمهێنەر.

اسفار / asfār'/: [عربی] *اسم.* ۱. جمعِ ☜ **سِفر** ۲. *[نامتداول]* جمعِ ☜ **سَفَر**

▣ **اسفار خمسه:** پێنج کتێبی هەوەڵی دەورەی عەتیق.

اسفالت / esfālt'/: [فرانسوی] ☜ **آسفالت**

اسف‌انگیز / asafangîz'/: [عربی/ فارسی] *صفت.* ناخۆش؛ خەماوەر؛ کەسەردەر؛ داخدەر؛ هۆی هەڵخێزانی هەستی ناخۆش ‹همە از این رویداد اسف‌انگیز غمگین شدند: هەموو لەم ڕووداوە ناخۆشە داگیران›.

اسفبار / asafbār'/: [عربی/ فارسی] *صفت.* خەمناک؛ ناخۆش.

اسفرزه / esfarze'، ـها/: *اسم.* ڕکێشە؛ ڕەکێشە؛ گیا سنگئێشە؛ ئەسپرزە؛ یاوز؛ گەڵا دمەڵ: **اسپغول**

اسفرومتر / esferometr'، ـها/: [لاتینی] *اسم.* ئێسفیرومیتر؛ دەزگایەک بۆ ڕێک ئەندازە گرتنی ئەستوورایی شتی چکۆلە یان خڕووکە.

اسفل / asfal'، اسافل/: [عربی] *صفت.* *[ادبی]* خوارتر؛ وارتەر؛ وارین.

▣ **اسفل سافلین:** ۱. چاڵتر یان خوارتر لە هەموو ۲. خوارترین چاڵ لە تەواوی چاڵەکانی جەهەندەمدا.

اسفناج / esfenāc'، ـها/: [از یونانی] *اسم.* سپناخ؛ ئەسپەناخ؛ ئەسپەناغ؛ ئەسفەناج؛ سپەناغ؛ سپیناغ؛ گیایەکە دەیچێنن و لە ئاشپەزیدا بە کاری دێنن.

اسفناک / asafnāk'/: [عربی/ فارسی] *صفت.* ناخۆش؛ خەماوەر.

اسفنج / esfanc'، ـها/: [معرب از یونانی] *اسم.* هەور؛ سونگەر؛ هەوری؛ کەرەور؛ ئیسفەنج؛ شتێکی نەرمی کون‌کونە بۆ دۆشەک، سەرین، سەندەڵی، ماشین و... بە کار دەبرێ.

▣ **اسفنج حمام:** لیفە؛ لفکە؛ هەور؛ هەوری حەمام.

اسفنجی / esfancî'/: [معرب] *صفت.* هەوری؛ هەورینە؛ هەورین ‹تشک اسفنجی: دۆشەکەی

هەوری›.

اسفند / 'esfand/: اسم. ١. ڕەشەمە؛ سێهەمین مانگی زستان؛ مانگی دوازدەهەمی ساڵی ئێرانی ٢. /ـها/ قانگ؛ دیدی؛ ئەسپەن؛ ئسبەن؛ ئەسپەندەر ٣. /ـها/ دیدی؛ تووی ئەسپەندەر ✽ **اسپند**

▣ **اسفند دود کردن:** قانگ سووتانن؛ ئەسپەندەر سووتاندن.

اسفنددانه / 'esfand.dāne ، ـها/: اسم. دانە ئەسپەندەر؛ دانە قانگ؛ دەنکی ئەسپەندەر: **اسپنددانه**

اسقاط [1] / 'esqāt/: [عربی] اسم. ١. کار یان ڕەوتی خستن؛ وسەی؛ لە بار بردن ‹اسقاط جَنین: خستنی پز› ٢. دەس‌کۆتایی؛ ڕەوتی داکەوتن، لە بەین چوون یان بێ‌بەش بوون ‹اسقاط کلّیەی خیارات: دەس‌کۆتایی لە هەموو دەستەڵاتێک›.

اسقاط [2]: صفت. دەس‌کۆتا؛ داکەوتە؛ بێ‌بەش.

اسقاطی / 'esqātî/: [از عربی] صفت. چەکڵە: ١. لە کار کەفتی؛ خراپ و لە کار کەوتوو ٢. بۆ فڕێدان؛ بێ‌کەڵک.

اسقف / 'osqof، ـها؛ ـان/: [معرب از یونانی] اسم. ئوسقۆف؛ پایە یێکی کلێسایی بالاتر لە کەشە.

▣ **اسقف اعظم:** ئوسقۆفی گەورە؛ سەر ئوسقۆف.

اسکات / 'eskāt/: [عربی] اسم. [ادبی] دەمکوت؛ کار یان ڕەوتی بێ‌دەنگ کردن؛ نق برین ‹اسکات مخالفان: دەمکوتی نەیاران›.

اسکاتیف / 'eskātîf/ ☜ روغن اسکاتیف، **روغن**

اسکاچ / 'eskāč/: [انگلیسی] اسم. ئیسکاج؛ کاسەشۆر؛ دەفرشۆر؛ پەرپەژمینە؛ زروە؛ پەڕۆ زروە.

اسکادران / 'eskādrān، ـها/: [فرانسوی از ایتالیایی] اسم. [نظامی] سکادران؛ هێزی چەکداری هەوایی.

اسکان / 'eskān/: [عربی] اسم. نیشتەجێیی؛ هێور؛ ئاکنجی؛ کار یان ڕەوتی نیشتەجێ بوون ‹اسکان عشایر: نیشتەجێیی کۆچەران›.

▣ **اسکان دادن:** نیشتەجێ کردن؛ جێگە پێدان؛ هێوراندن؛ دامەزراندن؛ یاگەدەی؛ مەرزنایرە ‹زلزلە زدگان را در چادرها اسکان دادند: بوومەلەرزە لێداوەکانیان لە نێو چادردا نیشتەجێ کرد›.

اسکان یافتن: نیشتەجێ بوون؛ جێ پەیدا کردن؛ ئاکنجی بوون؛ مانەوە؛ ئەرەمەنەی؛ دامەزران؛ مەرزیایرە.

اسکاندیم / 'eskāndiyom/: [فرانسوی از انگلیسی] اسم. سکاندیۆم؛ توخمی کیمیاوی کانزایی، بە ژمارەی ئەتومی ٢١ و کێشی ئەتومی ٤٤,٩٥.

اسکاندیناویائی / 'eskāndînāv(i)yā'î/ ☜ **اسکاندیناویایی**

اسکاندیناویایی / 'eskāndînāv(i)yāyî/: اسم. سکاندیناویایی: ١. /ـها؛ ـان/ هەر یەک لە نیشتەجێیانی سکاندیناوی یان منالەکانیان ٢. شاخەیەک لە زمانگەلی ژێرگرووپی ژێرمەن کە بریتین لە سوێدی، نۆرڤێژی، دانمارکی و ئایسلەندی: **اسکاندیناوئائی**

اسکان‌یافتگی / 'eskānyāftegî/: [عربی/ فارسی] اسم. [جامعه‌شناسی] نیشتەجێیی؛ نیشتەجێیەتی؛ نیشتەجێتی؛ شێوازێک لە ژیانی کۆمەڵایەتی کە تاکەکانی کۆمەڵگا لە شوێنێکی دیاریکراو (وەک شار یان دێ) نیشتەجێ بن. بەرانبەر: **کوچندگی**

اسکان‌یافته / 'eskānyāfte ، ـها؛ ـگان/: [عربی/ فارسی] صفت. نیشتەجێ؛ هێوراو؛ خاوەن دۆخ یان چۆنیەتی نیشتەجێ بوون.

بـــه‌رانبـــه‌ر : **کوچنـــــده** ‹عـــشایر اســـکان‌یافتـــه: کۆچه‌رانی نیشته‌جێ›.

اســـــکریم / 'esk(e)rîm /: [فرانـــــسوی]/اســـم. /ورزش/ شمشێربازی؛ کایه‌ی شمشێر.

اســـکلت / 'eskelet، ـهـــا/: [فرانـسوی]/اسـم. ۱. چوارچێـــوه؛ کـــه‌لـــه‌خ؛ کـــه‌لـــه‌ســـته؛ قـــاپۆڕه؛ قابـــڵۆخه؛ قاپـــڵۆخ؛ ده‌نێـــودۆوال؛ قراپـــووه ۲. ئێسقان‌به‌ندی؛ چواربه‌نده.

اســـکلت‌بنـــــدی / 'eskeletbandî، ـهـــا/: [فرانـسوی/ فارسـی]/اسـم. ۱. /بنـایی/ سـفت‌کـاری ۲. کـــار یـــا ڕه‌وتی دروســـت‌کـــردن و پێـــوه لکاندنی برگه‌گه‌لی بنـه‌مـایی مـاڵ، خـانووبـه‌ره یان ده‌زگایه‌ک * **اسکلت‌سازی**

اسـکلت‌سـازی/ 'eskeletsāzî، ـهـا/: [فرانـسوی/ فارسی]/اسم. ۱. ☜ **اسـکلت بنـدی** ۲. کـار یـان ڕه‌وتی دروســـت‌کـــردنی ئێـــسقان‌بـــه‌نـــدی گیانله‌بـه‌ران وه‌ک خـۆی بـۆ پیـشاندان یـان بـۆ فێرکاری.

اســــکلروز / 'eskeleroz /: [انگلیـــــسی]/اســـم. /پزشـــکی/ ڕه‌وتی ڕه‌ق بـــوون؛ پتـــه‌و بـــوون؛ سفته‌وه بوون.

اسـکله / 'eskele، ـهـا/: [معـرب از ایتالیـایی]/اسـم. له‌نگـه‌رگـا؛ لـه‌نگـه‌رگـه؛ ئـه‌سـکه‌لـه؛ بـه‌نـده‌ر؛ دامـه‌زراوه‌یـه‌ک لـه قـه‌راخـی ده‌ریـا بـۆ کـار و باری گه‌میه.

اسـکناس / 'eskenās، ـهـا/: [روسـی از فرانـسوی] /اسم. ئه‌سکه‌ناس؛ پووڵو پاره‌ی له قاغه‌ز.

اســـکنبیل / 'eskanbîl /: [؟]/اســـم. ڕێواســـــه؛ ڕیڤاسه؛ ڕووه‌ک یـان دارچکێکـی خۆڕسـکه کـه لاسکی زۆر و گه‌ڵای که‌می هه‌یه.

اسـکندان / 'eskandān، ـهـا/:اسـم. /نامتـداول/ کونی کلیل.

اســـــــکندرانی / 'eskandarānî /: صـــــــفت. ئـه‌سـکه‌نـده‌رانی؛ پێـوه‌ندیـدار یـان سـه‌ر بـه شاری ئه‌سکه‌نده‌رییه له میسردا.

اســـکنه / 'eskene، ـهـــا/: اســـم. /نجـــاری/ ئـه‌سـکه‌نـه؛ مغـار؛ موغـار؛ تیخـی‌نـه‌جـاڕان؛ ئامرازێکی دارکۆڵینی دارتاشانه.

اســـــکواش / 'eskovāš /: [انگلیـــــسی]/اســـم. /ورزش/ ســـکواش؛ یارییـــه‌کی دوو یـــان چـــوار که‌سییه، وه‌ک تێنیس.

اسـکوتر / 'eskoter /: [انگلیـسی]/اسـم. ملـهووڕ؛ ملـهور؛ جۆرێـک سـۆنه‌ی قـه‌ڵـه‌وی ده‌نـدووک زله.

اســـکوتوم / 'eskotom /: [؟]/اســـم. /پزشـــکی/ سکۆتۆم؛ به دیهـاتنی خاڵـێکی کـوێر (ڕه ش) لـه مه‌یدانی دیتندا.

اســـــکودو / 'eskodo /: [؟]/اســـم. ســـــکۆدۆ؛ پاره‌ی وڵاتی پورتوغاڵ.

اســـکورت / 'eskort /: [فرانـــــسوی]/اســـم. ۱. ڕوانه؛ بـه‌دره‌قـه؛ کـار یـان ڕه‌وتی بـه‌ڕێ کـردن ‹خانم را تـا در خانـه‌اش اسـکورت کـرد: خانمـه کـه‌ی تـا ده‌رکـــی مـــاڵ ڕوانـــه کـــرد› ۲. ئاگـــاداری؛ چـاوه‌دێـری ‹کارشـان اسـکورت آقاسـت: کاریـان چـاوه‌دیـری لـه ئاغایـه› ۳. /ـهـا/ پێـشمه‌رگـه؛ پارێزه‌ر؛ پارێزگار؛ کـه‌س یـان گرۆیێـک کـه بـۆ ئاگـاداری یـان چـاوه‌دێـری لـه کـه‌سـێکه‌وه هاوڕێی ده‌که‌ن ‹سه نفر اسکورت آقا بودنـد: سـێ که‌س پارێزه‌ری ئاغا بوون›.

اســـکی / 'eskî /: [فرانـسوی از نـروژی]/اسـم. ۱. خلیـسکانێ؛ خلیـسکێن؛ خـسکێ؛ خـڵووزگێ؛ خش‌خشان؛ خـزخـزان؛ وه‌رزشـی خـز خـواردن به سه‌ر به‌فردا ۲. /ـها/ ئامرازی خلیسکانێ.

▣ **اسکی ترکه‌ای**: کـه‌وانـه؛ لاکـان؛ تـه‌نراوێکـه لـه تـووڵ دکرێتـه پـاوه بـۆ بـه سـه‌ر بـه‌فـردا ڕۆیشتن.

اسکی روی آب: خلیسکانی سه‌ر ئاو.

چوب اسکی ☜ **اسکی ـ۲**

اســـکی‌بـــاز / 'eskîbāz، ـهـا؛ ـــان/: [فرانـسوی/ فارسـی]/اسـم. شـه‌متـۆک؛ کاشـکان؛ کاشـیکان؛

کەسێ کە وازی لە خلیسکێنە. هەروەها: **اسکی‌بازی**

اسکیت / 'eskeyt، ـها/: [انگلیسی]/اسم. سکەیت؛ کەرەسەیەکی وەرزشی چەرخدارە کە دەیبەسنە ژێر کەوشەوە و پێی دەڕۆن.

اسکیزوفرنی / 'eskîzof(e)renî، ـها/: [فرانسوی از آلمانی]/اسم. سکیزۆفێرنی؛ تێکچوونی ڕەوانی درێژخایەن بە شێوەی دابڕان لە کۆمەڵ: **شیزوفرنی؛ جنون جوانی**

اسکیمو / 'eskîmo/: [فرانسوی]/اسم. سکیموو: ۱. هۆزی نیشتەجێی باکووری کانادا، ئالاسکا، گرۆنلەند و ڕۆژهەلاتی سیبری، بە ڕەنگی پێستی قاوەیی ڕۆشن، ڕوومەتی پان و چاوی چکۆلەوە ۲. /ـها/ هەرکام لە کەسانی ئەو هۆزە.

اسلاف / 'aslāf/: [عربی]/اسم. ۱. جمعِ ☜ **سَلَف** ۲. باب و کالان؛ با و باپیر ۳. پێشینیان؛ پێشینان؛ کەسانێک کە بەرلە کەسان یان تاقمێکی‌تر ژیاون ‹غزنویان اسلاف سلجوقیان بودند: غەزنەویگەل پێشینیانی سەلجووقیەکان بوون›.

اسلام / 'eslām/: [عربی]/اسم. ئیسلام؛ دینی حەزرەتی موحەممەد؛ لە دینە تاکە پەرەستیەکانە: **دین اسلام**

اسلامبولی / ☜ 'eslāmbolî / **استانبُولی**[۲]

اسلامخواه / 'eslāmxāh/: [عربی/ فارسی] ☜ **اسلامگرا**

اسلامخواهی / 'eslāmxāhî/: [عربی/ فارسی] ☜ **اسلام‌گرایی**

اسلام‌شناس / 'eslāmšenās، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی]/اسم. ئیسلام‌ناس؛ کەسێ کە سەبارەت بە دینی ئیسلام و فەرهەنگی ئیسلامی زانیاری و ئاگەداری هەیە.

اسلام‌شناسی / 'eslāmšenāsî/: [عربی/ فارسی]/اسم. ئیسلام‌ناسی؛ زانستی سەبارەت بە دین و مێژووی ئیسلام.

اسلامگرا[۱] / 'eslāmgerā، ـها؛ ـیان/: [عربی/ فارسی]/اسم. ئیسلامەوگر؛ ئیسلامخواز؛ کەسێ کە بیر و باوەڕی بە ئیسلامە و لایەنگریەتی: **اسلامخواه**

اسلامگرا[۲]: *صفت.* ئیسلامخواز: **اسلامخواه**

اسلام‌گرایی / 'eslāmgerāyî، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. ئیسلامەوگری؛ ئیسلامخوازی: **اسلامخواهی**

اسلامی / 'eslāmî/: [عربی] *صفت.* ئیسلامی: ۱. پێوەندیدار یان سەر بە ئیسلامەوە ۲. *[گفتاری]* موسڵمان.

اسلامیت / 'eslāmîyyat/: [عربی]/اسم. موسوڵمانی.

اسلاو / 'eslāv/:/اسم. ئسلاو؛ ئسلاڤ: ۱. هەرکام لە کەسانی سەر بە هۆزانی جۆراوجۆری سپی‌پێست لە ئوورووپای ڕۆژهەلات، بریتی لە ڕووس و بولغار و سربوکرۆڤات و لەهستانی و مۆلداو ۲. دەستەیەک لە زمانەکانی هێندو ئوورووپایی (ڕووسی، ئۆکراینی، سیربوکۆروڤات، چێکی، سلۆڤاکی، سلۆڤێنی و لەهێستانی).

اسلحه / 'aslahe، اسلحه؛ تسلیحات/: [عربی] /اسم. ۱. جمعِ ☜ **سِلاح** ۲. چەک؛ ئامرازی شەڕ.

▣ **اسلحەی اجتماعی**: چەکی چەندکەسی؛ چەکی جڤاتی؛ چەکێک کە بۆ کارپێکردنی بە زیاتر لە تاقەکەسێک نیازە: **جنگ‌افزار اجتماعی**

اسلحەی انفرادی: چەکی تاکەکەسی؛ چەکێک کە تەنیا کەسێک بتوانێ بە کاری بەرێ.

اسلحەی خودکار: چەکی ئوتۆماتیک؛ چەکی خۆمەش؛ چەکی وا کە دوای کەوتنە کار، بۆ خۆی یەک لە دووی یەک

گولله بێنێته‌وه به‌ر کار، یان به ڕێژنه تیر بهاوێ.

اسلحه‌ی سبک: چه‌کی سووک (وه‌ک تفه‌نگ و ده‌مانچه): **جنگ‌افزار سبک**

اسلحه‌ی سرد: چه‌کی سارد (وه‌ک کارد و شیر و خه‌نجه‌ر).

اسلحه‌ی سنگین: چه‌کی قورس (وه‌ک تۆپ و شه‌ستیر).

اسلحه‌ی شکاری: چه‌کی ڕاو.

اسلحه‌ی کمری: ده‌مانچه؛ چه‌کی که‌مه‌ری.

اسلحه‌ی گرم: چه‌کی گه‌رم؛ چه‌کی وا که ماکی ته‌قێنه‌ری تێدا به کار دێنن.

▣ **اسلحه برداشتن:** چه‌ک هه‌ڵگرتن؛ ده‌س به چه‌ک بوون.

اسلحه بستن: چه‌ک پێبوون؛ چه‌کدار بوون.

اسلحه را (به) زمین گذاشتن: *[کنایی]* چه‌ک دانان؛ ده‌س له شه‌ڕ کێشان.

اسلحه کشیدن: نیشتنه پارێز؛ چه‌ک کێشان؛ ده‌س بۆ چه‌ک بردن.

اسلحه‌خانه / 'aslahexāne ، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. جبه‌خانه؛ جێگایه‌ک که ئامرازی شه‌ڕی تێدا هه‌ڵده‌گرن.

اسلحه‌دار / 'aslahedār ، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی]/اسم. چه‌کدار؛ به‌رپرسی جبه‌خانه.

اسلحه‌سازی / 'aslahesāzî/: [عربی/ فارسی] /اسم. چه‌کسازی: ۱. /ـها/ کارخانه‌ی چه‌کسازی ۲. /ـها/ کارگه‌ی دروست کردنه‌وه‌ی چه‌ک ۳. کاری دروست‌کردن و دروست‌کردنه‌وه‌ی چه‌ک.

اسلواک / 'eslovāk/:/اسم. سلۆڤاک: ۱. خێڵێ له سلاڤه‌کانی ڕۆژاوا؛ نیشته‌جێی وڵاتی سلۆڤاکی ۲. زمانی ئه‌و خێڵه ۳. /ـها/ هه‌رکام له خه‌ڵکانی سه‌ر به وڵاتی سلۆڤاکی یان زارۆکانیان.

اسلوب / 'uslûb, 'oslûb ، ـها/: [عربی]/اسم. شێواز؛ شێوه؛ ڕێگه؛ ڕه‌وشت؛ زێ.

اسلوموشن / 'eslo:mo:šen/: [انگلیسی]/اسم. سلومۆشێن؛ نیشاندانی فیلم به شێوه‌ی هێواش و خاو.

اسلون / 'esloven/:/اسم. سلۆڤن: ۱. هه‌رکام له خه‌ڵکی خێڵی سلاڤه باشووریه‌کان که زۆرتر له‌گه‌ڵ سیربه‌کان و کرۆواته‌کان ده‌سته‌به‌ندی ده‌کرێن ۲. /ـها/ خه‌ڵکی سلۆڤێنیا ۳. زمانی ئه‌و خه‌ڵکه، له زمانگه‌لی سلاڤی.

اسلیمی / 'eslîmî ، ـها/: [از عربی]/اسم. ئیسلیمی؛ شێوازێک له هونه‌رگه‌لی جوانکاری، به شێوه‌ی گوڵ و بته‌ی پێچاوپێچ.

اسم / 'esm ، ـها؛ أسامی؛ أسما/: [عربی]/اسم. ناو؛ نێو؛ نامه؛ نووم؛ ناڤ؛ نوومه؛ نامێ: ۱. *[گفتاری]* وشه‌یه‌ک بۆ نیشان کردنی که‌سێک یان شتێک ۲. *[دستور]* وشه‌یه‌ک جگه له جێناو که ده‌بێته بکرد یان به‌رکار، یا دۆخ یان چۆنیه‌تیه‌ک ده‌رده‌خا.

▣ **اسم اشاره:** *[دستور]* ناوی ئاماژه؛ «این» (ئه‌مه؛ ئێنه) یا «آن» (ئه‌وه؛ ئانه)، کاتێ که جێی ناو ده‌گرێته‌وه و بۆ ئاماژه به نزیک یان دووره.

اسم اعظم: به‌رزترین ناو؛ ناوی خودا؛ به‌رزترین ناوی خودا که ده‌بێژن ته‌نیا به‌نده‌گه‌لی هه‌ڵبژێردراوی خۆی ده‌یزانن.

اسم بی‌مسما: ناوی بێناوک؛ ناوی بێناوه‌رۆک؛ ناوێک که له‌گه‌ڵ خاوه‌نه‌که‌یدا یه‌ک ناگرنه‌وه (وه‌ک ناوی چاوشین بۆ کوێر و قژزێڕین بۆ که‌چه‌ڵ).

اسم جامد: *[دستور]* ناوی بێڕه‌گ؛ ناوێک که له وشه‌یه‌کی تره‌وه نه‌گیردرابێت (وه‌ک

سەر، کێو).

اسم جمع: *[دستور]* ناوی کۆ؛ ناوێک کە بە شێوازی تاکە و لە واتادا کۆ دەگەیێنێت (وەک دەستە، کۆمە، گەل).

اسم جنس: *[دستور]* هەڤەناف؛ ناوی گشتی؛ ناوێک کە هەموو شتی ڕەگەزی خۆی دەگرێتەوە، بە بێ لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندیگەلیان (وەک مرۆ، باڵندە، گیاندار): **اسم عام**

اسم خاص: *[دستور]* ناوی تایبەتی؛ ناوێک کە نیشانەی کەس یان شوێنێکی تایبەتە (وەک کاوە، شاهۆ): **اسم عَلَم**

اسم ذات: *[دستور]* ناوی سەربەخۆ؛ ناوی شتێ کە هەبوونی بە شتێ‌ترەوە نەبەستراوە (وەک لەش، ماڵ، کتێو). بەرانبەر: **اسم معنی**

اسم زمان: *[دستور]* ناوی کات؛ ناوێک کە نیشانەی ماوە یان ساتێکی دیاریکراوە (وەک شەو، ڕۆژ، بەیانی، حەفتە، مانگ، ساڵ).

اسم شب: *[قدیمی]* وتە یان ناوێک لە پێشەوە بڕیاردراو بۆ هاتوچوو بەو شوێنانەدا کە لە ژێر چاوەدێریدان.

اسم عام ☜ **اسم جنس**

اسم عَلَم ☜ **اسم خاص**

اسم فاعل: *[دستور]* ناوی بکەرد؛ ناوی کارکەر یان خاوەنی دۆخێک کە زۆرتر هاوبەشی نێوان ناو و ئاوەڵناوە (وەک ترسێنەر، ئامۆژگار).

اسم فامیل: نێوی بنەماڵەیی؛ نێوی بنەماڵە؛ نێوی خێزانی؛ ناڤی ویجاخێ.

اسم مرکّب: *[دستور]* ناوی لێکدراو؛ ناوی تێکەڵ؛ ناوێک کە لە دوو یان چەند وشە پێکهاتووە، (وەک شب‌بو: شەوبۆ، لە «شەو» و «بۆ»).

اسم مستعار: نازناو؛ ناوی هەڵبەست؛ ناوێکی دروستکراو کە کەسێک (بەتایبەت نووسەر یان شاعیرێک) بۆ خۆی هەڵیدەبژێرێ.

اسم مصدر: *[دستور]* ناوی چاوگ؛ ناوێ کە واتای کار نیشان دەدات (وەک بڕشت، کۆشش، کەنشت).

اسم معرفه: *[دستور]* ناوی ناسراو؛ ناوی بناس؛ ناوێ کە بیسەر خاوەنەکەی دەناسێت.

اسم معنی: *[دستور]* ناوی واتا؛ ناوێک کە بوونی بەسراوە بە شتێکی‌ترەوە (وەک هۆش، جوانی). بەرانبەر: **اسم ذات**

اسم مفعول: *[دستور]* ناوی بەرکار؛ ناوێ کە بە خاوەنەکەی دۆخی بەرکاری دەدات و زۆرتر هاوبەشی نێوان ناو و ئاوەڵناوە (وەک سووتاو، خەوتوو؛ چەماوە).

اسم مکان: *[دستور]* ناوی شوێن؛ ناڤێ جهێ؛ ناوێ کە جێگایێک نیشان دەدات (وەک هەوارگە، بەردەڵان، کوێستان، گەرمیان، بەردانی، دەشتایی و...).

اسم نکره: *[دستور]* ناوی نەناسراو؛ ناڤێ نەنیاس؛ ناوێ کە بیسەر خاوەنەکەی ناناسێت.

▣ **اسم بد درکردن:** *[گفتاری]* بە خراپە ناو داخستن؛ بێناف بوون؛ ناو بە خراو دەرچوون؛ ناو زڕیان: **اسم کسی بد در رفتن**

اسم بردن: ناو بردن؛ ناو گوتن؛ نامبەر کردن؛ نامێ بەردەی؛ ناڤبرن.

اسم چیزی این بودن: گوایە؛ گوا؛ ئەڵێن؛ ئەیژن؛ لە ڕواڵەتا وا پیشان دان ‹اسمش این است کە عروسی گرفتەایم: گوایە گۆڤەندمان گرتووە›.

اسم خود را عوض کردن: *[مجازی]*

سمێڵی خۆ تاشین؛ دان نان بە نەزانی یا شکستی خۆدا ‹اگر حرف تو ثابت شود من اسمم را عوض می‌کنم: ئەگەر قسەکەی تۆ بێتەدی من سمیلی خوم ددتاشم›.

اسم درکردن: *[گفتاری]* نێو داخستن؛ ناو دەرکردن؛ ناڤ و بانگ چوون.

اسم روی کسی گذاشتن: *[مجازی]* ناو برین بەسەر کەسێکدا؛ نیتکە نان بە کەسێکەوە؛ پیتکە پیا خستن؛ ناونیتکە نان بە کەسێکەوە؛ ناوی خراپە نان بە کەسێکەوە.

اسم کسی بد در رفتن ☜ **اسم بد درکردن**

اسم کسی/ چیزی را آوردن: ناو بردنی شتێ/ کەسێ ‹هر روز اسمش را می‌آورد: هەموو ڕۆژێ ناوی دینێ›.

اسم کسی را روی سنگ کندن: *[مجازی]* کۆچی دوایی‌کردن؛ مردن.

اسم نوشتن ☜ **نامنویسی**

به اسم خود جا زدن: کردنە هی خۆ؛ بە درۆ بە خۆوە لکاندن.

به اسم کسی کردن: کردنە ناو کەسێکەوە؛ بە ناوی کەسێکەوە کردن ‹خانه را به اسم زنش کرد: خانووەکەی کردە ناو ژنەکەیەوە›.

اسما / asmā'/: [عربی] جمعِ ☜ **اسم**

اسماً / esman'/: [عربی] *قید*. بەناو؛ بەنامێ؛ بناڤ: ١. لەڕووی ناوەوە ‹او را اسماً می‌شناختم، ولی ندیده بودم: بە ناوەوە دەمناسی، بەلام نەمدیبوو› ٢. بە ڕواڵەت ‹اسماً نوکر بود و رسماً ارباب: بەناو نۆکەر بوو، لە ڕاستیدا ئاغا›.

اسماعیلی / esmā'îlî'/: [عربی] *صفت*. ئیسمائیلی؛ حەوت ئیمامە؛ پەیڕەوی مەزەبی ئیسمائیلی: **هفت‌امامی**

اسماعیلیه / esmā'îlîyye'/: [عربی] *اسم*. ئیسماعیلیە؛ مەزەوی شیعەی حەوت ئیمامی کە ئیسماعیل کوڕی ئیمام جافر بە ئاخر ئیمام دەزانن.

اسمبلی / asemblî'/: *اسم*. ئەسەمبلی؛ لە زمانەکانی بەرنامەنووسی کۆمپیوتەر.

اسم‌گذاری / esmgozārî'/: [عربی/ فارسی] ☜ **نامگذاری**

اسم‌نویسی / esmnevîsî'/: [عربی/ فارسی] ☜ **نامنویسی**

اسم و رسم / esm-o-rasm'، ـها/: [عربی] *اسم*. *[گفتاری]* *[مجازی]* ١. ناو و نیشان؛ چۆناوچۆنی حاڵ و باڵ ٢. ناوبانگ؛ ناو و دەنگ؛ ناوداری و ناسراوی.

◘ **اسم و رسم درکردن**: ناوبانگ داخستن؛ ناو و نیشان دەرکردن؛ بەناوبانگ بوون.

اسم‌ورسم‌دار / esm-o-rasmdār'، ـها/: [عربی/ فارسی] *صفت*. ناو و نیشاندار؛ ناسراو؛ بەناوبانگ.

اسموکینگ / esmokîng'، ـها/: [فرانسوی] *اسم*. سمۆکینگ؛ جل و بەرگی ڕەسمی پیاوانە کە ڕەشە و کەواکەی بێ کلانەیە، لە پێشەوە کوڵ و لە دواوە درێژە، پانتۆڵەکەشی تەسکۆڵەیە، زۆرتر بە کوڵەجەوە لە بەری دەکەن.

اسمی / esmî'/: [عربی] *صفت*. ١. *[مجازی]* ڕواڵەتی ‹مدیراسمی: بەرپرسی ڕواڵەتی› ٢. *[گفتاری]* ناودار؛ ناسراو؛ بەناو ‹کدخدا حسین از آدمهای اسمی محله بود: کوێخا حوسەین لە پیاوە ناودارەکانی گەڕەک بوو›.

اسمیم / osmiyom'/: [فرانسوی] *اسم*. ئۆسمیۆم؛ توخمی کیمیاوی کانزایی سەخت، بە ژمارەی ئەتومی ٧٦ و کێشی ئەتومی ١٩٠,٢.

اسناد / asnād'/: [عربی] جمعِ ☜ **سَنَد**

اسناد / esnād'، ـها؛ ـات/: [عربی] *اسم*. وە پالدراوی؛ پێوە لکاوی؛ هاوگەری.

▣ **اسناد دادن:** دانە پاڵ؛ پێوەلکاندن؛ کار یان قسەیەک دانە پاڵ کەسێک یان شتێکەوە.

اسنومبیل / 'esnomobîl/: [انگلیسی] ☜ **برفرُو**

اس‌وقس / 'oss-o-qos/: [معرب از یونانی] ☜ **أسطُقس**

اسوه / 'osve، ـها/: [عربی]/اسم. [ادبی] ١. پێشەنگ؛ نمانا؛ ڕێنما؛ سەرمەشق؛ گرۆبەر؛ نموونەی بێ‌خەوش ٢. [نامتداول] ڕێبەر؛ پێشەوا.

اسهال / 'eshāl، ـها/: [عربی]/اسم. سکەشۆرە؛ سکەشۆرێ؛ ئشکەم؛ بەلەفیرە؛ تەقەفیرە؛ قەقەفیرە؛ تەقەتوورە؛ تەقەتوورکە؛ ئیسهاڵ؛ گووشە؛ دەروی؛ دەراوێ؛ قڕۆ؛ زەحیر؛ زەختە؛ تراڵێ؛ فیقە؛ قرک؛ نەخۆشینی هناڤ چوون؛ تەقڕین؛ فێران؛ زگ‌ڕۆیین؛ فێرکان؛ دڵ/ زگ/ پا کارکردن؛ هەڵ‌تووران؛ فێریان؛ زکچوون؛ هەڵشوولان؛ سکچوون؛ سکرۆیین؛ شاتان؛ زگ‌ڕەوانی؛ سەرپێیی.

▣ **اسهال خونی:** سکەشۆرەی خوێنی؛ زکچوونا خوێنی؛ نیشتەرەی.

اسهال دام: تووڕاندن؛ فێراندن؛ تڕووشقە؛ زگ‌چوونی مالات.

اسهالی / 'eshālî، ـها/: [عربی] صفت. زگەشۆرە؛ زگ چوونی؛ بەلەفیرە؛ تڕووشقانێ؛ زگەشۆرەوار؛ تووشی زگەشۆرە هاتوو.

اسید / 'asîd، ـها/: [فرانسوی]/اسم. [شیمی] ترش؛ ئاسیل؛ تیزاو؛ هەر ماکێکی کیمیایی کە لە ئاودا H^+ بەدی بێنێ.

اسیدخونی / 'asîdxûnî/: [فرانسوی/ فارسی] اسم. [پزشکی] ترشی خوێنی؛ ترش بوونی نائاسایی خوێن وا کە H^+ زۆر دەبێ و PHی خوێن کەمتر لە حاڵی ئاسایی دەبێتەوە.

اسیدی / 'asîdî، ـها/: [فرانسوی] صفت. ترشی؛ ترشی‌دار. هەروەها: **اسیدی بودن؛ اسیدی شدن؛ اسیدی کردن**

اسیر [1] / 'asîr، ـها؛ ـان؛ أسَرا/: [عربی]/اسم. دیل؛ یەخسیر؛ ئێخسیر؛ ئەسیر؛ ئێسیر؛ یەسیر؛ دۆساخ؛ زیندانی؛ هێشیر؛ هێسیر؛ گرتوو؛ گرتی؛ گراو؛ هەسیر؛ بەردەستە؛ دەردەست؛ کەسێ کە ئازادی لێ گیراوە ‹چهار اسیر آزاد شدند: چوار دیل ئازادکران›.

▣ **اسیر جنگی:** دیلی شەڕ؛ یەخسیری شەڕ؛ گراو لە شەڕ؛ کەسێ کە لە شەڕدا بکەوێتە دەست دوژمن.

▣ **اسیر گرفتن:** دیل گرتن؛ یەخسیر گرتن؛ یەخسیرکردن.

اسیر [2]: صفت. دیل؛ دۆساخ؛ یەخسیر؛ ئەسیر؛ گراو؛ گریای؛ گیرۆدەی بەند و داو یان دۆخێکی ناخۆش ‹اسیر غم: دیلی خەم›.

▣ **اسیر بودن:** یەخسیر بوون؛ دیل بوون؛ گیرۆدە بوون.

اسیر شدن: دیل بوون؛ گیریان؛ هێسیر بوون؛ یەقیر بوون.

اسیر کردن: دیل‌کردن؛ گرتن؛ یەخسیر کردن؛ هێسیرکردن.

اسیروابیر / 'asîr-o-abîr/: [عربی] صفت. [گفتاری] دیل و داماو؛ گیر و بەند؛ قەتیس؛ دەسەپاچە؛ تووشیاری دۆخێکی هەرە ناخۆش ‹دو سال آزگار اسیروابیر بچه های برادرم بودم: دووساڵی ڕەبەق گیروبەندی منداڵەکانی کاکم بووم›.

اسیری / 'asîrî/: [عربی]/اسم. دیلی؛ دۆساخی؛ یەخسیری؛ هێسیری؛ هەسیری؛ ئەسیری.

اشارات / 'ešārāt/: [عربی] ١. جمعِ ☜ **اشاره** ٢. جمعِ ☜ **اشارَت**

اشارپ / 'ešārp، ـها/: [فرانسوی]/اسم. چارۆکە؛ چارۆک؛ چەتفە؛ چارەکە؛ قوماشێ

که ژنان به سەر شانیاندا ئەیدەن.

اشـارت / ešārat' ، ـها؛ اشارات/: [عربـی]/اسـم. [/ادبـی/] ئامـاژە؛ هێمـا؛ هیمـا؛ ئیمـا؛ نیـشانک؛ ئیـشارەت؛ ئاشیرەت؛ بـە دەسـت یـان بـە چـاو نیشان‌کردن.

اشـاره / 'ešāre، ـها؛ اشارات/: [عربـی]/اسـم. ۱. ئاماژە؛ نیـشانک؛ فچـەنـن؛ بـە دەسـت یـان بـە چـاو نیـشان‌کـردن ۲. هێمـا؛ هیمـا؛ ئیمـا؛ قـسەی کـورت یـان مانـا هـەڵـگر ‹در نامـه‌اش اشاره‌ای داشت بـه عروسـی آزاد: لـە نامـەکـەیدا بـە زەمـاوەنـدی ئـازاد هێمایـەکی‌کردبـوو› ۳. [/ادبـی/] قـامکی شـادە؛ دۆشـاومژە ☜ انگشت اشـاره، **انگشت**

▣ **اشـاره کـردن:** ئامـاژەکـردن؛ هێمـاکردن.
هەروەها: **اشاره شدن؛ اشاره داشتن**

اشـــاعه / 'ešā'e/: [عربـــی]/اســـم. ۱. بـــڵاو کردنـــەوە؛ تـــەقـــە داخـــستن؛ قـــوو داخـــستن؛ واتـــەوات؛ قـــاو داخـــستن ۲. بـــڵاوەپێـــدەری؛ کاری بلاوە پێدان؛ کاری پەرە پێدان.

▣ **اشـــاعه‌ی اکاذیـــب:** درۆ پڕژانـــدن؛ فـــشە داخستن.

▣ **اشـاعه دادن:** پڕژانـدن؛ پـەخـشان کردنـەوە؛ بـرەو پێـدان؛ پـەرە پێـدان؛ بـەلاڤـکرن.
هەروەها: **اشاعه یافتن**

اشـانتیون / 'ešāntiyon، ـها/: [فرانـسوی]/اسـم. نمـووچ؛ بریتیـە لـە بـەشـێکی کـەم لـە کووتاڵـێک کـە بـە بۆنـەی فرۆشـیەوە، بـە خۆڕایی بەش دەکرێتەوە تا باشتر بناسرێ.

اشباح / 'ašbāh/: [عربی] جمعِ ☜ **شَبَح**

اشــباع / 'ešbā/: [عربـی]/اسـم. تێـری؛ پـڕی؛ سێری؛ تێروپڕی.

▣ **اشباع شـدن:** تێـر بـوون؛ پڕبوون: **بـه حـد اشباع رسیدن**

اشـباع کـردن: تێـر کـردن؛ پـڕ کـردن؛ تەژیکرن.

به حد اشباع رسیدن ☜ **اشباع شدن**

اشـبل / 'ošbol، ـها/:/اسـم. گـەرا؛ گـەراماسـی؛ خەرزێ ماسی.

اشـبو / 'ašbo/:/اسـم. سوخاڵـدان؛ ڕەژیـدان؛ خەڵووزدان؛ جێ‌خەڵووز.

اشـپون / 'ešpon ، ـها/: [روسـی]/اسـم. [/چـاپ/] یـەکـەی دانـدراو بـۆ درێـژی دێـڕی چـاپی، بـەرامبـەر بـە ٤٨ پوینـت یـان ١٨,٠٥ میلی‌متر.

اشـــتالنگ / 'eštālang/ ☜ اســتخوان قــاب، **استخوان**

اشـــتباه[1] / 'eštebāh، ـها؛ ـات/: [عربـی]/اسـم. هەڵـە؛ پـەڵـە؛ سـەهـو؛ لـەسـەر چـوو؛ دەسـەر چـوو؛ نـەزانـست؛ خـەڵـەت؛ یـانش؛ خـووڵ؛ بەرهەمی تێ‌نـەگـەیـشتن و هـەڵـسەنگانـدنی چـەوت ‹اشتباه مـرا تـصحیح کـرد: هـەڵـەی لـێم هەڵگرتەوە›.

▣ **اشتباه لُپی:** هەڵەی تەواو؛ پەڵەی زەق.

اشـتباه لفظـی: جۆڕیـان؛ زمـان بـە هـەڵـەدا چوون؛ شاشیادەڤکی.

▣ **اشـتباه درآمـدن:** بـە هـەڵـە دەرهـاتن؛ ئاکامی بە هەڵە دان.

اشـتباه درآوردن: بـە هـەڵـە دەرهێنـان؛ بـە ئاکامی هەڵەگەیشتن.

اشتباه کـردن: هـەڵـە کـردن؛ پـەڕ بـوون؛ بـە سەهو چـوون؛ بـە خـەڵـەت چـوون؛ سـەهـو کـردن. هـەروەهـا: **اشـتباه بـودن؛ اشـتباه شدن**

اشـتباه کـسی را گـرفتن: هـەڵـە بـۆ کـەسـێ گرتن؛ هەڵـەی کـەسـێ دەسنیـشان کـردن؛ هەڵە بۆ کەسێ ڕاست‌کردنەوە.

کـسی را از اشـتباه درآوردن: کـەسـێ لـە هـەڵـە ڕزگـارکردن؛ ناسـاندنی هـەڵـەی کەسێ بە خۆی.

کـسی را اشـتباه گـرفتن: کەسـێ لـە جێـی

کەسێکی‌تر زانین.
کسی را به اشتباه انداختن: خستنە هەڵەوە؛ کەسێ تووشی هەڵە کردن.
اشتباه[۲]: *صفت.* هەڵە؛ سەهو؛ بە دۆخ یان شێوازی نادروستەوە ‹راه اشتباه: ڕێگەی هەڵە›.
اشتباه[۳]: *قید. [گفتاری]* هەڵە؛ سەهو؛ ئیشتبا ‹اشتباه کردم: بە هەڵە چووم›.
اشتباهاً / 'eštebāhan/: [عربی] *قید.* بە هەڵەوە؛ بە سەهووەوە ‹اشتباهاً زنگ خانەی دیگری را زدم: بە هەڵەوە زەنگی ماڵێکی‌ترم لێدا›.
اشتباهکاری / 'eštebāhkārî، ـها/: [عربی/ فارسی] *اسم.* هەڵەکاری؛ سەهوکاری؛ شاشیکاری.
اشتباهی / 'eštebāhî/: [عربی] *قید. [گفتاری]* بە هەڵە؛ سەهوی؛ لە ڕووی هەڵە یا ئیشتباوە ‹او را اشتباهی گرفته بودند: بە هەڵە گرتبوویان›.
اشتداد / 'eštedād/: [عربی] *اسم. [ادبی]* تەشەنە؛ سەختی؛ تیژی؛ توندی؛ شێڕەتی؛ گۆمڕەیی.
▣ **اشتداد یافتن:** تەشەنەکردن؛ سەختەوە بوون؛ توندەوە بوون؛ زۆرگرتن ‹بیماری اشتداد یافت: نەخۆشینەکە تەشەنەی کرد›.
اشتر / 'oštor، ـها؛ ـان/: *اسم. [ادبی]* وشتر؛ هێشتر؛ عشتر؛ دەڤە؛ دینە: **شُتُر**
اشتراک / 'ešterāk، ـها/: [عربی] *اسم.* هاوبەشی؛ بەشداری: ۱. /ـات/ دۆخ یان چۆنیەتی هاوبەش بوون ‹با اشتراک چند نفر شرکتی تأسیس کردند: بە هاوبەشی چەند کەس شەریکەیەکیان دامەزراند› ۲. کەڵک وەرگرتن لە ڕاژەی بنکەیەک بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ‹اشتراک گاز؛ اشتراک روزنامە: بەشداری گاز؛ بەشداری ڕۆژنامە›.
▣ **اشتراک لفظی:** *[دستور]* هاوتەیی؛ پشکداری دوو وشە کە لە وتنەوەدا وەکوو یەکن و لە واتادا جیاوازن (وەک ڕاویار و ڕاویار، یەکەم بە مانای «ڕێبوار» و دووەم بە واتای «نەچیروان»).
اشتراک مساعی: هاوکاری؛ ئاریکاری؛ هاریکاری.
حق اشتراک ☜ **حق**
اشتراکی / 'ešterākî/: [عربی] *صفت.* ۱. هاوبەشی ‹زندگی اشتراکی: ژیانی هاوبەشی› ۲. *[قدیمی]* کومۆنیستی.
اشترک / 'oštorak، ـها/: *اسم.* شاپێل؛ گەڤل؛ لەپاو؛ شەپۆلی گەورە.
اشتعال / 'ešte'āl/: [عربی] *اسم.* دۆخ یان چۆنیەتی هەڵبوون؛ پێبوون؛ داگیرسانی ئاگر؛ هەڵگران؛ هەڵگیرسان؛ هۆرگرەی؛ گرەی؛ هەڵگرسیان؛ گیسیاینە.
اشتعال‌پذیر / 'ešte'ālpazîr، ـها/: [عربی/ فارسی] *صفت.* ئاورگر؛ گرەرفان ‹پلاستیک از مواد اشتعال‌پذیر است: پلاستیک ماکێکی ئاورگرە›.
اشتغال / 'ešteqāl، ـها؛ ـات/: [عربی] *اسم. فی:* ۱. مژولی؛ کار و ڕەوتی پەرژین؛ پەرژان؛ پەرژیان؛ خەریک بوون؛ خجڵیان؛ مەشخووڵ بوون؛ خەریک بوون ‹اشتغال به تحصیل: پەرژین بە خوێندنەوە› ۲. ئیش؛ کار؛ هەرمانە؛ شوول؛ شوغڵ ‹ایجاد اشتغال: ئیش‌سازی›.
▣ **اشتغال داشتن:** لە کار بوون؛ ئەرکێ کردن؛ خجڵیان بە کارێکەوە؛ سەرقاڵ بوون؛ خەریک بیەی؛ ب شوول بوون.
اشتغال ورزیدن: دەست بە کارێکەوەدان؛ کارێو گێرتەی وێرە؛ دەست ب شوولەکێ کرن.
اشتغال‌زا / 'ešteqālzā/: [عربی/ فارسی]

صفت. کارهێنەر؛ کارخۆشکەر؛ خاوەنی ئیمکانی وەدی هێنانی پیشە ‹قالیبافی از فعالیتهای اشتغال‌زا است: قالیچنی لە چالاکیگەلی کارهێنەرە›.

اشتقاق / 'ešteqāq/: [عربی]/اسم. دۆخ یان چۆنیەتی لێک بوونەوە؛ جیابوونەوە؛ لێکبڕان؛ لە یەک بڕیان: ۱. دۆخ یان چۆنیەتی کەلاشتە و جیا بوونەوە لە یەکتر ‹اشتقاق قارەها: لێکبوونەوەی قوڕنەکان› ۲. /ـها؛ ـات//دستور/ دروست بوونی وشەیەک لە وشەیەکیتر (وەک «خەو»، «خەوتوو» و «خەوالوو» کە لە لقەکانی خەوتنن).

▣ **اشتقاق یافتن:** جیابوونەوە؛ لێک بوونەوە؛ لە یەک چووچیان؛ ژێک ڤەبوون.

اشتلم / 'oštolom/، ـها/:/اسم. ۱. هاش و هووش؛ لاف و گەزاف؛ بافیش؛ بە خۆدا هەلگوتن و پەسنی خۆ دان ۲. گوڕ و هەرا؛ زۆربێژی و هەرا و هوریا کردن و داخوڕین.

هەروەها: **اُشتُلُم کردن**

اشتها / 'ešteha/: [عربی]/اسم. واژۆ؛ بڕۆک؛ ئیشتیا؛ گێڤل؛ مەگێز؛ مجێز؛ جوفا؛ ڕەوتی دڵبردن؛ وەشتی؛ واشتن؛ وازی خواردن ‹نمی‌دانم چرا امروز هیچ اشتها ندارم: نازانم بۆچی ئەمرۆ هیچ دلم ناوێ›.

▣ **اشتها داشتن:** گز و فت بوون؛ دڵ بردن؛ حەزۆ خارنیکرن؛ حەز بە خواردەمەنی کردن.

اشتها کور شدن: گێڤل کوێرەو بوون؛ بێئیشتیا بوون.

از اشتها افتادن: لە مەگیزکەوتن؛ ئیشتیا لە دەست دان.

به اشتهای دیگران نان خوردن: /مجازی/ بە سازی دیتران سەما کردن؛ بە هێوای خەلکی لووتبەرز بوون؛ بە هومێد یا ئامرازگەلی کەسێکەوە کاریکردن.

اشتهاآور / 'ešteha.āvar/: [عربی/ فارسی] صفت. تەبیاتخواز؛ واشتنی؛ بزوێنەری وازی مرۆ بۆ خواردن.

اشتهار / 'eštehār/: [عربی]/اسم. ۱. بەناوبانگی؛ چۆنیەتی بە ناوبانگ بوون ۲. ناوبانگ؛ شۆرەت.

▣ **اشتهار داشتن:** بە ناوبانگ بوون؛ ناودار بوون؛ نامیتەقایوە.

اشتهار یافتن: ناوبانگ دەرکردن؛ ناو داخستن؛ ناو پەیداکردن؛ نامی لوەی.

اشتیاق / 'eštiyāq/: [عربی]/اسم. تاسە؛ تامەزرۆیی؛ تارسە؛ حەز؛ واز؛ ئیشتیا؛ ئارەزوو؛ عەزرەت؛ بیهر؛ سوو؛ هەوا؛ نگەشن؛ شنیان؛ شنین؛ عەز؛ هۆک؛ سوێ؛ تاسی ‹او اشتیاق زیادی به دیدن شما داشت: تاسەیەکی زۆری بۆ دیتنی ئێوە بوو›.

اشجار / 'ašcār/: [عربی]/اسم. /ادبی/ دار و دەوەن؛ داران؛ دار و درەخت؛ داری ‹اشجار جنگلی: دارودەوەنی دارستانی›.

▣ **اشجار مُثمِر:** بەرداران؛ وەچە داران؛ داری بەردار؛ داری میوە.

اشخاص / 'ašxās/: [عربی] جمعِ ☜ **شَخص**

اشد / 'ašad(d)/: [عربی] صفت. توندترین؛ سەختترین.

▣ **اشدّ مجازات:** توندترین سزا.

اشرار / 'ašrār/: [عربی]/اسم. ۱. جمعِ ☜ **شَریر** ۲. ئاژاوەچیان؛ کەسانێ کە ئاژاوە و بشێوە دەنێنەوە.

▣ **اشرار مسلّح:** چەتەی چەکدار؛ چەکدارێن شەڕانی.

اشراف / 'ašrāf/: [عربی]/اسم. خانەوادان؛ گەورەمالان؛ مازنان؛ کەسانی خاوەن پلەی ڕامیاری، کۆمەلایەتی و ئابووری لە سۆنگەی باب و باپیرانیانەوە.

اشراف / 'ešrāf/: [عربی]/اسم. ۱. چاوەدێری؛

لە سەرەوە بۆ خوارەوە بینین ۲. *[مجازی]* ئاگاداری ‹اشراف بر ضمایر بندگان خدای داشت: ئاگاداری لە دڵ و دەروونی بەندەگەلی خوا هەبوو›.

▣ **اشراف داشتن:** ئاگادار بوون؛ دیتن؛ گورەتەنەی؛ لە بەر چاوەوە بوون.

اشرافسالاری / 'ašrāfsālārî/: [عربی/ فارسی] /سم. خانخانی؛ دەرەبەگایەتی.

اشرافمنش / 'ašrāfmaneš، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] صفت. ئاغەوات؛ خاوەن خدە و ئاکاری ئاغەواتی.

اشرافمنشانه / 'ašrāfmanešāne/: [عربی/ فارسی] صفت. ئاغەواتانە.

اشرافی / 'ašrāfî/: [عربی] صفت. ئاغەواتی.

اشرافیت / 'ašrāfîyyat، ـها/: [عربی] /سم. ئاغەواتی.

اشراق / 'ešrāq/: [عربی] /سم. ئیشراق: ۱. توانایی دۆزینەوەی ڕاستی، بێ بەڵگەی روون و تەنیا بە هەست و بڕشتی زەین ۲. فەلسەفەیەک کە بڕوای بە دۆزینەوە و تێگەیشتنی ڕاستی بە یارمەتی هزر و بیر و چێژی دەروونیە.

اشراقی / 'ešrāqî ، ـان؛ ـون/: [عربی] صفت. ۱. سەر بە ئیشراق ۲. هۆگر و پشتبەستوو بە ئیشراقەوە.

اشربه / 'ašrabe/: [عربی] /سم. *[نامتداول]* جمع ☜ **شراب** ۲. *[ادبی]* خواردنەوەییگەل؛ خواردنەوەییەکان.

اشرف / 'ašraf/: [عربی] صفت. بەرزتر؛ بەڕێزتر؛ هەڤیاز.

▣ **اشرف مخلوقات:** بەڕێزترین ئافرێنراوی خوا؛ بریتی لە مرۆڤ؛ بەشەر.

اشرفی / 'ašrafî، ـها/: [عربی] /سم. ئەشرەفی؛ سوورەتشایی؛ سکە زێڕێکی بچووکە بۆ خشڵ دەکار دێ.

اشعار / 'aš'ār/: [عربی] جمع ☜ **شعر**

اشعار / 'eš'ār/: [عربی] /سم. ئاگاداری؛ های؛ جەی؛ هەواڵ.

▣ **اشعار داشتن/ کردن:** دەنگ کردن؛ ئاگادار کردن.

اشعری / 'aš'arî/: [عربی] صفت. ئەشعەری: ۱. پێوەندیدار یان سەر بە ڕێبازی ئەشعەریەوە ۲. ـها؛ ـان/ شۆپگر و هۆگری ڕێبازی ئەشعەری.

اشعریه / 'aš'arîyye/: [عربی] /سم. ئەشعەرییە؛ ڕێبازێکی کەلامی کە ئەبووحەسەنی ئەشعەری دایمەزراند.

اشعه / 'aše'e, 'aša'e/: [عربی] /سم. ۱. جمع ☜ **شُعاع** ۲. تیشک؛ تیسک؛ تیجیە؛ پەرتەو؛ تابشت؛ تیشکدەری.

اشغال / 'ešqāl/: [عربی] /سم. ۱. دابڕێ؛ داگیری؛ زۆربگیری؛ کار یان ڕەوتی داگرتنی شوێنێک ‹اشغال شهر بە وسیلەی نیروهای دشمن: داگرتنی شار بە هۆی هێزەکانی دوژمنەوە› ۲. ئەشغاڵ؛ کار یان ڕەوتی بە کار گیران ‹اشغال تلفن کار درستی نیست: ئەشغالی تەلەیفوون کارێکی باش نیە›.

هەروەها: **اشغال بودن؛ اشغال شدن؛ اشغال کردن**

اشغالگر / 'ešqālgar، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] صفت. داگیرکەر؛ دابڕکەر.

اشغالی / 'ešqālî/: [عربی] صفت. ۱. دابڕی؛ زۆربگیری ۲. داگیرکەر ‹نیروهای اشغالی: هێزە داگیرکەرەکان› ۳. داگیرکراو؛ داگیراو ‹سرزمینهای اشغالی: خاکە داگیرکراوەکان›.

اشق / 'ašaq/ ☜ **أشَک**

اشقیا / 'ašqiyā/: [عربی] /سم. ۱. جمع ☜ **شَقی** ۲. *[اسلام]* دژمنانی پێغەمبەری ئیسلام و بنەماڵە و یارانی.

اشک / 'ašk, 'ašg/: /سم. فرمێسک؛ ئەسرین؛

هەرەس؛ هەسر؛ ئرمس؛ ئرمێس؛ گورمیس؛ ئەسر؛ هەرسی؛ هێستر؛ هێسیر؛ هەستار؛ ڕۆنتک؛ ڕۆندک؛ ئەنو؛ هەرش؛ هێرش؛ فرێش؛ ڕۆنکی؛ ئه شک؛ ڕوندک؛ لۆرک؛ ئاوی چاو * **اشگ**

⊡ **اشک بلبل:** ۱. *[مجازی]* شەونم؛ ئاونگ؛ خوناف ۲. *[مجازی]* ئارەق؛ ئەرەق؛ ودکا؛ مەی.

اشک پیازی: *[کنایی]* گریانی بە درۆ و ڕواڵەتی.

اشک تمساح: *[کنایی]* فرمێسکی درۆیین؛ فرمێسکی درۆیینە.

اشک حسرت: فرمێسکی پەژیوانی.

اشک شادی: کەنی گری؛ فرمێسک بزە؛ فرمێسکی شادی لە چاو هاتن: **اشک شوق**

اشک شمع: فرمێسکی شەم؛ تنۆکەی مۆم؛ تکەی مۆم؛ دڵۆپە تواوەکانی شەم کە لە کاتی سووتاندا دەتکێت.

اشک شوق ☜ **اشک شادی**

⊡ **اشک توی مشک داشتن:** *[مجازی]* سەراوی کەسێ نزیک بوون؛ ئامادەی گریان بوون؛ گریان لە گیرفان بوون؛ دڵ ناسک بوون.

اشک ریختن: فرمێسک ڕژاندن؛ ڕوندک ڕێتن.

اشک کسی را درآوردن: گریاندنی کەسێک؛ هەرسوو یۆی ئاردەینە چەمێ: **اشک گرفتن**

اشک گرفتن ☜ **اشک کسی را درآوردن**

اشک / 'ošak/: ـها/: *اسم.* بەهەک؛ جەوگە بەهەک؛ بنەگیایەکی چەتریە، شیرەکەی دەرمانە: **کُندل؛ اشق**

اشکاف / 'eškāf/: ـها/: *اسم.* گەنجە؛ خەلۆەتی؛ ژووری کەل‌وپەل.

اشکال / 'aškāl/: [اعربی] جمعِ ☜ **شِکل**

اشکال / 'eškāl,'ešgāl/: ـها؛ ـات/: [اعربی] *اسم.* گرفت: ۱. دژواری؛ سەختی؛ ئاریشەیی ‹در اثر برف، حرکت خودروهای سواری با اشکال روبرو شد: بە هۆی بەفرەوە، هاتوچووی ماشینگەلی سواری تووشی گرفت بوو› ۲. کەموکووڕی؛ لەنگی؛ ناڕێکی؛ خەوش؛ نوقسان ‹پرونده‌اش اشکال داشت: پەروەندەکەی گرفتی هەبوو›.

⊡ **اشکال پرسیدن:** گرفت پرسینەوە؛ لە دژواری پرسین.

اشکال تراشیدن: ڕێخ تێخستن؛ بیانوو گرتن؛ تەگەرە تێخستن؛ گێچەڵ تاونایوە.

اشکال درآوردن: گێچەڵ کردن؛ عەیب گرتن؛ سەختی پێش‌هێنان؛ گێچەڵ وسەینە.

اشکال نداشتن: قەی‌نەکردن؛ بێ‌گرفت بوون ‹اشکال ندارد خودم انجام می‌دهم: قەی‌ناکا خۆم جێبەجێی دەکەم›.

اشک‌آلود / 'aškālûd, 'ašg-/: *صفت.* فرمێسکاوی؛ هەرسین ‹چهره‌ی اشک‌آلود: ڕوخساری فرمیسکاوی›.

اشکبار / 'aškbār,'ašg-/: *صفت.* فرمێسکاوی؛ فرمێسک‌بار؛ فرمێسک‌ڕێژ؛ پڕفرمێسک ‹چشم اشک‌آلود: چاوی فرمیسکاوی›.

اشکریز / 'aškrîz, 'ašg-/: *صفت.* فرمێسک‌بار.

اشکریزان / 'aškrîzān, 'ašg/: *قید.* گریان-گریان؛ بە گریان-گریان؛ بەگریانەوە ‹اشکریزان پیش مادرش دوید: بە گریانەوە چوو بۆ لای دایکی›.

اشکفت / 'eškaft/: *اسم.* ۱. شەق؛ قەڵش؛ دڕنە؛ ترەکە؛ درز؛ دەرزی جۆگەلەی ئاو ۲. [اعربی] ئەشکەوت؛ شکەفت؛ ئەشکەفت؛ مەڕە.

اشکل / 'eškel, 'ešgel/: *اسم.* ۱. *[قدیمی]* لزگە؛ پەتێک کە کاتی ناڵ کردنی چوارپا،

دەست و پای پێ دەبەستن ۲. *[گفتاری]* دژواری؛ سەختی؛ گێچەڵە.

اشکلک / 'eškalak/: *اسم. [قدیمی]* چێوێک کە بۆ ئەشکەنجە یان تەمێ کردن دەخرایە لای قامکەوە و دەیانگووشی: **اشکنک**

اشکمبه / 'eškambe/: *اسم.* ورگ؛ ئەشقەمە؛ عرک؛ عویر؛ حویر؛ سەخور؛ جێگە ڕۆخڵە لە زگدا.

اشکنک / 'eškanak/ ☜ **اِشکَلَک**

اشکنه / 'eškene/: *اسم.* ئەشکەنە؛ کارواناشی؛ پیازاو؛ چێشتاوێکە بە ڕۆن و پیواز و ئاردەوە، جار و باریش سەوزی و هێلکەی تێدەکەن.

اشکوب / 'oškûb, ـها/: *اسم.* ۱. قات؛ نهۆم؛ تەبەق؛ قاتی خانوو ۲. قاتێکی خانوو ۳. *[زمین‌شناسی]* لە دابەشکراوگەلی چکۆلەی خولی زەوین‌ناسی * **طبقه**

اشکوبه / 'oškûbe/: *صفت.* ماخ؛ نهۆم؛ نوهۆم؛ قۆر؛ نشف؛ تەبەقە؛ قات لە خانوو؛ قات؛ بە نهۆم ‹خانه‌ی چهار اشکوبه: ماڵی چوار نهوم›.

اشگ / 'ešg/ ☜ **آشک**

اشل / 'ešel, ـها/: [فرانسوی] *اسم.* ۱. پێوانە؛ کەوچ؛ پێومان؛ پیڤەر ۲. پلەوپایە؛ پێگە.

▣ **اشل بومه** ☜ مقیاس بومه، **مقیاس**

اشل حقوق: پێومانی مووچە؛ پیڤەری قانوونی.

اشل طرح: پێومانی گەڵاڵە؛ پێڤەری پلانی.

اشمئزاز / 'ešme'zāz/: [عربی] اسم. *[ادبی]* بێزاری؛ بێز؛ گرخ؛ قیز؛ قەڵسی؛ وەڕەزی؛ هەستی بێزکردنەوە و زۆر تووڕە بوون ‹از بوی سیر اشمئزار دارد: لە بۆی سیر بێزی دێتەوە›.

اشنار / 'ošnār/: *اسم.* ئاوە ڕۆ؛ گونج؛ کونێ لە دیواردا بۆ دەرباز بوونی ئاو.

اشنان / 'ošnān, ـها/: *اسم.* شۆرەک؛ زرویێ؛ کەفکەفۆک؛ گیاکەفە؛ بنەگیایەکە کەف دەکا و جاران جلیان پێ دەشۆرد.

اشو / 'ašû/: *صفت. [ادبی]* پیرۆز؛ مبارەک؛ ممبارەک.

اشهد / 'ašhad/: [عربی] *دعا. [مخفف]* اشهد ان لا الـه الا اللّه (شاهێدی ئەدەم جگە لە ئەڵلا خودایەکی دیکە نیه).

▣ **اشهد خود را گفتن/ خواندن**: *[کنایی]* شایەتیمان هێنان/ هاوردن؛ شاتیمان هاوردن؛ ئامادەی مەرگ بوون؛ بەرهەڤی مەرگ بوون.

اشهر / 'ašhar/: [عربی] *صفت.* بەناوبانگتر؛ ناودارتر؛ نامدارتەر؛ مەشهوورتر.

اشیا / 'ašyā/: [عربی] جمعِ ☜ **شیء**

اصابت / 'esābat/: [عربی] *اسم. [ادبی]* ۱. کار یان ڕەوتی ماڵین؛ دان؛ لێکدان؛ پێکدادان؛ لێکەوتن؛ لێکدانی شتێ لە شتێ ‹سرم به دیوار اصابت کرد: سەرم دای لە دیوارەکە› ۲. *[نامتداول]* پێکان؛ بار یا چۆنیەتی دروست بوون؛ بڕێتی لە زانین ‹اصابت رای؛ خوب اصابت کردەای: پێکانی ڕا؛ باشت پێکاوە›.

▣ **اصابت کردن**: لێدان؛ بەرکەوتن؛ وێکروتن؛ لێکەوتن؛ کەوتن ‹تیر به پایش اصابت کرد: تیر دای لە پای›.

اصالت / 'esālat, 'asālat/: [عربی] *اسم.* ڕەسەنی؛ ڕەسەنایەتی ‹اصالت خانوادگی: ڕەسەنی بنەماڵەیی›.

▣ **اصالت اسم** ☜ **نام‌گرایی**

اصالت تصوّر ☜ **ایده‌آلیسم ـ۱**

اصالت تعقّل ☜ **خِرَدگرایی**

اصالت خانوادگی: ڕەسەنی بنەماڵە؛ ڕەسەنایەتی خێزانی.

اصالت ذهن ☜ **ذهن‌گرایی**

اصالت رفتار ☜ **رفتارگرایی**
اصالت عقل ☜ **خِرَدگرایی**
اصالت عمل ☜ **عمل‌گرایی**
اصالت فایده ☜ **سودگرایی**
اصالت فرد ☜ **فردگرایی**
اصالت فکر ☜ **ایده‌آلیسم ـ۱**
اصالت کثرت ☜ **کثرت‌گرایی**
اصالت لذت ☜ **لذّت‌گرایی**
اصالت مادّه ☜ **ماتریالیسم**
اصالت محیط ☜ **محیط‌گرایی**
اصالت معنی ☜ **ایده‌آلیسم ـ۱**
اصالت نفع ☜ **سودگرایی**
اصالت واقع ☜ **واقع‌گرایی**
اصالت وجود ☜ **اگزیستانسیالیسم**
اصالت وسیله ☜ **ابزارگرایی**

▣ **اصالت داشتن:** ۱. ڕاسا بوون؛ ڕاوەستاو بوون؛ پاوەجێ بوون ۲. ڕەسەن بوون؛ ڕەسەنایەتی هەبوون؛ لە بنج و بناوان نەترازان.

اصالتاً / esālatan, 'asālatan' /: [عربی] قید. [حقوق] لە لای خۆوە؛ لە لایەن خۆوە.
بەرانبەر: **وکالتاً**

اصحاب / ashāb' /: [عربی] اسم. [ادبی] ۱. جمعِ ☜ **صاحب** ۲. جمعِ ☜ **صَحابی** ۳. یاران؛ دۆستان ٤. خاوەنان؛ خاوەنگەل.

▣ **اصحاب وحی:** پەیغەمبەران؛ ناردراوانی خودا.

اصرار / esrār' ، ـها /: [عربی] اسم. پێداگری؛ پێکۆلی؛ چوڕ؛ خڕ؛ کوت؛ میچ؛ پڕل؛ پاملی؛ پێ‌گەزی؛ پێ‌چەقانی؛ لووبلووب؛ کار یان ڕەوتی لە سەر ڕۆیشتن؛ لە سەر ڕۆین؛ سووری لە سەر شتێ؛ ویستی بەردەوامی شتێ ‹چرا این قدر اصرار می‌کنی: بۆچی ئەمەندە پێ دادەگری؟›.

اصطبل / establ' /: [معرب از لاتینی] ☜ **اِستَبل**

اصطکاک / estekāk' ، ـها /: [عربی] اسم. ۱. دۆخ یان چۆنیەتی لێکخشان؛ خشان؛ مالیان؛ سووان؛ لێکساوین ‹بر اثر اصطکاک پاره شده است: بە هۆی لێکخشانەوە دڕاوە› ۲. لێکدان؛ پێکدان؛ مالیان؛ لێکەوت ‹اصطکاک دو شی با هم: لێکدانی دوو شت› ۳. [فیزیک] خۆگری ڕووی لەیەکدانی دوو شت لە بەرانبەر جووڵانەوەیاندا.

اصطلاح / estelāh' ، ـها؛ ـات /: [عربی] اسم. دەستەواژە؛ زاراوە؛ وشە یان ڕستەیەک کە لە ناو دەستەیەکی دیاریکراو لە زانست، هونەر، کار یان پیشەدا، خاوەن واتایەکی تایبەتی و جیاکارە ‹اصطلاح ادبی: دەستەواژەی وێژەیی›.

اصطلاحنامه / estelāhnāme' ، ـها /: [عربی/فارسی] اسم. زاراوەنامە؛ فەرهەنگی زاراوە؛ تیرمینۆلۆژی؛ فەرهەنگی تایبەتی بە ڕاقەی وشەگەلی باو لە یەک بوار یان بابەتی دیاریکراودا: **ترمینولژی**

اصطلاحی / estelāhî' /: [عربی] صفت. زاراوەیی؛ پێوەندیدار یان سەر بە زاراوە.

اصغا / esqā' /: [عربی] اسم. [ادبی] گوێڕاگری؛ گوێڕادێری؛ گوش‌گیرتەی؛ کار یان ڕەوتی گوێدان بە وتاری کەسێک.

اصغر / asqar' /: [عربی] صفت. چکۆلەتر؛ وردتر؛ هووردتر؛ بچووکتر؛ گچکەتر؛ بچکۆلەتر؛ ڕێزتەر؛ وردی‌تەر؛ ویقلەتەر؛ گولالەتەر.

اصفهان / esfahān' /: [معرب از فارسی] اسم. ئیسفەهان؛ مەقامێکی دەزگای هومایوون؛ یەکێ لە پێنج مایەی مووسیقای ئێران: **بیات اصفهان**

اصل[1] / asl' ، ـ ها؛ اصول /: [عربی] اسم. سۆلان؛ ما؛ بنیچە؛ سفن؛ ماک؛ بنەما؛ لانەما؛ مەخز؛ قولتیە؛ درڤ؛ خاسە؛ هەرخۆ: ۱. بنەڕەت؛

پێز؛ خێم؛ ڕەگەز؛ بنیچە؛ بنچینە ‹این کار از اصل غلط است: ئەم کارە لە بنەڕەتدا هەڵەیە› ٢. بنیچە؛ ڕەسەن؛ ناوپشتە؛ ڕەچەڵەک؛ ڕەگەز؛ نەژاد؛ ڕەگ؛ بنەچەک؛ بنەچەقە؛ بنەچەک ‹اصل او از کرمانشاه است: لە بنچینەوە کرماشانیە› ٣. پێز؛ ئەسڵ؛ بنەما؛ بنەوان؛ قانوون و بنەما ‹اصل ارشمیدس: پێزی ئەرەشمیدوس› ٤. خود؛ خودی خۆ ‹اصل سند: خودی بەڵگە›.

اصل اباحه: */فقه/* بنەمای ڕەوایی؛ هەرچی قەدەغە نەکرابێ، ڕەوایە.

اصل استقرا ☜ **استقرا**

اصل برائت: */حقوق/* بنەمای بێتاوانی؛ هەرکەس تا کاتێ تاوانێکی لە سەر نەسەلمێندرا بێ، بێتاوان دێتە ئەژمار.

اصل برگشتپذیری: */فیزیک/* قانوونی گەڕانەوەی ڕاستەوخۆ (بۆ نوور داندراوە).

اصل بقای ماده و انرژی: */فیزیک/* قانوونی مانەوەی ماک و وزە؛ ماک و وزە دوو بنەمای ڕاستەقینەی هەرماون کە هەر بووگن و هەر دەمێنن و قەت نافەوتن، بەڵکوو پێکەوە جێگۆڕکێ دەکەن و دەبنە یەکتری.

اصل تفکیک قوا: بنەمای جیاکردنەوەی هێز و دەسەڵات؛ جیابوونی هەرێمی بەرپرسیارێتی هێزەکانی قانووندانەری (پەرلەمان)، بەڕێوەبەری (سەرکۆماری) و دادوەری (داد).

اصل دولتهای کاملەالوداد: */حقوق/* قانوونی وڵاتانی بە تەبا و ڕەبا؛ بنەمایێک لە حقۆقی نێونەتەوەییدا کە دەڵێ هەموو ئەو وڵاتانە کە ئەم قانوونەیان ئیمزا کردووە، دەبێ هەموو ماف و چارە یەک وا بۆ وڵاتێکی تر دەیناسن و باوەڕیان پێ هەیە، بۆ گشت وڵاتانی ئەم پەیمانە بیناسن و باوەڕیان پێ بێ.

اصل صحت: */حقوق/* بنەمای دروستی؛ هەموو بڕیارنامەیەک تا پێچەوانەکەی نەسەلمێندراوە، دروست و جێبڕوایە.

اصل ضرورت علّی ☜ **جبرگرایی**

اصل کاری: گرینگ؛ گرنگ ‹اصل کاری به اداره امور است: گرینگ بەڕێوە بردنی کارەکانە›.

اصل موجبیّت ☜ **جبرگرایی**

اصل موضوعه/ موضوعی: */منطق/* ئەو بڕیارە کە لە زانستی بەڵگەییدا، خۆبەخۆیی سەلماوە و بەبێ بەڵگە هێنانەوە وەردەگیردرێ و بۆ سەلماندنی حوکمی دیکە بەکار دێت.

اصل همه یا هیچ ☜ قانون همه یا هیچ، **قانون**

از اصل: لە بنەڕەتەوە؛ لە بنەڕەتێرا؛ لە بنەوە؛ لە بنەمادا؛ لە بنچینەوە ‹من از اصل با این کار مخالف بودم: من لە بنەڕەتەوە دژی ئەم کارە بووم›.

در اصل: لە ڕاستیدا؛ دەبناغەدا.

اصل[2]: *صفت. /گفتاری/* ڕەسەن؛ ماک؛ ئەسڵ؛ عەسڵ؛ هەرخۆ ‹جواهر اصل: گەوهەری ڕەسەن›. هەروەها: **اصل بودن**

اصلاً /'aslan/: [عربی] *قید.* ١. لە بنەڕەتدا ‹اصلاً شیرازی بود: لە بنەڕەتدا شیرازی بوو› ٢. هەر؛ هەرگیز؛ قەت؛ بە هیچ جۆر ‹اصلا نیامد: هەر نەهات› ٣. دەی جا؛ ئەگەریچ؛ ئەوسایچ؛ تازە؛ خۆ؛ بەڵام ‹خودم درستش می‌کنم، اصلا درست هم نشد کە نشد: هەرخۆم چاکی دەکەمەوە، دەی جا چاکیش نەبووەوە، نەبووەوە› ٤. هیچ ‹اصلا پولی در بساطم نماند: هیچ پارەیەکم پێ نەما› ٥. یان خود؛ نەخێر ‹اصلا بیا کار دیگری بکنیم: یان خود وەرە کارێکی دیکە بکەین›.

اصلاح / eslāh'، ـەھا؛ ـات/: [عربی]/اسم. ۱. چاکسازی؛ کار و ڕەوتی چاککردنەوە ‹اصلاح رفتار کودکان بزهکار: چاکسازی کردەوەی منالانی خەتاکار› ۲. چاککردن؛ باشکردن؛ کارێک کە بۆ چاکترکردنی چۆناوچۆنی شتێ بکرێ ‹اصلاح خاک: چاککردنی خاک› ۳. ئیسلاح؛ کورتکردنەوە و ڕێککردنی مووی سەر و ڕیش و سمێل.

▣ **اصلاح دینی**: چاکسازی دینی؛ بزووتنەوەیەک کە لە سەدەی ۱٦ی زایینیەوە بۆ چاکسازی ئایینی مەسیح لە ئورووپای ڕۆژاوادا پێکهات.

اصلاح سر: سەر دروستکردن؛ چاککردنی سەر؛ سەرەوەشکەردەی.

هەروەها: **اصلاح صورت**

▣ **اصلاح شدن**: دروست بوون؛ چاک بوون.

اصلاح کردن: ۱. خاسکردن؛ چاکردن ۲. سەر و ڕیش دروستکردن.

اصلاحات / eslāhāt'/: [عربی]/اسم. چاکەسازی؛ چاککردنەوە؛ ئەو کارانە وا بۆ چاکترکردنی بارودۆخی کۆمەلایەتی، ئابووری و رامیاری دەکرێ ‹اصلاحات فرهنگی: چاکەسازی فەرهەنگی›.

اصلاحپذیر / eslāhpazîr'، ـەھا؛ ـان/: [عربی/ فارسی] صفت. چاکەپەژێر؛ چاکەپەزێر؛ خاوەن توان یان ئەگەری باش بوون ‹این پسر اصلاحپذیر نیست: ئەم کوڕە چاکەپەژێر نیە›. هەروەها: **اصلاح بشو؛ اصلاحشدنی؛ اصلاحناپذیز**

اصلاحطلب / eslāhtalab'، ـەھا؛ ـان/: [عربی] /اسم. چاکخواز؛ چاکەخواز؛ چاکیخاز؛ خوازیاری چاکەسازی، بەتایبەت لە دۆخی سیاسی، کۆمەلایەتی و فەرهەنگیەوە.

اصلاحطلبانه / eslāhtalabāne'/: [عربی/ فارسی] صفت. چاکەخوازنە؛ چاکسازیانە؛ پێوەندیدار یان سەر بە چاکەخوازی.

اصلاحی / eslāhî'/: [عربی] صفت. ۱. روونکراوە ۲. چاککراو ‹مقاله اصلاحی را به چاپخانه فرستاد: وتارە چاککراوەکەی بۆ چاپخانە نارد›.

اصلاحیه / eslāhîyye'، ـەھا/: [عربی]/اسم. روونکراوە؛ چاککراوە؛ ئەوەی بۆ چاکەکردنی قانوون یا نووسراوەیەکی تر دەنووسرێت ‹اصلاحیەی قانون: روونکراوەی قانون›.

اصلح / aslah'/: [عربی] صفت. چاکتر؛ خاستر؛ باشتر؛ عالتەر؛ خووتر؛ بەیتەر.

اصلونسب / asl-o-nasab'، ـەھا/: [عربی] /اسم. بنوبناوان؛ ڕەگەز؛ بنەچە؛ بنچەکە؛ بنەچەکە؛ بنچینە؛ بنیچە؛ تۆ و تۆرەمە؛ زوڤر؛ باب و باپیران ‹از اصلونسب داماد پرسیدیم: لە بنوبناوانی زاوامان پرسی›.

اصله / asle'/: [عربی]/اسم. بن؛ چل؛ بنە؛ چلێ؛ بنێ؛ گلوێ (بۆ دارگوێز)؛ یەکەی ژماردنی دار و درەخت ‹پنج اصله درخت گردو: پێنج بن دارگوێز›.

اصلی / aslî'، ـەھا/: [عربی] صفت. سەرەکی: ۱. بنەڕەتی؛ بنچینەیی ‹لولەی اصلی: لوولەی سەرەکی› ۲. گرینگ ‹حرف اصلی آزاد تقاضای وام بود: قسەی سەرەکی ئازاد داوای وام بوو› ۳. ڕاستەقینە؛ ئەسلی ‹شغل اصلی: پیشەی سەرەکی›.

اصلیت / aslîyyat'/: [عربی]/اسم. [گفتاری] ۱. ڕەگەز؛ بنچینە؛ بنەچە؛ ڕەچەلاک؛ ڕەتەوە؛ تۆرەمە ‹باید اصلیت آن معلوم شود: ئەبێ بنچینەکەی بزانرێ› ۲. سەرچاوە؛ سەرچاوکە.

اصلیتاً / aslîyyatan'/: [عربی] قید. [گفتاری] لە بنەچەوە؛ لە بنیچەوە ‹او اصلیتاً بانەای است:

له بنیچه‌وه بانه‌ییه›.

اصم / 'asam(m)/: [عربی] *صفت. [ادبی]* ۱. که‌ڕ؛ که‌ڕوکاس ۲. لێڵ؛ تاریک؛ نادیار.

◙ **عدد اصم** ☜ عدد گنگ، **عدد**

اصناف / 'asnāf/: [عربی]/*اسم.* ۱. جمعِ ☜ **صِنْف** ۲. بازاڕیان؛ بازاڕیگه‌ل.

اصنام / 'asnām/: [عربی] جمعِ ☜ **صَنَم**

اصوات / 'asvāt/: [عربی] جمعِ ☜ **صَوت**

اصول / 'usûl, 'osûl/: [عربی]/*اسم.* ۱. جمعِ ☜ **اَصل** ۲. *[مجازی]* بنه‌ما؛ بنه‌ماگه‌ل؛ قانوونه بنه‌ڕه‌تیه‌کان؛ ڕێوشوێن ‹اصول نواختن تار: ڕێوشوێنی تار ژه‌ندن›.

◙ **اصول اخلاقی:** ڕێ و شوێنی ئاکاری.

اصول دین: ڕێ و شوێنی بنه‌ڕه‌تی دین.

◙ **اصول دین پرسیدن:** *[کنایی]* بۆ نوکو نخۆشه‌ر گه‌ڕان؛ له نووک و به‌د پرسین؛ پرس و ڕای زۆر و ناڕه‌واکردن.

اصولاً / 'usûlan, 'osûlan/: [عربی] *قید.* له‌ڕاستیدا؛ له‌بنه‌ڕه‌ته‌وه؛ جه بنه‌وه ‹این کار اصولاً درست نیست: ئه‌م کاره له ڕاستیدا دروست نیه›.

اصولگرا/ -'usûlgerā, 'osûl، ـها؛ ـیان/: [عربی/ فارسی] *قید.* بناوانگر؛ بنه‌ماگره‌و؛ بنه‌ماخواز؛ ئۆگری بنه‌ماخوازی: **بنیادگرا**

اصول‌گرایی / -'usûlgerāyî, 'osûl، ـها/: [عربی/ فارسی]/*اسم.* بناوانگری؛ بنه‌ماگره‌وی؛ بنه‌ماخوازی؛ باوه‌ڕ به پێویستی گه‌ڕانه‌وه بۆ سه‌ر بنه‌ماگه‌لی کۆن و سه‌ره‌تایی دین و شوێن‌که‌وتنی: **بنیادگرایی**

اصولی / 'usûlî, osûlî/: [عربی] *صفت.* بنه‌مایی؛ بناوانی؛ بناخه‌دار.

اصیل / 'asîl/: [عربی] *صفت.* ۱. هه‌یلاو؛ ڕه‌سه‌ن؛ گران؛ ئاده‌ر؛ جسن؛ جانه‌دان؛ حدود؛ به نژادی چاک ‹اسب اصیل: ئه‌سپی ڕه‌سه‌ن› ۲. ڕه‌چه‌ڵه‌کدار؛ به‌بناوان؛ ڕه‌گه‌ز چاک؛ نه‌جیم؛ ڕه‌سه‌ن؛ خاوه‌ن توره‌مه (دایک و باب یان کالان)ی به‌ڕێز و به ئابڕوو ‹خانواده‌ی اصیل: بنه‌ماڵه‌ی به‌بناوان› ۳. جێ‌که‌وتوو؛ دامه‌زراو؛ خۆگرتوو؛ خاوه‌ن ئاکار یان بیری سه‌ربه‌خۆ و شیاو.

اصیلزاده / 'asîlzāde، ـها؛ ـگان/: [عربی/ فارسی] *صفت.* ڕه‌سه‌ن؛ بنه‌چه‌دار؛ نه‌جیم‌زاده؛ خاوه‌ن توره‌مه یان نژادی چاک.

اضافات / 'ezāfāt/: [عربی]/*اسم.* ۱. جمعِ ☜ **اضافه** ۲. ئه‌و پاره وا مووچه خۆر ــ زیاد له مووچه‌که‌ی ـ ده‌ستی ده‌گرێ.

اضافه[1] / 'ezāfe، ـها؛ اضافات/: [عربی]/*اسم.* ۱. زیاد؛ زیا؛ بێژ؛ زۆر؛ کار یان ڕه‌وتی زیادکردنی شتێ به شتێکی‌تر ‹قدری به این طرف اضافه کن تا برابر شوند: بڕێ به‌م لا زیاد که تا ڕێک بن› ۲. *[دستور]* ناوێک دانه پاڵ ناوێکی‌تره‌وه (وه‌ک : باغ بهشت: باخی به‌هه‌شت).

◙ **اضافه شدن:** زیاد بوون؛ زۆرتر بوون؛ فره بوون؛ پتر بوون. هه‌روه‌ها: **اضافه کردن**

اضافه[2]: *صفت.* سه‌ربار؛ سه‌ره‌ڕا؛ زیاده؛ زیادله؛ زێده؛ زیاده له‌وه ‹پول اضافه: پاره‌ی سه‌ربار›.

اضافه[3]: *قید.* زۆرتر؛ زیادتر؛ زێده‌تر؛ زیاده؛ فره‌تر ‹صد تومان هم اضافه می‌دهم: سه‌د تمه‌نیش زۆرتر ده‌ده‌م›.

اضافه‌بار / 'ezāfebār، ـها/: [عربی/ فارسی] /*اسم.* سه‌ربار؛ نێوبار؛ ناوبار؛ ناڤبارک؛ ناوتا؛ ناقبار؛ ناوکۆ؛ زێده بار؛ نرۆدک؛ زێده باری که ده‌خرێته سه‌ر باران.

اضافه‌حقوق / 'ezāfehoqûq, -huqûq، ـها/: [عربی]/*اسم.* ئه‌و پاره که دوای ماوه‌یه‌ک بۆ کارگێڕ زیاد ده‌کرێ.

اضافه‌کار / 'ezāfekār، ـها/: [عربی/ فارسی] /*اسم.* سه‌رکار؛ زێده‌کار؛ کاری زۆرتر له‌وه‌ی بڕیار دراوه.

اضــافه‌کــاری / ezāfekārî' ، ــهــا/: اعربــی/ فارسی]/اسم. زێده‌کاری؛ سه‌رکاری؛ مزه‌یێک که به جێگه‌ی زێده‌کاری وه‌رئه‌گیرێت یان ئه‌درێت.

اضافی[1] / ezāfî' ، ـها/: اعربی] صفت. /گفتاری/ زیادی؛ زیاده؛ ناپێویست ‹ما جای اضافی نداریم: ئێمه جێی زیادیمان نیه›.

اضافی[2]: قید. /گفتاری/ زێده؛ زیادی؛ زیاده؛ زۆری؛ زێده‌یی؛ فرێتر؛ فره‌تر؛ فره‌ته‌ر؛ فریه‌تر ‹آقا، اضافی سوار نکن: کاکه، زیده سوار مه‌که›.

اضحی / azhā'/: اعربی] ☜ عیدقربان، **عید**

اضداد / azdād'/: اعربی]/اسم. ۱. جمعِ ☜ **ضِد**[1] ۲. دژ؛ دوو یا چه‌ن توخم یان ماک که له‌گه‌ڵ یه‌ک نایانکرێ (وه‌ک رۆژ و شه‌و).

اضرار / ezrār'/: اعربی]/اسم. /ادبی/ زیان پێگه‌یاندن؛ زه‌ره‌ر لێدان؛ کاره‌ڕه‌هاتی زه‌ره‌رگه‌یاندن.

اضطراب / ezterāb' ، ـها؛ ـات/: اعربی]/اسم. ۱. دڵخورتی؛ هه‌ڵه‌به‌ڵ؛ دڵه‌خورپێ؛ دڵه‌ڕاوکێ؛ هه‌ژقین؛ ڤا؛ راچه‌نیوی؛ په‌رۆشی؛ په‌شۆکانی؛ په‌شێوی؛ شێویان و که‌وتنه دڵه‌خورپێ؛ بار و دۆخێک که به‌هۆی په‌رێشانی زه‌ینه‌وه، له‌گه‌ڵ ناره‌حه‌تی و که‌سه‌ردا رووده‌کاته دڵ و ده‌روونی که‌سێکه‌وه ‹اضطراب نداشته باش، چیزی نیست: دڵخورتیت نه‌بێ، شتێ نیه› ۲. /روان‌شناسی/ په‌رێشانی زه‌ینی به‌هۆی ترسێکی نه‌ناسراو و هه‌ستی بێده‌ره‌تانی له‌گه‌ڵ دڵه‌کوتێ و هه‌ناسه‌سواری و گیرانی گه‌رووودا.

◙ **اضطراب خاطر**: دڵخورتی؛ بیرئاڵۆزی؛ په‌رۆشی ره‌وانی؛ دڵ‌په‌شێوی.

◙ **اضطراب داشتن**: دڵخورت بوون؛ هه‌ڵه‌به‌ڵ بوون.

اضطراب‌آور / ezterābāvar'/: اعربی/ فارسی] صفت. راچڵه‌کێن؛ په‌رۆشکه‌ر؛ نیگه‌رانکه‌ر؛ هۆی په‌یدابوونی دڵخورتی و په‌رێشانی.

اضطرار / ezterār'/: اعربی]/اسم. /ادبی/ ناچاری؛ بێده‌ره‌تانی؛ مه‌جبووری ‹در حالت اضطرار دست به دامن این و آن شد: له سه‌ر ناچاری، ده‌س به دامێن ئه‌م و ئه‌و بوو›.

اضطراراً / ezterāran'/: اعربی] قید. ناچار؛ له ناچاری؛ له رووی ناچاریه‌وه؛ به ناچاری؛ له سه‌ر ناچاریه‌وه ‹اضطراراً به زیر پل پناه برد: له ناچاری په‌نای برده ژێر پرده‌که›.

اضطراری / ezterārî'/: اعربی] صفت. ناچاری؛ له‌مه‌جبووری؛ له‌ناچاری؛ بار و دۆخ و چۆنیه‌تی بێ ده‌ره‌تان بوون.

اضعاف / az'āf'/: اعربی]/اسم. ۱. جمعِ ☜ **ضِعف** ۲. چه‌ند ئه‌وه‌نده؛ چه‌ن‌جاره؛ چه‌ن به‌رابه‌ر؛ چه‌ن ئه‌وه‌نه ‹۳۲ اضعاف ۲ است: ۳۲ چه‌ند ئه‌وه‌نده‌ی ۲یه›.

اضلاع / azlā''/: اعربی] جمعِ ☜ **ضِلع**

اضمحلال / ezmehlāl'/: اعربی]/اسم. /ادبی/ لێک‌هه‌ڵوه‌شاوی؛ هه‌ڵوه‌شاوی؛ ره‌وتی له به‌ین چوون؛ له ناو چوون ‹با فرار شاه، نظام شاهنشاهی دستخوش اضمحلال شد: به هه‌ڵاتنی شا، ده‌زگای پاتشایه‌تی تووشی لێک‌هه‌ڵوه‌شاوی هات›.

اضو / ozû'/: اعربی] صفت. رووگرژ؛ ناچاوترش؛ مرومۆچ؛ مرومۆن؛ گه‌مۆر؛ مۆڕ؛ مچ.

اطاعت / etā'at'/: اعربی]/اسم. گوێداری؛ گوێڕایه‌ڵی؛ گوێ‌له‌مستی؛ فه‌رمانبه‌ری؛ فه‌رمانبه‌رداری؛ کار یان ره‌وتی فه‌رمانبه‌رداری و به‌جێهێنانی کارێ.

◙ **اطاعت کورکورانه**: مل‌که‌چی؛ فه‌رمانبه‌رداری بێ لام و جووم.

◙ **اطاعت شدن**: فه‌رمان بردن؛ به چاوان/ سه‌رچاوگوتن ‹به راننده گفتم: راه بیفت! فوراً

گفت: اطاعت می‌شود: بە ڕانەندەکەم گوت: لێخوڕە! خێرا گوتی: بەچاوان›.

اطاعت کردن: مل ڕاکێشان؛ ملدان.

اطاق / 'otāq/: [ترکی] ☜ **أتاق**

▣ **اطاق رو به تراس:** پشتەیوان؛ پشت هەیوان؛ ئۆدەی لە ڕووی هەیوان.

اطاق کفش کن: پێشخانە؛ ژووری کەوشکەن بەر لە هۆدەی دانیشتن.

ـ **اطاقه** / 'otāqe/: [ترکی] ☜ ـ **أتاقه**[2]

اطاله / 'etāle/: [عربی]/اسم. [ادبی] درێژە؛ کاری درێژە پێدان.

▣ **اطالەی کلام:** زۆربێژی؛ فرەوێژی؛ درێژدادڕی.

اطالەی لسان: ۱. زۆربڵێیی؛ فرەوێژی؛ وڕاجی ۲. زماندرێژی؛ دەم درێژی؛ چەنەبازی؛ چەنەڕوویی.

اطبا / 'atebbā/: [عربی] جمعِ ☜ **طَبیب**

اطراف / 'atrāf/: [عربی]/اسم. ۱. پەڕانپەڕ؛ پەگاڵ؛ دەوراندەور؛ دەور و پشت؛ چوار لا؛ چواردەورە؛ هاویدۆر؛ هاویردۆر؛ دەور و بەر؛ هەموو لایەکی شتێ یان کەسێک ‹در اطراف باغ درخت بادام کاشته بودند: لە پەڕانپەڕی باخەکە داری بادامیان چاندبوو› ۲. دەوروبەر؛ ئەملا و ئەولا؛ کەراخبێچاخێ؛ قەراخوبیجاخ؛ کەنارە و کەنار؛ دەرەوە؛ ئیلا و ئەولا ‹رفته بود اطراف را بگردد: چووبوو دەوروبەر بگەڕێ›.

اطراف‌واکناف / 'atrāf-o-'aknāf/: [عربی] اسم. [ادبی] دوور و نزیک؛ هەڤیرکە؛ کەراخ بێچاخێ؛ قەراخوبیجاخ؛ ئالی؛ هێل؛ دەوروبەر؛ هەموو قوژبن و لێوارەکانی جێگایەک.

اطرافی / 'atrāfī/: [عربی] صفت. لاوەکی؛ دەرەکی؛ بیانی؛ بەتایبەت هی لادێ یان شاری نێزیک.

اطرافیان / 'atrāfiyān/: [عربی]/اسم. نزیکان؛ کەس و کار؛ خزم و کەسان؛ لێزمان؛ مێر و چێر؛ دەوروبەریگەل؛ کەسانی نزیک ‹اطرافیان شاه، اغلب نادرست بودند: نزیکانی شا زۆربەیان چەوت بوون›.

اطراق / 'otrāq/: [ترکی] ☜ **أتراق**

اطعام / 'et'ām/: [عربی]/اسم. نانبدەیی؛ کار و ڕەوتی نان دان؛ خواردەمەنی دان.

▣ **اطعام مساکین:** نان دان بە هەژاران؛ خواردەمەنی بەخشین بە نەداران.

▣ **اطعام شدن:** خواردەمەنی گرتن؛ گرتنی چێشت.

اطعام کردن: نان دان؛ خواردەمەنی دان؛ چێشت دان.

اطعمه / 'at'ame, 'at'eme/: [عربی] جمعِ ☜ **طَعام**

اطفا / 'etfā/: [عربی]/اسم. داکوژێنی؛ کار و ڕەوتی کوژاندنەوە؛ کوژانن؛ قوژانن؛ تەمراندن؛ ڤەمراندن؛ کوشنایوە؛ ئەوەکوشنەی؛ خامۆش کردن.

▣ **اطفای حریق:** کوژاندنەوەی ئاگر.

اطفائیه / 'etfā'īyye/: [عربی]/اسم. [قدیمی] ئاگرکوژێنەر؛ بنکەی ئاگرکوژاندنەوە.

اطفال / 'atfāl/: [عربی] جمعِ ☜ **طِفل**

اطلاع / 'ettelā'، ـها؛ ـات/: [عربی]/اسم. خەبەر؛ ئاگەداری؛ ئاگاداری؛ ئاگا؛ هاگا؛ زانیاری؛ های؛ هایی؛ هالا؛ جەی؛ سال ‹هیچ اطلاعی در دست نیست: هیچ ئاگادارییەک نیە›.

▣ **اطلاع دادن:** خەبەردان؛ ڕاگەیاندن ‹سلامت خود را اطلاع دهید: ساغی خۆتان ڕاگەیەنن›.

اطلاع داشتن: ئاگا لێبوون؛ خەبەر لێبوون؛ هاژێ بوون.

اطلاع یافتن: ئاگادار بوون؛ خەبەردار بوون.

اطلاعات / 'ettelā'āt/: [عربی]/اسم.

ئاگـــەداری؛ ئاگـــاداری:۱.خەبـــەر و باســـی سەبارەت بە جوولانەوەی هێزی دوژمن یا ناکۆکیگـــەلی ڕامیـــاری، کـــە بـــە شـــێوازێکی نهـــێنی دەس‌کـــەوتبـــێ ۲. بـــەشـــێ لـــە دامـەزراوەیەک کـە بـە مـەبـەستی ئاگـادار کـردنی کـەسـانێ کـە هـات‌وچـووی ئـەوێ دەکەن دابین‌کراوە ۳. زانیاری.

▣ **اطلاعات آماری:** ئاگاداری ژمێرکۆ.

اطلاعات اداره: نقیسگە؛ پرسگە لە دام و دەزگای میریدا.

اطلاعات محرمانه: خەبەری نهێنی؛ ئاگاداری نهێنی.

▣ **اطلاعات داشتن:** های لێ‌بوون؛ ئاگا لێ‌بوون. هەروەها: **اطلاعات دادن؛ اطلاعات گرفتن**

اطلاعاتی / 'ettelā'ātî/: [عربی] صفت. ئاسایشی: ۱. سەر بە ئاسایشی گشتی ۲. /ـها/ ئەندامی بنکەی ئاسایشی گشتی.

اطلاع‌رسانی / 'ettelā'resānî، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. ۱. ڕاگەیێنەری؛ کار یا ڕەوتی ڕاگـەیانـدنی ئاگاداریـەل ۲. زانـستی کـۆ کردنـەوە، لێکۆڵـینەوە و بڵاوکردنـەوەی ئاگاداریگەل.

اطلاعیه / 'ettelā'îyye، ـها/: [عربی]/سم. دەقـلی؛ هـای؛ خـەبـەرداری؛ بـەلاقـۆک؛ ئاگـاداری: ۱. خـەبـەرێـک کـە لـە لایـەن هـەواڵـنێری گـشتیەوە ڕادەگـەیـەنـدرێت ‹اطلاعیەی دولت از رادیو خوانده شد: دەقلی دەوڵـەت لـە ڕادیـۆوە خوێندرایـەوە› ۲. لاپەڕەیەک، کە بۆ ئاگا کردنی کەسێک لە شتێک بـۆی دەنێردرێت ‹اطلاعیەی بانک: ئاگاداری بانگ› ۳. لاپـەڕەگـەلێـک کـە لـە بوارێکی دیاریکراودا بۆ ئاگاداری گشتی بڵاو دەکرێتـەوە ‹اطلاعیەی مربوط بە حوادث اخیر دانشگاه: ئاگاداری سەبارەت بە ڕووداوەکانی ئەم دواییەی زانستگا›.

▣ **اطلاعیەی نظامی:** دەقـلی چـەکـداری؛ ئاگاداری چەکداری.

اطلاق / 'etlāq/: [عربی]/سم. کـار و ڕەوتی ناو لێنان؛ ناونان؛ ناقبرن.

▣ **اطلاق کردن:** ناونان؛ بە ناوێک بانگ کردن؛ ناوێک بە کەسێک یان شتێکەوە نان. هەروەها: **اطلاق شدن**

اطلس / 'atlas/: [معرب از یونانی] ☜ **آتلَس**

اطلسی / 'atlasî/: [معرب از یونانی] ☜ **آتلَسی**

اطمینان / 'etmînān/: [عربی]/سم. دڵنیایی؛ ئارخەیانی؛ خاترجەمی؛ بێ‌خەمی؛ ئێتوار؛ متمانە؛ بڕوایی: ۱. دۆخ یان حاڵەتی زەینی لە نەبوونی گومان لەمەڕ دروستی هەواڵ یا باوەڕێک ‹عمو حسین بە صندوقدارش اطمینان داشت: مامە حوسەین لە دەخڵدارەکەی دڵنیایی هەبوو› ۲. خاترجەمی بە هۆی باوەڕ بە شتێک ‹دکتر بە من اطمینان داد: دوکتور دلنیایی پێدام› ۳. یەقین ‹بە درست بودن این خبر اطمینان داری؟: لە دروست بوونی ئەم هەواڵە دلنیاییت هەیە ؟›.

▣ **اطمینان خاطر:** دڵ‌قایمی؛ دڵنیایی؛ ئارخەیانی؛ خاترجەمی.

▣ **اطمینان بخشیدن** ☜ **اطمینان دادن**

اطمینان حاصل کردن ☜ **اطمینان یافتن**

اطمینان دادن: هەدنانـدن؛ کەسـاندن؛ دلنیاکردن؛ خاترجەم‌کردن.

اطمینان داشتن: ۱. بڕوا/ باوەڕ پێ بوون؛ ئێتوار پێ‌کردن ۲. خاترجەم بوون.

اطمینان کردن: دڵنیا بوون؛ بڕوا پێ کردن؛ ئێتوار پێ‌کردن؛ باوەر پنەکەردەی.

اطمینان یافتن: دڵنیا بوون؛ خاترجەم بوون: **اطمینان حاصل کردن**

اطمینان‌بخش / 'etmînānbaxš/: [عربی/

فارسی] صفت. ئارخەیانەدەر؛ دڵنیاکەر؛ دڵدامەزرێن.

اطناب / etnāb': [عربی]/اسم. [ادبی] ۱. زۆربڵێیی؛ زۆر بێژی؛ فرەبێژی؛ درێژدادڕی؛ فرەوێژی؛ فڕبێژی ۲. کار یان ڕەوتی ڕەقاندنەوە؛ فرە وتن، قسەی زۆرکردن.

▣ **اطناب مُمل**: فرەوێژی؛ زۆربڵێیی؛ زۆربێژی؛ زۆرگوتنێ کە ببێتە هۆی وەڕەز بوونی گوێگر یان تێکچوونی مەبەست.

اطو / utû, 'otû': [ترکی] ☜ **أتو**

اطوار / atvār': [عربی]/اسم. ۱. [نامتداول] جمعِ ☜ **طَور** ۲. /ها/ ئەتوار؛ ئاکار ۳. /ها/ [کنایی] ناز و نووز؛ ئاین‌وئۆین؛ ئاکاری نائاسایی و نەگونجاو (زۆرتر بۆ ژنان).

▣ **اطوار آمدن/ ریختن**: ناز و نووزکردن؛ خرنگە‌ـخرنگ کردن؛ ئەتوار ڕشتن.

اطواری / atvārî': ـها/: [عربی] صفت. تیتاڵباز؛ ناز و نووزکەر.

اطول / atval': [عربی] صفت. [ادبی] درێژتر.

اظهار / ezhār': [عربی]/اسم. ۱. کار یا ڕەوتی دەرخستن؛ نواندن؛ پیشاندان؛ ئاشکرا کردن؛ ئرمانەی ‹اظهار وجود: خۆ نواندن› ۲. دەربڕین؛ گوتن؛ وتن؛ واتەی ‹اظهار عقیده: دەربڕینی بیر و باوەڕ›.

▣ **اظهارخرسندی**: خۆشی نیشاندان؛ شادی دەربڕین.

اظهار عقیده ☜ **اظهار نظر**

اظهار فضل: خۆنوێنی؛ زانایی خۆ بە چاودان.

اظهار نظر: ڕا دەربڕین؛ دەربڕینی بیر و ڕا: **اظهار عقیده**

▣ **اظهار امتنان کردن**: سپاس کردن.

اظهار داشتن/ کردن: ئاشکراکردن؛ گوتن؛ دەربڕین؛ دەی بەر. هەروەها: **اظهار شدن**

اظهار وجود کردن: [مجازی] خۆ نواندن؛ خۆ پیشاندان؛ وێ دەی بەر؛ وێ ئرمانەی؛ نیشاندانی کارامەیی و توانایی ڕاستەقینەیی یان درۆیینەیی خۆ.

اظهارات / ezhārāt': [عربی]/اسم. وتەگەل؛ قسەگەل ‹اظهارات نمایندگان: وتەکەلی نوێنەران›.

اظهارنامه/ ezhārnāme'، ـها/: [عربی/ فارسی] /اسم. وەرەقە یان هۆیەکی یاسایی بۆ دەربڕینی وتارێک: **اظهاریه**

اظهاریه / ezhārîyye': [عربی] ☜ **اظهارنامه**

اظهرمن‌الشمس / azharomenaššams': [عربی] صفت. وەک ڕۆژ ڕۆشن؛ وەک ڕۆژی ڕوون؛ لە ڕۆژ ئاشکراتر؛ زۆر ڕوون ‹این دیگر اظهر من‌الشمس است: ئەمە ئیتر وەک ڕۆژ ڕوشنە›.

اعاده / e'āde': [عربی]/اسم. ۱. کار یان ڕەوتی گەڕاندنەوە؛ گێڕانەوە؛ پێدانەوە؛ ناردنەوە ۲. دووپات؛ دوپاتی؛ دیسان وتنەوە ‹اعادەی سخن: دووپاتی قسە›. هەروەها: **اعاده دادن؛ اعاده شدن؛ اعاده کردن**

▣ **اعادەی حیثیت**: ئابڕوو سەندنەوە؛ ئابڕوو کڕینەوە.

اعادەی دادرسی: پێدا چوونەوە؛ بڕیار دانەوە؛ لەسەرڕا چوونەوە بەسەر بەڵگەگەلی پەروەندەیەکدا کە پێشتر بڕیاری دراوە و تەواو بووە، بەڵام بە هۆی هەڵەیێکەوە کە دەیدەنە پاڵی، یان دەرفەتێک کە بەپێی قانوون هەیە، داوای دیسان پیێدا چوونەوەی دەکرێ.

اعاشه / e'āše': [عربی]/اسم. [ادبی] ژیان؛ ژین؛ ژیوار؛ گوزەران؛ کار یان ڕەوتی قەرقەدانەدن؛ ژیوەی؛ بەسەر بردنی ژیان ‹اعاشه از طریق تکدی، خطا است: ژیان لە ڕێگەی سوالکەریەوە، هەڵەیە›.

اعاظم / a'āzem': [عربی]/اسم. [ادبی]

گـەورەگـەل؛ مـەزنـان؛ مازنـان؛ هێژایـان؛ گراگران.

اعانات / e'ānāt/: [عربی] جمعِ ☜ **اعانه**

اعانــه / e'āne/، ــهـا؛ اعانات/: [عربـی]/اسـم. یارمـەتی؛ بـاربوو؛ ئانـە؛ هـشکبەر؛ بـاربوو بـۆ یاریـدەی هـەژاران ‹گـردآوری اعانـه بـرای سـیلزدگـان: کۆکردنـەوەی یارمـەتی بـۆ لافاولێـداوان›. هـەروەهـا: **اعانـه دادن؛ اعانـه گرفتن**

اعتبـار / e'tebār/: [عربـی]/اسـم. بـڕ؛ قورسـاغ؛ وەج و ڕێز؛ هورم؛ جـێ بـاوەڕی: ۱. گـیر؛ بایـەخ ‹اعتبار ایـن حوالـه تـا فرداست: بـڕی ئـەم حـەوالـە تا بـەیانیـە› ۲. جێگـەی بـڕوا؛ گـیر ‹حرفهای او اعتبار نـدارد: قسەکـانی بـڕیان نیـە› ۳. گووژمـەی تەرخان‌کراو لە بووجـە بـۆ لایـەنێکـی دیـاریکراو ‹اعتبار کشاورزی: بڕی کشت‌وکاڵ›.

▣ **اعتبار بانکی:** هورمی بانکی؛ پەسەند.

اعتبـار متحـرک/ گـردان: [حسابداری] بـەعـی؛ پـارەیـەک کـە لـە سـەر حیـساب دەدرێتـە دەست کارگێڕەوە تا کـارەکـانی پـێ جێبـەجـێ کات، پاشان ڕاست بکرێتەوە.

▣ **اعتباربخـشیدن/ دادن:** گـەورەکردنـەوە؛ پلەوپایە پێدان. هەروەها: **اعتبار داشتن**

اعتبـار داشـتن: ۱. خـاوەن بـەڵـگە بـوون ۲. جـێ بـڕوا بـوون؛ شـیاوی بـڕوا پـێ کـردن هەبوون.

اعتبـار کـردن: بـاوەڕ پـێ کـردن؛ بـڕوا پێ کردن؛ ئێتـوار پـێ کـردن ‹اعتبـار نمـی‌کـنم، مغـازه را بـه او بـسپارم: بـاوەڕی پـێ نـاکـەم، دووکانەکەی پێ بسپێرم›.

از درجـەی اعتبـار ساقط شـدن: لـە هـورم کەوتن؛ بڕ نەمان.

اعتبارنامــه / e'tebārnāme/، ــهـا/: [عربـی/ فارسی]/اسم. بڕوانامـە؛ بـاوەڕنامـە: ۱. [بانکداری] نووسراوەیەک کە بانـک بـە کـڕیاری ئـەدات تـا هـورمی لـە لای یـەکـێ لـە نوێنـەرانیـەوە بـسەلمێنـێ ۲. نامـەیـەک کـە تێیـدا دروسـتی هەڵـبژاردنی نوێنـەرێـک لـە لایـان ئەوانـەوە وا هەڵیانبژاردووە، سەلمێندراوە.

▣ **اعتبارنامەی سیاسی:** بڕاوانامەی ڕامیاری.

اعتبــاری / e'tebārî/: [عربـی] صفت. بـڕوایی؛ هورمی؛ جێ‌باوەڕی.

اعتــدال / e'tedāl/: [عربـی]/اسم. هاوسـانی: ۱. بار و دوخ یـان چۆنیـەتی مـام‌نـاونجی بـوون ‹اعتـدال هـوا: هاوسـانی هـەوا› ۲. هاوسـەنگـی ‹اعتـدال در زنـدگی: هاوسـانی لـە ژیانـدا› ۳. بـەرامبـەری درێژایـی شـەو و ڕۆژ لـە ناوچەیەکدا ‹اعتدال بهاری: هاوسانی بەهارە›.

▣ **اعتــدال بهــاری:** ڕۆژگـەڕانـەوە؛ هاوسـانیی بـەهـارە؛ یـەکـەم ڕۆژی خاکـەلێـوە کـە لـەو کاتـەدا شـەو و ڕۆژ بـەرامبـەر دێنـەوە: **اعتدال ربیعی**

اعتـدال پـاییزی: شـەوگـەڕانـەوە؛ هاوسـانیی پـایزە؛ یـەکـەم ڕۆژی ڕەزبـەر (یـان ۳۱ی خـەرمانـان) کـە لـەو کاتـەدا درێـژی شـەو و ڕۆژ بەرامبەرە: **اعتدال خریفی**

اعتدال خریفی ☜ **اعتدال پاییزی**

اعتدال ربیعی ☜ **اعتدال بهاری**

اعتـدال مـزاج: تـەندروسـتی؛ سـاغی؛ لەش‌ساغی؛ بێ‌وەیی؛ ساخلەمی.

اعتـدال هـوا: هاوسـانی هـەوا؛ فێنکـی؛ هینکاتی؛ نەگەرم و نەساردی هەوا.

اعتـدالی / e'tedālî/، ــهـا؛ ــان؛ ــون/: [عربـی] صفت. [سیاست] مـام‌ناونـدی؛ میانـەڕەو؛ نـە زۆر توند و نە زۆر شل لە کاردا.

اعتــذار / e'tezār/: [عربـی]/اسـم. [ادبـی] لێبـوردن‌خـوازی؛ داوای لێبـوردوویی؛ کـار یـان ڕەوتی داوای بەخشش کردن.

اعتـراض / e'terāz/، ــهـا؛ ــات/: [عربـی]/اسم. بـەرتـەک؛ بـەرهـەڵستی؛ پێـشبڕی؛ لـێ

ڕابوونی؛ بەرپەرچ دانەوە: ١. کردەوەیەکی بەرهەڵستانە سەبارەت بە ئاکار و وتاری کەسێک ‹سخنان ناطق موجب اعتراض حاضران شد: قسەکانی بێژەرەکە بوو بە هۆی بەرتەکی دانیشتووان› ٢. کار یان ڕەوتی گوتن یا پیشاندانی نارازی بوون لە بار و دۆخێک کە هەیە ٣. *[مجازی]* بەرتەک‌نامە؛ لێوەرگەڕانی.

▣ **اعتراض کردن:** هەڵوێست نواندن؛ نارەزایی دەربڕین؛ سەر بادان؛ گازندە کردن؛ لە بەر هەڵوەستان؛ لێ ڕابوون؛ لێڤەگەریان؛ لێوەستان. هەروەها: **اعتراض دادن؛ اعتراض داشتن**

اعتراض‌آمیز / 'e'terāzāmîz /: [عربی/ فارسی] *صفت.* بە پەرچ و تەگەرە؛ بە بەرتەکەوە؛ بە پێشبڕیەوە.

اعتراضنامه / 'e'terāznāme، ـها/: [عربی/ فارسی] *اسم.* بەرتەک‌نامە؛ بەرهەڵست‌نامە؛ هەر نامەیەکی سەبارەت بە لێگری و پێشبڕی.

اعتراضیه / 'e'terāzîyye، ـها/: [عربی] *اسم.* بەرتەک‌نامە؛ نامەی نارەزایی دەربڕین.

اعتراف / 'e'terāf، ـها؛ ـات/: [عربی] *اسم.* دان‌پێدانان؛ ڕاستی گوتن؛ موکڕی؛ قسە ئاشکراکردن؛ دەرقەدان: ١. دەربڕین و بە ئەستۆ گرتنی تاوان و هەڵە ‹اعتراف متهم به قتل، در پرونده ثبت شد: دان پێدانانی تاوانبارکراو بە کوشتن، لە پەروەندەدا نووسرا› ٢. ئاگادارییەک کە لە سەر ناچاری ئەگوترێت ٣. *[کلیسا]* هەڵدانی گوناحگەلی خۆ، لای کەشەوە ❊ **اقرار**

▣ **اعتراف گرفتن:** پێ هاوردن؛ پێ درکاندن. هەروەها: **اعتراف کردن**

اعترافنامه / 'e'terāfnāme، ـها/: [عربی/ فارسی] *اسم.* نووسراوەیەک کە تێیدا کەسێ دان دەنێ بەو کارە ناڕەوایانەدا کە کردوونی.

اعترافنیوش / 'e'terāfnyûš، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] *اسم.* مکوڕی‌بیس؛ ئەو کەسەی (وەک کەشە یان ئۆسقوف) کە فەلەکان لە کلێسە، لە بەرانبەریدا سووچ و گوناحی خۆیان هەڵدەدەن: **اقرارنیوش**

اعتزالی / 'e'tezālî /: [عربی] *صفت.* ئیعتزالی؛ پێوەندیدار یان سەر بە موعتەزەلەوە.

اعتصاب / 'e'tesāb، ـها؛ ـات/: [عربی] *اسم.* مان؛ هۆک؛ گە؛ بەس؛ لان؛ دەرۆم؛ گریڤ؛ جەنە؛ کە؛ گەی؛ گرنە؛ ماهنە؛ غەرز؛ پێ چەقانی؛ مەنەر؛ گروو: ١. وەستانەوە لە هەر کارێک بۆ نیشاندانی نارەزایەتی ‹اعتصاب غذا: مان گرتن لە خواردن› ٢. کار و ڕەوتی دەست لە کار کێشانەوەی کرێکاران یان کارمەندان بە مەبەستی گوشار هاوردنە سەر بەرپرسان و لێپرساوان. هەروەها: **اعتصاب کردن**

▣ **اعتصاب سیاسی:** مانی ڕامیاری؛ مان گرتنی سیاسی.

اعتصاب صنفی: مانی پیشەیی؛ مان گرتنی پیشەیی.

اعتصاب عمومی: مانی گشتی؛ گرووی گشتی.

اعتصاب غذا: مان لە خواردن؛ مان گرتن لە خواردن.

اعتصاب کارگری: مانی کاریگەری؛ مان گرتنی کارگەری.

اعتصاب کلیدی: مانی سەرەکی.

اعتصاب‌شکن / 'e'tesābšekan، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] *اسم.* مان شکێن؛ کەسێ کە بە دژی ڕای زۆربەوە دەوەستێ و لە مان گرتندا بەشداری ناکا.

▣ **اعتصاب کردن:** مان گرتن؛ هەڕنین؛ هەڕمین؛ خەزرین؛ هۆک کردن؛ گە گرتن؛ خەنزرین؛ جەنەگرتن.

اعتصابی / e'tesābî', ـها؛ ـان؛ ـون/: [اعربی] *صفت*. مانگرتوو؛ گەگرتوو؛ هۆکن ‹کارگران اعتصابی: کاریگەرانی مانگرتوو›.

اعتقاد / e'teqād'/: [اعربی]/*اسم*. باوەڕ؛ باوڕ؛ باوەر؛ بڕوا: ۱. بار و دۆخ یان چۆنیەتی بڕوا پێ بوون ‹او اعتقاد داشت این کار بی فایده است: ئەو بڕوای وا بوو ئەم کارە بێ کەڵکە› ۲. /ـها؛ ـات؛ معتقدات/ باوەڕی؛ بڕواگەل ‹اعتقاد مردم را نباید مسخره کرد: بڕوای خەڵکی نابێ بە گاڵتە بگیردرێ›. هەروەها: **اعتقاد داشتن؛ اعتقاد یافتن**

اعتقادنامە / e'teqādnāme', ـها/: [اعربی/ فارسی]/*اسم*. بڕوانامە؛ باوەڕنامە؛ کتێب یان نووسراوەیەک کە ڕێوشوێنی ڕێبازێ یان حیزبێکی تێیدا نووسراوە.

اعتقادی / e'teqādî'/: [اعربی] *صفت*. بڕوایی؛ باوەڕی ‹اصول اعتقادی: بنەماگەلی بڕوایی›.

اعتکاف / e'tekāf'/: [اعربی]/*اسم*. خەڵوەگری؛ خەڵوەنشینی؛ دوورەپەرێزی لە خەڵک، بە تایبەت بۆ عیبادەت.

اعتلا / e'telā'/: [اعربی]/*اسم*. /[ادبی]/ سەرکەوتی؛ بڵیندی؛ پێشکەوتی؛ هەراشی؛ پێهەلی؛ کار یان ڕەوتی سەرکەوتن ‹تلاش جوانان ما موجب اعتلای کشور خواهد شد: تێکۆشانی لاوانی ئێمە دەبێتە هۆی سەرکەوتنی وڵات›.

▣ **اعتلا یافتن:** سەرکەوتن؛ بانتر چوون؛ گەشە ساندن؛ پێشقە چوون؛ ژێهەڵچوون؛ پێشکەوتن؛ بەرز و بڵند بوونەوە.

اعتماد / e'temād'/: [اعربی]/*اسم*. بڕوا؛ ڕابینی: ۱. کار یان ڕەوتی بڕوا پێکردن؛ بڕوا بە دروستکاری، ڕاستبێژی یان کارامەیی کەسێک ‹او بە همکارانش اعتماد داشت: ئەو بڕوای بە هاوکارەکانی بوو› ۲. باوەڕی؛ ڕەوت و چۆنیەتی ڕکان؛ ڕاپەرمان؛ تێڕادیوی؛ ڕاپەرموون؛ پەرمان؛ پشت پێبەستن لە سۆنگەی ئەم باوەڕەوە ‹من بە اعتماد تو او را استخدام کردم: من بە ڕاپەرمانی تۆوە ئەوم دامەزراند›. هەروەها: **اعتماد داشتن؛ مورد اعتماد بودن**

▣ **اعتماد کردن:** ڕابینین؛ بڕوا/ باوەڕ پێکردن؛ ڕاپەرموون؛ ڕاپەرمان؛ پەرمان؛ پەرمیان؛ پەرمەی؛ پشت پێ گرێدان.

اعتمادبنفس / e'temādbenafs'/: [اعربی]/*اسم*. بەخۆدا پەرمی؛ دەخۆڕا بینی؛ لەڕووهاتی؛ بڕوا بە خۆیی؛ ڕەوتی بەخۆدا پەرمیان.

اعتنا / e'tenā'/: [اعربی]/*اسم*. کاری ئاوڕدانەوە؛ لاکردنەوە ‹بە چراغ قرمز اعتنا نکرد: ئاوری لە چرا سوورەکە نەداوە›.

اعتیاد / e'tîyād', ـها؛ ـات/: [اعربی]/*اسم*. گیرۆدەیی؛ هوکارەیی: ۱. ڕەوتانەی دەق پێوە گرتن ‹اعتیاد بە خواندن روزنامە: گیرۆدەیی بە ڕۆژنامە خوێندنەوە› ۲. /[پزشکی]/ دۆخێک کە لە بەکارهێنانی بەردەوام و پەساپەسای برێ شت بەدی دێت کە گەلێک گرفتی مەترسیداری بە دواوەیە. هەروەها: **اعتیاد داشتن**

اعجاب / e'cāb'/: [اعربی]/*اسم*. /[ادبی]/ سەرسووڕماوی: ۱. سەرسووڕی؛ سەرزڤریان ‹پشتکار او مایەی اعجاب بود: پشتکاری هۆی سەرسووڕمان بوو› ۲. سەیرمان ‹با کارهایش اعجاب همە را فراهم ساخت: بەو کارانەی بوو بە هۆی سەرسووڕمانی هەمووان›.

اعجاب‌انگیز / e'cābangîz'/: [اعربی/ فارسی] *صفت*. سەیر؛ سەرسووڕێنەر ‹زیبایی اعجاب‌انگیز: جوانی سەرسووڕێنەر›.

اعجاب‌آور / e'cābāvar'/: [اعربی/ فارسی] *صفت*. سەرسووڕێنەر ‹تلاش اعجاب‌آور: تێکۆشانی سەرسووڕێنەر›.

اعجاز / 'e'câz/: [عربی]/اسم. [ادبی] کاری دژوار؛ کاری ئاریشه؛ کاری سەیر و سەمەرە.

⊡ **اعجاز کردن:** کاری سەیر و سەمەرە کردن.

اعجوبه[1] / 'o'cûbe، ـها/: [عربی]/اسم. بلیمەت؛ هەلکەوتوو؛ کەسێ کە کاری سەیر دەکا، یان تایبەتمەندیگەل و تواناییگەلی دەبێتە هۆی سەرسوورمانی خەڵکی ‹اعجوبەای بود کە نظیر نداشت: بلیمەتێک بوو کە هاوتای نەبووە›.

اعجوبه[2]: صفت. ۱. سەیر و سەمەرە ‹حیوان اعجوبە: حەیوانی سەیر و سەمەرە› ۲. هەڵکەوتوو؛ بلیمەت ‹سیاستمدار اعجوبە: رامیاری بلیمەت›.

اعدا / 'a'dâ/: [عربی] جمعِ ☜ **عَدو**

اعداد / 'a'dâd/: [عربی] جمعِ ☜ **عَدَد**

اعدام / 'e'dâm، ـها/: [عربی]/اسم. ئیعدام؛ کار یان ڕەوتی کوشتنی کەسێک بە: لە سێدارە دان، گولەباران کردن، یان هەر چۆنێکی تر. هەروەها: **اعدام شدن؛ اعدام کردن**

اعدامی / 'e'dâmî، ـها؛ ـان/: [عربی] صفت. ئیعدامی؛ سێدارەیی؛ قەنارەیی؛ لە سێدارەدراو ‹نام افراد اعدامی در روزنامە منتشر شدە بود: ناوی کوژراوەکان لە ڕۆژنامەدا بڵاو ببۆوە›.

اعراب / 'a'râb/: [عربی] جمعِ ☜ **عَرَب**

اعراب / 'e'râb، ـها/: [عربی]/اسم. مووفرک؛ سەر و ژێر و بۆر لە نووسیندا.

⊡ **اعراب گذاشتن** ☜ **اعرابگذاری**

اعرابگذاری / 'e'râbgozârî، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. مووفرکدانان؛ کار یان ڕەوتی نووسین یا دیاری کردنی سەر و ژێری نووسراوەیەکی عەرەبی (یان فارسی): **اعراب گذاشتن**

اعرابی / 'a'râbî/: [عربی] صفت. [نامتداول] عەرەب ‹جوان اعرابی: گەنجی عەرەب›.

اعراض / 'a'râz/: [عربی]/اسم. ۱. جمعِ ☜ **عَرَض** ۲. جمعِ ☜ **عِرض**

اعراض / 'e'râz/: [عربی]/اسم. [ادبی] خۆبوێری؛ دوورەپەرێزی؛ خۆپارێزی؛ ڕووەرگێری: ۱. کار یان ڕەوتی چاوپۆشان لە کارێک و نەکردنەوەی ئەو کارە ‹اعراض از کار: خۆبوێری لە کار› ۲. کار یان ڕەوتی ڕوو وەرگەڕاندن و دووری گرتن لە شتێک و لا لێ نەکردنەوەی ‹کوشیدم با اعراض از دوستان ناباب، خود را اصلاح کنم: تێکۆشام بە دوورگرتن لە دۆستانی نابا، خۆم دروست بکەم›. هەروەها: **اعراض کردن**

اعراف / 'e'râf/: [عربی]/اسم. [اسلام] بەرزەک؛ بەرزەخ؛ جێگەیەک لە نێوان بەهەشت و دۆزەخدا.

اعزاز / 'e'zâz/: [عربی]/اسم. [ادبی] ڕێزگری؛ کار و ڕەوتی ڕێزنان؛ ڕێز لێنان ‹در اعزاز او کوتاهی نکردند: لە ڕیزنانی ئەودا کۆتاییان نەکرد›.

اعزام / 'e'zâm/: [عربی]/اسم. کار یان ڕەوتی ناردران/ هەناردن؛ کیاسیەی/کیاستەی؛ ڕەوانە کران یان کردن (بۆ مرۆڤ) ‹اعزام دانشجو بە خارج از کشور: ناردنی خوێندکار بۆ دەرەوەی وڵات›.

⊡ **اعزام شدن:** ڕەوانەکران؛ ناردران؛ کیاسیەی؛ کل کران ‹کسی یاد ندارد حتی یک نفر هم اعزام شدە باشد: کەسێ وە بیر ناهێنێتەوە تەنانەت تاقەکەسێکیش ناردرابێ›.

اعزام کردن: ناردن؛ هەناردن؛ کیاسەی؛ هنارتن؛ ڕەوانەکردن؛ ڤەرێکرن.

اعزامی / 'e'zâmî، ـها/: [عربی] صفت.

گذاشتن

ناردراو؛ هه ناریاگ؛ کیاسیا؛ ڕه وانه کراو ‹هیئت اعزامی: دەستەی ناردراو›.

اعسار / a'sār/: [عربی] /اسم. دەستەنگی؛ کەمدەسی: ۱. /ادبی/ هەژاری؛ نەداری؛ دەسکورتی؛ تەنگدەسی؛ بێتۆکی ۲. /حقوق/ نەبوونی توانایی بۆ دانەوەی قەرز.

اعشار / a'šār/: [عربی] /اسم. ۱. جمعِ ☜ **عُشر** ۲. دەیان.

اعشاری / a'šārî، ـها/: [عربی] صفت. دەیانە؛ دەگانە.

◘ **کسر اعشاری** ☜ **کسر**

اعصاب / a'sāb/: [عربی] جمعِ ☜ **عَصَب**

اعصار / a'sār/: [عربی] جمعِ ☜ **عَصر**

اعضا / a'zā/: [عربی] جمعِ ☜ **عُضوْ**

اعطا / e'tā/: [عربی] /اسم. /ادبی/ کار و ڕەوتی بەخشین؛ بەشین؛ دان؛ پێدان ‹اعطای جایزه به برندگان مسابقه: بەخشینی خەلات بە سەرکەوتوانی کێبەرکێ›.

◘ **اعطای جوایز**: دانی خەلات؛ خەلات دان.

◘ **اعطا کردن**: بەخشین؛ پێدان؛ بەشین؛ بەخشەی؛ پنەدەی. هەروەها: **اعطا شدن**

اعطائی / e'tā'î/: [عربی] ☜ **اعطایی**

اعطایی / e'tāyî/: [عربی] صفت. بەخشراوە؛ خەلاتکراو؛ دراو ‹کتاب اعطایی: کتێبی بەخشراوە›.

اعظم / a'zam/: [عربی] صفت. /ادبی/ ۱. مەزنترین؛ گەورەترین؛ بەرزترین؛ گەورەتر لە هەموو ‹مسجد اعظم: گەورەترین مزگەوت› ۲. گەورەتر؛ بالاتر ‹سلطان اعظم: سولتانی هەرەگەورە›.

اعقاب / a'qāb/: [عربی] /اسم. /ادبی/ تۆرەمە؛ ڕەگەز؛ نەتەوە؛ زار و زێچ؛ ڕەچەلەک؛ وەچەوبەرە؛ نەوە ‹مردم سیستان خود را از اعقاب رستم می‌دانند: خەلکی سیستان خۆیان لە تورەمەی ڕۆسەم دەزانن›.

اعلا / a'lā/: [عربی] صفت. ۱. هەلبژاردە؛ تەلبژێر؛ تەلچن؛ هێژا؛ بالا؛ بەرز؛ مەزن؛ مازن ‹مقام اعلا: مەقامی مەزن› ۲. زۆرچاک؛ خاوەن چۆنیەتی زۆر چاک ‹چای اعلا: چای زور چاک›.

اعلاحضرت / a'lāhazrat/: [عربی] /اسم. سەرۆک؛ پایەبەرز؛ بالا مەقام: **اعلیحضرت**

اعلاحضرتین / a'lāhazrateyn/: [عربی] /اسم. هەر دوو سەرۆک: /الف/ دوو پاشا ب/ شا و شابانوو؛ شا و ژنەکەی * **اعلیحضرتین**

اعلام / a'lām/: [عربی] /اسم. ناوی تایبەتی (وەکوو کرماشان، فیردەوسی، نیاگارا، ماد).

اعلام / e'lām/: [عربی] /اسم. ڕاگەهێنی؛ ئاگاداری؛ تێگەیاندنی خەلک بۆ فەرمان و کارێ.

◘ **اعلام جرم**: ڕاگەیاندنی تاوان؛ تاوانبار کردنی کەسێک بە قەومانی تاوانێک لە لایەن ئەوەوە، دوای لێکۆلینەوەی لەلایەن دادگاوە.

اعلام خطر: ڕاگەیاندنی مەترسی.

اعلام رای: ڕاگەیاندنی ڕا؛ ڕاگەیاندنی بروا.

اعلام مواضع: /سیاست/ دەربڕینی بۆچوون؛ هەلوێست ڕاگەیاندن.

اعلام موجودیت: /سیاست/ ڕاگەیاندنی هەبوون؛ ئاگەداری دان لە بارەی پێکهاتنی بنکەیەکی ڕامیاری، لە لایەن گوتەبێژیەوە.

◘ **اعلام شدن**: ڕاگەیێندران؛ ئالان؛ داردایین؛ ڕاگەیاندن بەتایبەت لە لایەن ناوەندێکی ڕەسمیەوە ‹امروز نام برندگان اعلام شد: ئیمرۆ ناوی سەرکەوتووەکان ڕاگەیێندرا›.

هەروەها: **اعلام کردن؛ اعلام داشتن**

اعلامیه / e'lāmîyye، ـها/: [عربی] /اسم.

ئاگادارنامە؛ ئاگادارینامـە؛ داخویـان؛ بـە لافـۆک؛ نووسراوە یەک بۆ ڕاگە یانـدنی شـتێ (زۆرتـر) بـە شێوەی هەواڵ.

اعـلان / e'lān'، ـهـا؛ ـات/: [عربـی] اسـم. [قـدیمی] ۱. عـام فـام؛ جـاڕ؛ جـاڕدەی؛ ڕاگـەیانـدنی خەبەر بە ناو خەڵکدا ۲. ☜ **اعلامیّه**

▣ **اعـلان جنـگ**: ڕاگـەیانـدنی شـەڕ؛ ئاگـاداری دانی وڵاتێک بە وڵاتێکـی تـر کـەوا لـە گـەڵـی بە شەڕ دێ.

اعلـم / a'lam'/: [عربـی] صـفت. [ادبـی] زانیـار؛ زانستمەند؛ زۆر زانا.

اعلی / a'lā'/: [عربی] ☜ **اعلا**

اعلیحـــــضرت / a'lāhazrat'/: [عربــــی] ☜ **اعلاحضرت**

اعلیحــــضرتین /a'lāhazrateyn'/: [عربــی] ☜ **اعلاحضرتین**

اعـــم / a'am(m)'/: [عربــی] صــفت. گــشتی؛ هــەمــووانی؛ گــردی ‹بـە طـور اعـم: بـە شـێوەی هەموانی›.

اعمــاق / a'māq'/: [عربـی] اسـم. ۱. جمـعِ ☜ **عُمـــق** ۲. قــووڵایی؛ قــووڵانی؛ قووڵــی؛ نــاخ؛ کــوور؛ کــوور ‹از اعمــاق وجــود: لــە قــووڵایی دڵەوە›.

▣ **اعمـاق دریـا**: قـووڵایی دەریـا؛ بـن/ بنکـی زەریا.

اعمــال / a'māl'/: [عربـی] اسـم. ۱. جمـعِ ☜ **عَمَل** ۲. کـردە؛ کـردار؛ کریـار؛ ئاکـار؛ کـەردەوە؛ ڕەوشــت؛ ڕەفــت؛ کــرن ‹اعمــال ناشایــست: کرداری نالەبار›.

▣ **اعمــال شــاقە**: کارگــەلی دژوار؛ کارگــەلی سەخت؛ کارێن گران.

اعمــال / e'māl'/: [عربـی] اسـم. دەکـارهێنی؛ بەکاربەری؛ بـە کارگـری؛ کـار یـان ڕەوتی شـتێ هێنانە بەرکارەوە.

▣ **اعمـــــال زور**: زۆرە ملـــــــێ؛ زۆرداری؛ کەلەگـایی؛ کـار یـان ڕەوتی بـەکـار هێنـانی زۆر.

اعمـال نفــوذ: دەس‌تێبــەری؛ ڕەوتی دەس تێــوەردان؛ دەس تێخــستن؛ مایــێ خــۆ تێکرن.

▣ **اعمـال‌شـدن**: دەکـار چـوون؛ دەکـارکران؛ بەکار هاتن؛ بکار خستن.

اعمال‌کردن: بە کارگرتن.

اعمــــام / a'māmْ'/: [عربــی] جمــعِ ☜ **عَــم، عَمو**

اعـــــوان / a'vān'/: [عربـــی] اســـم. [ادبـــی] دەســیاران؛ ئاریکــاران؛ دار و دەســتان؛ دەســت و پێوەندان.

اعــوان‌وانــصار / a'vān-o-ansār'/: [عربــی] اسم. [ادبی] دەسیاران و ئاریکاران.

اعوجـاج / e'vecāc'، ـهـا؛ ـات/: [عربـی] اسـم. [ادبـی] خـواری؛ خـاری؛ لاری؛ گێڕی؛کـەچایی؛ خوار و خێچی؛ لار و لەوێری؛ لار و گێڕی.

اعوذبـالله / a'ûzobellāh'/: [عربـی] دعـا. پـەنـا بە خـدا؛ پـەنـا بـۆ خـوا (لـە کـاتی پـەشـیمانی و حاشادا دەگوترێ).

اعیاد / a'yād'/: [عربی] جمعِ ☜ **عِید**

اعیـان / a'yān'/: [عربـی] اسـم. دەوڵــەمــەنـد؛ بــوودە؛ بــوود؛ خــاوەن مــاڵ؛ دەسمایــەدار: ۱. /ـهـا/ کەسێ کـە دەوڵـەمـەنـد و خـاوەن ژیـانی خۆشە ۲. /ـهـا/ کـەسێ کـە بـە هـۆی توانـای مـاڵــیەوە ڕێــزی لــێ ئــەگیرێــت ۳. [قـدیمی] ئەزموونداران؛ گـەورەگـەل؛ مـەزنـان ٤. [فلسفه] شـت؛ هـەرچـی ٥. [حقـوق] مـاڵ؛ هـەرچـی لـە بەرچاوە و نرخێکی هەیە.

اعیـانی[1] / a'yānî'/: [عربـی] اسـم. مـلـک و مـاڵ؛ خانوو و دامەزراوەگەلێـک کـە لـە گـۆڕەپانێکـدا دروست‌کراون.

اعیانی[2]: صفت. دەوڵـەمـەنـدی؛ بـوودەیـی: ۱. سـەبـارەت/ بـەسـتراو بـە دەوڵـەمـەندیـەوە ۲.

خاوەن شکۆ و پایەبەرزی ‹زندگی اعیانی: ژیانی دەوڵەمەندی›.

اعیانیت / a'yānîyyat، ـها/: [عربی]/اسم. دەوڵەمەندی؛ خاوەن ماڵی؛ بار و دۆخ یان چۆنیەتی خاوەن ماڵ و سامان بوون.

اغتشاش / eqtešāš، ـها؛ ـات/: [عربی]/اسم. بشێوە؛ تێکەڵ‌پێکەڵی؛ شڵەژاوی؛ شێواوی؛ بەیەکا دراوی ‹اغتشاش در دانشگاه: بشیوه لە زانستگا›.

اغتنام / eqtenām/: [عربی]/اسم. [ادبی] دەلیڤە؛ ڕەوتی بە هەڵکەوت/ دەسکەوت زانین.

◙ **اغتنام فرصت**: هەل بە دەرفەت زانین.

اغذیه / aqziye/: [عربی] جمعِ ☜ **غَذا**

اغذیه‌فروشی / aqziefurûšî، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. چێشتخانە؛ خارنگەهـ؛ خواردەمەنی فرۆشی. هەروەها: **اغذیه‌فروش**

اغر / oqor/: [ترکی]/اسم. ۱. ودم؛ هورم؛ ممبارە کی؛ پیرۆزی؛ فەڕ ‹خوش اغر: بە ودم› ۲. ئۆغر؛ ئۆخر؛ بەرەکەت ‹اغر بە خیر: نوغر بە خێر› ✻ **اُوغُور**

اغراض / aqrāz/: [عربی] جمعِ ☜ **غَرَض**

اغراق / eqrāq، ـها؛ ـات/: [عربی]/اسم. زیادەبێژی؛ زێدەڕۆیی: ۱. زیادەوێژی لە وتنی کارێکدا ‹شما دربارەی کارهای دولت اغراق می‌کنید: ئێوە لە بارەی کارەکانی دەوڵەتەوە زیادەبێژی دەکەن› ۲. قسەیەک کە زیادە بێژیە ‹دربارە سرمای زمستان اغراق می‌کرد: لە مەڕ سەرمای زستانەوە زیادەبێژی دەکرد› ۳. [ادبی] زیادەڕەوی شێعری.

اغراق‌آمیز / eqrāqāmîz/: [عربی/ فارسی] صفت. زۆرپێوەنراو؛ فڕ و فیشاڵی ‹مقالەی اغراق‌آمیز: وتاری زوربیودنراو›.

اغراق‌گویی / eqrāqgûyî، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. زیادەبێژی؛ فڕو فیشاڵ بێژی ‹بە اغراق‌گویی‌هایش عادت کردەایم: بە زیادەبێژیەکانی ڕاهاتووین›. هەروەها: **اغراق کردن**

اغفال / eqfāl/: [عربی]/اسم. فریوکاری؛ دەسخەڕۆینکەری؛ کار یان ڕەوتی خاپاندن و هەڵخەڵەتاندنی کەسێک بە مەبەستی کەڵک لێ وەرگرتن ‹شاکی می‌گوید بە وسیلەی متهم اغفال شدە است: گازندەکار دەڵێ تاوانبارکراو خلەتاندوویە›.

◙ **اغفال شدن**: فریو خواردن؛ هەڵخەڵەتان؛ خاپێنران؛ هەڵفریوان؛ خەڵەتێنران؛ سەرداچوون.

اغفال کردن: فریو دان؛ هەڵخەڵەتاندن؛ خاپاندن؛ هەڵفریواندن؛ خەڵەتاندن؛ سەردا برن؛ خەڵەتنەی.

اغفالگر / eqfālgar، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] صفت. فریودەر؛ هەڵخەڵەتێن؛ خاپێنەر؛ سەردابەر. هەروەها: **اغفالگری**

اغلاط / aqlāt/: [عربی] جمعِ ☜ **غَلَط**

اغلب / aqlab/: [عربی] قید. زۆربە؛ زۆرجاران؛ زۆرتری؛ پڕایی؛ زۆرینە؛ فرەتر؛ فرەو؛ زۆرتر؛ زۆریا؛ پتریا ‹اغلب گردوها پوک بودند: زوربەی گوێزەکان پووچەڵ بوون›.

◙ **اغلب اوقات**: زۆرجاران؛ فرەوەخت؛ فرەکات؛ پڕانیا جاران؛ پتریا وەختان.

اغلوطه / oqlûte/: [عربی]/اسم. [ادبی] ۱. وتەیەک کە دیتران پێی بکەونە هەڵەوە ۲. پڕ و پووچ؛ فلتە و هۆڕ؛ وتەی پووچ ۳. نەتەبایی؛ نەڕێکی؛ نارێکایەتی؛ بریتیە لە بوونی دوو واتای دژ بە یەک بۆ تاقە مەبەستێک، کە نە دەکرێ پێکەوە ببن و نەش دەکرێ لاچن، واتا تاقە شتێک کە نە بتوانێ مەکۆی ئەو دوو واتا جیاوازە بێ و نەش بتوانێ لە هەردووکیان بێوەری بێ (وەک بوون و نەبوون؛ ڕووناکی و تاریکی؛

بەدەنگی و بێدەنگی و...).

اغمـا / eqmā'/: [عربـی]/اسـم. لـەپـژ؛ بێهۆشـی؛ بوورانەوە؛ شۆبە؛ بووردنەوە.

⊡ **بـه حالـت اغمـا افتـادن:** لـە هـۆش چـوون؛ دڵبوردنەوە؛ چوێشـیەی؛ ویـەردەیـوە؛ ژخـۆ چوون؛ نەهەش بوون.

اغمـاض / eqmāz'/: [عربـی]/اسـم. چاوپۆشـی؛ کـار یـان ڕەوتی بـوردن؛ نـەدیـتن؛ چاوپۆشـی کـردن لـە هـەڵـە یـان تـاوانی کـەسـێک. هەروەها: **اغماض کردن**

اغنـام / aqnām'/: [عربـی]/اسـم. کـەواڵ؛ مـاڵات؛ مەڕ و بزن؛ شەگەلە؛ بزە و مەی؛ وەرەگەل.

اغنیـا / aqniyā'/: [عربـی]/اسـم. دەولـەمـەنـدان؛ خـاوەن مالـــیەل ‹اغنیـا در غـم فقـرا نیـستند: دەولەمەندان خەمی هەژاران ناخۆن›.

اغوا/ eqvā'، ـها/:[عربی]/اسـم. هەڵخەلـەتێنی؛ کـــار یـــان ڕەوتی فریـــودان و بـــردن بـــە لای کـاری بـە خـەسـاردا ‹بـر اثـر اغـوای تـو خانـه را فـروختم: بـە هـۆی هەلخەلـەتێنی تـۆوە مالـەکـەم فرۆشت›. هەروەها: **اغوا شدن؛ اغوا کردن**

اغـواگر / eqvāgar'، ـها؛ ـان/: [عربـی/ فارسـی] *صـفت.* هەڵخەلـەتێن؛ خـەلـەتێنـەر؛ خاپێنـەر؛ فریودەر؛ سەردابەر. هەروەها: **اغواگری**

اغواگرانــه / eqvāgarāne'/: [عربـی/ فارسـی] *قید.* فریوکارانە؛ خاپێنـەرانـە؛ سـەردابـەرانـە؛ بـە شێوازی فریودان.

اغیــار / aqyār'/: [عربـــی]/اســم. *[ادبــی]* ۱. *[نامتـداول]* دیتـران؛ ئیتـران؛ کـەسـانیتـر؛ یۆتـەرێ؛ ئـەوانیتـر ۲. بیانیگـەل؛ لاوەکیـان؛ بێگانـــێ ۳. *[عرفـانی]* جگــە لــە یــار؛ هــەر کەسێکیتر بێجگە دڵبەر.

اف / of'/ ☜ آخ

افادات / efādāt'/: [عربی] جمعِ ☜ **افاده**

افــاده / efāde'/: [عربـی]/اسـم. *[گفتـاری]* ۱. خۆهـــەلکێـــشی؛ خۆپـــەســـێنی؛ قاپـــانی؛ دەمـــارزلی؛ لووتبـەرزی؛ خۆبـەزلزانی؛ دەعیـە؛ فیز؛ کەش و فـش؛ چـس ـفـس؛ کـەشـوقنگ؛ کەباردە؛ ئاکاری فیزانە ‹نمی دانـم ایـن همـه افـاده برای چیست؟: نـازانم ئـەم گـشته خـۆ بـە زل زانیـە بۆ چیە؟› ۲. /افادات/ *[ادبی]* قـازانجدەر؛ کـار یـان ڕەوتی وەچ و بەرە گەیاندن؛ مفاگەهاندن.

⊡ **افـاده داشـتن:** بـە ئیفـادە بـوون؛ بـە فیـز بوون؛ دەماربەرز بوون.

افـاده فـروختن: فیزکـردن؛ دەعیـە و دەمـار فرۆتن؛ وێ گێرتەی؛ ب خۆ نازین.

افــاده کــردن: قــازانجگــەیانــدن؛ ســوود گەیاندن؛ بەهرەدار بوون.

افادەی مقصود کردن: مەبەست دەربڕین.

افـــادەای / efāde'ī'، ـــهـــا/: [عربـــی] *صـــفت. [گفتـــاری]* خـــۆبین؛ خۆپـــەســـەنـــد؛ تـــرزڵ؛ خـــۆڕازی؛ دفـــنبلنـــد ‹کـــسی از آدم افـــادەای خوشـش نمـیآیـد: کـەس لـە مـرۆی خویـەسـند خۆشی نایەت›.

افاضـــات / efāzāt'/: [عربـــی]/اســـم. ۱. جمـــعِ ☜ **افاضـــه** ۲. فـــەرمایـــشات ‹از افاضـات استـاد بهـرەمنـد شـدیم: لـــە فـــەرمایـــشاتی مامۆســـتا کەلکمان وەرگرت›.

افاضـــه / efāze'، ـــهـــا؛ افاضـات/: [عربـــی]/اســـم. *[ادبی]* کـاری بـەهـرە پێگـەیانـدن لـە ڕێگـای وتارەوە.

افاعیـل / afā'īl'/: [عربـی]/اسـم. کێـشی شـێعر، کــــە لــــە پیتگــــەلی «ا»، «ت»، «س»، «ن»، «م»، «و»، «ب» لـەگـەڵ سـێ پـیتی «ف» و «ع» و «ل» (فـــانوس تعلـــیم) پێکـــدێ (وەک فعوولن، فاعلن، مفتعلن، مستفعلن).

افاغنـــــه / afāqene'/: [از عربـــی] جمـــعِ ☜ **افغانی**[1]

اف ـاف / ef'ef'، ـها/: [؟]/اسـم. ئێـفـ ئێـف؛ ناوی بازرگانی؛ دەرگا کەرەوەی کارەبایی.

افاقـه / efāqe'/: [عربـی]/اسـم. ۱. ڕۆشـنایەتی؛

فه رحانی؛ باشتری ‹پسرم برود سر کار افاقه‌ای حاصل می‌شود: کوره‌که‌م بڕواته سه‌ر کار فه‌رحانیه‌کمان تیّده‌که‌وێ› ۲. که‌ڵک؛ قازانج؛ وه‌چ؛ سوود؛ به‌هره؛ مفا ‹معالجه و درمان افاقه نکرد: ده‌وا و ده‌رمان که‌ڵکی نه‌بوو›.

▣ **افاقه بخشیدن:** به‌رهه‌م هێنان؛ به‌هره دان؛ به‌که‌ڵک بوون.

افاقه کردن: که‌ڵک‌گرتن؛ به قازانج بوون.

افت / 'oft/ ـها/: /اسم/ ۱. که‌وت؛ که‌فت؛ کار یان ڕه‌وتی که‌وتن ‹افت و خیز: هه‌ڵس و که‌وت› ۲. ئه‌فرۆز؛ کار یان ڕه‌وتی دابه‌زین؛ هاتنه خواره‌وه ‹افت محصول: دابه‌زینی داهات› ۳. داکه‌وت؛ کیمایی؛ که‌م بوونه‌وه؛ هاتنه خار ‹افت کیفیت: داکه‌وتی چۆنیه‌ت/ چۆناوچۆنی›.

▣ **افت تحصیلی:** سه‌ر نه‌که‌وتن له خوێندندا.

▣ **افت داشتن:** ۱. هاتنه خواره‌وه؛ که‌م کردن؛ کیمی دان ‹امسال قیمتها کمی افت دارد: ئه‌وساڵ نرخه‌کان توزێ هاتوونه‌ته خواره‌وه› ۲. داشکان؛ که‌م بوونه‌وه؛ که‌مه‌و بوون ۳. کاشک لێهاتن؛ شووره‌یی بوون؛ عه‌یب و عار بوون؛ هۆی که‌م بوونه‌وه‌ی ئابڕوو.

افت‌کردن: ۱. دابه‌زین؛ که‌مه‌و بوون ‹قیمتها کمی افت کرده اند: نرخه‌کان توزێ دابه‌زیون› ۲. دواکه‌وتن؛ له هاوماڵان به‌جێمان.

افتادگی / 'oftādegî/: /اسم/ ۱. /ادبی/ خاکه‌ساری؛ داکه‌وتوویی ‹افتادگی آموز اگر طالب فیضی: خاکه‌ساری فێر به ئه‌ر بیرت له‌لای سه‌رکه‌وتنه› ۲. /ـها/ که‌مایه‌سی؛ ناته‌واوی؛ که‌موکووڕی ‹این کتاب چند صفحه افتادگی دارد: ئه‌م کتێبه چه‌ند لاپه‌ره ناته‌واوی هه‌یه› ۳. /پزشکی/ که‌فتن؛ که‌وتن؛ داکه‌وتن؛ داهێزان؛ که‌وته‌یره؛ داکه‌وتنی ئه‌ندامێک له جێگای سروشتی خۆی ‹افتادگی شکم: داکه‌وتنی ناوک›.

افتادن / 'oftādan/: /مصدر. لازم. متعدی.

//**افتادی**: که‌وتی؛ **می‌افتی**: ده‌که‌وی؛ **بیفت**: بکه‌وه// ◻ /لازم/ که‌وتن؛ که‌فتن؛ که‌وتش؛ که‌تن؛ که‌وته‌ی: ۱. داکه‌وتن؛ که‌وته‌یره؛ ئه‌ره‌که‌وته‌ی؛ به‌ربوونه‌وه به زه‌ویدا ‹از درخت افتادن: له دار داکه‌وتن› ۲. که‌وتنه نێو چالایی یان شتێکه‌وه؛ که‌وته‌یره ‹در آب افتادن: که‌وتنه ناو ئاو› ۳. داریانه‌وه؛ داریایوه؛ ئه‌وه‌داریه‌ی؛ که‌وتن به هۆی له ده‌سدانی هاوسه‌نگی ‹افتادن درخت: که‌وتنی دار› ٤. هه‌بوون له حاڵه‌تێکدا ‹گیر افتادن: گیر که‌وتن› ٥. له ده‌ستدانی شتێک ‹از نفس افتادن: له هه‌ناسه که‌وتن› ٦. بڵاو بوونه‌وه به سه‌ر شتێکدا ‹آفتاب افتاد: خۆر که‌وت› ۷. شۆپ و نیشانه‌ی شتێک په‌یدا بوون ‹لکه افتادن: له‌که که‌وتن› ۸. له شوێنێ به‌رهه‌ڵدا بوون ‹گوشه‌ی اتاق افتاده بود: له سووچی ژووره‌که که‌وتبوو› ۹. دان؛ که‌وته‌ینه؛ له هه‌مبه‌ر شتێکه‌وه بوون ‹آتش افتاده بود به انبار: ئاور که‌وتبووه ناو هه‌مباره‌که‌وه› ۱۰. که‌وته‌یره؛ زه‌وینگیر بوون یان په‌ک‌که‌وتن ‹یک سال توی خانه افتاده بودم: یه‌ک ساڵ که‌وتبوومه نێو جێگاوه› ۱۱. کۆتایی هاتنی کار یان ڕه‌وتێک ‹از سر و صدا افتادن: له هه را و هوریا که‌وتن› ۱۲. له پڕ ڕوودانی شتێ ‹به یاد چیزی افتادن: بیر شتێ که‌وتن› ۱۳. که‌وتنه سه‌ر ڕێگایه‌ک ‹خانه‌شان افتاده است وسط خیابان: ماڵه‌که‌یان که‌وتووه‌ته نێوه‌ڕاستی شه‌قامه‌وه› ١٤. گرۆ بوون به کار یان ئاکارێک و به دوویا چوون ‹به شراب خوری افتادن: که‌وتنه شه‌راو خواردن› ۱٥. جێ‌که‌ن بوون ‹دو تا دندانش افتاد: دوو ددانی که‌وت›

۱۶. *[مجازی]* نەبوونی توان بۆ درێژەدان بە کار ‹از خستگی داشت می‌افتاد: خەریک بوو لە شەکەتیدا بکەوێ› ۱۷. لە بار چوون ‹بچەی چهار ماهه‌اش افتاد: سکی چوار مانگەی کەوت› ۱۸. کەفتنە یەک؛ کەوتەی وریو؛ ڕوودانی دوو ڕووداو پێکەوە ‹ماه رمضان به تابستان افتاده بود: مانگی ڕەمەزان کەوتبووە هاوین› ۱۹. چوون بۆ لای کەس یان شوێنێک ‹حالا که کارم به تو افتاده، ناز می کنی: ئێستا کە کارم کەوتۆتە لای تۆ، خۆتم بۆ ئەگری› ۲۰. تیشکدان؛ تاویەی؛ دای ‹نور خورشید افتاد توی چشمم: تیشکی خۆر کەوتە نێو چاوانم› ۲۱. ڕەش بوون یان لە بایەخ کەوتن ‹از چشم مردم افتادن: لە بەر چاو خەڵک کەوتن› ۲۲. *[گفتاری]* میوان بوون ‹فردا شب خانەی عمه افتاده‌ایم: سبەی شەو لە ماڵ پوورم کەوتوین› ۲۳. بڵاو بوونەوە ‹چو افتادن: قوو داکەوتن› ۲۴. نیشتن؛ بارین؛ وارەی ‹دیشب برف سنگینی افتاد: دوێنێ شەو بەفرێکی قورس نیشت› ۲۵. لە ئەزموونـدا سەرنەکەوتن ‹از درس فارسی افتادن: کەوتن لە دەرسی فارسیدا›
□ *متعدی*. ۲۶. شوێن‌کەوتن ‹به دنبال کسی افتادن: کەوتنە شوێن کەسێ› ۲۷. دانە بەر پەلامار؛ ئەنەکەوتەی ‹به جان کسی افتادن: کەوتنە گیان کەسێ›. هەروەها: **افتادنی**

■ صفت مفعولی: **افتاده** (کەوتوو) / مصدر منفی: **نَیفتادن** (نەکەوتن)

افتاده / oftāde'، ـها؛ ـگان/: *صفت*. ۱. خاکەسار؛ بێ دەمار؛ خۆشکێن؛ بێ‌فیز؛ خۆ بە زل‌نەزان ‹مرد افتاده‌ای است: پیاوێکی خاکەسارە› ۲. *[ادبی]* هەژار؛ بێ‌ئەنوا ۳. کەتی؛ کەوتوو؛ خانەنشین؛ گردەنشین؛ کەسێ کە لەبەر پیری یان نەخۆشی نەتوانێ لە ماڵ دەرکەوێ.

افتاده‌حال / oftādehāl'، ـان/: [فارسی/ عربی] *صفت*. *[ادبی]* ۱. خاکەسار؛ خۆشکێن؛ بێ‌فیز ۲. هێدی؛ هێور؛ بێ‌دەنگ؛ پشوو لە سەرخۆ؛ خۆشکاندی.

افتان‌وخیزان / oftān-o-xîzān'/: *قید*. پەت و کۆ؛ هۆرس و کەوت؛ لە حاڵی کەوتن و هەستانەوەدا، لە بەر بێ‌هێزی.

افتتاح / eftetāh'/: [عربی] *اسم*. کار یان ڕەوتی کردنەوە؛ کرانەوە: ۱. کار یان ڕەوتی دەسپێکردنی ڕێوڕەسمێک (وەکوو جێژن، کێبەرکێ) ۲. کردنەوەی ڕێکخراوەیەک ‹افتتاح بیمارستان پاوه: کرانەوەی نەخۆشخانەی پاوە› ۳. دەسپێکی بەهرەگری لە ئامرازێک؛ ڕێخستن ‹افتتاح بزرگراه زنجان ـ قزوین: کرانەوەی شارێی زەنجان ـ قەزوین› ❊ **گشایش**

▣ **افتتاح حساب**: کار و ڕەوتی حەساو باز کردن؛ حەساوکردنەوە؛ کردنەوەی حیساب لە لای دامەزراوەیەکی ماڵی بەتایبەت بانکەوە.

▣ **افتتاح شدن**: کرانەوە؛ کرایوە؛ ڤەکرن.

افتتاح کردن: کردنەوە؛ بازکردن؛ کردەیوە.

افتتاحیه / eftetāhîyye'/: [عربی] *صفت*. دەسپێکانە؛ دەرگوشاد؛ سەبارەت بە خستنەڕێ ‹نطق افتتاحیه: وتاری دەسپێکانە›.

افتخار / eftexār'/: [عربی] *اسم*. هەمیازی؛ شانازی؛ بەختەوەری؛ ئیفتیخار: ۱. حاڵەتی شادی و ڕازی بوونی زۆر ‹کردستان به فرزندانش افتخار می‌کند: کوردستان بە ڕۆڵەکانیەوە شانازی دەکات› ۲. /ـها؛ ـات/ *[گفتاری]* هۆی شانازی؛ هۆی بەختەوەری؛ هۆی سەربەرزی؛ کەس یان شتێک کە ئەبێتە هۆی شانازی پێ کردن؛ جێ شانازی بوون ‹شجاعت تو موجب افتخار من است: ئازایەتی تۆ، هوی شانازی منە›.

▣ **به افتخار**: بۆ سەربڵیندی؛ بۆ سەربەرزی

‹به افتخار برندەی مسابقه کف زدند: بو سەربەرزی بەرەندەی کێبەرکێکە چەپڵەیان لێدا›.

◘ **افتخار داشتن:** سەربەرز بوون؛ سەربڵیند بوون.

افتخار کردن: شانازی کردن؛ نازین.

افتخارآفرین / eftexārāfarîn' ، ـــان/: [عربی/ فارسی] صفت. شانازیهێنەر؛ سەربەرزیهێنەر ‹پیروزی افتخارافرین: سەرکەوتنی شانازیهێنەر›.

افتخاری / eftexārî'/: [عربی] صفت. ۱. خاوەن پلەیەک بێ ئەنجامدانی کار یان تێپەڕکردنی بواری پێویست ۲. بێ‌مز؛ فەخری؛ بەشانازی.

افترا / efterā'/: [عربی]/اسم. دەلەسە؛ چەفتە؛ درۆهەڵبەست؛ دەس‌هەڵبەس؛ خۆهەڵبەست؛ تۆمەت؛ بێبەختی: ۱. بوختان؛ کار یان ڕەوتی درۆ هەڵبەستن بۆ کەسێک و کارێکی ناڕەوا دانە پاڵی ‹مخالفان به افترا متوسل شدەاند: نەیاران کەوتوونەتە درو هەلبەستن› ۲. ـها؛ ـات/ بوختیان؛ وتەیەکی درۆینە کە لە بارەی کەسێکەوە دەگوترێت ‹این حرفها افتراست: ئەم قسانە دەلەسەن›.

هەروەها: **افترا زدن؛ افترا گرفتن**

افتراآمیز / efterā.āmîz'/: [عربی/ فارسی] صفت. بوختاناوی؛ بوختیانی؛ ئاوێتە لەگەڵ بوختیان؛ هەڵبەستەی ناڕەوا؛ بە بوختیانەوە ‹مقالەی افتراامیز: وتاری بوختیانی›.

افتراق / efterāq'/: [عربی]/اسم. ۱. جیاکاری؛ دووبەرەکی ۲. ـها؛ ـات/ *[نامتداول]* جیایی؛ جیاوازی؛ ناکۆکی؛ جوداهی؛ ناتەبایی.

افتراقی / efterāqî'/: [عربی] صفت. جیاوازانە؛ پێوەندیدار بە جیاکاریەوە.

افتضاح[1] / eftezāh' ، ـها؛ ـات/: [عربی]/اسم. شەرمەساری؛ ڕووسیایی؛ ئابڕوونەماوی؛ ناوزڕاوی؛ شرتۆپ؛ هەتکبەری.

◘ **افتضاح بار آوردن:** گەنەکاری کردن؛ پەن دان؛ کەتن ژەنەی: **افتضاح کردن**

افتضاح کردن ☜ **افتضاح بارآوردن**

افتضاح[2]: صفت. *[گفتاری]* ناحەز؛ نالەبار؛ فەهێت؛ هەڕمی؛ شرتۆپ؛ فرە ناوەش؛ زۆر خراپ ‹خطش افتضاح بود: نووسینی ناحەز بوو›.

◘ **افتضاح بودن:** زۆر خراپ بوون.

افتضاح شدن: زۆر خراپ پێ‌هاتن؛ هەتک چوون؛ زۆر ناحەز بوون.

افت‌وخیز / oft-o-xîz' ، ـها/: اسم. *[ادبی، مجازی]* هەڵس‌وکەوت؛ هۆرز و نیشت: ۱. کەند و لەند؛ خاس و خراپ بوون لە ڕەوتێکدا، بەتایبەت لە ژیاندا ‹زندگی افت‌وخیز بسیار دارد: ژیان هەڵس‌وکەوتی زۆرە› ۲. هەڵس و بنیش؛ هەڵسان و دانیشتن ‹مدتی کە با او افت‌وخیز داشتە باشی، اخلاقش دستت می‌آید: ماوەیەک لە گەڵیا هەڵس‌وکەوتت ببێ، شارەزای خۆوخدەی ئەبی›.

افتیمون / aftîmûn' ، ـها/: [معرب از یونانی] اسم. مێوەخۆرکە؛ سەڕاجە؛ سوەیل؛ عالف پێچ؛ بنەگیایێکی یەکسالانی گوڵ سپی و زەردە بۆ دەرمان دەبێ: **کَشوت**

افچە / afče' ، ـها/: اسم. داهۆڵ؛ داهۆڵ؛ داوەڵ؛ داوڵ؛ هۆراسە؛ هەلامەت؛ مەتەرس؛ بنیادەمۆکەی ناو مەزرا، بۆ ترساندنی پەلەوەر.

◘ **افچە ی بارانی:** بووکە بارانە؛ وەولە بارانی؛ وەیولە/ هۆڵێ وارانێ؛ وەویلە بارانی؛ کۆتەلێکی لە چێو و پەڕۆ کە منداڵان بە ماڵاندا دەیگێڕن و ئاوی بەسەردا دەکەن.

افرا / afrā' ، ـها؛ ـیان/: اسم. ئافرا؛ هەفرەس؛ هەفرست؛ هێفرست؛ دارێکی کێوی

گەلادەرزیە.

افراختن / 'afrāxtan/ ☜ **آفراشتن**

افراخته / 'afrāxte/ ☜ **آفراشته**

افراد / 'afrād/: [عربی] جمعِ ☜ **فَرد**

▣ **افراد خانواده:** خێزان؛ ماڵ و منال؛ خا و خێزان؛ خێزانی ماڵ؛ کەس ماڵ؛ نانخۆری ماڵ.

افراز / 'efrāz/: [عربی]/*اسم. [حقوق]* بەشەوکردن؛ بەش کردن؛ بەش کردنی ملک و ماڵ و دانانی بەشی هاوبەشان.

افراشتن / 'afrāštan/: *مصدر. متعدی. [ادبی]* //**افراشتی:** هەڵتدا؛ **می‌افرازی:** هەڵدەدەی؛ **بیفراز:** هەڵدە // هەڵدان؛ هۆردەی؛ هۆردای: ۱. بەرزەوە کردن؛ هەڵ گاڤتن؛ هەڵبڕاندن ‹افراشتن پرچم: هەڵدانی ئالا› ۲. دامەزراندن؛ ئەرەمەرزنەی ‹خیمه افراشتن: هەڵدانی ڕەشماڵ› * **افراختن**. هەروەها: **افراشتنی**

■ صفت فاعلی: **افرازنده** (هەڵدەر)/ صفت مفعولی: **افراشته** (هەڵدراو)/ مصدر منفی: **نَیَفراشتن** (هەڵنەدان)

افراشته / 'afrāšte/: *صفت.* ۱. هەڵدراو؛ ڕاستەوکراو؛ هەڵبڕاو؛ هۆردریا ۲. ڕاوەستاو؛ دامەزراو؛ هەڵدای: **افراخته**

افراط / 'efrāt، ـها/: [عربی]/*اسم.* تەلاس؛ زێدەگاڤی؛ سەرچڵی. هەروەها: **افراط شدن؛ افراط کردن**

افراط‌وتفریط / 'efrāt-o-tafrît، ـها/: [عربی] *اسم.* خەمساری و زێدەگاڤی؛ دووباری دژ بە یەک و دوور لە ناوندیەتی (وەک ڕژدی و دەسبایی).

افراطی / 'efrātî، ـها؛ ـان؛ ـون/: [عربی] *صفت.* تەلاسی؛ سەرچڵی: ۱. توند و تیژ یان کولەکولکەر ۲. *[سیاست]* زێدەڕۆ؛ وندڕەو؛ خورت.

افروختگی / 'afrûxtegî/: *اسم.* هەڵگرساوی؛ دایساوی؛ هەڵگرسیاگی؛ پێکراوی ‹افروختگی آتش: هەڵگرساوی ئاگر›.

افروختن / 'afrûxtan/: *مصدر. لازم. متعدی. [ادبی]* // **افروختی:** هەڵتگیرساند؛ **می‌افروزی:** هەڵدەگیرسێنی؛ **بیفروز:** هەڵگیسێنە// □ *لازم.* ۱. داگرسان؛ هەڵبوون؛ ئەنەگیسیەی؛ گیسیاینە؛ پێبوونی ئاگر؛ گڕ تێبەربوون؛ داگرسیان؛ ئایسان؛ گڕ لێ پەیدا بوون ۲. گەشیانەوە؛ گەشیایوە؛ گەش بوونەوە؛ سووروو بوون □ *متعدی.* ۳. داگرساندن؛ هەڵکردن؛ دایساندن؛ هەڵگرساندن؛ ئایساندن؛ نێڵدان؛ پێکردنی ئاگر؛ داگیرساندن؛ داییساندن؛ هەڵگڕاندن؛ گیسناینە؛ ئەنەگیسنەی؛ ئەیرەوەکەردەی؛ گڕنەی. هەروەها: **افروختنی**

■ صفت فاعلی: **افروزنده** (ــ) / صفت مفعولی: **افروخته** (داگرساو) / مصدر منفی: **نَیَفروختن** (دانەگرسان)

افروخته / 'afrûxte/: *صفت. [ادبی]* هەڵکراو: ۱. داگرساو؛ هەڵگرسیاگ؛ ڕۆشن ‹چراغ افروخته: چرای هەڵکراو› ۲. هەڵگڕاو؛ هەڵکردی؛ داگرسیاگ، پێکراو؛ بەتین؛ وێ ‹آتش افروخته: ئاگری هەڵکراو›.

ــ **افروز** / 'afrûz/: *پیواژه.* ــ هەڵایسێن؛ ــ هەڵکەر؛ ــ گرسێن؛ ــ دایسێن؛ ــ وەکەر؛ ڕۆشن‌کەر ‹آتش افروز: ئاگرهەڵکەر›.

افروزنه / 'afrûzne/: *اسم.* دەساگر؛ دەساور؛ چێلە؛ دەستەچێلە؛ دەستەچیلە؛ چیلک؛ دەسەئەیر؛ ئاگرگیرە؛ ژێرئاگرە؛ شنی؛ چاوە؛ چاوگە؛ چاوکە؛ چاوگ؛ چاڤگە؛ چاو ڕۆشن‌کەرە؛ دەستە پووش و پەلاش بۆ بن ئاگر.

افروزه / 'afrûze، ـها/: *اسم.* چاوڕۆشنکەرە؛ دەستەچیلەی ئاگر؛ چاوداگیرسێن؛ چاڤکە؛ چاوە؛ چاوگە؛ چاوکە؛ دەستەچیلەی چاوەی

ئاگر؛ چاوگ؛ چێله؛ کەرەسەی سەرەتایی بۆ ئاگر هەڵکردن؛ پووش و وردەداری ئاگر کردنەوە.

افریقائی / 'efrîqā'î / ☜ **افریقایی**

افریقایی / 'efrîqāyî/ ☜ **آفریقایی: افریقائی**

ـ افزا / 'afzā، ـها؛ ـیان/: *پیواژە*. ـگەشێن؛ ـبووژێن؛ زیادکەرەوە ‹روحافزا: گیانگەشێن›.

ـ افزائی / 'afzā'î/ ☜ **ـ افزایی**

افزار / 'afzār/ ☜ **ابزار**

افزارمند / 'afzārmand، ـها؛ ـان/: *اسم*. پیشەوەر؛ ئامرازمەند؛ کەسێ کە کاری بە ئامراز جێبەجێ دەبێ: **ابزارمند**

افزایش / 'afzāyeš، ـها/: *اسم*. ۱. زۆر بوون ‹افزایش قیمت: زۆربوونی نرخ› ۲. زۆرتر کردن؛ پترکردن؛ زیادکردن ‹افزایش دادن: زۆرترکردن› ۳. *[نامتداول]* کۆ؛ زێدەیی.

⊡ **افزایش دادن**: زۆرکردن؛ پترکردن؛ زێدە کردن؛ فرەکردن؛ فرەکەردەی.

افزایش یافتن: زۆرەوە بوون؛ فرەوە بوون.

افزاینده / 'afzāyande/: *صفت. [نامتداول]* زێدەکەرەوە.

ـ افزایی / 'afzāyî/: *پیواژە*. ـ زیادکەرەوەیی؛ زیاکردن؛ فرەکردنەوە ‹دانشافزایی: زانست زیادکردن›: **افزائی**

افزودن / 'afzûdan/: *مصدر. متعدی. لازم. [ادبی]* // **افزودی**: زیادت کرد؛ **می افزایی**: زیاد دەکەی؛ **بیفزا**: زیادکە// ۱. *[نامتداول]* خستنە سەر؛ زیادکردنی شتێک بە شتێکی تر ‹۱۰۰ را بە ۱۷۵ افزودن: ۱۰۰ خستنە سەر ۱۷۵› ۲. زیادکردن؛ فرەکردن؛ زۆرترکردن ‹افزودن حقوق کارگران: زیادکردنی مووچەی کرێکاران› ☐*لازم*. ۳. زۆر بوون؛ زیاد بوون ‹افزودن جمعیت: زیاد بوونی ئاپۆرە›.

■ صفت فاعلی: **افزاینده** (زیادکەرەوە)/ صفت مفعولی: **افزوده** (زیادکراوە)/ مصدر منفی: **نَیَفزودن** (زیاد نەکردنەوە)

افزودنی / 'afzûdanî، ـها/: *اسم*. هەژی؛ هەرکام لەو کەرەسانە کە بۆ باشتر بوونەوەی لۆری بەرهەمێک (وەک چێژ، ڕەنگ، پتەوی و…) پێی زیاد ببێ.

افزوده / 'afzûde/: *صفت*. زیادکراوە؛ زۆرکراوە؛ زێدەکری.

افزون / 'afzûn/: *قید. [ادبی]* پتر؛ زۆرتر؛ فرەتر؛ زیاتر؛ زێدەتر؛ بانتر؛ فێشتەر؛ فرەتەر؛ ‹افزون از هزار کس: پتر لە هەزار کەس›.

⊡ **افزون بودن**: پتر بوون؛ زیاد بوون؛ زۆر بوون؛ فرە بوون؛ فێشتەر بیەی. هەروەها: **افزون شدن؛ افزون کردن**

افزونخواهی / 'afzûnxāhî، ـها/: *اسم*. فرەخوازی؛ زیادەخوازی؛ پترخوازی؛ زێدەخازی؛ حەز بە وەدەسهێنانی پتر لە ماف و لێهاتوویی. هەروەها: **افزونخواه**

افزونی / 'afzûnî، ـها/: *اسم. [ادبی]* زۆری؛ زیایی؛ زێدەیی؛ بار و دۆخی زۆر بوون.

افساد / 'efsād/: [عربی] *اسم. [ادبی]* خراپەکاری؛ گەندەڵ/ گەندەڵەکاری ‹کسانی کە بە افساد و توطئە مشغولند: ئەوانەی وا خەریکی گەندەڵکاری و پیلانن›.

افسار / 'afsār، ـها/: *اسم*. هەوسار؛ هۆسار؛ وەسار؛ وسار؛ فسار؛ هەڤسار؛ ئاوسار؛ ئەوسار؛ دەسکەریشە؛ دوخ هەڤسار؛ دەسکەوسار؛ جەڵەو؛ جڵەو؛ کلکەلغاو؛ کلکەڕەشە؛ جەلەب؛ دزگین؛ پالەنگ؛ جڵەوە؛ ڕەشە؛ لغاو؛ دەستەجڵەو؛ دەستەوسار؛ پەتی بەستن و ڕاکێشانی مالات؛ پەتێ کە دە ملی حەیوان دەخرێ و ڕادەکێشرێ.

⊡ **افسار پاره کردن**: *[کنایی]* پەت بڕین؛ هەوسار چڕاندن؛ بەرهەڵدا بوون؛ بەرەڵڵا بوون؛ یاخی بوون؛ ئەشقی بوون؛

سەربزێوی کردن ‹باز امروز شاگرد آزاد افسار پاره کرده بود: ئەمرۆ دیسانەوە شاگردەکەی ئازاد، پەتی بریبوو›.

افسار خود را بەدست کسی دادن: *[تعریض]* هەوساری خۆ بەدەستی کەسێکەوە دان؛ لەغاوی خۆ بە دەس کەسێکەوە دان؛ خۆ بە کەسێ سپاردن.

افسار را شُل کردن: *[کنایی]* هەوسار بۆ شل کردن؛ سەختگری نەکردن؛ هەفسار سست کرن؛ ئازادی زۆر و نەگونجاو پێدان.

افسار را کشیدن: *[کنایی]* هەوساندن؛ ڕاهێنان؛ بەر بە لاساری کەسێ گرتن.

افسار زدن: *[کنایی]* هەوسارکردن؛ لەغاو کردن؛ دامرکاندن؛ هێنانە ژێر ڕکێفی خۆ؛ بەر بە بێسەرە و بەرەیی و بێگەڤی گرتن.

افسار سر خود بار آمدن: *[کنایی]* لەغاو شل بوون؛ بەرەڵلا بارهاتن.

افسارش را سر خودش زدن: *[کنایی]* وێل کردن؛ بەرەڵلا کردن؛ بەرهەڵدا کردن.

بی افسار آب خوردن: *[کنایی]* ئاوی بێ لەغاو خواردن؛ بێگەورە و مامۆستا بوون.

افسارگسسته / 'afsārgosaste/ ☜ **افسارگسیخته**

افسارگسیخته / 'afsārgosîxte/، ــها؛ ــگان/: *صفت. [کنایی]* پەتبڕاو: ١. سەرکێش؛ سەربزێو ٢. هەرزە؛ سەرچڵ * **عنانگسیخته؛ عنانگسسته؛ افسارگسسته**

افسانه / 'afsāne/، ــها/: *اسم.* ١. دیرۆک؛ چیرۆک؛ ڕووداوی خەیاڵی؛ شتێ کە نەبووە و بە خەیاڵ دروست کراوە ‹این افسانه است: ئەمە دیرۆکە› ٢. *[کنایی]* چیڤانۆک؛ ڕووداوێکی ناڕاست کە ناکرێ و نەکراوە.

⊡ **افسانه شدن:** *[کنایی]* ١. ئەوسا بوون؛ لەنێو چوون ٢. کۆنە بوون؛ ناوێک لێ مان و بەس.

افسانه ای / 'afsāne'î/: *صفت.* خەیاڵی: ١. بە بار و دۆخی دیرۆکی و خەیاڵییەوە ‹پهلوان افسانهای: پاڵەوانی خەیاڵی› ٢. *[مجازی]* هەژەند؛ سەیر و سەمەرە و نائاسایی ‹قصر افسانهای: کۆشکی خەیاڵی›.

افسانه پرداز / 'afsānepardāz/، ــها؛ ــان/: *اسم.* دیرۆکدارێژ؛ دیرۆکنووس؛ دیرۆکساز؛ دیرۆکهۆن: **افسانهساز**

افسانهساز / 'afsānesāz/ ☜ **افسانهپرداز**

افسانهسرا / 'afsānesarā/، ــها؛ ــیان/: *اسم.* دیرۆکهۆن؛ دیرۆکبێژ؛ هۆنەر یان وێژەری دیرۆک.

افست / 'ofset/: [انگلیسی] *اسم. [چاپ]* ئۆفسێت؛ شێوەیێکی چاپە کە نووسراوە دەکەوێتە سەر زینک و لە ماشێنی چاپدا، زینکەکە دەیخاتە سەر کاغەز.

افسر / 'afsar/: *اسم.* ١. ــها *[ادبی]* تاج؛ پۆپ؛ پۆشە ٢. ــان *[نظامی]* ئەفسەر؛ قوماندار؛ زافت؛ خاوەن پلە لە سوپادا.

⊡ **افسر ارتش:** ئەفسەری ئەرتەش؛ قوماندای لەشکری.

افسردگی / 'afsordegî/، ــها/: *اسم.* ژاکاوی؛ چرووساوی؛ داچەکاوی؛ دژداماوی؛ عاجزی؛ ئەوگاری؛ کزی: ١. نەبوونی خۆشی و سەرحاڵی ٢. *[روانشناسی]* بار و دۆخێکی دەروونییە هاورێ لەگەڵ دڵگرانی، دڵساردی و ماندوویی، زۆرتر دڵەخورپێ و کەم بوونەوەی ئیشتیا و بێخەویشی لەگەڵدایە.

افسردن / 'afsordan/: *مصدر. لازم. [ادبی]* //**افسردی:** ژاکای؛ **افسرده می شوی:** دە ژاکێی؛ **افسرده شو:** بژاکێ// ١. ژاکان؛ کز بوون؛ چرووسان؛ داچەکین؛ کەیل بیەی؛ ژاکیەی؛ خەمگین و دڵتەنگ بوون ٢. *[نامتداول]*

کوژانـەوە؛ ئـەوەکوشـیەی ۳. *[نامتـداول]* ساردەوە بوون ٤. *[نامتداول]* ڕچیان؛ بیەی.

■ صـفت مفعـولی: **افـسرده** (ژاکـاو) / مـصدر منفی: **نَیفسردن** (نەژاکیان).

افـسرده / afsorde'/: *صفت.* ۱. لـها؛ ـگان / داچـەکـاو؛ دوژ؛ کـز؛ ژاکـاو؛ چرمـسیو؛ دژدامـاو؛ دوش؛ دژ؛ گـرژ؛ مـەرس؛ چروسـاو؛ کـورە؛ قوژگـە؛ عێـرز؛ زمـیر؛ دڵـتەنـگ؛ دڵـمەردە؛ خـەمـین؛ پـەژار ۲. لـها/ *[روان‌شناسی]* ژاکـاو؛ تووشـی ژاکـاوی هـاتوو ۳. *[نامتـداول]* خـامۆش؛ وەکـوژاو؛ کـوژاوە؛ دامرکـاو؛ ئـەوەکوشـیا ٤. *[نامتداول]* سارد؛ سـەرد؛ سار؛ چیاگ؛ سـەرد و سـڕ ٥. *[نامتـداول]* ڕچـاو؛ ڕچیـاگ؛ ڕچیـا؛ بیا؛ یـەخ‌کـردوو؛ سـەهـۆڵ‌بـەسـتوو. هـەروەهـا: **افسرده بودن؛ افسرده شدن؛ افسرده کردن**

افـسرده‌خـاطر / afsordexāter'/: [فارسـی/ عربی] ☜ **افسرده‌دل**

افـسرده‌دل / afsordedel' ، ـها؛ ـان/: *صفت.* ۱. خـەمگـین؛ خـەمبـار؛ نمـووز ۲. دڵـشکاو؛ دڵ‌پـەژمـراو؛ دڵ‌ژاکـاو؛ دڵ‌تـەمـراو؛ دڵ‌مرکـاو؛ دڵسار؛ زیڵ‌ئەوگار * **افسرده‌خاطر**

افـسری[1] / afsarî'/: *اسم.* ئـەفسـەری؛ پیـشەی ئەفسەر.

افسری[2]: *صفت.* ئـەفسـەری؛ پێـوەندیـدار و سـەر بـە ئـەفـسـەر ‹دانـشکدەی افـسری: زانکـۆی ئەفسەری›.

افـسنتین / afsantîn'، ـهـا/: [معـرب از یونـانی] *اسم.* گـوڵ هـەنـگ؛ گوڵـە بـەڕۆنـە؛ گوڵـەزەرد؛ گوڵـەڕیـزان؛ گوڵـەڕۆمینـە؛ گۆڵـەڕۆنینـە؛ گوڵـەمـەشکە؛ گیاخـاو؛ گوڵـەمارانـە؛ ئاڵـفێکی گـەلاتـووکنی گـوڵ‌زەرد و بچووکـە و بـۆ دەرمان ئەشی: **افسنطین**

افـسنطین / afsantîn'/: [معـرب از یونـانی] ☜ **افسنتین**

افـسوس[1] / afsûs'، ـها/: *اسم.* پـەژارە؛ کـوڵ؛ کەسـەر؛ کوڤـان؛ زویـری؛ جـەخـار؛ خـەم یـان پەژیوانی لە دەستدانی شتێ.

▣ **افـسوس خـوردن**: داخ لێهـاتن؛ حـەیـف هـاتن؛ داخبـار بـوون؛ ئـاخین؛ ئـاخین و داخـین؛ خـەمخـواردن بـۆ لـە دەسـتدانی شتێ؛ خەم بۆ خواردن.

افـسوس[2]: *صـوت.* داخـم؛ پـەکـوو؛ حـەیـف؛ بـەداخـەوە؛ مخـابن؛ ئـاخ؛ دەردۆ؛ ئـای؛ تـەمتـەقـۆ؛ حـەیـف و خـەسـار؛ ئـەک؛ ئەک‌ودەک؛ حەیفێ؛ وشـەیـەکـە بـۆ دەربـڕینی ناکـامی و لـە کـیس دانی شـتێک ‹افسوس کـه چه زود گذشت!: داخم کە چەند زوو تێپەڕی!›.

افـسون / afsûn'، ـهـا/: *اسم.* ئـەفـسوون: ۱. کارێ کە ئەفسوونکار بۆ هـەڵخڕاندنی کـەسێ یـان شـتێک دەیکـا ۲. جـادوو؛ سـیحر ۳. *[کنـایی]* فـوون؛ فریـو؛ فـوو؛ گـزی و فـزی؛ فاک‌وفیک؛ دەهۆ؛ فێڵ و تەڵەکە.

▣ **افـسون خوانـدن**: فـوو پێـداکردن؛ خوێنـدنی وشـە و ڕسـتەگـەلێـک بـۆ جـادوو کردن. هەروەها: **افسون کردن**

افـسونگر[1] / afsûngar' ، ـهـا؛ ـان/: *اسـم.* سیحرباز؛ جادووگەر؛ ئەفسوونکار.

افسونگر[2]: *صفت.* ئـەفـسوونکار: ۱. خـاوەنی بـار و دۆخـی ئـەفـسوونکاری ۲. *[مجـازی]* زۆر جـوان و دڵـڕفێن؛ خوشـیک؛ سـپەهـی؛ دلحەپین.

افـسونگری / afsûngarî'، ـهـا/: *اسـم.* ئـەفسوونکاری: ۱. کـار یـان ڕەوتی ئـەفسوون کـردن؛ سـێرکرن ۲. کـار یـان پیـشەی ئەفسوونکار.

افـشا / efšā'/: *اسم.* کـار یـان ڕەوتی درکـان/ درکاندن؛ بـەرمـەلا بـوون/ کـردن؛ دەرکـەوتن/ دەرخـستن؛ کەوتنـەڕوو/ خـستنەڕوو؛ زڕیـان/ زڕاندن؛ بلاو بوونـەوە/ کردنـە وە؛ ئاشـکرا بـوون/ کردن.

▣ **افشا شدن:** بەرمەلا بوون؛ دەرکەوتن؛ ئاشکرا بوون؛ درکان؛ زڕان؛ بەلاقە بوون.

افشا کردن: زڕاندن؛ لێ هلدان؛ ڕاستی لێ گوتن؛ درکاندن؛ نهێنی لە کەسێ ئاشکرا کردن.

افشار[1] / 'afšār/: *اسم.* ئەفشار؛ خانۆکەی پێنجەمینی تەختەی نەردێن.

ـــ افشار[2]: *پیوازه.* ١. ـگووشراو؛ ـگووشاو؛ ـشوار؛ گووشیو؛ کوشراو؛ گووشێنراو ‹دستافشار: دەس‌گووشراو› ٢. *[ادبی]* ـدەسەک؛ ـسەک؛ یار؛ یاریدەر؛ دەس؛ ئاریکار ‹دزدافشار: دزدەسەک›.

افشاری / 'afšārî/: [ترکی] *اسم. [موسیقی]* ئەفشاری؛ ئاوازێک لە دەسگای شوور لە مووسیقای ئێرانیدا.

افشاگر / 'efšāgar، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] *صفت.* قاوەدەر؛ ئاشکراکەر؛ درکێنەر؛ بەرمەلاکەر؛ جارچی؛ خاوەنی بار یان دۆخی ئاشکراکەری ‹سخنان افشاگر: قسەگەلی قاوەدەر›.

افشاگرانه[1] / 'efšāgarāne/: [عربی/ فارسی] *صفت.* بەرمەلاکەرانە؛ ئاشکراکەرانە؛ قاوەدەرانە ‹مقالەی افشاگرانە: وتاری قاوەدەرانە›.

افشاگرانه[2]: *قید.* قاوەدەرانە؛ بە ئاشکرایی؛ ئاشکرایانە ‹استاد افشاگرانە سخن می‌گفت: مامۆستا قاوەدەرانە قسەی دەکرد›.

افشاگری / 'efšāgarî، ـها/: [عربی/ فارسی] *اسم.* قاوەدەری؛ کار یان ڕەوتی دەرخستنی ئاکار یان ڕووداوێکی ناڕەوا ‹از بعضی افشاگری‌ها باید اجتناب کنید: لە بڕێک قاوەدەریگەل دەبێ دووری بکەن›.

افشان[1] / 'afšān/: *اسم.* شەن؛ شەنە؛ سێزنە؛ سێزن؛ ملهێب؛ داری چوارچنگی خۆیان بە بادان.

ـافشان[2]: *پیوازه.* ـوەشێن؛ ـپژێن؛ ـپرژێن؛ ـپرژۆل؛ ـوەشان؛ ـشان؛ ـشەن؛ ـچێن؛ ـپاش ‹بذرافشان: تۆوەشێن›.

افشاندن / 'afšāndan/: *مصدر. متعدی. [ادبی]* //**افشاندی:** وەشاندت؛ **می‌افشری:** دەوەشێنی؛ **بیفشر:** بوەشێنە// ١. بلاوکردن؛ وەشاندن؛ پژاندن؛ پشاندن؛ چاندن؛ داچاندن؛ پاشەی؛ شانەی؛ شای ‹تخم افشاندن: توو وەشاندن› ٢. پرژاندن؛ پژگنەی؛ بە تەوژمەوە پژاندن ‹آب افشاندن: ئاو پرژاندن› ٣. ڕاوەشاندن؛ تەکاندان؛ وەشاندن؛ ڕاتلەکاندن؛ ڕاشەکاندن؛ تەکنەی؛ شۆکنایوە؛ ئەوەشۆکنەی ‹دست افشاندن: دەست راتلەکاندن› ٤. *[ادبی]* بەخت کردن؛ لە پێناو نان؛ قوربان کردن؛ گۆڕی کردن ‹جان افشاندن: گیان بەخت کردن› * **فشاندن؛ افشانیدن** هەروەها: **افشاندنی**

■ صفت فاعلی: **افشانندە** (وەشێنەر) / صفت مفعولی: **افشاندە** (وەشێنراو) / مصدر منفی: **نَیَفشاندن** (نەوەشاندن)

افشانندگی / 'afšānandegî/: *اسم.* وەشێنەری؛ پژێنەری؛ داچێنەری؛ بە تایبەتمەندی وەشاندن یان وەشێنەر بوونەوە.

افشانه / 'afšāne، ـها/: *اسم.* پژێنەک؛ پژانە؛ دەزگا یان کەرەسەیێ کە تراو دەپژێنێ.

افشانیدن / 'afšānîdan/ ☜ **افشاندن**

افشردگی / 'afšordegî/: *اسم.* گووشراوی: ١. دۆخی گووشراو بوون ٢. کوشراوی؛ گووشیاگی؛ گڤاشتی؛ گووشیوی؛ گووشیاوی؛ تێک‌گووشراوی؛ کاری لە نێو یەکدا گووشران.

افشردن / 'afšordan/: *مصدر. متعدی. [نامتداول]* //**افشردی:** گووشیت؛ **می‌افشری:** دەگووشی؛ **بیفشر:** بگووشە// گووشین؛ گڤاشتن: ١. گووشان؛ گوشین؛ گووشانن؛

کوشین؛ کوشان؛ بشافتن؛ پشاوتن؛ شواره ی؛ شوارای؛ شوارتەی؛ هەڵپشاوتن؛ گوشاردان ۲. بشاوتن؛ ئاو یان شیرەی شتێ بە گوشار گرتن. هەروەها: **افشردنی**

■ صفت فاعلی: **افشرنده** (گووشەر) / صفت مفعولی: **افشرده** (گووشراو) / مصدر منفی: **نَیَفشردن** (نەگووشین)

افشرده / afšorde'/: /اسم. گووشراو؛ گووشراوە؛ ئەو شتەی کە ئاوەکەی بە گوشاردان گیراوە.

افشره / afšore'، ـها/: /اسم. گوڤیشک؛ گووشراو؛ شیلە؛ گڤیشک ‹افشردەی لیمو: گووشراوی لیمۆ›.

افشک / afšak'، ـها/: /اسم. [نامتداول] ۱. پرشە؛ پژگە؛ پریشکە؛ پرشنگ؛ پژە؛ پرشەی ئاو ۲. شەونم؛ ئاونگ؛ ئاڵشتە * **افشنگ؛ اپشک**

افشنگ / afšang'/ ☜ **اَفشَک**

افشون / afšûn'/: /اسم. شەن؛ شەنە؛ شە؛ کاریچ؛ کاریچ؛کارێژ؛ تەبور؛ شەمز؛ ملهێب؛ ملێب؛ مەلەهەب؛ مەلیف؛ مالیب؛ سیلکە؛ سێزن؛ قەلەپیسک؛ هەسک؛ هیرگووش؛ داری چوارچنگی خەرمان بادان.

◘ **افشون آهنی**: شەن؛ کادۆ؛ شەنەی ئاسن.

افشون سەشاخه: گۆ؛ سێلک؛ شەناسێ؛ شەنەی سێددانە.

افشه / afše'، ـ ها/: /اسم. ساور؛ ساوار؛ ساڤار؛ گەنمی کوڵاوی بەدەستاڕ وردکراو: **بلغور**

افضل / afzal'/: [عربی] صفت. [ادبی] ۱. هەڤیاز؛ باشتر؛ سەرتر ۲. زاناتر؛ هەژیتر؛ هێژاتر؛ قەنجتر.

افطار / eftār'/: [عربی] /اسم. بەربانگ: ۱. ڕۆژووشکێنی ‹افطار کردن: بەربانگ کردنەوە› ۲. /ـها/ ئێوارە؛ وێرەگا؛ کاتی ڕۆژوو شکاندن ‹زودباش! افطار شد: ئازاکە! بەربانگە›.

◘ **افطار باز کردن** ☜ **افطار کردن**

افطار کردن: ڕۆژوو شکاندن؛ ڕۆچێ مارەی؛ بەربانگ کردنەوە؛ فتار ڤەکرن؛ ڕۆژووکردنەوە؛ دەم واکردن؛ شکاندنی ڕۆژوو: **افطار کردن**

افطارانه / eftārāne'/: [عربی/ فارسی] ☜ **افطاری**

افطاری / eftārî'/: [عربی] /اسم. بەربانگی؛ وەربانگی؛ پێخۆرێ کە ڕۆژگەوان لە کاتی ئێوارەدا دەیخوات: **افطارانه**

افعال / af'āl'/: [عربی] /اسم. ۱. جمعِ ☜ **فِعل** ۲. کاران؛ کارگەل؛ کردارگەل؛ کارێ؛ کەردێ ‹افعال ناشایست: کارانی نالەبار›.

افعی / af'î'، ـها؛ ـان/: [عربی] /اسم. حەفی؛ کوڵەژ؛ کەوهەفی؛ بەرگیر: ۱. ناوی گشتی ئەندامانی تیرەی حەفیان ۲. ماری ژاردار لە تیرەی حەفیان.

افغان / afqān'/: /اسم. ۱. /ـها؛ ـان / ئەفغان؛ خەڵکی وڵاتی ئەفغانستان ۲. [ادبی] شیوەن؛ فەغو؛ هاواری ئازار؛ شین و ڕۆڕۆ.

افغانی[1] / afqānî'/: /اسم. ئەفغانی: ۱. / ـها؛ ـان؛ افاغنه/ ئەفغان؛ هەر یەکە لە خەڵکی ڕەسەنی ئەفغانستان ۲. یەکەی پارەی ئەفغانستان.

افغانی[2]: صفت. ئەفغانی: ۱. سەر بە ئەفغانستان ۲. / ـها/ خەڵکی ئەفغانستان.

افق / ofoq'، ـها؛ آفاق/: [عربی] /اسم. ئاسۆ: ۱. ئاسۆگ؛ ئاسوو؛ هاسۆ؛ هەسۆ؛ ئەوسۆ؛ سوو؛ سوێ؛ سوێگە؛ ماک؛ ماکە؛ کەل؛ نشات؛ ئاوا؛ زێواری ئاسمان؛ پەراوێزی ئاسمان؛ کەناری ئاسمان ۲. [مجازی] بەرژەوەند؛ بەرجەوەن ‹افق روشن: ئاسۆی ڕوون›.

افقی / ofoqî'/: [عربی] صفت. هەسۆیی؛ ئاسۆیی؛ ئاسۆگی. ۱. سەر بە ئاسۆ ۲. پۆیی؛ هاوشان / هاوڕێکی ئاسۆ.

افکار / afkār'/: [عربی] جمعِ ☜ **فِکر**

▣ **افکـار عمـومی:** بـیری گـشتی؛ بـیر و ڕای گشتی؛ بۆچوونی پرایی گەل.

ـ **افکن**/ afkan'/: *پیواژه.* ۱. ـبـەزێـن؛ ـبـەزەنـە ‹شـێرافکن: شـێربەزێـن› ۲. ـهـاوێژ؛ ـئـاوێژ؛ ـتاونـە ‹پرتـوافکن: تیـشکاوێژ› ۳. ـهـاوێژ؛ ـشان؛ فڕێدەر ‹بمبافکن: بۆمبهاوێژ›.

افکنـدن / afkandan'/: *مـصدر. متعـدی.* //**افکنـدی:** هاویـشتت؛ **مـی‌افکنـی:** دەهـاوێژی؛ **بـیفکن:** بهـاوێژە// ۱. هاویـشتن؛ خـستن؛ خـسن؛ شـانەی؛ فـڕەدان؛ بـڕک/ بـڕکدان؛ برنـگدان؛ تـووڕدان ۲. ڕاخـستن؛ داخـستن؛ ئـەرەیـاوەی؛ ئـەرەوسـەی ‹فرش افکندن: فـەش ڕاخـستن› ۳. داخـستن؛ شـۆڕەوەکـردن؛ وسەیرە؛ ئـاردەیـەر وار؛ هێنانـە خـوار ‹سر را بـە زیـر افکنـدن: سـەر داخـستن› ٤. خـستن؛ تیـشکدان؛ تیـشک هاویـشتن؛ شـانەی؛ تاونایـنە ‹پرتو افکندن: تیشک هاویشتن›.

■ صـفت فـاعلی: **افکننـده** (هـاوێژەر)/ صـفت مفعـولی: **افکنـده** (هـاوێژراو)/ مـصدر منفـی: **نَیفکندن** (نەهاوێشتن)

افگـار / afgār'/: *صـفت. [ادبـی]* ئـەوگـار؛ دامـشتی: ۱. کـز؛ دامـاو؛ کـەیـل؛ زگـار؛ مانیـا؛ ئاراو؛ سیس هەڵگەڕاو ۲. بریندار؛ زامار.

افگانـه / afgāne'/: *اسم.* لـە بـەر/ بـار چـووگ؛ بێچووی بە مردوویی زاو.

افـلاس / eflās'/: [عربی] *اسم. [ادبی]* دامـاوی: ۱. هـەژاری؛ ڕووتی؛ دەسـکورتی؛ بـەلـەنگـازی ‹از فـرط افـلاس بـە فـروش لباسهای اضـافی خـود پرداخـت: لـەبـەر هـەژاری کـەوتـە فرۆشـتنی جـلوبـەرگـە زیـادەکـانی خـۆی› ۲. نـابوودی؛ نـابووتی؛ وەرشکـستەیـی؛ مایـەپـووچی ‹ایـن طور کە تو خرج می کنی مـی ترسم کـارت بـە افـلاس بکشد: بەم جـۆرە کـە تـۆ خـەرج دەکـەی ئـەترسم بکەویتە نابوودی›.

افلاسـنامه / eflāsnāme'، ـهـا/: [عربـی/ فارسـی] *اسم.* هـەژارینامـە؛ نووسـراوەیـەک کـە تێیـدا هەژاری کەسێک ڕادەگەیەنن.

افـلاک / aflāk'/: [عربـی] *اسم.* ۱. جمـعِ ☜ **فَلَک** ۲. *[ادبی]* ئاسمانان؛ ئاسمانگەل؛ ئاسمانێ.

افـلاک‌نمـا / aflāknamā'، ـهـا/: [عربـی/ فارسـی] *اسم.* کـەرەسـەیـەک کـە بـە گـەڕان و وەرچەرخـان بـە یارمـەتی چـەرخدەنـدە، جێگـا و جووڵەی تەنە ئاسمانیەکان نیشان دەدات.

افلاکـی[1] / aflākî'، ـهـا؛ ـان/: [عربی] *اسم. [ادبی]* هەسارەناس؛ ئەستێرەناس.

افلاکـی[2] / ـان/: *صفت.* ئاسمـانی؛ پێـوەندیـدار یان سەر بە ئاسمان.

افلیج / eflîc'/: [از عربی] ☜ **مَفلوج**

افنا / efnā'/: [عربی] *اسم. [ادبی]* لـە نێـو بـە ری؛ لە بەیـن بـەری؛ فـەوتێنـەری؛ کـار یـان ڕەوتی هەڕشاندن/ هەرژاندن و تیا بردن.

افنـدی / afandî'، ـهـا؛ ـان/: [ترکـی از یونـانی] *اسم.* ئـەفـەنـدی؛ ئاغـە؛ وشـەی ڕێـز لێنـان بـۆ پیاوان لە تورکیەدا.

افواج / afvāc'/: [عربی] جمعِ ☜ **فَوج**

افــواه / afvāh'/: [عربـی] *اسم. [ادبـی]* زاران؛ دەمگـەل ‹ایـن شـایعه در افـواه افتـاد: ئـەم دەنگۆیـە کەوتە سەر زاران›.

افواهـاً / afvāhan'/: [عربـی] *قیـد.* دەمـی؛ بـە دەمی؛ بە دەم؛ بە زار؛ زارەکی؛ سەرزارەکی.

افـواهی[1] / afvāhî'/: [عربـی] *صـفت. [گفتـاری]* ۱. *[نامتـداول]* دەمـی؛ زارەکـی؛ سـەرزارەکـی؛ نـەنووسـراو ۲. *[مجـازی]* دەمـی؛ دەڤـکی؛ هەرچی ڕاست یان درۆی دیار نەبێ.

افـواهی[2]: *قیـد.* ۱. دەمـاودەم؛ دەمبـەدەم؛ بـە شێوەی دەمـی ۲. دەمـی؛ دەڤـکی؛ بـە شـێوەی دەنگۆ و دەنگەشە.

افـول / ofûl'/: [عربـی] *اسم. [ادبـی]* ۱. ڕەوتی ئـاوا بـوون؛ داکـشانی تـەنی ئاسمـانی بـەرەو

ئاسۆی ڕۆژاوا ‹افول ماه: ئاوابوونی مانگ› ۲. [مجازی] پووکانەوە؛ پووچانەوە؛ ڕووخان؛ دارمان؛ داهاتن؛ کار یان ڕەوتی لە دەست دانی پلە و ئاست ‹افول قدرت شاه: پووکانەوەی هێزی شا›. هەروەها: **افول‌کردن**

افه / efe'، ـها/: [فرانسوی]/اسم. نوان: ۱. [گفتاری] با؛ خۆ نوێنی؛ ئەدا؛ ئەتوار ۲. نوانگەی تایبەتی (سینەما).

▣ **افه آمدن**: خۆ نواندن؛ خۆبادان؛ جموجوولگەلی نمایشی بۆ خۆ ڕانان و کێشاندنی سەرنجی خەڵک بۆ لای خۆ.

افیون / afyûn'/: [معرب از یونانی]/اسم. [ادبی] تریاک؛ تلیاک.

افیونی / afyûnî' ، ـها؛ ـان/: [معرب از یونانی] صفت. تریاکی؛ تریاک‌کێش.

اق / oq'/ ☜ **عُق**

اقارب / aqāreb'/: [عربی]/اسم. [ادبی] ۱. کەس‌وکار؛ نزیکگەل؛ نزیکەیل؛ خزمان ‹اقارب درجه اول: کەس و کاری پلەیەکەم› ۲. نزیکان ‹از اقارب حاکم بود: لە نزیکانی حاکم بوو› * **آقربا**

اقاریر / aqārîr'/: [عربی] جمعِ ☜ **اِقرار**

اقاصی / aqāsî'/: [عربی] جمعِ ☜ **أقصا**

اقاقی / aqāqî' ، ـها/: [معرب از یونانی]/اسم. [گفتاری] ☜ **آقاقیا**

اقاقیا / aqāqiyā'، ـها/: [معرب از یونانی]/اسم. عەناوە؛ ئاقاقیا؛ دار بیسمیللا؛ دار جەوی؛ ئەکاکی؛ دار دەرزی: **اقاقی**

اقاله / eqāle'/: [عربی]/اسم. [حقوق] ڕێککەوتنی دوولایەنی مامڵە بۆ هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتە.

اقالیم / aqālîm'/: [عربی] جمعِ ☜ **اِقلیم**

اقامت / eqāmat'/: [عربی]/اسم. دیماتی؛ ئاکنجێتی؛ نیشتەجێیی؛ گلەوبەری؛ کار یان ڕەوتی جێ خۆش‌کردن و مانەوە لە شوێنێک؛ مەنەی ‹محل اقامت دایم: شوێنی نیشتەجێیی هەمیشە›.

▣ **اقامت داشتن**: مانەوە؛ جێگیر بوون؛ نیشتەجێ بوون؛ مانگار بوون؛ دامەزران؛ مەنایوە ‹سە سال در بانه اقامت داشت: سێ ساڵ لە بانەدا نیشتەجێ بوو›. هەروەها: **اقامت کردن؛ اقامت گزیدن**

اقامتگاه / eqāmatgāh'، ـها/: [عربی/ فارسی] اسم. نشیمەن؛ نشیمەنگا؛ نشینگە؛ جێگەی مانەوە و نیشتەجێ بوون (وەک ماڵ، میوانخانە و...).

اقامه / eqāme'/: [عربی]/اسم. ۱. کار یان ڕەوتی بەجێ هێنان؛ بەرپا کردن؛ بەڕێوە بردن ‹اقامەی نماز: بەڕێوەبردنی نوێژ› ۲. قامەت؛ بانگی پێش لە نوێژ، بۆ ڕیز بەستن و نوێژ خوێندن: **اذان و اقامه**

▣ **اقامەی نماز**: قامەت بەستن؛ نوێژ دابەستن؛ دەست پێکردنی نوێژ و نیەت هاوردن.

▣ **اقامه‌کردن**: هێنانە گۆڕێ؛ خستنە گۆڕێ؛ قسەی شتێ داهاوردن.

اقانیم / aqānîm'/: [عربی] جمعِ ☜ **أقنوم**

▣ **اقانیم ثلاثه** ☜ **أقنومهای سه‌گانه، أقنوم**

اقاویل / aqāvîl'/: [عربی]/اسم. [ادبی] ۱. جمعِ ☜ **قول** ۲. گفتگەل؛ گفت و وات؛ قسەگەل.

اقبال / eqbāl'/: [عربی]/اسم. ۱. بەخت؛ هاتی؛ هات؛ ناوچاو؛ کابە شاک؛ ڕوچە؛ چارە؛ ئامەد؛ ئامەو؛ تاڵە؛ ڕێکەوتی باش و دڵخۆشکەر ‹اقبال او بلند است: بەختی ئەو بەرزە› ۲. پێشواز؛ ڕووتیکەری ‹با اقبال مردم روبرو شد: لەگەڵ پێشوازی خەڵکیدا ڕووبەڕوو بووەوە›.

▣ **اقبال رو آوردن**: بەخت ڕوو تێکردن؛ ناوچاو هاوردن؛ بەختەوەر بوون؛

خۆشبەخت بوون.
اقبال کردن: پێشوازی لێکردن؛ قەبووڵ کردن؛ وەرگرتن؛ بەرەو پیری چوون.
اقتباس / eqtebās'، ـها؛ ـات/: [عربی]/اسم. لێوەرگری؛ کار یان ڕەوتی کەڵک وەرگرتن لە بەرهەم و بیری کەسانی تر، بۆ داهێنانی کارێکی نوێ.
▣ **اقتباس کردن:** لێوەرگرتن؛ هەڵگرتنەوە؛ وەرگرتن؛ ژێوەرگرتن؛ چنەگێرتەی؛ هێنان؛ دەرهێنان؛ دەرکێشان؛ گرتنی ناوەرۆک یان بیرێک و بەکارهێنانی بە شێوەیێکی تر.
اقتدا / eqtedā'/: [عربی]/اسم. شوێنکەوتوویی؛ چاولێکەری؛ کار یان ڕەوتی بە دووی کەسێ کەوتن لە کارێکدا و بە سەرمەشق دانانی ئەو کەسە. هەروەها: **اقتدا کردن**
اقتدار / eqtedār'، ـها؛ ـات/: [عربی]/اسم. دەسڕۆیی؛ دەسەلات؛ دەستەلات: ۱. دەسەلاتداری؛ لێهاتوویی لە بەکارهێنانی هێز و دەسەلاتی خۆ لە کاتی دڵخوازدا ‹در آن موقع ارباب ده اقتدار زیادی داشت: لەو کاتەدا ئاغای دێ دەسەلاتێکی زۆری هەبوو› ۲. توانایی کارتێکردن لە سەر ئاکاری دیتران ‹اقتدار سیاسی: دەسەلاتی سیاسی›.
▣ **اقتدار داشتن:** دەسەلاتدار بوون؛ دەسرۆیشتن؛ دەسڕۆیین. هەروەها: **اقتدار یافتن**
اقتدارگرایی / eqtedārgerāyî'، ـها/: [عربی/فارسی]/اسم. [سیاست] دەسەلاتخوازی؛ ئەو ئامۆژیاریە کە باوەڕی بە بوونی حکوومەتێکی دەسەلاتدار و سەردانەواندنی تەواوی خەڵکە بۆ ئەو حکوومەتە. هەروەها: **اقتدارگرا**
اقتراح / eqterāh'، ـها؛ ـات/: [عربی/فارسی] اسم. [ادبی] ڕاوێژ؛ ڕازمەوونی؛ پرسین لە خاوەن ڕایان لە مەڕ بابەتێکەوە.
اقتران / eqterān'، ـها؛ ـات/: [عربی]/اسم. لێکنزیکی؛ جووتی: ۱. بار و دۆخی نزیک یەک کەوتن ۲. بار و دۆخی لە یەک ڕیزدا بوون ۳. [نجوم] بەرامبەر بە یەک هاتنەوەی تەنە ئاسمانیەکان.
اقتصاد / eqtesād'/: [عربی]/اسم. ئابووری؛ ئابوور: ۱. بەڕێوە بردنی ژیرانەی خەرج و داهات ۲. کۆمەڵە بابەتێک سەبارەت بە پێوەندی هۆرتە و بەرە ۳. زانستی ئابووری؛ زانستی لێکۆڵینەوەی شێوەی ژیانی تاک و کۆمەڵگاگەل و پێوەندی نێوان ئەم شێوە ژیانە و قانوونی زاڵ بەسەریانا و هەروەها دۆزینەوە و پێشنیارکردنی شێوە یان شێوەگەلی تازە بۆ بەرهەم هێنان و دابەشکردنی داهاتەکانی.
اقتصاددان / eqtesād.dān'، ـها؛ ـان/: [عربی/فارسی]/اسم. ئابووریزان؛ کەسێ کە لە بواری قانوون، دیاردە و پێوەندیگەلی ئابووری و مێژوو و کارکردیان، خاوەن زانستە.
اقتصادسنجی / eqtesādsancî'، ـها/: [عربی/فارسی]/اسم. کەڵک وەرگرتن لە بیرکاری و ژمێرکۆیی لە خۆندنەوەی بابەتگەلی ئابووری.
اقتصادی / eqtesādî'/: [عربی] صفت. ئابووری: ۱. پێوەندیدار بە ئابوورەوە ‹برنامەی اقتصادی: ڕێچی ئابووری› ۲. بە قازانج ‹این کار اقتصادی نیست: ئەم کارە ئابووری نیە›.
اقتصادیات / eqtesādîyyāt'/: [عربی]/اسم. ئابووریگەل؛ کاروباری سەر بە ئابووری.
اقتضا / eqtezā'/: [عربی]/اسم. ویست؛ خواست؛ خواز؛ نیاز؛ پێداویست؛ گەرەکی؛ پێویستی ‹اقتضای زمانە: ویستی سەردەم›.
▣ **اقتضا کردن:** ویستن؛ خواستن؛ واسەی؛

پێویستی کردن؛ پێویست بوون ‹آن روز شرایط این طور اقتضا می‌کرد: ئەو ڕۆژە هەلومەرج ئاوای دەویست›.

اقدام / aqdām'/: [عربی] جمعِ ☜ **قَدَم**

اقدام / eqdām'، ـها؛ ـات/: [عربی] /اسم. داپەڕ؛ هاقل؛ دەسبەکاری؛ کار یان ڕەوتی جێبەجێ‌کردنی کارێ کە لە پێشدا بەرنامەی بۆ دارێژراوە ‹اقدام قانونی: داپەڕی قانونی›.

◘ **اقدام کردن:** دەست بردن؛ دەس بەکار بوون؛ کارکردن؛ ئەقل کردن؛ هەولدان؛ هەنگاو نان.

اقرار / eqrār'، ـها؛ آقاریر/: [عربی] /اسم. پێهاتی؛ ئێقرار؛ کار یان ئاکارێ کە نیشانەی وەرگرتنی ڕاستی قسەیەکە.

◘ **اقرار کردن:** مکووڕ بوون؛ پێهاتن؛ چوونە ژێر؛ ئێقرارکردن؛ ڕاستی گوتن؛ دان پێیانان؛ پێ لێنان؛ دان پێدانان؛ پنەئامەی؛ وە ئەستۆ گرتنی تاوان یان داخوازیەک لە ئاست خۆوە.

اقرار گرفتن: پێ‌درکاندن؛ ڕاستی لە بن زار کێشان.

اقرارنامه / eqrārnāme'، ـها/: [عربی/ فارسی] /اسم. دەرقەدان‌نامە؛ ئێقرارنامە؛ نووسراوەیێ کە تێیدا نووسەر یا واژۆکەر بابەتێک بدرکێنێ.

اقرارنیوش / eqrārnîyûš'، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] ☜ **اعتراف‌نیوش**

اقران / aqrān'/: [عربی] /اسم. [ادبی] هاوتایان؛ هاولفان؛ هاوەلان؛ هاومالان؛ هاوشانان؛ هاوتەمەنان؛ هاوقەتاران.

اقربا / aqrebā'/: [عربی] ☜ **آقارب**

اقراهی / oqor.rāhî'، ـها/: [ترکی/ فارسی] /اسم. [گفتاری] دیاری؛ سەوقات؛ پێشکەشیەک کە ڕێبوار بە بەرێکەرانی دەدا.

اقساط / aqsāt'/: [عربی] جمعِ ☜ **قِسط**

اقساطی / aqsātî'/: [عربی] ☜ **قِسطی**

اقسام / aqsām'/: [عربی] جمعِ ☜ **قِسم**

اقشار / aqšār'/: [عربی] جمعِ ☜ **قِشر**

اقصا[1] / aqsā'، اقاصی/: [عربی] /اسم. [ادبی] دوورەدەستان؛ جێگەگەلی زۆر دوور: **اقصی**

اقصا[2]: صفت. دوورتر؛ دوورتەر؛ ئەوپەڕ ‹در اقصای عالم: لە دوورتر شوێنانی جیهاندا›: **اقصی**

اقصر / aqsar'/: [عربی] صفت. [ادبی] کۆتاتر؛ کولتر؛ کورت‌تر؛ کۆتاتەر ‹راه اقصر: ڕێگەی کوتاتر›.

اقصی / aqsā'/: [عربی] ☜ **اَقصا**

اقطاب / aqtāb'/: [عربی] جمعِ ☜ **قُطب**

اقطار / aqtār'/: [عربی] جمعِ ☜ **قُطر**

اقطاع / eqtā''، ـات/: [عربی] /اسم. [قدیمی] ئەو هەرد و بوومە خەلیفە یان شا دەیسپاردە کەسێک کە داهاتی بۆ خۆی بێ.

اقل / aqal(l)'/: [عربی] صفت. کەم؛ کەمتر؛ کەمتەر ‹حد اقل: لانی کەم›.

◙ **اقل مراتب:** کەمترین پلە؛ نزمترین پلەوپایە.

اقلاً / aqallan'/: [عربی] قید. کەمایی؛ قەنا؛ کێمیقە؛ کەمینە؛ هیچ نەبێ؛ هیچ نەوێ؛ بەشی کەم؛ لانی کەم؛ ئەقەلی کەم.

اقلام / aqlām'/: [عربی] جمعِ ☜ **قَلَم**

اقلیت / aqalîyyat'/: [عربی] /اسم. کەمینە؛ کەمایەتی؛ کەمایی: ۱. دۆخ یان چۆنیەتی کە متر بوون ‹اگر این طور رفتار کنی، همیشه در اقلیت می‌مانی: ئەگەر بەم جۆرە هەلسی و دانیشی، هەمیشە لە کەمینەدا دەمێنیتەوە› ۲. /ـها/ بەشێ لە کۆمەلە، کۆمەلگا یان دامەزراوێک کە ژمارەی ئەندامانی کەمتر لە بەشەکانی‌ترە ‹اقلیت دینی: کەمینەی ئایینی›.

◘ **در اقلیت بودن:** لە کەمینەدا بوون؛ لە

کەمایەتیدا بوون: ١. خاوەنی ئەندام و هۆگری کەم و نەبەس ٢. لەگەڵ ڕای زۆرینەدا نەبوون ٣. دەنگی باش و بەس نەهێنان. هەروەها: **در اقلیت ماندن**

اقلیم / eqlîm'، ـها؛ آقالیم/: [معرب از یونانی] اسم. ١. وڵات؛ سەرزەمین؛ هەرێم؛ وەڵگ؛ بووم ٢. ئاو و هەوا؛ کەش.

▣ **اقلیم سخن:** هەرێمی شێعر و وێژە.

اقلیمش / eqlîmeš'/: [معرب/ فارسی] اسم. دەڤەرناسی؛ زانستی چۆناوچۆنی گۆڕان و داگەڕانی ئاو و هەوای شوێنێک.

اقلیم‌شناسی / eqlîmšenāsî'/: [عربی/ فارسی] اسم. کەش‌ناسی؛ ئاو و هەواناسی.

اقلیمی / eqlîmî'/: [معرب] صفت. کەشی ‹شرایط اقلیمی: هەلومەرجی کەشی›.

اقمار / aqmār'/: [عربی] اسم. [ادبی] ١. جمعِ ☜ **قَمَر**

اقناع / eqnā''/: [عربی] اسم. [ادبی] هێنانە سەربار؛ کار یان ڕەوتی ڕازی‌کردن ‹او برای اقناع من خیلی تلاش کرد: ئەو بۆ ڕازی کردنی من زۆری تێکۆشا›. هەروەها: **اقناع شدن؛ اقناع کردن**

اقنوم / oqnûm'، ـها؛ آقانیم/: [معرب از یونانی] اسم. [ادبی] ١. سرشت؛ بناخە؛ بنواشە؛ هیم؛ خۆ ٢. بنەما؛ ئەوەی کە بوونی هەرشتێ بەوەو بەستراوە ٣. کەس؛ خۆ؛ کەسایەتی؛ بنەکۆک؛ شەنگستە؛ بنمیشە.

▣ **اقنوم‌های سه‌گانه:** سێ بنەمای بنەڕەتی لە دینی مەسیحدا، واتا: باوک، کوڕ، ڕۆحی پیرۆز: **اقانیم ثلاثه**

اقوال / aqvāl'/: [عربی] جمعِ ☜ **قَول**

اقوام /aqvām/: [عربی] جمعِ ☜ **قَوم**

اقونیطون / aqûnîtûn'، ـها/: [معرب از یونانی] اسم. هەلایهەل؛ هەلاهەل؛ گیا ژار؛ گولەگیا.

اقویا / aqviyā'/: [عربی] اسم. دەسەڵاتداران؛ زۆرداران؛ بەهێزان؛ کەسانی بە هێزی کۆمەڵایەتی زۆرەوە.

اقیانوس / oqyānûs'، ـها/: [معرب از یونانی] اسم. ئوقیانووس؛ زەریای گەورە: ١. پانایی‌یەکی پان و بەرین لە ئاوی سوێر، بە زەریا و دورگەگەلی زۆرەوە ٢. هەر یەکە لە پێنج کۆمای بەرینی ئاو کە پێکەوە پتر لە ٪٧٠ ڕووبەری گۆی زەوی داگرتووە.

اقیانوس‌شناسی / oqyānûsšenāsî'/: [معرب/ فارسی] اسم. ئوقیانووس‌ناسی؛ محیت‌ناسی: **اقیانوس‌نگاری**. هەروەها: **اقیانوس‌شناس**

اقیانوس‌نگاری / oqyānûsnegārî'/: [معرب/ فارسی] ☜ **اقیانوس‌شناسی**

اکابر / akāber'/: [عربی] اسم. ١. تەمەن زۆران؛ بە ساڵا چووان؛ تەمەن‌ڕۆیشتوان؛ گەوراترەییل ٢. [قدیمی] گراگران؛ گەورەگەل؛ خاوەناژی ‹اکابر قوم: گراگرانی هۆز›.

اکاذیب / akāzîb'/: [عربی] اسم. [ادبی] درەوو؛ درۆ و دەلەسە.

اکازیون / okāz(i)yon'، ـها/: [فرانسوی] اسم. هەڵکەوت؛ هەڵکەفت؛ هەل؛ هۆرکەوت؛ کێس؛ دەلیڤە؛ دەرفەتی باش بۆ هە نگاوێکی پڕقازانج ‹این ماشین با این قیمت، اکازیون واقعی است: ئەم ماشینە بەم نرخەوە، هەلکەوتهیەکی تەواوە›.

اکالیپتوس / okālîptûs'، ـها/: [فرانسوی] اسم. ئۆکالیپتووس؛ دارێکی لە بیچمی دارە بییە، کە لە ئوسترالیاوە هاتووە و گەڵاکەی بۆ دەرمان ئەشێ.

اکالیپتول / okālîptol'/: [فرانسوی] اسم. [شیمی] ئۆکالیپتول؛ شیرەی ئۆکالیپتووس، کە تراوێکی ئاوئاسایە و بۆنێکی تونی هەیە.

اکبر / akbar'، اکابر/: [عربی] صفت. [ادبی]

گەورەتر؛ مەزنتر؛ گۆرەتەر؛ گەپتر.

اکبیری / ekbîrî'، ـهـا/: [از عربی] صفت. [گفتاری] ناحەز؛ ناشیرین؛ ناشیرین؛ دزێو؛ پووتەکە؛ نابار؛ ناباو؛ قرهـ نەچێ؛ کرێت؛ بەدتەشک؛ بەدشکڵ.

اکتبر / oktobr'/: [فرانسوی]/اسم. ئۆکتۆبر؛ تشرینی یەکەم؛ مانگی دەیەمی ساڵی زایینی، لە نۆی ڕەزبەرەوە تا بیستی خەزەڵوەر.

اکتساب / ektesāb'، ـها؛ ـات/: [عربی]/اسم. [ادبی] کار یان ڕەوتی پەیا کردن؛ وەدەس خستن؛ بەدەسهێنان؛ وەدەسهێنان؛ دەسخستن؛ گیرهێنان؛ دەس وسەی؛ بە دەس ئاردەی؛ پەیدا کەردەی؛ دەستڤەنان.

اکتسابی / ektesābî'/: [عربی] صفت. دەسخستنی؛ دەسخستانی؛ دەسخستەکی؛ دەسهێنانی؛ گیرهێنانی؛ پەیاکردنی؛ دەستڤنای. بەرانبەر: **فطری**

اکتشاف / ekteŝāf'، ـها؛ ـات/: [عربی]/اسم. کار یان ڕەوتی دۆزینەوە؛ یۆسەیوە؛ ڤەدیتن؛ ئاگەدار بوون لە دیاردەیەک کە پێشتر هەبووە و پێیان نەزانیوە ‹اکتشاف نفت: دۆزینەوەی نەوت›.

اکتشافات / ekteŝāfāt'/: [عربی]/اسم. دۆزیاوەگەل؛ دۆزراوان؛ کۆمەڵە شتانێ کە دۆزراونەتەوە.

اکتشافی / ekteŝāfî'/: [عربی] صفت. ۱. دۆزراوە؛ دۆزیاگەوە؛ پەیدابووگ ‹اموال اکتشافی: ماڵی دوزراوە› ۲. دۆزینەوەیی؛ دۆزیاگی؛ دۆزراوەیی؛ دۆزیاوەیی؛ ڤەدیتنی؛ ڤەدۆزی؛ سەر بە دۆزینەوە ‹عملیات اکتشافی: کارگەلی دۆزینەوەیی›.

اکتفا / ektefā'/: [عربی]/اسم. بەسندەیی؛ دۆخ یان چۆنیەتی بەس بوون.

▣ **اکتفا شدن**: بەسندەکران؛ بەس زانین ‹در اینجا تنها بە ذکر یک مثال اکتفا شد: لێرەدا، تەنیا بە هێنانەوەی وێنەیەک بەسندە کرا›.

هەروەها: **اکتفا کردن**

اکثر / aksar'/: [عربی] صفت. زۆرتر؛ زێدە تر؛ پتر؛ فرەتر؛ فرەتەر ‹اکثر اوقات: زورتر کات›.

اکثراً / aksaran'/: [عربی] قید. زۆربە؛ زیادتر؛ فرەتر؛ پتر؛ زۆرینە ‹اکثراً بچە بودند: زۆربەیان منداڵ بوون›.

اکثریت / aksarîyyat'/: [عربی]/اسم. پڕایی؛ زۆری؛ زۆربە؛ زوربە؛ زۆرمە؛ زۆرم؛ بەشی زۆر؛ پێرایی؛ زۆرینە؛ زووربە؛ زۆراتی: ۱. دۆخ یان چۆنیەتی زۆرتر بوون ‹آنها در جلسه اکثریت داشتند: ئەوان لە دانیشتنەکەدا زۆراتیان هەبوو›. ۲. ئەو بەشەی لە کۆمەڵگا یان دامەزراوە کە ژمارەی ئەندامانی زۆرتر لە بەشەکانی‌تر ‹اکثریت حزبی: زۆراتی ڕێخراوەیی›.

▣ **از اکثریت انداختن**: لە زۆرینە خستن؛ لە فرەیی خستن؛ لە زۆری خستن: ۱. تەقالای دەستەگەلی کەمینە بۆ بەرگری لە کۆبوونەوەی نوێنەران لە ئەنجومەن و بەرگری لە بەرنامەگەلی دەوڵەت ۲. تەقالای دەستەگەلی کەمینە بۆ بەرەو خۆ کێشانی بڕێ نوێنەرانی زۆرینە یان لابردنیان بە مەبەستی کەم کردنەوەی هۆگرانی دەوڵەت.

در اکثریت بودن: لە زۆرینەدا بوون؛ لە فرەییدا بوون؛ لە زۆریدا بوون؛ خاوەنی زۆرترین دەنگ، ئەندام یا لایەنگر بوون.

اکدی[1] / akadî'/: اسم. ئەکەدی: ۱. هۆزێکی سامی لە دانیشتوانی ناوەندی نێوچۆمان (میزۆپوتامیا) تاکوو دەسپێکردنی هەزارەی دووهەمی پێش زایین ۲. ـها؛ ـان/ هەریەک لە کەسانی ئەو هۆزە ۳. لە زمانگەلی کەونارای نێوچۆمان لە هەزارەی

سێهەمەوە تا یەکەمی پێش زایین.

اکدی[۲]: *صفت.* ئاکدی؛ ئەکێدی؛ پێوەندیدار یان سەر بە وڵاتی لە مێژینەی ئاکێد، لە نێوچۆمان (میزۆپوتامیا).

اکراد / 'akrād/: [عربی] جمعِ ☜ **کُرد**

اکرام / 'ekrām، ـها؛ ـات/: [عربی]/*اسم. [ادبی]* کاری ڕێز لێنان؛ ڕێزگرتن؛ ڕێز نان و دلۆڤانی کردن.

اکران / 'ekrān/: [فرانسوی]/*اسم.* پەردەی سینەما؛ سەکۆی شانۆ.

▣ **روی اکران آمدن:** پیشاندان؛ بڵاو کردنەوەی فیلم؛ نیشاندانی فیلم.

اکراه /ekrāh/: [عربی]/*اسم.* ۱. نابەدڵی؛ بێمەیلی؛ ناحەزی؛ بێز ‹با اکراه قبول کرد: بە نابەدڵی وەری گرت› ۲. وەڕەزی؛ وەڕسی؛ بێزاری؛ وەڕەزی؛ وێڕسی ‹اکراه او مشخص بود: وەڕەزیەکەی دیار بوو›.

▣ **اکراه داشتن:** ۱. پێ ناخۆش بوون ۲. وەڕس بوون؛ بێزار بوون؛ نەڤیان.

اکردوکر / 'akerdoker/: [؟]/*اسم.* شەشخان؛ شەخشان؛ قزیان_قزیان؛ خەستە_خەستە؛ خەتبازی؛ جۆرێ گەمەی منداڵانەی دوو یا چەند کەسییە کە بە سەر زەویدا خێلگەلێک دەکێشن و یەکە بە یەکە _ لەسەر لاقێک_ بە ناو خانووەکاندا باز دەدەن. **لی_لی**

اکره / 'akare/: [عربی]/*اسم.* ۱.*[نامتداول]* وەرزێر؛ بێوەرز؛ فەلا؛ کاریگەری کشت و کاڵ ۲.*[مجازی]* دەسە و دایەرە؛ دەس و پەیوەند.

اکسیر / 'eksîr، ـها/: [معرب از یونانی]/*اسم.* ئێکسیر: ۱.*[قدیمی]* گەوهەرێ کە وێدەچوو چییەتی شتەکان دەگۆڕی و تەواوتریان دەکا (وەک جیوە بکاتە زیو، مس بکاتە زێڕ) ۲. *[کنایی]* هەرشتێ کە دەست نەکەوێ یان سەخڵەت دەسکەوێ.

اکسیژن / 'oksîjen/: [فرانسوی]/*اسم.* ئۆکسیژن؛ تۆخمی کیمیاوی بە ژمارەی ئەتۆمی ۸ و کێشی ئەتۆمی ۱٥,۹۹، گازی شکڵ، ۲۱٪ ی بارستایی کەشە، بێڕەنگ و بۆن و تامە و قورستر لە هەوا، لە تێکەڵی لەگەڵ هیدرۆژندا پێکهێنەری ئاوە.

اکسیژندار / 'oksîjendār، ـها/: [فرانسوی/ فارسی.] *صفت.* بە ئۆکسیژن؛ ئۆکسیژندار.

اکسیژنه / 'oksîjene/: [فرانسوی] *صفت.* ئۆکسیژندار.

اکسیور / 'oksiyor، ـها/: [؟]/*اسم.* ☜ **کرمک ـ۲**

اکشن[۱] / 'akšen/: [انگلیسی]/*اسم. [سینما]* لێدە و بەردە؛ تیک هەڵپرژاوی (لە فیلمدا).

اکشن[۲]: *صفت. [سینما]* پڕشەڕ و شۆڕ (لە فیلمدا).

اکلیل / 'eklîl/: [عربی]/*اسم.* ۱. / ـها/*[ادبی]* تاج ۲. / ـها/*[گیاهشناسی]* کولیلک؛ تاجە گوڵینە ۳. ئەکلیل؛ گەردێکی بریقەدارە وەک زێڕ و زیو دەنوێنێ و بۆ نەخشاندن و جوانکاری دەبێ ٤. / ـها/*[نجوم]* کەلوو؛ ناوی دوو ئەستێرەی ئاسمانیە.

▣ **اکلیل جنوبی:** کەلووی باشووری.

اکلیل شمالی: کەلووی باکووری.

اکلیل کوهی: گەلاپەژم؛ گیواوە نانەشان؛ بنەگیاییێکی گەڵاوردیلەی بۆنخۆشە.

اکلیلکاری / 'eklîlkārî/: [عربی/ فارسی] *اسم.* ناواندن؛ هەڵناوین (بە ئەکلیل).

اکلیلی / 'eklîlî/: [عربی] *صفت.* ۱. ئەکلیلی؛ ئەکلیلی ڕەنگ ۲. تاج ئاسا؛ تاجی.

اکمل / 'akmal/: [عربی] *صفت. [ادبی]* تەواوتر؛ باڵاتر؛ تەمامتەر.

اکناف / 'aknāf/: [عربی]/*اسم. [ادبی]* سووچ و قوژبن؛ کون و قوژبن؛ کونج و کەنار؛ ڕۆخ؛ لێوار؛ ئەملا و ئەولا؛ کەراخ بێچاخێ.

اکنـــون[1] / aknûn'/: *اسـم. [ادبـی]* ئێـستا؛ ئێـستاکە؛ ئێـستە؛ ئـەمێـستا؛ ئـەمێـستە؛ ئـەوێـستا؛ وێـسە؛ ویـستا؛ وێـستا؛ ئیـستێ؛ ئیـسە؛ ئیـستێکانی؛ ئیـستەکـێ؛ ئایـسە؛ هەیسە؛ نها؛ نوها؛ نهۆ؛ نوهۆ؛ نهـە؛ نـەهـە؛ نـوە؛ نۆکە؛ نۆکا؛ نەوکـە؛ نـەکـای؛ هـەوکـە؛ هـەنـوو؛ هـەنواکـە؛ هـەنووکـە؛ نـارا؛ کـانی؛ ئـەنـا؛ هـا؛ ئەوەتا؛ ئەم دەمـە؛ هێـستا؛ هـەنواکانـە؛ ئێمکـێ؛ ئێمکە؛ کات و ساتێ کـە تێیـداین ‹اکنون وقت کار است: ئیستا کاتی کارە›.

اکنـون[2]: *قیـد.* ئێـستاکە؛ ئێـستا؛ ئیـسە؛ نهـا؛ ئـەوکـات و سـاتەی هـاین تێیـدا ‹اکنـون بـاد می‌آید؛ اکنـون مـی‌شـنوم: ئێـستاکە بـا دێـت؛ ئێـستا دەبیـبیسم›.

اکـــو / eko'/: [فرانـسوی] *اسـم.* دەنگدانـــەوە؛ زایەڵە؛ پێژن؛ ئەوا دەنگ؛ دەنگڤەدان.

اکوسیـــستم / ekosîstem' ، ـــهـا/: [فرانـسوی] *اسـم. [زیـستشناسـی]* دەژەوار؛ کۆمـەڵـی گیانـداران و ژینگـەی سروشـتیان (وەک گـۆم، لێر، چۆلگە).

اکـــول / akûl'، ـــهـا/: [عربـی] *صـفت. [ادبـی]* زۆرخـۆر؛ سـکەڕۆ؛ گـرگن؛ زگـدڕاو؛ فـرەخـوەر؛ فرەوەر؛ زێدەخـۆر؛ کەسـێ کـە زۆر حـەزی لـە خواردنە و زیاتر لە ڕادەی ئاسایی دەخوا.

اکـــولژی / ekolozî'/: [فرانـسوی] *اسـم.* دەژەوارناسی؛ ژینگەناسی.

اکولژیـست / ekolojîst'، ـهـا/: [فرانسوی] *اسـم.* دەژەوارناس؛ ژینگەناس.

اکـــولژیکی / ekolojîkî'/: [فرانـسوی] *صـفت.* دەژەوارگەیی.

اکونـــومی / ekonomî'/: [فرانـسوی] *اسـم.* ئابووری.

اکونومیـست / ekonomîst'، ـهـا/: [فرانـسوی] *اسم.* ئـابووریزان؛ ئـابووریناس؛ شـارەزای زانستی ئابووری.

اکونومیـــک / ekonomîk'/: [فرانـسوی] *صـفت.* ئابووریانە.

اکیپ / ekîp'، ـهـا/: [فرانـسوی] *اسـم.* ڕیـز؛ پێـڕ؛ تـاقم؛ کۆمـەڵ؛ گـرووپ؛ دەسـتە؛ پـۆل؛ گـۆل؛ پەڵـە؛ چـین ‹گفتنـد: تـو بـە اکیـپ مـا نمـی‌خوری، بهتـر اسـت بـروی: گوتیـان: تـۆ بـە ڕیـزی ئێمـە ناخۆی، باشترە بڕۆی›.

اکید / akîd'/: [عربـی] *صـفت.* چـڕ؛ ئەکیـد؛ پـێ لەسەر داگیراو ‹دستور اکید: فرمانی چڕ›.

اکیـــداً / akîdan'/: [عربـی] *قیـد.* چـڕ و پـڕ؛ بـەپێـداگری؛ ب مـسۆگەری ‹اکیـداً توصـیه می‌شود: بە چڕ و پری ڕادەسپێردرێت›.

اگـر / agar' ، ـهـا/: *حـرف.* ئـەگـەر؛ هـەگـەر؛ ئەیەر: ۱. پیتی مـەرج؛ هـەکـە؛ ئـەگـە؛ هـەک؛ هەگە؛ هەکوو؛ سـەخمـەراتی؛ کـە؛ هـاتوو؛ ئـەر؛ ئەگەرکوو؛ گـە؛ گـەر؛ گـەردا؛ گـەردانـە؛ بێتـوو؛ وەگی؛ هـەر؛ ئـەگ ‹اگـر بیـایی مـی‌بینـی: ئـەگـەر بێـی، دەبـینی› ۲. ڕەنگـە؛ ڕەنگـا؛ گاهـەز ‹هـزار جور حرف می‌زند، اگـر یکـی معنـی و سـر و تـه داشـته باشد: هەزار جۆر قسە دەکا، ئـەگـەر یـەکیـان واتـا و سـەر و بـنی هـەبـێ› ۳. ئـەر؛ پـیتی نـەکـردن: *الف)* لە سـوێندا دێ ‹خـدا مـرا بکـشد اگـر همچـو حرفی گفته باشم: خوا بمکـوژێ ئـەر ئـاوا قـسەیـێکم گوتبـێ› *ب)* لـە وریـا کردنـەوەدا دێ ‹اگـر نریختـی! اگـر نرفـت!: ئـەگـەر نـەتڕژانـد! ئـەگـەر نـەچـوو!› (یـانی دەیـڕژنی، دەچـێ) *ج)* لـە پێداگریـدا دێ ‹اگـر بکـشی هـم از جـایم تکـان نمـی‌خـورم: ئـەگـەر بیـشمکوژی لـە جێـی خـۆم نـابزووم› *د)* لـە پرسـیاردا دێ ‹اگـر گفتـی تـوی دسـتم چـه دارم ؟: ئـەگـەر گوتـت چـی لـە نـاو دەسـتمدایـە؟› (واتـا: نـازانی بێـژی) ٤. خۆزگـە؛ بریـا؛ وەشـڵەی ‹اگـر مـی‌شـد او را ببینی!: ئـەگـەر دەتدی!› (یانێ: بریا چاوت پێ دەکەوت).

◘ **اگر آوردن** ☜ **اگر و مگر کردن**

اگر و مگر کردن: منجـەمـنج کـردن؛ ئـەگـەر

و مـەگـەرکـردن؛ منـەمـن کـردن؛ ئـەرێ و نـەرێ کـردن؛ منگـەمنـگ کـردن؛ ئـەگـەر تێ‌هێنان: **اگر آوردن**

اگرچه / agarče'/: حرف. ئەگەرچی؛ لەوماکوو؛ هەرچن؛ هەرچەندە؛ هەرچننە؛ هەرچەن؛ پیتی مەرج بۆ ڕستەیێک کە دوو ئاوەڵناو، کردار یا خۆ ئاوەڵکرداری دژی هەبێ ‹اگرچه دیر رسیدم، درس هنوز آغاز نشده بود: ئەگەرچی درەنگ گەییشتم، دەرسەکە هێشتا دەستی پێ‌نەکردبوو›.

اگزما / egzemā'/: [فرانسوی]/اسم. گزنەک؛ گەزنەک؛ بیرۆی تەڕ؛ سەودا؛ خۆلیا؛ تەرە و بیرۆ؛ بیرۆڤ؛ جۆرێ نەخۆشی خارشتی و ناگیرۆی پێستە کە بە هۆگەلی نادیارەوە پەیدا دەبێ.

اگزوفتالمی / egzoftālmî'/: [؟]/اسم. *[پزشکی]* بۆقی؛ پۆقی؛ دەرپەڕیوی گۆی چاو.

اگزیستانسیالیست / egzîstānsiyālîst'، ـها/: [فرانسوی] صفت. ئیگزیستانسیالیست؛ پەیڕەو یان هۆگری ئیگزیستانسیالیسم.

اگزیستانسیالیسم / egzîstānsiyālîsm'/: [فرانسوی] *صفت*. ئیگزیستانسیالیسم؛ لە مەکتەبە ناودارەکانی چەرخی بیستەم لە ڕۆژئاوادا کە بڕوای لە سەر ئەوەیە مرۆ بۆ خۆی چۆناوچۆنی ژیان و هەڵس‌وکەوتی ژین دەنەخشێنێ.

اگو / ego'/: [فرانسوی]/اسم. ۱. کناراو؛ ئەیاخ؛ تۆڕی کناراو ۲. *[روان‌شناسی]* ئەز؛ من؛ خۆ؛ وێ.

الا / alā'/: [عربی] *صوت. [ادبی]* ئەرێ؛ هەرێ؛ هۆ؛ ئەرێ‌هۆ؛ ئەهەی؛ ئەرە؛ ئانە؛ وشەی بانگ کردن و سەرنج ڕاکێشان ‹الا ای آهوی وحشی کجایی؟: ئەرێ هۆ ئاسکی باسکان کوا لەکوێدای؟›.

الا / ellā'/: [عربی] حرف. بێجگە؛ جگە؛ جگەم؛ بێجگەم؛ مەگەر ‹هر وقت خواستی بیا، الا امروز: هەرکاتێ پێت خۆشە وەرە، بێجگە ئیمڕۆ›.

الابختکی / allābaxtakî'/: [از عربی/ فارسی] ☜ **الله‌بَختی**

الابختی / allābaxtî'/: [از عربی/ فارسی] ☜ **الله‌بَختی**

الاستیسیته / elāstîsîte'/: [فرانسوی] ☜ **کشسانی**

الاستیک / elāstîk'، ـها/: [فرانسوی] ☜ **کشسانی**

الاغ / olāq'، ـها/: [ترکی]/اسم. کەر؛ هەر؛ کەمشۆ؛ گۆ هەرێژ؛ گوێرێژ؛ ولاخ؛ گوێ درێژ؛ ئولاخ؛ حەقز.

الاغبان / olāqbān'، ـها؛ ـان/: [ترکی/ فارسی] کەرلەوەڕێن؛ کەرەوان؛ شوانی کەران.

الاغدار / olāqdār'، ـها/: [ترکی/ فارسی] ناویژ؛ خەربەندە؛ کەردار؛ کەریار؛ ولاغار.

الاکلنگ / allākolang'/: [؟]/اسم. حندرحۆ؛ حەندەرحۆ؛ سیسۆ؛ جێجڵقانە؛ حێجلقانە؛ ئەم‌سەرئەوسەر؛ زەرزانیق؛ حەقلی‌مەقۆ؛ حەڵلاقووچکە؛ حەڵلادۆشە؛ حەڵلادۆشکە؛ ئەڵلاجووقە؛ حێزەرقانە؛ حەلەق‌مەلەق؛ هەلەق‌مەلەق؛ داردوولەق؛ هەلەقۆم.

الامان / al'amān'/: [عربی] *صوت*. ئەی هاوار؛ ئامان؛ هاوار؛ هانا؛ وشەیێک بۆ یارمەتی خوازی لە هەمبەر زۆر و ئازارەوە ‹الامان به دادم برسید: نەی هاوار فریام کەون›.

الاملیک / alāmelîk'/: [؟] ☜ **فاشِرا**

الآن[1] / al'ān'/: [عربی]/اسم. ئێستا؛ ئیسە؛ ئێستاکە؛ هەنووکە؛ ئەوجا؛ نها؛ نوها؛ ئەم‌کاتە کە تێیداین ‹الآن وقت این کار نیست: ئێستا بۆ ئەم کارە نابێ›.

الآن[2]: *قید*. هەرئێستا؛ هەر ئیسە؛ ئێستاکە؛ ئائێستا؛ نانک؛ ئیسە؛ نهۆ؛ نووکە؛ ناکا؛

هەنووکە ‹الاَن می‌آیم: هەر ئێستا دێم›.

الاوبــلا / 'ellā-vo-bellā/: [عربی] *قید. [گفتاری]* هەر؛ حەر؛ ئیللا و بیللا؛ ئیللان و بیللان؛ وشەیەکە بۆ پێداگری دەگوترێ ‹الا و بلا باید بیایی: هەر دەبێ بێی›: **الاوبالله**

الاوبالله / 'ellā-vo-bellāh/: [عربی] ☜ **الّاوبلّا**

الاه / 'elāh/: [عربی] *اسم. [ادبی]* خوا؛ خودا؛ خودێ؛ خوالە؛ یەزدان؛ خواوەن؛ خواوەند؛ ئافرێنەر: **إله**

الاهـه / 'elāhe، ـها؛ ـگان/: [عربی] *اسم.* خوا؛ ناوی خوای مێوینە لە ئایینەکانی چەندپەرستیدا ‹ونوس، الهەی عشق و زیبایی بود: ونووس، خوای ئەڤین و جوانی بوو›: **إلهه**

الاهـی / 'elāhî/: [عربی] *صفت.* خوایی؛ پێوەندیدار بە خواوە ‹قدرت الاهی: هێزی خوایی›: **إلهی**

الاهـی / 'elā:hî/: [عربی] *دعا.* خوایە؛ خوایا: ١. خواوەند ‹الاهی شکر: خوایە شوکر› ٢. یاخوا؛ خوا بکا؛ لە خوام گەرەک؛ خواکەرۆ ‹الاهی همەشان سالم برگردند: یاخوا هەموویان ساغ بگەڕنەوە›.

الاهیـات / 'elāhîyyāt/: [عربی] *اسم.* خواناسی؛ زانستی خواناسی: ١. زانیاری لەمەڕخوا و چۆنیەتی ئەوەوە ٢. زانیاریگەلی پێوەندیدار بە ئامۆژەکانی ئایین یان دینێکی تایبەت لە بارەی خواوە *خداشناسی؛ یزدان‌شناخت؛ **الهیات**

الاهیـون / 'elāhîyyûn/: [عربی] *اسم.* خواناسان؛ خواناسێ: **الهیّون**

الئـین / 'ole'în/: [؟] *اسم. [شیمی]* ئولێئین؛ ماکێکی چەور، بێ‌ڕەنگ و ناتێکەڵ لە ئاودا کە لە ڕۆن زەیتوون و زۆرێک لە ڕۆنگەل بەدی دێت.

البـاقی / 'albāqî/: [عربی] *اسم.* پاشماوە؛ باقی؛ پاشڤەمانی.

البتـه / 'albatte/: [عربی] *قید.* هەڵبەت؛ بێ‌گومان؛ بێ‌سۆ؛ هەڵبەتە؛ ئەڵبەت؛ هەبەت؛ نیشانەی دووپاتەیی: *الف)* واتە؛ هەروایە؛ وەهایە؛ هەر پاسەن؛ پاسەنە؛ بەڕاستی؛ ڕاسەکەی ‹البتە، این را هم فراموش نکنید کە...: هەڵبەت، ئەمەش لەبیر مەکەن کە...› *ب)* بەڵێ ‹پرسید: منتظر می‌مانی؟ گفتم: البتە: پرسی: چاوەڕوان دەبی؟ وتم: بێ‌گومان›.

البسـه / 'albase, 'albese/: [عربی] جمعِ ☜ **لِباس**

الپـر / 'alpar، ـها/: *صفت. [گفتاری]* ١. زمانلووس؛ زمانباز ٢. سەگفزوول؛ چەتوون؛ چەتلەمەر؛ فێڵزان؛ وشیاری بەئازار.

التبـاس / 'eltebās/: [عربی] *اسم. [ادبی]* شێوانکاری؛ بە هەڵەبەری؛ کار یان ڕەوتی گۆڕاندنی ڕواڵەتی شتێ یا کارێک بۆ خەڵەتاندن یا تووشی هەڵە کردنی خەڵک.

التجـا / 'eltecā، ـها؛ ـات/: [عربی] *اسم. [ادبی]* پەنابەری؛ هانا بەردەی؛ کار یان ڕەوتی پەنا بردنە کەسێ یان جێگایەک.

▣ **التجا آوردن:** پەنا هێنان؛ داڵدە هێنان.

التـذاذ / 'eltezāz/: [عربی] *اسم. [ادبی]* ڕەوتی لەزەت بردن؛ چێژگرتن؛ تام بردن؛ حەزی لێبردن و خۆشی لێچەشتن.

التـزام / 'eltezām/: [عربی] *اسم.* ١. هاوڕێیەتی ٢. پابەندی؛ دەربەستی ‹التزام عملی: پابەندی کردەیانە›.

▣ **التزام دادن:** بەڵێن‌دان؛ لە ئەستۆگرتن؛ وەخۆگرتن؛ بەڵێن دان بۆ جێبەجێ کردنی کارێک. هەروەها: **التزام گرفتن**

در التـزام رکـاب بـودن: لە خزمەت گەورەیێکدا بۆ شوێنێک چوون.

التزامـی / 'eltezāmî/: [عربی] *صفت.* هاوڕێیی؛ دەربەستەکی.

التصاق / eltesāq'/: [عربی]/اسم. [ادبی] ۱. [نامتداول] پێکەوەیی؛ پێوەستەیی ۲. نووساوی؛ چەسپاوی؛ لکاوی.

التفات / eltefāt'، ـها؛ ـات/: [عربی]/اسم. [ادبی] ۱. لاوە؛ هاقڕ؛ کار و ڕەوتی لاکردنەوە؛ ئاوڕ دانەوە ‹ایشان مدتی است به ما التفات ندارند: بەڕێزیان ماوەیەکە لا لە ئێمە ناکەنەوە› ۲. [کنایی] چاکە دەگەڵ کردن ۳. بەخشش ‹ایشان ۱۰۰۰ تومان التفات فرمودند: بەڕێزیان ۱۰۰۰ تمەن بەخشتیان فەرموو›.

التفاتی / eltefātî'/: [عربی] صفت. دراو؛ دریاگ؛ بەخشێنراو؛ مەرحەمەت کراو؛ مەرحەمەتی.

التقاط / elteqāt'، ـها؛ ـات/: [عربی]/اسم. کار یان ڕەوتی هەڵگرتنەوە؛ بە دەس هێنانی شتگەلێک لە جێگەگەلێکی جۆراوجۆر و کۆ کردنەوەیان لە شوێنێک (وەک ئامۆژەکانی ئایینی یان فەلسەفی).

التقاطی / elteqātî'/: [عربی] صفت. لێک هەڵگرتە.

التماس / eltemās'، ـها/: [عربی]/اسم. لاڤەکی؛ هەوەر؛ سکاڵە؛ سکاڵا؛ لالسکە؛ لالک؛ لالکە؛ لالانەوە؛ لالیانەوە؛ لالە؛ نزوولە؛ دەخیل؛ قولەفسی؛ پاڕانەوە؛ ئەوەلالیەی؛ خوایشتی پێداگریانە و خاکەسارانە.

▣ **التماس دعا:** داوای دوعای خەیر کردن؛ هیڤیا خێرێ کرن.

عجز و التماس: گریان و پاڕانەوە؛ نک و لالە؛ تکا و نزا؛ تکا و لالە؛ لالکیان.

▣ **التماس کردن:** پاڕانەوە؛ لاڤەکردن؛ لالانەوە؛ لالیانەوە؛ ئەوەلالیەی.

التماس و پناه خواستن: دامێن گرتن؛ بریتی لە پەنا بۆ بردن و تکا کردن لە کەسێ.

التهاب / eltehāb'/: [عربی]/اسم. ۱. هەڵتۆقیوی؛ هەڵماسیوی ۲. ـها؛ ـات/ کزانەوە؛ چووزانەوە؛ گرۆ؛ گرۆن؛ وەرمتن؛ سووتانەوە و هەوکردنی پێست.

التیام / eltiyām'/: [عربی]/اسم. سۆ؛ ساڕێژ؛ سارێش؛ قەموش؛ خوز هێنانەوە؛ ڤەکەویان؛ کار یان ڕەوتی خۆش بوونەوەی برین.

▣ **التیام بخشیدن:** ساڕێژکردن؛ دەرمان کردن؛ چاکردنەوە؛ چارەکردن؛ خۆشەو کردنەوە؛ خوەشەوکردن.

التیام پذیرفتن ☜ **التیام یافتن**

التیام یافتن: ساڕێژ بوون؛ قەمووشک گرتن؛ خوەشەو بوون؛ خۆش بوونەوە؛ خۆشەو بوونەوە؛ پڕ بوونەوەی برین و چا بوونەوەی ‹پس از دو ماه زخمایش التیام یافت: دوای دوو مانگ زامەکانی خوش بوونەوە›: **التیام پذیرفتن**

التیامپذیر / eltiyāmpazîr'/: [عربی/ فارسی] صفت. چاکەوەبوو؛ وەشەو بیە ‹گمان می‌کردم این درد دیگر التیامپذیر نیست: وامدەزانی ئەم دەردە ئیتر چاکەوەبوونی بۆ نیە›.

التیماتوم / oltîmātom'، ـها/: [فرانسوی]/اسم. دواهای؛ دوایین هەڕەشە؛ دوا وشیاری؛ داخوازی یان دوایین هۆشیاری (زۆرتر) لەگەڵ هەڕەشەدا بە دیاریکردنی ماوە بۆ وەرامدانەوە: **أولتیماتوم**

الحاح / elhāh'/: [عربی]/اسم. [ادبی] کار و ڕەوتی پاڕانەوە؛ لالانەوە؛ تکا کردن؛ پێکۆڵی بە کوڵ و گریان.

الحاد / elhād'/: [عربی]/اسم. ۱. بێدینێ؛ بێبڕوایی؛ بێباوەڕی؛ بێباوەڕی بە بوونی خوا و پێغەمبەر ۲. [مجازی] هەڵگەڕانەوە لە دین؛ دەس لە بڕوا بەردان؛ لاڕێیی.

الحادی / elhādî'/: [عربی] صفت. بێدینی؛ بێباوەڕی؛ ناباوەڕی؛ بێبڕوایی.

الحاصل / alhāsel'/: [عربی] حرف. له ئاکامدا؛ له ئه نجامدا؛ عه لاکوللی؛ وه لحاسل؛ به رهه می کار (یان وت و ویژ)؛ ئه وه که ‹الحاصل، هیچ نتیجه‌ای حاصل نشد: له ئاکامدا، هیچ ئه‌نجامێکی لێنه‌که‌وته‌وه›.

الحاق / elhāq'، ـها؛ ـات/: [عربی]/اسم. په یوه ست؛ پێوه ست؛ هه ڤبه ند؛ کار یان ره‌وتی پێبه‌ستن؛ لکاندن.

▣ **الحاق شدن:** پێوه‌لکان؛ پێوه به‌ستران.

الحاق کردن: پێوه لکاندن؛ پێوه به ستن؛ پێوه لکه‌ده‌ی.

الحاقی / elhāqî'/: [عربی] صفت. پێبه‌ستراو؛ به‌ستراوه؛ پێلکاو؛ پاشکۆیی.

الحان / alhān'/: [عربی]/اسم. [ادبی] سۆز و چره؛ ده‌نگی خۆش ‹الحان بلبلان: سۆز و چره‌ی بولبولان›.

الحذر / alhazar'/: [عربی] صوت. وریا به؛ وشیار به؛ هاگات بۆ؛ به واتای نه که ی، دوور به؛ وشه یه ک بۆ ئاگه‌دارکردنه‌وه و پرینگاندنه‌وه.

الحق / alhaq'/: [عربی] قید. به راستی ‹الحق آدم درستی است: به‌راستی مرۆڤێکی دروسته›.

الحمد / alhamd'/: [عربی]/اسم. سووره‌ی حه‌مد؛ فاتیحا.

▣ **الحمد کسی را خواندن:** [کنایی]؛ فاتحای که‌سێ خوێندن؛ به مردوو دانانی که‌سێ

الحمدلله / alhamdolellāh'/: [عربی] دعا. شوکر بۆ خوا؛ خوایا شوکر؛ (له) سایه‌ی خواوه؛ سپاس بۆ خوا؛ ئه‌لحه‌مدولیلا.

الخ / elax'/: [عربی] قید. [مخفف] هتد؛ تا کۆتایی؛ هه‌تا دوایی؛ تا دمایی.

الدرم‌ـ‌بلدرم / oldoromboldorom'/: [ترکی] اسم. [گفتاری] هه‌ڕه‌شه و گوڕه‌شه؛ وشکه هه‌ڕه‌شه؛ پفه گوڕه‌شه؛ باگوڕه. هه‌روه‌ها:

الدرم‌ـ‌بلدرم کردن

الدنگ / aldang'، ـها/: صفت. [گفتاری] خوێڕی؛ بێکاره؛ به‌ره‌ڵلا و بێ که‌ڵک؛ وێڵه کی؛ کولانی ‹بیچاره زن مجبور است کلفتی بکند و بدهد شوهر الدنگش بخورد: ژنی داماو ده‌بێ کلفه‌تی بکا و بیدا به شووه خوێڕیه‌که‌ی بیخوا›.

الرد / alrad'/: اسم. ره‌شکه؛ تۆڕی گه‌وچن بۆ کاکێشان و...

الزام / elzām'، ـها؛ ـات/: [عربی]/اسم. پێویستی؛ پێویست بوونی؛ هه‌ڤبه‌ندی ‹الزامی نبود که از گوینده نامی به میان آید: پێویستیه‌ک نه‌بوو ناوی بێژه‌ر بێته گۆڕێ›.

الزاماً / elzāman'/: [عربی] قید. چاری ناچار؛ پێویستی؛ به پێویست ‹شرکت در یک جلسه‌ی سخنرانی الزاماً به معنی پذیرش عقیده ی سخنران نیست: به‌شداری له کۆڕێکی وتاربێژیدا مانای به پێویست بوونی قه‌بوولی قسه‌ی بێژه‌ر نیه›.

الزام‌آور / elzāmāvar'/: [عربی/ فارسی] صفت. ده‌ربه‌ستی‌هێنه‌ر ‹این جانب از امضای هرگونه سند الزام‌آور معذورم: ئه‌ز هیچ جۆره به‌ڵگه‌یه‌کی ده‌ربه‌ستی‌هێنه‌ر ئیمزا ناکه‌م›.

الزامی / elzāmî'/: [عربی] صفت. ناچاری؛ پێویست؛ زۆری؛ زۆره‌کی؛ خورتی ‹همراه داشتن گذرنامه هنگام سفر به خارج الزامی است: هه‌بوونی ڕێگه‌نامه له کاتی سه‌فه‌ر بۆ ده‌ره‌وه‌دا پێویسته›.

الساعه / assā'e'/: [عربی] قید. هه‌ر ئێستا؛ ئێستاکه؛ هه‌ر ئیسه؛ هه‌ر ئایسه؛ ئاییسه؛ ئه‌م ساته ‹الساعه می‌آیم: هه‌ر ئیستا دێم›.

الست / alast'/: [عربی]/اسم. [ادبی] سه‌ره‌تا؛ سه‌ره‌تای به‌دی هاتنی جیهان.

السنه / alsene'/: [عربی]/اسم. [ادبی] زمانان؛ زمانه‌کان؛ زمانگه‌ل؛ زوانێ ‹السنه‌ی خارجی: زمانانی بیانی›.

الصاق / elsāq'/: [عربی]/اسم. کار یان ڕه‌وتی

لکاندن؛ چەسپاندن؛ دالکاندن ‹الصاق عکس به شناسنامه: چەسپاندنی وێنه به پێناسەوه›.

▣ **الصاق شدن:** لکان؛ لکێنران؛ زانق کەردەی؛ نویسیان.

الصاق کردن: نووستانن؛ نووساندن؛ لکاندن؛ لکنەی؛ ئەوه لکنەی؛ پێڤه نویساندن.

الصاقی / elsāqî'/: [عربی] *صفت.* نووساوه؛ لکاو؛ لکێنراو؛ زانق کریا؛ نویسیایی.

الطاف / altāf'/: [عربی] جمعِ ☜ **لُطف**

العطش / al'ataš'/: [عربی] *صوت.* هاوار له تینوویەتی؛ ناڵین و هاوار لەبەر تینوویەتی.

العیاذبالله / al'ayāzobellāh'/: [عربی] ☜ **عیاذُبِالله**

الغا / elqā'/: [عربی] *اسم.* هەڵوەشاندنەوه؛ ڕەش کردنەوه؛ پووچەڵ کردنەوه؛ شێواندنەوه.

▣ **الغا شدن:** هەڵوەشێنران؛ هەڵوەشان؛ بەتاڵەوه بوون ‹قرارداد نفت الغا شد: بڕیارنامەی نەوتەکه هەڵوەشێنرا›. هەروەها: **الغا کردن**

الغاگری / elqāgary'/: [عربی/ فارسی] *اسم.* هەڵوەشێنەری؛ پووچەڵکەری؛ بەتاڵگەری؛ پێز و بنەمای پێوەندیدار بە هەڵوەشاندنەوەی قانوونی بەتایبەت قانوونی کۆیلەتی. هەروەها: **الغاگر**

الغرض / alqaraz'/: [عربی] *حرف.* مە بەست؛ لە ئەنجامدا؛ کورتوبڕ؛ مزار؛ خولاسە؛ بە کورتی؛ بەکورتی و کوردی.

الف / alef'/: [عربی] *اسم.* ئەلف: ۱. ناوی یەکەمین پیتی ئەلف و بێتکەی زمانی فارسی ۲. نمرەی ئەلف؛ باترین نمره له زانکۆدا.

▣ **یک الف بچه** ☜ **یک**[۲]

▣ **الف از با نشناختن:** *[کنایی]* کەر و گا لێک جیا نەکردنەوه؛ سەرە واو بە زگا نەچوون؛ قل‌وفل لێک جیا نەکردنەوه؛ هەڕه لە بڕه جیا نەکردنەوه؛ نەزان و بێ‌سەواد بوون.

الف ــ الف کردن: قاش ــ قاش کردن؛ کووز ـ کووز کەردەی.

الف بر خاک کشیدن: *[کنایی]* ئەسپەردە کردن؛ بە خاک سپاردن؛ کردنە ژێر خاکەوه؛ لە خاک ناشتن؛ ڤەشارتن.

الف بر سینه کشیدن: *[کنایی]* بەرۆک دادڕین؛ بەربینگ شڕکردن؛ یەخە دادڕین.

الفاظ / alfāz'/: [عربی] جمعِ ☜ **لَفظ**

الفبا / alefbā'، ـها/: [عربی] *اسم.* ئەلفوبێ؛ ئەلفوبێتکه؛ پیتەکانی خوێندن و نووسین.

الفبائی / alefbā'î'/: [عربی] ☜ **الفبایی**

الفبایی / alefbāyî'/: [عربی] *صفت.* ئەلفوبێتکەیی: ۱. پێوەندیدار بە ئەلفوبێتکەوه ‹خط الفبایی: نووسینی ئەلفوبێتکەیی› ۲. ڕیزکراو بە (پێی) چنینی ئەلف و بێتکەوه ‹فهرست الفبایی: پێڕستی ئەلفوبێتکەیی› ❊ **الفبائی**

الفت / olfat'/: [عربی] *اسم.* خۆپێوەگری؛ هۆگری؛ فێ؛ کوڕێ؛ گرابەسی. هەروەها: **الفت داشتن؛ الفت یافتن**

▣ **الفت گرفتن:** هۆگر بوون؛ خێ‌دان؛ خێ‌پێدان؛ خۆ گرتن؛ خوو گرتن.

الفرار / alfarār'/: [عربی] *اسم.* *[گفتاری]* ئەوجار هەڵێ؛ ڕاکه؛ دەی بەرشه؛ دەرچۆ بۆی (تێبینی: لە فارسیدا بە بێ کردار لە ناو ڕستەدا دێ) ‹پولها را برداشت گذاشت توی ساک و الفرار: پارەکانی هەڵگرت و نایه ناو ساکەکه و ئەوجار هەڵێ›.

الفماری / alefmārî'/: [عربی/ فارسی] *صفت.* ئەلفوبێتکەیی؛ بە ژماره یان زنجیرەی ئەلفوبێتکەییەوه (بە جێ ڕەقەمی).

القا / elqā'، ـها؛ ـات/: [عربی] *اسم.* نانه زوان؛

کار یان ڕەوتی ڕەخساندنی بیر و بۆچوونێکی دڵخواز لە کەسێکدا، بە بێ ویست و ئاگەداری ئەو کەسە. هەروەها: **القا شدن؛ القا کردن**

القائی / 'elqā'î/: [عربی] ☜ **القایی**

القائیدگی / 'elqā'îdegî/: [عربی] ☜ **القاییدگی**

القاب / 'alqāb/: [عربی] جمعِ ☜ **لَقَب**

القصه / 'alqesse/: [عربی] حرف. بەکورتی؛ ئیتر؛ دواجار؛ کورت و کرمانجی؛ بە کوردی و کورتی؛ ڤەبڕی ‹القصه، من ماندم و یک دست رختخواب: بەکورتی، من مامەوە و جێگەوبانێک›.

الک / 'alak، ـها/: اسم. ۱. هێڵەک؛ هێلەک؛ ئێلەک؛ هێڵەگ؛ هێڵەکە؛ ئەلە؛ هێرنگ؛ لەهەر؛ غەل؛ غل؛ مووخل؛ ئاردوێژ؛ ئاردبێژ؛ ئاردڤێر؛ ئاردێز؛ قاوێر؛ مۆحڵ؛ دۆبژێن؛ بێژنگی زۆر کون تەنگ کە هاڕدراوی پێ دادەبێژن ۲. هەلووک؛ چێوی درێژی گەمەی هەلووکان.

◻ **الک کردن**: هێڵەک کردن؛ سەڕدانەن؛ داوێژکردن؛ هەڵواژنن؛ حەس کردن؛ موخلێ کرن.

الکترا / 'elekt(e)rā/ ☜ عقدەی الکترا، **عقده**

الکترواستاتیک / 'elekt(e)roestātîk، ـها/: [فرانسوی]/اسم. کارەبای نەبزێو؛ برووسکەی وەستاو؛ ئەو جۆرە لە کارەبا کە وردەوردە لە شتێکدا کۆ دەبێتەوە و بە پێوەدانێک دەردەچێ.

الکتروتراپی / 'elekt(e)rot(e)rāpî/: [فرانسوی]/اسم. /پزشکی/ برووسکە دەرمانی.

الکترون / 'elekt(e)ron، ـها/: [فرانسوی]/اسم. ئێلیکترۆن؛ لە وردیلەکانی بنەڕەتی توخم.

الکتریک / 'elekt(e)rîk, 'elektirîk/: [فرانسوی]/اسم. کارەبا؛ بەرق؛ ئەلەمتریک؛ ئەبلەتریک.

الکتریکی[1] / 'elekt(e)rîkî, 'elektirîkî، ـها/: [فرانسوی]/اسم. ۱. دووکانی فرۆشتن یان دروستکردنەوەی کەرەسەگەلی کارەبایی ۲. بەرقکار؛ کەسێک پیشەی تێکخستنی ئامرازە کارەباییەکانە.

الکتریکی[2]: صفت. بەرقی؛ کارەبایی؛ پێوەندیدار بە کارەباوە ‹اسبابهای الکتریکی: کەرەسەگەلی کارەبایی›.

الکدولک / 'alakdolak/: اسم. هەڵوو؛ هەلووکان؛ هەلووکێن؛ هەلووکانی؛ تراێ؛ ئەلگ مەلگ؛ گەمەیەکی زارۆکانە، بە دارێکی درێژ (هەلووک) لە دارێکی بچووک (دارهەلووک) دەدەن.

الکساز / 'alaksaz/: اسم. هێڵەگچی؛ کەسێ کە هێڵەگ چێ دەکا.

الکل / 'alkol/: [فرانسوی از عربی]/اسم. ۱. /شیمی/ ئەلکول؛ ناوی گشتی بۆ تاقمێک تراوی کیمیاویە کە ئاور دەگرن و بۆنێکی تایبەتی و تامێکی توندیان هەیە و لە بژیشکی و پیشەسازیدا زۆر بەکار دەچن ۲. خواردنەوەی ئەلکولدار (وەک ویسکی، ودکا، شەراو و...).

الکلسنج / 'alkolsanc، ـها/: [فرانسوی/ فارسی]/اسم. ئەلکولپێو؛ ئامرازی پێوانی ڕادەی ئەلکولی ناو تراوێک.

الکلومتر / 'alkolometr، ـها/: [فرانسوی] ☜ **الکلسنج**

الکلی / 'alkolî/: [فرانسوی] صفت. ئەلکولی: ۱. پێوەندیدار بە ئەلکولەوە ‹تخمیر الکلی: ترشانی ئەلکولی› ۲. تێکەڵ بە ئەلکول ‹نوشابەهای الکلی: خواردنەوەی ئەلکولی› ۳. /ـها/ گیرۆدە بە خواردنەوەی ئەلکول ‹پیرمرد الکلی: پیرەپیاوی ئەلکلولی› ٤. ئەلکولاوی

‹پنبەی الکلی: لۆکەی ئەلکولی›.

▣ **الکلی کردن:** کردنە ئەلکول؛ بە گۆڕانکاری کیمیایی، شتێک کردنە ئەلکول.

الکلیسم / 'alkolîsm/: [فرانسوی]/سم. ئەلکولیسم؛ گیرۆدەیی بە خواردنەوەگەلی ئەلکولی کە لە شێوازێکی تۆخدا، لەش و بەتایبەت جەرگ تووشی بشێوە و ئاڵۆزی دەکات.

الکلیک / 'alkolîk/: [فرانسوی] ☜ **الکلی**

الکن / 'alkan/: [عربی] صفت. تور؛ تر؛ لاڵەپەتە؛ لاڵەپەترە؛ لاڵەک؛ تت؛ بڕ؛ زمانگران؛ زوانبەگیر؛ کونزوان؛ دەمبڵ؛ پاڵ؛ زاندە گونایش؛کەسێ کە لە قسە کردندا زمانی گرێ دەکا.

الکی[1] / 'alakî/: [فارسی/ ؟] صفت. [گفتاری] لاتەری؛ گۆترە؛ هەروایی: ۱. پووچ؛ پووچەڵ؛ بەتاڵ ‹کار الکی: کاری لاتەری› ۲. درۆیین؛ درۆینە؛ بە درۆیی ‹وعدەی الکی: بەڵێنی گۆترە›.

الکی[2]: قید. لەگۆترە؛ هەروا؛ بە درۆ؛ ئەلەکی ‹الکی میگفت، من ریسم: لە گۆترە دەیگوت، من سەرۆکم›.

الکیخوش / 'alakîxoš، ـها/: صفت. [گفتاری] گۆترەخۆش؛ تووشی خۆشبینی، خۆشحاڵی یان خۆشخەیاڵی پووچەڵ و بێ بنەما.

الگزیر / 'elegzîr، ـها/: [فرانسوی از عربی]/سم. [پزشکی] شەربەت؛ شەربەتی نەخۆشین.

الگو / 'olgû، ـها/: [ترکی]/سم. نوێنەک؛ نمێنەک؛ وێنە: ۱. گرۆبەر؛ سەرمەشق؛ کەس یان شتێ کە پێوە رە بۆ دیتران ‹او را الگو قرار داده بود: ئەوی کردبوە نوێنەک بۆ خۆی› ۲.نموونە؛ نموودە؛ نەخشەیەکی پێشنیاری (زۆرتر لە کاغەز، مقەوا یان چێو) بۆ چاولێکردن و لە ڕووی دروستکردن ‹الگوی لباس: نمینەکی جلوبەرگ›.

الله / 'allāh/: [عربی]/سم. خوا؛ خودا؛ بینایی‌چاوان؛ بیناییاچەهەڤان؛ خودێ؛ خودان؛ خواوەن؛ خواوەند؛ خواڵە؛ خوای تاکە ئافرێنەر (بە پێی ئامۆژەکانی قورئان).

▣ **الله اعلم:** ۱. خوا زاناترینە ۲. [کنایی] نازانم؛ مەزا؛ خودا دەزانێ و بەس.

الله اکبر: خوا گەورەترینە؛[کنایی] بۆ سەرسووڕمان، پشتیوانی یان نەیاری.

▣ **الله ـالله کردن/گفتن:** تکاکردن؛ پاڕانەوە؛ دۆعا کردن؛ پەنا بردن بە خوا؛ جە خوای واسەی؛ داوای یارمەتی کردن لە خوا.

اللهبختی / 'allāhbaxtî/: [عربی/ فارسی] قید. [گفتاری] خۆ و بەختی؛ بە هەڵکەوت؛ کوت‌وپڕ؛ کتووپڕ؛ خواوڕاسان؛ گز و گومەت؛ بە چەشنی چاوەڕوان نەکراو: **اَلّابختی؛ اَلّابختکی**

الم / 'alam، آلام/: [عربی]/سم. [ادبی] ژان؛ توێ؛ سۆ؛ ئێش؛ ڕەنج؛ ئازار؛ دەرد؛ سوێ؛ سوو؛ چڵ. هەروەها: **الم رسانیدن؛ الم رسیدن؛ الم کشیدن**

الماس / 'almās/: [از یونانی]/سم. ڕووژە؛ ئەڵماس؛ هەڵماس؛ بەردێکی زۆر سەخت و بە نرخە.

الماسگون / 'almāsgûn/: [یونانی/ فارسی] صفت. [ادبی] ئەڵماس‌ئاسا؛ ئەڵماس‌وێنە؛ وەکوو ئەڵماس؛ ڕەق، بریقەدار و تیژ وەکوو ئەڵماس.

الماس‌نشان / 'almāsnešān/: [یونانی/ فارسی] صفت. ئەڵماس‌کار؛ بە ئەڵماس ڕازاوە.

الماسی[1] / 'almāsî/: [یونانی]/سم. ئەڵماسی؛ ڕەنگی زێوی مەیلەو کەوە.

الماسی[2]: صفت. ئەڵماسی: ۱. وەکوو

ئەڵماس ۲. بە ڕەنگی زێوینی مەیلەو کەوە.

المان / 'elemān/: [انگلیسی] ☜ **المِنت**

المپیاد / 'olampiyād، ـها/: [فرانسوی]/اسم. ئولەمپیاد: ۱. ڕێوڕەسمی یاریگەلی وەرزشی جیهانی کە چوار ساڵ جارێ لە ولاتێکدا بەڕێوە دەچێ ۲. هەرکام لەو کێبەرکێ جیهانیانە کە لە بوارێکی زانستیدا بەڕێوە دەچن.

المپیک / 'olampîk/: [فرانسوی] صفت. ئولەمپیک؛ پێوەندیدار بە ئولەمپیادەوە ‹آرم المپیک: دروشمی ئولەمپیک›.

المثنی / 'almosannā/: [عربی] ☜ **رونوشت**

المرأةالمسلسله / 'almer'atolmosalsalae/: [عربی] ☜ زن پای در زنجیر، **زن**

الم‌شنگه / 'alamšange/: [؟]/اسم. [گفتاری] قیرقاڕ؛ قا و قیڕ؛ قڕ و قاو؛ قیڕە و هەرەمەزات؛ قڕ و قاڵ؛ قڕ و چیڕەک؛ چەقە؛ قڕە؛ قڕین؛ دەنگ و دۆر؛ هەراـهەرا؛ گوڕە و هەرا؛ چێقەـچێقە؛ گاڵەگاڵ؛ هەرا و هۆریا؛ هۆسە؛ قاوەقاو؛ قێڕەقێڕ؛ زەناـزەنا؛ چەقە و گوڕە: **عَلَم‌شنگه**

⊡ **الم‌شنگه به پا کردن** ☜ **الم‌شنگه درآوردن**

الم‌شنگه درآوردن: قیرقاڕی درۆینە خستنە ڕێ؛ قا و قیژ و هەلاهەلایی بە درۆ دەرهێنان: **الم شنگه به پا کردن؛ الم شنگه راه انداختن؛ الم‌شنگه کردن**

الم‌شنگه راه انداختن ☜ **الم‌شنگه در آوردن**

الم‌شنگه کردن ☜ **الم‌شنگه در آوردن**

المنت / 'element، ـها/: [انگلیسی]/اسم. ئیلیمێنت؛ تەلی گەرمەوکەرە لە ئامرازی کارەباییدا: **اِلمان**

النگ / 'alang، ـها/:/اسم. مێرووستان؛ شارە مرۆچە؛ شارە مۆرانە؛ هێلانەی مێروولە.

النگو / 'alangû، ـها/: [ترکی/ ؟]/اسم. دەسینە؛ بازن؛ بازند؛ بازنک؛ بازنە؛ خرخاڵ؛ خڵخاڵ؛ خرخرە؛ گلۆر؛ مووچەوانە؛ دەسینک؛ دەزونک؛ دەستەوانەی خشڵێن لە زێڕو زێو کە ژنان لە مەچەکی دەکەن.

النگ‌ودولنگ / 'alang-o-dolang، ـها/: اسم. [گفتاری] حەلوو؛ هەڵواسراوەگەلی بێبایەخ.

النگوگیر / 'alangûgîr/: [ترکی/ فارسی]/اسم. بەربازن؛ دەستەوانەیێک کە ناهێڵێ بازن هەڵخلیسکێ‌و خلەـخل بکا.

النگه / 'alange/:/اسم. لنگەشەلێ؛ قاچەشەلێ؛ هەنگڵەشەلێ.

النهایه / 'annahāye/: [عربی] قید. ئاخری؛ ئاخرەکەی؛ لە ئاکامدا؛ لە کۆتاییدا؛ پانتا؛ لە دیمادا؛ سەرئەنجام ‹النهایه، می بریم می‌فروشیم: ئاخری، دەیبەین دەیفرۆشین›.

الو / 'alow, alo:/:/اسم. [گفتاری] بڵێسە؛ کڵپە؛ بڵێزە؛ گڕ؛ گڕە؛ گوڕ؛ گۆی ئاگری؛ بڵێسەی بەرزی ئاور.

⊡ **الو گرفتن:** گڕگرتن؛ ئاگرگرتن؛ ئەیر گیرتەی: ۱. داگرسان؛ هەڵبوون ۲. [مجازی] ئاور تێبەر بوون؛ زۆر قەڵس بوون؛ زۆر تووڕە بوون.

الو / 'alo/: [فرانسوی] صوت. ئەلۆ؛ پەرسڤی تەلەفوونی؛ پێش وتەی تەلەفوون.

الوا / 'alwā/: [لاتینی]/اسم. هەزاوا؛ هەزاو؛ ئەزوا؛ تاڵیشاری؛ موڕ؛ عەزوا؛ تاڵشاری؛ دەرمانێکی ڕەش و زۆر تام تاڵە بە عەرەبی «صبر»ی پێ ئێژن.

الواح / 'alvāh/: [عربی] ۱. جمعِ ☜ **لَوح** ۲. جمعِ ☜ **لَوحه**

الوار / 'alvār، ـها/:/اسم. ئاڵودار؛ لادار؛ ئاڵۆدار؛ دەپێکی درێژ و پان بڕاوی چوارگۆشە.

▣ **الـوار سـقف**: ڕاژە؛ لادار؛ گینـە؛ مـاخ؛ دەسـەک؛ دەسـتەک؛ تـەژە؛ ئـالۆدار؛ دەستەک؛ تەژە؛ ئالـواری مـیچ؛ داریٚ کـە بـە سەر کاریتەدا ڕادەکێشریٚ.

الواط / alvāt'، الواط/: [بە قاعدەی عربی] *صفت*. ئـەڵـوات؛ خوێـڕی؛ خـۆڕی؛ هـەرزە؛ بـەرەڵـلا؛ شەلاتی؛ هیچەکـە و پووچـەکـە ‹با این پسرک الواط نگرد: لەگەڵ ئەو کوڕە خوێڕیە مەگەڕە›.

الـواطی / alvātî'، ـهـا/: [از عربـی] *اسـم*. خوێڕیـەتی؛ خوێریگـەری؛ هـەرزەیـی؛ ئالـواتی ‹کارشـان شـده بـود شـبگردی و الـواطی: کاریـان ببووە شەوگەڕی و خوێریەتی›.

الـوان[1] / alvān'/: [عربـی] *اسـم*. *[ادبـی]* ڕەنگـگـەل؛ ڕەنگـان؛ ڕەنگـیٚ؛ ڕەنگیـەل؛ گۆنـان ‹چراغهـای زیـادی بـا الـوان گونـاگون نورافـشانی مـی‌کردنـد: چرایـەکی زۆر بـە ڕەنـگـگـەلـی جۆراوجۆرەوە دەترووسکانەوە›.

الـوان[2]: *صفت*. ۱. ڕەنگـاوڕەنـگ ‹گلهـای الـوان: گـولانی ڕەنگـاوڕەنـگ› ۲. ڕەنگـین ‹کاغـذ الـوان: کاغەزی ڕەنگین›.

الـوداع / alvedā''/: [عربـی] *دعـا*. *[ادبـی]* خواحـافیز؛ مـالاوا؛ بـەدۆعـا ‹الـوداع ای روزهـای خـوش جـوانی: خواحـافیز ئـەی ڕۆژانی خۆشـی لاوەتی›.

الوهیـت / ulûhîyyat, 'olohîyyat'/: [عربـی] *اسـم*. *[ادبـی]* خـودایی؛ خـوایی؛ خـواوەنی؛ خواوەندی؛ خوایەتی.

اله / elāh'/: [عربی] ☜ **اِلاه**

الهـام / elhām'، ـهـا؛ ـات/: [عربی] *اسم*. سـەرۆ؛ گۆوار؛ بیر و هەستێک کـە لـە نادیـارەوە بـە دڵ دەگا.

▣ **الهام شدن**: سەرۆ پێکـران؛ سـەرۆ بـۆ هـاتن؛ گۆوار بوون؛ بە دڵدا هاتن.

الهام کردن: سەرۆکردن.

الهـام گـرفتن: سـەرۆگرتنـەوە ‹او در نوشـتن آثـارش از طبیعـت الهـام مـی‌گرفـت: لـە نووسـینی ئاسـەوارەکانیـدا لـە سروشـت سـەروی دەگرتەوە›.

الهـام‌بخـش / elhāmbaxš'/: [عربـی/ فارسـی] *صفت*. سەرۆبەخش؛ سەرۆدەر.

اله وبلـه / ele-vo-bele'/: [ترکی] *قید*. *[گفتاری]* وا و وا؛ ئـاوا و ئـاوا؛ پیـسە و پاسـە؛ چـەنـد و چـوون؛ شـێلە و بێلـە ‹پـشت سـر هـم مـی‌گفـت: الەوبلـە مـی‌کـنم، ایـن را مـی‌خـرم، آن را مـی‌فروشـم: پـەسـای‌پـەس دەیگـوت: وا و وا دەکـەم، ئـەمـە دەکڕم، ئەوە دەفرۆشم›.

الهه / elāhe'/: [عربی] ☜ **الاهه**

الهی / elāhî'/: [عربی] ☜ **الاهی**

الهیات / elāhîyyāt'/: [عربی] ☜ **الاهیّات**

الهیون / elāhîyyûn'/: [عربی] ☜ **الاهیّون**

الـی / elā'/: [عربـی] *حـرف*. تـا؛ هـەتـا؛ تـاکوو؛ هەتاوەکوو ‹الی آخر: تا ئاخر›.

الـی‌آخـر / elā.āxer, -āxar'/: [عربـی] *قیـد*. تـا ئاخر: ۱. تـا کۆتـایی ۲. *[مجـازی]* بـەم جـۆرە تـا ئاخر.

الیـاف / alyāf'/: [عربـی] *اسـم*. هـەودا؛ تـاڵ؛ ڕیشاڵ؛ ڕیشاڵە؛ ڕیشۆڵە؛ ڕهە.

▣ **الیاف درخت**: قاشک؛ پرزەی دار.

الـی‌الابـد / elal'abad'/: [عربـی] *قیـد*. هەتا‌ـهەتـا؛ بـۆ هـەمیشە؛ بـۆ هـەرگاڤـا؛ پـەی هەمیشەی؛ هەتا نەیماهێکی.

الیـسون / elîson'/: [؟] *اسـم*. گیانووسـە؛ گیاکێوسـانە؛ ڕوەکێکـی هـەمیـشەییـە لـە تـیرەی تـوور و کـەلـەرم گولـگەلێکـی زەرد و سپی دەکا.

الـی‌غیرالنهایـه / elāqeyronnahāye'/: [عربـی] *قیـد*. تـاخوا حـەزکـا؛ تـا بـیٚبڕانـەوە؛ هەتا‌ـهەتا.

الیف / alîf'/: [؟] ☜ روغن الیف، **روغن**

الیکائی / elîkā'î'/ ☜ **الیکایی**

الیکایی / elîkāyî'/: /اسم. ئێلیکایی؛ فیسقه؛ کەلەفندە؛ فیرنەگولە؛ چۆلەکەمشکە؛ تیرەیەک لە پەلەوەرانی گردەڵە و خڕپنەی زۆر بزۆز * **الیکائی**

الیگارشی / olîgāršî'/: [فرانسوی]/اسم. ئولیگارشی؛ شێوازێکی دەسەڵاتداری کە تێیدا، کۆمەڵگا بە دەستی چەند کەسی خاوەن هێزی ڕامیاری، چەکداری یان ئابووریەوە بەڕێ دەچێ.

الیگوسن / olîgosen'/: [فرانسوی]/اسم. ئولیگوسین؛ سێهەمین خول لە دەورانی سێهەمی زەوینناسی.

الیم / alîm'/: [عربی] صفت. /ادبی/ دڵ تەزێن؛ ئێشدار؛ بە ژان؛ بە سوێ؛ دڵتەوەسێن.

ام / am'/: صوت. کەپوو؛ پووک؛ پووگ؛ پووکاوڵە؛ چەمبۆڵە؛ چەپۆڵە؛ چەمۆڵە؛ ئونک؛ مۆتە؛ گەشکە؛ گەشک؛ کەشکە؛ فێ؛ کردنەوەی پەنجە و ڕوو بە کەسێک گرتنی بە نیشانەی تووک لێ کردن.

ام. / em'/: [انگلیسی]/اسم. ناوی پیتی سێزدەهەمی ئەلف و بێتکەی لاتین (M,m).

ام ـ / em'/: پیشوند. ئەمـ؛ ئەڤـ؛ ئاـ؛ ـئم؛ ئیـ؛ ئیمـ؛ ئەمە ‹امروز: ئەمڕۆ›.

اما / ammā'/: [عربی] حرف. بەلام؛ بەلا؛ ئەمما؛ ولام؛ لابەلێ؛ هما؛ هەمە؛ ئەما؛ بەلان؛ ئەمان؛ وەلێ؛ هەمە؛ بلان؛ وەلێکانێ؛ ڤێجا؛ ئەڤجا: ۱. هێشتا؛ هێشتای؛ هەلەی؛ هێشتاکوو؛ بەمەوە؛ بەو حاڵەشەوە ‹دیر به مدرسه رسیدم اما درس شروع نشده بود: درەنگ گەیشتمە قوتابخانە بەلام وانە دەستی پێنەکردبوو› ۲. نیشانەی نەرێ یا جیاکار ‹می‌خواستم کتاب بخرم اما پول نداشتم: دەمەویست کتێب بکرم بەلام پارەم نەبوو› * **ولی؛ لیک؛ لیکن**

⊡ **اما آوردن**: /کنایی/ بڕو بیانوو تاشین؛ بەهانە هاوردنەوە؛ هەجەت و مەجەت ئێنان. هەروەها: **اما داشتن**

اماج / omāc'/: [ترکی]/اسم. پرتکە؛ ورتکە؛ گونکەگەلی گچکەی هەویر، کە دە ئاشی ئۆماجی دەخەن.

امارات / amārāt, 'emārāt'/: [عربی] ۱. جمعِ ☜ **امارت** ۲. جمعِ ☜ **آماره**

ام. آر. آی. / em.ār.āy'/: [انگلیسی] ☜ نمایش تشدید مغناطیسی، **نمایش**

امارت / amārat'، ـ ها؛ امارات/: [عربی]/اسم. ۱. میری؛ گەورەیی؛ سەرۆکی ‹در سال ۲۷۳ به امارت رسید: لە سالی ۲۷۳دا بە میری گەیشت› ۲. میرنشین؛ ئەمارەت؛ ولاتی بەردەستی ئەمیر ‹امارت بوتان: میرنشینی بۆتان›.

⊡ **امارت داشتن**: فەرمانڕەوایی کردن؛ فەرماندان؛ گەورەیی کردن؛ میرایەیی کردن؛ سەرۆکی کردن ‹او سالها در لرستان امارت داشت: چەنای چەن سال لە لورستاندا فەرمانڕەوایی کرد›. هەروەها: **امارت کردن**

اماره / amāre'، ـ ها؛ امارات/: [عربی]/اسم. ۱. /نامتداول/ نیشان؛ نیشانە ۲. /حقوق/ شوێ؛ شوێن؛ بار و دۆخێ کە بە بڕیاری قانوون یان بە پێی بۆچوونی دادوەر، بە نیشانەی کارێک دەژمێردرێت.

ام. اس. / em.es'/: [انگلیسی]/اسم. /پزشکی/ ئێم.ئێس.؛ نێوی کورتکراوەی جۆرە نەخۆشینێکی مێشکە: **تصلب متعدد؛ تصلب منتشر**

اماکن / amāken'/: [عربی] جمعِ ☜ **مَکان**

امالفساد / ommolfesād'/: [عربی] صفت. /ادبی/ سەرچاوەی خراپی؛ سەرچاوە یان هەوێنی خراپکاری ‹تریاک امالفساد است: تریاک سەرچاوەی خراپیە›.

امالقری / ommolqorā'/: [عربی]/اسم.

[قـدیمی] دایکـــی شـــاران؛ گرنگتـــرین و بەنرخترین شوێنی سەرزەوین.

امالـه / 'emāle/: [عربـی]/*اسـم*. دەســتوور؛ عیماله؛ ئیمالـه؛ حوقنـه؛ ئـامرازی ڕە وان کـردن بە ڕژاندنی تراو بۆ ناو زگ.

▣ **اماله کـردن:** عیمالـه‌کـردن؛ حوقنـه‌کـردن؛ خـاوێن‌کردنـه‌وەی ڕیخۆڵـه بـه‌شـێوەی ڕژاندنـه نـاو زگـی تـراوی وەک ڕۆن بـادام و ئاوی سابوون و ...

امـام / 'emām، ـهـا؛ ـان؛ ائمّـه (ایمّـه)/: [عربـی] *اسم*. ١. *[نامتـداول]* پێـشەوا؛ سـەرۆک ٢. ئیمـام؛ پێـشڕەو؛ سـەرداری ئـایینی موسـڵمانان ٣. پێـشنوێژ؛ بـەرنـوێژ ‹امـام مـسجد: ئیمـامی مزگەوت› ٤. ئیمـام؛ دەنکـه هـەرە درێـژەکـەی تەسبێح.

▣ **امام جماعـت:** بـەرنـوێژ؛ پێـشنوێژ؛ ئیمـامی جەماعەت.

امامـــت / 'emāmat/: [عربـــی]/*اســـم*. ١. پێـــشەوایـــی؛ پێـــشەنگـــی؛ ئیمـــامی ٢. پێشنوێژی؛ بەرنوێژی؛ وەرنمایی.

امـامزاده / 'emāmzāde، ـهـا/: [عربی/ فارسـی] *اسم*. ١. قـسن؛ نـەزرگـه؛ نزرگـه؛ گۆڕخانـەی پیـاوی خـوا کـه خـەڵـک دەچنـه زیـارەتی ٢. کوڕی ئیمام ٣. گۆڕی کوڕی ئیمام.

▣ **امـامزادەی بـی‌زینـت:** *[مجـازی]* سـادە و بێ‌زەرق و بەرق.

امامزادەی بی‌معجـزه: *[مجازی]* کـەسـێ کـه کـارێکی لـێ نابێتـەوە و خـەیرێکـی لـێ ناوەشێتەوە.

امـامزادەی جـل‌بنـدی: *[مجـازی]* ١. مالـی پۆخـڵەوات؛ مالـی بـه کـەل‌وپـەلی کـۆن و فـەقیرانـەوە ٢. شـڕەبـار؛ کـەسـێ کـه جل‌وبەرگی شڕ و کۆنه.

امامیـــه / 'emāmîyye/: [عربـــی]/*اســـم*. ئیمامییـه: ١. شـێعه؛ شـیعه ٢. کـەسانێ کـه لەسـەر ئـەو بڕوایـەن کـه خـودا بەشـوێنی پێغەمبەردا حـەزرەتی عـەلی و پاشـی ئـەویش منـــدالانی بـــۆ ڕێبەرایـــەتی موسـڵمانان هەڵبژاردووە.

امـــان / 'amān/: [عربـــی]/*اســـم*. ١. ئامـــان؛ هێمنی و ئارامی؛ بێ ترسی؛ ئـه مـان ‹جهـان امـن و امان است: جیهان ئامانه› ٢. ئامان؛ پەنا.

▣ **امـان از...:** هـاوار لـه...؛ داد لـه...؛ هـەی هاوار.

▣ **امـان خواسـتن:** پـەنـا بـۆ بـردن؛ ئامـان خواسـتن؛ هاتنـه ڕایـێ؛ هانـا پـەی بـەردەی؛ پـەنـا بـۆ کـەسـێک بـردن بـه هومێـدی پارێزران.

امـان دادن: پـەنـادان؛ پێـەمـان دان؛ ئامـان دان؛ هـەڤـانـدن؛ گیـان و مالـی کـەسـێ پاراستن.

امـان کـسی را بریـدن: *[کنـایی]* کەسـێک گیانەسەرکردن؛ بە ئـەسـتۆ هێنـانی کەسێ؛ واز لە کەسێ برین؛ برستی کەسێ برین.

بـه امـان آمـدن: *[کنـایی]* بـه ئـەسـتۆ هـاتن؛ گیانەسەر بوون؛ کەوتنە فەرتەنە.

به امـان خـدا ول‌کـردن: *[کنـایی]* بـه تـەنیـاو بێ‌چاوەدێر بە جێ هێشتن.

بـه کـسی امـان نـدادن: *[کنـایی]* دەرفـەت نەدان بە کەسێک.

در امان بودن: لە ئەماندا بـوون؛ لـه ئـەمـن و ئاسایشدا بوون.

امانات / 'amānāt/: [عربی] جمعِ ☜ **اَمانَت**

امانـت / 'amānat/: [عربی]/*اسم*. ١. دەسـپاکی؛ دڵـپاکی ‹او در امانـت معـروف بـود: لـه دەسـپاکیدا بـەناوبانـگ بـوو› ٢. /ـهـا؛ امانات/ ئـەمانـەت؛ ئامانـەت؛ ئامانـەتی؛ ئـەوەی بـۆ ئاگـاداری لێکـردن یـان کـەلـک لـێ وەرگـرتنی، بـۆ ماوەیەک بە کەسێکیتـر سـپێردراوە ‹این پـول پـیش مـن امانـت اسـت: ئـەم پـارەیـه لای منـەوە

ئەمانەتە› ۳. ئەمانەت؛ کار یان ڕەوتی ئەسپاردنی شتێ بە کەسێکی تر بۆ ئاگاداری لێوە کردن ‹امانت گذاشتن: ئامانەت دانان›.

▣ **امانت خواستن:** ئەمانەت ویستن؛ ویستنی ئەمانەت؛ داوا کردنی شتێ لە کەسێک بە مەرجی دانەوەی.

امانت دادن: ئەمانەت دان؛ بە ئەمانەت دان؛ شتێ بۆ ماوەیەک و بە مەرجی هاوردنەوەی بە کەسێکی تر دان ‹راستی گردنبندی را کە امانت دادە بودی پس آوردند؟: ئەرێ ئەو ملوانکەیە بە ئەمانەتت دابوو هێنایانەوە؟›.

امانت گذاشتن: ئەمانەت دانان؛ بە ئەمانەت دان؛ شتێک بۆ پاراستن بە کەسێ سپاردن.

امانت گرفتن: ڤەخۆستن؛ بەئەمانەت گرتن.

امانتدار[1] / amānatdār'، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی]/اسم. ئەمانەتدار؛ ئەمانەتیدار؛ کەسێ کە پاراستنی ئەمانەتی بە ئەستۆیە ‹حاجی همیشە امانتدار همسایەها بود: حاجی هەمیشە ئەمانەتداری دراوسێکان بوو›.

امانتدار[2]: صفت. دەسپاک؛ ئەمین؛ ئەمانەتدار؛ ئەمیندار؛ دەستپاکژ؛ دروستکار لە ئەمانەتداریدا ‹آدم امانتدار: مرۆی دەسپاک›.

امانتداری / amānatdārî'/: [عربی/ فارسی] /اسم. دەسپاکی؛ ئەمانەتداری؛ دەستپاکژی؛ چاودێری لە ئەمانەتی خەڵک.

امانتفروشی / amānatfurûšî'، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. ئەمانەتفرۆشی؛ فرۆشگایەک کە کەلوپەلی زۆرتر دەستەدوو بۆ فرۆش بە ئەمانەت لێی دادەنێن.

امانتگذار / amānatgozār'، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی]/اسم. ئەمانەتدانەر؛ کەسێ کە شتێک بە ئەمانەت لای کەسێکی تر دادەنێ.

امانتی / amānatî'، ـها/: [عربی] صفت. خواس؛ قەرەتی؛ ئەمانەتی؛ ڕاگیراو بۆ دانەوە ‹کتاب امانتی: کتێبی ئەمانەتی›.

امان‌نامه / amān.nāme'، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. ئامان‌نامە؛ هەڤان‌نامە؛ نووسراوەیەکی ڕەسمی کە تێیدا پاراستنی گیان یان ماڵی کەسێک دەستەبەر بکرێت.

امانی / amānî'/: [عربی] صفت. [ادبی] ئەمانەتی؛ خواستە؛ حەز؛ بە دۆخ یان شێوازی ئەمانەت ‹کالای امانی: کالای ئەمانەتی›.

امپراتریس / emprātrîs, 'emperāterîs'، ـها/: [از فرانسوی]/اسم. ۱. ژنی شای شاهان؛ ژنی ئیمپراتۆر؛ قەڕاڵیچە؛ شابانوو؛ شاژن ۲. ژنی فەرمانڕەوای ئیمپراتۆریەتێک *امپراطریس

امپراتور / emp(e)rātûr'، ـها؛ ـان/: [روسی] /اسم. ئیمپراتۆر؛ شای شاهان: **امپراطور**

امپراتوری / emp(e)rātûrî'، ـها/: [روسی] /اسم. ئیمپراتۆری: ۱. پلە و پاگەی ئیمپراتۆر ۲. ئەو وڵاتانەی وان لە ژێر حوکمی ئیمپراتۆردا * **امپراطوری**

امپراطریس / emprātrîs, 'emperāterîs'/: [از فرانسوی] ☜ **امپراتریس**

امپراطور / emp(e)rātûr'/: [روسی] ☜ **امپراتور**

امپراطوری / emp(e)rātûrî'/: [روسی] ☜ **امپراتوری**

امپرسیونیست / amp(e)res(i)yonîst'/: [فرانسوی] صفت. [هنر] ۱. ئەمپێرسیۆنیست؛ پێوەندیدار یان سەر بە ئەمپێرسیۆنیسم ۲. /ها/ هۆگرەتی بە ئەمپێرسیۆنیسم.

امپرسیونیسم / amp(e)res(i)yonîsm'/: [فرانسوی] /اسم. [هنر] ئەمپێرسیۆنیسم؛ ڕێبازێکی وێژەیی و هونەری کە لە

کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمی زایینیدا ڕسکا و ئامانجی شۆڕگرەکانی چاوپۆشی لە حاشیە و پەراوێز و دەربڕینی گشتی وێنە یان بابەتێک بوو.

امپریالیست / 'amperyālîst/: [فرانسوی] *صفت.* *[سیاست]* ئەمپریالیست؛ خاوەن دەزگای ئەمپریالیسم؛ ئەمپریالیستی.

امپریالیستی / 'amperyālîstî/: [فرانسوی] *صفت.* *[سیاست]* ئەمپریالیستی: ۱. پێوەندیدار یان سەر بە ئەمپریالیسم ۲. خاوەن سیستەمی ئەمپریالیسم؛ ئەمپریالیست.

امپریالیسم / 'amperyālîsm/: [فرانسوی] *اسم.* *[سیاست]* ئەمپریالیسم؛ دوایین قۆناغی پێشڕەوتی دەزگای سەرمایەداری بە شێوەی لێهەڵکەوتنی قۆرغگەلی گەورە و دەسەڵاتانی ماڵی لە هەموو جیهاندا، بە ناردنی سەرمایە بۆ وڵاتانی ژێرفەرمان و گێرە وکێشە نانەوە بۆ زاڵ بوون بە سەر ئەو وڵاتانەدا.

امت / 'ommat، ـها؛ امم/: [عربی] *اسم.* ئۆمەت؛ گەل؛ نەتەوە؛ پێڕ؛ دەستەی پەیڕەوانی دینێکی تایبەتی؛ پەیڕەوانی ڕێبەرێکی دینی ‹امت محمد: ئومەتی موحەممەد›.

امتثال / 'emtesāl/: [عربی] *اسم.* *[ادبی]* فەرمانبەری؛ گوێ لە مستی؛ گوێڕایەڵی؛ گواهداری؛ کار یان ڕەوتی وەرگرتن و جێبەجێ کردنی فەرمانی کەسێک.

▣ **امتثال امر:** بەجێهێنانی دەسوور.

امتحان / 'emtehān، ـها؛ ـات/: [عربی] *اسم.* هێچ؛ ئەزموون؛ تاقیکاری؛ ئیمتیحان: ۱. ئازمایشت؛ کار و ڕەوتی تاقیکردنەوە ‹استحکامش را امتحان کن: هەستەمیەکەی تاقی کەوە› ۲. هەڵسەنگاندن؛ بەراوردکردنی ڕادەی زانینی قوتابیان یان خوێندکاران ‹امتحان کلاس چهارم: ئەزموونی پۆلی چوارەم› ۳. تاقیکردنەوەی شیاوی شتێک ‹امتحان بلندگو: تاقیکردنەوەی دەنگەوەرە›.

▣ **امتحان دادن:** ۱. ئەزموون دان؛ ئیمتەحان دان؛ تێپەڕاندنی تاقیکردنەوە؛ بەشداری کردن لە ڕەوتی تاقیکردنەوەدا ۲. *[کنایی]* تاقیکرانەوە؛ ڕوون بوونەوەی چییەتی کەسێ یان شتێ لە ڕووی تاقیکردنەوەوە ‹خلبانها و هواپیماهای این شرکت در نیم قرن گذشته امتحان خود را داده‌اند: فڕۆکەوانان و فڕۆکەگەلی ئەم شەریکەیە لە ماوەی نیو سەدەی ڕابردوودا تاقیکراونەوە›.

امتحان کردن: تاقیکردنەوە؛ ئازمایشت کردن؛ ئەزموون کردن؛ هێچاندن؛ زمنای.

امتحانی[1] / 'emtehānî/: [عربی] *صفت.* ئەزموونی؛ پێوەندیدار یان سەر بە تاقیکردنەوە ‹ورقەی امتحانی: لاپەڕەی ئەزموونی›.

امتحانی[2]: *قید.* *[گفتاری]* بۆ تاقیکردنەوە؛ بەئەزموون ‹امتحانی پوشیدم، اندازه‌ام نبود: بۆ تاقیکردنەوە لە بەرم کرد، بۆ من نەدەبوو›.

امتداد / 'emtedād، ـها/: [عربی] *اسم.* ۱. درێژایی؛ لە ڕاستە ‹رودخانه در امتداد کوهها جریان دارد: چۆمەکە لە ڕاستەی کێوەکانەوە دەڕوا› ۲. درێژە ‹این جاده تا مهاباد امتداد دارد: ئەم ڕێگەیە تا مەهاباد درێژەی هەیە›.

هەروەها: **امتداد دادن**

▣ **امتداد داشتن/ یافتن:** درێژەدار بوون؛ دوایی نەهاتن.

امتزاج / 'emtezāc، ـها؛ ـات/: [عربی] *اسم.* تێکەڵاوی: ۱. ئاوێتەیی؛ ئامێتەیی؛ تێکەڵی؛ هامێتەیی ۲. *[شیمی]* تێکەڵی دوو یا چەند ماکی کیمیایی پێکەوە.

امتزاجپـــــــذیر / emtezācpazîr'/: [عربـــــی/ فارسی] *صفت.* تێکەڵگر؛ جووتەوگر.

امتعه / amta'e, 'amte'e'/: [عربی] جمعِ ☜ **مَتاع**

امـــتلا / emtelā'/: [عربـی] *اسـم. [ادبـی]* پـڕی؛ پەڕی؛ کەیلی؛ تژەیی؛ هەبلاوی.

▣ **امـتلای معـده:** سـانجۆر؛ هـەبـل؛ کـەیلـی؛ پـڕی؛ لوقمـە؛ پیرومـەر؛ ئیفتـەلا؛ نـەخۆشـی گرفـــت کـــە لـــە ئـــەزم نـــەکـــردنی خواردەمەنیەوە تووش دێ.

امتنــاع / emtenā''، ــهـا/: [عربـی] *اسـم. [ادبـی]* خـــۆلادەری؛ دوورگـــری؛ ڕوو لـــێوەرگێـــڕی ‹امتناع او از دریافت پـول عجیـب نیست: خۆپـاریزی لە وەرگرتنی پارە سەیر نیە؟›.

امتنـــــــان / emtenān'/: [عربـــــی] *اســـم.* سپاسـگوزاری؛ دەسـخوەشـانەیـی؛ مالـەوایـی؛ خانـاوایی؛ پێزانی؛ شوکرانە بژێری.

امتیـــاز / emtiyāz'، ــهـــا؛ ـات/: [عربـی] *اسـم.* سەرپشکی: ۱. تازیاری؛ هـەڤـیازی؛ لـەسـەری؛ سەرتری؛ پێـشتری ‹امتیـاز او در ایـن است کـە بـە چند زبـان تـسلط دارد: تازیـاری ئـەو لـەمـەدایـە کـە بەسەر چەند زواندا شارەزایـی هـەیـە› ۲. پـشک؛ سەربەشـی؛ سـەرپـشکاویەتی؛ سـەربـەشـایەتی ‹آرام در مـسابقەی هـوش ۱۰۵ امتیـاز آورد: ئـارام لـە کێبـەرکێـی هۆشـدا ۱۰۵ پـشکی هێنـا› ۳. سـەربـەشـایەتی؛ مـافی تایبـەتی؛ ڕێپێـدانێک لە لایەن دەوڵـەتـەوە بـۆ کـردنی کـارێ ‹امتیـاز انتـشار روزنامـە: سـەربـەشـایەتی بـلاو کردنـەوەی ڕۆژنامە›.

▣ **امتیـــــاز دادن:** ۱. پـــــشک دان؛ دانی سـەرپـشکنامە بـە کـەسـێ ۲. *[مجـازی]* نمـرەدان؛ دانی نمـرە بـە بـەشـدار بـووانی کێبـەرکـێ ۳. *[کنـایی]* سەرپـشکی دان؛ سـەربـەشـایەتی دان؛ مـافی تایبـەتی دان ‹شاه بـە آمریکـا امتیازهـای زیـادی داده بـود: شـای ئێـران سـەرپـشکی زۆری دابـوو بـە ئـەمریکـا›.

هەروەها: **امتیاز گرفتن**

امتیازنامــە / emtiyāznāme'/: [عربـی/ فارسـی] ☜ **امتیاز-۳**

امتیــــــازی / emtiyāzî'/: [عربـــــی] *صـــفت.* سەربەشـێنە؛ سـەرپـشکی ‹چهـار امتیـازی: چـوار سەربەشینە›.

امثــال / amsāl'/: [عربـی] ۱. جمـعِ ☜ **مَثَــل** ۲. جمعِ ☜ **مِثل**

امثله / amsale, 'amsele'/: [عربی]جمعِ ☜ **مَثَل**

امحــا / emhā'/: [عربـی] *اسـم. [ادبـی]* کـردە و کـارەڕەهـاتی نـوغرۆ کـردن؛ کـلێس کـردن؛ هەشفاندن؛ هەرشاندن؛ تیا بردن؛ لەبەین بـردن؛ خـاپوورکردن؛ مـەحفـەوکـردن ‹امحـای جنگلهـا: تیابردنـی دارستانان›.

امــداد / emdād'، ــهـا/: [عربـی] *اسـم.* یارمـەتی؛ کۆمـەک؛ یـاردەی؛ فریـا؛ بـازگوڕی؛ کـار یـان ڕەوتی فریـا کـەوتـن، بـە تایبـەت بـە هانـا گەیشتنی زیان لێکـەوتـوان بـە هـۆی ڕووداوی سروشـتی یـان شـەڕەوە ‹گروههـایی از مـردم بـە امـداد آسیبدیـدەگـان شـتافتند: دەسـتەگـەلـێ لـە خەڵک چوونە یارمەتی زیان لێکەوتووانەوە›.

امدادرســانی / emdādresānî'، ــهـا/: [عربـی/ فارسـی] *اسـم.* یاریـدەری؛ کـار یـان ڕەوتی بـە دادگـەیـشتنی هـەژار و دامـاوان، بـە تایبـەت ئەوانەی کە بـە چـەترمـەگـەلی سروشـتی یـان شەڕ و ئاژاوە تووشیار بووگن.

امــــدادگر / emdādgar'، ــهـــا؛ ـان/: *اســم.* فریـــاڕەس؛ یارمـــەتیـــدەر؛ ئاریکـــار؛ هاریکـــار؛ کـەسـێ کـە کـاری یارمـەتی گـەیانـدن بـە داماوان و لێقەماوانە.

امــــــدادی / emdādî'/: [عربـــــی] *صـــفت.* یارمـــەتیدەر؛ ئاریکـــار ‹نیروهـــای امـــدادی: هێزگەلی یارمەتیدەر›.

امــر / amr'، ــهـا/: [عربـی] *اسـم.* ۱. / اوامـر/ فەرمان؛ دەسـوور؛ دەسـتوور؛ فـەرمـان؛ ئـەمـر؛

هەود ۲. / امور/ کار؛ هەرمانە؛ ئیش؛ کار و بار ۳. *[دستور]* فەرمان؛ فرمان؛ وشەیەکە ئەنجامی کارێکی دەوێت (وەکوو: برو، بیایید، بخوانند: بچۆ، بێن، بخوێنن) ٤. ڕووداو؛ پێشاما؛ پێشهات؛ ڕێکەوت.

◘ **امر به معروف:** فەرمان بە چاکە؛ ڕاسپاری بەچاکە.

امر خیر: ۱. کاری چاک؛ کاری نووک؛ کاریٚ قەنج ۲. *[کنایی]* زەماوەن؛ گۆوەند.

امر واقع: کاری کراو؛ کەردەوە؛ ئەوەی ڕووی‌داوە.

◘ **امر به کسی مشتبه شدن:** لە خۆ بایی بوون؛ لە خۆ خەرە/ خەڕا بوون؛ لە بەر لووتبەرزی، دەور و بەری خۆ باش نەناسین ‹دو بار که سلام کردیم، امر بهش مشتبه شد و خیال کرد برای خودش کسی است: دووجار کە چاک‌وخۆشیمان لەگەڵ کرد، لە خۆ بایی بوو، وایدەزانی بۆ خۆی شتێکە›.

امر دادن: فرمان‌دان؛ دەسووردان؛ فەرمان کردن. هەروەها: **فرمان کردن**

امرا / omarā'/: [عربی] جمعِ ☜ **اَمیر**

امرارمعاش / emrārema'āš, -māāš'/: [عربی] *اسم.* کاری ژیان بردنە سەر؛ گوزەرانی ژیان؛ ژیان بەڕێوە بردن؛ بژیو دەرهێنان؛ قەرقەدانەدن ‹او از دسترنج خودش امرار معاش می‌کرد: ژینی بە دەسڕەنجی خۆی دەبردە سەر›.

امراض / amrāz'/: [عربی] جمعِ ☜ **مَرَض**

امرأةالمسلسله / emra'atolmosalsale'/: [عربی] ☜ زن پای در زنجیر، **زن**

امربر / amrbar'، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] *اسم.* سەربازیٚ کە ئەرکی جێبەجێ کردنی کارگەلی ڕاژەیی ئەفسەری سەربازخانەیە (وەک پاک و خاوێن‌کردنەوەی ژوور وگەیاندنی ڕاسپاردە و ...).

امرد / amrad'، ـها/: *اسم.* بێ تووک؛ لاوژۆکی؛ بێ‌موو؛ کوڕێژگەی هێشتا موو دەرنەکەوتوو.

امردباز / amradbāz'، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] *اسم.* یزباز؛ بەچەباز.

امرداد / amordād'/ ☜ **مُرداد**

امرود / amrûd'، ـها/: *اسم.* ۱. هەرمیٚ کێویلە؛ هەمرۆکێفیلە؛ هەمرۆکووجیلە؛ هەمرۆکۆلە؛ مرووکوولە ۲. *[ادبی]* هەرمیٚ؛ هەمرۆ؛ هەمرۆگولاوی؛ مرۆ؛ هرمیک؛ مێوەیەکی بن‌خڕی درێژووکەیە، زۆر جۆری هەیە و پاییزان دەگات.

امروز[1] / emrûz'/: *اسم.* ئەمڕۆ؛ ئیمڕۆ؛ ئەمڕۆژ؛ ئیمڕۆژ؛ ئەوڕۆ؛ ئارۆ؛ هارۆ؛ ئەڤرۆ؛ ئیرۆ؛ ئێرۆ: ۱. ڕۆژیٚ کە تێیداین؛ نەدوێکە نەسۆزی ‹امروز جمعه است: ئەمڕو هەینیە› ۲. *[مجازی]* ئەم ڕۆژگارە؛ ڕۆژگار یان سەردەمی ئێستا ‹جوانهای امروز را نمی‌شود گول زد: لاوانی ئەوڕۆ فریو نادرێن›.

امروز[2]: *قید.* ئەمڕۆ؛ ئەوڕۆ؛ ئیمڕۆ؛ ئیمڕۆژ؛ ئیرۆ؛ ئارۆ: ۱. لە ڕۆژێکدا کە تێیداین ‹امروز می‌آید: ئەمڕو دێت› ۲. لەم ڕۆژگارەدا؛ ئەوڕۆکە؛ لەم سەردەما ‹امروز دیگر مردم آگاهند: ئەمڕۆ ئیتر خەڵکی بەخەبەرن›.

امروز و فردا[1] / emrûz-o-fardā'/: *اسم.* ئەمڕۆ سبەی؛ ئێمڕۆ سۆزی؛ ئیمڕۆ و شەوسۆ؛ ئیمڕۆ و سوو؛ لەم ڕۆژانە؛ چی‌ڕوانە؛ ئارۆ سەبەی؛ ڕۆژانی داهاتووی نزیک.

◘ **امروز و فردا کردن:** ئەمڕۆ و بەیانی کردن؛ ئیمڕۆ سۆزی‌کردن؛ دەسی دەسی‌کردن؛ ئەمڕۆ سبەی کردن ‹آن قدر امروز و فردا کرد که زمستان شد و همه جا را برف گرفت: ئەوەندە ئەمڕو و بەیانی کرد، زستان هات و بەفر دنیای داگرت›.

امروزوفردا[2]: *قید.* ئەمڕۆ و بەیانی؛ ئەمڕۆژ و

سبەی؛ ئیمڕۆ سۆزی؛ ئیمڕۆ شەوسۆ؛ لەم ڕۆژانە؛ ئارۆ سوا؛ لەمڕۆژانەدا؛ بەم زووە ‹امروز و فردا است کە بیاید: ئەمرو و بەیانیە کە بێت›.

امروزه / 'emrûze/: *صفت.* ئیمڕۆژە؛ ئیمڕۆژی؛ ئیمڕۆیی؛ ئەمڕۆکە؛ ئارۆیی؛ پێوەندیدار یان سەر بە کاتی ئێستا ‹جوان امروزه چشم و گوش باز شده است: لاوی ئیمڕوژی چاو و گوێی کراوەتەوە›.

امروزەروز / 'emrûzerûz/: *قید. [گفتاری]* ئەمڕۆکانێ؛ لەم کاتانە؛ ئێستا ئیدی؛ ئارۆ ئیتر؛ لەم ڕۆژگارەدا ‹امروزەروز کسی این حرفها را باور نمی‌کند: ئەمڕۆکانی کەسێ ئەم قسانە باوەڕ ناکا›.

امروزی / 'emrûzî/: *صفت.* ئیمڕۆژی: ۱. *[گفتاری]* ئەمڕۆکە؛ ئەوڕۆکە؛ پێوەندیدار یان سەر بە ئیمڕۆژە ‹نان امروزی کوچکتر است: نانی ئیمروژی چکۆلەترن› ۲. /ـها/ ئەمڕۆیی؛ ئیمڕۆیی ‹جوان امروزی: لاوی ئیمروژی›.

امرونهی / 'amr-o-nahy/: [عربی]/اسم. [مجازی] کار یان ڕەوتی دەسووردان؛ فەرمان‌دان بە دیتران ‹بعضی‌ها از امر و نهی به دیگران لذت می‌برند: برێک لە فەرمان‌دان بە دیتران خۆشیان دێت›.

امریسیم / 'amrîsiyom/: [فرانسوی] ☜ **آمریکیُم**

امریکائی / 'emrîkā'î/ ☜ **امریکایی**

امریکایی / 'emrîkāyî/ ☜ **آمریکایی: امریکائی**

امریه / 'amrîyye، ـها/: [عربی]/اسم. دەسوور؛ فەرمان (چ نووسراوە بێت چ سەرزارەکی).

امزجه / 'amzece/: جمعِ ☜ **مِزاج**

انسداد / 'ensedād، ـها/: [عربی]/اسم. گیراوی: ۱. *[نامتداول]* بەستراوی؛ گیریاگی؛ گیریاوی ۲. *[پزشکی]* ڕەوتی تەنگ بوونەوە یا گیرانی ڕیخۆڵە و دەمار و... ‹انسداد روده: گیرانی ڕیخۆڵە›.

انسیکلوپدی / 'ansîklopedî/: ـها/: [از فرانسوی]/اسم. فەرهەنگی بەرفراوان؛ کەشکۆڵی زانیاری: **دایره‌المعارف**

انسیکلوپدیست / 'ansîklopedîst/: ـها/: [از فرانسوی]/اسم. ۱. نووسەری فەرهەنگی بەرفراوان ۲. زۆرزان؛ پیتۆڵ.

انشا / 'enšā'/: [عربی]/اسم. ۱. *[قدیمی]* نووسەری ‹در دربار امیر بدرخان منصب انشا داشت: لە بارگەی میر بەدرخاندا لە سەر کورسی نووسەری بوو› ۲. ـها/ ئینشا؛ نووسین؛ پەیدا کردنی وشەو ڕستەی گونجاو بۆ نووسین.

انشاءالله / 'enšā'allāh/: [عربی] دعا. ئیشەڵلا: ۱. خوا حەزکا؛ خوا بیکا؛ هوومای بکۆ؛ ئەگەر خوا مەیلی بێ ۲. بە هومێدی خوا؛ بە یاری خودا ‹انشاءالله سال آینده خانه می‌خریم: ئیشەڵلا ساڵی داهاتوو خانوو دەکرین›.

انشعاب / 'enše'āb، ـها؛ ـات/: [عربی]/اسم. حاچە؛ فلیقانە؛ لق؛ پەل: ۱. پەل لێ‌بوونەوە؛ دیاردە یان ڕەوتی جیایی و شاخە شاخە بوون ۲. *[سیاست]* دیاردە یان ڕەوتی جیاوە بوونی دەستەیەک لە ڕێخراوەیەک، بۆ پێکهێنانی(یا چوونە لای) ڕێخراوەیێکی‌تر.

⊡ **انشعاب دادن**: پەل لێ‌بوونەوە/ لێ‌کردنەوە؛ گەیاندنی بەشێک لە خزمەتگەلی شاری بۆ گەڕەکێک.

انشعاب کردن: ۱. جیا بوونەوە ۲. دابەش

بـوون؛ لـق لێـوه بـوون؛ لـق لێبوونـەوە؛ پـەل دانەوە.

انـشعابی / 'enše'ābî، ـــهـا؛ ـــان؛ ـــون/: [عربـی] *صفت.* جیـاوەبـوو؛ جیـاوەبـووگ ‹گـروه انـشعابی: تاقمی جیاوەبوو›.

انــصار / 'ansār/: [عربـی] *اسـم. [ادبـی]* یـاوەران؛ یاریدەران؛ یاوەرێ؛ یاردەدەرێ.

انــصاف / 'ensāf/: [عربـی] *اسـم.* ١. ئینـساف؛ کـاری ڕەوا کـردن و لـە نـاڕەوا دوورگـرتن ٢. ڕاستی و دروستی.

▣ **انــصاف خواســتن:** دادخـــوازین؛ داوای ئینسافکردن.

انصاف دادن: حـەقـەو دان؛ بـە ڕێـکوپێکـی داوەریکردن.

انـصاف داشـتن: بـە ئینـساف بـوون؛ خـاوەن مروەت بوون.

انــصافاً / 'ensāfan/: [عربـی] *قیـد.* بـە ڕاسـتی ‹انصافاً گران است: بەراستی گرانە›.

انـــــصراف / 'enserāf/: [عربــــی] *اســـم.* ١. پاشـگەزی؛ تـەکینـەوە؛ دەسـتهـەڵـگری ‹انـصراف از تحـصیل: پاشـگەزی لـە خوێنـدن› ٢. چاوپۆشـی ‹انـصراف از قبـول هدیـه: چاوپۆشـی لـە وەرگرتنی دیاری›.

انــصرافنامه / 'enserāfnāme، ــهــا/: [عربــی/ فارسی] *اسم.* پاشـگەزنامـە؛ نامـەیێـک کـە تێیـدا نووسـەر تـەکینـەوەی خـۆ لـە کارێـک ڕادەگەیێنێت.

انــصرافی / 'enserāfî، ـــهــا/: [عربــی] *صـفت.* پاشـگەزینـە؛ پێـوەندیـدار یـان سـەر بـە پاشـگەزی ‹دانـشجوی انـصرافی: خوێنـدکاری پاشگەزینە›.

انـضباط / 'enzebāt/: [عربـی] *اسـم.* تـەکـووزی؛ ڕێکوپێکی؛ مرێسی.

▣ **انضباط داشتن:** ڕێکوپێک بوون.

انـــــضمام / 'enzemām/: [عربـــــی] *اســـم.* پەیوەست؛ کەوتنە پاڵـی شـتێک بـە شـت یـان شتگەلێکیترەوە.

انــــضمامی / 'enzemāmî/: [عربـــی] *صـــفت.* پەیوەستە.

انطــاکی / 'antākî/: [عربـی] *صـفت.* ئـەنتـاکی؛ پێوەندیدار یان سەر بە وڵاتی ئەنتاکیە.

انطبــاع / 'entebā'، ــات/: [عربـی] *اسـم. [قـدیمی]* چاپ.

انطباعــات / 'entebā'āt/: [عربـی] *اسـم. [قـدیمی]* چاپـەمـەنی: ١. کـەلوپـەلی چـاپ ٢. چـاپ؛ کار یان ڕەوتی چاپ کردن و بڵاوکردنەوە.

انطباق / 'entebāq/: [عربـی] *اسم.* دە قـاودە قـی؛ هــەمبــەری: ١. *[ادبـی]* وەک یــەک بــوون؛ وێــکهاتنــەوە؛ ئاوتــایی ‹**انطبــاق** بــا محـیط: دەقاودەقـی لـەگـەڵ دەوروبـەردا› ٢. ڕێـک بـوون ‹انطباق قانون: دەقاودەقی قانوون›.

انظــار / 'anzār/: [عربـی] *اسـم.* ١. جمــعِ ☜ **نَظَر**

انعــام / 'an'ām، ــهــا/: [عربـی] *اسم.* ١. *[ادبـی]* خــەڵات؛ ڕێزانــە ٢. شــاگردانە؛ هبـــوودی؛ بــەخــشش؛ ئــاوەڵانــە؛ چێــشتانە؛ ئـەنعــام؛ دەستخۆشانە؛ دەسخوەشـانە. هـەروەهـا: **انعـام دادن؛ انعام گرفتن**

انعطــاف / 'en'etāf/: [عربـی] *اسـم.* نـەرمـی: ١. دۆخ یان چۆنیـەتی چـەمانـەوە، ڕاسـت بوونـەوە و گـــەڕان بـــە هـــەر لایێکـــدا ٢. *[مجـــازی]* بەرهەڤی بۆ سازگار بوون لەگـەڵ کـەسـان یـان لـــە بەرامبـــەری ڕووداوی حـــەســـتەمـــدا. هەروەها: **انعطاف داشتن**

انعطافپـــــذیری / 'en'etāfpazîrî/: [عربـــــی/ فارسی] *اسم.* ١. نحیـز؛ شـلـک و شـیاوی؛ تـوانی بــاخواردن و پــێچدان ٢. توانــایی هــەڵــکردن لەگەڵ دەوروبەردا. هەروەها: **انعطافپذیر**

انعقــاد / 'en'eqād/: [عربـی] *اسـم.* ١. گرسـاوی؛ ڕەوتی گرسـان ‹انعقـاد خـون: گرسانـی خـوێن›

۲. کار یان ڕەوتی بەستن؛ گرێدان؛ دامەزراندنی پەیمان یان بڕیارنامەیەک ‹انعقاد قرارداد با شرکتهای خارجی: بەستنی بڕیارنامە لەگەڵ شەریکەگەلی بیانیدا› ۳. دانان؛ بەڕێوەبردن ‹انعقاد مجلس ترحیم: دانانی پرسە›.

انعکاس / en'ekās'، ـها؛ ـات/: [عربی]/اسم. وەدان؛ دانەوە؛ کەوانەکردنەوە؛ دەنگدانەوە.

▣ **انعکاس صوت**: زایەڵە؛ پێژن؛ گومنی؛ دەنگدانەوە.

انعکاس نور: بریقەدانەوە؛ شۆقدانەوە؛ تیشک گەڕانەوە؛ تیشک دانەوە؛ تیشک/ وێشک دانەوە؛ شەبقە دانەوە؛ کەوانە کردنیەوەی تیشک.

انغوط / anqût'/: [؟] ☜ **آنقوت**

انفارکتوس / anfārktûs'/: [فرانسوی]/اسم. *[پزشکی]* سەکتە؛ جەڵتە؛ جەڵدە؛ دڵەکپێ؛ لە کار کەوتنی دڵ بۆ تاوێک.

انفاس / anfās'/: [عربی] جمعِ ☜ **نَفَس**

انفاق / enfāq'، ـها/: [عربی]/اسم. خێر؛ بەخشش.

▣ **انفاق کردن**: بەخشین؛ پێدان؛ خێر کردن.

انفال / anfāl'/: [عربی]/اسم. ئەنفال: ۱. *[اسلام]* دەسکەوتگەلی شەڕ؛ زەوی بایەر؛ جەنگەڵ؛ کان و میراتی بێمیراتبەر کە بۆ فرۆش نابێ و دەبێتە ماڵی هەموو موسوڵمانان ۲. زنجیرە ڕەشکوژیەکانی ڕژێمی بەعسی عیراق لە کوردان، بە ئامانجی لە ناو بردنیان.

انفجار / enfecār' ، ـها؛ ـات/: [عربی]/اسم. کار و ڕەهاتی تەقینەوە؛ تۆقانەوە؛ ترەقینەوە؛ پەقین؛ تەقایەوە: ۱. ترەکینەوە ‹انفجار بمب: تەقینەوەی بووم› ۲. *[کنایی]* کوتوپڕ زۆر بوون ‹انفجار جمعیت: تەقینەوەی حەشیمەت›.

▣ **انفجار بزرگ** ☜ **مهبانگ**

انفجار جمعیت: تەقینەوەی حەشیمەت؛ لەپڕ زۆر بوونی خەڵک.

انفجاری / enfecārî'/: [عربی] صفت. تەقینەوەیی ‹تلەی انفجاری: تەڵەی تەقینەوەیی›.

انفراد / enferād'/: [عربی]/اسم. *[نامتداول]* تەنیایی؛ بە تەنێیەتی.

انفرادی / enferādî'/: [عربی] صفت. تەنیایی؛ تەنها؛ بەتەنێ؛ تاکەکەسی؛ بێ کەسێکی تر ‹اتاق انفرادی: ژووری بە تەنیایی›.

انفس / anfos'/: [عربی] جمعِ ☜ **نَفْس**

انفصال / enfesāl'/: [عربی]/اسم. لێکبڕاوی: ۱. وەلانراوی؛ دەرکراوی؛ کار یان ڕەوتی لابردن لە کارێک ‹به انفصال دایم از خدمات دولتی محکوم شد: بە لێکبرانی هەمیشەیی لە ڕاژەگەلی دەولەتی مەحکووم کرا› ۲. *[نامتداول]* جیایی؛ دابڕاوی؛ جیابوونەوە؛ لێک بوونەوە؛ جیا کردنەوە؛ هەڵکەندن.

انفعال / enfe'āl'، ـها؛ ـات/: [عربی]/اسم. ۱. بێجموجوولی؛ دژدامـاوی؛ ڕەوتی تێوەگلان؛ پێوە بوون؛ دۆخ یان چۆنیەتی نەبوونی چالاکی کارتێکەر ‹ارتش دشمن در حالت انفعال به سر می‌برد: ئەرتەشی دوژمن لە بێجموجوولیدایە› ۲. خەجاڵەتباری؛ شەرمەساری؛ تەریقەو بوون؛ بە خۆدا شکانەوە؛ سەرشۆڕی.

انفعالی / enfe'ālî'/: [عربی] ☜ **مُنفعل**

انفکاک / enfekāk'/: [عربی]/اسم. جیایی؛ کار یان ڕەوتی لێکجیاوە بوون.

انفلاسیون / anfelās(i)yon'/: [فرانسوی] اسم. *[اقتصاد]* ئاوسانی پارە؛ کیسی پوولی؛ ڕەوتی بەرە بەرە کەمبایەخ بوونەوەی پارەی وڵاتێک لە چاو پارەی وڵاتانی تر و

کزبوونەوەی بۆ شت‌کرین.

انفکـاک / 'enfekāk/: [عربی]/اسم. جیایی؛ کار یان ڕەوتی لێک جیاوە بوون.

انفیـه / 'anfîye/: [عربی]/اسم. نـشووک؛ سوعووتی؛ سعووتی؛ بـڕنوتی؛ کۆمـەڵـەیێـک لـە هـاردڕاوەی دەرمانگـەلی بۆنخـۆش و پژمەهێنەر کە بە مەبەستی سەرخۆش بوون هەڵیدەمژن.

انقبـاض / 'enqebāz، ـها؛ ـات/: [عربی]/اسم. ڕەوتی هاتنـەوەیـەک؛ هاتنـەیـەک؛ فلـین؛ چوونـەیـەک؛ گرژینـا: ١. دۆخ یـان چۆنیـەتی کۆوە بوون و چوونـە نـاو یـەک ‹انقباض پوستەی زمـین: هاتنـەوەیـەکـی پێـستەی زەوی› ٢. [فیزیک] کـەمبوونـەوەی بارسـتایی شـتێک بـێ پەیدابوونی ئـاڵوگـۆڕ لـە تایبـەتمـەندیەکانیـدا ٣. [فیزیولـوژی] دۆخ یـان ڕەوتی خـڕ بوونـەوەی ماسوولەگەلی لەشی گیانلەبەرێک.

انقباضـی / 'enqebāzî/: [عربـی] صـفت. هاتنەیـەکـی؛ هاتنـەوەیـەکـی ‹حرکـت انقباضـی: جوولانی هاتنەیەکی›.

انقـراض / 'enqerāz/: [عربی]/اسم. تـەفـر و توونـا؛ قـەلاچـۆ؛ قـڕ؛ کـار یـان ڕەوتی تیاچوون یـان هـەڵـپێچانەوە ‹حملـەی اسـکندر موجـب انقـراض سلـسلەی هخامنـشی شـد: هێرشـی ئـەسـکەنـدەر بـوو بـە هـۆی تـەفـر و توونـای زنجیرەی هەخامەنیشی›.

انقـضا / 'enqezā/: [عربی]/اسم. تێپـەڕی: ١. دۆخ یان چۆنیەتی تێپـەڕیـن و بـە سـەر چـوون (کـات یـان کەڵـک) بـۆ شـتێ یـان مەبەسـتێک ‹انقـضای مهلـت معـین: تێپـەڕ بـوونی مـاوەی دیاریکراو›.

▣ **انقضا یـافتن:** تێپـەڕ بـوون؛ بـەسـەرچـوونی کـات/ کەڵـکی پێویـست؛ دوایـی هـاتنی کات/ کەڵک بۆ شتێ یان مەبەستێک.

انقطـاع / 'enqetā'/: [عربـی]/اسـم. [ادبـی] بـڕاوی؛ پچـڕاوی؛ پـساوی؛ دابـڕاوی؛ لێکبـڕاوی؛ بـڕیاگی؛ وەسـان ‹نقطـەی انقطـاع: خالـی لیکبرانەوە›.

انقـلاب / 'enqelāb، ـها؛ ـات/: [عربـی]/اسم. ١. [سیاسـت] بزووتنـەوە؛ ڕاپـەڕیـن؛ شـۆڕش؛ هەڵتەزینەوە؛ گـەلـەکۆمـەی ئاپۆرەی خـەڵـک دژ بـە دەسـەڵاتـداران ‹انقـلاب مـردم ایـران در سال ١٣٥٧ رخ داد: بزووتنەوەی خـەڵکی ئێـران لـە سالـی ١٣٥٧دا بـوو› ٢. ئـاڵوگـۆڕی؛ هـەڵـتەزینـەوە ‹انقـلاب جـوی: ئـاڵوگـۆری کەشی› ٣. [نجوم] هـەڵـگەڕانـەوە؛ گـەیـشتنی خـۆر بـە دوورتـرین/ نزیکتـرین شـوێنی خـۆی لـە دانیـشتوانی زەمینـەوە ‹انقـلاب تابـستانی: هەلگەرانەوەی هاوینی›.

▣ **انقـلاب آزادیـبخش** ☜ **انقـلاب رهاییبخش**

انقـلاب اسـتقلال طلبانـه ☜ **انقـلاب رهاییبخش**

انقـلاب بـورژوازی: شۆرشـی بازاڕیگـەل؛ شۆڕشـی بـە ڕێبـەرایـەتی پیـشەکـاران و بازرگانـان بـۆ هـەڵـگەڕاندنـەوەی دەسـەڵات، زل زەویندارات و شا و مەلایان.

انقـلاب تابـستانی: هـەڵـگەڕانـەوەی هـاوینی؛ گە یشتنی خۆر بـە دوورتـرین شـوێنی خـۆی لـە دانیـشتوانی زەوینـەوە، لـە سـەرەتـای هاویندا.

انقـلاب رهـاییبخـش: شۆرشـی ڕزگاری خـوازی؛ شۆرشـی دژ بـە بیانیـان، بـۆ گـەیـشتن بـە سـەربـەخـۆیی نـەتـەوەیـی: **انقلاب آزادیبخش؛ انقلاب استقلال‌طلبانه**

انقـلاب زمـستانی: هـەڵـگەڕانـەوەی زسـتانی؛ جێگـر بـوونی خـۆر لـە دوورتـرین شـوێنی خۆی لـە دانیـشتوانی زەوینـەوە، لـە کۆتـایی مانگی سەرماوەز و سەرەتای زستاندا.

انقـلاب سـبز: شۆرشـی سـەوز؛ گۆڕانکـاری

زانستی و بنەڕەتی لە شێوازی کشت و کاڵیدا.

انقلاب سرخ: شۆرشی سوور؛ شۆرشی کاریگەری و سەپانی کە هاوڕێ لەگەڵ خوێنڕژان و کەللەپژانە.

انقلاب سفید: شۆرشی سپی؛ ناوێک بوو حەمەرەزاشای پەهلەوی دابوویە بەرنامەگەلی کۆمەلایەتی خۆی.

انقلاب سوسیالیستی: شۆرشی کۆمەڵەخوازی؛ شۆرشی زەحمەتکێشان بۆ هەموانی و نەتەوەیی‌کردنی سەرمایە و ئامێرگەلی داهێنەر.

انقلاب صنعتی: شۆرشی پیشەسازی؛ ئاڵوگۆڕێکی گەورە کە بە دوای بەکار هێنانی هێزی هەڵم لە بریتانیای سەدەی نۆزدەوە و دوایی لە ولاتانی تری ئوورووپای رۆژاوا و ئەمریکا و ژاپوندا سەری هەڵدا.

انقلاب فرهنگی: شۆرشی فەرهەنگی؛ تێکۆشانی بە پەلە و تون‌وتیژی برێ لە حکوومەتە تازەکان بۆ ئاڵوگۆڕ پێدانی یەکجارەکی فەرهەنگی نەتەوەیەک و دووربوونەوە لە هەرچی لە حکوومەتی پێشوودا باو بووە.

انقلابی / 'enqelābî/: [عربی] *صفت.* ۱. /ـها؛ ـان؛ ـون/ شۆرشگێڕ؛ شۆرشڤان؛ خەباتگێڕ؛ لایەنگری شۆرش؛ کەسێ کە لە راپەڕینی گەل دژی دەسەلاتدار، بەشداره ۲. شۆرشگێرانه؛ شۆرشی؛ سەر بە شۆرش ‹سخنان انقلابی: قسەی شۆرشگێرانه›.

انقلابین / 'enqelābeyn/: [عربی] *اسم.* *[نجوم]* دوو شوێن لە کە شدا کە خۆر، ساڵێ جارێک دەکەوێتە هەرکام لەو شوێنانە؛ یەکێکیان لە سەرەتای هاوین (هەڵگەڕانەوەی هاوینی) و ئەویکەیان لە سەرەتای زستاندا (هەڵگەڕانەوەی زستانی).

انقیاد / 'enqiyād/: [عربی] *اسم.* *[ادبی]* نۆکەری؛ فەرمانبەری؛ سەرسپێراوی.

انکار / 'enkār/: [عربی] *اسم.* حاشا؛ هاشا؛ ئینکاری؛ ماندەل؛ نەدرکاندنی راستی.

▣ **انکار کردن:** حاشا کردن؛ ئینکارکردن؛ خوەنین؛ نەچوونە ژێر؛ دانەژێر؛ وەرنەگرتن ‹دزدیدن ساعت را انکار کرد: دزینی سەعاتەکەی حاشا کرد›.

انکرالاصوات / 'ankarolasvāt/: [عربی] *اسم.* بۆڕه؛ سەرە؛ زڕ و زل‌ترینی دەنگان.

انکسار / 'enkesār/: [عربی] *اسم.* *[ادبی]* ۱. /ـها/ شکاوی؛ شکەس؛ شکاویەتی؛ داشکاوی؛ مرپایی ۲. خاکەساری؛ خۆشکێنی.

انکشاف / 'enkešāf/: [عربی] *اسم.* *[نامتداول]* کار یان رەوتی دۆزرانەوە؛ یۆزیایوه.

انکوباتور / 'ankûbātor، ـها/: [فرانسوی] *اسم.* ۱. ماشێنی جووجەڵەکێشی ۲. دەزگای چاندنی باکتری لە ئازمایشتگادا ۳. *[پزشکی]* دەزگای راگرتنی منالی تازەبوو و کاڵ لە نەخۆشخانەدا.

انکیزیسیون / 'ankîzîs(i)yon/: [فرانسوی] *اسم.* برواپشکنی؛ زنجیرە کارگەلی کلیسا لە سەدە ناوەندیەکان لە ئوورووپادا، بۆ سەرکوت‌کردنی نەیاران.

انگ / 'ang، ـها/: *اسم.* ۱. نیشانه؛ درۆشم؛ نیشانەیێک کە دەیکوتنە سەر کالادا ۲. *[نامتداول]* شیره؛ رینگ؛ رنگ؛ ئاو و تراوی میوەی گووشراو ۳. *[نامتداول]* گونج؛ تەنبووره؛ زەنبووره؛ گۆنج؛ حوشترگەڵوو.

▣ **انگ انداختن:** ۱. تۆم تکاندن؛ بەر هاویشتن/ خستن؛ تامازرۆیی‌کردن ۲. زۆر بە نیاز بوون.

انگ زدن: ۱. نیشانە لێدان؛ درۆشم کوتان؛ مۆر لێدانی کالا ۲. *[کنایی]* بوختان

کردن؛ ناتۆره لێنان؛ ناو نیتکه لێ‌نیان.

انگار[1] / engār' ، ـهـا/: اسم. [نامتداول] گومان؛ گریمان؛ گاوا؛ تێـڕوانین؛ بۆچـوون؛ مـەرسـە؛ وازانین.

انگار[2]: قید. ١. وێـدەچـێ؛ وادیـارە؛ وادیـار ئـەدا؛ خویایە؛ گوایە؛ گـاوا؛ هـەر دەڵـێی؛ هـەروەکـی؛ هەچکوو؛ مەنی؛ مـەری؛ مـاچی؛ ئجیـۆ؛ ئـەجـۆ ‹هـیچ تکـان نمـی‌خـورد، انگـار مـرده اسـت: هـیچ ناجمـێ، هـەر دەڵـێی مـردووە› ٢. وابزانـە؛ وابـزا؛ گریمان؛ وابـزانم؛ پاسـە بزانـە ‹انگـار مـن مـردەام، تـو چطـور مـی‌خـواهی زنـدگی کنـی؟: وابزانـە مـن مردووم، تۆ چۆن دەتەوێ بژیت؟›.

▣ **انگـار نـه انگـار**: وەک ئـەڵـێی... نـە...؛ مـەرەجیـۆ ‹انگـار نـه انگـار پـدر و پـسریم: وەک ئەڵێی باب و کوڕ نەبین›.

ـ **انگار**[3]: پیواژه. ـگر ‹سهل‌انگار: سووک‌گر›.

انگـاره / engāre' ، ـهـا/: اسم. ١. گریمـان ٢. [نقاشی] گەلاڵـە؛ شـێواز؛ ڕێـژەی سـەرەتـایی ٣. [ریاضی] بیچم؛ تـەشـک؛ وێنـە ٤. کلافـە؛ قـڵف؛ ئاڵـقەیـەکـی دەسـتەدار بـۆ دەوری ئیـسکان و لیوان.

انگاریدن / engārîdan' ☜ **انگاشتن**

انگاشـــت / engāšt'/: اسـم. وەهـم؛ گومـان؛ گریمان.

انگاشـــتن / engāštan'/: مـصدر. متعـدی. //**انگاشـــتی**: واتزانی؛ **مـــی‌انگـــاری**: وادەزانی؛ **بینگـــار**: وابزانـە// ١. وازانـین؛ گومـان بـردن؛ سـەبـارەت بـە شـتێ یـان کـەسـێک داوەری کـردن، بـە بـێ‌ئـەوەی دروسـتی یـان نادروسـتیەکـەی ڕوون بێتـەوە ٢. ئـەجیـەی؛ شتێ یـان کـەسـێک بـە جێـی دیتـری ڕەچـاو کردن ‹او را مادر خود انگاشتن: ئـەو بـە دایکـی خـۆ زانین› ✻ **انگاریدن**. هەروەها: **انگاشتنی**

■ صـفت مفعـولی: **انگاشـــته** (وازانـراو)/ مـصدر منفی: **نَینگاشتن** (وانەزانین)

انگبار / angabār' ☜ **آنجبار**

انگبـین / angabîn' ، ـهـا/: اسم. [ادبی] ١. هـەمگـین؛ هـەنگـوین؛ هـەنگـوێن؛ هنگـڤین؛ هەنکف؛ هـەنگـەمـین ٢. شـیرە؛ ڕینـگ؛ ڕنـگ ✻ **انجبین**

انگدان / angadān' ☜ **آنجَدان**

انگـشت / angošt'/: اسم. قامـک؛ ئـەنگوسـت؛ ئـەنگـووس؛ ئـەموسـت؛ هونگوسـت؛ هنگـست؛ هنگوست: ١. /ـها؛ ـان/ تبـل؛ تـل؛ تلـی؛ تلـهی؛ تپـل؛ پـل؛ پلـی؛ پیلـک؛ کلـک؛ کلکـە؛ کیلـک؛ دپـل؛ گـست؛ گێـشت؛ کـشک؛ هـەر کـام لـە ئەندامگـەلی دواینـەی دەسـت و پێـی مـرۆڤ و زۆرێـک لـە گوهانـداران و پـەلـەوەران، کـە لـە مـرۆڤ و بـڕێک گیانـەوەریتـردا بـە نینـۆک دوایـی پـێ دێ ‹انگـشت دسـت: ئـەنگوسـتی دەسـت› ٢. یـەکـەی درێژایـی بـەرانبـەر بـە ٥ سـانتیمتر ‹بـه طـول چهـار انگـشت: بـە درێـژی چوار قامک›.

▣ **انگشت ابهام** ☜ **انگشت شست**

انگـشت اشـاره: قامکـەشـادە؛ دۆشـاومژە؛ دووهـەمـین قامـک کـە کـەوتۆتـە پـەنـای ئەنگوستە گەورەوە: **انگـشت سبّابه؛ انگـشت شهادت**

انگشت بنصر ☜ **انگشت حلقه**

انگـشت حلقـه: براتووتـە؛ تیکلـەلێـسە؛ توتوانک؛ والـە گولـێ؛ قـامکی نێـوان تووتـە و بالابەرزە.

انگشت سبابه ☜ **انگشت اشاره**

انگـشت شـست: کـەلـەموسـت؛ قامکـە زلـە؛ گـشت پلـل؛ گـشتا پلـل؛ تـبلا مـەزن؛ تلیـا مـەزن؛ قامکـە گـەورە؛ ئـەنگووسـە گـەورە؛ کلکـەکـەلـە؛ کلکـەگـەورە؛ پنجـە گـەورە؛ کەلە ئەموست؛ کـەڵـە ئـەنگوسـت؛ بـەرانـێ؛ هـەپـشە کوشـێ؛ یـەکـەمـین و چـاخترین قامکی دەست و پا: **انگشت ابهام**

انگشت شهادت ☜ **انگشت اشاره**

انگشت کوچک: تووته؛ پووته؛ پیت؛ قلیچ؛ قلیچان؛ قلّینج؛ قینجک؛ قلینجک؛ تبلیا بیچک؛ گشت قلانج؛ گشتا میت؛ کولێ؛ گولێ؛ قامکە تووتە؛ قامکە چکۆلە؛ بچووکترین و ئاخرین قامک.

انگشت وسط: زەڕنەقووتە؛ بەرزەملێ؛ تلیا ناوین؛ گیشتا مێونەن؛ بالابەرزە؛ تلیاناوی؛ قامکی قووتێ؛ قامکە قوچە؛ ئال؛ تبلی ناوی؛ سێهەم قامک لە پەنجەدا.

▣ **انگشت بە دهان/ لب ماندن**: *[کنایی]* واقوڕمان؛ سەرسووڕمان.

انگشت بە لب گذاشتن / نهادن: *[مجازی]* خوازیاری بێدەنگی بوون؛ داوای بێدەنگی کردن.

انگشت رساندن: *[کنایی]* دەس پێ گەیاندن؛ دەسدرێژی کردن؛ دەس یاونەی.

انگشت زدن: ١. دانانی قامکی شادە لە سەر بەڵگە ٢. قامک لێدان؛ کلک چەقنانە ‹انگشت بزن ببین داغ نباشد: قامکی لیدە بزانە داخ نەبێ›.

انگشت کسی در کار بودن: *[کنایی]* لەژێرەوە دەستی کەسێکی تێدا بوون؛ دەس تێوەردانی پەنامەکی کەسێک.

انگشت کوچک کسی هم نشدن: قامکە چکۆلەیشی نەبوون؛ زۆر کەمتر بوون لە کەسێک ‹آرام انگشت کوچک پدرش هم نمی‌شد: ئارام قامکە چکولەی باوکیشی نەدەبوو›.

انگشت گذاشتن: ١. قامک نانە بان شتێکەوە؛ شتێک نیشاندان؛ کلک ئاستەیرە ٢. دەس نیانە سەر شتێک؛ سوور بوون لە سەر باسێک. هەروەها: **انگشت نهادن**

انگشت گزیدن: *[کنایی]* ئەنگووس بردنە دەما؛ پەژیوان بوونەوە؛ ئاخ هەڵکێشان.

انگشت نهادن ☜ **انگشت‌گذاشتن ـ٢**

انگشتانه / angoštāne/'. ـــهـــا/:/اسم. ١. ئەنگووسەوانە؛ پەنجەوانە؛ گوزڤان؛ قووچەکە؛ سەرتلی؛ سەرتلیک؛ گوستیل؛ قووچەکە دورمان؛ ئەموستانە؛ هەنگوستیر؛ هەنگوستەک؛ تبلک؛ کۆڤک؛ قوومچک؛ تلەک؛ دەزگا؛ دەسگا؛ هنگوستۆک؛ هنگستۆ؛ نازەنگوشت؛ کێلکەوانە ٢. گوڵەمەنگوولە؛ کاسەگوڵ؛ دەرمانەدڵە؛ وەرەگیا؛ بنەگیایەکی دوو تا سێ ساڵەیە کە ساقەتەی خڕ و گەڵای پان و گەورە و بنی ئەستوور و ڕاستی هەیە ٣. کلکەوانە؛ ئەنگووسەوانە؛ گوڵی گیای گوڵەمەنگوولە کە ڕاست وەک ئەنگووستەوانەی درووما‌نە و بۆ دەرمان ئەشێ.

انگشت‌بر / angoštbor/' ☜ **آبدُزدک ـ٢**

انگشت‌پیچ / angoštpîč/'. ـــهـــا/:/اسم. ئەنگوست پێچ؛ جۆرێک شیرینیە.

انگشتر / angoštar/'. ـــهـــا/:/اسم. گشتانە؛ گشتر؛ کلکەوانە؛ کلوانک؛ کۆلکانە؛ ئەنگولیسک؛ هەنگولیسک؛ هونگوستیل؛ هونگوستیلک؛ ئەنگوستیلە؛ هەنگوسانە؛ ئەنگوستەویلە؛ ئەنگوستانە؛ ئەنگوشتەر؛ ئەموستەوێلە؛ ئەوستیلە؛ هونگولیر؛ هنگلیسک؛ هنگولسیک؛ گوستیل؛ گوستیلک؛ گوستیرک؛ ئاڵقەی خشڵی قامک: **انگشتری**

انگشتری / angoštarî/'. ـــها/:/اسم. *[ادبی]* ☜ **انگشتر**

انگشت‌شمار / angoštšomār/': صفت. ئەنگوستژمێر؛ بە ژمارەی قامکی دەستێک؛ چەند دانە؛ چوار ـ پێنج دانە .

انگشتک / angoštak/': /اسم. ١. پل؛ پلە؛

پلیٚ؛ پل تەقێنە؛ تلی ۲. قامکینە؛ تلین؛ وەک قامک.

◘ **انگشتک زدن:** پل لێدان؛ پل تەقاندن؛ پلە لێدان.

انگشت‌نگاری / angoštnegārî' ، ـها/:اسم. قامک‌مۆر؛ پەنجەمۆر؛ کار یان ڕەوتی هەڵگرتن و تۆمارکردنی ئاسەواری هێڵی سەرقامکان (بەتایبەت قامکە شادە) بۆ ناسینەوەی خاوەنەکەی.

انگشت‌نما / angoštnemā'/: صفت. [گفتاری] بەرچاو؛ دیار؛ کلکەنما؛ گای قەشان؛ گای مارۆ؛ ناسراو (بە تایبەت بۆ خراپە) ‹در شیطنت انگشت‌نما بود: لە هاروهاجیدا بەرچاو بوو›.

انگشتی[1] / angoštî' ، ـها/:اسم. ۱. پەنجەوانە؛ جێگای قامکان لە دەستەوانەدا ۲. ملهێب؛ شەنە؛ شەن؛ شەنیٚ ۳. ئەنگوستانە؛ شوێنێک لە پەڕەی کتێب و دەفتەر (بەتایبەت فەرهەنگ) کە شوێنی قامکی لیٚ هەڵدەکەنریٚ و پیتی ئەلفوبێتکەی لیٚ دەنووسریٚ تا بەو نیشانەوە بەشی خوازراو زووتر بدۆزرێتەوە: **اندیسک؛ ایندکس**

انگشتی[2]: صفت. قامکینە؛ خاوەنی قامک ‹شش انگشتی: شەش قامکینە›.

انگل / angal' ، ـها/:اسم. لاکوت: ۱. بوونەوەرێک کە لە پەنای بوونەوەرێکی دیکەدا دەژی و بژیوی لەوە ‹انگل روده: لاکوتی ڕیخۆڵە› ۲. [مجازی] پاشاو خۆر؛ بەرماو خۆر؛ سەربار؛ لامێژ؛ لامژ؛ خۆرە؛ مشەخۆر؛ چەورە؛ لاورگە ‹آدم انگلی: مرۆی لاکوت›.

انگل‌شناسی / angalšenāsî'/:اسم. لقێکی ژینگەناسیە کە لاکوتگەلی گیایی و جانەوەری دەناسێتەوە و لێدەکۆڵێتەوە. هەروەها: **انگل‌شناس**

انگلک / angolak'/:اسم. ۱. پووتە؛ کلکەتووتە؛ قلینجک؛ قامکی چکۆلە ۲. سووک؛ بز؛ کلکەقنگی؛ جووک؛ جۆنگ؛ جووز؛ جوز؛ چووز؛ کلکەبزیٚ؛ چوکڵەبزیٚ؛ کاری پەنجە بۆ قنگ بردن: **انگولک**

◘ **انگلک کردن:** [کنایی] چوکڵە چزیٚدان: ۱. دەسکاری کردن ۲. چۆڵە چزیٚدان؛ کلکەبزیٚدان؛ ئازاردان ‹این قدر این بچە را انگلک نکن: هێندە چولەچزیی ئەم منداڵە مەدە›.

انگلی / angalî'/: صفت. ۱. لاورگانە؛ مشەخۆرانە؛ پاشاوخۆری؛ چەورەیی؛ لامژی ‹زندگی انگلی: ژیانی لاورگانە› ۲. لاکوتی؛ سەرچاوەگر لە لاکوت ‹بیماریهای انگلی: نەخۆشینی لاکوتی›.

انگلیسی[1] / engelîsî'/:اسم. ئینگلیزی؛ ئینگلیسی: ۱. /ـها؛ ـان/ خەڵکی ئینگلیز ۲. لە زمانگەلی هێندو ئورووپایی؛ زمانی دانیشتوانی دورگەی ئینگلیز، ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئوسترالیا و زوربەی کانادا و بریٚ لە ولاتانی‌تر.

انگلیسی[2]: صفت. ئینگلیزی؛ ئینگلیسی؛ پێوەندیدار یان سەر بە ئینگلیز.

انگم / angom'/:اسم. جەوی؛ جیوە؛ جەوگ؛ ژوی؛ شیرەی هەنگوژە؛ شیرەی گیای هەڵز؛ جیوەی ڕەشە گوێنی ڕەق‌هەلاتووی دار.

انگور / angûr' ، ـها/:اسم. تریٚ؛ تری؛ ترە؛ هەنگوور؛ هەنگووری؛ هەنگۆر؛ هەنگوورە؛ هنگور؛ هنگەریر؛ هەنگیر؛ هەنوویر؛ هەوور؛ ئەنگوور؛ ئەنیوور؛ ئەنگیر؛ ئەنگیر؛ میوەی دارە مێو.

◙ **انگور فرنگی:** تەرزەمارانە؛ تریٚمارانە: **دیوانگور؛ تالش انگور**

انگورپزان / angûrpazān'/:اسم. ڕەزبەر؛

بۆڵەوەرە؛ وەرزی پێگەیشتنی ترێ.

انگولک / angûlak'/ ☜ **اَنگُلَک**

انگیختن / angîxtan'/: *مصدر. متعدی. [ادبی]* //**انگیختی**: دنەتدا؛ **میانگیزی**: دنەدەدەی؛ **بینگیز**: دنە بدە// ۱. دنەدان؛ بزواندن؛ هەڵخراندن؛ دامۆچاندن؛ هێزاندن؛ هۆرخێزنەی؛ بوونە هۆی کارێک یان مەبەست و هەنگیزەییەک ۲. ئاخێزاندن؛ بەدیهێنان؛ بەرهەمهێنان؛ وەش کەردەی ‹ترحمی در دل آرام انگیخت: بەزەییێکی لە دڵی ئارامدا ئاخێزاند› ۳. هەڵپێچاندن؛ دنەدان؛ هاندان؛ هەڵخراندن ٤. *[قدیمی]* هەنگاوتن؛ ئەنگاوتن؛ هەنگووتن؛ ناردن؛ بەڕێ کردن؛ ڕەوانەکردن؛ کیاسەی ٥. *[قدیمی]* بزواندن؛ جووڵاندن؛ لڤاندن؛ نرڤاندن؛ لەبتاندن؛ ئەرەجمنەی؛ جووڵنەیەوە؛ لە جێگەی خۆ جماندن: **برانگیختن؛ انگیزاندن**. هەروەها: **انگیختنی**

■ صفت فاعلی: **انگیزنده** (دنەدەر) / صفت مفعولی: **انگیخته** (دنەدراو) / مصدر منفی: **نینگیختن** (دنە نەدان)

انگیخته / angîxte'/: *صفت. [ادبی]* هێزراو؛ ئاخێزراو؛ هەڵخرێنراو؛ وروژاو.

ـ انگیز / angîz'/: پیواژە. ــ بزوێن؛ ــ هێژێن؛ وەدیهێنەر ‹دلانگیز؛ غمانگیز: هەستبزوێن؛ خەمبزوێن›.

انگیزاندن / angîzandān'/: *مصدر. متعدی. [نامتداول]* بزواندن؛ هەڵخراندن؛ وروژاندن: **انگیختن**. هەروەها: **انگیزاندنی**

■ صفت فاعلی: **انگیزاننده** (بزوێنەر)/ صفت مفعولی: **انگیزنده** (بزوێنراو)/ مصدر منفی: **نَینگیزاندن** (نەبزواندن)

انگیزش / angîzeš'/: *اسم.* بزوان؛ هەڵخران: ۱. کار یان ڕەوتی بزواندن؛ هێژاندن ۲. زیخان؛ ئەوەی کە زیندەوەرێک هان دەدا بۆ درێژەدان بە ژیان و پێویستیەکانی تێکۆشێ.

انگیزنده / angîzande'/: *صفت.* هەڵخرێنەر؛ بزوێنەر؛ وروژێنەر؛ دامۆچێنەر.

انگیزه / angîze'، ـها/: *اسم.* بزوێنە؛ ئەنگێزە؛ هەنگێزە: ۱. واز؛ ئەوەی دەبێتە هۆی بزواندن ۲. هۆ و هۆکارێک کە جم و جووڵی ژیندەوەران بەدی دێنێت یا زیادی دەکا.

انوار / anvār'/: [عربی] جمعِ ☜ **نور**

انواع / anvā''/: [عربی] جمعِ ☜ **نَوع**

انهار / anhār'/: [عربی] جمعِ ☜ **نَهر**

انهدام / enhedām'/: [عربی] *اسم. [ادبی]* ۱. وێرانی؛ خاپووری؛ کاولی ‹انهدام پلها: وێرانی پردگەل› ۲. تیاچوویی؛ نابوودی؛ لەبنهاتوویی ‹انهدام سپاه دشمن: نابوودی سپای دوژمن› ۳. وێرانکاری؛ کاولکەری؛ ڕووخێنەری؛ کار و ڕەوتی داتەپاندن؛ هەڕماندن؛ تێکڕماندن ‹چنگیز به قتل و غارت و انهدام شهرها پرداخت: چەنگیز کەوتە کوشت و بڕ و وێرانکاری شارگەل›.

انیاب / anyāb'/: [عربی] *اسم. [ادبی]* کەڵبە؛ کەڵوە؛ کلب؛ چوار ددانی چزداری بان و خواری دوو سووچی دەم: **نیش**

انیس / anîs'/: [عربی] *اسم. [ادبی]* یار؛ هۆگر؛ هاودەنگ؛ ئاودەنگ؛ هاودەم؛ هەڤال؛ هەواڵ؛ ئەوەی خۆ بە دۆستایەتیەوە دەگرێ.

انیسون / anîsûn'، ـها/: [معرب از یونانی] *اسم.* ڕازیانەی ڕۆمی؛ ڕازیانە کێویلە؛ ڕازیانە کێفی؛ ئەنیسوون.

انیفرم / onîform'، ـها/: [فرانسوی] *اسم.* جلوبەرگی وەک یەکی دەستەیەک: **اُنیفورم؛ اونیفورم؛ یونیفرم**

انیفورم / onîform'/: [فرانسوی] ☜ **اُنیفُرم**

انیماتور / anîmātor'، ـها/: [فرانسوی] *اسم.* چێکری فیلمی ئەنیمەیشن: **پویانما**

انیمیشن / anîmeyšen' ـها/: [انگلیسی]/اسم. بی‌بی‌جان؛ وێنهگەلێک کە لە گرتنی یەک‌لەدوای‌یەکی وێنە لە شتگەلی بێ‌گیان (وەک بووکەشووشە و نووسراوە و...) گیراوە و کارێکی پێ کراوە کە وەک فیلم دەجوولێ: **پویانمایی**

او / û' ، آنان، ایشان/: ضمیر. ئەو؛ هەو؛ ڤی؛ وی(بۆنێر)؛ ڤێ؛ وێ(بۆمێ)؛ یا؛ یۆ؛ یە ی؛ یی؛ هاو؛ ئڤی؛ وە؛ ئاد (بۆ نێر)؛ ئادە (بۆ مێ)؛ جێناوی ئاماژە بۆ سێهەم کەسی تاک ‹او دوست خوبی است: ئەو دۆستێکی باشە›.

اوا / evā'/: صوت. [گفتاری] ئەی؛ ئەیەڕۆ؛ ئەیرۆ؛ حەی‌حەی؛ ئاخ؛ بۆ سەر سووڕمانە ‹اوا، هنوز اینجایی!: ئەی، هێشتا لێرەی!›.

اوائل / avā'el'/: [عربی] ☜ **اوایل**

اواخر[1] / avāxer'/: [عربی] جمعِ ☜ **آخِر**

اواخر[2]: قید. [گفتاری] ئاخر و ئۆخر؛ دوادوایی؛ نێزیک بە برانەوە ‹در اواخر پاییز مهمانش بودیم: لە ئاخرو ئوخری پاییزدا میوانی بوین›.

اواریه / avārîye' ، ـها/: صفت. تلیساو؛ خووساو؛ فیسیاگ؛ پیس و چلکن یا هەلپشاوتوو (لە مەڕ کەل‌پەلەوە): **عَواریه**

اواسط / avāset'/: [عربی] حرف. نیوە؛ نێوان؛ چەق؛ دلێ؛ دوڕ؛ دەور و بەری نیوە ‹اواسط راه: نیوەی ڕێ›.

اوامر / avāmer'/: [عربی] جمعِ ☜ **اَمر**

اوان / avān'/: [عربی]/اسم. [ادبی] سەردەم؛ هێل؛ جەنگە؛ هەڕەت؛ کات؛ وەخت؛ سەرو بەند؛ چاخ؛ دەم؛ تاف؛ هنگ؛ گاڤ ‹در اوان جوانی: لە سەردەمی لاوەتیدا›.

اوایل[1] / avāyel'/: [عربی] ۱. جمعِ ☜ **اوّل**[1] ۲. ☜ **اَوّلیات** ✽ **اوائل**

اوایل[2]: قید. سەرەتا؛ دەمەدەم؛ دەم؛ ‹اوایل غروب: دەمەدەمی ئێوارە›: **اوائل**

اوباش / owbāš, 'o:bāš' ، ـها؛ ـان/: [عربی]/اسم. شەلات؛ لات؛ چەورە؛ جەلۆ؛ هەرزە؛ سەرسەری؛ ئەلوات؛ ڕەجالە؛ قەلاش؛ سنۆتە؛ خۆڕی‌وتۆڕی؛ هەرچی ـ پەرچی؛ هەتیوـمەتیو؛ ڕووتە و پووتە؛ لات و لووت؛ عەلوو ـ جەلوو؛ لات‌و لەوا؛ گەجەرـگۆجەر؛ چەورە و بێکارە؛ لۆتی و پۆتی.

اوباشگری / -owbāšgarî, 'o:bāš' ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. خوێڕیگەری؛ شەلاتی؛ لاتی؛ ئاکاری دژی کۆمەلایەتی (وەک قیرەی ناجۆر، شەڕفرۆشی و زۆربێژی و...).

اوباشی / owbāšî, 'o:bāšî'/: [عربی]/اسم. خوێڕیگەری؛ لاتی؛ شەلاتی.

اوبه / owbe'/: [ترکی]/اسم. بینە؛ زۆم؛ زومە؛ هۆبە؛ هۆب؛ ئوبە؛ جێگەی کۆمەلە چادری پێکەوە.

اوپتیک / optîk'/: [فرانسوی] ☜ **اُپتیک**

اوپتیکی / optîkî'/: [فرانسوی] ☜ **اُپتیکی**

اوت / owt, 'o:t'/: [انگلیسی]/اسم. [ورزش] ئەوت؛ دەشت؛ دۆخ یان چۆنیەتی کەفتنە دەرەوەی تۆپ لە زەوی یاری. هەروەها: **اوت شدن؛ اوت کردن**

اوت / ût'/: [فرانسوی]/اسم. ئاب؛ تەباخ؛ مانگی هەشتەمی ڕۆمی کە ۳۱ ڕۆژە و لە ۱۰ی گەلاوێژەوە دەست پێ‌دەکات: **آگوست**

اوج / owc, 'o:c'/: [معرب از سنسکریت]/اسم. ترۆپک؛ تەشق؛ دوچک؛ دهار؛ قووچکە؛ کۆپ؛ کەلنایا؛ کولەکول؛ ئەوج؛ بلندایی؛ تەوقە؛ تەوقەتە؛ پۆپە؛ دوند؛ سەرلووتکە؛ چلەپۆ؛ چلەپۆپە؛ بەرزترین شوێن.

▣ **اوج و حضیض**: هەوراز و نشێو؛ بان و خوار؛ کەندولەند؛ بەرز و نزم؛ بەرز و نەوی.

▣ **اوج گرفتن**: ۱. بەرز بوونەوە ‹صدایش اوج گرفت: دەنگی بەرز بووە› ۲. توند بوون؛ قووڵ بوون ‹جنگ اوج گرفت: شەڕ توند

بوو».

اوجـا / ûcā'، ـهـا/: /اسم. وەج؛ ڕەشدار؛ جۆرێ وزم؛ درەختێکی بێشەیـی بـە بـەرزی نزیـک ۳۰ میتر: **وَج**

اوخ / ûx'/: صـوت. ۱. ئـاخ؛ وشـەیـەکـە بـۆ درکانـدنی ئـێش ۲. ئۆخـەی؛ وشـەیـەک بـۆ پیشاندانی پێخۆش بوون ۳. ☜ **آخ**

اودوکلنی / odokolony'/: [فرانسوی] ☜ **اُدکُلن**

اور / ûr'/: [؟] ☜ **عور**

اورارتـــویی ۱ / ûrārtûyî'/: /اسـم. ئورارتـوویی: ۱. /ـها/ خـەڵـکی وڵاتی مێژینـەی ئورارتـوو لـە ئـەرمنـستان و پاڵـداوێنی ئاراراتـەوە هـەتـا زێباری وان لـە تورکیـەدا ۲. زمـان یـان خـەتی ئەو خەڵکە * **اوراتوئی**

اورارتـــویی ۲: صـفت. ئورارتـوویی؛ پێـوەندیـدار یان سەر بە ئورارتوو: **اورارتوئی**

اوراد / owrād, 'o:rād'/: [عربی] جمعِ ☜ **وِرد**

اوراق ۱ / owrāq, 'o:rāq'/: [عربی] جمعِ ☜ **وَرَق**

اوراق ۲: صـفت. شـەقوشـڕ؛ پـەڕەپـەڕە؛ لێکهەڵوەشاوە؛ ئەوراق. هەروەها: **اوراق بـودن؛ اوراق شدن؛ اوراق کردن**

اوراقچـــی / owrāqčî, 'o:rāq-'، ـهـا/: [عربـی/ ترکـی] /اسـم. ئـەوراقچـی؛ کـەسـێ کـە ماشـینەشـکاو لێـکدەکاتـەوە و بـە جیـا دەیانفرۆشێ.

اوراقـــی / owrāqî, 'o:rāqî'، ـهـا/: [عربـی] صـفت. شـەقوشـڕ؛ ئـەوراقـی؛ شـیاوی لێکردنەوە و شڕ و شیتاڵ‌کردن.

اورال‌ـآلتائی / ûrāl'āltā'î'/ **اورال آلتایی**

اورال ــ آلتـایی / ûrāl'āltāyî'/: /اسم. ئـوراڵـ ئاڵـتایی؛ گروپێکـی گـەورە لـە زمانگـەلی ئاسـیایی و ئورووپـایی کـە بریتیـە لـە زمـانی تـورکی، فینۆئۆیغـوری و مـەغـولی: **اورال‌ـآلتائی**

اورام / owrām, 'o:rām'/: [عربی] جمعِ ☜ **وَرَم**

اوران‌اوتـــان / orān'otān'/: [انگلیـسی] ☜ **اَرانگوتان**

اورانـگ‌اوتـان / ûrāngûtān'/: [انگلیسی] ☜ **اَرانگوتان**

اورانـــوس / orānûs, 'ûrānûs'/: [فرانـسوی/ انگلیـسی] /اسم. ئورانـووس؛ حـەوتـەمـین گەڕۆکی گەردوونـەی خـۆر (لـە بـاری دووری لـە خۆرەوە).

اورانـــیم / ûrānyom, 'orāniyom'/: [فرانـسوی] /اسـم. ئۆرانیـۆم؛ تـوخمی کیمیـاوی کـانزایی و ڕادیۆئەکتـیف، لـە دەسـتەی ئاکتینیدگـەل بـە ژمـارەی ئـەتـومی ۹۲ و کێـشی ئـەتـومی ۲۳۸٫۰۲، قـورس و زیوئاسـا، لـە سروشـتدا بـە شێوەی لێکدراوە هەیە.

اورت / overt'/: [فرانـسوی] صـفت. *[گفتـاری]* فـرە؛ یـەکجـار زۆر؛ مـشەمـەر؛ بـێحـەساو: **اوورت**

اوردویـــسین / ordovîs(i)yan'/: [فرانـسوی] ☜ **اردوویسین**

اورژانـــس ۱ / ûrjāns'، ـهـا/: [فرانسوی] /اسـم. ئۆرژانس؛ بەشێ لە دامـەزراوەیـەکـی دەرمـانی، کـە کـاری خێـرا پـێڕاگـەیـشتنی بریـنداران و نـەخۆشـگەلی نیازمـەنـد بـە چـاوەدێـری زووبـەزوویـە ‹بیمـار را بـە اورژانـس رسـاند: نەخۆشەکەی گەیاندە ئورژانس›.

اورژانـس ۲: صـفت. ئـۆرژانس: ۱. لـە ناچـاری؛ بەپەلە و نێزیـک لـە فـەوتـان ‹اگـر کـار اورژانـس داشتی خبرم کُن: ئـەگـەر کـاری بـەپـەلـەت هـەبـوو پـێم بێـژە› ۲. *[پزشـکی]* گرینـگ و بـەپـەلـە ‹بخش اورژانس: بەشی ئورژانس›.

اورکـــت / overkot'، ـهـا/: [انگلیـسی] /اسـم. ئۆوێرکـۆت؛ جـۆرێ کـۆتی گـەرم و نیوتـەنـەی تایبەتی زستانانە.

اورنـــگ / owrang, 'o:rang'/: /اسـم. *[ادبـی]* تەخـت؛ تـەخـتی پاشـایەتی؛ جێگـای تایبـەتی

دانیشتنی پادشا.

اوریون / 'oryon/: [فرانسوی] ☜ **أریُون**

اوزالید / 'ozālîd/: [فرانسوی/ انگلیسی] ☜ **أزالید**

اوزان / 'owzān, 'o:zān/: [عربی] ۱. جمعِ ☜ **وَزن** ۲. جمعِ ☜ **وَزنه**

اوزن / 'ozon/: [فرانسوی] ☜ **أزُن**

اوزون‌بورون / 'ûzûnbûrûn, 'ozûnborûn, ـها/: [ترکی]/اسم. ماسی خاویار؛ ئوزون‌بِرون؛ جۆره ماسیه‌کی دەریای خەزەرە، گەراکەی دەبێته خاویار.

اوژنیک / 'ûjenîk/: [؟]/اسم. ئوژێنیک؛ زانستی باشترکردنی تۆم و تۆرەمەی مرۆڤ و جانەوەر و گیا.

اوستا / 'ûstā, ـها/: اسم. [گفتاری] وەستا؛ وسا؛ سوا؛ ئۆسا؛ هۆسا؛ مامۆستا ‹اوستای آهنگر: وەستای ئاسنگەر›.

اوستا / 'avestā/: اسم. ئاوێستا؛ ئەوێستا؛ کتێبی پیرۆزی زەردەشت.

اوستائی / 'avestā'î/ ☜ **اوستایی**

اوستابدوش / 'ûstābedûš/: اسم. قالاوفڕ؛ فڕی‌ـفڕی؛ جۆرێ یاری منداڵانە کە بە دەوری گەورەترێک (وەستا)دا دادەنیشن، وەستا نێوی گیانداریک دەبا و دەڵێ فڕی، ئەگەر پەلەوەر بێ، هەرکەسێک قامکی بەرز نەکردبێتەوە، سووتاوە یان بە پێچەوانە، تا تاقەکەسێک بمێنێتەوە، ئەوە بەرندەیە.

اوستایی[1] / 'avestāyî/: اسم. ئاوێستایی: ۱. لە زمانە کۆنەکانی ئێرانیە، کە کتێبی پیرۆزی ئاوێستا بەو زمانە نووسراوە ۲. خەتی ئاوێستا * **اوستائی**

اوستایی[2]: صفت. ئاوێستایی؛ پێوە ندیدار یان سەر بە ئاوێستا، کتێبی پیرۆزی زەردەشتیان: **اوستائی**

اوسط / 'owsat, 'o:sat/: [عربی] صفت. نێوەنجی؛ مام‌ناوەنجی؛ ناوەنگ؛ نێوانگین.

اوصاف / 'owsāf, 'o:sāf/: [عربی] جمعِ ☜ **وَصف**

اوصیا / 'owsîyā, 'o:sîyā/: [عربی] جمعِ ☜ **وَصی**

اوضاع / 'owzā', 'o:zā'/: [عربی]/اسم. ۱. جمعِ ☜ **وَضع** ۲. [گفتاری] دۆخ؛ بار.

▣ **اوضاع بی‌ریخت شدن**: تێکچوونی کار و بار؛ بار و دۆخ خراپ بوون.

اوضاع‌واحوال / 'owzā'-o-ahvāl, 'o:zā'-/: [عربی]/اسم. [گفتاری] بار و دۆخ؛ چۆناوچۆنی کاران، ڕووداوان، ژیان یان باری ساغی.

اوطان / 'owtān, 'o:tān/: [عربی] جمعِ ☜ **وَطَن**

اوغور / 'oqor/: [ترکی] ☜ **أغُر**

اوف[1] / 'ûf/: اسم. [کودکانه] بقە؛ ووە؛ قەقە؛ برین یا نەخۆشی ‹ببین، دستم اف شد: بڕوانە دەستم بقە بوو›.

اوف[2]: صوت. وەی؛ ئۆف؛ ئای؛ تەح؛ پەککوو؛ بۆ بێزار بوون بە کار دەچێ ‹اف، چە گرمایی!: وەی، چەند گەرمە!›.

اوفتادن / 'ûftādan/: مصدر. [ادبی] کەوتن؛ کەفتن؛ کەوتەی.

اوقات / 'owqāt, 'o:qāt/: [عربی]/اسم. ۱. جمعِ ☜ **وقت** ۲. ڕۆژگار؛ دەم؛ چەل؛ کات؛ کات و سات؛ جاران ‹آن سالها اوقات خوشی بود: ئە و سالانە ڕۆژگارێکی خۆش بوو› ۳. حاڵ و باڵ؛ ئەوقات ‹اوقاتم تلخ شد: حاڵ و باڵم تێکچوو›.

▣ **اوقات فراغت**: کات‌وساتی بەتاڵی.

▣ **اوقات خوش داشتن**: خۆشحاڵ بوون؛ بە دەماخ بیەی؛ کات وساتی خۆش هەبوون.

اوقات کسی تلخ شدن: لووت و لاجامان کەسێ تاڵ بوون؛ تووڕە بوون؛ زیز بوون.

اوقات کسی را تلخ کردن: کەسێ ئازاردان یان تووڕەکردن.

اوقـــات تلخـــی / 'owqāt.talxî, 'o:qāt-/: [عربـی/ فارسـی]/سـم. ۱. وەڕسـی؛ وەڕەزی؛ وێڕسـی؛ جـاڕزی؛ دڕدۆنگـی؛ ناخۆشـی ۲. تووڕەیـی؛ دەنـگ هـەڵبڕی؛ مژومـۆڕی؛ گـرژ و مـۆنی؛ زیـزی؛ زووری؛ زوێـری؛ رووگـرژی؛ ناوچاوتاڵـی؛ زیـزی؛ ناقـایلی ‹حوصـلەی اوقـات‌تلخـی رییـس را نـدارم: تاقـەت تـووڕەیـی سەرۆکم نیە›.

اوقـاف / 'owqāf, 'o:qāf/: [عربـی] ۱. جمـعِ ☜ **وَقف**

اوکـالیپتوس / okālîptûs/: [فرانـسوی] ☜ **أکالیپتوس**

اوکـی / okey/: [انگلیـسی]/سـم. ئـەرێیانـە؛ ئەرێ؛ باشە ‹بایـد از رییس اوکـی بگیـرم: دەبـێ لـە سەرۆک نەرێیانە وەرگرم›.

اول[1] / 'avval، ـهـا؛ اوایـل/: [عربـی]/سـم. سـەرەتـا؛ سـەر؛ هـەوەڵ؛ ئـەوەڵ؛ ئـەڤەڵ؛ دەسپێک؛ وەر؛ ئـەوەی کـە لـە جـێ و شـۆنا لـە بەر هەموانەوەیە ‹اول شب: سەرەتای شەو›.

▣ **اول بسم‌الله**: *[کنایی]* سەرەتای کاروبار.

اول[2]: *صفت*. یەکـەم: ۱. سـەرەتـایین؛ هـەوەڵ؛ بە پێشیەتی لـە ڕێ و جـێ یـان کاتێکـدا ‹شـب اول: شـەوی یـەکـەم› ۲. باشـتر و پێـشتر لـە کەسانی دیکە ‹نفر اول: کەسی یەکەم›.

▣ **اول بـودن**: لـە سـەرەوە بـوون؛ پـشت لـە گـشتی بـوون؛ باشـتر یـا پێـشتر لـە هـەمـوو بـوون؛ لـە وەر بـین؛ هـەڵـکەوتـوو بـوون؛ هۆرئامە بیەی. هەروەها: **اول شدن**

اول[3]: *قیـد*. ۱. هـەوەڵ؛ یـەکـەم؛ سـەرەتـایی؛ لەبەرا؛ لەبـەردا؛ وەڵـێنە؛ پـێش لـە کـەس یـان کـەسـانی‌تـر ‹اول مـن دیـدم: هـەوەل مـن دیـتم› ۲. سـەر؛ سـەرەتـا ‹اول شـب، بـرق رفـت: سـەری شەو بەرق چوو›.

اولاً / 'avvalan/: [عربـی]قیـد. سـەرەتـا؛ ئەوەڵای ئەوەڵ؛ پـێش هـەرشـتێک؛ لـە پێـشدا ‹اولاً، او باید برود: سەرەتا، دەبێ ئەو بڕوا›.

اولاد / owlād/: [عربـی]/سـم. ۱. منـالان؛ منـدالان؛ ڕۆڵان؛ زاڕۆکـان؛ زاولـەکـا؛ زاولـێ؛ زاولـەکـێ؛ زاڕۆڵـێ ‹اولاد وطـن: مندالانـی نیـشتمان› ۲. فـرزەنـد؛ ڕۆڵـە؛ منـاڵ؛ منـداڵ؛ زاوڵە؛ فرزەن ‹اولاد ارشد: منداڵی گەورەتر›.

▣ **اولاد ارشـد**: بـەرەزا: ۱. گـەورەتـرینی مندالان ۲. منداڵی گەورەتر.

اولاد اولیاء: وجاخزادە؛ بەچکە شێخ.

اولتراسـونوگرافی / ûltrāsonog(e)rāfî/: [فرانسوی] ☜ **سُونُوگرافی ـ۱**

اولتراسـونیک / ûltrāsonîk/: [فرانـسوی] *صفت*. سـەرووی دەنـگ؛ دەنگـی وا کـە بـڕێ گیانداران (وەک ئەسـپ و گـا) دەیبیـسن، بـەلام مرۆ پێ نازانێ.

اولتراویولـت / ûltrāviyolet/: [انگلیـسی] /سـم. سـەرووی بـەنـەوش؛ تیـشکی بـانتر لـە بنەوش کە مرۆ نایبینێ.

اولتیمـاتوم / oltîmātom/: [فرانـسوی] ☜ **أُلتیماتُوم**

اول‌شـخص / 'avvalšaxs، ـهـا/: [عربـی]/سـم. یەکەم کـەس: ۱. *[دستور]* کـەسـێک کـە قـسە ئـەکـات ‹«مـن» ضـمیر اول شـخص مفـرد اسـت: «مـن» جێنـاوی یـەکـەم کـەسـی تاکـە› ۲. *[مجـازی]* بـەرزتـرین و سـەرەکـی‌تـرین کەسایەتی لە ولاتدا.

اولویـت / 'owlavîyyat, 'o:lavîyyat، ـهـا/: [عربی]/سم. یـەکـەمایـەتی؛ یـەکـەمـینی؛ بـار و دۆخ یان چۆنیەتی بـەر لـە ئـەم و ئـەوەوە بـوون ‹اولویت با اوست: یەکەمایەتی بە ئەوە›.

اولهـا / 'avvalhā/: [عربـی]قیـد. ئـەوەڵ؛ لـە بەرا؛ سەرەتـا؛ لـە سـەرەتـادا؛ لـە پێـشوودا؛ چـا وەلاوە؛ وەڵـێنە؛ لـە قۆنـاغی سـەرەتـایی دەورە یەکدا ‹اولها مردم بـا هـم زیـاد ارتبـاط داشـتند: سەرەتا خەلک پەیوەندییان زۆر پێکەوە بوو›.

اولی / 'owlā, 'o:lā/: [عربی] *صفت. [ادبی]* ۱. چاکتر؛ باشتر؛ خاستر؛ خاستەر ‹بە طریق اولی: بە شێوازێکی چاکتر› ۲. لە بار؛ شیاو ‹او بە ریاست اولی‌تر است: ئەو بۆ سەرۆکایەتی شیاوترە›.

اولی / avvalî'، ـها/: [عربی] ضمیر. هەوەڵین؛ ئەوەڵی؛ وەڵین؛ بەروو؛ پێشوو؛ نمفوو؛ ئەو کەسەی کە لە ریز و قۆناغ، لە جێگەی هەوەڵدا بێت ‹اولی رفت، بقیه ماندند: هەوەڵینیان چوو، باقی مانەوە›.

اولیا / 'owliyā, 'o:liyā/: [عربی] *اسم.* ۱. جمعِ ☜ **ولی** ۲. سەرپەرستان ۳. پیاوانی‌خوا؛ پیران؛ گرگران؛ ئەولیا.

▣ **اولیای امور**: ۱. کارداران؛ ئەو کەسانەی کە پێ‌ڕاگەیشتنی کارگەل وەدەستیانە ۲. *[مجازی]* دەسەڵاتداران.

اولیاالله / 'owliyā'allāh, 'o:liyā- /: [عربی] *اسم.* ئەولیا؛ پیاو چاک؛ پیر؛ پیاو چاکی خوا.

اولیات / avvalîyyāt'/: [عربی] *اسم. [منطق]* ڕاستیە بێ‌شکەکان (وەک ڕۆژ ڕۆشنە تەڕ و وشک پێکەوە نابن) کە دروستن و دروستیان نیازی بە سەلماندن نیە و دەبنە بەردی بناغەی قسەوە.

اولین / avvalîn'، ـها/: [عربی] *صفت.* یەکا؛ یەکەمین؛ ئەوەڵین؛ هەوەڵین؛ وەڵین؛ وەرین؛ بەرین.

اولیه / avvalîy.ye'/: [عربی] *صفت.* ۱. سەرەتایی ‹قدمهای اولیه: هەنگاوگەلی سەرەتایی› ۲. سەرەتایین؛ هەوەڵین؛ بەرین؛ وەڵین ‹مراحل اولیه: قۆناغگەلی سەرەتایی›.

اوماج / omāc'/: [ترکی] *اسم.* پەلو؛ پرپۆلە؛ پەلولە؛ جوجوش؛ چێشتی ئارد و ڕۆن؛ چێشتێکە وردە هەویر و کووزەڵەی تێ‌دەکەن.

اومانیست / ûmānîst'، ـها/: [فرانسوی] *صفت.* مرۆڤەوگر؛ مرۆڤۆگر؛ مرۆڤخواز.

اومانیسم / ûmānîsm'/: [فرانسوی] *اسم.* مرۆڤەوگەری؛ مرۆڤۆگری؛ مرۆڤخوازی: **انسانگرایی**

اونس / ûns'/: [فرانسوی] *اسم.* ئونس؛ یەکەی پێوانی کێش بەرامبەر بە ۲۸,۳۵ گرەم: **أنس**

اونیتاریانیسم / ûnîtāryānîsm'/: [فرانسوی] *اسم.* تاکەپەرستی؛ یەک‌خودایی.

اونیفورم / ûnîform'/: [فرانسوی] ☜ **أنیفرم**

اوورت / uvert/: [فرانسوی] ☜ **أورت**

اوول / ovûl'، ـها/: [فرانسوی] *اسم. [زیست‌شناسی]* هێلکۆکە؛ تۆمی مێوینە.

اوه / ûh'/: *صوت.* وەی؛ ئۆف؛ ئۆی؛ ئاخ؛ وشەیەک کە لە کاتی ئێش، خۆشی یان سەیرماندا دەگوترێ ‹اوه سوختم!: وەی سووتام!›.

اوهام / 'owhām, 'o:hām/: [عربی] جمعِ ☜ **وَهم**

اوهام‌پرستی / 'owhāmparastî, 'o:hām-/: [عربی/ فارسی] *اسم.* خەیاڵ‌پەرستی؛ بار و دۆخ یان چۆنیەتی باوڕ بە بوونەوەری خەیاڵی و ناڕاستی و پەرستینیان.

اوی / oy'/: *صوت. [مخفف]* ئوهۆی؛ هۆی؛ هۆ؛ وە.

اویار / 'owyār, 'o:yār/: *اسم.* ۱. ئاویار؛ ئاودار؛ ئاودێر؛ ئاودەرد ۲. ئۆیار؛ قاوانەی لاوە لادێیەکانی ناوەندی ئێران ‹اویار تقی: نویار تەقی›.

اویغور / oyqûr'/: [ترکی] ☜ **أیغور**

اویغوری / oyqûrî'/: [ترکی] ☜ **أیغوری**

اویماق / oymāq'/: [ترکی] *اسم. [نامتداول]* ۱. ئێڵ؛ خێڵ؛ هۆز ۲. هەرێمی ئێڵ؛ تەراتێنی خێڵان؛ نشینگەی گەلان؛ بەردەستی هۆزان * **أیماق**

اه / ah'/: *صوت.* یەع؛ ئەع؛ عەع؛ ئیش؛ پیف؛ پف؛ ویژەیەک کە بە هۆی بێزهاتنەوە لە شتێک دەگوترێ ‹اه، چە بوی بدی می آید!: پیف، چ بۆنێکی پیس دێ!›.

اهالی / ahālî'/: [عربی]/*اسم.* خەڵکان؛ خەڵکی؛ مەردمەیل؛ خەڵکی گەڕەک یان دەڤەرێک.

اهانت / ehānat'، ـهـا/: [عربی]/*اسم.* سووکایەتی؛ پەتپەتێن؛ بێحورمەتی؛ کار یا ڕەوتی سووکایەتی پێکردن ‹بە علت اهانت بە مقامات توقیف شد: بە بۆنەی سووکایەتی (کردن) بە گەورە بەرپرسان گیرا›.

اهانت‌آمیز / ehānatāmîz'/: [عربی/ فارسی] *صفت.* کەتندار؛ هاوڕێ لەگەڵ سووکایەتی؛ سووکایەتی‌هێنەر: **اهانت‌بار**

اهانت‌بار / ehānatbār'/: [عربی/ فارسی] ☜ **اهانت‌آمیز**

▣ **اهانت کردن و آزار دادن:** پەتپەتی بەسەر هێنان؛ سووکایەتی پێکردن.

اهای / ahāî'/: *صوت.* [*گفتاری*] هۆ؛ هۆی؛ ئەهای؛ هەیو: ۱. بانگکردنی دوور ‹اهای بچەها! جلوتر نروید: هو کورینە! مەچنە پێشترەوە› ۲. بانگکردنی بە توورەیی و تەشەرەوە ‹اهای مَرد! خجالت بکش: هو کابرا! دارِزە› ۳. قاودان؛ هەموو بەخەبەرکردن ‹اهای دُزد: هوی دز هاتووە›.

اهتزاز / ehtezāz'/: [عربی]/*اسم.* [*ادبی*] ۱. ڕەوتی جوولانەوە؛ شەکانەوە؛ شنانەوە؛ هەژان؛ ڕاژان؛ هەژهان؛ قەلقان؛ ئەوەشۆکیەی؛ لەریایوە ۲. [*نامتداول*] شادمانی.

اهتمام / ehtemām'/: [عربی]/*اسم.* جەخت و بەخت؛ کردوکۆش؛ تەپشت؛ هەڵگ؛ کار یان ڕەوتی تێکۆشان؛ بایەخدان؛ گرنگی‌پێدان.

اهدا / ehdā'/: [عربی]/*اسم.* بەخشش؛ پێشکەش ‹اهدای خون: بەخششی خوێن›.

▣ **اهدا کردن:** پێشکەش‌کردن؛ پێدان. هەروەها: **اهدا شدن**

اهدائی / ehdāʾî'/: [عربی] ☜ **اهدایی**

اهداف / ahdāf'/: [عربی] جمعِ ☜ **هَدَف**

اهدانامه / ehdānāme'، ـها/: [عربی/ فارسی] *اسم.* دیاری‌نامە؛ نووسراوەیەک کە بە پێی ئەوە شتێک بە کەس یان کەسانێک بدرێت.

اهدایی / ehdāyî'/: [عربی] *صفت.* پێشکەش‌کراو؛ پێشکەشی: **اهدائی**

اهرام / ahrām'/: [عربی] جمعِ ☜ **هِرَم**

اهرم / ahrom'، ـها/: [عربی] *سم.* مەڵغە؛ مەلغە؛ ماڵیلە؛ مانیلا؛ کوسکی؛ لۆسە؛ لۆس؛ لهازە؛ لێهاز؛ لیهاز؛ لەواز؛ لەوازە؛ لایز؛ وازە؛ برازە؛ بەرازە؛ باریە؛ باری؛ پاریە؛ بەیرەم؛ نوێڵ؛ دەلەم؛ کەڕانە؛ قەراسە: ۱. میلە یان چێوێکی بەرز و پتەو کە لە جێیەکدا سەقامی دەدەن و شتی قورس و گرانی پێ لادەدەن ۲. هەر دەزگایەک کە بۆ گۆڕانی باری هێز یان زۆرکردنی چەندی یا مەودا و خێرایی شوێنەواری هێز بەکەڵک بێت ۳. [*مجازی*] ئامراز و داردەستی تێڕۆکردن یان تێپەستاوتنی هێز ‹اهرم اقتصادی؛ اهرم سیاسی: لوسەی ئابووری؛ لوسەی ڕامیاری›.

اهریمن / ahrîman'، ـها؛ ـان/: *اسم.* [*ادبی*] ئاهریمەن؛ ئەهریمەن؛ ئاوریمەن؛ دۆزاک؛ شەیتان: ۱. هۆی خراپی، ستەم، نەخۆشی و نەگریسی لە ئایینە ئێرانیەکاندا ۲. [*مجازی*] هەرکام لە پەیڕەوانی ئاهریمەن؛ هەر کەسێ کە خراپە و ستەم دەکا.

اهریمن‌خو / ahrîmanxû'، ـیان/: *صفت.* [*ادبی*] شەیتان‌سیفەت؛ خاوەنی ڕەوشتی شەیتانی.

اهریمنی / ahrîmanî'/: *صفت.* [*ادبی*]

ئاهریمەنی؛ ئەهریمەنی؛ پێوەندیدار یان سەر بە ئاهریمەن.

اهل / ahl'/: [عربی] *صفت.* خاوەن هێزایی بۆ کارێ یان شتێک.

اهل / ahle'/: [عربی] *حرف.* ۱. خەڵک؛ دانیشتوو؛ نیشتەجێ ‹اهل جنوب: خەڵکی باشوور› ۲. ئەهل؛ خاوەن؛ خوازیار و گیرۆدە بە شتێکەوە ‹اهل قلم؛ اهل سیاست: خاوەن قەڵەم؛ ئەهلی رامیاری›.

▣ **اهل بخیه:** فەشەل؛ پووڵەکی؛ ناماقووڵ.

اهل بیت: ۱. ماڵبات؛ خاوخێزان (بە تایبەت ژن و منداڵ)؛ خانەوادە؛ بنەماڵە ۲. هۆزی پێغەمەری ئیسلام.

اهل تسنن: سوننی؛ ئەو دەستە لە موسوڵمانان کە ئێژن پێغەمبەری ئیسلام جێگری بۆ خۆی دانەناوە و خەڵکی دەبێ خۆیان رێبەریان هەڵبژێرن.

اهل تشیع: شیعە؛ شێعە؛ ئەو دەستە لە موسوڵمانان کە ئێژن پێغەمبەری ئیسلام جێگری بۆ خۆی داناوە و خوا بۆیانی هەڵبژاردووە.

اهل تعارف: خولکی؛ کەسێ کە دەبێ زۆر خولکی بکەی.

اهل حال: *[کنایی]* حاڵەکی؛ خۆشبوێر؛ خۆشی و کەیف ویست.

اهل حق: هەق؛ هەقە؛ هەقی؛ یارسا؛ یارسانان؛ کاکەیی؛ نوالە؛ ئەهلی حەق؛ چەند تیرەیەکی کوردن کە ئایینێکی تایبەتیان هەیە.

اهل دل: *[کنایی]* دڵیار؛ دڵەکی؛ ئەهلی دڵ؛ خاوەن دڵ؛ دڵانی.

اهل ذمّه: کەسانێک وا لە ولاتی ئیسلامیدان، بەڵام دینێکی تریان هەیە.

اهل قبور: مردوان؛ لە گۆڕ جێگرتوان.

اهل قلم: نووسەر؛ ئەهلی قەڵەم؛ خاوەن قەڵەم؛ قەڵەم‌ملا؛ قەڵەم بەدەست.

اهل کتاب: *[اسلام]* پەیڕەوانی پەرتووکی ئاسمانی.

اهل محل: خەڵکی گەڕەک؛ دانیشتوانی گەڕەک.

اهل منقل: *[کنایی]* تریاکی؛ تلیاکی؛ بەنگی؛ بافووری.

اهل نظر: خاوەن ڕا؛ خاوەن بڕوا و ئاگاداری لە بوارێکدا.

اهل‌وعیال / ahl-o-'ayāl'/: [عربی] *اسم.* خاوخێزان؛ بنەماڵە؛ کەسانی حەوێندراو لە ماڵێکدا (بەتایبەت ژن و منداڵان) کە کەسێک سەپەرستیانە.

اهله / ahelle'/: [عربی] جمعِ ☜ **هِلال**

▣ **اهلەی قمر:** شێوەگەلێک کە مانگ لە ڕەوتی خولانەوەی مانگانەی خۆی بە دەوری زەویدا، لە چاو بینەرێکی زەوینیەوە دەیگرێتە خۆ.

اهلی / ahlî'، ـها/: [عربی] *صفت.* کەوی؛ کەڤی؛ کەهی؛ کەیی؛ کوی؛ ماڵی؛ ڕام؛ لینی؛ دەسەمۆ؛ خانەکی؛ گورۆ؛ فێرەبووی خۆگرتگ؛ هۆگرتی بە مرۆ و ژینگەکەی (بۆ گیانلەبەران).

▣ **اهلی کردن:** کەوی کردن؛ لینی کەردەی؛ بەیدەست کردنی گیانلەبەری کێوی.

هەروەها: **اهلی بودن؛ اهلی شدن**

اهلیت / ahlîyyat'/: [عربی] *اسم.* ۱. شیاوی؛ لەباری ۲. *[گفتاری]* ڕەسەنی؛ بنەچەکی؛ خەڵکی شوێنێک بوون.

اهم / aham(m)'/: [عربی] *صفت. [ادبی]* گرینگ‌تر؛ گرنگتر ‹اهم موضوعات: بابەتگەلی گرینگتر›.

اهمال / ehmāl'/: [عربی] *اسم.* سستی؛ سسی؛ ئاوەرە؛ تەفرە؛ کەمتەرخەمی؛ خۆلێبوێری؛ خۆگێلکەری؛ قۆنەقۆن؛

گەللایی؛ لامسەرلایی؛ پاوەپایی؛ خەمتنە؛ شەرڤین؛ ڤەگوهێشن.

▣ **اهمال کردن**: گوێ خەفاندن؛ تەمبەلی کردن؛ کەمتەرخەمی کردن؛ خستنە پشت گوێ؛ گوێ لێ ئاخنین؛ خێشاندن؛ وەدرەنگ خستن؛ پاش‌خستن؛ خۆ لێ گێل کردن؛ پایە نەبوون. هەروەها: **اهمال ورزیدن**

اهمال‌کار / ehmālkār'، ـها؛ ـان/: [عربی/فارسی] صفت. خەنۆک؛ کەمتەرخەم؛ لەشگران؛ گوێ‌نەدەر؛ خۆ لێ‌بوار؛ بێ‌سەرنج؛ خێشانکار. هەروەها: **اهمال‌کاری**

اهمیت / ahammîyat'/: [عربی]/اسم. گرنگی؛ گرینگی؛ گرنگ؛ گرنگایەتی؛ بایەخداری؛ گەم؛ گرانە؛ ئەنێشت؛ پایەی؛ دۆخ یان چۆنیەتی گرنگ بوون.

▣ **اهمیت پیدا کردن** ☜ **اهمیت یافتن**

اهمیت دادن: گرنگی پێدان؛ بە گرینگ زانین؛ پایەی بوون ‹من به این چیزها اهمیت نمی‌دهم: بەم شتانە گرنگی نادەم›.

اهمیت داشتن: گرینگ بوون؛ گرنگ بوون ‹این نکته بسیار اهمیت دارد: ئەم خاڵە زۆر گرینگە›.

اهمیت ندادن: *[گفتاری]* گوێ نەدان؛ گوێ پێ‌نەدان؛ گوێچکە نەلەقیان؛ لووت لاوە گردن ‹مهم نیست، اهمیت نده: گرینگ نیە، گوێ مەدەری›.

اهمیت یافتن: گرینگ بوونەوە؛ گرنگی پەیدا کردن: **اهمیت پیدا کردن**

اهن‌وتلپ / ehen(n)-o-tolop'/: اسم. *[گفتاری]* قروفر؛ ئینجەوفینجە؛ جووڵانەوە بە مەبەستی خۆ نواندن و سەرنجی دیتران بەرەو لای خۆ ڕاکێشان ‹آقای مدیر با اهن و تلپ وارد کلاس شد: ئاغای مودیر بە قروفرێکەوە هاتە کەلاس›.

اهوی / ohoy'/: صوت. *[گفتاری]* هۆ؛ هۆی؛ ئۆی؛ وشەیەک بۆ بانگێشتن یان هۆشیاری دان بە تۆزێ سووکایەتیەوە ‹اهوی کجا؟: هوی بۆ کوێ؟›.

اهه / ehe'/: صوت. *[گفتاری]* پەکوو؛ ئەک؛ دەک؛ ئەها؛ ئا؛ ئەحەی؛ وشەیەک بە نیشانەی سەرسووڕمان ‹اهه، ببین به چه روزی افتادی: پەکوو، بڕوانە چت لێ قەوماوە›.

ای / ay'/: صوت. *[ادبی]* ئەهای؛ های؛ ئەی؛ هۆ؛ وشەیەک بۆ بانگهێشتن یان ئاوڕدانەوە ‹ای مردم!: ئەهای خەڵکینە!›.

ای / e:y'/: صوت. *[گفتاری]* ۱. ئەی؛ هۆی؛ یا؛ هۆ؛ هە؛ ئا؛ ئە؛ وشەیەک بۆ پەسندکردن و بۆ هاوڕایی ‹ای بد نیست؛ ای می‌گذرد: ئەی خراو نیە؛ ئەی دەگوزەرێ› ۲. ئەرێ؛ وشەی هەڵسەنگاندن ‹ای، ده‌سالی می‌شود که او را ندیده‌ام: ئەرێ، دەساڵێک ئەبێ نەمدیوە›.

ایا / ayā'/: [عربی] صوت. *[ادبی]* هۆ؛ ئەی؛ ئەرێ؛ وتەی بانگهێشتن ‹ایا برادر رهگذر: هۆ کاکی ڕێبوار›.

ایاب و ذهاب / iyāb-o-zahāb, 'ayāb-'/: [عربی]/اسم. هات‌وچوو؛ هات‌وچۆ؛ ئامووشۆ؛ ئامشۆ؛ ئامەولووەی ‹این همه هزینه‌ی ایاب‌وذهاب؟: ئەم هەمووە خەرجی هات‌وچۆ؟›.

ایادی / ayādî'/: [عربی]/اسم. *[ادبی]* ۱. دەستان؛ دەسان؛ دەسێ ۲. دەست و پێوەندان؛ هاودەسان؛ هاودەستان و کار ڕێخەران ‹ایادی انگلیس: دەست و پێوەندانی ئینگلیس›.

ایار / ayār'/: [سریانی]/اسم. ئەیار: ۱. مانگی پێنجەمی ساڵی هەتاوی وڵاتانی عەرەبی کە ۳۱ ڕۆژە و بەرانبەر بە مانگی مەی زایینیە ۲. مانگی هەشتەمی ساڵی عورفی و مانگی دووەمی ساڵی جوولەکە کە ۲۹ ڕۆژە.

ایاز / ayāz'/: اسم. *[گفتاری]* شیبا؛ شنە؛

سروە؛ بای بسکان؛ شنەبا؛ ئەیاز.

اياغ / 'ayāq/: [ترکی]/اسم. [قدیمی] ۱. جامی شەراب ۲. دەفری ڕۆن.

اياق / 'ayāq/: [ترکی]/اسم. [گفتاری] دەسەبرا؛ هاودەسە؛ کەسێ کە لە کارێک، بەتایبەت گەڕان و سەیراندا هاوڕێ و هاودە نگە ‹زمانی با جاهلهای محله اياق بوديم: سەردەمێک دەسەبرای جحێلانی گەڕەک بووین›. هەروەها: **اياق بودن؛ اياق شدن**

ايالات / 'eyālāt, 'îyālāt/: [عربی] جمعِ ☜ **ايالَت**

ايالت / 'eyālat, 'îyālat، ـها؛ ايالات/: [عربی] اسم. ۱. [قدیمی] پارێزگا؛ پارێزگە ۲. [قدیمی] پارێزگاری ۳. ئەیالەت؛ هەرکام لە ولاتگەلی ئەندام لە دەولەتێکدا (وەک ئەیالەتگەلی سوویس، ئاڵمان و ئەمریکا).

ايالتی / 'eyālatî, 'îyālatî/: [عربی] صفت. ئەیالەتی؛ پێوەندیدار یان سەر بە ئەیالەت ‹دانشگاه ايالتی: زانستگای ئەیالەتی›.

ايام / 'ayyām/: [عربی]/اسم. [ادبی] ڕۆژان: ۱. ڕوان؛ ڕوێ ‹ايام هفته: ڕۆژانی حەوتوو› ۲. سەردەم؛ ڕۆژگار ‹ايام جوانی: ڕۆژگاری لاوەتی›.

◙ **ايام بوقلمون**: [کنایی] ڕۆژگاری شێواو و دانەمەزراو.

ايام تعطيل: ڕۆژانی پشوودان.

ايام مبادا: ڕۆژتەنگ؛ کاتی تەنگانە؛ ڕۆژگەلی تەنگی و چەڵەمەیی.

ايپريت / 'îperît/: [فرانسوی/ انگلیسی]/اسم. ئیپریت؛ دووکەڵی خەردەڵ؛ دووکەڵێکی کیمیاویە، لە هەڵەبجە خەڵکیان پێ کوشت.

ايپکا / 'îpekā، ـها/: اسم. گورگەکوژە؛ گریەکوشە؛ بتەییکە هاوینان هەڵدەداتەوە و بنەکەی بۆ دەرمان ئەشێ.

ايتاليائی / 'îtāl(i)yā'î/ ☜ **ايتاليايی**

ايتاليايی[1] / 'îtāl(i)yāyî/: اسم. ئیتالیایی: ۱. لە زمانگەلی ڕۆمی کە لە ولاتی ئیتالیادا باوە ۲. [ها؛ ان/ هەرکام لە خەڵکانی ئیتالیا یان زارۆکانیان * **ايتاليايی**

ايتاليايی[2]: صفت. ئیتالیایی؛ پێوەندیدار یان سەر بە ولاتی ئیتالیا ‹کفش ايتاليايی: کەوشی ئیتالیایی›: **ايتاليايی**

ايتاليک / 'îtālîk/: [فرانسوی] ☜ حروف ایتالیک، **حروف**

ايتام / 'îtām/: [عربی] جمعِ ☜ **يَتيم**

ايتربيم / 'îterbiyom/: [فرانسوی]/اسم. ئیتێربیۆم؛ توخمێ کیمیاوی کانزایی لە دەستەی لانتانیدەکان، بە ژمارەی ئەتومی ۷۰ و کێشی ئەتومی ۱۷۳,۰٤ کە بە شێوەی تێکئاڵاو لەگەڵ توخمەکانی تر لە سروشتدا هەیە.

ايتريم / 'îteryom/: [فرانسوی]/اسم. ئیتێریۆم؛ توخمێ کیمیاوی کانزایی بە ژمارەی ئەتومی ۳۹ و کێشی ئەتومی ۸۸,۹ کە لە سروشتدا بە شێوەی تێکئاڵاو لەگەڵ برێک توخمەکانی تردا هەیە.

ايثار / 'îsār، ـها/: [عربی]/اسم. لە خۆ بوردوویی؛ گیان بەختکەری؛ گیانفیدایی.

ايثارگر / 'îsārgar، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] صفت. گیانفیدا؛ خۆ بەختکەر؛ خاوەن خووی لە خۆ بووردن.

ايثارگری / 'îsārgarî، ـها/: [عربی/ فارسی] اسم. لە خۆ بوردوویی؛ خۆ بەختکری؛ کار و ڕەوتی گیان بەختکردن؛ خۆ بەفیدای دیتران کردن.

ايجاب / 'îcāb/: [عربی]/اسم. ۱. پێویستی؛ بار و دۆخ یان چۆنیەتی پێویست بوون ۲. [نامتداول] وەرگرتن ۳. [منطق] دامەزراوی؛ سەلمانی واتە بۆ بنەمای قسە. بەرانبەر: **سَلب**

▣ **ایجاب کردن**: خواستن؛ پێویستکردن؛ واسەی ‹وضع اقتصادی کشور، ایجاب می کرد برخی کالاها جیرەبندی شود: باری ئابووری ولات دەیخواست بڕێک لە کالاگەل جیرەبەنی بکرێن›.

ایجاد / 'îcād/: [عربی]/اسم. ۱. پایە؛ بنیات؛ ئیجاد؛ سازدەری؛ پێکهێنەری؛ داهێنەری ۲. *[نامتداول]* کار یان ڕەوتی خولقاندن؛ وەش کەردەی؛ وەدیهێنان؛ چێکرن.

▣ **ایجاد شدن**: وەدی هاتن؛ دروست بوون ‹وسط کوچه چالەی بزرگی ایجاد شده بود: لە ناوەڕاستی کۆلانەکەدا کەندێکی گەورە وەدی هاتبوو›. هەروەها: **ایجاد کردن**

ایجاز / 'îcāz/: [عربی]/اسم. ۱. کورتبڕی ۲. دەربڕینی بڕوا بە کورتی بەستە و بە کەمی ڕستە.

ایدآل / 'îde'āl/: [فرانسوی] ☜ **ایدەآل**

ایدئولژی / 'îde'olojî، ـها/: [فرانسوی]/اسم. بیروبڕوا؛ مەرام ‹ایدئولژی اسلامی: بیروبڕوای ئیسلامی›: **ایدئولوژی**

ایدئولژیست / 'îde'olojîst/: [فرانسوی] ☜ **ایدئولوگ**

ادیئولژیک / 'îde'olojîk/: [فرانسوی] صفت. بیرۆکوانە؛ پێوەندیدار یان سەر بە بیروباوەڕ.

ایدئولوژی / 'îde'olojî/: [فرانسوی] ☜ **ایدئولژی**

ایدئولوگ / 'îde'olog، ـها/: [فرانسوی]/اسم. بیرۆکوان؛ خاوەنبیر: **ایدئولژیست**

ئیدرات / 'îdrāt/: [فرانسوی] ☜ **هیدرات**

ئیدراته / 'îdrāte/: [فرانسوی] ☜ **هیدراته**

ئیدراسیون / 'îdrās(i)yon/: [فرانسوی] ☜ **هیدراسیون**

ئیدروالکتریک / 'îdro'elektrîk/: [فرانسوی] ☜ **هیدروالکتریک**

ئیدروتراپی / 'îdrot(e)rāpî/: [فرانسوی] ☜ **هیدروتراپی**

ئیدروتروپیسم / 'îdrot(e)ropîsm/: [فرانسوی] ☜ **هیدروتروپیسم**

ئیدروژن / 'îdrojen/: [فرانسوی] ☜ **هیدروژن**

ئیدروژناسیون / 'îdrojenās(i)yon/: [فرانسوی] ☜ **هیدروژناسیون**

ئیدروژنش / 'îdrojeneš/: [فرانسوی] ☜ **هیدروژنش**

ئیدروژنه / 'îdrojene/: [فرانسوی] ☜ **هیدروژنه**

ئیدروستاتیک / 'îdrostātîk/: [فرانسوی] ☜ **هیدروستاتیک**

ئیدروسفالی / 'îdrosefālî/: [فرانسوی] ☜ **هیدروسفالی**

ئیدروسفر / 'îdrosfer/: [فرانسوی] ☜ **هیدروسفر**

ئیدروفویل / 'îdrofoyl/: [فرانسوی] ☜ **هیدروفویل**

ئیدروفیل / 'îdrofîl/: [فرانسوی] ☜ **هیدروفیل**

ئیدروکربن / 'îdrokarbon/: [فرانسوی] ☜ **هیدروکربن**

ئیدروکربور / 'îdrokarbûr/: [فرانسوی] ☜ **هیدروکربور**

ئیدرولژی / 'îdrolojî/: [فرانسوی] ☜ **هیدرولژی**

ئیدرولیک / 'îdrolîk/: [فرانسوی] ☜ **هیدرولیک**

ئیدرومتر / 'îdrometr/: [فرانسوی] ☜ **هیدرومتر**

ئیدرید / 'îdrîd/: [فرانسوی] ☜ **هیدرید**

ایدز / 'eydz/: [انگلیسی]/اسم. *[پزشکی]* ئەیدز؛ نەخۆشینی لەکارکەوتنی هێزی چارەسەرکاری ناکۆکی لەش، کە زیاتر بە بۆنەی سەرجێیی کردن لەگەڵ نەخۆش یان لە خوێنی نەخۆشەوە مرۆ تووشی دەبێ.

ایدزی / 'eydzî، ـها/: [انگلیسی] صفت. ئەیدزی؛ نەخۆشکەوتوو بە ویرووسی ئەیدز.

ایـــده / îde'، ــهـا/: [فرانسوی]/اسم. ۱. ئەندێشە؛ بیر؛ ڕا؛ باوەڕ؛ دالْغە؛ گاڤین؛ هەنی ۲. [فلسفه] وێنە؛ نموونە.

ایدەآل / îde'āl، ــهـا/: [فرانسوی]/اسم. ۱. ئارمان؛ دۆز؛ گاڤین؛ کاربەند؛ مەبەست لە ژیاندا بەباشترین جۆر ‹ایدەآل جوانان امروز: ئارمانی لاوانی ئەمڕۆ› ۲. پڕبەدڵ؛ باوی دڵ؛ تەواو دڵخواز ‹این خانه ایدەآل است: ئەم ماڵە پڕبەدڵە›.

ایدەآلیست / îde'ālîst، ــهـا/: [فرانسوی] صفت. ئارمانوان؛ ئیدئالیست: ۱. ئارمانخواز؛ بە شوێنڕۆی ئیدئالیسم ۲. خەیاڵپەروەر؛ خەیالاتی.

ایدەآلیسم / îde'ālîsm/: [فرانسوی]/اسم. ۱. ئارمانخوازی؛ ڕوانگەیەکی فەلسەفی کە چۆناوچۆنی تێگەیشتنی مرۆڤ لە جیهانی مادی، بە هۆکاری تێڕوانین و بیرگەلی پێشوو دەزانێ کە لە مێشکدایە: **اصالت تصور؛ اصالت فکر؛ اصالت معنی** ۲. ڕوانگەیێکی فەلسەفی کە ماک بە چێکراوە و دنیاش بە دامەزراوەیەک دەزانێ کە تا سەر نیە ۳. [مجازی] خەیاڵپەرستی.

ایـــذا / îzā'/: [عربی]/اسم. [ادبی] چەرمەسەری؛ ئازار؛ کار یان ڕەوتی چەرمەسەری دان و ڕەنجاندن؛ گەهراندن؛ ئاراندن ‹دست از ایذای دیگران بردار: دەست لە ئازاری خەڵک هەڵگرە›.

ایذائی / îzā'î/: [عربی] ☜ **ایذایی**

ایـــذایی / îzāyî/: [عربی] صفت. ئازاردەر؛ گەهرێنەر؛ ئازارگەیێن: **ایذایی**

ایـــر / îr/: اسم. لیر؛ لیرک؛ زیپکەی پانکەلەی سەر پێست.

ایـــراد / îrād/: [عربی]/اسم. ۱. /ــهـا؛ ـات/ خەوش؛ ئیراد؛ ئاخ؛ عەیب؛ ئێوز؛ ئەوز؛ ئەرتۆ؛ ئووبا؛ ئوون؛ ئتەو ‹کارش ایراد نداشت: کارەکەی خەوشی نەبوو› ۲. [ادبی] کار یان ڕەوتی گوتن؛ وتن؛ پەیڤین؛ ئاخافتن؛ دەربڕین؛ واتەی ۳. کار یان ڕەوتی لێوەدان؛ لێدان ‹ایراد اتهام: لێوەدانی تاوان›.

▣ **ایراد اتهام:** لێوەدانی تاوان.

ایراد بنی‌اسرائیلی: [کنایی] بەهانەی بەنی‌ئیسرائیلی؛ بڕ و بیانووی بن‌شڕ و بێ‌پایە.

ایراد جرح: کاری زامارکردن؛ بریندار کردن.

ایراد خطابه: قسەکردن؛ وتاردان.

ایراد ضرب: لێدان.

▣ **ایراد داشتن:** خەوشدار بوون؛ عەیبدار بوون.

ایرادکردن: ۱. گوتن؛ وتن؛ پەیوین؛ پەیڤین؛ واتەی؛ ئاخافتن ۲. دەربڕین؛ بەیان‌کردن.

ایراد گرفتن: ڕەخنەگرتن؛ عەیب گرتن؛ لەقەم‌گرتن؛ تانە دینەوە؛ ئیرادگرتن.

ایرادی نبودن: قەیدێ نەکردن؛ قەی نەکردن ‹ایرادی نیست، می‌توانید بروید: قەیدی ناکا، دەتوانن بڕۆن›. هەروەها: **ایرادی نداشتن**

ایرادگیر / îrādgîr، ــهـا؛ ـان/: [عربی/ فارسی] صفت. وردەگیر؛ ڕەخنەگر؛ ئیرادگر؛ لێگر؛ عەیب دۆزەرەوە؛ ئەرتەوگر؛ ئوونگر؛ دژپەسەن.

ایران‌شناس / îrānšenās، ــهـا؛ ـان/: اسم. ئێران‌ناس؛ کەسێک کە خاوەن زانیاری پێویست سەبارەت بە ئێرانە (زۆرتر لە باری مێژووییەوە).

ایران‌شناسی / îrānšenāsî/: اسم. ئێران‌ناسی؛ لێکۆڵینەوە سەبارەت بە مێژوو، زوان و فەرهەنگی ئێران.

ایرانی [1] / îrānî/: اسم. ئێرانی: ۱. /ــهـا؛ ـان/

هەرکام لە خەڵکی ئێران ٢. لقێک لە زمانەکانی هێندو ئێرانی (بریتی لە ئەوێستایی، فارسی کەون، پاڵەوی، فارسی ناوەڕاست، فارسی دەری، فارسی ئەمڕۆیی، تاجیکی، فارسی ئەفغانی، کوردی، بەلووچی، گیلەکی، مازەندەرانی، تالشی، تاتی، خوتەنی، سوغدی، ئاسی، خوارەزمی، پەشتوو و زۆریکی‌تر).

ایرانی[2]: صفت. ئێرانی: ١. پێوەندیدار یان سەر بە ولاتی ئێران ‹گوزن ایرانی: کەلەکێوی ئێرانی› ٢. بەرهەم و دەسکردی ئێران ‹قالی ایرانی: قالی ئێرانی›.

ایرانیت / 'îrānît/: اسم. ئیرانیت؛ جۆرێ وەرەقەی سیمانی یان پەلاستیکی بۆ سەر میچ یان دیوارۆکە.

ایرانیک / 'îrānîk/ حروف‌ایرانیک، **حروف**

ایرباس / 'eyrbās، ـها/: [انگلیسی]/اسم. ئەیرباس؛ جۆرێ فڕۆکەی مسافربەری گەورە.

ایرتاکسی / 'eyrtāksî، ـها/: [انگلیسی]/اسم. فڕۆکە تاکسی؛ فڕۆکەیەکی چکۆلە کە زۆرتر لە بەرامبەر وەرگرتنی کرێ، مسافر دەربەست ئەگەینێتە جێگایەک.

ایرکاندیشن / 'e(y)rkāndîšen/: [انگلیسی] /اسم. ئەیرکوندیشن؛ ئامراز و سیستەمی گەرم و ساردکردنی هەوا بە دڵخواز.

ایرلندی / 'îrlandî/: اسم. ئیرلەندی: ١. لە زوانگەلی سێلتی، کە لە ئیرلەندا باوە ٢. ـها؛ ـان/ هەر کام لە خەڵکانی ئیرلەند یان زارۆکانیان.

ایریدیم / 'îrîd(i)yom/: [فرانسوی]/اسم. ئیریدیۆم؛ توخمی کیمیاوی کانزا بە ژمارەی ئەتومی ٧٧ و کێشی ئەتومی ١٩٢,٢٢.

ایز / 'îz/: [ترکی]/اسم. [گفتاری] ١. شۆپ؛ شۆپێ؛ شوێن‌پێ؛ جێ‌پێ؛ یاگەپا ٢. ڕێگای پاشێل‌کراو.

▣ **ایز گم کردن**: ١. جێگە پێ نەهێشتنەوە؛ جێ‌پێ پێوارکردن ٢. [کنایی] بەرگری کردن لە ئاگادار بوونەوەی کەسێک لە مەبەستێک (زیاتر پاک‌کردنەوەی شوێنی تاوان).

ایز بە گربە گم کردن: [کنایی] تێکۆشانی بێهوودە بۆ شاردنەوەی کارێک.

ایزا / 'îzā/: اسم. لێوارە ی شەمچە کە ئاڵشتە بە ماکێکی زبرە و چێو شەمچەی پێدا دەکێشن تا داگیرسێ.

ایزد / 'îzad/: اسم. [ادبی] ئێزەد: ١. خوا؛ خودا؛ خودێ ٢. ـان/ فریشتە؛ لە فەرهەنگی کۆنی ئێرانیدا، هەرکام لەو فریشتانە بە پلە یەکی نزمتر لە ئیمشاسپەندان ‹ایزد آتش: ئێزەدی ئاگر›.

ایزدی / 'îzadî/: صفت. ١. خودایی؛ خوایی ٢. یەزدی؛ ئێزدی؛ یەزیدی؛ پەیڕەوانی ڕەوشتی ئێزەدی؛ کۆمەڵی مەلەک تاوس پەرەست.

ایزوبار / 'îzobār/: [فرانسوی]/اسم. [شیمی] هاوگوشار؛ دوو شوێنی جیاواز لە سەر زەوی بە گوشاری یەکسانەوە.

ایزوترم / 'îzoterm/: [فرانسوی]/اسم. هاودەما؛ ئەو شوێنانەی زەوی کە گەرما و سەرمایان وەک یەکە.

ایزوتروپ / 'îzot(e)rop/: [فرانسوی] صفت. هاولف؛ دوو یان چەند شتی لە هەموو بارێکەوە وەک‌یەک.

ایزوتوپ / 'îzotop، ـها/: [فرانسوی]/اسم. [شیمی] ئیزۆتۆپ؛ دوو یان چەند ئەتوم لە یەک توخم کە ژمارەی نوترۆن و دوابەدوا کێشی ئەتومیان پێکەوە جیاوازە (وەک کولۆری٣٥ و کولۆری٣٧ یان کەربونی ١٢ و کەربونی ١٤).

ایزوتونیک / îzotonîk/: [فرانسوی] صفت. [شیمی] هاوگوشار: **ایزوبار**

ایست / îst/:/اسم. ۱. کار یان ڕەوتی ڕاوەستان؛ وەستان؛ وێسان؛ ویسیان؛ وسیاین؛ مدرەی ۲. [پزشکی] وێستانەوە؛ وێستان؛ لەکار کەوتنی ئەندامێکی لەش ‹ایست قلبی: ویستانەوەی دڵ›.

▣ **ایست دادن**: چقدان؛ فەرمان‌دان بە وەستان.

ایستا / îstā/: صفت. بێ‌جووڵە؛ بێ‌جمان؛ وێستاو؛ ڕاوەستاو؛ مدرا؛ مردا.

ایستائی / îstā'î/ ☜ **ایستایی**

ایستادگی / îstādegî/، ـها/: اسم. بەردەوامی؛ پتەوی؛ خۆڕاگری؛ ڕاوەستاوی؛ باشاری؛ پاوەجێیی. هەروەها: **ایستادگی کردن**

ایستادن / îstādan/: مصدر. لازم. //**ایستادی**: ڕاوەستای؛ **می‌ایستی**: ڕادەوەستی؛ **بایست**: ڕاوەستە// ڕاوەستان؛ وەستان؛ وێسان؛ ڤەڤەستان؛ ڤەستان؛ وسیاین؛ وسان؛ هوساین؛ مدرەی؛ مدرای؛ مردەی: ۱. بە پێوەبوون؛ لە سەر پاوە بوون ‹راست ایستادن: ڕاست ڕاوەستان› ۲. لەکار و جووڵەکەوتن ‹ایستادن ماشین: وەستانی ماشین› ۳. وەستانەوە؛ باشاری یان پێکۆڵی کردن ‹در برابر دشمن ایستادن: وەستان لە بەرامبەر دوژمنەوە› ٤. سەبرکردن؛ ماتڵ بوون ‹منتظر ایستادن: چاوەڕێ وەستان›. هەروەها: **ایستادنی**

■ صفت مفعولی: **ایستاده** (ڕاوەستاو) / مصدر منفی: **نَایستادن** (ڕانەوەستان)

ایستادنکی / îstādanakî/: قید. [گفتاری] بەپێوە؛ بەپاوە؛ وەپاوەو؛ پەیوە؛ پایوە؛ بە دۆخی وێستاو؛ لەسەر پێیان ‹نهارم را ایستادنکی خوردم: فراوینەکەم بەپێوە خوارد›.

ایستاده[1] / îstāde/: صفت. ۱. بێ‌جووڵە؛ ڕاوەستاو؛ ڕاگیراو؛ ڤەڤەستای؛ مەن؛ مەنگ ‹آب ایستاده: ئاوی ڕاوەستاو› ۲. لەسەرپێ؛ ڕاست؛ مدرا؛ وسیاگ؛ وێسیاگ. بەرانبەر: **خوابیده**

ایستاده[2]: قید. ڕاوەستاو؛ بە پێوە؛ لە سەر پا؛ لە سەر پێ؛ پاوە؛ پەیوە؛ پایوە ‹چرا ایستاده غذا می‌خوری؟: بۆچی بەپێوە نان دەخۆی؟›.

ایستار / îstār/: اسم. شێواز؛ پێودان؛ ڕێ و ڕەوشتی تایبەتی کەسێک بەرانبەر بە بڕێ شتگەلی ژیانی کۆمەلایەتی وەک: بنەماڵە، سیاسەت، زانست و...

ایستانبرق / îstānbarq/: [فارسی/ عربی] اسم. کارەبای وێستاو.

ایستاندن / îstāndan/: مصدر. متعدی. [نامتداول] //**ایستاندی**: ڕاتوەستاند؛ **می‌ایستانی**: ڕادەوەستێنی؛ **بایستان**: ڕاوەستێنە// ڕاوەستاندن؛ وەستاندن؛ وێساندن؛ ڤەستاندن؛ ڤەڤەستاندن؛ وسانن؛ قەفالتن؛ مدرنەی؛ مدرنای: ۱. شتێ یان کەسێک لە جووڵە خستن ۲. ڕاست‌کردنەوە؛ خستنە سەرپێ ❊ **ایستانیدن**

■ مصدر منفی: **نَایستاندن** (ڕانەوەستاندن)

ایستانیدن / îstānîdan/ ☜ **ایستاندن**

ایستایی / îstāyî/: اسم. وەستاوی؛ وێسیاگی.

ایستگاه / îstgāh/، ـها/: اسم. وێستگە؛ وەستانگە؛ ئێزگە: ۱. جێگای وێستانی ئامێری هات‌وچوو بۆ سوارکردن و دابەزاندنی مسافر‹ایستگاه قطار: وێستگەی شەمەندەفەر› ۲. بنکەی تایبەتی ڕاگوێزانی بڕێک لە کارگەل ‹ایستگاه برق: ئیزگەی کارەبا› ۳. جێگای وەستانی بەرپرسانێک کە ئەرکێکی تایبەتیان بە ئەستۆیە ‹ایستگاه بازرسی: وەستانگەی پشکنین›.

ایشان / îšān/: ضمیر. ۱. ئەوان؛ ئەوانە؛ وان؛

ئادیٚ؛ ئادیشا؛ ئانیٚ؛ جێناوی ئاماژە بۆ سێهەم کەسی کۆ ۲. ئەو؛ وی(بۆ نێر)؛ ویٚ (بۆ میٚ)؛ ئاد (بۆ نێر)؛ ئادە (بۆ میٚ)؛ جێناوی ئاماژە وێڕای ڕێزلێنان بۆ سێهەم کەسی تاک.

ایضا / 'ayzan/: [عربی] *قید.* دیسان؛ دیسا؛ دیسانەوە؛ هەروەسا؛ هەرپاسە؛ هەیدیٚ؛ دوبارە؛ هەیدیک؛ ئەمجاریش؛ واوی؛ سەرلە نویٚ ‹ایضا داستانی نقل می‌کنند: دیسان چیرۆکێک دەگێڕنەوە›.

ایضاح / 'îzāh، ـات/: [عربی] *اسم.* *[ادبی]* کار یان ڕەوتی ڕوون‌کردنەوە؛ شی‌کردنەوە.

ایغور / 'oyqûr/: [ترکی] *اسم.* ئۆیغوور: ۱. خێڵێک لە ڕەگەزی تورک، دانیشتووی ئاسیای ناوەڕاست و باکووری ڕۆژئاوای چین ۲. /ـها/ هەرکام لە خەڵکی ئەو هۆزە * **اویغور**

ایغوری / 'oyqûrî/: [ترکی] *اسم.* ئۆیغووری: ۱. زوانی خەڵکی ئۆیغوور، لە زاراوەکانی تورکی ڕۆژهەلات ۲. شێوەی نووسینی ئەو هۆزە * **اویغوری**

ایفا / 'îfā/: [عربی] *اسم.* جێبەجێیی؛ کار یان ڕەوتی ئەنجامدان؛ مەشاندن؛ کودانـدن ‹نمایندگان وظیفه ی خود را به خوبی ایفا می کنند: نوێنەران ئەرکی خۆیان بە باشی جیبەجێی دەکەن›.

ایفاد / 'îfād/: [عربی] *اسم.* *[ادبی]* کار یان ڕەوتی ناردن؛ هەناردن؛ کیاسەی؛ ڕەوانە کردن (بەتایبەت) نامە و...

ایقاع / 'îqā'/: [عربی] *اسم.* *[موسیقی، قدیمی]* کێش؛ ڕیتم.

ایقان / 'îqān/: [عربی] *اسم.* *[ادبی]* ڕەوتی بڕوا کردن؛ دڵدامەزران؛ دڵقایم بوون.

ایکس / 'îks/: [فرانسوی] *اسم.* ئیکس: ۱. ناوی بیست و چوارەمین پیتی ئەلفوبێتکەی فەرانسی و ئینگلیزی (X,x) ۲. /ـها/ *[مجازی]* نەناس؛ نادیار؛ نەناسراو ‹آقای ایکس: کابرای نەناس›.

ایگرگ / 'îgreg/: [فرانسوی] *اسم.* ئیگرێگ: ۱. ناوی بیست و پێنجەمین پیتی ئەلفوبێتکەی فەرانسی و ئینگلیزی (Y,y) ۲. /ـها/ *[مجازی]* نادیارێکی‌تر؛ نەناسێکی‌تر.

ایگلو / 'îglû، ـها/: [؟] *اسم.* ئیگلوو؛ کاڵیتی بەفری؛ ماڵۆکەی ئێسکیمۆیان کە بە سەهۆڵ و بەفر دروستی دەکەن.

ایل / 'îl، ـها، ـات/: [ترکی] *اسم.* ۱. هۆز؛ هۆزان؛ عاشیرەت؛ ئیل؛ ئێل؛ خێڵ؛ عێل ‹ایل قشقایی: هوزی قەشقایی› ۲. تیرە؛ ڕەوەز؛ ڕەوەند؛ کۆمەڵە کۆچەرێک پێکەوە ‹ایل و تبار: تیرە و تایفە› ۳. *[مجازی]* خێڵ؛ هووڕەو؛ کۆمەڵ و ئاپۆرەی خەڵک ‹یک ایل ریختند توی خانه: خیلیٚ کردیانە ماڵەوە›.

▣ **ایل ایلاق و قشلاق رو**: ڕەوەن؛ خێڵەکیٚ؛ ئەوانەی گەرمێن و کوێستان دەکەن.

ایلامی[1] / 'îlāmî/: *اسم.* ئیلامی: ۱. /ـها؛ ـان/ عیلامی؛ هەرکام لە خەڵکانی وڵاتی مێژوویی ئیلام لە باشووری ڕۆژئاوای ئێران ۲. عیلامی؛ زمان یان شێوە نووسینی ئەو هۆزە: **عیلامی** ۳. /ـها/ هەر کام لە خەڵک و دانیشتوانی شاری ئیلام لە ڕۆژاوای ئێران.

ایلامی[2]: *صفت.* ئیلامی: ۱. پێوەندیدار یان سەر بە وڵاتی ئیلام: **عیلامی** ۲. پێوەندیدار یان سەر بە شاری ئیلام.

ایلئوم / 'île'om/: [انگلیسی] *اسم.* ڕیخۆڵەباریکە؛ لوولەیەکی درێژ و باریکە لە ناوزگدا کە سەرێکی دەلکێتە گەدەوە و ئەو سەری ئەچێتەوە سەر ڕیخۆڵەگەورە، زۆربەی خۆراک و ئاوی پێویست بۆ لەش لەوێوە جەزب دەبیٚ.

ایلئون / 'île'on/: [انگلیسی] ☜ **ایلئوم**

ایــل‌بیگــی / îlbeygî'، ــها/: [ترکــی]/اسم. [قدیمی] ئیلبه‌گی؛ سه‌رۆکی خێڵ؛ ئێل‌به‌گ؛ له گه‌وره‌کانی هۆز که زۆرتر کوڕ یا برای سه‌رداری عێڵه.

ایلجـار / îlcār'/: [ترکی]/اسم. [گفتاری] گه‌ل؛ عێلجاری؛ زباره؛ هه‌ره‌وه‌ز؛ کار یان ڕه‌وتی کۆبوونه‌وه‌ی ئاپۆره بۆ جێبه‌جێ‌کردنی کارێک به کۆمه‌ڵ.

ایلچـی / îlčî'، ــها؛ ــان/: [ترکی]/اسم. [قدیمی] باڵوێز؛ نوێنه‌ر؛ نێردراو ‹ایلچی دولت انگلیس: باڵوێزی ده‌وڵه‌تی ئینگلیز›.

ایلچیگـری / îlčîgarî'/: [ترکی/ فارسی]/اسم. [قدیمی] باڵوێزی؛ کار یان ئه‌رکی نوێنه‌ری.

ایلخـان / îlxān'، ــها؛ ــان/: [ترکی]/اسم. [قدیمی] سه‌رخێڵ؛ سالاری هۆزی کۆچه‌ر؛ گه‌وره‌ی هۆز؛ سه‌ره‌ک هۆز؛ سه‌رعێڵ.

ایلخی / îlxî'، ــها/: [ترکی]/اسم. ۱. ڕه‌وه‌؛ ڕانه ئه‌سپ؛ گه‌له ئه‌سپ ۲. [کنایی] هووره‌و؛ ده‌سته‌یه‌کی زۆر له خه‌ڵک؛ ئاپۆره‌ی حه‌شامات.

ایلغـار / îlqār'، ــها/: [مغولی]/اسم. [قدیمی] قه‌ڵتوبڕ؛ عێلغار؛ هورووژم؛ دابه‌ڕزانی سپایانی دوژمن وێڕای کوشت و بڕ و تالان و تاڵان.

ایـل‌وتبـار / îl-o-tabār'، ــها/: [ترکی/ فارسی] اسم. هۆز؛ تیره و تایه‌فه؛ هۆز و به‌ره.

ایلـول / îlûl'/: [سریانی]/اسم. ئه‌یلوول؛ ئیلوول: ۱. مانگی نۆهه‌می ڕۆژمێری ولاتانی عه‌ره‌بی که ۳۰ ڕۆژه و به‌رامبه‌ر به مانگی سێپتامبره ۲. مانگی دوازده‌هه‌می سالی عورفی و مانگی شه‌شه‌می سالی ئایینی جووله‌که که ۲۹ ڕۆژه و به‌رامبه‌ر به مانگی سێپتامبر و ئووته.

ایلـی / îlî'/: [ترکی] صفت. خێڵی؛ هۆزی: ۱. خێڵه‌کی؛ هۆزه‌کی؛ پێوه‌ندیدار یان سه‌ر به خێڵ ۲. خێڵانه؛ هۆزانه؛ وه‌کوو هۆز؛ به کۆمه‌ڵ ‹به صورت ایلی کوچ کردند و رفتند: به شێوه‌ی خێڵانه کۆچیان کرد و چوون›.

ایلیـاتی / îl(i)yātî'/: [ترکی/ عربی] صفت. [گفتاری] خێلی؛ عه‌شیره‌تی.

ایلینیم / îlîn(i)yom'/ ☜ **رُومِتیُم**

ایمـا / îmā'، ــها/: [عربی]/اسم. هێما؛ ئاماژه؛ ئاشیره‌ت؛ ئیشاره به چاو یان برۆ و...

ایماژیست / îmājîst'/: [فرانسوی] ☜ **تَصویرگرا**

ایماق / oymāq'/: [ترکی] ☜ **اویماق**

ایمـان / îmān'/: [عربی]/اسم. ۱. ئیمان؛ بڕوا؛ باوه‌ڕ؛ باوڕ؛ ڕه‌وتی باوه‌ڕ پێ‌کردن ‹ایمان به مردم: باوه‌ر به خه‌ڵک› ۲. بڕوایی به پاڵپشتی گرۆی ئایینی یا مه‌رامیه‌وه ‹ایمان به خدا: بڕوا به خودا› ۳. [ادبی] دینداری؛ موسڵمانه‌تی؛ به‌رامبه‌ری کوفر.

▣ **ایمان آوردن**: ئیمان هێنان؛ بڕوایی هێنان؛ ڕاستی و دروستی شتێک بڕوا پێ‌کردن و پێهاتنی.

ایمان داشتن: بڕوا بوون؛ باوه‌ڕدار بوون: ۱. بڕوا هه بوون به ڕاستی و دروستی کارێک یان بنه‌مایه‌ک ‹او به راهش ایمان داشت: به ڕێبازه‌که‌ی بڕوای هه‌بوو› ۲. په‌یڕه‌وی ئایین و بنه‌مایێ بوون ‹به خدا ایمان دارد: باوه‌ڕی به خودا هه‌یه›.

ایمـانی / îmānî'/: [عربی] صفت. ئیمانی؛ بڕوایی؛ باوه‌ڕی؛ پێوه‌ندیدار یان سه‌ر به باوه‌ڕ ‹رابطه‌ی ایمانی: په‌یوه‌ندی ئیمانی›.

ایمپـالا / împālā'، ــها/: [انگلیسی]/اسم. ئیمپالا؛ ئاسکی گه‌وره‌ی ئه‌فریقایی که نێره‌که‌ی شاخێکی درێژی هه‌یه.

ایمـن / îmen, 'îman'/: [عربی] صفت. [ادبی] هێمن؛ خاوه‌نی هێمنایه‌تی؛ بێ‌وه‌ی.

هه‌روه‌ها: **ایمن بودن؛ ایمن شدن**

ایمنـی / îmenî, 'îmanî'/: [عربی]/اسم.

هێمنی: ۱. دووری لە زیان و شەڕوشۆڕ ۲. پارێزراوی لە بەرانبەر نەخۆشیگەلەوە ۳. بێمەترسیەتی.

ایمنی‌شناسی / 'îmenîšenāsî, îmanî- /: [عربی/ فارسی]/اسم. پارێزناسی؛ لێکۆڵینەوەی زانستیانەی هۆکاری نەخۆشینگەل و شێوەی پارێز لێ‌کردنیان.

ایمه / 'ayemme /: [عربی] جمعِ ☜ **امام**

ایمیل / 'îmeyl /: [انگلیسی] ☜ پست الکترونیکی، **پست**

این [1] / 'în /: صفت. ئەم؛ ئەیە؛ یە؛ ئی؛ ئەی؛ ئەڤ؛ ئەڤە؛ ئەوهە؛ ڤینا؛ نەی؛ نێ؛ نی‌یی؛ نیا؛ یە؛ ئاماژەپێکراو یان لە بارەیەوە قسەکراو ‹این کتاب را بردارید؛ این کار درست نیست: ئەم کتێبە هەڵگرن؛ ئەم کارە دروست نیە›.

▣ **این بنده**: ئەمن؛ من؛ ئەم بەندە؛ ئەم بچووکە: **این حقیر؛ این دعاگو؛ این غلام**

این جانب ☜ **اینجانب**

این جهان: ئەم دنیایە؛ ئەم جیهانە؛ جیهانی زیندوان. بەرانبەر: **آن‌جهان**.

هەروەها: **این‌جهانی**

این حقیر ☜ **این‌بنده**

این دعاگو ☜ **این بنده**

این غلام ☜ **این بنده**

▣ **این پا آن پا کردن**: [مجازی] سنەسن کردن؛ پاوپا کردن؛ خنەخنن کردن؛ خاوەخاو کردن بۆ ڕۆیین ‹چرا اینقدر این پا و آن پا می‌کنی؟ الآن قطار راه می‌افتد: بۆچی ئەمەندە سنەسن دەکەی؟ ئێستا قەتارەکە دەڕوا›.

این دست آن دست کردن: [مجازی] مسەمس کردن؛ دەس‌ـدەس کردن؛ دەساودەس کردن؛ پەلە نەکردن لە جێبەجێ کردنی کارێکدا ‹اگر قصد خریدش را داری، دیگر این دست آن دست نکن: ئەگەر دەتەوێ بیکڕی، ئیتر مسەمس مەکە›.

این [2] / ـها؛ ـان /: ضمیر. ئەمە؛ ئەوە؛ ئەڤە؛ ئەیە؛ ئینە؛ یە: ۱. ئائەمە؛ ئائمە؛ ئاماژە بۆ نزیک ‹این کتاب است؛ این یا آن، کدام را می‌خواهید؟: ئەمە کتێبە؛ ئەمە یان ئەوە، کامیانت دەوێ؟› ۲. جێناوی ئاماژە بۆ جگە لە مرۆڤ ‹این را بردار: ئەمە هەڵگرە› ۳. [گفتاری] ئەم؛ ئێد(بۆ نێر)؛ ئێدە(بۆ مێ)؛ جێناوی ئاماژە بۆ سێهەم کەسی تاک ‹این حرف حساب سرش نمی‌شود: ئەمە خۆ قسەی حیسابی بە گوێیدا ناچێ› ٤. [مخفف] ئەم‌دانە؛ ئەم‌تاکە ‹این را هم بردار: ئەمەش هەڵگرە›.

اینترنت / 'înternet /: [انگلیسی]/اسم. ئینترنیت؛ تۆڕی کامپیوتەری نێونەتەوەیی بۆ پێوەندی و زانیاری‌گرتن.

اینجا [1] / 'încā /: قید. ئێرە؛ ئێرا؛ ئەیرا؛ ئێرانە؛ ئەمیا؛ هێری؛ ئەگرە؛ ئەیرە؛ هێر؛ وەیتا؛ هرە؛ ئیرە؛ ڤر؛ ڤرا؛ چێ؛ ئێگە؛ ئەمێ؛ ناڤەر؛ جێگای ئاماژەپێکراو ‹اینجا سنندج است: ئێرە سنەیە›.

اینجا [2]: ضمیر. ئێرا؛ ئەیرا؛ ئەورە: ۱. /ـها/ لێرەکانێ؛ لێرەکانە؛ چیە؛ چیگە؛ لەم شوێنە ‹اینجا چیزی پیدا نمی‌شود: لە ئێرەدا شتێ پەیدا نابێ› ۲. ئێرە؛ ویە؛ ئەوێگە ‹بیا اینجا: وەرە ئێرە›.

اینجانب / 'încāneb /: ـان/: [فارسی/ عربی] ضمیر. من؛ ئەمن؛ ئەز (لە قسەکردن یا نووسراوەی ڕەسمیدا).

اینچ / 'înč /: [انگلیسی]/اسم. ئینچ؛ یەکەی پێوانەی درێژی لە ولاتانی ئەنگلوساکسۆن هەمبەر بە ۲٫٥٤ سانتی‌میتر.

▣ **اینچ مربع**: یەکەی ڕووبەر، بەرامبەر بە ٦٫٤٥ سانتی‌میتری چوارگۆشە.

اینچ مکعب: یەکەی بارستایی، بەرامبەر بە ١٦٫٣٩ سانتی‌میتری چوارپاڵوو.

این‌چنین / 'înčenîn/ ☜ **چنین**

ایندکس / 'îndex، ــها/: [انگلیسی]/اسم. پێرست.

ایندیم / 'îndiyom/: [انگلیسی]/اسم. ئیندیۆم؛ توخمی کانزایی بە ژمارەی ئەتومی ٤٩ و کێشی ئەتومی ١١٤.

اینشتنیم / 'eyn(e)štînyom, 'ayn(e)štanyom/: [انگلیسی]/اسم. ئێنشتێنیۆم؛ توخمێکی کیمیایی کانزایی ڕادیۆئەکتیڤە بە ژمارەی ئەتومی ٩٩ و بە پێنج ئیزۆتوپەوە، لە ٢٤٨ تا ٢٥٢.

این‌قدر / 'înqadr/: [فارسی/ عربی] قید. هەیانا؛ ئەوەندە؛ ئەو ئەندازە؛ هەنۆ؛ ئەم ئەندازە؛ ئەمە؛ هۆندە؛ هێند؛ ئەوەندە؛ هێن؛ هەڤقاس؛ ئەو قاس؛ هەن؛ هەندایین؛ ئەمەنگە؛ ئەمەندە؛ ئەونە؛ ئێقە؛ ئینە؛ ئنە؛ ئێقەرە؛ ئەچنە؛ ئەخکە ‹این‌قدر خوردم کە دلم درد گرفت: ئەوەندەم خوارد زگم هاتە ژان›.

اینک / 'înak/: قید. ئەوا؛ ئەمەسا: ١. فایە؛ ئەوەتا؛ ئەوەتانێ؛ وا؛ ئەوا؛ ئێستا؛ ئیسە؛ هەر ئێسە؛ ئەوێستا؛ ئێستاکە؛ ئێستەکانێ؛ هانی؛ لە کات یان دەمی کارێکدا ‹اینک باران می‌بارد: ئێستا باران دەبارێ› ٢. ئەوەها؛ ئانا؛ بۆ ئاماژە بە نزیک ‹بدو گفت اینک سر دشمنت: پێی‌گوت ئەوا سەری دوژمنەکەت›.

اینکه[1] / 'înke/: قید. ئەمەکە؛ ئەمەیکە؛ ئەمەیەکە ‹دیگر اینکە او را اصلا نمی‌شناسم: ئیترئەمەیکە ئەو هەر ناناسم›.

اینکه[2]: ضمیر. ئەمەکە؛ ئینەکە (بۆ نێر)؛ ئینێ‌کە (بۆ مێ)؛ ئەم کەسە یان ئەم شتە ‹اینکە می‌آید، غریبە است: ئەمەکە دێ، غەوارەیە›.

این‌وآن / 'în-o-ān/: ضمیر. ئەم و ئەو؛ ئەمە و ئەوە؛ ئێد و ئاد؛ ئینە و ئانە؛ ئاماژە بە شتان یان مرۆڤگەلی نەناسراو ‹همەی پولت را دادی بە این و آن: گشت پارەکەت دا بە ئەم و ئەو›.

این‌ورو‌آن‌ور / 'învar-o-ānvar/: ضمیر. شەقاشەق؛ ئێرە و ئەوێ؛ ئەملا و لا؛ ئەملا و ئەولا؛ ئیلا و یلا.

اینها / 'înhā/: ضمیر. ١. جمعِ ☜ **این**[2] ٢.ئەوان؛ یان؛ یانە؛ ئەیانە؛ ئادێ؛ ئادیشا ‹دیشب آزاد و اینها آمدند: دوێنێ‌شەو ئازاد و ئەوان هاتن›.

اینهمانی / 'înhamānî/: اسم. ١. پێناسە؛ ٢. /ــها/ وەک‌خۆیی؛ هاوسانی؛ هاووێنەیی؛ چۆناوچۆنی ویەکچوون ٣. /ــها/ *[ریاضی]* یەکێتی.


ایوان / 'eyvān، ــها/: اسم. ١. هەیوان؛ هێوان؛ بەرهێوان؛ هەیبان؛ هەویان؛ ئەیوان؛ هەیوانە؛ بەرێوان؛ بەربێلایی؛ بەرمەیتاوی؛ ئەرمە؛ وەرتارمە؛ بەرمەی تاون؛ بەرسڤک؛ هەیوۆ؛ شوێنی باران نەگر؛ بەسەر بانی بێ‌دیواری ئەو لاو ئەو لا ٢. *[قدیمی]* کۆشک.

ایوانک / 'eyvānak، ــها/: اسم. بانجێڵە؛ بەرهەیوان؛ هەیوانەکلێ؛ بانیژە.

ایوانگاه / 'eyvāngāh/: اسم. بانجێڵە؛ بانیجە؛ بانیژە؛ بەرهەیوان؛ هەیوانسا.

ایهام / 'îhām، ــات/: [عربی]/اسم. *[بدیع]* ئیهام؛ وشەیەک کە واتایێکی نزیک بە مێشک و واتایێکی دوور لە مێشکی هەیە و مەبەستی بێژەر واتا دوورەکەیە (وەک: وتم ئایا بە زاری خۆت ئەپرسی حاڵی زاری من؟/ بڕۆی هێنایەیەک وەک شکڵی لا یەعنێ کە بێزارم).

ایی / 'ayî/: صفت. *[کودکانه]* قخە؛ چەپەڵ؛ خراپ؛ ئیش؛ عیش؛ کخ؛ پیس و پۆخڵ لە زاراوەی منداڵاندا.



ب[1] / b/: *حرف.* ب؛ پیتی دووهەمی ئەلف و بێتکەی زمانی فارسی.

بـ[2]: *پیشوند.* ١. نیشانەی ئاوەڵکار، بە واتای: بە شێوەی؛ بە ؛ لەگەڵ؛ لەتەک؛ چنی؛ چەنی ‹بزودی: بەزوویی› ٢. بـ ؛ نیشانەی فەرمان ‹برو؛ بگو: برۆ؛ بێژە› ٣. بـ ؛ نیشانەی ڕانەبردووی مەرجی سادە (مضارع التزامی) ‹بروم؛ بگویند: بڕۆم؛ بێژن› ٤. *[ادبی]* بە ؛ بـ ؛ دەچێتە سەر ناو، ئاوەڵناو یان ئاوەڵکار پێکدێنێ ‹بهوش: بەهۆش› ٥. *[گفتاری]* بـ ؛ بکەردی کارێک یان خاوەنی چۆنیەتیەک ‹تو بخر این خانه نیستی: تۆ بێت و ئەم ماڵە بسێن نیت›.

ـبـ[3]: *میانوند.* ـ بە ؛ ـ وە ـ: ١. نیشانەی دووپاتی و بەرامبەری ‹روبرو؛ یکبیک؛ سربسر: ڕووبەڕوو؛ یەکبەیەک؛ سەرەوسەر› ٢. لەیەکێک تا ئەوی تر ‹روز بروز؛ سال بسال: ڕۆژبەڕۆژ؛ ساڵوەساڵ› ✻ **ـ بـ ؛ ـ بەـ**

با[1] / bā/: *اسم.* با؛ بێ؛ ناوی دووهەمین پیتی ئەلفوبێتکەی فارسی.

◘ **بای بسم‌الله**: *[کنایی]* سەرەتا؛ سەرەتای شتێ؛ دەسپێکردنی شتێک؛ بێی‌بیسمیللا ‹از همان بای بسم‌الله بدوبیراه می‌گفت: هەر لە سەرەتاوە جنێوی دەدا›.

بای تأکید: *[ادبی]* لە سەرەتای کەردی زەمانی ڕابوردوودا، بۆ جوانی یا پاداگرتن دێ (برفت؛ بدیدی: ڕۆیی؛ دیتت).

با[2]: *قید.* لەپا؛ پای؛ پاو؛ لە باڵا؛ لە سەر شانی؛ بە ئەستۆی ‹پول ناهار با من: پارەی فراوین لەپای من›.

با[3]: *حرف.* ١. وەل؛ دەگەڵ؛ دگەل؛ ڕەگەڵ؛ لەیەل؛ لەیەر؛ لەتەک؛ لەل؛ بە؛ چنی؛ چەنی؛ پێڕا؛ وەگەرد؛ تەبا؛ تەک؛ تەڤ؛ ڕا؛ دەگەڵی ‹با بهار آمد: دەگەل بەهاردا هات› ٢. بە؛ بەهۆی ‹با پای پیاده آمدم: بە پێیان هاتم› ٣. بەرامبەر؛ لەگەڵ؛ دەگەڵ؛ لەتەک؛ لێل؛ چنی؛ چەنی ‹با مردم نمی‌شود جنگید: لەگەل خەڵکدا شەڕ ناکرێ› ٤. *[ادبی]* بە؛ چنی؛ چەنی ‹با من گفت: بە منی گوت›.

بـا ـــ[4]: *پیشوند.* بە ـ ؛ بـ ؛ خاوەن ‹بافرهنگ؛ باارزش: بەفەرهەنگ؛ بەنرخ›.

ـ با[5]: *پسوند.* *[ادبی]* ـ با؛ ـ وا؛ ـ ئەوا؛ ـ باوی؛ ئاش؛ خواردەمەنی ئاوەکی؛ چێشت ‹دوغبا؛ شوربا: دۆخوا؛ شۆروا/ شۆربا›.

باا‌تیکت / bā'etîket/: [فارسی/ فرانسوی] *صفت.* بەوەج؛ پابەندی داب و نەریت (لە

هەڵس‌وکەوتی کۆمەڵایەتیدا) ‹مرد بااتیکتی بود: پیاوێکی بەوەج بوو›.

باحساس[1] / bā'ehsās /: [فارسی/ عربی] *صفت.* هەستیار؛ بەهەست؛ هەستەوەر؛ هشکی؛ خاوەن هەست ‹آدم بااحساسی است: مرۆڤێکی هەستیارە›.

باحساس[2]: *قید.* بەهەستەوە؛ هەستیارانە ‹گوینده بااحساس صحبت می‌کرد: وێژەر بەهەستەوە قسەی دەکرد›.

بااطلاع / bā'ettelā' /: [فارسی/ عربی] *صفت.* هویل؛ ئارا؛ ئاگا؛ ئاگەدار؛ هاگادار؛ هاگەدار؛ هایدار؛ ئاشایار؛ خەبەردار.

بائت / bā'et /: [عربی] *اسم. [نامتداول]* شەومەنە؛ شەڤی؛ بەیاق؛ چێشت و نانێ کە شەو ماوەتەوە.

بائر / bā'er /: [عربی] ☜ **بایر**

بائو / bā'û، ـها /: *اسم. [نجّاری]* باهۆ؛ باڵشمە؛ باڵاشم؛ پەروازە؛ هەر یەک لە برگەگەلی ئەستوونی چوارچێوەی دەرگا و دەلاقە.

بائیدن / bā'îdan / ☜ **بایستن**

باب[1] / bāb، ـها؛ ابواب /: [عربی] *اسم.* ۱. /ابواب/ بەن؛ پاژ؛ پار؛ بەش؛ بەند؛ بەست؛ بەشێک لە کتێب ‹باب پنجم گلستان: بەشی پێنجەمی گولستان› ۲. *[جغرافیا]* تەنگە؛ قوڕنووش ۳. بار؛ مەڕ؛ بابەت؛ سەبارەت ‹در باب جنگ بحث شد: سەبارەت بە شەڕ باس‌کرا› ٤. چاوە؛ چاوک؛ دەس؛ دەستە؛ دانە؛ دەزگا (بۆ ماڵ و ملک) ‹دو باب دکان؛ سه باب خانه: دوو چاوە دووکان؛ سێ دەزگا ماڵ› ٥. *[قدیمی]* درگا؛ دەرگە؛ دریا؛ دەرکە؛ بەرە؛ دەروازە.

باب[2]: *صفت.* باو؛ برەو ‹بلند کردن موها باب شده‌بود: قژ درێژکردنەوە باو ببوو›. هەروەها: **باب بودن؛ باب شدن؛ باب کردن**

باب / bābe /: [عربی] *حرف.* هەموار؛ سزاوار؛ پڕ بە پێست؛ باو؛ پڕبەپڕ؛ لەبار و شیاو بۆ کەسێ یان شتێ ‹باب آقاست: پڕبەپێستی ئاغایە›.

☐ **باب دندان**: باو دیان؛ باوی خواردن؛ شیاو بۆ خواردن.

باب روز: باوی ڕۆژ؛ مودی ڕۆژ.

باب طبع: باوی دڵ؛ خۆش و سازگار لەگەڵ سروشتی کەسێکدا.

بابا / bābā، ـها /: *اسم.* ۱. باب؛ باوک؛ بابە؛ تاتە ۲. باوا؛ بابا؛ بابەگەورە؛ باوەگەورە؛ باپیر ۳. کەس؛ برادەرێک؛ یۆ؛ پیاوێکی نەناسراو ‹بابایی این نامه را آورد و رفت: کەسێ ئەم نامەیەی هێنا و ڕۆیشت› ٤. کابرا؛ کاورا؛ فلان؛ فلانی؛ کەسێ کە گەرەکیان نەبێ ناوی بێنن ‹آن بابا هم همین را گفت: ئەو کابرایەش هەر ئەمەی گوت› ٥. خزمەتکاری پیاو (بەتایبەت لە قوتابخانەدا) ٦. بابە؛ باوە؛ برا؛ هەتیو؛ هەتی؛ بۆ بەرهەڵست بوون دەگوترێ ‹ای بابا! اینهم شد حرف؟: ئەی بابە! ئەوەش بوو بە قسە؟›.

باباآدم / bābā'ādam، ـها /: [فارسی/ معرب] *اسم.* هەوێدار؛ بناوەتۆم؛ بەناوەتۆم؛ گەڵابناوەتۆم؛ حەچەگیرە؛ هەچەگیرە؛ حەشەگیرە؛ جڵ گرە؛ پووزپێچ؛ کزنیکسەرە؛ ڕوەکێ کە گەڵاکانی پانە و گوڵەکانی خڕت و دڕکاویە و ڕیشە و گەڵاکانی بۆ دەرمان دەشێ: **باردان**

بابابزرگ / bābābozorg، ـها /: *اسم. [گفتاری]* باوەگەورە؛ باوەگەورێ؛ باپیر؛ باوا؛ بابا.

باباشمل / bābāšamal /: *اسم. [کنایی]* ۱. تەژە؛ کەتە؛ حەفەنتی؛ باقورە؛ بەلان؛ زڕتۆ؛ ئابۆنە؛ هرچی‌مەندش؛ زەلامی بێ‌مشوور ۲. سەرپەتی؛ مرۆی گوێ‌نەدەر بە پووڵ و پارە.

باباغوری / bābāqûrî /: *صفت. [گفتاری]* چاوبۆق؛ چاوپۆق؛ بۆقرێ؛ چاودەرپەڕیو؛ چەم بلّح: **باباقوری**

باباقوری / bābāqurî/ ☜ **باباغوری**

بــاب‌الحـــوایج / bābolhavāyec/: [عربــی] /اســم. دەرگانـــەی ڕەحمـــەت؛ دەرگـــای دابینکەری هەموو جۆرە ئاتاجێک.

بــاب‌المعـــده / bābolme'de/: [عربــی] /اســم. بەرگەدە؛ جێی لکانی گەدە بە ڕێخۆڵەوە.

بابانوئل / bābāno'el، ـها/: [فارسی/ فرانسوی] /اسم. /مردم‌شناسی/ بابەنوئێل: ۱. پیرەپیاوێک بە بەرگ و کڵاو شاپۆی سوورەوە کە لە شەوی جێژنی لە دایک بوونی مەسیح، بۆ منداڵانی مەسیحی جێژنانە دەبا ۲. کەسێ کە خۆی بەم شێوە دەرهێناوە.

بابـت / bābat، ـهـا/: [عربـی] /اسم. بـارە؛ بـاوەت؛ بابـەت ‹از ایــن بابــت حرفــی نــزد: لــەم بــارەوە قسەیێکی نەکرد›.

بـابون / bābûn، ـهـا/: [انگلیسـی] /اسـم. بـابوون؛ لــە مــەیموونگــەلی دونیــای کــۆن لــە ژێــر ڕاستەی مرۆتەشـکان کـە سـەری وەک سـەگ و کلکی کورت بووە.

بابونـه / bābûne، ـهـا/: /اسـم. گوڵـەچاوئێـشە؛ گوڵـەبابوونـە؛ گوراڵـەکـەچـەڵـێ؛ بـەیبـوون؛ بـابوون؛ بووینـە؛ بـابن؛ بابنـەپـێچ؛ باواینـە؛ گوڵەچەرمگە؛ گوڵەچەرمەڵـە؛ حـاجی‌بـەیـان؛ حاجیلـە؛ گوڵـەحاجیلـە؛ گوڵـەحاجیانـە؛ گوڵـەفـەقـێ؛ گیـا کلکـەوانـە؛ گـوڵ‌تووتـک؛ گوراڵەچەرمێ؛ گوراڵـەحاجیانە؛ گوڵـی سپی یــان زەردی گیایــەکــی خۆڕسـکە کــە بــۆ دەرمان دەشێ.

▣ **بابونـه گـاو چـشم**: کـارتیمۆک؛ کـارتمۆک؛ کــارتیمۆڵ؛ کــارتمۆڵ؛ قــەوان؛ بابوونــەی چـاوەگـا؛ گیایـەکـە گوڵـێکی درشـتی زەرد دەکا.

بــابی[1] / bābî، ـهـا؛ ـان؛ بابیّـه/: [عربــی] /اسـم. /قـدیمی/ بـابی؛ کـەسێ کـە پـەیـڕەوی مـیرزا عــەلی محــەمــەدی شــیرازی (۱۱۸۸-۱۲۲۷ هەتاوی) ناسراو بە باب بێ.

بابی[2]: صفت. بابیەتی؛ سـەر بـە بـاب یـان ڕێ و ڕەوشتی.

بابیروسـا / bābîrosā، ـهـا/: [؟] /اسـم. بابیرۆسـا؛ جۆرێک بەرازی ئاسیای ڕۆژهەڵاتی کە شـفرەی یەکانەکەی لە ڕادەی ئاسایی درێژترە.

بابیه / bābîyye/: [عربی] جمعِ ☜ **بابی**[1]

باتــدبیر / bātadbîr، ـهـا؛ ـان/: [فارسـی/ عربـی] صـفت. بـەڕاوێـژ؛ کـارزان؛ چـارەزان؛ چـازان؛ بەمشوور. هەروەها: **بی‌تدبیر**

باتربیت / bātarbîyat، ـها/: [فارسی/ عربی] صفت. بەئەدەب؛ گونجاو؛ خاوەن هەڵس‌وکەوتی شیاو. هەروەها: **بی‌تربیت**

باتری / bātrî، ـهـا/: [فرانسوی] /اسـم. قـوە؛ پیـل: **باطری**

▣ **باتری آفتابی**: پیلی هەتاوی.

باتری تر: پیلی تەڕ.

باتری خشک: پیلی وشک.

باتریساز / bātrîsāz، ـها؛ ـان/: [فرانسوی/ فارسـی] /اسم. باتریساز: ۱. کـەسـێ کـە کـاری گـۆڕین و چاکردنەوەی بـاتری و ئـامرازە کـارەبابیـەکـانی ماشێنە ۲.کەسێ کە لە کارخانـە یـان کارگـای پیل‌سازیدا کاردەکا.

باتریسازی / bātrîsāzî/: [فرانسوی/ فارسـی] /اسم. باتریــسازی: ۱. کــاری بــاتری چــێ‌کــردن ۲. شــوێنی چاکردنــەوەی بــاتری و کــەل‌وپەلــە کارەبابیەکانی ماشێن.

بــاتلاق / bātlāq/: [ترکــی] /اســم. زەل؛ زەلکــاو؛ زن؛ زنـە؛ زەنـەک؛ زۆنـگ؛ زەنـج؛ زق؛ چـەلـوو؛ چەلاو؛ چراف؛ گـراف؛ گـەرەک؛ بـاتلاخ؛ بـڵقاو؛ ئاوەزا؛ چـەق؛ هـەردی تـەڕی شـل کـە جـار و بارە گژوگیایشی لێ‌دەڕوێ: **باطلاق**

بــاتلاقی / bātlāqî/: [ترکــی] صـفت. زەلکـاوی؛ زەنــەکــی؛ چــەلاوی ‹زمینهــای بــاتلاقی: زەوینگەلی زەلکاوی›: **باطلاقی**

باتولیت / bātolît/: [؟]اسم. [زمین‌شناسی] پازار؛ جۆرێ بەردی بەدیهاتوو لە توێگەلی ژێرەوەی زەوی.

باتوم / bātûm/: [فرانسوی] ☜ **باتون**

باتون / bātûn/: [فرانسوی]/اسم. شوشکە؛ لس؛ لیس؛ باتوم؛ میلەیێکی کورتی دارین یان پەلاستیکی کە پاسەبان و ئاژان، وەک چەکی سارد دەیبەستنە لای کەمەریانەوە: **باتوم**

▣ **باتون برقی:** شوشکەی کارەبایی.

باتیس / bātîs/: [از فرانسوی]/اسم. جۆرە پارچەیەکی لە پەموو چنراوی پتەوە و دەوامی زۆری هەیە: **بادیس؛ باطیس**

باتیک / bātîk/: [انگلیسی از مالایی]/اسم. باتیک؛ ڕەوشتێک لە ڕەنگ‌کردنی پارچە، بەم شێوە کە بەشێک لە قوماشەکە بە مۆم دادەپۆشن تا ڕەنگ نەیگرێ، ئەمجار دەرەنگی دەگەوزێنن: **چاپ باتیک**

باج / bāc/: اسم. *[قدیمی]* باژ؛ باج: ١. میجێتکی؛ تەوجی؛ باربۆ؛ پیتاک؛ خاوە؛ خویک؛ خەرج ٢. ڕادارانە؛ دەم چێشتانە؛ کەلەپوور؛ ئەو پارە میری لە خەڵکی دەستێنێ ٣. *[کنایی]* بەرتیل؛ ئەو شتەی بۆ بەجێ‌هێنانی ڕەزامەندی زۆردار دەیدەن.

▣ **باج اربابی:** کەرانە؛ کەڵە پیتاکی؛ باجی بە زۆر و ناهەقی؛ ئەوەی بە زۆرەملێ ئاغا یان زاوت لە ڕەنجبەری دەستێنن.

باج سبیل: *[کنایی]* ١. تووروەکانە؛ بەرسمێڵانە؛ باجێ کە گزیر لە رایەتی دەستێنێ ٢. پیتاک؛ شتێ یا دراوێ کە کەسێک بە ناڕەوایی (بە زۆر یان بە هەر شێوەیەکی‌تر) لە دیترانی دەستێنێ.

باج مستغلات: مالانە؛ باجی خانوان.

▣ **باج به شغال دادن:** *[کنایی]* سەر بۆ نامەرد دانەواندن؛ مل‌دان بە ناکەس؛ پیتاک‌دان بە ناپیاو.

باج خواستن: *[کنایی]* بەرتیل ویستن؛ پارەی ناڕەوا ویستن. هەروەها: **باج‌دادن؛ باج گرفتن**

باج‌بگیر / bācbegîr، ـها؛ ـان/: اسم. باجگیر؛ پیتاک‌گر؛ باجسان؛ ملهوڕی بە زۆری پارە لە خەڵک سێن.

باج‌خواهی / bācxāhî، ـها/: اسم. باج‌خوازی؛ باجسانی؛ کار یان ڕەوتی پارەی ناڕەوا ویستن.

باجراه / bācrāh، ـها/: اسم. ڕێگایێک کە بۆ پێداچوونی دەبێ پیتاک (باج) بدرێ.

باجگاه / bacgah/: اسم. ڕادارخانە؛ باجگە.

باجگزار / bācgozār، ـها؛ ـان/: اسم. *[قدیمی]* پیتاکدەر؛ ئەوەی کە باج دەدات.

باجگیر / bācgîr، ـها؛ ـان/: اسم. باجەوان؛ باژوان: ١. ڕادار؛ پیتاک وەرگر؛ باجگر؛ باج ئەستێن؛ ئەوەی کە بۆ دەوڵەت باج کۆ دەکاتەوە ٢. باجگیر؛ پیتاک‌گر؛ باجسان؛ ملهوڕی بە زۆری پارە لە خەڵک سێن.

باجگیری / bācgîrî، ـها/: اسم. باژەوانی؛ ڕاداری؛ باجگری؛ کار و ڕەوتی وەرگرتنی باج.

باج‌میل / bācmîl، ـها/: اسم. باج‌میل؛ میلەیەک لە سەر ڕێ کە دوای باج‌دان بەرز دەبێتەوە و ڕێگاکە دەکاتەوە.

باجناق / bācenāq، bācanāq، ـها/: [ترکی] اسم. ئاوەڵزاوا؛ ئاواڵزاوا؛ هاوزاوا؛ هامزاما؛ هامزەما؛ هەمزەما؛ هەڤالزاوا؛ هەڤزاڤا؛ هاوزەوا؛ هامریش؛ هومریش؛ هەڤلنگ؛ نێوانی دوو پیاو کە ژنەکانیان خوشکن.

باجه / bāce، ـها/: [ترکی ؟]اسم. هۆدە؛ ئۆدە؛ باجە؛ شوێنێکی چکۆلە بۆ فرۆشتنی شتێک یان جێبەجێ‌کردنی کارێک ‹باجەی تلفن: هودەی تەلەفوون›.

▣ **باجەی بلیت‌فروشی:** هۆدەی بلیت‌فرۆشی.

باجەی پست: هۆدەی پوست.

باجەی تلفن: هۆدەی تەلەفوون.

باجی / bācî، ـها/: [ترکی]/اسم. [گفتاری] باجی: ۱. خوشکێ (زۆرتر بۆ بە سووکی بانگ‌کردن) ‹باجی! چادرت را جمع کُن: باجی! چارشێوەکەت خڕکەوە› ۲. لەلە؛ دایەن؛ دایان ۳. کارەکەر؛ کارەکەرە؛ کلفەت.

باحال[1] / bāhāl/: [فارسی/ عربی] صفت. [گفتاری] خۆش؛ وەبەردڵ ‹مهمانی باحالی بود: میوانییێکی خۆش بوو›.

باحال[2]: قید. [گفتاری] جوان؛ خۆش؛ وەش ‹داماد خیلی باحال می‌رقصید: زاوا زۆر جوان هەڵدەپەڕی›.

باحالت / bāhālat/: [فارسی/ عربی] صفت. بەگیان؛ سەرزیندوو؛ زرک و زیننە.

باحور / bāhûr/: [معرب از سریانی] اسم. هەڵم؛ هەڵمی؛ هەپ: ۱. بۆقێک کە لە کاتی گەرم بوونی هەوا (وەک خۆر کەوتنەوەی دوای باران) لە زەوی بەرز دەبێتەوە ۲. هالاو؛ گەرمەوەزە؛ گەرمەوزە؛ گەرمای تیژ.

باخبر / bāxabar/: [فارسی/ عربی] صفت. ئاگادار؛ هاگادار؛ خەبەردار؛ ئاگا؛ خاوەن خەبەر.

باخت / bāxt/: اسم. ڕەوتی دۆڕان؛ خپان؛ دانیان؛ قریان؛ خیچ: ۱. /ـها/ ئەوەی دۆڕاندوویانە ‹آرام در قمار صد تومان باخت، یعنی باخت او صد تومان بود: ئارام لە قوماردا سەد تمەنی دوراند، واتا دۆڕانەکەی سەد تمەن بوو› ۲. کار یان ڕەوتی دۆڕاندن ‹بازی هم برد دارد هم باخت: یاری هەم بردنەوەی هەیە و هەم دۆڕان› ۳. [مجازی] شکست؛ کار و ڕەوتی بۆڕ خواردن ‹باخت او در این بازی حتمی است: دۆڕانی لەم کایەدا مسۆگەرە›.

باختر / bāxtar/: اسم. [ادبی] خۆراوا؛ ڕۆژئاوا؛ ڕۆژئاڤا؛ خۆرنشین؛ ڕۆژنشین.

باختران / bāxtarān/: اسم. ڕۆژاوا؛ وڵاتی لای ڕۆژئاواوە.

باخترزمین / bāxtarzamîn/: اسم. باختەر؛ وەڵاتی ڕۆژاوا.

باختری / bāxtarî/: صفت. [ادبی] ڕۆژاوایی: ۱. پێوەندیدار یان سەر بە ڕۆژاوا ‹نِژاد باختری: ڕەگەزی ڕۆژاوایی› ۲. لە ڕۆژاوا ‹کرانەی باختری رود اُردُن: زێواری ڕۆژاوایی چۆمی ئوردون›.

باختن / bāxtan/: مصدر متعدی. // **باختی:** دۆڕاندت؛ **می‌بازی:** دەدۆڕێنی؛ **بِباز:** بدۆڕێنە// ۱. دۆڕاندن؛ دانان؛ دانیان؛ دانین؛ دۆڕان؛ دۆڕیان؛ دۆڕنەی؛ ئەرەنیەی؛ چویزان؛ کچان؛ ژێرکەفتن؛ خیچان؛ وەزین؛ خپاندن؛ بازین ۲. [ادبی] گەمەکردن؛ قومار کردن ‹نرد باختن: نەرد گەمەکردن› ۳. [ادبی] بەختکردن؛ لە دەس‌دان ‹جان باختن: گیان بەختکردن›. هەروەها: **باختنی**

■ صفت فاعلی: **بازنده** (ـ)/ صفت مفعولی: **باخته** (دۆڕاو)/ مصدر منفی: **نَباختن** (نەدۆڕاندن)

ـ **باخته** / bāxte/: پیوازه. ـ دۆڕاو؛ ـ دانیاو؛ ـ چویز؛ دانیاگ؛ دانریاگ؛ دۆڕیاگ ‹مال باخته: ماڵدوراو›.

باخدا / bāxodā/: صفت. [گفتاری] خواناس؛ پیاو چاک.

باد[1] / bād/: اسم. با؛ ڤا؛ وا؛ باگ؛ بای؛ بێ: ۱. /ـها/ شنانەوەی هەوا؛ حزیشکە: الف) بزوانی ئاسۆیی هەوا بەهۆی ناهاوسانی لە گوشاری کەشدا ب) جێ‌گۆڕکێی هەوا کە بە کەرەسەیێکی (وەک پانکە یان کرانەوە و درانەوەی درگا) بە شێوەی دەستکردی بەدی‌دێت ۲. [گفتاری] هەڵمساوی؛ پەنەماوی؛ هیزە ‹چرا صورتت باد کرده؟: بۆچی

سەر و چاوت بای کردووە؟› ۳. هەوا یان گازی ناو زگ ٤. هەوا یان گازێ کە بە تەوژمەوە بکرێتە ناو شتێکەوە ‹باد لاستیک: بای تەگەرە› ٥. *[مجازی]* باخر؛ باغر؛ بۆج؛ لووتبەرزی و بەدەماری ‹آقای وزیر خیلی باد داشت!: جەنابی وەزیر گەلێک بای هەبوو!› ٦. *[مجازی]* هیچ؛ پووچ؛ بە ڕوالەت بەرچاو و بەکاکلە بەتال ‹حرفهایش همە باد بود: قسەکانی هەموو با بوو› ۷. *[ادبی، کنایی]* تاشک؛ توند؛ تیژ؛ چاوک ‹اسبی تیزرو چون باد: ئەسپی خۆشبەز وەکوو با›.

باد آلیزه ☜ **باد بِسامان**

باد بِسامان: بای شەماڵ؛ بایێکە لە لەتەگۆی باکووری زەویندا، لە باکووری ڕۆژهەلاتەوە و لە لەتەگۆی باشووریدا لە ڕۆژهەلاتەوە هەڵدەکا: **بادشرطه؛ باد تجاری؛ باد آلیزه**

باد بهار: ۱. بای نەورۆزی؛ بای بەهار؛ واو وەهاری؛ واو واساری ۲. بایەک کە لە وەرزی بەهاردا دێت. هەروەها: **باد پاییزی؛ باد زمستانی؛ باد بهمن؛ باد دی؛ باد مهرگان**

باد تجارتی ☜ **باد بِسامان**

باد تنجیده: باگەڕ؛ باگەڕەوە؛ بایێک کە دوای بەرەو ڕوو بوون لەگەڵ لەمپەری وەک کێو یان ماڵگەلی بڵندا، دەگەڕێتەوە و توندتر و بەگوڕتر دەبێ.

باد جنوب: زریان؛ زەلان؛ زلان؛ زەران؛ بای باشوور؛ بای قوبلە، کە سارد و تەزێنەرە.

باد جنوب شرقی: وەشت؛ بای باشووری ڕۆژهەلاتی.

باد خرمن: بای شەن؛ بای خەرمان؛ نەرمەبای وەرزی، کە لە کاتی خەرمانان و شەنکردندا دێت. .

باد خفیف: نەرمەبا؛ شنە؛ بایێک کە خێرایی دەوری ۲۱ تا ۳۲ کیلۆمیترە.

باد دبور: بایێک کە لە لای باشووری ڕۆژاواییەوە دێت.

باد دماغ: *[کنایی]* فیز؛ دەمار؛ دەعیە؛ لووتبەرزی؛ خۆ بە زل زانینی نارەوا.

باد سام: سەموون؛ سەبوون؛ ژارەبا؛ گڕەبا؛ گژەبا؛ بای داخ و وشکی گەرمیان و چۆلگەی گەرم (وەک عەربسان و میسر) کە زۆرتر بەهاران و هاوینان هەڵدەکا.

باد سحر: شنەی بەربەیان؛ شنەی بەیانی؛ شنەی پای کاوان؛ بای بەیانی؛ شنەیەکی فێنک کە بەیانان هەڵدەکا: **باد صبح**

باد سرخ: *[پزشکی]* بای سوور؛ بای مبارەک؛ سوورەبا؛ نەخۆشیەکی گرانی پێستە: **سُرخباد**

باد شَرطه ☜ **باد بِسامان**

باد شرق‌وزان ☜ **باد قطبی**

باد شکم: خەمەرە؛ بای زگ؛ گازێک کە لە زگدا دروست دەبێ.

باد شمال: شەماڵ؛ بای باکوور.

باد صبا: سروە؛ شنەبا؛ شیبا؛ بایێ کە لە لای باکووری ڕۆژهەلاتەوە یان باکووری ڕۆژئاواوە دێ و فێنک و لاوێنەرە.

باد صبح ☜ **باد سحر**

باد صرصر: سەڕسەڕ؛ کزەبا؛ بای کزە؛ بای ساردی بە تەوژم.

باد غبغب: *[کنایی]* فیز؛ ئیفادە؛ دەعیە؛ دەمار؛ باخری؛ باغری؛ بایی هەوایی.

باد غرب‌وزان: سیاوا؛ ڕەشەبا؛ بای لای ڕۆژهەلات.

باد فتق: وەتەبا؛ قۆرسا؛ باگونە؛ قۆڕی؛ نەخۆشی گون ئاوسان.

باد فرارو: بایێ کە لە زەریا و زەمینگەلی نزمەوە بەرەو بەرزایی هەڵدەکشێ.

باد فرورو: باسەرێک کە لە بەرزاییەوە بەرەو دەشت و گۆڕایی بشنێتەوە.
باد قطبی: زاویتە؛ بارەش؛ با کووزک؛ بای هەرە ساردی بەر و بوومی سەر گۆی زەوین کە بەرەو دەڤەرانی فێنکایی هەڵدەکا: **باد شرق‌وزان**
باد کُنترآلیزه ☜ **باد واسامان**
باد گرم (**آفت پالیز**): لیرگ؛ بای بەڵای بێستان.
باد گلو: یەق؛ قرپ؛ قرقێنە؛ قورقێنە؛ قولقێنە؛ قورپینە.
باد مخالف: دژەبا؛ بای نەیار؛ ئەو بایە کە لە ڕووبەڕووەوە دێت و بەرهەڵستی کار کردنە.
باد مرطوب: نمەبا؛ شۆبا؛ بایێ کە تەڕایی پێوەیە.
باد مفاصل: *[پزشکی]* ڕۆماتیسم؛ باداری؛ واداری.
باد مقعد: *[مستهجن]* ۱. تر؛ زر؛ جر ۲. تس؛ فس.
باد ملایم: سۆسە؛ سووسە؛ نەرمەبا؛ بای نەرم؛ سریوە؛ بایێ کە خێرایی دەوری ۳۳ تا ۴۰ کیلۆمیترە.
باد موافق: ئەو بایە کە لە پشتە سەرەوە ئەنگێوێت و بزوان هاسان دەکاتەوە (بە تایبەت بۆ گەمیەی بادەوانی).
باد موسمی: بای وەرزینە؛ بای‌کزینە؛ کزەبا؛ وەرزەبا؛ بایێک کە لە وەرزێکی دیاریکراوی ساڵدا و لە ناوچەیێکی تایبەتدا هەڵدەکا.
باد نسبتاً شدید: فیزفیز؛ بایێک بە خێرایی ۴۱ تا ۵۰ کیلومتر لە ساعەتدا.
باد نوروزی: داراول؛ بایێک کە لە ڕۆژانی کۆتایی ڕەشەمە و لە سەرەتای جێژنی نەورۆزدا دەوەزێ.

باد واسامان: زەلان؛ زریان؛ بایێک کە شوێنی هەڵکردنی پێچەوانەی شەماڵە: **باد کُنترآلیزه**
باد و بَروت: فیز و ئیفادە؛ دەعیە و دەمار؛ ئینجەوفینجە؛ با و پف.
باد هوا: *[گفتاری]* هیچ؛ پووچ؛ با؛ وا؛ فوو ‹با باد هوا نمی‌شود زندگی کرد: خۆ بە با ناکرێ بژی›.
▣ **باد آمدن:** با هاتن؛ وا ئامەی؛ وا کەوتەی؛ با ئەنگوتن؛ با هەڵکردن.
باد آوردن: ۱. ماسین؛ باکردن ‹شکمش باد آورده: زگی بای کردووە› ۲. با هێنان ‹این ابرها را باد آورده: ئەم هەورانە با هیناونی›.
باد بلند شدن: باهەڵکردن؛ وا هۆرکەردەی ‹یک دفعه باد بلند شد و هر چه خاک بود ریخت روی سر و کلّه‌ی ما: لەپڕ با هەڵیکرد و هەرچی خۆڵ بوو کردیە سەر و چاومانادا›.
باد به/ در آستین انداختن: *[کنایی]* باڵەفشێ کردن؛ بە خۆ فشین؛ وا کەردەینەوێ؛ دەعیە و دەمار فرۆتن؛ فیز و ئیفادەکردن. هەروەها: **باد به بروت انداختن؛ باد به زیر بغل انداختن؛ باد به غبغب انداختن؛ باد در بینی انداختن؛ باد در کلاه انداختن**
باد به بروت انداختن ☜ **باد به/ در آستین انداختن**
باد به پرچم/ بیرق کسی وزیدن: *[کنایی]* ئاو بە بێڵی کەسێکەوە بوون؛ ئاو لە جۆگەی کەسێکەوە چوون؛ کاری کەسێ سەرگرتن.
باد به پشت کسی خوردن: *[کنایی]* ساردەوە بوون؛ بەهۆی ماوەیەک بێکاری، تەنبەڵ بوونەوە.
باد به دست بودن ☜ **باد به دست/ مشت داشتن**

باد به دست/ مشت داشتن: *[کنایی]* با بەدەست بوون؛ دەستکورت بوون؛ هەژار و بێئەنوا بوون: **باد به دست بودن**

باد به زیر بغل انداختن ☜ **باد به/ در آستین انداختن**

باد به غبغب انداختن ☜ **باد به/ در آستین انداختن**

باد پیمودن: *[کنایی]* باشەن کردن؛ کاری بێهۆ کردن.

باد خوابیدن: با خەفتن؛ نیشتنەوەی با.

باد خوردن: ۱. با لێدان؛ وا دایوەنە ‹خیس بود، گذاشتەام باد بخورد خشک شود: تەڕ بوو، دامناوە با لیبدا وشک بێتەوە› ۲. *[کنایی]* سارد بوونەوە ‹مدتی بیکار بودە، پشتش باد خوردە، تن به کار نمیدهد: ماوەیەک بێکار بوە، سارد بوتەوە، خۆی لە کار نادا›.

باد دادن: ۱. دانەبا؛ شەن کردن؛ دەی وارە؛ کێشانە با ‹گندم را باد میدهند از کاه جدا شود: گەنم دەدەنە با، لە کا جیا بێتەوە› ۲. *[کنایی]* با تێدان؛ با تێکردن و فریودان؛ با کردنە قول؛ هەنی دانە ژێر باڵ؛ بە ناکولۆکاری کەسێ هان دان: **باد در آستین کسی انداختن**

باد داشتن: ۱. با تێبوون؛ بادار بوون ۲. *[کنایی]* بەفیس و دەمار بوون؛ لووتبەرز بوون؛ باغر بوون؛ بادار بوون؛ بادی هەوا بوون ۳. با هەبوون؛ پڕ لە با بوون (بۆ تۆپ و هەرچی بای تێ بکرێ).

باد در آستین کسی انداختن ☜ **باد دادن ـ۲**

باد در بینی انداختن ☜ **باد به/ در آستین انداختن**

باد در چنبر کردن: *[کنایی]* ئاو لە دنگا کوتان؛ ئاو بە بێژنگدا کردن؛ کاری بێکەڵک کردن.

باد در سر داشتن: *[کنایی]* لە خۆ بایی بوون؛ خۆ بە زل زانین؛ بەدەعیە و دەمار بوون.

باد در سرنا کردن: *[کنایی]* پف پێدا کردن؛ قوو داخستن؛ دنیا تێ گەیاندن؛ نهێنی وەدەرخستن.

باد در کلاه انداختن ☜ **باد به/ در آستین انداختن**

باد رها کردن: *[مستهجن]* با دانەوە؛ وا وەردەی؛ تران؛ ترەی؛ بای زک خاڵی کردنەوە.

باد زدن: ۱. باوەشێن/ بارۆشە کردن؛ وا درۆشەکەردەی؛ شەماڵ پەی کەردەی؛ با خۆش کردن بۆ فێنکی یان بۆ ئاگر گەش کردنەوە ۲. با تێکردن؛ وا کەردەینە ‹تلمبه را برداشت و هر دو چرخ دوچرخه را خوب باد زد: ترۆمپاکەی هەڵگرت و هەر دوو لاستیکی دووچەرخەکەی باش با تێکرد› ۳. *[کنایی]* بە گوڵ گرتن و بە گوڵاو شۆردن؛ مەشەڕام کەردەی؛ بە دڵ و داوێن ئاگاداری لێ کردن ‹انتظار داری بادت بزنم: چاوەڕوانی بە گوڵ بتگرم و بە گوڵاو بتشورم؟›.

باد کردن: ۱. پەنەمان؛ پەنەمیان؛ هەڵماسین؛ با کردن؛ هەڵمسان؛ واکەردەی ‹سرم به دیوار خورد، باد کرد: سەرم دای لە دیوار، پەنەما› ۲. *[کنایی]* باتێچوون؛ بادار بوون؛ بایی بوون؛ بە خۆ فشین؛ بادیهەوا بوون؛ باغر بوون ‹از وقتی رییس شده خیلی باد کرده: لەو ڕۆژەوە بووەتە سەرۆک زۆر بای نیچووە› ۳. با تێکردن (بۆ تۆپ و تەگەرە و هەرچی بای تێ بکرێ) ٤. *[کنایی]* کەڕە هێنان؛ بە سەر دەستەوە مان و نەفرۆشران.

بادکسی را خواباندن: فس کەسێ نیشاندنەوە؛ کەسێ لە دەمار خستن؛ ژێرکردن.

باد هوا خوردن: *[کنایی]* با هەڵمژین؛ هیچ

نەخواردن ‹پول تمام شده و تا آخر ماه باید باد هوا بخوریم: پارە تەواو بووە و دەبێ تا ئاخری مانگ با هەلمژین›.

بر/ به باد دادن: *[مجازی]* دانە با؛ بە با دان؛ فەوتاندن؛ لەکیس‌دان؛ مفت و مەرحەبا لە دەستدان.

به باد چیزی گرفتن: ۱. تێگرتن؛ دانە بەر شتێ ‹او را به باد ناسزا گرفت: دایە بەر پلار و جوین› ۲. پێ گەییشتن؛ پێوەتەقیان؛ پێوەندی سووک گرتن ‹هنوز باد شعله به او نگرفته بود که سوخت: هێشتا بلێسەی ئاورەکەی پی نەگەیشتبوو، سووتا›.

به باد فنا رفتن: *[مجازی]* بە تووناى تووندا چوون؛ فەوتان؛ بە جارِ و جەحانمدا چوون؛ نابووت بوون.

باد[2]: *دعا. [ادبی]* ببێ؛ بێ؛ بوێ؛ بۆ؛ بوود؛ با؛ بی ‹چنین باد: هەروا بی›: **بادا**

بادا / bādā/ ☜ **باد**[2]

◙ **بادا باد:** دەبێ با ببێ؛ بابۆ؛ ئەوەی دەبێ ببێ ‹زدیم بر صف رندان و هرچه بادا باد: هاتمە ریزی سەرپەتیان و هەرچی دەبێ با بێ›.

بادآس / bādās، ـها/: *اسم. [نامتداول]* ئاشی بادی؛ ئاسیاو بایی.

بادآورد / bādāvard، ـها/: *اسم.* ۱. ☜ **أبلک** ۲. پوورئاشۆکە؛ پوورئایشێ؛ قومام؛ گیاگەنمە؛ گیایەکی خۆرسکە، لە مەزرای گەنمدا دەروێ.

بادآورده / bādāvarde، ـها/: *صفت. [کنایی]* بێ‌رەنج و بە خۆڕایی بە دەست هاتوو.

بادآهنگ / bādāhang/: *اسم. [ادبی]* ۱. /ـها/ بائەنگێو؛ کونەبا؛ باکەش؛ بابوێر؛ باکێش؛ واگا؛ باگر؛ باگا ۲. پێژن؛ زایلە؛ زایەلە؛ دەنگدانەوە.

بادافره / bādafrah/: *اسم. [ادبی]* سزا؛ جەزا؛ جزیا؛ تەمێ؛ جوابی خراپە.

بادام / bādām، ـها/: *اسم.* بادام؛ باوام؛ بادەم؛ بایەم؛ وادام؛ وایدم؛ باوی؛ باو؛ باقی؛ بایم؛ وامی؛ باهیر؛ باهیف؛ بەهێڤ؛ بەهیف: ۱. داری بادام ۲. دەنکی بادام؛ میوەی گەیشتووی داری بادام.

◙ **بادام تر:** چەقالە؛ چوالە؛ چۆلە؛ تەڕە بادام؛ بادامی تازە وا هێشتا تێکولی سەوز و کولکنە و سەخت نەبۆتەوە.

بادام تلخ: بادامی تال؛ وامە تالێ؛ بایەمەتالە؛ چوالەتالە؛ بەهیڤەتەحلە؛ بایەمەکەتانی.

بادام خاتونی: بادامە گەلوازە؛ وامە وەشێ؛ بادام کاغەزی؛ پستەبایەم؛ پستەبەهێڤ؛ بادامی شیرین بە تێکولی ناسک و تورتەوە: **بادام کاغذی؛ بادام منقّا**

بادام خاکی ☜ **بادامزمینی**

بادام زمینی ☜ **بادامزمینی**

بادام سنگی: بایەمە کوێرە؛ وامە کوێرێ؛ بایەمەڕەقە؛ جۆرێک بادام کە توێکلی زۆر پتەوە.

بادام سوخته ☜ **بادامسوخته**

بادام کاغذی ☜ **بادام خاتونی**

بادام کوهی: بادامە کێفیلە؛ ئارژەنگ؛ ئەرزنگ؛ ئارژنگی؛ هەرجن؛ هەرجانە؛ وامە کەشێ؛ چلدسە؛ جۆرێ بادامی کێوی خۆرسکە.

بادام منقّا ☜ **بادام خاتونی**

بادام هندی ☜ **بادامهندی**

چغاله‌بادام ☜ **چغاله**

مغز بادام ☜ **مغز**

بادامزمینی / bādāmzamînî، ـها/: *اسم.* بادام زەوینی؛ بەهێڤەشامی؛ وەنەشامی؛ زرفستەق؛ گێزەرەمشکانە؛ پسەزەوینی: ۱. بنچکی بادام زەوینی ۲. دەنکی بادام

زەویني: **بادام خاکي؛ پستەی زمیني؛ پستەی شامي**

بادامستان / bādāmestān، ـها/:اسم. باخی بادام؛ باخەبادام.

بادامسوخته / bādāmsûxte، ـها/:اسم. بادام سووختە؛ جۆرێ شیرنی کە بە شەکری تواوە و بادام دروست دەکرێ.

بادامقندی / bādāmqandî، ـها/: [فارسی/ معرب از سنسکریت]/اسم.[قدیمی] ۱. شەکەرەبادام؛ بادامی کوتراو لەگەڵ خاکەقەنددا ۲. شەکەرلەمە؛ جۆرێ شیرینی لە تیرەی قوتاب.

بادامک / bādāmak، ـها/:اسم.[کالبدشناسی] لووە؛ ئالوو؛ هاڵوو؛ لەوزە؛ گۆشەگەڵوو؛ گەوێ؛ هەرکام لە دوو لکی وەک بادامی بن گەروو.

بادامه / bādāme، ـها/:اسم. ۱. تەتڵەمیوە؛ پیلە؛ کەلووی کرمی ئاوریشم؛ کلافەی کرمی هەوریشم ۲. نیشانە؛ خاڵی گۆشتین بە رووی پێستی مرۆوە ۳. باداموکە؛ هەرشتێکی وەک بادام.

بادامهندی / bādāmhendî/:اسم. بادام هیندی: ۱. داری بادام هیندی ۲. /ـها/ دەنکی بادام هیندی کە خۆراکیە و لە ئاجیلەکانە.

بادامی / bādāmî/: صفت. بادامی: ۱. وەک بادام ‹چشم بادامی: چاوی بادامی› ۲. /ـها/ بادامین؛ وامینە؛ بە بادامەوە ‹نان بادامی: نانی بادامی›.

بادامیشکل / bādāmîšekl/: [فارسی/ عربی] صفت. بادامی؛ وەک بادام؛ لە شکڵ و بیچمی بادام.

بادبادک / bādbādak، ـها/:اسم. بادەوە؛ بەرزەحەوایلە؛ فڕۆنەک؛ کۆلارەی منداڵان؛ تەیارەی کاغەزی.

بادبان / bādbān، ـها/:اسم. بادەوان؛ بایەوان؛ یەلکەن؛ یەرکەن؛ پەردەئاسای گەمیەگەلی پێشوو کە بە هێزی با دەڕۆیشتن.

▣ **بادبان برافراشتن/کشیدن/گشودن**: ۱. بادەوان هەڵدان ۲. [کنایی] ڕێکەوتنی گەمیە.

بادبانماهی / bādbānmāhî، ـها؛ ـان/:اسم. جۆرە ماسیێکی زەریای کارائیپ کە درێژی دوو میترە و باسکەکانی لە بادەوان ئەکەن.

بادبانی / bādbānî/: صفت. بادەوانی: ۱. بەبادەوان ‹کشتی بادبانی: گەمیەی بادەوانی› ۲. شیاو بۆ بادەوان ‹پارچەی بادبانی: قوماشی بادەوانی›.

بادبر / bādbar، ـها/:اسم. ۱. بافرە؛ گیزگیزە ۲. مزراح؛ مەزریح؛ مزراق. ۱و۲: دوو جۆر خولخولەی لە چێو چێکراون کە نێویان هەڵکولۆشراوە، بەنیان بە دەورا دەپێچن و دەیانهاوێن، دەسوورنەوە و بۆڕەیان لێدێ *گردنا

بادبر / bādbor/: صفت. پەخ؛ خاوەن لێواری سوواو و لووس کراو.

بادبزن / bādbezan/: صفت. باوەشێن؛ بارۆشە؛ وادرۆشە؛ باوەشینک؛ بایوەشن؛ ئامرازێکی لە زەل یان پەلاستیک دروستکراو بۆ با وەدیهێنان بە مەبەستی خۆ فێنککردنەوە یان سوخاڵ گەش کردنەوە.

▣ **بادبزن برقی**: پانکە؛ پەنکە؛ بارۆشەی بەرقی؛ باوەشێنی کارەبایی.

بادبزنی / bādbezanî/: صفت. باوەشێنی؛ لە بیچمی بارۆشە.

بادبند / bādband/:اسم.[فرهنگ‌مردم،قدیمی] کەسێ کە بە نووشتە و ئەفسوون خەریکی دەرمانی برێک لە نەخۆشینگەلی (وەک سەر ئێشە، پشت ئێشە و ددان ئێشە) بوو. هەروەها: **بادبندی**

بادپا / bādpā/: صفت. [ادبی] خۆشبەز؛ خۆشڕەو؛ خۆشڕۆ؛ بەدەو؛ تاشک؛ چابک؛ چەلاک ‹اسب بادپا: ئەسپی خوسردو›.

بادخان / bādxān، ـها/: اسم. [قدیمی] بادگیر؛ بادگیرە؛ باکێش؛ بابوێر.

بادخور / bādxor/: اسم. [مکانیک] باخوەر؛ باخوەرە؛ مەودای نێوان دوو کەرستە لە ماشینێکدا.

بادخیز / bādxîz/: صفت. باسڕە؛ باسەرە؛ باگر؛ بەرەبا؛ باڕۆگ؛ باپێچ؛ شوێنێ کە با بیگرێ ‹درّەی بادخیز: دۆلی باسرد›.

بادرفت / bādroft/: اسم. [زمین‌شناسی] باڕن؛ گلێرەوە بووی بن‌گرتووی خاکە نەرمەی ڕەنگ زەرد بە هۆی ڕامالیان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی‌تر.

بادرنجبویە / bādrancbûye، ـها/: [معرب از فارسی] اسم. شاڕێحان؛ گیا سەودا؛ فاتمە داروباخی؛ بارۆنە؛ بالنگ؛ بالنگۆ؛ بادرەنگ؛ بادڕەنگ؛ گیایێکی گوڵ بەنەوشی جوان و زۆر بۆنخۆشە کە ئارەقەکەی بۆ خواردن و دەرمان بە کار دێ: **بادرنگبویە**

بادرنگ / bādrang/ ☞ **بالَنگ**

بادرنگبویە / bādrangbûye/ ☞ **بادرنجبویە**

بادروبش / bādrûbeš/: اسم. بامالٚ؛ کار یان ڕەوتی ڕامالیانی مەوادی (وەک ڕیز و چەو) لە ڕووی زەوین بە هۆی باوە.

بادروج / bādrûc/ ☞ **ریحان ـ۲**

بادروگ / bādrûg/ ☞ **ریحان ـ۲**

بادزد / bādzad/: اسم. باهووە؛ تنەبا؛ باگژە؛ قەرەهێل؛ گزەبا؛ بای لەپڕ و توند.

بادزدە / bādzade/: صفت. باگەستوو؛ باگەز؛ زیان لێ‌کەوتوو بەهۆی با لێدانەوە.

بادسنج / bādsanc، ـها/: اسم. باپیو؛ ئامێری ئەندازەگرتنی خێرایی با.

بادسوختگی / bādsûxtegî/: اسم. باسووتاوی؛ سووتانەوە و ئالۆشی پێست بە بۆنەی لێدانی بای وشک و گەرمەوە.

بادسوختە / bādsûxte/: صفت. سووتاو بە بۆنەی لێدانی بای وشک و گەرمەوە.

بادشکن / bādšekan، ـها/: اسم. بابڕ: ۱. [پزشکی] دەرمانێ کە خەمەرە و بای گەدە لا دەبا ۲. [کشاورزی] باگر؛ ڕیزێک لە بنچکە و داران کە بۆ کەم‌کردنەوەی هێزی با چێنرابێتن ۳. [معماری] دیوارێ کە بەم مەبەستە داندراوە.

بادکردە / bādkarde/: صفت. [گفتاری] هەلٚماسیو؛ ماسیو؛ باکردگ؛ ماسا: ۱. هەلٚپەنەمیو؛ هەلٚتۆقیو؛ ماسیگ؛ پەنەمیاگ ‹گونەی بادکردەاش از دور پیدا بود: گۆنای هەلٚماسیوی لە دوورەوە دیار بوو› ۲. قوتەوە بوو؛ باکردوو؛ دەرپەڕیو ‹جیبهای بادکردە: گیرفانگەلی دەرپەڕیو›.

بادکش / bādkeš، ـها/: اسم. باکەش؛ حەجەم؛ کەلەشاخ؛ باکێش؛ دەفرێکی گرۆڤەری دەم ئاوەلا کە دەینێنە شوێنی ئێشەوە تا بە گەرانی خوێن لەو جێگەیەدا کۆمەک بکا.

▣ **بادکش کردن** ☞ **بادکش گذاشتن**

بادکش گذاشتن: باکێش پێوەنان: **بادکش کردن**

بادکنک / bādkonak/: اسم. تیزانگ؛ پفدانک؛ میزەلانی؛ کیسەی (زۆرتر پەلاستیکی) کە فووی تێدەکەن، کێشی دێ و لەیستۆکی مندالانە.

بادکنکی / bādkonakî/: صفت. تیزانگی؛ وەک تیزانگ ‹آدامس بادکنکی: بنێشتی تیزانگی›.

بادگیر[1] / bādgîr، ـها/: اسم. ۱. بابوێر؛ باکێش؛ بادگیرە؛ باچن؛ باخن؛ بادەلێن؛ بادرز؛ وادز؛ مەنارەئاسایەکی کون‌ـکون لە بڕێک ناوچەی گەرم و بێ‌ئاوی ئێران کە لە

سەر بانەوە سازی دەکەن تا لە درزەکانیەوە با دزەکاتە نێو ماڵەوە و فێنکی کاتەوە ٢. بابوێر؛ جۆرە؛ باکێش؛ بادگیرە؛ باچن؛ باخن؛ بادەلێن؛ بادرز؛ وادز؛ دەربیژە یان ڕۆچنەیێک کە بۆ هەواکێشی لە خانوودا سازی دەکەن ٣. سەرەقلیان؛ دەفرێکی گرۆقەری کون‌کون کە دەینێنە سەر ئاوری قلیانەوە بۆ ئەوەی با سکڵ و خۆڵەمێشەکە نەپرژێنێ ٤. بادگیر؛ جۆرە کاپشەنێکە بۆ بەرگری لە بەر با کەوتن یان تەڕ بوون بە هۆی با و بارانەوە.

بادگیر[2]: *صفت.* ١. باگر؛ بەرەبا؛ لابا؛ لاباد؛ بائەنگیو؛ باپێچ؛ هەڵکەوت لە شوێنێ کە با دەیگرێ ٢. باگیر؛ بابڕ؛ بە تایبەتمەندی بەرگری‌کردن لە کاریگەری با.

بادمجان / bādemcān/ ☜ **بادنجان**

بادنجان / bādencān، ـها/: *اسم.* بامجان؛ بایەمجان؛ باینجان؛ بایمجان؛ باجان؛ باینجۆ؛ باجان‌ڕەشک؛ تەماتەسیاوێ: ١. بنی گیای باینجان؛ یارەمای باینجان ٢. میوەی باینجان؛ باینجانە ڕەشە ❋ **بادمجان**

بادنجان‌دورقاب‌چین / bādemjāndowreqābčîn, bādenjān-/: [فارسی/ عربی/ ترکی/ فارسی] *صفت.* *[مجازی]* ماستاوکەر؛ پیاز پاک‌کەر؛ باریک ڕێس؛ ماستاو ساردەوکەر؛ بڕێتی لە ڕووبین و کلکەسووتەکەر.

بادنجانی[1] / bādemcānî, bādencānî/: *اسم.* باینجانی؛ ڕەنگی بەنەوشی تۆخ.

بادنجانی[2]: *صفت.* باینجانی؛ بەڕەنگی بەنەوشی تۆخ.

بادنقش / bādnaqš، ـها/: [فارسی/ عربی] *اسم.* ڕەسمی شاندەری بار و خێرایی با لە ناوچەیەکدا ❋ **گُلباد**

بادنگار / bādnegār، ـها/: *اسم.* ئامێرێک کە خێرایی و بەری با بە شێوەی خۆمەش تۆمار دەکات.

بادنگیر / bādnagîr/: *صفت.* لابا؛ باپەنا؛ پەنابا؛ بانەگر؛ با پەسیو؛ ئەنوایەک کە با نەیگرێتەوە.

بادنما / bādnemā، ـها/: *اسم.* کەرەسەیێک پێکهاتوو لە تێخە و پایەیێک کە بە هەر بارێکدا با بێت دەسووڕێ و بەم جۆرە شوێنی هاتن و چوونی با دەردەخا.

بادوبروت / bād-o-burût, -borût/: *اسم.* *[کنایی]* فیس؛ دەمار؛ لووتبەرزی؛ لە خۆدەرچوویی؛ دفن‌بلندی؛ گەوەزەیی؛ بە خۆ فشینی.

بادە / bāde/: *اسم.* *[ادبی]* بادە؛ شەراب؛ شەراو؛ مەی.

▣ **بادەی انگوری**: شەراوی ترێ؛ شەراو.

بادەی ناب: شەراوی بێ‌خەوش.

بادەپرست / bādeparast، ـها؛ ـان/: *صفت.* *[ادبی]* بادەپەرست؛ هۆکارە بە شەراب و خواردنەوەی ئەلکولی: **بادەپرستی**

بادەفروش / bādefurûš، ـها؛ ـان/: *اسم.* *[ادبی]* بادەفرۆش؛ فرۆشیاری خواردنەوەگەلی ئەلکولی. هەروەها: **بادەفروشی**

بادەگساری / bādegosārî/: *اسم.* *[ادبی]* بادەخۆری؛ مەیڤەخۆری.

بادی[1] / bādî/: *صفت.* بایی؛ بادی: ١. پێوەندیدار بە باوە ٢. تایبەتمەندی کەرەسەیێک کە بە با کار دەکا ‹ساز بادی: سازی بادی› ٢. سەر بە شتێ یان ئامرازێ کە بە گوشاری با کار دەکا ‹تفنگ بادی: تفەنگی بادی›.

بادی[2]: *قید.* *[ادبی]* سەرەتا؛ دەسپێک.

▣ **بادی امر**: سەرەتای کار؛ دەسپێکردنی کار.

بادیان / bādiyān/ ☜ **رازیانە**

بادیس / bādîs/ ☜ **باتیس**

بادی‌گارد / bādîgārd، ـها/: [انگلیسی] *اسم.*

پـارێزەر؛ کـەسـێ کـە پاراسـتنی گیـانی کەسایەتیـەکـی لـە بـەرانبـەر هـەر چەشنە هەڵمەت و پەلامارێکەوە بە ئەستۆیە.

بادیـه / bādiye، ـها/: [از عربی]/سم. ۱. باییـه؛ بایــه؛ کاســەی گــەوره ۲. /ادبـی/ بیـاوان؛ دەشــت؛ ســارا؛ چۆڵــگە؛ چۆلگــە؛ وشــکانی؛ وشکارۆ.

بادیـەنـشین / bādiyenešîn، ـها؛ ـان/: [عربـی/ فارســی] صـفت. دەشـــتەکـــی؛ بیـــاوانی؛ چۆڵنشین؛ چۆلگەنشین؛ یاوەنشین.

بار[۱] / bār/: /اسم. بـار: ۱. /ـها/ هـەر شـتێک (بێجگـە مـرۆ) کـە دەبـێ لـە شـوێنێکەوە بـۆ شـوێنێکیتـر ڕاگوێزرێتــەوە ‹ویـژەی حمـل بـار: تایبـەتی گواسـتنەوەی بـار› ۲. هـەرشـتێک کـە ئەرک و زەحمـەتی بکـەوێتـە سـەر شـتێکیتـر ‹نگهـداری از بـرادرزادەاش، بـاری بـر دوش او بـود: ڕاگـرتنی برازاکـەی بـارێ بـوو بـە سـەر شانیەوە› ۳. /ـها/ ئەونـدە لـە شـتێ کـە بـە جارێـک بگۆزرێتــەوە ‹دو بـار هندوانـە: دوو بـار شـووتی› ٤. پیــزە؛ تــۆڵ؛ ســاوای نــاوزگ؛ بێچــووی هێـشتا نـەزاو ‹همسرش دیـروز بـە سـلامت بـارش را بە زمیـن گذاشـت: خێـزانی دوێنـێ بـەسـەلامـەت بـارەکـەی دانـا› ٥. بـەر؛ میـوە؛ بـەرهـەم؛ بـاهر ‹درخـت را از بـارش مـی‌شناسـند: دار بـە بـەریـەوە دەناســن› ٦. بــۆخ و ســپیایی ســەر زمــان ‹زبــانش بــار دارد: زمــانی بــاریگرتــووە› ۷. /مجازی/ دژواری؛ مـەینـەت؛ ئـەرک ‹بـار زنـدگی: بــاری ژیــان› ۹. [فرانـسوی/ انگلیـسی] /ـهــا/ مەیخانە.

▣ **بـار خـاطر**: بـاری دڵ؛ هـۆی دڵـتەنگـی و لەش بەباری؛ کولی دڵ؛ کولی دەروون.

بـار زنـدگی: /کنـایی/ نالـەبـاری ژیـان؛ بارگرانایی ژیان.

بـار عـام: بـەرایــی گــشتی؛ ڕێگــەدانی هەموانی بۆ چاوپێکـەوتـنی شـا یـان خـاوەن دەستەلاتێک.

بار غـم: /کنـایی/ بـاری خـەم؛ بـاری جـەخـار؛ قورسایی و گوشاری خەم.

بـار کـج: /کنـایی/ بـاری چـەوت؛ بـاری لار؛ باری گێر؛ کاری نابەجێ و نەگونجاو.

▣ **بـار آمـدن**: ڕاهـاتن؛ بارهــاتن؛ پـەروەردە بوون؛ خاراو بوون. هەروەها: **بار آوردن**

بار بردن ☜ **بار کشیدن**

بـار بـستن: /کنـایی/ ۱. بارگـە تێکنـان؛ بـار بـەسـتن؛ بـار بـارکردن؛ بـار لێنـان؛ خــۆ پێچانەوە؛ وێ پێتەیوە؛ کـۆڵ پێتـەیـوە؛ ساز و ئامـادە بـوون بـۆ سـەفـەر ۲. بـارەمـەنـد بـوون؛ دەوڵـەمـەنـد بوونـەوە و کـەیـفساز بوون.

بـار بـە زمـین گـذاشـتن: /کنـایی/ زایـین؛ زان؛ زایـن؛ زەی؛ بـار لـێبوونـەوە؛ منـاڵ هێنـان؛ بێچوو دین.

بار خود را بار کردن ☜ **بار خود را بستن**

بـار خــود را بــستن: /کنـایی/ کــەری خــۆ بەستنەوە؛ بـاری خـۆ لـێ بـار کـردن؛ بـاری خــۆ نیانـە بارخانـە؛ پـووڵ و پـارەی چـاک (زیاتر بە نـارەوا) دەسـتخـستن: **بـار خـود را بار کردن؛ خود را بستن**

بار دادن: بـەرایـی پێـدان؛ وەردەی؛ بـەردان؛ ڕێدانی کەســێکی خـــاوەن دەســـتەڵات (زیـــاتر پادشـــایان) بـــۆ هاتنـــە ژوورەوە و چاوپێکەوتنی خەڵکی.

بـار دوش کـسی شـدن: /کنـایی/ سـەربـاری کـەسـێک بـوون؛ بوونـە مـل کـەسێکەوە؛ بوونــە ئــەرک و زەحمــەت بــە ســەر کەسێکەوە.

بار زدن: بارکردن؛ بـار لێنـان؛ بـار نانـە سـەر بارهەڵگر: **بار کردن**

بـار کردن: بـارکردن؛ بارکـەردەی: ۱. بـار لێنــان: **بــار زدن** ۲. لێنــان؛ نیــەی ســەر؛

چێشت لێنـان ٣. [کنایی] داسەپاندن؛ پێدا دان؛ بـەزۆر سـەپاندن بـە سـەر شـتێکەوە ‹کُلّی فحش و بد و بیراه بارم کرد: زۆر جنێو و ناڕەوای بارکردم›.

بار کشیدن: بارکێشان؛ بار بردن؛ بار هەڵگرتن؛ بار هۆرگێرتەی: **بار بردن**

بار گذاشتن: نانەبان؛ لێنان؛ نیەی سەر؛ چێشت و خواردەمەنی نانە سەر ئاورەوە بۆ کولان ‹آبگوشت بارگذاشتن: ئاوگۆشت لێنان›: **بار کردن**

بار یافتن: بە خزمەتگەیشتن؛ گەیشتنە بەر بارەگا؛ سەرکەوتن بە دیداری کەسایەتیەکی گەورە (زیاتر پادشایەک).

بار[2]: *قید.* ڕا؛ جار؛ کەڕەت؛ گلە؛ گلۆنگ؛ کووڵ؛ ڕەو؛ تەنگ ‹صد بار؛ چند بار؛ سه بار: سەد جار؛ چەن ڕا؛ سێ گلە›: **بارە**

ـ بار[3]: *پیواژه.* ــ بار: ١. ــ بارێن ‹اندوهبار: خەمبار› ٢. ڕۆخ؛ لێو؛ لێوار؛ بەستێن؛ کەنار ‹دریابار؛ رودبار: زرێبار؛ ڕووبار› ٣. داهات؛ دەسکەوت؛ بەرهەم؛ بەر ‹خشکبار: وشکەبار›.

بارآور / bārāvar/: *صفت.* بارەوەر؛ بەرەوەر؛ وەچەدەر: ١. پڕداهات؛ بەردەر؛ بەردار؛ بەرهێنەر؛ بەرهەمهێنەر؛ داهاتهێنەر؛ دەسکەوتدار ‹درخت بارآور: داری بەرهێنەر› ٢. بە قازانج؛ قازانجهێنەر؛ قازانجدەر ‹فعالیت بارآور: تێکۆشانی بەقازانج› ٣. بەردار؛ باردار؛ پڕبەر. هەروەها: **بارآوری**

باران[1] / bārān/: *اسم.* واران؛ باران؛ یاخر؛ یاخەر: ١. ئاوێ کە لە ئاسمانەوە بە تنۆکە دێتە خوار ٢. [مجازی] ڕێژنە؛ ڕێزە؛ ڕژانی بە لووزەوی شتێ ‹باران اشک؛ باران رحمت: بارانی فرمێسک؛ بارانی ڕەحمەت›.

▣ **باران اسیدی:** ڕەشەباران؛ بارانی تێکەڵ بە دووکەڵ و پیسی.

باران خشک: ئیشکە باران؛ وشکەباران؛ بارانێ کە لە بڕێ چۆڵگەی گەرمێندا دەبارێ و بەر لەوەی بگاتە زەوی دەبێتەوە هەڵم.

باران خون: سوورەباران؛ بارانە خوێن؛ بارانێ کە لە گەڵ تەپ و تۆزی سووری هەوادا تێکەڵ دەبێ و سوور هەڵدەگەڕێ.

باران کوهزاد: بارانە؛ بارانێ کە بەهۆی هەبوونی کێو لە ڕێی هەوردا دەبارێ.

باران مصنوعی: بارانی دەسکرد؛ ئەو بارانە کە بە ئاوس‌کردنی هەور دایدەبارێنن.

باران موسمی: کژە باران؛ بارانی وەرزانە؛ وەرزە باران؛ ئەو بارانە کە لە وەرزێکی تایبەتی ساڵدا دەبارێ.

باران نم‌نم: نمە؛ وەشت؛ بارێزە؛ ڕێزە باران؛ نەرمە باران؛ خونقین؛ خوناوکە؛ بارانی لە سەر خۆی و وردیلە.

▣ **باران باریدن:** باران بارین؛ واران وارەی؛ باران داکردن؛ داڕژانی باران.

باران خوردن: باران لێدان؛ واران کەوتەی؛ واران دەیونە؛ کەوتنە بەر باران و تەڕ بوون لە ژێر باراندا.

باران زدن: باران لێدان؛ واران دایوەنە؛ بارینی باران بە سەر شتێک یان شوێنێکدا.

باران گرفتن: داکردنی باران؛ باران بارین؛ دادانی باران؛ واران گیرتەینە.

ـ باران[2]: *پیواژه.* ــ باران؛ ــ واران؛ داڕژانی بە لووزەوی شتێ ‹گلباران؛ نورباران: گوڵباران؛ نوورباران›.

بارانداز / bārandāz، ـها/: *اسم.* ١. بارەنداز؛ بارەنناز؛ جێگەی خستنی بار ٢. /ـان/ بارداگر؛ بارخاڵیکەر؛ کرێکاری بەندەر کە باری گەمیە بار دەکا و دایدەگرێ.

باراندن / bārāndan/: *مصدر. متعدی.*

//**باراندی**: باراندت؛ **مـی‌بـارانی**: ده‌بـارێنی؛ **بِبـاران**: ببارێنــه// بارانــدن؛ داباراندن؛ وارنـــه‌ی؛ ئـــه‌ره‌وارنــه‌ی؛ دارژاندنی شتێک ‹سنگ باراندن؛ نور باراندن: به‌رد باراندن؛ نوور باراندن›: **بارانیدن**. هه‌روه‌ها: **باراندنی**

■ صفت فاعلی: **باراننده** (بارێنه‌ر) / صفت مفعولی: **بارانده** (بارێنراو) / مصدر منفی: **نَباراندن** (نه‌باراندن)

بــارانزا / bārānzā/: صـفت. بــارانزا؛ بـاران‌هێنه‌ر؛ پێکهێنه‌ری بـاران یـا هـۆی به‌دیهاتنی ‹ابرهای بارانزا: هه‌ورانی بارانزا›.

باران‌سنج / bārānsanc. ـها/: اسم. شه‌پێو؛ باران‌پێو؛ ئامرازێ بۆ دیاری‌کردنی ئه‌ندازه‌ی باران له‌ درێژه‌ی ماوه‌یه‌کی دیاریکراودا. هه‌روه‌ها: **بارش‌سنج**

بـاران‌سـنجی / bārānsancî/: اسـم. باران‌پێوی؛ لقێک لـه زانستی بووم‌ناسی کـه له‌ چۆنایه‌تی باران بارین و بلاو بوونه‌وه‌ی لـه شـوێنگه‌ل و وه‌رزگـه‌لی جۆراوجـۆردا ده‌کۆڵێته‌وه: **بارش‌سنجی**

بـارانگیر / bārāngîr. ـها/: اسم. پاسار؛ پاساره؛ سوانه؛ گوێسوانه؛ سوانده؛ سه‌رسا؛ سه‌ر پاساری مالان بۆ به‌رگری له‌ دڵۆپه‌ی باران.

بـاران‌نگـار / bārān.negār. ـها/: اسم. باران‌پێو؛ شه‌پێو؛ ئامرازی باران‌پێوی که‌ به‌ شێوه‌ی خۆمه‌ش ئه‌ندازه‌ی بارین له‌ بان شریتێکه‌وه ده‌نه‌خشێنێ. هه‌روه‌ها: **بارش‌نگار**

بـارانی[1] / bārānî. ـها/: اسم. بارانی؛ جلێکی ئاودامانه که بۆ ته‌ڕ نه‌بوونی جلی ژێر و لـه کاتی باراندا ده‌یکه‌نه به‌ر.

بـارانی[2]: صفت. بـارانی: ۱. هی بـاران؛ پێوه‌ندیدار یان ناسراو به‌ بارانه‌وه ‹پالتو بارانی: پالتاوی بارانی› ۲. به‌ باران؛ پڕ باران؛ باراندار ‹روز بارانی: رۆژی بارانی›.

بارانیدن / bārānîdan/ ☜ **باراندن**

بـاربر / bārbar. ـها؛ ـان/: اسم. بـاره‌به‌ر؛ خه‌ره‌کدار: ۱. پا هه‌ڵگیر؛ کۆڵکێش؛ کۆڵه‌به‌ر؛ کۆڵبه‌ر؛ حه‌ماڵ؛ باره‌کی؛ هه‌مل؛ بارهه‌ڵگر؛ بارکێش ۲. باره‌به‌ر؛ چوارپێی باری؛ هه‌رچی (به تایبه‌ت چوارپێ) که باری بکه‌ن و باری پێ ڕاگوێزن.

باربری / bārbarî/: اسم. ۱. /ـها/ بارکێشی؛ کـۆڵ‌کێشی؛ بـاره‌به‌ری؛ کۆڵبه‌ری؛ بارگوێزانه‌وه؛ کاری کۆڵکێش ۲. /ـها/ باربه‌ری؛ بارگوێزی؛ بنکه‌یه‌ک که کاری بردن و گوێزانه‌وه‌ی باره ۳. حه‌قی بار؛ پاره‌ی پێویست بۆ گواستنه‌وه‌ی بار.

باربند / bārband. ـها/: اسم. باربه‌ن: ۱. شوێنی بارداناں له‌بان ماشینه‌وه ۲. گوریس؛ بارپێچ؛ وه‌رێسه؛ شریتێ که باری پێ ده‌به‌سنه‌وه: **بارپیچ** ۳. په‌چه؛ به‌هاربه‌ند؛ ته‌وێڵه‌ی سه‌رنه‌گیراو بۆ یه‌کسم. هه‌روه‌ها: **بهاربند**

بارپیچ / bārpîč/ ☜ **باربَند ـ۲**

بارتنگ / bārtang/ ☜ **بارهَنگ**

بـاردار / bārdār/: صفت. ۱. باردار؛ زگ‌پڕ؛ ئاوس؛ له‌مه‌پڕه؛ دووگیان؛ دوه‌گیانه ۲. به‌بار؛ باردار؛ ته‌مدار یان ته‌مگرتوو ‹زبان باردار: زمانی باردار› ۳. به‌ردار؛ پربه‌ر؛ به‌رهه‌مدار؛ خاوه‌ن میوه. هه‌روه‌ها: **باردار بودن؛ باردار شدن؛ باردار کردن**

بـارداری / bārdārî/: اسم. زگ‌پڕی؛ سک‌پڕی؛ ئاوسی؛ بارداری؛ ئاڤزی؛ له‌مه‌په‌ڕی؛ دووگیانی.

باردان / bārdān/ ☜ **باباآدم**

بـارده / bārdeh/: صفت. به‌رهه‌مده‌ر؛ وه‌چه‌ده‌ر؛ وه‌چه‌وه‌به‌ر؛ به‌رده‌ر؛ خاوه‌ن تایبه‌تمه‌ندی به‌رگرتن، به‌تایبه‌ت میوه دان.

بـاردی / bāredî/: [عربی] اسم. *[نامتداول]*

لاقـردی؛ گولـمەزی؛ لاقـرتی؛ بارهنگێـشقی؛ ئاکاری تێکەڵ بە گاڵتەوگەپ.

بـاردیچ / bārdîč/: *اسم.* پێـلۆژە؛ تـەنوورمـاڵ؛ تـەنوورسـڕ؛ ئـەو پـەڕۆ تـەڕەی کـە بـە سـەر دارێکـەوە دەیبـەسـتن، بـۆ خـاوێن‌کردنـەوەی دیواری تەنوور.

بـارز / bārez/: [عربـی] *صـفت.* ئاشـکرا؛ دیـار؛ بـەرچـاو؛ وەرەچـەم؛ لـە بـەرچـاو؛ گـت؛ ڕەپ؛ قیت؛ زۆپ؛ بارزەقە؛ بازرە؛ بە دەرەوە؛ زەق.

بـارزد / bārzad، ـهـا/: *اسم.* گیانوزینـە؛ بـاڕیزە؛ گیـاێکی ئاڵـفیە بـە گـەڵای کـەسـکی ئامـاڵ خۆڵـەمێـشی و پۆشـتە بـە ڕشـتەگـەلی ورد و گوڵی هێـشووئاسـای زەردەوە، کـە بـۆ دەرمـان دەشێ.

بارسکپ / bāroskop، ـها/: [؟]/*اسم.* باروسـکۆپ؛ جۆرێ تەوژم‌پێو.

بارسـنج / bārsanc، ـهـا/: *اسم.* قـەپانیـار؛ ئاوەڵ‌قەپان؛ کەسێ کە بار دەکێشێ.

بـارش / bāreš، ـهـا/: *اسم.* وارشـت؛ بارشـت؛ بـاڕژن؛ وەشـت: ۱. ڕەوتی بـارین ۲. ڕەوتی داباریـنی بەفر و باران یان تەرزە.

بارش‌سنج / bāreššanc/ ☜ **باران‌سنج**

بارش‌سنجی / bāreššancî/ ☜ **باران‌سنجی**

بارش‌نگار / bārešnegār/ ☜ **باران‌نگار**

بـــارفروش / bārfurûš، ـهـا؛ ـان/: *اسـم.* بـارفرۆش؛ فرۆشـیاری گـەورەی میـوە و سەوزی؛ ئەو کـەسـە میوە و ئـاوەڵـەکـانی بـە کـۆ دەسـێنێ و دەیانفرۆشـێ. هـەروەهـا: **بارفروشی**

بـارفیکس / bārfîks، ـهـا/: [فرانـسوی]/*اسـم.* *[ورزش]* باڵـفیکس: ۱. لوولـەیـەکـی دوو سـەر دابـەسـتراو بـۆ خـۆ هـەڵواسین پێدا، بـە مـەبـەسـتی وەرزش‌کـردن ۲. وەرزشـێک کـە بەو لوولە دەکرێ.

بارقـه / bāreqe، ـهـا/: [عربـی]/*اسم.* *[ادبـی]* تیـشک؛ تیـسک؛ ترووسـک؛ ڕوونـاکی؛ پرشـنگ؛ تیجیـە؛ گـەشـە ‹بارقـەی امیـد: تیشکـی هیوا›.

بـارک‌الله / bārekallāh, bārakallāh/: [عربـی] *دعا.* ئافەرین؛ بارەکەڵلا.

بارکـد / bārkod، ـها/: [انگلیسی]/*اسم.* بـارکود؛ نوانـە؛ نیـشانەیـەک بـە شـێوەی چـەن هـێڵ و ژمارە لە سەر بەسـتەگـەلی کـەل‌وپـەل کـە بـۆ ژماردن و تۆمارکردنی نـاوەڕۆکـی بـەسـتەگـەل بە کار دێت.

بـارکش / bārkeš، ـهـا/: *صـفت.* بـارکێش؛ باری؛ بارینە؛ بارەبـەری بـە هێـز ‹اسب بـارکش: هێستری بارکێش›.

بارگـاه / bār(e)gāh، ـهـا/: *اسم.* بـارەگـا: ۱. دەزگا و خانووبـەرەی گـەورە پیـاوان؛ بـارگـا ۲. نەزرگـە؛ نزگـە؛ قـسن؛ گۆڕخانـەی پیاوچاکـان کـە خـەڵـک دەچنـە زیـارەتی ۳. *[ورزش]* حـەسـانگەی شـاخەوانـان؛ جێگـای وچـان و پاڵدانەوەی کەشەوانان لە ناوقەدی کێودا.

بارگنج / bārgonc، ـها/: *اسم.* کـانتینر؛ جـۆرێ ماڵووکەی کانزایی بۆ بار گواستنەوە.

بارگـه / bārgah/: *اسم.* *[مخفـف، ادبـی]* بارگـە؛ بارەگە؛ بارەگا.

بـــارگیری / bārgîrî/: *اســم.* ۱. بـــارگیری؛ کاری گرتن یان هـەڵگرتنی بـار بـۆ بـردن لـە جێگـەیـەکـەوە بـۆ جێگـایـەکـی‌تـر ‹بـارگیری کشتی: بارگیری کەشتی› ۲. ☜ **باروری ـ ۴**

بـارم / bārem، ـهـا/: [فرانسوی]/*اسم.* بـارۆم؛ پێومانی وانە، نرخ، مز و...

بارنامـه / bārnāme، ـهـا/: *اسم.* بارنامـە: ۱. بـەرگـەی نیـشاندەری جـۆر، کـێش و ژمـارەی بـەسـتەی بـار و نـاو نیـشانی بنێـر و بگـر ۲. لاپـەڕەی لـە چـاپ دراو کـە حکوومـەت بـەو مەبەستە دەیدا بە بنکەگەلی ڕاگوێزان.

بارنـدگی / bārandegî، ـهـا/: *اسم.* بـارین؛

باران؛ وارەی: ١. بارشت ‹در موقع بارندگی از چتر استفاده می‌کنیم: لە کاتی بارینـدا لە چەتر کەڵک وەردەگرین› ٢. ئەوەی کە دەبارێ (وەک باران یان بەفر) ‹امسال بارندگی خوبی داشتیم: ئەمساڵ بارینێکی باشمان هەبوو›.

بارو / bārû. ـها/: اسم. بارووم؛ وارش؛ شویرهە؛ شورا؛ شووار؛ سوور؛ سوورە؛ دیواری دەوری باخ و ماڵ و بێستان.

باروبندیل / bār-o-bandîl. ـها/: اسم. [گفتاری] بارگەوبنە؛ باروبنە؛ باروبەن؛ باروبەندیل.

باروبنه / bār-o-bone. ـها/: اسم. بارگە؛ بار و بنە؛ بار و بەن؛ پێداویستی سەفەر.

باروت / bārût/: [ترکی از فرانسوی] اسم. بارووت؛ دەرموو؛ شۆرە؛ دەرمان تفەنگ؛ ماکەی بارووت.

▣ **باروت بی‌دود:** جۆرێ بارووت کە دوای سووتان هیچی لێ نامێنێتەوە.

باروت پنبه: پێفۆ؛ پەمۆی تەقینێ؛ شتێکی پەمووئاسایە کە بە خۆیەوە گڕ دەگرێ.

باروت سیاه: قەرەبرووت؛ بارووتی ڕەش.

باروتی / bārûtî/: [ترکی] صفت. بارووتی: ١. پێوەندیدار یان سەر بە بارووت ٢. بە ڕەنگی بارووت.

بارور / bārvar/: صفت. ١. بەروەر؛ بەردار؛ وەچەدەر؛ بارهێنەر؛ خاوەن دەسهات یان مێوە ٢. خاوەن توانایی بۆ: الف) ئاوس بوون ب) بەردان؛ داهات دان؛ بەرهەم دان ٣. قازانجدەر.

▣ **بارور شدن:** بەردار بوون؛ میوەگرتن.

بارور کردن: بەردارکردن؛ بەرهەمدارکردن؛ بەبەر کردن.

بارورسازی / bārvarsāzî. ـها/: اسم. بە بەرکردن؛ بەروەرکردن؛ بەردار کردن؛ بەرگر کردن: ١. کار یان ڕەوتی بەرهەمدارکردن (بەگشتی) ٢. کار یان ڕەوتی بەرهەمدار کردنی ڕووەک ٣. باردار کردن؛ کار یان ڕەوتی ئاوس‌کردنی گیانلەبەران.

باروری / bārvarî. ـها/: اسم. بەرەوەری: ١. کار یان ڕەوتی بەرهەمدان؛ داهاتدان ٢. کار یان ڕەوتی قازانجدان ٣. کار یان ڕەوتی تێکەڵاو بوونی خانگەلی زایەند لەگەڵ یەکتر و مەیینی لە پزداندا ٤. تێکەڵاوی دەنکی گەردە لەگەڵ هێکۆکەدا: **بارگیری-٢**

باروک / bārok/: [فرانسوی از ایتالیایی] اسم. بارۆک: ١. شێوازێک لە نژاریدا کە لە کۆتاییەکانی چەرخی ١٦ی زایینی لە ئیتالیاوە سەری هەڵدا و دوا جار لە سەرتاسەری ئورووپای ڕۆژئاوادا برەوی سەند، لە تایبەتمەندیەکانی، ئازادی و سەربەستی لە گەلاڵە ڕشتندا بوو ٢. شێوازێک لە مووسیقای ڕۆژئاوادا کە لە نژاری بارۆکەوە سەرچاوەی گرتووە و لە ئاسەواری یووهان سێباستیان باخ (١٧٥٠-١٦٥٥ زایینی) گەیشتە سەر ترۆپکەوە.

باروگراف / bārog(e)rāf. ـها/: [انگلیسی] اسم. تەوژمنووس؛ گوشارنووس؛ ئامێرێک بۆ نیشاندانی ئاڵوگۆڕگەلی گوشاری کەش بە شێوەی نەخشاندن، لە ماوەیێکی دیاریکراودا: **فشارنگار**

بارومتر / bārometr. ـها/: [فرانسوی] اسم. تەوژمپێو؛ گوشارپێو؛ ئامێرێک بۆ هەڵسەنگاندن و دیاری‌کردنی گوشاری کەش: **فشارسنج**

بارون / bāron. ـها/: [فرانسوی] اسم. بارۆن: ١. نازناوی کۆنی پیاو ماقووڵانی ڕۆژاوایی ٢. ئاغا؛ ئەفەندی؛ وشەی ڕێز نان بۆ پیاوی ئەرمەنی.

باره[1] / bāre/: اسم. ١. ـها/ [ادبی] بارووم؛ سوور؛ وارش؛ شویرهە؛ دیواری دەوری باخ

و مـاڵ و... ٢. بـاره؛ واره؛ چـه‌مـک؛ بابـه‌ت؛ ئـه‌وه‌ی قـسه‌ی لێـوه ده‌کـه‌ن ‹در ایـن بـاره بـه کسی چیـزی نگـو: لـه‌م بـاره‌وه بـه کـه‌س هـیچ مه‌ڵێ› .

ـ باره[٢]: *پیواژه*. ـواز: ١. ـ باره؛ ـواره؛ جار؛ گه‌ڕ؛ کـه‌ڕه‌ت ‹دوباره: دووباره› ٢. *[ادبی]* ـباز؛ ـخواز؛ خوازیار ‹زنباره: ژن‌باز›.

بارهنگ / bārhang، ـهـا/: *اسم*. ڕێکێـشه؛ ڕکێـشه: ١. ڕووکێـشه؛ هـه‌ڕکیـشه؛ ڕاکیـشه؛ هله‌گشه؛ زمانه‌بـه‌رخ؛ گـه‌ڵادمـه‌ڵ؛ گـوێ بزنـه؛ گیادووپـشک؛ گیایـه‌ک بـه گـه‌ڵای گـه‌وره و چڕ خـه‌فتـگ و گوڵـی کـۆ و هۆشـه‌ییـه‌وه کـه بۆ بان برین به کـار دێ: **چڕغـول؛ زبـان‌بـرّه** ٢. دانه‌ی ورد و سـوور و ئـاوداری ڕکێـشه کـه بـۆ ده‌رمانیش به کار دێ ❋ **بارتنگ**

باری[١] / bārî/: *اسم. [گفتاری]* بـاری؛ عـاره بانـه؛ ماشـینی تایبـه‌تی گوێزانـه‌وه‌ی بـار ‹اثـاث را بـا بـاری فرسـتادیم و خودمـان سـوار تاکـسی شـدیم: شـتومـه‌کـه‌کانمـان بـه بـاری نـارد و خۆمـان سه‌واری تاکسی بووین›.

بـاری[٢]: *صفت*. بـاری؛ شـیاوی بارگۆزاسـتنه‌وه ‹قطار باری: قه‌تاری باری›.

باری[٣]: [فرانسوی] *اسم. [فیزیک]* بـاری؛ یـه‌کـه‌ی گوشار، به‌رانبه‌ری 10^{-1} پاسکاڵ.

بـاری / bārî/: *قیـد. [ادبـی]* ئـه‌یچـی؛ به‌هه‌رحاڵ؛ هـه‌ر چۆنێـک بێـت؛ ئـه‌ی؛ بـه‌ڵـێ؛ ئـه‌یچـه؛ ئـه‌یچـێش ‹بـاری، دردسـرتان نـدهم، همـه‌اش همـین بـود کـه گفتم: ئـه‌یچـی، سـه‌رتـان نه‌یشێنم، هه‌مووی ئه‌مه بوو که گوتم›.

⊡ **باری بـه هـر جهـت کـردن**: *[کنایی]* ده‌سـت لـه سـه‌ر ده‌سـت دانـان؛ ئـه‌م ده‌سـت و ئـه‌و ده‌سـت‌کـردن؛ کـه‌متـه‌رخـه‌مـی کـردن؛ ده‌سـاوده‌س کـردن؛ کردوکـۆش نـه‌کـردن؛ دانیشتن و هه‌وڵ و ته‌قالا نه‌دان.

بـاری‌تعـالی / bārîta'ālā/: [عربـی] *اسـم*. خـودای مـه‌زن؛ بینـایی‌چـاوان؛ بینایاچه‌هڤان؛ خوای گه‌وره.

باریچـه / bārîce/: *اسم*. بـاڕیزه؛ شـیره‌ی ڕیشه‌ی گیای باڕیزه.

باریـدن / bārîdan/: *مـصدر. لازم. متعـدی*. // **باریدی**: باریـت؛ **مـی‌بـاری**: ده‌باری؛ **ببـار**: ببـاره// ◻ *لازم*. ١. دابـارین؛ بـارین؛ ڤـارین؛ واره‌ی؛ وارای؛ هاتنـه‌خـواری بـه‌فـر و بـاران؛ وه‌شـته‌ی ‹بـرف باریـدن: بـه‌فـر بـارین› ◻ *متعـدی* ٢. داڕێژانـدن؛ بارانـدن؛ دابارنـدن؛ وارنـه‌ی؛ وارنایره. هه‌روه‌ها: **باریدنی**

■ صـفت فـاعلی: **بارنـده** (ـــ)/ صـفت مفعـولی: **باریده** (باریو)/ مصدر منفی: **نَباریدن** (نه‌بارین)

باریـک / bārîk، ـهـا/: *صفت*. ١. باریـک؛ زراڤ؛ تـه‌نـگ؛ تـه‌نگـه‌بـه‌ره؛ بـه پانـایی کـه‌مـه‌وه ‹کوچـه‌ی باریـک: کـۆڵانی باریـک› ٢. باریـک؛ زراڤ؛ نازک؛ ناسـک؛ بـه ئـه‌سـتووری کـه‌مـه‌وه ‹ریسمان باریـک: پـه‌تی باریـک› ٣. *[مجـازی]* ورد؛ ڕێـز؛ پێویـست بـه ورد بوونـه‌وه‌ی زۆر؛ جـێ تێبـینی ‹نکتـه‌ای باریـک: خاڵـێکی ورد› ٤. *[مجازی]* باریکه‌ڵه؛ باریکڵه؛ له‌ڕ؛ لاواز؛ لاغر.

باریـک‌انـدام / bārîkandām، ـها؛ ـان/: *صفت*. بـه‌ژن‌زراڤ؛ بـه‌ژن‌باریـک؛ باریکـه‌لانـه؛ باریکـه‌لانـه؛ باریـک و لـه‌ڕ؛ باریکـڵه (بـۆ نێـر)؛ باریکلێ (بۆ مێ)؛ خلۆپه؛ ناسک و ته‌نکه‌ڵه.

باریـک‌انـدیش / bārîkandîš، ـها؛ ـان/: *صفت*. وردبـین: ١. خـاوه‌ن بـیری ورد و ڕێـک ٢. تیژبین؛ وریا؛ وشیار؛ له سه‌رهۆش.

باریـک‌اندیـشی / bārîkandîšî، ـهـا/: *اسم*. وریـابیری؛ بیروریـایی: ١. دۆخ یـان چۆنیـه‌تی وردبینی ٢. کار یان ڕه‌وتی به وردی بیرکردنه‌وه و لێکدانه‌وه‌ی ورده‌کاریگه‌ل یان دیارده‌گـه‌ل و بابه‌تگه‌لی ورد.

باریک‌بین / bārîkbîn، ـها؛ ـان/: *صفت*. ورده‌بین؛ وردبین.

باریک‌بینی / bārîkbînî، ـها/:/سم. ورده‌بینی؛ وردبینی: ۱. بار یان چۆنیەتی وردبین بوون ۲. کار یان ڕەوتی بینین بەوردی لە سەر دیاردەگەل یا شتێکی ورد.

باریکه / bārîke، ـها/:/سم. باریکە؛ زولاک؛ شەلیت؛ تەسکە؛ ڕیوالە؛ تیزمالک؛ بەشێکی باریک و درێژ لە شتێک ‹باریکەی آب: باریکەی ئاو›.

باریم / bār(i)yom/: [انگلیسی از فرانسوی] /سم. باریۆم؛ توخمی کیمیاوی کانزایی، بە ژمارەی ئەتومی ٥٦ و کێشی ئەتومی ١٣٧,٣٤ سپی زێوین و چەکوشخۆر، کە لە سروشتدا بە شێوەی تێکئالاوی هەیە.

باز[1] / bāz، ـها/:/سم. باز: ۱. [فرانسوی] /شیمی/ بەرانبەری ترش (ئەسید) ۲. /ـان/ بازی؛ پەلەوەری ڕاوچی.

▣ **باز سفید:** شاباز؛ بازی‌سپی.

باز گنجشک‌خوار ☜ **قرقی**

باز[2]: صفت. باز؛ واز؛ وا؛ ولنگ: ۱. بە بێ‌گیر و لەمپەر ‹لولەی باز؛ جادەی باز: لوولەی باز؛ ڕێگەی واز› ۲. بە بێ‌گرێ یان تەنراوی ‹کلاف باز: پاری باز› ۳. والا؛ وەلا؛ ئاوالە؛ ئاوەلا؛ کراوە؛ تاک؛ بە بێ‌بەسیان ‹پنجرەی باز: پەنجەرەی باز› ٤. بە بێ هۆکاری گیر و گرفت ‹ذهن باز: بیری باز› ٥. لە دۆخی کاردا ‹مدرسە باز است: قوتابخانە بازە› ٦. کراوە؛ وەکری؛ قەکری؛ خاوەن مەودا لە یەکترییەوە ‹پاهای باز: پێی باز›.

▣ **باز شدن:** کرانەوە: ۱. کریایوە؛ باز بوون ‹باز شدن راه: کرانەوەی ڕێگا› ۲. باز بوون؛ ئەوەکریەی؛ واز بیەی ‹باز شدن قفل: باز بوونی قوفل› ۳. دەست پێ‌کرن ‹باز شدن مدرسە: کرانەوەی قوتابخانە› ٤. ڕەوینەوە؛ لاچوونی هەور؛ چاوکردنەوەی ئاسمان ‹باز شدن هوا: ڕەوینەوەی هەور›.

باز کردن: کردنەوە: ۱. بازکردن؛ کەردەیوە؛ کردنەڤە؛ وەرکردن؛ چەکانن؛ درگا یان بەرهەڵستێک لە سەر ڕێ لادان یان لابردن ‹در را بازکردن؛ چشم را بازکردن: درگا کردنەوە؛ چاو کردنەوە› ۲. /مجازی/ ڕوونکردنەوە؛ لێڵایی تاراندن؛ کردنەوە؛ بازکردن ‹چشم و گوش کسی را بازکردن: چاو و گوێی کەسێ کردنەوە› ۳. ڕاخستن؛ پانکردنەوە؛ ئاوەلاکردن؛ وەلا کەردەیوە؛ یاوایرە ‹سفره را بازکردن: سفرە ڕاخستن› ۳. خستنەوە ڕێ؛ کەردەیوە ‹مغازە را بازکردن: دووکان کردنەوە› ❋ **گشودن**

باز گذاشتن: ۱. نەبەستن ۲. بەرگر دروست نەکردن ۳. دانەپۆشین؛ نەپۆشنایرە. هەروەها: **باز بودن**

باز[3]: قید. ۱. دیسان؛ هەمیسان؛ دیسانەوە؛ هەمیسانەوە؛ دیسا؛ هەمیس؛ هەمیسا؛ ئەمجاریش؛ دووبارە؛ نۆر؛ سەرلەنوێ؛ هەم؛ گر؛ لە ژنوو؛ جارێ‌تریش ‹باز بە تو پول می‌دهم: دیسان پارەت پێ دەدەم› ۲. هێشتا؛ هێشتاکانێ؛ هێشتاکوو؛ هێشتاکێنێ؛ هێشتان؛ هێشتانەکێ؛ هێشتانێ؛ هەلای؛ هەلەی؛ هەنی؛ هنی؛ هێشتەی؛ هێما ‹این همە پوشیدەام، باز سردم است: ئەم هەمووەم کردۆتە بەر، هێشتا سەرمامە›.

بازـ[4]: پیشواژه. ئەوـ ؛ ـئەوە؛ ئەوەـ ؛ وەـ ؛ ڤەـ ؛ ـۆ؛ ـوە؛ ئەوا ـ : ۱. /ادبی/ نیشانەی دووپاتەکردنەوە یان تازەکردنەوە؛ دیسانەوە ‹بازپختن؛ بازشناختن؛ بازیافتن؛ باز نهادن: کولاندنەوە؛ ناسینەوە؛ دۆزینەوە؛ دانانەوە› ۲. نیشانەی گەڕانەوە یان بەرەو دوا چوون ‹باز آوردن: هێنانەوە› ۳. بەرـ ؛ نیشانەی بەرگری ‹بازداشتن: بەرگرتن› ٤. ناو ساز دەکا ‹بازپرسی: وەپرسی/ پرسینەوە›.

ـباز[5]: پیواژە. ـباز؛ ـواز: ۱. خۆشەویست؛

خوازیار ‹کفتربـاز: کۆتربـاز› ۲. ئەنجامدەری کارێک ‹چتربـاز: چەتربـاز› ۳. بـوونی هەڵسوکەوتێک ‹حقەبـاز: فێڵبـاز› ٤. [ادبی] ئامادە بۆ بەخت کردنی شتێک ‹سەربـاز: سەرباز› ٥. ـەوە؛ ـەوە؛ ـئەوە؛ لە کاتێکەوە بەرەو ئەملا ‹از دیربـاز او را می‌شناختم: لە مێژەوە دەمناسی›.

بازآرایی / bāzārāyî، ـها/: اسم. کار یان ڕەوتی ڕازاندنەوە؛ تەوزاندنەوە؛ نەژرنایەوە: الف) ڕێکوپێک کردنەوە ب) دارشتنەوە؛ لەسەرڕا و بە شێوازێکی تازە دامەزراندنەوە.

بازآفریدن / bāzāfarîdan/: مصدر. متعدی. [ادبی] ۱. چێ کرنەوە؛ دروسەو کردن؛ وەشەوە کەردەی؛ دووبارە دروست کردنەوە ۲. ئافراندنەوە؛ خولقاندنەوە؛ لە نەبوو هەمیسان چێ کرن. هەروەها: **بازآفریدنی**

بازآفرینی / bāzāfarînî، ـها/: اسم. [هنر] ئافراندنەوەیی؛ کار یان ڕەوتی خولقاندنەوە؛ بەدیهێنانەوەی شتێ.

بازآمدن / bāzāmadan/: مصدر. لازم. [ادبی] هاتنەوە؛ هاتنەڤە؛ گەڕانەوە؛ گەڕیانەوە؛ هەڵەوگەڕیان؛ ئەوەئامەی؛ ئامایەوە؛ ئەوەگێڵەی؛ لە جێیەکی تر هاتنەوە بۆ جێگەی پێشوو. هەروەها: **بازآمدنی**

■ صفت فاعلی: **بازآورنده** (ـ)/ صفت مفعولی: **بازآمده** (وەهاتوو)/ مصدر منفی: **بازنَیامدن** (نەهاتنەوە)

بازآموختن / bāzāmûxtan/: مصدر. متعدی. لازم. [ادبی] □ متعدی. ڤەهەڤۆتن: ۱. فێرکردنەوە؛ تێ گەیاندنەوە؛ ڤەهەوساندن □ لازم. ۲. فێر بوونەوە؛ تێ گەیشتنەوە. هەروەها: **بازآموختنی**

■ صفت فاعلی: **بازآموزنده** (فێرەوەکەر)/ صفت مفعولی: **بازآموخته** (فێرەوەکراو)/ مصدر منفی: **بازنَیاموختن** (فێرنەکردنەوە)

بازآموزی / bāzāmûzî، ـها/: اسم. ۱. کار یان ڕەوتی فێرکردنەوە؛ دووبارە فێرکردن بۆ تازە کردنەوە یان تەواوکردنی ئاگەداری ۲. فێر بوونەوە.

بازآوردن / bāzāvardan/: مصدر. متعدی. هێنانەوە؛ هانینەوە؛ ڤەئینان؛ گێڕانەوە؛ ئاردەیوە؛ ئەوە ئاردەی؛ هاوردنەوەی شتێک بۆ جێگای پێشووی. هەروەها: **بازآوردنی**

■ صفت فاعلی: **بازآورنده** (وەهێنەر)/ صفت مفعولی: **بازآورده** (وەهێنراو)/ مصدر منفی: **بازنَیاوردن** (نەهێنانەوە)

بازار / bāzār، ـها/: اسم. بازار؛ بازار: ۱. بازێڕ؛ سووک؛ وازاڕ؛ شوێنی سەودا و مامەڵە ۲. [مجازی] سەودا؛ مامەڵە ‹بازار گندم رونق دارد: بازاری گەنم گەرمە›.

▣ **بازار آزاد**: بازاری ئازاد؛ بازاڕێک کە نرخەکانی بە پێی پیشاندان و داواکارییە.

بازار بورس: بازاری بوورس؛ شوێنی سەودای زێڕ و زیو و نەوت و...

بازار بی‌رونق ☜ **بازار کساد**

بازار بین‌المللی/ جهانی: بازاری نێونەتەوەیی؛ بازاڕی جیهانی: ۱. شوێنێ کە لە لایەن ولاتگەلی جۆراوجۆرەوە کالا بۆ فرۆش دادەنرێ ۲. پیشاندان و داوای کالاگەلی دیاریکراو لە بازاڕی ولاتانی جۆربەجۆردا.

بازار حقیقی: بازاڕی ڕاستەقینە؛ بازاڕێک کە کووتاڵی ئەسڵ و ڕاستی تێدا پیشان دەدرێ.

بازار داخلی: بازاڕی ناوخۆ؛ بازاڕی پیشاندان و داخوازیکاری (عرضە و تقاضا) لە ناو ولاتدا. هەروەها: **بازار خارجی**

بازار روز: بازاڕی ڕۆژ؛ بازاڕی ڕۆژێ دیاریکراو لە حەوتوودا.

بازار سالانه: بازاڕی سالانە؛ بازاڕێک کە

سالێ جارێک لە جێیەک و لە وەرزێک لە ساڵدا پێک دێت. هەروەها: **بازار هفتگی**

بازار سلف: بازاڕی سەلەم؛ بازاڕی پێش فروش.

بازار سیاه: ڕەشە بازار؛ بازاڕی ڕەش؛ شوێنی سەودای کالا، دوور لە چاوی قانوون.

بازار شام: */کنایی/* بازاڕی شام؛ گالە بازار؛ جێگایەکی گورمۆرە و هەڕێژراوە.

بازار عمدەفروشی: بازاڕی عومدەفرۆشی؛ جێگایەک کە کالای تێدا بە سەرجەم و یەکجێ دەفرۆشن و دەکڕن. هەروەها: **بازار خردەفروشی**

بازار عمومی: بازاڕیگشتی؛ بازاڕێ کە کووتاڵی جۆراوجۆری بۆ هەموو کڕیاران تێدایە. هەروەها: **بازار اختصاصی**

بازار فروش: بازاڕی فرۆش؛ ڕەوتی فرۆشتن بەهۆی هەموو یان زۆربەی فرۆشیارانەوە ‹بازار فروش نفت رونق دارد: بازاڕی فروشی نەوت بەبرەوە›. هەروەها: **بازار خرید**

بازار کار: بازاڕی کار ‹هر سال تحصیلکردەهای بیشتری وارد بازار کار می‌شوند: هەموو سالێ خوێندەوارانێکی زیاتر دەچنە نێو بازاڕی کارەوە›.

بازار کساد: بێبازاڕی؛ بازاڕی کەساد؛ بازاڕی کەساس؛ بازاڕی بێکڕیار: **بازار بی‌رونق**. هەروەها: **بازار راکد**

بازار گرم: بازاڕی گەرم؛ گەرمەبازاڕ؛ قرمە بازاڕ؛ بازاڕی پڕ لە کڕیار. هەروەها: **بازار داغ**

بازار محلّی: بازاڕی خۆماڵی؛ بازاڕی ناوخۆیی.

بازار مسگران: بازاڕی مسگەران. هەروەها: **بازار آهنگران؛ بازار حلبی‌سازان؛ بازار زرگران؛ بازار کفاشان**

بازار مشترک: کۆبازێڕ؛ یەکگرتوویی ئابووری نێوان کڕیاران و فرۆشیارانی دوو یان چەند وڵات.

بازار مصرف: سەودای کەلوپەل. هەروەها: **بازار تولید**

بازار مکارە: بازاڕی نیشانگە؛ جۆرێ بازاڕی کاتی کە پێکهێنەران و فرۆشیاران کووتاڵی خۆیانی تێدا نیشان دەدەن و دەکڕێ ناوچەیی، وڵات بە وڵات یان نێونەتەوەیی بێ.

▣ **بازار پیدا کردن:** بازاڕ پەیا کردن؛ بازاڕ دیتنەوە؛ دۆزینەوەی کڕیار بۆ شتێک.

بازار چیزی را شکستن: بازاڕی شتێ شکاندن؛ ساردکردنەوەی بازاڕی شتێک؛ لە برەو خستنی فرۆشی شتێ.

بازار خوابیدن: */مجازی/* بازاڕ خەوتن؛ نەبوون یان کەم بوونەوەی سەندن و فرۆشتنی شتێک ‹مدتی است بازار خوابیده و هیچ معاملەای صورت نمی‌گیرد: ماوەیێکە بازار خەوتووە و مامەڵە نیە›.

بازار داشتن: بازاڕ هەبوون ‹قالی خوب همیشه بازار دارد: قالی چاک هەمیشە بازاڕی هەیە›.

به بازار بردن: بۆ بازاڕ بردن؛ بردنە بازاڕ (بۆ فرۆش).

به بازار رفتن: چوون بۆ بازاڕ (بۆ سەندن).

بازارپژوهی / bāzārpajûhî، ـها/: */اسم.* بازارتۆژی؛ بازار پەیدۆزی؛ بازار هوورینی؛ لێکۆڵینەوە لە داخوازگەلی بازاڕ و بەراوردی داهاتوو لەمەر بازاڕی شتێکەوە و دۆزینەوەی بازاڕ بۆ بەرهەمێک.

بازارپسند / bāzārpasand، ـها/: *صفت.* ڕووبازاڕ؛ بەبرەو؛ شتێ کە بازاڕی چاکی هەبێ؛ پەسندی

فرۆشیار و کڕیار.

بازارچـــه / bāzārče، ـهـا/:اسم. بازارچـــه؛ تاریکەبازاڕ؛ بوارگەیێکی زۆرتر سەرداپۆشراو، بە چەند دووکانی هەموو جۆرەوە.

بازارشـــکنی / bāzāršekanî، ـهـــا/:اسـم. بازاڕشکێنی؛ کار و ڕەهاتی فرۆشتن بە نرخی خوارتر لە بازاڕ بۆ بێبازاڕی باقی فرۆشیاران یان ڕکەبەران.

بـــازارگرمی / bāzārgarmî، ـهـــا/:اسـم. بازاڕگەرمی؛ گەرمبازاڕی؛ بە شتێکدا هەڵگوتن بۆ فرۆشتنی.

بـــازاری[1] / bāzārî، ـهـا؛ ـان/:اسم. بـــازاڕی؛ دووکاندار؛ ئەوەی لە بازاڕدا کار دەکات بەتایبەت ئەگەر کاری فرۆشتن و سەندن بێ.

بازاری[2]:صفت. بازاڕی: ۱. سـەبـارەت بـە بـازاڕ ۲. [مجازی] بێبایەخ لە باری هونەریەوە.

بازاریـــاب / bāzāryāb، ـهـا؛ ـان/:اسـم. بازاڕدۆز؛ کەسێک یان بنکەیەک کە کاری پەیدا کردنی بازاڕە بۆ کاڵا.

بازاریـــــابی / bāzāryābî، ـهـــا/:اسـم. بـــازاڕدۆزی: ۱. کـــار یـــان ڕەوتی دیتنـــەوەی کڕیار ۲. کاری بازاڕدۆز.

بازالـــــت / bāzālt/: [فرانـــــسوی]/اســـم. [زمین‌شناسی] پـازار؛ بـەردە ڕەشـە؛ جـۆرێ بەردی سەخت و وردیلە و ڕەنگاوڕەنگ.

بـازبین / bāzbîn، ـهـا؛ ـان/:اسم. پـشکێنەر؛ دۆزەرەوە؛ وەدۆز؛ ئـەواویـن؛ وەبـین؛ کـەس یـان دەزگایـەک کـە کـاری دووبـاره بینینەوەیە.

بازبینی / bāzbînî، ـها/:اسم. ۱. کـار یـان ڕەوتی پشکنین؛ بینینەوە؛ وینایوە؛ وەدۆزین ۲. کار یان ڕەوتی پێدا چوونەوە؛ چاوخشاندن؛ ئەوە وینەی.

بازپخـــت / bāzpoxt/:اسم. کـار یـان ڕەوتی کوڵاندنـــەوە؛ کوڵانـــەوە؛ ئـــەوەگرینـــەی؛ گرینایوە؛ کوڵاندنەوەی شتێک.

بازپختن / bāzpoxtan/ ☜ **باز[4]ـ۱**

بازپرداخـــت / bāzpardāxt/:اسـم. دانـــەوە؛ گـەڕاندنـەوەی وام ‹بازپرداخت ایـن وام پـنج سـاله است: دانەوەی ئەم قەرزە پێنج ساڵەیە›.

بـازپرس / bāzpors، ـها؛ ـان/:اسم. بـازپرس؛ ڤەپرس؛ کەسێ کـاری پرسـینەوە بـۆ ناسـینی تاوانبار و دەرخستنی ڕاستیە.

بازپرســی / bāzporsî، ـهـا/:اسم. پێچانـەوە؛ ڤـەپرسـی؛ بازپرسی؛ پرسـینەوە و بـە سـەر کردنـەوە بـۆ دەرخـستنی ڕاسـتی و ناسـینی تاوانبار.

بازپرســـیدن / bāzporsîdan/: مـصدر. لازم. [ادبی] پرسـینەوە؛ ڤـەپرسـین؛ ئـەوەپـەرسـەی؛ پەرسـایوە؛ دیـسان پرسـین ‹بازپرسید چـرا رفت و چرا آمد: پرسیەوە بۆ چوو و بۆ هات›.

■ مصدر منفی: **بازنپرسیدن** (نەپرسینەوە)

بـــازپروری / bāzparvarî، ـهـــا/:اسـم. چاکردنـەوە؛ سـازکردنەوە: ۱. کـار یـان ڕەوتی گـەڕاندنـەوەی سـاغی و هێـزی لـەش، بـە تایبـەت بـە وەرزش، خـواردنی دروسـت و حـەسـانەوە ۲. کـار یـان ڕەوتی ڕاهێنـان و چـاککـردنی ئازوبـەزکـاران و تاوانبـاران و تەیارکردنیان بۆ هاتنەوەیان بۆ ناو کۆمەڵ.

بـــازپس / bāzpas/: قیـد. [ادبـی] ۱. دواوە؛ دمـاوە؛ وەدوا؛ بـەدوا؛ پـەشـتیەرە؛ لپـەی؛ لـدویف ۲. بـەدوا؛ بـەرەو شـوێن یـان کـاتی پێشوو.

⊡ **بـاز پـس آوردن**: هاوردنـەوە؛ گـەڕاندنـەوە؛ دانەوە؛ ئاردەیوە؛ ئەوە ئاردەی.

بـاز پـس رفـتن: چوونـەوە؛ بـە دواوە چـوون؛ بەرەو دوا چوون؛ پەشتیەرە لوەی.

بـاز پـس گـرفتن: سـەندنـەوە؛ سـاندنەوە؛ ئەسایوە؛ ئەوە سانەی.

بـاز پـس نگریـستن: بـەرەو دوا نـواڕین؛ بـۆ دواوە ڕوانـــین؛ دیـــایره دمـــاوە؛ دواوە

مەیزین؛ پشتەسەر چاو لێکردن.

بازتاب / bāztāb ـھا/:/اسم. ۱. کار و ڕەوتی هەڵگەڕانەوە؛ ڤەدان؛ دانەوە؛ ئەوەدەی ۲. [روانشناسی] چەڵەکانەوە؛ سڵەمیانەوە؛ بەرپەرچی ناویستی گیانەوەر لە بەرانبەر زیخانەوە(تەحریک)دا ۳. ڕەنگدانەوە؛ دەنگدانەوە؛ شوێنەواری بار و دۆخێکی روون ‹بازتاب وسیع: رەنگدانەوەی بەربڵاو›

*انعکاس

▣ **کمان بازتاب** ☜ **کمان**

بازتاباندن / bāztābāndan/: مصدر. متعدی. تێگرتنەوە؛ دیسان تێگرتن؛ ئەوەتاونەی ‹نور را بە نقطەی قرمز بازمی‌تابانیم: تیشکەکە بەرەو خاڵی سوور تیدەگرینەوە›. هەروەها: **بازتاباندنی**

بازتابیدن / bāztābîdan/: مصدر. لازم. هەڵگەڕانەوە؛ ئەوەتاویەی؛ ڤەتەیسین ‹نور ماه از آینە بازمی‌تابید: شەوقی مانگ لە ئاوێنەکەوە هەڵدەگەڕایەوە›. هەروەها: **بازتابیدنی**

بازتوانی / bāztavānî/:/اسم. توانینەوە؛ کار یان ڕەوتی هێنانەوەی ساغی، سەربەخۆیی یان کارزانی نەخۆش لە زووترین ماوەدا: **توانبخشی**

بازجست / bāzcost ـھا/:/اسم. داباش؛ کار یان ڕەوتی وەدۆزین؛ وەگەڕان؛ پەیدۆزی و هلکەوشاندنی شتێک.

بازجستن / bāzcostan/: مصدر. متعدی. گەڕانەوە؛ هلکەڤاشتنەڤە؛ ئەوەگێڵەی؛ دیسانەوە لە شوێنی شتێک گەڕان.

بازجو / bāzcû ـھا؛ ـیان/:/اسم. لێکۆڵەر؛ ڤەکۆلەر؛ مرۆی شارەوانی کە پێش هاتنی لێپرسەر، لە تاوانبارکراوان و لایەنانی شەڕ کورتە لێکۆڵینەوەیەک ئەکات و ئاگاداریەکانی ــ بۆ بڕیاردانی دوایی ــ بۆ دادسەرا دەبات.

بازجویی / bāzcûyî ـھا/:/اسم. ڤەکۆڵی؛ لێپرسینەوە؛ لێکۆڵینەوە لە تاوان؛ چنەوە پەرسەی. هەروەها: **بازجویی شدن؛ بازجویی کردن**

بازخرید / bāzxarîd ـھا/:/اسم. کڕینەوە: ۱. سەندنەوە؛ ساندنەوە؛ ئەسایوە؛ سانایوە؛ کڕینەوەی دووبارەی شتێکی فرۆشراو ۲. بە پارە ڕزگارکردنی دیل یا کۆیلە ۳. کڕینی یەکجاری ماف و مزی کەسێک لە مەزرینگەیەکدا بۆ لاچوونی لە کار.

هەروەها: **بازخرید شدن؛ بازخرید کردن**

بازخریدن / bāzxarîdan/: مصدر. متعدی. [ادبی] کڕینەوە؛ ساندنەوە؛ سەندنەوە؛ ئەوەئەسەی؛ سانایوە؛ دووبارە کڕینی شتێ کە فرۆشراوە و بە کەسێ‌تر دراوە. هەروەها: **بازخریدنی**

بازخواست / bāzxāst ـھا/:/اسم. ۱. وەخواست؛ کار یان ڕەوتی لێ‌ویستنەوە؛ لێ‌ویستن؛ خواستنەوە؛ چنەواسەی؛ تۆژینەوە لە تاوانبارکراو لە مەڕ هەڵەکاری یان کەمتەرخەمی لە ئاکاریدا ۲. [مجازی] سەرزەنشت؛ سەرکۆنە؛ سەرکۆ؛ لۆمە.

هەروەها: **بازخواست شدن؛ بازخواست کردن**

بازخواندن / bāzxāndan/: مصدر. متعدی. [ادبی] وەخۆندن: ۱. بانگ‌کردنەوە؛ قاوکردنەوە؛ ئەوەچڕیەی؛ چڕیەیوە؛ بەسەرکردنەوە؛ کەسێک بانگ‌کردن بۆ گەڕانەوەی ۲. پێدا چوونەوە؛ دوبارە خوێندنەوە؛ ئەووەنای؛ ئەووەنتەی؛ هەمیسان خوێندنەوەی نووسراوەیەک.

هەروەها: **بازخواندنی**.

بازدادن / bāzdādan/: مصدر. متعدی. [ادبی] دانەوە؛ پێدانەوە؛ وەدان؛ دانەدواوە؛ ئەوەدەی؛ دایوە. بەرانبەر: **بازگرفتن**.

هەروەها: **بازدادنی**

بازدار / bāzdār ـھا؛ ـان/:/اسم. بازیار؛ بازدار؛ واشەدار؛ واشەباز؛ بازەوان؛ بازەباز؛ کەسێ

کە کاری پاراستن و پەروەراندنی مەلانی ڕاوکەرە.

بازدارنده / bāzdārande، ـها؛ ـگان/: *صفت*. پێشگر؛ پێشگرەوە؛ بەرپێگر؛ خاوەن تایبەتمەندی یان بڕستی بەرگری کردن لە ئەنجامدانی کارێک ‹نیروی بازدارنده: هێزی پێشگر›.

بازداری / bāzdārî/: *اسم*. ۱. بازەوانی؛ بازبازی؛ لێزانی لە ڕاگرتن و ڕاهێنانی مەلانی ڕاوچی ۲. ـها/ *[روان‌شناسی]* خۆ ڕاگرتنی ئەنقەست لە وەرامدانەوە بە بزوێنەرگەل.

بازداشت / bāzdāšt، ـها/: *اسم*. ۱. ڕاگرتنی کەسێک لە جێیەک بە پێچەوانەی ویستی خۆی، نەخوازا ڕاگرتنی تاوانبار لە گرتووخانە یان لە بەندیخانەدا ۲. قۆڵبەس؛ دەزگیرکردنی کەسێک بۆ ئەم مەبەستە * **توقیف**. هەروەها: **بازداشت بودن؛ بازداشت شدن؛ بازداشت کردن**

بازداشتگاه / bāzdāštgāh، ـها/: *اسم*. گرتووخانە؛ گرتۆخانە؛ گراوخانە؛ جێیەک کە گرتوانی تێدا بۆ ماوەیەک ڕادەگرن.

بازداشتن / bāzdāštan/: *مصدر. متعدی*. *[ادبی]* ۱. بەرگرتن؛ بەرپێگرتن؛ وەرگێرتەی؛ بەرگیری‌کردن لە کاری کەسێک؛ بەرهەڵست بوون ۲. *[نامتداول]* گرتن؛ گرتنەوە؛ گلەودایىن؛ گلەودان؛ گێرتەی؛ دەست بە سەردا ڕاگرتن. هەروەها: **بازداشتنی**

■ صفت فاعلی: **بازدارنده** (بەرگیر)/ صفت مفعولی: **بازداشته** (بەرگیراو)/ مصدر منفی: **بازنَداشتن** (بەرنەگرتن)

بازداشتی / bāzdāštî، ـها/: *اسم*. گیراو؛ گیراوە؛ گیریاگ؛ گرۆ؛ باڵبەس‌کراو.

بازدم / bāzdam، ـها/: *اسم*. هەناسەدانەوە؛ کار یا ڕەوتی دانەوەی هەناسەی هەڵکێشراو بۆ دەرەوە.

بازده / bāzdeh/: *اسم*. لێهات: ۱. بەرهەمێک کە مرۆ، ماشین، کارخانە، کانگا یان پیشەیەک لە کاتێکی دیاریکراودا پێکی دێنێ یان دەتوانێ پێکی بێنێ ۲. توان یا هێزێک کە ماشین یا پیلێک بەرهەمی دێنێ. هەروەها: **بازده‌داشتن**

▣ **بازده سرمایه:** لێهاتی دەسمایە؛ دەسکەوت لە چاو خەرج؛ وەدەی سەرمایە.

بازده‌کار: لێهاتی کار؛ وەدەی کار؛ بەرهەم لەچاو کار.

بازدید / bāzdîd، ـها/: *اسم*. وەبینی؛ ڤەبینی؛ کار و ڕەوتی سەردان؛ چاو پێکەوتن؛ چاو پێکەوتنەوە: ۱. چاو پێکەوتنی دووبارە؛ چەم پنەکەوتەی؛ دیمانەی دووجاران بۆ وەرامدانەوەی دیداری پێشووی کەسێک ‹به بازدید کسی رفتن: چوونە سەردانی کەسێک› ۲. دیتنی جێگایەک یان شتێک، زۆرتر بۆ زانیاری پەیدا کردن لە بار و دۆخی ئەو شتە. هەروەها: **بازدید شدن؛ بازدید کردن**

▣ **به بازدید کسی رفتن:** سەر لە کەسێک لێدان؛ چوونە دیتنی کەسێکەوە.

بازدیدن / bāzdîdan/: *مصدر*. دیتنەوە؛ چاو پێکەوتنەوە؛ ئەوەدیەی.

بازرس / bāzres، ـها؛ ـان/: *اسم*. بازڕەس؛ سەرکەشیکەر: ۱. کەسێک کە لە لایەن دامەزراوە یان بەرپرسێکەوە ئەرکداری پێڕاگەیشتن بە چۆناوچۆنی گەڕانی کارەکانە ۲. کەسێک کە ئەرکی پێڕاگەیشتن لە چۆنیەتی ڕووداوێکی دیاریکراوی پێ سپێردراوە.

بازرسی / bāzresî، ـها/: *اسم*. ۱. کار و ڕەوتی ڕاگەیشتن بە چۆناوچۆنی کار و بار

لە دامەزراوە یان ناوچەیێکدا ٢. ڕاگەیشتن بە چۆناوچۆنی ڕووداوێک ٣. کار یان ڕەوتی پشکنین؛ وشکان؛ وشکنەی؛ سەنگ و سۆزن‌کردنی جێگە یان کەل‌پەلی کەسێک ‹بازرسی منزل: پشکنینی خانوو› ٤. کار یان ڕەوتی دیتن؛ سەرنجدانی شتێک بۆ دڵنیایی لە دروست بوونی ‹بازرسی بلیت مسافران: دیتنی پسوولەی مسافران›.

بازرگان / bāzargān، ـها؛ ـان/:اسم. بازرگان؛ بازاروان؛ سەوداگەر؛ مامەڵەچی؛ ماڵ‌فرۆش؛ کووتاڵ‌فرۆش؛ تاجر.

بازرگانی / bāzargānî/:اسم. بازرگانی؛ بازاروانی؛ داوستەد؛ ئاڵش و وێرش؛ دان‌وسان: ١. کار یان ڕەوتی کڕین و فرۆشتن یا ناردن و هاوردنی کالای کەلان بۆ قازانج ٢. بنکەی بازرگانی؛ بنکەیەک کە تێیدا سەوداگەری بکرێ.

▣ **بازرگانی آزاد**: بازرگانی ئازاد؛ باوەڕێکی ئابووری کە تێیدا فرۆش و بەشینەوەی کالا لە لایەن کەسان یا شەریکەگەلی سەربەخۆوە جێبەجێ دەکرێ: **تجارت آزاد**

بازرگانی پایاپای: ڕشت؛ ماڵ گۆڕینەوە؛ سەودای ماڵ‌بەماڵ؛ فرۆشتنی کالا و گرتنی کالاییکی‌تر لە جێی نرخەکەی: **بازرگانی تهاتُری**

بازرگانی تهاتُری ☜ **بازرگانی پایاپای**

بازرگانی خارجی: سەوداگەری دەرەکی؛ دان و ستانی شتومەک و باروبنە و پێداویستیگەلی گەل و هەروەها جێبەجێ کردنی پارە لە نێوان ولاتێک لە گەڵ ولاتانی‌تردا.

بازرگانی داخلی: سەوداگەری ناوخۆیی؛ دان و ستاندنی کالا و گۆڕینەوەی پارە و پیتەوا لە ناو ولاتێکدا.

بازرگانی دولتی: بازرگانی دەوڵەتی؛ چەشنێک سەوداگەری کە ئەرکی جێبەجێ‌کردنی بە دەوڵەتە.

بازره / bāzra/:[کردی] اسم. بازرە؛ بازێڵە؛ بازڵە؛ نەخۆشی زیپکەدانی دەست و پێی مندالان.

بازسازی / bāzsāzî، ـها/:اسم. کار یان ڕەوتی دروست‌کردنەوە؛ وەشەوەکەردەی؛ وەش‌کەردەیوە؛ دووبارە درووس‌کردنەوەی شتێک کە خراپ بووە یان لە بەین چووە. هەروەها: **بازسازی شدن؛ بازسازی کردن**

بازسان / bāzsān، ـها؛ ـان/: صفت. بازئاسا؛ بازسان؛ وەکوو پەلەوەری باز.

بازستاندن / bāzsetāndan/: مصدر. متعدی. [ادبی] ئەستاندنەوە؛ ستاندنەوە؛ سەندنەوە؛ گرتنەوە؛ وەرگرتنەوە؛ ئەسایوە؛ سانایوە؛ ئەوەئەسەی؛ ئەوەسانەی؛ ژێ ستاندن: **بازستَدن**. هەروەها: **بازستاندنی**

■ مصدر منفی: **بازنَستاندن** (نەسەندنەوە)

بازستدن / bāzsetadan/ ☜ **بازستاندن**

بازشناختن / bāzšenāxtan/: مصدر. متعدی. ناسینەوە؛ ڤەناسین؛ ئەوەژناسەی؛ ژناسایوە؛ دیسان ناسینی کەسێ یان شتێک.

بازشناسی / bāzšenāsî/:اسم. کار یان ڕەوتی ناسینەوە؛ وەناسین؛ ئەوەژناسەی؛ ڤەناسین؛ ناسینەوەی ئەوەی زووتر ناسراو بوو.

بازکاویدن / bāzkāvîdan/: مصدر. متعدی. دیسان لێکۆڵینەوە؛ هلکەوشاندنەڤە؛ هلکەواشتنەڤە.

بازکشیدن / bāzkešîdan/: مصدر. متعدی. کێشاندنەوە؛ ئەوەکێشەی؛ دیسانەوەکێشان.

بازگرداندن / bāzgardāndan/: مصدر. متعدی. [ادبی] گێڕاندنەوە؛ گەڕاندنەوە؛ گێڕاننەوە: ١. هاوردنەوە؛ بەردەیوە؛

ئەوبەردەی؛ بۆ جێی پێشوو هێنانەوە ۲. هەڵگەڕاندنەوە؛ ئەوەگێڵنەی؛ گێڵنایوە؛ بە زۆر گەڕاندنەوە. هەروەها: **بازگرداندنی**

■ مصدر منفی: **بازنَگرداندن** (نەگێڕاندنەوە)

بازگردیدن / bāzgardîdan/ ☜ **بازگشتن**

بازگرفتن / bāzgereftan/: *مصدر. متعدی. [ادبی]* ئەستاندنەوە؛ هەستاندنەوە؛ سەندنەوە؛ گرتنەوە؛ وەرگرتنەوە؛ وەگرتنەوە؛ ئەسایوە؛ ئەوەئەسەی؛ گێرتەیوە؛ ئەوەگێرتەی؛ شتی دراو ساندنەوە. بەرانبەر: **باز دادن**. هەروەها: **بازگرفتنی**

■ مصدر منفی: **بازنَگرفتن** (نەگرتنەوە)

بازگشت / bāzgašt، ـها/: *اسم.* ڤەگەڕ؛ ئەواگل؛ ئەواگێڵ؛ واگل؛ نکس؛ هەو؛ کار یان ڕەوتی وەگەڕان؛ وەرگەڕان؛ زڤڕین؛ ڤەزڤڕان؛ ڤەزفریان؛ هەڵگەڕانەوە؛ گەڕانەوە.

بازگشتن / bāzgaštan/: *مصدر. لازم. [ادبی]* ۱. گەڕانەوە؛ گەڕیانەوە؛ هەڵگەڕانەوە؛ هەڵگەڕیانەوە؛ ڤەگەڕیان؛ زڤڕینەوە؛ وەگەڕان؛ هەوکردن؛ هاتنەوە؛ گێلایوە؛ ئەوەگێلەی؛ هۆرەوەگێلەی؛ ئامایوە؛ ئەوەئامەی؛ هاتنەوە بۆ شوێنی پێشوو ۲. کرانەوە؛ ئاوەڵا بوون * **بازگردیدن** هەروەها: **بازگشتنی**

■ مصدر منفی: **بازنَگشتن** (هەڵنەگەڕانەوە)

بازگشتی / bāzgaštî، ـها/: *صفت.* هەڵگەڕاوە؛ گەڕیاوە؛ گەڕاوە؛ هۆرگێلیا؛ ئەوەگێلیا ‹پولهای بازگشتی در حساب ویژهای نگهداری میشوند: پارە هەڵگەڕاوەکان لە حەسابێکی تایبەتیدا چاوەدێری دەکرێن›.

بازگشودن / bāzgošûdan/: *مصدر. متعدی.* دیسانەوە کردنەوە؛ ئەوەکەردەی؛ دیسان ئاوەڵاکردن.

بازگفتن / bāzgoftan/: *مصدر. متعدی. [ادبی]* گەڕاندنەوە؛ گێڕانەوە؛ دووبارە گوتنەوە؛ وتنەوە؛ واتەیوە؛ ئەوەواتەی؛ وتنەوەی ئەوەی کە زووتر گوتراوە یان بیسراوە ‹آنچه را کە شنیدە بود بتمامی بازگفت: ئەوەی کە بیستبووی بە تێر و تەسەلی گوتیەوە›.

هەروەها: **بازگفتنی**

■ مصدر منفی: **بازنَگفتن** (نەوتنەوە)

بازگو / bāzgû/: *اسم.* واوێژ؛ وازگۆ؛ واگۆ؛ وەگۆ؛ ئەوەواچ؛ کار یان ڕەوتی وازگۆکردن.

⊡ **بازگو کردن**: گێڕانەوە؛ گێڕاننەوە؛ گێڕاندنەوە؛ گەڕاندنەوە؛ ڤەهاندان؛ واتەیوە؛ ئەوەواتەی؛ دووبارە گوتنەوە.

هەروەها: **بازگو شدن**

بازگویی / bāzgûyî، ـها/: *اسم.* ڕەوتی وتنەوە؛ گوتنەوە؛ واگۆیی؛ وەگۆیی ‹از بازگویی حرفهای او معذورم: لە گوتنەوەی قسەکانی ئەو داوای لێبووردن دەکەم› (یانێ ناتوانم دووپاتەی بکەمەوە).

بازماندگان / bāzmāndegān/: *اسم.* پاشماوان؛ لێبەجێماوان؛ ئەوەمەنێ؛ ژن/ شوو، منداڵ و خزمانی زیندووی کەسی مردوو.

بازماندن / bāzmāndan/: *مصدر. لازم. [نامتداول]* مانەوە؛ ڤەمان؛ وەمان؛ ئەوەمەنەی: ۱. نەبزوون؛ لە جێی خۆ مانەوە؛ مەنایوە؛ وەستان ۲. دامان؛ سەر نەکەوتن لە کاردا ‹مریض شدم و از کار بازماندم: نەخۆش کەوتم و لە کار مامەوە›.

هەروەها: **بازماندنی**

■ مصدر منفی: **بازنَماندن** (نەمانەوە)

بازنپرسیدن / bāznaporsîdan/ ☜ **بازپرسیدن**

بازنتابیدن / bāznatābîdan/ ☜ **بازتابیدن**

بازنداشتن / bāznadāštan/ ☜ **بازداشتن**

بازنده / bāzande، ـها؛ ـگان/: *صفت.* ۱. چویز؛ خیچاو؛ داناو؛ دۆڕاو ۲. بەزاو؛ بەزیا؛ بەزیاگ؛ بەزیاو؛ بەزراو؛ شکست خواردوو.

بازنستاندن / bāznasetāndan/ ☜ **بازستاندن**

بازنشست / bāznešast، ـها/: *اسم. [گفتاری]*

وەنیشتە؛ کارکەنار؛ خانەنشین؛ لەکارتە.

بازنشستگی / bāznešastegî/: *اسم.* وە نیشتە یی: ۱. بار و دۆخ یان چۆنیەتی درێژە نەدان بە کارێک: *الف)* بە پێی قانوون و بە وەرگرتنی ماف و مز بۆ پاشماوەی تەمەن *ب)* ڕاسپاردنی کاری خۆ بە کەسێکیتر ۲. مووچەی وەنیشتە بەپێی قانوون.

بازنشسته / bāznešaste، ـها؛ ـگان/: *صفت.* وەنیشتە؛ خانەنشین؛ کارکەنار؛ لەکارتە؛ نیشتەبەر. هەروەها: **بازنشسته بودن؛ بازنشسته شدن؛ بازنشسته کردن**

بازنگردانـدن / bāznagardāndan/ ☜ **بازگرداندن**

بازنگرفتن / bāznagereftan/ ☜ **بازگرفتن**

بازنگری / bāznegarî، ـها/: *اسم.* کار و ڕەوتی پێداچوونەوە؛ پێداڕوانینەوە؛ بینینەوە؛ ئەووینەی؛ سەرنجدانەوەی دەق، گەلالە یان بۆچوونێک بۆ گۆڕان یان تەواوکردن یا ساغ کردنەوەی ‹بازنگری برنامەهای اساسی: پێداچوونەوەی بەرنامەگەلی بنەمایی›.

بازنگریستن / bāznegarîstan/: *مصدر. متعدی. [ادبی]* وەڕوانین: ۱. ڕوانینەوە؛ بینینەوە؛ ڤەمەیزین؛ وینایوە؛ ئەووینەی ۲. بەرەو دوا ڕوانین؛ بۆ دوا ڕوانین. هەروەها: **بازنگریستنی**

بازنگشتن / bāznagaštan/ ☜ **بازگشتن**

بازنگفتن / bāznagoftan/ ☜ **بازگفتن**

بازنماندن / bāznamāndan/ ☜ **بازماندن**

بازنمایی / bāznemāyî/: *اسم.* نواندنەوە؛ نیشاندانەوە؛ پیشاندانەوە؛ کار یان ڕەوتی خستنە ڕوو یان نیشاندانی دووبارە.

بازنمودن / bāznemûdan/: *مصدر. متعدی. [ادبی]* ۱. بازکردن؛ کردنەوە؛ ئاوەلاکردن؛ والاکردن؛ کەردەیوە؛ ئەوەکەردەی؛ واز کەردەی ۲. نواندن؛ نیشاندان؛ ئرمانەی.

هەروەها: **بازنمودنی**

بازنیافتن / bāznayāftan/ ☜ **بازیافتن**

بازنیامدن / bāznayāmadan/ ☜ **بازآمدن**

بازنیاوردن / bāznayāvardan/ ☜ **بازآوردن**

بازو / bāzû، ـها؛ ـان/: *اسم.* ۱. باسک؛ بازوو؛ باهۆ؛ ساکول؛ قۆل؛ چەپل؛ بەوش؛ زەند؛ بازووک؛ پەل؛ مل؛ لە سەری پەنجەوە تا شان؛ نێوان ئانیشکا و شان ۲. *[مجازی]* دەست؛ دەس ‹بازوی توانا: دەستی بەهێز› ۳. *[مجازی]* یاریدەر؛ یاوەر ‹او در حُکمِ بازوی من است: ئەو یاریدەری منە› ٤. دەسە؛ دەسک؛ دەسگ؛ دەستە و باسکی بڕێ شت ‹بازوی آهرُم: دەستەی نوێڵ›.

▣ **بازوی اهرم:** *[فیزیک]* دەستەی نوێڵ؛ باسکی لۆسە؛ باهۆی مەلغە؛ میلەیەکی بەرز و قایمە کە لە جێگایێکیەوە پاڵ دەدا بە پالگەوە و بۆ هەلتەکاندن و هەلبڕینی شتگەلی قورس بە کاری دەبەن.

بازوی محرک: *[فیزیک]* باسکی جوولێنەر؛ مەودای هێزی بزوێنەر تا پالگە.

بازوی مقاوم: باسکی باشاری و بەرگری؛ مەودای هێزی بەرگریکەر تا پالگە.

▣ **بازو به بازو دادن:** *[کنایی]* دەس لە دەس نان؛ دەستگرتن؛ دەس دانە ژێر باڵ؛ دەستگرتنە ژێرباڵی یەکێکەوە: **بازو در بازو افکندن**

بازو در بازو افکندن ☜ **بازو به بازو دادن**

بازوگشادن: *[کنایی]* ۱. دەس بە کار بوون ۲. تەیار بوون.

بازوی چیزی داشتن: *[کنایی]* دەس ڕۆیشتن؛ دەس لەبار بوون؛ بەدەست بوون؛ خاوەن بڕشت و توان بوون لە شتێکدا.

بازوئی / bāzû'î/ ☜ **بازویی**

بازوبند / bāzûband، ـها/: اسم. بازیوەن؛ بازووبەند؛ بازیبەند؛ بازبەند؛ بازووبەن؛ قۆڵبەند؛ قۆڵبەن: ١. قۆڵەوانە؛ زەنبەری باسک؛ حەمایەلی بە متومۆرەوە کە لە سەرووی ئانیشک دەبەسرێ ٢. نەوارێک کە بە نیشانەی ئازیەتی، هەبوونی کاری تایبەتی یان ئەندامەتی لە جێیەک دەیبەستنە قۆڵەوە ٣. چاوەزار؛ نزا، گازە و نووشتەیەک کە بە باسکەوە دەیبەستن ٤. جۆرێ زرێی باسک.

بازوکا / bāzûkā، ـها/: [انگلیسی/ فرانسوی] اسم. [نظامی] بازووکا؛ جۆرە گولەهاوێژێکی دژ دەبابەیە.

بازویی / bāzûyî/: صفت. قۆڵی؛ باسکین؛ پێوەندیدار یان سەر بە باسکەوە ‹اعصاب بازویی: دەماری باسکین›: **بازوئی**

بازە / bāze/: اسم. ١. گەلی؛ دۆڵ (بەتایبەت دۆڵی هەراو) ٢. مەودای نێوان دوو دەستی باز.

بازی / bāzî، ـها/: اسم. بازی؛ وازی: ١. گەمە؛ گاڵتە؛ گۆنگڵ؛ کایە؛ لاری؛ لیستەک؛ کەی؛ یاری؛ گەم؛ گەپ؛ کەیلێ؛ تێکۆشان و خۆ خەریک کردن بە لەش یان بە هەش بۆ سەرگەرمی و خۆشی و ڕابواردن ٢. چالاکی وەرزشی ٣. قمار؛ قومار ٤. دەور گەڕاندن لە شانۆ یان فیلمێکدا ٥. [مکانیک] بزووتنەوە و لەرزینەوەی پاژێکی دەزگایەک لە جێی خۆیدا ٦. [مجازی] گاڵتە؛ تەشقەڵە؛ گەمە؛ کاری بێهۆ؛ هەڵە ٧. [مجازی] کاری گۆترە و خۆ خلافێن ٨. [مجازی] فریو؛ گزی؛ تەڵەکە ٩. ئاوەلایی؛ والایی.

◘ **بازی شاەباڵلە**: [کنایی] ناتەبایی و دووچاوەکی (بەتایبەت لە نێوان دوو کەسدا).

◘ **بازی خوردن**: [کنایی] بوونە گۆنگڵ؛ فریو خواردن؛ کایەکلێ بوون؛ بوونە گەپچار؛ گۆنگل پێکران ‹این همه سال بازی خوردیم: ئەم هەمکە ساڵە بووینە گونگل›.

بازی دادن: بازی دان: ١. لە گەڵ کەسێکدا گەمەکردن؛ کەسێک سەرگەرم کردن ٢. فریودان؛ خاپاندن ‹شریکش را بازی داد: هاوبەشەکەی فریو دا›.

بازی درآوردن: ١. پیشاندان؛ نمایشت دان؛ ڕۆنان ٢. ڕمڵکاری کردن؛ تیتاڵی کردن؛ خۆ بە درۆ بەستنەوە.

بازی کردن: ١. لەیزتن؛ لەیزین؛ لەیستن؛ لەهیستین؛ لیزتن؛ کایەکردن؛ گەمە کردن؛ کەیلێکەردەی؛ هەڵتیقان؛ وازی کردن؛ یاریکردن؛ هەڵبەزین بۆ بازی کردن ٢. دەوردیتن؛ دەورگێڕان؛ دەورگەڕاندن ‹او در چند فیلم بازی کرده است: لە چەند فیلمدا دەوری گەڕاندووە›.

بازیار / bāzyār، ـها/: اسم. [نامتداول] بازیار: ١. وەرزێر؛ وەرزیەر؛ وەرزەوان؛ فەلا؛ کەشاوەرز؛ کێڵیار؛ جووتیار؛ هیتیار ٢. بازدار؛ بازەوان؛ کەسێ کە پیشەی پاراستن و پەروەراندنی مەلانی ڕاوکەرە.

بازیافت / bāzyāft، ـها/: اسم. وەدۆزی: ١. کار یان ڕەوتی هێنانەوە؛ دۆزانەوە؛ دۆزینەوە؛ یۆسەیوە؛ ئەوە یۆسەی؛ بە دەست هێنانەوەی ئەوەی کە ون بووە ٢. کار یان ڕەوتی بەرهەم هێنانەوە؛ بەکەڵک کردنەوەی شتێک کە پێشتر کەڵکی لێوەرگیراوە یان تووڕدراوە ‹بازیافت زباله: دوزینەوەی زبڵ› ٣. بەرهەم هێنان؛ کار یان ڕەوتی بە دەست هێنانی دوا بەرهەمی کار و تێکۆشانێکی بەزانست. هەروەها: **بازیافت شدن؛ بازیافت کردن**

بازیافتن / bāzyāftan/: مصدر. متعدی. [ادبی] وەدۆزین: ١. دۆزینەوە؛ دیتنەوە؛ دینەوە؛

وەدیتن؛ قەدین؛ بە سەرگرتنەوە؛ بە سەرگرتن؛ پەیدا کردن؛ دیەیوە؛ ئەوەدیەی؛ پۆسەیوە؛ ئەوەپۆسەی؛ دۆزینەوەی گوم بووگ ۲. شتێک بەدەست هێنانەوە لەوەی کە بۆ جارێک بەهرەی لێ وەرگیراوە و فرێ دراوە. هەروەها: **بازیافتنی**

■ مصدر منفی: **بازنَیافتن** (نەدۆزینەوە)

بازیافته / bāzyāfte/: صفت. دۆزراوە؛ دۆزیاوە؛ دۆزیاگەوە؛ ئەوە پۆزیا؛ وەدۆزراو.

بازیافتی / bāzyāftî، ـها/: صفت. [گفتاری] دۆزراوی؛ دیتراوی؛ ئەوە پۆزیا.

بازیچه / bāzîče، ـها/: اسم. ۱. بازیچە؛ لەیستۆک؛ ئامرازی یاری و گەمە ۲. [مجازی] دارەدەست؛ داردەست؛ ئەوەی کە دەبێتە ئامرازی دەستی دیتران (زیاتر بۆ کاری نەگونجاو) و بە شێوەیەک کە لە خۆیەوە لێهاتوویەکی نەبێ ‹از سادگی بازیچه‌ی دیگران شده بود: لەبەر ساویلکەیی ببووە داردەستی ئەم و ئەو›.

بازی‌خورده / bāzîxorde، ـها؛ ـگان/: صفت. فریوخواردوو؛ خەڵەتاو؛ هەڵخەڵەتاو؛ خلەتیاگ؛ خەڵەتیاو؛ بە سەرچوو؛ هەربلیو.

بازی‌درمانی / bāzîdarmānî، ـها/: اسم. بازی‌دەرمانی؛ وازی‌دەرمانی؛ کار یان ڕەوتی چارەکردنی نەخۆشیگەلی ڕەوانی بە کەڵک وەرگرتن لە کایەگەل و بەشدارکردنی نەخۆش لەو گەمەیانەدا.

بازیکن / bāzîkon، ـها؛ ـان/: اسم. بازیکەر؛ وازیکەر؛ یاریکەر؛ گەمەکەر؛ کایەکەر؛ کەیاکەر: ۱. کەسێک کە لە کایەدا بەشداری دەکا ۲. ئەو کەسە کە لە کایەدا کارامەیە.

بازیگر / bāzîgar، ـها؛ ـان/: اسم. وەینەک؛ نوێن‌باز؛ بازیگێڕ؛ کایەگێڕ: ۱. هونەرپیشە؛ هونەرکار ۲. [مجازی] مەرایی‌کار؛ ڕیاکار؛ دووڕوو؛ کەسێ کە بە درۆ و تەڵەکە خەڵک فریو دەدا.

بازیگری / bāzîgarî، ـها/: اسم. ۱. شانۆگێڕی؛ نوێنبازی ۲. [مجازی] ڕووپامایی؛ ڕیاکاری؛ دووڕوویی؛ ڕواڵەتچی و چاپکەیی بوون بۆ خاپاندنی خەڵک.

بازیگوش / bāzîgûš، ـها/: صفت. هار و لاسار؛ زلق؛ هاروهاج؛ سەرهار؛ ترانەکەر؛ بزۆز؛ جرپۆ؛ جرپن؛ دانەسەکاو؛ دانەسەکناو؛ هەدانەدەر؛ ئۆقرەنەگرتوو: ۱. شۆخی‌باز؛ حەنەکچی ۲. گۆترەکار ۳. بارنەبەر؛ بارنەوەر؛ بەد؛ چوارپێی تووش و قوشقی.

بازیگوشی / bāzîgûšî، ـها/: اسم. جرت و فرتی؛ جرپوجۆپی؛ جەربەزەیی؛ هاروهاجی: ۱. شۆخی‌بازی؛ گۆنگلی؛ گەمە و شۆخی کردنی زۆر ۲. خۆ و خدەی گۆترە بۆ خۆ خافلاندن.

بازیلیسک / bāzîlîsk، ـها/: اسم. جۆرێ بزنەمار(سووسمار)ی ناوچەی گەرمیانی ئامریکا کە دەتوانێ بە سەر ئاودا بڕوا.

بازیلیک / bāzîlîk/: [معرب از یونانی] ☜ **باسِلیق**

باژ / bāj/: اسم. ۱. قولانج؛ گوێل؛ قۆلاج؛ قول؛ مەودای نێوان قامکە گەورە و قامکی شادە ۲. [قدیمی] باژ؛ باج؛ پیتاک؛ خویک.

باژگون / bājgûn/ ☜ **واژگون**

باس / bās/: [فرانسوی از ایتالیایی] اسم. [موسیقی] گڕ؛ گرانە؛ گرمە: ۱. گڕترین دەنگی پیاو ۲. گڕترین بەشی دەنگ لە پارچەیەکی مۆسیقادا ۳. بەگرمەترین و گەورەترین سازی ژێدار لە ئۆرکیستردا.

باستان / bāstān/: صفت. کەونارا؛ کەونینە؛ باستان؛ کۆن؛ کەڤن؛ دێرین؛ لە مێژینە؛ زۆر قەدیمی ‹ایران باستان: ئێرانی کەونارا›.

باستان‌شناس / bāstānšenās، ـها؛ ـان/: اسم.

کەونینەناس؛ دێرینەناس؛ باستانشوناس؛ خوێنەوار و ئاگادار لە دێرینەناسیدا؛ زانای ئاسەواری کۆن.

باستان‌شناسی / bāstānšenāsî/: *اسم.* کەوناراناسی؛ کەڤن‌ناسی؛ ئاگاداری لە ڕۆژگاری کۆن و زۆر پێشوو.

باستانی / bāstānî/: *صفت.* مێژوویی؛ کەونارایی؛ کۆنینە؛ کەونینە؛ کۆن؛ قۆجە؛ زۆر لە مێژینە؛ پێشوونە؛ کەڤناری؛ دێرینە؛ دێرسی؛ دێریک ‹اثر باستانی: ئاسەواری کەونارایی›.

باستانی‌کار / bāstānîkār، ـها؛ ـان/: *اسم.* باستانی‌کار؛ وەرزشکاری زۆرخانە؛ وەرزشکاری وەرزشی مێژوویی زۆرخانە.

باسترک / bāstarak/: [؟] ☜ **توکا**

باستیون / bāstîyon، ـها/: [فرانسوی]/*اسم.* *[نظامی]* ئاسێگە؛ ئەسلەخانە؛ جبەخانە؛ برج؛ کەلهە؛ قەلای هەمارکردنی چەک و ئامرازگەلی شەڕ.

باسک / bāsk/: *اسم.* باسک: ١. خێڵی دانیشتووی ولاتی باسک لە باکووری سپانیادا ٢. ـها/ هەرکام لە کەسانی ئەو خێڵە ٣. زمانی ئەو خێڵە کە پێوەندی لە گەڵ زمانەکانی‌تردا نەناسراوە.

باسکول / bāskûl، ـها/: [فرانسوی]/*اسم.* قەپان؛ قاپان؛ باسکۆ؛ تەرازووی زل.

باسلق / bāsloq/: [ترکی]/*اسم.* باستیک؛ باسووق؛ باسووخ؛ باسووز؛ تەمسق؛ بەنی؛ سجۆق؛ سنجۆق؛ خواردنێکی شیرینە لە نیشاستە و شیرە و شەکەر دەکرێ.

باسلیق / bāselîq/: [معرب از یونانی]/*اسم.* *[کالبدشناسی]* ڕەشەڕەگەی نێو باسک؛ ڕەگێ ڕەش قەڕاخی ناوەوەی باڵ: **بازیلیک**

باسمه / bāsme، ـها/: [ترکی]/*اسم.* *[قدیمی]* ١. چاپ ٢. چاپ بە مۆر لە سەر پارچە ٣. مۆر.

باسمه‌ای / bāsme'î/: [ترکی] *صفت.* *[قدیمی]* ١. چاپی ٢. *[کنایی]* بێ‌بایەخ؛ دەغەڵ؛ چرووک؛ بێ‌نرخ.

باسمه‌کاری / bāsmekārî، ـها/: [ترکی/ فارسی]/*اسم.* جۆرێ چاپی بە مور لە سەر پارچە و...

باسن / bāsan، ـها/: [فرانسوی]/*اسم.* سمت؛ سورین؛ سمقۆڵ؛ تەتی؛ هێت؛ تەتک؛ لاڕان؛ هێفەل؛ گرمگە؛ دوپنە؛ تیەتگ؛ کوماخ؛ قۆڕک؛ لاقنگ؛ لاقوون؛ ئەستوورایی بەر کەمەر.

باسواد / bāsavād/: [فارسی/ عربی] *صفت.* خۆندکار؛ خوێندەوار؛ خۆندەوار؛ خوەنەوار؛ خوێنەوار؛ خۆندەوان؛ خوێندەڤان؛ خۆندەڤان؛ خوێندە؛ خۆندی؛ وەندۆخ؛ باسەواد؛ وانا؛ وانیار؛ هێن‌سوویی؛ خاوەن توانایی خوێندنەوە و نووسین.

باشقیر / bāšqîr/: *اسم.* باشقیر: ١. خێڵی دانیشتووی ئاسیای ناوەندی کە پێست سپی و ترک زمانن ٢. ـها؛ ـان/ هەرکام لەو خێڵە ٣. زمانی ئەو خەڵکە کە یەکێ لە زمانگەلی سەر بە تورکیە.

باشگاه / bāšgāh، ـها/: *اسم.* یانە؛ یانی؛ گازتین؛ گاستین؛ جێگەی سانەوە ‹باشگاه ورزشی؛ باشگاه علمی: یانەی وەرزشی؛ یانەی زانستی›.

باشلق / bāšloq، ـها/: [ترکی]/*اسم.* باشلوق؛ جۆرێ کلاوی بە کراسەوە لکاو.

باشه / bāše/ ☜ **قِرقی**

ـ باشی / bāšî، ـها؛ ـان/: *پیواژه.* ـباشی؛ سەرـ؛ سەرپەرشت؛ سەردەستە؛ سەرگەورە؛ سەرۆک ‹معمارباشی: بەناباشی› (ڕاڤە: زۆرتر بۆ ڕیز و بانگ‌کردن و ناو بردنی خاوەن پیشەگەلێک بەکاردێ).

باصره / bāsere/: [عربی]/اسم. [ادبی] ١. بینایی؛ سۆما ٢. چاو؛ چەهڤ؛ چەم؛ چەو.

باطری / bātrî/: [فرانسوی] ☜ **باتْری**

باطل / bātel/: [عربی] صفت. ١. [ادبی] بێخۆ؛ هەڵوەشاو؛ بێهوودە؛ پووچەڵ؛ قویل؛ پڕ و پووچ ‹کار باطل: کاری بێخو› ٢. ناڕەوا؛ ناڕاست؛ نادروست.

◘ **باطل شدن**: لە بایەخ کەوتن؛ پووچەڵ بوونەوە. هەروەها: **باطل کردن**

باطلاق / bātlāq/: [ترکی] ☜ **باتْلاق**

باطلاقی / bātlāqî/: [ترکی] ☜ **باتْلاقی**

باطله / bātele، ـها/: [عربی] صفت. بەتاڵ کراو؛ بەتاڵەوەبووگ؛ لاکەوتە؛ نەکاربا؛ پووچەڵ کراو؛ دەورنەماو.

باطن / bāten/: [عربی]/اسم. ناوەرۆک: ١. ناخ؛ ناو؛ کاکڵ؛ هەناو؛ ناواخن؛ دەروون؛ هەندەروون ٢. ـها/[مجازی] هۆش؛ هوز؛ بیر؛ زەین؛ ڕاناو.

باطناً / bātenan/: [عربی] قید. ١. لە ناوەوە؛ لە دڵەوە؛ دڵەنە؛ لە دەروونەوە؛ لە ناخەوە ٢. بەڕاستی؛ لەڕاستیدا.

باطنی / bātenî/: [عربی] صفت. دەروونی؛ ناوەکی: ١. پێوەندیدار یان سەر بە ناخەوە ‹عقیدەی باطنی: بڕوای دەروونی› ٢. پێوەندیدار یان سەر بە هەرکام لەو دین و ئامۆژانەی کە تەنیا پەیڕەوەکانیان بۆیان هەیە ئاگاداریيان لێوە هەبێ و بزانن چییە و چۆنە ٣. ـها؛ ـان/ پەیڕەوی ئاوەها دین و ئامۆژەگەلێک ٤. [قدیمی] ئیسماعیلی.

باطنیه / bātenîyye/: [عربی]/اسم. باتینییە؛ ناتۆرەیێک کە نەیارانی ئیسماعیلیان دابوویان لێیان.

باطیس / bātîs/: [از فرانسوی] ☜ **باتیس**

باعث / bā'es/: [عربی]/اسم. هۆ؛ هۆکار؛ سۆنگە؛ هۆکار یان هۆی کارێک، دیاردەیێک یان ڕووداوێک ‹باعث باران: هۆی باران›. هەروەها: **باعث بودن؛ باعث گردیدن؛ باعث گشتن**

باعث‌وبانی / bā'es-o-bānî/: [عربی]/اسم. ١. [گفتاری] هۆ؛ هۆ و هۆکار ‹او باعث و بانی این کار شد: ئەو بوو بە هۆی ئەم کارە› ٢. [مجازی] بنار؛ یانەوان؛ خاوەن؛ خێو؛ ساحێو؛ سەرپشت ‹مگر این بچه‌ها باعث و بانی ندارند؟: مەگەر ئەم منالانە خاوەنیان نیە؟›.

باغ / bāq، ـها؛ ـات/: اسم. باخ؛ باغ: ١. دارستانی میوە؛ بۆسان؛ بێستان؛ بێسان؛ مڵک ٢. خانەباغ؛ ماڵی لە نێو حەوشی گەورەی پڕ لە گوڵ و گیادا.

◘ **باغ گل**: گوڵستان؛ باخەگوڵ؛ گوڵجار؛ گوڵزار؛ گولزار؛ گوڵەک؛ مێرگی گوڵ.

باغ گیاه‌شناسی: باخی ڕووەکناسی؛ باخچەی خوێندکاران بۆ لێکۆڵینەوەی ڕووەکناسی: **باغ نباتات**

باغ ملّی: باخی گشتی؛ پارک.

باغ نباتات ☜ **باغ گیاه‌شناسی**

باغ وحش ☜ **باغوحش**

باغبان / bāqbān، ـها؛ ـان/: اسم. باخەوان؛ باغەوان؛ ناتۆر؛ ناهتۆر؛ ئەوەی ڕەز و داری میوە بە خێو دەکا.

باغبانی / bāqbānî/: اسم. باخەوانی: ١. کار یان ڕەوتی چاندن و هەراش کردنی گوڵ و میوە لە باخدا ٢. زانست و هونەری باخەوانی ٣. کاری باخەوان.

باغچه / bāqče، ـها/: اسم. ١. باخچە؛ باغچە؛ دێبەر؛ تالانە؛ تلانە؛ بوخچە؛ جان؛ جێی گوڵ و سەوزی چاندن لە حەوشەدا ٢. باغی چکۆلە؛ گوڵگەشت.

باغدار / bāqdār، ـها؛ ـان/: اسم. باخدار؛ خاوەن باخ؛ ئەو کەسەی کاری پێڕاگەیشتن بە باخە.

باغداری / bāqdārî/: /اسم/. باخداری: ١. کاری دانانی باخ ٢. زانستی سەبارەت بەو کارە.

باغراه / bāqrāh، ـها/: /اسم/. شینکەڕێ؛ لێڕەوار؛ ڕێگای بە ناو شینکە و سەوزەڵانیدا: **پارک وی**

باغستان / bāqestān، ـها/: /اسم/. باخەوار؛ باخستان؛ باخسان؛ شوێنی پڕ لە باخ و بێستان.

باغشهر / bāqšahr، ـها/: /اسم/. خانەباخان؛ شاری نێو باخ و باخان.

باغکاری / bāqkārî/: /اسم/. باخکاری؛ باخ چێکری؛ کار یان ڕەوتی باخ نیان و پەروەردەکردن.

باغ‌وحش / bāq(e)vahš، ـها/: [فارسی/ عربی]/اسم/. باخچەی گیانەوەران؛ ڕاورگە؛ باخدەی؛ دارستانی دەورەگیراوی تایبەت بۆ چاوەدێری گیانلەبەرانی دەشت و کێو و سەیرانی خەڵک.

ـ باف / bāf، ـها؛ ـان/: پیواژه. ـچن: ١. ـهۆن؛ ـڤەهان؛ ـمۆن؛ جۆلا؛ بووزووتەن ‹مخمل‌باف: مەخمەلچن؛ مەغمەلهۆن› ٢. /گفتاری/ ـڕاچن؛ ـ داچن؛ هۆندراو ‹درشت‌باف: درشت هۆندراو›.

بافالو / bāfālû/: [انگلیسی] ☜ **بوفالو**

بافت / bāft، ـها/: /اسم/. کر؛ تەنراو؛ بافت؛ هۆنە؛ هۆندراو؛ وەن: ١. کەسم؛ پێکهات؛ ڕەت ٢. /زمین‌شناسی/ ئەتەم؛ ڕەج؛ ڕەگ؛ ڕەگە؛ چۆناوچۆنی جێگیر بوونی کانگاگەل ٣. /زیست‌شناسی/ شانە؛ کۆمەڵەخانەیەک کە لە یەکتری دەچن و پێکەوە فرمانێک جێبەجێ دەکەن ‹بافت استخوانی: شانەی ئێسکی› ٤. کار یان ڕەوتی هۆندنەوە؛ چنین.

▣ **بافت استخوانی**: شانەی ئێسکی؛ جۆرێ شانەی ئێسک‌ساز کە تێدا فوسفور و کالسیۆم زۆرە.

بافت خونی: شانەی خوێنی؛ خوێن.

بافت چربی: شانەی چەوری؛ دووگ؛ وەز؛ بەز؛ جۆرێ شانەی پڕ لە چەورایی.

بافت غضروفی: شانەی کرکراگەیی؛ کرۆژنە؛ کرۆچە؛ کرۆچەنە؛ چین یا ماکی بەدیهێنەری کرکراگە.

بافتن / bāftan/: مصدر. متعدی. // **بافتی**: چنیت؛ **می‌بافی**: دەچنی؛ **بباف**: بچنە// ١. چنین؛ چەنین؛ هۆنین؛ هۆندن؛ هۆندنەوە؛ هۆنینەوە؛ ڕاچاندن؛ چنیەی؛ ڤەهاندن؛ ڤەهوونیان؛ ڤەهوونان؛ هۆنان؛ هۆندنەوەی بەن (لە خوری، پەموو، هەورێشم و...) بە دەست یان بە ماشێن ‹بافتن پارچە: هۆندنەوەی قوماش› ٢. مووناندن؛ پەلکەکردن؛ هۆنینەوەی چەپکی موو ‹بافتن گیسو: پەلکە کردنی قژ› ٣. /مجازی/ هەڵبەستن؛ ڕێستن؛ ڕێسان؛ ڕێسەی؛ هۆربینەی؛ بە بیر و خەیاڵ سازدان ‹دروغ بافتن: درۆ هەڵبەستن›. هەروەها: **بافتنی**

■ صفت فاعلی: **بافنده** (هۆنەر)/ صفت مفعولی: **بافته** (هۆنراو)/ مصدر منفی: **نبافتن** (نەهۆنین)

بافتنی / bāftanî، ـها/: /اسم/. ١. ئەوی بە سنگ، قولاو یان دەست و ماشین چنراوە ٢. ئەوی بە کاموا و بەن چنراوە (وەک جاکەت و گۆرەوێ).

بافته / bāfte، ـها/: /اسم/. کر؛ تەنراو؛ هۆندراو؛ هۆنە؛ وەنراو؛ چندراو؛ تەنیاگ؛ بافیاگ؛ چنیاگ؛ وەنە؛ هەڤرست؛ بەرهەمی هۆنینەوە (وەک پارچە، قالی، تۆڕ و...).

بافکار / bāfkār، ـها؛ ـان/: /اسم/. چنکار؛ چنیار؛ ڤەهۆنەر؛ هۆنەر؛ کەسێ کە پیشەی هۆنینەوەیە.

بافندگی / bāfandegî/:اسم. ۱. چنیاری ۲. چنین؛ هێگی؛ جۆلایی؛ نژی؛ تەنین؛ نژنیت؛ جیلایی؛ جوولگی ۳. /ـها/ کارگای چنین و ڕستن.

بافنده / bāfande، ـها؛ ـگان/:اسم. چنیار؛ جۆلا؛ هۆنەر؛ ڤەهۆنەر؛ جولیە؛ جیلا؛ کەسێ کە کاری هۆنینەوەیە.

بافور / bāfûr/: [از لاتینی] ☜ **وافور**

بافه / bāfe/:اسم. ۱. /ـها/ بن‌دەس؛ بەسە؛ باقە؛ باغە؛ باقێ؛ دەسک؛ پاکۆ؛ گورز؛ گورزە؛ گوزرە؛ دەستەوار؛ هوێزی؛ ئەوەندەی لە چلە گەنم، جۆ یان دەغلەکانی‌تر کە لە ژێر هەنگلدا جێیان ببێتەوە ۲. پەلکە؛ چەپکە؛ پەلکێ؛ دەسەقژێ ۳. کلافە.

ـبافی/ bāfî، ـها/: *پیوازە.* ـچنی؛ هەلوەسی؛ کار یا ڕەوتی چنین و هەڵبەستن ‹گیوەبافی؛ دروغ‌بافی: گیوەچنی؛ درۆهەلوەسی›.

باقالی / bāqālî/: [از یونانی] ☜ **باقلا**

باقالی‌به‌چندمن / bāqālîbečan(d)man/ ☜ **باقلا به چند من**

باقرقره / bāqerqere، ـها/: [ترکی]/اسم. کورکور؛ کورەکور؛ قەتێ؛ کورکورەی سنگ‌ڕەش؛ پەلەوەرێکی پچووکتر لە کەو بە باڵ و جووچکەی درێژ و پای کورتەوە.

باقلا / bāqālā, bāq(e)lā، ـها/: [از یونانی] /اسم. باقلە؛ پاقلە؛ باقیلە؛ بلوول * **باقالی**

▣ **باقلای خشک**: باقلەی وشک؛ دانەدانەی باقلەی وشک‌کراو.

باقلای سبز: باقلەی سەوز؛ تەڕە باقلە.

باقلابه‌چندمن / bāqālābečan(d)man, bāq(e)lā-/:اسم. گەنم‌ـگەنم؛ گەنم‌ـگەنمێن؛ جۆرێ گەمەیە، هەر یارێک و ژمارەیەک، کە ژمارەکەی گوترا دەبێ جواب بداتەوە و ژمارەیەکی‌تر ناو بەرێ کە نەسووتاوە: **باقالی به چند من**

باقلاپلو / bāqālāpolow, bāq(e)lāpolo:/ [معرب از یونانی/ فارسی]/اسم. باقلە پلاو؛ پلاوی بەگۆشت و باقلە: **باقالی‌پلو**

باقلاقاتق / bāqālāqātoq, bāq(e)lā-/: [یونانی/ ترکی]/اسم. باقلاقاتوق؛ خۆرشتێکی تایبەتی خەڵکی گیلانە، بە باقلە و سیر و شویت و هیلکە و ڕۆن و خوێ دروست دەکرێ.

باقلوا / bāqlavā، ـها/: [ترکی]/اسم. باقلاوا؛ بەقلاوە؛ پاقلاوە؛ بەقەوا؛ شیرینیەکە بەناوبانگ لە ئارد و ڕۆن و هیلکە و شەکر و پستە و بادام.

باقی / bāqî، ـها؛ بقایا/: [عربی]/اسم. ۱. ماو؛ مەن؛ مێن ‹فانی و باقی: ماو و نەماو› ۲. پاشماوە؛ ئەوەمەن؛ باقی ‹باقی کارها را بگذار به عهده‌ی من: باقی کارەکان بێلا بۆ من›.

باقیات‌صالحات / bāqîyāt(e)sālehāt/: [عربی]/اسم. چاکەی لە دووماو؛ ئەو کارە باشانەی کە ئاسەواریان دەمێنێتەوە.

باقیمانده / bāqîmānde، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. پەسمەنە؛ پەسمەندە؛ پاشماوە؛ پاشمەندە؛ پاشمەنە؛ مەنە؛ مەندە؛ ئەوەمەنە؛ باقی؛ باقی‌ماو؛ تەکوو؛ ئەوەی کە دوای کار یان ڕووداوێک لە شتێ مابێتەوە.

باک / bāk/:اسم. باک: ۱. ترس؛ تەرس؛ پەروا؛ سامی؛ پاس ‹از دشمن باک نداریم: لە دژمن ترسمان نیە› ۲. [فرانسوی] باک؛ دەفری جێ سووتەمەنی موتور لە ماشێن.

باکرگی / bākeregî/: [عربی/ فارسی]/اسم. کچی؛ کچیەتی؛ کەنیشکی؛ کناچەیی.

باکره / bākere، ـها/: [عربی] *صفت.* کچ؛ کەنیشک؛ کناچێ؛ دوێت؛ دەژ؛کچێ کە هێشتا شووی نەکردبێ.

باکلاس / bākelās/: [فارسی/ فرانسوی] *صفت.* *[گفتاری]* باکلاس؛ ژمارده؛ بژاردە؛ بەرچاو

‹آدم باکلاسی است: مرۆڤێکی بژاردەیە›.

باکلان / bāklān ـها/: /اسم. قەڵەمراوی؛ پەلەوەرێکی ملدرێژ و دەندووک باریکی قولاپین و بێپەردەیە کە زۆرتر لە قەراخ زەریاگەلی ناوچەی فێنک و گەرمێندا دەژێ و گەرمیان و کوێستان دەکا.

باکله / bākalle ـها/: صفت. [گفتاری] هۆشیار؛ خاوەن بیر و هۆش.

بال / bāl ـها/: /اسم. ۱. /ـان/ باڵ؛ کەنگ؛ پەل؛ باڵی باڵندە؛ ئەندامی فڕینی باڵدار ۲. /ـان/ باڵ؛ چنگ؛ کەنگ؛ ئەندامی وەکوو باڵی بڕێ پەلەوەر(وەک مریشک) کە بۆ فڕین نابێ ۳. باڵ؛ شتێکی وەکوو باڵ کە گوایە خودایان، فریشتەکان و شەیتانگەل پێی ئەفڕن ٤. باڵ؛ کەنگ؛ باڵی باڵینە و فڕۆکە ٥. هەرشتێکی وەکوو باڵی باڵندە ٦. چارەوەز؛ توێک؛ تۆکڵ؛ چەرمک؛ کاژ؛ پۆستک؛ پەردە؛ پەردەیێک ناسک یا گەلائاسا کە لاسک، میوە یان دانەی بڕێ گیا هەیەتی ۷. لێوارەی تیرئاسن ۸. [مجازی] باڵ؛ باسک؛ لە ئەنگوستەوە هەتا شانە ۹. باڵ؛ لا؛ هەریەک لە دوو لای چەپ و ڕاست ۱۰. [نامتداول] هەڵپەڕکێ؛ لەیز؛ ڕەقس؛ سەما ۱۱. [نامتداول] کۆڕی هەڵپەڕکێ.

⊡ **بال افکندن**: [مجازی] بێدەس بوون؛ پەککەوتن؛ بێهێز بوون؛ لە کار کەوتن؛ بێ باسک بوون.

بال به بال کسی دادن: [مجازی] شان بە شانی کەسێک دان؛ لە گەڵ کەسێکدا هاوکاری و هاودڵی کردن.

بال درآوردن: [مجازی] پا لە زەوی بڕیان؛ باڵگرتنەوە؛ باڵیگێرتەیوە؛ زۆر شاد و کەیفخۆش بوون.

بال زدن: ۱. باڵ لێدان؛ باڵەفڕێکردن؛ باڵشەنین؛ باڵێ فڕنەی ۲. [گفتاری] پەلەقاژێکردن؛ لاقەفرتێکردن؛ لەقەفڕێ کەردەی؛ پێچ خواردن (لەبەر ئازار یان بێدەستەلاتی).

بال شکستن: [مجازی] ۱. باڵ شکاندن؛ دەس بەستن؛ بێهێزکردن ۲. باڵ شکان؛ دەس‌بەسیان؛ بێهێز بوون.

بال و پر دادن: [مجازی] پشت پتەوکردن؛ پشت ئەستوورکردن؛ پشت قایم‌کردن، هێز و توان پێدان.

زیر بال رفتن ☜ زیر[۳]

بالا[۱] / bālā: /اسم. ۱. سەر؛ بۆ لای ئاسمان ‹بالا را نگاه کن: بۆ سەرەوە بڕوانە› ۲. [ادبی] بان؛ بالا؛ هەنداف؛ هەنداو؛ سەر؛ جێگەی چاکتر ‹بالا نشین: بالا نشین› ۳. بالا؛ بەرز ‹بلند بالا: بالا بەرز›.

بالا[۲]: صفت. ۱. سەروو؛ ژوور؛ سەرین؛ هەنداف ‹ده بالا: گوندی ژووروو› ۲. گران؛ زۆر؛ سەر؛ بان؛ فرە؛ فریە ‹قیمت بالا: گرانبایی› ۳. سەروو؛ گەورە؛ سەر ‹مقام بالا: خاوەن پلەی سەروو›.

بالا[۳]: قید. ۱. لە سەر؛ سەر؛ لە بان؛ هەنداف؛ هەنداو؛ لای سەروو ‹بالای دیوار نشسته بود: لە سەر دیوار دانیشتبوو› ۲. لای ژوور؛ لای ژوورگ؛ سەر؛ لەو پەڕ ‹بالای حیاط میز چیده بودند: لای ژووری حەوشەکەوە مێزیان چنیبوو› ۳. سەر؛ سەرەوە؛ سەرۆ؛ هۆسەر؛ بەرەو شوێنی بەرزتر ‹برو بالا: بچۆ سەرەوە›.

⊡ **بالا آمدن**: هاتنە سەر؛ هاتنە بان؛ ئامەی سەر: الف) هەڵهاتن؛ هۆرئامەی؛ زۆر بوونی بەرزایی شتێک ‹بالا آمدن آب: هاتنە سەری ئاو› ب) بەرەو بەرزی چوون ‹از چاه بالا آمدن: لە چاڵ هاتنە بان›.

بالا انداختن: ۱. هەڵخستن؛ هەڵدان؛ حەوادان؛ هۆروسەی؛ هۆرئازەی؛ فڕێدانی

شـتێک بـەرەو سـەر ۲. *[کنـایی]* نانـە سـەرەوە؛ هـەڵـچۆڕاندن؛ هـەڵـقوڕان؛ هـەڵنۆشـین؛ خواردنـەوە ‹دو کاسـە آب بـالا انداخت: دوو پیاڵە ئاوی نایە سەردوە›.

بـالا آوردن: ۱. ڕشـانەوە؛ وەڕشـان؛ وەڕشـین؛ هـەڵاوردنـەوە؛ هـەراژان؛ قـەی کردنـەوە؛ هۆرئـاردەی ۲. هاوردنـە بـان؛ بـەرەو سـەر هێنـان؛ هێنانـە سـەر؛ ئـاردەی سەر؛ هەڵهاوردن؛ هەڵهێنان.

بالا بردن: بردنـە سـەرەوە؛ هـەڵدانەوە؛ بـەرز کردنـەوە: ۱. بردنـە بـان؛ هـەڵـبرین؛ هۆربڕنـەی؛ بـەرەو سـەرەوە بـردن ۲. *[مجـازی]* شـتێک پـەرەپێـدان و زۆرکـردن ‹بالا بردن **قیمت:** بردنە سەرەوەی **نرخ**›.

بالا زدن ☜ **بالاکشیدن ـ۱**

بـالا کـشیدن: ۱. هـەڵـدانەوە؛ هـەڵـکردن؛ هۆردایـوە؛ هـەڵکـشان بـەرەو سـەرەوە ‹بـالا کـشیدن **پـرده:** هـەڵـدانەوەی **پـەردە**›: **بـالا زدن** ۲. بـەرەو ژوور حـەوادان؛ هـەڵکێـشان؛ کێـشانە سـەر؛ هۆرکێـشتەی؛ بـۆ لای سـەرەوە پـاڵ پێـوەنـان ۳. *[کنـایی]* خـواردن؛ خـستنە ئـەو لای خـۆوە؛ ماڵـی خـەڵـکی خـواردن ‹پـول مـردم را بـالا کـشید: پـارەی خەڵکی خوارد›.

بـالا گـرفتن: ۱. *[کنـایی]* پـەرە سـەنـدن؛ پێـشڕەفـتکـردن ‹بـالاگرفتن **جنـگ:** پـەرە سەندنی **شەڕ**› ۲. بـەرزکردنـەوە؛ هـەڵـگرتن؛ هـەڵـبرین؛ هۆربڕنـەی؛ هۆرگێرتـەی؛ لـە سـەرترەوە ڕاگـرتن ‹پایـت را بـالا بگیـر: پێـت بـەرز بکـەرەوە› ۳. *[قـدیمی]* بـەرز بـوون؛ بـالا کـردن؛ هـەراش بـوون ‹درخـت بـالا گرفـت: **دارەکە** بەرز بوو›.

بالاـ [٤] : *پیشواژە.* هەنداوـ ؛ بالاـ ؛ والاـ ؛ بەرزـ: ۱. سەبارەت بە سەرەوە؛ بانـ ؛ ـ سـەروو ‹بالاشهر: بان‌شار› ۲. گەورەـ ؛ گەپـ ؛ گـەورەتـر؛ زۆرتـر؛ هەراوتر؛ پانتەر؛ واڵ؛ والا ‹بالاخانواده: گەورەماڵ›.

بالائی / bālā'î/ ☜ **بالایی**

بالابان / bālābān، ـهـا/:*اسم.* باڵەبان: ۱. [روسـی] ئامرازێکی مووسیقایە، وەک بلوێر و شمـشاڵ ۲. باڵەوان؛ مەلێکی ڕاوچیە.

بـالابر / bālābar، ـهـا/:*اسم.* ۱. ئـامرازی بردنـە سەری بار ۲. ئاسانسور.

بالابلند / bālāboland/ ☜ **بلندبالا**

بالابلـندی / bālābolandî/:*اسـم.* گـەمـەیێکـی مندالانـەیـە لـە دەرەوەی ماڵـدا دەکـرێ، بـەم جۆرە کـە ئـەو کـەسـەی دۆڕاندوویـە (گورگـە) دەسـت بـدا لـە هـەرکـام لـە هـاوەڵـەکـانی، دەچێتە جێگـای ئـەو و گـەمـەکـەران ئـەگـەر بترسـن یـان هـەسـت بـە مـەترسـی دۆڕانـدن بکـەن، دەبـێ بچنـە جێگـایێکی بـەرزتـر لـە ئاسـتی زەوی (وەک بـان پلـە و سـەر بـەرد و...) تـا لـەوێ بمێننـەوە و نـەبزوێن، دەسـتی گورگەیان پێ ناگا.

بـالابود / bālābûd/:*اسـم.* پاشمـاوە؛ پاشمـەنـە؛ مـاوە؛ بـاقی ‹خانـەات را بـده یکـی بزرگتـر بگیـر، بـالابودش را ماهیانـە بپـرداز: ماڵـەکـەت بگـۆڕەوە و گەورەترێ بکرە، پاشماوەکەی مانگانە بدەوە›.

بـالاپوش / bālāpûš، ـهـا/:*اسـم.* بـالاپۆش: ۱. ئەوەی کاتی خـەو دەیـدەنـە ڕووی خۆیانـدا ۲. کەوا؛ شتێ کـە لـە بـان جـل و بـەرگـیـترەوە دەیکەنە بەر.

بالاتنـه / bālātane، ـهـا/:*اسم.* بالاتـەنـە: ۱. لای سـەرووی لـەش ۲. کـنج؛ گـنج؛ ئـەو بەشە لە جل و بـەرگ وا بالاتـەنـە ئـەپۆشـێنێ ‹بالاتنەاش **تنگ است:** بالاتەنەکەی **تەنگە**›.

بالاخانـه / bālāxāne، ـهـا/:*اسم.* سـەرخـان؛ بـالاخانـە؛ سـەرا؛ ژوورێ کـە لـە نهـۆمی سەرەوەیە.

▣ **بالاخانـه را اجـاره دادن:** *[کنـایی]* ئـاوەز تێکچـوون ‹یـارو بالاخانـەاش را اجـاره داده: کـابرا

ئاوەزی تێکچووە›.

بالاخره / bel'axare, belaxare/: [از عربی] *قید.* ئاخری؛ سەرەنجام؛ لە ئاکامدا؛ ئاخرەکەی ‹بالاخره آمد؛ بالاخره موفق شد: سەرەنجام هات؛ ئاخری سەرکەوت›.

بالاخص / bel'axas/: [عربی] *قید.* نەخوازە؛ نەخازە؛ نمازە؛ ناوازە؛ نەخوازەلا؛ نەوازا؛ بەتایبەت؛ بەتایبەتی.

بالاخوانی / bālāxānî، ـها/: *اسم.* هووشەکەری؛ بافیش‌کەری؛ شات و شووتی؛ چاپ و چۆپی؛ بافیشی؛ گروفری.

بالاد / bālād/: [فرانسوی] *اسم.* [*موسیقی*] بالاد؛ ئاواز یا مووسیقایێک هاوڕێ لەگەڵ سەمادا، کە چیرۆکێک بگێڕێتەوە.

بالاداری / bālādārî، ـها/: *اسم.* پشتیوانی؛ هەواداری؛ داکۆکی؛ لایەنگری؛ لاگری؛ پشت‌گری؛ داژداری.

بالادست[1] / bālādast، ـها/: *اسم.* هەنداو؛ هەنداڤ؛ لای‌سەروو؛ لای‌ژووروو ‹بالادست رودخانه: هەنداوی چەم›.

بالادست[2]: *صفت.* زت؛ بالادەس؛ گەورەتر؛ سەرتر؛ بەرزتر؛ بە پلەوپایەی بەرزترەوە.

بالادستی / bālādastî/: *اسم.* [*گفتاری*] بالادەس؛ سەرتر؛ سەرتەر؛ بان؛ پلەبان ‹من هم باید به بالادستی خودم جواب بدهم: منیش دەبێ بە سەرتر لە خۆم وڵام بدەمەوە›.

بالار / bālār، ـها/: *اسم.* ماخ؛ شاتیر؛ کاریتە؛ گاریتە؛ نیرگە؛ دیرەگ؛ دیلەک؛ گرس؛ حەماڵ؛ بەرازە؛ راژ؛ ڕەوانی؛ لیرەکی میچ؛ کاریتەی سەربان.

بالارو / bālārow، ـها/: *صفت.* [*گفتاری*] خاوەن تایبەتمەندی بەرەو سەر چوون.

بالارونده / bālāravande، ـها/: *صفت.* هەڵچوو؛ هەڵبەز؛ هۆروەز؛ خاوەن نرڤانی بەرەو سەران ‹گیاه بالارونده: گیای هەڵبەز›.

بالاسر / bālāsar/: *اسم.* هەنداڤ؛ هەنداو؛ لای سەروو؛ لای ژوورگ.

بالاغیرت / bālāqayrat/: [فارسی/ عربی] ☜ **بالاغیرتاً**

بالاغیرتاً / bālāqeyratan/: (!) [فارسی/ عربی] *دعا.* [*گفتاری*] پیاوانە؛ مەرد و مەردانە ‹بالاغیرتا بیا و آشتی کن: پیاوانە وەرە و ئاشت بەرەوە›.

بالافروشی / bālāfurûšî، ـها/: *اسم.* [*گفتاری*] لووت‌بەرزی؛ خۆبەزل‌زانی؛ باغری؛ بافیشی؛ دەماربەرزی؛ گەوەزەیی.

بالالایکا / bālālāykā، ـها/: [روسی] *اسم.* بالالایکا؛ ئامرازێکی مووسیقایی ڕووسی لە بیچمی گیتارە و گەورە و پچووکی هەیە.

بالان / bālān، ـها/: *اسم.* [*قدیمی*] ۱. دالان؛ ڕێگەی دوو پاڵ دیواری سەرداپۆشراو ۲. [*قدیمی*] داو؛ تەڵە؛ فاق؛ فاقە؛ ئامرازی ڕاو.

بالاندن / bālāndan/: *مصدر. متعدی.* [*ادبی*] ۱. ڕاخستن؛ بەڵاوکردنەوە؛ بڵاوکردنەوە؛ وڵاونەی؛ پانەوکردن ۲. گەشە پێدان؛ باڵا پێدان؛ بەخێوکردن؛ گەورەکردن؛ پەرە پێدان. هەروەها: **بالاندنی**

بالانس / bālāns/: [فرانسوی] *اسم.* ۱. قەڵانتۆج؛ لە سەر سەر و دەست وێستان ۲. تراز؛ ترازی بەنا ۳. هاوسەنگ.

◘ **بالانس زدن**: قەڵانتۆج‌کردن؛ پشتەک لێدان؛ تەقلە لێدان.

بالانس کردن: ڕێک‌کردن؛ پۆڕاندن؛ هاوسەنگ‌کردن؛ هەڵپەرتاوتن؛ مرێس کردن؛ هەڵوەژارتن.

بالانشین / bālānešîn، ـها؛ ـان/: *صفت.* [*مجازی*] بالانشین؛ پلەبان؛ مەقام‌بان؛ ژوورنشین. هەروەها: **بالانشینی**

بالایی[1] / bālāyî/: *صفت.* سەروو؛ سەرڤە؛ سەرین؛ هەنداوی؛ سەرگین؛ ژوورگین؛

بـانین؛ بـالایی؛ بـانی؛ لـه لای ژووروو ‹کتـاب بالایی: کتێوی سەروو›.

بالایی[۲] / ـها/: ضمیر. بـانین؛ ژووریـن؛ سـەروو؛ سەرین؛ سەرگین؛ بانگین؛ هەرچی کە لـە بـان/ ژووری ئەوانیترەوە بێ ‹درخت بـالایی را انداختنـد: دارە سەرووەکەیان داراندەوە›.

بـــالبرینـــگ / bālberîng/: [انگلیسی] ☜ **بُلبرینگ**

بـالپوش / bālpûš، ـها؛ ـان/: اسم. قاپۆلکـە؛ باڵی بـەرووی قالۆنچـان و هێنـدێ مێـرووی‌تـر کە دوو باڵـی ژێـرین و دوایـین و سـەرەکییـان دادەپۆشێ.

بالـت / bālet، ـها/: [فرانسوی]/اسم. بالێـت: ۱. سەمـایێکی شـانۆیی بـۆ دەربـڕینی داسـتانێکی ڕەچاوکراو ۲. مووسیقای ئەو سەمایە ❊ **باله**

بـــالتی / bāltî/: اسـم. باڵـــتی؛ لـــە دەســـتە زمانگـــەلی هێنـــدو ئورووپـــایی کـــە زمـــانی لیتونیـــایی و زمـــانی لیتوانیـــاییش دەگرێتـــە بەر.

بالـــدار / bāldār، ـــهـــا؛ ـان/: صـفت. باڵـــدار؛ باڵندە؛ پەلەوەر؛ پەلەور.

بـــالرین / bālerîn، ـهــا/: [فرانـــسوی]/اســـم. بالێریـەن؛ پیـاوی سـەماکـەری بالێـت؛ پیـاوێ کە بالێت ڕێک دەخا.

بالرینـــا / bālerînā، ـهــا/: [فرانـــسوی]/اســـم. بالێرینـا؛ ژنی سـەماکـەری بالێـت؛ ژنـێ کـە بالێت ڕێک دەخا.

بـــالش / bāleš، ـهــا/: اسم. باڵـشت؛ باڵـنج؛ باڵـــگە؛ بـــالیف؛ بـــالێن؛ پاڵـــێف؛ بالیفـــگ؛ سـەرنگـا؛ سـەرەنگـا؛ سـەرینگـا؛ سـەرەنگیـا؛ سەریـن؛ سـەنیـا؛ سـەرینـا؛ سـەرنـا؛ ژێرسـەر؛ ژێرســـەرە؛ گوژنـــەو؛ بـــەهلنگـــی؛ پاســـتۆخ؛ کیـسەیـەکـی پـڕکراو لـە شـتێکی نـەرم وەک پەل، لۆکە و... کە کـاتی خـەوتـن یـان وچـان دان دەنرێتە ژێر سەر.

▣ **بالش نرم زیـر سـر کـسی گذاشـتن:** *[مجـازی]* کەسێ دڵخۆش‌کردن.

بالـشتک / bāleštak، ـهـا/: اسـم. ۱. پاڵـشتەگ؛ پاڵـشت؛ پاڵپـشت؛ باڵـشتی چکۆلـە ۲. ماگـە؛ ماڵگە؛ مادێ؛ باڵێنە؛ ڕفێدە؛ مەزرکە؛ مەزرۆکـە؛ مەزرەکە؛ مەزرەقە؛ باڵشت‌ئاسایەکی خـرت یـان درێژۆکەیە کە هەویری لە سەر پان دەکەنـەوە و پێـی دەیـدەنـە تـەنـوورەوە ۳. *[زیـست‌شناسـی]* پەچۆلە؛ چەپۆلە؛ بەشی نـەرمـی پـا و دەسـتی پشیلە و شێر و بەبر و... ❊ **بالِشَک**

▣ **بالشتک ساچمه‌ای:** بولبورینگ.

بالشتک لغزشی: یاتاغان؛ یاتاقان.

بالشک / bālešak/ ☜ **بالِشتَک**

بالشویسم / bālševîsm/:[انگلیسی] ☜ **بُلشِویسم**

بالشویک / bālševîk/: [انگلیسی] ☜ **بُلشِویک**

بالصراحه / bessarāhe, besserāhe/: [عربی] قید. ڕەپ و ڕاسـت؛ ڕووت و ڕاس؛ بـە ڕاشـکاوی؛ بـە ئاشکرایی؛ بێ‌ڕووبینی؛ پانەوپان ‹بالـصراحه بگـویم کە من با شما نیستم: ڕەپ و ڕاست بێژم مـن لـەگـەڵ ئێوەدا نیم›.

بـــالطبع / bettab'/: [عربـی] قیـد. بـێ‌گومـان؛ دیارە؛ دیارا؛ بێ‌شـک ‹بـالطبع ایـن طـور نمـی‌تـوان کار کرد: بێ‌گومان ئاوا کار ناکرێ›.

بالعکس / bel'aks/: [عربـی] قیـد. پێچـەوانـە؛ بـە پێچەوانەوە؛ بـە ئـاوەژوو ‹راه سـنندج بـه مریـوان و بالعکس: ڕێگای سنە بۆ مەریوان و پێچەوانەی›.

بالغ[۱] / bāleq، ـهـا/: [عربـی] صفت. پێگـەیـو: ۱. پێگـەیـشتوو ۲. خۆناسـیو ۳. *[اسـلام]* باڵـغ؛ باڵـق؛ بلـۆق؛ بلۆقـەت؛ خـاوەنی تـەمـەنی پێویست بۆ ئەنجامـدانی ئـەرکـی ئـایینی (کـوڕ ۱۵ سـاڵ و کـچ ۹ سـاڵـی ڕەبـەق) ٤. *[حقـوق]* باڵـغ؛ باڵـق؛ خـاوەن تـەمـەنی قـانوونی (زۆرتـر ۱۸ ساڵ).

▣ **بـالغ شـدن:** ۱. باڵـق بـوون؛ پـێ‌گـەیـین؛ پـێ‌گـەیـشتن؛ پنـە یـاوەی ‹دخترهـا زود بـالغ

می‌شوند: کچان زوو پی‌ده‌گه‌ن› ٢. دانه‌بان؛ پتر بوون؛ زیاتر بوون ‹خرج آن به یک میلیون تومان بالغ شد: خه‌رجی له یه‌ک ملیۆن تمه‌ن دایه بان›.

بالغ[٢]: *قید*. فره؛ زۆر؛ زیاد؛ زیاده؛ پتر.

▣ **بالغ بر**: پتر له؛ بانتر له؛ زۆرتر له؛ فره‌تەر جه ‹بالغ بر یک میلیون تومان خرج برداشت: پتر له یه‌ک ملیۆن تمه‌ن خه‌رجی هه‌لگرت›.

بالفعل / belfe'l/: [عربی] *قید*. وه‌دیهاتوو؛ ئه‌وه‌ی که ئێستا له به‌ر چاوه.

بالقوه / belqovve/: [عربی] *قید*. شیاوی وه‌دیهاتن؛ ئه‌وه‌ی که ده‌کرێ بێته‌کایه‌وه.

بالکل / belkol/: [عربی] *قید*. به ته‌واوی؛ یه‌کسه‌ر؛ یه‌که‌ژه؛ یه‌که‌ره؛ ئه‌له‌ک ته‌واو؛ ته‌واو–ته‌واو؛ به ته‌واوه‌تی؛ به یه‌کجاری ‹خانه‌اش بالکل سوخت: ماڵه‌که‌ی یه‌کسه‌ر سووتا›.

بالکن / bālkon، ـها/: [فرانسوی] *اسم*. ١. پێش‌هێوان؛ سه‌رڕه‌پان؛ به‌ربانیژه؛ به‌رهێوان؛ پێش‌په‌نجه‌ره؛ بانیژه؛ بانیجه؛ بانیجه‌ڵه؛ به‌ربانیجه؛ بانیژه‌ڵه؛ به‌رپه‌نجه‌ره؛ به‌رستاتی؛ هه‌واله ٢. پاسارگا؛ شانشین.

بالگرد / bālgard، ـها/: *اسم*. هیلی‌کوپته‌ر؛ هه‌لی‌کوپتیر.

بالله / bellāh, bellā/: [عربی] *دعا*. بیللا؛ به خوا؛ به خودا؛ به خولا؛ به وه‌ڵلا؛ وه‌ڵا؛ سوێند به خوا ‹بالله نمی‌دانم: وه‌ڵلا نازانم›.

بالماسکه / bālmāske، ـها/: [فرانسوی] *اسم*. کارنه‌وال؛ کۆڕی هه‌ڵپه‌ڕکێ که یاریکه‌ران ماسک لێده‌ده‌ن و خۆ ده‌گۆڕن.

بالمره / belmarre/: [عربی] *قید*. *[ادبی]* یه‌کجار؛ یه‌کسه‌ر؛ یه‌کسه‌ره؛ یه‌ک ته‌کان؛ ده‌رانده‌ر؛ یه‌کجاری؛ به یه‌کجاری؛ یه‌کرا؛ یه‌که‌ڕه؛ یه‌که‌ژه؛ یه‌که‌شه ‹هر چه داشتیم بالمره از دستمان رفت: هه‌رچێکمان بوو به یه‌کجاری له ده‌سمان چوو›.

بالمناصفه / belmonāsefe/: [عربی] *قید*. *[ادبی]* نیوه‌–نیوه، نیوه‌به‌نیوه؛ نیوا و نیو؛ نیمه و نیم؛ له‌تاوله‌ت ‹پول را بالمناصفه تقسیم کرد: پاره‌که‌یان نیوه ـ نیوه به‌ش‌کرد›.

بالن / bālen/: [فرانسوی] ☜ **وال ـ٢**

بالن / bālon، ـها/: [فرانسوی] *اسم*. باڵۆن: ١. تیزانگی زۆر گه‌وره ٢. کیسه‌ی زه‌لامی فوودراوی پڕ له گازی گه‌رم یان سووک که به هه‌وادا ده‌چێ و پێی باڵ ده‌گرنه‌وه: **بالون** ٣. تۆنگ؛ تۆنگه؛ ده‌فری مل‌باریک و قه‌ڵه‌و بۆ ئاو.

▣ **بالن ارلن مایر**: باڵۆنی ئێرلێن‌مایر؛ ده‌فری له شیشه که له لابراتۆری کیمیاکاریدا کاری پێده‌کرێ و یه‌کێ هه‌ر به‌م ناوه دروستی کردووه.

بالن ژوژه: باڵۆن ژوژه؛ تۆنگی خه‌ت لێدراو بۆ پێوانه له لابراتۆری کیمیادا.

بالنتیجه / bennatîce/: [عربی] *قید*. له ئاکامدا؛ سه‌رئه‌نجام؛ له ئاخردا؛ ئاخری؛ ئاخره‌که‌ی؛ له سلدا ‹بالنتیجه فروش خوبی کرد: له ئاکامدا فرۆشێکی چاکی‌کرد›.

بالندگی / bālandegî، ـها/: *اسم*. خیف: ١. هه‌راشی؛ بنه‌دایوه؛ هه‌لاشی (بۆ گوڵ و گیا)؛ دۆخ یان چۆنیه‌تی گه‌وره بوون یان بالا کردن ٢. هه‌ڵچوویی؛ گه‌وره بوویی؛ گه‌شه‌یی؛ گه‌شه‌داریه‌تی ‹بالندگی تمدن: گه‌شه‌داریه‌تی شارستانیه‌ت›.

▣ **بالندگی کودک**: بازه‌ڵه‌یی؛ مزکه‌ڵه‌یی.

بالنده / bālande، ـها؛ ـگان/: *صفت*. هه‌ڵچوو؛ هه‌راش؛ هه‌ره‌ش؛ هه‌راس؛ تیر؛ خاوه‌ن تایبه‌تمه‌ندی به‌خۆدا هاتن و هه‌ڵچوون.

بالنسبه / bennesbe/: [عربی] *قید*. تا راده‌یه‌ک؛ تا ئه‌ندازه‌یه‌ک؛ هێندێک ‹آدم

باسواد بالنسبه کم نیست: مرۆی خوێنەوار تا ئەندازەیەک کەم نین›.

بالنگ / bālang، ـها/:/اسم. باروونە؛ بارۆنە: ۱. بنچکێکە لە تیرەی مرەکەبات کە لە ناوچەی گەرمێن دەڕوێ ۲. بەری ئەو بنچکە کە پتر بۆ مرەبا بەکار دێ: **تُرنج** * **بادرنگ**

بال‌وپر / bāl-o-par/ ☜ **پر و بال**

بالون / bālûn/: [فرانسوی]/اسم. باڵۆن: ۱. *[قدیمی، گفتاری]* فڕۆکە ۲. ☜ **بالُن**

بالونه / bālûne/ ☜ **پالونه**

بالـه / bāle، ـها/:/اسم. ۱. پەل؛ باڵ؛ ئەندامێک لە لەشی ماسیدا کە بۆ مەلە و خۆگرتن بەکاری دێ ۲. باڵە (بۆ فڕۆکە).

▣ **بالـه‌ی پشتی:** شاپەڕە؛ شاباڵ؛ شاپەڕەی پشتی؛ پەلێ کە لە پشتی ماسیەوەیە. هەروەها: **باله‌ی دمی؛ باله‌ی سینه‌ای؛ باله‌ی شکمی**

باله / bāle/ ☜ **بالِت**

بالیدن / bālîdan/: مصدر. لازم. *[ادبی]* //**بالیدی:** هەڵتدا؛ **می‌بالی:** هەڵدەدەی؛ **ببال:** هەڵدە// ۱. هەڵدان؛ هەڵچوون؛ بالا کردن؛ گەشەکردن؛ گەشەکردن؛ بنەوەدەی؛ دەباڵ کردن؛ لیفاندن؛ هەرەش بیەی ۲. شانازی‌کردن؛ نازین ‹او به داشتن چنان پسری به خود می‌بالید: بە ئاوەها کوڕێ شانازی دەکرد›.

■ صفت فاعلی: **بالنده** (ــ)/ صفت مفعولی: **بالیده** (هەڵداو)/ مصدر منفی: **نَبالیدن** (هەڵنەدان)

بالین / bālîn/:/اسم. ۱. سەرین؛ سەرینا؛ بالنج؛ سەنگا؛ سەنیا؛ سەرنا؛ سەرنگا ۲. جێخەو؛ جێ؛ جێگە؛ پێخەف؛ بالیفک؛ نوێن؛ نقین.

بالینی / bālînî/ ☜ طبّ بالینی، **طب**

بام / bām، ـها/:/اسم. ۱. بان؛ بۆن؛ خەرشت؛ بانی خانوو یان ئامێرانی (وەک ماشین، گەمیە، قەتار) ۲. بان؛ بانماڵ؛ سەربان (هەر بۆ ماڵ دەگوترێ) ۳. *[ادبی]* سەر لە بەیان؛ بەربەیان؛ بەیانی؛ شەوەکی؛ شەبەق؛ نەماژی؛ نەماجی؛ چەوسەر؛ سپێدە زوی ‹از بام تا شام: سەر لە بەیان تا نوێژی شەوان›.

▣ **بام تکشیب:** بانی یەکلالێژ؛ بانی یەک لا؛ بانی یەک لایەنە؛ بانێ کە ئاوی بە لایێکیدا بڕژێ.

بام شیبدار: لێژەبان؛ بانی لێژ؛ سەربانی لێژ؛ سەربانی لار؛ بانی شیودار؛ بانێک کە لێژیەکەی زیاتر لە ۱۰ پلەکە.

بام کمرشکن: بانی دوولا لێژ؛ بانی دوولا؛ بانی دوولایەنە؛ بانێ کە ئاوەکەی بە دوو لادا بڕژێ؛ بانێک کە دوو لێژایی پێدراوە.

یک بامَ و دو هوا ☜ **یک**[۲]

▣ **از بام کسی کوتاهتر پیدا نکردن:** *[کنایی]* داماوتر لە کەسێک گیر نەهێنان؛ کەسێک بە بۆنەی بێدەسەڵاتیەوە ئازاردان و ڕەخنە تێگرتن.

بامبو / bāmbo، ـها/: [فرانسوی از پرتغالی]/اسم. بامبوو؛ خەیزەران؛ حەیزەران؛ هەزیران؛ تەرگەز؛ ئارج؛ قامیشی هیندی؛ قامیشی گەرمیان.

بامبول / bāmbûl، ـها/:/اسم. *[گفتاری]* فێڵ؛ فێڵە؛ پیلان؛ گزی؛ گزە؛ گەڕ؛ گەژێ؛ کەلەکە؛ هەنگ؛ فەن و فێڵە؛ فێڵ و تەڵەکە.

▣ **بامبول در آوردن** ☜ **بامبول سوار کردن**

بامبول زدن ☜ **بامبول سوار کردن**

بامبول سوارکردن: ڕێوی فێڵ‌کردن؛ فێڵەبازی‌کردن؛ گزی‌کردن؛ گەڕ تێهالاندن؛ فێڵ لێکردن ‹صاحبخانه بامبول تازه‌ای سوارکرد: خاوەن ماڵ فیلەبازیەکی تری

کرد›. هەروەها: **بامبول درآوردن؛ بامبول زدن**

بامبە / bāmbe/: *اسم.* چەپۆک؛ چەپووک؛ چەپۆکە؛ بە لەپی دەست دان بە تەپلّی سەردا.

بامبی / bāmbî/: *قید. [گفتاری]* بە چەپۆکە؛ بەچەپۆکان؛ بەچەپەکۆک ‹هاجر بامبی زد توی سر خودش: هاجەر بە چەپۆکان دای بە سەری خۆیدا›.

بامپوش / bāmpûš/: *اسم.* بانپۆش؛ بانگر؛ تیکەی ئامادەکراو بۆ داپۆشانی بان.

بامداد / bāmdād، ـها؛ ـان/: *اسم.* ۱. بەیانی؛ سەبا؛ سوای سالّحان؛ سەمەر؛ سوب؛ سۆح؛ سەرسۆح؛ کاتی دوای نیوەشەو هەتا بەرلە نیوەڕۆ ‹ساعت چهار بامداد: کاتژمێرچواری بەیانی› ۲. *[قدیمی]* بوولێلّە؛ سپێدە؛ بەرەبەیان؛چەوسەر؛ هەوەلّی ڕۆژێ؛ سوای سالّحان؛ قیرا؛ تاریک و ڕوون؛ بوولێلّەی بەیان؛ نەماژێ؛ نەماجی؛ کاتی کازیوە هەتا هەلاتنی خۆر.

بامدادان / bāmdādān/: *قید. [ادبی]* سپێدە؛ بەیانان؛ سبحەینان؛ سبەینان؛ بەیانی زوو؛ بنەڕۆژە؛ لە سەرەتای ڕۆژدا.

بامدادی / bāmdādî/: *صفت.* سەر لە بەیانی؛ پێوەندیدار یان سەر بە بەیان ‹خبرهای بامدادی: هەواڵەکانی سەر لە بەیانی›.

بامزە / bāmaze/: *صفت. [گفتاری]* شیرین؛ مەکین (بۆ نێر)؛ مەکینە (بۆ مێ)؛ مژەدار؛ خۆش و دڵبزوێن کە دەبێتە هۆی پێکەنین و خۆشی.

بامغلتان / bāmqaltān، ـها/: *اسم.* بانگوێر؛ بانگلێر؛ بانگێر؛ بانتلێر؛ بانتلێن؛ بان‌تلین؛ باگردان؛ باگردێن؛ بانگووش؛ شەولەبان؛ بانگەڕ؛ بانگۆش؛ بانگردێن؛ باگوردێن؛ هاتوڕ؛ بان‌گلان؛ مەندەروونە؛ تەبانە؛ لۆغ؛ گردەڵ؛ باگوردان: **بامغلطان**

بامغلطان / bāmqaltān/ ☜ **بامغلتان**

بام‌ودر / bām-o-dar/: *اسم. [ادبی، کنایی]* دەر و دوو؛ دەر و بان؛ دەرک و بان؛ دریا و بان؛ بەر و بان؛ دەرک و دەروازە؛ دەروو یانە؛ دەوروبەری ماڵ و خانوو.

بامیە / bāmiye، ـها/: [یونانی]*اسم.* بامیێ؛ بامیە؛ بامیێ: ۱. گیایەکی دەسچنی گەلاپانی یەک ساڵەیە، گەڵاکانی لە گەڵای گوڵە هێرۆ دەچێ و گوڵێکی جوانی سپی مەیلەو زەردی شینباوی دەکا، ناوەڕاستەکەی قاوەیی مەیلەو سوورە ۲. بەری ئەم گیایە کە درێژۆکە (وەکوو بەڕوو) تووکن و تیژ و تراشە و دەگەڵ گۆشت و تەماتە دەکرێتە خۆرشت یا شۆربای گۆشت ۳. جۆرێک شیرینی ئێرانی وەک میوەی گیای بامیە کە لە ئارد، ڕۆن، هێلکە و شەکەر دروستی دەکەن.

بان[1] / bān/: *اسم.* بان؛ داری تایبەتی باکووری هیندووستان، کە لە دانەکەی ڕۆنێکی بۆنخۆش دەگرن.

ـ بان[2] / ـها؛ ـان/: *پسوند.* ـ بان؛ ـ وان؛ ـ قان؛ ـ ئەوان؛ پارێزەر؛ چاودێر ‹نگهبان؛ باغبان: نگابان؛ باخەوان›.

بانتو / bāntû/: *اسم.* بانتوو: ۱. پۆلێکی گەورە لە ڕەگەزی خەڵکی ڕەش پێستی دانیشتووی ئەفریقای ناوەڕاست و باشوور ۲. /ها/ هەرکام لە کەسانی ئەو ڕەگەزە ۳. دەستەیێکی گەورە لە زمانگەلی ئەفریقایی لە لقی زمانی حامی (بریەتیە لە چەند سەد زمان و زاراوە) کە خەڵکانی ڕەگەزی بانتوو قسەی پێدەکەن.

بانجو / bānco، ـها/: [انگلیسی]*اسم.* بانجۆ؛ ئامرازێکی مووسیقایە لە گیتار دەکا: **بانژو**

باند / bānd، ـها/: [فرانسوی]*اسم.* ۱.

دەسەودایرە؛ دەسەوبەسە؛ دەسە؛ دەستە؛ چەند کەسێ کە بۆ ئامانج و مەبەستی دیاریکراو (زۆرتر ناڕەوا)، بە شێوەی قاچاخی پێکهاتوون ‹باند تبهکاران: دەسەودایرەی خراوکاران› ٢. بوار؛ هێڵ؛ هەرکام لە ڕێگاگەلی هاوشانی شەقام و جادە کە بە شوور، هێڵی سپی یا هەرشتیتر لە یەکدی جیاکراونەتەوە ‹باند فرودگاه: هێڵی فڕۆکەخانە› ٣. گوشک؛ گووسک؛ باند؛ پارچەی باریکی تەنک بۆ پێچانی برین ٤. شەپۆل؛ شەپۆلی ڕادیۆ ‹باند کوتاه: شەپۆلی کورت› ٥. باند؛ بلاوکەرەوە لە ئامێری دەنگیدا ‹رادیو دو باند: ڕادیۆی دوو باند›.

بانداژ / bāndāž، ـها/: [فرانسوی]/اسم. /پزشکی/ برینپێچی.

باندبازی / bāndbāzi، ـها/: [فرانسوی/ فارسی]/اسم. دەسەودایرە نانەوە؛ دەسە و بەسە سازکردن.

باندپیچی / bāndpîčî، ـها/: [فرانسوی/ فارسی]/اسم. برینپێچی؛ کار یان ڕەوتی بەستن؛ داپێچان؛ پێچانەوەی شوێنی برین بە پارچەی تایبەتی.

باندرل / bānd(o)rol، ـها/: [فرانسوی]/اسم. باندرۆل: ١. کاغەزێک کە دوای بازڕەسی دەولەت بۆ شتێک دەردەچێ ٢. پارچە کاغەزێک کە بۆ ناساندنی شتێک لێی دەدرێ.

بانژو / bānjo/: [فرانسوی] ☜ **بانجو**

بانک / bānk, bāng، ـها/: [فرانسوی]/اسم. ١. چوانگە؛ بانق؛ بانک؛ شوێنی داوستەوی پوول و پارە ٢. مەکۆ؛ دامەزراوە یا ناوەندێک بۆ هەڵگرتنی شتومەک، تا ئەگەر پێویست بوو بدرێتە داواکاران ‹بانک اطلاعات: مەکۆی زانیاری›.

▣ **بانک استقراضی** ☜ **بانک رهنی**

بانک اطلاعات: مەکۆی زانیاری؛ دامەزراوە یان بەشێ لە دامەزراوەیێک بۆ کۆ کردنەوە، لێکدانەوە، هەڵگرتن و نیشاندانی زانیاریگەلی پێویستی خەڵک.

بانک بازرگانی: بانکی بازرگانی؛ ئەو بانگە کار و باری بازرگانی و ئابووری لە بواری پارە و دراودا دەکات (وەکوو سەندن و فرۆشتنی دراوی بیانی و...).

بانک بین‌المللی: بانکی نێونەتەوەیی؛ بانکێ کە بە کۆی سامانی چەن دەولەت پێکهاتووە.

بانک تعاونی: بانکی هاویساری؛ بانکی زبارەیی؛ بانکێ کە بۆ دابین کردنی پارە بۆ بنکەگەلی هاویاری کار دەکات.

بانک خصوصی: بانکی تایبەتی؛ بانکێ کە سامانەکەی هی یەک یان چەن کەس بێ.

بانک خون: بانکی خوێن؛ دامەزراوە یان بەشێ لە دامەزراوەی دەرمانی بۆ کۆکردنەوە و هەڵگرتنی خوێن و بەرهەمگەلی بۆ نەخۆشان.

بانک دولتی: بانکی دەولەتی؛ بانگێ کە سامان و بەڕێوەبردنی لە دەستی دەولەتدایە.

بانک رهنی: بانکی بارمتە؛ بانگی بارمتەگری؛ بانکێ کە بە بارمتەگرتنی مڵک، وام دەداتە خاوەن مڵک: **بانک استقراضی**

بانک صادرات و واردات: بانکی هەنارده و هاتە. هەروەها: **بانک صنعتی؛ بانک کشاورزی**

بانک کارگشایی: چوانگەی فریاڕەسی؛ بانقێ کە بە گلدانەوەی شتانی بایەخدار (وەک زێڕ و زیو ڕایەخ) وام ئەدا بە خاوەنەکانی.

بانک مرکزی: بانکی ناوەندی؛ بانکی نەتەوەیی؛ بانکی دەوڵەتی کە کاری ڕێک خستن و جێبەجێ کردنی کار و باری بانکی و پووڵی وڵات لە ئەستۆی دایە و پارە لە چاپ ئەدا.

بانکداری / bānkdārî، ـها/: [فرانسوی/فارسی]/اسم. بانکداری؛ کار و ڕەوتی بەڕێوە بردنی کار و باری بانک. هەروەها: **بانکدار**.

بانک‌زنی / bānkzanî، ـها/: [فرانسوی/فارسی]/اسم. بانکبڕی؛ کار و ڕەوتی دزینی پارە لە بانک.

بانکە / bānke، ـها/: [روسی]/اسم. پەرۆش؛ هەوانە؛ بەسوە؛ دەفری دەمهەراوی سەردار بۆ ڕاگرتنی چێشت.

بانکی[1] / bānkî، ـها/: [فرانسوی]/اسم. کارمەندی چوانگە؛ کارگێڕی بانک.

بانکی[2]: صفت. بانکی؛ بانقی؛ پێوەندیدار یان سەر بە بانق ‹فعالیت بانکی: چالاکی بانکی›.

بانگ / bāng/: اسم. [ادبی] ۱. هەرا؛ بانگ؛ ونگ؛ قوو؛ قوولە؛ قاو؛ قوویلە؛ قوولا؛ قیرە؛ گازی؛ چرە؛ مرۆش؛ بەدەنگ قەو هەرا لێ کردن ‹روزی بە غرور جوانی بانگ بر مادر زدم: ڕۆژێک لە بەر تەمی لاوی هەرام کردە سەر دایکم› ۲. دەنگ؛ قاڵ؛ فزە؛ ورت؛ ورتە ‹از کسی بانگ برنخاست: دەنگ لە کەسێکەوە نەهات›.

⊡ **بانگ برآوردن:** هەرا کردن؛ قاوکردن؛ دەنگ بەرزکردنەوە.

بانگ زدن: قاوکردن؛ بانگ کردن؛ هاوار کردن؛ چرین.

بانمک / bānamak/: صفت. [مجازی] مەکین؛ خوێن شیرین؛ ئێسک سووک؛ ڕەزاسووک؛ بەدڵاچوو؛ خۆش؛ لەبەردڵان ‹دخترک خوشگل نیست اما بانمک است: کچۆلەکە جوان نیە، بەلام مەکینە›.

بانو / bānû، ـان/: اسم. کەیوانوو؛ خات؛ خاد؛ خادێ؛ خاتێ؛ ژنی بەڕێز؛ نازناوی ڕێزلێنان بۆ ژنێ کە شووی کردووە.

بانی / bānî، ـان/: [عربی]/اسم. ۱. سازەر؛ دانەر؛ دامەزرێنەر؛ بنیاتنەر؛ کەسێ کە بەناییک چێ‌دەکات ‹آزاد بانی این مدرسە است: ئازاد دانەری ئەم فێرگەیە› ۲. هاندەر؛ هۆکار؛ کەسێ کە ببێتە هۆی جێبەجێ بوونی کارێک ‹او بانی تحصیلم شد: هاندەری خوێندنم ئەو بوو›.

⊡ **بانی خیر:** چاکەکار؛ خێرخواز؛ کەسێ کە کاری خێر دەکات ‹چند نفر بانی‌خیر این درمانگاه را ساختند: چەند چاکەکار ئەم نەخۆشخانەیانە دروست‌کرد›.

باور / bāvar، ـها/: اسم. بروا؛ باوەڕی؛ باوەڕ؛ باوەر: ۱. بیر و باوەڕ؛ هەمەت؛ متمانە؛ ئاوەر؛ کۆمەڵەی بڕواگەلێ کە لە کۆمەلگایەکدا وەرگیراون ‹بە باور بسیاری از مردم اگر قورباغە بخواند، باران می‌آید: بە بڕوای زۆرێک لە خەڵکی ئەگەر قرپۆک بقۆڕێنێ، باران دەبارێ› ۲. وەرگرتنی چەمکێ یان دیاردە و ڕووداوێک لە مێشکدا بە نیشانەی ڕاستەقانی ‹باور داشتن: بروا هەبوون›.

⊡ **باور کسی شدن/ آمدن:** [گفتاری] بڕوا کردن؛ باوەڕکردن؛ باوەڕکەردەی؛ بە ڕاست و دروست زانینی هەواڵێک ‹وقتی گفتم خانە خریدەام، باورش نشد: کاتێ وتم ماڵم کڕیوە، باوەڕی نەکرد›.

بە باوری رسیدن: بە باوەڕێ گەیشتن؛ باوەڕ پێکردن ‹سرانجام بە این باور رسید کە آرام آدمی خیرخواه است: لە ئاکامدا بەم باوەڕە گەیشت کە ئارام مرۆیەکی خێرخوازە›.

باوراندن / bāvarāndan/: مصدر. متعدی. //**باوراندی:** باوەڕاندت؛ **می‌باورانی:** دەباوەڕێنی؛ **بباوران:** بباوەڕێنە// باوەڕاندن؛ سەلماندن: ۱.

هەڵپێچانی کەسێ بۆ وەرگرتنی قسەیەک ٢. لە کەسێکی تردا باوەڕێک خۆش کردن. هەروەها: **باوراندنی**

باورداشت / bāvardāšt، ـها/: اسم. باوەڕی؛ بڕوایی؛ بیر و بڕوا؛ دۆخ یان چۆنیەتی بەباوەڕ بوون ‹نباید باورداشت مردم را بازیچه قرار داد: نابێ بە باوەڕی خەڵک گاڵتە بکرێ›.

باورکردنی / bāvarkardanî/: صفت. جێبڕوا؛ بڕواپێکراو؛ شیاوی بڕوا پێهێنان. هەروەها: **باورنکردنی**

باه / bāh/: [عربی] اسم. [ادبی] با: ١. تێکەڵاوی جنسی ٢. جەوهەری جنسی؛ هێزی با.

باهم / bāham/: قید. پێکەوە؛ پێکڕا؛ تێکڕا؛ لەلیەک؛ هەڤڕا؛ بە یۆوە؛ وەلیەک؛ لەتەکیەک؛ تەڤ؛ هەڤ؛ هەمڕا؛ ڤێک؛ بەهەڤرە؛ هەڤوردن؛ واهەم؛ هەچا؛ هەدا؛ لەڤ؛ پێک؛ بە سەر یەکەوە؛ یۆوە؛ پێوە؛ وێکدا؛ وێڕای یەک؛ پێڕا؛ بەڤرا: ١. لەگەڵ یەک بوون ‹باهم رفتند: پێکەوە ڕۆیشتن› ٢. هەمبەر بە کەسی تر ‹باهم نمی‌سازند: پێکەوە ناسازن› ٣. [مجازی] لە لای یەک بوون ‹دیشب باهم بودیم: دوێشەو پێکەوە بوین›.

باهمدیگر / bāhamdîgar/: قید. بەیەکەوە؛ پێوەرە؛ پێکەوە: ١. لەگەڵ یەکتریدا ‹باهمدیگر درگیری لفظی داشتند: بەیەکەوە دەمەقاڵەیان بوو› ٢. [ادبی] بە یەکترین؛ بەیەکەوە؛ پێکڕا ‹باهمدیگر گفتند: بەیەکەوە وتیان›.

باهوش / bāhûš/: صفت. هۆشیار؛ وشیار؛ شیار؛ وریا؛ بەهۆش؛ بە بیر و هۆش؛ بیرا؛ بیرتیژ؛ زەین ڕوون؛ زرەنگ؛ زرینگ؛ زیرەک؛ زیت؛ تیژ؛ هش‌ڤەکر؛ فیڤ.

بایا / bāyā/: صفت. [ادبی] پێویست؛ پێداویست؛ پێدڤی.

بایائی / bāyā'î/ ☜ **بایایی**

بایایی / bāyāyî/: اسم. [ادبی] پێویستی؛ پێداویستی: **بایائی**

بای‌بای / bāybāy/: [انگلیسی] دعا. خواحافیز؛ خوداحافیز؛ خوات لە گەڵ؛ خوات چنی؛ بەدۆعا.

⊡ **بای‌بای کردن**: خواحافیزی کردن.

بایت / bāyt/: [انگلیسی] اسم. بایت؛ بچووکترین تیپی یەکەی زانیاریگەلی کەمپیوتەر، بەرامبەر بە هەشت بیت.

باید / bāyad/: قید. دەبێ؛ ئەوێ؛ ئەشێ؛ پێویستە؛ گەرە؛ گەرەک؛ پێویستە؛ گانی؛ گۆنی؛ دێ؛ دڤێت؛ دڤی؛ مشۆ؛ مشیۆ؛ مەبۆ؛ دڤێت؛ بایەت؛ فەرمانی پێک هاتن

بایدوشاید / bāyad-o-šāyad/: قید. ئەشێ؛ پێویست؛ زەروور؛ بە شێوەیەک کە دەبێ وابێ ‹چنانکە باید و شاید درس نمی‌خواند: ئەو جۆرەی ئەشێ دەرس ناخوێنێ›.

بایر / bāyer/: صفت. وشکە؛ بایر؛ بەیار؛ بەیر؛ بۆرە؛ بەون؛ بوور؛ بەوروو؛ زەمینی نەکێڵدراو: **بائر**

بایست / bāyest/: قید. ئەبێ؛ دەبێ؛ پێوستە؛ ئەشێ؛ مشۆ؛ بایەت.

بایستگی / bāyestegî/: اسم. پێویستی؛ بە شێوەیەک کە دەبێ وەها بێ.

بایستن / bāyestan/: مصدر لازم. // **بایستی**: دەشێ؛ **می‌بایست**: مەشیا؛ **باید**: ئەشێ// ١. بوان؛ مشیەی؛ پێویست بوون ٢. شیان؛ شیاو بوون * **بایيدن** (سەرنج: «بایستن» و «بایيدن»، ئەوڕۆکە لە زمانی فارسیدا زۆر باو نیە و تەنیا «باید» و «بایست» وەکوو ئاوەڵکار و بۆ پێداگری کار و کردار دەگوترێ).

■ صفت مفعولی: **بایسته** (شیاو)

بایسته / bāyeste/: صفت. پێویست؛ ناچار؛ شیاو. هەروەها: **بایسته بودن**

بایستی / bāyesti, bāya- /: *قید.* دەبوا؛ دەبا؛ ئەبوا؛ دەبوایە؛ ئەشیا؛ مشیا؛ مەشیا؛ مەشیایە؛ مشیایا؛ پێویست لە کاتی ڕابردوودا ‹بایستی می‌رفتم: دەبوا بچووبام›.

بایع / bāye' /: [عربی]*اسم. [حقوق]* فرۆشەر؛ فرۆشیار؛ فرۆشندە.

بایکوت / bāykot /: [انگلیسی]*اسم.* بایکوت؛ کار و ڕەوتی تەرەکردن؛ پشت تێکردنی گشتی سەبارەت بە تاکە کەسێک یان کارێک.

بایگان / bāygān، ـها؛ ـان /: *اسم.* بایەگان؛ ئارشیڤیست؛ ئەوەی کاری بایگانی دەکا.

بایگانی / bāygānî، ـها /: *اسم.* بایەگانی: ١. کار یان ڕەوتی پاراستن و ئاگەداری کردن لە نامە و بەڵگەگەل ٢. جێیەک کە نامە و بەڵگەگەلی تێدا ڕیزبەندی دەکرێن و هەڵدەگیردرێن: **آرشیو**

بایدن / bāyîdan / ☜ **بایِستَن: بائیدن**

ببر / babr، ـها؛ ـان /: *اسم.* بەور؛ بەبر؛ جانەوەرێکی گەورەی گۆشتخۆرە پێستی ڕەش و زەردی خێرخێرە و زیاتر شەوان ڕاو دەکا.

ببعی / baba' î /: *اسم.* ١. *ـها/ [کودکانه]* بەعە؛ مەڕ؛ عاعالێ؛ وەرلێ؛ بەرخ یا کاژیلە ٢. *[مجازی]* ساویلکە؛ سافیلکە؛ گۆلێ؛ خولەپەڕۆ؛ مرۆی کەمئاوەز و هیچ لێنەهاتوو.

بپا / bepā، ـها /: *اسم. [گفتاری]* نیگابان؛ چاودێر ‹حالا دیگه برایم بپا گذاشته‌ای؟!: ئێستا ئیتر نیگابانت بۆ داناوم؟!›.

بپا / beppā، ـها /: *صوت. [گفتاری]* وریابە؛ ئاگاتبێ؛ هۆشتبێ؛ لادە؛ وشەی خەبەر کردن ‹بپا نیفتی!: وریابە نەکەوی!›.

بت / bot، ـها /: *اسم.* بت؛ بوت؛ بتە؛ پت: ١. *ـان/* پەیکەری ئینسان، داعبا یان گیایەک کە نیشانەی هێزی ئاسمانی و شیاوی پێدا هەڵگوتن بێت ٢. *[مجازی]* کەسێ کە زۆر خۆشەویستە و پێی هەڵدەگوترێ ‹شده بت جوانان: بووەتە بتی لاوان›.

بتا / betā /: [یونانی]*اسم.* بێتا؛ ناوی دووهەمین پیتی یوونانی (β).

بتانه / batāne /: [از عربی]*اسم.* بەتانە؛ تێکەڵاوی خاکی سپی و ڕۆنی بەزرەک کە وەکوو هەویرێکی لێ دێت، درزی شیشەی پێ دەگرن و دیواری پێ ساف دەکەن: **بطانه؛ بتونه**

بتانه‌کاری / batānekārî، ـها /: [از عربی/ فارسی]*اسم.* بەتانەکاری؛ گرتنی درزی شیشە و لووس‌کردنی دیوار بە بەتانە: **بتونه‌کاری**

بت‌پرست / botparast، ـها؛ ـان /: *اسم.* بت‌پەرەست؛ بت‌پەرس؛ ئەو کەسەی بت و شتی دەسکرد دەپەرەستێ. هەروەها: **بت‌پرستی**

بت‌تراش / bot.tarāš، ـها؛ ـان /: *اسم.* بت‌تاش؛ بت‌تەراش؛ بت‌ساز: **بتگر؛ بت‌ساز**

بتخانه / botxāne، ـها /: *اسم.* بتخانە؛ شوێنی بتان و پەرستنیان: **بتکده**

بتر / batar /: *صفت. [مخفف]* خراپتر؛ خراتر؛ خراوتر؛ بەتر؛ بەتەر.

بت‌ساز / botsāz / ☜ **بت‌تَراش**

بت‌شکن / botšekan، ـها؛ ـان /: *اسم.* بوت‌شکێن؛ بت‌شکێن: ١. ئەوەی کە بت دەشکێنێ و خراپی دەکا ٢. کەسێک بە سەرکەوتوانە لەگەڵ بت‌پەرەستیدا ملە دەکات.

بتکده / botkade / ☜ **بتخانه**

بتگر / botgar / ☜ **بت‌تَراش**

بتن / beton /: [فرانسوی]*اسم.* بیتون؛ تێکەڵی سیمان و ماسە و ئاو، کە دوای وشک بوونەوە وەکوو بەردی لێ‌دێ: **بتون**

▣ بتن مسلح ☜ بتُن آرمه

بتن آرمه / betonārme, -'ārme/: [فرانسوی] /اسم. کۆنکریت؛ بیتونی به میلەی ئاسنی قایم‌کراو: **بتون مُسلّح**

بتن ریزی / betonrîzî، ـها/: [فرانسوی/ فارسی]/اسم. بیتونرێژی (بۆ خانوو کردنەوە).

هەروەها: **بتن‌ریز**

بتنی / betonî/: [فرانسوی] صفت. بیتونی؛ لە بیتون دروست‌کراو.

بتولیسم / botolîsm/: اسم. [پزشکی] بوتولیسم؛ مەسموومی بەهۆی خواردنی گۆشت و کونسیرڤی کۆنە و خراوبوو کە ڕشانەوە، دڵێشە، وشکی دەم و گەروو و پژمەی زۆر، لە نیشانەکانیەتی: **بُوتُولیسم**

بتون / beton/: [فرانسوی] ☜ **بتُن**

بتونه / batûne/: [از عربی] ☜ **بَتانه**

بتونه کاری / batûnekārî/: [از عربی/ فارسی] ☜ **بَتانه‌کاری**

بتونیر / betonyer، ـها/: [فرانسوی]/اسم. بیتونیر؛ ماشێنی دروست‌کردنی بیتون لە سیمان و ماسە و ئاو.

بته / botte، ـها/: اسم. [گفتاری] بنچک؛ پنچک؛ بنجک؛ بوتک؛ دەوەن؛ دەوی؛ دەوەند؛ دەڤی؛ شخەڵ بەتایبەت هی دڕک و گیا.

بته‌جقه / botteceqqe، ـها/: [فارسی/ ترکی] اسم. جوقە؛ وێنەیێک لە ڕووی سەڵوی شۆڕەوەبوو کە بە ڕووی پارچە و قاڵیدا دەری دێنن.

ب. ث. ژ. / be. se. je./: [فرانسوی]/اسم. [پزشکی] بێ.سێ.ژێ.؛ ناوی کورت‌کراوی واکسەنی دژی نەخۆشی سیل یان ئازارە باریکە.

بثور / busûr, bosûr، بثور؛ ـات/: [عربی]/اسم. پیزۆکە؛ زەک؛ زیپکە؛ جۆشی بان پێست.

بج / boc, bac/: اسم. [قدیمی] گەپە؛ ناودەم؛ دلێدەمی؛ ناوزار؛ ناوەوەی دەم.

بجا / becā/: صفت. بەجێ؛ لەجێ؛ بەجێگە؛ بەیاگێ؛ هاوە؛ قاف؛ ڕەوا؛ لە جێی‌خۆیدا؛ بە ڕێ و جێ ‹کار بجا: کاری بەجێ›.

▣ **بجا آمدن**: [گفتاری] بەجێ هاتن؛ هاتنەوە جێ.

بجا آوردن: [گفتاری] ناسینەوە؛ بەجێ هێنان ‹مرا بجا نمی‌آوری؟: من ناناسیەوە؟›.

بجای آوردن: [ادبی] بەجێ هێنان؛ جێبەجێ‌کردن؛ بەگا ئاردەی؛ ئەنجام دەی ‹وعده تو کردی او بجای آورد: تۆ بەڵێنت دا و ئەو بەجێی هینا›.

بجز / becoz/ ☜ **جُز**

بجول / bocûl/ ☜ استخوان قاب، **استخوان**

بچاپ ـ بچاپ / bečāpbečāp/: [فارسی/ ترکی فارسی/ ترکی]/اسم. [گفتاری] بڕفین ـ بڕفین؛ ڕفان ـ ڕفان؛ بڕفان ـ بڕفان؛ تالان و مالان؛ تالان و بڕۆ؛ پوور؛ تالان و تاڕان ‹این ثروت محصول بچاپ‌ـبچاپ دوره‌ی جنگ است: ئەم پووڵ و پارەیە بەرهەمی بڕفین‌ـبڕفینی سەردەمی شەڕە›.

بچگانه[1] / baččegāne/: صفت. مندالانە؛ منالانە؛ مندارانە؛ زاولانە؛ زاروانە؛ بەچانە: ۱. پێوەندیدار یان سەبارەت بە مندال ‹لباس بچگانه: بەرگی مندالانە› ۲. [مجازی] ساوا؛ کرچ و کاڵ یان گەوجانە ‹فکر بچگانه: بیری مندالانە›.

بچگانه[2]: قید. مندالانە؛ منالانە؛ مندارانە؛ زاولانە؛ بەچانە؛ وەکوو مندالان ‹بچگانه حرف نزن: مندالانە قسە مەکە›.

بچگی / baččegî/: اسم. منالی؛ مندالی؛ زاولەیی: ۱. دۆخ یان چۆنیەتی منال بوون ۲. /ـها/ ڕۆژگاری زارۆکی؛ سەردەمی مندالی ۳. [مجازی] هەڵس‌وکەوتی سووکانە و نابەجێ و بە دوور لە چاوەڕوانی.

هەروەها: **بچگی کردن**

بچــه / bačče، ـهـا؛ ـگـان/:/اسم/. ۱. بـەچکـە؛ وەچگـە؛ واجگـە؛ بـەچـوە؛ بێچـوو؛ بـەچـە؛ گیانـداریک کـە هێـشتا گـەورە یـان بالـغ نـەبووبـێ ۲. ڕۆڵـە؛ زارۆک؛ زاولـە؛ زارۆڵـە؛ زاڕۆ؛ فـرزەن؛ وەچـە؛ منـداڵ؛ منـاڵ؛ پـسانگ؛ بەچـگ؛ بێچـووی مـرۆ؛ منداڵـی مـرۆ ‹چند تـا بچـه داری؟: چـەنـد منداڵـت هـەیـە؟› ۳. منـاڵ؛ منــداڵ؛ منــدار؛ زارۆک؛ زاولــە؛ زاری؛ مــرۆی تەمەن کـەمتـر لـە سـێزدە سـاڵ ٤. خـەڵـک؛ دانیشتوو یـان خـەڵـکی شـوێنێک ‹بچـەمحل؛ بچەی تهران: خـەڵـکی گـەڕەک؛ خـەڵـکی تـاران› ۵. هاوکـار؛ هــەڤــکار؛ هــاوڕێ؛ هــەڤــگوڕ؛ کــەســانی هاوتــەراز تایبــەت بــە گــرۆ یــان ڕێکخــراوەیــەک؛ هاوکــاران ‹بچــەهــای اداره: هاوکارانی مەزرینگە›.

▣ **بچــەی اوّل:** نــۆزک؛ نۆزگــە؛ نۆســکە؛ نۆزکــە؛ نۆلــەم؛ نۆبــەر؛ نۆبــەرە؛ بــەرەزا؛ نووچەو؛ نخری؛ نخوری؛ هەوەڵ مناڵ.

بچــەی تــەتغــاری: /کنــایی/ ئــاخرچۆڕ؛ نۆمەملە؛ ولکلە؛ چکۆلەترین منالی ماڵ.

بچــەی ســرراهی: منداڵــی ســەرەڕێ؛ زارۆی نــاوڕێ؛ منداڵــی دانــراو کــە دای و بــابی ناسراو نین.

بچــەی کوچــک/ نوجــوان: چــوکری؛ لاوژۆک؛ لاوژۆکە؛ دەمڕووت.

▣ **بچــه انــداختن:** بــەر خــستن؛ بــەرفڕێـدان؛ بــەراوتــین؛ لــەم وســەی؛ لــەبــار چــوون؛ بێچــووی مــردوو هێنــان؛ بێچــوو بــە مــردوو هاویشتن؛ مناڵ زیان کردن.

بچــه آوردن: زک کــردن؛ منــاڵ بــوون؛ بێچــوو هێنــان؛ لــەمــەکــەردەی؛ زۆمــە کەردەی؛ زایین.

بچــه پــس انــداختن: /تعــریض/ منــاڵ خــستنەوە؛ زاولــە وســەیــوە؛ بــەســووکی و تیزەوە باسی زکوزا کردن.

بچــه را گــرفتن: منــداڵ گرتنــەوە؛ یارمــەتی دانی دایــک لــە کــاتی منــداڵ بوونــدا و زارۆکـەی دە بـاوەش گـرتن ‹همـەی بچـەهـای ما را او گرفتـه بـود: هـەمـوو منـدالانی ئێمـە، ئـەو گرتبوونیەوە›.

بچــه کــردن: زان؛ زایــین؛ زەی: ۱. بــەچکــە کــردن؛ زاوزێ کــردن ۲. /گفتــاری/ زۆر بــوون؛ پــەرەســەنـدن؛ زاف کـەردەی ‹پولهـایش بچـه کردند: پارەکانی زاون›.

بچه گذاشتن: بـەچکـە کـردن؛ تـرە کـین؛ زک کردنی گیانلەبەر.

بچەباز / baččebāz، ـهـا؛ ـان/: صفت. لووسکەبـاز؛ مناڵباز؛ بەچەباز؛ نێرباز.

بچــەبــازی / baččebāzî، ـهــا/:/اسـم/. ۱. کایـەکلـێ؛ منـداڵبـازی؛ مـەچـەڵ؛ گاڵـتە؛ گۆنگــەر؛ گۆنگــل؛ گۆنگـەڵ؛ یـاری منداڵانــە ‹آقا! سیاسـت کـه بچـەبـازی نیـست: کاکـە! ڕامیـاری خــۆ کایــەکلــێ نیــە›. ۲. لووســکەبــازی؛ بەچەبازی؛ نێربازی.

بچەدار / baččedār، ـهـا؛ ـان/: صفت. منداڵـدار؛ مناڵدار؛ زاولەدار؛ خودان زارۆ.

بچەداری / baččedārî، ـهـا/:/اسم/. منداڵـداری؛ منــاڵداری؛ زاوڵــەداری؛ ڕاهێنــان و بارهێنــانی منداڵ.

بچــەدان / baččedān/:/اسـم/. /گفتـاری/ پــزدان؛ زامــار؛ بێچــوودان؛ پــزان؛ یــاوەرە؛ هــەلپــەز؛ تۆلــدان؛ منداڵــدان؛ مناڵــدان؛ مالبچویــک؛ هەماز؛ هاوباز؛ بـز؛ پـاور؛ پـزو؛ پزڵـی؛ پـڕزانک؛ زایەدان؛ بەچەدانی؛ گللک.

بچەدزد / baččedozd، ـهـا؛ ـان/:/اسم/. منـاڵدز؛ کەسێ کە مناڵان دەدزێت. هەروەها: **بچەدزدی**

بچــەدوســت / baččedûst، ـهـا؛ ـان/: صفـت. منـداڵخـواز؛ زارۆلـەواز؛ منـاڵخوەشـەویـس؛ زاولـەوەشـەویـس (بـۆ نێـر)؛ زاولـەوەشـەویسە (بۆ مێ)؛ بەتایبەت خوازیاری منداڵی زۆر.

بچـەزا / baččezā. ـها؛ ـیان/: *صفت*. زینـنـەزا؛ زیندەزا؛ بێچووزا؛ بەچکەزا.

بچــەســال / baččesāl. ـهـا؛ ـان/: *صـفت*. *[گفتاری]* کـەم تـەمـەن؛ منـاڵ‌سـاڵ؛ منـاڵ‌کـار؛ زاوڵەکار ‹داماد بچه‌سال است: زاوا منال‌کاره›.

بچــەسرکە / baččeserke. ـها/: *اسم*. *[شیمی]* گیانـداری وردیلانـەی هـۆی بوونـە سـرکەی ئەلکول.

بچــەقنـداقی / baččeqondāqî. ـهـا/: [فارسـی/ ترکی] *اسم*. کۆرپـە؛ ساوا؛ منالـی بابۆڵـە؛ زارۆی بەر مەمکان کە قوماتەی دەپێچن.

بچــەگــدا / baččegedā. ـهـا؛ ـیان/: *اسم*. ۱. دەرۆزەکـەری منـداڵ؛ منداڵـێ کـە سـواڵ دەکا ۲. بـەچکـە سواڵـکەر؛ منداڵـێ کـە بـابی سواڵکەر بێ.

بچه محصل / baččemohassel/: [فارسـی/ عربـی] ☜ **بچەمدرسه**

بچــەمحــل / baččemahal. ـهـا/: [فارسـی/ عربی] *اسم*. *[گفتاری]* هاوگـەڕەک ‹آزاد بچـه‌محـل ماست: ئازاد هاوگەڕەکی ئێمەیە›.

بچــەمدرسـه / baččemadrese. ـها/: [فارسـی/ عربی] *اسم*. مەدرەسەیی؛ قوتابی؛ منداڵێ کـە لـە قوتابخانەدا دەرس ئەخوێنێت: **بچەمحصل**

بچــەمکتبــی / baččemaktabî. ـها/: [فارسـی/ عربی] *اسم*. *[قدیمی]* مەدرەسەیی؛ قوتابی.

بچــەننــه / baččenane. ـهـا/: *صـفت*. *[کنـایی]* ترسـەنـۆک؛ لـێ‌نـەهـاتوو؛ تـەرسـەزاڵ؛ ترسەزاور؛ ترسنۆک؛ حیزەڵە؛ قەڵسەمێرە.

بحار / behār/: [عربی] جمعِ ☜ **بَحر**

بحبوحــه / bohbûhe/: [عربـی] *اسم*. جـەنگـە؛ تـاف؛ هـەڕەت؛ هـەڕەمـە؛ قرچـە؛ گـەرمـە؛ نـاوەڕاسـت یـان لـە نێـوان کـار یـان ڕەوتێکـدا ‹بحبوحه‌ی جنگ: گەرمەی شەڕ›.

بحــث / bahs/: [عربـی] *اسم*. بـاس؛ لـێ‌دوان؛ بەحس؛ دوان؛ جـەڕ؛ زنجـیرەی پـەیوەسـتەی وت‌وویـژان بـە مـەبـەسـتی تـاوتوێ کـردنی دروسـتی یـان نادروسـتی یـەک یـان چـەنـد مەبەستێک.

▣ **بحـث آزاد**: باسـی هـەمـووانی؛ باسـێ کـە هـەمـوو کـەسـێک ڕێـی هـەیـە تێیـدا بەشداری بکات.

بحـث رسـمی: باسـی ڕەسمـی؛ باسـێ کـە بابـەت و بـەشـدارەکـانی لـە پێـشدا دیـاری کراون.

بحــث و فحــص / bahs-o-fahs/: [عربـی] *اسم*. بـاس و خـواس؛ قـسه و بـاس؛ بـاس و لێکدانەوە.

بحــر / bahr/: [عربـی] *اسـم*. ۱. /بحـار/ زەریـا؛ دەریـا؛ زێ ‹بحـر احمـر: زەریـای ئـەحمـەر› ۲. /ـها؛ بُحور/ هـەڤـدەن؛ بـەحـر؛ کێـشی شـیعری فارسی و عەرەبی.

▣ **بحر طویـل**: جـۆرێ شـیعری کلاسـیک کـە لـە ۱۶ تـا ۳۲ جـار فـەعیلاتـون پێـکـدێ و زۆرتـر بـۆ مـەبـەسـتی گاڵـتە و تـەنـز و داشۆڕان (هەجو) بەکار دەچێ.

▣ **توی/ در بحر چیزی بودن/ رفتن** ☜ **تو**[2]

بحرالعلــوم / bahrol'olûm/: [عربـی] صـفت. *[مجازی]* زۆرزان؛ پیتۆڵ؛ دەریای زانست.

بحــران / bohrān. ـها/: [عربـی] *اسم*. قـەیـران؛ ئاگـا؛ بـوحران: ۱. ئـەو پـەڕی کـارەڕەهاتێـک کـە بـە دوویـدا گۆڕانکـاری دەبـێ ‹بحـران سیاسـی: قـەیرانـی ڕامیـاری› ۲. جـەنگـەی زۆرگـرتنی نـەخۆشـی کـە بـە شـوێنیدا یـان چاببوونەوە یان مەرگە.

بحرانــی / bohrānî/: [عربـی] *صفت*. قـەیـرانی؛ بوحرانی؛ ناسکەوبووگ؛ خەتەری.

بحــری[1] / bahrî. ـهـا/: [عربـی] *اسم*. سـیکوژ؛ پەلەوەرێک لـە تـیرەی شـەهـێن، بـاڵ درێـژ و دندووک تیژ، جووچکە باریـک، تیژفـڕ، سـەلـک ڕەش و پـشت خۆڵـەمێـشی، کـە زۆرتـر

پەلەوەران ڕاو دەکا.

بحری[٢] /ـها/: [عربی] صفت. [ادبی] زەریایی؛ دەریایی؛ زێیی.

بحق / behaq(q)/ : [عربی] ☜ **بەحق**

بحمدالله / behamdellā(h)/: [عربی] دعا. شوکور بۆ خودا؛ خواشوکر؛ لەسایەی خوداوە ‹بحمدالله کار و بارم بد نیست: شوکور بۆ خودا کارم خەراپ نیە›.

بحور / bohûr/: [عربی] جمعِ ☜ **بحر**

بخار / boxār/: [عربی]/اسم. ١. /ـها؛ ـات؛ اَبخِره/ هەڵم؛ هەڵمی؛ هولم؛ هلم؛ گولم؛ هەڵمە؛ هالاو؛ هەفار؛ هەوە؛ هەپ؛ بۆق؛ بۆخ؛ بۆغ؛ کەلدومان؛ مژی گەرما ٢. [گفتاری] بڕشت؛ قەوەت؛ تابشت؛ بڕشت؛ توانا؛ تاقەت؛ هێز؛ هازی؛ دەست و دوو؛ بڕس ‹آدم این قدر بی‌بخار!؟: مرۆی ئەمەندە بێ‌دەست و دوو!؟› ٣. گاز؛ شێوازی جگە لە تراو (مایع) و تەن (جامد) بۆ هەر شتێ.

▣ **بخار معده**: [کنایی] تێر و مری؛ تەزەلی؛ تێر و تەسەلی؛ سێر و پەڕی؛ تێری و بێ‌حاڵی لە بەر زۆر خواردن ‹حرفهای آقا بیشتر از بخار معده بود: قسەکانی ئاغا زیاتر لە بەر تیر و مری بوو›.

اسب بخار ☜ **اسب**

دیگ بخار ☜ **دیگ**

▣ **بخار داشتن**: [کنایی] بڕشت هەبوون؛ بڕست هەبوون؛ هاز بیەی؛ دەست و دوو بوون؛ بەقەوەت بوون؛ توانا بوون ‹بخار این کارها را ندارد: بڕشتی ئەم کارانەی نیە›.

بخار شدن: بوونە هەڵم/ هالاو؛ وەک هەڵم لێهاتن. هەروەها: **بخار کردن**

بخارپز[١] / boxārpaz، ـها/: [عربی/ فارسی] اسم. کەرەسەیێک کە بە هەڵم چێشت دروست دەکا.

بخارپز[٢]: صفت. کولاو بە هەڵماو؛ بە بۆق کولاو.

بخارسنج / boxārsanc، ـها/: [عربی/ فارسی] اسم. هالاوپێو؛ ئامرازی پێوانی تەوژمی بۆق و هالاو.

بخاری[١] / boxārî، ـها/: [عربی]/اسم. سۆمپا؛ سۆپا؛ زۆمپا؛ زۆپا؛ زۆپە؛ سۆبە؛ سۆپە؛ سومیە؛ ڕۆژینگ؛ لووەجن؛ کوورە؛ بخێری؛ مغاری؛ کوورەی ئاگر بۆ گەرمکردنی ژوور.

▣ **بخاری برقی**: سۆمپا/کوورەی کارەبایی؛ سۆپای بەرقی.

بخاری دستی: سۆمپا/کوورەی دەستی؛ زۆپەیێک کە دەگوزرێتەوە و لوولە سۆپای نیە.

بخاری دیواری: کۆماج؛ موغێری؛ کوانێ؛ ئاگردان؛کوانووی ناو دیوار؛ جۆرە سۆمپایەک کە بە ئاجۆر یان بەرد لە نێو دیواری هۆدەی ماڵدا چێ دەکرێ و گەرمای لە سووتاندنی چیلە و زوغاڵ یان گاز پێک دێ.

بخاری زغالی: کوورەی زوغاڵی؛ سۆمپایەکی ئاسنی کە لوولەی هەیە و زۆرتر زوخاڵ یان زوخاڵە بەردینەی تێدەسووتێنن. هەروەها: **بخاری گازی؛ بخاری نفتی؛ بخاری هیزمی**

بخاری[٢]: صفت. ١. خەڵکی شاری بوخارا لە ئوزبەکیستان ٢. پێوەندیدار بەو شارەوە ٢. هەڵمی؛ هەڵمینە؛ ئەوەی بە هێزی هەڵم کار دەکا.

بخاری‌ساز / boxārîsāz، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی]/اسم. سۆبەساز؛ کوورەساز؛ زۆپاچی؛ کەسێ کە کاری سۆپا خۆش کردن و دروستکردنەوەی بێت. هەروەها: **بخاری‌سازی**

بخت / baxt/:/اسم. بەخت؛ تاڵە؛ هەدار؛ وەخت؛ هات؛ هاتە؛ هات و وات؛ ڕەشنە؛

کابەشاک: ۱. بار و دۆخی لەناکاو و چاوەڕواننەکراو لە ژیانی کەسێکدا ‹بخت بد: بەختی ڕەش› ۲. /هات/ فریشته؛ بار و دۆخ یان ڕووداوەگەلی باش لە ژیاندا؛ شانس ‹بخت به او روی آورد: بەخت ڕووی تێ کرد›.

بخت بلند/ بیدار: /کنایی/ بەختەوەری؛ بەختیاری؛ کامڕەوایی؛ هەداریاری.

بخت خفته: /کنایی/ بەختی خەوالوو؛ بەختی نووستوو؛ بێبەختی؛ بەختی ڕەش؛ چارەڕەشی؛ ڕۆژەڕەشی؛ بەخت کوێری؛ بەختی هەڵگەڕاو؛ بەختی بەسراو؛ کلۆڵی؛ بەختی دوژمن.

خانەی بخت ☜ **خانه**

بخت به در خانەی کسی آمدن: /کنایی/ بەخت ڕووکردنە کەسێ؛ بەخت هاتنە ڕێی کەسێک؛ بەخت هێنان؛ ڕێکەوتی پێکەوت بۆ کەسێک چەلان؛ هەل بۆ کەسێک ڕەخسان: **بخت به کسی رو کردن**

بخت به کسی رو کردن ☜ **بخت به در خانەی کسی آمدن**

بخت خود را آزمودن: /کنایی/ بەختی خۆ ئەزموون؛ شانسی خۆ تاقی‌کردنەوە؛ هات و باتی خۆ ئەزموون؛ دەستپێ‌کردنی کارێک کە بە بارێکدا نەڕوا و ئاکامی نادیار بێ.

بخت کسی باز شدن: /کنایی/ بەختی کەسێ بەر بوون؛ زەماوەن‌کردن.

بخت کسی را باز کردن: /کنایی/ کۆست خواستن؛ بەخت بەردان؛ بەخت تەخت کردن؛ بە نزا و مزا بە شوودانی کچ. بەرانبەر: **بخت کسی را بستن**

بخت کسی را بستن: /کنایی/ بەخت هەڵگەڕاندن؛ بەخت کوێرەوەکردن؛ کۆست بەستن بە گازە و جادوو، بۆ بەرهەڵستی لە شووکردنی کچێک. بەرانبەر: **بخت کسی را باز کردن**

بخت یاری کردن: /کنایی/ هات باش هێنان؛ بەخت بە دەمەوە هاتن؛ بەختەوەر بوون.

به بخت خود پشت کردن ☜ **به بخت خود لگد/ پشت پا زدن**

به بخت خود لگد/ پشت پا زدن: /کنایی/ پشت‌کردن لە بەختی خۆ؛ لەقە لە بەخت خۆدان؛ هەل بە دەرفەت نەزانین: **به بخت خود پشت کردن**

به خانەی بخت رفتن ☜ **خانه**

بخت‌آزمایی / baxtāz(e)māyî، ـها/: /اسم. ۱. بەخت‌ئەزموونی؛ بەخت‌ئازمایی؛ خۆت و بەختی؛ کۆمەڵە کار و ڕەهاتێک بۆ دابین کردن و فرۆشتنی پسووله و لاتاری و دەست نیشان کردنی بەرندە و دابەشکردنی خەڵات ۲. /مجازی/ کار یان ڕەوتی دەس بردن بۆ کارێ کە سەرکەوتن و دواکەوتنی بە هەڵکەوت بێ.

بختانه / baxtāne/: قید. بەختانە؛ بەختانی؛ بەختەکی؛ هات و باتی؛ بە هەڵکەوت؛ خۆو بەختی؛ هەرەمە؛ هاکۆ؛ گۆترە؛ گۆترەی؛ لەپڕی؛ کوتوپڕی؛ نەکاوی؛ بێ‌ئاگاداری پێشوو.

بخت‌برگشته / baxtbargašte، ـها؛ ـگان/: صفت. بەخت‌هەڵگەڕاو؛ بەخت‌نووستوو؛ بەخت‌ڕەش؛ چارەڕەش؛ بەدبەخت؛ ڕۆژڕەش؛ بەخت‌کوێر؛ بەخت‌بەسراو؛ چەرمەسەر؛ کلۆڵ؛ ناوچەوان قۆقز؛ ناوچەوان قەشقە؛ تووشی ناکامی یان ڕووداوی ناخۆش هاتوو.

بختک / baxtak/: /اسم. شەوە؛ شەوگ؛ شەوێ: ۱. مۆتە؛ مۆتەکە؛ تاپۆ؛ تارمایی ۲. هەست بە خنکان و خەستانی زۆر لە خەودا کە خەوتوو بۆ خەڵسانی هەوڵ بدا و

دەستی بە هیچ کوێ نەگا ٣. تاپۆیەک کە وەها هەستێک پێک بێنێت.

بختـه / baxte/: *اسم.* پەروار؛ داوەستە؛ ئاژەلی دابەستە.

بختیار / baxt(î)yār/: *صفت. [ادبی]* بەختیار؛ بەختەوەر؛ بەختدار؛ خۆشبەخت.

بخر / bexar/: *اسم. [گفتاری]* سێنەر؛ کڕیار؛ سانەر؛ سەنیار؛ بسێن؛ کەسێ کە لێی دەوەشێتەوە شتێک بسێنێ.

بخرد / bexrad، ـان/: *صفت. [ادبی]* ژیر؛ بەبیر؛ بیرمەند؛ ئاوەزمەند؛ بەئاوەز؛ مژیار. هەروەها: **بخردی**

بخش [1] / baxš، ـها/: *اسم.* بەش؛ پاژ؛ پشک: ١. گیهەڤ؛ ئەندازەیەکی دیاری نەکراو لە شتێک ‹بخشی از مردم: بەشێ لە خەلک› ٢. بەشێک لە مەزرینگە کە کارێکی تایبەتی لە ئەستۆدایە ‹بخش تاریخ دانشکده: بەشی مێژووی زانکۆ› ٣. *[ریاضی]* دابەش؛ دابەشیەتی ٤. ناوچە؛ ناوان؛ کاڤار؛ سنجەق؛ شارۆچکە؛ گوندیلان؛ چەن دێ و شارەدێ کە شارۆکەوانێک پێی ڕادەگا و جەماوەر و ئاپۆرەی دەر لە شاری کەمتر لە ٣٠٠٠٠ و زۆرتر لە ١٢٠٠٠٠ کەس نیە ٥. بەشێک لە کتێبێک، یان نووسراوەیەک کە تا ڕادەیەک سەربەخۆیە ٦. پارچە؛ کوت؛ ناوچە؛ کوتێ لە شارێک کە چەشنێک یەکیەتی ئابووری و کۆمەلایەتییان تێیدایە ٧. چینێکی وەک یەک لە بنەماگەلی سەر بە کۆمەلێک ‹بخش دولتی: بەشی دەولەتی› ٨. *[قدیمی]* چارەنووس.

▣ **بخش خصوصی:** بەشی تایبەتی؛ کۆمەلەی کەسان و بنکەگەلێک کە کاری ئابووریان لە ژێر چاوەدێری دەولەتدا نیە. هەروەها: **بخش دولتی**

▣ **بخش کردن:** بەش کردن؛ دابەش کردن؛ بەش کەردەی. هەروەها: **بخش شدن**

ـ بخش [2]: *پیواژە.* ـدەر؛ بەخش؛ ـپێدەر ‹روشنایی‌بخش: ڕووناکی‌دەر›.

بخشائیدن / baxšā'îdan/ ☜ **بخشاییدن**

بخشایش / baxšāyeš/: *اسم.* بەخشایشت؛ لێبووری؛ بەخشێنەری؛ عەفوو؛ ویەردەی؛ نوخاف؛ کاری خۆش بوون لە سووچ و گونا.

بخشاینده / baxšāyande/: *صفت.* دەهندە؛ بەخشندە؛ بەخشێنەر؛ بەخشا؛ خاوەن لێهاتوویی یان هۆگرەتی بە بەخشین.

بخشاییدن / baxšāyîdan/ ☜ **بَخشودَن: بخشائیدن**

بخش‌بر / baxšbar/: *اسم.* دابەش‌بە؛ دابەش‌سەر ‹٣٠ بخش‌بر ۶ می‌شود ۵ : ٣٠ دابەش بە ٦، دەکاتە ٥›.

بخش‌بندی / baxšbandî/: *اسم.* پاژبەندی؛ بەشبەندی؛ کار یان ڕەوتی دابەش کردنی کۆمانەیەک بە بەشگەلێکی جیاواز.

بخشدار / baxšdār، ـها؛ ـان/: *اسم.* شارۆچکەوان؛ شارۆکەوان؛ بەخشدار؛ ناوچەدار؛ دەڤەردار؛ بالاترین پلەی کارگێری لە شارۆچکەیەکدا؛ نوێنەر و بەرپرسی دەولەت و وەزارەتی ناوخۆ لە شارۆچکەدا.

بخشداری / baxšdārî/: *اسم.* بەخشداری؛ ناوچەداری: ١. کاری بەخشدار ٢. /ـها/ مەزرینگەیەک کە بەخشداری تێیدایە.

بخشش / baxšeš، ـها/: *اسم.* کار یان ڕەوتی بەخشین: ١. گیهەڤ؛ دانەک؛ بەخششت؛ بەشانەوە؛ بەخشایەتی؛ کار و ڕەوتی دانی شتێک بە خۆڕایی ‹هر چه داشت به این و آن بخشش می‌کرد: هەر چێکی بوو بە ئەم و ئەوی دەبەخشی› ٢. دەستندە؛ دەسەنە؛ ئەو شتەی کە بە خۆڕایی بدرێتە کەسێک ‹بخشش به خروار، حساب به دینار: بەخشین بە خەروار، حیساب بە دینار› ٣. لێبووردن؛

بـەخشایـشت؛ ویـەردەی؛ کـار یـان ڕەوتی چاوپۆشی‌کـردن لـە هـەڵـە و تـاوانی کـەسان ‹بخشش از بزرگان است: بەخشین بـۆ گەورەگەلە›.

⊡ **بخشش داشتن**: خاوەن لێبووردوویی و بەخششت بوون.

بخشش کردن: بەخشینەوە؛ بەخشانەوە؛ بەخششتکردن؛ شت بە دیتران بەخشین.

بخشنامه / baxšnāme، ـها/: *اسم*. بەخشنامە؛ نامەیەک کە لە لایەن بالاترین پلەی دامەزراوەیەکی ئیداریەوە بۆ ڕێنوێنی و ئاگادارکردنەوەی تەواو یان بەشێک لە دامەزراوان دەنێردرێت.

بخشندگی / baxšandegî، ـها/: *اسم*. دلاوایی؛ بەخشێنەری؛ دەهندەیی؛ بار و دۆخ یان چۆنیەتی دلاوا بوون.

بخشنده / baxšande، ـگان/: *صفت*. دەهندە؛ دەهەندە؛ دلاوا؛ بەخشەنە؛ بەخشندە؛ دەسقاز؛ شیەچگ؛ دەسەنەدار؛ دایندە؛ وساخ؛ توانا و خووگرتوو بە بەخشین ‹خداوند بخشندەی مهربان: خودای دەهندەی دلۆڤان›.

بخشودگی / baxšûdegî، ـها/: *اسم*. ١. بەخشراوی؛ ئازاد بوون لە سزا و تاوان ‹بخشودگی زندانیان سیاسی: بەخشراوی بەندیە سیاسیەکان› ٢. بەخشانە؛ بەخشینە؛ ئەوەی کە بۆ بەخشین دەبێ ‹بخشودگی مالیاتی: بەخشانەی پیتاکی›.

بخشودن / baxšûdan/: *مصدر. متعدی*. //**بخشودی**: بەخشیت؛ **می‌بخشایی**: دەبەخشی؛ **ببخش**: ببەخشە// بەخشین؛ بووردن؛ لێبووردن؛ لێبوورین؛ عافوکردن؛ بەخشەی؛ بەخشای؛ چنەویەردەی؛ لە گوناهی کەسێک خۆش بوون و تۆڵەی لێ نەستاندنەوە: **بخشاییدن**. هەروەها: **بخشودنی**

■ صفت فاعلی: **بخشاینده** (بەخشێنەر)/ صفت مفعولی: **بخشوده** (بەخشێنراو)/ مصدر منفی: **نَبخشودن** (نەبەخشین)

بخشی / baxšî/ ☜ **مَقسوم**

بخشیاب / baxšyāb/ ☜ **مَقسومٌعَلَیه**

بخشیدن / baxšîdan/: *مصدر. متعدی*. //**بخشیدی**: بەخشیت؛ **می‌بخشی**: دەبەخشی؛ **ببخش**: ببەخشە// بەخشین؛ بەخشەی: ١. بەخشینەوە؛ تەخشانکردن؛ بە خۆڕایی شتێ دان بە کەسێک ‹بخشیدن به مستمندان: بەخشین بە هەژاران› ٢. خۆشبوون؛ بواردن؛ عافوکردن؛ لێبووردن؛ بەخشان؛ بگردن ‹بخشیدن محکومان: بەخشینی تاوانباران›.

■ صفت فاعلی: **بخشنده** (بەخشەر)/ صفت مفعولی: **بخشیده** (بەخشراو)/ مصدر منفی: **نَبخشیدن** (نەبەخشین)

بخصوص[1] / bexusûs, bexosûs/: [فارسی/ عربی] *صفت*. ئەوتۆ؛ تایبەتی؛ تایبەت؛ تەیبە ‹آدم بخصوصی است؛ حرف بخصوصی نزد: کەسێکی تایبەتە؛ وتەیەکی نەوتوی نەوت›.

بخصوص[2]: *قید*. بەتایبەت؛ نەخوازا؛ نەخوازەلا؛ نەوازا ‹بخصوص در اینجا که حق با او بود: بەتایبەت لێرەدا حەق بە ئەو بوو›.

بخل / boxl/: [عربی] ☜ **بخیلی**

بخو / boxow, boxo:/ ـها/: [ترکی] *اسم*. پاوەن؛ پاوانە؛ پێ‌بەند؛ بازنەیەک کە بە پێی چوارپێیانەوە دەبەستن تا نەجوولێن.

بخوبر / boxowbor, boxo:-/ ـها/: [ترکی/ فارسی] *صفت*. *[کنایی]* سەربزێو؛ بزۆز؛ سەربزۆک؛ سەرکەش؛ سەرکێش؛ لاسار؛ خۆڕا؛ گوێ‌نەدەر؛ مەرەخەس؛ بێ‌گوێ.

بخوبریده / boxowborîde, boxo:-/ ـها/: [ترکی/ فارسی] *صفت*. بێ‌گوێ؛ سەربزێو؛ سەرکەش؛

مەرەخەس؛ گوێنەدەر.

بخوبی / bexûbî/: *قید.* بەباشی؛ بەچاکی؛ بەخاسی؛ چاک؛ باش: ۱. شیاو؛ جوان؛ چۆنیەتی و بارودۆخێکی باش ‹عروسی بخوبی برگزار شد: زەماوەندەکە باش بەڕێوە چوو› ۲. بە تەواوی؛ خاس ‹او بخوبی می‌دانست من پول ندارم: ئەو باش دەیزانی کە من پارەم نیە›.

بخور / boxor/: *صفت. [گفتاری]* بخۆر؛ بخوەر؛ خۆرا؛ هەماوەر: ۱. ئەخۆم؛ بوەرمێ؛ پرحەز و ئیشتیا ۲. خاوەن توانست و ویست بە خواردنی شتێ ‹اگر پلوخورشت باشد، بخورش هستم: ئەگەر پلاوخۆرشت هەبێ، بخۆرین›.

بخور / buxûr, boxûr/: [عربی] *اسم.* بخوور؛ بغورد؛ بوخورد؛ سووتەمەنی بۆنخۆش: ۱. هەرکام لەو سووتەمەنیانە کە بۆنخۆشکەرەوەن ۲. دەرمانێک کە هەتوانێ کە نەخۆش وەبەر هەڵمەکەی دەدەن.

◘ **بخور مریم** ☜ **نگونسار**[1]

بخورـ بخور / boxorboxor/: *اسم. [گفتاری]* ئاخۆران- باخۆران؛ خواردنی لە ڕادە بەدەر و (زۆرتر) بە کۆمەڵ.

بخور و بخواب[1] / boxor-o-bexāb، ـها/: *اسم. [گفتاری]* تەمبەڵی؛ تەوەزەلی؛ خواردن و خەفتن ‹پسرجان وقت کار است نە بخور و بخواب: کوڕی خۆم وەختی کارە نەوەک تەمبەلی›.

بخور و بخواب[2]: *صفت. [گفتاری]* خۆری و تۆری؛ تەمبەڵ و تەوەزەل؛ قن‌گران؛ قن‌بەتاڵ ‹هر چە آدم بخور و بخواب بود دورش را گرفتە بودند: هەرچی خوری و توری بوو دەوریان دابوو›.

بخور و نمیر / boxor-o-namîr/: *صفت.* نەقڕ نەپڕ؛ نەمر و نەژی؛ بژی و مەمر؛ مەمرەمەژی؛ بخۆ و مەمرە؛ نەوەر و نەمەر؛ مەرگ‌ومەژی؛ دەست و دەڤ؛ دەست لەدەڤ؛ کولەمەرگ؛ کەمترین ئەندازەی پێویست بۆ گوزەرانی ژیان ‹غذای بخور و نمیر: خواردنی نەمر و نەژی›.

بخیل / baxîl، ـها/: [عربی] *صفت.* ۱. ڕژد؛ چاونەزێر؛ چکووس؛ چرووک ۲. چنۆک؛ چاونەزێر؛ چاونەباز؛ حەسوود؛ ئیرەییبەر؛ گاڤبەر ۳. بەرچاوتەنگ؛ چاوچنۆک؛ چەڵماس.

بخیلی / baxîlî/: [عربی] *اسم.* چەڵماسی: ۱. ڕژدی؛ دەس‌قووچاوی؛ چرووکی؛ چکووسی؛ وشکەهەوەڕی ۲. ئێرەیی؛ چاونەباری؛ چنۆکی؛ چاونەزێری؛ گاڤبەری ۳. بەرچاوتەنگی؛ چاوچنۆکی؛ وەرەچەم تەنگی.

بخیە / bax(i)ye، ـها/: *اسم.* کۆک؛ باخیە؛ کێلەک؛ تەقەڵ؛ تەقەل؛ نوێرد؛ تیک؛ تەقەلە؛ قەیدەک؛ قولپک؛ جۆرێ دروومان کە بەنەکەی تێدا خاڵ و خێڵ دیارە.

◘ **بخیە بە آبدوغ زدن**: *[مجازی]* ئاو بێژان؛ ئاوکوتان؛ ئاو لە ئاوان کوتان؛ ئاو خەست‌کردنەوە؛ ئاو هەسەوکردن؛ کاری گۆترەکردن.

بخیە زدن/کردن: تەقەڵ لێدان/ دان.

بد[1] / bad، ـها، ـان/: *اسم.* نەباش؛ خراپ؛ خراو؛ خەرا؛ خەراب؛ خەراو؛ گەندە؛ گەنە؛ گەن؛ بەد؛ بەی؛ بەو؛ ڕەش؛ سیا؛ گەس؛ کەس یان شتی ناخۆش یان نالەبار.

◘ **بد آمدن از کسی/ چیزی**: قین هەبوون لە کەسێ/ شتێک؛ ڕق لە کەسێ/ شتێک بوون؛ بێزاری و ناخۆشی لە بەرانبەر کەسێ یان شتێکەوە ‹او خیلی از بادنجان بدش می‌آید: زۆر قینبەتی لە باینجان›.

بد آوردن: نوشوست هێنان؛ نکوولی

هێنان؛ زیان‌کردن لە ژیاندا؛ لێ‌قەومان؛ لێ‌قەومیان؛ لێ‌قەومین؛ بارکەوتن؛ بارکەفتن. هەروەها: **بد دیدن**

بد بە دل راه ندادن ☜ بە دل بد نیاوردن، **دل**

بد کردن: خراپەکردن؛ کاری نابەجێ کردن؛ کاری نالەبارکردن؛ خراوی‌کردن.

بد کسی را خواستن/ نخواستن: *[گفتاری]* خراپەی کەسێک ویستن/ نەویستن.

بد گفتن: خراو وتن؛ خاس نەوتن؛ قسەی ناخۆش، ناشیرین یان نارەوا وتن.

بد[2]: *صفت*. ۱. ناخۆش؛ بەد؛ بەو؛ نەگەویس؛ گەس؛ گەست؛ ناوەش ‹روز بدی بود: رۆژێکی ناخۆش بوو› ۲. نابار؛ خراپ؛ خراو؛ نارەوا؛ ناشایست.

بد[3]: *قید*. خراپ؛ خراو؛ بەخراپی؛ بەناخۆشی ‹خیلی بد کار می‌کند: زۆر خراپ کاردەکا›.

بد ـ[4]: *پیشواژە*. بەد ـ ؛ بەو ـ ؛ بەی ـ ؛ گەن ـ ؛ خراپ ـ ؛ پیس ـ ؛ گەس ـ ؛ بەور ـ ؛ ـ ڕەش؛ ڕەش ـ ؛ سیا ـ ؛ ـ سیا؛ ـ پیس؛ ناخۆش و ناحەز؛ خاوەن چۆنیەتیێکی ناخۆش و نەویستی ‹بدقیافە؛ بدجسم: بەدتەسک؛ چاوپیس›.

بدآموز / badāmûz، ـها/: *اسم*. گەستار؛ گەستاوەر؛ بەدئامۆژ؛ توانا لە فێرکردنی خراپە.

بدآموزی / badāmûzî، ـها/: *اسم*. گەستاری؛ بەدئامۆژی؛ کار یان ڕەوتی خراپە فێرکردن.

بداختر / badaxtar/: *صفت*. *[ادبی]* چارەڕەش؛ ڕۆژڕەش؛ بەدشانس؛ بەدبەخت؛ گناتەدێر؛ کلۆڵ؛ سیاچارە؛ سیابەخت.

بداخلاق / badaxlāq/: [فارسی/ عربی] *صفت*. بەدخۆ؛ ناکەس؛ بەدئەخلاق؛ نانەجیب؛ ناکەس بەچە؛ نەتوو؛ ئەخم‌تیەل؛ لەلبایە: ۱. بە ڕێ و ڕەوشتی هەڵنەسەنگاو؛ ئاکارخراپ؛ بەدخوو ‹زنش خیلی بداخلاق بود: ژنەکەی زۆر بەدخو بوو› ۲. خاوەن خوو و ڕەوشتی ناپەسەند لە کۆمەڵگادا ‹با این آدمهای فاسد و بداخلاق نشست و برخاست مکن: لەگەڵ ئەم گەندەڵ و ناکەسانە هەڵس‌وکەوت مەکە›.

بداخلاقی / badaxlāqî، ـها/: [فارسی/ عربی] *اسم*. بەدخۆیی؛ بەوخۆیی؛ بێ‌فەڕێ.

بداخم / bad'axm/: *صفت*. ئێسک‌قورس؛ خوێنتاڵ؛ ڕەزاگران؛ کرێت؛ دڵ‌هشک؛ ڕووگرژ؛ مۆڕ (بۆ نێر)؛ مۆڕە (بۆ مێ)؛ مڕ و مۆچ؛ ناوچاوتاڵ؛ ڕووتاڵ.

بداصل / bad'asl/: [فارسی/ عربی] *صفت*. نارەسەن؛ بەدرەسەن؛ بن‌میتانە؛ بۆرە؛ ڕەمەکی و سەرنەناس.

بداغ / bodāq، ـها/: [ترکی] *اسم*. نەویران؛ گوڵەدووگ؛ گوڵەدووگە؛ گوڵەدووف؛ دارچکێکی چەن ساڵەیە لە تیرەی گەنەدار بە گوڵی درشت و جوانەوە.

بداغر / bad'oqor/: [فارسی/ ترکی] *صفت*. *[گفتاری]* قۆشمە؛ بەدفەڕ.

بدان[1] / bedān، ـان/: *صفت*. *[ادبی]* بە ئەو؛ بەو؛ بە وی؛ پا ‹بدان گونە: بەو جۆرە›.

بدان[2]: *ضمیر*. *[قدیمی]* بەو؛ بە ئەو؛ بەوەوە؛ بەوکەسە؛ پادی (بۆ نێر)؛ پادێ (بۆ مێ) ‹با کە گفتی؟ بدان: بە کێت گوت؟بەو›.

بداندیش / badandîš، ـها؛ ـان/: *اسم*. *[ادبی]* گومان‌ڕەش؛ بیرخراو؛ بیرچەپەڵ؛ بێ‌فەڕ و دڵ‌پیس؛ کەسێ کە لە دژی کەسانی‌تر بیر دەکاتەوە و پیلان دەڕێژێت.

بداهت / badāhat, bedāhat/: [عربی] *اسم*. *[ادبی]* ئاشکرایی؛ ڕاشکاوی؛ خویایی؛ ئاشکرا بوون.

بدایت / bedāyat, badāyat/: [عربی] *اسم*. *[ادبی]* سەرەتا؛ هەوەڵ؛ دەسپێک ‹در بدایت امر اطلاع درستی نداشتم: لە سەرەتاوە باش

نەمدەزانی›.

بدایع / badāye'/: [عربی] جمعِ ☜ **بَدیع**

بــدباطن / badbāten/: [فارسـی/ عربـی] *صـفت.* دڵڕەش؛ دڵـپیس؛ بـەدڕا؛ بـەددڵ؛ خـاوەن بـیر و بۆچوونگـەلی گـەن لـەبـارەی دیتراونـەوە ‹نبایـد فریـب ایـن مـرد خـوش‌ظـاهر و بـدباطن را می‌خوردی: نەمەشیا فریـوی ئـەم پیـاوە بـە ڕواڵـەت خوەش و دڵڕەشەت بخواردایە›.

بــدبخت / badbaxt، ـهـا/: *صـفت.* کـڵۆڵ؛ کرۆڵ؛ بەوبەخـت؛ بـەدبـەخـت؛ قـەرەبـەخـت؛ چـارەڕەش؛ بـەرگـەشـتە؛ دامـاو؛ دامـاگ؛ دێـز؛ کتـور؛ ڕۆژڕەش؛ قـەشـقە؛ بۆنـەهـاتوو؛ بۆنـەهاتـگ؛ بێوڵـەت؛ بارکـەوتـوو؛ هەرگ‌بەسەر؛ هەڕیوەسەر؛ نامەی.

بدبختانــه / badbaxtāne/: *قیـد.* بـە داخـەوە؛ مخـابن ‹بدبختانـه نمـی‌تـوانم بیـایم: بـە داخـەوە ناتوانم بێم›.

بــدبختی / badbaxtî، ـهـا/: *اسـم.* بـەدبـەخـتی؛ کولۆڵـی؛ کامبـاخی؛ بـەرگـەشـتی؛ نـەهـاتی؛ سیاچارەیـی؛ ڕۆژڕەشـی؛ کرۆڵـی؛ کوڕۆڵـی: ۱. دۆخ یان چۆنیەتی بـەدبـەخـت بـوون ‹بـدبختی و خوشـبختی هـر کـس دسـت خـودش اسـت: هـات و نەهاتـی هـەرکـەسـێک بـە دەسـتی خۆیـەتی› ۲. نـاراو؛ مـورووز؛ نـەگبـەتی؛ ڕووداوی ناگـەوار و نالـەبـار ‹زن گـرفتن او بـدبختی بزرگـی بـود: ژن خواستنی بەدبەختیەکی گەورە بوو›.

بدبده / badbade/ ☜ **بِلدِرچین**

بــدبو / badbû/: *صـفت.* بۆگـەن؛ سـێفتۆ؛ سفتۆ؛ گـەنـار؛ حـەف؛ حـەفـار؛ خمـڵ؛ بـوەن؛ بۆن ناخۆش؛ بۆن‌پیس.

بــدبوم / badbûm/: *اسـم.* ئـاودڕ؛ ئاودڕگـە؛ دڕناڵ؛ کـەنـداڵ؛ نـەواڵ؛ نـواڵ؛ گۆڕاییێـک کـە بە هۆی ئـاوی بـە گـوڕەوە کـەنـد و کـەنداڵـی تێکەوتووە.

بــدبیار / badbiyār، ـهـا/: *صفت.* کـڵۆڵ؛ کـرۆڵ؛ بـەوشـانس؛ بـەدسـەکـوت؛ نامـەد؛ تووشـیاری نەهاتی و نهامەتی ‹مـرد بـدبیاری اسـت، هـر وقـت مـی‌رود مـسافرت، دزد خانـه‌اش را مـی‌زنـد: پیـاوێکی کـڵۆڵە، هـەرکاتێـک دەچێتـە سـەفـەرەوە دز ماڵەکەی دەبڕێ›.

بــدبیاری / badbiyārî، ـهـا/: *اسـم.* کـڵۆڵی؛ کرۆڵـی؛ کوڕۆڵـی؛ نامـەدی؛ نوشوسـی؛ نوشوسـتی؛ نهامـەتی؛ بـەو بـەخـتی؛ بارکەفتوویی؛ نەهاتەی؛ نەهاتی.

▣ **بـدبیاری** آوردن: تووشـی نـەهـاتی بـوون؛ لێ‌قەومان؛ لێ‌قەونیان؛ بەخت‌کەوتن.

بــدبین / badbîn، ـهـا؛ ـان/: *صفت.* ڕەش‌بـین؛ چاوتاریک؛ بـەدبـین؛ خـاوەن ئـۆگرەتی و وازی ڕەش‌بـینی؛ خـاوەن لێکدانـەوە و هـەڵـسەنگانـدنی خـراپ و داوەری چـەوت بەرانبـەر بـە کـەسانی‌تـر، یـان دیـاردەگـەل و ڕووداوگـەل ‹آدم بـدبین خیـال مـی‌کنـد هـوا بـرای ایـن ابـری شـده اسـت کـه او نتوانـد رختهـایش را خشک کنـد: مـرۆی ڕەش‌بین وادەزانێ هـەوا بۆیـە بـووەتـە هـەور کـە نـەهێڵێ جلـەکـانی هـەڵـخا و وشکی‌کاتەوە›. هـەروەهـا: **بـدبین بـودن؛ بـدبین شدن؛ بدبین کردن**

بــدبینی / badbînî، ـهـا/: *اسـم.* ڕەش‌بـینی؛ چاوتـاریکی؛ لێکدانـەوە و داوەری نـەیارانـە، لـە بـارەی دیترانـەوە یـان دیـاردەگـەل و ڕووداوانەوە.

بــدپیلگی / badpîlegî، ـهـا/: *اسـم.* لاسـاری؛ وڕکـنی؛ سـەرکێـشی؛ چـەقـاوەسـوویی؛ چەقەسرۆیی؛ چـەتـوونی؛ تووتڕکـەسـەری ‹تـو بـا ایـن کینـەتـوزی و بـدپیلگی خـودت را خـراب مـی‌کنـی: تـۆ بـەم ڕک و وڕکنیـەت خـۆت ئەدۆڕێنی›.

بدپیلــه / badpîle/: *صـفت. [گفتـاری]* لاسـار؛ وڕکن؛ چەقاوەسوو؛ چـەقـەسرۆ؛ سـەرکێش؛ چەتوون؛ تووتڕکەسەر؛ ناکولۆکار.

بدترکیب / badtarkîb/: [فارسی/ عربی] صفت. درزیو؛ نابار؛ دشت؛ نەچێ؛ ناجۆر؛ بێقولخ؛ کرێت؛ بەدتەشک؛ ناحەز؛ ناشیرین؛ ناشرین.

بدجنس / badcens/: [فارسی/ عربی] صفت. بەدفەڕ؛ ناجسن؛ بەوجنس؛ خاوەن بیر و هزری خراپ.

بدجنسی / badcensî، ـها/: [فارسی/ عربی] /اسم. ناجسنی؛ بەوجنسی؛ بەدفەڕی: ١. کار یان ڕەوتی بەدفەڕی ‹بدجنسی برایش عادت شده بود: بەدفەڕی ببووە خوویەک بۆی› ٢. کردەوەیەک بۆ ئازاردانی کەسی تر، بێئەوەی قازانجێکی بۆ خۆی هەبێ.

بدحال / badhāl/: [فارسی/ عربی] صفت. حاڵ خراپ؛ حاڵشڕ؛ پەککەوتوو؛ کەنەفت؛ کەلەلا؛ ناحاڵ؛ ناخۆش.

بدحالی / badhāli/: [فارسی/ عربی] /اسم. ناکۆکی؛ بێکەیفی؛ بەدحالی.

بدحساب / badhesāb/: [فارسی/ عربی] صفت. قەرزکوێر؛ قەرزکۆر؛ سەرچەوت؛ کەچحەساو؛ حیسابناڕاست ‹بهتر است با آدمهای بدحساب معامله نکنی، چون هم پولت را می‌خورند و هم دچار دردسرت می‌کنند: چاکتر وایە لەگەڵ مرۆی قەرزکوێردا مامەڵە نەکەی، لەبەر ئەوە هەم پارەکەت دەخۆن، هەم تووشی چەرمەسەریشت دەکەن›.

بدحسابی / badhesābî، ـها/: [فارسی/ عربی] /اسم. سەرچەوتی؛ قەرزکوێری؛ قەرزکۆری؛ کەچحەساوی؛ دۆخ یان چۆنیەتی نەدانەوەی قەرزی خەڵک لە سەر وادەی خۆیدا.

بدخشی / badaxšî، ـها؛ ـان/: صفت. بەدەخشی؛ سەبارەت بە پارێزگای بەدەخشان لە وڵاتی ئەفغانیستان.

بدخو / badxû، ـیان/: صفت. [ادبی] ترشوتاڵ؛ ناوچاوگرژ؛ ناوچاو دێز؛ بەدخۆ؛ نەگونجاو.

بدخواب / badxāb/: صفت. خەوشێواو؛ خەوزڕاو؛ خەو لێ شێواو؛ بە خەوی لێکبڕاو و ناسەرەوەخت.

بدخواه / badxāh، ـان/: صفت. بەوخواز؛ بەدواز؛ خراپەویست؛ دژ؛ خوازیاری خراپەی خەڵکی ‹عزیزم، پدر که بدخواه پسرش نمی‌شود: گیانە، باوک بەوخوازی کوڕی نابێ›.

بدخواهی / badxāhî، ـها/: /اسم. بەوخوازی؛ بەدوازی؛ خراپەویستی؛ بە ئارەزووی خراپە بوون بۆ خەڵک: ١. دۆخ یان چۆنیەتی بەوخواز بوون ٢. کار یان ئاکارێک بۆ تووش کردنی کەسان ‹او قصد بدخواهی نداشت: ئەو نیازی بەوخوازی نەبوو›.

بدخوراک / badxorāk/: صفت. دژخۆر؛ دژخۆراک؛ دژلەوەڕ؛ دوودڵ لە خواردەمەنیدا؛ خاوەن خو یان هۆگرەتی نائاسایی سەبارەت بە خواردن (وەک نەخواردنی زۆرێک لە چێشتگەل): **بدغذا**

بدخیم / badxîm/: صفت. [پزشکی] بێدەرمان؛ بێچارەسەر؛ بەکاردانەوەیێکی خراپ و زیانبارەوە ‹بیماری بدخیم: نەخۆشینی بێچارەسەر›.

بددل / bad.del/: صفت. ١. بەودڵ؛ دڵپیس؛ بیرخراپ ٢. دڵگران؛ دڵڕەنجاو؛ دڵشکاو؛ دڵمەن؛ دڵمەند؛ دڵئێشاو ‹از حرفهای من کمی بددل شد: لە قسەکانی من نەختێک دڵگران بوو› ٣. کەمدڵ؛ بە بێتاقەت و خۆڕاگری لە ئاستی دیتنی شتانێکی پیس و ناخۆشەوە. هەروەها: **بددلی**

بددماغ / bad.damāq/: [فارسی/ عربی] صفت. لووتبەرز؛ بەدەمار؛ دەماراوی؛ گەوەزە؛ لەخۆبایی؛ خۆ پەسێن؛ خۆ بە زلزان.

بـــددوا / bad.davā/: [فارســی/ عربـی] *صـفت.* دەوابێز؛ بەودەوا؛ دەوانەخۆر؛ سەخت‌گیر لە دەوا خواردندا (وەک ئەوەی نەیخوا یان بەزۆر بکەوێتە قەرەیدا).

بـــددهن / bad.dahan/: *صـفت.* دەم‌پیس؛ جنێوفرۆش؛ جوێن‌فرۆش؛ دوژێن‌فرۆش؛ دژمێن‌دەر؛ دەم‌چەپەڵ؛ زمان‌پیس؛ دەڤ‌پیس؛ زمان‌شڕ؛ دەڤ‌چێر؛ دەڤ‌گەنی؛ سخێف‌بێژ؛ زمان‌ڕەش؛ کەچ‌کەلام؛ دژمان‌دەر؛ ناڤدایەک؛ تایبەتمەندی کەسێک کە قسەی ناشیرینی بە زاردا دێ.

بـــددهنی / bad.dahanî، ـهـا/: *اسـم.* جنێوفرۆشی؛ جوێن‌فرۆشی؛ دەم چەپەڵی؛ زمان پیسی؛ زمان‌شڕی؛ کار یان ڕەوتی وتنی قسەی ناشیرین، جوێناوی و پیس.

بـــدذات / badzāt/: [فارسی/ عربی] *صـفت.* بەدهیم؛ ناجسن؛ بەوجنس؛ بەودڵ؛ بە بیر و کرداری خراپە. هەروەها: **بدذاتی**

بـــدر / badr/: [عربی]/*اسـم.* مانگی چاردە؛ مانگی‌پڕ؛ هەلاب؛ هەیڤاپڕ؛ چوارده شەوە؛ حاڵەتی مانگ کاتێک نیوەی ڕۆشنی ڕوو بە زەویە و وەک جەغزێکی تەواو دیارە.

بـــدراه / badrāh/: *صـفت.* لاڕێ؛ بەدڕا؛ ڕێ‌چەوت؛ خوێڕی؛ وێڵەکی؛ خاوەن ئاکاری ناشایست و دژ بە ئەخلاق.

▣ **بدراه شدن:** خوێڕی بوون؛ هەڵە بوون؛ لە ڕێ دەرچوون؛ خراو بوون؛ لاڕێ بوون.
هەروەها: **بدراه کردن**

بدرستی / bedorostî/: *قید.* بەچاکی؛ بە دروستی؛ ڕێک ‹پولها را بدرستی میان بچه‌ها تقسیم کرد: پارەکانی بە چاکی لە نێوان منداڵەکاندا دابەش کرد›.

بـــدرفتار / badraftār/: *صـفت.* بەدئاکار؛ بەدکردار؛ قیچمەز؛ بەدڕەفتار؛ بەدخوو؛ لاسار.

بدرفتاری / badraftārî، ـها/: *اسم.* بەدئاکاری؛ بەدکرداری؛ قیچمەزی؛ بەدڕەفتاری؛ بەدخوویی؛ لاساری.

بدرقـه / badraqe/: [معرب از فارسی]/*اسم.* ۱. ڕوانە؛ کار یان ڕەوتی ڕوانەکردن؛ ڕەوانە کردن؛ بەدرەقە؛ میوان بەڕێ‌کردن؛ بەڕێ کردنی کەسێ کە دەڕوا، بە نیشانەی میهرەبانی و ئەدەب ‹مهمانها را تا سر کوچه بدرقه کردم: میوانەکانم تا سەر کۆڵانەکە ڕوانە کرد› ۲. کار یان ڕەوتی بردن؛ گواستنەوەی بەندی؛ بەڕێ‌کردن ‹من صدها زندانی را بدرقه کردەام: سەدان بەندیم بەڕێ کردووە› ۳. ئاستەڕی بەرگی کتێب لە ناوەوە.

بـدرکاب / badrekāb/: [فارسی/ عربی] *صفت.* بەدڕەفت؛ بەوڕەفت؛ لاجڵەو؛ ڕەپ؛ ڕەق؛ سرک؛ بە دۆخ یان چۆنیەتیەکی ناخۆش لە سواریدا ‹اسب خیلی بدرکاب بود: ئەسپەکە گەلێک بەدڕەفت بوو›.

بـــدرگ / badrag/: *صـــفت.* ۱. *[پزشـــکی]* بێ‌ڕەگ؛ خاوەن ڕەگی نادیار یان باریک کە دەرزی وەشاندنی دژوار بێ ۲. *[مجـــازی]* تووترکەسەر؛ سەربزێو؛ یاخی ‹با آدم بدرگ و ناتو نمی‌شود کنار آمد: لەگەڵ مرۆی سەربزێو و لاساردا ناکرێ پێک بێت›.

بـدرنگ / badrang/: *صفت.* قرتۆنی؛ ناحەز؛ ناشیرین؛ بەوڕەنگ؛ نەچێ؛ کرێت؛ دزێو.

بـــدرود / bedrûrd/: *دعـا.* مالاوا؛ خواحافیز؛ وەش ئامای؛ وەخێرچی؛ خاترێ‌وە؛ وشەیەکە لە کاتی لێک‌جیابوونەوەدا دەیڵێن ‹بدرود ای روزهای خوش جوانی!: مالاوا ئەی ڕۆژانی خۆشی لاوەتی!›.

▣ **بـــدرود زنـدگی گفـتن:** *[ادبـی]* کۆچی یەکجاری‌کردن؛ مالاوایی‌کردن لە ژیان؛ مردن؛ نەمان.

بـدرود گفتن: مالاوایی‌کردن؛ وەش ئامای

واتەی.

بدره / badre. ـها/: اسم. [قدیمی] کیسک؛ هەنبانە؛ هەمانە؛ کیسەی دراو.

بدسابقه / badsābeqe. ـها/: [فارسی/ عربی] صفت. شوێن‌چەپەڵ؛ شوێن‌پیس؛ بەدناو؛ دانستەی ئەو کەسەی کە ڕابردوویەکی باشی نەبێ و کردەوەی ناڕەوای زۆر بێ ‹بعضی از این شریکهایت آدمهای بدسابقه‌ای هستند: بڕێ لەم هاوبەشانەت مرۆگەلێکی شوێن‌چەپەڵن›.

بدست / bedast/: اسم. [ادبی] بست؛ بنگووس؛ بس؛ ویەسە؛ یەسە؛ یەکەی پێوانەی کۆن، لەم سەری قامکی گەورەوە هەتا ئەو سەری قامکە چکۆلە بە ئاوەلایی.

بدسرشت / badserešt. ـها/: صفت. [ادبی] بەدفەڕ؛ بەدخوو؛ بێ‌مەک.

بدسگال / badsegāl/: صفت. [ادبی] خانەگومان؛ خانگمان؛ بیرخراپ؛ دڵ‌پیس؛ دڵ‌چەپەڵ.

بدسلیقگی / badsalîqegî. ـها/: [فارسی/ عربی] اسم. بەدسەلێقەیی؛ گەنەخڕی.

بدسلیقه / badsalîqe/: [فارسی/ عربی] اسم. بەوسەلێقە؛ بەدسەلێقە؛ گەن‌پەسەن؛ گەنەخڕ؛ بێ‌توانایی ناسین و هەڵبژاردنی شتی باش و لەبار.

بدسیما / badsîmā/: صفت. بەدتەشک؛ بەدماژی؛ ناشیرین؛ ماژەگەن؛ کرێت.

بدشانس / badšāns/: [فارسی] صفت. بەدشانس؛ بێ‌بەخت؛ خایەن؛ غایەن.

بدعت / bed'at/: [عربی] اسم. کار یان ڕەوتی داتاشین؛ نۆژن؛ لە خۆوە دەرهێنان؛ داهێنانی نەریت یان ئایینێکی نوێ کە دژ بە ڕست و لە لای خەڵکەوە دزێو بێ.

▣ **بدعت‌گذاشتن**: (تازە) داهێنان؛ شێوە و ڕەوشتی تازە دانان ‹این روش دونرخی کردن را دولت سابق بدعت گذاشت: ئەم شێوەی دوونرخی‌کردنەوە دەوڵەتی پێشوو دایهێنا›.

بدعنق / bad'onoq/: [فارسی/ عربی] صفت. [گفتاری] ئاڵۆز؛ ناساز؛ نەساز؛ نەسازای تووش‌وتوورە ‹امروز از اول صبح همین طور بدعنق بود: ئەمڕۆ هەر لە بەیانیەوە ئاڵوز بوو›.

بدغذا / badqazā/: [فارسی/ عربی] ☜ **بدخوراک**

بدقدم / badqadam/: [فارسی/ عربی] صفت. پێ‌ڕەش؛ پاسیاو؛ پاپەڕخراو؛ شووم؛ پێ و قەدەم شووم؛ سەرەووەرە؛ سەرەخۆر؛ پاوشک ‹حالا که آقا مرده، لابد همه می‌گویند عروس بدقدم بود: ئێستا کە ئاغە مردووە، بێ‌شک خەڵک دەڵێن بووک پێ‌ڕەش بووە›.

بدقلب / badqalb/: [فارسی/ عربی] صفت. دڵ‌پیس؛ دڵ‌ڕەش؛ بەدڕا؛ بەددڵ؛ بیرخراپ؛ بە ویست و هزرێکی خراو لە ئاستی کەسانی‌ترەوە.

بدقلق / badqeleq/: [فارسی/ ترکی] صفت. [گفتاری] نەگونجاو: ١. دەمەدەمی؛ بەدڕەوشت؛ بەدخۆ؛ بەدمحانج ٢. ناساز؛ نەساز ‹شاگردمان خیلی بدقلق است: شاگردەکەمان زۆر ناسازە›.

بدقلقی / badqeleqî. ـها/: [فارسی/ ترکی] اسم. [گفتاری] ١. لاساری؛ نەگونجاوی ٢. سەرەڕۆیی؛ سەربزێوی ‹کارگرش بدقلقی می‌کرد، بیرونش کرد: کاریگەرەکەی سەربزێوی دەکرد، دەری کرد›.

بدقواره / badqavāre/: [فارسی/ عربی] صفت. [گفتاری] بەدنزم: ١. نارێک؛ بەدقەوارە؛ بەودوخت؛ بەوبار؛ بەئەندازەگەلی نارێژە ‹زمین بدقواره: زەوی نارێک› ٢. بە بیچمی ناخۆش؛ بەوتەشک؛ بەدتەشک؛ تسولگ.

بدکار / badkār. ـها؛ ـان/: صفت. خراوکار؛ خراپ‌کار؛ بەدکار؛ ئاکار ناپەسەند؛ گاریس؛

گەنەکار؛ ناخار؛ بەڕێ و ڕەوشتی چەوت کە بەتایبەت دەبێتە هۆی ئازار یا زیانی دیتران.

بدکارگی / badkāregî/: *اسم.* بەدئاکاری؛ بەدکاریەتی؛ خراپەیی؛ دۆخ یان چۆنیەتی بەد ئاکار بوون.

بدکاره / badkāre، ـها/: *صفت.* خراوکارە؛ خراپە؛ بەد ئاکار؛ گەنەکارە؛ خاوەن پێشینەی خراپ و ناشایست.

بدکاری / badkārî/: *اسم.* خەراوی؛ خراپی؛ بەدفەڕی؛ بەدکاری؛ خراپەکاری؛ کار یان ڕەوتی کاری نالەبارکردن.

بدگل / badgel/: *صفت. [گفتاری]* گۆشتاڵ؛ خوێنتاڵ؛ شەنی؛ ئێسک‌گران؛ ناشیرین؛ نەجوان؛ بەدتەشک؛ دزێو؛ ناحەز؛ گەست؛ نەچێ: بەرانبەر: **خوشگل**

بدگمان / badgomān/: *صفت.* بەدگومان؛ گومان‌ڕەش؛ بیرخراو؛ خەلێڵ؛ دڵ‌پیس؛ خانەگومان؛ دڵ‌کرمن؛ دڵ‌کرمۆڵ؛ خاوەن هەڵسەنگاندنی خراو یان شێواو لەمەڕ کەسێ یان ڕووداوێکەوە.

بدگمانی / badgomānî، ـها/: *اسم.* دڵ‌چەپەڵی؛ بەدگومانی؛ خانەگومانی؛ دوودڵی؛ دڵ‌پیسی؛ دۆخ یان چۆنیەتی بەدگومان بوون ‹بدگمانی او نسبت به شوهرش زندگی زناشوییشان را خراب کرد: دڵ‌چەپەڵی بەرانبەر بە شووەکەی ژیانی هاوبەشییانی تێکدا›.

بدگو / badgû، ـها؛ ـیان/: *اسم.* خراپەبێژ؛ بەدگۆ؛ بەدواچ (بۆ نێر)؛ بەدواچە (بۆ مێ)؛ بەدزوان؛ کەسێ کە بەدگۆیی دەکات.

بدگوشت / badgûšt/: *صفت.* ۱. *[مجازی]* گۆشتاڵ؛ نمرچ؛ بێ‌مەک ‹مدیرمان مردی نچسب و بدگوشت بود: بەرپرسەکەمان پیاوێکی نالەبار و گوشتال بوو› ۲. بەوگۆشت؛ گۆشت‌خراپ؛ پێچەوانەی خۆش‌گۆشت؛ خێوەندی گۆشتێک کە لە بەرانبەر زام یان برینەوە درەنگ خۆش دەبێتەوە ‹بچەام خیلی بدگوشت است و زخمش بە این زودی خوب نمی‌شود: منداڵەکەم زۆر گوشت‌خراپە و زامەکەی بەم زوانە خۆش نابێتەوە› ۳. چەق؛ چەقەگۆشت؛ نەکوڵ ‹مرغ خیلی بدگوشت بود: مریشکەکە زۆر چەق بوو›.

بدگوهر / badgowhar, -go:har/: *صفت. [ادبی]* نانەجیب؛ نارەسەن؛ ناجسن؛ ڕەسەن‌خراو؛ دژهێم؛ خاوەن نژاد، دایک و باوک یان تایبەتمەندیگەلی خراپ لە دایک و بابەوە.

بدگویی / badgûyî، ـها/: *اسم.* فر: ۱. خراپەبێژی؛ کار یان ڕەوتی فڕ پێدادان؛ قسە وتن لە بارەی خراپەی کەسێ یان شتێکەوە ۲. ئەو قسانەی کە لەو بارەوەن.

بدل[1] / badal، ـها/: [عربی] *اسم.* ۱. بەدەڵ؛ ئەو کەسەی لە هەندێ دیمەنی فیلمدا لە جێی گەمیار دەور دەگەڕێنێ ۲. ☜ **همنیشین-۳**

بدل[2]: *صفت.* ۱. زڕ؛ زڕە؛ ناجسن؛ تەخلیت؛ سهرک؛ سهر؛ زەغەل ‹طلای بدل: زڕە زێو› ۲. بەدەڵ؛ بەدەڵکار ‹هنرپیشەی بدل: گەمیاری بەدەڵ›.

بدل‌چینی / badalčînî، ـها/: [عربی/ فارسی] *اسم.* سواڵەت؛ سرامیک؛ سواڵک؛ کالۆت؛ فراقامان؛ فەغفووری؛ فەرفووری.

بدلعاب / badlo'āb/: [فارسی/ عربی] *صفت. [مجازی]* پۆرخز؛ چەمووش؛ قۆڕ؛ ئاکار ناحەز.

بدل‌کار / badalkār، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] *اسم.* بەدەڵ‌کار؛ کەسێ کە لە دیمەنگەلی دژوار و پڕمەترسی فیلمدا لە جێی گەمیار کایە دەکا.

بدل‌کاری / badalkārî/: [عربی/ فارسی]

/اسم. بەدەڵ‌کاری؛ کاری بەدەڵ‌کار.

بدلی / badalî، ـها/: [عربی] صفت. خرش؛ بەدەڵ؛ زڕ؛ زڕە؛ متە؛ فرش؛ بە ویکچوونی ڕواڵەتی، بەڵام بە شێوەیەکی نزمتر.

بدمذهب / badmazhab، ـها؛ ـان/: [فارسی/ عربی] صفت. بەدمەزەب؛ لامەزەو؛ بێ‌ئوول؛ خاوەن دین، ڕێباز یان ئایینێکی ناشایست و نەبار لەگەڵ نەریتی کۆمەڵگادا.

بدمصب / badmassab، ـها/: (!) [فارسی/ از عربی] صفت. [گفتاری] لامەزەو؛ لامەسەب؛ بێ‌ئوول.

بدمنصب / badmansab/: [فارسی/ عربی] صفت. خاوەن ڕێ‌وڕەوشتی نەگونجاو و نالەبار بە بۆنەی دەسکەوتنی پلە و پایەوە.

بدن / badan، ـها؛ أبدان/: [عربی] /اسم. تەن؛ لەش؛ کەلەخ؛ کەلەستە؛ بەدەن؛ پەیکەر؛ قالب؛ جەستە؛ ئەندام؛ جەسە؛ سوێس: ١. بەشی سەرەکی و بنەمایی قاپۆرەی گیانەوەر کە سەر و دەست و پێیانی پێوە لکاوە ٢. گۆدە؛ گۆڤدە؛ پەیکەری مرۆ لە ملەوە بەرەو خوار.

بدنام / badnām/: صفت. ناوزڕاو؛ ناوزڕیاگ؛ بەدنێو؛ بەدناو؛ ناڤنۆ؛ نامڤەت؛ بەناو و ناوبانگی خراپەوە ‹کودتاگران افرادی بدنام بودند: کوودەتاگێڕان کەسانێکی ناوزڕاو بوون›.

بدنامی / badnāmî، ـها/: /اسم. ناوزڕاوی؛ بەدناوی؛ دۆخ یان چۆناوچۆنی ناڤنۆ بوون.

بدن‌سازی / badansāzî، ـها/: [عربی/ فارسی] /اسم. [ورزش] بەدەنسازی؛ کار یان ڕەوتی بار هێنان و جوان و بەرهەڤ کردنی لەش لە سۆنگەی وەرزشەوە.

بدن‌نما / badan.nemā/: [عربی/ فارسی] صفت. ١. لەش‌نوێن؛ لەش‌شاندەر؛ تەنک یا تەنگ یان زۆر دیودەر، بە چەشنێ کە لەش لە پشتەوەی دیار بێ (سەبارەت بە جل و بەرگ و پارچەوە) ٢. باڵا نوێن (بۆ ئاوێنە).

بدنه / badane، ـها/: [عربی] /اسم. ١. جووک؛ قاپۆرە؛ قاپۆر؛ قاپۆڕ؛ قەوارە؛ قەدپۆژ؛ قاپلۆخ؛ قابلۆخە؛ قراپوو؛ قولاخ؛ قاوغ؛ قالک؛ قورم؛ بەرگ؛ ڕووی دەرەوەی شتێک بەتایبەت بەشی پتەوی ‹بدنەی بخاری: قاپۆرەی سۆپا› ٢. [سیاسی] پەیکەر؛ چوارچێوە؛ بەشێ لە دامەزراوەیێک کە لە سۆنگەی بەڕێوەبەران و بەرپرسیارانەوە بەڕێوە دەچێ ‹بدنەی حزب: پەیکەری حیزب›.

بدنهاد / badnahād، ـان/: صفت. [ادبی] بەدنیهاد؛ دڵ‌چەپەڵ؛ دڵ‌پیس؛ دڵ‌گەن؛ بەدرا؛ زک‌ڕەش؛ هەناڤ‌ڕەش؛ دڵ‌خار؛ دڵ‌گەمار.

بدنی / badanî/: [عربی] صفت. بەدەنی؛ جەستەیی؛ جسەیی؛ کەلەستەیی؛ ئەندامی؛ لەشی؛ لەشیانە؛ لەشین؛ لەشینی؛ پێوەندیدار یان تایبەت بە لەش.

بدو / badv/: [از عربی] /اسم. سەرەتا؛ هەوەڵ.

◙ **بدو امر**: سەرەتای کار؛ هەوەڵی کار.

بدو / bedû/: ضمیر. [ادبی] بەو؛ بە ئەو؛ بەوە؛ پادی (بۆ نێر)؛ پادێ (بۆ مێ)؛ پانەیە (بۆ نێر)؛ پانێ (بۆ مێ) ‹بدو گفت: بەوی گوت›.

بدو / bodo/: صفت. [گفتاری] گورجوگۆڵ؛ کرژوکۆڵ؛ چوست و چەلەنگ؛ بزۆز؛ بڕۆ؛ کرژ؛ لۆپت؛ لۆتەر؛ بە گوڕ لە هاتوچۆدا؛ هەلینگاوە ‹یک آدم بدو می‌خواهد کە دنبال کار را بگیرد: کەسێکی گورج‌وگۆلی دەوێ لە دووی کارەکە کەوێ›.

بدوا / badvan/: [عربی] قید. [ادبی] لە سەرەتاوە؛ سەرەتا؛ وەڵێنە؛ لە هەوەڵەوە ‹بدواً لازم است موضوع روشن شود: لە سەرەتاوە پێویستە مەبەستەکە ڕوون ببێتەوە›.

بدوبدو[1] / bodo.bodo، ـها/: /اسم. [گفتاری] ١. غارغارێن؛ ڕاوڕاوان؛ ڕەمەڕەماڵێ؛ خارخارانی؛ کار یان ڕەوتی ڕاکردن و ڕانەوەستان ٢. ڕاکەڕاکە؛

هەڵکوت‌ـهەڵکوت؛ تێزە‌ـتێزە ‹تمام روز کارم شده بود بدو‌ـ بدو: تەواوی ڕۆژ کارم ببوە ڕاکە‌ـڕاکە›.

بدو‌ـ بدو[2]: قید. [گفتاری] پەلە‌پەل؛ بریو‌ـبریو؛ هەلات‌ـهەلات؛ هەڵەداوان؛ پەلەپاتۆر؛ لەزبەلەز؛ تێزە‌ـتێزە؛ ڕەمە؛ ڕەماڵێ؛ خارخارانی؛ گوێ‌پچڕ‌ـگوێ‌پچڕ؛ بەل‌ـبەل؛ بە پەلە؛ بە خێرایی؛ بە توندی؛ بە لەز؛ بە غاردان ‹بدو‌ـ بدو رفتم اداره: بەلەپەل چوومە مەزرینگەوە›.

بدوبیراه / bad-o-bîrāh، ـها/: اسم. [گفتاری] جنێو؛ جوێن؛ دژمێن؛ دژمانی؛ خۆسن؛ ناسزا؛ کەنزە.

بدون / bedûne/: حرف. بێ؛ بەبێ؛ واتەی نەرێنی ‹بدون تو: بی‌تۆ›.

بدوی/badavî ، ـها؛ ـان/: [عربی] صفت. ۱. ڕەوەند؛ کۆچەر ‹اقوام بدوی: خێڵە ڕەوەندەکان› ۲. سەرەتایی؛ سەرەتایین؛ هەوەڵی؛ ئەوەڵی؛ بەری ‹دادگاه بدوی: دادگای سەرەتایی›.

بده[1] / bede(h)/: اسم. [گفتاری] وەدە؛ ئەو بەرهەمەی لە کاتێکی دیاریکراودا لە شتێک دەس دەکەوێ ‹بده چاه آب کم شده: وەدەی بیرەکە کەم بۆتەوە›.

بده[2]: صفت. [گفتاری] بدەر: ۱. دەهندە؛ بەخشندە؛ دلاوا؛ دەستندە؛ دەس‌ودڵباز ۲. بدەر؛ بە ویست یان خوازەی دانی شت ‹او پول بده نیست: ئەو پارە بدەر نیە›.

بدهکار / bedehkār، ـها؛ ـان/: صفت. قەرزدار؛ قەرزار؛ وامدار؛ ڨادار.

بدهکاری / bedehkārî، ـها/: اسم. قەرزداری؛ قەرزاری؛ وامداری ‹بدهکاری او را از پای درآورد: قەرزداری ریشەی دەرهێنا›.

⊡ **بدهکاری بالا آوردن**: خۆ قەرزدارکردن؛ قەرز بارهێنان؛ بوونە ژێر قەرزەوە.

بده‌وبستان / bede(ho)bestān، ـها/: اسم. [گفتاری] ۱. دان و سان؛ ئاڵ و وێر؛ دا و ستەد؛ مامەلە؛ سەودا ۲. [مجازی] کەین و بەین؛ پەیوەندی؛ نێوان ‹می‌گفتند با سفارت بده‌وبستان دارد: دەیانگوت لەگەڵ باڵوێزخانەدا کەین‌وبەینی هەیە›.

بدهی / bedehî، ـها/: اسم. قەرز؛ قەرزداری؛ ئەو پارەیە بە ئەمانەت وەرگیراوە و دەبێ بدرێتەوە بە خاوەنی ‹جمع بدهی شما می‌شود هزار تومان: سەرجەمی قەرزتان دەبێتە هەزار تمەن›.

بدی / badî، ـها/: اسم. بەدی؛ خراپی؛ خراوی؛ خەراوی: ۱. نەباشی؛ خراپی؛ گەنی؛ دۆخ یان چۆنیەتی خراپ بوون ‹اینجا به آن بدی هم که می‌گفتند نیست: ئێرەش بەو خراپیەکە دەیانگوت نیە› ۲. [مجازی] ئازار؛ نارەوا؛ ستەم ‹من خیلی به او بدی کردم: زۆر لەگەڵ ئەودا خراپیم کردووە›.

⊡ **بدی دیدن**: خراپە دیتن؛ خراپە هاتنە رێ ‹بدی بکنی بدی می‌بینی: خراپە بکەی خراپە دەبینی›.

بدی کردن: خراپەکردن؛ کاری نارەوا کردن.

بدیشان / bedîšān/: ضمیر. [ادبی] بەوان؛ بە ئەوان؛ پا دیشا؛ بە ئادیشا.

بدیع[1] / badî'/: [عربی] اسم. ڕەوان‌بێژی؛ هونەری ڕازاندنەوەی قسە.

بدیع[2]: صفت. نۆ؛ تازە؛ خێوەندی دانستەی نوێ و (زۆرتر) خۆش کە لەوەبەر نەبووە ‹کار بدیع؛ چشم‌انداز بدیع: کاری نوی؛ بەرژەوەندی تازە›.

بدیل / badîl/: [عربی] اسم. [ادبی] جێ‌نشین؛ جێگر؛ جێگرەوە؛ یاگەگیر.

بدیمن / badyomn/: [فارسی/ عربی] صفت. ناپیرۆز؛ بەوفەڕ؛ بەویومن؛ قۆشمە؛ قۆشە؛ نەحس؛ نامبارەک؛ بەدهۆرم.

بدین / bedîn، ـان/: صفت. [ادبی] بەم؛ بە

ئـەم؛ وەم؛ وە ئـەم؛ پـی ‹بدین مژده گر جان فشانم رواست: بە ئەم موژدەیـە گیـان بـەخـت کـەم حەقە›.

بدیهـه / badîhe/: [عربـی]/اسـم. ۱. *[نامتـداول]* لـەنـەکـاو؛ گوزوگومبـەت؛ یـەکهـەو؛ کتووپـڕ؛ کوتوپـڕ؛ ڕووداوی لـەپـڕ و چاوەڕوان نـەکـراو ۲. هاتە؛ قسـه یـان بیرێـک کـە لـەنـەکـاو بـە مێشکدا بێ ‹بدیهه گفتن: هاتە بێژی›.

بدیهه‌سازی / badîhesāzî، ـها/: [عربی/ فارسی] اسم. سەرپلکی چێ‌کری؛ کار یان ڕەوتی دروست کردنی ئاسەوارێکی هونەری (هەڵبەست، ئاهەنگ، ئـاواز و...) بێ بیرکردنەوە و تێڕامان. هـەروەهـا: **بدیهه‌نوازی**

بدیهه‌گویی / badîhegûyî، ـها/: [عربی/ فارسی] اسم. سەرپلبێژی؛ هاتـەبێـژی؛ کـار یـان ڕەوتی وتنی شیعر یان وتەیێکی لەبار هاوکات لـەگـەڵ ڕووداوێکی لەناکاودا.

بدیهی / badîhî/: [عربـی] صفت. ئاشکرا؛ ڕوون؛ خوویـا؛ دیـار؛ ڕۆشـن؛ وەرچـەم؛ گونجـاوی تێگەیشتن، بە بێ‌هەڵسەنگاندن و بیرکردنـەوە ‹بدیهی است کـه از مهـر فرزنـد نمـی‌تـوان گذشـت: ئاشکرایە کە خۆشـەویستی منـداڵ چاوپۆشـی لـێ ناکرێ›.

بـــدیهیات / badîhîyyāt/: [عربـــی]/اســـم. چەمکان و کـار و بارانـێ کـە بـە هاسـانی لێـی تێبگەن.

بـذر / bazr، ـها؛ بذور/: [عربی]/اسم. تـوو؛ تـۆم؛ تـۆوی؛ تـوخم؛ تـۆڤ؛ مـنج؛ نـسک؛ دنـک؛ دەنک؛ دانە.

▣ **بذر اصلاح شده:** تـۆوی چـاک کـراو؛ تـۆمی بـە زانسـت دەسـت لێـدراو بـۆ بـەرهـەمـی باشتر.

▣ **بـذر چیـزی را پاشیـدن/ افشاندن:** *[مجازی]* تووی شتێ چاندن؛ تـۆمی شـتێ وەشـاندن؛ تـۆوی شـتێ داخسـتن؛ تـۆم چتـێ کـێڵان؛ شـتێ ڕەواج دان ‹آنـان در میـان مـردم بـذر تفرقه را می‌پاشیدند: ئـەوان لـە نێـوان خـەڵکدا تووی دووبەرەکیان دەچاند›.

بذرافشان / bazrafšān، ـها/: [عربـی/ فارسـی] اسم. *[کشاورزی]* تـووچن؛ تـۆموەشـێن؛ تـۆمێن؛ تۆوچێن؛ تۆمشـان؛ دەزگـا یـان ئـەو کـەسـەی کە توو دەوەشێنێ: **بذرپاش**

بذرافشانی / bazrafšānî/: [عربـی/ فارسـی] اسم. تـووچێنی؛ کـارتش؛ کارتـەن؛ کـار یـان ڕەوتی تـوو داچانـدن؛ تـۆم وەشـانن؛ دان وەشـاندن؛ تـۆمپێـدانی زەوی؛ تـۆم شـانەی: **بذرپاشی**

بـذرپاش / bazrpāš/: [عربـی/ فارسـی] ☜ **بذرافشان**

بذرپاشـی / bazrpāšî/: [عربـی/ فارسـی] ☜ **بذرافشانی**

بذرک / bazrak/ ☜ **بَزرَک**

بـذرکار / bazrkār، ـها/: [عربـی/ فارسـی]/اسم. تووچێنەر؛ تۆموەشێن؛ کـەرەسـەیـەکـە کـە بـە هێزی وەرزێر، ئـاژەڵ یـان موتـورەوە کـار دەکـا و پـاش درنـەدانی شـیوەرد، تۆمـەکـە دەچێنێت و بە گردێنێ سەری دادەپۆشێ.

بذل / bazl/: [عربـی]/اسم. بـەخـشش؛ خێـرات؛ کـار و ڕەوتی لـە خـۆ جیاکردنـەوە و دان بـە کەسێکی‌تر.

▣ **بذل توجـه:** ورد بوونـەوە؛ تـێڕوانـین: **بـذل عنایت**

بذل عنایت ☜ **بذل توجه**

بـذل مـساعی: تێکۆشـان؛ کۆشـشت؛ تەپـشت؛ پـەل‌وپـۆ؛ کردوکـاش؛ کردوکۆش؛ هەوڵ‌وتەقالا؛ هەڵگ.

بذله / bazle/: [از عربی ؟]/اسم. *[ادبی]* حـەلـک؛ قسەی‌خـۆش؛ حـەنـەک؛ جـەفـەنـگ؛ گۆنگـل؛ قسەی‌گاڵتە و گەپ.

بذلـه‌گـو / bazlegû، ـهـا؛ ـیـان/: [از عربـی/

فارسی] *صفت*. قسه‌خۆش؛ قسه‌خوەش؛ شۆخ؛ کای کەردۆخ؛ حەنەکچی؛ چوولە؛ گاڵتەباز؛ گاڵتەچی؛ چەکە؛ سیقاف؛ حەنەکبێژ؛ خاوەن توانایی یان ئۆگرەتی بە قسەی گاڵتە و گەپ.

بذله‌گویی / bazlegûyî، ـها/: [از عربی/ فارسی] *اسم*. حەنەکبێژی؛ چوولەیی؛ کار یان ڕەوتی قسەی خۆش کردن.

بذور / bozûr/: اعربی] جمعِ ☜ **بَذر**

بـر [1] / bar/: *اسم*. ١. *[ادبی]* شان ‹بر و بازو: شان و باهۆ› ٢. *[نامتداول]* بەر؛ بەرە؛ وەر؛ میوە؛ باهر؛ بەرهەم ٣. بەر؛ وەر؛ پێش؛ بەردەم؛ شوێنی نێوان بوار یان پیادەڕەو و ماڵ ‹بر خیابان: بەری شەقام› ٤. بەر؛ وەر؛ لا؛ لۆ؛ گۆشە ‹دو بَر: دوو بەر› ٥. *[قدیمی]* باوەش؛ ئامێز؛ واشی ‹پدر تنگ بگرفت اندر برش: باوکی توند گرتیە نێو باوەشی› ٦. *[قدیمی]* پاڵ؛ پەراسوو؛ پەل.

⊡ **در بر کردن** ☜ **در** [2]

بر [2]: *قید*. *[ادبی]* ١. لە بان؛ لە سەر؛ بە؛ سەروو ‹بر سر درخت: لە سەر دار› ٢. بەردەم؛ بەر؛ وەر؛ وەروو؛ لە بەر؛ نوا ‹بر در خانه: لەبەر دەرکی ماڵ› ٣. تەنیشت؛ پاڵ؛ لا ‹در بر او نشست: لە تەنیشتیەوە دانیشت›.

⊡ **در برداشتن** ☜ **در** [2]

در برگرفتن ☜ **در** [2]

بر [3]: *حرف*. *[ادبی]* ١. لە سەر؛ پێتی ئەرێنی و پێویستی ‹احترام او بر ماست: ڕێزگرتنی لە سەرمانە› ٢. بە سەر؛ پێتی بەرهەڵستی ‹از ماست که بر ماست: لە ئاکاری خۆمانە، هەرچی بە سەرماندا دێ›.

برـ [4]: *پیشوند*. ١. هەڵـ ؛ هۆر ـ ؛ هەلـ ؛ هلـ ؛ ـ رە؛ بەرەوبان ‹برافراشتن: هەڵدان› ٢. دا ـ ؛ ئەرە ـ ؛ ـ رە؛ لا؛ بەرەوژێر ‹برافکندن: داخستن› ٣. دا ـ ؛ ئەرە؛ لە سەر شتێ ‹برنشستن: دانیشتن› ٤. بە؛ پێک ـ ؛ پێوە ـ ؛ بە یەکتری ‹بربستن: پێوە بەستن› ٥. بەر ـ ؛ وەر ـ ؛ ناوساز ‹برنامه: بەرنامە› ٦. بەر؛ هەڵـ ؛ هۆر؛ خاوەن دۆخ یان چۆنیەتیەک ‹برگزیده: هەڵبژاردە›.

ـ بر [5]: *پیواژە*. ـ بەر؛ هەڵگر ‹باربر: بارەبەر›.

بـر / bar(r)/: اعربی] *اسم*. ١. وشکانی؛ وشکی؛ هشکاتی؛ بەر؛ ئیشکانی؛ برینگ؛ قاقڕ؛ کڕاڵ؛ وشکارۆ ٢. *[جغرافیا]* بەژ؛ قارە؛ قۆڕنە؛ قوڕنە.

⊡ **بر جدید**: بەژی نوێ (ئەمریکا، ئوستورالیا و بەژی باشوور): **دنیای جدید**

بر قدیم: بەژی کۆن (ئاسیا، ئورووپا و ئەفریقا): **دنیای قدیم**

بُـر [1] / bor/: *اسم*. ١. بڕ؛ کار یان ڕەوتی تێکەڵ کردن (زاراوەی پاسوورکردن) ‹بُر زدن: بُر دان› ٢. ☜ **بُورُن**

⊡ **بُر خوردن**: بڕخواردن؛ قاتی بوون؛ تێکەڵ بوون؛ ئاوێتە بوون: ١. تێکەڵاو بوون ‹ورقها خوب بُر خورد؟: پاسوورەکان باش بڕیان خوارد؟› ٢. درنە واردەی؛ چوونە نێو دەستە یان ئاپۆرەیێکەوە ‹آزاد هم با دانشجویان بُر خورد و رفت توی دانشگاه: ئازادیش تێکەڵی قوتابیەکان بوو و چووە نێو زانستگاوە›.

بُر زدن: تێکەڵ کردن؛ ئاوێتە کردن: ١. بڕ لێدان ‹ورقها را حسابی بُر بزن: پاسوورەکان باش بڕ لێدە› ٢. درنە دەی؛ کردنە نێو ئاپۆرەیێکەوە ‹آزاد هم خودش را وسط دانشجویان بُر زد و رفت توی دانشگاه: ئازادیش خۆی تێکەڵی قوتابیەکان کرد و چووە نێو زانسگاوە›.

ـ بُر [2]: *پیواژە*. ـبڕ ‹آهن‌بُر: ئاسن‌بڕ›.

برآسودن / barāsûdan/: *مصدر. لازم. [ادبی]* حەسانەوە؛ حاوانەوە؛ حەوانەوە؛ پشوودان؛

پێشدان؛ وچاندان؛ ئەوەسیەی؛ سیایوە؛ ورین‌گرتن ‹لختی براسود: تۆزێ حەسایەوە›.

■ مصدر منفی: **برنَیاسودن** (نەحەسانەوە)

برآشفتن / barāšoftan/: مصدر. لازم. [ادبی] // **برآشفتی:** هەڵچووی؛ **برمیآشوبی:** هەڵدەچی؛ -// توورە بوون؛ هەڵچوون؛ دەرهەڵبوون؛ هەڵشێوان؛ هەڵیڤان؛ رق هەستان؛ رک هەڵسان؛ قین هەڵسان؛ هۆرئامەی ‹از این سخن سخت براشفت: لەم قسەیە یەکجار تووڕە بوو›.

■ صفت مفعولی: **برآشفته** (هەڵچوو)/ مصدر منفی: **برنَیاشفتن** (هەڵنەچوون)

برآمدگی / barāmadegî، ـها/: اسم. زۆپی؛ قۆقزی؛ دەرپەڕیوی؛ هەڵبەزیوی؛ هەڵتۆقیوی؛ قەلپەیی؛ زەقایی؛ قوتی؛ هەڵماسیوی؛ بەرپڕایی؛ گتی ‹روی سرش دو تا برامدگی به اندازەی گردو دیده می‌شد: لە بان سەریەوە دوو زۆپی بە قەد گوێزێک دیار بوو›.

برآمدن / barāmadan/: مصدر. لازم. متعدی. [ادبی] // **برآمدی:** دەرهاتی؛ **برمیآیی:** دەردێی؛ **برآ:** دەربێ// □ لازم. ۱. هەڵاتن؛ هەڵهاتن؛ ئەڵاتن؛ بەرزەو بوون؛ کەوتن؛ کەوتەی؛ دەرکەوتن؛ دەرهاتن؛ وەدەرکەوتن؛ هۆرئامەی؛ زیەی؛ زیای؛ بەرئامەی ‹برامدن خورشید: هەڵاتنی خۆر› ۲. زۆپ بوون؛ هەڵماسین؛ هەڵتۆقین قنجبوونەوە؛ قیتەو بوون؛ زەرقین؛ ڤەیەنگزین □ متعدی. ۳. دەرهاتن؛ هاتنە بان؛ زیایرە؛ ئەرەزیەی؛ ئامەی بەر؛ هاتنە سەر ‹از چاه برامدن: لە چاڵ دەرهاتن› ٤. چوونە سەر ‹بر بام برامدن: چوونە سەر بان› ٥. هاتن؛ دەرهاتن؛ هەڵهاتن؛ تاوەی؛ توانین ‹از دست برامدن: لە دەس هاتن›. هەروەها: **برآمدنی**

■ مصدر منفی: **برنَیامدن** (دەرنەهاتن)

برآمده / barāmade/: صفت. گورگەپشت؛ زەق؛ زۆپ؛ زپ؛ هەڵتۆقیو؛ رەپ؛ زۆق؛ دەرپەڕیو؛ بەرپڕا؛ بەرپڕەی؛ گت؛ قیت: ۱. زەق‌دەرپەڕیو ‹پیشانی برامده: تەوێڵی زەق‌دەرپەڕیو› ۲. هەڵماسیو؛ ماسا؛ ماسەی؛ هەڵتۆقیو ‹شکم برامده: زگی هەڵماسیو›.

برآورد / barāvard، ـها/: اسم. قرس؛ خەمڵ؛ بەراورد؛ مەسێو؛ نەهان؛ فەرس؛ کار یان ڕەوتی قەرساندن؛ هەڵسەنگان؛ قەبڵان؛ قابڵان؛ قەبڵین؛ قەبەڵاندن؛ دەرخستنی ئەندازەی شتێ ‹برآورد فاصله: قرسی مەودا›.

برآوردن / barāvardan, barāvordan/: مصدر. متعدی. [ادبی] // **برآوردی:** دەرت هێنا؛ **برمیآوری:** دەردەهێنی؛ **برآور:** دەربهێنە// ۱. دەرهێنان؛ دەرێنان؛ دەرهاوردن؛ بەرئاردەی ‹از چاه برآوردن: لە چاڵ دەرهینان› ۲. بەجێ‌هێنان؛ ئەنجامدان؛ بوارا کردن؛ بەگا ئاردەی؛ مەشاندن؛ کوداندن؛ پێک‌هێنان؛ جێبەجێ‌کردن ‹خواستەی کسی را براوردن: داوای کەسێ بەجێ‌هینان›. هەروەها: **برآوردنی**

■ مصدر منفی: **برنَیاوردن** (دەرنەهێنان)

برا / borrā/: صفت. [گفتاری] ۱. بڕندە؛ بڕ؛ تیش؛ تیژ؛ تێژ؛ بەبڕشت؛ هەبوونی هێزی بڕین ۲. [مجازی] بەبڕشت ‹لحن بُرا: دەنگی بەبڕشت›.

برائت / barā'at/: [عربی] اسم. ۱. پاکانە؛ بێ‌تاوانی؛ ڕەڤین؛ ڕەوینە؛ دۆخ یان چۆنیەتی پاک بوون ۲. قەڵسی؛ وەڕەزی؛ جاڕزی؛ بێزاری؛ وێڕسی؛ وەڕستی ۳. پەژیوانی؛ پەشیمانی؛ پاشگەزی؛ تۆبە.

▣ **برائت ذمه:** ڕەوتی لەکۆڵ‌کەفتن؛ لەکۆڵ بوونەوە؛ لەمل‌بوونەوە؛ پاک لە پاک بوون؛ ڕەوینەوە لە وام یان وەخۆگری.

برابر / barābar/: صفت. هەمبەر؛ هومبەر؛ ڤەراڤەر؛ هەنداڤ؛ هەنداو؛ بەرامبەر؛ بەرانبەر؛ داربەدار؛ بەرابەر؛ هەڤشەر: ۱.

ڕووبەڕوو؛ هەڤبەر؛ هاوبەر؛ وەراوەر؛ وارانوەر؛ ڕوی‌بەڕوی؛ ڕوولەڕوو؛ مشلاق؛ مێزین؛ جێگایێک کە ڕوو یان ڕوانینی تێوەیە ‹من درست در برابر سخنران نشسته بودم: من ڕێک لە بەرانبەری وتاربێژەکەوە دانیشتبووم› ۲. وەکوو یەک؛ وەک‌هەڤ؛ چوون‌یەک؛ وەک‌هەو؛ بارتوقا؛ بارتەقا؛ سەربەسەر؛ هاوتەرازوو؛ هاوتەراز؛ چۆبەچۆ؛ قات‌بەقات؛ هاوسەنگ؛ بە چەندیەتی و چۆنیەتی یەکسانەوە ‹همە با هم برابرند: هەموو پێکەوە بەرابەرن›.

▣ **دو برابر**: دوو بەرانبەر؛ دوو بەرامبەر؛ دوو ئەوەندە. هەروەها: **سە برابر؛ چند برابر**

▣ **برابر بودن**: بەرابەر بوون؛ هەمبەر بوون؛ هاوسەنگ بوون؛ بە چەندیەتی یان هەبوونی دۆخێکی یەکسانەوە. هەروەها: **برابر شدن؛ برابر کردن**

برابری / barābarî، ـها/: /اسم. بەرامبەری؛ بەرابەری؛ وەک‌یەکی؛ هاوسانی؛ یەکسانی؛ بار و دۆخی هاوسان بوون ‹برابری مردم در برابر قانون: بەرامبەری خەڵک لە هەمبەر قانوونەوە›.

برات / barāt، ـها؛ بَرَوات/: [از عربی] /اسم. بەرات؛ بەڵگەیەک کە لە سۆنگەی ئەوەوە کەسێ لە کەسێکی‌تر دەیەوێ کە لە کاتێکی دیاریکراودا پارەیەک بدا بە شوێنێ یان کەسێک.

▣ **برات اسنادی**: بەراتێک کە بەڵگە یان بارنامەیێکی لەگەڵدایە کە قەرزی بەراتگر پیشان دەدا.

برات دیداری/ رؤیت: بەراتێک کە وەرگر دەبێ دەسبەجێ پارەکەی بدا: **برات عندالمطالبه**

برات سازشی: بەراتێ کە بەهۆی پێکهاتنی دوو یان چەند بازرگان بۆ گرتنی پارە لە بانکەوە بەدیهاتووە.

برات سفید: بەراتێ کە ناوی بەراتگری لێ نەنووسراوە و دەکرێ لە هەموو بانکێکدا بەکار ببرێت.

برات عندالمطالبه ☜ **برات دیداری/ رؤیت**

▣ **برات شدن بە دل کسی** ☜ بە دل کسی برات شدن، **دل**

برات کردن: بەرات ناردن؛ ناردنی بەرات بۆ کەسێ.

براتکش / barātkeš، ـها/: [از عربی/ فارسی] /اسم. بەراتنووس؛ کەسێ کە بەرات دەنووسێ تا پارەیەک لە بەراتگر وەربگیردرێت.

براتگیر / barātgîr، ـها/: [از عربی/ فارسی] /اسم. بەراتگر؛ کەسێ کە بەرات بە ناو ئەوەوە دەردەچێ و لێی دەخوازرێ تا پارەیەک بخاتە حەساو بە بەراتکێش.

برادر / barādar، ـها، ـان/: /اسم. برا؛ برار؛ برێ؛ ورا؛ براڵە: ۱. ئابرا؛ نێرینەی گیاندار (بەتایبەت ئینسان) هاو دایک و باوک یان هەریەک لەوان (دایک یان باوک) ‹آرام برادر آزاد و مریم است: ئارام برای ئازاد و مریەمە› ۲. کاکە؛ کاکەبرا؛ براڵە؛ برادەر؛ کاورا؛ کابرا؛ کاک‌برا ‹ای برادر! ما بە گرداب اندریم: کاکە! ئێمە وا لەنێو گێژاوەداین›.

▣ **برادر تنی**: برای تەنی؛ برێ‌ڕاستی؛ برای دایک و باوکی.

برادر دوقلو: برادوانە؛ گیاندارێکی نێرینە کە لەگەڵ گیانداری‌تردا پێکەوە هاتوونەتە دنیاوە ‹شاه برادر دوقلوی اشرف بود: شا برادوانەی ئەشرەف بوو›.

برادر دینی: برای دینی؛ پیاوی هاودین.

برادر رضاعی/ شیری: برای شیری؛ برای هاڤشیری؛ نێرینەیەک کە لەگەڵ یەکێکی‌تردا ژنێک شیری دابێتن.

برادر ناتنی: زڕبرا؛ برای ناتەنی؛ براماک؛ برای هەر لە باوک یان هەر لە دایک: **نابرادری**

برادرانە[1] / barādarāne/: *صفت. [مجازی]* برایانە؛ برادەرانە؛ ئابرایانە ‹رفتار برادرانە: ئاکاری برایانە›.

برادرانە[2]: *قید.* برایانە؛ برادەرانە؛ برائاسا؛ وەک برا ‹او را برادرانە نصیحت کرد: برایانە ئامۆژگاری کرد›.

برادرخواندە / barādarxānde، ـها/: *اسم.* برای هەڵبژاردە؛ کوڕ یان پیاوێک کە یەکێکی‌تر ناوی برای خۆی لێ نابێ.

برادرزادە / barādarzāde، ـها؛ ـگان/: *اسم.* برازا؛ برازی؛ برازاگ؛ برازاو؛ برارزا؛ فرزەندی برا؛ زارۆی برا.

برادرزن / barādarzan، ـها/: *اسم.* ژن‌برا؛ ژن‌ورا؛ ژەن‌برا؛ برای هاوسەری پیاو.

برادرشوهر / barādaršowhar, -šo:har، ـها/: *اسم.* هێوەر؛ شوورا؛ برای مێرد/ شوو.

برادروار / barādarvār/: *قید.* برایانە: ۱. وەک برا؛ برادەر ئاسا ‹رفتارشان برادروار بود: ئاکاریان برایانە بوو› ۲. *[مجازی]* برادەرانە؛ زۆر گەرم و گوڕ و دۆستانە ‹برادروار او را در آغوش گرفت: برایانە گرتیە باوەشەوە›.

برادری[1] / barādarî/: *اسم.* برایی: ۱. برایەتی؛ برایی؛ براری؛ دۆخ یان چۆنیەتی برا بوون ‹اول برادری‌ات را ثابت کن بعد ارث بخواه: سەرەتا برایەتیت نیشان بدە ئەوجار داوای میرات بکە› ۲. دلۆڤانی؛ دڵسۆوانی؛ دۆستی یان هاودڵی زۆر لە لایەن پیاو یان پیاوانی هاوتەمەنەوە ‹در حق من برادری کرد: لەگەڵ مندا برایی کرد›. هەروەها: **برادری کردن**

برادری[2]: *صفت.* برایی؛ برایەتی؛ پێوەندیدار یان سەر بە براوە ‹احساس برادری: هەستی برایەتی›.

برادە / borāde، ـها/: [عربی] *اسم.* خاکەمرمەند؛ وردە؛ گەردە؛ بڕە؛ ورتکە؛ وردە و خاکەی کانزا ‹برادەی آهن: ورتکەی ئاسن›.

برازاندن / barāzāndan/: *مصدر. متعدی. [ادبی]* // **برازاندی**: کالاندتەوە؛ **می‌برازانی**: دەکالێنیەوە؛ **ببرازان**: بکالێنەوە// کالاننەوە؛ کالاندنەوە؛ شیاوی کەسێ یان شتێ کردن.

برازندگی / barāzandegî/: *اسم.* کالانەوە؛ پێ‌کەوتوویی؛ لەباری؛ لێ‌ئانیەتی؛ شیاوی؛ دۆخ یان چۆنیەتی شیاو بوون.

برازندە / barāzande/: *صفت.* شیاو؛ شیانست؛ شایان؛ لەبار؛ لێهاتوو؛ لێهاتی ‹جوان برازنده‌ای است: لاوێکی لەبارە›.

برازیدن / barāzîdan/: *مصدر. لازم. [ادبی]* شیان؛ لێهاتن؛ لێ‌کالان؛ لێ‌جوان بوون؛ لێ‌ئانین؛ پێ‌کەفتن؛ شیاو بوون ‹این پیراهن به شما می‌برازد: ئەم کراسەتان لێ‌دەکالێتەوە›.

براستی / berāstî/: *قید.* بەڕاستی؛ بەڕاس؛ بێ‌قسەی؛ وشەی پێ‌داگری ‹وقتی به آنجا رسیدم او براستی مرده بود: کاتێ کە گەیشتمە ئەوێ بەراستی مردبوو›.

براعت استهلال / barā'ate'estehlāl/: [عربی] *اسم. [ادبی]* دەسپێکانە؛ وەستایی و کارزانی لە دەسپێکرنی قسە و باسدا بە جۆرێ کە بیسەر باش ببێتە تامەزرۆی زانینی مەبەست و تێگەیشتنی هەستی وێژەر.

برافتادن / baroftādan/: *مصدر. لازم. [ادبی]* // **برافتادی**: هەڵپێچیای؛ **برمی‌افتی**: هەڵدەپێچی؛ **بربیفت**: هەڵپێچە// هەڵپێچان؛ هەڵپێچانەوە؛ هۆرپێچیەی: ۱. رووخان؛ تێکچوون؛ لەدەسدانی پلە و پایە؛ بەربوونەوە ‹برافتادن مادها: هەڵپێچانەوەی مادەکان› ۲. *[گفتاری]* ترۆ بوون (بۆ داهات و

یان شتێک ‹برای علی کتاب خریدم: بو عەلی کتێبم سەند› ٢. نیشانەی هۆکار ‹برای خریدن کتاب آمدەام: بو سەندنی کتێب هاتووم›.

▣ **برای خود:** بۆ خۆ؛ ئەڕای خود؛ پەی وێ؛ پەرێ وێ؛ ژبۆ خوە: ١. تایبەت بە کەسێکی ئاماژە پێکراو ‹برای خودت چە خریدی؟: بو خوت چیت کڕی؟› ٢. نیشانەی ناڕەزایەتی دەربڕین لە کارێک ‹برای خودت کردی کە خریدی: بو خوتت کرد کە کڕیت› ٣. نیشانەی پێداهەڵدان و پەسن‌کردن ‹تو برای خودت کسی هستی: تۆ بۆ خوت کەسێکی›.

براینْد / barāyand، ـها/: *اسم.* بەرهات؛ ئاکام؛ ئەنجام؛ بەرهەم و ئاکامی کار.

برباد / barbād/: *قید.* بەبا؛ بەرباد؛ بەربا؛ بێ‌زەلەت؛ لەکەڵک و کارکەوتوو.

▣ **برباد بودن:** بەربا بوون؛ بەبا بوون؛ سست و لە تێکچووندا بوون ‹بیار بادە کە بنیاد عمر برباد است: مەی بێنە کە بنیادی ژیان بەربایە›.

برباد دادن: بەبا دان؛ بەدەم باوەدان؛ بەفیڕۆ دان؛ فوودەی؛ بە خۆڕایی لە کیس‌دان ‹ثروت پدرش را برباد داد: سامانی بابی بەبا دا›. هەروەها: **برباد رفتن؛ برباد شدن**

بربادرفتە / barbādrafte/: *صفت.* بابردەڵە؛ بابردە؛ بابردوو؛ لەدەس‌چوو؛ بە فیڕۆچوو؛ هەڕشاو؛ هیچ بە سەر هیچەوە نەماو ‹عمر بربادرفتە: ژیانی بابردەلە›.

بربر[1] / barbar/: [معرب از یونانی]*اسم.* بەربەر: ١. /ـها/ هەرکام لە خەڵکی خێلی سپی پێستی باکووری ئەفریقا ٢. لقێ لە زمانگەلی ئەفریقی‌ـئاسیایی کە لەو ناوچەیانەدا باوە.

بربر[2] / ـها/: *صفت.* بەربەر؛ دەشتەکی؛ دوور لە شارستانیەت و فەرهەنگ.

بر-بر / ber(ro)ber/: *قید.[گفتاری]* زاق ـ زاق؛ زیت-زیت؛ زل-زل؛ واق-واق؛ وڕ-وڕ ‹ایستادە بود و بر-بر مرا نگاە می‌کرد: ڕاوەستا بوو و زاق-زاق منی سەیردەکرد›: **بروبر**

▣ **بر ـ بر نگاە کردن:** زاق ـ زاق ڕوانین؛ زیت-زیت سەیرکردن.

بربری / barbarî، ـها/: *اسم.* بەربەری: ١. جۆرە نانێکی ئێرانی ٢. *[قدیمی]* هەرکام لە خێڵ یان هۆزی شیعە لە ئەفغانستان و خوراساندا.

بربریت / barbarîyyat/: [عربی]*اسم.* بەربەریەتی: ١. دۆخ یان چۆناوچۆنی دەشتەکی بوون؛ دووری لە شارستانیەت ‹در آن هنگام اروپا در بربریت بە سر می‌برد: لەو کاتەدا ئەورووپا لە بەربەریەتیدا دەژیا› ٢. /ـها/ دڕندەخۆیی؛ دڕندەیی؛ دڕندایەتی ‹جنگ نشانەای از بربریت انسانهاست: شەڕ نیشانەیێک لە دڕندایەتی مرۆڤە›.

بربستن / barbastan/: *مصدر. متعدی. [ادبی]* //**بربستی:** پێچاتەوە؛ **برمی‌بندی:** دەپێچیەوە؛ **ببند:** بپێچەوە// پێچانەوە؛ بەستن؛ پێکەوە نان؛ پێکنان؛ هۆرپێتەی ‹بار سفر بربست: باری سەفەری پێچایەوە›.

■ صفت مفعولی: **بربستە** (وەپێچراو)/ مصدر منفی: **برنَبستن** (نەپێچانەوە)

بربط / barbat، ـها/: [معرب از یونانی]*اسم.[قدیمی]* بەربەت؛ ئامێری مووسیقایی ژێدار بە کاسەی گەورە و دەسکی کورتەوە کە بە زەخمە و قامک دەژنرا و دوای ماوەیێک عوود ـ بە نەختێ گۆڕانکاریەوە ـ جێی گرتەوە.

بربند / barband/: *اسم.* بەرەک؛ وەرەک؛ بەرۆک؛ سینەبەند؛ بەرملە؛ سیرمێک کە بە دەوری ملی ئەسپەوە ئاڵقە دەبێ و بە زینەوە دەبەسترێ.

برپا[1] / barpā/: *صفت.* ١. دامەزراو؛ دایر؛

کراوە ‹مدرسەها برپا شدند: قوتابخانەکان دابمەزرا بوون› ۲. بەرپا؛ هەرستاو؛ هەڵدراو ‹چادرشان برپا است: دەوارەکەیان هەڵدراوە›.

⊡ برپا کردن: هەڵدان؛ هۆردەی؛ نیانەوە؛ دامەزراندن.

برپا[۲]: *صوت.* رابە؛ رابن؛ هەڵس؛ بەرپا؛ هەستن؛ فەرمانی هەستان. بەرانبەر: **بَرجا**

برپائی / barpā'î/ ☜ **برپایی**

برپایی / barpāyî/: *اسم.* ڕێخەری؛ کار یان ڕەوتی ڕێکخستن؛ سازاندن ‹برپایی تظاهرات: ڕێکخستنی خۆپیشاندان›.

برتافتن / bartāftan/: *مصدر. لازم. متعدی. [ادبی]* // **برتافتی**: هەڵتکرد؛ **برمی‌تابی**: هەڵدەکەی؛ **برتاب**: هەڵکە// هەڵکردن: ۱. ☐ *لازم.* تاقەت هێنان؛ دەرهێنان؛ بەرگە گرتن؛ تابشت هێنان ‹این ستم را برنتافت: لەگەڵ ئەم ناحەقیە هەڵنەیکرد› ۲. ☐ *متعدی.* هەڵگەڕاندن؛ هەڵگەڕان؛ وەرگەڕاندن؛ هۆرگێڵنەی؛ هۆرەوەگێڵنای؛ هەڵپێچاندن ‹روی برتافتن: ڕوو هەڵگەڕاندن› ۳. بادان؛ وادەی؛ پێچدان ‹دست برتافتن: دەس بادان›. هەروەها: **برتافتنی**

■ صفت فاعلی: **برتابنده** (هەڵکەر)/ صفت مفعولی: **برتافته** (هەڵکراو)/ مصدر منفی: **برنَتافتن** (هەڵنەکردن)

برتر / bartar/ ـها؛ ـان/: *صفت.* بەرتر؛ بانتر؛ پێشتر؛ سەرتر؛ وەرتەر؛ هەڤیاز ‹کیفیت برتر: چۆنیەتی بانتر›. هەروەها: **برتر بودن؛ برتر داشتن؛ برتر دانستن؛ برتر شمردن**

برتری / bartarî/ ـها/: *اسم.* هەڤیازی؛ بانتری؛ پێشتری؛ بەرتەری؛ وەرتەری؛ بەبژاری؛ دۆخ یان چۆنیەتی هەڤیاز بوون

⊡ برتری جستن: کەوتنە پێش؛ کەفتنە بەر؛ پێشەکی سەندن ‹آزاد در صدد برتری جستن بر همکلاسیهایش بود: ئازاد بە هیوای کەوتنە پێش لە هاوقوتابیەکانیەوە بوو›.

برتری دادن: بەچاکتر زانین؛ هەڤیاز کردن. هەروەها: **برتری داشتن**

برتری یافتن: بەرتر بوون؛ باشتر/ بانتر بوون؛ وەرتەر بیەی؛ هەڤیاز بوون.

برتنگ / bartang/: *اسم.* ۱. دەسترازە؛ دەسترازە؛ دەسپێچەنێ؛ بەنێ کە بۆ بەرگری لە کەوتنی منداڵ لە بێشکەدا، بە دەوریەوە ئەیبەسن ۲. تەنگ؛ تەنگە؛ شاتەنگ؛ تەسمەیەک کە لە ژێر زگی ئەسپەوە ئاڵقە دەبێ و زینی بە سەر پشتدا دادەبەستێ.

برج / barc/ ـها/: *اسم. [گفتاری، کنایی]* بەرج؛ هۆرتە و بەرەی نابەجێ ‹اینها کە تو می‌گویی خرج نیست، برج است: ئەمانە کە تۆ دەڵێی خەرج نیە، بەرجە›.

برج / borc/ ـها؛ بروج/: [معرب از یونانی] *اسم.* بورج؛ بُرج: ۱. کەلوو؛ قولە؛ قولکە؛ خانووە قوتکەی بان قەڵا ۲. کەلوو؛ هەر بینایەکی وەکوو بورج ‹برج آب: بورجی ئاو› ۳. کۆشک؛ خانووی زۆر بەرز (زۆرتر لە ۱۵ نهۆم) ٤. *[نجوم]* کەلوو؛ هەرکام لە ۱۲ وێنەی ئاسمانی: **بُرج فلکی** ۵. *[قدیمی]* هەرکام لە مانگەکانی هەتاوی کە لەو کەلووە ئاسمانیگەلەوە گیراوە.

⊡ برج آب: بورجی ئاو؛ مەنبەعی ئاو؛ دەفرێکی گەورە بۆ جێگەی ئاو لە بەرزاییدا.

برج آسمان: کەلوو؛ بورجی ئاسمان.

برج بابل: *[کنایی]* بورجی بابل؛ شوێنێ کە تێیدا هەموو تیرە و تایفەیەک بە زاراوە و دابونەریتی جۆراوجۆرەوە هەبێ.

برج تانک: بورجی تانک؛ کەلووی دەبابە؛ بەشێکی وەکوو بورج لە سەر تانکەوە کە تانکچی تێیدایە.

برج تبرید ☜ **برج خنک‌کننده**

برج خنک‌کننده: بورجی فێنک‌کەرەوە؛ بورجی فێنک‌کەرەوە؛ کەرەستەیەک وەکوو کەلوو کە ئاوی داخی تێدا فێنک دەبێتەوە: **برج تبرید**

برج دودکش: کلاوە؛ قۆلەکوورە؛ چوار دیوارە چکۆلەیەک بە دەوری کوناوەجەی باندا، بۆ دەرچوونی دووکەڵ.

برج دیدەبانی: گۆیاری؛ برجی ئێشک‌گری قەلا.

برج زهرمار: *[تعریض]* گرژ و مۆر؛ ناوچاوتورشیاگ.

برج سرطان: گیڤژاڵە؛ بورجی قرژاڵ لە ئاسماندا.

برج عاج: *[کنایی]* گوێچکەی گا؛ بار و لۆرێکی دوور لە کار و باری ڕۆژانە و ئەرکی ژیان.

برج فرودگاه: بورجی فڕگە؛ بورجی بەرزی فڕۆکەخانە کە تێدا فڕۆکەوانان بۆ نیشتنەوە و هەڵسانەوە ڕێگایان پێ دەدرێ: **برج کنترل**

برج فلکی ☜ **برج ـ ۴**

برج قلعه: کۆنگرە؛ قونگرە؛ بورجی لە سەر قەلا.

برج کنترل ☜ **برج فرودگاه**

برج میزان: ترازوو؛ مێزین؛ کۆمەڵە ئەستێرەیێکن لە ئاسماندا کە لە بەرچاو وەک ترازوو دەچن.

برج ناقوس: کەلووی ناقووس؛ بورجی سەربانی کلیسا کە ناقووسی تێیدایە.

برجا[1] / barcā/: *صفت.* سەرپا؛ ماو؛ ماگ؛ مەنە؛ مەنێ؛ بەردەوام؛ وەستاو؛ ڕاوەستاو؛ وەستاوە ‹آن بنا تا چند سال پیش برجا بود: ئەو بینایە تا چەن ساڵ لەمەو پێش سەرپابوو›.

برجا[2]: *صوت.* بەرجا؛ دانیشن؛ فەرمانێکە بۆ دانیشتن. بەرانبەر: **برپا**

برج‌ساز / borcsāz، ـها؛ ـان/: [معرب/ فارسی] /*اسم.* بورج‌ساز؛ کەسێ کە ماڵی زۆرتر لە ۱۵ نهۆم ساز دەکات. هەروەها: **بُرج‌سازی**

برجستگی / barcestegî, barcastegî، ـها/: *اسم.* ۱. زەقی؛ تێ؛ قاچی؛ قیتی؛ میتی؛ قۆقزایی؛ زۆپایی؛ قیتایی؛ گتایی؛ بار و دۆخ و چۆنیەتی زەق بوون ۲. دەرپەڕیوی؛ زۆپی؛ قیتایی؛ ئەوەی لە ڕوویەکدا دەرپەڕیوە یان هاتۆتە دەرەوە ‹پیراهنی که پوشیده بود برجستگی‌های بدنش را به خوبی نمایان می‌ساخت: ئەو کراسە لە بەری کردبوو هەموو زوپی لەشی تەواو دەردەخست› ۳. *[مجازی]* بەرچاوی؛ هەڤیازی؛ هەڵکەوتوویی ‹این فیلم هیچ برجستگی خاصی نداشت: ئەم فیلمە بەرچاویەکی ئەوتۆی نەبوو›.

برجستن / barcastan/: *مصدر. لازم. [ادبی]* //**برجستی**: هەڵبەزیت؛ **برمی‌جهی**: هەڵدەبەزی؛ **برجه**: هەڵبەزە// هەڵبەزین؛ هەڵوەزین؛ هەڵبەزان؛ هەڵتۆقان؛ هەڵتەقان؛ هەڵتۆقین؛ هەڵتەقین؛ هەڵتەکان؛ دەرپەڕین؛ هەڵهاتنەوە؛ ڕاپەڕین؛ بەرپڕەی؛ بەرپڕای؛ هۆرەوەئامەی؛ لە جێ خۆوە دەرپەڕین.

■ صفت مفعولی: **برجسته** (هەڵبەزیو)/ مصدر منفی: **برنجستن** (هەڵنەبەزین)

برجسته / barceste, barcaste/: *صفت.* ۱. قوت؛ گت؛ قوب؛ قیت؛ قوبک؛ قوبکە؛ قۆقز؛ قەلپ؛ زوک؛ زوت؛ زۆپ؛ زەپ؛ زەق؛ زیک؛ ڤیت؛ گورمک؛ دەرپەڕیو؛ سەر؛ زۆق؛ دوقلوزمە؛ هەڵبەزیو؛ بلیندتر لە دەور و بەری خۆی ‹نوک برجسته: نووکی قوت› ۲. بەرچاو؛ دیاردە؛ دیار؛ سەر ‹کار برجسته: کاری بەرچاو› ۳. /ـها؛ ـگان/ سەر؛ سەرامە؛ بەرجەستە؛ گرۆبەر؛ چاکتر لەوانی دیکە ‹شخصیت برجسته: کەسایەتی سەرامە›.

برجیس / bercîs/: [عربی]/*اسم.* سێارەی

مشتری ☜ **مشتری**[1]ـ۳

برچسب / barčasb، ـھا/: *اسم.* نیشان؛ بەرچەسپ؛ نووسراوەیەکی چاپی کە نیشاندەری پێناسەی شتێکە.

▣ **برچسب قیمت:** نیشانی بایی؛ بەرچەسپی نرخ؛ نیشانێ کە نرخی شتی لە سەر نووسراوە. هەروەها: **برچسب تاریخ**

▣ **برچسب زدن:** *[مجازی]* مۆرکی شتێک لێدان؛ ناونیتکەنیان؛ ناو نووتکە لێدان؛ بە ناڕەوا قسە بۆ کەسێک هەڵبەستن. هەروەها: **برچسب خوردن**

برچه / barče، ـھا/: *اسم.* خرزک؛ پاژی مێوینەی گیا.

برچیدن / barčîdan/: *مصدر. متعدی.* // **برچیدی:** چنیتەوە؛ **برمی‌چینی:** دەچنیەوە؛ **برچین:** بچنەوە// چنینەوە؛ هەڵچنین؛ کۆکردنەوە؛ ڤەرچیناندن: ۱. هەڵگرتنەوە؛ هۆرچنیەی؛ دانە دانە هەلگرتن لە زەوێ ‹دانه برچیدن: دان چنینەوە› ۲. ماشینەوە؛ گلێرکردنەوە؛ خڕکردنەوە؛ ئەوەماشەی؛ پێتەیوە؛ دانەیەک؛ دەی پێوەرە؛ شتێ لە دۆخی پرژ و بلاویەوە نەهێشتنەوە. بەرانبەر: **پهن کردن** ‹سفره را برچیدن: سفرە کۆکردنەوە› ۳. هەڵپێچان؛ کۆکردنەوەی ڕێکخراوەیەک ‹شرکت را برچیدن: بەشدارگە هەڵپێچان› ٤. هەڵپێچاندنەوە؛ نەریت یان قانوونێک هەڵوەشاندنەوە ‹رشوه‌خواری را برچیدن: بەرتیل‌خۆری هەڵپێچاندنەوە› ۵. هەڵبژاردن؛ هەڵبژارتن؛ ڤاقێرکرن؛ تالبژێرکردن؛ هۆرچنیەی. هەروەها: **برچیدنی**

■ صفت مفعولی: **برچیده** (چنراوە)/ مصدر منفی: **برنَچیدن** (نەچنینەوە)

برحذر / barhazar/: [فارسی/ عربی] ☜ برحذر داشتن، **حذر**

برحسب / barhasbe, -hasabe/: [فارسی/ عربی] *حرف.* بە پێی؛ بە گوێرەی؛ بە پاو: ۱. لەسۆنگەی؛ بە بۆنەی؛ بە هۆ یان بە پێی شتێک ‹برحسب دستور حرکت کرد: بەپێی فەرمان ڕێ‌کەوت› ۲. بە پێوەری ‹وزن برحسب کیلوگرم است: کێشانە بەگویرەی کیلۆگرەمە›.

برحق / barhaq/: [فارسی/ عربی] *صفت.* ڕاستەقینە؛ ڕاستین؛ بەڕاست؛ ڕاست و ڕەوا ‹پیشوای برحق: پێشەوای ڕاستەقینە›.

▣ **برحق بودن:** بە ڕاست بوون؛ ڕاستەقینە بوون.

برحق دانستن/ شمردن: بە ڕاست زانین؛ وە درووس دانان.

برخاستن / barxāstan/: *مصدر. لازم.* //**برخاستی:** هەڵسای؛ **برمی‌خیزی:** هەڵدەسی؛ **برخیز:** هەڵسە// ۱. هەستان؛ خێزیان؛ هەلسان؛ هەڵستان؛ هەڵسیان؛ ئەڵسیاین؛ بەرز بوونەوە؛ ڕابوون؛ ڕابین؛ ئاخێزکردن؛ هۆرسەی؛ هۆرێستەی ‹از جای خود برخاستن: لە جێی خۆ هەستان› ۲. وەخەبەر هاتن؛ هەڵسان؛ هەڵسانەوە؛ هەستانەوە؛ هۆرێستەیوە؛ ئەوەهۆرسەی؛ هەیوە بیەی ‹از خواب برخاستن: لە خەو هەستانەوە› ۳. هەڵکردن؛ بەرز بوونەوە؛ هێزگرتن؛ خێزان؛ هۆرسەی؛ خێزیەی؛ هۆرکەردەی؛ ڕەخسان و ڕوودانی ڕەوتێک ‹برخاستن باد: با هەڵکردن› ٤. *[مجازی]* هەستانەوە؛ دەس بە کارێکەوە دان؛ دەس‌پێوەدان ‹به حمایت برخاستن: هەستانەوە بۆ پشتیوانی لێکردن›. هەروەها: **برخاستنی**

■ صفت فاعلی: **برخیزنده** (ـ)/ صفت مفعولی: **برخاسته** (هەڵساو)/ مصدر منفی: **برنَخاستن** (هەڵنەسان)

برخان / barxān/: [روسی] *اسم.* تەپەیێکی کەوانەیی کە بە هۆی هەڵکردنی با و ڕێکەوتنی ڕیخ و چەووە پێک دێ.

برخلاف / barxalāf, barxelāf/: [فارسی/ عربی]

☜ **خلاف**[1]

برخورد / barxord، ـها/:اسم. ۱. ویکـەوت؛ ڕووڕا؛ تـەتمـێ؛ کـار یـان ڕەوتی ڤـێک‌کـەتـن؛ لێکەوتن؛ لێکدان؛ تەقیان؛ کەوتـن، لێـدانی دوو شت لە یەکتر ‹دستش با چیز برنـدەای برخـورد کـرد: دەسـتـی لـە شـتێکی تیـژ کـەوت› ۲. تـووش؛ هەڵتەقـین؛ کـار یـان ڕەوتی ڕووبـەڕوو بوونـەوە لەگەڵ کەسێ یـان شـتێکدا ‹در برخـورد اول او را نـشناختم: لـە یـەکـەم ویکـەوتـدا نـەمناسـی› ۳. ویکـەوتـن؛ جووڵانـەوە؛ چۆنیـەتی هـەسـتان و دانیشتن دەگەڵ شتێ یـان کـەسێکدا ‹برخـورد دولت با مسئلەی بیکاری ناامید کننده است: ویکەوتنـی دەوڵەت لەگەڵ گرفتی بێکاریدا هیوابڕە›. هەروەها: **برخورد داشتن؛ برخورد کردن**

برخـوردار / barxordār/: صـفت. کامـڕەوا؛ بەهرەمەنـد؛ بـەهـرەوەر؛ بـەهـرەمـەن؛ خـاوەن بـەش یـا کـەڵـک لـە شـتێکدا ‹او از هـوش سرشـاری برخـوردار اسـت: لـە بیرێکـی زۆرچـاک بەهرەمەنـدە›. هـەروەهـا: **برخـوردار بـودن؛ برخوردار شدن**

برخـورداری / barxordārî، ـهـا/:اسـم. بەهرەمەندی؛ بـەهـرەوەری؛ کامـڕەوایـی؛ بـار و دۆخ و چۆنیەتی بـەهـرەمـەنـدبوون ‹برخـورداری از سلامت: بەهرەمەندی لە لەش‌ساغی›.

برخوردن/ barxordan/: مصدر. لازم.// **برخوردی:** تـووش هـاتی؛ **برمـی‌خـوری:** تـووش دەبی؛ ـ// ۱. هەڵتەقین؛ هەڵتەقان؛ ڤێک‌کەفتن؛ ویک‌کەفتن؛ تووش بوون؛ تووش هاتن؛ گەپچاندن؛ ڕووبـەڕوو بوون لە گەڵ کەسێ یان شتێکدا ‹در راه به گدایی برخورد: لەڕێدا هەڵـتەقیـە سوالـکەرێکـەوە› ۲. پـێ گران بوون؛ پێ ناخۆش بوون؛ پـێ ناحـەز بـوون ‹اگر پول بدهی به او برمی‌خورد: ئەگەر پارەی بدەیتـێ پێـی گـران دەبـی› ۳. *[ادبـی]* بـەهـرەدار بـوون؛ بەهرەمەند بوون؛ بەهـرەوەر بیـەی. هـەروەهـا: **برخوردنی**

■ مصدر منفی: **برنَخوردن** (تووش نەهاتن)

برخورنده / barxorande/: صفت. نـەگونجـاو؛ نالەبار؛ ناحـەز؛ هـۆی ڕەنجیـان و نـاڕازی بـوون ‹رفتار برخورنده: ئاکاری نەگونجاو›.

برخـه / barxe، ـهـا/:اسم. *[ریاضی]* کـەسـر؛ کەرت.

برخـه‌شـمار / barxešomār، ـهـا/:اسم. *[ریاضی]* صورت کسر ☜ **صورت-۴**

برخـه‌نـام / barxenām، ـهـا/:اسـم. *[ریاضـی]* مخرج کسر ☜ **مخرج-۳**

برخـی[1] / barxî، ـهـا/: صـفت. *[ادبـی]* بـڕێ؛ بڕێک؛ بـڕێو؛ بـازێ؛ هێنـدێ؛ تاقمـێ؛ بـەشـێ؛ پچەک؛ هەندێ؛ هـەنـدێک؛ هـەنـێ؛ هنـدەک؛ پـشکەک؛ هـەنـدۆ؛ هنـەک؛ چکـێ ‹برخـی از کتابها پاره بود: بڕێ لە کتێبەکان درابوون›.

برخـی[2]: ضـمیر. *[ادبـی]* بـڕێ؛ بـڕێک؛ بـڕێو؛ هەنـدێک؛ هنـدەک؛ پشکەک؛ پچـەک؛ بـازێ؛ هێنـدێ؛ تاقمـێ؛ بـەشـێ؛ هـەنـدێ؛ هـەنـدۆ؛ هنەک؛ چکێ ‹برخـی ماندنـد و برخـی رفتنـد: بـڕێ مانەوە و بڕێک ڕۆیشتن›.

برخیزانـدن / barxîzāndan/: مـصدر. متعـدی. *[ادبی]* // **برخیزانـدی:** هـەڵتساند؛ **برمـی‌خیزانـی:** هــەڵـدەســتێنی؛ **برخیــزان:** هــەڵــسێنە// هــەڵــساندن؛ هــەڵــساندنەوە؛ هــەڵــسانن؛ هــەســتاندن؛ ڕاســتەوەکــردن؛ هۆرێزنـــای؛ هۆرزنـــەی؛ ئـــەوەهۆرزنـــەی؛ هۆرزنـــایوە؛ ڕاوەســـتاندنی شـــتێ یـــان کـەســێک ‹از جـای برخیزاندن: لـە جێگـە هـەسـتاندن›: **برخیزانیـدن**. هەروەها: **برخیزاندنی**

■ صـفت فـاعلی: **برخیزاننـــده** (هـەڵـسێنەر)/ صـفت مفعـولی: **برخیزانـده** (هـەڵـسێنراو)/ مـصدر منفی: **برنَخیزاندن** (هەڵنەساندن)

برخیزانیدن / barxîzānîdan/ ☜ **برخیزاندن**

بـرد[1] / bord، ـهـا/:اسـم. ۱. مـەنـتش؛ بـر؛ بردنەوە لـە گرێـو ‹قمـار بـرد دارد، باخـت هـم دارد:

قومار مەنتشی هەیە، دانانیشی هەیە› ۲. بر؛ بورد؛ بردنەوە؛ ئەو شتەی بەرندە بەدەستی ئەهێنێ ‹برد تو چقدر بود؟: بری تۆ چەندە بوو؟› ۳. /مجازی/ قازانج؛ بەهرە؛ سوود ‹در آن معامله برد کرد: لەو مامەڵەدا قازانجی کرد› ٤. [عربی]/قدیمی/ بود؛ بورد؛ قوماشی ڕاڕا؛ پارچەی میلەدار.

ـ برد[۲]: پیوازه. ـبرد؛ ـبر؛ ـبەرد؛ بردن ‹کاربرد: کاربرد›.

ـ بردار / bardār/: پیوازه. ـهەڵگر؛ ـهۆرگێر؛ ڕاگر: ۱. بەرزکەرەوە ‹باربردار: بارهەڵگر› ۲. بەرگەگر ‹شوخیبردار: شۆخیهەڵگر›.

ـ برداری / bardārî/: پیوازه. ـبەرداری؛ ـگری؛ ـهەڵگری؛ کار یان ڕەوتی هەڵگرتن ‹عکسبرداری: وێنەگری›.

برداشت / bardāšt، ـها/: اسم. ۱. هەڵگری؛ کار یان ڕەوتی هەڵگرتن ‹از آن زمین گندم زیادی برداشت شد: لەو زەویە گەنمێکی زۆر هەڵگیرا› ۲. دەسکەوت؛ تێگەیوی ‹برداشت تماشاچیان از فیلم متفاوت بود: دەسکەوتی بینەران لە فیلمەکە جیاواز بوو› ۳. /بانکداری/ کار یان ڕەوتی هەڵگرتن؛ دەرهێنانی پارە لە حیسابی بانکی.

برداشتن / bardāštan/: مصدر. لازم. متعدی. // **برداشتی**: هەڵتگرت؛ **برمیداری**: هەڵدەگری؛ **بردار**: هەڵگرە// ◻لازم. ۱. تابشت هێنان؛ دەربردن؛ خۆ گرتن؛ بڕ کردن؛ تاقەت هێنان/ هاوردن؛ هەڵگرتن؛ هەڵهاتن؛ هەڵاتن ‹چشمش برنمیدارد موفقیت دیگران را ببیند: چاوی هەڵنایەت سەرکەوتنی کەسیتر ببینێت› ۲. هەڵگرتن؛ ئەڵگرِدن؛ خواردن؛ واردەی؛ ئەنەبیەی؛ تێکەوتن؛ لێپەیدا بوون؛ تووشی چۆنیەتی و دۆخێ بوون ‹چروک برداشتن: چرچ هەڵگرتن› ◻متعدی. ۳. هەڵگرتن؛ هلگرتن؛ ڕاکرن؛ هەلانین؛ ڤەرۆتن؛ وادارتەنە؛ بەرزەوکردن؛ هلیاندن؛ هلیان؛ هنگرتن؛ وەداردش؛ وەدارتش؛ هۆرگێرتەی؛ هۆرگرتەی؛ هەڵبرین؛ هۆربرنەی؛ شتێ لە جێی خۆیدا بەرزکردنەوە ‹رادیو را برداشت و گذاشت روی میز: ڕادیۆکەی هەڵگرت و نایە سەر مێزەکەوە› ٤. هەڵگرتن؛ هۆرگێرتەی؛ هلگرتن؛ بەخاوەن بوون ‹آن را برای خودش برداشت: ئەوەی بۆ خۆی هەڵگرت› ٥. /ادبی/ هەڵبژاردن؛ هەڵگرتن؛ هۆرچنیەی ‹او را به شاهی برداشتند: ئەویان بە شایی هەڵبژارد› ٦. گرتن؛ گێرتەی؛ تۆمارکردن ‹عکس برداشتن: وێنە گرتن› ۷. هەڵگرتن؛ دزین؛ ڕفاندن؛ ئڕفانەی؛ بردن؛ بەردەی؛ ڕاپسکاندن؛ ڕاڕفاندن ‹بسته را گذاشته بود روی میز، یکی برداشت و رفت: بەستەکەی لە سەر مێزەکە دانابوو، یەکێ هەڵیگرت و ڕۆیشت› ۸. هەڵگرتن؛ داگرتن؛ لابردن؛ لابەردەی؛ شتێک (وەکوو چاویلکە، لەچک، کڵاو یان چارشێو) لە جێی خۆی لابردن ۹. داگرتن؛ دانەبەر؛ گێرتەیرە؛ ئەرەگێرتەی ‹آب همەجا را برداشت: ئاو هەموو لای داگرت›. هەروەها: **برداشتنی**

■ صفت فاعلی: **بردارنده** (هەڵگر)/ صفت مفعولی: **برداشته** (هەڵگیراو)/ مصدر منفی: **برنَداشتن** (هەڵنەگرتن)

بردبار / bordbār، ـها؛ ـان/: صفت. پرزوو؛ بە برست؛ بێنفرەهـ ؛ بە تابشت؛ بە تاقەت؛ بەحەوسەلە ‹در برابر این سختیها باید بردبار باشی: لە بەرامبەر ئەم دژواریانەدا دەبێ بەتاقەت بی›.

بردباری / bordbārî، ـها/: اسم. پرزوویی؛ تەوتین؛ تەوات؛ پشوودرێژی؛ بێنفرەهی؛ پرزەداری؛ توانایی خۆڕاگری لە بەرانبەر سەختی و نالەباریەوە.

بردگی / bardegî، ـها/: اسم. کۆیلەیی؛

کۆلەتی؛ کۆیلەتی؛ عەبدایەتی؛ بەندەیی؛ لێزیەتی؛ بار و دۆخی چۆنیەتی بەندە بوون.

بردمیدن / bardamîdan/: *مصدر. لازم. متعدی. [ادبی]* // **بردمیدی:** هەلتدا؛ **برمی‌دمی:** هەلدەدەی؛ **بردم:** هەلدە// هەلدان: ◻*لازم.* ١. هەلاتن؛ هەلهاتن؛ هۆرکەوتەی؛ هۆرکێشیەی ‹خورشید بردمید: هەتاو هەلیدا› ٢. ڕوان؛ شین بوون؛ ڕسەی؛ دەمنەی؛ سەر هەلدان ‹سبزه بردمید: شینکایی هەلیدا› ◻ *متعدی.* ٣. با تێکردن؛ دەماندن؛ دەمنای. هەروەها: بردمیدنی

■ صفت مفعولی: **بردمیده** (هەلدراو)/ مصدر منفی: **برنَدمیدن** (هەلنەدان)

بردن / bordan/: *مصدر. متعدی. لازم.* //**بردی:** بردت؛ **می‌بری:** دەبەی؛ **ببر:** ببە// بردن؛ برن؛ بەردەی: ◻ *متعدی.* ١. شتێ لە لای بیسەر و بێژەر دوور خستنەوە ‹کتاب را بیرون بردن: کتێب بردنە دەرەوە› ٢. ڤەگوهاستن؛ ڕاگواستن؛ ئەووەوارەی؛ کەسێ یان شتێک گەیاندنە جێگایەک ‹کسی را به جایی بردن: کەسێک بۆ شوێنێک بردن› ٣. دزینی شتێک لە جێگایەک ‹مال کسی را بردن: مالی کەسێک بردن› ٤. ئازار/ ئێش گەیاندن ‹سر کسی را بردن: سەری کەسێ هاوردنە ئێش› ٥. سەرکەوتوو یان بەرندە بوون ‹جنگ را بردن: شەڕ بردنەوە› ٦. سڕین؛ سڕینەوە؛ سەڕتەی؛ لابردن؛ پاکەوکردن؛ شتێک پاک‌کردنەوە ‹رنگ را بردن: ڕەنگ سڕینەوە› ◻*لازم.* ٧. کێشان؛ تابشت هێنان ‹رنج بردن: ڕەنج بردن› ٨. تێچوون؛ خایاندن ‹سه سال کار برده است: سە سال کاری تێچووە› ٩. قازانج بەدەس هێنان ‹سود بردن: بەهرە بردن›. هەروەها: **بردنی**

■ صفت فاعلی: **برنده** (ـ)/ صفت‌مفعولی: **برده** (براو)/ مصدر منفی: **نَبردن** (نەبردن)

بردوباخت / bord-o-bāxt، ـها/: *اسم.* ١. کار یان ڕەوتی بردنەوە و دانان ‹تمام شب مشغول بردوباخت بود: تەواوی شەو خەریکی بردنەوە و دانان بوو› ٢. کار و ڕەوتی بردن و دۆڕاندن؛ ئەوەی کە ئەبرێتەوە یان دائەنرێ ‹بیش از یک میلیون بردوباخت داشت: زۆرتر لە ملیۆنێک بردن و دۆڕاندی بوو›.

بردوختن / bardûxtan/: *مصدر. متعدی. [ادبی]* // **بردوختی:** هەلتدووراند؛ **برمی‌دوزی:** هەلدەدووری؛ **بردوز:** هەلدوورە// هەلدووران؛ هەلدوورین؛ دووراندن؛ دوورین؛ دروون؛ هەلدروون؛ هۆروراسەی ‹پیراهن بردوختن: کراس هەلدووران›. هەروەها: **بردوختنی**

■ صفت مفعولی: **بردوخته** (هەلدووراو)/ مصدر منفی: **برنَدوختن** (هەلنەدووراندن)

⊡ **چشم بردوختن:** چاو بڕین؛ زەق- زەق نواڕین؛ چاو لە شتێ هەلنەگرتن.

برده / barde، ـها؛ ـگان/: *اسم.* بەندە؛ کۆیلە؛ کۆلە؛ بەنە؛ بەنی؛ قول؛ لێز؛ بەردە؛ عەبد؛ خولامی زێڕکڕی.

⊡ **برده بودن:** بەندە بوون؛ کۆیلە بوون؛ لەژێر دەستی کەسێکی دیکەدا بوون. هەروەها: **برده شدن**

برده ساختن: کۆیلەکردن؛ یەخسیر کردن؛ کەسێ دیل‌کردن و وەک کۆیلە کار لێ‌کێشانەوە.

برده‌دار / bardedār/: *صفت.* کۆلی‌دار؛ کۆیلەدار؛ خاوەن بەنی.

برده‌داری / bardedārî/: *اسم.* کۆیلەداری؛ بەندەداری: ١. کار یان ڕەوتی کڕین و فرۆشتن و بەهرە هەلکڕاندن لە کاری بەنی ٢. سیستەمێکی ئابووری و کۆمەلایەتی کە تاقمێک دەبوونە بەندەدار و کاری کڕین و فرۆشتنی کۆیلەیان دەکرد و تاقمێکیش دەکرانە کۆیلە.

بردەفروشی / bardefurûšî/: *اسم.* بەردەفرۆشی؛ کۆیلەفرۆشی.

بردی / bardî/: [عربی] ☜ **پاپیروس**

بررس / bar.res، ـها/: *اسم.* چاودێر؛ کەسێ کە کاری چاوەدێری‌کردن لە بابەتی فەرهەنگی (وەکوو میدیا، کتێب، فیلم و ...) بۆ بەرگری‌کردن لە بلاوبوونەوەی مەبەستی دژ بە قانوون یان بەرژەوەندی دەسەلات.

بررسی / bar.resî، ـها/: *اسم.* لێڕوانی؛ ڕەوتی بە دوادا چوون؛ لێکۆڵینەوە؛ تۆژینەوە و تاوتوێ‌کردن لە شوێنێک، شتێک یان بابەتێک بە ئاریکاری بیر و هزر و ئازمایشت و هەروەها خۆندنەوە و پرس‌وڕا لە ئاگادارن ‹بررسی روزنامەها: تۆژینەوەی ڕۆژنامەگەل›. هەروەها: **بررسی شدن؛ بررسی کردن**

برزخ [1] / barzax/: [معرب از فارسی]*اسم.* بەرزەک: ١. وەرهەنگ؛ دۆژی دوڕ؛ مەودای نێوان دوو شت ٢. جیگەیەک نێوان بەهەشت و دۆزەخ ٣. *[جغرافیا]* باریکە؛ تەنگەزەوی؛ وشکانییێکی باریکی بەین دوو ئاو.

برزخ [2]: *صفت. [گفتاری]* دلگران؛ دۆزەخ؛ قەلس؛ دلمەن؛ دۆزەخ ‹چرا برزخ شدی؟ من کە چیزی نگفتم: بۆچی دلگران بووی؟ خۆمن شتێکی‌وام نەگوت›.

برزگر / barz(e)gar، ـها؛ ـان/: *اسم.* وەرزیار؛ وەرزێر؛ وەرزەوان؛ جووتێر؛ جووتیار؛ هیتیار؛ جووت‌بەندە؛ هیتەوان؛ بەزگەر؛ وەرزیەر؛ وەرزگەر؛ کشاوەرز؛ کەسێ کە لە لادێدا کاری کشت‌وکاڵ بەتایبەت دەغڵ و دان دەکا. هەروەها: **برزگری**

برزن / barzan، ـها/: *اسم.* گەڕەک؛ تاخ و کۆلان؛ بەشێ لە بازێڕ بریتی لە چەن شەقام و کۆلان.

برزنت / berezent/: [اروسی از هلندی]*اسم.* برێزنت؛ جۆرێ پارچەی ئەستوورە بۆ دروست‌کردنی چادر و ڕووکێش و...

برزنتی / berezentî/: [اروسی از هلندی] *صفت.* برێزنتی؛ لە چەشنی برێزنت ‹چادر برزنتی: چادری برێزنتی›.

برزنگی / barzangî، ـها/: *صفت.* ١. *[قدیمی]* بەرزەنگی؛ خەڵکی زەنگبار ٢. زەنگی؛ ڕەش‌پێست.

برزوبالا / borz-o-bālā/: *اسم. [ادبی]* بەژن و بالا؛ تەرزی؛ لەباری.

برس / bars، ـها/: *اسم.* بەرس؛ ئەو چێوە لە لووتی وشتری دەکەن: **ورس**

برس / boros, b(e)ros، ـها/: [فرانسوی]*اسم.* برووس؛ برووش؛ برۆس: ١. ئامرازێ بۆ شانەکردنی سەر ٢. ئامێرێک بۆ پاک کردنەوەی شتێ (وەکوو فلچە و میسواک).

برسام / barsām/: *اسم. [پزشکی]* ئاوبەنگ؛ بەرەزام؛ ئاڤسینگ؛ نەخۆشیەکە لە ئاوسانی پەردەی سی و پەیدا بوونی شلاوێک تێیدا.

برساوس / barsāvos/: [معرب از یونانی] ☜ **بَرساوُش**

برساوش / barsāvoš/: [معرب از یونانی]*اسم. [نجوم]* بەرساوش؛ وێنەیەکی ئاسمانی لە بیچمی پیاوێک کە سەرێکی بڕاوی بە دەستەوەیە: **برساوس؛ برشاوس؛ حامل رأس‌الغول**

برسکیزیدن / barsekîzîdan/: *مصدر. لازم. [قدیمی]* هەلتووزان؛ هەلتۆزان؛ هەلجووزان؛ هەلتیزان؛ لووشک وەشاندن؛ جۆتلێ شانەی؛ لەقە هاویشتن و قوشقی بوون.

برسم / barsam، ـها/: *اسم.* بەرسەم؛ دەستەیەک لە چلەدار، یان ئاوەها شتێکی لە کانزا کە پیرە زەردەشتیەکان کاتی بەجێ‌هێنانی ڕێ و ڕەسمی ئایینیان

بەدەستیانەوە دەگرن.

بـرش / boreš، ـها/:اسم. بِرشت؛ لەت؛ لت؛ قەڵت: ١. قەڵشێ کە بە هۆی ئامێرێکی تیژەوە بەدیهاتووە ‹برش عرضی: برشتی بەپاناوە› ٢. قاش؛ قاژ؛ کووز؛ بەشێ لە شتێ کە بڕاوە ٣. بڕیامان؛ شێوازی برینەوەی پارچە ‹برش لباس: بڕیامانی بەرگ› ٤. کار یان ڕەوتی برین ‹برش کردن: لەتکردن›.

▣ **بـرش دادن**: بڕین؛ بڕیامانکردن؛ بڕینی شتێک بە پێی نەخشە یان ویستێکی لە پێشەوە بڕیار دراو.

بـرش / borš/:اسم. چێشتاوی کەلەم؛ چێشتاوێک کە گۆشت، کەلەرم و جار و بارەش گێزەرە و چۆنەری تێ دەکەن.

برشـاوس / baršāvos/: [معرب از یونانی] ☜ بَرساوُش

برشتار / bereštār، ـها/:اسم. برژێنە؛ برژێنەر؛ نانبرژێن؛ کەرەستەیەکی (زۆرتر) کارەبایی کە نانی پێ گەرم دەکەنەوە یان دەیبرژێنن.

برشتوک / bereštûk/:اسم. برساق؛ جۆرێ شیرینی لە ئارد و شەکر و حل کە لە ڕۆندا سوور دەکرێتەوە.

برشته / berešte، ـها/: صفت. بڕژاو؛ براشتی؛ بریان؛ برشتە؛ نورشتە؛ برژیو؛ برژیاو؛ برژیاگ؛ بریژیا؛ بڕژراو؛ بورش؛ وشک و تورتەوە بوو بەهۆی ئاور یان تینی زۆرەوە (بەتایبەت بۆ خواردەمەنی).

برشته‌کن / bereštekon، ـها/:اسم. برژێنەر؛ برێژنە؛ نانبرژێن.

برشکار / boreškār، ـها؛ ـان/:اسم. بڕشتکار؛ ئەو کەسەی کە کاری بڕینی تیکەگەلی (وەک پارچە؛ مشەما؛ ئاسن و...) لە ئەندازەگەلی ڕێکوپێکە، بۆ دوورانـدن یان پێک هێنانی بەرهەمی پێویست. هەروەها: **برشکاری**

برشـمردن/ baršomordan, baršemordan/: مصدر. متعدی. [ادبی] // **برشُمردی**: هەڵتدا؛ **برمی‌شُماری**: هەڵدەدەی؛ **برشُمُر**: هەڵدە// ١. هەڵدان؛ هەڵژماردن؛ هەڵشماردن؛ باسکردن؛ ناو لێ بردن ‹گناهان او یک به یک برشمرد: ئەوی گونایکردبوو هەمووی هەڵدا› ٢. هەژمارتن؛ ژماردن؛ شماردن؛ مۆردەنە؛ هەژماردن؛ ئژمارەی؛ حەساوکردن. هەروەها: **برشمردنی**

■ صفت فاعلی: **برشمارنده** (هەڵدەر)/ صفت مفعولی: **برشمرده** (هەڵدراو)/ مصدر منفی: **برنَشمردن** (هەڵنەدان)

برص / baras/: [عربی] ☜ **پیسی ــ١**

برطرف / bartaraf/: [فارسی/ عربی] صفت. نەماو؛ لاچوو؛ لە ناو چووگ؛ ونداچوو ‹آن سرمای شدید برطرف شده است: ئەو توفی سەرمایە نەماوە›.

برعکس[1] / bar'aks/: [فارسی/ عربی] صفت. پێچەوانە؛ چۆپەوانە؛ چەپ؛ بەراوەژوو؛ بەراوەژۆ؛ بەراوەژی؛ سەرەوقوون؛ چەواشە؛ چوارشی؛ تەرسە؛ بە چۆنیەتی یان چییەتی دژبەریەوە ‹حرفهایش برعکس عملش بود: قسەکانی پێچەوانەی ئاکاری بوو›.

برعکس[2]: قید. پێچەوانە؛ چۆپەوانە؛ بەراوەژوو؛ سەرەوقوون؛ چەواشە؛ دژ؛ تەرسە؛ بەراوەژی: ١. بە وێنەی دژبەری یان بە پێچەوانەوە ‹برعکس عمل می‌کرد: بە پێچەوانە کاری دەکرد› ٢. سەرەونخوون؛ سەرەووار؛ سەرەوخوار؛ سەر و قنگ ‹عکس شاه برعکس چاپ شده بود: وێنەی شا پێچەوانە چاپ کرابوو›.

برغ / barq، ـها/:اسم. بەرەگە؛ وەرەگە؛ شەلەگە؛ بەنگا؛ بەنگە؛ کەرت؛ جێ گەڕاندنەوەی ئاو؛ جێگەیەک لە چەم و جۆگەلە کە بە هەڵبەستنی، ئاو دەکەوێتە جێیەکی دیکەوە. هەروەها: **برغاب**

برغاب / barqāb/ ☜ **برغ**

برغو / borqû. ـها/: [ترکی]/اسم./قدیمی/ زڕنا؛ کەلەشاخ؛ سەرناوی؛ سازێکی وایی و شاخئاسایی کە ناوخالیە و بە دەنگی گڕدار لە جەژنگەلی گەورە و شەڕدا پێی دەچڕن.

برف / barf/: اسم. بەفر؛ ڤەور؛ وەرب؛ بەرف؛ بەور؛ وەروە؛ ڤەر؛ ڤەرڤە؛ ویەر؛ وەفر: ۱. کولۆی سپیلانەی ڕسکاو لە بۆقی ڕچاو، کە لە هەوای ساردا لە ئاسمانەوە دادەباری (برف می‌بارد: بەفر ئەباری) ۲. کۆمای ئەو کولۆگەلە کە لە شوێنێکدا کۆ بوونەتەوە (برف پشت‌بام را انداختم: بەفری بانم ڕامالی).

▣ **برف پیری**: /مجازی/ بەفری پیری؛ چەرمگی موو؛ سپیەتی موو بە هۆی پیریەوە (برف پیری بر سرش بنشسته بود: بەفری پیری لە سەری ڕۆنیشتبوو).

▣ **برف آمدن**: بەفر بارین؛ بەور بارین؛ وەرو وارەی؛ بارینی بەفر (دیروز برف آمد: دوێنێ بەفر باری).

برف انداختن: بەفر مالین؛ ڤەور پارۆ کردن.

برف گرفتن: بەفر دادان؛ بەفر داکردن؛ وەروگێرتەینە؛ بەفر دەست پێکردن (توی راه برف گرفت: لە ڕێگادا بەفر دایکرد).

برف نشستن: بەفر نیشتن؛ بەفر داپۆشین؛ بەفر داگرتن؛ وەرو هەسەمیایرە؛ وەرو تەپیایرە؛ سپی بوونەوەی زەوی و دار و بەرد بە هۆی بارینی بەفرەوە.

برفاب / barfāb/: اسم. بەفراو؛ وەرواوە؛ ئاوی بەفر: ۱. بەرفەو؛ ئاوێ کە لە توانەوەی بەفر پێکدێت ۲. ئاوێک کە بۆ سارد بوونەوە، بەفری تێکراوە.

برف‌بازی / barfbāzî. ـها/: اسم. کۆپەلان؛ گونەلانی؛ هوپەلان؛ تۆپەلەبازی؛ تۆپەلەشەڕێ؛ گولۆلەبازی؛ گولۆلەشەڕێ؛ شەڕە بەفر؛ گودا ڤەوری کەری؛ گەمەی تۆپەلە بەفر بە یەکا دان.

برف‌پاک‌کن / barfpāk.kon. ـها/: اسم. بەفرپاککەر؛ بەفرسڕ؛ بەورمال؛ کەرەسەیەک بە ڕووی شووشەی پێش، دوا یان چرای گەڕۆکەوە بۆ سڕینەوەی بەفر و باران.

برفچال / barfčāl. ـها/: اسم. بەفرەچال؛ چالەبەفر؛ پیرەچال؛ وەروەچالە؛ چالی قەلاپەچن بوو لە بەفر.

برفرو / barfrow. ـها/: اسم. بەفرەڕۆ؛ گەڕۆکێکی تایبەت بۆ چوون بە سەر بەفردا: **اسنوموبیل**

برفروب / barfrûb. ـها/: اسم. بەفرەلۆ؛ بەفرمال؛ وەروەڕۆ؛ وەروەمال؛ بەفرمالک؛ شەپالۆخ؛ کەسێک، کەرەسەیەک یان ماشینێک کە کاری مالینی بەفرە.

برف روبی / barfrûbî/: اسم. بەفرمالی؛ کار یان ڕەوتی بەفر مالین؛ بەفر ڕادان؛ وەروەمالەی.

برفک / barfak/: اسم. بەفرەک: ۱. /پزشکی/ وەزێ؛ دانەدانەی سپی کە زیاتر بە زاری مندالانەوە دەنیشێ ۲. کوڕش؛ کوڕشە؛ بەستەلەک؛ هەلمی ڕچاو وەک دانەی بەفر لە سەر شیشە و... (شیشەها برفک بسته است: شیشەکان بەستەلەکیان بەستووە) ۳. خالخالی سپی لە سەر شاشەی تەلەویزیۆن و ڕادار.

برف‌گیجه / barfgîce/: اسم. ۱. کرێوە؛ کرێڤە؛ کرێوە و بۆران؛ با و بۆران؛ کرێوەپێچ؛ توف؛ بادەوە؛ باپێچ؛ بازریشک؛ باسریشک؛ باهۆ؛ باهووە؛ بەفر و با پێکەوە ۲. سەرلێشێواوی بە هۆی بارینی زۆری بەفرەوە یان داپۆشرانی دەور و بەر بە بەفر، لەگەل توف و بادا کە بنیادەم ناتوانێ ڕێگا

بدۆزیتەوە.

برفگیر / barfgîr/: *صفت.* بەفرگر؛ وەروەگا؛ ئەو شوێنەی کە بەفر وەخۆ دەگرێ.

برفمرز / barfmarz، ـها/: *اسم.* ئەو کێڵەی لە داوێنی چیادا کە بە گرێمانە دانداوە و سەرەوەی لە بەفر داپۆشراوە و هاوینیش ناتوێتەوە.

برفوشیره / barf-o-šîre/: *اسم.* بەفر و دۆشاو؛ جۆرێ خواردەمەنی لە تێکەڵی بەفر و دۆشاوی ترێ یان توو.

برفی[1] / barfî/: *اسم. [گفتاری]* بەفرماڵ؛ بەفرەماڵ؛ وەروە ماڵ؛ بان ماڵ؛ کەسێ کە کاری بەفر ڕامالینە.

برفی[2]: *صفت.* بەفرین: ١. بەفرالوو؛ بە بەفر ‹هوای برفی: هەوای بەفرین› ٢. بەفرینە؛ بەفری؛ لە بەفر چێ کراو ‹آدم برفی: بووکە بەفرینە› ٣. بە ڕنگی سپی بریقەدار.

برق / barq/: [عربی]/*اسم.* ١. برووسکە؛ ورێ؛ ورۆ؛ بریقە؛ بریسکە؛ هەورەبرووسکە؛ هەورەترێشقە؛ تریشقە؛ هوروسکە؛ بەلاچە ‹رعد و برق شروع شد: گرمە و برووسکە دەستی پێکرد› ٢. کارەبا؛ بەرق ٣. بریقە؛ ورچە؛ وەرشە؛ ورشە ‹از خوشحالی چشمانش برق می‌زد: لە خۆشیانا چاوی بریقەی ئەدایەوە›.

⊡ **برق افتادن:** بریقە لێکەوتن؛ درەوشانەوە؛ درەوشیانەوە ‹کاشیها برق افتاده بود: کاشیەکان بریقەیان لیکەوتبوو›.

برق انداختن: بریقەخستن؛ بریکە لێخستن؛ درەوشاندنەوە ‹همە جا را برق انداخت: بریقەی خستبووە هەموو شوێنێک›.

برق جستن: بریقە دانەوە؛ برووسکانەوە؛ تروسکانەوە؛ تریسکانەوە؛ تەیسین؛ درەوشانەوە ‹از چشمهایش برق جست: چاوی درەوشایەوە›.

برق داشتن: برووسکەدار بوون؛ کارەبا هەبوون؛ هەبوونی گەڕیانی کارەبا لە شوێنێ یان لە شتێکدا.

برق رفتن: برق چوون/ چوونەوە؛ برق لوایوە؛ ڕۆیشتنەوەی کارەبا و بڕیانی ‹در خانە نشستە بودیم کە یک دفعە برق رفت: لە مالەوە دانیشتبووین کوتوپڕ برق چوو›.

بەرانبەر: **برق آمدن**

برق زدن: تەیسین: ١. بریقەدانەوە؛ تیشکدانەوە؛ درەوشانەوە؛ تروسکانەوە؛ چووسکەدان ‹روی زمین چیزی برق می‌زد: لە سەر زەویدا شتێک دەتەیسا› ٢. چەخماخە لێدان؛ ورۆکەوتەی؛ پێ هاتنی هەورەتریشقە لە ئاسماندا ‹آسمان برق زد و غرش رعد شنیدە شد: ئاسمان تەیسایەوە و گرمەی هات›.

برق گرفتن: برق گرتن؛ کارەبا گرتن: ١. گەڕیانی بەرق بە لەشدا ‹آزاد را دیروز برق گرفت: دوێنێ، ئازاد بەرق گرتی› ٢. کارەبا لێگرتن؛ وەرگرتنی کارەبا لە کەرستە یان شوێنێک ‹باید از این سیم برق بگیری: دەبێ لەم سیمە کارەبا بگری›.

برقابی / barqābî/: [عربی/ فارسی] *صفت.* پێوەندیدار بە وەرگرتنی بەرق لە ئاو.

برق‌آسا / barqāsā/: [عربی/ فارسی] *صفت. [کنایی]* بەرق‌ئاسا؛ برووسکەئاسا؛ وەک تریشقە؛ لە زەبر؛ تیژ؛ گورج؛ کرژ؛ گورد؛ تاشک.

برقبند / barqband، ـها/: [عربی/ فارسی] *صفت.* بەرق‌ڕاگر؛ بە تایبەتمەندی یان هێزی برق لە خۆوە نەبواردن.

برق‌درمانی / barqdarmānî/: [عربی/ فارسی]/*اسم.* بەرق‌دەرمانی؛ چارەسەرکردنی نەخۆشین لە سۆنگەی کەرەسەگەلی کارەباییەوە.

برقرار / barqarār/: [فارسی/ عربی] *صفت.*

دامەزراو؛ مەرزیا؛ ١. دابین؛ بەرقەرار؛ دیاریکراو؛ دەستنیشان‌کراو ‹صلح برقرار شد: ئاشتی دابین‌کرا› ٢. *[گفتاری]* بەردەوام؛ ڕاوەستۆخ ‹سر کار تازەات برقرار شدەای؟: لە سەر کاری تازەتەوە دامەزراوی؟›. هەروەها: **برقرار بودن؛ برقرار شدن؛ برقرار کردن؛ برقرار گردیدن؛ برقرار گشتن؛ برقرار ماندن**

برقراری / barqarārî/: [فارسی/ عربی]/*اسم*. جێگرتوویی؛ بەردەوامی؛ دامەزراوی؛ بەرقەراری ‹برقراری امنیت: جیگرتوویی هێمنایەتی›.

برقراهه / barqrāhe، ـها/: [عربی/ فارسی] /*اسم*. خولگە؛ شوێنی گەڕانی شتێک بە دەوری شتێکی‌تردا.

برقرسانی / barqresānî/: [عربی/ فارسی] /*اسم*. بەرق‌کێشی؛ کارەباکێشی؛ کار و ڕەوتی گەیاندن و دانی کارەبا بە شوێنێک ‹برقرسانی بە چند روستای دورافتادە آغاز شد: کارەباکیشی بۆ چەند گوندی تەرە دەسپێکرا›.

برق‌زدگی / barqzadegî، ـها/: [عربی/ فارسی]/*اسم*. برق‌لێداوی؛ کار یان ڕەوتی تریشقە لێدان؛ تریشقەکەوتەی ‹چند درخت بر اثر برق‌زدگی سوختند و ذغال شدند: چەند دار بەهۆی بەرق لیداوییەوە سووتان و بوونە سوخاڵ›.

برق‌سنج / barqsanc، ـها/: [عربی/ فارسی] /*اسم*. کارەباپێو؛ هەرکام لە کەرەسەگەلی ئەندازەگرتنی کارەبا.

برقشناخت / barqšenāxt/: [عربی/ فارسی] /*اسم*. بەرقناسی؛ زانستی کارەباناسی؛ برووسکە ناسی؛ زانستی ناسینی دیاردەگەلی کارەبایی و شێوەی کەڵک لێوەرگرتنیان.

برقع / borqa'، ـها/: [عربی]/*اسم*. *[ادبی]* پەچە؛ چارەپۆش؛ ڕووبەن؛ ڕووبەند؛ ڕووبەنە؛ پارچەیەک کە سەر و ڕوومەتی ژنان دادەپۆشێ.

برقکار / barqkār، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] /*اسم*. بەرقکار؛ کارەباچی؛ کەسێ کە کاری دروست کردن و دروست کردنەوەی کەرەسەگەلی کارەبایی یان ڕاگرتن و ڕاهێنانی دامەزراوەی کارەبا بێت.

برقگر / barqgar، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] /*اسم*. بەرقچی؛ کەسێک کە سەر و کاری لەگەڵ کارەبایە.

برق گرفتگی / barqgereftegî/: [عربی/ فارسی] /*اسم*. بەرق‌گرتوویی؛ کار یان ڕەوتی بەرق‌گرتن؛ تێپەڕینی بەرق لە لەشی گیاندارەوە.

برقگیر / barqgîr، ـها/: [عربی/ فارسی]/*اسم*. تریشقەگیر؛ برووسکەگیر؛ هەورگر؛ وەرەگێر؛ هەورەبرووسکەگر؛ میلەیەکی کانزایی کە بە سەر خانووە بەرزەکاندا هەڵی دەدەن تا باری کارەبایی هەورە تریشقە بۆ زەوین ڕابگوێزێ و نەهێڵێت خانووەکە تریشقە لێی‌بدا.

برق‌ماهی / barqmāhî، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی]/*اسم*. هەرکام لە ماسیگەلی جۆربەجۆر کە بە فەلس و پووڵەکەی لەشیان بەرق دروست دەکەن: **ماهی برقی**

برقنما / barqnemā، ـها/: [عربی/ فارسی]/*اسم*. برووسکەنوێن؛ کەرەسەیێک بۆ دیاری کردنی هەبوون یان چۆنیەتی بەرقی وەستاو لە شوێنێک یان ئامرازێکدا: **الکتروسکوپ**

برقو / borqû، ـها/: [ترکی؟]/*اسم*. بورغوو؛ ئامرازی تایبەت بۆ ساف و لووس‌کردن یان گەورەکردنەوەی ناو لوولە: **برغو**

برقی[1] / barqî، ـها/: [عربی]/*اسم*. *[گفتاری]* بەرقی؛ بەرقچی؛ برقکار؛ سیمکێش یان کەسێ کە کاری دروست‌کردنەوەی ئامرازی

کارەباییە.

برقی[2]: *صفت.* ١. کارەبایی؛ پێوەندیدار یان سەر بە کارەباوە ٢. کارەبایی؛ ئەوەی کە بە کارەبا کار بکا ٣. *[گفتاری]* بریقەدار ‹کفش برقی: کەوشی بریقەدار›.

برقی[3]: *قید. [گفتاری]* بەرقی؛ ئازا؛ وەک بەرق؛ کرژوکۆڵ؛ زۆر گورج و گۆڵانە ‹برقی برو و برگرد: بەرقی بچۆ و وەرەوە›.

برک / barak/: *اسم. [قدیمی]* بەرگن؛ بەرگنە؛ جۆرێ پارچەی ئەستووری دەسچن لە خوری یان مەرەز کە زۆر گەرمە و بۆ بەرگی زستانی بە کار دێ.

برکات / barakāt/: [عربی] جمعِ ☜ **بَرَکَت**

برکت / barekat, bar(a)kat، ـها؛ بَرَکات/: [عربی] *اسم.* فست؛ پیت؛ بەرەکەت؛ خێر و بەرەکەت: ١. کارایی و چییەتی ‹این سرسبزی از برکت آب است: ئەم شینایییە لە پیتی ئاوەوەیە› ٢. فراوانی؛ زۆری؛ ڕمێن ‹خدا برکت بە کسبت بدهد: خوا پیت بخاتە نێو کارت›.

برکشیدن / barkešîdan/: *مصدر. متعدی. [ادبی]* // **برکشیدی**: هەڵتکێشا؛ **برمیکشی**: هەڵدەکێشی؛ **برکش**: هەڵکێشە// ١. هەڵکێشان؛ هەڵکێشاندن؛ هەڵاکشاندن؛ هەڵکشاتن؛ هەڵکشان؛ هۆرکێشتەی؛ هۆرکێشای؛ بۆ سەرەوەکێشان ٢. کێشانە بان؛ گەشە پێدان؛ بردنەی سەر؛ بوونە هۆی بەرز بوونەوەی کەسێک ٣. هەڵشکان؛ دەرکێشان؛ بەرکێشتەی؛ هێنانە دەر؛ دەرهاوردن. هەروەها: **برکشیدنی**

■ صفت مفعولی: **برکشیده** (هەڵکێشراو)/ مصدر منفی: **برنَکشیدن** (هەڵنەکێشان)

برکلیم / berkelyom/: [انگلیسی] *اسم.* بیرکیلیۆم؛ توخمێکی کیمیاوی کانزایی ڕادیۆئەکتیڤ و خۆنەگر، لە دەستەی ئاکتینیدەکانە بە ژمارەی ئەتومی ٩٧ەوە.

برکنار / barkenār/: *صفت.* لا: ١. دوور؛ لاتەریک؛ کەنار؛ تەرە؛ وەر؛ جیا و بێ پەیوەندی بە شتێکەوە ‹او همیشه از این کارها برکنار بود: لەم کارانە هەر دوور بوو› ٢. لابراو؛ لادراو؛ لاخراو؛ دەرکراو لە کار و پۆستێک ‹او را از کارش برکنار کردند: لە سەر کارەکەی لایان برد›. هەروەها: **برکناری؛ برکنار بودن؛ برکنار شدن؛ برکنار کردن**

برکندن / barkandan/: *مصدر. متعدی. [ادبی]* // **برکندی**: هەڵتکەند؛ **برمیکنی**: هەڵدەکەنی؛ **برکن**: هەڵکەنە// هەڵکەندن؛ هەڵبچیرین؛ هەڤپچرین؛ ڤەچرین؛ هەڵکولۆشان؛ هەڵکلۆشان؛ هەڵکلۆشاندن: ١. کەندن؛ دەرهێنان؛ لە شوێن خۆوە هەڵکێشان؛ هەڵقەندن؛ هۆرکەنتەی ‹ریشەی درخت را برکندن: ریشەی دار هەڵکەندن› ٢. لە نێو بردن؛ هۆرکەنتەی ‹ریشەی دشمنی برکن: ریشەی دوژمنایەتی هەڵکەنە› ٣. هەڵپچراندن؛ پەڕاندن؛ جیاکردنەوە؛ پڕنەی؛ گۆڕین ‹سر سرکشان را ز تن برکنید: سەری سەربزێوان هەموو هەڵکەن›. هەروەها: **برکندنی**

■ صفت مفعولی: **برکنده** (هەڵکەنراو)/ مصدر منفی: **برنَکندن** (هەڵنەکەندن)

برکه / berke، ـها/: [عربی] *اسم.* گۆم؛ گۆل؛ گۆلاو؛ گولەم؛ خەمخۆرکە؛ ئاڤزێل؛ ئەستێرک؛ کەندالی بچووکی ئاودر.

برگ / barg، ـها؛ ـان/: *اسم.* ١. گەلا؛ گڵا؛ پەل؛ بەلگ؛ وەلگ؛ بەلگ؛ پەژە؛ بەنگ؛ پەلک؛ ئەندامێک لە گیا کە لە بان قۆتە یان لقەوە دەردێ ‹برگ چنار: گەڵای چنار› ٢. پەرە؛ پەڕ؛ لاپەڕەی کاغەز ‹دفتر صد برگ: دەفتەری سەد پەڕە› ٣. *[ادبی]* بەرگ؛ تۆشە؛ هەگبە ‹بی‌برگ و نوا: بێ‌جل‌وبەرگ› ٤. *[ادبی]*

کەل‌وپەل؛ ئامرازی کار ‹ساز و برگ: کەل‌وپەل›.

برگ برنده: ١. پەڕەی یاری بەرەوە لە پاسووردا ٢. /مجازی/ ئامراز یان قسەی زۆر کارا.

برگ پنجه‌ای: گەڵای پەنجەیی؛ گەڵایێ کە لێوارەکەی پلە‌ـپلەیە و لە پەنجەی دەست دەچێ (وەک گەڵای هەنجیر و ترێ).

برگ جریمه: پەڕەی تاوانکاری؛ پەڕەیەک کە جۆری لادان لە قانوون و تاوانی ئەو کارەی تێیدا نووسراوە.

برگ چغندر: /کنایی/ تەڕەتۆڵەکە؛ تەڕەپیاز؛ پووش‌پیاز؛ گەڵاچۆنەر؛ مرۆی بێ‌نرخ؛ مرۆی هیچ‌وپووچ.

برگ خزان: گەڵە؛ خەزەڵ؛ خەزام؛ گازەڵ؛ گەڵای زەردی پاییز؛ گەڵاخێزان؛ گەڵای زەرد و سوور هەڵگەڕاوی خەریکی وەرین.

برگ سبز: ١. خام؛ چرۆ؛ گۆپە؛ گەڵای سەوز و تازە ٢. /کنایی/ ئاڵەکۆک؛ دیاری شوان؛ دیاری کەم‌نرخ.

برگ سوزنی: گەڵا دەرزیلە؛ پەلکە دەرزیلە؛ گەڵای باریک و نووک تیژی وەک دڕک (وەک گەڵای دار کاج).

برگ سهام: پەڕەیێکی چاپی بۆ فرۆش کە لە لایەن بەشدارگەیێکەوە بڵاو دەبێتەوە و خاوەن ئەو پەڕە بە بەشداری ئەو بەشدارگەیە دەژمێردرێ.

برگ سینه: چەپەربەند؛ مل‌پێچ؛ شاڵ‌گەردن.

برگ شانه‌ای: گەڵای شانەیی؛ پەلی پێکهاتوو لە زۆرێک ورتکەگەڵا، بە جۆرێک کە ورتکەگەڵاکان لە بەرامبەر یەکەوە (وەکوو شانە) ڕیز بوویێتن.

برگ فراهم: گرەگەڵا؛ گەڵا خڕانی لە گرەیەک کۆوە بوو.

برگ گل: پەلکە گوڵ؛ پەڕە گوڵ؛ گوڵەگەڵا؛ هەرکام لە پەڕەگەل یان تیکەگەلی ڕەنگینی گوڵ کە جار و بارەش بۆنخۆشە: **گلبرگ**

برگ ـ برگ شدن: پەڕەـپەڕە بوون؛ پەل‌ـپەل بوون؛ شەقار‌ـشەقار بوون؛ بزڕ‌ـبزڕ بوون؛ جیا بوونەوەی لاپەڕانی پەرتووک و پەڕاو لەیەک.

برگ دادن: گەڵا کردن؛ پەلک لێ‌ڕوان.

برگ زدن: /کنایی/ فێڵ کردن؛ فریو دان؛ هەلخەلەتاندن.

برگ‌آذین / bargāzîn، ـها/: /اسم. گەڵاقەرز؛ شێوازی جێ‌گرتنی گەڵا لە دەور ساقەتە یان لقەوە.

برگاموت / bargāmût/: /اسم. تورنج؛ باروونە؛ بارۆنە؛ باتوو؛ باتیس: **بالنگ**

برگ‌بو / bargebû، ـها؛ ـیان/: /اسم. تیرووی؛ تیرووێ؛ دارێکی لێرەوارە بە بەرزی ١٠ تا ١٥ متر، کۆتەرەی ڕێک و لووس، گەڵای هێلکەیی و گوڵ‌سپی یان سەوز و بەرێکی بە قەد دەنکە نۆکێک: **غار**

برگ بیدی / bargbîdî/: /اسم. گوڵەمریەمێ؛ جۆرێ گوڵە کە لە ئینجانە (گوڵدان)دا بۆ ڕازاندنەوەی جێگایەک دادەنرێ، گەڵاگەلی کەسک و بەنەوشی تیکەڵە و بۆنێکی خۆشی هەیە.

برگچه / bargče، ـها/: /اسم. ١. پەلچە؛ پەڕچە؛ پەرکۆکە؛ وردەگەڵا؛ گەڵای چکۆلە ٢. هەرکام لە تیکەگەلی جیاوازی گەڵایەک کە لە چەند گەڵای‌تر پێکهاتووە.

برگذاری / bargozārî/ ☜ **برگزاری**

برگردان[1] / bargardān، ـها/: /اسم. ١. ئەو بەشە لە گۆرانی کە جار‌ـجار دووپاتە

دەبێتەوە ٢. سەرقۆڵ؛ ئەو بەشە لە قۆڵی کراس یان کەوا کە بۆ جوانی هەڵدراوەتەوە ٣. وەرگێڕاوە؛ پاچڤە؛ ئەوی لە زمانێکەوە وەرگەڕاوەتەوە سەر زمانێکیتر.

- برگردان[٢]: *پیواژە.* ـوەگەڕێن؛ ـهەڵگەڕێن ‹خاک برگردان: خاک وەرگەڕین›.

برگرداندن / bargardāndan/: *مصدر. متعدی.* // **برگرداندی**: هەڵتگەڕاندەوە؛ **برمیگردانی**: هەڵدەگەڕێنیەوە؛ **برگردان**: هەڵگەڕێنەوە// ١. هەڵگەڕاندنەوە؛ گەڕاندنەوە؛ هەڵگێڕانەوە؛ وەرگەڕاندنەوە؛ چوارشەکردن؛ ئەڵگەردانن؛ هێرفاندن؛ نکساندن؛ هۆرگێڵنایوە؛ هۆرەوەگێڵنەی؛ گلداین؛ بردنەوەی کەسێ یان شتێک بۆ جێگا پێشووەکەی ‹بە خانە برگرداندن: گەڕاندنەوە بۆ ماڵ› ٢. هەڵگەڕاندنەوە؛ پشت و رووکردن؛ ئاوەژووکردنەوە؛ هۆر وێڵنەیوە؛ داموچاندن؛ ژێرورووکردنەوە ‹یقەاش را برگرداند: یەخەکەی هەڵگەڕاندەوە› ٣. هەڵگەڕاندنەوە؛ گەڕاندنەوە؛ وەرگەڕاندن؛ هەڵچەرخاندن؛ هۆرگێڵنایوە؛ لای شتێک گۆڕان ‹سرش را برگرداند: سەری هەڵگەڕاندەوە› ٤. هاوردنەوە؛ دانەوە؛ پێدانەوە؛ ئەوەدەی ‹برگرداندن پول: دانەوەی پارە› ٥. *[مجازی]* ڕشانەوە؛ هەڵلاوردنەوە؛ هاوردنەوە؛ ئاردەیوە ‹هرچە خوردە بود، برگرداند: هەرچێکی خواردبوو، هاوردیەوە› ٦. وەرگێڕان؛ وەرگەڕاندن؛ هەڵگەڕاندن؛ پاچڤەکرن * **برگردانیدن**. هەروەها: **برگرداندنی**

■ صفت فاعلی: **برگرداننده** (هەڵگەڕێنەر)/ صفت مفعولی: **برگردانده** (هەڵگەڕێنراو)/ مصدر منفی: **برنگرداندن** (هەڵنەگەڕاندن)

برگردانیدن / bargardānîdan/ ☜ **برگرداندن**

برگرفتن / bargereftan/: *مصدر. متعدی.* *[ادبی]* // **برگرفتی**: هەڵتگرت؛ **برمیگیری**: هەڵدەگری؛ **برگیر**: هەڵگرە// هەڵگرتن؛ هەڵبژاردن؛ بەرزکردنەوە؛ هۆرگێرتەی؛ هێزدان؛ بژنین. هەروەها: **برگرفتنی**

■ صفت فاعلی: **برگیرنده** (هەڵگر)/ صفت مفعولی: **برگرفته** (هەڵگیراو)/ مصدر منفی: **برنگرفتن** (هەڵنەگرتن)

برگریز / bargrîz، ـها/: *صفت.* گەلاڕێژ؛ خەزەڵوەر؛ خەزانرێز؛ خەزانکەر؛ خاوەنی تایبەتمەندی گەلا وەراندن بە پاییزاندا ‹بید از درختان برگریز است: بی داریکی گەلاڕێزە›. هەروەها: **برگریزی**

برگریزان / bargrîzān، ـها/: *اسم.* گەلاڕێزان؛ گلاریژان؛ گەلاخەزان؛ ڕەوتین؛ خەزام؛ خەزان؛ گرەژۆ؛ خەزەڵوەرین؛ دەیخەزەڵوەر؛ هەل و دۆخی پەژمران و ژاکانی گەلایان ‹پاییز موسم برگریزان است: پاییز وەرزی گەلاریزانە›.

برگزار / bargozār/: *صفت.* بەڕێوە چوو.

⊡ **برگزار شدن**: بەڕێوە چوون؛ کریان ‹انتخابات برگزارشد: هەڵبژاردنەکە بەڕێوە چوو›.

برگزاری / bargozārî، ـها/: *اسم.* بەڕێوەبەری؛ کار یان ڕەوتی بەڕێوە چوون یان بەڕێوە بردنی کارێک ‹برگزاری انتخابات: بەڕیوە چوونی هەڵبژاردن›.

برگزیدن / bargozîdan/: *مصدر. متعدی.* *[ادبی]* // **برگزیدی**: هەڵتبژارد؛ **برمیگزینی**: هەڵدەبژێری؛ **برگزین**: هەڵبژێرە// هەڵبژاردن؛ هلبژارتن؛ هەڵچنین؛ هۆرچنیەی؛ خەقاندن؛ مژاردن؛ نەقاندن؛ هەڵژماردن؛ وژاردن؛ هەڵبزین؛ هەڵبژنین؛ هەڵبژانن؛ دیاریکردن و جیا کردنەوەی کەسێ یان شتێک لە دەستەیەک بە مەبەستێکەوە.

■ صفت فاعلی: **برگزیننده** (هەڵبژێنەر)/

صفت مفعولی: **برگزیده** (هەڵبژێراو)/ مصدر منفی: **برنَگزیدن** (هەڵنەبژاردن)

برگزیده / bargozîde/: *صفت.* هەژمارده؛ هەڵبژارده؛ هەڵبژارتوو؛ هەڵبژاردوو؛ هەڵبژێراو؛ هەڵبژێردراو؛ هەڵبژنیاگ؛ هەڵبژیاگ؛ هلبژارتی؛ هەڵچنیاگ؛ هۆرچنیا؛ بەربژار؛ بژارده؛ تەڵبژێر؛ قەلبژێر؛ دانەبژێر؛ سەرتەڵ؛ سەرکوڵ؛ خاسە؛ نەقێنراو؛ سەرتڵ؛ حلێب؛ نادازه؛ تەڵ؛ دیاری‌کریاگ؛ ناڤ‌گرتی.

برگستوان / bargostvān، *ها/: اسم. [قدیمی]* وەرگسەوانە؛ زرێیەک کە شەڕوانان لە بەریان دەکرد یان بە ئەسپەکانیاندا ئەدا.

برگشت / bargašt/: *اسم.* گەڕانەوە؛ گەڕیانەوە؛ زڤر؛ گلەوخوارد؛ بەرەو دواهاتوویی: ١. هەڵگەڕانەوە؛ ئەواگێل؛ ئەوەگێڵەی؛ گل؛ زڤرینەوە ‹برایش راه برگشت نمانده بود: ڕێی گەڕانەوەی لێ بڕابوو› ٢. *ـها/ [روان‌شناسی]* جۆرێ خۆڕاگری لە بەرانبەر گوشار و گرفتی ژیانەوە کە بە شێوازی کرد و کاشی گەڕانەوە بۆ ڕۆژانی خۆشی ڕابردوو، خۆی دەردەخا ٣. *[پُست]* گەڕاندنەوەی ناردراوە بۆ ئەو کەسەی ناردوویەتی ٤. *ـها/ [ورزش]* خولی دووهەمی کێبەرکێی دوو قۆناغی ٥. *[بانکداری]* دانەوەی چەک بەو کەسە هێناویەتی ‹برگشت چک: گەڕانەوەی چەک›.

◘ برگشت دادن: گەڕاندنەوە؛ گێڵنایوە؛ ئەوەگێڵنەی؛ پێدانەوە؛ بۆ ناردنەوە.

هەروەها: **برگشت شدن**

برگشت‌پذیر / bargaštpazîr/: *صفت.* گەڕانەوەهەڵگر؛ بە توانایی یان هەڵی گەڕانەوە یان بەرەو دوا هاتن ‹انقلاب برگشت‌پذیر نیست: شۆرش گەڕانەوەگر نیە›.

برگشت‌پذیری / bargaštpazîrî، *ـها/: اسم.* گەڕانەوەگری؛ توانایی گۆڕانی ڕێ یان ڕەوت بە پێچەوانەوە.

برگشتگی / bargaštegî، *ـها/: اسم.* هەڵگەڕاوی؛ چەماوی؛ کۆمی؛ دۆخ یان چۆنیەتی هەڵگەڕان، زڤران یان باو خواردن ‹برگشتگی لبەی جام بە طرف بیرون بود: هەڵگەڕاوی لێواری جامەکە بەرەولای دەرەوە بوو›.

برگشتن / bargaštan/: *مصدر. لازم.* //**برگشتی**: گەڕایەوە؛ **برمی‌گردی**: دەگەڕێیەوە؛ **برگرد**: بگەڕێوە// هەڵگەڕانەوە: ١. گەڕانەوە؛ وەرگەڕانەوە؛ وەگەڕیان؛ ڤەگەرین؛ فەتلین؛ زڤران؛ بەرەو دوا هاتن؛ بادانەوە؛ ئاوڕدانەوە؛ پێچ خواردنەوە؛ وەرسووڕانەوە؛ گل‌ئەوردن؛ گلەو خواردن؛ فتلین؛ هۆرگێلایوە؛ هۆرەوەگێڵەی؛ بەرەو شوێنی پێشوو ڕۆیشتنەوە ‹به خانه برگشتن: گەڕانەوە بۆ ماڵ› ٢. هاتنەوە؛ گەڕانەوە؛ گێلایوە؛ کەوتنە نێو بار یان دۆخی پێشوو ‹برگشتن سرما: هاتنەوەی سەرما› ٣. هەڵەوگەڕیان؛ سەرەونوون بیەی؛ هۆروێڵیەی؛ بەراوەژوو بوونەوە ‹برگشتن کاسه: هەڵگەڕانەوەی کاسە› ٤. گۆڕان؛ ئەڵپلیان؛ واڕیەی؛ بارەوبار بوون ‹برگشتن اوضاع: گۆڕانی بارودۆخ› ٥. هەڵەوگەڕیان؛ هۆرگێلایوە؛ دەس هەڵگرتن؛ دەس بەردان؛ پشت لێکردن ‹همه از او برگشتند: هەموو لێی هەڵگەڕانەوە› ٦. *[گفتاری]* جواب دانەوە؛ گەڕانەوە؛ گێلایوە؛ بەرپەرچ دانەوە؛ لە جواب یان بەشوێن کارێکدا، کارێک‌کردن ‹داشت آبروریزی می‌کرد، من هم برگشتم زدم توی گوشش: خەریک بوو ئابڕوومانی ئەبرد، منیش هەڵگەڕامەوە دامە بنا گوێیدا›.

هەروەها: **برگشتنی**

■ صفت مفعولی: **برگشته** (هەڵەوگەڕاو)/ مصدر منفی: **برنَگشتن** (هەڵنەگەڕانەوە)

برگـــــشته / bargašte/: صـــفت. گـــەڕاوە؛ هەڵگەڕاوە: ۱. خاوەن چەمیاگی بەرەو ناو یان دەرەوە ‹لبەی برگشته: لێواری هەڵگەڕاوە› ۲. کلابوو ‹بخت برگشته: بەختی هەڵگەڕاوە› ۳. *[گفتاری]* وەرگەڕاو؛ ڤەهاتە ‹از جنگ برگشته: لە شەڕ هەڵگەڕاوە›.

برگـــــشتی / bargaštî/: صـــفت. نـــاردراوە؛ گەڕاوە؛ وەگەڕاوە؛ گەڕێندراوە؛ هۆرگێڵیا ‹بستەهای برگشتی را ببر انبار: بەستە وەگەڕاوەکان بەرە بۆ هەمار›.

برگماردن / bargomārdan/ ☜ **برگماشتن**

برگماشـــتن / bargomāštan/: مـصدر. متعـدی. *[ادبی]* // **برگماشـتی**: داتمەزراند؛ **برمـی‌گمـاری**: دادەمەزرێنی؛ **برگمار**: دامەزرێنە// دامەزراندن؛ دامەزراندن؛ دانان؛ ئەرەمەرزنەی؛ ئەرەنیای: **برگماردن**. هەروەها: **برگماشتنی**

■ صـفت فـاعلی: **برگمارنـــده** (دامـەزرێنـــەر)/ صفت مفعولی: **برگماشـته** (دامەزرێنـراو)/ مـصدر منفی: **برنگماشتن** (دانەمەزراندن)

برگـــه / barge، ـهـا/: اسم. ۱. پـەڕە؛ لاپـەڕە؛ فیش؛ پارچە، کاغەز یان موقەباییەک کە بۆ لە سەر نووسین دەبێ ۲. *[گفتاری]* بەڵگە؛ قەواڵە؛ سەنەد ۳. لەتە؛ کوت؛ وشک کراو و پێشەدەرهاتووی میوەی گۆشتنی هاوینی ‹برگەی هلو؛ برگەی زردآلو: هەشتالووکوت؛ شێلانەکوت›.

برگـــه‌دان / bargedān، ـهـا/: اسم. پـەڕەدان؛ بۆفیـــە؛ دۆلاب؛ جـــێ پـــەڕەکاغـــەزی دەستەدەستە و چین-چین کراو.

برلیـــان / berelyān، ـهـا/: [از فرانـسوی] اسـم. برلیان؛ ئەڵماس؛ بەردئەڵماسی داتاشراو بۆ جوانی.

بــــرم / borom, b(e)rom/: [فرانسوی] اسـم. بورۆم؛ توخمی کیمیایی ناکانزا، بە ژمارەی ئەتومی ۳۵ و کێشی ئەتومی ۷۹٫۹۰ کە لە وێنەگەری و بژیشکیدا بەکاردێ: **بُروم**

برماســـیدن / barmāsîdan/: مـصدر. متعـدی. *[نامتـداول]* پێـوەتـەقاندن؛ پـوەتـەقنـەی؛ دەس‌لێدان؛ دەست پێدا ساوین.

برمـاه / barmāh، ـهـا/: اسم. جۆرە ئامێرێکی دارتاشینە کە بۆ کون‌کردنی چێو بەکار دێت.

بــــرملا / barmalā/: [فارسی/ عربی] صـفت. ئاشکرا؛ دەرکەوتوو یان دەرخراو ‹روزنامەها این مذاکرات را برملا کردند: ڕۆژنامەکان ئەم وتووێژەیان ئاشکرا کرد›.

برنـا / bornā، ـیان/: اسم. *[ادبی]* گەنج؛ لاو؛ لاڤ؛ جوان؛ خۆرت؛ گودۆک؛ لاوک؛ لاوکۆ؛ وشاق؛ جحێل؛ جەحێل؛ جێل؛ جاهێل؛ جاهاڵ؛ جاڵ؛ تەرچک ‹پیر و برنا همه آمده بودند: پیر و گەنج هەموو هاتبوون›.

برنامـه / barnāme، ـهـا/: اسم. ڕێچ؛ بەرنامە؛ ڕێنامە؛ پەیڕەو؛ پێڕەوێک بۆ جێبەجێ کردنی کار.

⊡ **برنامه چیـدن**: *[گفتاری]* بەرنامە چنین؛ ڕێنامە ڕژاندن؛ پێڕەو دارژاندن/ دارشتن؛ پێش‌بینی‌کردنی کار و بار بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو.

برنامـــه‌ریـــز / barnāmerîz، ـهـا؛ ـان/: اسم. بەرنامەڕێژ؛ پەیڕەوڕێژ؛ ئەو کەسە کاری داڕژتنی ڕێنامەیە.

برنامـــه‌ریـــزی / barnāmerîzî، ـهـا/: اسم. بەرنامەڕێژی؛ پەیڕەوڕێژی.

برنامـــه‌ســـاز / barnāmesāz، ـهـا؛ ـان/: اسم. بەرنامەساز؛ بەرنامەسازکەر؛ ئەو کەسەی بەرنامە (بە تایبەت بۆ ڕادیۆ یان تەلەفیزیۆن) دروست دەکا.

برنامـــه‌نویـــسی / barnāmenevîsî، ـهـا/: اسم. بـــەرنامـــەنووســـی: ۱. کـــار یـــان ڕەوتی دامەزراندن و ڕێکوپێک‌کردنی چۆناوچۆنی

بەڕێوەبردنی کارێک بە نووسینەوەی لە سەر کاغەز ۲. نووسینەوەی پلەبەپلەی کارێکی تایبەتی بۆ جێبەجێ بوونی بە کۆمپیوتەر.

برنبستن / barnabastan/ ☜ **بربستن**

برنتافتن / barnatāftan/ ☜ **برتافتن**

برنتـــــوزوروس / borontozorûs/: [؟] ☜ **بُرنتُوسُوروس**

برنتوســوروس / borontosorûs، ـهـا/: [؟] /اسم. بورونتوسورووس؛ گەورەترین دایناسۆری گیاخۆر کە نزیک بە ۲۳ میتر درێژی و ۳۰ تون قورسی بووە.

بـــرنج / berenc/: /اسم. برینج؛ برنج: ۱. برنجە؛ زەرد؛ کانزای تێکەڵاوی مس و ڕۆح ۲. گرینج؛ برێنج؛ چەشنێکی دانەوێڵە کە بە کوڵاوی دەخورێ (دەبێتە پلاو یان کەتە) ۳. /گفتاری/ پلاو؛ کەتە؛ خۆراکی لە برنج دروستکراو ‹دیروز برنج خوردیم: دوێنێ برنجمان خوارد›.

برنجاسف / berencāsaf، ـها/: /اسم. کلاوزرە؛ برینجداس؛ گیایەکی بیاوانیە کە زیاتر لە میترێک بەرز دەبێت، گەڵایەکی پانی پشت سپی هەیە.

برنجستن / barnacastan/ ☜ **برجَستن**

برنجک / berencak/: /اسم. گەرمشتە؛ دانە برێشکەی برنج کە وەک چەرەز دەخورێ.

برنجکـــوب / berenckûb، ـهـا/: /اسم. برنجکوت: ۱. دینگ؛ دنگ؛ دەسکوو سندۆڵ؛ هارە؛ دەستاڕ ۲. /ـان/ ئەو کەسەی کە بە دنگ کار دەکا.

برنجکوبی / berenckûbî/: /اسم. برنجکوتی: ۱. کاری جیا کردنەوەی برنج لە چەڵتووک ۲. /ـها/ کارگەیێک کە ئەم کارەی تێدا دەکرێ.

برنجـی / berencî/: صفت. برنجی؛ برنجین: ۱. دروستکراو لە کانزای برینج ‹کاسەی برنجی: کاسەی برنجین› ۲. خواردەمەنی دروستکراو لە برنج ‹نان برنجی: نان برنجی›.

برنچیدن / barnačîdan/ ☜ **برچیدن**

برنخاستن / barnaxāstan/ ☜ **برخاستن**

برنخوردن / barnaxordan/ ☜ **برخوردن**

برنخیزاندن / barnaxîzāndan/ ☜ **برخیزاندن**

برنداشتن / barnadāštan/ ☜ **برداشتن**

برنـــدگی / bor(r)nadegî/: /اسم. برشت: ۱. تیژی؛ بەبڕشتی ۲. سووری؛ بەبڕی؛ پاگەزی؛ پێداگری و چەقەسرۆیی لە بڕیاردا ‹تو برندگی لازم را نداری: تۆ بڕشتی پێویستت نیە›.

برندمیدن / barnadamîdan/ ☜ **بردمیدن**

برندوختن / barnadûxtan/ ☜ **بردوختن**

برنده / barande، ـها؛ گان/: صفت. سەرکەوتوو؛ بەرەندە؛ بوڕ. هەروەها: **برنده بودن؛ برنده شدن**

برنده / bor(r)ande/: صفت. تیژ؛ تێژ؛ تیش: ۱. بڕ؛ بڕندە؛ ببڕ؛ بوڕ؛ بەبڕ؛ بەبڕشت؛ وڕ ‹اسباب برنده: ئامێری تیژ› ۲. /مجازی/ بەئازار؛ تون؛ توون ‹باران برنده: بارانی تیژ›.

برنـــدەبجـــا / barandebecā/: صفت. بەرەندەبەجێ؛ بە تایبەتمەندی مانەوەی سەرکەوتوو و لاچوونی ئەوەی دۆڕاندوویە.

برنـــز / boronz, b(e)ronz/: [فرانسوی] /اسم. بڕۆنز؛ مەفرەغ؛ ژێرێژ؛ ئالیاژی مس و ۳۰٪ قەلع بە ڕەنگی قاوەیی ڕۆشن کە لە پەیکەرسازی و چێکردنی کەلوپەلی جۆراوجۆردا بەکاردێ.

برنـــزی / boronzî, b(e)ronzî/: [فرانسوی] صفت. برۆنزی؛ مەفرەغی.

برنـــشاندن / barnešāndan/: مصدر. متعدی. /ادبی/ // **برنـــشاندی**: داتنیشاند؛ **برمی‌نـــشانی**: دادەنیشێنی؛ **برنـــشان**: دانیشێنە// دانیشاندن؛ ئەرەنیشنەی؛ نیشاندنە سەر جێگەی خۆی.

■ صفت فاعلی: **برنشاننده** (دانیشێنەر)/ صفت مفعولی: **برنشانده** (دانیشێنراو)/ مصدر منفی: **برنَنشاندن** (دانەنیشاندن)

برنشستن / barnešastan/: *مصدر. لازم. [ادبی]* // **برنشستی**: دانیشتی؛ **برمی‌نشینی**: دادەنیشی؛ **برنشین**: دانیشە// دانیشتن؛ نیشتن؛ ئەرەنیشتەی.

■ صفت مفعولی: **برنشسته** (دانیشتوو)

برنشمردن / barnašomordan/ ☜ **برشمردن**

برنشیت / boronšît, b(e)ronšît/: [فرانسوی] *اسم.* برۆنشیت؛ جۆرە نەخۆشینێکە بە کۆخینی توند و گرفتی هەناسەوە کە بە هۆی ماسینی سیەوە مرۆ تووشی دەبێت.

برنکشیدن / barnakešîdan/ ☜ **برکشیدن**

برنکندن / barnakandan/ ☜ **برکندن**

برنگرداندن / barnagardāndan/ ☜ **برگرداندن**

برنگرفتن / barnagereftan/ ☜ **برگرفتن**

برنگشتن / barnagaštan/ ☜ **برگشتن**

برننشاندن / barnanešāndan/ ☜ **برنشاندن**

برنیاشفتن / barnayāšoftan/ ☜ **برآشفتن**

برنیامدن / barnayāmadan/ ☜ **برآمدن**

برنیاوردن / barnayāvardan/ ☜ **برآوردن**

برنیفتادن / barnayoftādan/ ☜ **برافتادن**

برنیفراشتن / barnayafrāštan/ ☜ **برافراشتن**

برنیفکندن / barnayafkandan/ ☜ **برافکندن**

برنینداختن / barnayandāxtan/ ☜ **برانداختن**

برنینگیختن / barnayangîxtan/ ☜ **برانگیختن**

برو / borow, boro: / *صفت. [گفتاری]* چەلەک؛ بەلەپا؛ بەپا؛ خوەش‌ڕەفت؛ خۆش‌ڕەوت؛ ڕەجوان؛ خۆشبەز؛ بڕۆ؛ بەپێ؛ قۆچاخ؛ بڕەو؛ تاشک؛ گورد؛ گورج؛ کرژ؛ لۆیت؛ لۆتەر؛ بە توانایی باش ڕۆیشتن (زیاتر بۆ ئەسپ و ماشین و...) ‹اسبِ برو: ئەسپی چەلەک›.

برواتْ / baravāt/: [از عربی] جمعِ ☜ **بَرات**

بروبچه / bar-o-bače، ـها/: *اسم. [گفتاری]* ۱. مندال؛ منال؛ زار و زێچ؛ زارۆڵە؛ زاوڵە؛ زاوڵێ؛ زارۆڵێ؛ زارۆ؛ زارووک؛ زاروو ‹بـر و بچه نداشت: مندالی نەبوو› ۲. مندالان؛ منالان؛ کەسانی سەر بە شوێنێک ‹بر و بچه‌های محل ما: مندالانی گەڕەکی ئێمە›.

برو بر / berr(o)ber/ ☜ **بِر-بِر**

برو - برو / boroboro/ ☜ **بُروبیا-۲**

بروبوم / bar-o-bûm/: *اسم. [ادبی، مجازی]* هەردوبووم؛ بەر و بۆم؛ بەر و بۆ؛ هەرد و هەوار؛ ولات؛ سەرزەوین؛ زەوین؛ زەوی؛ زەمین؛ بوومی ‹همیشه بروبومش آباد باد: تاهەتایە ئاوەدان بێ هەردوبوومی›.

بروبیا / borobiyā، ـها/: *اسم. [گفتاری]* ۱. هات‌وچوو؛ هات‌وچۆ؛ ئامۆشۆ؛ ئامشۆڕەفت؛ ئامەولوەی ‹توی کوچه بروبیای زیادی بود: لە کۆلاندا هات‌وچوویەکی زۆر بوو› ۲. *[مجازی]* بڕۆبڕۆ؛ دەسچوویی؛ وەج و بڕی کۆمەلایەتی ‹آن روزها بروبیایی داشت: ئەو ڕۆژانە بڕۆبڕۆیەکی بوو›: **برو-برو**

بروت / borût/: *اسم. [نامتداول]* سمێل؛ سوێل؛ سمێلی؛ سیول؛ سمبێل.

بروج / borûc/: [عربی] جمعِ ☜ **بُرج**

برودت / borûdat/: [عربی] *اسم. [ادبی]* ساردی؛ سەردی: ۱. تەز؛ سۆڵە؛ سەردا؛ سەرما ‹برودت هوا کاهش یافت: ساردی هەوا شکاندی› ۲. *[مجازی]* سڕی؛ بێ‌مەیلی.

برورو / bar-o-rû/: *اسم. [مجازی]* ڕەنگ و ڕوو؛ شۆخ و شەنگی؛ شەمەندی؛ پێکەوتوویی؛ لەباری؛ جوانی (بەتایبەت سەبارەت بە کچ و ژن).

بروز / borûz/: [عربی] *اسم.* دەرکەوتوویی؛ کار یان ڕەوتی خویا بوون و ئاشکرا بوون؛ دیاردان؛ کەوتەی سارا.

▣ بروز دادن: ١. نیشاندان؛ ئرمانەی ‹ضعف و سستی خود را بروز داد: لاوازی و بێهێزی خۆی نیشاند› ٢. درکاندن؛ دەرخستن؛ بەلاوکردنەوە ‹حرفهایی را کە شنیده بود بە دیگران بروز داد: ئەو قسانەی بیستبووی لای ئەم و ئەو درکاندی›.

بروز کردن: سەر هەلّدان؛ پەیا بوون؛ ئاشکرا بوون یان دەرکەوتن ‹میانشان اختلاف بروز کرد: کێشە لە نێوانیاندا سەری هەلّدا›.

بروشور / burûšûr, brûšûr، ـها/: [فرانسوی] *اسم.* بروشوور: ١. نووسراوەی چاپی زیاتر لە دوولاپەڕە و کەمتر لە ٤٨ لاپەڕە، بێبەرگ و شیرازەی تایبەت ٢. کورتە نووسراوەی چاپی سەبارەت بە تایبەتمەندی و چۆناوچۆنی کالاییک *****دفترک**

بروم / borom, b(e)rom/: [فرانسوی] ☜ **بُرُم**

برومند / borûmand, barûmand/: *صفت.* پێگەیشتوو؛ بڕەدار؛ گەلەن؛ بلەرمان؛ لەشگرس ‹درخت برومند؛ جوان برومند: داری گەلەن؛ لاوی پێگەیشتوو›.

برون[1] / borûn/: *اسم. [ادبی]* دەرێ؛ دەرەوە؛ دەر؛ بەر؛ بەرەوە؛ دەرڤە؛ هەندەر؛ دەشت ‹کی برون را بنگریم و قال را؟: کوا هەرا و هوریای دەرێ چاو لێدەکەین؟›.

برون[2]: *قید. [ادبی]* دەر؛ دەرەوە؛ دەشت؛ بەر؛ بەرەوە؛ دەرڤە ‹برون شد یکی چشمە از کوهسار: دەرکەوت کانیەک لە کاواندا›.

برون ـ[3]: *پیشوازە.* دەرەوەـ ؛ دەرـ ؛ بەرـ ؛ دەرڤەـ ‹برونگرا: دەرەوەگر›.

برونبر / burûnbar، ـها/: *اسم.* ١. بەشی دەرەوەی پێست و تۆکلّی میوە (وەک تۆکلّی گوێز و بادام) ٢. بەشی دەرەوەی پێست و تۆکلّی دانەی گیا.

برونبوم / burûnbûm/: *اسم.* بەشێک لە زەوینی ولاتێک کە بە تەواوی کەوتۆتە نێو چوارچێوەی ولاتێکی ترەوە.

برونریز / burûnrîz/: *صفت. [زیستشناسی]* دەرەوەڕێژ؛ بە تایبەتمەندی دەلاّنی تراو بۆ دەرەوەی لەش. بەرانبەر: **درونریز**

برونزا / burûnzā/: *صفت. [ادبی]* بە تایبەتمەندی یان توانایی بەدیهاتن و گەشەکردن بە هۆی دەستێوەردانی هۆکارگەلی دەرەوەیی. بەرانبەر: **درونزا**

برونسو / burûnsû/: *اسم. [ادبی]* لای دەرەوە؛ دەرەوەی هەرشتێ.

برونگرایی / burûngerāyî/: *اسم.* دەرەوەگری: ١. *[روانشناسی]* کار یان ڕەوتی هۆش و گۆشدان بە دنیای دەرەوەی لە خۆ، بە کۆمەلّگا و بە خەلّک. بەرانبەر: **درونگرایی**. هەروەها: **برونگرا** ٢. *[فلسفه]* ئامۆژەیەکی فەلسەفی کە دەلّێ زانیاری دەرەوەیی پێشتر و لە سەرەوەی زانیاری دەروونیەوەیە ٣. *[هنر]* تایبەتمەندی بەرهەمێکی هونەری کە پێداگری لە سەر ڕووداو و دیاردەگەلی دەرەوەیی تێیدا زۆرترە ***** **عینگرایی؛ عینیگرایی؛ مکتب عینی**

برونمرزی / burûnmarzî/: *صفت.* دەرەوەی سنوور؛ پێوەندیدار بە دەرەوەی ولات.

برونهمسری / burûnhamsarî/: *اسم. [جامعەشناسی]* هاوسەر هەلّبژاردن لە بنەمالّە یان هۆزێکیتر.

برونی / burûnî/: *صفت. [ادبی]* دەرەوەیی؛ دەرڤەیی؛ بەری.

بره / barre، ـها؛ ـگان/: *اسم.* ١. بەرخ؛ بەرخک؛ بەرا؛ وەر؛ وەرە؛ وەرک؛ وەرکە؛ وەرکەسوا؛ خفش؛ بەچکەی پەز و ئاسک تا پێنج شەش مانگان ٢. *[مجازی]* پەز؛ مەی؛ پەز پێغەمەر؛ مرۆی فەقیرۆکەی

گوێلەمستی دیتران.

بره / bere/: [فرانسوی] ☜ کلاه بره، **کلاه**

برهآهو / barre'āhû، ـها؛ ـان/: اسم. کارمامز؛ ئاسکۆڵە؛ ئاسکە؛ خیف.

برهان / borhān، ـها؛ بَراهین/: [عربی] اسم. [ادبی] بەڵگە؛ پرنۆ؛ گرۆڤ؛ پازە؛ پاژە؛ بەڵسا؛ پاژ؛ بەڵگە و سەنەدی ڕاستەقینە کە بۆ سەپاندنی دروستی بڕیار یان وتەیەک بەکار دێ ‹خودپسندی جان من! برهان نادانی بود: خۆ بە زل زانی عەزیزم! بەڵکەیە بۆ هیچ نەزانی›.

برهتودلی / barretûdelî، ـها/: اسم. ئاولەمەی پەز؛ پزەپەز؛ یاوەرەی مەڕ کە هێشتا نەزاوە، یان نەیخستووە.

برهکشان / barrekošān/: اسم. [مجازی] تریلیلان؛ تریلیلی؛ تلیلیلی؛ شاپلیرانی؛ گەشە و ڕەواجی کار ‹شب عیدی، برهکشان فروشندگان است: شەوی جێژن تریلیلانی فرۆشیارانە›.

برهمائی / berahmā'î/: [سنسکریت] ☜ **برهمایی**

برهمایی / berahmāyî/: [سنسکریت] صفت. برەهمایی: ١. پەیوەندیدار یان سەر بە ئایینی هیندوو ٢. ـها؛ ـان/ پەیڕەوی ڕێبازی هیندوو * **برهمائی**

برهمکنش / barhamkoneš، ـها/: اسم. [فیزیک] کردەوەی دوو یان چەند کەس یان شت لە ئاست یەکتریەوە: **اندرکُنش؛ درهمکُنش**

برهمن / berahman، ـها؛ ـان/: [سنسکریت] اسم. بەرەهمەن: ١. ئەندامی سەرەکیترین چین و توێژ لە دینی هیندوودا ٢. پێشەوای ئایینی هیندوو.

برهموم / baremûm/: [کردی] اسم. بەرەمۆم؛ بەرەمێو؛ مۆمی ڕەشی کەنووی مێشەنگوین.

برهنگی / berahnegî, berehnegî، ـها/: اسم. ڕووتی؛ دۆخ یان چۆنیەتی ڕووت بوون ‹او از برهنگی خودش خجالت می‌کشید: لە ڕووتی خۆی شەرمی دەکرد›.

برهنه[1] / berahne, berehne/: صفت. ١. ـها؛ ـگان/ پەتی؛ ڕووت؛ خاوس؛ وەروا؛ ڕویس؛ ڕووس؛ ڕویچ؛ تازی؛ لووت؛ لوەت؛ بێبەرگ و پۆشەن ‹پای برهنه: پای پەتی›. ٢ ـها/ قاقڕ؛ ڕووت؛ بێگیا و شینایی ‹دشت برهنه: دەشتی قاقڕ› ٣. خشت و خاڵی؛ هاڵی و هەوێڵا؛ بە بێ هیچ کەلپەل و ئامرازێک ‹اتاق برهنه: ژووری خشت و خاڵی› * **لخت** ٤. ـها؛ ـگان/ [مجازی] هەژار؛ ڕووت؛ ڕەش و ڕووت؛ بێئەنوا؛ نەدار؛ ڕووت و قووت ‹مردم برهنه: خەڵکی هەژار›.

⊡ برهنه شدن: ڕووت بوونەوە؛ ڕووتەو بوون؛ هەموو جلوبەرگ لە بەر دەرهێنان.

هەروەها: **برهنه بودن؛ برهنه کردن؛ برهنه ماندن**

برهنه[2]: قید. بە ڕووتی؛ ڕووت؛ ڕویس؛ بە بێ جلوبەرگ ‹برهنه راه می‌رفت: بە ڕووتی دەڕۆیشت›.

برهوت / barahût/: [عربی] صفت. قاقڕ؛ ئاواق؛ چۆڵ و بیابان؛ چۆڵگە؛ واق‌واق؛ کراڵ؛ بە دۆخ یان چۆناوچۆنی بێ گژوگیا و گیانلەبەر بوون ‹بیابان برهوت: دەشتی قاقڕ›.

برهه / borhe/: [عربی] اسم. ١. سەردەم؛ چاخ؛ کات؛ سات؛ دەم ٢. ـها/ [نامتداول] ڕۆژگار.

بری / barrî/: [عربی] صفت. بەژی؛ وشکی؛ وشکانی؛ سەر بە وشکانی یان قوڕنە.

بری[1] / barî/: [عربی] صفت. دوور؛ بەدوور؛ پاک ‹از این تهمت بری است: لەم تۆمەتە بەدوورە›.

- بری[2]: پیوازه. ـ بەری؛ کار یان ڕەوتی بردن ‹باربری: باربەری›.

- بری / borî، ـها/: *پیواژه.* ــبڕی؛ ڕەوتی بڕین ‹آهن‌بری: ئاسن‌بڕی›.

بریان / beryān/: *صفت.* بـرژاو؛ برژیـاو؛ برێژیـا؛ برێژیـاگ؛ براشـتی ‹مـرغ بریـان: مریـشکی برژاو›.

▣ بریـان کـردن: برژانـدن؛ بژرانـدن؛ براشـتن؛ برێژنــەی؛ برێــشتەی؛ بریــان کــردن.

هەروەها: **بریان شدن**

بریـــانی / ber(i)yānî/: *اســم.* ١. براشـــتی؛ برێژیــاگ؛ گۆشــتی بــرژاو ٢. پلــەگۆشــتی سوورەوەکراو ٣. جەرگی سوورەوەکراو.

بـری ــ بـری / berîberî/: [فرانسوی از سینهالی] *اسم.* بیری ــ بیری؛ نەخۆشینێ لە باشووری ڕۆژهەلاتی ئاسیادا کە سفتی ئەندام، لەڕی ماسوولکەی لـەش، کـوچی، کـەمخـوێنی و ئێـشی لـەگـەڵـدایە و لـە کـەمـی ویتـامین (بەتایبـەت تیـامین) سـەر هـەڵـدەدا و زۆرتـر هەژار و فەقیر تووشی دەبن.

بریتـــــونی / berîtonî/: [انگلیـــسی]*اســم.* بریتۆنی؛ لە زمانگـەلی سیلتی کـە لـە وێلز و کورنــەواڵ (لــە کــۆ دورگــەی بریتانیــا) و لــە بورتـانی (باشـووری ڕۆژئـاوای فـەڕانـسە) قـسەی پێدەکەن.

بــریج / birîc، ـهـا/: [انگلیـسی]*اسم.* بـریج؛ جۆرێک ددانی دەسکرد.

بریــد / barîd، ـهـا/: [معرب از لاتینـی]*اسم.* *[قـــدیمی]* ١. پۆســـــتخانە؛ چاپارخانــــــە؛ ڕێخـــراوەیـــەک کـــە گـــەیانـــدنی نامـــە و زانیاریگـەلی پێـوەندیـدار بـە کـار و بـاری حکوومـەتیـەوە لـە ئـەستۆ بـوو ٢. پـەیـک؛ تەتەر؛ چاپار.

بریدگی / borîdegi، ـها/:*اسم.* بـڕاوی؛ بـڕیایی؛ بـڕیاگی: ١. نیـشانەی بـڕاوی لـە شـتێکدا ٢. جێگایەک کە بڕدراوە.

بریـــــدن / borîdan/: *مـــصدر. متعـــدی. لازم.* *//بریـدی:* بـڕیت؛ **مـی‌بـری:** دەبـڕی؛ **بِبـر:** ببـڕە// بــڕین؛ وریــن؛ بڕیــەی؛ قــەڵــتاندن؛ بڕینــەوە؛ قــەقوســاندن: □ *متعــدی.* ١. قــەلــت‌کــردن؛ لەت‌کردن؛ کوت‌کردن؛ ئـەوەبڕیـەی؛ بڕیـەیـوە؛ شـتێک بـە ئـامرازی بـڕین (وەک کـارد، چـەقۆ، مــشار و...) لێــک جیــا کردنــەوە ‹درخــت را بریــدن: دار بڕینــەوە› ٢. شــتێک (وەک پارچــە، چەرم و ...) بە پێی نـەخـشە بـڕین ٣. کۆتـایی هێنان بـە کارێـک ‹پـایش را از اینجا بریدم: پـایم لێرە بڕی› ٤. بڕینـەوە؛ بڕیـەیـوە ‹بـرایش ۴ سال زنـدان بریـدند: ٤ سـاڵ زینـدانیان بـۆ بڕیـەوە› □ *لازم.* ٥. بـڕیان؛ ورە بـەردان؛ بـێ‌هێـز بـوون؛ هێزنــەمــان ‹از خـستگی بریـدن: بـڕیان لـە بـەر شـەکـەتی› ٦. کۆتـایی هێنـان بـە پێـوەنـدی یــان ڕاسـتیەک ‹از کـسی بریـدن: لـە کـەسێ بـڕیان› ٧. پروســقان؛ بزرکــان؛ برووســقیان؛ بـڕیان؛ بزرقیـەی؛ دەسـت لـە یـەک بـەردانی ‹بریـدن شـیر: پروسقانــی شـیر›. هــەروەهــا: **بریدنی**

■ صـفت فـاعلی: **بُرَنــده** (ــ)/ صـفت مفعـولی: **بریده** (بڕاو)/ مصدر منفی: **نَبریدن** (نەبڕین)

بریده / borîde، ـها؛ ـگان/: *صفت.* بـڕاو؛ بـڕیا؛ بڕیاگ؛ بڕیاو ‹دم‌بریده: دووابڕاو›.

بریــده ــ بریــده / borîdeborîde/: *صــفت.* بڕگـە ــ بڕگـە؛ بڕکـە ــ بڕکـە؛ کوتـە ــکوتـە؛ چـاک ــچـاک؛ لـەتـە ــ لـەتـە؛ بـڕە ــ بـڕە؛ بـە شێوەی یەکنەگر و دەراندەر.

بریزوبپاش / berîz-o-bepāš/ ☜ **ریخت‌وپاش**

بریگــاد / b(e)rîgād، ـهــا/: [فرانـسوی]*اسـم.* *[نظـامی، قـدیمی]* بریگـارد؛ گرووپێکـی چـەکـدار کە لە چەند گوردان پێکهاتووە.

بریــــل / b(e)reyl/: [انگلیـسی]*اسـم.* بریــل؛ خەتی تایبـەت بـە کـوێران کـە پیتـەکـانی بـە شــێوەی نوختــەی زەق و بــە دەســت پیــدا

هێنان دەخوێنرێنەوە: **خط بریل**

◘ **بریل سبز**: زمورووت؛ بەردێکی جوان و زۆر بە نرخە.

بریل کبود: یاقووتی کەوە.

بریلیم / berîl(i)yom/: [انگلیسی]/اسم. بریلیوم؛ توخمێکی کیمیاوی کانزایی، بە ژمارەی ئەتومی ٤ و کێشی ئەتومی ٩,٠١، سووک و سەخت و خۆڵەمێشی ڕەنگە: **گلوسینیم**

برین / barîn/: *صفت. [ادبی]* ئاسمانی؛ سەروین؛ سەروو؛ سەرەوەیی؛ سلال ‹بهشت برین: بەهەشتی ئاسمانی›.

بز / boz، ـها؛ ـان/: *اسم.* بزن؛ بز؛ بزە؛ کیەر؛ گدە؛ گدیَ؛ کەگە؛ سیان؛ سێونگ؛ ڕەشانگ؛ سیاونە؛ تیشک؛ تووشتیرە.

◘ **بز اخفش**: *[کنایی]* کەڕەواڵە؛ ئەوەی کە لە شتێک تێنەگا بەڵام پەسەندی بکا.

بز کوهی: شقن؛ کەڵ؛ بزنە کێوی؛ کۆڤی؛ بزنە کێفی؛ بزەنەچیر؛ بزنە هەردی؛ کۆوی.

بز نر: حەچە؛ تەگە؛ سابرین.

◘ **بز آوردن**: *[گفتاری]* نەهامەتی هێنان؛ بەدبەختی هێنان؛ خراپە هێنان؛ قۆرت تێکەوتن؛ بە ئاکام نەگەیشتن.

بز گرفتن: بزبگیری کردن ☜ **بزبگیری**

بزاز / bazzāz، ـها؛ ـان/: [عربی]/اسم. کووتاڵفرۆش؛ پارچەفرۆش؛ پارچەورەش؛ بەزاز.

بزازی / bazzāzî/: [عربی]/اسم. کووتاڵفرۆشی: ١. کاری پارچە فرۆشی ٢. دووکانی پارچەفرۆشی.

بزاق / bozāq/: [عربی]/اسم. گلوێز؛ گلیز؛ گلێژ؛ لیک؛ لیکی؛ لیکاو؛ ڕینگی؛ ئاوی‌دەم.

بزباش / bozbāš/: [ترکی]/اسم. جۆرە خواردەمەنیەکە وەک گۆشتاو کە جار و بارە سەوزی و هیلکەشی تێدەکەن.

بزبگیری / bozbegîrî، ـها/: *اسم. [گفتاری]* تەڵەکە؛ فێڵبازی؛ فێڵ و تەڵەکە بەتایبەت لە مامەڵەدا. هەروەها: **بزبگیر**

◘ بزبگیری کردن: فێڵبازی کردن؛ فریوکاری کردن؛ فێڵ و تەڵەکە هێنانە کایەوە: **بز گرفتن**

بزبیاری / bozbiyārî، ـها/: *اسم. [گفتاری]* نەهامەتی؛ قۆرت؛ بارکەفتن؛ بۆ نەهاتن؛ دۆخ یان چۆنیەتی تووشی ڕووداوی ناخۆش هاتن ‹روز عروسی گرفتار یک بزبیاری حسابی شدیم: ڕۆژی زەماوەنەکە تووشی نەهامەتیێکی تەواو هاتین›. هەروەها: **بُزبیار**

بزخری / bozxarî، ـها/: *اسم. [کنایی]* ڕەوتی تۆپاندن؛ مردارەوکردن؛ فریودانی فرۆشەر و کڕینی کالاکەی بە نرخێکی زۆر هەرزان. هەروەها: **بُزخر**

بزخو / bozxû/: *اسم. [گفتاری]* بۆسە؛ مەلاس؛ ملاس؛ مەلاز؛ مت؛ ماتە؛ ماتکە؛ کەمین؛ خەڵ؛ خۆداگری ‹پشت دیوار بزخو کرده بود: لە پشت دیوارەکەوە بوسەی گرتبوو›.

بزدل / bozdel، ـها؛ ـان/: *صفت.* بێورە؛ بێوەر؛ نەوێر؛ ترسەنۆک؛ ترسنۆک؛ ترسۆنەک؛ تەرسەزاڵ؛ ترسەزاور؛ بزدونەک؛ بێزات؛ بێزاو؛ کەلەزات؛ قەلسەفێر؛ قزە؛ نەوێرۆک؛ مێچک؛ بێهەناو؛ بێزراو؛ کەللەزراو؛ نەمەرد؛ قەرچالە؛ قرچالە؛ خنر؛ قوزە؛ حیزەڵ؛ دلچیچک. هەروەها: **بزدلی**

بزرک / bazrak، ـها/: *اسم.* بەزرەک؛ گیاکەتان؛ بزر؛ ڕۆن کەتان؛ دانە پەمۆ: **بذرک**

بزرگ / bozorg، ـها/: *صفت.* گەورە: ١. زل؛ گەپ؛ گر؛ بە بارستایی، پانایی یان چەندیەتی زۆرەوە ‹سنگ بزرگ؛ حیات بزرگ:

بەردی زل؛ حەوشی گەورە› ۲. بز؛ بەرچاو؛ هەڵکەوتوو؛ گرینگ؛ گرنگ ‹مرد بزرگ؛ دانشمند بزرگ؛ کار بزرگ: پیاوی گەورە؛ زانای هەڵکەوتوو؛ کاری گرینگ› ۳. پێگەیشتوو؛ زل؛ گیرانی ‹دختر بزرگ شده؛ پسرت بزرگ شده: کچەکەت پێگەیشتووە؛ کوڕەکەت گەورە بوە› ٤. [گفتاری] بەتەمەن‌تر ‹برادر بزرگ: برای گەورە› ٥. وشەی ڕێزنان بۆ باب، دایک، خوشک، برا، مام یان خاڵ ‹پدربزرگ؛ عموی بزرگ: باوەگەورە؛ مامەگەورە› ٦. [کان/قدیمی] مەزن؛ مەزند؛ مازان؛ مازن ‹بزرگ ده؛ بزرگ قبیله: گەورەی گوند؛ مەزنی هۆز›.

◙ بزرگ مرد: گەورە پیاو؛ گراگر؛ گرگر؛ کەڵە پیاو؛ پیاوی ئازا و بەڕێز و جوامێر.

◙ بزرگ داشتن: [ادبی] ڕێزلێگرتن؛ گەورە گرتن؛ ڕێز لێنان ‹ایرانیان نوروز را بزرگ می‌دارند: ئێرانیەکان نەورۆز ڕێز لێدەگرن›.

بزرگ شدن: گەورە بوون؛ گەورا بین: ۱. زل بوون؛ هەڵدان؛ هۆردەی؛ گەشە سەندن؛ باڵا کردن؛ بەرز بوون ‹درخت بزرگ شده: دارەکە گەورە بووە› ۲. پێگەیشتن؛ گیرانی بوون ‹پسرش بزرگ شد، زن گرفت: کوڕەکەی گەورە بوو، ژنی خواست›.

بزرگ کردن: گەورەکردن؛ گەورا کردن؛ پەروەردەکردن؛ پێگەیاندن؛ بارهێنان؛ پنەیاونەی ‹خودم او را بزرگ کردەام: بۆخۆم گەورەم کردوە›.

بزرگ‌ارتشتاران / bozorg'arteštārān/: اسم. [نامتداول] سەرۆک هێز؛ فەرماندەی تەواوی هێزی چەکداری وڵاتێک.

بزرگان / bozorgān/: اسم. مەزنان؛ مازنان؛ گەورەگەل؛ پیاوگەوران؛ گەوریَ؛ گەورە پیاوان؛ پیاو ماقوولان؛ ماقوولان؛ گرگران؛ گرگراں؛ مرۆڤیت مەزن ‹بزرگان قوم: پیاوگەورەکانی خێڵ›.

بزرگ‌پا / bozorgpā/: صفت. پازل؛ پیَ‌زل؛ پیَ‌گەورە: ۱. خاوەن بەرپێی گەورە ‹چون بزرگ‌پا بود، آسان کفش پیدا نمی‌کرد: چونکە پازل بوو، بە هاسانی کەوشی بۆ نەدەبوو› ۲. لە بار بۆ پای گەورە ‹کفش بزرگ‌پا: کەوشی گەورەپا›.

بزرگداشت / bozorgdāšt، ـها/: اسم. ڕێزلێنان؛ کار یان ڕەوتێک بۆ پەسندکردن و پێدا گرتنی فەرمی یان گشتی لە ڕاست پلە و پایە و کەسایەتیەکەوە.

بزرگراه / bozorgrāh، ـها/: اسم. ئوتووبان؛ شارێگە؛ ڕێگای پان بە چەندین هێڵی هاتوچووە کە پردی تایبەت پیادەڕۆ و سوارەڕۆی هەیە و شوێنی هاتن لە چوون جیاکراوەتەوە و بۆ ڕاوەستانی ماشین جێگەی تایبەتی دیاریکراوە.

بزرگسال / bozorgsāl، ـها؛ ـان/: صفت. گەورەساڵ؛ پێگەیشتوو؛ گەورەبوو؛ گەپساڵ.

بزرگ‌سری / bozorgsarî، ـها/: اسم. کەلەزلی؛ سەرزلی؛ سەرەزلی؛ خاوەن سەری لە ڕادەی ئاسایی گەورەتر.

بزرگ‌سیاهرگ / bozorgsiyāhrag، ـها/: اسم. شادەمار؛ هەرکام لەو دوو ڕەشەدەمارەی، خوێن دەگەڕێنێتەوە بۆ دهلیزی ڕاستی دڵ: **ورید اجوف**

◙ **بزرگ سیاهرگ زبرین**: شادەماری سەروو؛ ئەو ڕەشە دەمارە کە خوێنی سەر و سنگ دەگەڕێنێتەوە بۆ دڵ: **ورید اجوف اعلی**

بزرگ سیاهرگ زیرین: شادەماری خوارووی؛ ئەو ڕەشە دەمارە کە خوێنی ئەندامگەلی خوارووی لەش دەگەڕێنێتەوە بۆ دڵ: **ورید اجوف اسفل**

بزرگ‌منش / bozorgmaneš، ـان/: صفت. [ادبی] جوامێر؛ عەگید؛ عەگیت؛ جامێر؛ دلڤەرا. هەروەها: **بزرگ‌منشانه؛ بزرگ‌منشی**

بزرگنمایی / bozorgnemāyî، ـها/: اسم. گەورەنوێنی؛ ڕەوتی گەورە و گرنگ نواندنی دیاردە یان ڕووداوێک.

بزرگوار / bozorgvār، ـها؛ ـان/: صفت. گەورە؛ پایەبەرز؛ مەزن؛ مازان؛ مازن؛ گۆرە؛ گرس؛ ڕێزدار؛ خاوەن شان و شکۆ، ناوی بە چاکە، ئاکاری هێژا یان زانست و ئاوەزی زۆر. هەروەها: **بزرگوارانه**

بزرگواری / bozorgvārî، ـها/: اسم. گەورەیی؛ پایەبەرزی؛ مەزنی؛ مازانی.

بزرگی / bozorgî/: اسم. گەورەیی؛ گەورایی؛ مەزناهی؛ مەزنی؛ سەرۆکی؛ سەروەری: ۱. دۆخ یان چۆنیەتی گەورە بوون ‹بزرگی کوه: گەورەیی کێو› ۲. [گفتاری] وزۆرگی ‹بزرگی بفرمایید و چند روز مهلت بدهید: گەورەیی بفەرموون و چەن ڕۆژێک ماوەمان بدەن›.

بزرو / bozrow/: اسم. کوێرەڕێ؛ توولەڕێ؛ بزنەڕێ؛ ولاخەڕێ؛ کۆرەڕا؛ ڕێکۆک؛ ئاهەڕا؛ ئاستەنگ؛ هشار؛ باریکەڕێ؛ ڕێچ؛ ڕچە؛ کەمەرەڕێ؛ ڕاقەڕدێ؛ توولەڕا؛ گەلەڕا؛ ڕێگەی باریک و نارێک کە بە هۆی هاتوچووی مرۆڤ و گیانلەبەرانەوە خۆش بووە ‹یک راه بزرو هست که تا نزدیکی غار می‌رود: کوێرەڕێیەک هەیە دەگاتە لای ئەشکەوتەکەوە›.

بزغاله / bozqāle، ـها/: اسم. کارژەڵە؛ کارژۆڵە؛ کارژیلە؛ کاژەڵە؛ کارژەلە؛ کار؛ کاریلە؛ بزلە؛ گێسک؛ گیسک؛ بەچکە بزن.

بزک / bazak، ـها/: [ترکی] اسم. [قدیمی] لووسە؛ ئاڕایشت؛ خنج؛ سووراوسپیاوکاری.

بزک‌کرده / bazak.karde، ـها/: [ترکی/ فارسی] اسم. [تعریض] لووسەدراو؛ ساف و لووس‌کراو ‹گول این ماشینهای بزک‌کرده را نخوری: فریوی ئەم ماشینە لووسەدراوانە نەخۆی›.

بزک‌ودوزک / bazak-o-dûzak، ـها/: [ترکی] اسم. [گفتاری، تعریض] لا و لووسە؛ ئاڕایشت؛ سووراوسپیاوکاری.

بزم / bazm، ـها/: اسم. [ادبی] بەزم؛ میوانی؛ شایی؛ میڤانی؛ گۆبەن؛ گۆڤەند؛ گۆوەند؛ هانگ.

بزم‌آرا / bazmārā، ـیان/: صفت. [ادبی] کۆڕگێڕ؛ بەزم‌گێڕ؛ گۆبەنوان؛ خاوەن توانایی خۆش‌کردنی کۆڕی بەزم. هەروەها: **بزم‌آرایی**

بزمجه / bozmacce، ـها/: اسم. بزن‌مژە؛ بزنمژگ؛ فاتفاتک؛ قۆژیانە؛ بزن‌مشک؛ حوبێ؛ کەلپەزی؛ جۆرە مارمێلکەیەکی درێژ و ئەستورە.

بزمرغ / bozmorq/ ☜ شترمرغ استرالیایی، **شترمرغ**

بزمگاه / bazmgāh، ـها/: اسم. [ادبی] بەزمگە؛ بەزمگا؛ گۆبەندگا؛ جێگەی شادی و ئاهەنگ.

بزمی / bazmî/: صفت. بەزمی: ۱. خاوەن ئۆگرەتی بە بەزم ۲. پێوەندیدار یان سەر بە بەزم ۳. هۆنراوەی کورتی نیشاندەری هەستی مرۆڤ (وەکوو غەزەڵ، چوار خشتەکی و چوارێنە).

بزن / bezan/: صفت. [گفتاری] دەس‌وەشێن؛ لێدەر؛ خاوەن هێز و هەستی دەس وەشاندن ‹یارو دست بزن دارد: کابرا دەس‌وەشێنە›.

بزن‌برو / bezanboro/ ☜ **بزن و دررو**

بزن‌بزن / bezanbezan/: اسم. [گفتاری] شەپشەپانی؛ شەقاوشەق؛ شەق‌شەقانی؛

شەق‌شەقانێ؛ شەڕ و داوا؛ لە یەک دان؛ کوتەک‌کاری؛ لێکدان؛ شەڕ و شۆڕ ‹یک بزن‌بزن حسابی راه انداخت: شەڕەشەقانێکی باشی خستەوە›.

بزن‌بکش / bezanbekoš /: *اسم. [گفتاری]* کوشت و بڕ؛ بکوژ و ببڕ؛ کوشتن و لەناو بردن ‹روزهای جنگ همەجا بزن‌بکش بود: ڕۆژانی شەڕ لە هەموو لاوە کوشت و بڕ بوو›.

بزن‌بکوب / bezanbekûb / ☜ **بزن‌وبکوب**

بزن‌بهادر / bezanbahādor، ـها/: [فارسی/ ترکی] *صفت.* بلەربەزێن؛ ببڕ؛ بە بڕشت و هێزدار ‹بزن‌بهادر اینجا خودش است: لەم ناوەدا، بلەربەزێن هەر خۆیەتی›.

بزن‌دررو / bezandar.row / ☜ **بزن‌ودررو**

بزنگاه / bezangāh، ـها/: *اسم.* کاتی خۆی؛ باشترین کات و سات بۆ ئامادە بوون لە شوێنێک ‹آزاد سر بزنگاه رسید: ئازاد کاتی خۆی گەیشت›.

بزن‌وبکوب / bezan-o-bekûb، ـها/: *اسم. [گفتاری]* زرم و کوت؛ مۆسیقا و هەڵپەڕکێ؛ تەقە و ڕەقە؛ تەقەودەوڵ؛ زرم و هۆڕ ‹تا نصف شب در خانەشان بزن و بکوب بود: تا نیوەی شەو لە ماڵیاندا زرم و کوت بوو›: **بزن‌بکوب**

بزن‌ودررو / bezan-o-dar.row، ـها/: *صفت. [گفتاری]* ڕەمەکی؛ بەگوترە؛ بلکێنە؛ سەرسەری؛ بە بێ وردبوونەوە و کارامەیی ‹او از آن صنعتکارهای بزن و دررو بود: لەو پیشەکارە ڕەمەکیانە بوو›: **بزن‌برو؛ بزن‌دررو**

بزودی / bezûdî /: *قید.* بەم زووانە؛ بەم نزیکانە؛ بەم زوویییە؛ زووبەزوو؛ پێ زوویە؛ پێ زووە ‹بزودی می‌رسد: بەم زووانە دەگا›.

بزور / bezûr /: *قید.* بە زۆر: ۱. بە سەختی و دژواری ‹بزور زندگی خودش را اداره می‌کرد: بە زۆر ژیانی خۆی دەبردە ڕێوە› ۲. بەزۆرەزەمێ؛ بەهێز؛ بەهۆژم ‹بزور خودش را داخل جمعیت کرد: بەزۆر خۆی خستە نێو ئاپۆرەوە› ۳. بە پێدا گرتن و لە سەر ڕۆیشتن ‹بزور پول را گذاشت توی جیبم: بە زۆر پارەکەی خستە نێو گیرفانمەوە› ٤. بەزەحمەت؛ پەحاڵ؛ بەحاڵ؛ بەئاستەم؛ بەحاستەم ‹بزور صد نفر می‌شدند: بەزۆر سەد کەس دەبوون›.

بزه / bezeh، ـها/: *اسم.* ئۆباڵ؛ گوناح؛ وەباڵ؛ تاوان؛ گونەهـ؛ گونا؛ ئاز و بەزە؛ ئاز و باز؛ کارێ کە قانوون یا زاکوون دەس بۆ بردنی پەسند ناکا و ئەوی ئەو کارە بکا، سزای بۆ دەبڕێتەوە.

بزهکار / bezehkār، ـها؛ ـان/: *صفت.* تاوانبار؛ ئازوبازەکار؛ بە چەقە؛ چەقاوەسوو؛ خووگرتوو بە خراپەوە.

بزهکاری / bezehkārî، ـها/: *اسم.* تاوانباری؛ تاوانکاری؛ ئازوبەزەکاری؛ چۆنیەتی ئازوبازەکار بوون.

بژ / baj /: *اسم.* تۆژاڵی یەخ کە لە سەر بەردەوە چێ دەبێ: **بَش**

بژ[1] / bej /: [فرانسوی] *اسم.* بۆرکاڵ؛ ژێڵ؛ گەور؛ ڕەنگی بووڵی ئامال زەرد، وەک خوری نەشۆراو.

بژ[2]: *صفت.* ژێڵ؛ بۆرکاڵ؛ بە ڕەنگی بۆرکاڵ.

بس[1] / bas /: *صفت.* هند؛ بەس؛ یەزێ؛ قەس؛ وەس؛ خاس؛ ئەوندەی پێویستە ‹دوتا نان بس است: دوو نان بەسە›. هەروەها: **بس شدن**

▣ **از بس**: ئەوەندە؛ ئەوندە؛ ئەونە؛ هێندە؛ ئەقەڕڕە؛ ئێقەڕە؛ ئەمەنە؛ ئینە؛ ئانە ‹ازبس دیر آمدی او رفت: ئەوەندە دێر هاتی، ئەو ڕۆیشت›.

▣ **بس کردن**: بەس کردن؛ بڕینەوە؛ ئێتر درێژە نەدان؛ تەواوکردن ‹دیگر بس کنید: ئیدی بەسی کەن›.

بس-[2]: *پیشوازه.* زۆر؛ فرە؛ زەبەند؛ مشەمەر

〈بسپار؛ بسشُمار: زورتیکه؛ زوردانه〉.

بسا / basā/: قید. [ادبی] زۆر؛ فره؛ پڕ؛ پتر؛ پەستا؛ مشه 〈بسا سر که افکنده شد بر زمین: زۆر سەران وا چوون به بریان〉.

بسارده / basārde، ها/: اسم. ئاوەنیا؛ ڕەپسته؛ دەغلێ که له پێشدا زەویەکەی ئاو دراوە و شووکراوه و دوایی تووی لێ چێندراوه.

بساز / besāz/: صفت. [گفتاری] تەبا؛ سازگار؛ ساچیا؛ ساچێن؛ هاودەنگ؛ دواڵ؛ باز؛ هاوڕێ 〈زن بساز نعمت بزرگی است: ژنی تەبا نیعمەتێکی گەورەیە〉.

بسازوبفروش / besāz-o-befrûš، ها/: اسم. کەسێ که کاری کردنەوە و فرۆشتنی خانووە. هەروەها: **بساز و بفروشی**

بساط / basāt, besāt، ها/: [عربی]اسم. ١. کەلوپەل؛ پسات؛ سەرجەمی شتومەک و پێداویستیەکانی کارێک 〈بساط چای؛ بساط عروسی: کەل وپەلی چای؛ کەل وپەلی شایی〉 ٢. دەزگه؛ دەزگه و بەره؛ دام و دەزگه؛ کار و بار 〈بساط حکومت: دەزگەی حکوومەت〉 ٣. مێز یان سینی دەسفرۆشان ٤. بەزم؛ بار و دۆخ (بەتایبەت ناخۆش) 〈همیشه همین بساط بود: هەر ئەم بەزمه بوو〉 ٥. کۆڕ؛ کۆ بوونەوە 〈دیروز بساط گرفته بودند: دوێنێ کوریان گرتبوو〉 ٦. ڕایخ؛ ڕایەخ؛ ڕایاخ؛ ڕاخەر؛ بەستیر؛ هەر شتێک ڕابخرێ 〈بساط سبزه لگدمال شد به پای نشاط: ڕایەخی سەوزە، سەما پاک شێلای〉.

▣ **بساط چیزی را برچیدن:** دەم و دەزگای شتێ چنینەوە؛ خاپوورکردنی شتێک؛ له بەین بردنی شتێک؛ شەنگوو چێوێوی پێتەیوە 〈بهار بساط کرسی و بخاری را برچید: بەهار دەم و دەزگای قورسی و سۆپای چنیەوە〉. هەروەها: **بساط چیزی برچیده شدن**

بساط خود را جمع کردن/ برچیدن: [گفتاری] کەلپەلی خۆ کۆکردنەوە؛ دەس له کار و باری خۆکێشان؛ وێماشتەیوە؛ دەم و دەزگای خۆ کۆ کردنەوە.

بساط کردن: ڕانان؛ ڕاخستن؛ شتومەکی خۆ به خەڵک نواندن بۆ فرۆشتن.

بساط کسی را برهم زدن: [کنایی] کار و باری کەسێ تێکدان.

بساک / basāk، ها/: اسم. ١. پۆپه؛ پۆپنه؛ بەشی دوایینی پەرچەمی گوڵ که زۆرتر زەقه و دانەی تێدایه ٢. تاجی گوڵ.

بسامان / besāmān/: صفت. [ادبی] ڕێک وپێک؛ ساماندار.

بسامد / basāmad/: اسم. لەره؛ ژمارەی ئەو جارانەی که دیاردەیەکی وەگەڕ له یەکەیەکی کاتیدا چەن پاته دەبێتەوە.

بساوانی / basāvā' î/ ☜ **بساوایی**

بساوایی / besāvāyî, basāvāyî/: اسم. ١. کار یان ڕەوتی پیاساوین؛ پێداساوین؛ پۆرەساوەی ٢. هەستی ساوین؛ هەستێ که له ڕێی دەمارگەلی ژێر پێستەوە، بڕێ تایبەتمەندی شت و دەور و بەر (وەک ساردی، گەرمی، ساف و لووسی، نەرمی، زرۆیی و...) دەناسێتەوە * **بساوائی**

بساوش / besāveš, basāveš/: اسم. ساوین؛ کار یان ڕەوتی پێداساوین.

بساویدن / besāvîdan, basāvîdan/: مصدر. متعدی. [قدیمی] دەس پێدا ساوین؛ دەس پێتەقاندن؛ دەست پێداهێنان؛ دەس پیا هاوردن؛ دەس پۆرەتەقنەی (ئەمرۆکه ئەم چاوگه فارسیه سەرف نابێ).

بست[1] / bast، ها/: اسم. بەست؛ بەس: ١. عەلقه؛ بازن؛ بازنه؛ گەو؛ چمەر؛ نگین؛ خەلەک؛ ئاڵقه یان نیوەبازنێ که لکاوه به

چوارچێوەی درگا یان پەنجەرەوە ‹مگر این در چفت و بست ندارد؟: مەگەر ئەم دەرگایە قولف و بەسی نیە؟› ٢. تەنگ؛ جەڕ ‹بست شیلنگ: بەستی شلنگ› ٣. [قدیمی] کۆڕ؛ هەڤانگە؛ جێگەی مان گرتن ‹خانەی بعضی مجتهدها هم بست بود: ماڵ برێ لە گەورە مەلایانیش بەست بوو› ٤. چەسپ؛ ئەوندەی مادەییکی (وەک تریاک، هیرۆیین، حەشیش) کە بە جارێ دەکێشرێ ‹یک بست تریاک کشید: بەستێک تریاکی کێشا›.

▣ **بست شکستن:** بەست شکاندن؛ کۆڕ تێکدان؛ گهان شێواندن؛ بە زۆر کەسێک لە بەست دەرهێنان.

بست نشستن: نیشنە بەس؛ جۆرێک مان گرتن.

ـ بست[٢]: *پیواژە.* ـبەس؛ ـبەست: ١. نێوساز ‹داربەست: داربەس› ٢. ئاوەڵناوساز ‹دربست: دەربەست›.

بستاب / bastāb، ـها/: *اسم.* ماش؛ بەریان؛ ئاوبڕ؛ پەنگاو؛ بەربەندی کاتی بۆ بەرگری لە ڕخنەی ئاو تا دوایی هاتنی کارێک.

بستان / bostān، ـها/: *اسم. [ادبی، مخفف]* بێسان؛ بێستان؛ بووسان؛ بۆسان؛ بوێسان.

بستان‌افروز / bostānafrûz/ ☜ **تاج‌خروس**

بستانکار / bestānkār، ـها؛ ـان/: *اسم.* خاوەن قەرز؛ کەسێ قەرز دەدا بە قەرزدار.

بستر / bastar, bestar، ـها/: *اسم.* ١. *[ادبی]* جێگە؛ جا؛ جێگەوبان؛ جێوبان؛ یاگێ؛ یاگۆبان؛ نڤینک ‹بستر انداختند و خوابیدیم: جیگەیان ڕاخست و نووستین› ٢. مەرخ؛ تەخت؛ شوێنی پێداچوونی ئاو ‹بستر رودخانه: مەرخی ڕووبار› ٣. *[مجازی]* بەستێن؛ بووز؛ بار و دۆخی پێویست بۆ بەدیهاتنی شتێک.

▣ **از بستر بیماری برخاستن:** لە ناو جێدا هەستانەوە؛ چاک بوونەوە و ئیدی لە جێگەدا نەبوون.

به بستر بیماری افتادن: کەوتنە جێگە؛ کەوتنە ناو جێ؛ کەوتەی دلێ یاگێ؛ کەوتەینە یاگێ؛ نەخۆش کەوتن و لەجێگەدا جێگیر بوون.

به بستر رفتن: چوونە ناو جێوە؛ چوونە ناو جێگە بۆ خەوتن.

بستری / bastarî, bestarî، ـها/: *صفت.* بانەجا؛ لەجێ‌کەوتوو؛ ناو جێگەکەوتوو ‹بیمار بستری: نەخۆشی بانەجا›.

▣ **بستری شدن:** کەوتن؛ نووستنی نەخۆش؛ کەوتنە جێگەوە؛ کەفتنە ناو جێگە.

بستری کردن: خەواندن؛ خەفاندن؛ وسنەی ‹مریض را در بیمارستان بستری کردند: نەخۆشەکەیان لە نەخۆشخانەدا خەفاند›. هەروەها: **بستری بودن**

بستگان / bastegān/: *اسم.* ١. خزمان؛ خوێشان؛ خزم و کەس؛ کەس و کار؛ کەسانێ کە پێوەندی خزمایەتیان هەیە ‹بستگان درجەی یک: خزمانی زۆر نزیک› ٢. نزیکان؛ نزیکێ ‹خویشان و بستگان: خزمان و نیزیکان›.

▣ **بستگان درجەی یک:** خزمانی زۆر نزیک کە بریتین لە باب، دایک، خوشک، برا، هاوسەر یان منداڵی هەر کەسێک.

بستگی / bastegî، ـها/: *اسم.* پەیوەندی؛ بەستەیی ‹این بستگی دارد بە قدرت مالی شما: ئەمە پەیوەندی بە توانی ماڵی ئێوەوە هەیە›.

بستن / bastan/: *مصدر. متعدی. لازم. // بستی:* بەستت؛ **می‌بندی:** دەبەستی؛ **ببند:** ببەستە//

☐ *متعدی.* ١. بەستن؛ بەستنەوە؛ بەسن؛ بەسەی؛ بینایوە؛ شەتەکدان؛ شتێک بە بەن یان بە گرێ، بەشتێکی ترەوە توندکردن ‹به درخت بستن: بە دارەوە بەستن› ٢. بەستن؛

بەسـن؛ داخستن؛ ژەندن؛ پێوەدان؛ دەی پـوە؛ ژەی؛ ژەنـای؛ ژەنتـەی؛ قووچانـدن؛ ئاژنین؛ بەندکردن؛ بەسەی؛ بینتەی؛ هەڵپێکانن؛ ئەڵکپانن؛ ڕێگە و بازێک یان بەری جێگایەک بەن‌کردن ‹در بستن: دەرگا ژەندن› ٣. بەستن؛ داخستن؛ بەسن؛ پێتەیوە؛ بینەی؛ گاڵە دان ‹روزنامەها را بستن: ڕۆژنامەگەل داخستن› ٤. بەستن؛ بەسن؛ دانە یەک؛ لێکنان؛ دەی پێوەرە ‹کتاب را بستن: کتێب دانەیەک› ٥. بەستن؛ بەسن؛ ئەوەبینەی؛ بەسەیوە؛ ئازادی لە کەسێک سەندن ‹دست، دهان یا پای کسی را بستن: دەست، دەم یان پێی کەسێک بەسن› ٦. دانان؛ بڕینەوە؛ بڕیار دەرکردن ‹مالیات بستن: پیتاک دانان› ٧. هەڵبەستن؛ هۆربەسەی ‹بە کسی دروغ بستن: درۆ بۆ کەسێک هەڵبەستن› ٨. هێنان؛ دەرهێنان؛ بەستنە بەر؛ بە شێوە یان شێوازێکی تایبەتی دەرهاوردن ‹بە کار بستن: بە کار هێنان› ٩. دانە بەر؛ داگرتنە بەر ‹بە توپ بستن: دانە بەر توپ› ١٠. بەستن؛ بەسن؛ بڕینەوە؛ بەستەی؛ بینای؛ کۆتایی هێنان بە ڕەوتێک؛ تەواوکردن ‹حساب را بستن: حەساو بەستن› □لازم. ١١. بەستن؛ بەسران؛ گرسان؛ گرسەی؛ مەیین؛ بینەی؛ سفت و خەست بوونەوە ‹بستن ماست؛ بستن یخ: مەیینی ماست؛ گرسانی سەهۆڵ› ١٢. بەستن؛ بیچمێکی تایبەتی بە خۆ گرتن ‹صف بستن: ریز بەستن›. هەروەها: **بستنی**

■ صفت مفعولی: **بسته** (بەستراو)/ مصدر منفی: **نَبستن** (نەبەستن)

بستنی / bastanî/:اسم. دۆندرمە؛ دۆڵدرمە؛ چلوورە؛ بەستەنی؛ بەسەنی؛ شیر و شەکری سۆڵ بەستوو.

بستنی‌ساز / bastanîsāz، ـها/:اسم. بەستەنی‌ساز؛ بەستەنی دروستکەر: ١. کەسێ کە بەستەنی دروست دەکا ٢. کەرەسەی سازکردنی بەستەنی. هەروەها: **بستنی‌سازی؛ بستنی‌فروش؛ بستنی‌فروشی**

بستو / bastû/:اسم. گۆزەڵە؛ گۆزک؛ گۆزەڵێ؛ گۆزەی پچۆکە؛ گۆزکە؛ کووپەڵە؛ خلک؛ جەڕک؛ گۆزەی چکۆڵەی سەر ئاوەڵا.

بستوغه / bastûqe/:اسم. بستووگە؛ قادوول؛ کووپەڵەی زارتەنگ.

بسته[1] / baste، ـها/:اسم. بەسە؛ بەستە؛ بەسێ: ١. بەند؛ پۆشەنێ کە شتێکی تێدایە ‹بستەی کاغذ: بەستەی کاغەز› ٢. مووچە؛ مووچێ؛ دەستە؛ دەسە؛ هەندێ لە شتێ کە لە نێو شتێکەوە پێچراونەتەوە ‹چهار بسته نان: چوار مووچە نان›.

بسته[2]: صفت. ١. گیراو؛ بەسراو؛ پۆشیاگ ‹از همه طرف بسته است: لە هەموو لایێکەوە بەسراوە› ٢. داخراو؛ قفڵدراو؛ ژنیاگ؛ ژەنیاگ؛ جەلە؛ بینیا؛ ژنیا ‹راهِ بسته؛ درِ بسته؛ قُفلِ بسته: ڕێگای بەسراو؛ درگای داخراو؛ قوفڵی ژنیاگ› ٣. [نامتداول] بەستوو؛ گرساو؛ گرسیاگ؛ سفتەوبووگ؛ بیا؛ ڕەق هەڵاتوو ‹روغن بسته: ڕۆنی بەستوو›.

بسته‌بند / basteband، ـها/:اسم. بەستەبەند؛ دەسکەبەند؛ جەڕەبەن: ١. کەسێ کە کاری بەستەبەندیە ٢. ئامرازی بەستەبەندی.

بسته‌بندی / bastebandî، ـها/:اسم. بەستەبەندی؛ دەسکەبەندی.

بستی / bastî، ـها؛ ـان/:اسم. مان‌گرتوو؛ بەست دانیشتوو؛ کەسێ بۆ پەنا چۆتە بەستەوە.

بسختی / besaxtî/: قید. ١. بە سەختی؛ هاوڕێ لەگەڵ بەکار بردنی هێز و پێداگری زۆرەوە ‹آن سال بسختی کار کرد: ئەو ساڵە

بەسەختی کاری کرد› ۲. بەدژواری؛ بە سەختی؛ بە ئاریشە؛ سەخڵەت ‹زندگیش بسختی گذشت: ژیانی بە دژواری تێپەڕ بوو› ۳. بەتووڕەیی؛ بە ناو چاوتاڵی ‹با او بسختی رفتار کرد: بە تووڕەیی لەگەڵیدا جووڵاوە› ٤. پیس؛ زۆر؛ خراپ ‹بسختی ویران شد: پیس خاپوور بوو›.

بسد / bossad، ـها/: *اسم. [قدیمی]* مەرجان.

بسزا / besazā, beseza/: *قید. [ادبی]* باش؛ ئەوتۆ؛ شیاو؛ بە دروستی ‹گفت من رقص ندانم بسزا: گوتی خۆ من باش نازانم هەڵپەڕم›.

بس‌شماری / bassomārî/ ☜ **ضرب**

بس‌شمر / bassomar/ ☜ **مضروبٌ فیه**

بش‌شمرده / bassomorde/ ☜ **مضروب**

بسط / bast/: [عربی] *اسم.* پەرە؛ گەشە ‹بسط آزادیهای اجتماعی: پەرەی ئازادیگەلی کۆمەلایەتی›.

▣ **بسط دادن:** پەرە پێدان؛ گەشە پێدان ‹بسط دادن بە این بحث، رسیدن بە نتیجە را دشوار می‌کند: پەرە پێدانی ئەم باسە، گەیشتن بە ئاکام دژوار دەکاتەوە›.

بسفراوری / basfarāvarî، ـها/: *اسم. [اقتصاد]* بەکۆسازی؛ بەری مشەمەر؛ کار یان ڕەوتی دروستکردنی کاڵا و شتومەک بە فراوانی.

بسک / bask، ـها/: *اسم.* پرشە؛ پلاشە؛ پریشک؛ پرژە؛ پرژە؛ وردە کانزای دوای تەقینەوە.

بسکتبال / basketbāl/: [انگلیسی] *اسم.* بەسکیتباڵ؛ یاریەکی بە گەلە کە لە زەوی تایبەتدا لە نێوان دوو دەستەی پێنج کەسیدا دەکرێ، بەو جۆرە کە هەر دەستە هەوڵ دەدا تۆپەکە بخاتە نێو بازنە (سەبەتە)ی ئەو دەسەکەی ترەوە کە لە ئەم پەڕ و ئەو پەڕی زەویەکەوە هەڵواسراوە.

بسکتبالیست / basketbālîst، ـها/: [انگلیسی] *اسم.* بەسکیتباڵیست؛ یاریکاری گەمەی بەسکیتباڵ.

بسلامت / besalāmat/: [فارسی/ عربی] *دعا. [گفتاری]* وەسڵامەت؛ بەسەلامەت؛ بەدۆعا (لە جوابی خوداحافیزیدا دەگوترێ).

بسلامتی / besalāmatî/: [فارسی/ عربی] *دعا.* خودا یار بێ؛ بە سلامەتی ‹بسلامتی کی برمی‌گردد؟: خودا یار بی کەی دێتەوە؟›.

بسم‌الله / besmellāh/: [عربی] *دعا.* ۱. بەناو خودا؛ وەناو خودا؛ بە نامێو خوای ۲. *[گفتاری]* دەیسا فەرموو؛ دەفەرموو؛ فەرماوە؛ کەوابوو دەس پێکە ‹اگر مرد راهی بسم‌الله: ئەگەر پیاوی ڕێگای دەیسا فەرموو›.

بسندگی / basandegî/: *اسم. [ادبی]* بەسندەیی؛ دۆخ یان چۆنیەتی بەس بوون.

بسنده / basande/: *صفت.* بەس؛ وەس؛ بەسندە؛ بە ئەندازەی پێویست.

▣ **بسنده بودن:** بەش کردن؛ بەس بوون؛ وەسێ کەردەی ‹پولی کە داشتند برای گذران زندگیشان بسنده بود: ئەو پارەی هەبوویان بۆ بەڕێوە بردنی ژیانیان بەس بوو›.

بسنده کردن: قنیات کردن؛ ڕەزادان؛ داوای زیاتر نەکردن.

بسودن / besûdan/: *مصدر. [ادبی]* ۱. ساوین؛ ساوەی؛ ساوای ۲. سمان؛ سمەی؛ کون کردن.

بسی[1] / basî/: *قید. [ادبی]* زۆر؛ یەکجار؛ ئێجگار؛ گەلەک؛ گەلێ؛ فرە ‹بسی رنج بردم در این سال سی: زور ئازارم چەشت لەم سی ساڵەدا›.

بسی[2]: *ضمیر.* زۆری؛ زۆرێک؛ زۆر؛ فرە؛ فرێ؛ گەلێ ‹چون نگە می‌کنم نماندە بسی: ئەگەر دەڕوانم زوری نەماوە›.

بسیار[1] / besyār/: *صفت.* زۆر؛ زاف؛ پڕ؛

گەلێک؛ گەلە؛ گەلەک؛ زەحف؛ زیاد؛ زێدە؛ فرە؛ مشە؛ مشەمەر؛ زەوەند؛ زەبەند؛ هەمکە؛ حەمکە؛ زیە؛ گەلیّ؛ گەلێک؛ گەلێر؛ بۆش؛ پور؛ فت؛ هەندێ؛ هێل؛ ئێکجار؛ ئیگجار؛ ئێجگار؛ یەکجار؛ فرفرە؛ هۆ؛ فریە؛ زیا؛ زەوەن؛ پەکی ‹کار بسیار: کاری زور›.

بسیار [2]: *قید.* زۆر؛ فرە؛ فرێ؛ بەزۆری؛ زۆرێک؛ گەلەکی ‹بسیار گفت: زوری گوت›.

⊡ **بسیار شدن**: زۆر بوونەوە؛ زاف بوونەوە؛ فرە بوونەوە.

بسیار کردن: زۆرکردن؛ فرەکردن؛ چەند جار دووپاتکردنەوە.

بسیاری / besyārî/: *اسم.* *[ادبی]* زۆری؛ فرەیی؛ پڕایی ‹از بسیاری مردم مجال حرکت نبود: لە بەر زوری خەلک جێی جوولانەوە نەبوو›.

بسیاری [1] / besyā:rî/: *صفت.* زۆرێک؛ زۆری؛ فرەو؛ فرەیێک؛ هێلێ ‹بسیاری از گلها درآمده‌اند: زوری لە گولەکان دەرهاتوون›.

بسیاری [2]: *ضمیر.* زۆرێک؛ گەلێک؛ فرەیەک؛ فرێو ‹بسیاری را سرما زد: زورێک سەرما بردنی›.

بسیج / basîc/: *اسم.* مینەق: ١. بەرهەڤکری؛ کار یان ڕەوتی کۆوەکردن و سامان دان ٢. ڕێخراوەیەک لە کۆمای شەڕڤانان.

⊡ **بسیج زورکی**: زۆربگیری؛ ڕەشبگیری.

بسیج عمومی / همگانی: مینەق؛ مینەقی گشتی؛ بەرهەڤکری هەموانی خەلک.

⊡ **بسیج کردن**: بەرهەڤکردن؛ کۆوە کردنەوە و ڕێکخستنی کەرەسە و هێزی پێداویستی کارێک: **بسیجیدن**. هەروەها: **بسیج شدن**

بسیجیدن / basîcîdan/ ☜ بسیج کردن،

بسیج

بسیط / basît/: [عربی] *صفت.* ١. *[نامتداول]* بەربلاو؛ بەرفرەوان؛ بەرفراوان؛ بەرپان؛ بەرین؛ پان؛ هەراو؛ فرەهـ ٢. ساوا؛ سادە؛ سانا؛ هاسان؛ ناتێکەڵ ‹اسم بسیط: ناوی سادە›.

⊡ **بسیط زمین**: *[ادبی]* سارا؛ پانایی زەوی.

بش / baš، ـها/: *اسم.* ١. ☜ **بز** ٢. یاڵ؛ تووکی سەر ملی هێستر، ئەسپ و ولاخ و...

بشارت / bešārat، ـها/: [عربی] *اسم.* *[ادبی]* مزگێنی؛ مزگانی؛ مزگینی؛ مزانی؛ موژدە؛ نزانی ‹نسیم باد نوروزی صبا را خوش بشارت داد: مزگێنی دا بە سروە بای بەهاری›.

بشاش / baššāš/: [عربی] *صفت.* ڕووگەش؛ خۆشڕوو؛ ڕووخۆش؛ ڕۆگوشاد؛ خەنۆک؛ وەشڕوو؛ خەندەران؛ خەنەران؛ شاد.

بشاشت / bašāšat/: [عربی] *اسم.* *[ادبی]* ڕووگەشی؛ ڕووخۆشی؛ خەنەرانی؛ شادمانی.

بشاورد / bašāvard/: *اسم.* گەوە؛ گەوەک؛ زەوینی پڕ لە دۆڵ و تەپۆلکە.

بشخصه / bešaxse/: [فارسی/ عربی] *قید.* بۆ خۆم؛ خۆم؛ خودی خۆم؛ وێم ‹من بشخصه او را نمی‌شناسم: من بۆ خۆم ئەو ناناسم›.

بشر / bašar/: [عربی] *اسم.* مرۆڤ؛ مرۆ؛ بنیادەم ‹حقوق بشر: مافی مرۆ›.

بشردوست / bašardûst، ـان/: [عربی/ فارسی] *صفت.* مرۆڤدۆست؛ هۆگری مرۆ.

بشردوستانه / bašardûstāne/: [عربی/ فارسی] *صفت.* مرۆدۆستانە.

بشردوستی / bašardûstî، ـها/: [عربی/ فارسی] *اسم.* مرۆڤدۆستی؛ دۆخ یان چۆنیەتی خۆشویستنی خەلک و ئۆگرەتی بە هاودەردی و یارمەتی دانیان.

بـــشره / bašare/: [عربـــی]/اســم. ۱. /ـــهـــا/ [نامتـداول] بـیچم؛ تـەشـک؛ کـەسـم؛ سـیما؛ رواڵـــەت؛ ڕوومـــەت؛ چـــار؛ نـــژم؛ وێنـــه ۲. [کالبدشناسـی] سـەرپێـست؛ تـوێژه؛ تـوێژاڵ؛ ڕۆچـــەم؛ چـــەرم ۳. [گیـاهشناسـی] تـۆکڵ؛ توێکڵه؛ پێست؛ پۆس.

بـــشری / bašarî/: [عربـــی] صـفت. مرۆڤـــی؛ ئینسانی؛ پێوەندیدار یان سەر بە مرۆڤ.

بـــــشریت / bašarîyyat/: [عربـــــی]/اســــم. مرۆڤـایەتی: ۱. مرۆڤـێتی؛ دۆخ یـان چۆنیـەتی مـرۆڤ بـوون ‹همکـاری لازمـەی بشریت است: ئاریکـاری پێداویـستی مرۆڤـایەتـیـه› ۲. مـرۆڤ؛ ئینـسان؛ کـۆی مـرۆڤ ‹جنگ‌افزارهـای هـستەای بشریت را تهدیـد مـی‌کنـد: کـەرەسـەگـەلی نـاوکی گورەشەیەکـن بـۆ مـرۆڤ› ۳. مرۆڤـێتی؛ ئاکـاری مرۆڤایەتی؛ خوو و خدەی مرۆڤانه.

بـشقاب / bošqāb، ـهـا/: [ترکـی]/اسـم. دەوری: ۱. سـیمیک؛ قـاپی؛ قـاو؛ پـەل؛ دەفـری پـەل؛ گۆشـقاب؛ قۆشـتاب؛ پێـشدەسـتی ۲. ئـەوەی لە ناو دەفـردا بـێ ‹ناهـار پلـو داشـتیم یـک بشقاب خوردم: نیوەڕۆ پلاومان بوو دەوریـەکم خوارد›.

◙ بـشقاب تخـــت: دەوری تـەخـــت؛ دەوری برنجخۆری؛ دەوری ساف و نەقووڵ.

بـــشقاب گـــود: دەوری قـــووڵ؛ دەوری خۆرشـتخـۆری؛ دەوریـەک کـە لێـوارەی هەبێ.

بـشقابی / bošqābî/: [ترکـی] صفت. گۆشـقاپی؛ دەفری؛ دەوریئاسا.

بـشکاف / beškāf، ـها/: اسم. [خیاطی] درەوشـە؛ درۆشه؛ کەرەسەیـەک بـۆ کـونکـردن و ئـاوەڵ کردنی تلیش و بازکردنی جێکلانه.

بشکن / beškan، ـها/: اسم. چەقونـه؛ چـەقـەنـە؛ چـەقوانـە؛ فنـق؛ پـل؛ پلـێ؛ بـستە؛ چـەقانـە؛ چەقەنـە بـە پـەنجـە؛ تـەقـەتـەق بـە لێکـدانی قامکە گەورە و بالابەرزە.

◙ بشکن زدن: پل تـەقـانن؛ چـەقـەنـە لێدان؛ فنـق شـکانن؛ پـل تـەقانـدن؛ پـل‌تـەقانـێ کردن؛ پلێ تەقنەی؛ بستە لێدان؛ تـەقـە لـە پتە هێنان؛ تل لێدان؛ چەقەنە بە قامک.

بـــشکه / boške, bošge، ـهـا/: [روسـی]/اسـم. بـەرمیـل؛ دەرم؛ بۆشـکە؛ کـۆس: ۱. داریـل؛ دەفـری گـەورەی داریـن بـۆ تـراو؛ کووپـەی داری سـەرگـیراو ۲. دەفـری هـەراو لـە کـانزا بۆ تراو تێکردن ۳. ئەوەی لـە نـاو بۆشکەدایـە ‹چهـار بشکه نفـت: چـوار بوشـکە نـەوت› ٤. یەکـەی داهـاتی نـەوتی، بـەرامبـەر بـە ۱۵۹٫۸ لیتـر ‹روزی چهـار میلیـون بـشکه نفـت اسـتخراج مـی‌کننـد: ڕۆژێ چـوار ملیـۆن بوشـکە نـەوت دەردێنن›.

بـشم / bašm/: اسم. ئالـشک؛ ئاڵـشت؛ سـیخ؛ سـیخوار؛ سـیخار؛ خووسـار؛ خـووس؛ خـوویس؛ خـوێس؛ خوویـسار؛ خیـسار؛ خوویـسک؛ زوقـم؛ قـورۆ؛ قـڕ؛ شـەڵـتە؛ قـڕاف؛ خـوێز؛ خـوویز؛ خـوزە؛ خـازی؛ سـووخ؛ بـەرفـۆک؛ پـژ؛ خوسـار؛ ئاڵـشتە؛ پـەتیـل؛ زق؛ خویز؛ بەژ؛ داناری زۆر وردی یـەخ و بـەفـر کـە لە سەرمادا، دار و بەرد دادەپۆشێ.

بـــشوروبپوش / bešûr-o-bepûš/: صـفت. لۆچهەڵـنـەگـر؛ قومـاش یـان جلکـێ وا کـە بـە شۆردن لۆچ نابێ.

بـشیر / bašîr، ـان/: [عربی]/اسم. [ادبی، نامتداول] مـژدەدەر؛ مـزگێنیهێنـەر؛ نـزانیدەر؛ کـەسـێ کە مزگانی پێ بێ.

بـصر / basar، ـها؛ ابصار/: [عربـی]/اسم. [ادبی] چـاو؛ چـاف؛ چـەم؛ چـەو؛ چـەهـڤ ‹نور بـصر: سۆمای چاو›.

بـصری / basarî/: [عربـی] صـفت. ۱. چـاوی؛ چاڤـینی؛ پێـوەندیـدار بـە چـاوەوە ‹اعـصاب بصری: دەمـاری چـاوی› ۲. دیـتنی؛ پێـوەندیـدار بە بیناییەوە.

بـصل‌النخـاع / basalonnoxā' /: [عربی]/اسم. خـوارترین بەشـی مێـشک کـە کـاری مێـزان کـردنی نەفـەس کێـشان، دڵ لـێدان و... بـە دەسیەتی.

بـصیر / basîr، ـان/: [عربی] صفت. چـاوکراوە؛ ڕێبین؛ شارەزا.

بـصیرت / basîrat/: [عربی]/اسم. ١. [نامتـداول] سۆما؛ بینـایی؛ وینـایی ٢. بینـشت؛ ژیرڤـانی؛ ئاگەهـی؛ مینـایی؛ زیـرەکـی؛ ئاگـایی دەروونی لە شتێک.

بـضاعت / bezā'at, bazā'at/، ـها/: [عربی]/اسم. [ادبی] دەسمایـە؛ سـەرمایـە؛ پێـداوە؛ دەوڵـەت؛ مایە؛ دەزمایە؛ کەل‌وپەل؛ سامان.

◙ **بـضاعت مزجـات**: [ادبی] ١. مایـەی کـەم ٢. [مجازی] زانستی کەم؛ کەم باری.

بط / bat، ـها؛ ـان/: [عربی]/اسم. [ادبی] مـراوی؛ مامرئاوی؛ مەراڤی؛ مراویە.

بطالـت / betālat, batālat/: [عربی]/اسم. ١. خـۆڕایی؛ فێـڕۆیی؛ بـێ‌هـۆیی؛ بێهـوودەیـی؛ بـێ‌قـازانجی؛ بـێ‌کـەڵـکی ‹عُمـر بـە بطالـت بگذشـت: تـەمـەن بـە خـۆڕایی چـوو› ٢. خوێریەتی؛ تەپلمۆسـی؛ تـەپـەلۆسـی؛ بێکـاری؛ هـیچ‌وپـووچی ‹یـک سـال را بـە بطالـت گذرانـد: ساڵێکی بە بێکاری تێپەڕاند›.

بطانه / batāne/: [عربی] ☜ **بتانه**

بطـر / botr/: [از فرانـسوی]/اسم. [گفتـاری] ١. شووشە؛ شیشە؛ بـتڵ ٢. یـەکـەی تـراو پێـوان، بـەرامبـەر بـە ٦٠٠ میلـی‌لیتـر ٣. [؟] بـارێکی نالەبار لە گەمەی قاپێندا.

◙ **بطـر آوردن**: [گفتـاری] هـەڵـشکان؛ دانـانی قومار؛ دۆڕان.

بطـری / botrî، ـها/: [از فرانسوی]/اسم. بـوتڵ: ١. بـوتری؛ بتـری؛ شووشـە؛ مینـا؛ دەفـری لـەحـام؛ شووشـەی دەم‌تـەنـگ بـۆ تـراو تـێ کـردن ‹بطری شیر: بوتڵی شیر› ٢. هـەر ئـەو شیـشە بـەو شـتەوە کـە تێیدایـە ‹بطـری را سرکشید: بوتڵەکەی نایە سەرەوە›.

بطریـرک / batrîrak، ـها؛ ـان/: [از یونـانی]/اسم. بـاتریرەک؛ سـەرەناوێـک بـۆ سـەر ئوسقوفانی کلێسەی ئورتودوکس: **بطریق**

بطریـرک‌نـشین / batrîraknešîn، ـها/: [از یونـانی/ فارسـی]/اسم. نـشینگەی بـاتریرەکـان؛ ناوچـەی ژێـردەسـەڵاتی ڕۆحـانی بـاتریرەک: **بطریق‌نشین**

بطـری‌شـور / botrîšûr، ـها/: [از فرانـسوی/ فارسـی]/اسم. شووشـەشـۆر؛ شیـشەشـۆر؛ ئـامرازێکی میلـەئاسـا کـە ڕیـشاڵی زرۆ بـە سـەرێکیـەوە پێچـراوە و بـۆ شـۆردنی نـاو شووشە بە کەڵک دێ: **شیشه‌شوی**

بطریـق / betrîq/: [معـرب از یونـانی] ☜ **بَطریرک**

بطریـق‌نـشین / betrîqnešîn/: [معـرب از یونانی/ فارسی] ☜ **بَطریرک‌نشین**

بطـلان / botlān، ـها/: [عربی]/اسم. کـار یـان ڕەوتی پووکانـەوە؛ پـووچ بوونـەوە؛ پووچـەڵ بوونـەوە؛ هـەڵـوەشـانەوە؛ بـەتـاڵ بوونـەوە؛ بـە فشە دەرچوون.

بطـن / batn، ـها؛ بطـون/: [عربـی]/اسم. ١. [نامتـداول] گـەد؛ کـرش؛ سـک؛ نـاوزگ؛ ناوسک؛ زک؛ ئۆچک؛ ورگ؛ لـەمـە؛ ئـەشـقەمـە ‹بطـن مـادر: نـاوزکی دایـک› ٢. نـاخ؛ نـاوەڕۆک؛ ناودڵـی شـتێک؛ نـاوەکـی‌تـرین بـەشـی هـەر شـتێک ‹او در بطـن مـاجرا بـود: ئـەو لـە نـاخی ڕووداوەکەدا بوو›.

بطون / butûn/: [عربی] جمعِ ☜ **بطن**

بطیء / batî'/: [عربی] صفت. [ادبی] هێـور؛ خـاو؛ یاو؛ هێـدی؛ ئـەسـپایی؛ هێـواش؛ لـە سـەرخۆ؛ ئارام ‹حرکت بطیء: جووڵانەوەی هێور›.

بطـیءالاثـر / batî'ol'asar/: [عربـی] صـفت. هێورکـار؛ بـە کارتێکـەری هێـواش و

مەودادارەوە.

بطیءالانتقال / batî'ol'enteqāl/: [عربی] *صفت*. دێریاو؛ خاوەبیر؛ خاوەن تایبەتمەندی دێر تێگەیشتن.

بطیءالهضم / batî'ol'hazm/: [عربی] *صفت*. دێرهەڵتاو؛ دێردەن؛ بە گرفت؛ نەگڤێربار؛ قەبز؛ سەختەهەرس ‹گوشت قرمز و زردەی تخم‌مرغ بطیءالهضم هستند: گۆشتی سوور و زەردێنەی هیلکە دێر هەڵتاون›.

بع‌بع / ba'ba'/: *صوت*. بارە؛ باع؛ قارە؛ بارەبار؛ قارەقار؛ قالەقال؛ دەنگی بزن و مەڕ و ئاسک.

بعث / ba's/: [عربی] *اسم. [ادبی]* هەستانەوە؛ راپەڕین؛ راپەڕان؛ ئەوەخێزیەی؛ هەستانی هەموان لەو دونیادا؛ زیندوو بوونەوەی دوای مەرگ.

بعثت / be'sat/: [عربی] *اسم. [ادبی]* کار یان رەوتی هەناردن؛ هەڵنان؛ راپەڕاندن؛ هۆرخێزنەی؛ هاندان ‹بعثت پیامبر اسلام: هەناردنی پێغەمبەری ئیسلام›.

بعثه / be'se/: [عربی] *اسم*. ۱. ناردە؛ نێردە؛ دەسە؛ لێژنەی بەڕێکراو بۆ فرمانێکی تایبەت ۲. / ـها/ ناردەکۆ؛ شوێنی گیرسانەوەی ئەو تاقمە.

بعد[1] / ba'd/: [عربی] *صفت*. دوایی؛ دمایی؛ دمەین؛ پاش ‹نفر بعد؛ شب بعد: کەسی دوایی؛ شەوی دوایی›.

بعد[2]: *قید*. لەودوا؛ لەوەو دوا؛ ئمجا؛ ئینجا؛ ئیگل؛ ئینگل؛ ئیکە؛ دوا؛ دما؛ دوما؛ پاش؛ لە پاش ‹دو سال بعد: دوو ساڵ لەودوا›.

◙ **بعدازظهر**: دوای نیوەڕۆ؛ پاش نیوەڕۆ؛ دوماپیشی؛ دمانیمەڕۆ؛ دوانیمەڕۆ؛ هەلاشانی؛ هەلایەری؛ دویانیمەڕوو؛ دوای سەعاتی ۱۲ هەتا دەمەو ئێوارە.

بعد از میلاد: پاش زایین؛ دوای زایین؛ پاش لە دایک بوونی عیسا مەسیح.

بعد / bo'd/، ـها؛ ابعاد /: [عربی] *اسم*. ۱. دووری ۲. *[ریاضی]* لا؛ رەهەند؛ هەریەک لە تایبەتمەندیگەلی وێنەیەک کە پێشاندەری درێژی، تەسکی، بارست یان قووڵایی بێت ۳. بار؛ ڕوو ‹بعد هنری: باری هونەری›.

بعداً / ba'dan/: [عربی] *قید*. پاشی؛ لەدوای؛ دوڤکی؛ دوایی؛ دمایی؛ چیدما؛ چێوما؛ چیەولا؛ ئیکە؛ لە پاشان؛ لەمە پاش؛ لەمەودوا؛ لەمەولا؛ لەمەولاوە؛ هەمسا؛ هەماسکێ؛ دواخر.

بعدها / ba'dhā/: [عربی/ فارسی] *قید*. دواتر؛ دماتەر ‹بعدها می‌گفت آن روز خیلی ترسیده بود: دواتر ئەیگوت: ئەو ڕۆژە زۆر ترسا بوو›.

بعدی[1] / ba'dî/: [عربی] *صفت*. دوایی؛ دوایین؛ دمایین؛ دمەین؛ دیکە؛ کە ‹خانەی بعدی: ماڵی دوایین›.

بعدی[2] / ـها/: *ضمیر*. دوایین؛ ئەوی کە؛ ئەویاکە؛ ئەوی تر؛ ئەوی‌دیکە؛ دمایین؛ دمەین ‹بعدی بیاید: ئەوی‌تر بێت›.

-بعدی / bo'dî/: [عربی] *پیوازه*. -پاڵوو؛ -لایی ‹دوبعدی؛ چهاربعدی: دوولایی؛ چوارپاڵوو›.

بعضاً / ba'zan/: [عربی] *قید*. بە شێوەی بەشێک لە کۆمەڵێک: *الف)* بڕێک لە؛ بڕێ؛ هێندێ؛ بڕیۆ ‹سیبها بعضاً خراب بودند: هێندێ لە سێوەکان خراپ بوون› *ب)* جاربەجار؛ جارەوجار؛ جاروبار ‹بعضاً او را می‌دیدم: جاروبار دەمدیت›.

بعضی[1] / ba'zî/: [عربی] *صفت*. هێندێ؛ هەندک؛ هەندۆ؛ هنەک؛ هێندیک؛ بڕێ؛ بڕێک؛ بڕیۆ؛ بازێ؛ بازێک؛ بەشێ؛ بەشێک یان هەندێکی ناڕوون لە گرۆیەک ‹بعضی آدمها این طورند: هێندێ مرۆ ئاوەهان›.

بعضی[2] / ـها/: *ضمیر*. بڕێک؛ بڕێ؛ بڕیۆ؛ بەشێ ‹بعضی‌ها فرار کردند: بڕیک هەڵاتن›.

بعلاوه[1] / be'alāve/: [فارسی/ عربی]اسم. لە سەر؛ نیشانەیەک بەم بیچمە(+) کە نیشان دەدا ژمارەگەلی ئەملا و ئەولا دەخرێنە سەر یەک ‹دو بعلاوه چهار می‌شود شش: دوو لە سەر چوار دەکاتە شەش(٦=٤+٢)›.

بعلاوه[2]: قید. جگە لەوە؛ جیا لەوە؛ سەرەڕای ئەوە؛ جگەیم ئینەیچە؛ تازە؛ سەرباقی ئەوە ‹بعلاوه انگلیسی هم می‌داند: جگە لەوە ئینگلیسیش دەزانێ›.

بعله / ba'le/: [از عربی] ☜ **بَلی**

بعله‌برون / ba'leborûn/: [از عربی/ فارسی] ☜ **بَله‌بُران**

بعید / ba'îd/: [عربی] صفت. دوور: ۱. نەگونجاو؛ نەشیاو؛ نەکرا؛ نەکریاگ؛ نەبووگ ‹دروغ از تو بعید است: درۆ لە تۆ دوورە› ۲. [ادبی] دیر؛ بە مەودایەکی زۆرەوە ‹نشانه در جای بعیدی بود: نیشانەکە لە شوێنێکی دوورەوە بوو›.

بعینه / be'ayne(h)/: [عربی]قید. هەروا؛ هەر وەک خۆی؛ ڕاست بەو دەقە؛ هەر وەک؛ ڕێک وەک خۆی؛ هەر پێسەو.

بغ / boq/: [؟] ☜ **بُق**

بغاز / boqāz، ـها/: [ترکی]اسم. [قدیمی] خڕتەنگ؛ درگە؛ تەنگاو؛ تەنگاڤی؛ دەربەند؛ ئاقتەنگ؛ گەلی؛ ناقبرک؛ دەرتەنگ؛ تەنگە؛ بەحمە؛ تەنگڵە؛ باریکە ئاوێک کە دوو وشکی لێک جیا دەکاتەوە.

بغایت / beqāyat/: [عربی] قید. [ادبی] یەکجار؛ زۆر زۆر؛ ئێجگار زۆر؛ فرەفرە؛ گەلەک؛ پڕ؛ تەواو؛ تەمام؛ لەوپەڕی زۆریەوە ‹هوا بغایت سرد بود: هەوا یەکجار سارد بوو›.

بغتتاً / baqtatan/: [عربی]قید. [ادبی] لەناکاو؛ کوتوپڕ؛ لەپڕ؛ گز؛ گوزوگومەت ‹بغتتاً از جایی صدای تیر بلند شد: لەپڕ لە شوێنێکەوە دەنگی گولە بەرز بۆوە›.

بغرنج / boqranc/: صفت. دژوار؛ سەخڵەت؛ تووش؛ سەخت؛ ئاریشە؛ ناڕەحەت؛ ئاستەم؛ گران؛ ئاڵۆز؛ پێچراو؛ هەڵپێچراو؛ پێچیاگ ‹کار بغرنج: کاری دژوار›.

بغرنجی / boqrancî، ـها/: اسم. سەخڵەتی؛ دژواری؛ ئاریشەیی؛ تووشی؛ سەختی؛ ناڕەحەتی؛ ئاستەمی؛ گرانی؛ هەڵپێچراوی؛ پێچیاگی.

بغض / boqz/: [عربی]اسم. ۱. [ادبی] ڕق؛ ڕک؛ قین؛ دوژمنی؛ قینی؛ ڕکە؛ هەیف ۲. ئۆناق؛ حرس؛ ناق؛ ئەنگرۆوی؛ ئراز ‹از شدت بغض صدایش در نمی‌آمد: لەتاو ئۆناقدا، دەنگی دەرنەدەهات›.

◘ **بغض کردن**: ئۆناق کردن؛ ناق کردن؛ گیرانی گەروو بە هۆی خەم یان ڕقەوە.

بغض کسی ترکیدن: ناق بەر بوون؛ ئۆناق بەر بوون؛ ڕس بەر بوون؛ بە دەنگی بەرز کەوتنە گریانەوە.

بغض گلوی کسی را گرفتن: ناق قوڕی کەسێ گرتن؛ ئۆناق گەرووی کەسێک گرتن.

بغل / baqal/: اسم. [گفتاری] ۱. ئامێز؛ هەمبێز؛ باوەش؛ واشی؛ هاوش ‹او را در بغل گرفت: گرتیە باوەشەوە› ۲. پاڵ؛ پەنا؛ لا؛ تەنیشت ‹در بغل اطاق من چند اطاق دیگر بود: لە پاڵ ژوورەکەمەوە چەن ژووری تر هەبوون› ۳. باوەش؛ واشی؛ پڕباوەش ‹یک بغل کتاب: باوەشێ کتێب› ٤. پاشۆڵ؛ پاخل؛ باخەڵ؛ پاشڵ؛ بەخەڵ؛ باغەڵ؛ پاخەڵ؛ چەنگڵ؛ هەنگڵ؛ هەنگلێ؛ کەس؛ کەش؛ تەنشتی مرۆ؛ بەشی ژێر باڵی مرۆ هەتا خوارەوە.

◘ **زیر بغل** ☜ **زیر**[3]

◘ **بغل زدن** ☜ زیر بغل زدن، **زیر**[3]

بغل کردن: لە ئامێزگرتن؛ باوەش کردن؛ گرتنە باوەش؛ گردنە باوشەو؛ گێرتەی

واشی.

بغل / baqale/: حرف. [گفتاری] پاڵ؛ کن؛ ته‌نیشت؛ لا ‹بغل دیوار: پاڵ دیوار›.

بغلبند / baqalband، ـها/: اسم. [معماری] هه‌نگڵه‌وانه؛ پاڵ گیر؛ پاڵ به‌ست؛ پاڵ به‌ند؛ پێکهاته‌یه‌کی پته‌و له به‌رامبه‌ری گوشاری ده‌ور و به‌ر و سه‌ره‌وه که له تاق یان پردێکدا پێک دێ.

بغل‌خوابی / baqalxābî، ـها/: اسم. [گفتاری] هاوباوه‌شی؛ هام‌ئامێزی؛ له به‌خه‌ڵی یه‌کتردا خه‌وتن.

بغل‌دست / baqaldast، ـها/: قید. [گفتاری] پاڵ‌ده‌ست؛ لاده‌ست؛ به‌خه‌ڵ‌ده‌س؛ لا ته‌نیشت ‹بغل‌دست راننده نشستم: له پاڵ‌ده‌ستی شۆفیره‌وه دانیشتم›.

بغل‌دستی[1] / baqaldastî/: صفت. لاده‌ستی؛ پاڵ‌ده‌سی؛ به‌خه‌ڵ‌ده‌سی ‹صندلی بغل‌دستی: کورسی پاڵ‌ده‌ستی›.

بغل‌دستی[2] / ـها/: ضمیر. لاده‌ستی؛ پاڵ‌ده‌سی؛ به‌خه‌ڵ‌ده‌ستی ‹بغل‌دستیم خیلی حرف می‌زد: لاده‌ستیه‌که‌م زۆری قسه ده‌کرد›.

بغلی[1] / baqalî، ـها/: اسم. که‌مۆڵه؛ گۆگم؛ ده‌فرێکی شووشه‌یی که لێوارێکی باریکی هه‌یه.

بغلی[2]: صفت. [گفتاری] باوه‌شی؛ به نیاز بۆ باوه‌ش‌گرتن ‹بچه بغلی: منالی باوه‌شی› ۲. باخه‌ڵی؛ گیرفانی ‹ساعت بغلی: سه‌عاتی باخه‌ڵی› ۳. پاڵ؛ پاڵ‌ده‌ست؛ لاده‌ست؛ ته‌نیشت؛ به‌خه‌ڵده‌ست ‹خانه‌ی بغلی: ماڵی له پاڵ‌ده‌ست›.

بغلی[3] / ـها/: ضمیر. لاده‌ست؛ پاڵ‌ده‌ست؛ به‌خه‌ڵ‌ده‌ست؛ که‌سێ که که‌وتۆته ته‌نیشت یه‌کێتره‌وه.

بق / boq/: [؟]اسم. درزی؛ گرژی؛ داگیراوی؛ دۆخ یان چۆنیه‌تی درنج بوونی نێوچاوان و بۆران کردنیان به هۆی ناڕاحه‌تیه‌وه ‹از صبح بق کرده: له به‌یانیه‌وه درژی کردووه›: بُغ. هه‌روه‌ها: **بق کردن**

بقا / baqā/: [عربی]اسم. ڕه‌وتی مانه‌وه؛ مان؛ ئه‌وه‌مه‌نه‌ی؛ مه‌نایوه.

▣ **بقای اصلح**: [زیست‌شناسی] مانه‌وه‌ی باشترین؛ مانه‌وه‌ی چاکترین؛ ئه‌و دانسته‌یه که ده‌ڵێ: له سروشتدا ئه‌وانه بڕ ده‌که‌ن و ده‌مێننه‌وه، وا باشتر له‌گه‌ڵ ئاقار و دیارده‌گه‌لی جۆراوجۆری ده‌وربه‌ریاندا ڕاهاتوون: **بقای اَنسب**

بقای انرژی: [فیزیک] مانه‌وه‌ی هێز؛ هێز له هیچه‌وه دروست نابێ و ناشفه‌وتێ.

بقای انسب ☜ **بقای‌اصلح**

بقای جرم: [فیزیک] مانه‌وه‌ی ماک؛ ماک له هیچه‌وه دروست نابێ و ناشفه‌وتێ.

بقای جرم و انرژی: [فیزیک] مانه‌وه‌ی هێز و ماک؛ هێز و ماک جێ‌گۆڕکێ ده‌که‌ن، به‌ڵام سه‌رجه‌میان که‌م و زیاد ناکا.

بقاع / beqā'/: [عربی] جمعِ ☜ **بُقعه**

بقاعده / beqā'ede/: [عربی]قید. ڕێک‌وپێک؛ به ڕست؛ به بنه‌ما.

بقال / baqqāl، ـها؛ ـان/: [عربی]اسم. به‌قاڵ؛ دووکانداری ئازووخه‌فرۆش.

بقالی / baqqālî، ـها/: [عربی]اسم. به‌قاڵی؛ ئازووخه‌فرۆشی.

بقایا / baqāyā/: [عربی] جمعِ ☜ **بقیّه**

بقچه / boqče، ـها/: [ترکی]اسم. پریزه؛ پریاسکه؛ پرێسکه؛ تۆشه‌به‌ره؛ بوخچه؛ بخچه؛ پارچه‌یێکی چوارگۆشه بۆ که‌ل‌وپه‌ل تێنان.

▣ **بقچه کردن**: پێچانه‌وه؛ پریاسکه پێچاندنه‌وه؛ له بوخچه خستن.

بقچه‌پیچ / boqčepîč، ـها/: [ترکی/ فارسی] صفت. پریزه‌پێچ؛ بوخچه‌پێچ؛ پێچراوه.

بقعه / boq'e، ـها؛ بِقاع/: [عربی]/اسم. گومبەز؛ گومەت؛ گومبەت؛ گومەز و بارەگا ‹بقعەی پیرشالیار: گومبەزی پیرشالیار›.

بقول / boqûl، ـات/: [عربی]/اسم. هیش؛ دانەوێلە؛ وشکەدان؛ وردەدان؛ درکەدۆ؛ نیسک و نۆک.

بقه / boqqe/: [؟]/اسم. بۆققە؛ گەورەترین ئاسکی ئەفریقی کە بەرزی نێرینەکەی نێزیک بە ۲ میتر دەبێ و قورسایی بە ۵۰۰ کیلۆگرەم دەگا و شاخەکانیشی پێچەڵپێچ هەڵکشاوە.

بقیه[1] / baqîyye/: [عربی]/اسم. پاشماوە؛ ماوە؛ باقیماو لە شتێک؛ ئەوە مەنە؛ درێژەی شتێ؛ بەشێ لە کۆمەڵەیێک کە بە شوێن پاژی پێشەوە دێ.

بقیه[2]: صفت. لێماو؛ چنەمەنە: ۱. پاشماوە؛ نەشەمیراو ‹بقیەی کار: لیماوی کار› ۲. باقی؛ ئەوامەنە؛ دەکارنەکراو ‹بقیەی نان: لیماوی نان›.

بقیه[3] / ـها؛ بقایا/: [عربی] ضمیر. لێماوە؛ چنەمەنە؛ باقی؛ هەندێک لە کۆمەڵێ کە دوای کار یان ڕووداوێک دەمێنێتەوە.

بقیه‌السیف / baqîyyatossayf/: [عربی] صفت. باقی لەشکر، یان خەڵکێکی تێکشکاو کە لە مەرگ دەربازییان بووە.

بقیه‌الله / baqîyyatollāh/: [عربی]/اسم. [شیعه] نازناوی ئیمام مەهدی، ئیمامی دوازدەهەمی شیعەی دوازدە ئیمامی.

بکار / bekār/: صفت. [گفتاری] بەگەڕ؛ وەگەڕ؛ لە کار؛ خەریک؛ سەرقاڵ؛ خەریک بە کار ‹آسیابش بکار است: ئاشەکەی بەگەڕە›.

بکارت / bekārat/: [عربی]/اسم. ۱. بن؛ بنە؛ کچێنی؛ کەنیشکی؛ کناچەیی؛ ئازەوی ۲. [کنایی] تازەیی؛ دەژی؛ تاسۆخی؛ دەستلێنەدراوی؛ دەسنەخواردوویی.

بکر / bekr/: [عربی] صفت. ۱. باکرە؛ بە کچێنی ‹دختر بکر: کچی بەکچێنی› ۲. دەس‌لێ‌نەدراو؛ دەژ؛ مۆر؛ تازە؛ نفت‌ونۆڵ؛ کار پێ‌نەکراو ‹زمین بکر: زەوی دەس‌لی‌نەدراو› ۳. [کنایی] تەڕ و تازە؛ نوێ ‹فکر بکر: بیری دەژ›.

بکرات / bekarrāt/: [عربی] ☜ **بەکَرات**

بکس / boks/: [فرانسوی از انگلیسی]/اسم. ۱. گومەلە؛ گوڵەمە؛ مست؛ مشت؛ مشتەکۆڵە؛ مستەکۆڵە؛ گوڵم؛ گورمیچ؛ گوڕمچە؛ گورمێچە ۲. [ورزش] بۆکس؛ مستەکۆڵان؛ مشتەکۆڵانی * **بُوکس**

بکسل / boksel/: [روسی از هلندی]/اسم. بۆکسێل؛ کشان؛ کێشان؛ کار و ڕەوتی کێشانی ماشینێکی لەکارکەوتوو بە ماشینێکی‌تر. هەروەها: **بکسل کردن**

بکسوات / boksovāt/: [روسی از آلمانی]/اسم. بوکسەوات؛ خولانەوەی چەرخی ماشین لە جێی خۆیدا، لە بەر لووسی زەوی و سافبوونی لاستیک.

بکسور / boksor، ـها/: [فرانسوی از انگلیسی] اسم. گۆڵەمەباز؛ گومەلەباز؛ مشت‌وەشێن: **بُوکسور**

بکش / bokoš, bekoš/: قید. بەتاو؛ پڕتاو؛ بە هەموو هێزەوە؛ لەو پەڕی تواناییدا ‹یک سال بکش کار کرد: ساڵێک بەتاو کاری کرد›.

بکش ـ بکش / bokošbokoš, bekošbekoš، ـها/: اسم. [گفتاری] قەڵت‌وبڕ؛ کوشت‌وبڕ؛ کوشت‌وکوشتار.

بکلی / bekollî/: [فارسی/عربی] قید. تێکڕا؛ یەکسەرە؛ یەکسەر؛ یەکجێ؛ یەکجاری؛ دەراندەر؛ پاک؛ بەتەواوی؛ یەکەشە.

بکن / bekan/: صفت. [گفتاری] تێخ‌وەشێن؛ کێرگ‌وەشێن؛ گوێبڕ.

بکن / bekon, bokon/: صفت. [گفتاری]

کارکەر؛ بکەر ‹او کار بکن نیست؛ اگر بکن بود تا حالا ده کار پیدا می‌کرد: کارکەر نیە؛ ئەگەر کارکەر بوایە، تا ئێستا دە کاری دۆزیبووەوە›.

بکوب / bekûb/: *قید. [گفتاری]* بەپەلە؛ بەگورجی؛ بەهەشتاو؛ بەهەڵە؛ بەتاو؛ بەگۆژمە؛ بەهەڕەمە؛ بەلەز؛ بە هەڵپە؛ بە تیزە؛ بە هەلات؛ بە دەواڵ؛ پەلەپەل؛ لەزبەلەز؛ هەڵەداوان؛ پەلەپاتۆر؛ ڕەمەڕەمالێ؛ هەلات‌ـ‌هەلات؛ بریو‌ـ‌بریو؛ بەل‌ـ‌بەل؛ هەڵپە‌ـ‌هەڵپە ‹بکوب رفتم سر کوچە: بە پەلە چوومە سەری کۆڵان›.

بگو / begû/: *حرف. [گفتاری]* بلێ؛ بێژە؛ واچە؛ بگێ؛ وێژە؛ بووشە؛ بوویش؛ ببێ؛ ببێژە: ۱. وشەیەکە لە سەرەتای ڕستەی پرسیاریەوە دێ و نیشانەی دەرخستنی هۆی کارێکە ‹بگو چرا نیامدی؟ رفتە بودی مسافرت؟: بلی بۆ نەهاتی؟ سەفەر چووبووی؟›
۲. تۆ خوا؛ ڕاستی؛ وشەیەک بۆ نیشاندانی داخ یا لۆمە کردن ‹بگو این شد رسم دوستی؟: تو خوا شەرتی دۆستایەتی ئەمە بوو؟›.

بگوبخند[1] / begûbexand، ـها/: *اسم. [گفتاری]* قلەقل؛ هۆڕە؛ گۆنگل؛ گۆنگەر؛ وتووێژی بە شۆخی و پێکەنین ‹شوخی و بگوبخند هم حدی دارد: گاڵتە و قلەقلیش تا ڕادەیەک خۆشە›.

بگوبخند[2] /ـها/: *صفت. [گفتاری]* خەنەران؛ خەنۆڵ؛ خەندەران ‹آزاد آدم بگوبخندی است: ئازاد مرۆڤێکی خەندەرانە›.

بگو ـ مگو / begûmagû، ـها/: *اسم. [گفتاری]* دەمەقرە؛ چەقەچەق؛ دەمەقالە؛ دەمەدەمێ؛ قرەقر؛ چەقە و گوڕە؛ قرێنە؛ جەنگەمرینگێ؛ جەنگ وهەرەمەزات؛ کێشە و هەرا؛ چێقەچێق؛ مشت و مڕ؛ گێرە و کێشە؛ وتووێژی بە ئاژاوڵەوە ‹باز دیشب صدای بگو‌ـ‌مگوی شما می‌آمد: دوێشەو دیسانەوە دەنگی دەمەقرەی ئێوە دەهات›.

بگونیا / begon(i)yā/: [فرانسوی] *اسم.* گوڵەهەزار؛ گوڵەپەژیوان؛ تیرەیێک گیای ناوچەگەلی گەرمێنە.

بگیر / begîr/: *صفت. [گفتاری]* بگر؛ بۆگرتن؛ بۆ سەندن؛ خاوەن ئۆگرەتی و ڕاهاتوو بەگرتن ‹او فقط دست بگیر دارد: تەنیا دەستی بگری هەیە›.

بگیر ـ بگیر / begîrbegîr/: *اسم.* بگرە‌ـ‌بگرە؛ بگرە و بەردە؛ ڕەش‌بگیر؛ کار یان ڕەوتی قۆڵبەست‌کردنی بەشێکی زۆر لە خەڵک ‹فردای آن روز بگیر‌ـ‌بگیر شروع شد: بەیانیەکەی ڕەش‌بگیر دەستی پێکرد›: **بگیر و ببند**

بگیر و ببند / begîr-o-beband/ ☜ **بگیر ـ بگیر**

بل / bal/: [عربی] *حرف. [ادبی]* بەڵکوو؛ بەڵکە؛ بەڵکەم؛ بەشکەم ‹بر این هزار دلیل است، بل هزار هزار: لە مەدا هەزار هۆیە، بەڵکوو هەزار هەزار›.

بل / bol/: *اسم. [گفتاری]* قۆستنەوە؛ قۆزتنەوە: ۱. کار یان ڕەوتی لە هەوا گرتنەوەی شتێک بەر لەوەی بکەوێتە زەوەی ۲. هەڵزانین؛ دەرفەت ناسینەوە ‹زود از حرف من بل گرفت و گفت پس می‌توانی قدری بە من قرض بدهی: گورج قسەکەمی قۆستەوە و گوتی کەوایە دەتوانی نەختێکم قەرز بدەیتێ›.

بلا[1] / balā، ـها/: [عربی] *اسم.* چۆرتم؛ چەترمە؛ چەل؛ قەترمە؛ لەترمە؛ وەیشووم؛ وەیشوومە؛ قەزا؛ نەقازە؛ قۆرت؛ قسپ؛ بەلا؛ گرگاشە؛ تەرن؛ نسیبەت؛ بلێشە؛ دومات؛ هەر جۆرە بەسەرهاتی ناخۆش و زیان‌دەر (وەک نەخۆشین، شەڕ، ئیشکەساڵی، بوومەلەرزە و…).

⊡ بلا آمدن/ رسیدن: بەلا بە سەردا هاتن؛ چۆرتم بە سەرا هاتن.

بلا بر سر کسی آوردن: بەلا بە سەر

کەسێکدا هێنان؛ کەسێ تووشی چۆرتم کردن.

بلا دیدن: بەلا دیتن؛ چەلومل بە سەر هاتن؛ چۆرتم دیتن؛ گیرۆدەی بەلا بوون.

بلا[2]: *صفت.[کنایی]* دیڤۆک؛ قۆشمە؛ چەلاق؛ بەلا؛ بزۆز؛ بزێو؛ پێچ.

بلا / belā/: [عربی] *پیشوند.* بێ ـ ؛ بەبێ ـ ‹بلافاصله: بێ‌وچان›.

بلااثر / belā'asar/: [عربی] *صفت.* بێ کەلک؛ ناکارامە؛ بێ کارتێکەری ‹تلاش ما بلااثر بود: پەلوپۆمان بێ‌کەلک بوو›.

بلااستثنا / belā'estesnā/: [عربی] *قید.* تێکڕا؛ گرداوگرد؛ پڕبەپڕ؛ سافلەساف؛ بێ‌بواردن؛ بێ جیاکردنەوە یان هەڵاواردنی یەکێ لەو کۆمەڵە کە باسی لێوە دەکرێ.

بلااستفاده / belā'estefāde/: [عربی] *صفت.* بێ‌کەلک؛ بێ‌فایە ‹نگذاز پولت بلااستفاده بماند: مەهێڵە پارەکەت بێ‌کەلک داکەوێ›.

بلاتأخیر / belāta'xîr/: [عربی] *قید.[نامتداول]* بێ‌درەنگ؛ دەسبەجێ؛ ڕێوڕا؛ دەردەم؛ دەرلاد؛ گورج؛ دەمودەس؛ دەستوبرد: **بلادرنگ**

بلاتردید / belātardîd/: [عربی] *قید.* بێ شک؛ بێ‌گومان؛ بێ‌دڕدۆنگی ‹بلاتردید خواهد آمد: بێ‌شک دێ›.

بلاتشبیه / belātašbîh/: [عربی] *قید.* بیلاتەزبی؛ بیلاتەژی؛ بیلامانێ ‹بلاتشبیه مثل میّت افتاده بود: بیلاتەزبی وەکوو مردوو داکەوتبوو›.

بلاتکلیف / belātaklîf، ـها/: [عربی] *صفت.* دەستەئەژنۆ؛ دەسەزرانی؛ دەسەپاچە؛ دەستەپاچە؛ خاوەن داهاتوو، کار یان ئەرکێکی ناڕوون و نادیار.

بلاتکلیفی / belātaklîfî، ـها/: [عربی]/*اسم.* دەستەئەژنۆیی؛ دەسەزرانی؛ دەسەپاچەیی؛ دەستەپاچەیی؛ دۆخ یان چۆناوچۆنی دیار نەبوونی کار یان ئەرک و چارەنووسی کەسێک.

بلاخیز / balāxîz/: [عربی/ فارسی] *صفت.* بەلابار؛ چەلومەلدار ‹کشور بلاخیز: ولاتی بەلابار›.

بلاد / belād/: [عربی]/*اسم.[ادبی]* شاران؛ شارگەل؛ شارێ ‹بلاد روم: شارانی ڕۆم›.

بلادر / balādor، ـها/: [هندی]/*اسم.* گوڵ شەیتان؛ گوڵشەیتانە؛ قورسی کەمەر؛ بنچکێکە لە تیرەی سماقیان، گەڵای هێلکەیی، گوڵی کۆیی و میوەی ڕەشی هێلکەیی هەیە: **بلاذر**

▣ بلادر آمریکایی ☜ **آکاژو**

بلادر مغربی ☜ **آکاژو**

بلادرنگ / belāderang/: [عربی/ فارسی] *قید.* ژێپلقە؛ بێ‌خۆگرتن؛ بێ‌درەنگ کردن؛ دەمودەس؛ دەسبەجێ؛ دەس‌وبرد: **بلاتأخیر**

بلادن / bellādon/: [لاتینی] ☜ **شابیزک**

بلادیده / balādîde، ـها؛ ـگان/: [عربی/ فارسی] *صفت.* بەلادیتوو؛ چەلومەل بە سەر هاتوو؛ چۆرتم لێهاتوو؛ گیرۆدە لە نێوان بەلا و ڕووداوی ناخۆشدا ‹مردم بلادیده: خەڵکی بەلادیتوو›: **بلازده**

بلاذر / balāzor/: [هندی] ☜ **بلادر**

بلازده / balāzade/: [عربی/ فارسی] ☜ **بلادیده**

بلاصاحب / belāsāhab, -sāheb/: [عربی] *صفت.* بێ‌خاوەن؛ بێ‌خێو؛ بێ‌وە؛ بێ‌خودان؛ بێ‌ساحێو.

بلاعقب / belā'aqeb/: [عربی] *صفت.* وجاخ کوێر؛ ئوجاخ کوێر؛ بێ‌منداڵ.

بلاعوض[1] / belā'avaz/: [عربی] *صفت.* خۆڕایی؛ مفتە؛ بێ‌پارە؛ مشە؛ بێ‌باربوو ‹کمکهای بلاعوض مردم: یارمەتیگەلی خۆڕایی

خەلک›.

بلاعوض: *قید.* مفتەکی؛ بەخۆڕایی؛ بەمفتە؛ بەمشە ‹خانە را بلاعوض در اختیارم گذاشت: ماڵەکەی بە خۆڕایی دایە دەستم›.

بلاغت / balāqat, belāqat/: [عربی] *اسم.* ڕەوانبێژی؛ دەمپاراوی؛ وتەپاراوی؛ زمانداری؛ دۆخ یان چۆنیەتی وتە دەربڕین بە شێوەیەکی شیاو و لە باو و دڵخواز، بە پێی ڕست و بنەمای وێژەیی.

بلافاصله / belāfāsele/: [عربی] *قید.* دەسبەجێ؛ زوو؛ دەردەم؛ خرپ؛ گورج؛ ئازا؛ تاقل؛ خڕانە؛ خەیرا؛ دەس‌وبرد؛ بێ‌وچان؛ دەمودەس؛ بێ سێ‌ودوو؛ گەرماوگەرم؛ زووبەزوو؛ جێ‌قەرجێ؛ بە زووترین کات ‹بلافاصله پول را داد: دەسبەجێ پارەکەی دا›.

بلافصل / belāfasl/: [عربی] *صفت.* نەپساو؛ لێ‌نەبڕاو؛ پێوەلکاو؛ پێوەست؛ لێک نەپساو؛ بێ‌نێوبڕ.

بلاکش / balākeš، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] *صفت.* چەلوملبار؛ بلێشەکێش؛ مەینەت‌کێش؛ بەلاگەردان؛ بەلاکێش؛ بەلاگێڕ ‹عاشقی شیوەی رندان بلاکش باشد: بەندەواری واز و ڕێبازی چەلوملبارە›.

بلاکشیده / balākešîde، ـها؛ ـگان/: [عربی/ فارسی] *صفت.* مەینەت‌دیتوو؛ دۆمات‌دیتوو.

بلاگردان / balāgardān، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] *اسم.* ۱. قەزاگێڕەوە؛ بەلاگێڕ؛ بەلاگەردان؛ هۆ و هۆکاری بەلا و مەینەت دوورکەرەوە (وەک سەدەقە و ئیحسان) ۲. قەزاگەر؛ قوربان؛ فیدا؛ سەرگەرد؛ وەی‌وەگەڕێن؛ بەلاگەردان؛ کەسێ کە خۆی تووشی بەلا کات، بۆ ئاسایشی کەس یان کەسانی‌تر.

بلال / balāl، ـها/: *اسم.* گەنمەشامی؛ گەرمەشانی؛ گوڵەپێغەمبەرە؛ سەرگەشیرە؛ لازوویت؛ شیرەبەلال؛ بەری گیای زوڕات کە بە تەڕی نرابێتە سەر ئاور و وەک چەرەز دەخورێ.

بلامانع / belāmāne'/: [عربی] *صفت.* بێ‌پەرکەم؛ بێ‌لەمپەر؛ بێ‌تەگەرە؛ بێ‌گەپل؛ بێ‌کۆسپ و بەرهەڵست؛ ئازاد ‹قدم زدن بلامانع است: پیاسەکردن بێ‌پەرکەمە›.

بلامعارض / belāmo'ārez/: [عربی] *صفت.* بێ‌بەرهەڵست؛ دژبەر؛ بێ‌سەرپێچکار؛ بێ‌گێچەڵ.

بلامنازع / belāmonāze'/: [عربی] *صفت.* بێ‌دوژمن؛ بێ‌دژمەن؛ نانەیار.

بلانسبت / balānesbat/: [عربی] *قید.* گوڵ لە بەینا بێ؛ بیلاتەشبێ؛ بیلاتەشبی؛ پەرژینی بە گوڵ بێ؛ بەلا نسفەت؛ بەلا نسبەت؛ بیلامانێ؛ پەرچینێوی قەیم بۆ ‹بلانسبت شما، گاو از او بیشتر می‌فهمد: گوڵ لە بەینا بێ، گا لەو باشتر دەزانێ›.

بلاهت / balāhat, belāhat، ـها/: [عربی] *اسم. [ادبی]* گەوجی؛ گەمژەیی؛ گەمژەڵی؛ دەبەنگی؛ گێلی؛ گێژی؛ نەزانی؛ نەفامی ‹می‌گویند ریش دراز نشانەی بلاهت است: دەڵێن ریشی درێژ نیشانەی گەوجیە›.

بلایا / balāyā/: [عربی] جمعِ ☜ **بلیّه**

بلبشو[1] / belbešû, balbešû/: *اسم. [گفتاری]* بشێوە؛ ئاژاوە؛ ئاژاولە؛ ئاژاولێ؛ گێرە؛ گۆتاوەڕۆ؛ پەشێوێنی؛ گاشە؛ کێشە و هەرا ‹ببین چە بلبشویی راه انداختەای!: بڕوا چ ئاژاودیەکت ناوەتەوە!›.

بلبشو[2]: *صفت.* شێواو؛ شێویاگ؛ پەشێو؛ بشێو؛ چەنگ؛ تێکەولێکە؛ بێ‌سەرە و بەرە؛ کەس‌لەکەس ‹خانە بلبشو شدە است: ماڵەکە شێواوە›.

بلبل / bolbol، ـها؛ ـان/: *اسم.* سەرخوونک؛ بولبوول؛ بلبل؛ بولبول؛ بلبڵ؛ واف؛

پەلەوەری دەنگ خۆشی ستران‌بێژ.

بلبل‌زبانی / bolbolzabānî، ـها/: اسم. ١. [مجازی] دەم‌پاراوی؛ زارشیرینی؛ گفت‌ولفت ڕەوانی ٢. [تعریض] وڕاجی؛ زۆربێژی؛ فرەوێژی.

بلبله / bolbole، ـها/: [عربی از فارسی ؟]/اسم. گۆزەڵە؛ گۆزەڵێ؛ گۆزەی بچووکی لوولەدار.

بلد[1] / balad، ـها/: [عربی]/اسم. شارەزا؛ گەزەک؛ ڕێزان؛ ڕێنوێن؛ ڕێنوما؛ بەڵەد؛ بەڵەو؛ بلەڵ؛ ڕێشاندەر؛ کەسێ کە مسافر یان ناشارەزایەک هاوڕێیی دەکا و ڕێگای پیشان دەدا ‹یک بلد راه را نشانمان داد: شارەزایەک ڕێگای نیشانداین›.

بلد[2]: صفت. شارەزا؛ گەزەک؛ بەڵەو؛ زانا؛ ئاگا؛ هاگا؛ کارامە؛ تێگەیشتوو ‹انگلیسی بلد نیست: شارەزای ئینگلیسی نیە›.

▣ **بلد بودن**: بەڵەد بوون؛ شارەزا بوون؛ هلانین؛ زانین؛ زانا بوون؛ تێگەیشتوو بوون.

بلد شدن: فێر بوون؛ ڕاهاتن؛ هەڤۆتن؛ هین بوون؛ شارەزا بوون.

بلدرچین / belderčîn، ـها/: [ترکی]/اسم. سەمانەک؛ هەوێردە؛ هەویلە؛ کەڕەواڵە؛ کەڕۆڵە؛کەڕەوان؛ کەڕەوانە؛ کەرەوەرە؛ کاراک؛ کەراکە؛ مرەکەڕە؛ بەتەک؛ سەمانەک؛ ئیلەگێشە؛ قارووتک؛ قورقۆک؛ کولەفڕ؛ هەڤردە؛ باڵندەیەکە دەنگی بەرز، دەنووکی کورت و ئەستوور، باڵی خڕت و پای بەهێزە: **بَدبَده؛ کَرک**

بلدی[1] / baladî/: [عربی]/اسم. [گفتاری] شارەزایی؛ گەزەکی؛ بەڵەیی؛ بلەڵی؛ دۆخ یان چۆنیەتی ئاگادار بوون: **بلدیت**

▣ **بلدی خواستن**: [گفتاری] شارەزایی ویستن ‹غذای خوب پختن بلدی می‌خواهد: چێشتی چاک لێنان شارەزایی دەوێ›.

بلدی[2]: صفت. [ادبی] ١. شاری؛ شارسانی؛ بازێڕی؛ پەیوەندیدار بە شارەوە ٢. شارەداری؛ پێوەندیدار بە شارەداریەوە.

بلدیت / baladîyyat/: [عربی] ☜ **بَلَدی**[1]

بلدیه / baladîyye/: [عربی]/اسم. [قدیمی] شارەداری.

بلسان / balsān/: [معرب از یونانی]/اسم. شینۆکە؛ دارشینکە؛ دارچکێکی دڕکاویە کەتیرەی لێ دەگرن.

بلسکی / balaskî/: [؟]/اسم. علف شیر ☜ **علف**

بلشویسم / bolševîsm, bolšovîsm/: [فرانسوی از روسی]/اسم. بولشویزم؛ بیر و ڕای مارکسی ـ لنینی کە زیاتر لە ٧٠ ساڵ لە ڕووسیەدا باو بوو: **بالشویسم؛ بُولشویسم**

بلشویک / bolševîk, bolšovîk، ـها؛ ـان/: [روسی] صفت. بولشویک: ١. سەر بە بولشویزم ٢. ئەندامی حیزبی کومونیستی ڕووسیە * **بالشویک؛ بُولشویک**

بلع / bal'/: [عربی]/اسم. [ادبی] لەف؛ قووت؛ قوویت؛ قورت؛ قووق؛ قوریتک؛ گەپ؛ هلیف؛ سل؛ حەپ؛ لەپان؛ کار یان ڕەوتی خواردەمەنی لە گەروو دانەخوار.

بلعجب / bol'acab/: [عربی] صفت. [ادبی] نامەخوا؛ ئەیەڕۆ؛ وشەیەک لە سەرسووڕماندا دەگوترێ: **بُوالعجب**

بلعیدن / bal'îdan/: [عربی/ فارسی] مصدر. متعدی.// **بلعیدی**: لرفاندت؛ **می‌بلعی**: دەلرفێنی؛ **ببلع**: بلرفێنە// لرفاندن؛ قووت دان؛ قویت دان؛ قورچاندن؛ قورتاندن؛ داقورتاندن؛ داپەچنین؛ هلوفان؛ دابەلاندن؛ لەپاندن؛ سول‌داین؛ هشاقتن؛ هەڵمەقووت‌کردن؛ لەپنەی؛ هاپنەی؛ لە گەروو ناردنە خوار. هەروەها: **بلعیدنی**

■ صفت فاعلی: **بلعنده** (لرفێنەر)/ صفت مفعولی: **بلعیده** (لرفێنراو)/ مصدر منفی:

نَبلعیدن (نەلرفاندن)

بلغا / bolaqā/: [عربی]/اسم. /ادبی/ قسەزانان؛ قسەجوانان؛ گفتخۆشان؛ دەمپاراوان؛ ڕەوانبێژان؛ زارخۆشان.

بلغار / bolqār/: [ترکی از لاتینی]/اسم. بولغار: ١. /ـها؛ ـان/ خەڵکی ولاتی بولغارستان ٢. خێڵێک لە بنەچەی ئیسلاوە باشووریەکان، دانیشتووی بولغارستان ٣. پاژێک لە تورکانی هەڵنراو بەرەو ولاتی ڕووسیە.

بلغاری[1] / bolqārî/: [ترکی]/اسم. بولغاری؛ لە زمانە ئیسلاویەکان.

بلغاری[2] / ـها؛ ـان/: [ترکی] صفت. بولغاری؛ سەربە خێڵ یان ولاتی بولغارستان.

بلغم / balqam/: [معرب از یونانی]/اسم. /پزشکی/ بەلغەم؛ بلخەم: ١. خڕێن؛ بەڵخەم؛ ڕیمی خەستەوەبووی بن کەپۆ کە زۆربەی لە دەمەوە تف دەکرێتەوە ٢. یەک لە چوار خلتی سەرەکی لەش، بە پێی بژیشکی کۆنەوە.

بلغمی‌مزاج / balqamîmezāc, -mazāc، ـها؛ ـان/: [معرب/ عربی] صفت. /کنایی/ سارد و سڕ؛ دێرئاخێز؛ تەپ؛ تەپلمۆس؛ تەپلۆس؛ لەشگران؛ مرۆی لەشقورسی مڕومۆچ.

بلغور / balqûr، ـها/: اسم. پەتلە؛ ساوار؛ ساوەر؛ ساور؛ ساقار؛ شقار؛ بڕۆش؛ بڕوێش؛ برێش؛ وڵێشە؛ هڕووش؛ دانقوت؛ دانەوێڵەی کوڵاوی بە دەستاڕکراو.

▣ **بلغور کردن**: /مجازی/ پەڵخۆرکردن؛ بۆژوو کردن؛ شەقلێ‌پەقلێ قسەکردن؛ وڕاوە کردن؛ قسەکردنی وا کەسی تێنەگا ‹یارو دوماه خارج بوده، حالا انگلیسی بلغور می‌کند: کابرا دوومانگ لە هەندەران بووە، ئێستا ئینگلیسی پەڵخور ددکا›.

بلف / b(e)lof, bolof، ـها/: [انگلیسی]/اسم. باپیڤان؛ ترۆتۆپ؛ بافیش؛ خۆ هەڵترێنی؛ کار یان ڕەوتی تۆپ وەشاندن؛ بە زگ خاڵی قورقێنەدان؛ شات و شووتکردن؛ پف لە خۆکردن بۆ ترساندن یان خاپاندنی کەسانی تر (وەک ئەوەی قومارباز بە دەستی خاڵیەوە دەم لە سەرەوە بکوتێ و بەم جۆرە هاوقومارەکانی لە مەیدان دەرکا). هەروەها: **بلف زدن** ✻ **بُلوف**

بلفضول / bolfozûl/: [عربی] صفت. /ادبی، نامتداول/ خۆ تێهەڵقولتێن؛ زۆر لاپرەسەن: **بُوالفضول**

بلکه / balke/: [عربی] قید. بەڵکوو: ١. بەشکەم؛ بەشکوو؛ بەشکم؛ دەشکەم؛ دەشقەم؛ بەشکی؛ بەشکێکۆ؛ بەشکا؛ بەشکێکم؛ بەشقا؛ شایەتا؛ تەکو؛ بەڵک؛ بەڵکا؛ بەڵکی؛ بەڵکە؛ بەڵکەم ‹منتظر می‌شوم بلکه بیاید: چاوەڕێ دەبم بەشکەم بێت› ٢. زیاد لەوە؛ لەوە بەولا؛ نەک هەرئەوە ‹نە تنها پول نگرفت، بلکه پولی هم داد: نەک هەر پارەی نەسەند، بەڵکوو پارەیەکیشی دا› ٣. بە پێچەوانەوە؛ بەراوەژوو ‹نە تنها درست نیست، بلکە بکلّی غلط است: نەک هەر ڕاست نیە، بەپێچەوانەوە تەواو هەڵەیە›.

بلم / balam، ـها/: اسم. لۆتکە؛ بەلەم؛ قایەقی پچووکی چێوی کە بە پارۆ دەڕوا.

بلند / baland، ـها/: اسم. سەردەرانە؛ سەربەرانە؛ سەربەران؛ دەرازینک؛ دەرازین؛ دەرازوونە؛ داری سەرووی چوارچێوەی دەرگا. بەرانبەر: **آستان**

بلند / boland/: صفت. بەرز؛ وەرز؛ فراز؛ بڵند؛ بلیند؛ بڵنگ؛ بەل؛ عێلی: ١. قەیل؛ قووچ؛ کێل؛ هۆ؛ هەڵکێشراو بەرەو ژوور ‹درخت بلند: داری بەرز› ٢. قووچ؛ هۆ؛ قوتکە؛ مەوداگرتوو لە زەوی ‹جای بُلند: شوێنی بەرز› ٣. درێژ؛ قەیل؛ قووچ؛ کێل ‹چوب بُلند: چێوی درێژ› ٤. کێشراو؛ بە قەوەتی زۆرەوە

‹صدای بُلند: دەنگی بەرز› ٥. هۆ؛ سەرکەوتوو؛ خاوەن پلە و پایەی بە بایەخ و تایبەتی ‹نام بلند: ناوی بەرز›.

▣ **بلند شدن:** ١. هەڵسان؛ هەستان؛ هەستانەوە؛ هەڵسانەوە؛ ئاخێزان؛ ئاخێزیان؛ ئاخێزکردن؛ ئەوەهۆرسەی؛ هۆرسەیوە؛ لە جێ هەستان ‹بلند شد و نشست: هەستا و دانیشت› ٢. هەستان؛ هەڵسان؛ هۆرسەی؛ هۆرێستەی؛ بەرەو هەوا هەستان؛ بەرزەوە بوون؛ بەرز بوونەوە؛ بەرز بیەیوە ‹هواپیما از زمین بلند شد: فڕۆکەکە لە زەوی هەستا› ٣. بەرز بوون؛ بالاکێشان؛ هەڵدان؛ هۆردەی؛ هەرەش بیەی؛ بەرزەوە بوون؛ گەورە بوون ‹قدّش بلند شده: بالای بەرز بووە› ٤. سەرهەڵدان؛ هەڵکردن؛ هۆرکەردەی؛ پەیا بوون ‹باد بلندشد: با هەڵیکرد›.

بلندکردن: ١. هەڵدان؛ هەڵکردن؛ بەرز کردنەوە؛ بردنە سەر ‹پرچم را بلند کرد: ئالاکەی هەڵدا› ٢. هەڵگرتن؛ هۆر گێرتەی؛ بەرزکردنەوە؛ هێز داین ‹از زمین بلند کرد: لە زەوی هەڵیگرت› ٣. *[گفتاری]* هەڵگرتن؛ دزین؛ بردن؛ شاردنەوە؛ حەشاردان؛ دزیەی؛ هۆرگێرتەی ‹کتابم را بُلند کرده بود: کتێبەکەمی هەڵگرتبوو› ٤. *[گفتاری]* هەڵگرتن؛ ڕفاندن؛ هۆرگێرتەی؛ بە مەبەستی پێ ڕابواردن، کەسێک بۆ جێیەک بردن ‹دختری را بُلند کرده بود: کچێکی هەڵگرتبوو› ٥. بە خەبەرکردن؛ خەوەرەوکردن؛ هەڵساندن؛ هۆرزنەی؛ هەی‌کەردەیوە؛ هەیوەکەردەی ‹هر صبح از خواب بُلندش می‌کرد: هەموو بەیانیەک لە خەو هەڵیدەساند› ٦. درێژکردنەوە؛ درێژەوە کردن؛ قووچ‌کردنەوە؛ بەل کەردەیوە ‹موهایش را بلندکرده: قژی درێژکردوتەوە› ٧. بەرپاکردن؛ بەدی هێنان؛ بەرزکردنەوە ‹گرد و خاک بلند کردن: تۆز و خۆڵ بەرپا کردن› ٨. بەرزکردنەوە؛ فرەکردن؛ زۆرتر کردن؛ دانە بان ‹صدای رادیو را بلند کرده بود: دەنگی ڕادیۆکەی بەرز کردبووە›.

بلندا / bolandā/: *اسم. [ادبی]* بەرزایی؛ بەرزی؛ بەرزانی: ١. ترۆپک؛ دوند؛ لووتکە؛ بەرزترین جێگەی شوێنێک ‹بلندای کوه: بەرزایی چیا› ٢. مەودای خوارەوە هەتا سەرەوەی ئەوەی کە ڕاوەستاوە ‹بلندای قامت: بەرزی بەژن›.

بلندآوازه / bolandāvāze، ـگان/: *صفت. [ادبی]* بەناوبانگ؛ ناسراو؛ ناودار؛ ناوبەدەر؛ بەرزەناو ‹شاعر بلندآوازه: شاعیری بەناوبانگ›.

بلندبالا / bolandbālā/: *صفت.* ١. /ـها؛ ـیان/ *[ادبی]* کەڵەگەت؛ بەژن‌بڵند؛ بالابەرز ٢. *[مجازی]* دوور و درێژ؛ درێژەدار ‹نامەی بلندبالا: نامەی دوور و درێژ› ✱ **بالابلند**

بلندپایه / bolandpāye، ـگان/: *صفت.* پایەبەرز؛ بڵندپایە؛ گەپ؛ پلەبەرز.

بلندپرواز / bolandparvāz، ـها؛ ـان/: *صفت.* بەرزەپەڕ؛ بەرزپەڕ؛ چاو لە بەرەو ژوور: ١. بەرزەفڕ؛ خاوەنی حەز بە پێشڕەوتی زۆر کردنی (زۆرتر) نائاسایی ‹آزاد جوانی بلندپرواز بود: ئازاد گەنجێکی بەرزەفڕ بوو› ٢. بەرزفڕ؛ بە لێهاتوویی زۆرەوە بۆ فڕین لە بەرزاییدا ‹پرندگان بلندپرواز: پەلەوەرانی بەرزفڕ›.

بلندپروازی / bolandparvāzî، ـها/: *اسم.* بەرزەفڕی؛ بەرزەپەڕی: ١. چۆنیەتی بەرزەفڕ بوون ٢. ڕەوتێک کە مەبەستی پێشکەوتنی توند و خێرا بێ.

بلندقامت / bolandqāmat، ـها؛ ـان/: [فارسی/ عربی] *صفت.* بالابەرز؛ بەژن بەرز ‹مردی بلندقامت بود: پیاوێکی بالابەرز بوو›.

بلندقد / bolandqad(d)، ـها/: [فارسی/ عربی]

صفت. شەقارە؛ بالابەرز؛ بە بالای بەرزتر لە نێونجێ.
بلندگو / bolandgû/:اسم. بلندگۆ: ۱. ـها/ دەنگەوەرە؛ ئامرازی دەنگ بڵیندکەر ‹صدای آذان از بلندگو بە گوش می‌رسید: دەنگی بانگ لە بلندگووە دەبیسرا› ۲. [تعریض] ڕاگەیێنەر؛ پرۆپاگەندەچی ‹شدە بود بلندگوی خان: ببووە بلندگوی خان›.
بلندمازو / bolandmāzû، ـها/:اسم. مازیر؛ ڕەشە مازوو؛ مازووە ڕەشە؛ دارێکە لە تیرەی بەڕوو بە بەرزایی دەوروبەری ٤٠ میتر، چێوێکی سەخت و میوەی هێلکەیی هەیە: **سیاەمازو**
بلندمدت / bolandmoddat/: [فارسی/ عربی] صفت. درێژخایێن؛ درێژخایەن.
بلندمرتبە / bolandmartabe، ـها/: [فارسی/ عربی] صفت. ۱. پایەبەرز؛ پایەبڵند؛ بنیادەمی جێ بەرز ۲. [معماری] بەرزەماڵ؛ بە نهۆم و تاوچین و مەرتەبەی زۆرەوە.
بلندمرتبەسازی / bolandmartabesāzî/: [فارسی/ عربی/ فارسی]اسم. کار یان ڕەوتی کردنەوەی خانووی زیاتر لە ١٠ نهۆم.
بلندنظر / bolandnazar، ـها؛ ـان/: [فارسی/ عربی] صفت. بەرزەمژ؛ دڵفەرا: ۱. خاوەن خووی چاوپۆشی کردن ۲. خاوەن هەست و بیری بەرز * **نظربلند**. هەروەها: **بلندنظری**
بلندهمت / bolandhemmat، ـها؛ ـان/: [فارسی/ عربی] صفت. ۱. بە ویست و گاڤینی بەرزەوە ۲. بەرزەمژ؛ خاوەن هەست و بیری بەرز. هەروەها: **بلندهمتی**
بلندی / bolandî، ـها/:اسم. بەرزی: ۱. وەرزە؛ بڵندی ‹جای بە این بلندی: جێی بەم بەرزییە› بەرانبەر: **پستی** ۲. بڵندایی؛ بڵندایەتی؛ بەرزایی؛ بەرزایەتی؛ بڵندی؛ گست؛ هۆل ‹روی بلندی ایستاد: لە سەر بەرزاییەوە وەستا› ۳. بەرزایی؛ بالا ‹بلندی درخت: بەرزی دار›.
بلندی‌هراسی / bolandîharāsî/:اسم. [روانشناسی] ترس لە بەرزایی.
بلوا / balvā، ـها/: [عربی]اسم. ئاژاوە؛ ئاژاولە؛ ئاشۆ؛ تەوەرە؛ گاشە؛ پشێوی؛ بشێوە؛ ئاڵۆزی؛ خارۆرە؛ خڕین؛ کێشەوهەرا؛ هەرکەس هەرکەسی؛ کێ بە کێیی؛ گۆتاڵ؛ بشێوە؛ گۆتاوەڕۆ؛ کەس‌لەکەسی.
بلوار / bûlvār,bolvār/: [فرانسوی] ☜ **بولوار**
بلوچ / balûč/:اسم. بەلووچ: ۱. خێڵێک لە بنەچەی ئێرانی، دانیشتووی بەلووچستان ۲. ـها؛ ـان/ خەڵکی بەلووچستان.
بلوچی[1] / balûčî/:اسم. بەلووچی؛ زمانی خێڵی بەلووچ، لە زمانە ئێرانیەکان.
بلوچی[2]: صفت. بەلووچی؛ سەر بە خێڵی بەلووچ.
بلوچی‌تریم / balûčîteryom/: [؟]اسم. بەلووچی‌تریۆم؛ زلترین‌گوانداری وشکی لە چاخی میۆسن، کە وەک بەراز بووە و لە ئاسیای ناویندا پەیکەریان دۆزیوەتەوە.
بلور / bulûr, bolûr، ـجات؛ آلات/: [معرب از یونانی]اسم. قەورک؛ بلوور؛ بللوور؛ بلۆر؛ جۆرێک شووشەی بێ گەرد و گرێ و ئەستوور.
بلورآلات / bulûrālāt/: [معرب/ عربی]اسم. بلوور؛ بلۆریات؛ کاڵای لە بلوور چێکراو.
بلورسازی / bulûrsāzî/: [معرب/ فارسی]اسم. بلوورسازی: ۱. کار یان ڕەوتی دروست کردنی شتی بلوورین ۲. ـها/ کارخانەیەک کە بلووری تێدا دروست دەکەن ۳. پیشەی بلوورساز.
بلورشناسی / bulûršenāsî/: [معرب/ فارسی]اسم. بلوورناسی؛ زانستی خوێندنەوەی کەسمی هەندەسی، پێکهاتە و شێوازی

وێگرسانی بلووران.

بلوره / bulûre/: [معرب/ فارسی]/اسم. بلوور؛ بلۆر؛ کریستاڵ.

بلوری / bulûrî/: [معرب] صفت. بلۆری؛ بلوورین؛ بلۆرین: ١. دروستکراو له بلۆر ‹جام بلوری: جامی بلوری› ٢. [مجازی] وەک بلۆر ‹اندام بلوری: ئەندامی بلوری›.

بلورین / bulûrîn/: [معرب/ فارسی] صفت. [ادبی] بلوورین؛ وەک بلۆر ‹جام بلورین: جامی بلوورین›.

بلورینه / bulûrîne، ـها/: [معرب/ فارسی]/اسم. [ادبی] بلووروالە؛ بلوورینە؛ بلۆریات.

بلوز / bulûz, bolûz، ـها/: [فرانسوی]/اسم. بلووز؛ بلووس؛ فانیلە؛ جلکی کورتی نەرم لە پارچە یان چنراوەیەک کە دەبەر دەکرێ: **بُليز**

بلوط / balût، ـها/: [از کردی]/اسم. بەڕوو؛ بەلوو؛ بەڕی؛ بەلی؛ بەری: ١. نەرە؛ دار بەڕوو؛ دار بەڕوار؛ بەڕوو دار؛ دارێکی لێڕی و لە کوردەواری زۆرناسراوە ٢. بەری دار بەڕوو، کە دەنکێکی مەیلەو خۆرمایی بەقەد دانەبادامێک یان هێندێک گەورەترە و دەخورێ.

بلوطی[1] / balûtî/: [کردی]/اسم. بەڕوویی؛ بەلوویی؛ ڕەنگی خورمایی کاڵ: **بلوطی‌رنگ**

بلوطی[2]: صفت. بەڕوویی؛ بەلوویی؛ بە ڕەنگی خورمایی کاڵ.

بلوغ / bulûq, bolûq/: [عربی]/اسم. ١. پێگەیوی؛ بلۆق؛ بلۆقەت؛ خۆناسی؛ پنەیاوەی؛ ڕەوتی لە منداڵی پەڕینەوە ٢. پێگەیشتوویی؛ دۆخ یان چۆنیەتی باڵغ بوون ‹سن بلوغ: تەمەنی پێگەیشتوویی›.

بلوف / bolof/: [انگلیسی] ☜ **بُلُف**

بلوک / bulûk, bolok, b(e)lok، ـها/: [فرانسوی]/اسم. ١. خشت؛ بلووک؛ بلووکە ‹بلوک سیمانی: خشتی سیمانی› ٢. بەرە؛ کۆدێن؛ کۆمەڵێک ماڵی پاڵ پێکەوەداو ‹بلوک مسکونی: بەرەی نیشتەجێیی› ٣. بەرە؛ دەستە ‹بلوک شرق: بەرەی ڕۆژهەلات› ٤. [قدیمی] بەش؛ پاژ؛ ناوچە ‹بلوک لرستان: بەشی لوڕستان›.

▣ **بلوک سیمانی**: خشتی سیمانی.

بلوک شرق: بەرەی ڕۆژهەلات؛ بەشی ولاتە سوسیالیستیەکان.

بلوک غرب: بەرەی ڕۆژاوا؛ بەشی ولاتانی سەرمایەداری.

بلوک‌زنی / bulûkzanî, bolok-, b(e)lok-/: [فرانسوی/ فارسی]/اسم. خشتبڕی؛ کار یان ڕەوتی دروستکردنی خشتی سیمانی. هەروەها: **بلوک‌زن**

بلوند / b(e)lond/: [فرانسوی] صفت. کاڵ؛ مووکاڵ؛ کرچوکاڵ؛ پێست سپی و موو زەرد.

بله / bale/: [از عربی] ☜ **بلی**

بله / bolh/: [عربی] صفت. گەوج؛ نەفام؛ نەزان؛ گێل؛ بێئاوەز؛ گێژ؛ حەپە؛ دەبەنگ؛ بەلح؛ وڕ؛ گێج؛ گێلۆکە؛ گەمژە؛ ولەژاو؛ فەحە.

بله‌بران / baleborān/: [از عربی/ فارسی]/اسم. ماڵبڕ؛ قەتحوبڕ؛ دەس ماچکردن؛ بەند و باوێکی پێش زەماوەند کە چۆنیەتی کار و بار و ڕەوتی زەماوەندی تێدا دەبڕێتەوە.

بلهوس / bolhavas، ـها؛ ـان/: [؟/ عربی] صفت. کەلکەڵەباز؛ هەوەسباز؛ ئارەزووباز: **بُوالهوس**

بلهوسانه / bolhavasāne/: [؟/ عربی/ فارسی] قید. هەوەسبازانە: **بُوالهوسانه**

بلهوسی / bolhavasî، ـها/: [؟/ عربی]/اسم. کەلکەڵەبازی؛ هەوەسبازی؛ دۆخ یان چۆنیەتی کەوتنە شوێن هەوا و هەوەسگەلی کەمخایەنەوە: **بُوالهوسی**

بلـی ¹ / balî/: [عربـی]/اسـم. بـەڵـێ؛ ئـەرێ؛ بـەرێ؛ لـەبێ؛ پـەرسـڤی ئـەرێنـی و پـەسـند کەرەوە ‹هرگز بلی نمی‌گوید: قـەت ناڵـێ بـەڵـێ›: **بله** [گفتاری]؛ **بعله** [گفتاری]

بلی ²: قید. بـەڵـێ؛ بـەرێ؛ بـەڵ: ۱. ئـەرێ؛ ئـا؛ نیشانەی هـاوبیری ‹ایـن لبـاس خـوب اسـت؟ بلـی: ئەم بەرگە باشە؟ بـەڵـێ› ۲. ڕاسـتـە؛ ڕاسـا؛ وایـە؛ بۆچی؛ پاسەنـە؛ نیـشانەی چـەسـپـانـدن ‹بلـی، از ایـن کارهـا زیـاد مـی‌کـنـد و سـزایش را خواهـد دیـد: بـەڵـێ، زۆر لـەم کارانـە دەکـا و سزاشـی دەبینێتـەوە› ۳. نـیـشانەی لـەگـەڵ نـەبـوون و دژایـەتی ‹بـاز هـم مـی‌روی؟ بلـی کـه مـی‌روم: دیـسان دەچـی؟ بـەڵـێ، بـۆ نـەچـم؟› * **بلـه** [گفتاری]؛ **بعله** [گفتاری]

بلـی ³: صـوت. بـەڵـێ؛ بـەرێ؛ هۆبـەڵـێ؛ هەوبەڵێ؛ وشەیەک کە بژنـەو بـۆ ئامـادە بـوون دەیـژێتی ‹گفـتم: حـسن! گفـت: بلـی: وتم: حـەسـەن! وتی: هۆبـەڵـێ›: **بلـه** [گفتاری]؛ **بعلـه** [گفتاری]

بلیات / balîyyāt/: [عربی] جمعِ ☜ **بَلیّه**

بلیارد / belyārd/: [از فرانسوی] ☜ **بیلیارد**

بلیـت / bilît, belît/: ـهـا/: [از فرانـسوی]/اسـم. بـلـیت؛ بلیت؛ پـسووڵە؛ پـەتـە؛ پـەڕەیـەکـی چاپی چکۆلە کـە بنکـەیـەکـی ڕاژەیـی گـشتی (وەک هێـڵـی ئاسـن، فڕۆکـەخانـە، سینەمـا) بـە کـڕیارانی خـۆی دەفرۆشـێ تـا بتـوانن لـەو ڕاژەگەلە کەڵک وەربگرن: **بلیط**

▣ **بلیـت بخـت‌آزمـایی**: پـشک؛ لاتـاری؛ قورعە؛ پسووڵەی خۆ و بەخت.

بلیـت‌فـروش / -bilîtfurûš, belît: ـهـا؛ ـان/: [از فرانـسوی/ فارسـی]/اسـم. پـسووڵەفـرۆش. هەروەها: **بلیت‌فروشی**

بلیتـی / bilîtî, belîtî/: [از عربـی] صفت. بلـیتی؛ بـلـیت‌خـواز؛ بـەپـەتـە؛ نیازمـەنـدی پێـدانی پـسووڵە ‹ایـن اتوبوسـها بلیتـی نیـست، پـولی اسـت: ئەم پاسانە بلیتی نین، پارەیین›: **بلیطی**

بلیز / bolîz/: [از فرانسوی] ☜ **بُلوز**

بلیط / bilît/: [از فرانسوی] ☜ **بلیت**

بلیطی / bilîtî/: [از فرانسوی] ☜ **بلیتی**

بلیـــغ / balîq/: [عربـــی] صـــفت. [ادبـــی] ۱. دەمپـاراو؛ نبێـژ؛ قـسەڕەوان؛ وتـەپـاراو ‹شـاعر بلیـغ: شـاعیری دەمپـاراو› ۲. ڕەوان؛ پـاراو ‹شـعر بلیغ: شیعری پاراو›.

بلیـــوار / bolîvār/: [؟]/اسـم. بولیـڤار؛ پـارەی وڵاتی ونزوئیلا.

بلیون / belyon/: [فرانسوی] ☜ **ملیارد**

بلیـه / balîyye، ـهـا؛ بلایـا؛ بلیـات/: [عربـی]/اسـم. [ادبی] بەڵا؛ چـەترمـە؛ چـەل؛ گرگاشـە؛ بڵێشە؛ دومـات؛ وەی؛ چـورتم؛ چـەمـەرێ؛ وەیـشوومە؛ کۆسـپ و تـەگـەرەی زۆر دژوار ‹بلیـەی سـختی بود: بەڵایەکی گەورە بوو›.

بم / bam/: صفت. ۱. بـەم؛ بـۆڵ؛ کـۆر؛ دەنگـی بـەم (وەک دەنگـی تـەپـڵ) ۲. گـڕ؛ زل؛ قـەوی؛ قـەیم؛ کـڵفت؛ کوڵـفت؛ کـەڵـەفـت؛ دەنگـی کوڵفت (وەک دەنگی پیاو). بەرانبەر: **زیر**

بمـــان / bemān/: صـفت. [گفتـاری] مێنـــەر؛ بمـێن؛ خۆگرتـوو؛ مانگـار؛ مێنـەرەوە ‹فکـر مـی‌کـردیم او اینجـا بمـان نیـست: وەمـان دەزانی لێرەدا مانگار نیە›.

بمـب / bomb، ـهـا/: [فرانـسوی از ایتالیـایی]/اسـم. قەمبەرە؛ بۆم؛ بـووم؛ بومبـا؛ گـوللەیـەکی زەلام کە زیاتر بە فڕۆکە دەهاوێژرێ.

▣ **بمب آتشزا**: بـومبی‌ئـاورزا؛ بومبـێ کـە پـاش تـەقینـەوە ئـاور دەگـرێ (وەکـوو بـومبی ناپاڵم).

بمب اتمی: بـومبی ئـەتـومی؛ جـۆرێ بـومبی زۆر بەهێزە کـە ئـەو هێـزەی لـە شکانەوەی ناوکی ئەتوم پێکدێ.

بمـب خوشـەای: بـومبی‌هێـشوویی؛ بـومبی هۆشـەیـی؛ جورێـک بومبـە کـە لەگـەڵ

تەقینـــەوە، زۆرێـــک وردە بـــومبی لـــێ دەبێتـــەوە و هـــەرکام بـــە لایەکـــدا پـــەرت دەبن و دەتەقێنەوە.

بمـب دسـت‌ساز: بـومبی دەس‌ساز؛ بومبێ کە بە دەس چێ کرابێ.

بمب دستی: بومبی دەستی.

بمب ساعتی: بـومبی کـاتژمێری؛ بومبـێ کـە لە سەر کاتی دیاریکراودا دەتەقێتەوە.

بمـب شـیمیایی: بـومبی کیمیـاوی؛ بومبێکـە بـەجێ ئـاور دووکەڵـێکی زینـدەوەر کـوژ بڵاو دەکاتەوە.

بمب ناپـالم: بـومبی ناپاڵـم؛ جۆرێـک بـومبی ئاورزایە.

بمـــب هیـــدروژنی: بـــومبی هیـــدرۆژێنی؛ جورێـک بـومبی یـەکجار بـەهێـزە کـە بـە شکاندنی ناوکی ئەتوم دەکەوێتە کار.

بمبـاران / bombārān، ــهـا/: [فرانـسی/ فارسـی] /اسم. بوردومان؛ بومبابـاران؛ بومبـاران؛ کـار یـان ڕەوتی بومبا هاویشتن؛ بومبا دارڕژاندن.

▣ **بمبـاران شـدن:** بومبـاران‌کـران؛ بومبـاران بـوون ‹سـال ۱۳۶۶ حلبچـه بمبـاران شـد: سالـی ۱۳٦٦ هـەڵـەبجـە بومبـاران کـرا›. هـەروەهـا: **بمباران کردن**

بمـــب‌افکـــن / bombafkan/: [فرانـــسوی/ فارسی] ☜ هواپیمای بمب‌افکن، **هواپیما**

بمـــب‌انـــدازی / bombandāzî، ــهـــا/: [فرانـــسوی/ فارسـی]/اسـم. ۱. بومـــب‌هـــاوێژی؛ خـستنی بومبـای دەسـتی ۲. بومـب‌تـەقـێنی؛ کار یان ڕەوتی تەقاندنەوە؛ تەقینەوە.

بمـــب‌گـــذار / bombgozār، ــهـــا؛ ــان/: [فرانسوی/ فارسی]/اسم. بومـب‌ڕێـژ؛ کـەسـێ کـە بۆ تەقاندنەوەی جێگایەک بومب دەچێنێ.

بمـــب‌گـــذاری / bombgozārî، ــهـــا/: [فرانسوی/ فارسـی]/اسم. بومـب‌ڕێـژی؛ کـار یـان ڕەوتی دانـــانی بومـــب لـــە شـــوێنێک بـــۆ تەقینەوە.

بمـــل / bemol/: [فرانـــسوی]/اسـم. /موســـیقی/ بیمـول؛ نیـشانەیێکـە لـە نـوت نووسـیدا کـە ئـەگـەر وەپـێش نۆتـەکـە بکـەوێ دەنگـی نیوپەردە دادەبەزێنێ.

بموقـــع / bemoqe'/: [فارســـی/ عربـــی] قیـــد. بەجێ؛ بەگاف؛ لە سەروەخـت؛ لـە کـاتی شـیاو یان پێش‌بینی‌کراودا.

بن / bon، ــهـا/: /اسم. ۱. /ادبی/ بـن؛ بنـە؛ بـێخ؛ خـوارووترین شـوێن یـان ڕوو ‹بـن چـاه: بـنی بـیر› ۲. بن؛ بنـە؛ بـێخ؛ ڕەگ و پـنج؛ بنـەچـڵ؛ بنچـەکـە؛ ڕیـشە ‹بـن درخـت: ڕیـشەی دار› ۳. /دستور/ ڕەگ؛ بەشێک لـە چـاوگ یـان کـار کـە لـە پێکهاتـەگـەلی جۆراوجـۆردا وەک خـۆی دەمینێتـەوە و گۆڕانکـاری لـێ ڕوو نـادا. واتـای سـەرەکـی کـار لـە ڕەگـەوەیـە و هـەروەهـا وشـەی ڕیـشەداری لـێ‌دروسـت دەبـێ ‹بـن ماضی؛ بن مـضارع آوردن، آور است: ڕەگـی ڕابـردوو؛ ڕەگـی داهـاتووی هێنـان، ئـێن/ هـێنە› ٤. بنـەڕەت؛ بناغـە؛ بناخـە؛ بـن؛ بنـە؛ بـێخ؛ شەنگـەسـتە؛ بنچینـە؛ بنـاوان ‹از بیخ و بن: لە بنـەڕەتـەوە› ۵. [فرانـــسوی]کـــوپین؛ بـــون؛ بـەرگـەی یارمـەتی دەوڵـەت بـۆ خـەڵـک ‹بن قند و شکر: کوپێنـی قەن و شەکر›.

بنـا / banā, benā، ــهـا/: [عربـی]/اسـم. ۱. /ابنیه/ مـاڵ؛ خانووبـەرە؛ دەزگـا؛ عـەمـارەت ‹بـنـای بلنـدی است: خانووبـەرەیـەکـی بـەرزە› ۲. بـڕیار ‹بنا شـد نـرویم: بـڕیار درا نـەڕۆیـن› ۳. بناغـە؛ بنچینـــە؛ بـــن؛ بنـــەڕەت؛ پێـــز؛ ڕەچـــەڵـــەک؛ بنـاوان؛ ڕەتـــەوە ‹بنـای ایـن کـار را او گذاشـت: بناغەی ئەم کارە ئەو داینا›.

▣ **بنـابراین:** کـەوایـە؛ بـەم بۆنـەوە؛ بـەم پێیـە؛ لـەم ڕووەوە؛ کـە وابـوو؛ چـی ڕوەوە؛ پـی بۆنـەوە؛ سـا؛ دەیـسا؛ کـە پیـسەنـە؛ کـە پاسەنە؛ ئـی پیـسە بـۆ؛ بـەم گـوێرە ‹بنابراین

باید زودتر برویم: کەوایە دەبێ زووتر بڕۆین›.

بنای یادبود: مێنیۆمێنت؛ خانوویەک کە بۆ بیرئانینەوەی ڕووداوێک چێ‌کرابێ.

▣ **بنا بودن:** بڕیار بوون؛ قەرار بوون ‹بنا بود روز جمعه برویم کوه: بڕیار بوو ڕۆژی هەینی بچینە کێو›.

بنا داشتن: ویستن؛ گەرەک بوون؛ هەرەک بوون؛ تواسن؛ گەرەک بیەی ‹بنا داشتم از اینجا بروم: ویستم لێرە بڕۆم›.

بنا شدن: ١. کرانەوە؛ کریایوە؛ کرانەوەی ماڵ ‹این خانه تازه بنا شده است: ئەم ماڵە تازە کراوەتەوە› ٢. بڕیار دران؛ بڕیار وا بوون ‹بنا شد همه با هم برویم: بڕیار درا هەموو پێکەوە بچین›.

بنا کردن: ١. کردنەوە؛ سازکردن؛ هەڵخستن؛ کەردەیوە؛ درووس‌کردنی خانوو ‹دولت در اینجا مدرسه‌هایی بنا کرد: دەوڵەت لێرەدا چەند قوتابخانەیێکی کردەوە› ٢. دەس پێ‌کردن؛ خەریک بوون؛ دەس پنەکەردەی ‹از آن روز بنا کرد به ناسازگاری: لەو ڕۆژەوە دەستی کردووە بە نەگونجاوی›.

بنا گذاشتن: ١. بنیات نان؛ بناخە داڕژتن؛ پەی‌ڕێژی‌کردنی خانووبەرە یان دامەزراوەیێک ٢. بڕیار دان ‹این طور بنا گذاشتیم که فقط یک نفر حرف بزند: وا بڕیارمان دا تاقەکەسێک قسە بکات›.

بنا / bannā ـها؛ ـیان/: [عربی]/اسم. بەننا؛ بەنا؛ گلکار؛ سواکین؛ وەستای خانوو.

بنانی / bannā' î/: [عربی] ☜ **بنّایی**

بنات‌النعش / banātonna'š/: [عربی]/اسم. [نجوم] حەوتەوانان؛ هەفتبرا؛ حەوبرا؛ حەوت‌براڵە؛ حەوت‌برا؛ چارەگا.

▣ **بنات النعش صغرا(صغری)** ☜ خرس کوچک، **خرس**

بنات النعش کبرا(کبری) ☜ خرس بزرگ، **خرس**

بناحق / benāhaq/: [فارسی/ عربی] ☜ **بەناحق**

بنادر / banāder/: [معرب از فارسی] جمعِ ☜ **بَندَر**

بناگوش / banāgûš, bonāgûš ـها/: اسم. بناگوێ؛ بنانگوێ؛ بنانگوێچکە؛ پەناگوێ؛ بنەگۆش؛ گۆشەک؛ گلگەی گووش؛ پەنای گوێچکە؛ بنێ‌گوهی؛ بەینی بنی‌کاکیلە و گوێ.

بناگوشک / banāgûšak/: اسم. ملەخرە؛ نەخۆشیەکی (زۆرتر) منداڵانە، لکی بناگوێ زۆر هەڵدەماسێ و مل ئەستوور دەبێ: **اُریون**

بنام / benām/: صفت. بەناوبانگ؛ ناودار؛ بەنێوبانگ؛ ناقدار؛ نامدار؛ ناسراو؛ نێودار؛ سەروەدەر ‹دانشمند بنام: زانای بەناوبانگ›.

بنایی / bannāyî/: [عربی]/اسم بەنایی؛ نهانی؛ نقانی: ١. قورەکاری ٢. پیشەی بەنا ✻ **بنائی**

بن‌بست[1] / bonbast, bombast ـها/: اسم. ڕێ‌کورک؛ بن‌بەست؛ بتەو: ١. ڕێگایەک (بەتایبەت کۆڵان) کە سەرێکی دەرناچێ ‹بن‌بست اوّل، پلاک ٢٥: ڕێ‌کورکی یەکەم، ژمارەی ٢٥› ٢. [مجازی] بار و دۆخی بێ‌دەرەتانی.

▣ **به بن‌بست رسیدن:** [کنایی] قەتیس‌مان؛ بێ‌دەرەتان بوون؛ دەرەتان لێ‌بڕیان؛ بێ‌دەرباز مان؛ ڕێ‌چارەیێک بۆ گیر و گرفت نەدۆزینەوە.

بن‌بست[2]: صفت. بن‌بەست؛ ڕێ‌کورک؛ بە بێ ڕێ دەرچوون (بۆ ڕێگا دەگوترێ) ‹کوچەی بن‌بست: کۆڵانی ڕێ‌کورک›.

بنجک / boncak ـها/: اسم. کەلوو؛ تۆپەڵی پەموو؛ پەمووی شی‌کراوی تۆپەڵ‌کراو.

بنجـل[1] / boncol، ـھـا/: /اسم. قرپـۆک؛ بنـۆک؛ قرپـۆڵ؛ ئـەیـاغ؛ چـرووک؛ کاڵایـەک کـە بـە هـۆی مانـەوە لـە هـەمبـاردا دارزاوە یـان کۆنـە بووە و لە باو کەوتووە.

بنجـل[2]: صفت. بـێبایـەخ؛ بـێنـرخ؛ قرپـۆک؛ بنـۆک؛ قرپـۆڵ؛ ئـەیـاغ؛ چـرووک؛ لاکـەوتـە؛ مەراش؛ بێبرەو (بەتایبەت بۆ شتومەک).

بنجـــل‌خـــر / boncolxar، ـھـــا/: صـفـت. گـەنـەخـەر؛ گـەنـەخـڕ؛ قرپـۆکسـێن؛ ئـەیـاغسـێن؛ هـۆگر بـە سـەنـدنی شـتی بێکەڵک و بەکارنـەهـاتوو دەکـرێ. هـەروەها: **بُنجُل‌خری**

بنجـل‌فـروش / boncolfurûš، ـھـا/: صـفـت. گەن‌فرۆش؛ قرپـۆڵ‌فـرۆش؛ کـەسـێ کـە شـتی بێبایەخ دەفرۆشێ. هەروەها: **بُنجُل‌فروشی**

بنچـاق / bončāq، ـھـا/: [ترکـی]/اسم. بنچـاخ؛ بەڵگەی خاوەنداریەتی.

بند[1] / band، ـھا/: /اسم. بـەن؛ بـەنـد: ١. هـەودا؛ پـەت یـان ڕێـسمانێک بـۆ بـەسـتنی شـتێک ‹بند کفش: بند ساعت: بـەنـی کـەوش؛ بـەنـدی ساعەت› ٢. تەنـاف؛ گـوریس یـان سـیرمێ کـە بـۆ کـارێکی تایبـەت تـەرخـان کـراوە ‹بندباز روی بنـد راه مـی‌رفـت: تـەنـافـبـاز لـە سـەر تەنافـەکـەوە دەڕۆیـشت› ٣. بـەشـێکی سـەر بـە خـۆ یـان جیـاواز لـە کۆمـەڵـێک ‹بند زنـدان: بەندی زیندان› ٤. گە؛ گـەهـ ؛ گـەهـە؛ جمگـە؛ بـەنـدی پێـشە ٥. بـەسـت؛ دیـواری بـەرگـری ئـاو: **بنـدِآب** ٦. مـەودای نێـوان دوو ئـاجۆر لـە دەرەوەی دیــــواردا ٧. /ادبـــی/ زینـــــدان؛ بـەندیخانـە ‹کسی را کـه در بنـد بینـی مَخَنـد: کـە دیتت یەکێک بەندیە، تیز مەکە›.

⊡ بند آب ☜ **بند ـ٥**

بنـد انگـشت: ١. بـەنـدی قامـک؛ بـەن ئەنگووس؛ وەنـدی پـل؛ زاک کلـک؛ بنگـەی تل ٢. گـە؛ گـەهـ ؛ گـەهـە؛ مـەودای نێـوان دوو جومگەی قامک.

بنـد تنبـان: /قـدیمی/ دۆخـین؛ بـەنـەخـوێن؛ دیخـــوون؛ دێخـــوون؛ هۆجـەنـە؛ هۆچنـە؛ وەنجەنـە؛ گونجـەنـە؛ بـەن‌شواڵـێن؛ فـرێتی ڕاگـری پـاتۆڵ کـە بـە دەور کـەمـەردا تونـد دەبێتەوە: **بَند شلوار**

بند تنبانی: /کنـایی/ ئـاوەکـی؛ سـست؛ بـن‌شـڕ (زیاتر بۆ شیعر و نووسراوە دەگوترێ).

بنـد دل: بـەن‌دڵ؛ بـەنـدی دڵ؛ بـەنـەن‌دڵ؛ وەنـەنـە دڵ؛ (وەک دەڵـێن) هـەودایـەک کـە دڵی ڕاگرتووە.

بند رخت: تەناف؛ تـەنافـەو جـلا؛ ئـەو بـەنـە جلکی لە سەر ڕادەخەن وشک بێتەوە.

بند ساعت: بـەن سـاعەت؛ دەسـکە سـەعـات؛ ئەو بەنە سەعات بە دەستەوە دەبەستێ.

بنـد شـلوار: ١. ☜ **بنـد تنبـان** ٢. کـێش شەڵوار؛ ئەو کێشە ئـەکـەوێتـە سـەرشـان و شەڵوار ڕادەگرێ.

بنـد کاغـذ: بـەنـدی کاغـەز؛ بـەسـتەیـەک کاغـەزی چـاپ کـە زۆرتـر ٥٠٠ پـەڕەی (٩٠×٦٠) یان (٧٠ × ١٠٠) سانتی‌میترە.

بند کفش: بەن کـەوش؛ بـەنـوو پاڵـەی؛ ئـەو بەنە کەوشی پێ دەبەسترێ.

بند کیف: بـەن کیـف؛ نـەوارێکـی لـە چـەرم یـان پارچـە کـە بـە دووسـەری کیفـەوە بەستراوە و دەخرێتە سەر شان.

بند ناف: ١. نـاوک؛ نـەهـە ٢. بـەنی نـاوک؛ ڕەگوونەهەی؛ لوولـەی بژیـو پێگـەیـێنی زارۆ پێش لە دایک بوون.

⊡ **بند از بند جـدا کـردن**: پـەل‌ـپـەل کـردن؛ شـەل و پـەل‌کـردن: ١. لـەت‌وپـەت‌کـردن؛ ڕیـزاڵ‌ـ ڕیـزاڵ کـردن؛ لـەت‌وکـوت‌کـردن؛ گنجڕـگنجـڕ کـردن؛ ونجڕـ ونجـڕکردن؛ شیتاڵ‌ـشیتاڵ کـردن؛ جـن‌ـجـن‌کـردن ٢. /کنـایی/ چـەرمـی کـەسـێ دەق‌کـردن؛ زۆر

ئازار دان.

بند آمدن: بەسران؛ بەسیان: ١. مدرایەوە؛ گرسایەوە؛ وەستانەوەی گەڕیانی تراوێک ‹بند آمدن خون: خوێن بەسران› ٢. گیران؛ گیریان؛ بینیەی؛ نەمانی هاتوچوو ‹راه بند آمده بود: ڕێگە بەسرا بوو›.

بند انداختن: ڕوومەتگرتن؛ ڕوە گێرتەی؛ هەلکێشانی گەنەمووی دەس و دەموچاو بە بەن.

بند آوردن: بەستن؛ بینەی؛ ڕێی شتێ گرتن ‹راه را بند آوردن: ڕێگە بەستن›.

بند آوردن خون: زەمتاندن؛ گرساندنی خوێن.

بند بستن: ١. بەستنەوە؛ بەن پێوە بەستن؛ بەن پێبەستنەوە؛ بەن پوەبینەی؛ بەن بە شتێ یان جێکەوە هەلواسین ٢. بەند هەلبەستن؛ بەربەند بەستن؛ بەروەن لێدان؛ بەنگا هۆربینەی؛ بەندی ئاو دروستکردن.

بند بودن: ١. گیر بوون؛ بەن بوون؛ وەن بیەی؛ بە شتێکەوە بەسران ‹تنها به یک میخ کوچک بند است: تەنیا بە تاقە بزمارێکی چکۆلەوە گیرە› ٢. گیریان؛ گیریەی؛ بە شتێکەوە خەریک بوون ‹دستم بند بود: دەستم گیرابوو›.

بند پاره کردن: [تعریض] پەت بڕین؛ هەلتووزاندن ‹باز امروز آزاد بند پاره می‌کند: دیسان ئەوڕۆش ئازاد پەت ئەدڕی›.

بند دل پاره شدن: [کنایی] بەندل بڕیان؛ دڵ داکەوتن/ داکەفتن؛ تۆقەی؛ زۆر ترسان و ڕاچلەکان.

بند را آب دادن: [کنایی] قەوماندن؛ دەسەگوڵ دانە ئاوا؛ پەندان؛ کەتنە ژەی؛ هەلەیەکی گەورەکردن ‹بالاخره بند را آب دادی: ئاخری قەوماندت›.

بند زدن ☜ **بَندزَنی**

بند شدن: گیر بوون: ١. بە شتێکەوە لکان ‹دستم به یک شاخه بند شد: دەستم بە لقێکەوە گیر بوو› ٢. جێگیر بوون؛ کەوتەینە وەن؛ لە شوێنێکدا مانەوە ‹دو روز در یک جا بند نمی‌شد: دوو ڕۆژ لە شوێنێکدا گیر نەدەبوو›.

بند کردن: ١. گیردان؛ بەستنەوە؛ پێوە بەستن؛ بینایوە؛ پوەبینەی؛ لکاندن؛ لکنەی؛ وەندن؛ بەندان؛ بەندکردن ‹قلاب را به گیره بند کرد: قولاپەکەی بە گیرەکە بەستەوە› ٢. بەستنەوە؛ گیرۆدەکردن؛ وەنسە کردن؛ بینایوە ‹خودش را به حزب بند کرد: خۆی بەستە حیزبەوە› ٣. پێدا پێچان؛ هەڵپێچان؛ گیردان؛ گیرپێدان ‹چرا به من بند کرده‌ای؟: بۆچی بە مندا پیچاوی؟›.

بند کشیدن ☜ **بَندکِشی**

از بند رستن: [کنایی] ئازاد بوون؛ ڕزگار بوون؛ لە بەند بەر بوون.

به بند کشیدن: [کنایی] زیندانی کردن؛ بە دیل گرتن؛ دۆساخکەردەی؛ گرتنی ئازادی کەسێک: **در بند کردن**

در بند چیزی نبودن: گوێ بۆ شتێ شل نەبوون؛ گوێ پێ نەدان؛ دەربایستی شتێ نەهاتن ‹کفش خوب می‌خواهم و در بند پولش نیستم: کەوشێکی باشم دەوێ و گویم بو پارەکەی شل نیە›.

در بند کردن ☜ **بەبندکشیدن**

ـ بند [۲]: *پیوازه*. ـ بەن؛ ـ بەند؛ ـ وەن؛ ـ وەند؛ ـ ڤەن؛ ـ ڤەند: ١. شیاوی بەستن و هەلاوەسین بە شتێکەوە ‹گردن‌بند: گەردن‌بەن› ٢. ـ بەس؛ ـ وەس؛ ـ بین؛ ئامرازی بەستن و داپۆشاندن ‹دهان‌بند: دەم‌بەن› ٣. هۆکار یان هۆی بەستن ‹بسته‌بند: بەسەبەن› ٤. بەسراو؛ بینیا ‹پابند:

پابەن›.

بنداب / bandāb، ـها/:اسم. لەند؛ قوتکی نێوان کەند و چۆمان، پێکهاتوو لە ماسە و بەرد.

ـ بندان: *پیوازه.* ـ بەندان؛ ـ بەنان: ١. بەند و باوی تێهەڵسوونی شتێک ‹حنابندان: خەنەبەندان› ٢. ڕازاندنەوەی شتێک ‹آیینەبندان: ئاوێنەبەندان› ٣. کار و ڕەوتی بەستن یان بەسران ‹راەبندان: ڕێبەندان›.

بندانداز / bandandāz، ـها/:اسم. ڕوومەتگیر؛ ئەو ژنەی کە گەنەمووی ڕوومەتی ژنان بەن دەخا. هەروەها: **بنداندازی**

بندباز / bandbāz، ـها؛ ـان/:اسم. تەنافباز؛ کەسێ کە بە سەر بەنەوە کایە دەکا و شانۆ دەگێڕێ.

بندبازی / bandbāzî، ـها/:اسم. تەنافبازی؛ هەرکام لەو شانۆیانە کە بە سەر تەناف (گوریس، ڕێسمان یان سیرمەوە) دەکرێن. هەروەها: **بندبازی کردن**

بند بند / bandband/: *صفت.* بەندبەند؛ بەنبەن؛ وەندوەند؛ بە بەند یان بە شێوەی بەنگەڵی پێکەوە لکاو.

بندپا / bandpā، ـها؛ ـیان/: *صفت.* *[جانورشناسی]* گەپا؛ گەپێ؛ گەهەپا؛ گەهەپا؛ پێوەندیدار یان سەر بە چینی بەنپێیان، وەک مێروولە و قۆلانچە و جاڵجاڵووکە و هەزارپێ و...

بندر / bandar، ـها؛ بنادر/:اسم. بەندەر: ١. شار یان شارۆکەی سەر دەریا ٢. لەنگەرگا؛ ئەسکەلە؛ شوێنی پاڵگرتنی گەمیە.

⊡ **بندر آزاد:** بەندەری ئازاد؛ بەندەرێ کە لەوێوە شتومەکی بازرگانی بە بێ مزی گۆمرۆکی دەنێرن یان وەردەگرن.

بندرگاه / bandargāh، ـها/:اسم. بەندەرگا؛ بەندەرگە؛ دامەزراوەیێک لە ڕەخی ئاودا بۆ بارکردن یان بار داگرتن.

بندری / bandarî/: *صفت.* بەندەری: ١. سەبارەت بە بەندەر ‹کالای بندری: شتومەکی بەندەری› ٢. بە تایبەتیگەلی بەندەرەوە ‹شهر بندری: شاری بەندەری›.

بندزنی / bandzanî، ـها/:اسم. گاوکەری؛ گاوکاری؛ جەرزیەکاری؛ کاری لکاندنەوە؛ پێکەوە نووساندنەوەی کوتەکوتەی شتی شکاو ‹چینی بندزنی: چینی لکاندنەوە›. هەروەها: **بندزن**

بندفنگ / bandfang/:اسم. *[نظامی]* لۆری ڕاگرتنی چەک بە چەشنێ کە بەنەکەی بکەوێتە ڕووی شانی چەپەوە.

بندکشی / bandkešî، ـها/:اسم. بەنکێشی؛ پڕکردنەوەی نێوانی ئاجۆرگەلی دیوار. هەروەها: **بندکش**

بندگی / bandegî، ـها/:اسم. کۆیلەیی؛ کۆیلەتی؛ بەنەیی؛ وەنەیی؛ لێزیەتی؛ دۆخ یان چۆنیەتی کۆیلە بوون.

⊡ **بندگی کردن:** کۆیلەیی کردن؛ وەک کۆیلە فرمان بردن.

بندوبساط / band-o-basāt، ـها/: [فارسی/عربی]/اسم. *[گفتاری]* کەلوپەل؛ شتومەک؛ بەنوپسات ‹پاسبان آمد و بند و بساط روزنامەفروش را جمع کرد و برد: پاسەوان هات و کەلوپەلی ڕۆژنامەفرۆشەکەی کۆکردەوە و بردی›.

بندوبست / band-o-bast، ـها/:اسم. کاکە و براله؛ خرتیوپرتی؛ خلێنەوبلێنە؛ ڕاوێژی دوو یان چەند کەس، زیاتر بۆ کارێکی ناڕەوا یان بەدەست هێنانی قازانجی نابەجێ ‹بندوبست خود را کردەاند: کاکەوبرالەی خۆیان کردووە›.

بندوبستچی / band-o-bastčî، ـها/: [فارسی/

ترکی] *صفت.* ساختەچی؛ فێڵباز؛ فریوکار؛ ئاوانتەچی.

بندوران / bandvarān/: *اسم.*

بنده[1] / bande، ـها؛ ـگان/: *اسم.* ١. *[قدیمی]* کۆیلە؛ بەندە؛ بەردە؛ عەبد ٢. *[مجازی]* نۆکەر؛ خزمەتکار ٣. بەندە؛ بەنە؛ وەنە؛ بەنی؛ ئافرێنراو ‹بندەی خدا: بەنەی خوا›.

▣ **بندەی خدا:** بەندەی خودا؛ بەنەخوا: ١. ئافرێنراوی خودا ٢. *[کنایی]* کەس؛ بنیادەم ‹یک بندەی خدایی آمده بود: بەنە خوایەک هاتبوو›.

بنده[2]: *ضمیر.* ئەمن؛ ئەم؛ ئەز؛ من؛ بەنە (لە وتوویژی ڕێزدارانەدا).

بندەزاده / bandezāde، ـها؛ ـگان/: *اسم.* کوڕی من؛ کوڕم (لە وتوویژی بەڕێزانەدا).

بندەمنزل / bandemanzel/: [فارسی/ عربی] *اسم.* ماڵەمن؛ ماڵی من؛ یانەو من؛ خانووی من (لە وتوێژی بەڕێزانەدا).

بندەنوازی / bandenavāzî، ـها/: *اسم.* دلۆڤانی؛ میهرەبانی لەگەڵ ژێردەست. هەروەها: **بندەنواز**

بندی[1] / bandî، ـها؛ ـان/: *اسم. [ادبی]* بەندی؛ دیل؛ زیندانی؛ وەنی؛ دۆساخ؛ گراو ‹بسی بنده و بندی آزاد کرد: زۆرێکی بەردە و بەندی ئازادکرد›.

ـ بندی[2]: *پیوازه.* ١. ـ بەندی؛ ـ بەنی؛ بڕیار لە سەر دان؛ دانان ‹سهمیەبندی: بەشبەندی› ٢. ـــ چنی؛ـــ داڕێژی؛ ڕێکوپێککری؛ دانەری ‹ردەبندی: ڕیزبەندی› ٣. ـــ بەندی؛ ـگری؛ بینەی ‹آببندی: ئاوبەندی›.

بندیل / bandîl، ـها/: *اسم. [نامتداول]* بەنیل؛ بەندیل؛ بنە: ١. کوتە پارچەی بە قەد دەسرۆکێک، کە شتی تێدەنێن و گرێی دەدەن ٢. ئاوا پارچەیەک بە ناواخنیەوە؛ تۆشۆرە؛ تۆشەرە؛ تۆشەوەرە؛ تۆشەبەرە.

بندینک / bandînak، ـها/: *اسم. [خیاطی]* ئاڵقەئاسای گیردەری کەمەربەند بە لیباسەوە.

بن‌رست / bonrost، ـها/: *صفت. [گیاه‌شناسی]* بنچک؛ بنەوەڕسا؛ ڕواو لە ڕەگ و پنجی گیاوە بە سەر زەویدا (وەک لاسکی خزۆکی تووەفەرەنگی).

بنزین / benzîn/: [فرانسوی] *اسم.* بەنزین؛ بەرهەمێکی نەوتە کە تراوێکی بێڕەنگ و زۆر خۆشگرە و سووتەمەنیەکی هەڵبژاردە بۆ زۆربەی موتۆرانە.

▣ **بنزین مصنوعی:** بەنزینی بەرهەمهاتوو لە بەردە خەڵووز.

بنشن / bonšan، ـها/: *اسم.* هیش؛ وشکە؛ وشکەدان؛ وردەدان؛ درکەدوو؛ پەتڵە؛ دانەوێلە جگە لە گەنم و جۆ؛ ئازووقەی (بەتایبەت دانەوێلە) هەڵگیراو لە ماڵدا.

بنصر / benser/: [عربی] ☜ انگشت حلقە، **انگشت**

بنفش[1] / banafš/: *اسم.* بەنەوش؛ بنەوش؛ وەنەوش؛ مۆ؛ تێکەڵاوی سوور و ئاوی؛ ڕەنگی خوارووی پەلکەزێڕینە.

بنفش[2]: *صفت.* بەنەوش؛ وەنەوش؛ وەنەوشەیی؛ بە ڕەنگی بەنەوش ‹پیراهن بنفش: کراسی بەنەوش›.

بنفشه / banafše/: *اسم.* وەنەوشە؛ بنەوشە؛ بەنەوشە؛ وەنەوش؛ مەنەوەشە؛ بنەفش؛ نەڤش؛ بەناوشە؛ مۆر.

▣ **بنفشەی عطری:** وەنەوشە بۆنخۆشە؛ وەنەوشەی بۆندار.

بنفشەی فرنگی: وەنەوشە فەرەنگی.

بنفشەزار / banafšezār، ـها؛ ـان/: *اسم.* وەنەوشەجاڕ؛ وەنەوشەلان؛ زەویەک کە تێیدا پنجکی زۆر لە بەنەوشە ڕواون.

بنکدار / bankdār, bonak-، ـها؛ ـان/: *اسم.* بنەکدار؛ عومدەفرۆشی؛ فرۆشیارێک کە

شــتومــەک لــە بــەرهــەمهێنــەرەوە یــان هــاوردەکــارەوە دەکــڕێ و بــە دووکانگــەلــدا بلاوی دەکاتەوە و دەیفرۆشێ: **عُمدەفروش**

بنکــــداری / bankdārî, bonak-/: اســم. بنــەکــداری؛ عومــدەفرۆشــی: ١. پیــشەی بنــەکــدار ‹در بــازار بنکـداری مـیکنـد: لـە بـازاردا بنـەکـداری دەکـات› ٢. ـــهـا/ شـوێنی کـاری بنــەکــدار ‹از بنکـداری خریـدم: لـە بنـەکداریـدا کریم›.

بنــگ / bang/: [سنــسکریت] اسـم. بــەنــگ؛ چـەرس؛ حـەشیـشە؛ هـەشیش؛ گیایـەکـە دەیکێشن و پێگێژ و سەرخۆش دەبن.

بنگــاب / bangāb/: [سنــسکریت/ فارســی] ☜ دوغ بنگ، **دوغ**

بنگــالی / bangālî/: اسـم. بـەنگالـی؛ زمـانی خەلکی بەنگال و بـەنگلادیـش؛ لـە زمانـەکـانی هێندو ئێرانی.

بنگــاه / bongāh، ـهـا/: اسـم. بنکـە؛ نووسـینگە؛ نقیـسنگە: ١. دامــەزراوە؛ جێیــەک کـە تێیـدا کار و بارێکی دیاریکراو بە مەبـەستی بـارەچـە یـــان ڕاژەدانێکـــی دەســت نیــشان کــراو جێبــەجــێ دەکــرێ ‹بنگــاهراەآهــن: بنکــەی هێـلیئاسـن›: **مؤســـسه** ٢. نووســینگە یــان دووکانی دەلالی.

◘ **بنگــاه آمــارگیری**: بنکــەی ژمێرکــۆیی؛ دامــەزراوەیــەک لــە ولاتــانی پێشکەوتــوودا کــە کــاری پرســیارکردن لــە خــەلــکە لــە بارەی هەر شتێکەوە کە باوی ڕۆژ بێ.

بنگــاه خیریــە: بنکــەی چاکــەکــاری؛ دامــەزراوەیێــک کـە کــاری یارمــەتی دانی هەژاران و بێئەنوایانە.

بنگــاه شــادمانی: بنکــەی شـــادمانی؛ دامــەزراوەیێـک کـە کـۆڕی بـەزم و شـادی ڕێک دەخا و مز وەردەگرێ.

بنگـــاهی / bongāhi، ـهـــا/: اسـم. [گفتـاری] بنگـــادار؛ بنکـــەوان؛ بنکـــەدار؛ کارگێـــڕ یـــان بــەرپرســی بنکــە ‹بنگاهی چنـد خانـە را نـشانمان داد: بنکادارەکە چەند مالی پیشاندایـن›.

بنگدانـــه / bangdāne، ـهـــا/: [سنـــسکریت/ فارســی] اسـم. خــەربــەنــگ؛ هــەربــەنــگ؛ خەروەنگ؛ بنەگیایەکـی دووسالـەیـە گـەلاپـان و گوڵزەرد کە بۆ دەرمان ئەشێ.

بنگلــــک / bongolak/: اســم. وەنــــەتــــەق؛ وەنــەتــەقــی؛ قــەزوان؛ قــەســوان؛ قــەزقــەوان؛ قەزخـوان؛ قـەزکـەوان؛ قـەسـخوان؛ قـسقەوان؛ بەری دارەبەن.

بنگــی / bangî، ـهـا؛ ـان/: [سنــسکریت] صـفت. بەنگی؛ بەنگ‌کێش؛ وەنسە بە بەنگەوە.

بــنلاد / bonlād، ـهـا/: اسـم. *[ادبـی]* بنچینــە؛ بناخــە؛ بناغــە؛ بنــەمــا؛ بنـاوان؛ بنـەڕەت: ١. بنەڕەتی دیـوار؛ پـای دیـوار. بـەرانبـەر: **سَرلاد** ٢. *[نامتــداول]* بــنیمــاڵ؛ بنــەوا؛ شــەنگــستە؛ بنەڕەتی ماڵ.

بنــه / bene، ـهــا/: اسـم. وەن؛ ونــەمــشک؛ وەنـــەمـــشک؛ وەنـــەمـــشکی؛ بنـــەوەشـــیلە؛ وەنەوش؛ کولـەنـگ؛ کولینـگ؛ وەناوشـەک: ١. وەنی؛ دارەوەن؛ دارەبـــەن ٢. وەنــــەتــــەق؛ قەزوان؛ قـەزکـەوان؛ قـەزقـەوان؛ قـەسخەوان؛ قـسقەوان؛ دارکـەسکانی؛ وەنـەتـەقـی؛ بـەری دار وەن: **پستەی کوهی * چاتلانقوش**

بنه / bone، ـهـا/: اسـم. بنـە: ١. تۆشـە؛ بژیـوی سـەفـەر ‹باروبنـە: باروبنـە› ٢. بـن؛ سـەمـک؛ شــتومــەک؛ ئــەسـپاب و ئــامرازی ناومــاڵ ‹بنەکن شدن: بنبڕ بوون›.

بنــەپــا / bonepā، ـهـا؛ ـیـان/: اسـم. بنـەوان؛ چاودێری شتومەک.

بنــەکــن / bonekan/: صـفت. بنـەبـڕ؛ بـنبـڕ؛ ڕیشەکەن؛ لەبنهاتوو.

◘ **بنــەکــن شــدن**: هــەڵــبڕان؛ هــەلــکنیان؛ هەلکەنیـان؛ بنـەکـەن بـوون؛ بنـەبـڕ بیـەی؛

به خاوخێزانەوە لە شوێنێکەوە چوون.
هەروەها: **بنەکن کردن**

بنیاد / bonyād، ها/: اسم. ۱. [نامتداول] بنەڕەت؛ بنیا؛ بنیات؛ بنیای؛ خیم؛ هیم؛ پەی؛ بەشی ژێرووی خانوو کە قورسایی مالی بە سەرەوەیە ۲. سەرەتا؛ بناغە؛ بن؛ ڕستی؛ پێزە؛ پێز؛ سەرەتای پەیدا بوونی هەر شتێک ۳. دامەزراوەیەک کە لە بارەچەی خۆی یان یارمەتی دیتران بەڕێوە دەچێ.

⊡ **بنیاد گذاشتن**: ۱. بنیاتنان؛ بنەڕەتنان ۲. دامەزراندن؛ خستنە ڕێ ۳. باوکردن.

بنیادگذاری / bonyādgozārî/: اسم. بنیاتنەری؛ بناخەداڕێژی؛ بنچینەچنی؛ کار یان ڕەوتی بناغەنیان؛ بونیادنان؛ بناخە دانان؛ بنەڕەت مەرزنایرە؛ بەدیهێنانی دامەزراوە یان بنکەیەک. هەروەها: **بنیادگذار**

بنیادگرا / bonyādgerā، ها؛ یان/: صفت. بنەماخواز؛ هۆگر یان شوێنکەوتووی بنەماخوازی: **اصول‌گرا**

بنیادگرایی / bonyādgerāyî/: اسم. بنەماخوازی؛ بڕوا بە پێویست بوونی ئاڵووێری بنەمایی لە کاربەند یا کار و بازدا: **اصول‌گرایی**

بنی آدم / banî'ādam/: [عربی/ معرب] اسم. مرۆڤ؛ مرۆ؛ بەشەر؛ بنیادەم؛ ئایەم ‹بنی‌آدم اعضای یک پیکرند: مرۆڤ ئەندامگەلی تاقە لەشێکن›.

بنیادی / bonyādî/: صفت. بناخەیی؛ بنەڕەتی؛ بنەمایی؛ بنچیرەیی: ۱. سەبارەت بە بنەما و ڕیشەی شتێکەوە ‹دگرگونی بنیادی: ئاڵوگۆڕی بناخەیی› ۲. گرینگ بۆ بەدیهاتنی شتێک ‹کارهای بنیادی: کارگەلی بنەڕەتی›.

بنیان / bonyān، ها/: [عربی] اسم. بنەما؛ بنیاد؛ پایە؛ بنەڕەت؛ بنیات؛ پێز؛ بنەڕخ؛ پێکهاتە یان قالبی سەرەکی کە دەبێتە هۆی بەدیهاتن یان مانەوەی شتێک ‹بنیان خانواده بر محبت استوار است: بنەمای بنەماڵە لە سەر خۆشەویستی دامەزراوە›.

بنیانکن / bonyānkan/: [عربی/ فارسی] صفت. کاول‌کەر؛ وێران‌کەر؛ لەناوبەر؛ بن‌کۆڵ؛ بنکەن؛ خاپوورکەر؛ بنەبڕ؛ فەوتێنەر ‹سیل بنیانکن: لافاویکاوڵکەر›.

بنیانگذار / bonyāngozār، ها؛ ان/: [عربی/ فارسی] اسم. دانەر؛ بناخەداڕێژ؛ هێمدانەر؛ بناغەدانەر؛ پایەداڕێژ؛ پایەچن؛ کەسێ کە ماڵ، دامەزراوە یان کارێک پێکدێنێ.
هەروەها: **بنیانگذاری**

بنی‌بشر / banîbašar/: [عربی] اسم. مرۆڤ؛ مرۆ؛ بنیادەم؛ بنیام؛ ئایەم؛ ئینسان؛ بەشەر؛ جووقەوار ‹در آنجا هیچ بنی‌بشری نبود: دەوێدا تاقە مروڤێک نەبوو›.

بنی‌نوع / banînow', banîno:'/: [عربی] اسم. [ادبی] هاوجۆر؛ هاوبیچم؛ هاوچەشن؛ یەک بە یەکی گیاندارانی لە یەک جنس.

بنیه / bonye، ها/: [عربی] اسم. ۱. هێز؛ هاز؛ توان؛ قەووەت؛ گورد؛ بڕست؛ بڕشت ۲. بالاشمە؛ بالیشمە؛ داری بە درێژادا بڕاو بۆ سەر تاقەی دیوار کە داری‌تری بە سەردا ڕایەڵ دەخەن.

بو / bû، ها/: اسم. بۆن؛ بۆ؛ بوو؛ بوە؛ بەون؛ بێن؛ بهن؛ بێهن؛ بیهن: ۱. چۆنیەتیەک لە شتاندا کە ئەندامی بۆوەنگ دەبزوێنێ ‹بوی خوش: بۆنی خۆش› ۲. [مجازی] هۆ یان نیشانەیێکی هورد ‹بوی بهشت می‌آید: بۆنی بەهەشت دێ›.

⊡ **بو آمدن**: ۱. بۆن هاتن؛ بۆ هاتن؛ بۆ ئامەی ‹بوی سوختگی می‌آید: بۆی سووتاوی

دێ› ۲. *[مجازی]* وادیار بوون ‹بوی دعوا می‌آید: وادیاره شەڕێکی لێ‌هەڵسێ›.

بو بردن: *[مجازی]* سۆ بردن؛ بۆن هەڵکردن؛ بۆ هۆرکەردەی؛ پەی بردن؛ هەست‌کردن بە هەبوونی شتێک ‹بو برده بود کە پول دارم: بۆنی هەڵکردبوو کە پارەم هەیە›.

بو دادن: ۱. *[گفتاری]* برژاندن؛ براشتن؛ بریان‌کردن؛ بۆدان؛ برێژنەی ‹تخمە را بو دادم: تۆمەکەم برژاند› ۲. بۆ هاتن؛ بۆی گەن هەبوون ‹پاهایت بو می‌دهد، برو بشور: بۆی پات دێ، بچۆ بیشۆرە›.

بو کردن: بۆکردن؛ بۆن‌کردن؛ بۆ هەڵمژین؛ بۆکەردەی ‹گُل را بو کرد: گوڵەکەی بۆن‌کرد›.

بو کشیدن: ۱. بۆن هەڵمژین؛ مڵ‌ومۆ کردن؛ مڵ‌ومۆش‌کردن؛ میسان؛ بۆن هەڵکردن؛ بۆ هۆرکێشەی؛ بۆ هۆرلووشتەی ۲. *[مجازی]* کنەکردن؛ چەکەچنەکەردەی؛ شوێنی شتێک‌گرتن.

بو گرفتن: بۆکردن؛ گنخان؛ بۆن‌گرتن؛ بۆ گێرتەی؛ بۆنی ناخۆش لێ پەیدا بوون ‹غذا ماندە و بو گرفتە: چێشتەکە ماوەتەوە و بۆی کردووە›.

بوی الرحمان کسی بلند شدن/ آمدن: *[کنایی]* عیزرائیل بە دەور سەر کەسێکا خولیانەوە؛ قافێز هاتنە بەرچاو کەسێک؛ لە گیانەڵادا بوون: **بوی حلوای کسی بلند شدن/ آمدن**

بوی چیزی آمدن: ۱. بۆنی شتێ هاتن ۲. *[مجازی]* هەست بە ڕوودانی شتێ کردن.

بوی حلوای کسی بلند شدن/ آمدن ☜ **بوی الرحمان کسی بلند شدن/ آمدن**

بویی از چیزی نبردن: *[مجازی]* لە شتێک بەهرە نەبردن؛ تەواو بێ‌بەهرە بوون لە شتێ ‹از انسانیت بویی نبردە بود: هیچ بەهردیەکی لە مروڤایەتی نەبردبوو›.

بوآ / boā, bû'ā. ـها/: [فرانسوی/ انگلیسی]/اسم. بوا؛ بووئا؛ جۆرێک ماری زۆر گەورە: اژدرمار؛ کورمار؛ مار بوآ

بواسیر / bavāsîr/: [عربی]/اسم. بەواسیر؛ مایەسیری؛ بەوەسیری؛ باوەسیر؛ نەخۆشی پەنەمانی ڕەشەدەمارگەلی خواری ڕێخۆڵە و دەرپەڕینی بە دەوری نیشتنگەدا، کە زگ کارکردن دژوار دەکاتەوە و هاوڕێ لەگەڵ ئێش و برێ‌جار خوێندایە.

بوالعجب / bol'acab/: [از عربی] ☜ **بُلعَجَب**

بوالفضول / bolfozûl/: [از عربی] ☜ **بُلفُضول**

بوالهوس / bolhavas/: [از عربی] ☜ **بُلهَوَس**

بوالهوسانه / bolhavasāne/: [از عربی/ فارسی] ☜ **بُلهَوَسانه**

بوالهوسی / bolhavasî/: [از عربی] ☜ **بُلهَوَسی**

بوئر / bo'er. ـها/:/اسم. بۆئێر؛ هەر یەک لە دانیشتوانی ڕەگەز هۆڵەندی ئافریقای باشووری کە بە زوانی ئافریکان قسە دەکەن.

بوئیدن / bû'îdan/ ☜ **بوییدن**

بوبرنگ / bûbarang/:/اسم. *[گفتاری]* بۆن و بەرامە؛ بەرام؛ بۆنی خۆش ‹این چای هیچ بوبرنگی ندارد: ئەم چاییە بۆن و بەرامەیەکی وای نیە›.

بوبین / bobîn, bûbîn. ـها/: [فرانسوی]/اسم. ۱. کاژ؛ لوولک؛ قرقرە؛ قرقرە؛ غەرغەرە؛ غەرغەرە؛ قەنەک؛ بەکرە؛ مەکارە؛ لا؛ گەرگەرە؛ خرخرە؛ کاج؛ چەرخەک؛ تەشیلە؛ دارتوون؛ چرپ؛ خرووکەی لە چێو یان پەلاستیک کە بەنی بە دەوردا هەڵدەکرێ ۲. شەپۆپە؛ مەکۆ؛ کلافە؛

مەکۆک؛ خلووکە؛ لوولەی ئەستووری خوار ماشینی بەنڕێسی کە ڕێسراوەکە بە دەوریدا کۆ دەبێتەوە.

بوتان / bûtān/: [فرانسوی]/اسم. بووتان؛ گازی بێ ڕەنگ و بۆی هاوڕێ لەگەڵ نەوت لە ژێر زەویدا، کە بۆ سووتەمەنی باشترین گازە.

بوتولیسم / botolîsm/: [فرانسوی] ☜ **بُتُولیسم**

بوتە / bûte/: /اسم. ١. /ها/ پنچک؛ کان؛ پنجەگیا؛ پنجاڕ؛ بنجگ؛ بنەگیا؛ پنچکەگیا؛ پنج؛ لەم؛ تەپکە؛ بنجە؛ قولانجە؛ بڕک؛ بتە؛ دەوەن؛ منج؛ پنجیبێستان ٢. /ها/[صنعت] کوورە؛ جێ تاواندنەوەی کانزا ٣. [مجازی] گێژاو؛ گێژەڵووکە؛ ڕەوتێکی درێژخایەن و ئاستەم ‹بوتەی آزمایش: گێژاوی ئەزموون›.

بوتیک / bûtîk، ها/: [فرانسوی]/اسم. جلوبەرگفرۆشی؛ گنجفرۆشی؛ دووکانێ کە تێیدا جل و بەرگ دەفرۆشن.

بوتیکدار / bûtîkdār، ها؛ ان/: [فرانسوی/ فارسی]/اسم. جلوبەرگفرۆش؛ گنجفرۆش؛ کەسێ کە دووکانی جل و بەرگ فرۆتنی هەیە.

بوتیمار / bûtîmār، ها؛ ان/: [از عربی/ فارسی] /اسم. خەمخۆرە؛ مشورخۆرە؛ شاهۆ؛ شینەشاهۆ؛ شاوەشینکە؛ شاوە؛ شاڤاشین؛ شاڤەشین؛ شاڤ؛ واق؛ بۆتیمار؛ ویرغال؛ چرک؛ مەلوو؛ باڵدارێکی گەورەی مل و قاچ درێژە هەر لە ئاوان دەبێ، لە لێلایی بەیانی و ئێواران دەخوێنی و دەنگی وەکوو هەنیسکەی گریان وایە.

بوجار / bûcār، ها/:اسم. بووجاڕ؛ بەوەجاڕ؛ تەتەڵەکار؛ لەنگەریکار؛ کۆسەکار؛ کەسێ کە کاری پاککردنی گەنم و دانەوێڵەیە.

◙ **بوجار لنجان**: [کنایی] هۆکیەهۆکی؛ دەمدەمی؛ وازیـوازی؛ وازوازی؛ حولحولی؛ تاوتاوی؛ عەنتەرمەزاج؛ هەرتاوێ لە سەر بڕیارێ.

بوجاری / bûcārî، ها/:اسم. قەتا؛ تەتەڵە؛ تەتەڵەکەری؛ لەنگەری؛ کۆسەکاری؛ شەنوکەو؛ شەن و کەوەن؛ کاری خاوێن کردنەوەی دەخڵ.

ـ بود / bûd/: پیواژه. ـ بوو؛ ـ هەبوو؛ ـ بێ؛ بوون ‹کمبود؛ بهبود: کەمبوو؛ باشبوو›.

بود / bovad/: فعل. [ادبی] دەبێ؛ ئەبێ؛ ببێ؛ بۆ؛ مەبۆ؛ سەر بە سێهەم کەسی تاک لە کرداری ڕانەبردووی هەبوون ‹توانا بود هر کە دانا بود: کە زانا بوو بێشک توانا دەبێ›.

بودائی / bûdā'î/: [سنسکریت] ☜ **بودایی**

بودائیت / bûdā'îyyat/: [سنسکریت/ عربی] /اسم. بوودایەتی؛ ئایینێ کە لە سەدەی شەشی بەر لە زایین بە دەستی بوودا لە هیندوستان داڕێژرا و لە ئاسیای ناوەڕاست، ڕۆژهەلات و باشووری ئاسیادا بڵاو بووە، لە سەر ئەم بنەمایەیە کە ڕزگاری لە کەند و لەندی ژیان لە ڕێی گەیشتن بە نووری هەتاهەتاییەوە دەس دەدا و لەو ڕێیەوە مرۆ دەتوانێ خۆی لە هاتن و چوونی بێبڕانەوەی مەرگ و ژین دەرباز کا: **دینِ بودا**

بوداده / bûdāde، ها/: صفت. گەرمشتە؛ بڕژاو؛ برژیاگ (☜ بو دادن، **بو**) ‹تخمەی بوداده: تووی گەرمشتە›.

بودار / bûdār، ها/: صفت. [گفتاری] بۆندار؛ بۆدار: ١. بۆدرن؛ بوودار؛ بە بۆنی توندەوە ٢. [کنایی] بە واتایێ کە بیسەر یا خوێنەر وای بۆ دەچێ کە لە بنەوە واتایەکیتر، دژ بە مەبەستێکی تێدایە (بۆ وتار و نووسراوە) ‹حرفهای بودار میزد: قسەی بۆنداری دەکرد›.

بودایی[1] / bûdāyî، ها؛ ان/: [سنسکریت]

/سم. بوودایی؛ شوێنکەوتەی ئایینی بوودا: **بودائی**

بودایی[2]: صفت. بوودایی؛ سەربە بوودایی؛ هەر شتێک پێوەندی بە ئایینی بوودداوە هەبێ: **بودائی**

بودجه / bûdce. ـها/: [فرانسوی]/سم. تواز؛ بووجە؛ لەنگەر؛ سەرچاوەی پووڵ و پارە و خەرجوبەرجی پێشبینیکراو بۆ یەک بازنەی کاتی دیاریکراو.

بودجه‌بندی / bûdcebandî. ـها/: [فرانسوی/ فارسی]/سم. کار و ڕەوتی بووجە کردن؛ ڕێکخستنی بووجە؛ نقیسینی بووجە؛ بەراوردکردنی هەریەکە لە داهات و سەرچاوەگەلی پووڵی و هەروەها دابەش کردنیان.

بودجه‌نویسی / bûdcenevîsî/: [فرانسوی/ فارسی]/سم. کار و ڕەوتی بووجە نووسین؛ بووجە بەراوەردکردن.

بودشناسی / bûdšenāsî/:/سم. بوونناسی؛ هەبوونناسی؛ بیر و ڕای لە مەڕ چۆنیەتی جیهان، یان خۆ و هەبوونی بوونەوەران، بێئاوڕدانەوە لە تایبەتمەندیان * **هستی‌شناسی**

بودن / bûdan/: مصدر. لازم.// **بودی**: بووی؛ **هستی**: هەی؛ **باش**: ببە// بوون؛ هەبین؛ بیەی: ١. هەبوون ‹بودن گلهای زیبا: بوونی گوڵانی جوان› ٢. لە سەر دۆخ و حاڵێ بوون ‹شاد بودن: شاد بوون› ٣. لە شوێنێکدا بوون ‹بودن کتابها در قفسه: بوونی کتێبگەل لە ڕەفەدا› ٤. ژیان بردنە سەر لە شوێنێکدا ‹بودن در شهر غریب: لە شاری نامۆدا بوون›.

هەروەها: **بودنی**

■ صفت فاعلی: **باشنده** (ـــ)/ صفت مفعولی: **بوده** (بوو)/ مصدر منفی: **نَبودن** (نەبوون)

بودونبود / bûd-o-nabûd. ـها/:/سم. بوون و نەبوون: ١. بوو و نەبوو؛ دار و نەدار؛ هەموو ئەو شتانەی لە شوێنێک دان یان هەموو دارایی کەسێک ‹همهٔ بود و نبودش بر باد رفت: هەموو دار و نەداری فەوتا› ٢. هەبوون یا نەبوون ‹بود و نبودش برای من فرقی ندارد: بوون و نەبوونی بۆ من وەکوو یەک وایە›.

بور / bor/: [فرانسوی] ☜ **بُورُون**

بور[1] / bûr/:/سم. تەلایی؛ کاڵ؛ هول؛ ڕەنگی زەردی بریقەدار.

بور[2]: صفت. ١. کاڵ؛ بە ڕەنگی زەرد (زۆرتر بۆ موو) ‹موی بور: مووی زەرد› ٢. /کنایی/ ڕووزەرد؛ شەرمەسار و سەرشۆڕ؛ سەرلەبەر؛ زەرد هەڵگەڕاو ‹از جواب دختر خیلی بور شد: لە وەرامی کچەکە زۆر کاڵ بووەوە›.

بورابرش / bûr.abraš/: [فارسی/ عربی]/سم. سورخوون؛ ئەسپی خاڵ سوور و سپی.

بوران / bûrān. ـها/: [ترکی]/سم. کرێوە؛ بۆران؛ باووە؛ بارۆشک؛ بادەوە؛ باکوت؛ باداوە؛ باسریشک؛ بازریشک؛ لاسامێ؛ تۆف؛ بارینی بەفر یان باران هاوڕێ لەگەڵ بادی توندا.

بورانی / bûrānî, borānî. ـها/:/سم. بۆرانی؛ بۆرەقانیێ؛ چێشتی باینجان یان سەوزیگەل لەگەڵ ئاو و ڕۆندا: **بُرانی**

بوربور / bûrbûr/ ☜ **زال**

بوربوری / bûrbûrî/ ☜ **زالی**

بورت / bûret. ـها/: [فرانسوی]/سم. /شیمی/ بووریت؛ شووشەی نیشانەداری تراو پێوان.

بورژوا / bûrj(u)vā. ـها/: [فرانسوی]/سم. بورژوا؛ ئەندامی چینی بورژوازی.

بورژوائی / bûrj(u)vā'î/: [فرانسوی] ☜ **بورژوایی**

بورژوازی / bûrj(u)vāzî/: [فرانسوی]/سم. بورژوازی؛ لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا بەو شارنشینانە دەڵێن کە ئامێری بەرهەم

هێنان و سەرمایەیان بە دەستە.
▣ بورژوازی تجاری: بورژوازی بازرگانی؛ بازرگانان؛ تیپ و تاقمی تاجران.
بورژوازی صنعتی: بورژوازی پیشەسازی؛ پیشەسازان؛ دەستەی کارخانەداران.
بورژوازی کمپرادور ☜ **بورژوازی وابسته**
بوژوازی کوچک ☜ **خردەبورژوازی ــ۱**
بورژوازی مالی: بورژوازی مالی؛ بانگداران؛ تاقمی کارگێڕان بەپارە (بۆ بانگ یان پارەگۆڕینەوە).
بورژوازی ملی: بورژوازی نەتەوەیی؛ گرۆی سەربەخۆیان.
بورژوازی وابسته: بورژوازی پێوەندار؛ گرۆی سەرسپاردوان: **بورژوازی کُمپرادور**
بورژوایی / bûrj(u)vāyî/: [فرانسوی] *صفت*. بورژوایی؛ پێوەندیدار یان سەر بە بورژوا یا بورژوازیەوە: **بورژوائی**
بورس / bûrs/: [فرانسوی]/*اسم*. بوورس: ١. شوێنێک بۆ یەک دیتنی بازرگانان و سەندن و فرۆتنی یەک جۆرە کووتاڵ ٢. /ـها/ پارەیەک بۆ کارێکی دیاریکراو (خوێندن یان لێکۆڵینەوە و ...) دەدرێتە کەسێک یان دامەزراوەیەک.
▣ **بورس اوراق بهادار**: بوورسی بەلگەی بە نرخ؛ شوێنی کڕین و فرۆشتنەوەی بەلگە بەنرخەکان.
بورس تحصیلی: بوورسی خوێندن؛ بوورسی وانە خوێندن؛ پارە و فەرحانیەک کە دەدرێ بە کەسێ کە لە ماوەیێکی دیاریکراودا دەرسێک بخوێنێ یان لە شتێ بکۆڵێتەوە.
▣ **بورس دادن**: بوورس دان؛ پارە پێدان بۆ خوێندن یان لێکۆڵینەوە. هەروەها: **بورس گرفتن**
تو(ی) بورس بودن: *[مجازی]* باو بوون؛ بە برەو بوون؛ کڕیاری زۆر هەبوون.
بورس‌بازی / bûrsbāzî، ـها/: [فرانسوی/فارسی]/*اسم*. بوورس‌بازی؛ گران کردنی شتێک بەهۆی کاکەوبرالەی چەند بازرگان پێکەوە.
بورسیه / bûrsiye، ـها/: [فرانسوی]/*اسم*. بوورس‌بەر؛ ڕاتبەگر؛ کەسێ کە بوورسی وەرگرتووە.
بورک / bûrak/: /*اسم*. کەڕوو؛ کەپەک؛ کەفەک؛ کەڕەکیفە؛ کەڕۆلیە؛ بڕش؛ ئەو تۆژاڵە ئەکەوێتە سەر شتی ترشاو.
بوروکرات / bûrok(e)rāt, borokrāt، ـها/: [فرانسوی] *صفت*. مەزرینگەوان: ١. کەسێ کە هۆگری دام و دەزگای مەزرینگەیی بێ ٢. ئەو کەسەی لە کار و باری مەزرینگەدا شارەزا بێ یا خۆ کاری ئەوە بێ.
بوروکراسی / bûrok(e)rāsî, borokrāsî، ـها/: [فرانسوی]/*اسم*. ١. *[سیاست]* میرمەزرینگەیی ٢. کاغەزبازی؛ ڕەسم و ڕستی مەزرینگەیی.
بورون / boron/: [فرانسوی]/*اسم*. بۆرۆن؛ توخمی کیمیاوی وەک کانزا، بە ژمارەی ئەتومی ٥ و کێشی ئەتومی ١٠،٨١ کە لە سروشتدا تەنیا بە شێوەی تێکئالاو هەیە: **بُور؛ بُر**
بوریا / bûr(i)yā، ـها/: [معرب از آرامی]/*اسم*. *[ادبی]* ١. ژاژ؛ بۆریا؛ قامیش؛ قامووش؛ قامر؛ قەڕەم؛ گیایەکە لە جۆرەکانی نەی، لە تیرەی گەنمی، بە لقی بەرز و کولکن و گوڵی وەنەوش و بڕێ جاریش زەرد کە لە قۆتەکەیف جلی ژێر دەسەچینە و شتومەکی‌تر دەچنن ٢. هەسیر؛ حەسیر؛ باریە؛ چیغ؛ ڕایەخی لە جەگەن و قامیش.
▣ **بوریای رسمی**: زەل؛ پێکە؛ لیک؛ لەڤەن؛ چیت؛ چیتک؛ قامیش‌زەل؛ تەرکە؛ نەی؛ لەیلک.

بــوزدایی / bûzedāyî، ـهـا/: *اسـم.* بۆکـوژی؛ لەناو بردنی بۆنی پیس.

بوزینه / bûzîne، ـهـا؛ ـگـان/: *اسـم. [ادبـی]* ۱. مەمینه؛ عەنتەر؛ حـەنتـەر؛ مـەیمـوون؛ بووزنـە؛ بووزینه ۲. مەیموونی بەجووجک.

بوس[1] / bûs/: *اسـم. [مخفف]* مـاچ؛ ماچـە؛ پـاچ؛ رامــــووس؛ رامـــــووز؛ مـــــیس؛ رامـــــیس؛ راموسانک.

▣ **بـــوس دادن:** *[گفتـــاری]* مــــاچ دان؛ مــــاچ پێدان؛ رێدان بـەوەی کـە کـەسێک ماچـت بکاتـەوە ‹بیـا بـه عمـو بـوس بـده: وەره ماچێـک بدەره مامەی خۆت›.

بــــوس کــــردن: *[گفتــــاری]* مــــاچ کــــردن؛ رامووسان؛ رامووسین.

ـــ بــوس[2]: *پــــیواژه.* ـ رامــــووس؛ـ ماچکــەر ‹دستبوس: دەس‌رامووس›.

بوستان / bûstān، ـهـا/: *اسـم.* بۆسـان؛ بێـستان؛ بێسان؛ شـینایی؛ باخچـە: ۱. تـەرەکـاڵ؛ کیـار؛ بێـــستانی چانـــدنی مێـــوه (وەک شــــووتی، کالــەک، زرک و …) ۲. *[ادبـی]* بــاخی گــوڵ و گیــــا ۳. باخچـــــەی گـــــشتی؛ باخچـــــەی حەسانەوە و پیاسه ❃ **بُستان**

بوسـلیک / bûsalîk/: [از عربـی] *اسـم. [موسـیقی]* بووسەلیک؛ گۆشـەیـەک لـە دەزگـای نـەوا لـە مووسیقای ئێرانیدا.

بـــوس‌و کنـــار / bûs-o-kenār/: *اسـم. [ادبـی]* مــاچ و مـووچ؛ کـاری مـاچ‌کـردن و لـە ئـامێز گــرتن؛ رامووسانی یـەکتـر ‹دیـدار شـد مُیـسّر و بوس و کنار هـم: چـاو بـە یـەک‌کـەوتـن دەسـی‌دا و ماچ و مووچیش هەروەها›.

بوسـه / bûse، ـهـا/: *اسـم.* مـاچ؛ ماچـە؛ پـاچ؛ رامــووس؛ رامــووز؛ رامــیس؛ مــووس؛ مــووچ؛ مۆچ؛ میس؛ رامووسانک.

▣ **بوسـه دادن:** *[ادبـی]* ۱. مــاچ دان؛ بـەرایـی دان بـۆ رامووسـان ‹بوسـه‌ای زان لـب چـون قند بـده: مـاچیکم بـده لـەو لێـوه قـەنـده› ۲. مــاچ کــردن؛ رامووسـین؛ رامووسـان ‹از اسـب فـرود آمد و بر رکاب او بوسه داد: لـه ئـەسـپ دابـەزی و ئاوزینگی رامووسی›.

بوسـه زدن: *[ادبـی]* رامووســین؛ رامووســـان؛ مــاچ‌کــردن ‹از دور بوسـه بـر رخ مهتـاب مـی‌زدم: رووی مانگەشەوم له دوورەوه ماچ دەکرد›.

بوسـه فرسـتادن: مــاچ نــاردن؛ لێــو غونچــه کردن و به دەس ئاماژەکردن.

بوسه گرفتن: *[ادبـی]* مــاچ لـێ‌سـەنـدن؛ مـاچ کردن.

ـ بوسی / bûsî/: *پیواژه.* ـ رامووسی؛ مـاچ‌کـردن؛ رامووسین ‹دستبوسی: دەست رامووسی›.

بوســـــیدن / bûsîdan/: *مـــــصدر. متعـــــدی.* //**بوسـیدی:** راتمووسـی؛ **مـی‌بوسـی:** رادەمووسـی؛ **ببـــوس:** رامووســـه// رامووســـان؛ رامووســـین؛ میسان؛ ماچ‌کردن؛ مـۆچ‌کـردن؛ مـاچ‌کـەردەی؛ پاچ‌کردن؛ پاچکرن؛ لەوپادایش.

■ صـفت فـاعلی: **بوســـنده** (رامووســـەر)/ صـفت مفعـولی: **بوســـیده** (رامووســراو)/ مـصدر منفـی: **نَبوسیدن** (رانەمووسان)

بـــوش / bûš، ـهـا/: [فرانـسوی] *اسـم. [صـنعت]* بـــووش؛ شـــتێکی وەرســـوور یـــان وەســـتاو بـــه بیچمـــی یاتاقـــان یـــان ئالـــقه کـــه میلـــه یـــان تەوەرەی دەنێودا دەخولێتەوه.

بوشـــــمن / bûšman/: *اســـم.* بووشمـــــەن؛ خـــەڵـــکی باشـــووری ئـــەفریقـــا لـــە زمـــانی ئوروپاییاندا ☜ **سان**

بوشـن / bûšan، ـهـا/: [فرانـسوی] *اسـم. [صـنعت]* بووشەن؛ کوتـەلوولـەی دوو سـەر رزوەکـراو بـۆ لکاندنی دوو لووله پێکەوه.

بـوف / bûf، ـهـا؛ ـان/: *اسـم. [ادبـی]* بـووم؛ بـوم؛ بـــوو؛ کونـــد؛ کونـــدەبـــووم؛ کونـــدەبـــوو؛ کوندەبوومـه؛ کونـدەبـەبوو؛ پـەپـوو؛ پـەپـۆک؛ پــــەپوویــــک؛ بایــــەقــــوش؛ مونــــد؛ تــــۆت؛

کەلکەڵەوانی.
▣ بوف بزرگ: شابوو؛ کوندی زل؛ بوومی زل: **شاەبوف**
بوف سفید: کوندەبووی سپی: **بوف سفیدبرفی**
بوف سفیدبرفی ☜ **بوفسفید**

بوفالو / bûfālo، ـها/: [انگلیسی/ فرانسوی]/اسم. بووفالۆ؛ گامێشی ئەمریکی: **بافالو**

بوفه / bûfe، ـها/: [فرانسوی]/اسم. ۱. هۆدە؛ یانە ۲. چایخانە؛ قاوەخانە.

بوق / bûq، ـها/: [معرب از لاتینی]/اسم. بۆق: ۱. شووت؛ ئامرازی هەناردنی دەنگێک بۆ ئاگادارکردن ۲. */قدیمی/* جۆرێ سازی بایی وەکوو شاخی حەیوان کە دەنگێکی گڕ و بەرزی هەبوو.
▣ بوق سگ: */مجازی/* نیوەشەو؛ شەوی دێروەخت؛ درەنگانەی شەو؛ شەو درەنگان؛ بەرلە پارشێو.
▣ بوق زدن: بۆقلێدان؛ دەرهێنانی دەنگی بۆق.
توی بوق گذاشتن/ کردن: */کنایی/* هەلالە کردن؛ جاڕدان؛ بەقەو هەراکردن؛ هەرا و هوریاکردن؛ هۆگالێ وسەی ڕا؛ دەی دۆڵەرە؛ هەرا و مەزات ڕێخستن.

بوقلمون / bûqalamûn، ـها/: [معرب از یونانی]/اسم. بۆقلە؛ بووقلە؛ بەقلەمووت؛ قەلەموون؛ قەلەموونە؛ بەقلە؛ بووقلەموون؛ قەل؛ عەلەشیش؛ عەلووعەلۆ؛ عەلۆک؛ گزگل؛ مامرەشامی؛ مارگیسە؛ کەڕگامیسری؛ باڵندەیێکە دووئەوەندەی مریشک دەبێ، پەڕی چەتری و ڕەنگاوڕەنگە و زۆرتر بۆ گۆشتەکەی ڕایدەگرن.

بوقی / bûqî/: [معرب] صفت. بۆقی؛ شتی وەک بۆق ‹کلاه بوقی: کلاو بوقی›.

بوکس / boks/: [فرانسوی از انگلیسی] ☜ **بُکس**

بوکسور / boksor/: [فرانسوی از انگلیسی] ☜ **بُکسُور**

بوکله / bûkle/: [فرانسوی]/اسم. بوکلە؛ جۆرێ بەنی خەملی.

بوگندو / bûgandû، ـها/: صفت. */گفتاری/* بۆگەن؛ بۆگەنیو؛ کەڤز؛ بێگەن؛ بۆنپیس؛ بۆدڕ؛ هەرچی بۆنی ناخۆش بدا.

بوگیر / bûgîr، ـها/: اسم. بۆبرە؛ بۆچنە؛ بۆنبڕ؛ بۆگیر؛ بۆگر: ۱. ماکێکی کافووری بۆنخۆش کە بۆ لەناو بردنی بۆنی ناخۆش بە دیواری دەساو، حەمام و ...دا هەڵیدەواسن ۲. هەر ماکێکی بۆنخۆش کە بۆ لابردنی بۆن بە کار ئەبرێت.

بول / bowl, bo:l/: [عربی]/اسم. */نامتداول/* میز؛ مێز؛ گمێز.
▣ بول کردن: میزکردن؛ مێزکردن؛ گمێز کردن.

بولاغاوتی / bûlāq'otî, bûlāqutî/: [ترکی] ☜ **آبتره**

بولتن / bûltan، ـها/: [فرانسوی]/اسم. میری؛ بلاڤۆک؛ بەلاڤۆک: ۱. کورتە ڕاپۆرتی چاپی لە ڕووداو و هەواڵگەلی ڕێخراوەیێک ۲. گۆڤارێ کە هەواڵ و ڕاپورتگەلێکی دیاریکراوی تێدایە و تەنیا لە نێو تاقمێکی تایبەتدا بڵاو دەبێتەوە.

بولداگ / bûldāg، ـها/: [انگلیسی]/اسم. بولداگ؛ جۆرێ سەگی سەرزلی کەمتووک.

بولدوزر / bûldozer، ـها/: [انگلیسی]/اسم. بۆلدیزر؛ بۆلدوزیر؛ جۆرێ ماشێن بۆ دروست کردنی ڕێ و پلدانی بەرد و تەختکردنی زەوی.

بولشویسم / bolševîsm/: [فرانسوی] ☜ **بُلشویسم**

بولشویک / bolševîk/: [روسی] ☜ **بُلشویک**

بولوار / bûlvār, bolvār. ـها/: [فرانسوی]/اسم. بلوار: ١. شەقامی پان کە لە نێویدا گوڵ و گیا هەبێ ٢. شەقامی زۆر پان و بەرین کە لە نێوانیدا سەیرانگا بێ * **بلوار**

بولینگ / bo:lîng. ـها/: [انگلیسی]/اسم. بوولینگ؛ جۆرێک وەرزشکار ئەبێ بە هاویشتنی گۆیەکی قورس لە جێگای دیاریکراودا بدات لە نیشانەگەلی چێوینەوە.

بوم / bûm. ـها/:/اسم. ١. [عربی] بوو؛ کوند؛ کوندەبوو؛ بایەقوش؛ بووە؛ بۆ؛ کەلکەڵەوانی ٢. نیشتمان؛ بوو؛ بووم؛ مەڵبەند؛ زێد؛ زاگە؛ جێی تێدا ژیان ٣. بووم؛ پارچەی زبری دابەستراو بە سەر چوارچێوەیێکەوە بۆ وێنەکێشان لە سەری.

بومادران / bûmādarān. ـها/:/اسم. بۆژانە؛ بووژانە؛ بۆژان؛ بیژان؛ بێژەن؛ بیویژان؛ نۆویژان؛ ژابێژ؛ بیڤێژان؛ ئەنیژ؛ بۆعەترە؛ بۆگوڵە؛ بۆگلەوکەشی؛ بووماران؛ بۆمایران؛ بوومارو؛ بۆمارانە؛ گوڵەمارانێ؛ گوڵەهەسێل؛ زەردە شابەنگ؛ بنەگیایەکی خۆڕسکی گەلادرێژ و تووکنە بە بۆنێکی زۆر توندەوە کە بۆ دەرمان ئەشێ.

بومرنگ / bûmrang. ـها/: [انگلیسی/ فرانسوی] اسم. بوومڕەنگ؛ پلار؛ ئامرازێک وەکوو کەوانێکی چکۆلە و ئەستوور، کە دەیهاوێژن، دەڕوات و دێتەوە، خەڵکی دەشتەکی ئوسترالیا لە شەڕ و ڕاودا بە کاریان هێناوە و ئەمڕۆکەش ئامرازێکی وەرزشیە.

بومسانی / bûmsānî:/اسم. [زیستشناسی] بوومسان؛ بووسانی؛ هاوڕەنگی؛ کار یان ڕەوتی هاوڕەنگ بوون لەگەڵ ئاقار یان گیاندارێکی دیکەدا.

بومشناختی / bûmšenāxti:/ صفت. ژینگە ناسینەوە؛ بووم ناسینەوە؛ پێوەندیدار یان سەر بە بوومناسی: **محیطشناس**

بومشناس / bûmšenās. ـها؛ ـان/:/اسم. ئاقارناس؛ ژینگەناس؛ دەژەوارناس؛ کەسێ کە دە بواری بوومناسیدا ئاگادار و بە زانستە.

بومشناسی / bûmšenāsî:/اسم. ژینگەناسی؛ دەژەوارناسی؛ بوومناسی؛ ئاقارناسی؛ زاگەناسی؛ ئێکۆلۆژی؛ لقێ لە زانستی ژیوارناسی کە بە لێڕوانین و تۆژینەوەی پەیوەندی ژینەوەر لەگەڵ ئاقاری ژیانی و شێوازی ژینی هەر کام لە گیانلەبەران لە زاگەیەکدا دەپەرژێ: **محیطشناسی**

بوموبر / bûm-o-bar:/اسم. [ادبی] بەروبووم؛ نیشتمان؛ مەڵبەند؛ سەرزەوین؛ سەرزەمین؛ زاگەبەر؛ جێی تێدا ژیان.

بومی / bûmî. ـها؛ ـان/: صفت. ناوخۆیی؛ خۆماڵی؛ ناوچەیی؛ زاگەیی؛ زاگەبەری؛ پێوەندیدار یان سەر بە سەرزەوینێک کە تێیدا لە دایک بووە و بارهاتووە.

⊡ بومی شدن: ناوخۆیی بوون؛ خۆماڵی بوون؛ ناوچەیی بوون؛ ڕاهاتن لە شوێنی تازەدا؛ پێداکەفتن. هەروەها: **بومی کردن**

بوی / bûy:/اسم. [ادبی] بۆن؛ بۆ؛ بوە؛ بوو.

بویا / bûyā:/ صفت. [نامتداول] ١. بۆندار؛ بۆدار؛ بەبۆ؛ خاوەنبۆ ٢. بۆنخۆش؛ خۆشبۆ؛ بەبەرامە؛ بۆوەش.

بویائی / bûyā'î/ ☜ **بویایی**

بویافزار / bûyafzār:/اسم. بۆنخۆشکەرە؛ بۆخۆشکە؛ بۆوەشی؛ شتومەکی بۆنخۆشکەری خواردەمەنی (وەکوو هێل، وانیل، هەزبۆ و...).

بویایی / bûyāyî:/اسم. بێهنۆک: ١. کار یان ڕەوتی بۆنکردن ٢. هەستێ کە ئەندامەکەی لووتە و بۆنەکان لێک جوێ

دەکاتەوە * **بویائی**

بـویژه / bevîje/: *قید.* بـەتایبـەت؛ بـەتایبـەتی؛ گـەوشـینی؛ نـەخـوازە؛ نـەخـوازەلا؛ نـەوازە؛ نەمازە؛ خازما؛ خاسما؛ بەدانستە.

بوینـاک / bûynāk/: *صـفت. [ادبـی]* بۆسـار؛ بـۆدر؛ بـۆدڕن؛ بـە بـۆنی تیـژ و بـەتایبـەت ناخۆشەوە.

بو یه / buye/ ☜ **شناوه**

بوییـــدن / bûyîdan/: *مـصدر. متعـدی. لازم.* //**بوییـدی:** بۆنـتکـرد؛ **مـیبـویی:** بـۆن دەکـەی؛ **بِبـوی:** بۆنکـە // □ *متعدی.* ١. بـۆن کـردن؛ بـۆ کـردن؛ بـێهن کـرن؛ بـووکردن؛ میسان؛ بـوه کەردەی؛ بـۆنی شـتێ هـەڵـمژینە نـاو لووتـەوە ‹گلهـا را بوییـدن: بـۆن کردنـی گـوڵ› □*لازم.* ٢. *[ادبی]* بـەبۆن هـەبوون؛ بـۆ لێهـاتن؛ بـۆ دانـەوە ‹مَشک آن است کـه خـود ببوید: مسک ئـەوەیـە کە بۆ خۆی بۆنی هـەبێ› * **بوئیـدن**. هـەروەهـا: **بوییدنی**

■ صـفت مفعـولی: **بوییــده** (بـۆنکراو)/ مـصدر منفی: **نَبوییدن** (بۆن نەکردن)

بـه / bah/: *صـوت. [گفتـاری]* بـەخ؛ پـەح؛ وەح؛ حـەو؛ بـەهـ ؛ وەهـ ؛ وشـەی پـەسـندکردن و خۆشـی ‹بـه! چـه اسبی بـود: بـەخ! چ ئـەسـپێک بوو›.

به[1] / be/: *حرف.* ١. بـۆ؛ بـە؛ وە؛ پـەی؛ ڕای ‹بـه خـاطر تـو ایـن زحمـت را مـیکـشم: بـو تـۆ ئـەم زەحمـەتـە دەکێـشم› ٢. وە؛ بـۆ؛ بـەلای؛ پـەی؛ بـەرەو ‹بـه زیـر انـداختن؛ بـه آسـمان نگریـستن: وە ژێـر خـستن؛ بـو ئاسمـان نـوارین› ٣. سـەر؛ لـە سـەر؛ بـە ڕووی ‹بـه تخـت نشـستن: لـە سـەر تەخت دانیـشتن› ٤. لـە؛ لای؛ جـە؛ ژ ‹بـه بانک گذاشتن: لە بانگ دانان› ٥. بـەپێی؛ بـەگـوێرەی؛ بە پاو ‹به عقیدەی فـارابی: بـەپێـی بـڕوای فـارابی› ٦. بـە؛ لـە بـەرانبـەر؛ لـە بـایی ‹بـه یـک شـاهی نمـیارزد: بـە شـاییێک ناژێـت› ٧. وە؛ بـە؛ نیـشانەی لـەگـەڵ بـوون ‹بـه نـام خـدا: وەنـاو خـودا› ٨. وە؛ بـە؛ نیـشانەی سـوێند خـواردن ‹به پیغمبر: بـە پێغـەمبـەر› ٩. لـە؛ بـە؛ نیـشانەی بـەرکـاری بـە نێـونجی (مفعـول بـا واسـطه) ‹بـه پول دست نزدم؛ به پرویـز گفتم: دەسـتم لـە پـارەکـە نـەدا؛ بـە پـەرویـزم گـوت› ١٠. وە؛ بـە؛ نیـشانەی هەڵسەنگانـدن ‹چهـار بـه یـک: چـوار بـە یـەک› ١١. بـە؛ وە؛ نیـشانەی پێـوەنـدی (ربـط) ‹بـه کارش نمـیرسد: بـەکـارەکـەیـدا ناگـات› ١٢. بـە؛ وە؛ نیـشانەی خـاوەن بـوون ‹ملقـب بـه دراز دسـت: ناسـراو بـە درێـژدەسـت› ١٣. وە؛ بـە؛ نیشانەی کار یـان ڕەوتێکـی درێـژەدار ‹بـە کـار افتادن: وە کار کەوتن›.

بـه[1] / beh، هـا/: *اسم.* بـەی؛ بـێ؛ وی؛ بـەهـێ؛ بهێ؛ بیهـ ؛ هێـوە؛ هـەیـوە؛ حـەیـوە؛ بیـوو: ١. داری بەی ٢. میوەی داری بەی.

▣ **بـه ژاپنـی:** بـەی ژاپـۆنی؛ پنجـە دارێکـی درکـاوی بـە گوڵـی سـوور و سـپی و ڕەنگـاوڕەنـگ و میـوەی زەرد و ترشـی وەک بەیەوە.

به ـ[2]: *پیشوازه.* ١. تەندروست؛ ساغ؛ سـاق ‹بهبـود: ساغی؛ ساقی› ٢. چاکـ؛ ـ باش؛ خاسـ؛ عالـ ؛ پەسند ‹بهـدین: دینباش›.

بهـا / bahā/: *اسم. [ادبـی]* وەهـا؛ قیمـەت؛ نـرخ؛ بـەهـا: ١. بـایی؛ پـارە یـان کووتالـێک کـە بـۆ بـەدەس کـڕینی شـتێک ئـەدرێـت ‹بهـای ایـن کتاب چقدر است؟: ئـەم کتێبـە بـایی چـەنـدە؟› ٢. ئەرکێـک کـە لـە پێنـاوی بـە دەسـت هێنـانی شتێکدا دەکەوێتە سەرشان کـەسێکەوە ‹این کار به بهای جانش انجام شـد: ئـەم کـارە بـە قیمـەت گیـانی تـەواو بـوو› ٣. بایـەخـی مـادی یـان مەعنەوی ‹خودسـتایی نـزد خردمنـدان بهـایی نـدارد: خۆ هەڵکێشان لە لای ژیران بێنرخە›.

▣ **بهـا دادن:** بـەهـادان؛ بایـەخ دانـان؛ گرینـگ زانین؛ گرنگی پێدان.

بهائم / bahā'em/ ☜ **بهایم**

بهائی / bahā' î/ ☜ **بهایی**

بهائیت / bahā' îyyat/: اسم. بەهائییەت؛ مەزهەبێک کە حوسێنعەلی نووری ناسراو بە بەهائوڵلا (١١٩٦ـ١٢٧١ی هەتاوی) هێناویەتی: **بهاییگری**

بهابازار / bahābāzār/ ☜ **بورس**

بهادر / bahādor/: صفت. *[نامتداول]* پاڵەوان؛ شەڕکەر.

بهابرگ / bahābarg/ ☜ **کوپن**

بهادار / bahādār/: صفت. بەنرخ؛ وهادار؛ بوهادار؛ کۆک؛ بەقیمەت؛ خاوەن بایەخی ئابووری.

بهار / bahār ـها؛ ـان/: اسم. بەهار: ١. وەهار؛ بوهار؛ وەهیر؛ بوار؛ وەسار؛ واسار؛ خوێنجمان؛ یەکێک لە چوار وەرزی ساڵ دوای زستان و بەرلە هاوین ٢. پشکۆژ؛ هەلاڵە؛ گوێکەی داری بەردار؛ گوڵی دارمیوە ‹بهارنارنج: بەهارنارنج› ٣. *[کنایی]* هەڕەت؛ جەنگە؛ ئەنگۆرە؛ گەرمە؛ تاف؛ تۆف ‹بهار جوانی: بەهاری لاوەتی›.

⊡ **بهار نارنج** ☜ **بهارنارنج**

بهارآزادی / bahāre'āzādî/: اسم. بەهارئازادی؛ دراوی زێڕ کە لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاویەوە لە ئێراندا درووس دەکرێت (لێدەدرێت).

بهارات / bahārāt/: (!) [فارسی/عربی] اسم. هەزوێلە؛ وشکەی گیا و شتی تام و بۆن خۆشکەری چێشت.

بهاران / bahārān/: اسم. *[ادبی]* بەهاران؛ وەهارانی؛ وەهاریٚ؛ دەکژی بەهاردا؛ لە چاخی بەهاردا ‹بهاران خجسته باد: بەهاران پیرۆز بێ›.

بهاربند / bahārband/ ☜ **باربَند ـ٣**

بهارخواب / bahārxāb ـها/: اسم. بەهارخەو؛ هەیوانی سەرپۆشراو کە بەشێک لە دەور و بەری ئاوەلایە.

بهارنارنج / bahārnārenc ـها/: اسم. بەهارنارنج: ١. پشکوەنارنج؛ گوڵەنارنج؛ گوڵی داری نارنج کە لە عەترسازی و... بەکاردێ ٢. بەرگی سپی و ڕازاوەی بووک.

بهاره / bahāre/: صفت. بەهارۆ؛ بەهارە؛ وەهارە؛ وەهاریٚ؛ بەهاری؛ هەرچی سەربە بەهارە ‹گندم بهاره: گەنمی بەهارە›.

⊡ **بهاره کردن**: کاری پێگەیاندن و گوڵ پێ دەرکردنی ڕوەک، بەر لە کاتی خۆی.

بهاری / bahāri/: صفت. بەهاری؛ وەهاری؛ بوهاری؛ پەیوەندیدار بە بەهارەوە ‹باد بهاری: بای بەهاری›.

بهاریه / bahārîyye/: [فارسی/عربی] اسم. بەهارانە؛ نووسراوە بە تایبەت شیعر، لە پەسنی جوانیگەلی بەهاردا.

بهامهر / bahāmohr ـها/: اسم. ژیتۆن.

بهانامه / bahānāme ـها/: اسم. بوهانامە؛ وهانامە؛ ڕیزی بەهای پیتەوای دامەزراوەیێک.

بهانه / bahāne ـها/: اسم. بیانوو؛ بیانک؛ بیانگ؛ دەساوێز؛ بیانی؛ ویانە؛ ویانی؛ بەهانە؛ وەهانە؛ وەیانە؛ بەهانێ؛ دەسپیچک؛ هێجەت؛ هەنجەت؛ هنجەت؛ ئەنجەت؛ مسەوسک؛ کۆک؛ پەلپ؛ پیلە؛ گرنە؛ گرۆ؛ گەزەک؛ لام؛ پەلم؛ بەلم؛ گرووی: ١. ئەوەی بۆ داپۆشینی مەبەست یان چەمکی ڕاستەقینە بهێنرێتەوە ٢. عورز؛ بۆنە؛ مۆنەی؛ مانەی؛ هۆ یان هەنگەزەی ڕواڵەتی کردەوەیێک.

⊡ **بهانه آوردن**: بیانوو هێنانەوە؛ بەهانە هێنان؛ بیانک هاوردنەوە؛ بەهانێ ئاردەیوە؛ بڕ و بیانوو تاشین؛ ویانی ئاردەیوە.

بهانه به دست کسی افتادن: بیانوو کەوتنە

دەستی کەسێکەوە؛ بەهانە کەفتنە دەس کەسێ. هەروەها: **بهانە بە دست کسی دادن**

بهانە تراشیدن: بەهانە هێنانەوە؛ بۆنە هێنانەوە؛ دەسپیچ تاشین؛ بیانک درووس کردن؛ گرۆ خۆش‌کردن ‹آن شب برای مادرم بهانه‌ی تراشیدم و شب به خانه نرفتم: ئەو شەوە بۆ دایکم بەهانەیەکم هێنایەوە و بۆ شەو نەچوومەوە›.

بهانە شدن: بوونە بیانک؛ بەبیانوو بوون ‹همین بهانه شد که نیامدم: هەر ئەمە بوو بە بیانوو کە نەهاتم›.

بهانە کردن: کردنە بەهانە؛ کردنە بیانک؛ بیانوو سازکردن؛ دەسپیچ‌کردن؛ کەردەی بەهانێ ‹نداشتن لباس مناسب را بهانه کرد و با ما نیامد: نەبوونی جلی باشی کردە بەهانە و نەهات لەگەڵماندا›.

بهانە گرفتن: بیانک‌گرتن؛ بیانووگرتن؛ بەهانەگرتن؛ بەهانێ‌گیرتەی.

بهانەجو / bahānecû، ـها؛ ـیان/: صفت. بەهانەگیر؛ بیانک‌گیر؛ بیانک‌واز؛ بەهانەدۆز؛ پیلەگیر؛ بیانووگر؛ گرنەگر؛ پەلپ‌گر؛ گرووگر؛ بە پیلە؛ بەبەهانە؛ لەبەهانە؛ نووزن؛ کێشەکەر؛ لەچەر؛ ورکاوی؛ نقک: **بهانەگیر**

بهانەجویی / bahānecûyî، ـها/: اسم. بیانک‌وازی؛ پەلپ‌پێگری؛ بەهانەگری؛ ویانی‌گیری؛ کوک‌گری؛ گرۆگری؛ گەڕان بۆ ناتەواوییەک کە ببێتە بیانوو: **بهانەگیری**

بهانەگیر / bahānegîr/ ☜ **بهانەجو**

بهانەگیری / bahānegîrî/ ☜ **بهانەجویی**

بهایم / bahāyem/: [عربی]/اسم. چوارپێیان؛ چوارپای؛ چوارپێیانی شاخ و دەشت: **بهائم**

بهایی / bahāyî، ـها؛ ـان/: [عربی] صفت. بەهایی؛ سەربە بەهاییەت: **بهائی**

بهاییگری / bahāyîgarî/: [عربی/ فارسی]

☜ **بهائیت**

بهبود / behbûd/: اسم. ڕەوتی خۆشبوون: ١. خۆش بوونەوە؛ خۆش بوونەوە؛ ساغ بوونەوە؛ وەش بیەیوە؛ چاک بوونەوە لە نەخۆشی ٢. چاکتر؛ باشتر؛ خاستر؛ عالتەر؛ ڕەوتی باشتر بوون ‹وضع اقتصادی کشور پس از جنگ، بهبود یافت: باری ئابووری وڵات دوای شەڕ، خۆش بوو› * **بهبودی**

بهبودگرایی / behbûdgerāyî/: اسم. ڕوونبینی؛ ئاموژەیێکی فەلسەفی نێوان ڕەش‌بینی و گەش‌بینی کە دەڵێ جیهان بە تێکۆشان خۆشتر دەبێت.

بهبودی / behbûdî/: (!) ☜ **بهبود**

به‌به / bahbah/: صوت. ١. بەخ؛ پەخە؛ ئوویف؛ بەه ـ بەه ؛ بەخ‌ـ بەخ؛ پەک‌چباشە؛ چجوانە؛ وەی‌ـ وەی؛ وەه ـ وەه ؛ وشەی پەسندکردن ‹بەبە چه گلی!: بەخ‌ـ بەخ چ گولێک!› ٢. وەی‌ـوەی؛ وەه ـ وەه ؛ حەی‌ـحەی؛ نیشانەی گاڵتە پێ‌کردن ‹بەبە چشمم روشن! حالا دیگر دزدی هم می‌کنی؟: حەی‌ـحەی چاوم ڕۆشن! ئیسە ئیتر دزیش ئەکەی؟›.

بهت / behet، ـان/: ضمیر. [گفتاری] پێت؛ بەتۆ؛ پنەت ‹دیروز بهت گفتم: دوێنێ پێتم گوت›.

بهت / boht/: [عربی] اسم. ١. [روان‌شناسی] ماتی؛ سڕی؛ دابەزینی ئاستی هۆشیاری و توانایی لە وەرگرتن و پێڕاگەیشتنی پەیام ٢. کاسی؛ وڕی؛ بار و دۆخی گێژی و نەبزێوی کە زۆرتر بە هۆی ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراوەوە پێک دێت.

▣ بهت زدن: حەپەسان؛ واقی وڕبوون؛ تەواسان؛ تەواسیەی.

بهتان / behetān/: ضمیر. [گفتاری] پێتان؛ بە ئێوە؛ پنەتا ‹چیزی بهتان نگفت؟: شتێکی پێتان نەگوت؟›.

بهتـان / bohtān، ـهـا/: [عربـی]/اسـم. نـەگـە؛ هـەڵـبەسـتە؛ هـەڵـبەسـت؛ بـافرۆ؛ سـاختە؛ بافیـاگ؛ دروسـکراو؛ بوختـان؛ بوختیـان؛ بوخت؛ قسەی هەڵـبەسـتە. هـەروەهـا: **بهتـان زدن**

بهـتانگیـز / bohtangîz/: [عربـی/ فارسـی] صفت. سەرسووڕێنەر؛ هەژەند: **بهتآور**

بهتآور / bohtāvar/ ☜ **بهتانگیز**

بهتـر / behtar، ـها؛ ـان/: صفت. باشـتر؛ چـاکتر؛ چێتر؛ قەنجتـر؛ خاسـتر؛ خاسـتەر؛ عالتـەر؛ بـە چۆنیـەتی باشـتر یـان بـە نرختـرەوە ‹زنـدگی بهتر: ژیانی باشتر›.

بهتـرین / behtarîn، ـهـا/: صـفت. باشـترین؛ چـاکترین؛ خاسـترین؛ عالتـەریـن؛ چێتـرین؛ هـۆڵئایـاک؛ سـەرتـڵ؛ سـەرگـوڵ؛ بـەرزتـرین چۆنیـەتی و باشـترین نـرخ یـان پـەسـندیەتی ‹بهترینکار: باشترین کار›.

بهجـت / behcat/: [عربـی]/اسـم. [ادبـی] شـایی؛ شادی؛ شادمانی؛ دڵکراوەیی.

بهجـــتآور / behcatāvar/: [عربـی/ فارسـی] ☜ **بهجتانگیز**

بهجـــتاثـــر / behcat'asar/: [عربـی] صـفت. [ادبی] دڵبزوێن؛ دڵخۆشکەر؛ شادیهێن.

بهجـــتافـــزا / behcat'afzā/: [عربـی/ فارسـی] صفت. [ادبی] دڵخۆشکەر؛ دڵبزوێن.

بهجـــتانگیـــز / behcatangîz/: [عربـی/ فارسـی] صـفت. [ادبـی] شـادیبـەخـش؛ شـادیهێنـەر؛ دڵگەشێن: **بهجتآور**

بـەحـق[1] / behaq(q)/: [فارسـی/ عربـی] صـفت. ڕاست و دروست؛ بە حـەق ‹سخنی بـەحـق بـود: قسەیەکی ڕاست و دروست بوو›: **بحق**

بەحق[2]: قیـد. بـەڕاسـتی؛ بـەحـەق؛ لـە بناغـەی حـەق؛ بـەدروسـتی؛ ڕاسـت و دروسـت ‹او بـەحـق سـخن مـیگفـت: بـەدروسـتی قـسەی دەکرد›: **بحق**

بهـداری / behdārî، ـهـا/: اسم. تـەندروسـتی؛ لـەشسـاغی؛ دامـەزراوەیێـک کـە بـەرپرسـی چاوەدێری لە سـاغی و تـەندروسـتی خـەڵـکە. هەروەها: **ادارەی بهداری؛ وزارت بهداری**

بهداشـــت / behdāšt/: اسـم. لـەشسـاغی؛ پـاکژی؛ شـێوە و کارگـەلی پێویـست بـۆ پاراستنی تەندروستی.

▣ **بهداشـــت روانـــی**: پـــاکژی دەروونی؛ تەندروستی دەروونی.

بهداشت کار: پاکژیکار؛ تەندروستی کار.

بهداشت محیط: پاکژی ژینگـە؛ بـەرگـری لـە پـیس بـوونی ئاقـار و لـە نـاو بـردنی هـۆی نـەخۆشـی. هـەروەهـا: **بهداشـت اجتمـاعی؛ بهداشت غذایی**

بهداشـــتکار / behdāštkār، ـهـا؛ ـان/: اسم. پاکژیکار.

بهداشـــتی / behdāštî/: صـفت. پاکژیکـاری: ١. پێـوەندیـدار بـە تـەندروسـتیەوە ‹فعالیتهای بهداشـتی: تێکۆشـانی پاکژیکـاری› ٢. بـەرامبـەر لـەگـەڵ بنـەماکـانی تـەندروسـتیدا ‹مراقبتهای بهداشتی: چاودێری پاکژیکاری›.

بهداشـــتیار / behdāštyār، ـهـا؛ ـان/: اسـم. پاکژییار.

بهدانـــه / behdāne، ـهـا/: اسم. بـەیانـە؛ بـەیدانـە؛ دەنـووە بـەی؛ ناوکـەبـەی؛ تـۆمی بەی؛ دوون بەهـ.

بـــەدردبخـــور / bedardboxor، ـهـا/: صـفت. [گفتـاری] دەردخـواردوو؛ بـەکارهـاتوو؛ بـەدەرد خـواردی؛ بـەکـەڵـکهـاتوو؛ دەردەوەر؛ لێهـاتوو ‹آدم بەدردبخـوری نیست: کـەسـێکی دەردخـواردوو نیە›.

بـــەدردنخـــور / bedardnaxor، ـهـا/: صـفت. [گفتـاری] دەردنـەخـواردوو؛ بـێبـەهـرە؛ بێکـەڵـک؛ دەرد نـەخـواردی؛ بـەکارنـەهـاتوو؛ دەردنەوەر؛ مەراش.

بهدین / behdîn، ـان/:اسم. بیهدین؛ بادین؛ ناوێ کە زەردەشتیەکان بە خۆیانەوە ناوە.

بهر / bahr/:اسم. بەهر؛ پار؛ پشک؛ بێش؛ دایەخ؛ سەری: **خارج‌قسمت**

بهر / bahre/: حرف. [ادبی] بۆ؛ ژ بۆ؛ ئەڕای؛ پەی ‹بهر من: بۆ من›.

بهرام / bahrām/:اسم. ☜ سیاره مریخ، **مریخ**

بهرامن / bahrāman/ ☜ **بَهرَمان**

بهرمان / bahramān/:اسم. دوڕ؛ یاقووتی سوور: **بهرامن؛ بهرمانی**

بهرمانی / bahramānî/ ☜ **بَهرَمان**

بهروز / behrûz/: صفت. [ادبی] بەختەوەر؛ بەختیار؛ بەهات؛ خودان‌بەخت؛ پیرۆز؛ کەسێ کە ڕۆژگارێکی خۆشی هەیە.

بهروزی / behrûzî/:اسم. [ادبی] بەختەوەری؛ بەختیاری؛ بەهاتی.

بهره / bahre، ـها/:اسم. ١. سوو؛ سوود؛ بەهرە؛ بێر؛ بارە؛ باهر؛ دایەخ ‹بهرەی پول: سووی پارە› ٢. بەش؛ پاژ؛ هۆخ؛ بەر؛ باهر؛ گیهەڤ؛ گوێچ؛ سەری؛ پشکێک لە شتێ ‹بهرەداشتن: بەش‌دار بوون› ٣. دەسهات؛ داهات؛ بار؛ بەرهەم؛ دایەخ ‹بهرە دادن: بەرهەم‌دان›.

◙ **بهرەی بانکی**: سووی بانکی.

بهرەی پول: سووی پارە.

بهرەی مالکانە: داهاتانە؛ زەوی مڵکانە؛ داهاتی خاوەن زەوی لە ڕەعیەتگەلی.

بهرەی هوشی: [روان‌شناسی] بەشی هۆشی؛ ئەندازەی هۆشی هەر کەسێک.

▣ بهرە بردن: ١. قازانج بردن؛ کەڵک بردن ٢. بەهرە بردن؛ لە دەسهات و ئاکامی کارێک سوود بردن. هەروەها: **بهرەداشتن**

بهرە جستن/ گرفتن: قازانج‌گرتن؛ کەڵک وەرگرتن.

بهرە دادن: بەرهەم دان؛ بەر دان؛ بەهرە دان؛ دەسهات دان ‹سرانجام کارگاه بهرەی خوبی داد: لە ئاکامدا کارگاکە بەرهەمی چاکی دا›.

بهرەبرداری / bahrebardārî، ـها/:اسم. ١. بەرهەم‌هەڵگری؛ کار یان ڕەوتی بەرهەم بە دەس هێنان ‹بهرەبرداری از کارخانەی قند: بەرهەم‌هەڵگری لە کارخانەی قەن› ٢. کەڵک‌وەرگری؛ کار یان ڕەوتی کەڵک وەرگرتن ‹آزاد از حرفهای من بە سود خودش بهرەبرداری کرد: ئازاد لە قسەکانم بە قازانجی خۆی کەڵکی وەرگرت›: **بهرەگیری**

بهرەدهی / bahredehî/ ☜ **بهرەوَری-١**

بهرەکشی / bahrekešî، ـها/:اسم. چەوساندنەوە؛ کار یان ڕەوتی قازانج‌گرتن لە دەسهاتی کاری کەسێکی دیکە ‹او بە بدترین شکل از اعضای خانوادەاش بهرەکشی می‌کرد: بە خراپترین شێوە بنەماڵەکەی خۆی دەچەوساندەوە›. هەروەها: **بهرەکش**

بهرەگیری / bahregîrî/ ☜ **بهرەبَرداری-٢**

بهرەمند / bahremand، ـان/: صفت. بەهرەمەند؛ بەهرەوەر؛ بەشدار؛ بەهرەدار؛ خاوەن فایدە ‹او از ذهن خوبی بهرەمند است: لە زەینێکی باش بەهرەمەندە›.

بهرەمندی / bahremandî، ـها/:اسم. بەهرەمەندی؛ بەشداری؛ بەهرەداری؛ دۆخ یان چۆنیەتی بەهرەدار بوون.

بهرەوری / bahrevarî، ـها/:اسم. ١. بەهرەدەری؛ چۆنیەتی بەرهەم یا سوود دان: **بهرەگیری** ٢. کەڵک وەرگری؛ بەهرەگری چاک، ژیرانە و ئابووریانە.

بهزراعی / behzerā'î/: [فارسی/ عربی] اسم. زانست یان زانستیاری چاک‌کردنی شێوەگەلی کشت و کاڵ.

بهزیستی / behzîstî/:اسم. ١. ئاسایشت؛ چاک‌ژیان؛ خاس‌زنەی؛ کار و

بەراوردگەلێک بۆ باش و بە ئاسوودەیی ژیان ٢. مەزرینگەیەک بۆ باشترکردنی ژیانی کۆمەڵ.

بهسازی / behsāzî، ـها/:اسم. چاکەسازی؛ کار و پێشبینیگەلێک بۆ باشترکردنی باری کار و ڕەوتی ژیان.

▣ **بهسازی محیط:** چاکەسازی ژینگە؛ باشتر کردنی جێ ژیان، بە دانان و بەدیهێنانی پێویستیەکانی ژیگە و لەناو بردنی هۆی نەخۆشی و دەرد و ئازار.

بهش / beheš، ـان/: ضمیر. [گفتاری] ١. پێی؛ بەو؛ بەئەو؛ پێ؛ پی؛ پنەش؛ پەنەش؛ پەیش؛ ئەپێ؛ بۆی ‹بهش نمی‌آمد دُزد باشد: پیی نەدەخوارد دز بێ› ٢. لێ؛ لێی؛ بەوە؛ بەئەوە؛ وەنەش؛ ونەش؛ پوەش ‹بهش دست نزن: دەستی لی مەدە›.

بهشان / behešān/: ضمیر. [گفتاری] ١. پێیان؛ بۆیان؛ بەوان؛ پنەشا؛ پەنەشا؛ پەیشا ‹بهشان گفتم؛ بهشان زنگ زدم: وتم پییان؛ زەنگم دا بۆیان› ٢. لێیان؛ لیان؛ پوەشا؛ ونەشا؛ وەنەشا؛ بۆ شت ‹بهشان رنگ قرمز زدم: ڕەنگی سوورم دا لییان›.

بهشت / behešt/:اسم. بەهەشت؛ بوهیشت؛ بەهەشت؛ بەهێشت: ١. شوێنی زۆر خۆش بۆ چاکان، دوای مردن ٢. [مجازی] جێگای زۆر خۆش و بەدیمەن لە سەر ئەم دنیایەدا.

بهشت‌آسا / behešt'āsā/: صفت. [ادبی] بەهەشت‌ئاسا؛ وەکوو بەهەشت.

بهشت آیین / behešt'āyîn/ ☜ **بهشت‌آسا**

بهشتی / beheštî/: صفت. بەهەشتی: ١. پەیوەندیدار بە بەهەشتەوە ‹نسیم بهشتی: شنەی بەهەشتی› ٢. ـها؛ ـان/ ئەوەی وا ئەهلی بەهەشت بێ ‹حوری بهشتی: حۆری بەهەشتی› ٣. ـها؛ ـان/ شایانی چوونە بەهەشت ٤. [مجازی] جوان و دڵڕفێن ‹بهشتی صورت: سیما بەهەشتی›.

بهکده / behkade، ـها/:اسم. شوێنێکی دوور لە شاری دابینکراو بۆ ڕاگرتنی لاوانی ئازوبەزکار.

بەکرات / bekarrāt/: [فارسی/ عربی] قید. چەلان؛ چەندجاران؛ چەندکەڕەت؛ زۆر جاران؛ فرەوجارا؛ چن جاریو ‹به کرات او را دیده بودم: زۆر جاران ئەوم دیبوو›.

بهل / behel/ ☜ **أرْس**

بهم / beham/ ☜ **بەهَم**

بهم / behem، ـان/: ضمیر. [گفتاری] پێم؛ بەمن؛ وەپیم؛ پنەم؛ پەنەم ‹بهم گفته بود: گوتبووی پیم›.

بهمان / bahmān/: ضمیر. فیسار؛ فیسارە کەس؛ جێناوی نەناسراو، کە زۆرتر لەگەڵ فلاندا دێت ‹هر روز می‌گفت برو فلان را ببین و بهمان را دعوت کن: هەموو ڕۆژێ دەیگوت بچۆ فلانەکەس ببینەوە فیسارەکەس بانگ بکە›.

بهمان / behemān/: ضمیر. [گفتاری] بەئێمە؛ پێمان؛ وەئێمە؛ وەپێمان؛ پنەما؛ پەنەما ‹بهمان پول داد: پووڵی دا پیمان›.

بهمن / bahman، ـها/:اسم. ١. هەرەس؛ هەرەسە؛ ڕنی؛ ڕنوو؛ ڕەنۆ؛ شاپە؛ کەوی؛ کۆمایەکی گەورە لە بەفر کە لە بەرزاییەوە بەر دەبێتەوە ٢. ڕێبەندان؛ مانگی ڕێبەندان؛ مانگی یازدەهەمی ساڵی هەتاوی ئێرانی کە ٣٠ ڕۆژە ٣. ☜ **بهمنی**

بەمنزلەی / bemanzeleye, -zaleye/: [فارسی/ عربی] حرف. وەکوو؛ وەک؛ پیسەو؛ دەڵێی ‹او به منزلەی پسر من است: ئەو وەکوو کوڕی منە›.

بهمنگیر[1] / bahmangîr، ـها/:اسم. هەرەس‌گر؛ هەرەس‌گیر؛ میچێکی لێژ بۆ پاریز لە هەرەس کە لە سەر جادەوە ساز دەکرێ.

بهمنگیر[٢]: *صفت.* هەرەسگا؛ هەرەسگە؛ هەرەسگر؛ هەرەسیا؛ شوێنی وا هەرەسی لێ بکەوێ.

بهمنی / bahmanî، ـها/:*اسم.* مارەچووکێ؛ فریسک؛ ڕووەکێک کە زۆرتر لە قەراخی ئاوەوە شین دەبێ: **بهمن**

▣ **بهمنی سرخ:** فریسکی سوور؛ جۆرێک مارەچووکێی گوڵ سوور.

بەناحق / benāhaq/: [فارسی/ عربی] *قید.* بەناڕەوا؛ ناحەق؛ بە پێچەوانەی ڕاستی ‹بەناحق مالش را غارت کردند: بەناڕەوا مالیان بە تالان برد›.

بەناخواست / benāxāst/: *قید. [ادبی]* بە نەوەدڵی؛ نەبەدڵانە؛ بە نەویستی ‹بەناخواست خانەاش را فروخت: بە نەوەدڵیماڵەکەی فرۆشت›.

بهنجار / behancār/: *صفت. [ادبی]* گونجاو؛ جێکەوتوو؛ ڕێکوپێک؛ لەبار؛ لەباو ‹رفتار بهنجار: ئاکاری گونجاو›.

بهنژادی / behnejādî/:*اسم.* زانستی چاک کردنی بنەچەی گیا، گیانەوەر یان مرۆڤ.

بهنگام / behengām, behangām/: *قید. [ادبی]* سەرگاڤ؛ لە سەرکات؛ سەرەوەخت؛ بەوەخت؛ ڕاست لە کاتی شیاودا.

بهورز / behvarz، ـها؛ ـان/:*اسم.* کەسێ بە خوێندنی قۆناغی ناوەندییەوە کە پاش خوێندن لە فێرگەی تەندروستی، لە لادێ کار دەکا.

بهوش / behûš/: *صفت.* وریا؛ هووشیار؛ وشیار؛ شیار؛ گوێقولاغ؛ پاسەوان ‹بهوش باشید: وریا بن›.

بەهم / beham/: *قید.* ١. بەیەکەوە؛ پێکەوە؛ وەگەردیەک؛ یۆوە؛ یۆرە؛ پێوەرە؛ دگەلێک؛ بهەڤرە ٢. تێکەڵ؛ پێکەڵ؛ ئاوێتە؛ بەیەکا؛ لەیەکا؛ یۆنە؛ وریۆنە؛ لە ناو یەکدا ❋ **بهم**

▣ **بەهم برآمدن:** *[کنایی]* دانە/چوونە یەکا؛ دەی پێوەرە؛ خەمین و زیز بوون.

بەهم برخوردن: ١. تووشی یەکتری هاتن؛ گەیشتنە یەک؛ گەیینەیەک؛ یاوەی هەنترینی ٢. پێک دادان؛ لێک کەوتن؛ لێک دان؛ دان لە یەک؛ دانەقەو یەکا؛ ماڵەی یۆیرە.

بەهم پیوستن: بوونە یەک؛ بوونە یەکێ؛ یەک گرتن؛ هەڤگرتن؛ هاودەنگ بوون؛ یۆگێرتەی.

بەهم خوردن: ١. تێکچوون؛ شڵەژان؛ هەڵشێویان؛ تێکشیەی؛ شێویەی ٢. لێک کەوتن؛ لێکدان؛ هەڵتەقین؛ لێک ماڵین؛ بە یەکتری گەیشتن؛ ماڵەی یۆیرە ٣. تێکچوون؛ شێویان؛ تێکشیەی؛ لە بەین چوون ‹دوستیشان بەهم خورد: دۆستایەتیان تێکچوو›.

بەهم رسیدن: گەیشتنە یەک؛ پێک گەیشتن؛ وە هەم ڕەسین؛ یاوەی یۆی؛ یاوەی هەنترینی.

بەهم ریختن: ١. تێکچوون؛ شڵەژان؛ شێویان؛ تێکشیەی؛ شێویەی ٢. شێواندن؛ شڵەژاندن؛ تێکدان؛ ئاڵۆز کردن؛ شێونەی؛ تێکدەی ٣. داڕمان؛ ڕووخان؛ ڕمیان؛ ڕمان؛ وریەی.

بەهم زدن: ١. تێکەڵ کردن؛ دانە یەکا؛ دەی وریۆ؛ دەی چنە ٢. ولیقانن؛ شێواندن؛ شێونەی ٣. لەیەکدان؛ لێکدان؛ ماڵەی هەنترینیەرە؛ ماڵەی یۆیرە؛ دان لە یەکی دو یان چەند شت ٤. شێواندن؛ هەڵشێواندن؛ بەتاڵ کردنەوە؛ شێونەی. هەروەها: **بەهم آمیختن؛ بەهم کوبیدن**

بهیار / behyār، ـها؛ ـان/:*اسم.* بەردەستی پەرەستار لە نەخۆشخانەدا.

بهیمـــی / bahîmî/: [عربـــی] صـــفت. [ادبـــی] درندانـــه؛ حـــەیـــوانی؛ دوور لـــە خۆوخـــدەی مرۆڤانە؛ پێچەوانەی ئینسانی.

بهینــه / behîne/: اسـم. باشـــترین؛ چـــاکترین؛ چـــاترین؛ خاســـترین؛ بـــەیتـــرین؛ باشـــێنه؛ باشینه؛ باشەوە؛ لە باشترین بارودۆخدا.

بهینـــه‌ســـازی / behînesāzî/: اسـم. کـــار یـــان ڕەوتی بەدیهێنـــانی باشـــترین بـــاری شـــیاو یـــان ڕەچاوکراو.

بـــی[1] / bî/: حـــرف. ١. بـــێ؛ بـــە بـــێ؛ نـــەبـــوونی شتێک ‹بی اجازەی شـما شـروع نمـی‌کنیم: بـە بـێ ئیجـازەی ئێـوە دەس پـێ ناکـەیـن› ٢. نـاوی دووهەم پیتی ئەلفوبێتکەی لاتین (B,b).

بی -[2]: پیشوند. بێ- ؛ نیشانەی نەرێـنی ‹بـی‌پول: بی‌پارە›.

بـــی‌آبـــرو / bîyābrû, bî-'āberû/: ـهـا؛ ـیـان/: صـــفت. ١. نـــز؛ نـــزم؛ هـــەتـــک؛ ســـووک و چرووک؛ گـدی؛ بـێ‌ئابـڕوو؛ تـرەک؛ ئابڕوونـەدار ٢. ئابـــــڕووتکاو؛ ئابـــــڕووڕژاو؛ ســـــاواز؛ ڕووهـــەڵماڵـــراو؛ بـــێ‌ڕۆ؛ گۆســـارتمە؛ ســـووک لـــەبـــەر چـــاوان؛ دۆقدۆقـــە؛ چـــەتـــاوەڕوو؛ چـــەتـــاوەسـۆ؛ ڕووســـیا ٣. بـــەدنـــاو؛ نـــاوزڕاو؛ قیچمەز؛ پلەندەر؛ هەتکی.

بـــی‌آبروئـــی / bîyābrû'î, bî-'āberû'î/ ☜ **بی‌آبرویی**

بـــی‌آبرویـــی / bîyābrûyî, bî-āberû'î/: ـهـا/: اسـم. نزمـــی؛ بـــێ‌ئاکـــاری؛ بـــێ‌ئابـــڕوویی (بـــە هەرسێک ماناکانی بی‌آبرو) * **بی‌آبروئی**

بـــی‌آبـــی / bî-'ābî/: اسـم. بـێ‌ئـاوی؛ وشـکی؛ وشـــاڕۆیی ‹درختهـا از بـی‌آبـی خـشکیدند: دارەکـان لە بەر بێ‌ئاوی، وشک بوون›.

بیابـــان / biyābān/: ـهـا/: اسـم. بیـــاوان؛ یـــاوان؛ یابـــان؛ یـــابۆن؛ بیابـــان؛ بێیـــاوان؛ گـــەوەر؛ چـــۆڵ؛ چـــۆل؛ چۆڵـــگە؛ چـــۆلایی؛ وشـــکارۆ؛ حـــشکارە؛ هەردە؛ بێـــروون؛ ئـــاواق؛ لـــەیـــلان؛ شـــافر؛ ســـارا: ١. پانایـیـــەکـــی بـــەربـــلاوی بـــێ ڕوەک یـــان بـــە درک و داڵ و پـــووش و پـــەلاش، بـــە بـــارانی کـــەم و ژیـــواری ســـنووردارەوە ‹بیابـان مرکـزی ایران: بیاوانی ناوەنـدی ئێـران› ٢. هـەر چـەشـنە پانایـیـەکـی بـەربـلاوی ئـاوەدان نـەکـراو ‹سـر گذاشـت بـە کـوە و بیابـان: کـەژ و بیاوانـی گرتـە بەر›.

بیابـــانگرد / biyābāngard/: ـــهـا؛ ـان/: صـفت. بیاوانگـەڕ؛ هـەردەگـێڵ؛ بـەگـەوشـینی گـەڕان یـان کـۆچ لـە بیاوانـدا ‹قبیلـەی بیابانگرد: هـۆزی بیاوانگەڕ›.

بیابـــانگردی / biyābāngardî/: ـهـا/: اسـم. بیاوانگـەڕی؛ گـەوەرگـەڕی؛ هـەردەگێـڵی: ١. دۆخ یـان چۆنیـەتی بیاوانگـەڕ بـوون ‹زنـدگی بیابـانگردی: ژیـانی بیاوانگـەڕی› ٢. چۆڵـگەڕی؛ ژیان و تێکۆشان لـە بیاوانـدا ‹مـدتی کـارش شـده بـود بیابـانگردی: مـاوەیـەک کـاری ببـووە بیاوانگەڕی›.

بیابـــان‌نـــشین / biyābān.nešîn/: ـــهـا؛ ـان/: صفت. دەشـتەکـی؛ گـەوەرنـشین؛ چـۆڵ‌نـشین؛ هـەردەنـشین؛ بیـاوان‌نـشین؛ چـۆلایی‌نـشین؛ سارانشین.

بیابـــانی / biyābānî/: صـفت. ١. وشـــکارۆیی؛ دەشتی؛ گـەوەری؛ هـی بیـاوان ‹گیاهـان بیابـانی: گـــژ و گیـــای وشـــکارویی› ٢. [مجـــازی] چۆڵـپەرسـت؛ هێـڤی؛ وەحـشی ‹غـول بیابـانی: دەعبـای جۆلـپەرسـت› ٣. بیـاوانی؛ گـەوەری؛ دەشـــتی؛ ســـەر بـــە بیـــاوان ‹جـادەی بیابـانی: ڕێگای بیاوانی›

بیـــابرو / biyāboro/: ـهـا/: اسـم. [گفتـاری] ١. هـــاتوچـــوو؛ ئامـــەوشـــۆ؛ ئامـــشۆ؛ ئامـــشەو؛ ئامشۆڕەفت؛ ئامـەولوەی ‹دیـشب تـوی کوچـەی مـا بیـابرو زیـاد بـود، معلـوم شـد دزد خانـەای را زده: دوێنـێ‌شـەو لـە کـۆلانی ئێمـەدا هـاتوجـوو زۆر بـوو، دەرکـەوت دز ماڵـێکی بـڕیوە› ٢. ئـاوەنـد و

ڕەوەند؛ ئاوەن و ڕەوەن؛ بەرەم‌ـبەرەم ‹این خانه یک وقت بیابرویی داشت: ئەم ماڵە ڕۆژگارێک ئاوەند و ڕەوەندیکی بوو›.

بیات[1] / bayāt/: [ترکی/ ؟]/*اسم.* بەیات؛ چەن پاژ لە ئاوازی موسیقای ئێرانی ‹بیات زند: بەیاتی زەند›.

▣ **بیات اصفهان** ☜ **اصفهان**

بیات ترک: ئاوازێک لە دەزگای شووری مۆسیقای ئێرانی: **بیات زند**

بیات زند ☜ **بیات ترک**

بیات[2] /ـها/: [عربی] *صفت.* پەزێرە؛ شەومەن؛ شەومەنە؛ شەوی؛ بەیات؛ نان‌بەیات؛ نانی کۆن کە شەوی بە سەردا هاتبێتەوە.

بی‌آلایش / bî-'ālāyeš/: *صفت.* ۱. خاوێن؛ پاک؛ پاکژ؛ بژون؛ دوور لە پیسی ‹زندگی بی‌آلایش: ژیانی پاک› ۲. بێ‌گرێ؛ بێ‌تەشقەڵە؛ بێ‌مەرایی؛ ساوا؛ بێ‌ڕیا؛ بەبێ‌گرێ و گۆڵ ‹دوستی بی‌آلایش: دۆستایەتی بی‌گری›.

بی‌اتیکت / bî'etîket، ـها/: [فارسی/ انگلیسی] *صفت.* بێ‌ئاکار؛ بێ‌ئەخلاق؛ بێ‌ئەدەب؛ بێ‌مشوور.

بی‌اختیار[1] / bî'extiyār/: [فارسی/ عربی] *صفت.* بێ‌دەسەلات؛ بێ‌ئازادی؛ بێ‌سەربەستی یان مافی ئەنجامدانی کارێک ‹نوکر بی‌اختیار: نۆکەری بی‌دەسەلات›.

بی‌اختیار[2]: *قید.* بێ‌هاگا؛ بە بێ ویست و بڕیاری پێشوو ‹تا او را دیدم بی‌اختیار زدم زیر گریه: تا دیتم بی‌هاگا دام لە قولپەی گریان›.

بی‌اختیاری / bî'extiyārî/: [فارسی/ عربی] /*اسم.* ۱. بار و دۆخ یان چۆنیەتی نەبوونی دەسەلات ۲. دۆخ یان چۆنیەتی نەبوونی دەست‌ودوو یان ویست بۆ ئەنجامدانی کار یان ئاکاری ڕەچاوکراو.

بی‌ادب / bî'adab، ـها؛ ـان/: [فارسی/ عربی] *صفت.* نخای؛ بێ‌ئەدەب؛ ڕەوشت‌خراپ؛ بێ‌ئاکار؛ بێ هەڵس‌وکەوتی لەباو و گونجاو لە کۆمەڵگادا.

بی‌ادبانه[1] / bî'adabāne/: [فارسی/ عربی/ فارسی] *صفت.* نخایانە؛ هاوڕێ لەگەڵ ئاکاری ناشیرینداا ‹رفتار بی‌ادبانه: ئاکاری نخایانە›.

بی‌ادبانه[2]: *قید.* نخایانە؛ دوور لە نەریت ‹با آنها بی‌ادبانه سخن می‌گفت: لەگەڵیاندا نخایانە دەدوا›.

بی‌ادبی / bî'adabî، ـها/: [فارسی/ عربی]/*اسم.* نخایی؛ هەڵس‌وکەوتی ناڵەبار و نەگونجاو بە پێچەوانەی ڕستی کۆمەڵگا.

بی‌اصل / bî'asl/: [فارسی/ عربی] *صفت.* ۱. *[نامتداول]* درۆ؛ بێ‌پایە ۲. ☜ **بی‌اصل و نسب**

بی‌اصل‌ونسب / bî'asl-o-nasab، ـها/: [فارسی/ عربی] *صفت.* بێ‌بناغە؛ بێ‌ڕەتەوە؛ بێ‌بنەچە؛ بێ‌پێز؛ ناڕەسەن؛ بێ‌کەس‌وکار؛ بێ‌ڕەگەز؛ گونج‌خواردە؛ بێ‌بنەماڵە و ڕەتەوەی ناسراو: **بی‌اصل ـ۲**

بیاض / bayāz/: [عربی]/*اسم.* ۱. *[ادبی]* سپیەتی؛ چەرمگی؛ چەرموویی؛ چەرمەیی ۲. *[قدیمی]* یاز؛ دەفتەری لای‌دەس؛ دەفتەری بەخەڵی ۳. *[قدیمی]* دەفتەرێکی درێژ و بارێکی بەرگ گیراو بۆ نووسینی هەڵبژاردەی شیعری شاعیران و قسەی نەستەق و پەندی پێشینان.

بیاضی / bayāzî/: [عربی] ☜ قطع بیاضی، **قطع**

بی‌اطلاع / bî'ettelā'/: [فارسی/ عربی] *صفت.* بێ‌هاگا؛ ناتاگا؛ بێ‌خەوەر؛ بێ‌خەبەر؛ بێ‌جەی: ۱. دۆخ یان چۆناوچۆنی هاگا نەبوون ‹من از مریضیتان بی‌اطلاع بودم: من لە نەخۆشیتان بی‌ئاگا بووم› ۲. بە بێ‌ئاگایی ‹این روزنامەنویسهای بی‌اطلاع...: ئەم ڕۆژنامەنووسە بی‌ئاگایانە...›.

بی‌اعتبار / bî'e'tebār/: [فارسی/ عربی] *صفت.* ۱. بێ‌بڕ؛ بێ‌بڕەو؛ بێسە؛ کەمتەرخ؛ بەبێ نرخ و سەنگ ‹این چکها بی‌اعتبار است: ئەم چەکانە بێ‌بڕن› ۲. نەلێیە؛ بێ‌ئۆرت؛ نەجێ‌باوەڕ ‹این سقف بی‌اعتبار است: ئەم میچە نەلیبەیە›. هەروەها: **بی‌اعتباری**

بی‌اعتنائی / bî'e'tenā'î/: [فارسی/ عربی] ☜ **بی‌اعتنایی**


بیلکــــــاری / bîlkārî/: اسـم. بێــــڵکاری؛ پێمەڕەکاری؛ مەردان؛ کار بە پێمەڕە.

بیلیــارد / bîlyārd/: [از فرانسـوی] اسـم. بیلیــارد؛ یاریـەکی دووکـەسـی لـە سـەر مێـزە کـە بـە چێوێـک تـۆپ لێکـدەدەن و دەکـونی چـوار سووچی مێزەکەی دەخەن: **بلیارد**

بیلیون/ bîlyon/: [فرانسوی/ انگلیسی] ☜ **ملیارد**

بـیم / bîm، ـهـا/: اسم. [ادبـی] تـرس؛ تـەرسـی؛ بـیم؛ سـامی؛ سـەهـم؛ هـەراسـە؛ ئـەنـێش؛ ئەندێشە؛ ئـەنـدێش؛ هـاس؛ خـۆف؛ بـاک ‹بـیم مرگ: ترسی مەرگ›.

⊡ **بـیم دادن**: ترســاندن؛ گــوڕەشــەکــردن؛ هەڕەشەکردن؛ تەرسنەی؛ گەفکەردەی.

بـــیم داشـــتن: نیگـــەران بـــوون؛ ترســـان؛ ترسـیان؛ تــرس لــێنیــشتن؛ تــەرســەی؛ سامیکەردەی؛ هەستی ترسکردن.

بیمــار[1] / bîmār، ـهـا؛ ـان/: اسـم. نــەخــۆش؛ نــەوەش؛ نــەوەشــە؛ ژانــدار؛ ژانــۆ؛ نــاڕەحــەت؛ لـەشبـەبـار؛ دەردەدار؛ بێمـار؛ نـەسـاز؛ ناسـاغ؛ نــەسـاغ؛ نــەسـاخ؛ ناسـاخ؛ ناسـاز؛ خـەسـتە؛ دەرداوی؛ دەردبــار؛ دەردیـــن؛ نـــەوەســـە: ١. گیانداری کە برێک لـە ئـەندامـەکـانی لـەشـی تووشـی ناسـاغی هـاتوون ٢. کـەسـێ کـە بـە هـۆی نـەخـۆشـیەوە، لـە ژێـر چـاوەدێریدایـە و دەرمان دەکرێ.

⊡ **بیمـــار اورژانـــس**: نـــەخـۆشـــی کـــەلـــەلا؛ نــەخـۆشـــی بــەتــرەف؛ نــەخـۆشـێـک کــە پێویستە زوو فریای کەون.

بیمار بستری: نـەخـۆشـی ناوجـێ؛ نـەخـۆشـێ کە ناتوانێ هەستێ و دەبێ پێی ڕابگەن.

بیمار درونی: بنا و بوێژ؛ دەغەزدار؛ لە دەروونداناساز؛ دڵنەخۆش.

بیمار سرپایی: نەخۆشی سەرپێیی؛ نەخۆشێک کە بەبێ شەو مانەوە لە نەخۆشخانە، چاری کاری دێ.

بیمار مردنی: ژار و ژەنگ؛ نەخۆشی لە مردن؛ نەخۆشی لە سەرە مەرگ.

▣ **بیمار شدن:** نەخۆش کەوتن؛ نەخوەش کەفتن؛ نەخۆش بوون؛ ژانین؛ نەوەش کەوتەی.

بیمار[۲]: *صفت.* دەردەدار؛ نەخۆش؛ نەوەش؛ نەساز؛ تووشی نەخۆشی بوو ‹مغز بیمار: مێشکی نەخۆش›. هەروەها: **بیمار بودن؛ بیمار شدن**

بیمارداری / bîmārdārî، ـها/: *اسم.* نەخۆشیاری؛ چاودێری کردنی نەخۆش. هەروەها: **بیماردار**

بیمارستان / bîmārestān، ـها/: *اسم.* نەخۆشخانە؛ خەستەخانە؛ تیمارخانە.

▣ **بیمارستان اختصاصی:** نەخۆشخانەی پسپۆڕی؛ خەستەخانەیەک کە بۆ دەرمانی بڕێک نەخۆشینی تایبەتی تەرخان کراوە.

بیمارستان خصوصی: نەخۆشخانەی تایبەتی؛ خەستەخانەی نادەوڵەتی.

بیمارستان دولتی: نەخۆشخانەی دەوڵەتی.

بیمارستان روانی: نەخۆشخانەی ڕەوانی.

بیمارستان سیار: نەخۆشخانەی گەڕۆک؛ نەخۆشخانەی لە سەر ماشێن و ناو خێوەت، بە هەموو جۆرە پێویستییێکەوە، بۆ پێڕاگەیشتن بە نەخۆشان لە جێی خۆیاندا.

بیمارستان صحرایی: نەخۆشخانەی دەشتی؛ نەخۆشخانەی سارایی؛ نەخۆشخانەی دامەزراو لە نێو خێوەتان بۆ یارمەتیدانی لێقەوماوانی شەڕ و بوومەلەرزە و...

بیمارستان عمومی: نەخۆشخانەی گشتی؛ نەخۆشخانەی دەرمانکاری هەموو جۆرە نەخۆشیەک.

بیمارستانی / bîmārestānî/: *صفت.* نەخۆشخانەیی؛ خەستەخانەیی؛ پێوەندیدار یان سەر بە نەخۆشخانەوە ‹کار بیمارستانی: کاری نەخۆشخانەیی›.

بیمارگونه / bîmārgûne/: *صفت.* نەخۆشئاسا؛ وەکوو نەخۆش؛ نزارانە ‹رفتار بیمارگونە: ئاکاری نەخۆشئاسا›.

بیماری / bîmārî، ـها/: *اسم.* نەخۆشی؛ ناخۆشی؛ نەخۆشین؛ ناخۆشین؛ نەوەشی؛ دەغەز؛ نێوەشانی؛ نەساغی؛ نەساخی؛ ناساخی؛ ناساغی؛ ناساقی؛ ناسازی؛ بێماری؛ هللە؛ لەشبەباری؛ هەر چەشنە ناکۆکی یان ناتەباییەک لە لەشی زیندەوەردا.

▣ **بیماری ارتفاع:** ١. *[روان‌شناسی]* بەرزە ترسی؛ نەخۆشی ترسان لە بەرزایی ٢. بێنەفەسی؛ نەخۆشی بەهۆی کەم بوونەوەی هەوا لە بەرزاییەوە: **هوازدگی ✻ آزاربلندی**

بیماری آمیزشی: نەخۆشی تێکەڵی؛ هەر جۆرە نەخۆشییێک کە بە بۆنەی سەرجێیی کردنەوە تووشی مرۆ دەبێت (وەک سووزاک).

بیماری بومی: نەخۆشی ناوچەیی؛ نەخۆشی وا کە زیاتر خەڵکی ناوچەیەک تووشی دەبن.

بیماری پارکینسن: فلج تشنجی ☜ **فلج**

بیماری جوع: نەخۆشی برسیەتی؛ نەخۆشی زاف؛ نەخۆشی تێر نەخواردن کە بە بۆنەی تێکچوونی بەشێکی مێشکەوە تووش دەبێ: **مرض جوع**

بیماری خواب: نەخۆشی خەوبردوویی؛ نەخۆشی خەوەخەوی کە بە بۆنەی پێوەدانی جۆرێ مێشەوە تووش دەبێ.
بیماری روانی: نەخۆشی ڕەوانی؛ هەر شێوە ئالۆزیەکی سەر بە ڕەوانی مرۆ.
بیماری سخت: بەلوەشێن؛ نەخۆشی گران؛ دەردی گران؛ نەخۆشینی سەخت.
بیماری شغلی: نەخۆشی پیشەیی؛ هەرکام لەو نەخۆشیانە کە زۆرتر کارکەرانی کارێکی تایبەت تووشی دەبن.
بیماری شکوفەی انگور: هەلەم؛ نەخۆشی هەرزنەی ترێ.
بیماری طوطی ☜ تب طوطی، **تب**
بیماری عفونی: نەخۆشی تەشەنە؛ نەخۆشی قەگرتن؛ نەخۆشیەک کە بە بۆنەی زۆرگرتن و زیادکردنی میکرۆب لە ناو لەشدا سەر هەڵدەدا.
بیماری قارچی: نەخۆشی کوارگی؛ نەخۆشی سەر تێکردنی کوارگی نەخۆشی‌هێنەر لە پاژێکی لەش بەتایبەت لە سەر پێست.
بیماری قند: نەخۆشی قەن؛ دیابێت.
بیماری مسری/ واگیردار: درۆم؛ درم؛ پەتا؛ ئازار؛ ئاهۆ؛ درووشە؛ ماختە؛ مافەتا؛ دەردی گیرۆ؛ وەگر؛ نەخۆشی گیرۆ؛ پەژێک؛ نەخۆشییەک کە لە کەسێکەوە کەسێکی تر تووش دەبێ.
بیماری همەگیر: نەخۆشی وەگیر؛ نەخۆشی قەگرتی؛ نەخۆشییەک کە لە ماوەیێکی کورتدا لە ناوچەیەک بڵاو دەبێتەوە و بەشێکی گەورە لە ئاپۆرە تووشی دەبن.
☐ از بیماری برخاستن: هەستانەوە؛ چاکبوونەوە؛ خاس‌بوونەوە و ئیتر لەبەر نەخۆشی نەخەوتن.

بیماریابی / bîmāryābî، ـها/: اسم. نەخۆش‌دۆزی؛ دۆزینەوە و سیایی گرتن لە نەخۆشانی ناوچەیەک بۆ دەرمانیان و بەرگری لە پەرەساندنی نەخۆشیەکە.
بیماریزا / bîmārîzā/: *صفت*. نەخۆشخەر؛ نەخۆشیهێن؛ نەخۆشکەر.
بی‌مانند / bîmānand/: *صفت*. بێچوون؛ بێوێنە؛ بێگوڕەبا؛ نەهەم هەڤ؛ بێهاوتا؛ تاقانە؛ یەکە.
بی‌مایە / bîmāye/: *صفت*. ١. بێئامێژەن؛ بێئامیان؛ بێهێم ٢. *[مجازی]* بێدەسمایە؛ بێمایە ٣. *[مجازی]* بێئاگا؛ نائاگا ‹آدم بی‌مایە فقط ادعا دارد: مرۆی بێ‌ئاگا هەر گفەیە›.
بی‌مبالات / bîmobālāt/: [فارسی/ عربی] *صفت*. گەللایی؛ گوێنەدەر؛ ئەرزان؛ ناگۆش‌گیر؛ بێمبالات ‹اینجا برای آدم بی‌مبالات جایی نیست: لێرە مرۆی گەللایی ڕێگای نیە›.
بی‌مبالاتی / bîmobālātî/: [فارسی/ عربی] *قید*. ڕووساردی؛ گوێ نەدەری؛ بێمبالاتی ‹در این کار خیلی بی‌مبالاتی کرد: لەم کارەدا زۆری ڕووساردی کرد›.
بی‌مثال / bîmesāl/: [فارسی/ عربی] *صفت*. بێوێنە؛ بێهاوتا؛ بێگوڕەبا؛ بێچەشن ‹خوشا بهاران بی‌مثال کردستان: چەند خۆشە بەهارانی بێوێنەی کوردستان›.
بی‌محابا[1] / bîmahābā, bîmohābā/: [فارسی/ عربی] *صفت*. بێترس؛ بێنیگەرانی ‹رفتار بی‌محابا: جوولانەوەی بێ‌ترس›.
بی‌محابا[2]: *قید*. بێترس؛ بێنیگەرانی ‹بی‌محابا پیش رفت تا بە سنگرهای دشمن رسید: بە بێترس چووە پێشەوە تا گەیشتە مەتەرێزەکانی دوژمن›.
بی‌محل / bîmahal/: [فارسی/ عربی] *صفت*. ١. ناوەخت؛ نابەجێ؛ ناڕەوا ‹خروس بی‌محل:

کـەلـەشـێری نـاوەخـت›. ٢. بـێ‌پـشتیوان؛ بـێ پاڵپشت ‹چک بی‌محل: چەکی بێ‌پشتیوان›.

بـــی‌مـــخ / bîmox/: [فارسـی/ عربـی] *صـفت.* *[گفتـاری]* بـێ‌مێـشک؛ بـێ‌مـەژگ؛ بـێ‌مـەژی؛ کەللەشەق؛ سەرەخەر؛ خرپوو؛ قرۆڵ.

بـــی‌مـــزه / bîmaz(z)e/: *صـفت.* بـێ‌تـام؛ نـاخۆش: ١. بـێ‌چێـژە ‹غذای بی‌مزه: چێشتی بێ‌تام› ٢. *[کنایی]* نـەشیاو؛ نالـەبار (سـەبارەت بـە ئاکـار و کـردار) ‹شـوخی بـی‌مـزه: شـۆخی ناخۆش›.

بـــی‌مـــصرف / bîmasraf/: [فارسـی/ عربـی] *صفت.* ١. *ـها/* بێ‌کـەڵـک؛ گـەنـدەڵ؛ چـرووک؛ کارلـێ‌نـەهـاتوو ‹آدم بـی‌مـصرف: مـرۆی بـێ‌کـەڵـک› ٢. داکـەوتـوو؛ بـەبـێ کـەڵـک لـێ‌گـرتن ‹پـولش همینطـور بـی‌مـصرف افتـاده: پارەکەی هەروا داکەوتووە›.

بـی‌معرفـت / bîma'refat. ـها/: [فارسـی/ عربـی] *صفت.* ئـەمـەگ‌نـەنـاس؛ بـە هـەڵـس‌وکـەوتی دوور لـە بایـەخگـەلی کۆمـەڵـگا ‹برادرت خیلی بی‌معرفت است، یک تلفن بـه ما نمی‌زند: براکـەت زۆر ئـەمـەگ‌نـەناسـە، تـەلـەفوونێکمـان بـۆ ناکـا›.

هەروەها: **بی‌معرفتی**

بی معطلـی / bîmo'attalî/: [فارسـی/ عربـی] *قید.* دەسـبەجـێ؛ جـێ‌وەجـێ؛ خێـرا؛ ئـازا؛ ڕێـوڕا ‹بی‌معطلی پول را داد: دەسبەجێ پارەکەی دا›.

بـی‌معنـی / bîma'nî/: [فارسـی/ عربـی] *صـفت.* ١. بـێ‌واتـا؛ بـێ‌نـاوەرۆک؛ بـێ‌مانـا ‹ایـن جملـه بی‌معنی است: ئـەم ڕسـتە بـێ‌واتایـە› ٢. پـڕوپووچ؛ هیچ و پووچ؛ گـەزاف؛ حـەلـەق‌ـمـەلـەق ‹چرا حرفهـای بـی‌معنـی مـی‌زنـی: بـۆچی قـسەی پـڕ و پووچ ئەکەی›.

بـــی‌مغـــز / bîmaqz/: *صـــفت.* ١. *[کنـــایی]* بـێ‌مێـشک؛ سـەربـەتـاڵ؛ نـەزان؛ بـێ‌ئـاوەز؛ بێ‌یـۆڵ؛ بـێ‌مـەژگ ‹خیـال نمـی‌کـردم ایـن انـدازه سادەلـوح و بـی‌مغـز باشـد: نـەمـدەزانـی ئـەوەنـدە ساویلکە و بـێ‌مێـشک بـێ› ٢. پووچـەڵ؛ پـووچ؛ بێ‌ناو؛ بێ‌ناوک؛ قـرۆڵ ‹گـردوی بـی‌مغـز: گـوێزی پووچەڵ›.

بی مقـدار / bîmeqdār/: [فارسـی/ عربـی] *صـفت.* تـەوش؛ بـێ‌بـەهـا؛ بـێ‌قیمـەت؛ مـەراش؛ بێ‌ئەرزش؛ بێ‌بایەخ؛ بێ‌نرخ؛ بێسە.

بـی‌مقدمـه[1] / bîmoqaddame/: [فارسـی/ عربـی] *صفت.* ناکاو؛ یەک‌جارەکی؛ کوت‌وپڕ؛ یەکهەو؛ گز و گومەت؛ گز و گومبـەت؛ گـز و گـوم؛ لـەپـڕ و نەکاو؛ ناگا؛ بە بێ‌شۆنەوار یـان نیـشانەیـەک لـە ڕابردووەوە ‹دردش بی‌مقدمه بود: ئێشەکەی لە ناکـاو بوو›.

بی‌مقدمه[2]: *قید.* لـەناکـاو؛ لـەپـڕ و نـەکـاو؛ بـە یەک‌جارەکی؛ کوت‌وپـڕ؛ یـەکهـەو؛ ناگـا؛ گـز و گومەت؛ گز و گومبـەت؛ گـز و گـوم ‹بـی‌مقدمـه نمـی‌شـود او را بیـرون کـرد: لـە نـەکـاو نابـێ دەربکرێ›.

بـی‌ملاحظـه[1] / bîmolāheze/: [فارسـی/ عربـی] *صفت.* ١. بـێ‌پـەروا؛ بـێ‌تـرس؛ بـێ‌بـاک ‹رفتـار بـی‌ملاحظـه: ئاکـاری بـێ‌پـەروا› ٢. بـێ‌ڕووبـینی ‹آدم بی‌ملاحظه: بنیادەمی بێ‌ڕووبینی›.

بی‌ملاحظـه[2]: *قید.* بـێ‌ڕووبـینی؛ بـەبـێ ڕەچـاو کـردنی بنـەمـا و ڕێ‌وشـوێنی پـەسـندکراو ‹بـی‌ملاحظـه همـەی حرفهـایش را زد: بـێ‌ڕووبـینی هەموو قسەکانی کرد›.

بـی‌مناسـبت / bîmonāsebat/: [فارسـی/ عربـی] *صفت.* نابەجێ؛ بێ‌جێ؛ بـێ‌یاگـێ؛ بـێ‌بۆنـە ‹اگـر اینجـا یـادی از او شـود، بـی‌مناسـبت نخواهـد بـود: ئەگەر لێرەدا یادێکی لێ بکرێ، بێ‌جێ نیە›.

بیمنـــاک / bîmnāk/: *صـــفت.* *[ادبـــی]* ١. نیگەران؛ دڵ‌پـەرێـشان؛ پـەرۆش ‹زن از آینـدەی خـود بیمنـاک بـود: ژنـەکـە لـە داهـاتووی نیگـەران بـوو› ٢. سـامناک؛ بـسـەهـم؛ بـەسـام ‹راه بیمناک است: ڕێگە سامناکە›.

بـــی‌مـــو / bîmû/: *صفت.* زەلـووت؛ بـێ‌مـوو؛

بێ‌تووک.

بــی‌موقــع / bîmo:qe', -mowqe' /: [فارســی/ عربـی] قید. ١. بـێ‌وەخـت؛ نـاوەخـت؛ بێگـاف ‹شب بی‌موقع زنگ زد: شەو ناوەخت زەنگی لێدا› ٢. نابەجێ؛ بێ‌یاگێ؛ لە شوێن یا بۆنەیەکی نابەجێ ‹خیلی بی‌موقع گفت: زۆر نابەجێ گوتی›.

بیمه / bîme، ـھا/: [هندی]/اسم. دابین؛ بیمە؛ بڕیارنامەیەک کە لە سۆنگەیدا، لایێک لە پێناو وەرگرتنی مزێکی دیاریکراوەوە بە لایەکی‌تر گفت دەدا کە ئەگەر بە هۆی کارەساتێکەوە زیانێکی لێ‌کەوت بۆی قەرەبوو بکاتەوە.

▣ **بیمەی آتش‌سوزی**: دابینی ئاور تێبەربوون.

بیمەی اتومبیل: دابینی ترۆمبیل؛ بیمەی ماشین.

بیمەی اجتماعی: دابینی کۆمەڵایەتی؛ جۆرێک دابینی تایبەت بە تاقمێکی دیاریکراو لە کۆمەڵ.

بیمەی ازکارافتادگی: دابینی لەکار کەوتوویی؛ بیمەی کاتی پیری یان لەکارکەوتوویی بە بۆنەی ڕووداوێکەوە.

بیمەی باربری: دابینی باربەری؛ دابینی قەرەبووکردنەوەی بار، ئەگەر بفەوتێ.

بیمەی بیماری و درمان: دابینی دەوا و دەرمان.

بیمەی حوادث: دابینی کارەسات؛ دابینی بژاردنی زەرەری هەموو جۆرە کارەساتێک.

بیمەی دزدی: دابینی دزی؛ دابینی ماڵی دزراو تا ڕادەی دیاریکراو.

بیمەی ساختمان: دابینی خانووبەرە؛ دابینی ماڵ ئەگەر تووشی زیانێک بێ.

بیمەی سرنشین: دابینی مسافر؛ بیمەی دانیشتوانی ناو ماشێن.

بیمەی شخص ثالث: دابینی سێهەم‌کەس؛ بیمەی بژاردنی خەسارێک کە لە لایەن دابین‌دانەرەوە بە کەسێکی‌تر بگا.

بیمەی عمر: دابینی ژیان؛ بیمەی پارەدان بە کەس‌وکاری دابین‌دانەر، ئەگەر بمرێ.

بیمەی کارگری: دابینی کرێکاری.

هەروەها: **بیمەی کارمندی**

▣ **بیمە شدن**: بیمە بوون؛ دابین بوون.

هەروەها: **بیمە بودن؛ بیمە شدن؛ بیمە کردن**

بی‌مهر / bîmehr /: صفت. بێ‌مێر؛ بێ‌مێهر؛ بێ‌خۆشەویستی؛ نامیرەوان. بەرانبەر: **مهربان** ‹من ندانستم از اول کە تو بی‌مهر و وفایی: ئەز نزانام ژبەرێدا کەتە بێ‌میر و وەفای›.

بی‌مهری / bîmehrî، ـھا/: اسم. بێ‌مێری؛ بێ‌مێهری؛ ناوەشەویسی؛ بێ‌خۆشەویستی: ١. بار و دۆخ و چۆنیەتی نەبوونی خۆشەویستی بۆ کەسێک ‹این نشانەی بی‌مهری توست: ئەمە نیشانەی بێ‌مێری تویە› ٢. کار یان ڕەوتی پیشاندانی ئاکاری بێ‌مێهرەوانی ‹اشک من رنگ شفق یافت ز بی‌مهری یار: بوو بە خوێن فرمێسکی چاوم هێندە یار بێ‌مێهری کرد›.

بیمەگر / bîmegar، ـھا؛ ـان/: [هندی/ فارسی]/اسم. دابینکار؛ بیمەکار؛ بیمەدەر؛ کەس یان دامەزراوەیەک کە بیمە دەکاتەوە.

بیمەگزار / bîmegozār، ـھا؛ ـان/: [هندی/ فارسی]/اسم. دابینیار؛ کەسێ کە گیان یان ماڵی لە لای بیمەکارەوە بیمە دەکا.

بیمەنامە / bîmenāme، ـھا/: [هندی/ فارسی]/اسم. دابین‌نامە؛ بیمەنامە؛ نووسراوەی نێوان دابینکار و دابین‌دانەر.

بی‌میلی / bîmaylî، ـھا/: [فارسی/ عربی]/اسم. بێ‌وازی؛ بێ‌مەیلی؛ ساردی ‹نسبت بە

پیشنهادم بی‌میلی نشان داد: لە بەرامبەر پێشنیارەکەمەوە بێ‌وازی کرد›.

بی‌میوە / bîmîve/: صفت. بێ‌بەر؛ بێ‌میوە؛ بێ‌وەر: ١. بێ‌وەچ؛ داری بێ‌بەر ‹سپیدار از درختان بی‌میوه است: سپیدار لە دارگەلی بێ‌بەرە› ٢. [کنایی] مرۆڤ (بەتایبەت) پیاوی بێ‌منداڵ.

بیّن / bayyen/: [عربی] صفت. [ادبی] ئاشکرا؛ پەیدا؛ خویا؛ ڕۆشن؛ بەرچاو؛ دیار؛ ڕوون ‹فرق بیّن: جیاوازی ئاشکرا›.

بین / bayne/: [عربی] حرف. نێوان؛ ناوەین؛ بەین؛ ژەڤەک ‹بین آنها دعوا شد: لە نێوانیاندا بوو بە شەڕ›.

ـ بین / bîn/: پیواژە. ـ بین؛ ـوین: ١. بینەر؛ وینەر ‹تاریک بین: ڕەش‌بین› ٢. ـ ئرمان؛ ئرمانەر؛ نیشاندەر؛ پیشاندەر ‹دوربین: دووربین›.

بینا / bînā، ـها؛ ـیان/: صفت. بینا: ١. چەشدار؛ دیتۆخ؛ خاوەن هێزی دیتن ‹چشم بینا: چاوی بینا› ٢. [مجازی] ژیرڤان؛ ڕوون‌بین؛ خاوەن توانایی پێش‌بینی و هەڵسەنگاندنی ڕێک و ڕاستی ڕووداوگەل ‹چشم دل بینا کن: چاوی دڵ بیناکەوە›.

بینائی / binā'i/ ☜ **بینایی**

بیناب / bînāb، ـها/: اسم. شەبەنگ؛ ڕەشەک؛ شەوەنگ؛ تەیف؛ نەوارێکی پێکهاتوو لە پرشنگ یان مەوجی لە پەنا یەک.

بیّنات / bayyenāt/: [عربی] جمعِ ☜ **بیّنه**

بین‌الطلوعین / baynottulû'ayn/: [عربی] اسم. تاریک و ڕوون؛ بوولێڵە؛ تاریک و لێڵ؛ گورگ و مێش؛ بوومەلێڵ؛ ڕووناکی نێوان ئاخر و ئۆخری شەو تا هەڵاتنی تاو یان سەر ئێوارە تا سەری شەو.

بین‌المجالس / baynolmacāles/: [عربی] صفت. نێو ئەنجومەنی؛ سەر بە پارلەمانی نێونەتەوەگەل.

بین‌الملل / baynolmelal/: [عربی] ☜ **بین‌المللی**

بین‌المللی / baynolmelalî/: [عربی] صفت. نێونەتەوەیی؛ ناڤنەتەوەیی؛ ناڤنەژادی؛ سەر بە گەلانی دنیا: **بین‌الملل**

بین‌النهرین / baynonnahrayn/: [عربی] اسم. ناوچۆمان؛ نێوچۆمان؛ ناوڕووان؛ میزۆپۆتامیا؛ هاوران؛ زەوینی نێوان دوو ڕووباری دەجلە و فورات.

بین‌الهلالین / baynolhelālayn/: [عربی] قید. نێوکەوانە؛ نێو دووکەوان؛ ناو پەڕانتێز.

بینایی / bînāyî، ـها/: اسم. بینایی: ١. دۆخ یان چۆنیەتی بینا بوون ‹نه بینایی افزون ز دانایی است: کوا بینایی لە زانایی سەرترە› ٢. سۆما؛ سۆ؛ بیناهی؛ هانا؛ هەتەر؛ گوردی دیتن ‹خرد بهتر از چشم بینایی است: ئاوەز بینایەکی باشتر لە چاوە› ٣. وینایی؛ هەتەر؛ سۆما؛ سۆ؛ هانا؛ هەستێ کە لە ڕێگەی چاوەوە دەور و بەر دەناسێ ‹بر اثر پیری، به تدریج بینایی کم می‌شود: لەبەر پیری، بەرە‌بەرە بینایی کەم دەبێتەوە› ٤. [قدیمی] چاو؛ چەو؛ چەم؛ چەهڤ؛ دیدە ✱ **بینائی**

بینایی‌سنجی / bînāyîsancî، ـها/: اسم. بینایی‌پێوی؛ کاری تاقی‌کردنەوەی ڕادەی سۆمای چاو.

بین‌راهی / baynerāhî/: صفت. ناوڕێ؛ نێوڕێ؛ دلێ‌ڕای؛ پێوەندیدار یان سەر بە شوێنێک لە نێوان ڕێگایێکدا ‹مسافر بین‌راهی: مسافری ناوڕێ›.

بینش / bîneš، ـها/: اسم. ڕوانگە؛ بینشت: ١. توانایی ڕوانین و وردبوونەوە لە دیاردەگەل و ڕووداوەکان و بەرئەنجام گرتن لێیان ٢. چۆناوچۆنی ئەو توانایییە ‹بینش توحیدی: ڕوانگەی یەکتاپەرستی›.

بی‌نشان / bînešān/: *صفت.* بێ‌نیشان؛ بێ‌شوێن؛ بێ‌شۆن و بەر؛ بێ سەر و شوێن؛ وەتانەت. هەروەها: **بی‌نشانی**

بی‌نظمی / bînazmî، ـها/: [فارسی/ عربی] *اسم.* شپرزی؛ تێکەڵ‌پێکەڵی؛ ناتەکووزی ‹بی‌نظمی موجب اخراج شما از مدرسه می‌شود: شپرزی ئەبێتە هۆی دەرکردنتان لە قوتابخانە›.
هەروەها: **بی‌نظم**

بی‌نظیر / bînazîr/: *صفت.* بێ‌وێنە؛ بێ‌هاوتا؛ بێ‌گۆڕەبا؛ بێ‌هەواڵ؛ تەل؛ تاک؛ تاق؛ کەلە؛ کەموێنە؛ بێ‌چوون ‹فرصت بی‌نظیر: هەلی بی‌وێنە›.

بینگو / bîngo/: [انگلیسی] ☜ **لوتو**

بی‌نمک / bînamak/: *صفت.* بێ‌مەک: ۱. بێ‌خوێ؛ کەلی؛ کەلێ ‹غذای بی‌نمک: چێشتی بێ‌مەک› ۲. *[مجازی]* بێ‌تام؛ ناخۆش؛ ناشیرین ‹شوخی بی‌نمک: شۆخی بی‌مەک›.

بیننده / bînande، ـها؛ ـگان/: *اسم.* بینەر؛ وینەر؛ چاولێکەر؛ نهێرتۆخ؛ تماشاکەر؛ تواشاکەر؛ تەماشەڤان ‹بینندەی تلویزیون: بینەری تەلەفیزیون›.

بینوا / bînavā، ـها؛ ـیان/: *صفت.* ۱. بەلەنگاز؛ بلەنگاز؛ ڕەواڵ؛ هەژار؛ ژار؛ نەدار؛ لانەواز؛ بڕەش؛ کاسۆ؛ فەقیر؛ بەستەزمان؛ گێتە؛ ڕووق؛ نەتێر؛ برچی؛ واردەس؛ دەسکورت؛ خزان؛ بێ‌حاڵ؛ بێ‌ماڵ؛ ڕەبەن؛ سەڵت؛ بێ‌دەر؛ بێ‌تووتە؛ بێ‌ئەنوا؛ بێ‌نەوا؛ لامیسک؛ ناک؛ لیتەک؛ بابەدەست؛ ڕووت؛ زوار؛ ڕەجەن؛ ڕەجاڵ؛ بەژماڵە؛ نسک؛ دەستەنگ؛ سوخت؛ مانتێر؛ هەناسە سارد ‹از بینوایان دستگیری می‌کردم: دەستی هەژارانم دەگرت› ۲. بێچارە؛ چارەڕەش؛ ڕۆژڕەش؛ بەدبەخت؛ پەژۆم.

بینوائی / bînavā'î/ ☜ **بینوایی**

بینوایی / bînavāyî، ـها/: *اسم.* بەلەنگازی: ۱. نەبوونی؛ هەژاری؛ نەداری ۲. بیچارەیی؛ بەدبەختی؛ پەژۆمی * **بینوائی**

بی‌نوبت / bîno:bat, -nowbat/: [فارسی/ عربی] *قید.* بێ‌سەرە؛ بێ‌نۆرە؛ بێ‌نۆگە؛ بێ‌نۆبەت ‹آقا! چرا بی‌نوبت سوار می‌شوید: کاکە! بۆچی بی‌نورە سوار ئەبی؟›.

بینه / bayyene، بیّنات/: [عربی] *اسم. [حقوق]* بەڵگەی ڕوون؛ گەواهێک کە هەبوونی بۆ چەسپاندنی سکالایەک پێویستە.

بینه / bîne/: *اسم.* حەمام سەرد؛ جلکەن؛ حەمامەچیا؛ جێ جلکان لە حەمامی گشتیدا: **سر بینه**

بی‌نهایت[1] / bînahāyat/: [فارسی/ عربی] *اسم.* بێ‌برانەوە؛ بێ‌گامە ‹تا بی‌نهایت ادامە دارد: تا بی‌برانەوە درێژەی هەیە›.

بی‌نهایت[2]: *صفت.* بێ‌دوایی: ۱. بێتا؛ تا سەر؛ تا هەتا؛ بێ‌برانەوە؛ بێ‌بن؛ لە دوا نەهاتوو ‹راه بی‌نهایت: ڕێگەی بێ‌برانەوە› ۲. زۆر؛ زۆر؛ لەڕادەبەدەر؛ هەرماو ‹رنج بی‌نهایت: ڕەنجی بێ‌دوایی›.

بینی[1] / bînî، ـها/: *اسم.* لووت؛ لووتە؛ لیت؛ پت؛ پەت؛ دەماخ؛ دم؛ فرنک؛ تفنک؛ خرناق؛ کەپ؛ کەپۆ؛ کەپوو؛ کەپووگە؛ کەپی؛ کەپۆلک؛ کاپۆ؛ کەپۆڵ؛ کاپۆڵ؛ کەپووی؛ کاپۆلک؛ بێڤل؛ بەڤل؛ دفن؛ دەفن؛ پۆز؛ تونک؛ زنژ؛ نوفت؛ ئەندامی بۆن بیستن کە لە ناوەڕاستی دەم و چاو دایە.

بینی پهن / bînîpahn/: *صفت.* مۆژ؛ کەپۆپان؛ کەپی‌پان؛ بێڤل فەتسی؛ لووت دانسیاگ؛ لووت‌پان.

ـ بینی[2]: *پیوازه.* ــ بینی؛ ـ وینی؛ ـ وێنی؛ کار یان ڕەوتی دیتن ‹دوربینی: دووربینی›.

بی‌نیاز / bîniyāz/: *صفت.* بێ‌نیاز؛ کار بە کەس‌نا؛ چاف‌تێر؛ بوودە.

بی‌نیازی / bîniyāzî/: اسم. بی‌نیازی؛ دوورنیازی؛ سەربەخۆیی؛ کاربەکەس نەیی ‹تندرستی موجب بی‌نیازی بە دارو می‌شود: تەندروستی هۆی بی‌نیازی لە دەوا و دەرمانە›.

بینی‌وارە / bînîvāre، ـها/: اسم. لووتەوانە؛ لووت‌وانە؛ جۆرە خشڵێک لە لووتی دەکەن، پێشتر زۆر باو بووە، ئێستاش لە باشووری ئێران و هەروەها لە هیندووستان هەیە.

بی‌واسطە[1] / bîvāsete/: [فارسی/ عربی] صفت. ڕاستەوخۆ؛ بێ‌پێناو ‹فروش بی‌واسطە: فرۆشی ڕاستەوخۆ›.

بی‌واسطە[2]: قید. ڕاستەوخۆ؛ بێ‌پێناو ‹بی‌واسطە با خودش حرف بزن: ڕاستەوخۆ لەگەڵ خۆیدا قسە بکە›.

بیوت / buyût, boyot/: [عربی] جمعِ ☜ **بِیت**

بیوتات / buyûtāt, boyotāt/: [عربی] اسم. خانووبەرەی سەر بە دامەزراوەیەک.

بی‌وجود / bîvocûd/: [فارسی/ عربی] صفت. بێ‌بایەخ؛ بێ‌ئەرزشت؛ داکەوتوو؛ بێ‌قابل؛ سووک و چرووک.

بی‌وزنی / bîvaznî، ـها/: [فارسی/ عربی] اسم. بێ‌سەنگی؛ دۆخ یان چۆنیەتی نەبوونی کێش بە هۆی نەبوونی هێزی داکشاندنی زەویەوە.

بیوسفر / biyosfer/: [فرانسوی] اسم. ئەو بەشەی لە زەوین و هەوای پەگاڵی کە جێگای ژیانی گیاندارانە، یان بۆ ژیان دەشێ.

بیوسیدن / biyûsîdan/: مصدر. متعدی. [نامتداول] چاوەڕێ بوون؛ چاوەنواڕ بوون؛ چاوەڕوان بوون؛ چاوەنۆڕ بوون؛ چەمەڕا بیەی؛ بە دیارەوە نیشتەی؛ چاو بەڕێی شتێک یان ڕووداوێک بوون.

بیوشیمی / biyošîmî/: [فرانسوی] اسم. لقێک لە زانستی کیمیا کە دەپەرژێتە سەر پێکهاتە و ڕەوتگەلی کیمیاوی نێوان ژینەوەران.

بی‌وفا / bîvafā/: [فارسی/ عربی] صفت. بێ‌ئەمەگ؛ بێ‌وەن؛ بێ‌بەینەت.

بیوفیزیک / biyofîzîk/: [فرانسوی] اسم. لقێک لە زانستی فیزیک کە دەپەرژێتە سەر وەگەڕ خستنی بنەما و شێوازگەلی فیزیک لە بابەتگەلی سەر بە زیندەوەرانەوە.

بی‌وقار / bîvaqār/: [فارسی/ عربی] صفت. سووک؛ بێ‌قەدر.

بی‌وقت[1] / bîvaqt/: [فارسی/ عربی] صفت. ناوەخت؛ بێ‌وەخت؛ دێر ‹حالا بی‌وقت است: ئێستە ناوەختە›.

بی‌وقت[2]: قید. بێ‌گاف؛ ناوەخت: ١. بێ‌وەخت؛ لە کاتی ناوەختدا ‹بی‌وقت رفتیم: بی‌گاف ڕۆیشتین› ٢. دوای کاتێکی لە بەرچاو و دیاریکراو؛ دێروەخت ‹بی‌وقت شام دادند: بی‌گاف شێویان دانا›.

بیوگرافی / biyog(e)rāfî، ـها/: [فرانسوی] اسم. ژین‌نامە؛ بە سەرهات ‹بیوگرافی مستوره شاعر نامدار کردزبان را خواندم: بە سەرهاتی مەستوورە شاعیری گەورەی کوردزمانم خوێندەوە›.

بیولۆژی / biyolojî/: [فرانسوی] اسم. ژینەوەرناسی؛ زیندەوەرناسی؛ ژین‌ناسی؛ ژیوارناسی؛ زیوارناسی؛ زانستی کڕوکاش و کۆڵینەوەی هەموو بابەتگەلی ژیان.

بیولۆژیست / biyolojîst، ـها/: [فرانسوی] اسم. ژینەوەرناس؛ زیندەوەرزان؛ ژین‌ناس؛ ژیوارناس؛ زیوارناس.

بیولۆژیک / biyolojîk/: [فرانسوی] ☜ **بیولۆژیکی**

بیولۆژیکی / biyolojîkî/: [فرانسوی] اسم. ژینەوەری؛ زیندەوەری؛ زانستی سەبارەت بە ژیان و ناسینەوەی تایبەتمەندیەکانی:

بیولۆژیک

بیونیک / biyonîk/: [فرانسوی]/اسم. زانستی چاوبڕین و کەڵک‌گرتن لە چۆناوچۆنی کار کردنی ئەندامگەلی زینەوەران بۆ ڕوون کردنەوە و بەرەو پێش بردنی بابەتگەلی ئەندازیاری.

بیوە / bîve، ـها؛ ـگان/: صفت. بێوە؛ ئێوە؛ بیڤە؛ بێ‌ژن(بۆ پیاو)؛ بێ‌شوو(بۆ ژن)؛ بەبێ لف بە هۆی مردن یان جیاوە بوون لە هاوسەرەوە ‹زن بیوە؛ مرد بیوە: ژنی بیوە؛ پیاوی بی‌زن›.

بیوەزن / bîvezan، ـها؛ ـان/: اسم. بێوەژن؛ ژن‌بی؛ ژنەبی؛ بی؛ ژنێ کە شووەکەی مردووە یان لێ‌جیا بووەتەوە.

بی‌همتا / bîhamtā/: صفت. بێ‌هاوتا؛ بێ‌هامتا؛ بێ‌هەمباز؛ کەتۆ؛ تاقانە؛ فەرد؛ بێ‌وێنە.

بی‌همه‌چیز / bîhamečîz/: صفت. [گفتاری] خوێڕی؛ بەرەڵلا؛ سەڵیت؛ بێ‌بەش لە خۆ و خەدەی مرۆڤانە (وەک: شەرەف، ڕاستی، وەفا و...).

بی‌هنر / bîhonar/: صفت. زۆڵک؛ خوێڕی؛ بێکارە؛ بێ‌هونەر؛ بێ‌جەوهەر.

بی‌هنگام / bîhengām, bîhangām/: قید. [ادبی] بێ‌گاف؛ بێ‌هەنگام؛ ناوەخت: ١. پێش یان پاشی کاتی شیاو و دیاریکراو ٢. نابەجێ؛ بێ‌وەخت.

بی‌هوا / bîhavā/: [فارسی/ عربی] قید. هەرەمە؛ هاکۆ: ١. هەروا؛ بەخۆوە؛ بێ بوونی مەبەستی پێشوو ‹بی‌هوا انداختم، خورد بە شیشە: هەروا خستم، دای لە شیشەکە› ٢. سەربەردایی؛ بێ سەرنجدان بە کەسێ یان شتێک ‹بی‌هوا رانندگی می‌کرد: هاکۆ لێ‌دەخوڕی›.

بی‌هوازی / bîhavāzî، ـها؛ ـان/: [فارسی/ عربی/ فارسی] صفت. [زیست‌شناسی] بێ‌هەوازی؛ خاوەن توانایی ژین لە شوێنی بێ‌ئۆکسیژندا.

بیهودگی / bîhûdegî، ـها/: اسم. بێهۆیی؛ بێهوودەیی؛ بێخۆیی؛ بێ‌کەڵکی؛ دۆخ یان چۆنیەتی بێهۆ بوون ‹روزها بە بیهودگی گذشت: ڕۆژگەل بە بێهۆیی تێپەڕین›.

بیهوده / bîhûde/: صفت. بێهۆ؛ بێهۆدە؛ بێخۆ؛ خۆڕایی؛ فێڕۆ؛ بێ‌فایدە؛ خت؛ خوت؛ بەخۆڕایی؛ خوت و خۆڕایی؛ خۆڕا؛ حاش؛ بێ‌بەهرە؛ بێداوی؛ بێ‌کەڵک؛ هەوانتە؛ بە بێ‌ئەنجام، بەرهەم یان کاردانەوەیەکی دڵخواز. هەروەها: **بیهوده بودن؛ بیهوده شدن**


بیهوش / bîhûš/: صفت. بێهۆش: ١. کونگ؛ تووشی بێهۆشی؛ لەسەرخۆ چوو ‹از خستگی بیهوش شد: لە شەکەتیدا بیهوش بوو› ٢. گێج؛ بلج؛ وڕ؛ کەم بیر و هۆش؛ بە بەهرەی هۆشی زۆر کەمەوە ‹تو آدم بیهوشی نیستی: خۆ تۆ گێج نیت›.

⊡ **بیهوش شدن**: بوورانەوە؛ بوورینەوە؛ بووردنەوە؛ دڵڕووین؛ لە سەرخۆ چوون؛ سەرخۆ چوون؛ بێتار بوون؛ بێهۆش بوون؛ بێهۆش‌کەوتن؛ لەپڕین؛ ویەردەیوە؛ چ وێ شیەی؛ هۆشیاری خۆ لەدەس‌دان. هەروەها: **بیهوش بودن؛ بیهوش کردن**

بیهوشدارو / bîhûšdārû، ـها/: اسم. دەوای بێ‌هۆشی؛ دەرمانی بێهۆش‌کردن.

بیهوشی / bîhûšî، ـها/: اسم. بێهۆشی؛ کونگی: ١. بێهۆشی؛ دڵ‌بووراوی؛ لە سەر خۆ چوویی ‹گاه دچار بیهوشی می‌شد: جارـ جار تووشی بێهۆشی دەبوو› ٢. کاری بێهۆش کردنی گیانلەبەر بە دەرمان ‹داروی بیهوشی: دەرمانی بیهوشی›.

بی‌ینال / biyenāl/: [فرانسوی] ☜ **دوسالانە**[1]



پ / p/: *حرف.* سێههم پیتی ئهلفوبێتکهی زمانی فارسی.

پ / pe/: *اسم.* پێ؛ ناوی پیتی سێههمی ئهلفوبێ زمانی فارسی.

پـ / p/: *پیشوند.* پـ ؛ مـ ؛ سهر نیشانهی وشهی لێڵ و بێواتا ‹چرت و پرت؛ چرند و پرند: ههڵیت و پهڵیت؛ حهلهقمهلهق›.

پا[1] / pā/: *اسم.* پا؛ پێ: ۱. /ـها/ قاچ؛ کاچ؛ قول؛ لاق؛ باق؛ پاق؛ لۆق؛ لیق؛ لێق؛ چێق؛ لنگ؛ لینگ؛ لنگه؛ نگ؛ ننگ؛ له ئهندامانی جوولانهوهی گیانلهبهران که له مرۆدا بریهتیه له ڕان، ئهژنۆ، پووز، قولهپێ و قامکان ‹پای راست؛ پای ملخ: پای راست؛ پای کوله› ۲. بهشی ژێرووی پێ، له قولهپێوه تا خوار ۳. یهکهی پێوان ☜ **فوت ـ۲** ٤. *[مجازی]* هێز و وزهی بزوان ‹پای رفتن: پای چوون› ٥. *[مجازی]* هاوکایه؛ هاوبهش؛ ئامبازی؛ بهرانبهر ‹پای دعوا: پای شهڕ› ٦. *[مجازی]* ئهستۆ؛ مل؛ گهردن؛ گهردهن ‹این را به پای تو مینویسند: ئهمه دێته پای تۆ›.

▣ **پا به پای هم:** شان به شانی یهک؛ پێ به پێی یهک؛ ههنگاو به ههنگاوی یهک؛ پا به پاو یۆی ‹پا به پای هم رفتیم: شان به شانی یهک چووین›.

پای بازی: هاوکایه؛ حهریفی کایه؛ پای کایه؛ پای گهمه.

پای ملخ ☜ ران ملخ، **ران**

▣ **پا به پا بردن:** پێ به پێ بردن؛ یارمهتی دان بۆ وهستاندن و بهڕێوهبردنی کهسێک ‹دستم بگرفت و پا به پا برد: دهسی گرتم و پێ به پێ بردمی›.

پا به پا شدن: ئهم پا ئهو پا کردن؛ ئی پا و ئهو پا کهردهی؛ ماتڵ کردن.

پا به پای کسی رفتن: شان به شانی کهسێک ڕۆیشتن؛ پا به پای کهسێ ڕۆیشتن؛ پا به پاو یۆی لوهی؛ لوولی کهسێ چین.

پا به سن گذاشتن: *[مجازی]* کامڵ بوون؛ دهورانی لاوهتی تێپهڕکردن.

پا پس کشیدن: *[کنایی]* تهک دانه دواوه؛ کێشانه دواوه؛ وێ کێشتهیوه دماوه؛ دهست بهردان له کارێک.

پا پیچ شدن ☜ **پاپیچ**

پا پی شدن ☜ **پاپی**

پا پیش گذاشتن: *[کنایی]* چاک وه لادا کردن؛ پا نیانه بهرهو؛ دهست وه پێش

خستن؛ دەس ئەو وەڵێ وسەی؛ دەس وسەی وەڵێ؛ ئامادە بوون بۆ جێبەجێ کردنی کارێک.

پا توی کفش کسی کردن: *[کنایی]* پێ کردنە نێو پێڵاوی کەسێکەوە: ١. دەس لە کاری کەسێ وەردان/ وەرنان؛ دەس بردنە ناو کاری کەسێکەوە ٢. ئازاردانی کەسێک.

پا جای پای کسی گذاشتن: *[کنایی]* پێ نانە جێی پێی کەسێکەوە؛ پەیڕەوی کەسێ کردن؛ حەولدان بۆ جێگەی کەسێک گرتنەوە ‹حالا دیگر پایش را گذاشته جای پای پدرش: ئێستە ئیتر پێی ناوەتە جێ پێی بابی›.

پا جور کردن: *[مجازی]* هاوڕێ پەیدا کردن ‹چند تا پا جور کنیم روز جمعه برویم کوه: چەند هاوری پەیدا کەین ڕۆژی هەینی بچین بۆ کێو›.

پا خوردن: پێ خواردن؛ کوتیان؛ شێلیان؛ پێ‌کەوتن؛ پا واردەی؛ پا کەوتەی؛ لە ژێر پێ کەوتن ‹این فرش زیاد پا خورده است: ئەم قالیە زۆری پێ خواردووە›.

پا دادن: *[مجازی، گفتاری]* دەس‌دان؛ ڕەخسان؛ لوان ‹تا بە حال تنها یکبار برایش پا دادە که با او تنها باشد: تا ئێستا تەنیا جارێک بۆی دەسی داوە دەگەڵی تەنیا بێ›.

پا درگل ماندن: *[کنایی]* لە قوڕ چەقین؛ تووشیاری گیر و گرفت بوون ‹همین طور پا در گل مانده بودم و راهی نمی‌دیدم: هەروا لە قوڕ چەقیبووم و ڕێگایەکم بەدی نەدەکرد›.

پا را از گلیم خود درازتر کردن: *[کنایی]* پای زیادی داکێشان؛ دەس دان بە کارێکەوە کە لە وزەدا نەبێ ‹پایش را از گلیمش درازتر کرده: پای زیادی داکیشاوە›.

پا را به زمین کوبیدن: ڕک کردن؛ وڕک کردن؛ وڕگ گرتن ‹گریه می‌کرد و پایش را به زمین می‌کوبید که مادرم را می‌خواهم: دەگریا و ڕکی کردبوو کە دایکم دەوێ›.

پا را زدن: پێ گرتن؛ پا گرتن/ گێرتەی ‹کفش تازه پایم را می‌زند: کەوشە تازەکە پێم دەگرێ›.

پا را کج گذاشتن: *[کنایی]* پێ لار دانان؛ پا لار نیان؛ کاری نەگونجاو کردن ‹اگر پایت را کج بگذاری من می‌فهمم: ئەگەر پێت لار دانی، من دەزانم›.

پا روی حق گذاشتن: *[مجازی]* پا نان بە سەر ڕاستیدا؛ کەتمان کردن ‹نباید پا روی حق گذاشت، او آدم خوبی است: پیاوێکی چاکە، نابێ پێی بە سەر ڕاستیدا بنین›.

پا روی دم کسی گذاشتن: *[مجازی]* پێ بە کلکی کەسێکدا نان؛ چێوەختە دانی کەسێک؛ ڕەنجاندنی مرۆی لار و نالەبار ‹مواظب باش پا روی دمش نگذاری، آدم بدپیله‌ای است: ئاگات لێ بێ پێی نەنێیی بە کلکیدا، مرۆیەکی تووشە›.

پا زدن: ١. پاکوت‌کردن؛ پێ شێل‌کردن ٢. پا لێدان؛ پێ‌دان؛ پادەی؛ جووڵاندنەوەی بەردەوامی پێ (وەک کاتی دووچەرخەسواری یان مەلە کردن).

پا سبک کردن: ١. *[مجازی]* وچاندان؛ ماندوویی دەرکردن؛ شەکەتی دەرکردن؛ حەسانەوە ٢. زایین؛ زەی.

پا سست کردن: *[مجازی]* پا شل‌کردنەوە؛ پا شلەوکردن؛ سنەسن‌کردن؛ پا وسەی ‹پا سست کردم، بلکه او هم برسد: پام شل کردەوە، با ئەویش بگا›.

پا شدن: هەستان؛ هەڵسان؛ ڕابوون: ١.

راستەوە بوون ‹پاشو بایست: هەستە راوەستە› ٢. لە خەو هەستان؛ خەبەر بوونەوە؛ هەیوە بیەی ‹صبح زود پا شدم: بەیانی زوو هەستام›.

پا کردن: *[گفتاری]* لە پێ‌کردن؛ کردنە پا (پێلاو؛ گۆرەوی، پانتۆل و...).

پا گذاشتن: پێ نان؛ پا نیان؛ پانان؛ پا نیەی: ١. چوونە ناو ‹تا پا گذاشت توی حیاط...: تا پێی نایە نێو حەوشەوە ...› ٢. دەست پێ‌کردن؛ وازیەی؛ چوون ‹پا گذاشته بود بە سی سال: پێی نابووە نێو سی سالەوە›.

پا گرفتن: *[مجازی]* دامەزران؛ پاگرتن؛ سەرگرتن ‹سرانجام عروسی پا گرفت: ئاخری شاییەکە دامەزرا›.

پای خود را کنار/ عقب کشیدن: پاکێشانەوە؛ پێ‌کشانەوە؛ خۆکێشانەوە و دەس تێوەرنەدان لە کارێکدا ‹تو پایت را از این ماجرا کنار بکش: تۆ لەم کارە پات بکیشەوە›.

پایش افتادن: بۆ رەخسان؛ بۆ لوان؛ بۆ رێک‌کەوتن؛ بەی رێک‌کەوتەی؛ هۆ و دەرفەتی کارێک بۆ رەخسان.

پای کسی از جایی بریده شدن: *[مجازی]* پا بریانی کەسێک لە شوێنێک؛ رێگای هاتوچووی کەسێک بۆ شوێنێک نەمان ‹پای عروس از خانە مادر شوهرش بریدە شد: پای بووکەکە لە مالە خەزوورانی برا›.

پای کسی/ چیزی ایستادن/ بودن: لە سەر شتێ یان کەسێک بوون/ راوەستان ‹من پای حرفم ایستادەام: من لە سەر قسەی خۆم راوەستاوم›.

پای کسی بە جایی باز شدن: *[مجازی]* پێ کەسێ کرانەوە بۆ شوێنێک؛ دەست پێ‌کردنی هاتوچووی کەسێک بۆ شوێنێک ‹از وقتی پایش بە خانۀ ما باز شد...: لەکاتێکەوە پێی بە مالی ئێمە کرایەوە ...›.

پای کسی را از جایی بریدن: ١. پێی کەسێک لە جێگایێک برینەوە؛ برینەوەی پای کەسێک ‹پایش را از زانو بریدەاند: پێیان لە وژنگەوە بریوەتەوە› ٢. *[مجازی]* پێ کەسێ لە شوێنێک برین؛ هاتوچووی کەسێک لە شوێنێک نەهێشتن ‹پای مادر شوهر را از خانەی پسرش برید: پێی خەسووی لە مالی کورەکەی بری›.

پای کسی را بە میان/ وسط کشیدن: کەسێک پێوە تلاندن؛ پێوە پێچاندنی کەسێک؛ ئاوێتەکردنی کەسێک؛ تێوەگلاندنی کەسێک؛ پێوە تلنەی ‹در آن دعوا پای من را هم بە میان کشیدند: لەو شەرەدا منیشیان پێوە تلاند›.

پای کسی سبک بودن: *[مجازی]* پای کەسێک سووک بوون؛ پای کەسێ خێر بوون؛ پای کەسێک خاس بوون ‹پای شما سبک بود، تا آمدید، مشتریها ریختند توی مغازە: پات سووک بوو، تا هاتی، کریارانی زۆر رژانە دووکانەوە›.

پای کسی سست شدن: پێ کەسێ شل بوونەوە؛ خاو بوونەوە؛ پەرگەماو یۆی خاوەوە بیەی ‹با شنیدن این حرف پایم سست شد و از رفتن باز ماندم: کە ئەم قسەیەم بیست پێم شل بووەوە و لە رۆیین مامەوە›.

پای کسی نوشتن/ گذاشتن: *[مجازی]* نووسینە پای کەسێک؛ خستنە پای کەسێک؛ ‹این را می‌نویسم بە پای تو: ئەمە دەخەمە پای تۆ›: **بە حساب کسی گذاشتن/ نوشتن**

از پا درآمدن/ افتادن: *[مجازی]* لە پا

کەوتن؛ لە پێ کەوتن؛ وره بەردان؛ جە پەی کەوتەی: ١. تێک شکان؛ شکست خواردن؛ بۆڕ خواردن؛ شکان ‹دشمن از پا درامد: دوژمن تێک شکا› ٢. لە وزە کەوتن؛ هێز نەمان؛ شەکەت بوون؛ پا وستەی؛ پا خستن ‹اسب بیچاره از پا درامد: ئەسپە داماوەکە لە وزە کەوت›.

از پا درآوردن: *[مجازی]* لە پا خستن؛ لە وزە خستن؛ لە وره خستن؛ پا وستەی؛ شکست دان؛ لە جموجووڵ خستن ‹دشمن را از پا درآورد: دوژمنی لە پا خست›.

از پا ننشستن: *[مجازی]* وچان نەدان؛ دانەنیشتن؛ لە هەوڵ و تێکۆشان دەس بەر نەدان ‹تا پیروزی از پا ننشست: تا سەر نەکەوت وچانی نەدا›.

این پا آن پا کردن ☜ **این**[1]

با پای خود رفتن: بە پێی خۆ چوون؛ بە پاو وێ لوەی؛ بە ویست و خواستی خۆ کارێ کردن یان بۆ شوێنێک ڕۆیشتن ‹با پای خودش رفت بە کلانتری و تسلیم شد: بە پێی خوی چوو بۆ کەلانتەری و خۆی دا بە دەسەوە›.

بە پای کسی سوختن: *[مجازی]* بە دیار کەسێکەوە سووتان؛ بە بۆنەی چاوەڕوانی یان چاوەدێری لە کەسێک، خۆشی ژین لە خۆ قەدەغە کردن: **پاسوز کسی شدن**

بە پای کسی/ چیزی نشستن: *[مجازی]* بە تەمای کەسێ یان شتێکەوە مان/ دانیشتن؛ نیشتنە دیار کەسێکەوە؛ بە پێی کەسێکەوە دانیشتن؛ چەمەڕا و یۆی بیەی ‹دو سال بە پای آزاد نشستم تا از سربازی برگردد: دو ساڵ نیشتمە دیار ئازادەوە تا لە سەربازی بگەڕێتەوە›.

دو پا داشتن و دو پا هم قرض کردن ☜ **دو**[2]

روی پا بند نبودن ☜ **رو**[2]

روی پای خود ایستادن ☜ **رو**[2]

زیر پا گذاشتن ☜ **زیر**[3]

زیر پای کسی نشستن ☜ **زیر**[3]

هردو پا را در یک کفش کردن ☜ **هر**

یک پا گیوه و یک پا چارق ☜ **یک**[2]

یک پا لب گور داشتن ☜ **یک**[2]

یک پای کاری لنگیدن ☜ **یک**[2]

ـ پا[2]: *پیواژە* ١. ـ ئەوان؛ ـ وان؛ ـ ڤان؛ چاوەدێر؛ نگابان؛ چەمدار ‹باغپا: باخەوان› ٢. پێ؛ پا ‹چهارپا: چوارپێ›.

پاافزار / pā'afzār/ ☜ **پای‌افزار**

پاانداز / pā'andāz، ـها/: *اسم* ١. *[گفتاری]* دەلاڵ؛ دەراڵ؛ وەشکەر؛ کەسێ کە ژن و پیاو بۆ یەکتر تاو دەکا ٢. *[نامتداول]* پایەنداز؛ پایەناز؛ ژێرڕاخەر.

پااندازی / pā'andāzî/: *اسم.* دەلاڵی؛ کاری دەلاڵ.

پائی / pā'î/ ☜ **پایی**

پائیدن / pā'îdan/ ☜ **پاییدن**

پائیز / pā'îz/ ☜ **پاییز**

پائیزه / pā'îze/ ☜ **پاییزه**

پائین / pā'în/ ☜ **پایین**

پائینی / pā'înî/ ☜ **پایینی**

پابرجا / pābarcā/: *صفت. [گفتاری]* پتەو؛ قایم؛ بەردەوام؛ پایدار؛ پاوەجێ. بەرانبەر: **پادرهوا** ‹قرارمان هنوز پابرجاست: بەڵێنەکەمان هەر بەردەوامە›.

پابرجائی / pābarcā'î/ ☜ **پابرجایی**

پابرجایی / pābarcāyî/: *اسم.* بەردەوامی؛ پاوەجێیی؛ پێ بەرجێیی؛ پایداری؛ ڕاوەستاوی؛ وەستاوی: **پابرجائی**

پابرنجن / pābarancan، ـها/: *اسم. [ادبی]* پاوانە؛ پامۆرە؛ خرخاڵی پێ (لە زێڕ و زیو)؛

بازنەی پێ.

پابرهنه[1] / pāberahne, -berehne/، ـها؛ ـگان/: *صفت*. پاپەتی؛ پێپەتی: ١. واروای؛ واربای؛ پێخواس؛ پێخاوس؛ پاخراو؛ پێرووت؛ بێپێڵاو؛ پاوروا؛ پاورا؛ پاوەروا ‹پابرهنه راه می‌رفتم: پێخاوس بە ڕێدا دەڕۆیشتم› ٢. *[مجازی]* هەژار؛ دەس‌خاڵی ‹این مملکت مال مردم پابرهنه و زحمتکش است: ئەم وڵاتە هی خەڵکی هەژار و زەحمەتکێشە›.

پابرهنه[2]: *قید*. بە پێخاوسی؛ بە پای رووتەوە؛ بە پای پەتی؛ پاوەروایی؛ بەبێ کەوش ‹پابرهنه راه می‌رفت: بە پێخاوسی دەچووە ڕێوە›.

⊡ **پابرهنه وسط حرف کسی دویدن**: *[مجازی]* دانە ناو قسەی کەسێکدا؛ پەڕینە ناو قسەی کەسێک؛ قسە بە کەسێک برین ‹بگذار حرفم را بزنم، این‌قدر پابرهنه وسط حرف من ندو: بێڵە با قسەکەم بکەم، کەم بەرە ناو قسەکەمدا›.

پابست / pābast/: *صفت*. *[کنایی]* گیرۆدە؛ هۆگر؛ ئۆگر؛ هوکارە؛ پابەند؛ پێبەند؛ پابەس؛ خوو پێ‌گرتوو.

پابند[1] / pāband/: *اسم*. پاوەن؛ پێبەند؛ پاشوەن؛ پابەند؛ یەکدەسی؛ یەکدەس؛ ئەشکێل؛ سندم؛ ئاڵقەیەک کە بۆ ڕاگرتنی چارەوێیان بە پایانەوە دەبەسترێ: **بخو**

پابند[2]: *صفت*. *[گفتاری]* گیرۆدە؛ پێبەس؛ پێوەند؛ پێ‌بەند؛ پابەند ‹صد دفعه گفتم خودت را پابند این دختر نکن: سەد جار گوتم خۆت گیرودەی ئەم کچە مەکە›.

پابوس / pābûs/: *اسم*. *[گفتاری]* پابۆس: ١. *[نامتداول]* کاری ماچ‌کردنی پای کەسێک ٢. *[مجازی]* دەربڕینی خاکەساری لە هەمبەر کەسێکەوە ‹بە پابوس کسی رفتن: چوون بۆ پابوسی کەسێک› ❋ **پابوسی**

پابوسی / pābûsî/ ☜ **پابوس**

پابەرکاب[1] / pāberekāb/: *صفت*. *[کنایی]* تەیار؛ پاوەکڵاش؛ وەنگەگۆش؛ تەیار بۆ چوون ‹او همیشه پابەرکاب بود: هەموو کاتێک پاوەکڵاش بوو›.

پابەرکاب[2]: *قید*. *[کنایی]* پاوەکڵاش؛ تەیار ‹پابەرکاب می‌خوابید: پاوەکڵاش دەخەوت›.

پا بەماه / pābemāh/: *صفت*. *[گفتاری]* پاوەمانگ؛ نۆمانگ؛ سەرحامیلە؛ تایبەتمەندی ژنی دوگیان لە مانگی ئاخری دووگیانیدا.

پاپ[1] / pāp/، ـها؛ ـان/: [فرانسوی] *اسم*. پاپ: ١. پاپا؛ مەزنی خاچپەرستان ٢. [انگلیسی] جۆرێ مووسیقای رۆژئاوایی کە زیاتر دەنێو لاواندا باوە.

پاپ[2]: *صفت*. پاپ؛ دانستەی مووسیقای رۆژئاوایی.

پاپا / pāpā/: [فرانسوی] *اسم*. باوە؛ باوا؛ بابا؛ بابە؛ بابەلێ؛ بابەڵێ؛ باوالێ؛ تاتەلە.

پاپاخ / pāpāx/، ـها/: [ترکی] *اسم*. *[نامتداول]* پاپاخ؛ کڵاوی لە پێستی مەڕ و بزن.

پاپاسی / pāpāsî/، ـها/: *اسم*. *[گفتاری]* پەنابا؛ پەناوا؛ شایی؛ قەران؛ نیکل؛ پارەی زۆر کەم‌بایی ‹این دیپلم تو یک پاپاسی نمی‌ارزد: ئەم دیپلۆمەی تۆ پەنابایەک ناهێنێ›.

پاپتی / pāpatî/، ـها/: *صفت*. *[گفتاری]* ١. پێخواس؛ پێخاوس؛ پێپەتی؛ پاپەتی؛ پاوەروا ٢. *[کنایی]* نەفام؛ تێنەگەیشتوو.

پاپردەدار / pāpardedār/، ـها؛ ـان/: *صفت*. *[زیست‌شناسی]* پاپەردەدار؛ خاوەن پای وەک پارۆک کە قامکان بە پێستێکی پەردەئاساوە، پێکەوە لکاون (وەک پای سۆنە و مراوی).

پاپلک / pāpalak/: *اسم*. *[گفتاری]* چینە؛ پێکۆڵ؛ کار یان ڕەوتی ژێر و بان کردنی

خاک و خۆڵ و زبڵ بە پێ.

پـــاپوش / pāpûš، ـهــا/: اسـم. پــاپۆش: ١. پێلاو؛ پالا؛ پاڵێ؛ ئـەوەی کـە لـە پێـی دەکـەن (وەکـوو پـووزەوانـە، پۆزلـەخ، گـۆرەوێ، کـەوش، کـلاش، گالـۆش و ...) ٢. دەرپـێ؛ شـواڵ؛ پاوەرێ ٣. /کنایی/ پیلان.

▣ **پـاپوش دوخـتن**: /کنـایی/ پـیلان نانـەوە؛ پاپۆش دروستکـردن؛ دمبـاڵ چنیـەی؛ بـە نـاڕەوا بەڵـگەی تاوانبـاری بـۆ کەسـێک دروستکـردن ‹رییس برایش پاپوش دوخت و روانەی زندانش کرد: سەرۆک پیلای بۆ نایەوە و خستیە بەندیخانەوە›.

پـــاپی / pāpey/: صــفت. /گفتـاری/ ســـوور؛ پێداگر؛ پاپەی؛ پاگەز؛ پاپە؛ پەیگیر.

▣ **پاپی شدن**: لـە سـەر چـوون؛ پاپـەی بـوون؛ پـەیگـیر بیـەی؛ لـە دووی شـتێ کـەوتـن و زۆر لە سەری سوور بوون.

پـاپیچ / pāpîč/: صـفت. /کنـایی، گفتاری/ پـاپێچ؛ لنگپێچ؛ هۆی زەحمەت و دەردیسەر.

▣ **پـاپیچ شـدن**: پـاپێچ بـوون؛ بوونـە هـۆی زەحمەت و دەردیسەر.

پـــاپیروس / pāpîrûs، ـهــا/: [لاتینـــی] /اســـم. تەرکـە؛ قـەڕەن؛ پـاپیرووس؛ پـەڕەی گیایـەکـە یـەکـەم جـار پـەڕەی کاغـەزیـان لـێ دروست کردووە: **بَردی**

پـــاپیون / pāpiyon، ـهــا/: [فرانـسوی] /اسـم. پاپیۆن؛ پارچـەیـەکـی زۆرتـر پـەپوولـە ئاسـایە کە بە بەن یـان کـێش، بـە یـەخـە یـان قـژەوە دەیبەستن.

پـــــاپیونی / pāpiyonî/: [فرانـــسوی] صـــفت. پاپیۆنی؛ وەکوو پاپیۆن؛ پەپوولەئاسا.

پات / pāt/: صفت. پـات؛ قـەتـیس؛ بـێجووڵـە مانەوە لە شەترەنجـدا. هـەروەهـا: **پـات بـودن؛ پات شدن؛ پات کردن**

پاتابـه / pātābe، ـهـا/: اسم. پێتـاو؛ پێتـاوە؛ پاتاوە؛ زەنگاڵ؛ زەرگـاڵ؛ لاچـین؛ بـەلـەکپـێچ؛ پاپێچ؛ پووزەوانە؛ پووزەوانێ.

پاتـاق / pātāq/: اسم. /معماری/ پاتـاق؛ ژێرتـاق؛ ژێر دەمی میچی خانوو.

پاتال / pātāl/ ☜ **پیرُوپاتال**

پاتـــان / pātān/: اسـم. پاتــان: ١. نــەتــەوەی سـپی پێـستی پـەشـتووزمانی نیـشتەجێـی پاکستان و ئـەفغانـستان ٢. /ـهـا/ هـەرکـام لـە خەڵکی ئەو هۆزە.

پاتختی / pātaxtî/: اسم ١. /ـهـا/ پـێتـەختـی؛ پاتــەخــتی؛ مێــزی بچــووک کــە لــە پــاڵ جێگــەخــەودا دایــدەنــێن ٢. ســێڕۆژە؛ سێڕۆژانـە؛ پـاشتێلانـە؛ ناوتێلانـە؛ سـەرتـەل؛ سـەرکێـشی؛ یـەکـەم سـەردان لـە بـووک لـە ماڵی نوێیدا.

پاتـک / pātak، ـهـا/: اسم. /نظامی/ بـەرپـەرچ؛ پلارێـک بـەرامبـەر بـە پـەلامـاری دوژمـن ‹آن شب به دشمن پاتک زدیم: ئـەو شـەوە بـەرپـەرچـی دوژمنمان دایەوە›.

پـاتوق / pātûq, pātoq، ـهـا/: [فارسـی/ ترکـی] /اسم. پاتۆق؛ مەکـۆ؛ سـاویر؛ پـەنـا؛ لان؛ لـەهـن؛ هرزێن؛ شـوێنی کـۆبوونـەوە؛ شـوێنێ کـە جـار و بارە برێ کەسان کـاتی وچانیـان لـەوێدا بـە سەر دەبەن ‹یک وقتی پاتوق ما قهوەخانەی آینه بود: سەردەمێـک پـاتوقی ئێمـە قـاوەخانـەی ئاوێنـە بوو›.

پاتـه / pāte/: [فرانسوی] /اسم. شـلـپاو؛ خـۆراکی جەرگ و ڕۆن و ڕبی هەنار.

پـاتی / pātî/: [؟] /اسـم ١. کـوتراو؛ پـاککـراو؛ بـژاردە؛ دانـە خـەلـەی بووجـاڕکراو ٢. پـاتی؛ بارێک لە یاری شەترەنجـدا کـە بـە بـێئـەوەی لایەنێـک بیباتـەوە دوایـی بـە یاریـەکـە دێنـێ ٣. ☜ **قاتیپاتی**

پاتیـل[1] / pātîl، ـهـا/: [سنـسکریت] /اسم. قـازان؛ قازانـگ؛ قازانــە؛ تیانــە؛ بــەرۆش؛ بــەرۆشــی

مس؛ مەنجەڵی زۆر گەورە و قووڵی مسی.

پاتیل ^۲^: صفت. [گفتاری] تەلەس؛ ڕەشەمەست؛ مەستیمەست؛ سیامەس.

◘ **پاتیل بودن**: ڕەشەمەست بوون؛ تەلەس بوون؛ مەستیمەست بوون.

پاتیل‌دررفته / pātîldar.rafte، هـا/: [اسنسکریت/ فارسی] صفت. [گفتاری، کنایی] لێکەوتی؛ لێکەوتوو؛ لێکەفتگ؛ لاکەوتە؛ ڕەندول؛ ڕەندۆڵ؛ گەردەنشین؛ پیروپاتاڵ؛ پڕوپاتاڵ؛ چۆنیەتی زورهانی و لەکار کەوتوویی.

پاتین / pātîn، هـا/: [؟]اسم. [کشاورزی] شەن؛ شەنە؛ سێزن؛ سێلک؛ سێلکە؛ سێلق؛ داری چوار چنگی خەرمان بە بادان.

پاتیناژ / pātînāj/: [فرانسوی]اسم. پاتیناژ؛ خزخزەکانێ لە سەر یەخ.

پاجوش / pācûš، هـا/: اسم. لاوەچ؛ قوونار؛ نەمام یان چڵێک کە لە نزیکی قەدی بڕێک لە داران، لە ڕیشەیانەوە سەر هەڵدەدەن.

پاچله / pāčele، هـا/: اسم. کەمانە؛ کەمانێ: ۱. چێو خلیسکان؛ چێو ئیسکی؛ چێو لەنگەر ۲. چێوشەقە؛ چێوشەق؛ شەقەقە؛ یاریدەری شەل یان سەقەت بۆ بەڕێوە چوون.

پاچنبری / pāčambarî, -čanbarî، هـا/: اسم. گۆچ؛ گوچ؛ کۆڵ؛ لنگ کەڤانی: **گُرزەپایی**

پاچه / pāče، هـا/: اسم. پێچک؛ قاچک؛ پەپک؛ پاچە؛ پاچک: ۱. پچک؛ لە ئەژنۆ هەتا گوێزنگ ۲. پاچە؛ کەڵوپا؛ پاچەی ئاژەڵ لە چێشتی سەروپێدا ۳. دەرپێ؛ دەرپاچە؛ دەرقاچە؛ دەرپا؛ بنپاچە؛ پاچک؛ دەلنگ؛ دەلینگ؛ هەلینگ؛ لای خوارووی قاچ و دەرپێ.

◘ **پاچەی کسی را گرفتن**: [تعریض] قاچ کەسێک گرتن؛ پێش بە کەسێک گرتن؛ بەر بە کەسێک گرتن؛ پاچەی کەسێ گرتن؛ ڕێ لە کەسێک گرتن؛ یەخەی کەسێ گرتن؛ شەڕ بە کەسێک فرۆشتن؛ بەرۆکی کەسێک گرتن؛ بەرەک بە کەسێ گرتن؛ وەرەڕا و یۆی گێرتەی؛ بەرەکە بە یۆی گێرتەی ‹امروز هم می‌خواست پاچەی مرا بگیرد، کە زود فرار کردم: ئەمڕۆش دەیویست قاچم بگری، بەڵام زوو دەرچووم›.

هەروەها: **پاچه گرفتن**

پاچه‌خیزک / pāčexîzak، هـا/: اسم. جۆرێک فشفشەیە کە کاتێ هەڵیدەکەن بە دەور خۆیدا دەسووڕێتەوە.

پاچه‌ورمالیده / pāčevarmālîde، هـا/: صفت. [گفتاری] ڕووهەڵماڵاو؛ ڕووداماڵیاگ؛ لنگ هەڵماڵیاگ؛ بێحەشر و نەشر؛ بێئاوروو؛ چەقەسۆ؛ قرشماڵ؛ گۆسارتمە.

پاچین / pāčîn، هـا/: اسم ۱. داوێن؛ دامێن؛ دامنە ۲. [معماری] پادیوار؛ پێچن؛ ئەو پاژە لە دیوار کە دەکەوێتە سەر بنەڕەتەوە.

پاخوره / pāxore، هـا/: اسم. [معماری] خواجانە؛ خواجەنشین؛ سەکۆی پەنادەرکی ماڵ بۆ دانیشتن.

پاد ـ / pād/: پیشوند. دژە ـ ؛ دژـ ؛ بە ڕەوت یان کاری بەپێچەوانەوە ‹پادزهر: دژەژار›.

پاداش / pādāš، هـا/: اسم. پاداش؛ پاداشت؛ ڕێزانە: ۱. خەڵات؛ چاکەدانەوە لە بەرانبەر چاکەکاری بە نیشانەی پێزانین یان هاندان ‹پاداش صداقت، اعتماد است: پاداشی ڕاستبێژی، جێباوەڕ بوونە› ۲. پارە و مافێک کە مووچەخۆر یان کرێکار جگە لە حەقی ڕۆژانەی یان مافی ئاسایی خۆی وەریدەگرێ ‹هر ماه ـ علاوه بر حقوق ـ پاداش هم می‌دهند: گشت مانگێک ـ جگە لە مووچە ـ

پاداشــیش دەدەن› ٣. /ادبــی/ وەرام؛ ولام؛ جواو؛ جەزا؛ بژاردنەوە؛ پەرسڤ؛ کارێ کە لە هەمبەر کارێکی دیکەوە دەکرێ ‹کلوخانداز را پاداش سنگ است: کلۆسەهاوێژ وەرامی بەردە›.

پادرختی / pāderaxtî، هـا/:/اسم. باوەرێن؛ بارێز؛ بارێزە؛ وارێزە؛ بارن؛ باقەرینگ؛ میوەی داوەریوی پای دار ‹بچەها پادرختیها را میخوردند: مندالەکان باوەرینەکانیان دەخوارد›.

پادرد / pādard/ ☜ ـ درد[٢]

پادرمیانی / pādarmiyānî، هـا/:/اسم. /گفتاری/ ناوبژیوانی؛ ناوجیگەری؛ ناونجیگەری؛ نێونجیگەری. هەروەها: **پادرمیانی کردن**

پادرهوا / pādarhavā/: صفت. /کنایی/ سست؛ بێبتە؛ خۆ ڕانەگر؛ تەقولەق؛ تەقەسەم ‹کارم در اداره پادرهواست و ممکن است بیرونم کنند: کارم لە مەزرینگەدا تەقولەقە و دوور نیە دەرم کەن›.

پادری / pādarî، هـا/:/اسم. بەرپێیی؛ وەرپایی؛ ئەو قالیچە و ڕایەخە کە لەبەر دەرگادا ڕایدەخەن.

پادزهر / pādzahr، هـا/:/اسم. ژاربەر؛ ژاربڕ؛ دژەژار؛ دەرمانی ژار.

پادزیو / pādzîv/:/اسم. ئانتیبیوتیک؛ دەرمانی چلک و قرێژ وشککردن.

پادشاه / pād(e)šāh، ـان/:/اسم. پاشا؛ پاوشا؛ پاتشا؛ پادشا؛ پالشا؛ پالشا؛ شا؛ خوونکار؛ قرال؛ قەراڵ؛ قەیسەر؛ سەرناوی شا و سوڵتان.

پادشاهی / pād(e)šāhî، هـا/:/اسم. پاوشایی؛ پاشایەتی؛ شایەتی؛ پاتشایەتی؛ پالشایەتی؛ شایی؛ شاهی؛ خوونکاری.

▣ پادشاهیکردن: ١. پاوشاییکردن؛ خوونکاریکرن ٢. /کنایی/ خۆش ڕابواردن؛ کەیفساز بوون.

بە پادشاهی رسیدن: بوونە پادشا؛ بە پاتشایی گەییشتن؛ بیەی بە شا.

پادگان / pād(e)gān، هـا/:/اسم. سپاگە؛ سپاخانە؛ سوپاخانە؛ سەربازگە؛ سەروازخانە؛ سەربازخانە؛ دەبۆ؛ بنکەی سەربازان؛ بنکەی چەکدارانی دەوڵەت.

پادنگ / pādang، هـا/:/اسم. پادەنگ؛ دنگ؛ دەسک؛ دنگی پایی؛ جۆرێک ئامرازی دەخڵکوتان کە بە پێیان دەگەڕێ.

پادو / pādo:، هـا/:/اسم. پاکار؛ پادەو؛ پەتیک؛ بەردەست؛ هۆکڵ؛ کارەکەر؛ کاریگەرێک کە لە بەر دەستی خاوەنکاردا کار دەکا و هەر لە هاتوچۆ دایە.

پادوئی / pādo'î/ ☜ **پادویی**

پادویی / pādoyî/:/اسم. پاکاری؛ پەتیکی: ١. پیشەی پاکار ‹آنجا پادویی میکرد: لەوێدا پاکاری دەکرد› ٢. /هـا/ /مجازی/ کاری دژوار و چرووک ‹پادویی این و آن تاکی؟: پەتیکی خەڵکی تا کەنگێ؟› ✻ **پادوئی**

پارابلوم / pārāblom/: [فرانسوی از آلمانی] /اسم. پارابلۆم؛ ناوی جۆرێ دەمانچەی تۆپی.

پارادایم / pārādāym/: [؟]/اسم. وێنە؛ نموونە؛ شتێ کە نیشاندەری کۆمەڵی وەک خۆیەتی.

پارادکس / pārādoks/:/اسم. ناتەبایی؛ نارێکی: ١. وتراوەیەک کە لە ڕواڵەتدا بەپێچەوانەی ویستی ئاوەزە، ئەگەرچی دەکرێ ڕاستیش بێ ٢. وتەیەکی ناتەبا کە لە سەرەتاوە ڕاست دەنوێنێ.

پارازیت / pārzît، هـا/: [فرانسوی]/اسم ١. لامز؛ لاکوت؛ چەورە ٢. دەنگی زیادی و ئازاردەر.

▣ پارازیت دادن: پارازیت خستن؛ دەنگی ئازاردەر (وەک خشەخش یان قیرە و هەرا)

هێنانــە نــاو قــسە و باســەوە ‹بابـا اینقـدر پاررازیت نده: کاکە هێندە پارازیت مەخە›.

پاراشــوت / pārāšût، ـهــا/: [فرانــسوی]/ســم. چــەتــری دەربــاز بــوون؛ ســاباتی ڕزگــاری؛ چــەترێــک کــە لــە کــاتی پێویــستدا لــە ئاسمانــەوە دەیکــەنــەوە و بــە نــەرمــی دێنــەوە سەر زەوی.

پــاراف / pārāf/: فرانــسوی]/ســم. ئیمــزا؛ واژۆ ‹وقتـی حکـم پـاراف شـد، ببـر بـه طـرف ابـلاغ کـن: کاتـێ حوکمـەکـە ئیمـزا کـرا، ببیـە بـە کـابرای ڕاگەینە›.

پــارافین / pārāfîn، ـهــا/: [فرانــسوی]/ســم. /شـیمی/ پـارافین؛ جۆرێـک چـەوریـە لـە نـەوت چـێ دەکـرێ و پێـستی دەسـت و ڕوومـەتی پێ چەور و نەرم دەکەن.

پــاراگراف / pārāg(e)rāf، ـهــا/: [فرانــسوی] /سم. بەند؛ بەشێک لـە نووسـراوە کـە زۆرتـر لـە مەڕ بابـەتێکـەوەیـە و بـە دەسـپێکردنی دێـڕی تازە، لە بەشگەلیتر جوێ دەبێتەوە.

پارالــــل / pārālel، ـهــا/: [فرانــسوی]/ســم. پاراڵێــل؛ کــەرەســەی وەرزشــی ژیمناســتیک کە لە دوو میلەی بـەرانبـەر بـە یـەک لـە سـەر پایەگەلێک دانراوە.

پارانوئیــــد / pārāno'îd/: [فرانــســوی] ☜ **پارانویایی**

پارانویــــا / pārānoyā/: [فرانــســوی]/ســم. /روانـشناسی/ پارانۆیـا؛ چـەشـنێک پـەرێـشانی ڕەوانی بـەردەوام و درێـژەدار کـە نـەخـۆش تووشی بـەرزەفـڕی یـان گومـانخـراوی دەکـا، بـەڵام بـەشـەکـانی دیکـەی کـەسایەتی ئـەو نەخۆشە وەک خۆیان دەمێننەوە.

پارانویــــائی / pārānoyā'î/: [فرانــسوی] ☜ **پارانویایی**

پارانویــــــایی / pārānoyāyî/: صـــــفت. /روانـشناسی/ پارانۆیـایی؛ تووشـی پارانۆیـا: **پارانوئید؛ پارانویائی**

پــــاراوان / pārāvān، ـهــا/: [فرانــسوی از ایتالیــایی]/ســم. پــەردە؛ پــەردۆ؛ دیــوارۆک؛ دیوارئاســـای جــوێکــەرەوەی هــۆدە و ئوتاغێکی ناوماڵ لە بەشەکانیتر.

پــارت / pārt، ـهــا/:/ســم. پــارت؛ هــۆزێکی کەونـارا کـە دە ناوەنـدی خۆراسـاندا دەژیـان و وەک ئێژن، دەوڵەتی ئەشکانیان دامەزراند.

پــارتی / pārtî، ـهــا/: [فرانسوی]/ســم. پــارتی: ١. واسـیە؛ واسـتە؛ داژدار؛ پشتگر؛ پـشتەمێـر؛ پـاڵپـشت؛ لایـەنگـیر؛ هـەواخـواز؛ پـشتیوان؛ لایەنگـری بـە دەسـتەڵات ٢. جۆرێـک میـوانی بە شێوەی ڕۆژاوایـی هـاوڕێ لـەگـەڵ سـەمـا و مۆسـیقادا ٣. ئـەو کالایـە کـە بـە یـەکجـاری دەگاتە دەسـتی کـڕیار ‹دیـروز یـک پـارتی از ایـن کفـشها رسـید: دوێنـێ پارتیـەک لـەم کـەوشـانە گەیبشت›.

◘ **پــارتی کلفــت**: پــارتیکــەلــەقــەوی؛ پــارتی دەســچوو ‹پـارتی حَـسَن کلفـت اسـت: پـارتی حەسەن کەلەقەویە›.

◙ **پــارتی تراشــیدن**: پــارتی نانــەوە ‹بـرای اسـتخدام، ده تـا پـارتی تراشـید: بـۆ دامـەزران، دە دانە پارتی نایەوە›.

پــارتی رفــتن: چــوون بــۆ پــارتی؛ چوونــە میوانی؛ بەشداریکردن لە میوانیدا.

پارتی شدن: بوونە پارتی؛ پشتگرتن.

پــارتی گــرفتن: پــارتی دان؛ پــارتی ڕێکخستن؛ میوانی دان.

پــارتیبــازی / pārtîbāzî، ـهــا/: [فرانــسوی/ فارسـی]/سـم. کـەسکـەسـانێ؛ گۆڵـساقبـازی؛ گۆڵساخبازی؛ ئاشـنابازی؛ کـار پێـکهێنـان بـۆ خزم و ئاشنا.

پــارتیزان / pārtîzān، ـهــا/: [فرانسوی]/ســم. چریک؛ پێشمەرگە؛ گریلا.

پارتیــشن / pārtîšen، ـهــا/: [انگلیــسی]/ســم.

هێنانە ناو قسە و باسەوە ‹بابا اینقدر پاررازیت نده: کاکە هێندە پارازیت مەخە›.

پاراشوت / pārāšût، هـا/: [فرانسوی]/اسم. چەتری دەرباز بوون؛ ساباتی ڕزگاری؛ چەترێک کە لە کاتی پێویستدا لە ئاسمانەوە دەیکەنەوە و بە نەرمی دێنەوە سەر زەوی.

پاراف / pārāf/: [فرانسوی]/اسم. ئیمزا؛ واژۆ ‹وقتی حکم پاراف شد، ببر به طرف ابلاغ کن: کاتێ حوکمەکە ئیمزا کرا، بیبە بە کابرای ڕاگەینە›.

پارافین / pārāfîn، هـا/: [فرانسوی]/اسم. *[شیمی]* پارافین؛ جۆرێک چەوریە لە نەوت چێ دەکرێ و پێستی دەست و ڕوومەتی پێ چەور و نەرم دەکەن.

پاراگراف / pārāg(e)rāf، هـا/: [فرانسوی] *اسم.* بەند؛ بەشێک لە نووسراوە کە زۆرتر لە مەڕ بابەتێکەوەیە و بە دەسپێکردنی دێڕی تازە، لە بەشگەلی‌تر جوێ دەبێتەوە.

پارالل / pārālel، هـا/: [فرانسوی]/اسم. پارالێل؛ کەرەسەی وەرزشی ژیمناستیک کە لە دوو میلەی بەرانبەر بە یەک لە سەر پایەگەلێک دانراوە.

پارانوئید / pārāno'îd/: [فرانسوی] ☜ پارانویایی

پارانویا / pārānoyā/: [فرانسوی]/اسم. *[روانشناسی]* پارانۆیا؛ چەشنێک پەرێشانی ڕەوانی بەردەوام و درێژەدار کە نەخۆش تووشی بەرزەفڕی یان گومان‌خراوی دەکا، بەلام بەشەکانی دیکەی کەسایەتی ئەو نەخۆشە وەک خۆیان دەمێننەوە.

پارانویائی / pārānoyā'î/: [فرانسوی] ☜ پارانویایی

پارانویایی / pārānoyāyî/: صفت. *[روانشناسی]* پارانۆیایی؛ تووشی پارانۆیا: پارانوئید؛ پارانویائی

پاراوان / pārāvān، هـا/: [فرانسوی از ایتالیایی]/اسم. پەردە؛ پەردۆ؛ دیوارۆک؛ دیوارئاسای جوێ‌کەرەوەی هۆدە و ئوتاغێکی ناومال لە بەشەکانی‌تر.

پارت / pārt، هـا/:/اسم. پارت؛ هۆزێکی کەونارا کە دە ناوەندی خۆراساندا دەژیان و وەک ئێژن، دەولەتی ئەشکانیان دامەزراند.

پارتی / pārtî، هـا/: [فرانسوی]/اسم. پارتی: ١. واسیە؛ واستە؛ داژدار؛ پشتگر؛ پشتەمێر؛ پال‌پشت؛ لایەن‌گیر؛ هەواخواز؛ پشتیوان؛ لایەنگری بە دەستەلات ٢. جۆرێک میوانی بە شێوەی ڕۆژاوایی هاوڕێ لەگەل سەما و مۆسیقادا ٣. ئەو کالایە کە بە یەکجاری دەگاتە دەستی کڕیار ‹دیروز یک پارتی از این کفشها رسید: دوێنێ پارتیەک لەم کەوشانە گەییشت›.

▣ **پارتی کلفت**: پارتی کەلەقەوی؛ پارتی دەسچوو ‹پارتی حَسَن کلفت است: پارتی حەسەن کەلەقەویە›.

▣ **پارتی تراشیدن**: پارتی نانەوە ‹برای استخدام، ده تا پارتی تراشید: بۆ دامەزران، دە دانە پارتی نایەوە›.

پارتی رفتن: چوون بۆ پارتی؛ چوونە میوانی؛ بەشداری‌کردن لە میوانیدا.

پارتی شدن: بوونە پارتی؛ پشت‌گرتن.

پارتی گرفتن: پارتی دان؛ پارتی ڕێک‌خستن؛ میوانی دان.

پارتی‌بازی / pārtîbāzî، هـا/: [فرانسوی/فارسی]/اسم. کەس‌کەسانێ؛ گۆلساق‌بازی؛ گۆلساخ‌بازی؛ ئاشنابازی؛ کار پێک‌هێنان بۆ خزم و ئاشنا.

پارتیزان / pārtîzān، هـا/: [فرانسوی]/اسم. چریک؛ پێشمەرگە؛ گریلا.

پارتیشن / pārtîšen، هـا/: [انگلیسی]/اسم.

دیـوارۆک؛ پـەردۆ؛ سـکر؛ پارتیـشن؛ دیـوارێکی سـووکەڵـە بـۆ جـویّکردنـەوەی بـەشـێک لـە هۆدە.

پـارچ / pārč، ـهـا/:/اسم. پـارچ؛ تۆنـگ؛ تۆنگـە؛ سوراحی؛ گۆزەڵـە؛ بـەقـۆ؛ بـەقـۆک؛ لوولێنـەی ئاوخۆرە.

پارچە / pārče، ـهـا/:/اسم. پارچـە: ١. کووتـاڵ؛ کاڵا؛ قومـاش ‹پارچـەی پیـراهن: پارچـەی کـراس› ٢. *[مجـازی]* بـەش؛ لـەت؛ تیکـە؛ پارچـە؛ پـاژە ‹یـک‌پارچـه: یـەک‌پارچـە› ٣. قـەوارە؛ بـۆ ئەژماردنی هـەنـدێ شـتان (وەک زەویـن و مـاڵ یـان ئـاوایی) ‹او در کرمانـشاه ده پارچـه آبـادی داشت: لە کرماشاندا دە قەوارە ئابادی هەبوو›.

پارچـــەای / pārče'î/: صـفت. پارچـــەیـــی؛ کووتاڵـــی؛ پـــەڕۆینـــە ‹عروســک پارچـــه‌ای: وەویلکەی پارچەیی›.

پارچـەبـافی / pārčebāfî/:/اسم. پارچـەچـنی؛ کووتـاڵ‌چـنی: ١. کـاری چنـینی پارچـە ‹او سـاڵ‌هـا پارچـه‌بـافی مـی‌کـرد: چەنـد سـاڵان پارچەچـنی دەکـرد› ٢. /ـهـا/ کارگـای چنـینی پارچـە ‹او در پارچـه‌بـافی کـار مـی‌کنـد: لـە پارچەچنیدا کار دەکا›.

پارچـەفـروش / pārčefurûš، ـهـا؛ ـان/:/اسم. پارچەفـرۆش؛ قومـاش‌فـرۆش؛ کووتـاڵ فـرۆش؛ کەسێک کە کاری فرۆشتنی پارچەیە.

پارچـــەفروشـــی / pārčefurûšî، ـهـا/:/اسم. پارچـــەفرۆشـــی؛ کووتـــاڵ‌فرۆشـــی؛ کووتـــاڵ ورەشـــی؛ قروماشـــی: ١. /ـــهـــا/ فرۆشـــگەی پارچـە ٢. پیـشە یـان کـاری پارچـەفـرۆش ✻ بزازی

پارچـــەنویـــسی / pārčenevîsî، ـهـا/:/اسم. پارچـــەنووســـی؛ کـــاری نووســـینی (ئاگـــاداری و پیرۆزبایی و ...) لە سەر پارچە.

پـــاردم / pārdom، ـهـا/:/اسم. *[ادبی]* پاڵـــوو؛ پاڵـۆ؛ پاڵـدوو؛ پـاردوو؛ قۆیـشە؛ قوشـقون؛ ئـەو ئاڵقە یا ئـەو گوریـسە کـە بـن کلکـی یـەکـسم دەگرێ.

پـاردم‌سـاییده / pārdomsāyîde، ـهـا/: صفت. *[مجـازی]* بـێ‌شـەرم؛ بـێ‌حـەشـر و نـەشـر؛ بـێ‌حـەیـا؛ بـێ‌عـار ‹چنـد تـا از آن آدمهـای پاردم‌ساییده را دنبـالش راه انداختـه بـود: چـەن کـەس لەو بێ‌شەرمانەی خستبووە شوێنی خۆی›.

پـارس / pārs، ـهـا/:/اسم. ١. فـارس؛ هـۆزێکی کـەونـارای ئاریـایی کـە لـە باشـووری ئێرانـدا دەژیـن ٢. گـەفـە؛ گـەفـە_گـەف؛ حـەپـە؛ حـەپـە_حـەپ؛ حـەو؛ حـەو_حـەو؛ حـەف؛ حـــەفـــار؛ حـــەوتـــە؛ وەڕە؛ ڕەوە؛ وەڕەـوەڕ؛ ســـەگـڕەو؛ ســـەگـوەڕ؛ وەپ؛ پـــاس؛ دەنگـــی سەگ.

پارســا / pārsā، ـیـان/: صـفت. پارسـا؛ دژکـام؛ تەرکەدنیا؛ پارێزکار؛ خۆپارێز؛ لەخواترس.

پارسائی / pārsā'î/ ☜ **پارسایی**

پارســاڵ[1] / pārsāl/:/اسم. پـار؛ پـارەکـە؛ ساڵـی پێشوو؛ ساڵـیّ لـەمـەوبـەر؛ ساڵـی ڕابـردوو ‹تا پارسـال در مهابـاد بـودیم: تـا پـارەکـە لـە مـەهابـاد بووین›.

پارســاڵ[2]: *قیـد.* پـارەکـە؛ پـار؛ لـە پـارەکـەدا؛ لـەساڵـی پێـشوودا ‹پارسـال بـه سـارال رفتـیم: پارەکە چووین بۆ ساراڵ›.

پارســایانه[1] / pārsāyāne/: صـفت. پارێزگارانـە؛ پـەرزایانـە؛ بـە پارێزگاریـەوە ‹زنـدگی پارسـایانه: ژینی پارێزگارانە›.

پارســایانه[2]: *قیـد.* پـەرزایانـە؛ بـەپارێزگاریـەوە ‹پارسایانه زندگی می‌کرد: پەرزایانە دەژیا›.

پارســـایی / pārsāyî، ـهـــا/:/اســم. *[ادبـــی]* پارێزگـاری؛ پـەرزایـی؛ کـار یـان ڕەوتی دووری گرتن لە کاری نالەبار و نەشیاو: **پارسائی**

پارســک / pārsek/: [فرانـسوی]/اسم. پارسـێک؛ یەکەیەک بۆ مـەوداگـەلی کیـانی بـەرانبـەر بـە $3{,}09\times10^{13}$ کیلـــۆمیتر یـــا ٣،٢٦ ساڵـــی

نووری.

پارسـنگ / pārsang، ـهـا/:/اسم. پارسـەنـگ؛ سەنگ‌ترازوو؛ سەنـگ قـووە؛ کۆمـەگـی بـەردی تەرازووی سۆک.

پارسە / pārse/:/اسم. [ادبی] گـەدایـی؛ سـواڵ؛ پارسـە؛ دەرووزە؛ کـار یـان ڕەوتی دەسـت داکێشان لـە خـەڵـک و داوای پـارە و یارمـەتی کردن.

پارسی / pārsî، ـهـا؛ ـان/:/اسـم ١. فارسـی؛ پارسـی ٢. زەردەشـتی (بـەتایبـەت دانیـشتووی هیند).

پارشـمن / pāršman، ـهـا/: [؟]/اسم. پێـستی خۆشەکراوی پـەز و بـزن کـە لـە ڕابـردوودا بـە جـێ کاغـەز، بـۆ نووسـین کـەڵـکی لـێ وەردەگیرا.

پـارک / pārk، ـهـا/: [فرانسوی]/اسم. پـارک: ١. سـەیرانگـا؛ سەیرانگەهـ ؛ گـەڕانگـە؛ جێگایـەکی گـشتی بـە شـێوەی بـاخێکی گـەورە و پـڕ لـە گـوڵ و گیـا و ئـامرازی کایـە کردن بـۆ منـداڵان ‹دیـروز بچـەهـا را بـردم پـارک: دوێنـێ منداڵـەکـانم بـردن بـۆ پـارک› ٢. ڕاوەستانی ماشین ‹یـک ماشین آنجا پـارک شـده بود: گەڕۆکێک لـەوێدا پـارک کرابـوو› ٣. [نظامی] جێیـەک کـە بـڕێ تـۆپ، تانـک یـان گـەڕۆکـی چـەکـداری لـێ دابـین کـرابێتن ‹پـارک توپخانـە: پارکی تۆپخانە›.

▣ **پارک بچە** ☜ **مانک**

پـارک جنگلـی: پـارکی جـەنگـەڵـی؛ سەیرانگای لێڕەواری.

پارک عمـومی: سـەیرانگـای گـشتی؛ پـارکی گشتی.

پارک ملی: سەیرانگـای نـەتـەوەیـی؛ پـارکی نـەتـەوەیـی؛ پـارکی هـەڵـگرتن و پاراسـتنی گـژ و گیـا یـان گیانلـەبـەرانی نایـاب یـان ئاقـاری سروشـتی کـە دەوڵـەت چاوەدێـری لێدەکا.

پـارک وحـش: پـارکی ڕاوران؛ دەڤـەرێکـی پـارێزراو بـۆ پـارازتن و ڕاگـرتنی گیانلـەبـەرانی وەحـشی لـە ناوچـەیـەکـی خۆڕسکدا، بە ئازادی.

▣ **پـارک کـردن**: پـارک‌کـردن؛ ڕاوەسـتاندن؛ وەسـتاندن؛ وێـسانن؛ ڕاگـرتن؛ مدرنـەی؛ دانـان و زۆرتـر بـەجێ‌هێـشتنی کـەرەسـەی هات‌وچـوو لـە شـوێنێک. هـەروەهـا: **پـارک شدن**

پارکـابی / pārekābî، ـهـا/: [فارسـی/ عربـی] اسم. [قدیمی] شاگرد؛ شاگرد شۆفێر.

پـارک‌بـازار / pārkbāzār، ـهـا/: [فرانـسوی/ فارسی]/اسم. پارک‌بازاڕ؛ شـوێنێک کـە بریـەتیـە لە چەند فرۆشگای بە پارکینگەوە.

پارکـت / pārket، ـهـا/: [فرانسوی]/اسم. چێـو فـەرش؛ چـۆ فـەرش؛ پارچـەی چێـوی لـووس‌کـراو و دەپـاڵ یـەک چنـراو بـۆ فـەرش کردنی خانوو.

پارک‌وی / pārkvey/: [فرانسوی] ☜ **باغراه**

پارکینـگ / pārkîng، ـهـا/: [انگلیـسی]/اسـم. پارکینگ؛ گاراج؛ شوێنی ڕاگرتنی ماشین.

پـارگی / pāregî/:/اسـم. دڕاوی؛ دڕیـاگی؛ دڕیـاوی؛ جیکـەدراو؛ شـڕ و لـەتی؛ دۆخ یـان چۆنیەتی لێ‌جیـا بوونـەوەی پـرزەی لـە تـان و پـۆ یـان هـەودای شـتێک ‹پـارگی ناشـی از ضربەی چاقو: دڕاوی بەهۆی لێدانی چەقۆوە›.

پـارگین / pārgîn، ـهـا/:/اسم. خـەرەنـد؛ بەلۆعە؛ فـازلاو؛ شـوێنی دەرچـوونی پیسایی و ئاوی دوای شۆردن.

پارلمـان / pārlemān، ـهـا/: [فرانـسوی]/اسم. پـەرلـەمـان؛ ئـەنجومـەن؛ کـۆڕی نوێنـەران بـۆ دەستوور دانان.

پارلمانتاریـسم/ pārlemāntārîsm/: [فرانـسوی] اسم. ١. دەزگـای سیاسـی خـاوەن پـەرلـەمـان

یان پەرلەمانگەلی دەستوور دانان ٢. باوڕ بە هەبوونی هێز و دەسەلات لە لایەن دەزگای پەرلەمانیەوە.

پارلمانی / pārlemānî/: [فرانسوی] *صفت.* پەرلەمانی؛ پارلمانی ‹انتخابات پارلمانی: هەلبژاردنی پەرلەمانی›.

پارنج / pāranc/: *اسم.* قەدەمانە؛ کالەدرانە؛ پارەیەک کە بۆ هاتنی کەسێ و جێبەجێ کردنی کارێک پێی دەدرێ (بەتایبەت بۆ بژیشک دەگوترێ).

پارو / pārû، ـها/: *اسم.* پارۆ؛ پاروو؛ پالێ؛ ئاوژەن؛ ویە؛ هوە؛ هووە؛ هویی؛ چەپە؛ سەوڵ؛ سەلپ؛ مەژرفە؛ شەلی؛ بێلی دارین؛ بێلەدارینە.

▣ **پارو زدن:** پارۆ لێدان؛ قەفاندن؛ سەلپاندن؛ سەوڵ لێدان ‹من خسته شدم، تو هم کمی پارو بزن: من لە بال کەوتم، تۆیش هێندێک پارو لێدە›.

پاروکردن: مالین؛ پارۆ کردن؛ سەوڵ کردن؛ بێرک‌کرن؛ شتێک (بەتایبەت بەفر) بە پارۆ راماڵین ‹آمد و برفها را پارو کرد: هات و بەفرەکانی مالی›.

پارونی / pārû'î/ ☜ **پارویی**

پاروزن / pārûzan، ـها؛ ـان/: *اسم.* پارۆ لێدەر؛ سەولوان؛ شەلیڤان؛ سەوڵ‌زەن ‹برخی کشتیهای قدیمی سه ردیف پاروزن داشتند: هەندێ لە گەمیەگەلی پێشوو سێ ریز پارولێدەریان هەبوو›.

پاروزنی / pārûzanî/: *اسم.* پارۆلێدەری؛ شەلیڤانی؛ کار یان رەوتی راژاندنی بەردەوامی پارۆ لە ئاودا بۆ بەرێوە بردنی کەرەسەی هات‌وچۆکەری سەر ئاو.

پارویی / pārûyî/: *صفت.* پارۆیی: ١. پارۆدار؛ ویەدار ٢. وەکوو پارۆ ✽ **پارونی**

پاره [1] / pāre، ـها/: *اسم.* کوت؛ کت؛ لەت؛ پارچە؛ کەر؛ کەرک؛ دادڕ؛ کەری؛ پاژ؛ کگەرت؛ فەرژ؛ قراش؛ شڕ؛ پارە؛ قەل؛ تیقەڵ؛ تیکە؛ دەرسە؛ تلیشە؛ چڕیاو؛ بڕ و بەشێک لە کۆمەلێ یان شتێک ‹شکست و هر پاره‌اش جایی افتاد: شکا و هەر کوتێکی کەوتە جێیەک›.

پاره [2]: *صفت.* دراو؛ دریاو؛ دریاگ؛ دریا؛ دادڕاو؛ شیپال؛ شیتال؛ هەلدڕاو؛ هۆردڕیا؛ چڕیاو؛ چڕیاگ؛ چڕاو؛ ئالنگ.

▣ **پاره شدن:** هەلدڕان؛ دڕان؛ دادڕان؛ دادڕیان؛ فەرزین؛ تلیشیان؛ پڕان؛ لێک بوونەوە؛ شەق بردن؛ لەت بوون؛ گەزحان؛ پارچەبوون؛ دڕیەی ‹پیراهنم پاره شد: کراسەکەم دڕا›.

پاره کردن: دڕاندن؛ ڕنای؛ دڕنەی؛ چڕاندن؛ دادڕین؛ هەلدڕین؛ هۆر دڕنەی؛ لەت‌کردن.

پاره‌ـ [3]: *پیشواژه.* لەتە‌ـ؛ کوتە‌ـ؛ پارە‌ـ؛ بەشێک لە شتێک ‹پاره خط؛ پاره آجر: لەتەدێڕ؛ کوتەئاجۆر›.

ـ پاره [4]: *پیواژه.* ـ پارە؛ ـ لەتە؛ ـ کوتە: ١. شکاو؛ وردبووگ؛ رزاو؛ پواو؛ مڕیا ‹آجرپاره؛ آهن‌پاره: ئاجۆرپارە؛ ئاسنەلەتە› ٢. بەش یان جۆرێکی بچووک لە شتێک ‹کاغذپاره: کاغەزەلەتە›.

پاره‌آجر / pāre'ācor/ ☜ **آجرپاره**

پاره‌ای [1] / pāre'î/: *صفت.* هێندێ؛ هەندێ؛ هێندێک؛ بڕێک؛ بڕێو ‹پاره‌ای وسایل درآنجا گذاشته بودم: هێندێ شت‌ومەکم لەوێ دانابوو›.

پاره‌ای [2]: *ضمیر.* هێندێ؛ هەندێ؛ هێندێک؛ هەندێک؛ بڕێک؛ بڕێو ‹پاره‌ای خواستند بروند و پاره‌ای ماندند: هێندێ ویستیان بڕۆن و هێندێک مانەوە›.

پاره‌پاره / pārepāre، ـها/: *صفت.* بەش‌بەش؛ لەت‌لەت؛ کوت‌کوت؛

لەت_کوت؛ قەڵـقەڵ؛ گنجر؛ ونجر؛ شڕ و شڕۆڵ؛ پریش_پریش؛ پارچە_پارچە؛ شرودڕ؛ قڕاش_قڕاش؛ لەتار؛ لەتار_لەتار؛ ڕیزە_ڕیزە؛ شەقار؛ شەقار وەقار؛ شڕ و شیتاڵ؛ بە دڕاوی زۆرەوە.

پارە_پورە / pārepûre، ـها/: صفت. [گفتاری] لەتوپەت؛ کوتولەت؛ شڕ و دڕ؛ شڕ و وڕ؛ لەتوکوت؛ شەڵوپەت؛ کەڵوکۆم؛ ونجڕ_ونجڕ؛ پچڕ_پچڕ.

پارەخط / pārexat، ـها/: [فارسی/ عربی] اسم. لەتەخەت؛ کوتەخەت؛ هێڵێ کە سەرەتا و بنەتای دیار بێ.

پارەدوز / pāredûz، ـها؛ ـان/: اسم. [ادبی] پینەدۆز؛ پینەچی؛ شڕەوراز.

پارەوقت / pārevaqt/: [فارسی/ عربی] صفت. بەشێک لە کات یان ڕۆژەکانی کارکردن، نەک هەمووی.

پارین‌زیوی / pārînzîvî/: اسم. کۆنترین دەورانی زەویناسی کە تێیدا ژیان لە ئاوەوە دەستی پێکردووە.

پارینەسنگی / pārînesangî/: اسم. پالئۆلیتیک؛ ڕۆژگاری کەڤنی‌بەری: **دیرینەسنگی**

پازن / pāzan، ـها/: اسم. نێرۆ؛ نێروو؛ نێری؛ کەڵ؛ بزنەکێوی؛ بزنەکێفی؛ کەڵەکێوی.

پازند / pāzand/: اسم. پازەند؛ زمانی پاڵەوی بێ‌هوزوارش (پیتی نیشانەکراو بۆ نووسین) کە لە چەرخی ٢ و ٣ کۆچی مانگی و لەژێر کارتێکەری زمانی باوی فارسی ئەو سەردەمەدا ڕەخسا و هاتە سەر زارەوە.

پاس / pās/: اسم ١. / ـها/ کێشووی؛ کێشک ‹هر دو ساعت یک نفر در آنجا پاس می‌داد: هەر دوو سەعات کەسێک لەوێدا کێشکی دەدا› ٢. واسە؛ پاس؛ ئێشک؛ کێشکچی؛ نواوان ‹پاس خیابان مولوی: واسەی شەقامی مەولەوی› ٣. چاوەدێری؛ چاودێری ‹پاس داشتن: چاوەدێری‌کردن› ٤. پاژ؛ بەش ‹پاسی از شب: بەشێک لە شەو› ٥. [فرانسوی] [ورزش] پاس؛ کاری ناردن و ڕەوانەکردنی شتێکی وەک تۆپ بەرەو گەمیاری‌تر.

◙ **پاس شب**: ئێشک شەو؛ نگابانی شەو؛ کێشکی شەو.

بەپاس: لە هەمبەر؛ بۆ سپاسی؛ بۆ ڕێز گرتن ‹بە پاس کمکهای برادرانەی ایشان: لە هەمبەر یارمەتی برایانەی ئەوانەوە›.

◙ **پاس دادن**: ١. کێشکدان؛ چاوەدێری کردن ٢. پاس دان؛ خستنی تۆپ بۆ یارێک لە تۆپێندا ‹پاس داد بە یار شمارە ١٢: پاسی دا بە یاری ژمارەی ١٢› ٣. [مجازی] پاس دان؛ بانوخوار پێکردن ‹مرا از این اتاق بە آن اتاق پاس می‌دادند: لەم ژوور بۆ ئەو ژوور پاسیان دەدام›.

پاس داشتن: بەرز ڕاگرتن؛ ڕێزگرتن ‹حرمت او را پاس می‌داشت: قەدری بەرز ڕاتەگرت›.

پاس کردن: دەرچوون ‹امتحان شیمی را نتوانستم پاس کنم: نەمتوانی لە ئەزموونی کیمیادا دەرچم›.

پاسار / pāsār/: اسم. شیپان؛ شیپانە؛ لاشیپان؛ تەکیەی دەرگا. بەرانبەر: **لَنتو**

پاساژ / pāsāj، ـها/: [فرانسوی] اسم. شاردووکان؛ پارساژ؛ پاساج؛ خانووبەرەیەکی بە شێوەی دالان بە دووکانگەلێک تێیدا ‹در آن پاساژ مغازە دارد: لەو شاردووکانەدا دووکانی هەیە›.

پاسبان / pās(e)bān، ـها؛ ـان/: اسم. ١. [نامتداول] ئێشک‌گر؛ کێشکچی؛ پاسەوان؛ نواوان؛ ئاژان؛ زیرەڤان؛ زیرەڤان؛ پۆلیس؛ قۆڵچی؛ پاسدار؛ کۆت؛ ئاردەڵ ٢. [ادبی]

چاودێر؛ ئەوی ئاگاداری‌کردن لە شتێکی وەئەستۆیە ‹دولت پاسبان جان و مال مردم است: دەوڵەت چاودێری گیان و ماڵی خەڵکە›.

پاسبانی [1] / pās(e)bānî/: اسم. ئێشک‌گری؛ نواوانی؛ پاسەوانی؛ پاسداری: ١. کاری پاسەوان ٢. /ادبی/ پاسەوانی؛ نگابانی؛ چاوەدێری ‹شب تا صبح به پاسبانی گله پرداخت: شەو تا بەیانی پاسەوانی ڕانەکەی کرد›.

پاسبانی [2]: صفت. ئێشک‌گری؛ نواوانی؛ پاسەوانی؛ پێوەندیدار بە پاسەوانەوە ‹لباس پاسبانی: پۆشەنی پاسەوانی›.

پاس‌بخش / pāsbaxš، ها/: اسم. سەرپاسەوان؛ ئەوەی چاوەدێری بە سەر کاری پاسەوانان و مەزرینگەی پاسەوانیەوە دەکا.

پاسپار / pāspār/: صفت. بەرپێ؛ ژێرپێ؛ ژێرپا.

پاسپورت / pāsport، ها/: [فرانسوی]/اسم. پاس؛ پەساپۆرت؛ بەراییناما بۆ چوونە هەندەرانەوە.

پاستل / pāstel، ها/: [فرانسوی از ایتالیایی] /اسم. پاستیل: ١. جۆرێک گەچی هەمەڕەنگە بۆ نەقاشی و ڕەسم‌کێشان ٢. جۆرێ شیرینیە وەک ڕاحەت، بەڵام هێندێک سفت‌تر.

پاستوریزاسیون / pāstorîzās(i)yon/: [فرانسوی]/اسم. پاستۆریزاسیۆن؛ کار یان ڕەوتی پاستۆریزەکردن؛ دانانی خواردەمەنی لە تینێکی تایبەت و بە ماوەیەکی دیاریکراو، بۆ سڕین و کوشتنی باکتریا نەخۆش‌خەرەکان.

پاستوریزه / pāstorîze، ها/: [فرانسوی] صفت. پاستۆریزە؛ تایبەتمەندی ماکێکی خوراکی کە پاستۆریزاسیون کرابێ ‹شیر پاستوریزه: شیری پاستوریزە›.

پاسخ / pāsox، ها/: اسم. وەرام؛ ولام؛ وەڵام؛ ولام؛ پەرسڤ؛ پاگۆ؛ واوێژ؛ جواو؛ جواب؛ جاب ‹ناطق در پاسخ خبرنگاران گفت... : وێژەر لە وەرامی هەواڵدەراندا گوتی...›.

پاسخدهی / pāsoxdehî/ ☜ **پاسخگویی**

پاسخگو / pāsoxgû، یان/: اسم ١. وەلامدەر؛ وەرامدەر؛ جواودەر؛ جوابدەر؛ پەرسڤدەر؛ ئەوەی وەرامی پرسیارگەل دەداتەوە ‹مسئول اداره پاسخگوی پرسشهای شماست: بەرپرسی مەزرینگە وەلامدەری پرسیارەکانتانە› ٢. بەرپرس؛ وەرپەرس ‹چرا کسی خود را پاسخگو نمی‌داند: بۆچی کەس خۆی بە بەرپرس نازانێ›.

پاسخگویی / pāsoxgûyî/: اسم. ١. وەلامدەری؛ کار یان ڕەوتی جواو دانەوە؛ وەلام دانەوە؛ وەرام دانەوە ‹آنگاه آزاد به پاسخگویی پرداخت: پاشان ئازاد دەستی کرد بە وەلام دانەوە› ٢. بەرپرسایەتی؛ دۆخ یان چۆنایەتی بەرپرس بوون ‹پاسخگویی به عهده شماست: بەرپرسایەتی بە ئەستۆی ئێوەیە› * **پاسخدهی**

پاسدار / pāsdār، ها؛ ان/: اسم. نواوان؛ پارێزەر؛ پاسدەر؛ ئێشک‌گر؛ نۆبەچی؛ کێشکچی؛ نۆتر؛ نۆترڤان؛ نۆگەچی؛ نۆبەدار ‹پاسدار امنیت کشور: پارێزەری هێمنایەتی وڵات›.

▣ **پاسدار صلح**: ئاشتیوان؛ پارێزەری ئاشتی: ١. هێزێ کە پاراستنی ئاشتی و بەرگری لە درێژەدان بە شەڕ و شۆڕی بە ئەستۆیە ٢. هەر یەکە لە سەربازانی ئەو هێزە.

پاسدارخانه / pāsdārxāne، ها/: اسم. پاسدەرگە؛ پاسدارخانە؛ قشڵە؛ ژوورێ کە پاسدەرانی تێدا دەحەسێنەوە.

پاسداری / pāsdārî/: اسم ١. /ها/ چاودێری؛ چاوەدێری؛ نگابانی ‹مردم پاسداری از شهر را

بە عهده گرفتند: خەڵکی چاوەدێری لە شاریان وە ئەستۆگرت› ٢. ئێشکگری؛ پاسەوانی؛ پاسداری؛ کاری پاسداری ‹از حقوق پاسداری استفاده می‌کند: لە مووچەی پاسەوانی کەڵک وەر دەگرێ›.

پاسکال / pāskāl/: [انگلیسی]/اسم. پاسکاڵ: ١. یەکەی پێوانەی تەوژم، بەرامبەر بە تەوژمی یەک نیوتون بە سەر میترێکی چوارگۆشدا ٢. یەکێک لە زمانگەلی بەرنامەنووسی کامپیوتەر.

پاسگاه / pāsgāh، ـها/: اسم. بنکە؛ شوێنێ کە تاقمێکی کەم لە هێزی پۆلیس یان ئەرتەشی تێدا جێگر دەبن ‹پاسگاه پلیس: بنکەی پولیس›.

پاسنگ / pāsang، ـها/: اسم. باریکە پەراوێزی هێندێک زۆپایی پای دیوار یان دەوری ستوون.

پاسور / pāsûr/: [؟]/اسم. پاسوور؛ جۆرێک یاری کە بە پەڕە دەکرێ ‹شبها دور هم می‌نشستند و پاسور بازی می‌کردند: شەوان لە دەوری یەکدا دادەنیشتن و پاسووریان دەکرد›.

پاسوز / pāsûz/: صفت. [کنایی، گفتاری] پاسۆچ؛ پاسووز؛ پێسووت؛ بێبەش و دابڕاو لە خۆشیگەلی ژیان بە هۆی ئاگاداری و چاوەدێری لە کەسێک یان چاوەڕوانی کردنی کەسێک ‹پس از مرگ شوهرش خود را پاسوز بچەهایش کرد و شوهر نکرد: دوای مردنی شووەکەی خۆی کردە پاسۆچی منداڵەکانی و مێردی نەکرد›.

پاسیار / pāsyār، ـها؛ ـان/: اسم. [نامتداول] زەبلووت؛ جووتەخاڵ؛ سەرهەنگی شارەوانی.

پاسیفلورین / pāsîfelorîn/: [فرانسوی]/اسم. گل ساعتی ☜ **گل**

پاسیفیسم / pāsîfîsm/: [؟] اسم. پاسیفیزم؛ باوڕ بەوە کە ئاشتی جیهانی دەبێ لە ڕێگەی هاوکاری و هاوسەنگیەوە بپارێزرێ.

پاسیو / pās(i)yo، ـها/: [فرانسوی از اسپانیایی] اسم. ڕۆچنە؛ نوورگیر؛ ڕۆژنە.

ـ پاش / pāš/: پیواژە. ـپاش؛ ـپژێن؛ ـپرژێن؛ ـرشێن ‹آبپاش: ئاوپاش›.

پاشا / pāšā، ـها؛ ـیان/: اسم. پاشا؛ نازناوی پایەبەرزانی دەوڵەتی عوسمانی ‹محمود پاشا: مەحموودپاشا›.

پاشام / pāšām/: اسم. [کالبدشناسی] پەردە؛ توێ؛ تۆ؛ لا.

▣ **پاشام شکم**: پەردەی زگ؛ پەردەی بەینی سی و گەدە.

پاشام مغز: پەردەی مێشک؛ هەرکام لە سێ پەردەی دەوری مێشک.

پاشاندن / pāšāndan/: مصدر. متعدی. //**پاشاندی**: هەڵتوەشاند؛ **می‌پاشانی**: هەڵدەوەشێنی؛ **بپاشان**: هەڵوەشێنە // ١. هەڵوەشاندن؛ هەڵوەشاندنەوە؛ هەڵشێواندن؛ لێک پاشین؛ تێکدان؛ هۆرشێونەی ‹آن گروه را از هم پاشاندند: ئەو تاقمەیان لێک هەڵوەشاند› ٢. پژاندن؛ ڕژاندن؛ پژگنەی؛ پژگنای ‹زد روی دستم همه را پاشاند: دای لە دەستم و هەمووی پژاند› ❋ **پاشانیدن**. هەروەها: **پاشاندنی**

■ صفت فاعلی: **پاشاننده** (هەڵوەشێنەر)/ صفت مفعولی: **پاشانده** (هەڵوەشێنراو)/ مصدر منفی: **نَپاشاندن** (هەڵنەوەشاندن)

پاشانیدن / pāšānîdan/ ☜ **پاشاندن**

پاشنده[1] / pāšande، ـها/: اسم. پژانە؛ پژێنە.

پاشنه / pāšne، ـها/: اسم. پاژنە؛ پاشنی؛ پەچنی؛ پانیە؛ جبک؛ پەهنی؛ پێن؛ پاژنێ؛ پاژنۆ: ١. لەپان؛ بەشی پاشینی پا ‹پاشنەی پا: پاژنەی پێ› ٢. ئێسکێکی چوار سووچی نارێک لە ژێر پادا کە قورسایی لەش

هەڵدەگرێ ‹استخوان پاشنە: ئێسقانی پاژنە› ٣. بەشێک لە پێڵاو یان گۆرەوێ کە پاژنەی پێی تێیدا جێدەگرێ ‹پاشنەی جوراب: پاژنەی گۆرەوێ› ٤. ناڵچەی پێڵاو ‹کفش پاشنە بلند: پێڵاوی پاژنەبەرز› ٥. گێجەنە؛ گێجەنێ؛ گێژەنە؛ درسمە؛ سکپ ‹پاشنەی در: گێجەنەی دەرگا› ٦. *[صنعت]* خولگە؛ چەمەر ٧. *[نظامی]* پەلەپیتکە؛ ماشە.

▣ **پاشنە بلند:** پاژنە بەرز؛ پاژنە بڵیند؛ ناڵچە بەرز. هەروەها: **پاشنە کوتاه؛ پاشنەدار؛ بی‌پاشنە**

▣ **پاشنەی در را از جا درآوردن:** *[کنایی]* درگا لە گێجەنە دەرهێنان: ١. بە پەلەپەل و بەردەوام زەنگ لێدان یان دەرگا کوتان ‹چە خبر است، پاشنەی در را از جا دراوردی: چ خەبەرە، درکاکەت لە گێجەنە دەرهینا› ٢. زۆر سوور بوون لە سەر شتێک و لە سەریەک بۆ بەدەست هێنانی دەرگا کوتان ‹انگار خواستگارهایش پاشنەی در را از جا درآوردەاند: تۆ دەڵێی داواکارەکانی درکاکەیان لە گێجەنە دەرهیناوە›.

پاشنەی دهان را کشیدن: *[مجازی]* دەم هەڵماڵین؛ دەم وەشاندن؛ دەمدان؛ زیب دەم کێشان؛ دەڤ چێری و دەڤ سڤکی کرن ‹پاشنەی دهانش را کشید و هرچە از دهنش در آمد، گفت: دەمی هەڵماڵی و هەرچی لە دەمی‌دەرهات، وتی›.

پاشنە را ور کشیدن: *[کنایی]* چاک وەلادا دان؛ قۆڵ لێ‌هەڵکردن؛ قۆڵ لێ‌هەڵماڵین؛ چۆڵێ/ قولێ هۆرکەردەی؛ خۆ تەیارکردن ‹پاشنە را ور بکش و راه بیفت: چاکی لی وەلادە و ڕێ‌کەوە›.

پاشنەی کسی را کشیدن: *[کنایی]* دنەی کەسێک دان؛ کەسێک هەڵخڕاندن؛ کەسێک هاندان؛ چوکڵەختێی کەسێک دان ‹علی هم پاشنەاش را می‌کشید و تشویقش می‌کرد: عەلیش دنەی ئەدا و هەڵی‌دەخڕاند›.

پاشنەکش / pāšnekeš، ـها/: *اسم.* پاژنەهەڵکێش؛ پانیەکێش؛ کەرەتە.

پاشوره / pāšûre/: *اسم.* ١. پەخ؛ گێڕ؛ کەل ٢. *ـها/ [گفتاری]* پاشۆرە؛ پاشۆر؛ پێ‌شۆرە.

▣ **پاشوره کردن:** ١. پَخ کردن ☜ **پَخ** ٢. پاشۆرە کردن.

پاشویه / pāšûye/: *اسم* ١. پاشۆرە؛ ئاوی (زۆرتر سارد) بۆ شۆردنی پای نەخۆش ٢. *ـها/* پاشاراو؛ جۆگەی باریکی دەوری حەوزی ❋ **پاشوره** *[گفتاری]*

▣ **پاشویه کردن:** پاشۆرەکردن؛ شۆردنی پای نەخۆشی یاودار بۆ بڕینی یاوەکەی.

ــ پاشی / pāšî/: *پیواژه.* ــ پژێن؛ــ پرژێن؛ ـ پاشی؛ پاشین ‹آب‌پاشی: ئاوپژێن›.

پاشیب / pāšîb/: *اسم.* پلەیەک کە بۆ ژێر زەوی بڕوا.

پاشیدگی / pāšîdegî، ـها/: *اسم.* ١. پرژ و بڵاوی؛ پژاوی؛ پرژاوی؛ پژگیایی ٢. هەڵوەشاوی؛ هەڵشێواوی؛ چۆنیەتی هەڵشێوان و هەڵوەشان.

پاشیدن / pāšîdan/: *مصدر. متعدی. لازم.* //**پاشیدی:** پژاندت؛ **می‌پاشی:** دەپژێنی؛ **بپاش:** بپژێنە// □ *متعدی.* ١. پژاندن؛ پاشین؛ پاشەی؛ پاشای؛ پژگنەی؛ بڵاوە پێ‌کردنی هەر شتێک □ *لازم.* ٢. پژان؛ پاشین؛ پاشیەی؛ پژگیەی؛ بڵاوە بوونی دانە و ڕێزەگەل یا تنۆکگەلی شتێک. هەروەها: **پاشیدنی**

■ صفت فاعلی: **پاشنده** (ـ)/ صفت مفعولی: **پاشیده** (پژاو)/ مصدر منفی: **نَپاشیدن** (نەپژاندن)

پاغره / pāqore/ ☜ **داءالفیل**

پافشاری / pāfešārî، ـها/:اسم. پێداگری؛ پاداگری؛ پێکۆڵی؛ میچ؛ میچڵە؛ هەتەزی؛ پژلی؛ چوور؛ چیڕیوگیڕی؛ کار یان ڕەوتی پێبەگەزدان؛ لاق چەقاندن؛ پڵ چەقاندن؛ سوور بوون؛ ڕکسوور بوون؛ گیرە و پێ چەقاندن.

پافنگ / pāfang/:اسم.[نظامی] پافەنگ؛ ڕاگرتنی چەک بە دەستی ڕاست لە پەنای پای ڕاستەوە، سەر بەرەژوور.

پاق‌وپوق / pāq(q)-o-pûq/: صوت.[گفتاری] قولتەقولت؛ بلقەبلق؛ قلتەقلت؛ قولپەقولپ؛ دەنگی کولانی تەڕاوان.

پاک[1] / pāk/: صفت. پاک: ١. خاوێن؛ بێخەوش؛ پوختە؛ پاکژ؛ پاقژ؛ پوار؛ پا؛ هیلاو؛ بژوون؛ تەمیس ٢.[مجازی] درووسکار؛ بێعەیب؛ دەسپاک؛ جەمتانە ‹آدم پاک: مرۆی پاک› ٣. ☜ عید پاک، **عید**

▣ **پاک شدن**: پاکەوە بوون؛ پوختەوە بیەی: ١. تەمیس بوون؛ پاکژ بوونەوە؛ نەمانی پیسی ٢. پاکەوە بوونی نووسراوە یان وێنە. هەروەها: **پاک بودن؛ پاک‌کردن**

پاک[2]: قید.[گفتاری] بەیەکجاری؛ بەتەواوی؛ بەگشتی؛ پاک؛ بەتەمامی؛ تەمام؛ یەکەشە؛ یەکسەرە ‹پاک دیوانە شدە است: بەیەکجاری شێت بووە›.

پاک ـــ[3]: پیشوازه. پاکـ: ١. پاکژ؛ خاوێن و ڕێک‌وپێک ‹پاک‌نویس: پاک‌نووس› ٢. ـــپاک؛ بێگەرد و خەوش ‹پاک‌دامن: داوێن‌پاک›.

پاکات / pākāt/: (!) [بە قاعدەی عربی] جمعِ ☜ **پاکَت**

پاکار / pākār، ـها/:اسم. پاکار؛ دەسیار؛ دەستیار؛ پێشکار؛ بەردەست؛ وەردەس؛ گزیر؛ هەیتە؛ شاگرد وەستا.

پاکباخته / pākbāxte، ـها؛ ـگان/:اسم ١. کش‌بوو؛ قات‌بوو؛ کەسێ کە هەموو پارەی خۆی دۆڕاندووە ٢. ماڵوێران؛ کەسێ کە هەموو شتێکی لە دەست داوە.

پاکباز / pākbāz، ـان/: صفت. ١. درووستکار؛ درووسکار؛ ئاکارچاک؛ دەسپاک ٢. دلۆڤان؛ زۆر بەخشندە و لەخۆ بوردوو.

پاکبازی / pākbāzî/:اسم. ١. درووستکاری؛ دەسپاکی ٢. دلۆڤانی.

پاک‌بین / pākbîn/: صفت.[مجازی] ١. گەشبین؛ ڕوون‌بین ٢. چاوپاک. هەروەها: **پاکدل؛ پاک‌سرشت؛ پاک‌سیرت؛ پاک‌نهاد**

پاکت / pākat/: [فرانسوی]/اسم./ـها؛ پاکات/ پاکەت؛ زەرف؛ دەفری‌نامە.

▣ **پاکت پستی**: پاکەتی پۆست؛ پاکەتێ کە نامەی تێدەنێن.

پاکتی / pākatî/: [فرانسوی] صفت. پاکەتی: ١. لە بیچمی پاکەت ‹جیب پاکتی: گیرفانی پاکەتی› ٢. بە پاکەت یان لە نێو پاکەتدا ‹شیر پاکتی: شیری پاکەتی›.

پاکدامن / pākdāman/: صفت.[مجازی] هێمۆ؛ داوێن‌پاک؛ پاکداوێن؛ دوور لە گوناح ‹زن پاکدامن: ژنی داوێن‌پاک›.

پاکدامنی / pākdāmanî/:اسم.[مجازی] هێمۆیی؛ داوێنپاکی؛ پاکداوێنی؛ خەنەکچانی؛ دۆخ یان چۆنایەتی بێگوناحی و ئاکارچاکی.

پاکدوزی / pākdûzî، ـها/:اسم.[خیاطی] کار یان ڕەوتی لێوارەگرتن؛ ئەو جۆرە دوورینانەی کە لە ڕووش‌ڕووش بوونەوەی لێواری قوماش بەرگری دەکا.

پاکسازی / pāksāzî، ـها/:اسم ١. هەڵوەژێری؛ وەژار؛ بژار؛ کار و ڕەوتی تەمیس‌کردن؛ خاوێن‌کردنەوەی شوێنێک لە پیسی ‹پاکسازی خیابانها: خاوێن کردنەوەی شەقام› ٢. وەژار؛ بژار؛ وەدەرکردن؛ دەرکردنی دژانی ڕامیاری یا ئەندامانی

ناشایست له دامەزراوەیەکدا ‹دیروز چند استاد و دانشجو از دانشگاه پاکسازی شدند: دوێنێ چەن مامۆستا و خوێندکار لە زانکۆدا وەزارکران› ٣. کار و ڕەوتی پالاوتن؛ پاک‌کردنەوە؛ لەنێو بردن یان حەشاردانی ئەو بەڵگانەی کە دەتوانن ببنە هۆی گیرکەوتن ‹بچەها زود خبرشدند و خانه را پاکسازی کردند: دۆستان زوو خەبەردار بوون و ماڵەکەیان پالاوت›.

پاک‌کن / pāk.kon، ـها/:اسم. ڕەنک؛ پاکون؛ بماڵ؛ ماکێکی لاستیکی کە بۆ پاکەوەکردنی نووسراوە کەڵکی لێ وەردەگیرێ.

پاک‌کننده / pāk.konande، ـها/:اسم. پاک‌کەرەوە؛ ڕەنک؛ خاوێن‌کەرەوە؛ هەر ماکێکی کیمیاوی کە پیسی ئەسڕێ (وەکوو ساون، شامپۆ و...).

پاکنویس / pāknevîs، ـها/:اسم. پاکنووس ‹هر شب مقالەی پدرم را پاکنویس می‌کردم: هەموو شەوێک وتارەکانی بابم پاکنووس دەکرد›.

پاکنه / pākane/:اسم. جێ پێیەک کە لە قەدی دیواری بیر و چاڵدا بۆ چوونە خوارەوە و هاتنەوە بان (وەکوو پلیکان) چێدەکرێ.

پاکی / pākî/:اسم. پاکی: ١. تەمیسی؛ پاکژی؛ خاوێنی ٢. *[مجازی]* نیازانی؛ دڵپاکی؛ دڵسافی؛ دۆخ یان چۆنیەتی پاک بوون ‹آدم به این پاکی کمتر دیده‌ام: مرۆی بەم پاکیەم زۆر کەم دیوە›.

پاکیزگی / pākîzegî/:اسم. خاوێنی؛ پاکی؛ بژونی؛ پاقژی؛ تەمیزی؛ تەمیسی ‹انگار این خانه پاکیزگی برنمی‌دارد: وادیارە ئەم ماڵە خاوێنی هەڵناگرێ›.

پاکیزه / pākîze/: صفت. خاوێن؛ بێ گەرد؛ بێ خەوش؛ پاک: ١. تەمیس؛ پاقژ؛ پاکژ؛ پاکیزە؛ پاکتاو؛ تەمیز؛ بژون؛ پوختە؛ ساف؛ سفت‌وسۆ ‹خانەی پاکیزە: ماڵی خاوێن› ٢. *[مجازی]* تەواو؛ بێ‌کەمایەسی؛ بێ‌کورتی ‹رفتار پاکیزە: ئاکاری بێ‌خەوش›. هەروەها: **پاکیزە بودن؛ پاکیزە شدن؛ پاکیزە کردن**

پاکیزەخو / pākîzexû/: صفت. *[ادبی، مجازی]* ئاکارچاک؛ خدەباش؛ دەروون‌پاک. هەروەها: **پاکیزەسرشت؛ پاکیزەنهاد**

پاگرد / pāgard، ـها/:اسم. ڕێ‌نشیف؛ نشیفی؛ ئالین؛ باداک؛ جێ سووڕدانەوە و وچان لە دوای ریزێک پلەکان یان لە پێش ئاسانسوردا.

پاگشا / pāgošā/:اسم. *[مجازی]* باوەخۆن؛ باوەخوونی؛ باوەخۆنی؛ باوەخۆند؛ پاکردنەوە؛ پاگوشا؛ چرینەوە؛ یەکەمین میوانی بۆ زاوا و بووک، پاش زەماوەندیان ‹دیروز پسر عمویم با زنش آمده بودند پاگشا: دوێنێ کورە مامم دەگەڵ ژنەکەی باوەخون کران›.

پاگودا / pāgodā، ـها: [؟]/اسم. پاگودا؛ پەرستگەهی ڕۆژهەلاتی دوور.

پاگون / pāgûn, pāgon/: [روسی] ☜ **سَردوشی ـ٢**

پاگیر / pāgîr/: صفت. *[گفتاری، مجازی]* پێ‌گیر؛ پاگیر؛ دەردی‌سەر؛ پڕ لە گیروگرفت؛ هەر شتێک کە بە هۆی ئەوەوە مرۆ تووشی ڕەنج و ئازار بێت (وەکوو قەرز، بوختان، تۆمەت و...).

▣ **پاگیر شدن**: ١. سەقامگیر بوون؛ نیشتەجێ بوون؛ جێ‌گیر بوون؛ دامەزران؛ بنە داکوتان؛ پاگیر بیەی؛ مانەوە لە شوێنێکدا ‹در مریوان کاری پیدا کرد و همانجا پاگیر شد: لە مەریواندا کارێکی دۆزیەوەو هەر لەوێش سەقامگیر بوو› ٢. گرفتار بوون؛ گیرکردن؛ گیرۆدە بوون ‹پاگیر بنایی خانه‌اش شده: گیرۆدەی کردنەوەی ماڵەکەی

بووە›.

پـــال / pāl/: اسم. پـــال؛ سیـــستەمێکـــی نیشاندانی ڕەنگ لە تەلەویزیۆنی ڕەنگیدا.

-پالا / pālā/: پیوازه. ــ پالـێو؛ ـ پالـۆ؛ ـ پـەرز؛ ـپالێوە؛ پاڵفتەکەر ‹شیرپالا: شیرپالیو›.

پـــالادیم / pālād(i)yom/: [فرانـــسوی]اســـم. پـــالادیۆم؛ تـــوخمی کیمیـــایی کـــانزایی بـــە ژمـــارەی ئـــەتـــومی ٤٦ و کێـــشی ئـــەتـــومی ١٠٦،٤، کانزایەکی سپی زێوی و نەرمە.

پـــالار / pālār/: اســـم. [معمـــاری] کۆڵـــەکـــە؛ کۆڵـــەکـــێ؛ پالـــەر؛ تـــیرەک؛ تـــیر؛ دیلـــەک؛ دیـــرەک؛ دیـــرەگ؛ ســـتوون؛ هـــەســـوون؛ ئەستوون؛ ئەستوندەک؛ ئەستونگ.

پـــالان / pālān، هـــا/: اسم. کۆپـــان؛ کۆپانـــە؛ کورتـــان؛ کۆپـــەڵان؛ کۆپـــەلـێن؛ پالـــۆ؛ پـــالان؛ جل‌وجۆر؛ جیاز.

▣ **پالان خر دجال**: [کنایی] هـەرگـە هـەسە؛ کاری پڕ دەردیسەر و بێ‌بڕانەوە.

▣ **پـــالان‌کـــردن**: کۆپـــان‌کـــردن: ١. گـــورج کردنـــەوەی چوارپـــێ ٢. [مجـازی] خاپانـــدن؛ فریـودان؛ لابانـدن؛ هـەڵـخەڵـەتانـدن و کـار کێشانەوە لە کەسێک.

پـالان‌کـسی کـج بـودن: [مجازی] پاشـەڵـی کـەسـێ قـوراوی بـوون؛ لار بـوون؛ خـاوەن ئاکـاری خـراپ بـوون ‹می‌گفتند پالانش هم کج بوده و با آدمهای ناباب رفت‌وآمد داشت: ئـەیـانگوت پاشـەڵـی قـوراوی بـووە و دەگـەڵ خوت و خوێڕیدا هات‌وچۆی کردووە›.

پـــالاون / pālāvan، هـــا/: اسم. پالـــوێنە؛ پالـــوێنکە؛ ڕاوەک؛ پـــەرزەوانـــە؛ ئـــامرازی پالاوتن.

پـالایش / pālāyeš، هـا/: اسم. پالایـشت؛ کـار یـان ڕەوتی پـالاوتن: ١. پالـفتەکـردن؛ پـاک کردنـەوەی داهاتێـک بـە تایبـەت تـراو (وەک شیر و . . .) لـە ناپـاکی ٢. بـەرهـەم هێنـانی داهـاتێکی کیمیـاوی لـە مـاکێکی تێکـەڵاو ٣. جیاکردنەوەی تراو لە گیرساو.

پالایـشگاه / pālāyešgāh، هـا/: اسم. پالاوگـە؛ پالێوگە: ١. کارخانـەی پـالاوتنی نـەوت و گـاز ٢. کارخانـەی دەرهێنـانی مـاکی پیترۆشـیمی لە نەوت و گاز.

پالاینـــدە / pālāyande، ـهـا؛ ـگـان/: صفت. پالێوەر؛ پارزینـگ؛ پـەرزەوان؛ بـە دانـستە یـان توانی پالاوتنەوە.

پالایـە / pālāye، ـهـا/: اسم. پـەرزوانـە؛ پالـوانە؛ پالوێنە؛ سافۆ؛ پادزن.

پالئوزونیـــک / pāle'ozo'îk/: [فرانـــسوی] ☜ **دیرین‌زیوی**

پـــالئوژن / pāle'ojen/: [؟]اســـم. پـــالیئۆژین؛ دوو خـــولی ئۆســـن و لیگۆســـن لـــە خـــولی سێهەمی زەوین‌ناسیدا.

پالئوســـن / pāle'osen/: [؟]اسم. پالیئۆســـین؛ خـــولی یـــەکـــەم لـــە دەورەی یـــەکـــەمـــی زەوین‌ناسیدا.

پـــــالئوگرافی / pāle'og(e)rāfî/: [؟] ☜ **دیرین‌نگاری**

پالئولیتیک / pāle'olîtîk/: [؟] ☜ **پارینەسنگی**

پالـت / pālet، ـهـا/: [فرانسوی]اسم. پالێـت: ١. تـەختـەڕەنگی نـەققاشـی و ڕەسم‌کێـشان ٢. چێوی ژێر کالا لە ئەنباردا.

پـالتو / pāltow, pālto:، ـهـا/: [فرانسوی]اسم. پالـــتاو؛ بالـــتاو؛ پالـــتۆ؛ بالـــتۆ؛ بالـــتە؛ پالـــتە؛ ســـاقۆ؛ ســـاقتۆر؛ قـــاپووت؛ بالاپۆشـــێک لـــە قوماشی ئەستوور.

پـالس / pāls، ـهـا/: [انگلیـسی]اسم. پالـــس: ١. [نامتداول] فرکـە؛ لـەرە؛ تـەکـان؛ لێـدان؛ تلـدان ٢. گـــۆڕانی چـــەندیـــەتی شـــەپـــۆلی ئـەلکترۆمێغناتیـسی لـە چوارچێـوەی کـاتی دیاریکراودا.

پالونـــک / pālû'ak/: [؟]اســـم. نـــاودیوار؛

قووڵکەی بن دیوار (جێ چراتۆری و ...).

پـــالودن / pālûdan/: مـصدر. متعـدی. *[ادبـی]* //**پالودی**: پالاوتت؛ **مـی پـالایی**: دە پاڵێوی؛ **بپـالا**: بپاڵـێوە// پـالاوتن؛ پـالافتن؛ پاڵـفتن؛ پاڵـۆتن؛ پـەرزنـەی؛ پـەرزنـای: ١. بـە پاڵـوێنەدا کـردن ٢. پـالاوتن؛ پالایـــشتکـردن. هــەروەهــا: **پالودنی**

■ صـفت مفعـولی: **پـالوده** (پاڵـێوراو)/ مـصدر منفی: **نَپالودن** (نەپالاوتن)

پـــالوده[1] / pālûde/:/اسـم. پالاوتـــە: ١. فالـــوودە؛ پاڵـــوودە؛ خواردنێکـە ڕشـتەئاسـا، تێکـەڵـی شـەربـەتی قـەنـدو عـارەقـەی بۆنخۆشـــی دەکــەن و دەیخۆنـــەوە ٢. خواردەمـــەنی جۆراوجـــۆر کــە لــە قــەنـد و میـوەی کـوتراو و بـۆنی خـۆش چـێدەکـرێ ‹پالودەی سیب: پالاوتەی سێو›.

پـالوده[2]: *صـفت*. پاڵـێوراو؛ پالاوتـە؛ پاڵـیوراو؛ پالیا؛ پەرزیا؛ پاککراو؛ پالفتەکراو.

پـالی / pālî/:/اسـم. پاڵـی؛ یـەکێـک لـە زمانـە هیندوئێرانیەکان کە لـە هینـددا بـاوە و زمـانی ئـــەدەبی و خواپـــەرەسـتی دەسـتەیێـک لـە بوودایيەکانە.

پـــالیز / pālîz، ـهـا/:/اسـم. کیـــار؛ بێـــستان؛ بێسان؛ بوسـتان؛ تـەرەکاڵـی (خـەیـار، تـەماتـە، شووتی، کاڵەک و ...): **جالیز**

پالیزبـــــان / pālîzbān، ـهـــا؛ ـان/:/اســـم. بێـــــستانەوان؛ بێـــــسانەوان؛ بێـــــسانبان؛ دەشتەوان: **جالیزبان**

پامـــــال / pāmāl/: صـــفت. *[گفتـــاری]* پامـــاڵ؛ پێـــشێل؛ پێخـــوس؛ پێخوســـت؛ بـــەرپـــێدراو؛ پاســـاو؛ مـــچ؛ پـــێڕێخـــراو؛ وەژێرپـــێنـــراو؛ ژێرپێخراو.

پامچـــال / pāmčāl، ـهـا/:/اسـم. گولبـەهـــار؛ گوڵبەهار؛ هەراڵە بەهارە.

پـــــامنبری‌خـــــوان / pāmambarîxān, pamembarî-, pamanbarî-، ـهـــا؛ ـان/: [فارسـی/ عربـی/ فارسـی]/اسـم. ١. *[مجـازی]* لاگـر؛ لاگـــیر؛ کـــەســـێ کـــە لـــە ڕەوتی قـــسەی یـــەکـــێتـردا بـــۆ پـــشتگـری لـــە قـــسەکـانی، شتێک بێژێ ٢. شینگێڕ؛ تازیەگەڕێن.

پـــان‌اسلامیـــسم / pān'eslāmîsm/: [فرانـسوی/ عربـی/ فرانـسوی]/اسـم. یـــەکـــێتی‌ئیـــسلام؛ یـــەکگـــرتنی موسوڵـــمانان و وڵاتـــە ئیسلامیەکان.

پـــان‌اسلاویـــسم / pān'eslāvîsm/: [؟]/اسـم. یـەکـێتی ئیـسلاوەکـان؛ یـەکگرتـوویی وڵاتـە ئیسلاوەکان.

پـــان‌تورکیـــسم / pāntorkîsm, -turkîsm/: [فرانـسوی/ ترکـی/ فرانـسوی]/اسـم. یـەکـێتی تورکان؛ یەکگرتوویی هۆز و وڵاتی تورک.

پـانتوگراف / pāntog(e)rāf، ـهـا/: [فرانـسوی] /اسم. پانتۆگراف؛ ئامێرێـک بـۆ وێنـە هـەڵـگرتن، چوار میلەی هەیە کە هـەمـوو لاکـانی بـە قـەد یـەکـن و هـەروەهـا باسکێکیـشی هـەیـە کـە ئـەویـش پێنووسـێکی بـە سـەرەوەیـە بـۆ وێنەکێشان.

پـــــانتومیم / pāntomîm/: [فرانـــسوی]/اســـم. پانتۆمیم؛ چەشنێ شـانۆی بـێوتـارە کـە تێیـدا شـانۆگەران، بـە گـەڕان و بـزوان هـاودەنگـی مووسیقا، چیرۆکێک دەگەڕێننەوە.

پانتـــەئیـــسم / pānte'îsm/: [فرانـسوی]/اسـم. هـــەمووخـــودایی؛ ئایینێـــک کـــە هـــەمـــوو هێزەکانی سروشتی بە خودا دەزانێ.

پـــانچ / pānč، ـهـا/: [انگلیـسی]/اسـم. پـانچ؛ ئـامرازێ کـە ئاگاداریـەکـانی بـە کـون‌ـکـون کردنی کاغەز یان مقەبا ڕادەگەیێنێ.

پاند / pānd/: [انگلیسی] ☜ **پُوند ـ١**

پانـدا / pāndā، ـهـا/: [فرانسوی/ انگلیسی]/اسـم. پانـــدا: ١. گیانـــەوەرێکـــێ گوانـــداری وەک ورچـە، گیـا دەخـوا و لـە ناوچـەی ئاسـیای

ڕۆژهەڵاتدا دەژی، ١,٨ میتر درێژە، کلکی کورت و کولکەی زۆری بازەڵەی هەیە ٢. گیانەوەرێکی گوانداری پچووکی ڕاکونئاسا، لە ئاسیای ڕۆژهەڵاتدایە، ڕەنگی پێستی بەڕوویی ڕۆشن یان خورمایی و کلکی درێژ و ئەستوورە.

پاندول / pāndûl، هـا/: [فرانسوی]/اسم. شۆقە؛ مەندۆڵ؛ باندۆڵ؛ شۆڕداهێڵراو لە کاتی بزووتندا.

پانزده[1] / pānzdah/:/اسم. پازدە؛ پانزە؛ ژمارەی نێوان چاردە و شازدە.

پانزده[2]: صفت ١. پازدە؛ پانزە؛ دانەیەک زیاتر لە چاردە ٢. پانزەمین؛ پانزدەهەم.

پانزدهم / pānzdahom/: صفت. پازدەهەم؛ پانزەهەم؛ لەڕیز، پێگە یان جێگەی پانزەدا.

پانزدهمی / pānzdahomî/: ضمیر. پازدەهەمی؛ ئەوەی لە ڕیز، پێگە یان جێگەی پانزەهەمدا بێ.

پانزدهمین / pānzdahomîn/: صفت. پازدەهەمین؛ لە ڕیز، پێگە یان جێگەی پانزدەهەمیدا.

پانسمان / pāns(e)mān، هـا/: [فرانسوی]/اسم. پانسمان؛ برینپێچی؛ وەرپێچە.

پانسیون / pānsiyon، هـا/: [فرانسوی]/اسم. پانسیۆن؛ یانە یان ڕێکخراوەیەک کە بە دانی پارەیەکی مانگانە و دیاریکراو تێیدا نیشتەجێ دەبن.

▣ **پانسیون کردن**: پانسیۆن کردن؛ لە بەرامبەر وەرگرتنی پارەوە، دابینکردنی شوێن خەو و خۆراکی کەسێک.
هەروەها: **پانسیون شدن**

پانسیونر / pānsiyoner، هـا/: [فرانسوی]/اسم. مزڵژی؛ پانسیۆنێر؛ کەسێ کە لە پانسیۆن دەژێ.

پانصد[1] / pānsad/:/اسم. پێنجسەد؛ پێنسەد؛ پانسەد؛ پانسەو؛ ژمارەیەک زیاتر لە چوارسەد و نەوەد و نۆ.

پانصد[2]: صفت ١. پێنجسەد؛ پێنسەد؛ پانسەد؛ دانەیەک زیاتر لە چوارسەد و نەوەد و نۆ ٢. پێنسەدەم.

پانصدم / pānsadom/: صفت. پێنجسەدەم؛ پێنسەدەم؛ پانسەدەم؛ لە ڕیز، پێگە یان جێگەی پانسەددا.

پانصدمی / pānsadomî/: ضمیر. پێنجسەدەمی؛ پانسەدەمی؛ پێنسەدەمی؛ لە ڕیز، پێگە یان جێگەی پانسەدەمدا.

پانصدمین / pānsadomîn/: صفت. پێنسەدەمین؛ پێنجسەدەمین؛ پانسەدەمین؛ لە ڕیز، پێگە یان جێگەی پانسەدەمیدا.

پانعربیسم / pān'arabîsm/: [فرانسوی/ عربی/ فرانسوی]/اسم. یەکێتی عەرەبی؛ یەکگرتنی هەموو وڵات یان خێڵە عەرەبەکان.

پانک / pānk/: [انگلیسی]/اسم. پانک؛ بزووتنەوەی لاوە ڕۆژاواییەکان، دژ بە کۆمەڵ و بڕواکانی.

پانکراتین / pānk(e)rātîn/: [فرانسوی]/اسم. *[فیزیولۆژی]* پانکراتین؛ بەرهەمی ئەندامی پانکراس (لەوزولمیعدە).

پانکراس / pānk(e)rās/: [فرانسوی]/اسم. پانکراس؛ لەوزولمیعدە.

پانکی / pānkî/: [انگلیسی] صفت. پانکی: ١. لایەنگری پانک ٢. خاوەن ڕەنگ و شێوەی لایەنگرانی پانک ‹آرایش پانکی: ئارایشتی پانکی›.

پانگولن / pāngolan، هـا/: [؟]/اسم. مێروولەخۆر؛ پانگولەن: **اُمقرفه**

پانل / pānel، هـا/: [انگلیسی/ فرانسوی]/اسم. دەبکری: ١. ڕووپەڕێکی چوارگۆشە لە چێو، کانزا یان شیشە کە بۆ ئاگاداری لە سەری

وێنە یان نووسراوە لێدەدەن ٢. ڕووپەڕێک کە لە سەری کلیل و چورتەکانی ئامرازێک دامەزراوە.

پانما / pānemā/: صفت. پانوێن؛ بە تایبەتمەندی نواندنی پێوە (بە هۆی ناسکیەوە) ‹جوراب پانما: گۆرەوی پانوێن›.

پانوشت / pānevešt، ـها/: اسم. پەراوێز؛ ژێرنووس؛ ژێدەر؛ چمک؛ بنتیک؛ پەیننویس؛ چێرنویس.

پانویس / pānevîs، ـها/: اسم. پەراوێز؛ ژێرنووس؛ ژێدەر.

پاورچین / pāvarčîn/: قید. پێدزە؛ پێخشکە؛ پێدزکێ؛ پاچرکێ؛ بە خشکە؛ قولەپسکێ؛ بزدم؛ تەلە ـ تەلە؛ ماتەمات؛ پسووـپسوو؛ هێدی و بێچرکە؛ لە سەر پەنجە ڕۆیشتن.

پاورقی / pāvaraqî، ـها/: [فارسی/ عربی] اسم. پەراوێز؛ ژێرنووس ‹یادت نرود، پاورقی‌ها را هم حروفچینی کنی: لەبیرت نەچێ، پەراوێزەکانیش پیتچنی کەی›.

پای / pāy/: اسم ١. [ادبی] پا؛ پێ ٢. ـها/ [انگلیسی] پای؛ جۆرێ شیرینی میوەشی تێدەکەن.

پای / pāye/: حرف. لای؛ پای؛ پاو؛ پێس: ١. سەر؛ کن؛ تەنیشت ‹پای سفره: سەر سفرە› ٢. لە بەشی خوارووی شتێک؛ بەرامبەری سەروو ‹پای درخت: لای دار›.

پایا / pāyā/: صفت. خۆگر؛ خۆڕاگر؛ خۆگرتی؛ پایدار؛ بەردەوام؛ قایم.

پایائی / pāyā'î/ ☜ **پایایی**

پایاب / pāyāb/: اسم. [ادبی] ١. ـها/ بن؛ بنی‌ئاو؛ بێخ؛ قوت؛ پەی؛ قوولیگا ‹دریای بی‌پایاب: زەریای بێبن› ٢. [ادبی] هێز؛ توان؛ گوڕ؛ تابشت ‹ارباب بی‌پایاب: ئاغای بێهێز› ٣. ـها/ بوار؛ بگار؛ ویەردی؛ ویەر؛ وێر؛ دەراو.

پایاپای / pāyāpāy/: صفت. ڕشت؛ سەربەسەر؛ سەرەوسەر؛ یەکبەیەک؛ گۆڕینەوەی بەبێ باقی‌دانەوە یان سەندنەوە ‹معاملەی پایاپای: مامەڵەی ڕشت›.

پای‌افزار / pāyafzār، ـها/: اسم. [ادبی] پێڵاو؛ پالا؛ کەوش؛ کالە؛ شەکال؛ ستەک؛ سۆلک؛ موزک؛ خاروک؛ قاچی؛ پێتاوە: **پاافزار**

پای‌افشار / pāyafšār/: صفت. پاشێل؛ پاکوت؛ پێشێل. بەرانبەر: **دست‌افشار**

پایان / pāyān/: اسم. کۆتایی؛ کۆتاهی؛ دوایی؛ دمایی؛ دوماهی؛ ئاخر؛ برانەوە؛ پایان؛ سەر؛ قوتار؛ قورتاڵ: ١. خاڵ و خێڵ یان سنووری تەرخان کراوەی ئەندازەی شتێک ‹پایان عمر: کوتایی ژیان› ٢. هەرکام لە دوو سەرەی ڕاستای شتێک ‹پایان خیابان: ئاخری شەقام› ٣. دوورترین خاڵ لە خاڵی سەرەتاوە ‹پایان راه: برانەوەی ڕێگا› ٤. خاڵی گەییشتن لە کار، دیاردە یان ڕەوتێکدا ‹پایان جنگ: کوتایی شەڕ› ٥. چۆناوچۆنی تەواو بوونی بەرهەمێکی هونەری یان پیشەیی ‹پایان داستان: دوایی چیرۆک› ٦. چۆنیەتی و بار و دیاری سەردەمی تەواو بوونی شتێک ‹پایان سال: کوتایی ساڵ›.

▣ **پایان پذیرفتن** ☜ **پایان یافتن/ گرفتن**

پایان دادن: تەواوکردن؛ دوایی پێهێنان؛ دواهێنان؛ کۆتایی هێنان؛ بڕینەوە؛ ڤەبڕین؛ دمایی پنەئاردەی ‹بە این گفتگو پایان بده: ئەم وتووێژە تەواوکە›: **بە پایان رساندن**

پایان یافتن/ گرفتن: تەواو بوون؛ بڕان؛ دوایی هاتن؛ خەلاس بوون؛ کۆتایی هاتن؛ دمایی ئامەی؛ دمایی پنەئامەی ‹کار پایان گرفت: کارەکە دوایی‌هات›: **پایان پذیرفتن؛ به پایان رسیدن**

به پایان آمدن: *[ادبی]* کۆتایی هاتن؛ به ئاکام گەییشتن؛ دوایی هاتن ‹به پایان آمد این دفتر: ئەم دەفتەرەش کوتایی‌هات›.

به پایان رساندن ☜ **پایان دادن**

به پایان رسیدن ☜ **پایان یافتن/ گرفتن**

پایان‌بخش / pāyānbaxš/: *صفت.* دوایی‌هێنەر؛ کۆتایی‌هێنەر؛ کۆتایی پێ هێنەر؛ کۆتاکەرەوە؛ دوایی‌دەر ‹شعری که خوانده شد پایان‌بخش مراسم بود: شیعرێ که خوێنرایەوە، دوایی‌هێنەری دانیشتنەکە بوو›.

هەروەها: **پایان‌بخشی**

پایان‌نامه / pāyān.nāme، ـها/: *اسم.* بڕوانامە؛ دوانامە؛ نووسراوەیەک کە خوێندکار دوای کوتایی هاتنی ئەزموونەکانی، سەبارەت بە بابەتێکی دەرسی خۆی لە سەری کار دەکا و دوای قەبووڵ کردنی مامۆستاکان لە زانکۆدا، بەڵگەنامەی دەرسی پێدەدەن.

پایانه / pāyāne، ـها/: *اسم* ١. ترمینال ٢. جێی کۆ بوونەوە و بەش‌بەش بوونەوەی هێزی کارەبایی و موتوری و ...

پایانی / pāyānî/: *صفت.* دوایی؛ دمایی؛ ئاخری؛ کۆتایی ‹مسابقەی پایانی: کێبەرکێی دوایی›.

پایایی / pāyāyî/: *اسم.* خۆگری؛ خۆڕاگری؛ خۆگرتی؛ بار و دۆخ و چۆنیەتی خۆگرتن: **پایائی**

پای‌بند / pāyband/: *صفت.* پابەند؛ پێبەند: ١. گرفتار ‹ای گرفتار و پای‌بند عیال: ئەی گیرۆدە و پابەندی خێزان› ٢. دەستەبەر ‹او به قولش پای‌بند است: ئەو بە بەڵێنی خۆی پابەندە› ٣. گیرۆدە ‹اگر دلم نشدی پای‌بند طرەی او: ئەر دڵ گیرودەی پەرکەی نەبوایە›.

هەروەها: **پای‌بند بودن؛ پای‌بند شدن؛ پای‌بند کردن**

پای‌بندی / pāybandî/: *اسم.* پابەندی؛ پێوەندی؛ بار و دۆخ و چۆنیەتی پابەند بوون ‹دشمن به هیچ چیز پای‌بندی ندارد: دژمن بە هیچ شتێک پابەندی نیە›.

پایتخت / pāytaxt، ـها/: *اسم.* پاتەخت؛ پێتەخت؛ پایتەخت؛ ناوەین؛ شاری ناوەندی؛ شاری شانشین ‹تهران پایتخت ایران است: تاران پاتەختی ئێرانە›.

پای‌خر / pāyexar، ـها/: *اسم.* تەپلەڕەش؛ گیایەکە ڕیشەیەکی پتەوی گۆشتنی هەیە و گەڵاکانی گەورە و پانە و بۆ دەرمان دەشێ.

پایدار / pāydār/: *صفت.* بەردەوام؛ پایەدار: ١. ڕاوەستاو؛ ڕاوێستاو؛ پایار؛ بەرقەرار؛ جێگرتوو ‹دوستیمان همچنان پایدار است: دۆستایەتیمان هەروا بەردەوامە› ٢. خۆڕاگر؛ جێ‌گیر؛ درێژەدار ‹صلح پایدار: ئاشتی بەردەوام›.

پایداری / pāydārî/: *اسم.* پایەداری: ١. خۆڕاگری؛ سەقام؛ بەرقەراری؛ بار و دۆخ و چۆنیەتی نەگۆڕان ‹پایداری ساختمان: سەقامی خانوو› ٢. /ـها/ ڕاوەستاوی؛ باشار ‹بر باورش پایداری کرد: لە سەر بیروبڕوای پایەداری کرد›.

پایستگی / pāyestegî/: *اسم.* *[فیزیک]* مانەوەیی؛ بمێنی.

پایک / pāyak، ـها/: *اسم.* پایەک: ١. *[کالبدشناسی]* بەنیکەی پشتیوان و پەیوەندی ڕاگری مێشک و نوخاع ٢. *[گیاەشناسی]* نێرتکە؛ دەماری گوڵ و گەڵا.

پای‌کوبان / pāykûbān/: *قید.* بە سەما؛ بە هەڵتیقان.

پایكوبی / pāykûbî، ـها/: *اسم.* *[کنایی]* هەڵپەرکێ؛ سەما؛ زەما؛ لەیز؛ کار و ڕەوتی هەڵخستنەوە؛ هەڵبەزین؛ کشکشان؛ پلەزیقان؛ هەڵتیقان؛ ئورزان؛ هۆرپڕەی.

پایگـاه / pāygāh، ـهـا/: *اسـم*. پێگـه؛ پێگـا؛ پایـەگـا: ١. جێگـەیـەک بـە زنجیـره ئـامراز و دامـەزراویەکـەوە بـۆ ئامـانجی دیـاری کـراو ‹پایگـاه هـوایی: پێکـەی هـەوایـی› ٢. *[مجـازی]* جێگـای کـەلـک لـێ وەرگـرتنی هێـزی چـەکـداری و رامیـاری ٣. جێگـا؛ جێگـە؛ پلـەوپایـە؛ پاگـێ ‹هـر کـس بایـد پایگـاه خـود را بشناسد: هەرکەسێ دەبێ جێگای خۆی بزانێ›.

پایمـال / pāymāl/: *صـفت. [مجـازی]* تـەرت و توونا؛ تەفر و توونا؛ پـەلـخ؛ پـان و فـلچ؛ پاسـاو؛ پایەماڵ؛ پامـاڵ؛ لـەبـەیـن چـووگ؛ پێخوسـت؛ پێخـوس ‹در آن سـیل هرچـه داشـت پایمـال شـد: لـەو لافـاوەدا هـەرچێکـی هـەبـوو تـەرت و توونـا بوو›.

پایمـــالی / pāymālî/: *اســـم. [مجـــازی]* پایەماڵی؛ پاماڵـی؛ پـێ‌شـێلی؛ پـەلـخی؛ پـانی؛ فـلچی؛ بـار و دۆخ و چۆنیـەتی تووچـان و تەرت‌وتوونا کەوتـن ‹بایـد از پایمـالی حقـوق مـردم جلوگیری کرد: دەبـێ لـە پایـەمالـی مـافی خـەلـک بەرگری بکرێ›.

پـــایمردی / pāymardî، ـهـــا/: *اســـم*. مـەردایـەتی؛ مێـری؛ پایتـەوی؛ خـۆڕاگری؛ مـەرخـوزی؛ ڕاوەسـتاوی ‹ایـن پیـروزی بـە سـبب پـایمردی مـردم بـە دسـت آمـد: ئـەم سـەرکـەوتنـە بەهۆی مەردایەتی خەلکەوە دەس‌کەوت›.

پـایمزد / pāymozd، ـهـا/: *اسم*. قـەدەمانـە؛ کراپـا؛ کالـەدڕانـە؛ پالادڕانـە؛ پـامز؛ پـالامز؛ حەقی قەدەمی ڕۆیشتنی کەسێ بۆ کارێک.

پاینـــدان / pāyandān، ـهـــا/: *اسـم. [ادبـی]* پـایوان؛ دەسـتەبـەر؛ وەخـۆگر؛ ئـەوەی کـە ئاگـاداری لـە کـەسـێ یـان شـتێک دەگرێتـە ئەستۆ: هەروەها: **پایندانی**

پاینــدگی / pāyandegî/: *اسـم*. پایـەداری؛ هەربوونی؛ نـەمـری؛ بـێ‌پێشوونە؛ بـار و دۆخ و چۆنیەتی بەردەوامی.

پاینـده / pāyande/: *صـفت*. پایـەدار؛ پاینـدە؛ خـۆڕاگر؛ جـێ‌قـایم؛ پاینـە؛ بـەردەوام؛ بمـێن؛ بێ‌لەناو چوون.

پـایور / pāy(e)var، ـهـا؛ ـان/: *اسم* ١. *[قـدیمی]* پایـــەبـــەرز؛ پایـــەوەر؛ پلـــەدار؛ پایـــەدار ٢. *[نامتـداول]* ئـەفـسـەری پـولیس ٣. ئـەنـدام؛ کادێر.

پایـه / pāye، ـهـا/: *اسم*. پایـە: ١. ئـەسـتوون؛ پلـە؛ پاچکـە؛ کۆڵـەکـە؛ ئـەسـتوندەکـی چـوار گۆشـە ‹پایـەی دیـوار: پایـەی دیـوار› ٢. پاچکـە؛ ئـەسـتوون؛ ئـەسـتوندەکـێ کـە شـتێک لـە سـەری دادەنـرێ ‹پایـەی میز: پایـەی مێـز› ٣. *[مجـازی]* هـیم؛ بناغـە؛ بنـەڕەت؛ بنـەمـای شـتێک ‹فکـر پایـەی عقـل اسـت: بـیر هیمـی ئاوەزە› ٤. مـەرتـەبـە؛ پلـەو پایە؛ کۆڵـەکـە یـا جێگـای کـەسـێ یـان شـتێک ‹بلندپایـە: بلندپایـە› ٥. پایـەگـا و ئاسـتی کـەسـێک لـە گرۆیـەکـدا ‹رانـندەی پایـه یـک: ئـاژۆوانی پایـه یـەک› ٦. جـۆرێ ڕوەک و گیـا ‹دوپایـە؛ یـک‌پایـە: دووپایـە؛ یـەک‌پایـە› ٧. *[گیاەشناسـی]* پاژی وەستاو لە ژێر چەتری کارگدا.

پایـەدار / pāyedār، ـهـا/: *صـفت*. پایـەدار؛ بنەڕەت‌دار؛ بناغەدار.

پایـەریـزی / pāyerîzî/: *اسم*. پایـەڕێـژی؛ کـار یان ڕەوتی بنەڕەت دانان؛ ڤەناندن.

پـایی / pāyî/: *صـفت*. پـایی؛ تایبەتمەنـدی هەر شتێ بەهـۆی پـاوە بێـت یـان بـە پـا کـار بکا ‹چرخ پایی: چەرخی پایی›.

پاییـــدن / pāyîdan/: *مـصدر. متعـدی. لازم*. //**پاییـدی**: ئاگـات لـێ‌بـوو؛ **مـی‌پـایی**: ئاگـات لـێ‌دەبـێ؛ **بپـا**: ئاگـات لـێ‌بـێ// □ *متعـدی*. ١. پایین؛ ڤرسهاندن؛ نـێ‌پاوتـا؛ چـەمـەنـە دارەی؛ ئاگـا لـێ بـوون و چاوەدێـری کـردن ‹در آن جـا پاسـبانی، مـردم را مـی‌پایید: لـەوێـدا پاسـەوانێک چـاوەدێـری خـەلـکی دەکـرد› □ *لازم*. ٢.

بەردەوام بوون؛ باقی بوون؛ پایەدار بوون ‹آنچه نپاید، دلبستگی را نشاید: ئەوی پایەدار نەبێ، بۆ دڵ پێ سپاردن ناشێ› ✻ **پائیدن**. هەروەها: **پائیدنی**

■ صفت فاعلی: **پاینده** (ـــ)/ صفت مفعولی: **پاییده** (ـــ)/ مصدر منفی: **نَپاییدن** (ئاگا لێنەبوون)

پاییز / pāyîz/: اسم. پاییز؛ پایز؛ پاییژ؛ پەهیز؛ پەیز: ١. /ـها/ سەردوا؛ چڕی؛ یەکێک لە چوار وەرزی ساڵ؛ سێهەم کژی ساڵ ٢. *[کنایی]* خەزان؛ زەردی؛ ئەنگۆرەی پیری و ژاکان ‹پاییز عمر: خەزانی تەمەن› ✻ **پائیز**

پاییزه / pāyîze/: صفت. پاییزە؛ پێوەندیدار بە پاییزەوە (محصول پاییزه: داهاتی پاییزە) ✻ **پائیزه**

پاییزی / pāyîzî/: صفت. پاییزی؛ سەر بە پاییز ‹هوای پاییزی: هەوای پاییزی›: **پائیزی**

پایین[1] / pāyîn/: اسم. خوار؛ خار؛ وار؛ هار؛ پەیەن؛ ئۆدی: ١. جێگایەک لە شوێنی نزمترەوە ‹پایین را بگرد: خوارەوە بگەڕە› ٢. بەشی ژێرووی شتێک ‹پایین دیوار نم گرفته: خوار دیوارەکە نمی داوە› ✻ **پائین**

پایین[2]: صفت. ١. پەست؛ نزم؛ نەوی؛ نقی؛ نەقی؛ نشیف؛ خوار؛ ئۆدی ‹مقام پایین: پلەی پەست› ٢. هەرزان ‹بهای پایین: بایی هەرزان› ٣. خواروو؛ ژێرگ؛ خوارگ؛ خواری؛ هار؛ وارین؛ چێرین ‹طبقەی پایین: نهۆمی خواروو› ✻ **پائین**

پایین[3]: قید. خوار؛ وار؛ هار: ١. لە خوارەوە؛ دەسخوار؛ لە بەشی ژێروو ‹پایین دیوار افتاده بود: لە خوارەوەی دیوارەکە داکەوتبوو› ٢. بەلای خوارەوە ‹برو پایین: بچۆ خوارەوە› ٣. خوار؛ خوارەوە؛ لە نزیکی دەرگاوە ‹پایین اتاق نشسته بود: لە خوار دیوەکەوە دانیشتبوو› ✻ **پائین**

▣ **پایین افتادن**: داکەوتن؛ داکەفتن؛ کەوتنە خوار؛ بەر بوونەوە؛ ئەرەکەوتەی؛ کەوتەیرە واری.

پایین آمدن: هاتنە خوار؛ دابەزین؛ داخۆزین؛ داخۆستن؛ ئامایرە وار؛ ئەرەوەسەی؛ وەسەیرە.

پایین آوردن: ١. هێنانە خوارەوە؛ داهێنان؛ داکێشان؛ داگرتن؛ نەوی کردن؛ ئاردەیرەوار؛ ئەرەوەزنەی ٢. کەم کردنەوە؛ کزکردنەوە؛ هندکاندن.

پایین انداختن: داخستن: ١. خستنە خوارەوە؛ وسەیرەوار؛ بەرەو خوارەوە فڕە دان ‹گلدان را پایین انداخت: گوڵدانەکەی خستە خوارەوە› ٢. شۆڕەوەکردن؛ وسەیرە ‹سرش را پایین انداخت: سەری داخست›.

پایین پریدن: داپەڕین؛ پەڕینە خوار؛ پەڕینە خوارەوە؛ گەڵوازکردن؛ ئەرەپڕەی.

پایین رفتن: ١. چوونە خوارەوە؛ داچوون؛ نەسیان؛ ئەرەلوەی؛ لوایرەوار؛ بەرەو نەوی ڕۆیشتن ٢. داخزین؛ کەم بوونەوە؛ کز بوونەوە.

پایین کشیدن: داکێشان؛ هێنانە خوارەوە؛ داهێنان؛ کێشتەیرە؛ ئەرەکێشتەی؛ کەسێ یان شتێک بە زۆر هێنانە خوارەوە.

پایینه / pāyîne/: حرف. لەخوارەوەی؛ لە پای؛ واروو ‹پایین اتاق نشست: لە خوارەوەی ژوورەکەوە دانیشت›.

پایین‌تنه / pāyîntane، ـها/: اسم. پاقەد؛ پاگژ؛ لای خوارووی لەش، لە کەمەرەوە بەرەو خوار.

پایین‌دست / pāyîndast/: اسم. بەشی خواروو؛ پەیەن دەس؛ بەشی ژێروو ‹پایین‌دست رودخانه: بەشی خوارووی ڕووبار›.

پــــایینی [1] / pāyînî/: صــــفت. خــــوارین؛ خــوارگین؛ ژێـرین؛ ژێـرگین؛ ژێرینـه؛ واریـن؛ خواروو؛ هـار؛ لای ژێـروو ‹کتـاب پـایینی: کتـێبی خوارین›: **پائینی**

پـایینی [2] /ـهـا/: ضـمیر. خـوارین؛ خـوارگین؛ وارین؛ ئەوی وا لـە ژێـر باقیـەوەیـە ‹پـایینی هـم افتاد: خوارینەکەش داکەوت›: **پائینی**

پپـه / pape، ـهـا/: صـفت. [گفتـاری] سـەپـۆل؛ پەپل؛ پەخمە؛ هـەپـە ‹آدم ایـن قـدر پپـه!: مـرۆی ئەوەندە سەپۆل!›.

پـت [1] / pat/: اسـم. گولۆلـە؛ گورۆلـیێ؛ گـلۆلە؛ گـلولەی بـەن، خـوری، مـوو یـان هەرشـتێکی لەو چەشنە.

پــت [2]: صـفت. [مخفـف] پـانوپـۆڕ؛ تـەختـان؛ ڕاستک؛ بێ کەندوکلۆ.

پتاســـیم / potās(i)yom/: [فرانـسوی] اســم. پوتاســیۆم؛ تــوخمی کیمیــایی کــانزایی، بــە ژمــارەی ئــەتــومی ١٩ و کێــشی ئــەتــومی ٣٩,١٠، سـپی زێـوی، نـەرم و سـووکە و لـە سروشتدا بە فراوانی هەیە.

▣ **پتاسیم سیانید** ☜ سیانور پتاسیم، **سیانور**

پتانسیل / potānsiyel، ـهـا/: [فرانـسوی] اسـم. گریک؛ ورە؛ وزە؛ لێهاتوویی؛ پوتانسیێل.

پــتـــپــت / petpet/: صـوت. ١. پـڵتەپـڵت؛ پرتــەپــرت؛ دەنگـی فتیلـەی چـرا، کاتێـک نزیـک لـە کوژانـەوەیـە ٢. پـرەپـر؛ دەنگـی موتور، کاتێک خراپ کار دەکا.

▣ **بە پتـــپـت افتـادن**: کـەوتنـە پرتـەپرتـەوە: ١. لـەکارکـەوتـن؛ پـەککـەوتـن؛ لـە هێـز کـەوتـن ٢. [کنایی] لـە وزە کـەوتـن؛ هێـز نەمان ‹داداش! مثل اینکـه بـە پـتـپـت افتـادەای: برا! وادیارە کەوتوویتە پرتەپرتەوە›.

پتـک / potk، ـهـا/: اسـم. حورتـەک؛ کوتـک؛ پتیـک؛ خـوترەک؛ خوتـەک؛ پتـک؛ تـۆپز؛ مەترەق؛ مەیکوت؛ مێکوت؛ مێرکوت؛ پیک.

پتــو / patû، ـهـا/: اسـم. پـەتـوو؛ ئـەدیـاڵ؛ سـەردان؛ نـقینپـۆش؛ نـقینۆ؛ پێخـەف؛ سەرەنناز.

▣ **پتوی برقـی**: سـەردانی کـارەبایی؛ پـەتـوی بەرقی؛ جۆرێ پەتوو کـە سـیمی تـێ خـراوە و بە هێزی کارەبا گەرم دەبێ.

پــتوپــاره / pat-o-pāre/: صـفت. [گفتـاری] لەتوپەت؛ شرو وڕ؛ زۆر دڕاو.

پــتوپهــن / pat-o-pahn/: صـفت. [گفتـاری] پـان و پـۆڕ؛ تـەختـان؛ ڕاسـتک؛ پـان و هـەراو؛ پان و فرەه.

پته / pate، ـهـا/: اسم. پـەتـە: ١. [قـدیمی] بلیـت؛ پـسووله ٢. [قـدیمی] کووتـە؛ پـەنـگ؛ چـیم؛ کۆمەڵـی گـژ و گیـا و چـڵ و چێـو بـۆ گـرتنی بەری ئاو.

▣ **پته را به آب دادن**: [کنایی] تـەختـە خـستنە سـەر ئـاو؛ کـار خـراپکـردن؛ کـار تێـکدان ‹نتوانـستی زبانـت را نگهـداری و پتـه را بـه آب دادی؟: نەتتوانی بـەر زمانـت بگـری و تـەختـەت خستە سەر ئاو؟›.

پتـەی کـسی را روی آب انـداختن: [کنـایی] تـەختـەی کـەسـێک خـستنە سـەر ئـاو؛ ئابــرووی کــەســێک بــردن؛ کــەســێک بێئابرووکردن ‹آمـد اینجـا و پتـەی همکـارش را انـداخت روی آب: هاتــە ئێـرە و تـەختـەی هاوکارەکەی خستە سەر ئاو›.

پتــی / patî/: صـفت. [گفتـاری] پـەتی؛ ڕووت؛ خواس؛ خاوس.

پتیـاره / pat(i)yāre، ـهـا/: صـفت. پـەتـەری؛ سـەلـیتە؛ پـەتیـارە؛ گـەللایـی؛ شـێتۆکە؛ ئەقڵسووک ‹دخترەی پتیارە، دست بـە کمـر زدە، می‌گوید: شـما سـاکت باشید!: کچـەتیوی پـەتـەری، دەستی ناوەتە کەلەکەی، دەڵـێ: ئێـوە بـێدەنـگ بن!›.

پچــپـچ / pečpeč، ـهـا/: صـوت. سـرتە؛ چپـە؛

پچـه؛ چفـه؛ پتـه؛ پچـه‌پـچ؛ چرپـه‌چـرپ؛ سـرکه‌سـرک؛ پـسه‌پـس؛ پـسته‌پـست؛ چپ‌ـچپ؛ سرپه‌سرپ؛ سـرته‌سـرت؛ فچـه‌فـچ؛ فـچ‌ـفـچ؛ وتـه‌وت؛ ده‌نگـی قـسه‌کـردنی زۆر نزمی دوو که‌س پێکه‌وه.

▣ **پچ‌ـپـچ کـردن:** چپـه‌کـردن؛ چرپـه‌کـردن؛ پچه‌کردن؛ سرته‌کـردن؛ چرپانـدن؛ بـه‌سـرته قسه‌کـردن؛ سـرکه‌کـردن؛ چفانـێ؛ چرپـانن؛ چپنه‌ی؛ چپـه‌چـپ کـه‌رده‌ی ‹چه خبر شده پچ‌پچ می‌کنید؟: ئه‌وه چبووه چپه ده‌که‌ن؟›.

پچپچــه / pečpeče، ـهـا/:اسـم ١. سـرته؛ پچه‌پچ ‹از آن سوی در پچپچـه‌ای شنید: لـه‌وبـه‌ری ده‌رکـه‌وه سـرتـه‌یـه‌کـی هاتـه بـه‌رگـوێ› ٢. خـشه‌خـش ‹پچپچـه‌ی برگهـا: خـشه‌خـشی گـه‌ڵاگـه‌ل› ٣. [کنـایی] ویتـه‌ویـت؛ قـوو؛ وت‌وویـری سـه‌ر زاران؛ قـسه و واتـۆی نـاو خه‌ڵک ‹این پچپچـه‌هـای مـردم خـسته‌ام کـرد: ئـه‌م ویته‌ویتانه‌ی خه‌ڵکه وه‌ڕه‌زی کردم›.

پخ / pax/:اسم. کـه‌ل؛ کـل؛ پـه‌خ؛ شـوێنێ کـه له چاو شوێنی‌تر لاڵێژه.

▣ **پـخ زدن:** کـه‌ل‌کـردن؛ پـه‌خ لێـدان؛ لاڵێـژ کردنی شوێنێک له‌چاو ده‌ور و به‌ری.

پـخ / pex/: صـوت. کـش؛ پـخ؛ ده‌نگێکـه بـۆ ترساندن ‹پخ بکنی فرار مـی‌کنـد: کـشی لـێ بکـه‌ی هه‌ڵدێ›.

▣ **پخ‌ـپـخ کـردن:**[گفتـاری] لـووت و گوێچکـه کردن؛ گوێ و که‌پۆ برین.

پــخ / pox/: [ترکـی]اسـم. [مـستهجن] پـۆخ؛ پیسی؛ گوو؛ گی؛ تڵته‌می مرۆ.

▣ **پخـی بـودن:**[تعـریض] گوویـێـک بـوون؛ بـه ناڕه‌وا خـاوه‌ن پلـه و پایـه بـوون ‹مگـر او چـه پخـی اسـت کـه مـن بخـواهم از او اجـازه بگیـرم؟: ئه‌و چ گوویکه بمـه‌وێ بـه‌رایـی لـێ‌بگـرم؟›.

هه‌روه‌ها: **پخی شدن**

پخت / paxt/: صفت. تـه‌ختـان؛ ڕاسـتک؛ پـان؛ گۆڕ؛ بێ که‌ند و کلۆ.

پخــت[1] / poxt/:اسـم. ١. کـار یـان ڕه‌وتی پێژان ‹پخت نان: نان‌کردن› ٢. [ـهـا] نۆبـه‌ی نـان‌کـردن؛ نـان پێـژان ‹روزی دو نوبـت پخـت می‌کند: ڕۆژێ دوو نوبه نان ده‌کا›.

▣ **پخـت‌کـردن:** کولانـدن؛ پـه‌زانـدن؛ پێـژان؛ پێژتن؛ پێتن؛ په‌تـه‌ی؛ پێـژان بـه‌تایبـه‌ت لـه ته‌نوور یان له کووره‌دا.

ـ پخـت[2]: پیواژه. ــ پێـژ؛ ـکـرد؛ ـکـوڵ؛ ـ ئـاو ‹دست‌پخت: ده‌ست‌پێژ›.

پختگـــی / poxtegî/:اسـم. [مجـازی] جێکه‌وتـوویی؛ پێگـه‌یـیشتوویی؛ سـه‌رپێهـاتی؛ گرساوی؛ ڕسکاوی.

پخـــتن / poxtan/: مـصدر. متعـدی. لازم. //پختـی: کولانـدت؛ مـی‌پـزی: ده‌کولـێنی؛ بپـز: بکولـێنه// ◻ متعـدی. ١. پێـژان؛ پـێتن؛ بـرژانن؛ بوشـانن؛ پـه‌زیـن؛ پـه‌تـه‌ی؛ پـه‌هـتن؛ کـردن؛ کـه‌رده‌ی؛ ئامـاده‌کـردنی نـان و چێـشت ‹نان پختن: نـان پێـژان› ٢. پێـژان؛ پێـژتن؛ پـێتن؛ بێتین؛ پـاتن؛ سـه‌خـت و پتـه‌وکـردن و ئامـاده کـردنی بـه‌رهـه‌مێـک (وه‌ک ئـاجۆر) لـه ڕێگـای کـووره و گـه‌رمادانـه‌وه ‹آجـر پخـتن: ئـاجۆر پێـژان› ٣. [کنـایی] نـه‌رم‌کـردن؛ تێگـه‌یانـدن؛ ئاماده کـردنی کـه‌سێک بـۆ کارێـک لـه ڕێـی وت‌وویـژه‌وه ‹همـه دورش را گرفتنـد و او را حـسابی پختند: گشتیان ده‌وریـان دا و بـاش نه‌رمیـان‌کـرد› ٤. کولانـــدن؛ گرینـــه‌ی؛ گرینـــای؛ ئامـــاده کـردنی چێـشت و خـوراک بـه‌هـۆی گـه‌رمای زۆره‌وه ◻ لازم. ٥. کـولان؛ کولـین؛ پێگـه‌یـین؛ گریـای؛ تـه‌یـار بـوونی پێخـۆر بـه‌هـۆی تـینی پێویسته‌وه، بـۆ خـواردن ‹غذا پخـت: چێـشته‌کـه کولا› ٦. گـه‌یـین؛ گـه‌یـیشتن؛ یـاوه‌ی؛ یـاوای؛ گه‌یـیشتنی میـوه ئـاوداره‌کـان ‹زردآلوهـا حسابی پختـه‌انـد: شـێلانه‌کـان چـاک گـه‌یـیشتوون› ٧. پـرووزان؛ کـولان؛ گریـه‌ی؛ بـه‌هـۆی گـه‌رمای

زۆروەوە ئازار دیتن ‹از گرما پختم: لە گەرمادا پرووزام›. هەروەها: **پختنی**

■ صفت فاعلی: **پزنده** (پێژەر)/ صفت مفعولی: **پخته** (پێژراو)/ مصدر منفی: **نَپختن** (نەپێژان)

پخت‌وپز / poxt-o-paz/: اسم. پوخت؛ پوختوپەز؛ لێنانی شیو.

پخته / poxte/: صفت. پوختە؛ پەهتی: ١. کولاو؛ کولیاگ؛ گریا؛ ورد؛ ئامادەکراو بەهۆی گەرمای پێویستەوە ‹غذای پخته: چێشتی کولاو› ٢. [مجازی] لە کار دراتی؛ خاوەن ئەزموون ‹مرد پخته: پیاوی بوختە› ٣. لەبەرە چووگ؛ زۆر گەییشتوو؛ فرە گەییگ (بۆ میوە) ‹هندوانەی پخته: شووتی لەبەرە چووک› ٤. [مجازی] شیکراوە؛ ورد؛ باش‌باش بەراوردکراو ‹فکر پخته: بیری ورد›.

پخته‌خوار / poxtexār، ـها؛ ـان/: صفت. [کنایی] حازرخۆر؛ خاوەنی خووی بەهرەبردن لە کار و کۆششی خەڵکیتر ‹خان پخته‌خوار: ئاغای حازرخور›.

پختی / paxtî/: اسم ١. پانی؛ گۆڕی؛ چۆناوچۆنی پان بوون ٢. [ریاضی] کێش‌هاتوویی؛ کێشراوی.

پخزنی / paxzanî/: اسم. کەل‌کاری؛ کار یان ڕەوتی کەل‌کێشان؛ پەخ لێدان؛ ساوین و ساف‌کردنی لێوارەی شتێک: **پخکاری**

پخش[1] / paxš/: اسم. پەخش: ١. بڵاوەیی؛ پژاوەیی؛ پژیاوی؛ کار یان ڕەوتی: الف) بڵاو بوونەوە یان بڵاو کردنەوە ‹پخش پول: بلاوییی پارە› ب) گەیاندنی شتومەک بە دەستی فرۆشەر یان کڕیار ‹پخش کالا: بلاوکردنەوەی شتومەک› ج) بڵاو کردنەوەی دەنگ یان ڕەنگ ‹پخش برنامه: بلاوکردنەوەی بەرنامە› ٢. ئامرازی بڵاوکردنەوەی دەنگی تۆمارکراو.

پخش[2]: صفت. ١. پرژ و بڵاو؛ پەلاف؛ پژگیا؛ پژیاگ؛ پژیاو؛ توچ ‹پولها روی میز پخش بود: پارەکان لە سەر مێزەکە پرژ و بلاو بوون› ٢. بلاو؛ پەخش ‹خبر پخش شده‌است: هەواڵەکە بلاو بۆتەوە›.

پخشندگی / paxšandegî/: اسم. پەخشانی؛ پەخشاندەیی؛ پەخشێنەیی؛ لێ‌هاتوویی ماکێک بۆ بلاوکردنەوەی تراو یان تیشکێک کە لە هەر لاوە لێی دەدا.

پخش و پلا / paxš-o-palā/: صفت. [گفتاری] پرژ و بڵاو؛ پرش و بڵاو؛ پەرش و بڵاو؛ پژگیا؛ وەشاو؛ بلاوەبوو بە شێوەی نارێک‌وپێک ‹کتابها روی میز پخش و پلا بود: کتێبەکان لە بان مێزەکەوە پرژ و بلاو بوون›.

پخکاری / paxkārî/ ☜ **پَخزَنی**

پخمگی / paxmegî/: اسم. گێلی؛ هەپەیی؛ سەپۆلی؛ ساویلکەیی؛ پەخمەیی ‹آدم به این پخمگی ندیده بودم: مرۆی بەم گێلیەم نەدیبوو›.

پخمه / paxme، ـها/: صفت. [گفتاری] گێل؛ گێلۆکە؛ دەبەنگ؛ ساویلکە؛ سەپۆل؛ حەپۆل؛ پەخمە؛ سەپەل؛ چۆپیک.

پدافند / padāfand، ـها/: اسم. بەرەوانی؛ بەرەڤانی؛ بەرگری.

پدافندی / padāfandî/: صفت. بەرەوان؛ بەرەڤان؛ سەبارەت بە بەرگری.

پداگوژی / pedāgojî/: [فرانسوی] اسم. زانستی ڕاهێنانی منداڵان.

پدال / pedāl، ـها/: [فرانسوی] اسم. پایدەر ‹پدال گاز: پایدەری گاز›.

پدر / pedar، ـها؛ ـان/: اسم. باوک؛ بەوک؛ باب؛ تاتە؛ باوگ؛ باف؛ باوا؛ ئۆباف؛ کالۆ؛ تاتۆ؛ بابۆ؛ تات: ١. گیانلەبەری نێر (بەتایبەت مرۆ) کە زارۆی ڕۆهێناوە ‹پدر آزاد بیمار است: باوکی ئازاد نەخۆشە› ٢. [مجازی] بنیاتنەر و دامەزرێنەری شتێکی تازە ‹پدر

تاریخ؛ پدر برق: باوکی مێژوو؛ باوکی کارەبا› ٣. مامە؛ وتەی ڕێز لێنان و دلۆڤانی بۆ پیاوانی بەساڵاچوو ‹پدر! بفرمایید بنشینید: باوکە! فەرموو دانیشە›.

◙ پدر روحانی: باوکی ڕۆحانی: ١. ئەو کەسە کە ڕاهێنانی ڕەوانی کەسێکیتری وە ئەستۆگرتووە ٢. نازناوێکی بە ڕێز و قەدرە بۆ بانگ‌کردنی پیاوانی ڕۆحانی لە کلێسەدا: **پدر مقدس**

پدر مقدس ☜ **پدرروحانی ـ٢**

پدر ناتنی: باوەپیارە؛ زڕباب.

◙ **پدر درآوردن:** *[کنایی]* ڕۆح‌دەرهێنان؛ ڕیشە/ جەرگ دەرهێنان؛ کارێکی زۆر سەخت و دژوار کە دەبێتە هۆی ئازاری زۆر ‹کارگری این قدر سخت است کە پدر آدم را درمی‌آورد: کرێکاری ئەوەندە دژوارە کە روحی مرو دەردێنیت›.

پدر شدن: بوونە باوک (بۆ پیاوێ دەگوترێ کە دەبێتە خاوەنی منداڵ).

پدرآمرزیـــده / pedarāmorzîde، هـا/: *صفت.* باوک‌باش؛ باب‌چاک؛ تاتەخاس؛ ڕەحمەتی؛ چەشنێ وتەی بانگ‌کردنە لەگەڵ گلەییدا ‹پدرامرزیده، چە دل خوشی داری!: باوک‌باش، چ دڵێکی خۆشت هەیە!›.

پدراندر / pedar'andar، هـا/: *اسم.* باوەپیارە؛ زڕباب؛ ناباوک؛ باوک بەدەر؛ باب هەڵەک.

پدرانــــه[1] pedarāne/: *صفت.* *[مجازی]* باوکانە؛ تاتەیانە؛ باوکی؛ بابینی؛ باوینی؛ باڤینی؛ زۆر دلۆڤان ‹لبخند پدرانە: پێکەنینی باوکانە›.

پدرانە[2]: *قید.* باوکانە؛ باوکیەتی؛ وەکوو باب ‹او پدرانە رفتار کرد: باوکانە دەجووڵایەوە›.

پـــدربزرگ / pedarbozorg، هـا؛ ـان/: *اسم.* باوا؛ بابا؛ باواگەورە؛ باوک‌باوک؛ بابەگەورە؛ باپیر؛ کالک؛ باوکی باوک یان باوکی دایک.

پدرجـــد / pedarcad(d)، هـا/: [فارسی/ عربی] *اسم.* کاڵ؛ باپیر؛ باواگەورە؛ باوکی باوا.

پدرخوانـــده / pedarxānde، هـا/: *اسم.* ١. تاتە؛ مێردی تایەن؛ زرفە زۆر؛ زڕبابی ژن یان مێرد ٢. پیاوێک کە کچ یان کوڕێکی وەک منداڵی خۆی وەرگرتووە.

پـــدردار / pedardār، هـا/: *صفت.* باوک‌دار؛ خاوەن باوک.

پـــدرزن / pedarzan، هـا/: *اسم.* خەزوور؛ خەزوورە؛ هەسوورە؛ بابی ئافرەتی مێرد.

پدرســـالار / pedarsālār، هـا/: *اسم.* *[جامعه‌شناسی]* میرباب؛ باب‌سالار؛ سەرۆکی خێڵ.

پدرســـالاری / pedarsālārî، هـا/: *اسم.* *[جامعه‌شناسی]* میربابی؛ باب‌سالاری؛ دەزگا کۆمەڵایەتیەک کە تێیدا باوک سەر و سەرۆکی خێزانە و خاوەن دەسەڵاتی ئافرەت و زارۆکانە، هەروەها منداڵ و بنەماڵە بەو دەگەڕێنەوە و تێیدا بەرپرسی و پێشوایی کۆمەڵگا بە مێردانە.

پدرســـوختگی / pedarsûxtegî، هـا/: *اسم.* *[مجازی]* باب‌خەرایی؛ ناپیاوی؛ ناپیایی؛ ناپیاگی؛ کار یان ڕەفتاری نارەوا.

پدرســـوخته / pedarsûxte، هـا/: *صفت.* *[مجازی]* ١. نادرووس؛ ناپیاو؛ دەغەڵ؛ دەغوڵ؛ نارێک ٢. قەحبەباب؛ جنێوێکە.

پدرشـــوهر / pedaršowhar, -šo:har، هـا/: *اسم.* خەزوور؛ خەزوورە؛ هەسوورە؛ هوسوورە؛ هوسیرە؛ حەسیرۆ؛ باوکی مێرد یان ژن.

پدرکـــشتگی / pedarkoštegî، هـا/: *اسم.* *[مجازی]* کۆنەقین؛ دوژمنایەتی کۆن.

پـــدرمرده / pedarmorde، هـا/: *اسم.* ١. باب‌مردوو؛ باوک‌مردوو؛ بێ‌باڤ؛ بێ‌باوک؛ سێوی؛ هەتیو؛ هەتیم ٢. *[کنایی]* بەدبەخت؛

بێ‌ئەنوا؛ بێ‌پەنا؛ کلۆڵ.

پدروار / pedarvār/: قید. باوکانە؛ باوکئاسا؛ وەک باوک.

پدرومادردار / pedar-o-mādardār/: صفت. دایکوباوکدار؛ بەدایکوباوک: ١. خاوەن کەسایەتی و پلە و ڕێزی بەرز ٢. باوکدار؛ حیسابی؛ بەویست و چاوتێرکەر.

پدری¹ / pedarî/: اسم. باوکی؛ بابی؛ تاتەیی؛ باقی: ١. بار و دۆخ یان چۆنیەتی باوک بوون ‹خدا از پدری کمتان نکند: خوا لە باوکی کەمتان نەکا› ٢. *[مجازی]* باوکیەتی؛ باوکایەتی؛ باوکی؛ چاکی و بەزەیی باوکانە ‹آن مرد در حق من پدری کرد: ئەو پیاوە لە ئاستی مندا باوکێتی کرد›.

پدری²: صفت. باوکی؛ پێوەندیدار یان بەستراو بە ماڵی باوکەوە ‹خانوادەی پدری: بنەماڵەی باوکی›.

پدریار / pedaryār، ـها؛ ـان/: اسم. جێ‌باب؛ لەجێ باوک؛ پیاوێ کە خەرجی ڕاگرتن و بەخێوکردنی منداڵێک ئەگرێتە ئەستۆ. هەروەها: **مادریار**

پدید / padîd/: اسم. *[ادبی، قدیمی]* ئاشکرا؛ خویا؛ دیار؛ بەرچاو؛ وەرەچەم؛ بەدی؛ دیاردی؛ دۆخ و چۆنیەتی ئاشکرا بوون و بەدیار هاتن یان ڕسکان ‹چون پدید گشت، همه خرسند شدند: کە دەرکەوت، هەموو گەشانەوە›.

▣ پدید آمدن: ئاشکرا بوون؛ دەرکەوتن؛ بەدیهاتن؛ پەیا بوون؛ دیار دان؛ دیاری دان؛ خویا بوون؛ دەرهاتن؛ بەرئامەی؛ پەیدا بیەی ‹آنجا چشمه‌ای پدید آمد: لەوێ چاوکەیەک دەرکەوت›.

پدید آوردن: بەدیهێنان؛ وەدیهێنان؛ ڕەخساندن؛ پێکهێنان.

پدید²: صفت. *[ادبی]* خویا؛ دیار؛ بەرچاو؛ ئاشکار؛ ئاشکرا ‹هیچ روشنی پدید نبود: وسەیەک دیار نەبوو›.

پدیدار / padîdār/: صفت. *[ادبی]* دەرکەوتە؛ وەدیار؛ بەدیار؛ دیار؛ خوانە؛ ئاشکرا؛ ئاشکار؛ پەیار؛ خویا؛ خۆیا؛ بەرچاو؛ وەرەچەم؛ ڕوون ‹شب گذشت و روز پدیدار شد: شەو تێپەڕی و ڕۆژ دەرکەوت›.

▣ پدیدار شدن: بەرچاوهاتن؛ هەڵپشکووتن؛ هەڵقونیان.

پدیدارشناسی / padîdāršenāsî/ ☜ **پدیدەشناسی**

پدیدآورنده / padîdāvarande، ـها؛ ـگان/: اسم. ئافرێنەر؛ بەدیهێنەر؛ وەدیهێنەر؛ پێکهێنەر؛ خولقێنەر.

پدیده / padîde/: اسم. دیاردە؛ دیاردی؛ بەرچاوە: ١. ئەوەی کە دەبینرێ یان هەستی پێ دەکرێ ٢. ڕووداو؛ نۆڕسک؛ دابی تازە؛ شتی تازە پێکهاتوو.

▣ پدیدەی اجتماعی: دیاردەی کۆمەڵایەتی. هەروەها: **پدیدەی اقتصادی؛ پدیدەی شیمیایی؛ پدیدەی فرهنگی؛ پدیدەی فیزیکی**

پدیدەی شکست نور ☜ شکست نور، **شکست**

پدیدەی فای: دیاردەی فای؛ هەڵەی چاو، بەشێوەیەک کە ئەگەر شتێک (وەک تیشک یان فیلم) دوابەدوای یەک و بە مەودای زۆر کەمەوە نیشان بدرێن، چاو ناتوانێ مەودای نێوانیان دیاری بکات.

پدیدەشناسی / padîdešenāsî/: اسم. دیاردەناسی: ١. لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی هەڵدانی هزری مرۆڤ وەک پێشەکیەک بۆ چوونە ناو باسی فەلسەفەوە ٢. ڕیزکردنی تاقمێک لە دیاردەگەل لە باری چۆنیەتیانەوە ✱ **پدیدارشناسی**

-پذیر / pazîr/: *پیوازه*. ـ گر؛ ـ پەژیر؛ ـ پەزێر؛ ـ گێر ‹فرمان‌پذیر: فرمان‌کر›.

پذیرا / pazîrā/: *صفت*. پەزێرا؛ پەژیرا؛ قبووڵکەر: ١. ئامادە و تەیار بۆ پەزێران پذیرا بودن: پەزێرا بوون› ٢. پەژیران‌کەر؛ میوانداری ‹او به گرمی پذیرای ما شد: زۆر گەرم و گوڕ میوانداری کردین›.

◘ **پذیراشدن**: قبووڵ‌کردن؛ وە ئەستۆ گرتن. هەروەها: **پذیرا بودن**

پذیرانه / pazîrāne، هـا/: *اسم*. وەرگرانە؛ پارەیەک کە بۆ پەزێران لە شوێنێک (وەکوو نەخۆشخانە و زانستگا) لە داواکار دەسێندرێ.

پذیرائی / pazîrā' î/ ☜ **پذیرایی**

پذیرایی / pazîrāyî، هـا/: *اسم*. پەژیرایی؛ پەزیرایی: ١. ڕاژەکاری؛ میوانداری؛ خزمەتی میوان؛ کار یان ڕەوتی میوان ڕاگرتن؛ میهمان خودان‌کردن؛ پەزیرایی کردن لە میوان ٢. *[گفتاری]* میوانخانە؛ مێمانخانە؛ هۆدەی پەژیرایی؛ ژووری تایبەت بە میوان * **پذیرائی**

پذیرش / pazîreš/: *اسم*. پەژیران: ١. کار یان ڕەوتی وەرگرتن؛ پەزێران ‹پذیرش دانشجو: وەرگرتنی خوێندکار› ٢. /ـ هـا/ وەرگری؛ بەشێک لە ڕێکخراوەیەک کە کاری وەرگرتنی بە ئەستۆیە ‹ادارەی پذیرش: مەزرینگەی وەرگری› ٣. /ـ هـا/ پێناسە؛ بەڵگەیەک کە قەبووڵ بوونی کەسێک بۆ کارێک یان شوێنێک نیشان دەدا ‹برای سفیر آلمان تقاضای پذیرش شد: بۆ باڵوێزی ئاڵمان داوای پێناسە کرا›.

پذیرفتن / pazîroftan/: *مصدر متعدی*. //**پذیرفتی**: پەزێرات؛ **می‌پذیری**: دەپەزێری؛ **بپذیر**: بپەزێرە// پەزێران؛ پەژرین؛ پەژیران؛ وەخۆ گرتن؛ قەبووڵ‌کردن: ١. دان‌نان بە ڕاست یان بەجێ بوونی کار یان قسەی کەسێکدا ‹پذیرفتن ادعای شاهد: پەزیرانی قسەی گەوا› ٢. ڕێدانی کەس یان شتێک بۆ چوونە ژوورەوە لە شوێنێکدا ‹پذیرفتن دانشجویان خارجی: پەزیرانی خوێندکارانی لاوەکی› ٣. هاوڕیەتی‌کردن دەگەڵ ویست یان کاری کەسێکدا ‹پذیرفتن تقاضای ارباب‌رجوع: پەزیرانی داخوازی کارێنەران›. هەروەها: **پذیرفتنی**

■ صفت فاعلی: **پذیرنده** (ـ)/ صفت مفعولی: **پذیرفته** (پەزێراو)/ مصدر منفی: **نپذیرفتن** (نەپەزێران)

پذیرفته / pazîrofte/: *صفت*. ڕەوا؛ قەبووڵ؛ شایستە؛ لەبار؛ شایەن؛ پەژیراو؛ پەزێراو.

پذیره / pazîre/: *اسم. [اقتصاد]* پەژیرە؛ پەزیرە؛ بەڵێنی کڕینی پەڕەگەلی بایەخدار لە لایەن کڕیارەوە.

پذیره‌نویسی / pazîrenevîsî، هـا/: *اسم*. کرێیاری؛ باربوو؛ پەزێرەنووسی.

پر / par، هـا/: *اسم*. ١. پەڕ؛ پەل؛ تووک؛ کوڵکە؛ لەش داپۆشی مەل ‹پر پرندە: پەڕی پەلەوەر› ٢. *[مجازی]* باڵ؛ پەل ‹انگار پر درآورد و پرید: وەک بێژی باڵی دەرهێنا و فڕی› ٣. *[گفتاری]* پەڕە؛ بەشێ لە شتێکی سووک و ناسک ‹پر کاە؛ پر کاغذ: بەرد کا؛ پەرد کاغەز› ٤. پەڕە؛ چارەوەز؛ بەشێک لە میوەی بڕێک داران کە بەهۆی پەڕەیەکی ناسکەوە لە بەشگەلی‌تری جیا بووەتەوە ‹پر انار؛ پر سیر: چارەوەزی هەنار؛ پەڕی سیر› ٥. *[گفتاری]* پەڕ؛ پاژی دوایی شتانی پارچەئاسا ‹پر شال: پەڕی شاڵ›.

◘ پر تاووسی ☜ **پرتاووسی**

◘ پر درآوردن: ١. تووک‌کردن؛ تووک دەرکردن؛ پەلێ زنیەی ‹جوجە پر درآوردە است: جووجەلە تووکی کردووە› ٢. *[مجازی]*

باڵ‌گرتنه‌وه؛ زۆر خوشحاڵ بوون ‹آزاد از خوشحالی داشت پر درمی‌آورد: ئازاد له خۆشیا خه‌ریک بوو باڵ بگریته‌وه›.

پر ریختن: تووک ڕژیان؛ تووک‌ڕزیان؛ تووک وه‌رین؛ په‌ڕ وه‌رین؛ په‌لێ ڕووتیه‌یوه ‹پرهای جوجه ریخته: تووکی جووجه‌له‌که وه‌ریوه›.

پر زدن/کشیدن/گرفتن: *[گفتاری]* فڕین؛ باڵ‌لێدان؛ باڵدان؛ دان له شه‌قه‌ی باڵ؛ باڵ گرتن؛ باڵ گرتنه‌وه؛ باڵێ گێرته‌ی ‹کلاغ پر زد و رفت: قالاوه‌که فڕی و ڕۆی›.

پر کندن: ١. قوشقن‌کردن؛ تووک که‌ندن؛ زه‌متاندن؛ ئه‌وه‌ڕووتنه‌ی؛ په‌ل که‌نته‌ی ‹پرکندن مُرغ کار سختی است: قوسقن‌کردنی مریشک کارێکی دژواره› ٢.

☜ پر- پر زدن، **پرـپر**
پریاخته / poryāxte، ـها؛ ـگان/: [فارسی/ ؟] صفت. پڕشانە؛ خاوەن پێکهاتەیەک بە زۆرتر لە یەک، تا دەگاتە ملیۆنان شانە. بەرانبەر: **تکیاخته** ‹جانور پریاخته: گیانلەبەری پڕشانە›.

پری‌پیکر / parîpeykar، ـها؛ ـان/: صفت. [ادبی] بلارمان؛ دەلال؛ چەلەنگ؛ شۆخ و شەنگ؛ پەری پەیکەر (سەبارەت بە ژن و کچ).

پریچه / parîče/: اسم. گژ و لاسکەی درێژ و رووش (وەک ساقەتەی داری خورما).

پریچهر / parîčehr/ ☜ **پریچهره**

پریچهره / parîčehre، ـها؛ ـگان/: صفت. جوان؛ پەریچێر؛ چەلەنگ؛ شەپاڵ؛ خوشێک؛ دەلالی شەپاڵ؛ شێوەپەری؛ خاوەنی روومەتی زۆر جوان (بۆ کچ و ژن): **پریچهر**

پریدگی / parîdegî، ـها/: اسم. بزرکاوی؛ پەڕیاگی؛ پەڕیاوی؛ پەڕاوی؛ پەڕیگی؛ پەڕیوی؛ چۆنیەتی فەوتاوی یان لەدەس چوویی بەشێک یان پارچەیەک ‹رنگ پریدگی؛ پریدگی لبەی استکان: ڕەنگ بزرکاوی؛ پەڕیاگی دەم ئیسکان›.

پریدن / parîdan/: مصدر. لازم. متعدی. //**پریدی**: پەڕیت؛ **می‌پری**: دەپەڕی؛ **بپر**: بپەڕە// □لازم. ۱. پەڕین؛ پەڕان؛ باڵ گرتنەوە؛ فڕین؛ فڕان؛ هەڵفڕین؛ باڵۆگرتن؛ پەروازکردن؛ پڕەی؛ فڕای؛ هاتوچووکردن بە هەوادا ۲. ڕەوینەوە؛ پسان؛ پەڕین؛ پڕەی؛ پڕای؛ زڕان ‹پریدن خواب: ڕەوینەوەی خەو› ۳. پەڕین؛ لێوە بوون؛ لێپەڕین؛ بەر بوونەوە و پەرتەوازە بوون؛ شکان و پەڕانی شتێک یان بەشێ لە شتێک ‹پریدن لبەی استکان: پەڕینی لێوارەی ئیسکان› ٤. [گفتاری] بازدان؛ دەرچوون؛ هەڵبەزین؛ پەڕان؛ بەرشیەی؛ بە لەز و بەز بزوان ‹بپر یک لیوان آب بیاور: بازدە پەرداخێک ئاو بێنە› ٥. پەڕین؛ پەڕان؛ پڕەی؛ نەمان و لە نێو چوون بە بۆنەی هۆکارگەلی کیمیایی و فیزیکیەوە ‹پریدن رنگ پارچە: پەڕانی ڕەنگی پارچە› ٦. پەڕینەوە؛ بازدان؛ بازهاویشتن؛ قەڵەمباز دان؛ پڕەی؛ پڕای؛ قەفازتن؛ بە سەر لەمپەراندا بازدان ‹از دیوار پریدن: لە

دیوار پەرینەوە› ٧. ڕاپەڕان؛ دەرپەڕان؛ داچڵەکان؛ ڕاچەنین؛ چڵکیایرە؛ لەپڕ پەڕان و گۆڕانی نائاسایی لە ڕەوتێکدا ‹از خواب پریدن؛ از جا پریدن: لە خەو ڕاپەڕان؛ لە جێگەوە دەرپەڕان› ٨. فڕان؛ فڕیەی؛ فڕیای؛ لێدان؛ تووشی فڕکە هاتن ‹پریدن پلک چشم: فڕینی چاو› ☐ متعدی. ٩. [گفتاری] هەڵتۆزان؛ بەگژدا چوون؛ هەڵشاخان ‹بە این و آن پریدن: بەگژ ئەم و ئەودا چوون›. هەروەها: **پریدنی**

■ صفت فاعلی: **پرنده** (ـــ)/ صفت مفعولی: **پریده** (پەڕیو)/ مصدر منفی: **نَپریدن** (نەپەڕین)

پریرخ / parîrox، ـان/: صفت. جوان؛ قەنج؛ کەلەش؛ کەلان؛ پەری‌شێوە؛ پەری ڕوومەت؛ مێوینەی جوان و چاک؛ پەری‌ڕوخسار.

پریرو / parîrû، ـیان/: صفت. جوان؛ کەلەش؛ کەلان؛ پەری‌ڕوو؛ مێوینەی جوان چاک.

پریروز [1] / parîrûz/: اسم. پێرەکە؛ پێرێ؛ پەرێ؛ دوو ڕۆژی پێش ‹پریروز اول سال بود: پێرەکە سەرەتای ساڵ بوو›.

پریروز [2]: قید. پێرێ؛ پێرەکە؛ پەرێکە؛ پەرێ؛ پەرێنە؛ پێرنا؛ لەپێرەکەدا؛ لەپێرێدا ‹برادرم پریروز رفت: براکەم پێرەکە چوو›.

پریز / pirîz, p(e)rîz، ـها/: [فرانسوی] اسم. پریز؛ ئامرازێک (زیاتر بە دیوارەوە) جێ دوو شاخە یان سێ شاخەی کەرستە کارەباییەکان.

پریزاد / parîzād، ـان/: اسم. [ادبی] پەریزاد؛ پەریزادە؛ پەریزا: ١. مێوینەی جوان‌چاک ٢. زادەی فریشتە.

پریسا / parîsā/: صفت. [ادبی] پەری‌ئاسا: ١. وەکوو پەری؛ پەریوار؛ لە شکڵ و بیچمی پەری ٢. پەری‌شێوە؛ وەک خوو و خدەی پەری.

پریش / parîš/: صفت. [ادبی] پەشێو؛ پەرێشان؛ بڵاو؛ دڵ‌بەخەم؛ پەژێو؛ پەژار؛ خەمین؛ تەمین.

پریشان / parîšān/: صفت. پەرێشان؛ شێواو: ١. شپرز؛ بێ‌سەر و بەر؛ تێکچوو؛ ئاڵۆز؛ تێک‌هەڵچوو؛ ژوولیاگ؛ بزگ؛ شڵەژاو ‹خانەی پریشان: ماڵی شێواو› ٢. [کنایی] حاڵ‌خراپ؛ پەشێو؛ خەمبار؛ نیگەران؛ ئەرامەندە؛ داماو؛ شاپرزە؛ شپرزە؛ زوێن؛ حاڵ‌شڕ و لێقەوماو؛ خەمگین ‹بەنظر پریشان آمد: پەرێشان هاتە بەرچاو›.

☑ پریشان شدن: ١. شپرزە بوون؛ شەوشین؛ پەخشان بوون؛ بڵاو بوون؛ هەڵشێویان؛ تێکچوون؛ تەڕا و بەڕا بوون؛ لە تەکووزی ترازان؛ لە ڕێک‌وپێکی کەوتن؛ پڕ و پەشێو بوون ‹وضع کارخانە خیلی پریشان است: دۆخی کارخانە زۆر شپرزەبە› ٢. [کنایی] شڵەژان؛ خەمبار بوون؛ نیگەران بوون؛ زویر بوون؛ تووشیاری ترس و نیگەرانی هاتن ‹از شنیدن این حرف خیلی پریشان شد: بە بیستنی ئەم قسەیە زۆر شڵەژا› ٣. هەڵژووژیان؛ پەشێو بوون؛ زویر بوون؛ داماو بوون؛ ئەرامەندە بیەی؛ لێقەومان و بەدبەختی بەسەردا هاتن ‹بیکار و پریشان شدە بود: بێکار و داماو ببوو›.
هەروەها: **پریشان کردن**

پریشان‌گفتن: [ادبی] هەڵیت‌وپەڵیت وتن؛ هەرزە دوین؛ هەڵە وتن؛ هاتەران‌ـپاتەران گوتن؛ پەرێشان واتەی.

پریشان‌حال / parîšānhāl/: [فارسی/ عربی] صفت. [مجازی] پەشێو؛ پەژێو؛ پڕ و پەشێو؛ شێواو؛ شپرز؛ شپرزە؛ شپرزیاگ؛ شپرێو؛ شەوێق؛ شەپل؛ بێ سەر و بەر؛ حاڵ‌پەرێشان؛ کەلەلا؛ ناکۆک؛ ناساز؛ ناتەواو؛

زار؛ لێقەوماو.

پریشان‌خاطر / parîšānxāter/: [فارسی/عربی] صفت. [مجازی] بیربلاو؛ خاترپەرێشان؛ فکرپەرێشان؛ بیرئالۆز؛ خەیالاوی؛ دڵزویر ‹پریشان‌خاطران رفتند در خاک: بیربلاوان بە ناخی ئاخا رۆین›. هەروەها: **پریشان‌خیال؛ پریشان‌دل**

پریشان‌روزگار / parîšānrûz(e)gār/: صفت. [ادبی] ڕۆژڕەش؛ ڕۆژپەرۆش؛ ڕۆژکوێر؛ پەریشان ڕوژگار.

پریشانی / parîšānî، ـها/: اسم. پەرێشانی شپرێوی؛ شەوشی؛ پەشێوی؛ شێواوی؛ قەبزی؛ ئەنووسی؛ زەوین: ۱. شپرزەیی؛ ئاشفتەیی؛ شڵەژاوی؛ شێواوی؛ ئالۆزی ‹پریشانی کار: پەریشانی کار› ۲. پەژارەیی؛ نیگەرانی و خەم و خەفەت؛ زویر و زگاری؛ زوور و زویری ۳. دەسکورتی؛ تەنگدەستی؛ هەژاری؛ نەداری؛ بێ‌ئەنوایی.

پری‌شاهرخ / parîšāhrox/: اسم. زەردی شامی؛ هەنجیرخۆرە؛ مەلێکە تیژ فڕ لە تیرەی چۆلەکە.

پریشب / parîšab/: اسم. پێرەشەو؛ پێرێشەو؛ پەرێشەوێ؛ پێرناشەو؛ شەوادیتر؛ شەوی بەر لە دوێشەو ‹مهمانی پریشب چطور بود؟: میوانی پیرەشەو چۆن بوو؟›.

پریشب: قید. پێرەشەو؛ پێری‌شەو؛ پەرێشەوێ؛ لەپێرەشەودا ‹پریشب رفتیم مهمانی: پیرەشەو چووین بۆ میوانی›.

پریشیدن / parîšîdan/: مصدر. لازم. متعدی. [ادبی]// **پریشیدی**: پەشۆکای؛ **می‌پریشی**: دەپەشۆکی؛ _// ◻لازم. ۱. پەشۆکان؛ شەمزان؛ شەوشین؛ پەشۆکیەی؛ پەشۆکیای؛ شێوان؛ ڕاچەنین؛ شڵەژان؛ شێویەی؛ پەرێشان بوون؛ سەر لێ‌شێوان ◻ متعدی. ۲. [قدیمی] پەشۆکاندن؛ شەمزاندن؛ شێواندن؛ شڵەژاندن؛ پەرێشان کردن؛ سەر لێ‌شێواندن؛ پەشۆکنەی؛ پەشۆکنای؛ شێونەی.

■ صفت مفعولی: **پریشیده** (پەشۆکاو)

پریمتر / perîmetr، ـها/: [انگلیسی]/اسم. بینایی‌پێو؛ ئامرازی نیشاندەری سۆمای چاو.

پریمتری / perîmetrî/: [انگلیسی]/اسم. بینایی‌پێوی؛ دەرخستنی سۆمای چاو.

پریموس / perîmûs، ـها/: [از انگلیسی]/اسم. پریمووس؛ پریمۆز؛ پەرەمێزە؛ جۆرێک چرای خۆراکپەزی.

پرینت / pirînt, p(e)rînt/: [انگلیسی]/اسم. ۱. چاپ ۲. /ـها/ چاپ‌کراوە؛ دەقی لە چاپ دراو.

پرینتر / pirînter, p(e)rînter/: [انگلیسی] ☜ **چاپگر**

پریوار / parîvār، ـان/: صفت. پەریانە؛ پەریسا؛ بە ئاکاری وەکوو پەری.

پریوش / parîvaš، ـان/: صفت. زۆرجوان؛ پەریانە؛ کەلەش؛ وەکوو پەری؛ پەری‌شێوە (بۆ کچ و ژن).

ـ پز / paz/: پیواژە. ـ پەز؛ ـ پێژ؛ ـکوڵ: ۱. کوڵێن؛ پەزێن؛ گرین ‹آرام‌پز؛ آشپز؛ زودپز: ئارام‌پەز؛ ئاشپەز؛ زووبەز› ۲. کوڵاو؛ گریا ‹نیم‌پز: نیوەکوڵ›.

پز / poz/: [فرانسوی]/اسم. ۱. دەق؛ دوخت؛ ڕازاوەیی جل و بەرگ ‹خوب بە پزش رسیدە: باش خۆی داوە لە دەق› ۲. دەمار؛ فیز.

پزا / pazā/: صفت. خوەش‌کوڵ؛ بە تایبەتمەندی خێرا و باش کوڵان.

پزائی / pazā'î/ ☜ **پزایی**

ـ پزان / pazān/: پیواژە. ۱. ـ ڕەسان؛ ـ ڕەسین؛ گەیین؛ یاوەی؛ گەییشتن؛ وەرزی پێ‌گەییشتنی میوەیەک ‹میوەپزان: میوەڕەسان› ۲. لێنان؛

کـولان؛ کولانـدن؛ گرینـەی؛ وەش کـەردەی ‹حلواپزان: هەڵوا لیبنان›.

پزایـی / pazāyî/: اسـم. خـوەش کولـی؛ خۆشپەزی: **پزائی**

پزشـک / pezešk, pezešg، ـهـا؛ ـان/: اسم. بژیـشک؛ پـسیزک؛ پزیـشک؛ پزیـسک؛ دوکتور.

▣ **پزشک بالینی**: بژیـشکی گـشتی؛ بژیـشکێ کە خاوەن ئەزموونی کـردەوەیـی لـە ناسـین و دەرمـانی نـەخۆشـیەکانـە، بـە گـشتی: **پزشک عمومی**

پزشک خانواده: بژیشکی بنەماڵە.

پزشک شخصی: بژیـشکی کـەسی؛ بژیـشکی تایبەتی بۆ نەخۆشێک.

پزشک عمومی ☜ **پزشکبالینی**

پزشک قـانونی: بژیـشکی قـانوونی؛ بژیـشکی تایبـەت بـۆ سـەر دەرکـردن لـە چۆنیـەتی زامدار بوون یا کوژرانی مرۆ.

پزشـکی / pezeškî, pezešgî/: اسـم. بژیـشکی: ١. کـاری بژیـشک؛ زانـستێ کـە دەپـەرژێتـە سـەر ناسـین و دەرمـان کـردنی نـەخۆشـیەکـان ٢. لقێـک لـە فێرکـاری زانـستگا لـە بـواری ناسـین و دەرمـان کـردنی نەخۆشیەکانەوە.

▣ **پزشکی قـانونی**: بژیـشکی قـانوونی؛ لقـێ لـە زانـست و شـێوازی بژیـشکی کـە سـەر دەرکـردن لـە چۆنیـەتی زامـدار بـوون یـان کوژرانی مرۆی بە ئەستۆیە.

پزشـکیار / pezeškyār, pezešgyār، ـان/: اسم. بژیـشکیار؛ بژشـکیار؛ هاریکـاری پزیـشک؛ تیمارکەر؛ برین پێچ.

پـزو / pezo/: [اسـپانیول] اسم. پێـزۆ؛ یـەکـەی پـارەی وڵاتـانی ئـارژانتین، ئورۆگـوە، دومینیکـەن، شـیلی، فیلیـپین، کولومبیـا، کووبا، گینەی بیسائۆ و میکزیک.

- پـزی / pazî/: پیـوازه. ١. ـ لێنـان؛ ـ پێـژان؛ ـکولێنی؛ ـ پێژی؛ کاری کولاندن ‹خـوراکپـزی: چێشت لینان› ٢. ـ پـەزی؛ جێگـای کولانـدنی شتێک ‹کلەپزی: سەر و پێ پەزی›.

پـژ / paj/: اسم. ١. ئالـشک؛ ئالـشت؛ ئالـشتە؛ شـەلـتە؛ سـیخوار؛ سـووخار؛ سـیخ؛ سـووخ؛ خووسـار؛ خـووس؛ خیـسار؛ خویـسە؛ خوسـیک؛ خـوویس؛ خـوزە؛ خـازی؛ خـوس؛ زوقم؛ قـورۆ؛ قـڕ؛ قـراف؛ خـۆیز؛ خـوویز؛ خـوز؛ بـەرفـۆک؛ ئـەڵماسـە؛ سـەرمـاوردە؛ پـژ؛ پـەژ؛ پـەژم؛ وردیلـە بـەفـری پـەرژ و بـڵاوی کـاتی سـەرمـا و سۆڵـە کـە بـە دەم بـاوە هـەلـدەسـوورێ ٢. کـەل؛ ملـە؛ ملـەگـا؛ گەردەنە؛ ڕێگای پێچ- پێچ بە کێودا.

پژمـان / pejmān/: صـفت. [ادبـی] دڵسـەرد؛ دڵمـردوو؛ خـەمـین؛ خـەمبـار؛ زگـار؛ کـز؛ پەژار.

پژمردگـی / pajmordegî/: اسم. ژاکـاوی؛ شـەمـزاوی؛ پـەژمـراوی؛ پـەرمووچـاوی؛ سیـسی؛ سیـسیاگی؛ داچـەکـاوی؛ ژەڵـم؛ مـڵکـزی ‹سـرما موجب پژمردگـی برگهـا شـد: سەرما بوو بە هۆی سیسی گەڵاکان›.

پژمـردن / pajmordan/: مـصدر. لازم. //**پژمـردی**: ژاکـای؛ **مـیپژمـری**: دەژاکـی؛ **پژمردەشـو**: بژاکـێ// ژاکـان؛ ژاکیـەی؛ ژاکیـای: ١. سـیس هـەڵـگەڕان؛ سیـسان؛ سیـسیان؛ سـیس بـوون؛ هـەڵـچرچان؛ پـەژمـەریـن؛ چەرمـسین؛ چـەلمـسین؛ ژوڵـیان؛ چلمیـسان؛ پـەژمـەریـەی؛ سیـسیەی؛ گـەچـلان؛ دوژان؛ پـەرمووچـان ‹پژمـردن گُـل: ژاکانـی گـوڵ› ٢. [مجـازی] شـەمـزان؛ شـەمـزین؛ شـەمـسان؛ دڵئێشان؛ دڵدامان. هەروەها: **پژمردنی**

■ صـفت مفعولی: **پژمـرده** (ژاکـاو)/ مـصدر منفـی: **نَپژمردن** (نەژاکان)

پژمـرده / pajmorde/: صـفت. ژاکـاو؛ چـرمس؛

چلمس؛ چرووسیا؛ سیس؛ هەڵچرچاو؛ جلوا؛ زەردەڵە؛ سیسەڵە؛ پەژمراو؛ پوژمور؛ پەرمووچاو؛ پەرمووچ؛ پەژمرە؛ پژلمە؛ لوس؛ دوژ؛ کز؛ ژولسە؛ ژەڵم؛ ژەلمسە؛ پێژیاو؛ داچەکاو؛ گەوزەکەوتە؛ ئەتچریسکیای؛گەچڵ؛ گەچلاو: ١. بێدەماخ ‹برگهای پژمرده: گەلا پەژمراوەکان› ٢. *[مجازی]* شەمزاو؛ خەمگین ‹دلهای پژمرده: دڵگەلی پاکاو›. هەروەها: **پژمرده بودن؛ پژمرده شدن؛ پژمرده کردن**

پژواک / pejvāk، ـها/: *اسم.* پێژن؛ زایەڵە؛ گومنی؛ زایلە؛ دەنگدانەوە.

پژول / pajûl/ ☜ استخوان قاب، **استخوان**

ـ پژوه / pajûh, pujûh, pejûh/: *پیواژه.* ـتۆژ؛ تۆژەر؛ ـکۆڵ؛ ـکۆڵەر؛ لێکۆڵەر؛ تۆژەرەوە ‹دانش پژوه: زانست تۆژەر›.

پژوهانه / pajûhāne, pujûhāne, pejûhāne، ـها/: *اسم.* تۆژەرانە؛ ئەو پاداشە کە لە بەرانبەر تۆژینەوەوە بە لێکۆڵەر دەدرێت: **حق تحقیق؛ حق‌التحقیق**

پژوهش / pajûheš, pujûheš, pejûheš، ـها/: *اسم.* هێرە؛ داباش؛ هەمن؛ منێ؛ پەیجۆری؛ بنجۆری؛ مینە؛ کار و ڕەوتی تۆژینەوە؛ لێکۆڵینەوە؛ کۆڵینەوە؛ ڤەکۆلان؛ لێتۆژینەوە؛ کۆلانەوە؛ هوورانـدن: ١. گەڕان و وەچوونەوە لە مەڕ دروستی و نادروستی بابەتێکەوە ‹کارشناسان دربارەی علت بیماری بە پژوهش پرداختند: کارناسەکان لەمەڕ هۆی نەخۆشینەوە کەوتنە تۆژینەوە› ٢. دادڕەسی؛ ڤەچوون؛ پێداچوونەوە ‹نامبرده ده روز مهلت دارد تا از حکم صادره پژوهش بخواهد: ناوبراو دە ڕۆژ ماوەی هەیە کە لە بڕیاری دەرچوو داوای تۆژینەوە بکا›.

پژوهشخواه / pajûhešxāh، ـان/: *اسم.* *[حقوق]* تۆژینەوەخواز؛ همنخاز؛ داباشخواز؛ کەسێ کە داوای تۆژینەوەی کردووە.

پژوهشکده / pajûheškade، ـها/: *اسم.* تۆژینگە؛ جێگای لێکۆڵینەوە؛ دامەزراوەیەکی تۆژینەوەیی کە لانیکەم لە سێ گرۆی تۆژینەوەیی پێک هاتووە.

پژوهشگاه / pajûhešgāh، ـها/: *اسم.* تۆژینگا؛ یانەی تۆژینەوە؛ دامەزراوەیەکی تۆژینەوەیی سەربەخۆ کە لانی کەم سێ تۆژینگەی هەیە.

پژوهشگر / pajûhešgar، ـها؛ ـان/: *اسم.* تۆژەر؛ تۆژەرەوە؛ پەیجۆر؛ کۆڵەرەوە؛ هێرەکار؛ تۆژێن؛ لێکۆڵەر؛ تۆژینەکار.

پژوهشی / pajûhešî/: *صفت.* تۆژینەوەیی ‹مؤسسەی پژوهشی: دامەزراوەی تۆژینەوەیی›.

پژوهنده / pajûhande، ـها؛ ـگان/: *صفت.* تۆژەر؛ تۆژەرەوە؛ وەدۆزەر؛ لێکۆڵەر؛ کۆڵەرەوە.

پژوهیدن / pajûhîdan/: *مصدر لازم.* تۆژینەوە؛ لێکۆڵین؛ لێتۆژین؛ وەکۆڵین؛ هووراندن؛ منێکرن؛ هلکەوشاندن؛ هلکەواشتن.

■ صفت فاعلی: **پژوهنده** (لێتۆژەر)/ صفت مفعولی: **پژوهیده** (لێتۆژراو)

پس[1] / pas/: *اسم.* پشت؛ دوا؛ پاش؛ پەشتی؛ دما ‹پس سر: پشت سەر›.

▣ پس پرده: *[کنایی]* نهێنی؛ نادیار؛ پێواری؛ ژێرکاسە؛ پشت لە خەڵکی؛ بەدزی خەڵکەوە؛ دوور لە چاوی خەڵک؛ پشت لە ڕوویی ‹توافق پس‌پرده: پێکگەییشتنی نهێنی›.

پس سر: *[کالبدشناسی]* پشتە سەر؛ دوای سەر؛ پەشتۆ سەرەی.

پس سری: پشتەسەر؛ پشتە مل ‹ناحیەی پس سری: شوێنی پشتە سەر›.

پس[2]: *قید.* ١. بەرەو دوا؛ دووربونەوە لە ڕێگە

و لایەک کە مەبەستی بێژەر یان سەرباسە ‹پس می‌رفت: بەرەو دوا ئەچوو› ٢. دوای؛ لەدوای؛ بەدوای؛ دماو؛ شۆنوو؛ لە دوای؛ لە شوێن؛ بە شوێن؛ بەدووی ڕووداوێک؛ لەدوای ڕووداوێک ‹پس از رفتن من: دوای ڕۆیشتنی من› ٣. دوای؛ بە دوای؛ شۆنوو؛ دماو؛ بە شوێن تێپەڕ بوونی ماوەیەکدا ‹پس از دوسال: دوای دوو ساڵ›.

▣ **پس افتادن**: ١. پاش کەوتن؛ دواکەوتن؛ دماکەوتەی ‹دست پیش می‌گیرد کە پس نیفتد: حەولی پێش دەدا با پاش نەکەوێ› ٢. *[گفتاری، کنایی]* کەوتنە پشتا؛ داریانەوە؛ لار بوونەوە؛ لەپڕا مردن؛ ناخلاف مردن ‹بیچارە ناگهان پس افتاد: بەستەزمان لەپڕ کەوتە پشتا›.

پس انداختن: *[مستهجن، کنایی]* خستنەوە؛ منداڵ هێنان؛ مناڵ هاوردن؛ زایین؛ وسەیوە ‹هر سال یک بچە پس می‌انداخت: هەموو ساڵێک منداڵێکی ئەخستەوە›.

پس آوردن: ١. هێنانەوە؛ هاوردنەوە؛ هەڵگەڕاندنەوە؛ ئاردەیوە ‹همەی کتابها را پس آورد: هەموو کتێبەکانی هێناوە› ٢. هەڵهاوردنەوە؛ ڕشانەوە؛ هۆرئاردەیوە ‹هر چە خوردە بود پس آورد: هەرچێکی خواردبوو هەڵیهاوردەوە›.

پس بردن: بردنەوە؛ بەردەیوە ‹کتابی را کە آوردە بود پس برد: ئەو کتێبەکە هێنابووی بردیەوە›.

پس بودن: ناحەز بوون؛ تاڵ و تووش بوون؛ ڕەش و تاریک بوون ‹هوا پس است: هەوا ناحەزە›.

پس خواندن: تێکدان؛ هەڵشێواندن؛ هەڵوەشاندن؛ سەر لە نوێ خوێندنەوە.

پس دادن: دانەوە؛ وەدانەوە؛ ئەوەدەی؛ دایوە: ١. دانەوەی ئەوەی کە وەرگیراوە ‹کتابم را پس داد: کتێبەکەمی داوە› ٢. دەلاندن؛ دەڵێنەوە؛ دەڵنایوە؛ دەمنایوە ‹نم پس دادن: شێ دانەوە›.

پس راندن: پاشەکشە پێ کردن؛ بەرەو دوا بردن؛ بەرەو پاش کشاندنەوە ‹دشمن را پس راندند: دوژمنیان پاشەکشە پێ کرد›.

پس رفتن: ١. پاشەکشەکردن؛ بەرەو دواوە چوون؛ کشانەوە ‹همە پیش می‌روند، او پس می‌رود: گشتی بەرەو پێش دەڕوا، ئەو نەکشێتەوە› ٢. داشکان؛ داشکانەوە؛ تەمران؛ هەندکان؛ کەم بوونەوەی چۆنیەتی شتێک.

پس زدن: دانە دواوە؛ دوورەوەکردن؛ دوور کردنەوە؛ دوورەوە خستن؛ کێشانە دواوە؛ دوورەوە وسەی؛ بەردەیوە دما ‹دستش را پس زد: دەستی دا دواوە›.

پس فرستادن: هەڵگەڕاندنەوە؛ ناردنەوە؛ هەناردنەوە؛ کیاستەیوە ‹پولی را کە دادە بودم پس فرستاد: ئەو پارەیە دابووم ناردیەوە›.

پس کشیدن: پاشەکشەکردن؛ کێشانەوە؛ کێشانە دواوە؛ بەرەو خۆ بردنەوە؛ کێشتەیوە ‹دستش را پس کشید: دەستی کێشاوە›.

پس گرفتن: سەندنەوە؛ گرتنەوە؛ وەرگرتنەوە؛ ئەسایوە؛ سانایوە ‹کتابم را پس گرفتم: کتێبەکەم سەندەوە›.

پس نشاندن: *[ادبی]* دامرکاندن؛ تەمراندن؛ پاشەکشە پێ کردن؛ دانیشاندن؛ نیشنایوە ‹همە را پس نشاند: هەمووی دامرکاند›.

پس نشستن: نیشتنەوە؛ پاشەکشەکردن؛ دامرکان؛ نیشتەیوە ‹سیل پس نشست: لافاوەکە نیشتەوە›.

از پس کاری برآمدن: دەرەقەت کارێک

هاتن؛ دەرعەوەی کاریٚ هاتن؛ چار هاتن؛ چارکردن؛ پیٚ‌ویٚران؛ دەرۆست هاتن؛ یارەی ‹من از پس این بچەها برمی‌آیم: من حاری ئەم مندالانە ناکەدم›. هەروەها: از **پس هم برآمدن**

پس ^۳: *حرف*. سا؛ کەوابوو؛ کەوایە؛ خۆ؛ خر؛ کەچی؛ ئیتر؛ دیتر؛ دە؛ ئەدی؛ ئینجا؛ کەواتا؛ کەواتە؛ ئینجارەکی؛ ئیجا؛ ئینجاکوو؛ ئینجارەکانیٚ؛ کەوابیٚ؛ ئەی؛ ئنی؛ ئەنی؛ پا؛ هەلە؛ چە؛ نەخو؛ دەسا؛ دەسادەی؛ جا: ۱. هەر لەم ڕووەوە؛ لە ئاکامی ئەوەی کە گوترا؛ هەر بەم بۆنەوە ‹پس معلوم شد چە کسی مرد است: سا دەرکەوت کیٚ پیاوە› ۲. لەم دۆخەدا؛ لە وەها دۆخیٚکدا ‹پس من می‌روم؛ پس او را هم ببر: کەوابوو من دەڕۆم؛ کەوابوو ئەویش بەرە›.

پس ـ ^۴: *پیشوازە*. ۱. پەسە ـ ؛ پەسر ـ ؛ بەسر ـ ؛ بەتر ـ ؛ پەسەر ـ ‹پس‌پریروز: پەسەپیٚرەکە› ۲. پاشە ـ ؛ پاش ـ ؛ دوا ـ ؛ دما ـ ؛ پەس ـ ‹پس‌انداز: پەسەکەوت›.

پسا ـ / pasā/: *پیشوازە. [ادبی]* دوا؛ دما؛ پاشە ـ ‹پساچین؛ پسامدرن: پاشەچن؛ پاشەمودیٚرن›.

پساب / pasāb، ـها/: *اسم*. ۱. پاشاو؛ پاشاراو؛ پاژاو؛ وازاو؛ پانیاو؛ قونتاو؛ ڕۆقاو؛ ڕۆقە؛ نیشاو؛ ئاویٚ کە شتیٚکیان پیٚ شۆردبیٚ ۲. ژاراو؛ چلکاو؛ فازلاو.

پساچین / pasāčîn، ـها/: *اسم*. پاشەڕۆک؛ پاشارۆ؛ شارۆ؛ پاشەبەر؛ پاشەبەرە؛ قورف؛ خاپەرۆک؛ خرتک؛ پاشەچن؛ پاشەڕن؛ بەر یان میوەیەک کە دوای بەر چنینەوە، لە بەر نەگەییوی یان نادیاری، لە قەدی دارەکەوە مابیٚتەوە.

پس‌آزمون / pasāz(e)mûn، ـها/: *اسم*. پاشئەزمە؛ دوایەمین ئەزموون؛ تاقیکردنەوەیەک بۆ سەنگاندنی پلەی پیٚشڕەوتی فیٚرکار دوای تەواو بوونی خولی فیٚرکاری.

پس‌افت / pasoft, -'oft/: *اسم*. تەفرە: ۱. دواکەوتوویی؛ بەجیٚ‌ماوی؛ دیٚری؛ پاش‌خست؛ پاشکەوت ۲. حەوالە بە گەوالە؛ ئەوەی دانەوەی لە کاتی خۆیدا نەبووە.

پسامدرن / pasāmodern/: [فارسی/ فرانسوی] *صفت*. پاش‌نویٚ؛ پاشەمودیٚرن: **پُست‌مدرن**

پسامدرنیست / pasāmodernîst، ـها؛ ـان/: [فارسی/ فرانسوی] *صفت*. پاش‌نویٚخواز: **پست‌مدرنیست**

پسامدرنیستی / pasāmodernîstî/: [فارسی/ فرانسوی] *صفت*. پاش‌نویٚخوازی: **پست‌مدرنیستی**

پسامدرنیسم / pasāmodernîsm/: [فارسی/ فرانسوی] *اسم*. پاش‌نویٚخوازی؛ ئۆگرەتی و خوازیاریەک لە ویٚژە، هونەر، نژیاری و بیری سالانی دوایی چەرخی بیستەم، لە بەرانبەری نویٚخوازیەوە: **پست‌مدرنیسم**

پسان‌پریروز ^۱ / pasānparîrûz/: *اسم*. پەسرپەسرپیٚرەکە؛ سەرپەراوەریٚکە؛ پاشان‌پیٚری؛ پەر پەراوەریٚ؛ چوار ڕۆژ لەمەو پیٚش: **پسین‌پریروز**

پسان‌پریروز ^۲: *قید*. پەسرپەسرپیٚرەکە؛ لە سەرپەراوەریٚکەدا؛ لە پەسرپەسرپیٚرەکەدا؛ پاشان‌پیٚری؛ پەرپەراوەریٚ: **پسین‌پریروز**

پس‌انداز / pasandāz، ـها/: *اسم*. پاشەکەوت؛ پاشەکەفت؛ پەزمەندە؛ پەسمەندە؛ پەسەنناز؛ بازمان؛ لیٚ‌بەجیٚ‌ماو؛ گلەودریاگ؛ کۆوەکراو؛ نیاتە؛ نۆتە؛ پاشقل؛ گردوکۆ؛ قەبور؛ پاشەناز؛ پاشەناژ؛ پاش‌خراو؛ کار و ڕەوتی دانان بۆ دوارۆژ.

◙ **پس انداز مسکن:** پاشەکەوتی خانوو؛ پاشەکەوت خستن بۆ کرینی خانوو.

◙ **پس انداز داشتن:** پاشەنازدار بوون؛ پاشەکەوت هەبوون؛ پاشەدار بوون ‹مقداری پس‌انداز داشتم، به او دادم: هێندێک پاشکەوتم هەبوو، پێم دا›.

پس انداز شدن: پاشەکەوتن؛ پاشەکەوت بوون؛ گردوکۆ بوونەوەی بەشێک لە بەهەرە و داهات بەهۆی دەست پێ‌گرتنیانەوە.

پس انداز کردن: هەلخستن؛ خستنە لاوە؛ پەزمەندەکردن؛ نۆتەکردن؛ پاشەکەوت کردن؛ نیاتەکردن؛ پاشەکەوت وسەی؛ پاشەکەوت کەردەی.

پسان‌فردا [1] / pasānfardā /: *اسم*. سێ‌سۆ؛ سێ‌سوو؛ پەروەنێ؛ پەرەووەرێ؛ پەروانی؛ پاشان سێ‌رۆژ؛ سێ رۆژی‌کە: **پسین‌فردا**

پسان‌فردا [2]: *قید*. سێ‌سۆ؛ سێ‌سوو؛ لەسێ‌سۆدا؛ پەروەنێوە: **پسین‌فردا**

پس پریروز [1] / pasparîrûz /: *اسم*. پەسرپێرەکە؛ پەروەنێ؛ پەراوەرێکە؛ سێ‌رۆژ لەمەوبەر.

پس پریروز [2]: *قید*. پەسرپێرەکە؛ لە پەسەپێرەکەدا؛ لە پترپێریدا؛ لە پەسرپێرەیدا.

پس پریشب [1] / pasparîšab /: *اسم*. پەسرپێرەشەو؛ پەسەپێرەشەو؛ پەراوەرێ‌شەوێ؛ سێ‌شەو لەمەوپێش.

پس پریشب [2]: *قید*. لە پەسرپێرەشەودا؛ لە پەسەپێرەشەوێدا.

پس پسکی / paspasakî /: *قید*. پسکان‌ـپسکان؛ پسەـپسە؛ پەشتەروانەی: ۱. دواوەدوا؛ لەدواوە؛ لەپاشەوە؛ لەپشتەوە ‹پس‌پسکی او می‌رفت: لە دوایەوە دەڕۆیشت› ۲. بەرەودوا؛ وەرەو دما؛ پشتاوپشت؛ بەرەوپاش؛ رووەو دما ‹به جای آنکه به جلو برود، پس‌پسکی می‌رفت: لەباتی ئەوە بەرەو پێش بروا، بەرەو پاش دەڕۆیشت›.

پس پیرارسال [1] / paspîrārsāl /: *اسم*. پەسەپێرار؛ پەسەپێرارەکە؛ پەسرپێرارەکە؛ پەرەوێرار؛ سێ سال لەمەوبەر.

پس پیرارسال [2]: *قید*. پەسر پێرارەکە؛ لە پەسەپێرارەکەدا؛ لە پەسەپێرارا؛ پەرەوێرارەنە؛ جە پەرەوێرارەوە؛ سێ‌سال لەمەوبەر.

پست / past /: *صفت*. ۱. *[نامتداول]* کۆتا؛ نەوی؛ نزم؛ نفز؛ نمز؛ نوی؛ نڤی؛ نەڤی؛ نەوەر؛ نەمە؛ ڤیل؛ وهار؛ پەست؛ بالا و بلندایی کەم ‹قامت پست: بالای کورت› ۲. گەن؛ خوار؛ وار ‹در آنجا یک جور انگور عمل می‌آید که پست‌تر از انگور عسگری خودمان است: لەوێدا جۆرێک ترێ دێتە بەرهەم کە لە ترێ عەسکەریەکەی خۆمان خوارتره› ۳. *[مجازی]* تەرەس؛ خوێری؛ دوونی؛ بێ‌ئاکار؛ پەست؛ لیم؛ نامەرد؛ بێ‌فەڕ؛ هۆڤەبەر؛ چەوتوچەوێڵ؛ چەپوچێڕ؛ چەفت؛ نانەجیب؛ بێ‌ئابروو ‹آدمِ پست: مرۆی تەرەس›.

◙ **پست شدن:** *[کنایی]* سووک بوون؛ چرووک بوون؛ پەس بوون؛ پەست بوون. هەروەها: **پست شُمُردن**

پست / post /: [فرانسوی از ایتالیایی] *اسم*. پۆس؛ پۆست: ۱. پۆستە؛ پۆسە؛ کاری ناردنی نامە و بەستە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر ‹پست کردن: پۆست کردن› ۲. پۆستەخانە؛ مەزرینگەیەک ئەم کارەی وە ئەستۆوە ‹ادارەی پست سنندج: پۆستەخانەی سنە› ۳. /ـها/ ئەو نامە و بەستەیانە وا دەڕواتە پۆستەخانەوە و لەوێوە دەگاتە شوێنێ پێویست ‹امروز پست نداشتیم: ئەورۆ

پۆسـتمان نـەبـوو›. ٤. نیگابـان؛ قـەرەوڵ ‹پست محل: نیگابانـی گـەڕەک›. ٥. /ـهـا/ بنکـە ‹پست دیدەبانی: بنکـەی چاوەدێری›. ٦. /ـهـا/ شـوێنی نیگابـانی ‹آن خیابـان در پست مـن نبـود: ئـەو شـەقامـە لـە پۆستی منـدا نـەبـوو›. ٧. /ـهـا/ پلـەوپایـە؛ جێگـە؛ جێگـا؛ زێ؛ یاگـێ؛ پۆسـت ‹همـەی پستهای مهـم را داده بـود بـە قـوم و خویشهایش: هـەمـوو پۆسـتە بـەرزەکـانی دابـووە خزم و کەسەکانی خۆی›.

◙ پست اداری: پۆسـتی مـەزرینگـەیـی؛ پلـە و پایـەی مـەزرینگـەیـی ‹او پست اداری مهمی داشت: ئـەو پۆستێکی مـەزرینگـەیـی بـەرزی هەبوو›.

پـست اکـسپرس: ئێکـسپرێس؛ جۆرێـک پۆستەی خێرا.

پـست الکترونیکـی: ئیمـەیـل؛ جۆرێـک پۆستەی کەمپیوتەری: **ایمیل**

پـست امـدادی: بنکـەی فریـاڕەسـی؛ شـوێنێکی تایبـەت بـۆ پـێڕاگـەییشتنی لێقەوماوان.

پست برق: پۆسـتەی کـارەبـایی؛ شـوێنێ کـە تێیـدا هێـزی کـارەبـایی بـەش‌بـەش دەکرێت. هەروەها: **پست فشارقوی**

پـست خـارجی: پۆسـتـەی دەرەکـی. هەروەها: **پست داخلی؛ پست شهری**

پست دیدەبانی: بنکەی دیدەوانی.

پست زمینی: پۆستەی زەوینی. هەروەها: **پست هوائی**

پست سفارشی: پۆستەی ڕاسپێراو.

پست فرماندهی: بنکەی سەرۆکایەتی.

ادارەی پست: مـەزرینگـەی پۆسـت؛ بنکـەیـەک کـە کـار و بـاری بـەڕێوەبـەری پۆستە جێبەجێ دەکات.

باجەی پست ☜ **باجه**

صندوق پست ☜ **صندوق**

◙ پست دادن: نیگابانی دان؛ چاوەدێری کردن.

پست کردن: خستنە پۆست؛ هەناردن بە پۆست.

بە پست کسی خوردن: تووش‌بە تووش کەسێکەوە بوون؛ گەییشتن بە کەسێک؛ تووشیاری کەسێک بوون؛ هەڵتەقین؛ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ کەسێکدا ‹رفته بودم بازار، خوردم بە پست آزاد: چووبوومە بازاڕ، تووشم بە تووشی ئازادەوە بوو›.

بە پست کسی نخوردن: *[گفتاری]* بە کەسێک نەشیان؛ باو دڵی کەسێک نەبوون؛ باو شان کەسێ نەبوون؛ پێ‌خۆش نەبوون؛ پێ باش نەبوون؛ بە یۆی نەواردەی؛ وەک یەک نەهاتنەوە ‹نە بابا او بە پست ما نمی‌خورد، ولش‌کن: نە کاکە ئەو بە ئیمەمانان ناشی، لێی گەڕێ›.

پستا / pastā/: *اسم. [گفتاری، نامتداول]* گەڕ؛ نۆرە؛ نۆبە؛ نۆگە؛ سەرە؛ چەل ‹آسیاب است و پستا: ئاسیاو بە نۆرە›.

پستائی / pastā'î/ ☜ **پستایی**

پستاب / pastāb/: *اسم.* زەردەپەڕ؛ ڕۆژپەڕ؛ ئەنگۆرە؛ زەردەی پەلەکۆ؛ ڕووناکی ئاسمانی پاش ئێواران (بەتایبەت لە کۆساراندا).

پستان / pestān، ـها/: *اسم.* ئەندامێکی گیانلەبەرانی گوانـدارە کـە لـە مێوینـەدا کـاری بەرهەم‌هێنانی شیرە: *الف)* (بۆ مرۆ) مەمک؛ مەمگ؛ مەمکە؛ مەم؛ مەمە؛ مەمڵ؛ مەمڵە؛ چیچی؛ چیچە؛ چچک *ب)* (بۆ حەیوان) گوان؛ گوانێ؛ گوهانی.

◙ **پستان بە تنور چسباندن:** *[تعریض]* دڵ پێوە سووتاندن؛ دڵ بۆ سووواندن ‹اختر خانم خیلی برای آرام پستان بە تنور می‌چسباند: خاتوو ئەختەر زۆر بۆ ئارام دل ئەسووتێنی›.

پستان مادر را گاز گرفتن: *[کنایی]* نان

خواردن و سفره درین؛ پێنەزانی کردن؛ بێئەمەگی کردن؛ گۆزەڵێ مارەی ‹او از آنها است که پستان مادرش را هم گاز می‌گیرد: لەوانەیە کە نان دەخوا و سفرە دەدڕێ›.

پستان‌بند / pestānband، ـها/:اسم. مەمکەبەند؛ مەمک‌بەند؛ شاماکێ؛ بەردلک.

پستاندار / pestāndār، ـها؛ ـان/:اسم. گواندار؛ گوهاندار؛ بەگوان؛ گیانداری کە شیر ئەدا بە بێچووەکەی.

پستانداران / pestāndārān/:اسم. گوانداران؛ دەستەیەک لە گیانلەبەرانی خوێن‌گەرم کە زۆرتر لەشیان بە موو یان تووک داپۆشراوە و بێچوو دێنن و شیری پێ دەدەن.

▣ **پستانداران آبزی**: گواندارانی ئاوی.

پستانداران اولیه: گواندارنی سەرەتایی.

پستانک / pestānak، ـها/:اسم. ۱. مۆستک؛ مەگینە؛ مەمکەمژ؛ مەمکەمژە؛ مەمیانە؛ مەمڵە؛ مەمڵەمژە ۲. پزدانک؛ پسدانک؛ پستانەک؛ پستانەکی تفەنگ ۳. مێڵە؛ مێڵەپستان؛ مێڵە و پستان؛ ئامرازی پاشینی تراو (وەک گولاو، سەم و...).

پستایی / pastāyî، ـها/:اسم. ڕووە؛ بانە؛ بانەکلاش؛ بانەکەوش؛ سەرە؛ بانەی بڕیامان و ئامادەی کەوش کە دەبێ داکوترێتە سەر ژێرەیدا: **پستائی**

پستچی / postčî، ـها؛ ـان/: [فرانسوی/ ترکی] /اسم. پۆستەچی؛ نامەبەر؛ نامەڕەسێن؛ نامەڕەسان؛ چەپەر؛ تەتەر؛ مرۆی نامەبەر.

پستخانه / postxāne، ـها/: [فرانسوی/ فارسی] /اسم. پۆستەخانە؛ پۆس؛ پۆسەخانە؛ پۆستخانە؛ دەزگای نامەگرتن و نامە بردن.

پستر / poster، ـها/: [انگلیسی]/اسم. پوستەر؛ بەرگی (زۆرتر گەورە و ڕەنگی) بۆ داچەسپاندن بە دیواردا ‹همه‌جا پسترهای انتخاباتی بود: دەروبان هەموو بوستەری هەڵبژاردن بوو›.

پست‌فطرت / pastfetrat، ـها؛ ـان/: [فارسی/ عربی] صفت. سووک؛ بێشەرم؛ نزە؛ نز؛ بێئابڕوو؛ بێفەڕ؛ بەدفەڕ؛ پەسپندە؛ ئاکارخراپ؛ ناپەسەند؛ پەست؛ زۆرخوێڕی؛ نابار؛ نالەبار.

پستک / pastak، ـها/:اسم. پەسەک؛ پەستەک؛ پەستە؛ چۆخەک؛ سوخمەی بێقۆڵی لباد.

پست‌مدرن / postmodern/: [فرانسوی] ☜ **پسامُدِرن**

پست مدرنیست / postmodernîst/: [فرانسوی] ☜ **پسامُدِرنیست**

پست‌مدرنیستی / postmodernîstî/: [فرانسوی] ☜ **پسامُدِرنیستی**

پست مدرنیسم / postmodernîsm/: [فرانسوی] ☜ **پسامُدِرنیسم**

پستو / pastû، ـها/:اسم. خەڵوەتێ؛ پاشخان؛ پاسخان؛ هێشخان؛ هەوێشخان؛ وچخانە؛ گەزنە؛ پەستوو؛ گەنجە؛ هۆدەیەکی چکۆلە لە پشتەوەی وەتاغ یان دوکانەوە ‹اینها را توی پستو قایم کرده بود: ئەمانەی لە پەستووەکە داشاردبووەوە›.

پست و بلند / past-o-boland، ـها/: صفت. مەرخ؛ بەرز و نەوی؛ چاڵ و بەرز؛ بەرز و نزم؛ پەست و بڵیند؛ پرهەوراز و نشێو ‹زمین پست و بلند: زەوی بەرز و نەوی›.

پسته / peste، ـها/:اسم. پستە؛ پسە؛ فستق؛ بستە: ۱. داری پستە ۲. مێوەی داری پستە.

▣ پستەی زمینی ☜ **بادام‌زمینی**

پستەی شامی ☜ **بادام‌زمینی**

پستەی کوهی ☜ **بنه ـ۲**

پسته‌ای / peste'î/ ☜ **مغزپسته‌ای**

پستی / pastî، ـها/:اسم. نەویایەتی؛ نزمایی؛ گناسی؛ نزمی؛ پەستی: ١. بنار؛ نزمان؛ چالایی؛ پێچەوانەی بەرزایی. بەرانبەر: **بلندی** ‹در پستی دامنەی کوه جنگلی انبوه روییده بود: لە پەستی داوێنی چیاکەوە دارستانێکی چڕ ڕسکابوو› ٢. [مجازی] ناکەسی؛ خوێریگەری؛ خوێریەتی؛ چەپەڵی؛ بەدفەڕی و بێئاکاری ‹او در دادگاه پستی کرد و برای نجات خودش ...: ئەو لە دادگەدا پەستی کرد و بۆ دەربازکردنی خۆی...›.

پستی / postî/: [فرانسوی] صفت. پۆستی؛ سەربەپۆست؛ هی پۆست ‹صندوق پستی: سندۆقی پۆستی›.

پستیژ / postîj، ـها/: [از فرانسوی/ از ایتالیایی] اسم. کڵاوقژ؛ قژیدەسکرد: **پستیش؛ پۆستیش**

پستیش / postîš/: [از فرانسوی از ایتالیایی] ☜ **پستیژ**

پستی و بلندی / pastîy-o-bolandî، ـها/: اسم. بەرز و نزمی؛ بەرزی و نزمی؛ لکچک؛ چاڵبلۆق؛ چاڵیبەرزی؛ چام‌ـچام؛ کەند و کولۆ: ١. سیلی؛ گەوەیی؛ بەرزایی و نەویایەتی؛ هەوراز و نشێوی ‹جاده خیلی پستی و بلندی داشت: ڕێگەکە زۆر بەرز و نزمی هەبوو› ٢. [مجازی] سەختی و سانایی؛ هاسانی و دژواری ‹پستی و بلندی روزگار: سەرز و نزمی ڕۆژگار›.

پس‌دوزی / pasdûzî، ـها/:اسم. ناودروون؛ جۆرێک دروومان کە لێواری قوماش هەڵدەدەنەوە تا مەکارەکە لە تۆی تان و پۆی پارچەکەوە دەرچێ و شوێنی درووماڕ لە ڕووەوە دیار نەبێ.

پسر / pesar، ـها؛ ان/:اسم. کوڕ: ١. خورت؛ پس؛ وەن؛ منداڵی نێرینەی مرۆڤ ‹پسر همسایه آمده بود: کوڕی دراوسێکەمان هاتبوو› ٢. ڕەبەن؛ پیاوێ کە هێشتا ژنی نەهێناوە ‹چهل سال است هنوز پسر ماندەای؟: چل ساڵە هەر ڕەبەن ماوی؟›.

▣ پسر برادر ☜ **پسربرادر**

پسر خواهر ☜ **پسرخواهر**

پسراندر / pesar'andar، ـها/:اسم. هەنەزاگ؛ زڕکوڕ؛ کوڕی ژن بۆ زڕبابی یان کوڕی پیاو بۆ باوەژنی.

پسرانه / pesarāne، ـها/: صفت. کوڕانە: ١. /ـها/ ئەوەی هی کوڕان بێ یان پێوەندی بەوانەوە هەبێ ‹شلوار پسرانه: پانتۆڵی کوڕانە› ٢. وەک کوڕان ‹موی پسرانه: قژی کوڕانە›.

پسربازی / pesarbāzî/:اسم. کوڕبازی؛ کوڕوازی؛ ئەو کارانە کە بڕێ کچ بۆ پێوەندی‌گرتن لەگەڵ کوڕان ئەنجامی ئەدەن.

پسربچه / pesarbačče، ـها؛ ـگان/:اسم. کوڕیژە؛ کوڕیژگە؛ کەدە؛ لەیرۆ؛ کوڕیلە؛ لاویچە؛ کوڕلە؛ کوڕ لە تەمەنی ٢ تا ١٢ ساڵدا.

پسربرادر / pesar(e)barādar، ـها/:اسم. برازا؛ برازاگ؛ کوڕبرا؛ کوڕیبرا ‹پسر برادرش آمده بود اینجا: برازاکەی هاتبووە ئێرە›.

پسرحاجی / pesarhācî، ـها/: [فارسی از عربی] اسم. [مجازی] کوڕەخان؛ کوڕەشێخ؛ بەچکەدەوڵەمەن؛ منداڵی نێرینەی بووەدە ‹درس را ول کرد و زن یک پسرحاجی شد: خوێندنی وێڵ کرد و بوو بە ژنی کوڕەخانێک›.

پسرخاله / pesarxāle، ـها/: [فارسی/ عربی] اسم. پوورزا؛ میمزا؛ میمکەزا؛ مەتیەزا؛ کوڕی خوشکی دایک ‹مگر پسرخالەی من است؟ به من چه!: مەگەر پوورزای منە؟ بە من چی!›.

پسرخواندگی / pesarxāndegî/:اسم. زڕکوڕی؛ دۆخ یان چۆنیەتی زڕکوڕ بوون.

پسرخوانده / pesarxānde، ـها؛ ـگان/:اسم.

کورحەلی؛ زڕکور؛ حەفەزا؛ کوڕێ کە کەسێ کردوویە بە منداڵی خۆی ‹آرام پسرخواندەی من است: ئارام زڕکورمە›.

پسرخواهر / pesarxāhar، ـها/:/اسم. خوشکەزا؛ خۆیشکەزا؛ خوەیشکەزا؛ خوارزا؛ خوارزی؛ وارەزا؛ وارێزا؛ والەزا؛ کوڕی خوشک.

پسردایی / pesardāyî، ـها/:/اسم. خاڵۆزا؛ لالۆزا؛ کوڕی خاڵۆ.

پسرزا / pesarzā/: صفت. کوڕزێ؛ کوڕەوینە؛ خاوەن تایبەتمەندی کوڕ هێنانە دنیا ‹زنان خانوادەی ما همە پسرزا هستند: ژنانی خێڵی ئێمە هەموو کوڕزین›.

پسرزاده / pesarzāde، ـها؛ ـگان/:/اسم. کوڕەزا؛ منالی کوڕی کەسێک ‹آزاد پسرزادەی ایشان است: ئازاد کوڕەزای ئەوانە›.

پسرعمو / pesar'amû، ـها/: [فارسی/ عربی] /اسم. ئامۆزا؛ مامۆزا؛ کوڕمام؛ کوڕی مامۆ؛ ئامۆزای نێر.

پسرعمه / pesar'amme، ـها/: [فارسی/ عربی] /اسم. پوورزا؛ میمکەزا؛ مەتیەزا؛ میمزا؛ کوڕمەتک؛ کوڕی مەتک؛ کوڕی خوشکی باوک.

پسرمدرسه / pesarmadrese, -madrase، ـها/: [فارسی/ عربی] /اسم. قوتابی؛ قوتاوی؛ کوڕێ کە دەچێتە قوتابخانەوە ‹یکی از این پسرمدرسەها افتادە بود دنبالم: یەکێ لەم قوتابیانە کەوتبووە شوێنم›: **پسرمدرسەای**

پسرمدرسەای / pesarmadrese'î, -madrase'î/: [فارسی/ عربی] ☜ **پسرمدرسه**

پسرو / pasrow/: صفت. دواڕۆ؛ دواوەدوا ڕەو؛ پاشڕۆ؛ دمالوە؛ دماوەلوا؛ دواوەکێش؛ بە تایبەتمەندی بەرەو دوا ڕۆیشتن.

پسروی / pasravî، ـها/:/اسم. دواڕەوی؛ پاشڕۆیی؛ پاشەڕەوی؛ دواوەکێشی؛ دماوەلوەیی؛ بەرەو دوا ڕۆیی. بەرانبەر: **پیشروی**

پسری / pesarî/: صفت. کوڕی؛ سەبارەت بە کوڕەوە ‹نوەی پسری: نەوەی کوڕی›.

پس‌سر / pasesar/ ☜ **پس**[1]

پس‌سری / pasesarî/ ☜ **پس**[1]

پس‌فردا[1] / pasfardā/:/اسم. دووسبەی؛ دووسۆ؛ دووسوو؛ سبەتر؛ مەستەپیرۆ؛ پێرەی؛ پێرای؛ مەستەبیرۆ؛ مەستەبێڕۆ؛ مەشتەبێرۆ؛ دوو بەیانی؛ ژدێلا؛ دووسبحەی ‹پس‌فردا دوشنبه است: دووسبەی دووشەممبەیە›.

پس‌فردا[2]: قید. دووبەیانی؛ پێرەی؛ لە دووسۆدا؛ لە ژدێلادا ‹پس‌فردا می‌روم: دووبەیانی دەڕۆم›.

پس‌فرداشب / pasfardāšab/:/اسم. دووسۆشەو؛ دووسبەی‌شەو؛ دوشەوسۆ؛ پێرەی‌شەوێ؛ دوو شەو دوای ئەمشەو ‹پس‌فرداشب، دوشنبه شب است: دووسوسەو، شەوی سێ‌شەممبەیە›.

پس‌فرداشب[2]: قید. دووسۆشەو؛ لەدووسۆشەودا؛ لە پێرەشەوێ ‹پس‌فرداشب برمی‌گردد: دووسوسەو دەگەڕێتەوە›.

پسکرایه / paskerāye، ـها/: [فارسی/ عربی] /اسم. پاشکرێ؛ ئەو کرێیە کە دوای گەییشتنی (بار یان موسافیر) دەدرێ. بەرانبەر: **پیشکرایه**

پسکوچه / paskûče، ـها/:/اسم. لاکۆلان: ١. کووچەی بەر تەسک و پەڕ؛ کۆلانێ کە لە کۆلانی گەورەتر جوێ دەبێتەوە ٢. ڕاڕەوک؛ کۆلانی دوور و تەریک.

پس‌گردنی / pas(e)gardanî، ـها/:/اسم. پشتەملە؛ پشتەملێ؛ پاتەکێ؛ ئیش؛ ئیشت؛ عیشت؛ شەپەزلەی پشت مل؛ زللە لە پاش مل ‹باید پس‌گردنی می‌خورد: دەبوو پشتەملێی

بخواردایه›.

پس لرزه / paslarze، ـها/: اسم. دوالەرزە؛ دوالەرە؛ وردە لەرەی دوای بوومەلەرزە.

پسله / pasale، ـها/: اسم. [گفتاری] قوژبن؛ کونج؛ کەلێن؛ پەنا و پەسیو؛ شوێنی دوور لە چاوی خەڵک ‹همه پستوها و پسله‌ها را خوب گشتند ولی چیزی پیدا نکردند: هەموو کون و قوژبنێکیان پشکنی بەلام هیچیان نەدۆزیەوە›.

پسله‌خور / pasalexor، ـها؛ ـان/: صفت. [گفتاری] پسکەخۆر؛ دزەخۆر؛ هوکارە بە خواردنی شتانێک بە پەنامەکی و بە دوور لە چاوی دیتران ‹نگذار بچه‌ات پسله‌خور بشود: مەهێلە منداڵەکەت پسکەخۆری لێ دەرچێ›.

پسمانده / pasmānde، ـها/: اسم. پاشماوە؛ پاشمەنە؛ پاشخوان؛ پاشخوانە؛ بەرماو؛ پاتە؛ ئەوەمەنە؛ ئەو پێخۆرەی لە بەردەم کەسانێ‌ترەوە مابێتەوە.

پسند / pasand/: اسم. پەسند؛ پەسەن: ۱. بەدڵ؛ کار یان ڕەوتی هەڵبژاردن و پەسند کردن ‹مادر و خواهرم او را پسند کرده بودند: دایک و خۆشکم ئەویان پەسند کردبوو› ۲. بەردڵ؛ بەدڵ؛ وەدڵ؛ لەبەردڵ ‹این کفش پسند من نیست: ئەم کەوشەم بەدڵ نیە›.

ـ **پسند** [۲]: پیواژە. ـ پەسەن؛ ـ پەسند: ۱. ـخواز؛ ـچەسپ؛ ـگیر؛ ـگر؛ پەسندکراو؛ پەسنیا ‹دلپسند: دڵ پەسەن› ۲. ـ پەسێن؛ ـ پەسین؛ پەسەندکەر ‹مشکل‌پسند: دژپەسەن›.

ـ **پسندی** / pasandî/: پیواژە. ـ پەسەنی؛ ـ پەسندی؛ ـ پەسێنی؛ کار و ڕەوتی پەسندکردن ‹خودپسندی: خۆپەسینی›.

پسندیدن / pasandîdan/: مصدر. متعدی. //پسندیدی: پەسندت کرد؛ می‌پسندی: پەسند دەکەی؛ بپسند: پەسند بکە// پەسندکردن؛ پەسەن‌کردن؛ پەسینەی؛ پەسینای؛ بەردڵ کەوتن؛ دڵ‌گرتن؛ بەدڵەوە چەسپین/نیشتن؛ بەدڵ بوون؛ شیاو زانینی شتێ یان کەسێک. هەروەها: **پسندیدنی**

■ صفت مفعولی: **پسندیده** (پەسندکراو)/ مصدر منفی: **نَپسندیدن** (پەسند نەکردن)

پسندیده / pasandîde/: صفت. لەبار؛ گونجاو؛ خاس؛ باش؛ چاک؛ ڕند؛ خوو؛ بەردڵ؛ حەژ؛ حەز؛ چێ؛ شیاو؛ پەسند؛ پەسندکراو؛ پەسێنراو ‹این رفتار، پسندیده‌ی شما نیست: ئەم ئاکارە بۆ ئێوە لەبار نیە›.

پس‌نگری / pasnegarî، ـها/: اسم. پێداڕوانی؛ پاشەنواڕی؛ کار یان ڕەوتی پێدا چوونەوە؛ پیا چوونەوە؛ ڤەڕوانین؛ پێدا گەڕانەوە؛ پێدا ڕوانینەوە و پێدا چوونەوەی ڕووداوەکانی ڕابردوو.

پس و پیش / pas-o-pîš/: صفت. بەر و دوا؛ پاش و پێش؛ وەر و دما ‹این چند جمله پس و پیش است: ئەم چەند ڕستەیە بەر و دوایە›.

هەروەها: **پس و پیش شدن**

پسوند / pasvand، ـها/: اسم. [دستور] پاشگر؛ واژۆکە؛ لەتە وشەیەک کە بە دوای وشەدا دادەمەزرێ و مانا و چییەتیەکەی دەگۆڕێ ‹«گر» در واژه‌ی آهنگر پسوند است: «گەر» لە وشەی ئاسنگەردا پاشگرە›.

پسیکولژی / pesîkolojî/: [فرانسوی] اسم. ڕەوان‌ناسی؛ دەروون‌ناسی.

پسین / pasîn/: صفت. [ادبی] دوایین؛ دوایی؛ پاشین؛ دومایی؛ دمایی؛ ئاخری؛ دوماهی؛ پاشن ‹روزهای پسین: ڕۆژانی دوایین›.

پسین‌پریروز / pasînparîrûz/ ☜ **پسان‌پریروز**

پسین‌فردا / pasînfardā/ ☜ **پسان‌فردا**

پش / paš/ ☜ **پَژ**

پشام / pašām/: [؟] اسم. [پزشکی] پەنام؛ هەڵماسینی لەش بە یەکجاری بە بۆنەی

کۆبوونەوەی تراو لە ژێر پێستەوە.

پــشـت¹ / pošt /، هـا/:/اسم. مێنــە؛ پــشـت؛ پێشت؛ پەشتی؛ پوق؛ ڕەت: ١. ئەو دیو؛ ئەو ڕووی؛ ئەو بەشەی لـە شـت کـە پێچـەوانـەی بـەرە ‹پشت پارچـە: پشتی پارچـە› ٢. مـازی؛ بـەشـێ لـە لـەشـی گیانـداران کـە دەکاتـە ئەودیـوی سـنگ و سـکیان ‹پشتم درد مـی‌کند: پشتم دەیـشێ› ٣. پـشتەوە؛ ئـەو ڕووی؛ ئـەو دیوی هەر شتێ ‹پشت کوه: پشتی کێو›.

◙ پشت بام: سەربان؛ بانماڵ؛ پشتبان؛ زەرۆڵە؛ سەربوو؛ پەشتۆبانی؛ هاف؛ بانخانی.

پشت پا: پشتپا؛ پەشتەپا؛ پشتەپا: ١. پشتی‌پا؛ چاڵی لای قاپوورە ٢. لێدان بە پاژنەی پا.

پشت پردە ☜ پس پردە، **پَس¹**

پشت جبهە: پشتی شەڕگە؛ شوێنی هێندێک دوورتر لە شەڕگەوە.

پشت جلد: پشتبەرگ؛ پشتی بەرگ؛ پەشتەوەڵگ؛ نیوەی بەرگ کە بە کتێبەوە لکاوە (لە کتێبی فارسی و کوردی وعەرەبیدا لە لای چەپ و لە کتێبی لاتیندا لە لای ڕاستەوەیە).

پشت دست: پشتدەست؛ پشتی دەست؛ پڕدەست؛ بان دەست؛ پەشتۆدەسی؛ مازی‌دەسی؛ ئەو دیوی ناودەس.

پشت سر: *[گفتاری]* پشتی‌سەر؛ پشتەسەر؛ پەشتەسەر؛ پشسەر؛ پشتسەر؛ پەشسەر؛ پەشتۆسەرەی: ١. دوا؛ دوما؛ دما ٢. *[مجازی]* پشتەملە؛ پاشەملە ‹پشت سر تو خیلی بد می‌گفت: پشتەسەرت زۆر خراپەی دەگوت›.

پشت صحنە: پشتی شانۆ؛ شوێنی خۆ تەیارکردن و وچاندانی شانۆگەر.

پشت گردن: بۆقمل؛ پشتمل؛ پشتەمل؛ پەشتەمل؛ بانمل؛ پەشتۆملی؛ پشتی‌گەردن.

پشت گوش: پشتگوێ؛ پشت گوێچکە؛ پەشتۆگۆشی.

پشت گوش فراخ: *[کنایی]* پشتگوێخەر؛ سنگەسنگکەر؛ کارمردارەوکەر؛ ناکار و کەمتەرخەم.

◘ پشت بە هم دادن: *[کنایی]* پشتی یەک گرتن؛ پاڵ بە یەکەوە دان؛ پاڵ دان بەیەکەوە؛ پاڵ دایوە هەنترینیەوە؛ پشت بەیەکەوە دان ‹پشت بە هم دادیم و کارگاه را راه انداختیم: پشتی یەکمان گرت و کارگەکەمان خستەڕێ›.

پشت پا زدن: ١. پاچەقولەدان؛ پاچەقولێدان؛ پا وەبەر پادان؛ پا دانە بەر پا؛ بە پشتی پا لێدانی کەسێک بە مەبەستی ڕماندنی ‹یک پشت پا زد و او را بە زمین انداخت: پاچەقولەیەکی دا و ڕماندی› ٢. *[کنایی]* چش لێ‌کردن؛ بەتوون لێ‌کردن؛ وێڵ‌کردن؛ چاو لێ‌داخستن؛ دانەژێر؛ دەست لێ‌بەردان؛ پێ لێنان؛ پا پیانان؛ پشت لێ هەڵکردن؛ دەس چنە ئاسەی ‹یک روز بە همە چیز پشت پا زد و از ایران رفت: ڕۆژێک پشتی لە هەموو شتێک کرد و لە ئێران چوو›.

پشت چشم نازک کردن: *[مجازی]* خۆ شیرین‌کردن؛ ئینجە و فینجەکردن؛ فیز و نازکردن ‹مادر عروس برایمان پشت چشم نازک می‌کرد: دایکی بووک زۆر ئینجە و فینجەی دەکرد بۆمان›.

پشت خم کردن: *[کنایی]* ١. چەمانەوە؛ کۆمیانەوە؛ داموکانەوە؛ چەمیایوە؛ پیر بوون ‹با این همە سن و سال، پشت خم نکردە است: بەم هەموو عومرەوە، نەچەمیوەتەوە› ٢. *[کنایی]* کڕنۆش بردن؛ چەمانەوە؛

چەمیایەوە؛ دانەوینەوە بە نیشانەی ڕێزگرتن ‹آدم شرافتمند جلو اینها پشت خم نمی‌کند: مرۆی بەشەرەف لە بەرامبەر ئەمانەوە کڕنووش نابا› ۳. *[کنایی]* پشت چەمانەوە؛ چەمانەوە؛ ئەوەچەمیەی؛ لە کارکەوتن و بێ‌هێز بوون؛ توانی کارکردن لە دەس‌دان ‹برخی زیر بار مشکلات زندگی پشت خم کرده‌اند: بڕێ لە ژێر باری گیر و گرفت ژیاندا پشتیان چەماوەتەوە›.

پشت دادن: پاڵ‌دانەوە؛ پاڵ‌کەوتن؛ شان داهێشتن؛ شان داهێلان.

پشت دست خود را داغ کردن: *[مجازی]* پشتە دەستی خۆ داخ‌کردن؛ بەڵێن دان لە سەر نەکردنی کارێک ‹پشت دستم را داغ کرده که دیگر با تو جایی نروم: پشتە دەستی خوم داخ کرد کە ئیدی لەگەڵتا نەچمە هیچ شوێنێک›.

پشت دست را گزیدن/ گاز گرفتن: *[ادبی]* دەس بە دەما بردن؛ قەپ بە وێژنگا کردن؛ کاڵەک بە ئەژنۆ شکاندن؛ هەست بە پەشیمانی‌کردن.

پشت زدن: دادان؛ دانە ئەو دیو؛ دەرکەوتنی ڕەنگ یان مەرەکەف لە پشتی قاقەزەوە ‹صفحه پشت زده بود و خوانده نمی‌شد: پەڕەکە دای دابوو و نەدەخوێندرایەوە›.

پشت سر کسی بودن: ۱. لە پشت سەر کەسێکەوە بوون؛ لە دوای کەسێکەوە بوون؛ پەشتە سەروو یۆی بیەی؛ لە شوێن کەسێکەوە بوون ‹من پشت سر این آقا هستم: من لە دوای ئەم کابرایەدەم› ۲. *[مجازی]* لە سەر کەسێک بوون؛ لە پشت کەسێک بوون؛ پشتیوانی کەسێک بوون ‹همه پشت سر دولت هستند: هەموو پشتیوانی دەوڵەتن›.

پشت کاری را گرفتن: *[مجازی]* شوێن کارێک‌گرتن؛ کەوتنە دوای کارێکەوە؛ پەی کارێ‌گرتن؛ پەیگیری کارێک کردن؛ بەدوای کارێکدا چوون؛ لە سەر کارێ سوور بوون ‹پشت درست را بگیر، بلکه لیسانست را بگیری: شوێن دەرسەکەت بگرە، بەلکوو لیسانسەکەت وەرگری›.

پشت کردن: *[کنایی]* پشت لێ‌کردن؛ پشت لێوەکردن؛ پشت لێ‌کردنەوە؛ بەجێ هێشتن ‹او به همه چیز پشت کرده بود: ئەو پشتی کردبوو لە گشت شتێک› ۲. پشت لێ هەڵکردن؛ پشت تێ‌کردن؛ ڕوو وەرگەڕاندن؛ ڕوو هەڵگەڕاندن؛ پشت هەڵکردن ‹چرا پشتت را به من می‌کنی: بۆچی پشتم لێ هەڵدەکەی›.

پشت کسی باد خوردن: *[مجازی]* لە کەسێک سارد بوونەوە؛ هاڵ بوونەوە؛ کەهاڵ بوونەوە ‹این یک ماه تعطیلی پشتم باد خورده: لەم یەک مانگ پشوودانەدا لێ سارد بوومەتەوە›.

پشت کسی را به خاک مالیدن: *[کنایی]* لە خاک‌گەوزاندن؛ پشتی کەسێک بە زەویدا دان؛ گەوزاندن؛ پشت کەفت‌کردن؛ پشتی کەسێک خەواندن ‹پشت دشمن را به خاک مالیدند: دوژمنیان لە خاک گەوزاند›.

پشت کسی را داشتن: *[مجازی]* پشتی کەسێک گرتن؛ لە پشتی کەسێکەوە بوون؛ پشتیوانی لە کەسێ‌کردن ‹خیالت راحت باشد ما پشت را داریم: دڵنیا بە ئێمە پشتت ئەگرین›.

پشت کسی را شکستن: *[کنایی]* پشتی کەسێک شکاندن؛ مرۆخە شکاندن؛ برسی کەسێک برین؛ مازی یۆی مارەی ‹مرگ فرزند پشت او را شکست: مەرگی منداڵ پشتی شکاند›.

پشت کسی شکستن: *[کنایی]* برستی کەسێک بڕیان؛ پشتی کەسێک شکیان؛ مازی یۆی مریەی ‹با مرگ پسرش پشت او شکست: بە مەرگی کوڕەکەی پشتی شکا›.

پشت کسی لرزیدن: *[کنایی]* ڕۆحی کەسێک تۆقین؛ دڵ لە لای کەسێکەوە نەمان؛ زەندەق چوون؛ زۆر ترسان ‹از شنیدن آن خبر پُشت من لرزید: لە بیستنی هەواڵەکە روحم توقی›.

پشت لب کسی سبز شدن: خەت دان؛ گەنەموو دان؛ بۆزکردنەوە؛ سمێڵ سەوز بوون ‹تازە پشت لبش سبز شدە بود: تازە خەتی دابوو›.

پشت گوش خاراندن: *[کنایی]* منجەمنج کردن؛ سەر خوراندن؛ مسەمس کردن ‹درست دقت کن و اینطور پشت گوش نخاران: جوان سەرنج بدە و ئاوا منجەمنج مەکە›.

پشت گوش خود را دیدن: *[مجازی]* هێلکە لە سەر چیلکە ڕاگرتن؛ ئەنیشکی خۆ ماچ کردن ‹اگر پشت گوش خود را دیدی او را هم می‌بینی: ئەگەر ئەنیشکی خوتت ماچ کرد ئەویش دەبینیەوە›.

از پشت خنجر زدن: *[کنایی]* خەیانەت کردن ‹او از پشت بە من خنجر زد: ئەو خەیانەتی پێم کرد›.

از پشت کوه آمدن: *[کنایی]* لە گوێی گادا خەوتن؛ لە کوولەکە باخاندا سەیرکردن؛ تەواو بێخەبەر بوون ‹خیال می‌کنی من از پشت کوه آمدەام: وا دەزانی من لە گوێی گادا خەوتووم›.

پشت[2]: *قید.* پشت؛ لە پشت؛ لە پشتەوە؛ پەشت؛ پەشتۆ: ١. ئەو دیوی شتێک ‹پشت دست کسی زدن: لە پشت دەستی کەسێ دان› ٢. لەودیو؛ چەو دیم ‹پشت درختها بود: لە پشت دارەکانەوە بوو› ٣. لەوبەر؛ ئەو دەست؛ چەو دەس؛ لەو بەریەوە ‹پشت میز نشستە بود: لە پشت مێزەکەوە دانیشتبوو›.

◙ **پشت پای کسی:** دوابەدوای کەسێکەوە؛ بەشوێن پای کەسێکا ‹پشت پای شما آمد: دوابەدوای ئێوەوە هات›.

پشت سر کسی: بە دوای کەسێکدا؛ لە دوای کەسێکەوە؛ بەشوێن کەسێکەوە؛ شۆنۆ یۆیەرە ‹پشت سر تو آزاد آمد: بەدوای تودا ئازاد هات›.

پشت سرهم: پەیتا- پەیتا؛ لە دوای یەکدا؛ بە دوای یەکا؛ پەیاپەی؛ پشت سەر یەک؛ لە سەریەک؛ پەستا- پەستا؛ پەسا- پەسا؛ پەساپەس؛ شۆنوو هەنترینیەرە ‹آدمها پشت سر هم می‌آمدند و می‌رفتند: خەلکی بەیتا-بەیتا دەهاتن و دەڕۆیشتن›.

پشت صحنە: *[مجازی]* لە ژێرەوە؛ بە دزیەوە؛ پەنامەکی ‹بعضی از نمایندگان در پشت صحنە برای سقوط دولت می‌کوشیدند: هەندێ لە نوێنەران لە ژێرەوە بۆ ڕووخاندنی دەوڵەت هەوڵیان دەدا›.

پشت کردن: بەڕیز؛ بەڕزن؛ بەرێچکە؛ پێڕ؛ پشتە سەر یەکەوە و لەیەک ڕیزدا.

◙ **پشت سر کسی حرف زدن:** *[کنایی]* لە پشت سەر کەسێکەوە قسەکردن؛ پاشەملەی کەسێک گوتن؛ پشتەسەر قسە کردن؛ پشتەملە قسەکردن ‹نمی‌خواهم پشت سرم حرف بزنند: نامەوێ لە پشت سەرمەوە قسە بکەن›.

پشت سر کسی نماز خواندن: *[کنایی]* سەر بە کەسێک سپاردن؛ خۆ بە کەسێک سپاردن ‹اهل محلە پشت سرش نماز می‌خوانند: خەڵکی گەڕەکەکە سەری پێ دەسپێرن›.

پشت فرمان نشستن/ بودن: لە پشت فەرمانەوە بوون؛ شۆفێری کردن.

پشت قباله انداختن: کردنه ماره‌یی ‹یک خانه و دو هکتار باغ انداخته بود پشت قاله‌ی عروس: ماڵێک و دوو باخی کردبووه مارەیی بووکەکە›.
پشت گوش انداختن: [مجازی] پشت گوێ خستن؛ وەدوا خستن؛ گوێ پێ‌نەدان؛ بە قنگا خستن ‹هرچه گفتم برو پولت را بگیر، پشت گوش انداخت و نرفت: هەرچی گوتم بڕۆ پارەکەت وەربگرە خستبە پشت گوی و نەڕۆیشت›.
ـ پشت ˆ: پیواژه. ـ چڕ؛ ـ پڕ؛ ـ پەر؛ پۆڕ ‹پُرپشت: زۆر پڕ›.
پشت‌باز / poštbāz/: صفت. ۱. پشت‌تاک؛ پشت‌تاق؛ پشت‌واز ‹کفش پشت‌باز: کەوشی پشت‌تاک› ۲. پشت‌ئاولە؛ تایبەتمەندی شتێ کە لە پشتەوە باز بێت ‹پیراهن پشت‌باز: کراسی پشت ئاولە›.
پشت‌بسته / poštbaste/: صفت. پشت بەستراو.
پشت‌بغل / poštbaqal، ـها/: اسم. [معماری] سێ‌سووچ؛ سێ کونجی پەنای تاق.
پشت‌بند / poštband، ـها/: اسم. پاڵەوانە: ۱. [معماری] پاڵ‌بەست؛ پشت‌بەست ۲. پشت‌بەن؛ پشت‌خەر؛ پشت‌بەس؛ پشت‌وەس؛ پشت‌کڵۆم؛ شەوژەن؛ شەوژەنە؛ پەشتوز؛ پشتکۆڵ ۳. پشت‌پاڵ؛ پاڵپشت؛ کارێتە.
پشت به پشت / poštbepošt/: قید. پشت لە پشت؛ پشت بە پشت؛ پشتاپشت ‹صندلیها را پشت به پشت بچین: کورسیەکان پشت لە پشت بچنە›.
پشت در پشت / poštdarpošt/: قید. پشت لە پشت؛ پشتاوپشت؛ پشتاپشت؛ پەشتاوپەشت ‹آنها پشت در پشت باسواد بودند: ئەوان پشتاوپشت خوێنەوار بوون›.
پشت‌درد / poštdard/ ☜ ـ درد[۲]
پشت‌دری / poštdarî، ـها/: اسم. ژێرپەردە؛ پژدەری؛ پش‌دەری؛ تۆڕ یان پارچەیەکی تەنک کە دەکەوێتە نێوان پەنجەرە و پەردەوە ‹پنجره‌ها پشت‌دری‌های خوشرنگی داشت: پەنجەرەکان ژێرپەردەی خۆش‌ڕەنگیان بوو›.
پشت‌دستی / poštdastî، ـها/: اسم. پشتەدەست ‹یک پشت دستی بزن تا دیگر این کارها را نکند: پشتەدەستێکی لێدە تا ئیتر لەم کارانە نەکا›.
پشت‌رو / pošt(e)rû/: صفت. پێچەوانە؛ بەرەوپشت؛ واژی؛ بەراوژی؛ بەراوەژوو؛ ئاوەژۆ؛ دێوچەپ؛ قەڵواری؛ هەڵەوگەڕیاگ؛ وەڵەودیم ‹پیراهنش را پشت‌رو پوشیده بود: کراسەکەی پێچەوانە کردبووە بەری›: **پشت‌ورو**
پشتک / poštak، ـها/: اسم. تەقلە؛ مەقولات؛ سەرموقولات؛ سەرمەقولتان؛ سەرمەقولات؛ سەرەموقلانج؛ سەرملەقۆتانی؛ قلوران؛ فلوران؛ دەقلوس؛ سەلاقوچکە؛ قوچگانی؛ بەلاقوچکانی؛ محەللەق؛ جقلمبە؛ تۆمپز. بەرانبەر: **وارو**
▣ پشتک زدن: تەقلە لێدان؛ سەرمەقولات دان؛ سەرمەقولانج‌لێدان؛ سەرملەقۆتانی پێکەی.
پشتکار / pošt(e)kār/: اسم. پێداگری؛ پشتگری؛ پشتکار؛ بەردەوامی و شێلگیری لە کاردا ‹اگر می‌خواهی موفق شوی، باید پشتکار داشته باشی: ئەگەر دەتەوێ سەرکەوی، دەبێ پیداگری بکەی›.
پشتک‌چارکش / poštakčārkoš/ ☜ **جفتک‌چارکُش**
پشت‌گردنی / pošt(e)gardanî، ـها/: اسم. پشتەمل؛ پشتەملە؛ شەپەلاغەی لە پشت مل.

پشتگرم / poštgarm /: *صفت. [مجازی]* دلگەرم؛ پشتگەرم ‹او به حمایت شما پشتگرم است: ئەو بە پشتیوانی ئێوەوە دڵگەرمە›.

پشتگرمی / poštgarmî، ـها/: *اسم. [مجازی]* دلگەرمی؛ پشتگەرمی.

پشت‌گلی [1] / poštgolî /: *اسم.* سوورکاڵ؛ ئەرخەوانی؛ ڕەنگی سووری ئاماڵ سپی ‹پشت‌گلی رنگ دلخواه من است: سوورکاڵ ڕەنگی دڵخوازی منە›.

پشت‌گلی [2]: *صفت.* سوورکاڵ؛ بە ڕەنگی سووری ئاماڵ سپی ‹دستمال پشت‌گلی: دەسرەی سوورکاڵ›.

پشت‌مازو / poštmāzû / ☜ **پشت‌مازه**

پشت‌مازه / poštmāze، ـها/: *اسم.* پشت‌مازە: ١. دوو لای مۆرخەی پشت ٢. مازە؛ گۆشتێک کە لە دوولای گازەڕای پشتەوەیە* **پشت‌مازو**

پشت‌میزنشین / poštemîzneŝîn، ـها/: *صفت. [کنایی]* یاخەسپی؛ مووچەخۆر ‹شوهرش پشت‌میزنشین است: مێردەکەی یاخەسپیە›.

پشت‌نویسی / poštnevîsî، ـها/: *اسم.* پشت‌نووسی؛ نووسینی پشتی بەڵگەیەک بۆ سەلماندن یان قەولاندنی.

پشتو / paštû, poštû /: *اسم.* پەشتوو؛ لە زمانگەلی ئێرانی ڕۆژهەڵاتیە کە زۆرتر لە ڕۆژئاوا و باشووری ئەفغانستان و باکووری ڕۆژاوای پاکستاندا پەرەی سەندووە.

پشتواره / poštvāre، ـها/: *اسم.* تۆشەوەرە؛ تۆیشەبەر؛ هەبان؛ خەلتک؛ کۆڵ؛ کۆڵەبار؛ هەگبە؛ ئەوندە لە بار کە کەسێک بتوانێ بیبا.

پشتوانه / poštvāne، ـها/: *اسم.* پشتیوانە؛ پشتوانە ‹پشتوانه‌ی مالی: پشتیوانەی ماڵی›.

پشت‌وپناه / pošt-o-panāh /: *اسم.* پشتیوان؛ پشتگر؛ پشت و پەنا؛ پێشتیەوان ‹پس از مرگ پدرم، او یگانه پشت‌وپناه ما بود: دوای مەرگی بابم، ئەو تاقە پشتیوانمان بوو›.

پشت و رو / pošt-o-rû / ☜ **پُشت‌رو**

پشته / pošte، ـها/: *اسم.* کۆگا؛ تەیلە؛ تێلەکە؛ کۆڵ؛ گر؛ گرک؛ تەپکە؛ قوتکە: ١. کوا؛ تەپۆڵکە؛ تلم؛ گردووک؛ قوتکەی (ڕسکی یان دەسکردی) سەرزەوین ‹پشته‌ی خاک: قوتکەی خاک› ٢. تۆشەوەرە؛ کۆڵەبار؛ هەگبە؛ کۆڵ؛ بار ٣. مەودای نێوان دوو میلەی کارێز.

پشت‌هم‌انداز / poštehamandāz، ـها؛ ـان/: *صفت. [گفتاری، مجازی]* فێڵباز؛ جەلبەز؛ ساختەچی؛ گزیکار؛ خاپی؛ بەفێڵ؛ فێڵچی.

پشتی [1] / poštî، ـها/: *اسم.* ١. پشتی؛ پشتیە؛ پاڵشت؛ پاڵپشت؛ پاڵەوپشت؛ باڵنج ‹به پشتی تکیه داده بود و قلیان می‌کشید: پاڵی دابوو بە پشتیەکەوە و قلیانی دەکێشا›.

پشتی [2]: *صفت.* پشتین؛ پشتی؛ پەشتین؛ پشتەوە ‹حیاط پشتی: حەوشە پشتین›.

پشتی [3] /ـها/: *ضمیر.* دوایی؛ دواین؛ دمایی؛ دمەین ‹مواظب پشتی باش: ئاگات لە دواییەکە بێت›.

پشتیبان / poštîbān، ـها؛ ـان/: *اسم.* پشتیوان: ١. هەڤپشت؛ ئەرخە؛ یاریدەر؛ کۆمەگ؛ ئاریکاری باش؛ تەکیەگاه؛ هاریکار؛ بامن؛ تەل؛ ئلات ‹نیروی پشتیبان: هێزی پشتیوان› ٢. پاڵپشت؛ پشتگر؛ هامیار؛ یاریدەرێ کە بۆ خۆی دەستی لە کاردا نیە ‹عمویم پشتیبان ماست: مامم پشتیوانمانە›.

پشتیبانی / poštîbānî، ـها/: *اسم.* ١. داکۆکی؛ پشتیوانی؛ لاگیری؛ یاریدەدری؛ هاریکاری؛ پشتگری ٢. *[نظامی]* هێزی چەکداری تەیارکراو بۆ یاریدەی شەڕکەران.

پشک / pešk, pešg، ـها/: *اسم.* ١. پشک؛

کالیمەستی؛ کالەمەستیێ؛ کەلەمەشتێ؛ پشکیلان؛ حەقلیمەقۆ ۲. پشکەڵ؛ پشکەڵی؛ پشقل؛ پشکۆڵ * **پشگ**

◙ پشک انداختن: ۱. پشک خستن ۲. پشکەڵ کردن.

پشکل / peškel, pešgel، ـها:/اسم. تەڵ؛ پشکەڵ؛ پشکەڵی؛ بشکول؛ کشپەڵ؛ کشپل؛ قشپل؛ پشقل؛ گوشپل: **پشگل**

پشگ / pešg/ ☜ **پشک**

پشگل / pešgel/ ☜ **پشکل**

پشم / pašm، ـها:/اسم. ۱. خوری؛ هەری؛ هری؛ پەشم؛ پەژم؛ خوریلە؛ کولکەی پەز ۲. *[گفتاری]* تووک؛ کولک؛ کولکە؛ مووی لەشی گیانلەبەر ۳. *[گفتاری]* پووک؛ پووچ؛ پووچەڵ؛ بێناوەرۆک؛ بێ کاکڵە.

◙ پشم آنغره: مەرەز؛ کولکەی لەشی جۆرێ بزنی کوردەواری.

پشم بهاره: پەشمی بەهارە؛ خوری بەهارە؛ ئەو خوریە بەهاران لە لەشی پەز دەبڕدرێتەوە. هەروەها: **پشم پاییزە**

پشم خام: خوری؛ بەرگن.

پشم سنگ: ڕیشالی دەسکردی وەک شیشە کە بنەمای لە بەردە.

پشم شیشه: پەشمەشیشە؛ ڕیشالی شیشە.

پشم مصنوعی: ڕیشالی دەسکرد.

◙ پشم به کلاه نداشتن: *[کنایی]* بێدەسەلات بوون؛ هیچ لە دەس نەهاتن.

پشم چیدن: برینەوە (پشم چیدن گوسفند: برینەوەی مەڕ).

پشم رشتن / ریسیدن: ڕێسان؛ بادان؛ ڕسین؛ ڕێسەی؛ ڕێستەی؛ خوری ڕستن.

پشم زدن: شیکردنەوە؛ کولک و مووش کردن؛ پەژم شیەوەکەردەی.

پشم ریختن: *[کنایی]* بێدەسەلات کەوتن؛ پەل نەمان؛ بێدەست بوون؛ پەل و هەل نەمانی کەسێ.

پشمالو / pašmālû، ـها:/ *صفت.* تیسکۆ؛ تیسکن؛ وەرگن؛ گوشین؛ جەژمی؛ کولکن؛ تووکن؛ توکنە؛ زۆر بە موو؛ زۆر بە تووک؛ بەکولکە؛ موینە؛ بەتیسک؛ تیسکن؛ بەموو؛ مووودار (سینەی پشمالو؛ گربەی پشمالو: سینەی تووکن؛ پشیلەی تیسکن).

پشمباف / pašmbāf، ـها؛ ـان/:اسم. ۱. جۆڵا؛ پەشمهۆن؛ پەژمچن؛ پەژموەن ۲. *[گفتاری]* بەرگنە؛ بەرگن: **پشمبافت**

پشمبافت / pašmbāft/ ☜ **پشمباف ـ۲**

پشمبافی / pašmbāfî/:اسم. جۆلایی: ۱. پەشمهۆنی؛ پەژمچنی ۲. کارخانەیەک کە جۆلایی تێدا دەکەن ۳. کاری جۆلا.

پشمچین / pašmčîn، ـها:/اسم. ۱. برینگەچی؛ پەشمبڕ؛ خوریچن ۲. برینگ؛ برەنگ؛ هەبرەنگ؛ هەورینگ؛ هەورێنگ؛ ئامرازی پەشم چنینەوە.

پشمچینی / pašmčînî/:اسم. برینەوە: ۱. /ـها/ کار و ڕەوتی پەشمچنین (فصل پشمچینی: وەرزی برینەوە) ۲. کاری برینەوە (کارش پشمچینی است: کاری برینەوەیە).

پشمریس / pašmrîs، ـها؛ ـان/:اسم. خوریڕێس؛ تەشیڕس؛ تەشیڕێس؛ خوریڕس؛ خوری بادەر؛ پەژمڕێس؛ لەتەرەڕێسە؛ کەسێ کە کاری ڕستنی خوری یان مەرەزە.

پشمریسی / pašmrîsî/:اسم. ۱. /ـها/ خوریڕێسی؛ پەشمڕسی؛ پەژمڕێسەی ۲. کاری خوریڕێس.

پشمک / pašmak/:اسم. پەشمەک؛ جۆرێک شیرینیە وەک خوری سپی کە لە شەکر و ڕۆن دروستی دەکەن.

پشمو پیله / pašm-o-pîle، ـها:/اسم. *[تعریض]* ڕیش و پەشم؛ کولک و موو؛ مووی زۆری

بەتایبەت سەر و ریش و لەش: **پشموپیلی**

پشم و پیلی / pašm-o-pîlî/ ☜ **پشم و پیله**

پشمی / pašmî، ـها/: صفت. پەشمی؛ پەژمی؛ لە خوری چێ‌کراو.

پشمین / pašmîn/: صفت. [ادبی] پەژمی؛ پەشمی؛ لە خوری دروست‌کراو.

پشمینه / pašmîne، ـها/: اسم. [ادبی] پەشمین؛ پەشمی؛ پەشمینە؛ پەژم‌کار؛ لە خوری درووسکراو.

پشنگ / pašang، ـها/: اسم. پرشە؛ پرشنگ؛ پریشە؛ پریشک؛ پریشک؛ پڕگ؛ پژگە؛ بژنگ؛ مالۆکەن؛ پریشکەی ئاو یا ئاگر.

پشه / pašše, paše، ـها؛ ـگان/: اسم. مێشوولە؛ مێشوولکە؛ مەشوولە؛ پێشوولە؛ پێشکە؛ پێشی؛ تۆفانە؛ مورک؛ مەرەشە؛ پەخشە؛ پەشە؛ بەهەسک؛ خاکە؛ تەپوو؛ پەخشەکوورە؛ هورە.

▣ پشه‌ی پران ☜ **پشه‌ی خاکی**

پشه‌ی خاکی: ئاخرکە؛ ئاخویرک؛ مێشوولەی زۆر ورد: **پشه‌ی پران؛ پشه ریزه؛ پشه کوره**

پشه ریزه ☜ **پشه‌ی خاکی**

پشه کوره ☜ **پشه‌ی خاکی**

پشه‌ی مالاریا: مێشوولەی مالاریا.

▣ **پشه پر نزدن**: [کنایی] خشەی گەلا نەهاتن؛ کڕ و کپ بوون؛ قڕ و قپ بوون.

پشه را در هوا نعل کردن: [مجازی] چاو مار دەرهاوردن؛ لە بواردان و تەڕ نەبوون؛ یەکجار بزێو بوون ‹آزاد را می‌گویی؟ پشه را در هوا نعل می‌کند: ئازاد دەڵێی؟ چاوی مار دەردینی›.

پشه زدن: مێشوولە پێوەدان؛ مێشوولە خواردن؛ مەشوولەگەسەی؛ مەشوولە واردەی ‹دیشب چند جای صورتم را پشه زد: دوێشەو لە چەند لاوە مێشوولە دای بە دەم و چاومەوە›.

پشه لگد زدن: [تعریض] قۆلانچە پا پێدا نیان (لە وەرامی کەسێکدا کە بۆ ئازارێکی سووک، هەرا و هاوارێکی زۆری هەبێ) ‹چی شده؟ لابد باز پشه لگدت زده!: چ بووە؟ ڕەنگە هەمیسان قولانچه پای پێتدا نابێ!›.

پشه‌بند / pašeband، ـها/: اسم. پەشەبەن؛ پەشەوەن؛ چاویەکی تۆڕی بۆ پاراستن لە پێوەدانی مێشوولە ‹شبهای تابستان در پشت‌بام زیر پشه‌بند می‌خوابیدیم: شەوانی هاوین لە سەربان لەنێو پەشەبەن دەنووستین›.

پشه‌خوار / pašexār، ـها؛ ـان/: اسم. پەشەخۆر؛ مێشەخۆرە؛ باڵندەیەکە خۆراکی مێش و مێشوولەیە.

پشه‌کش / pašekoš، ـها/: اسم. مێشوولەکوژ؛ دەوایێکە مێشوولە دەکوژێ.

پشیز / pašîz، ـها/: اسم. [ادبی] بێزە؛ پووش؛ پەنابا؛ چلەکا؛ کەمترین نەغد؛ وردە؛ هوردە؛ قۆشە؛ قەسەری؛ فلس؛ شایی؛ فەتالی؛ پارەیەکی زۆر کەم ‹این کتاب را به پشیزی نمی‌خرم: ئەم کتێبە بە بێزەیەک ناسێنم›.

پشیمان / pašîmān/: صفت. پەشیمان؛ پەژیوان؛ پێژەوان؛ پێژیوان؛ پۆژوان؛ پۆشمان؛ پاشگەز؛ بازگەشت؛ ژیڤان؛ پوژمان؛ ژوڤان ‹اگر پشیمان شدی، بیا پولت را پس بگیر: ئەگەر پەژیوان بوویتەوە، وەرە پارەکەت بگرەوە›.

▣ **پشیمان کردن**: قولپاندن؛ پەژیوان کردنەوە؛ پەشیمانەوەکەردەی. هەروەها: **پشیمان شدن**

پشیمانی / pašîmānî، ـها/: اسم. پەشیمانی؛ پەژیوانی؛ پۆشمانی؛ ڤەرگەڕ؛ ناسور؛ حەشمەتی؛ ڤەهاتن: ۱. هەستێکی ناخۆش لە خەم، وەڕەزی یان دڵمەندی کە دوای کردنی کارێکی خراپ یان نەکردنی

کارێکی باش مرۆ دادەگرێ ‹سرانجام این کار پشیمانی است: ئاخری ئەم کارە پەژیوانیە› ۲. دەس‌بەردان و هەڵگەڕانەوە لە بیر یان ئاکاری پێشوو ‹پشیمانی سودی ندارد: پەژیوانی بێ‌بەهرەیە›.

پف / pof /: *اسم. [گفتاری]* ۱. فوو؛ پوف؛ پف؛ فیش ‹هر آن کس پف کند ریشش بسوزد: هەرکەسێک فووکا ڕیشی دەپرووزێ› ۲. با؛ وا؛ هەڵماسی؛ پەنەم؛ ئاماس ‹چشمش پف کرده بود: چاوی بای کردبوو›.

◘ پف کردن: ۱. نەپخاندن؛ پف تێ‌کردن ۲. هەڵهاتن؛ هەڵماسین؛ باکردن.

پف آلود / pofālûd /: *صفت.* باکردوو؛ هەڵماسیاگ؛ هەڵمساو؛ هەڵمسیاو؛ پەنەماو؛ پەنەمیاگ؛ پەرمیاو؛ واکریا ‹صورت پف‌آلود: دەم‌وچاوی باکردوو›.

پفک / pofak، ـها /: *اسم.* پوفەک: ۱. شیرینیەکی سپی بە شکڵی سەری قەندی بچووک کە لە سپیەی هێلکە، شەکر، کاکڵەی پستە و شتی بۆنخۆش دروست دەکرێت ۲. پفەک؛ جۆری خۆراکی منداڵان.

پف کرده / pofkarde /: *صفت. [گفتاری]* پەنەماو؛ پێف؛ باکردوو؛ باکردگ؛ هەڵمساو؛ فوو تێ‌کراو؛ با تێ‌کراو.

پف‌نم / pofnam /: *اسم. [گفتاری]* دەم‌پرژە؛ ئەو ئاوەی کە بۆ نمدارکردنی شتێک (وەک پارچە یان ناو لەپی دەست) بەدەم دەیپژێنن.

پفی / pof î /: *صفت. [گفتاری]* هەڵمساو؛ هەڵماسیاگ؛ باکردوو؛ باکراو؛ باکراوە؛ واکریا؛ هۆرماسا.

پفیدن / pof îdan /: *مصدر. لازم.* ۱. فوو کردن؛ پف‌کردن؛ نەپخاندن؛ واکەردەی ۲. باکردن؛ هەڵماسین؛ هەڵهاتن؛ هۆرماسەی؛ هۆرئامەی؛ باکردن و هەڵهاتنی زەوین و خاک بەهۆی بەستنی ئەو ئاوەی تێیدایە ۳. *[کنایی]* با کردنە قول؛ بڕێتی لە تاریف‌کردن بە درۆ.

■ صفت مفعولی: **پفیده** (پف‌دراو)

پفیوز / pofyûz، ـها /: *صفت. [گفتاری]* ناکەس؛ بێ‌غیرەت؛ بێ‌ڕەگ ‹خودمانیم این رفیق تو هم خیلی پفیوز است: قسەی خۆمان بێ ئەم ڕەفیقەی تۆش زۆر ناکەسە›.

پک / pok، ـها /: *اسم.* مژ؛ مووف؛ مۆف؛ پۆک: ۱. کار یان ڕەوتی مژ لێدانی شتێک (وەکوو جگەرە، قلیان و ...) ۲. ئەوەندە دووکەڵ کە بە یەک هەناسە هەڵدەکێشرێ ‹یک پک بزن: مژێکی لێدە›.

◘ پک زدن: مژ لێدان؛ مووف لێدان؛ مۆف لێدان؛ هەڵمژین؛ مژ لێدانی جگەرە و...

پکر / pakar /: *صفت. [گفتاری]* داگیراو؛ نارەحەت؛ جاڕز؛ جاڕس؛ وەڕەز؛ وەڕەس؛ وەڕست؛ وێڕز؛ وێڕس؛ وارز؛ مەرس؛ عێدز؛ کەوەڕی؛ عاجز؛ حێجز؛ هۆراسان؛ بێ‌کەیف؛ گیانەسەر؛ کورکە؛ خۆکر؛ بێ‌حاڵ؛ بێ‌واز؛ بێزار؛ داشکاو؛ دوزاخ؛ ئەوگار؛ مۆن؛ گرژ؛ فرۆز؛ مات و مەلوول؛ ‹از حرف من خیلی پکر شده: لە قسەکەی من زۆر داگیراوە›.

پکری / pakarî /: *اسم. [گفتاری]* وەڕەزی؛ پەکەری؛ نارەحەتی؛ قەڵسی؛ داگیراوی؛ جاڕزی؛ دوزاخی ‹موجب پکری دوستان نباش: مەبە هۆی وەڕەزی دۆستان›.

پکیدن / pokîdan /: *مصدر. لازم. [گفتاری]* پووکانەوە؛ پووکیانەوە؛ پووچانەوە؛ پووچیانەوە؛ پووکیایوە؛ پووکەوە بوون؛ ڕووخان؛ وێران بوون؛ ڕووخیان؛ پرتووکیان؛ دارمان؛ تێک‌ڕمان؛ تێک قوپان؛ هاتنە خوارەوە؛ ئامایرە وار؛ ڕووخان؛ وریەی ‹تمام ساختمان در یک لحظه پکید و به صورت تل خاکستر درآمد: تەواوی ماڵەکە لە چاو لێکنانێکدا

پووکایەوە و وەک خوەڵەکەوانێکی پێهات›.
■ صفت مفعولی: **پکیده** (پووکاو)/ مصدر منفی: **نَپکیدن** (نەپووکان)
پکیده / pokîde/: *صفت. [گفتاری]* پووکیاو؛ پووکاو؛ پرتووکاو؛ پرتووکیاگ؛ ڕووخاو؛ ڕخیاو؛ پووکیا؛ وریا.
پگاه / pegāh/: *اسم. [ادبی]* کازیوە؛ کازێوە؛ بەرەبەیان؛ شەوەکی؛ شەوکی؛ سپیدە؛ سپێدە؛ سپیدەمان؛ سیسان؛ سفێدە؛ بوولێلەی بەیان؛ سبزوو؛ سەرساعب؛ هەوەڵی ڕۆژێ؛ تاریک و ڕوونی بەیانی.
پل / pol، ـها/: *اسم.* ١. پرد؛ پر؛ پێڵ؛ پل؛ پل؛ پردی؛ کلکە ٢. پرداسا؛ هەر شتێکی وەک پرد ٣. پول؛ دۆخ یان حالەتێک لە وەرزشدا کە وەرزشکار بەپشتدا و لە بان دەست و پێوە یان لە سەر سەر و پێوە خۆی ڕادەگرێ ٤. *[برق]* پول؛ کەرەسەیەکی کارەبایی بۆ هەڵکردن یان کوژاندنەوەی چرا و ... ‹کلید یک پل: کلیلی یەک پول›.
◙ **پل باربر:** تیرِ حمال ☜ **تیر**
پل بازودار: پردی باسکەدار؛ پردی بازوودار؛ ئەو پردەی کە لە دوو بازوو پێکهاتووە.
پل پیادەرو ☜ **پل عابرپیادە**
پل چوبی: پردی چێوی؛ پردی چێ کراو لە چێو. هەروەها: **پل آجری؛ پل بتنی؛ پل فلزی**
پل خربگیری: *[کنایی]* داوەبوار؛ شوێنی تووش؛ جێگایەک کە پێویستە هێزایی و لێهاتوویی خۆت پیشان بدەی.
پل راه‌آهن: پردی هێڵی ئاسن؛ پردێ کە قەتاری بەسەردا دەڕوا.
پل روگذر: پردی ڕووبوار؛ پردێ کە لە سەر شەقامەوە داندرابێ.
پل زیرگذر: پردی ژێربوار؛ پردێ کە لە ژێر شەقامەوە بڕوا.
پل سوارەرو: پردی تایبەت بە ماشین.
پل شناور: پردی ئاوباز؛ پردی سەرئاو؛ پردێ کە بە بەستنەوەی چەن لۆتکە بە یەکەوە بۆ بواردن بە سەر ئاودا دروستی دەکەن.
پل صراط: *[اسلام]* پردی سیرات؛ پردی سەرات؛ پردی سەلات؛ پردۆ سەلاتی؛ پردی ڕۆژی پەسلان کە بەسەر جەحەندەمدا دەڕوا و هەموو دەبێ لێی بپەڕنەوە.
پل عابر پیادە: پردی پیاسە؛ پردەبوار: **پل پیادەرو؛ پل هوایی**
پل قپانی: پردی قەپانی؛ پردێ کە وەک باسکی قەپان بان و خوار دەکا.
پل قوسی: پردی کەوانی؛ پردی بە شێوەی کەوان.
پل گردان ☜ **پل میانگرد**
پل ماشین‌رو ☜ **پل سوارەرو**
پل معلق: پردی هەڵواسراو؛ پردی ئاوێزان؛ پراهێلاویستی؛ پردی دالەقاو؛ پردی داشکاو؛ پردێ کە بە زنجیر و کابلەوە هەڵواسراوەتە دوو یان چەند پایەوە.
پل میانگرد: پردی جوولاوە؛ پردی بزۆک؛ پرالڤین؛ پردێ کە لە نێوانەوە وا دامەزراوە، ئەکرێ ئەم لا و ئەو لای پێ‌بکەی: **پل گردان**
پل هوایی: پردی هەوایی: ١. پردێ کە چەن میتر بەرزتر لە سەر ڕێگەوە دادەبەسترێ بۆ هاتوچووی پیادە ٢. *[مجازی]* پێوەندی هەوایی بە شێوەی هات و چووی بەپەیتا لە نێوان دوو شوێندا ٣. ☜ **پل عابرپیادە**

⊡ پل آن طرف آب ماندن: *[مجازی]* شەو لەبری ناشتا بوون؛ کار تێکچوون؛ کار تێکشیەی؛ شپرزە بوون ‹اگر به حرف تو عمل می‌کردم حالا پل مانده بود آن طرف آب: ئەگەر بە قسەی تۆم بکردایە ئێستا شەو لەبری ناشتا بووم›.

پل را آب بردن: ئاو پرد مالین؛ ئاو پرد بردن؛ ئاو پرد راماڵین ‹بر اثر بارندگی شدید پل را آب برده بود: بەهۆی بارانی زۆرەوە ئاو پردەکەی مالیبوو›.

پل زدن/ بستن: پرد هەلبەستن؛ پرد بەستن؛ پرد هەلخستن.

پلها را پشت سر خود خراب کردن: *[کنایی]* ۱. رێی گەرانەوە لە خۆ بەستن ۲. لە باوان برین؛ پێوەندی خۆ لەگەڵ پێشوودا برین.

پلاتین / p(e)lātîn/: [فرانسوی از اسپانیول] *اسم.* پلاتین؛ زێری سپی؛ توخمێکی کانزاییە بە ژمارەی ئەتومی ۷۸ و کێشی ئەتومی ۱۹۵.

پلاژ / p(e)lāj، ـها/: [فرانسوی] *اسم.* پلاژ؛ رۆخەوار؛ لێوار: ۱. شوێنی تەخت و خۆش‌بەرجەوەندی قەراخی ئاو ۲. ماڵ و سامانی دروست‌کراو لەو شوێنەدا.

پلاژداری / p(e)lājdārî/: [فرانسوی/ فارسی] *اسم.* پلاژداری؛ کاری بەرێوە بردنی پلاژ بۆ کرێ ‹پلاژداری درآمد خوبی دارد: پلاژداری داهاتێکی باشی هەیە›.

پلاس / palās، ـها/: *اسم.* پلاس؛ پەلاس؛ نمالی؛ نەخالی؛ چەپاڵ؛ چەپالک؛ هەپک؛ دەوار؛ جول؛ تەشکەبەرە؛ وەڕ؛ بەڕە؛ بەڕک؛ رایەخی کەم با؛ کەلپۆس؛ رایەخی زبر و ئەستووری لە مووی بزن دروست‌کراو.

⊡ پلاس بودن: وێل بوون؛ ئاس و پلاس بوون؛ بەرەلا بوون ‹هر شب تا صبح توی کافەها پلاس است: هەموو شەوێ تا بەیان لە بە قاوەخانەکاندا وێلە›. هەروەها: **پلاس شدن**

پلاساندن / palāsāndan, pelāsāndan/: *مصدر. متعدی.* // **پلاساندی:** پەژمەراندت؛ **می‌پلاسانی:** دەپەژمەرێنی؛ **بپلاسان:** بپەژمەرێنە// پژمەراندن؛ پژمراندن؛ ژاکاندن؛ ژاکانن؛ چرچاندن؛ سیس کردن؛ سیسەل کردن؛ ژاکنەی؛ سیسنەی ‹گرما گلها را پلاساند: گەرما گوڵەکانی پەژمەراند›.

■ صفت مفعولی: **پلاسانده** (پەژمەرێنراو)/ مصدر منفی: **نَپلاساندن** (نەپەژمەراندن)

پلاستر / pelāster/: [انگلیسی]*اسم.* ۱. مووچرکە؛ مووچرکە؛ مووچرک؛ مووچرک؛ مچورک؛ تەزوو؛ لەزگە؛ تەزی لەش ۲. موشامبە؛ مشەمما؛ مشەما؛ چەسپی بە پێستەوە لکاندن بۆ دەرمان.

پلاستیک / p(e)lāstîk، ـها/: [فرانسوی]*اسم.* ناوی گشتی بۆ زۆرێک بەرهەمی پولیمیری: *الف)* دەلق؛ دلق؛ مشەما؛ جۆری ناسکیە بە رەنگی جۆراوجۆ (وەک سفرە) *ب)* باغە؛ جۆری وشک و رەقیە (وەک بۆ قاپ و کاسە) *ج)* باتە؛ لاستیق؛ لاسیق؛ جۆری نەرمیە بۆ کەوش و پێلاو *د)* قایش؛ بە شێوەی شریتە کە ئەم جۆرە کێشی دێت.

پلاستیکی / p(e)lāstîkî، ـها/: [فرانسوی] *صفت.* دەلقی؛ دلقین؛ پلاستیکی؛ باغەیی؛ قایشی.

پلاسما / p(e)lāsmā/: [فرانسوی از آلمانی] *اسم.* پلاسما: ۱. *[پزشکی]* بەشی تراوی خوێن کە زۆربەی ئاوە ۲. *[فیزیک]* چوارەمین حالەتی ماک کە لە تینی یەکجار زۆردا بەدی دێ و تێیدا ئیلکترون لە ناوکی ئەتوم جوێ دەبێتەوە.

پلاسنتا / p(e)lāsentā/: [؟]*اسم.*

[زیستشناسی] جفت؛ لف؛ ئاواڵمنداڵ؛ یاوەرە؛ گر؛ شادەمارێک کە لە پزدانـدا بژیـو بە ئاولەمە دەگەیێنێ.

پلاسیدگی / palāsîdegî, pelāsîdegî /ھا/: اسم. ژاکاوی؛ ژاکیاگی؛ دۆخ یان چۆنیەتی ژاکیان.

پلاسیدن / palāsîdan, pelāsîdan /ھا/: مصدر. لازم. [گفتاری]// **پلاسیدی**: پەژمەرای؛ **می‌پلاسی**: دەپەژمەری؛ **بپلاس**: بپەژمەرە// ژاکان؛ ژاکیان؛ ژاکین؛ ژاکیەی؛ پەژمەران؛ پەژمران؛ سیسیان؛ سیسیەی؛ سیس بوون ‹گُلها از گرما پلاسیده‌اند: گوڵەکان لە گەرما ژاکاون›. هەروەها: **پلاسیدنی**

■ صفت مفعولی: **پلاسیده** (پەژمەراو)/ مصدر منفی: **نَپلاسیدن** (نەپەژمەران)

پلاسیده / palāsîde, pelāsîde /ھا/: صفت. [گفتاری] ژاکاو؛ ژاکیاگ؛ پەژمەراو؛ سیسیاو ‹گلهای پلاسیده را دور ریختم: گوڵە ژاکاوەکانم فڕێدا›.

پلاک / p(e)lāk /ھا/: [فرانسوی]/اسم. ١. پلاک؛ پێلاک؛ پەلاک؛ لەک؛ ژمارگە؛ تیکەیەکی کانزا، تەختە یان قاقەز کە لە سەریەوە ناونیشانێک دەنووسرێ و هەڵدەواسرێ یان دادەنرێ ٢. دروشم؛ تیکەی کانزای (بەتایبەت بەنرخ) بە درۆشم و نیشان لە سەریەوە، بە شێوەی ملوانک یان بازنە ٣. نیشان؛ نەوارێکی پلاستیکی کە ناونیشانی لە سەر دەنووسن و لە دەوری باسکی منداڵی کۆرپەوە دەپێچن ٤. پارچە؛ قەوارە؛ قەبارە؛ زەوینی دیاری‌کراو بە دروشمێکی تایبەتی خۆی ٥. پەترۆ؛ پەترۆک؛ پەترۆکە؛ توێکڵی سەر زام: **کَژنە**

پلاکارت / p(e)lākāt /ھا/: [فرانسوی] ☜ **پلاکارْد**

پلاکارد / p(e)lākārd /ھا/: [فرانسوی]/اسم. پلاکارت: ١. وەرەقێکی بە سەر دارەوەکراو کە لە خۆپیشاندانا بە دەستیەوە دەگرن ٢. نووسراوەی بە سەر پارچەوە بۆ چاورۆشنی، ئازیەتباری و...

پلاکت / p(e)lāket /ھا/: [فرانسوی]/اسم. ☜ گِردەی خون، **گردە**

پلان / p(e)lān /ھا/: [فرانسوی]/اسم. پلان: ١. نەقشەی رووپەڕی تەخت ٢. [مجازی] نەقشەی خانوو بەرە، ماشێن و... ٣. دیمەنێک لە فیلم کە لە یەک نۆبە و بە بێ دابڕانی فیلم هەڵدەگیردرێ.

پلانتاریم / p(e)lānetār(i)yom /ھا/: [فرانسوی]/اسم. [نجوم] ئاسماندۆز؛ ئاسمان‌نوێن؛ پلانتاریۆم: ١. هەرکام لەو کەرەسانەی وا تەنگەلی ئاسمانی نیشان دەدا ٢. خانوویەک وەکوو گومبەز کە تێیدا تەنگەلی ئاسمانی دەبینن.

پلانکتون / p(e)lānkton /ھا/: [فرانسوی از آلمانی]/اسم. پلانکتۆن؛ گیاندارێکی وردیلەی ناو دەریایە و خۆراکی زۆربەی دەریاژیانە.

پلئیستوسن / p(e)le'îstosen /: [؟]/اسم. پیلئیستۆسین؛ دووهەم دەور لە چوارەمین دەورانی زەوی‌ناسی.

پلتیک / pol(e)tîk /ھا/: [فرانسوی]/اسم. [گفتاری] فەن؛ فیتەڵە؛ کردەوەی تێکەڵ بە زرک و زیندوویی و سیاسەتەوە ‹تو کە اهل پلتیک و کلک نبودی: تۆ خۆ فەن و فێڵباز نەبووی›.

▣ پلتیک زدن: بە گوڵ دەرکردن؛ فێڵ کردن؛ کەڵەک لێدان؛ عیلم‌کردن؛ ‹نمی‌خواست بگوید، من هم پلتیک زدم و گفتم خبر دارم: نەیدەویست قسە بکا، منیش بە گوڵ دەرم‌کرد وگوتم بۆ خۆم خەبەرم هەیە›.

پلس / polos /: [؟]/اسم. [مکانیک] پولۆس؛ کەرستەیەک لە ماشیندا کە چەرخ

دەخولێنێتەوە.

پلشت / palašt, pelešt، ـهـا/: *صفت. [ادبی]* پیس؛ پۆخڵ؛ چەپەڵ؛ گەن؛ گەنەڵە؛ گەمار؛ گەنار؛ پەلەشت ‹زاغکی پلشت: قەلێکی چەپەڵ›.

پلشت‌بر / palaštbar, pelešt- ـهـا/: *صفت.* پیسی‌بەر؛ پیسی‌بڕ؛ پیسی‌سڕ؛ گەن‌بەر؛ گەناربەر ‹مایع پلشت‌بر: تراوی پیسی‌بەر›.

پلشت‌بری / palaštbarî, pelešt- ـهـا/: *اسم.* گەماربەری؛ پیسی‌سڕی؛ پیسی‌بەری؛ گەن‌بەری.

پلشتی / palaštî, peleštî/: *اسم. [ادبی]* پیسی؛ چەپەڵی؛ پۆخڵی؛ پەلەشتی؛ پەلشتی؛ گەنی؛ گەماری؛ گەناری.

پلق ــ پلق / peleqpeleq/: *صوت.* پلقە پلق؛ قولتەقولت؛ دەنگی کوڵانی ئاو و تراوی‌تر ‹سماور پلق‌ـ‌پلق می‌جوشید: سەماوەرەکە قولتەقولت ئەکوڵیا›.

پلک / pelk ـهـا/: *اسم.* پێڵوو؛ پیلۆ؛ پێڵ؛ پێڵگ؛ پێڵێ؛ پەلک؛ بەلگ؛ کۆپک؛ قەپەک؛ قەپێلک؛ پێڵە؛ مشکولی؛ مچکولی؛ هەر یەکە لە دوو پێستەی ناسکی سەر چاوی مرۆ و زۆربەی گیانلەبەران.

⊡ **پلک سوم**: پێڵی سێهەم؛ پەردەیەکی بزۆکی ڕۆشنە لەژێر پێڵی ژێرین یان سووچی ژوورەوەی چاوی بڕێ لە گیاندارانەوە.

⊡ **پلک به هم نزدن**: ١. چاو نەترووکاندن؛ چاونەقووچان؛ چاو نەقونجان؛ چەم نەقووجنەی؛ چاو نەبەستن؛ چەم پێوەرە نەنیەی ٢. *[کنایی]* چاو لێ دانەخستن؛ چاو لێ هەڵنەگرتن؛ چەم چنە نەوسەی؛ چاو لێ کل نەکردن؛ خولیای زۆر بۆ دیتن و ڕوانین بوون ‹نگاهش را دوخته بود به تلویزیون و پلک به هم نمی‌زد: چاوی لە تەلەویزیۆنەکە هەڵنەدەکرت›.

پلک روی هم نگذاشتن: *[مجازی]* چاو بەیەکدا نەنان؛ چاو بەیەکا نەنیان؛ وەرینگ نەدان/ نەدەی؛ خەو نەهاتنە بان چاو؛ چەم نەنیەی پێوەرە؛ تۆزقاڵێکیش نەنووستن ‹تا صبح پلک روی هم نگذاشتم: تا بەیانی چاوم بەیەکدا نەنا›.

پلک سنگین شدن: *[مجازی]* چاو قورس بون؛ چاو شۆڕەوە بوون؛ خەو هاتنەچاو؛ خەو پەڕینە چاو؛ خەو داگرتن؛ چەمێ نیشتەی ‹کم‌کم پلکهایش سنگین شد: وردە‌وردە چاوی قورس بوو›.

پلکان / pellekān ـهـا/: *اسم.* پلەکان؛ پلیکان؛ پێ‌پلیکان؛ پێ‌پلیک؛ پێ‌پیلکە؛ ڕێ‌پێلکە؛ پاچینە؛ پاپەنجە؛ دەرنجە؛ قادرمە؛ قالدرمە؛ خرک؛ حەوق؛ ڕازوند.

⊡ **پلکان اضطراری** ☜ **پلکان نجات**

پلکان برقی: پلەکانەی بەرقی؛ دەرنجە بەرقی.

پلکان مارپیچ: پلیکانەی پێچ.

پلکان متحرک: پلەکانەیەک کە دەگۆزرێتەوە.

پلکان نجات: پلەکانی دەرباز بوون؛ جۆرێ پلیکان لە دەرەوەی ماڵە بەرزەکانەوە، بۆ هەڵاتن لە وەختی ڕووداوی ناکاودا: **پلکان اضطراری**

پلکسی‌گلاس / peleksîgelās, pleksîglās/: *[انگلیسی] اسم.* پلیکسی‌گلاس؛ جۆرێک پەلاستیکی وەک شیشە.

پلکیدن / pelekîdan/: *مصدر. لازم.* //**پلکیدی**: خولایتەوە؛ **می‌پلکی**: دەخولیەوە؛ **بپلک**: بخولێوە// خولانەوە؛ خول خواردن؛ گەڕان؛ سووڕانەوە؛ سوورخواردنەوە؛ پیاسە کردن؛ هاتوچوو لە پەگالی کەسێ یان شتێک ‹امروز جوانی این طرفها می‌پلکید: ئەورۆ

گەنجێک بێرەدا نەحولایەوە›.

■ مصدر منفی: نَپلکیدن (نەخولانەوە)

پلمب / p(o)lomb، ـها/: [فرانسوی]/اسم. ۱. [نامتداول] سۆ؛ سرۆ؛ سرب ۲. گالە؛ پلۆم؛ کلۆم ۳. دەس‌مۆر؛ سەرمۆر؛ پلۆم.

پلمه‌سنگ / polmesang/ ☜ سنگ لوح، **سنگ**

پلنگ / palang/: اسم. ۱. سێهەم ساڵ لە ساڵگەلی تەقویمی تورکستان ☜ **تقویم** ۲. /ـها؛ ـان/ پلنگ؛ پلینگ؛ پەلەنگ؛ پالنگ؛ درندەی بەناوبانگ.

پلنگی / palangî/: صفت. پەلە ـ پەلە؛ پڵ‌پڵی؛ پلینگی؛ پلنگ‌ئاسا؛ پلنگانە؛ پالنگین؛ بە پێستی خاڵ‌ـخاڵی زەرد و رەشەوە ‹گربه پلنگی: پشیلەی پلنگی›.

پلنوم / p(e)lenom، ـها/: [فرانسوی]/اسم. [سیاست] پلونوم؛ کۆ بوونەوەی سەرۆکان؛ کۆڕێ کە بە بەشداری هەموو ئەندامانی رێبەرایەتی یان کومیتەی ناوەندی رێکخراوەیەکی سیاسی پێک دێ.

پلو / polow, polo:، ـها/: اسم. پلاو؛ پیلاڤ؛ پراو؛ برێنجینە؛ بەرزە؛ شێوی برنج؛ چێشتی برنجی بە پالوینە پالێوراو؛ چێشتی گراری پالێوراو ‹ماهی پلو؛ باقالی پلو؛ سبزی پلو: ماسی پلاو؛ باقلە پلاو؛ سەوزی پلاو›.

پلوپز / -:polowpaz, polo، ـها/: اسم. پلاوپەز؛ دەفرێکی کارەباییە بۆ دروست کردنی پلاو.

پلوتون / p(e)loton, poloton/: [فرانسوی] اسم. [نجوم] پلۆتون؛ تەنێکی ئاسمانی کە تا ئەم دواییانە بە نۆهەمین گەڕۆکی خۆرەتاوی دەناسرا.

پلوتونیم / p(e)loton(i)yom/: [فرانسوی] اسم. پلوتونیۆم؛ توخمی کیمیایی کانزایی رادیۆئەکتیڤی، لە دەستەی ئاکتینیدەکان، بە ژمارەی ئەتومی ٩٤.

پلوخوری / -:polowxorî, polo، ـها/: اسم. ۱. پلاوخۆری؛ قاپی تایبەت بۆ پلاو تێکردن ‹ظرف پلوخوری: قاپی پلاوخوری› ۲. [مجازی] پلاوخۆران؛ پلاوخواردن؛ مێوانی؛ میوانی؛ مێمانی ‹لباس پلوخوری: جل‌وبەرگی پلاوخواردن›.

پلورالیسم / p(u)lûrālîsm/: [فرانسوی] ☜ **کثرت‌گرایی**

پلونیم / polon(i)yom/: [فرانسوی/ انگلیسی] اسم. پۆلونیۆم؛ توخمی کیمیایی رادیۆئەکتیڤی وەک‌کانزا، بە ژمارەی ئەتومی ٨٤ و کێشی ئەتومی ٢١٠.

پله / pelle، ـها/: اسم. ۱. پلە؛ پلیکە؛ پلیکان؛ پلیگانە؛ پلەکانە؛ پلەکان؛ سازراوەیەکی تەختی دەسکرد بە بەرزایەکی کەمەوە ‹روی پله نشسته بود و روزنامه می‌خواند: لە سەر پلەکە دانیشتبوو، رۆژنامەی دەخوێندەوە› ۲. پلەپەیژە؛ پاپلە؛ پێ‌پلە؛ پێ‌پیلکەی نەردیوان ‹پله‌ی نردبان پوسیده بود و شکست: پلەی نەردیوانەکە پوابوو، شکا› ۳. پلەکان؛ پلەکانە؛ پلیکان؛ پلیکە؛ پلیکانە؛ راپلە (زۆرتر بە شێوەی کۆ) ‹پله‌ها را بگیر و برو بالا: پلەکان لێدە بۆ سەرەوە› ٤. [مجازی] پلە؛ پا؛ پاگە؛ قۆناغ؛ ئاستێک لە بەرەو پێش چوون کار یان دیاردەیەک ‹اگر این کار خوب تمام بشود، چند پله جلو می‌افتیم: ئەگەر ئەم کارە باش بەرێوە بچێ، چەند پلە پێش دەکەوین› ٥. پەینجە؛ پێنجە؛ پەیژە؛ پەیجە؛ پاپەینجە؛ پێسترک؛ پەییسک؛ حەوق؛ دەرج؛ نەردیوان.

⊡ پله خوردن: [گفتاری] پلە خواردن؛ پلێ واردەی؛ بە پلە و پەلیکە بوون ‹زیرزمینش ٢٠ تا پله می‌خورد: ژێرزەوینەکەی ٢٠ پلەی دەخوارد›.

پله ـ پله / pellepelle/: صفت. پلە ـ پلە؛ پلەوپلەوەن؛ بەرز و نزم؛ چاڵ و بەرز؛

چاڵـه_چاڵـه؛ قوتکـه_قوتکـه؛ قـۆرت_قـۆرت؛ قۆرت‌قۆرتین؛ قوڵـچه_ قوڵـچه ‹چرا کف حیاط این‌طور پله‌پله است؟: بۆچی حـەوشـەکـە ئـاوا چـاڵ و بەرزە؟›.

پلــه_پلــه^٢: قیـد. [مجـازی] بــەرە_بــەرە؛ کــەمــە_کــەمــە؛ پلــە_ پلــە؛ وەرە_ وەرە؛ وارە_وارە؛ قۆنــاغ_قۆنــاغ؛ هێنــدە_ هێنــدە؛ ڕێزە_ ڕێـزە؛ چکـە_چکـە؛ نـەختـە_ نـەختـە؛ وردە_ وردە؛ سەورە_سـەورە ‹پلـه‌پلـه پیشرفت کرد تا بدین مرحلـه رسید: بـەرەو سەرە بـەرەو پێش چوو تا بەم قۆناغە گەییشت›.

پلی / pelî، هـا/: [؟]/سم. پلیسه؛ چـەشـنێک دروومانە کە تێیدا چینـەکـان دەکـەونـە سـەر یەک: پیلی

پلیپ / polîp، هـا/: [؟]/سم. پولیـپ؛ جۆرێـک لکە لـە نـاو لـووت، میـزدان، منالـدان و زگـەوە دروســـت دەبـــێ و زۆر جـــارانیش ئـــەگـــەر لایبەن، دێتەوە.

پلـی‌تکنیـک / polîteknîk/: [فرانـسوی]/سـم. پولی‌تەکنیک؛ دامەزراوەی فێرکاری بالا.

پلیـد / palîd/: صفت. [ادبی] پـیس؛ چـەپـەڵ؛ گـلاو؛ گـەمـار؛ کـەمـار؛ تـرۆڵ؛ لـەوت؛ قرێـژ؛ کوتی؛ تەرێف؛ سـردار؛ ناپـاک یـان تێکـەڵ بـە ناپـاکی ‹دست پلید؛ فکر پلید: دەسـتی پـیس؛ بیری گلاو›.

پلیـدی / palîdî، هـا/: اسـم. [ادبی] پیـسی؛ گـەمـاری؛ چـەپـەڵـی؛ چـلکنی؛ کـەسـانەت؛ ناخـاوێنی؛ مـرداری ‹پلیدی جامـه؛ پلیدی روح: پیسی جل‌وبەرگ؛ پیسی ڕۆح›.

پلـــیس / polîs/: [فرانـــسوی]/اســـم. پـــولیس؛ پـــۆلیس: ١. شـــارەوانی؛ شـــارەبـــانی؛ مــەزرینگــەی بــەرپرســی هێمنایــەتی وڵات ‹پلیس بـرای آسـایش مـردم اسـت: پـولیس بـۆ ئاسایـشی خـەڵـکە› ٢. شـارەوان؛ شـارەبـان؛ هەرکام لـە کارگێڕانی شـارەوانی ‹پلیس آنها را دستگیر کرد: پولیس گرتنی›.

▣ پلیس راه: ڕێـوان؛ ئاگـاداری ڕێگـە؛ پۆلیـسی ڕێگە.

پلیس راهنمایی: پۆلیسی ڕێ و بان.

پلیس سیاسی: پۆلیسی ڕامیاری.

پلـیس مخفـی: پۆلیـسی نهـێنی؛ پۆلیـسێک کە بە نهێنی و نەناسراوی کار دەکات.

پلیـسه / pelîse, pilîse، هـا/: [فرانـسوی] صفت. چین_چـین؛ کـەڵ_کـەڵ: ١. درووماێـک بـە شێوەی چین لەسـەر چینی وەک‌یـەک و لـە پـــشت یـــەکـــەوە ‹دامـــن پلیـــسه: داوێـــنی چـین_چـین› ٢. بــڕ_ بــڕ؛ بڕکــە_ بڕکــە؛ قەراخەیەکـی نارێـک بـە شـێوەی کـەڵ_کـەڵ بوو ‹لبه‌ی پلیسه: قەراخی بڕ_ بڕ›.

پلیـــسی / polîsî/: [فرانـــسوی] صفت. پۆلیـــسی: ١. سـەبـارەت بـە پـولیس ‹فـیلم پلیسی: فیلمی پۆلیـــسی› ٢. ئـــۆگر و خـــووگر بـــە پـــولیس ‹حکومت پلیسی: ڕژیمی پولیسی›.

پلیکـــا / polikā/: [؟]/ســـم. پولیکـــا؛ نێـــوی بازرگـانی لوولـە و پێـوەندیـەکـانی لـە جنسی پلاستیک.

پلیکـــان / pelîkān، هـــا/: [فرانـــسوی]/ســـم. ماسی‌چنە؛ سەقا؛ سـەقـاو؛ سـەقـاقوش؛ قوتـان؛ سـەقـاترش؛ زەرووڵـە؛ چـەڵـک؛ کـەڕاوی؛ کەراقی؛ کەڵـک؛ چـەڵـک؛ باڵـدارێکی زەلامـی ماسـی‌خـۆرە، قـورتمێکی وەکـوو کیـسەیەک لـە خـوار دندووکـەوە هـەیـە، ماسـی و ئـاوی تێدەکا.

پلی‌کپـی / polîkopî، هـا/: [فرانسوی]/سم. ١. کـۆپی؛ بـەرگـی نووسـراوەی لـە ڕووی ئـەسـڵ گیراو ٢. پولی‌کوپی؛ ئامرازی کۆپی‌گرتن.

▣ پلی‌کپی کردن: کۆپی‌گرتن.

پلـی‌کلینیـک / polîkilînîk, -k(e)lînîk، هـا/: [فرانـــسوی]/ســـم. پـــولی‌کلینیـــک؛ دەرمانگـــا و نەخۆشخانەیـەک کـە بـۆ دەرمـانی نـەخۆشـان

و ئازارگەلی جۆراوجۆر دابین کراوە.

پلیـــور / polîver، ـهـا/: [از انگلیـــسی]/اســم. پولیوەر؛ جاکەت؛ کراسـی چنـراوی بـەتایبـەت بەرۆک بەستراو.

پلیوســــــن / pelyosen/: [فرانـــسوی]/اســـم. پلیوسـێن؛ پێنجـەمـین و ئـاخرین دەور لـە دەورانی سێهەمی زەوی‌ناسی.

پ.م. / pe.mîm/: [فارســـی/ عربـــی] مخفـــف. پ.ز.؛ کـورت‌کـراوەی «پـیش از مـیلاد» پـێش لە زایین (لە دایک بوونی عیسای پێغەمبەر).

پمـــاد / pomād، ـهـا/: [فرانـسوی از ایتالیـایی] /اسم. مـەلـهەم؛ مـەرهـەم؛ مـەلـحەم؛ هـەتـوان؛ دەرمـانی سـەر زام ‹پماد سوختگی: مەلـهەمـی سووتاوی›.

پمـــپ / pomp، ـهـا/: [فرانسوی]/اسم. پومـپ؛ تورمپـا؛ ئـامرازی هـەلکـشان یـان پژانـدنی تراو.

▣ پمپ آب: پومپاو؛ ترومپای ئاو.

پمپ باد: ترومپـا؛ پومـپ بـا: ١. شـوێنی بـا تـێ‌کـردنی تـەگـەرەی گـەڕۆک و... ٢. ئامرازی با تێکردن.

پمـپ بنـزین: پـۆمپی بـەنـزین: ١. شـوێنی فروشـــتنی بـــەنـــزین و نـــەوت و... ٢. دەزگـای ڕژانـدنی بـەنـزین بـۆ نـاو بـاکی ماشێن.

پمپـــاژ / pompāj/: [فرانـسوی]/اسـم. پومپـاژ؛ هـەلکێـشی؛ هـەلـخەری؛ کـار یـا ڕەوتی ڕاگـوێزانی تـراو بـەهـۆی پۆمپـەوە ‹آب را تـا ارتفـاع زیـادی پمپاژ مـی‌کنـد: تـا بـەرزاییـەکـی زۆر ئاوەکە هەلدەخا›.

پنابـاد / panābād، ـهـا/:اسم.[قـدیمی] پـەنابا؛ پەناوا؛ پەنابات؛ دەشایی؛ سـکەی بـەرامبـەر بـە ٥٠ دینـار؛ پـارەیـەکـی کـۆنی ئێرانـە، دوانی دەبووە قەرانێک.

پنـــالتی / penāltî، ـهـا/: [انگلیـسی]/اسـم. ١. [ورزش] پنالتی؛ ئەو تـاوانـەی کـە لـە سـۆنگەی هەلەی یاریکارێکـەوە بـەر ئـەکـەوێ ٢. تـاوان؛ جەریمە.

پنـاه / panāh/:اسم. پـەسـێو؛ پـەنـا؛ دالـدە؛ هانا؛ چەپالە؛ ئەنـوا؛ ئـەوەی کـە دەبێتـە هـۆی ڕزگاری یان پەڕینەوە لە مەترسیەوە.

▣ پناه بر خـدا: پـەنـا بـەخـوا؛ خـوا تۆبـە؛ بـۆ خۆپارازتن لە بەلا دەگوترێ.

▣ پنـاه آوردن: پارێزگـاری خواسـتن؛ دالـدە هێنـان؛ هانـا هـاوردن؛ پـەنـا هێنـان؛ هاتنـە بەر دالدەوە؛ پەنـا ئـاردەی ‹از شـدت سرما بـە زیـر صـخرەای پناه آوردند: لـە بـەر تـۆفی سەرما هانای هێناوە ژێر گابەردێ›.

پناه جستن: ڕاخوستن؛ پەنـا بـەر بـوون؛ پـەنـا گرتن؛ پەنا بردن؛ بۆ پەنا گەڕان.

پنـاه دادن: پـەنـادان؛ قـەفانـدن؛ هـەڤـاندن؛ حاواندنـــــەوە؛ هانـــــادان؛ هێورانـــــدن؛ هـەوێنـایش؛ ڤـەحـەوانـدن؛ هێـڤراندن؛ چـەپالـەدان؛ دالـدەدان؛ جێگـەدان؛ پـەنـا دەی.

پناه گـرفتن: پـەنـاگرتن؛ خـۆ پـەنـادان؛ خـۆ حـەشـاردان؛ خـۆ قـەرەوال‌دان؛ پـەنـا گێرتـەی؛ بـۆ ڕزگـاری لـە مـەترسیەک، لـە شـوێنێکدا خـۆ شـاردنەوە ‹پـشت دیـوار پناه گرفت: لە پشت دیوارەکەوە خۆی حەشاردا›.

پنـاهجو / panāhcû، ـها؛ ـیان/:اسم. پـەنابـەر؛ هانابـەر؛ پـەنـاخواز؛ پنـاواز ‹پناهجویـان کـویتی وارد عربـستان شـدند: پـەنابـەرانی کـوەیـتی گەییشتنە عەرەبستان›.

پناهگـــاه / panāhgāh، ـهـا/:اسم. پـەسـیو؛ پەناگا؛ پەناوا؛ پەنامگـا؛ سامە؛ گیـان‌پـەنـا؛ نـوا؛ ئەنوا؛ نوانی؛ مالتیـە؛ قایـە؛ دالـدە؛ لیـز؛ لیزگـە؛ وار؛ قەف؛ چراخ؛ چەپالە؛ جێگەی حاوانەوە.

پناهنـــدگی / panāhandegî، ـهـا/:اسم. پەنابەری؛ پەنابـەریـەتی؛ کـار یـان ڕەوتی پـەنـا

بردن ‹او از ایتالیا تقاضای پناهندگی کرد: لە ئیتالیاوە داوای پەنابەری کرد›.

پناهنده / panāhande، ـها؛ ـگان/: اسم. پەنابەر؛ پەناهێناو؛ دەخیل؛ لاجە؛ داڵدەخواز؛ گیانداریٚ کە لە بەر مەترسی پەنا دەباتە بەر کەسیٚ یان شوێنیٚک.

◙ پناهندهٔ اجتماعی: پەنابەری کۆمەڵایەتی؛ کەسیٚ کە لە بەر توند و تیژی ئایینی یا کۆمەڵایەتی، بشێوە یا شەڕ لە وڵاتی خۆیدا، پەنا دەباتە وڵاتێکی‌تر.

پناهندهٔ سیاسی: پەنابەری سیاسی؛ کەسیٚ کە لە بەر خەباتی سیاسی و دژایەتی لەگەڵ حکوومەتی وڵاتی خۆیدا، ئیتر ناتوانیٚ ئازاد لەویٚ بژی و پەنا دەباتە بەر وڵاتێکی‌تر.

◙ پناهنده شدن: پەنابەر بوون؛ پەنابردن؛ بۆ دووری لە مەترسی بە کەسێک یان بۆ شوێنێک پەنا بردن.

پناهیدن / panāhîdan/: مصدر. لازم. [نامتداول] هێوران؛ هەڤان؛ هێورین؛ پەنابەر بوون؛ پەنا بەردەی.

پنبه / pambe, panbe، ـها/: اسم. لۆکە؛ لۆک؛ لکە پەمۆ؛ پەمە؛ پەمبۆ؛ پەنبۆ؛ پەنبی؛ پەمە؛ پەمبی؛ پەمپە؛ وڕ: ١. گیای لۆکە؛ پووشی پەمو ٢. لووکە؛ تاڵ و ریشاڵی (زۆرتر سپی) وەک خووری؛ بەرهەمی گیای لۆکە.

◙ پنبهٔ درختی: پەمووی درەختی؛ ریش و ریشاڵی دەوری میوەی بڕیٚ لە داران (وەک نارگیل، گەنمەشامی و ...).

پنبهٔ کوهی: پەمۆی کێوی؛ پەمۆ کێفی؛ جۆرێک پەمووی نەسووچ بە ریشاڵگەلی نەرم و جوانەوە.

پنبهٔ نسوز: پەمۆی نەسۆچ.

◙ پنبه به ریش کسی گذاشتن: [کنایی] ماستاو بۆ کەسێک‌کردن؛ داڵان بۆ کەسێک راماڵین؛ بۆ کەسێک زوان چەوری‌کردن؛ پیاز بۆ کەسیٚ پاک‌کردن؛ کلک بۆ کەسێک بادان؛ کلکەسووتە بۆ کەسێک‌کردن؛ خوڵتەی کەسێک کردن ‹حالا نمی‌خواهد این‌قدر پنبه به ریش او بگذاری: ئێستە نایەویٚ ئەوەندە ماستاوی بۆ بکەی›.

پنبه در گوش کردن: [کنایی] گویٚ ئاخنین؛ خۆ کەڕکردن؛ گوێچکە لیٚ‌خەفاندن؛ گویٚ لیٚ‌داخستن؛ کلک پیٚ‌هەڵپەساردان؛ گۆشیٚ ئاخنەی؛ گویٚ نەگرتن بۆ قسەی خەڵکی ‹مگر پنبه در گوشت کرده‌ای کە حرف مرا نمی‌فهمی: مەگەر گوێت ئاخنیوە لە قسەم تێناگەی›.

پنبه زدن: پەمبیٚ ڤەژاندن؛ پەموو شی کردنەوە.

پنبهٔ کسی را زدن: [مجازی] بەڕی کەسێک داماڵین؛ سووک و چرووک کردنی کەسێک؛ عەیب‌گەلی کەسێک دەرخستن و بیٚ‌ئابڕووکردنی ‹دیروز رادیوها پنبهٔ آقای وزیر را زدند: دوێنیٚ ڕادیۆکان، بەڕی ئاغەی وەزیریان داماڵی›.

پنبهٔ لحاف کهنه باد دادن: [کنایی] کای کۆنە وەبادان؛ کێشانە بان؛ کۆراندنەوە؛ قسەگەلی ڕابردوو (وەک شانازی یان گلەیی و سکالا) نویٚ‌کردنەوە ‹باز می‌خواهی پنبهٔ لحاف کهنه باد بدهی؟: هەمیسان دەتەویٚ کای کۆنە وەبا دەی؟›.

با پنبه سر بریدن: [مجازی] نەرمەبڕی کردن؛ کلک پێوەکردن؛ بە زرینگی و شیرین زمانی خەڵکی فریودان ‹از آنهاست کە با پنبه سر می‌برد: لەوانەیە وا نەرمەبڕی دەکا›.

پنبـه‌ای / pambe'î, panbe'î/ ـهـا/: صـفـت. لۆکـەیـی؛ پـەمـوویی؛ پـەمـۆیی؛ پـەمـەیـی؛ پـەمووئاسـا؛ پـەمـەچـەشـن: ۱. لـە جنسی پەمـوو ‹پارچـەی پنبـه‌ای: پارچـەی پـەمـوویی› ۲. بـە بیچمـی پـەموویـیـەوە ‹گلهـای پنبـه‌ای: گولـە پـەموویـەکـان› ۳. [گیـاه‌شناسـی] تـووکن؛ داپۆشـراو لـە کولـکی نـەرم و لێـک‌ئـاڵاوی سپی.

پنبـه‌دانـه / pambedāne, panbe-/ ـهـا/: اسم. ناوکـەپـەمـۆ؛ ناوکـە لۆکـە؛ پـەموانـە؛ دەنکـە پـەمـوو؛ پـەمۆدانـە؛ پـەمـەتۆهـە؛ پـەمبۆدانـە؛ دەنکی گیای پەمۆ.

پنبـه‌زار / pambezār, panbe-/ ـهـا؛ ـان/: اسم. [ادبی] پەمۆجاڕ؛ دەشتەپەمۆ؛ کێڵگەی پەمۆ.

پنبـه‌زن / pambezan, panbe-/ ـهـا/: اسم. ۱. پـەڕەکـەر؛ کـەڤـانژەن؛ کێـرنج؛ جیکـەنـە؛ ئـامرازی کولـکە بـە کـەوان شـی‌کـەرەوە ۲. هەلاج؛ حەلاج؛ کەسـێ کـە بـە کـەوان لۆکـە و کولکە شی دەکاتەوە. هەروەها: **پنبه‌زنی**

پنبـه‌کـار / pambekār, panbe-/ ـهـا؛ ـان/: اسم. پـەمووکـاڵ؛ پـەمووکـار؛ کـەسـێ کـە پیـشەی پەمووکاریە.

پنبـه‌کـاری / pambekārî, panbe-/: اسـم. پـەمووکـاری: ۱. پـەمووکـاڵـی؛ پـەمووکاڵـین؛ کـار یـان ڕەوتی چانـدنی پـەمـوو ‹در مریـوان سـرگرم پنبـه‌کـاری است: لـە مـەریوانـدا خـەریکـی پـەمووکاریـە› ۲. /ـهـا/ کێـڵگەی پـەمـوو؛ مەزرای پەموو ‹گـاو رفتـه تـوی پنبـه‌کـاری، خرابـی بـار آورده: گاکـە چـۆتـە نێـو پـەمووکاریـەکـەوە و زیانی داوە›.

پنـت / pont/ ـهـا/: [انگلیسی] اسم. پۆنـت: ۱. یەکەی ئەنـدازەی پیـت، کـە لـە ئێرانـدا ۰٫۳۷ میلـی‌میتـرە و لـە بریتانیـا و ئامریکـادا ۰٫۳۵ میلـی‌میتـر ۲. مـەودای پیـت هـەر بـەو ئەندازەوە * **پُنط**

پنتـی / pentî/ ـهـا/: صفت. [گفتـاری] ۱. شـپرز؛ ئالۆز؛ شپرۆڵ؛ شپڕ؛ شێـلە و پێلە؛ هـەڵـشێواو ‹اُتـاق پنتـی: ژووری شـپـرز› ۲. سـووک و چـرووک؛ بـێ‌عـار؛ بـێ حـەشـر و نـەشـر ‹آدم پنتی: مرۆی سووک و چرووک›.

پـنج[1] / panc/: اسم. پێـنج؛ پـەنـج؛ ژمـارەی دوای چـوار و بـەر لـە شـەش ‹رسیدیم بـە عدد پنج: گەیشتینە ژمارەی پێنج›.

پنج[2]: صفت. پێـنج: ۱. یـەکـێ زۆرتـر لـە چـوار دانـە ‹پـنج مـرد: پـنج پیـاو؛ پـنج کتـاب: پـنج کتێـب› ۲. پێـنجم؛ پێنجـەم ‹طبقـەی پـنج: نهۆمی پنج›.

پنج ـ[3]: پیشوازه. پـەنـجـ ؛ پێـنجـ ؛ خـاوەنی پێنج دانە لە شتێک ‹پنج‌پهلو: پنج‌پاڵوو›.

پـنج‌انگـشت / pancangošt/ ـهـا/: اسـم. ۱. گیاپـەنجـە؛ پاقلانچکـە؛ گیایـەکـە لێـوارەی گەڵاکانی برکە ـ برکـەیـە و گولـەکـانی سـپی و زەردن ۲. دارئاڵـەت؛ بنچکـێ کـە چێـوی سەختی هەیـە و میوەکـەی بـۆنی بیبـار دەدا: **دل‌آشوب؛ فلفل برّی**

پنجـاه[1] / pancāh/: اسم. پـەنجـا؛ پێنجـی؛ ژمـارەی دوای چـل و نـۆ و بـەر لـە پـەنجـا و یەک.

پنجاه[2]: صفت. پەنجـا: ۱. پـەنجـا؛ دانـەیـەک زۆرتـر لـە چـل‌ونـۆ ۲. پـەنجایـەمـین؛ پەنجاهەم؛ پەنجایەم.

پنجـاهم / pancāhom/: صفت. پـەنجایـەم؛ پەنجاهەم؛ بە ڕیز و پلەی پەنجاوە.

پنجـاهمی / pancāhomî/: ضـمیر. پەنجایەمی؛ پەنجاهەمـی؛ ئـەوەی کـە لـە ڕیـز و پلەی پەنجاهەمدایە.

پنجـاهمین / pancāhomîn/: صـفت. پەنجاهـەم؛ پـەنجاهـەمـین؛ بـە ڕیـز، پلـە یـان جێگەی پەنجاوە.

پـنج‌بـر / pancbar/ ـهـا/: اسم. پـەنـج‌پاڵـۆ؛

بیچمی بەسراوی هەندسی کە پێنج پاڵ و پێنج سووچی هەیە: **پنج‌ضلعی**

پنج‌پر / pancpar/: *صفت.* پێنج‌پەڕ؛ بە پێنج لق یا پێنج قۆرتەوە ‹ستاره پنج‌پر: هەسارەی پێنج‌پەڕ›.

پنجدری / pancdarî، ـها/: *اسم.* پەنجدەری؛ هۆدەیەکی هەراو لە خانوبەرە کۆنەکاندا، بە پێنج دەلاقەی دووتاییەوە.

پنجره / pancere, pancare، ـها/: *اسم.* ستادی؛ ساتی؛ سباک؛ تەشاوی؛ دەروەچە؛ دووەری؛ شەباکە؛ وەنەدیک؛ نما؛ پەنجێرە؛ پەنجەرە: ۱. چوارچێوەیەک بۆ رووناکی و گۆڕانی هەوا لە دیواری ماڵدا ۲. دەلاقە؛ شووشە؛ شیشە؛ چوارچێوەی شیشە تێخراوی ماشێن و فرۆکە و گەمیە و ... بۆ ڕۆشنایی.

▣ پنجرەی زیر سقف: دەلاقە؛ ستاتی‌چکۆلە؛ هەواکێش.

پنجرەی سقفی: کونارۆچن؛ کونەڕۆچنە؛ کلاوڕۆچن؛ کونارۆشن؛ بانجە؛ کوناوج؛ کوناوەجگە؛ کوناوەجە؛ کوناوچە؛ کولاوکە؛ دەلاقەیێک لە سەرمیچی ماڵەوە بۆ رووناکی و گەلێک جار بۆ هاتوچووی هەوا.

پنجشنبه / pancšambe, pancšanbe، ـها/: *اسم.* پێنجشەمۆ؛ پەنجشەمە؛ ڕۆژی دوای چوارشەمبە و پێش جومعە.

پنجشنبه‌شب / pancšambešab, pancšanbe-، ـها/: *اسم.* پێنجشەمەشەو؛ پەنجشەمەشەو؛ شەوی هەینی؛ شەوی بەر لە ڕۆژی هەینی.

پنج‌ضلعی / panczel'î/: [فارسی/ عربی] ☜ **پنج‌بَر**

پنجگاه / pancgāh/ ☜ **راست‌پنجگاه**

پنجم / pancom/: *صفت.* پێنجم؛ پەنجەم؛ یەکێ دوای چوارەم؛ بە ڕیز، پلە یان جێگەی پێنجەوە.

پنجمی / pancomî، ـها/: *ضمیر.* پێنجەمی؛ پەنجەمی؛ ئەوەی لە ڕیز و جێگەی پێنجەمدایە.

پنجمین / pancomîn/: *صفت.* پێنجەمین؛ پەنجەمین؛ پێنج‌هەمین.

پنج‌وجهی / pancvachî، ـها/: [فارسی/ عربی] *اسم.* پێنج‌پاڵوو؛ بیچمێک بە پێنج پاڵووەوە.

پنجول / pancûl، ـها/: *اسم.* *[گفتاری]* پەنجە؛ چنچرووک؛ چنجرووک؛ چرنووک؛ پینگۆل؛ چنج؛ چنگاڵ؛ چنگ؛ چنگۆلە؛ چنگەل؛ چرنۆک؛ چنگلێ؛ چونگلێ؛ پەنجەی دەست.

▣ پنجول کشیدن: چنگ‌کێڕان؛ چنگووڕ گرتن؛ بە نینۆکی ئەنگوستان شتێ کڕاندن؛ چنگەماڵ‌کەردەی؛ چنگلێ کێشەی.

پنجه / pance، ـها/: *اسم.* ۱. ناولەپ؛ ناو لەواس ۲. پەنجە؛ پەنجێ؛ شوێنی دەس و پا، یان ئەوەی بە شێوەی دەست و پایە.

▣ پنجە کشیدن: ۱. دەست پێدا هێنان؛ دەست پێدا کێشان؛ دەس پیا هاوردن ۲. چرنووک‌گرتن؛ چنگ‌گرتن؛ چنگووڕ گرتن.

پنجه‌ای / pance'î/: *صفت.* پەنجەیی؛ لە بیچمی پەنجە ‹برگ پنجه‌ای: گەڵای پەنجەیی›.

پنجه‌بکس / panceboks، ـها/: [فارسی/ فرانسوی] *اسم.* پەنجەبوکس؛ بۆگزە.

پنجه‌رو / pancerow، ـها؛ ـان/: *صفت.* *[زیست‌شناسی]* پەنجەڕۆ؛ سەرپەنجەڕۆ؛ تایبەتمەندی گیاندارێ کە بە سەر پەنجەوە دەڕوا.

پنج‌هزاری / panchezārî, panczārî، ـها/:

اسم. پەنجقەرانی؛ پارەیەکی کانزایی ئێرانی (نیوەی تمەنێک) کە ئێستا باوی نەماوە.

پنچر / pančar/: [از انگلیسی] صفت. پەنچەر؛ تایبەتمەندی تەگەرەی کون تێبووگ (لە لاستیکی تەگەرە و...) ‹ماشینمان در راه دوبار پنچر شد: لە ڕێگادا دووجار ماشێنەکەمان پەنچەر بوو›.

پنچرگیر / pančargîr، ـها، ـان/: [از انگلیسی/فارسی]/اسم. پەنچەرگر؛ ئەو کەسەی کە کاری، گرتنی پەنچەری تەگەرەیە.

پنچرگیری / pančargîrî، ـها/: [از انگلیسی/فارسی]/اسم. پەنچەرگری؛ پەنچەرگیری.

پنچری / pančarî/: [از انگلیسی]/اسم. ١. پەنچەری ‹تا پنچری لاستیک را نگیرم نمی‌روم: تا پەنچەری تەگەرەکە نەگرم، ناچم› ٢. پەنچەرگیری ‹مغازەی پنچری: کارگەی پەنچەرگیری›.

پند / pand، ـها/: اسم. [ادبی] ئامۆژگاری؛ ئامۆژیاری؛ ئامۆژاری؛ مۆژیاری؛ مۆژگاری؛ مۆچیاری؛ کەت؛ پەند؛ کەلەمە؛ کردە یان وتەی ڕێنوێنی.

▣ **پند دادن:** ئامۆژگاری کردن؛ مۆژیاری کردن؛ مۆچیاری‌دان ‹آن پیر خردمند مرا پند داد: ئەو پیرە زانایە موژیاری کردم›.

پند گرفتن: پەند وەرگرتن؛ لە گوێ گرتن؛ قسە هەڵگرتن ‹باید از تاریخ پند بگیریم: دەبێ لە مێژوو پەند وەرگرین›.

پندار / pendār، ـها/: اسم. [ادبی] ١. هزر؛ وێنەی زەینی لە شتێ کە لە ژێر کارتێکردوویی هەستدا نیە ٢. گومان؛ خەیاڵ؛ داوەری یان باوەڕی کەسێک لە بارەی شت یان دیاردەیەکەوە، بەرلەوەی ئازمابێتی ٣. وەهم؛ بیر و هزرێک کە لەگەڵ ڕووداوەکانی جیهانی دەرەوەدا، یەک ناگرنەوە ❋ **پنداشت**

پنداری / pendārî/: صفت. خەیاڵی: ١. سەر بە بیر و گومانەوە ٢. ناڕاستەقینەیی.

پنداری / pendārî/: قید. [ادبی] وەک بێژی؛ وەک شتێ؛ دەڵێی؛ وەک ئەمە؛ وەک ئەمەبوو؛ ئەیژیتە؛ هەر ئێژی؛ گوایا؛ گاوا؛ هەروەک؛ ئەجۆ؛ تمەز؛ تومەس؛ تمەس؛ چمەس؛ چە ئەمە؛ وات ئەزانی؛ واچێنی؛ دەتگوت؛ وا پیشانی‌ئەدا ‹پنداری تازه از خواب برخاسته بود: وەک بڵێی تازە لە خەو هەستابوو›.

پنداشت / pendāšt/ ☜ **پندار**

پنداشتن / pendāštan/: مصدر. لازم. [ادبی] //**پنداشتی:** واتزانی؛ **میپنداری:** وادەزانی؛ **بپندار:** وابزانە// وازانین؛ بیر بردن؛ وادانان؛ ئەجیەی؛ ئەجیای؛ تەنیا بە یارمەتی زەین (و بێ‌لێکۆڵینەوە و تاقی‌کردنەوە) داوەری کردن یان نرخاندن؛ گومان کردن.

هەروەها: **پنداشتنی**

■ صفت فاعلی: **پندارنده** (ـ)/ صفت مفعولی: **پنداشته** (وازانراو)/ مصدر منفی: **نپنداشتن** (وانەزانین)

پندآموز / pandāmûz، ـان/: اسم. [ادبی] ئامۆژیار؛ ئامۆژگار؛ ئامۆژکار؛ ئامۆجیار؛ پەندئامۆچ؛ مۆچیاری‌کەر؛ پەندەوان؛ پەندێن؛ ئەو کەسەی ئامۆژگاری بە خەڵکی دەدات. هەروەها: **پندآموزی**

پندآمیز / pandāmîz/: صفت. نەستەق؛ ئامۆچار؛ پەندانە؛ پەندەوانە؛ تێکەڵاو لەگەڵ پەنددا ‹سخن پندآمیز: قسەی پەنددار›.

پندپذیر / pandpazîr، ـان/: صفت. [ادبی] پەندوەگر؛ ئامۆژگیر؛ گوێ‌بەند؛ پەندگر؛ گوێ‌ڕاگر؛ گوێ‌بیست؛ گۆش‌گیر؛ خاوەن توانایی یان ئۆگرەتی بۆ وەرگرتنی ئامۆژگاری و ڕەچاوکردنی: **پندشنو**.

هەروەها: **پندپذیری**

پندشنو / pandšeno/ ☜ **پندپذیر**

پندنامه / pandnāme، ـها/:/اسم. پەندنامە؛ پەرتووک یان نووسراوەیەک کە پەند و ئامۆژگاری تێدا خڕکراوەتەوە.

پندنیوش / pandniyûš، ـان/: صفت. [ادبی] گوێبیس؛ گۆشدەر؛ پەندژنەو.

پندیات / pandîyyāt/: (!) [فارسی به قاعدەی عربی]/اسم. پەندان؛ پەندێ؛ قسەی نەستەق.

پنس / pans، ـها/: [انگلیسی]/اسم. ١. پەنسە؛ کەلبەتان؛ ساسۆن ٢. گیرە.

◙ پنس جراحی: گیرەی برینکاری.

پنس کاغذ: گیرەی کاغەز.

پنس / pens/: [فرانسوی] جمعِ ☜ **پنی**

پنسیلوانین / pensîlvāniyan/: [؟]/اسم. پینسیلوانین؛ شەشەم دەورە لە دەورانی یەکەمی زەوی‌ناسی.

پنط / pont/: [انگلیسی] ☜ **پُنت**

پنکه / panke، ـها/: [هندی]/اسم. پەنکە؛ پانکە؛ باوەشێن؛ بافرنەک؛ واژەن؛ ئامرازی بەرقی بۆ فێنککردنەوە.

◙ پنکەی سقفی: پەنکەی میچی.

پنگان / pangān/:/اسم. ١. ☜ ساعت آبی، **ساعت** ٢. ☜ ساعت شنی، **ساعت** ٣. ☜ **فنجان_٣**

پنگوئن / pango'an، ـها/: [فرانسوی]/اسم. پەنگۆوەن؛ چەشنێک پەلەوەری ناوچەی ساردی جەمسەری باشووری زەوین.

پنوماتیک [1] / penomātîk/: [فرانسوی]/اسم. پێنۆماتیک؛ لقێ لە زانستی مکانیک کە لە چۆناوچۆنی گازەکان دەکۆڵێتەوە.

پنوماتیک [2] ☜ **پنوماتیکی**

پنوماتیکی / penomātîkî/: [فرانسوی] صفت. پێنۆماتیکی؛ پێنۆماتیک: **پنوماتیک**

پنهان / penhān/: صفت. شاراوە؛ پێوار؛ نادیار؛ نەدیار؛ پەنام؛ پەنهان؛ وەشارتی؛ تۆم؛ سەربەسە؛ سەربەستە؛ کیس؛ بەرپیوار؛ فاری؛ پەنامەک؛ نهێن؛ هشار؛ هەشار؛ حەشار؛ حەشاری؛ پۆشراو؛ پەنا؛ سەخت؛ شیش؛ وەشێر؛ شار ‹جای پنهان؛ کار پنهان: شوێنی پێوار؛ کاری نادیار›.

◙ پنهان شدن: خۆ شاردنەوە؛ خۆ وەشارتن؛ خۆ گومکردن؛ خۆ ونکردن؛ خۆ پەنادان؛ ڤەشەمڕان؛ خۆ حەشاردان؛ رووگرتن؛ قایم بوون؛ پەنامگێرتەی ‹پس از فرار از زندان مدتی پنهان شد: دوای هەلاتن لە بەندیخانەدا ماوەیەک خوی شاردەوە›.

پنهان کردن: شاردنەوە؛ شیش‌کردن؛ وەشارتن؛ وەدایەنە؛ ڤەراکرن؛ وەشاردن؛ ڤەشارتن؛ ئاشاردن؛ هەشاردن؛ شاراندن؛ شێڕاندن؛ کیساندن؛ تاقەت‌کردن؛ ڤەسماندن؛ شێرانەوە؛ نخفتن؛ داپۆشین؛ نومتش؛ قایم‌کردن؛ پۆشین؛ پۆشان؛ ئاوا کردن؛ نەپەندن؛ هەلانین؛ وەشێردان؛ شارایەوە؛ ئەوەشارەی؛ سەخت‌کەردەی؛ هەشاردان ‹پولها را توی باغچه پنهان کرد: پوولەکانی لە ناو باخچەکە شاردەوە›.

هەروەها: **پنهان بودن؛ پنهان داشتن؛ پنهان‌گشتن؛ پنهان ماندن**

پنهانکار / penhānkār، ـها؛ ـان/: صفت. نهێنی‌کار؛ چێرکار؛ ئاو ژێرکا؛ خاوەن ئاکاری پەنامەکی ‹مردی بی سروصدا و پنهان‌کار است: پیاوێکی بێدەنگ و نهێنی‌کارە›.

پنهانکاری / penhānkārî، ـها؛ ـان/:/اسم. نهێنکاری؛ دۆخ یا چۆنیەتی کارکردن بە دوور لە چاوی خەڵک ‹شیوەهای گوناگون پنهانکاری به آنان آموزش داده می‌شود: شێوازە جۆراوجۆرەکانی نهێنی‌کاری فێر دەکرێن›.

پنهانی [1] / penhānî/: صفت. نهێنی؛ پەنامەکی؛ دزەکی؛ شاردراوە؛ ڤەشارتی؛ وەشێرا؛ شاریاوە ‹عشق پنهانی: ئەوینی

نهینی›.

پنهانی[۲]: *قید.* بەدزیەوە؛ پەنامەکی؛ لە ژێرەوە؛ چێرەنە؛ بە نهێنی؛ دزەکی ‹پنهانی با او قرار گذاشت: پەنامەکی لەگەڵیدا کەین و بەینی بەست›.

پنی / penî/: [انگلیسی]*اسم.* پێنی؛ وردەی پوند (پارەی ئینگلیس، ئیرلەند و بڕێک وڵاتانی‌تر).

پنیر / panîr، ـها/: *اسم.* پەنیر؛ پەنێر؛ پەنێرە؛ تڵ؛ پێخۆری برای ماست.

پنیرک / panîrak، ـها/: *اسم.* پەیکە؛ تۆڵک؛ چێچێ؛ قەرەتوورە؛ نانکێ؛ چوچکا؛ نانەحاجیلە؛ نانکی‌چویکا؛ تۆرەکە؛ نانی‌حاجی؛ لەگلەگ؛ نانێ‌چووچک؛ نانێ‌چوک؛ نانێ‌مێچکا؛ پەپەچەور؛ پەپکەچەور؛ پەپکەمەلیچک؛ کولێرەچەورە؛ تولە؛ تولیە؛ تۆلەکە؛ تۆلکە؛ تۆڵەکێ؛ پەنێرە؛ پەنیرە؛ پەپکە مەلیچکانە؛ پامەلووچکانە؛ گیانانەشان؛ پەنێرۆکە؛ نان‌حاجی‌لەق‌لەق؛ گیایەکی یەکسالانە، بتێکی سپی گۆشتن و لەقێکی ڕاست و لووس و گەڵای پەنجەئاسای هەیە، بە گوڵی سپی ئاماڵ بەنەوشەوە.

پنیرمایه / panîrmâye/: *اسم.* فریشک؛ شیلاوک؛ ژیلاوک؛ ڕیتکە؛ هەوێن؛ هوشە؛ ئامێژە؛ ئامێژەن؛ ئامیان؛ شیلاوقە؛ ئامیانی پەنیر.

پنی‌سیلیوم / penîsîlyom/: [؟] ☜ کپک سبز، **کَپک**

پوار / pûvār, povār، ـها/: [؟]*اسم.* *[پزشکی]* ئابدۆزەک؛ ئاودۆزەک؛ شریقە؛ فیچقە؛ فیشقە؛ ئامرازێکی دەرزی ئاسا کە دەرمانی پێ لە لەش دەکەن.

پوئم‌سمفنی / po'emsamfonî, -sanfonî، ـها/: [؟]*اسم.* *[موسیقی]* سەمفونی؛ جۆرێک مووسیقای وەک بەیت و باوی کوردی.

پوئیدن / pû'îdan/ ☜ **پوییدن**

پوپک / pûpak، ـها؛ ـان/: *اسم.* *[ادبی]* پەپوو؛ پەپووک؛ پەپووکە؛ پەپوو سڵێمانە؛ پەپوو سێمانە؛ پەپوو سڵێمانکە.

پوپلین / puplîn, poplîn/: [؟]*اسم.* *[قدیمی]* پۆپلین؛ جۆرێ قوماشی تەنک و بێ‌نەخشە زۆرتر لە بەنی پەموو چێ دەکرێ.

پوت / pût/: [روسی]*اسم.* *[قدیمی]* پووت؛ تەنەکە؛ یەکەی کێشانە بەرامبەر بە ١٦ کیلۆ: **پوط**

پوتین / pûtîn، ـها/: [از فرانسوی]*اسم.* پووتین؛ چزمە؛ جزمە؛ لاپچین؛ پێڵاوی تا قولەقاپە.

پوچ / pûč/: *صفت.* پووچ؛ پووچەڵ؛ پوچەڵ؛ بێ‌ناوک؛ بێ‌کاکڵ؛ پووک؛ واڵا؛ هوو: ١. قت؛ هیچ ‹قرعه‌ای که برداشت پوچ بود: ئەو پشکەی هەڵیگرت پوچ بوو› ٢. بێ‌سەرومڕ؛ مەحف. بەرانبەر: **پرمغز** ‹حرف پوچ: قسەی پووچ›.

پوچی / pûčî/: *اسم.* پووچەڵی؛ پووچی؛ قتی؛ بێ‌ناوەرۆکی؛ دۆخ یا چۆنیەتی بێ‌ناوەرۆک بوون ‹از پوچی زندگی خود رنج می‌بُرد: لە پووچەڵی ژیانی وەڕەز بوو›.

پوخ / pox/: [ترکی] ☜ **پُخ**

پود / pûd، ـها/: *اسم.* پۆ؛ هەڤۆ؛ هەواڵی رایەڵ ‹تار و پودش ابریشم است: تان و پۆی هەوریشمە›.

پودر / pûdr، ـها/: [فرانسوی]*اسم.* پوودر: ١. خۆڵ ئاسا ‹شیشه مثل پودر شد: شیشەکە وەک پوودری لێهات› ٢. بەرهەمی گەردئاسای زیاتر پیشەسازی بۆ دەرمان، خاوێن‌کردنەوە و...

◙ **پودر بچه**: بۆدرەی منداڵ؛ گەردی منداڵ؛ گەردێکە لەشی منداڵی ساوای

پێ دەماڵن، نەسووتێتەوە.

پـودر لباسـشویی: گـەرتـەک؛ پـوودری جـل شۆری.

⊡ پـودر شـدن: ورد بـوون؛ هارِیـان؛ هـورد بوون؛ بوونە تـۆز؛ ورد و خـاش بـوون؛ بیـەی بووڵە.

پـودە / pûde، ـهـا/: صفت. پـوواو؛ پرتووکـاو؛ پرتووکیــاگ؛ پردووخیــاو؛ دارِزاو؛ دارِزیــاگ؛ رزیو؛ رزاو؛ لەبەر یەک چووی لەکار کەوتوو.

پـور / pûr، ـان/: اسـم. [ادبـی] کـور؛ پـس؛ منداڵی نێرینە.

پورسـان / pûrsān/: [فرانسوی] اسـم. [مخفف] دەسکارانە؛ کارانە؛ دەسخۆشانە؛ مزی‌کار.

پورسـانتاژ / pûrsāntāj، ـهـا/: [فرانسوی] اسـم. دەسـکارانە؛ مـزی‌کـار ‹در ایـن معاملـه پورسانتاژ خـوبی گـرفتیم: لـەم مامـەڵـەدا دەسـکارانـدیـەکـی باشمان وەرگرت›.

پورمـک / pûrmak/: اسـم. ١. پـەتـرۆک؛ پـەترۆمـە؛ پـەترۆکـە؛ پـەترۆخـە؛ پـەتـرۆ؛ قـەتماخـە؛ قرتماغـە؛ تۆیـەکی ناسـک کـە لـە سـەرەتـای چـا بوونـەوەی برینـدا لـێ پـەیدا دەبـێ ‹زخـم دسـتم پورمـک بسته: زامـی دەسـتم پـەترۆکـی هێنـاوە› ٢. کـەرِوو؛ کـەرِەکیفـە؛ برش؛ کـەرِۆڵـیە ‹ایـن پنیـر کـە پورمـک زده: ئـەم پەنیرە خۆ کەرووی هێناوە›.

پورنوگرافی / pornog(e)rāf î/: [فرانسوی] ☜ **هەرزەنگاری-٢**

پـورە / pûre، ـهـا/: اسـم. ١. پرگـە؛ پـوورە؛ بەچـک؛ شـڵخە؛ پـرگ؛ گـەرای مێـشەواڵـە ٢. پـوورە؛ وردکـراو و کـوتراوی سـێفەزەمـینی و دانـەوێـڵـەی کـولاو ٣. پێخـۆرێ کـە لـە کـوتراوەی نـۆک، باقلـە، نیـسک و بـەتایبـەت سـێفزەمینـە و کـەرە یـان رِۆن و جـار و بارەش هێلکە دروستی دەکەن.

⊡ پورەی ملخ: بەچەکولە؛ پوورە کولۆ.

پورەکن / pûrekon، ـها/: اسم. رِەندە؛ رِەنە.

پوز / pûz/ ☜ **پوزە**

پوزبند / pûzband/ ☜ **پوزەبند**

پوزخـنـد / pûzxand، ـهـا/: اسم. زەردەخـەنـە؛ بزەخـەنـە؛ گـورمز؛ پێکـەنینێـک بـە نیـشانەی تیز پێ‌کردن کـە تـەنیـا لێـو دەبـزوێن ‹همـەی دشنامها را با پوزخند پاسخ داد: هـەمـوو جنێـوەکـانی بە زەردەخەنە وەرام داوە›.

پـوزش / pûzeš، ـهـا/: اسـم. [ادبـی] لێبووردانـە؛ ئاکارێـک بـۆ نیـشاندانی پـەژیـوانی و داوای لێبووردن.

⊡ پـوزش خواسـتن: داوای لێبـووردن‌کـردن ‹به خاطر اتفاق دیـروز، پـوزش مـی‌خـواهم: لـە بـەر رووداوی دوێنێ داوای لێبووردن دەکەم›.

پوزشـخواهی / pûzešxāhî، ـهـا/: اسم. کـار یــان رەوتی داوا کــردنی لێبــووردن ‹بــرای پوزشخواهی بـە خانـەاش رفـت: بـۆ داوای لێبـووردن چووە ماڵی›.

پوزشـنامە / pûzešnāme، ـهـا/: اسم. لێبووردنامە؛ نووسراوە بۆ داوای لێبووردن.

پـوزە / pûze، ـهـا/: اسم. قـەپـۆز؛ قـەپـۆس؛ قـەپۆسـە؛ لمبـۆز؛ لمـۆز؛ لمـووز؛ لـەمبـووز؛ لەمووز؛ لـەمـۆز؛ پـۆز؛ پتوپـووز؛ لـچ و لێـو؛ دەم و پـووز؛ دەم و کـەپـۆی حـەیـوان * **پـوز؛ لک‌پوزە**

⊡ پوزەی کسی را بـە خـاک مالیـدن: [مجازی] کـەسـێک تـرۆکردن؛ کـەسـێک زەبـوون و رووشـکێن‌کـردن؛ سـەر بـە کـەسـێک داخـستن؛ روو بـە کـەسـێک نـەهێـشتن؛ پـشتی کـەسـێک خـەوانـدن ‹مردم عاقبـت پـوزەی زورگویـان را بـە خـاک مالیدنـد: خـەڵـک ئاخری زۆربێژەکانیان ترۆکرد›.

پـوزەبنـد / pûzeband، ـها/: اسم. دەمبـەس؛ دەمـــوەس؛ دەمبـــێن؛ دەمـــبین؛ دەوبـــێن؛ دەمبــەســت؛ قـــەمتـــەر؛ بزمـەک؛ نرمــک؛

بزموک؛ زاربنک؛ زاربەست؛ لوقمە؛ زاربێن؛ بزمک؛ ئامرازێکە بۆ بەستنی دەمی چوارپێ، بە مەبەستی بەرگری لە گازگرتن یان شت خواردنی.

پوزیسیون / pozîsyon /: [فرانسوی]/*اسم*. ١. دۆخ؛ بار؛ دەق ٢. *[نامتداول]* هەل و مەرج؛ جێگە و ڕێگە.

پوساندن / pûsāndan /: *مصدر. متعدی.* //**پوساندی:** داتڕزاند؛ **می‌پوسانی:** دادەڕزێنی؛ **بپوسان:** داڕزێنە// داڕزاندن؛ داڕزانن؛ پرتووکاندن؛ پواندن؛ ڕزاندن؛ پوونەی؛ پوونای ‹برگها و علفهای هرز را می‌پوسانند: گژوگیا هەرزەکان دادەڕزێنن›. هەروەها: **پوساندنی**

■ صفت فاعلی: **پوساننده** (داڕزێنەر)/ صفت مفعولی: **پوسانده** (داڕزێنراو)/ مصدر منفی: **نَپوساندن** (دانەڕزاندن)

پوساننده / pûsānande /: *صفت.* داڕزێنەر؛ پرتووکێنەر؛ بە تایبەتمەندی و توانایی داڕزاندنەوە.

پوست[1] / pûst / ـها/: *اسم.* پێست؛ پێس؛ پۆس؛ پۆست؛ پووس؛ پویست: ١. مرت؛ قولاخ؛ تۆک؛ تۆخ؛ کەوڵ؛ کەڤڵ؛ کەوڕ؛ دۆلگ؛ دەرەکی‌ترین بەشی جەستەی مرۆڤ و گیانداران ‹پوست دست؛ پوست گوسفند: پێستی دەست؛ کەولی مەڕ› ٢. توێکڵ؛ تۆکڵ؛ تۆخڵ؛ تێخۆڵ؛ تۆک؛ تۆخ؛ تۆشڵ؛ دەرەکی‌ترین بەشی ڕوەک ‹پوست درخت؛ پوست خیار: توێکڵی دار؛ پێستی خەیار› ٣. تۆکڵ؛ بەشی دەرەوەی هێلکەی گیانەوەران و ناوکەی ڕوەکان ‹پوست تخم‌مرغ؛ پوست گردو: توێکڵی هێلکە؛ توێکڵی گوێز›.

◘ **پوست از سر کسی کندن:** *[کنایی]* کەوڵی کەسێک‌کردن؛ پێست کەسێ‌کەندن؛ پۆس سەر کەسێ هاوردنە مل چاوا؛ کەسێک زۆر ئازار جەزرەبەدان.

پوست انداختن: ١. پێست هەڵخستن؛ پۆس خستن؛ پۆس دانەوە؛ پۆس هۆرئامەی؛ پۆس مالیایەرە ‹از بس زمین کندم، دستهایم پوست انداخت: ئەمەندە زەویم کەند، دەستم پێستی هەڵخست› ٢. کاژ خستن؛ کراژ خستن؛ پێست‌دانەوەی وەرزی مار و مێرووله.

پوست چیزی را کندن: پێستی شتێک گرتنەوە؛ تۆکڵ چتێ گرتنەوە؛ پاک کردن؛ پاخلێرکردنی شتێک؛ چتێک پاقلیرکردن؛ پۆسوو چێویە کەنای؛ پێست لە شتێک‌کردنەوە ‹پوستش را بکن بخور، خیلی خوشمزه است: توێکڵی بکەرەوە و بیخۆ، زۆر خۆشە›.

پوست خربزه زیر پای کسی گذاشتن: *[کنایی]* ساوێن خستنە بەرپێی کەسێکەوە؛ ساوێن دان لە ژێرپای کەسێک؛ پیلان گێڕان بۆ کەسێک بە پێیدا هەڵگوتن و لەخۆبایی‌کردنی ‹مواظب باش! با این بله‌قربان گفتن‌ها، دارند پوست خربزه زیر پایت می‌گذارند: وریا بە! بەم بەڵێ قوربان گوتنانەوە، خەریکن ساوێن نەخەنە بەرپێت›.

پوست کردن: *[گفتاری]* پاک کردن؛ پاخلێر کردن؛ قەشارتن؛ توخڵ‌گرتنەوە (زۆرتر بۆ خواردەمەنی) ‹خیار پوست کنید: خەیار پاک کەن›.

پوست کسی را کندن: *[کنایی]* کەوڵی کەسێک‌کردن؛ کەسێ گرژاندن؛ پۆس کەسێ گرتنەوە؛ چەرمی کەسێک دەق دان؛ ناوکی کەسێک‌گرتنەوە؛ کەسێک زۆر ئەزیەت دان.

پوست کسی کنده شدن: *[کنایی]* توێخ چوون؛ تووش تەشقەڵە بوون؛ پێست لە

کەسێک داماڵیان.

در پوست خود نگنجیدن ☜ **در**[۲]

پوستی: صفت. [گفتاری] پێستینە؛ پۆسی؛ پۆسین؛ دروستکراو لە پێست و کەوڵی گیانەوەران ‹پالتو پوستی؛ کُلاه پوستی: باڵتە پێستینە؛ کڵاو پێستینە›.

پوستاکن / pûstākan, -'ākan، ـها؛ ـان/: اسم. پێستەخۆشکەر؛ وشککەرەوەی پێستی پەلەوەر و گیانلەبەر.

پوستاکنی / pûstākanî, -'ākanî، ـها/: اسم. کاری وشکەوکردن؛ وشککردن؛ پێستە خۆشکەری.

پوستاندازی / pest'andāzî/: اسم. کاژ خستن؛ پۆسدانەوە؛ پۆس وستەی؛ ڕەوتێک لە گەورەبوونی مێشەواڵە و خزۆکان کە پێستی تازە شین دەکەن و لە پێستی کۆنە دەبنەوە.

پوستپلنگی / pûstpalangî/: صفت. پۆسپڵ- پڵی؛ پێست خاڵ- خاڵی.

پوستپیازی / pûst(e)piyāzî/: صفت. ۱. هەزارتوێ؛ توێ-توێ لە سەر یەک ۲. ناسک؛ بە پێستی ناسک و کەم هەڵکردەوە ۳. ڕەنگی پیاز؛ وەک ڕەنگی زەردی مەیلەو سوور؛ زەردی ئاماڵ ئاڵ.

پوستتخت / pûst.taxt، ـها/: اسم. تەختە پێس؛ کەولی پایەناز؛ تەختەکەولی پەز یان بزن کە وەک فەرش داخراوە.

پوستخرکن / pûst(e)xarkan، ـها/: صفت. [کنایی] پۆس تس گرەوە؛ گوو وشکەوکەر؛ چاوچنۆک؛ ڕژد؛ گەنووس؛ چەڵماس.

پوستر / poster/: [انگلیسی] ☜ **پُستِر**

پوستک / pûstak، ـها/: اسم. قاشک؛ توێی سەر بڕێک ئەندامانی گیا بۆ پاراستنی.

پوستکرده / pûstkarde، ـها/: صفت. پێست گیراو؛ تۆک گیراو؛ پاک کریاگ؛ تۆکەو گیریاگ؛ پێس گیریاو؛ پاک کراو؛ پۆستکەندە ‹سیبزمینی پوستکنده: سێفەزەمینی پێست گیراو›.

پوستکلفت / pûstkoloft، ـها/: صفت. ۱. پێستئەستوور؛ تۆکڵ قایم ‹هندوانه پوست کلفت: شووتی پێست ئەستوور› ۲. [مجازی] پۆس کوڵفت؛ پێست قایم؛ پێس قەوی؛ مل ئەستوور؛ گێپەڕ؛ خاوەن تاقەت و توانی زۆر (بە تایبەت لە بەرامبەر زەبر و ئازار و تێکۆشاندا) ‹خیلی پوستکلفت است، تحملش را دارد: فرە پۆس کوڵفتە، تاقەت تێرێ›. هەروەها: **پوستکلفتی**

پوستکن / pûstkan، ـها/: اسم. کەوڵکەر؛ کورێن؛ کەوڵگیر؛ تووک گیر؛ کەسێ کە پێست لە ماڵات دادەڕنێ

پوستکن / pûstkon، ـها/: اسم. تۆکەوگیر؛ توێکڵ گر؛ پۆس کەن؛ تۆکڵ گیر؛ ئامرازێک بۆ گرتنەوەی توێکڵی میوە و سەوزی (وەک سێفەزەمینە و کوولەکە و خەیار و سێف): **پوستگیر**

پوستکنده[۱] / pûstkande/: صفت. پۆسکەندە: ۱. توێکڵ گیراو؛ پۆس گیریاو؛ تۆکەوگیریاگ؛ تۆکڵ گیراو ۲. [کنایی] ڕووت و ڕاس؛ ڕەپ؛ ڕەپاوڕەپ؛ ڕاس-ڕاس؛ پەتی؛ ڕاشکاو و بێ پەردە ‹حرف پوستکنده: قسەی ڕووت و ڕاس›.

پوستکنده[۲]: قید. ڕەپ و ڕاست؛ ڕەپ؛ ڕەپاوڕەپ؛ بە ڕاس و ڕووتی؛ ڕاست و ڕەوان؛ بێ مسەمس؛ بە کوردی و کورتی ‹پوستکنده بگو نمیدهم: ڕەپ و ڕاست بێژە نایدەم›.

پوستگردونی / pûst(e)gerdû'î/ ☜ **پوستگردویی**

پوستگردویی[۱] / pûst(e)gerdûyî/: اسم.

کەمکۆڵی؛ ڕەنگی وەک پێستی گوێزەتەڕە؛ سەوزی تێکەڵ بە زەرد و ڕەش: **پوست‌گردوئی**

پوست‌گردویی[2]: *صفت.* کەمکۆڵی؛ بە ڕەنگی وەک پێستی کاردۆژە: **پوست‌گردوئی**

پوستگیر / pûstgîr/ ☜ **پوستکُن**

پوست‌ماری / pûstmārî/: *صفت.* کەڤلەماری؛ لە بیچم و شکڵی پێستی مار.

پوست‌واستخوان/ pûst-o-ostexān, -ostoxān/: *صفت. [کنایی]* پێست و پێشە؛ مەڕەمووکە؛ گەجەر؛ داڵگۆشت؛ چۆکلینە؛ زۆر لەڕ و لاواز ‹وقتی از سربازی برگشت، یک پارچە پوست و استخوان بود: کە لە سەربازی هاتەوە هەر پێست و بنەیەک بوو›.

پوسته / pûste، ـها/: *اسم.* تویکڵ؛ تۆکڵ؛ تێکوڵ؛ تیکۆڵ؛ تێخوڵ؛ تۆخڵ؛ تیقڵ؛ قاپێلک؛ قەپێلک؛ قاپۆڕ؛ قاشل؛ کێلوودە؛ کەواخە.

⊡ **پوستەی زمین**: تێکولی زەوین؛ دەرەکی‌ترین بەشی زەوی.

پوسته ـ پوسته / pûstepûste/: *صفت.* تۆـتۆ؛ توێ‌ـتوێ؛ تۆخەـ تۆخە؛ تۆژـتۆژ؛ ڕوویەک کە بە شێوەی پەڕەگەلی چکۆلە و پوولەکەئاسا دەرکەوێت ‹پس از چند روز رنگ دیوار پوسته‌ـپوسته شد: دوای چەند ڕۆژ ڕەنگی دیوارەکە توێ‌ـتوێ بووەوە›.

پوستی / pûstî/: *صفت.* ١. پێستی؛ پۆسی؛ سەبارەت بە پێست ‹بیماری پوستی: نەخۆشی پێستی› ٢. پێسین؛ پۆسین؛ درووسکراو لە پێست ‹کاغذ پوستی: کاغەزی پێسین›.

پوستیش / postîš/: [از فرانسوی] ☜ **پُستیژ**

پوستین / pûstîn، ـها/: *اسم.* کەڵپۆس؛ کەوڵپۆس؛ پۆستین؛ پۆسین؛ فەرەنجی؛ کوورک؛ کەڤل؛ کەوڵ؛ پۆس؛ کەوڵی تیسکن؛ پۆست؛ فەروە؛ پاڵتۆ یان کۆتی لە پێستە مەڕ، بە خوریەکەیەوە.

پوستین‌دوز / pûstîndûz، ـها؛ ـان/: *اسم.* کەوڵدۆز؛ کەوڵدوور؛ پۆسین‌درووو؛ کەڵپۆس‌وراز. هەروەها: **پوستین‌دوزی؛ پوستین‌فروش؛ پوستین‌فروشی**

پوسیدگی / pûsîdegî، ـها/: *اسم.* پوواوی؛ داڕزاوی؛ داڕزیاگی؛ ڕزاوی؛ پۆلکین؛ پرتووکاوی؛ پورتووکاوی؛ پۆرتکاوی؛ پردووکیاوی؛ پرتووکیاگی؛ پردووخیایی؛ لەبەر یەک چوویی ‹پوسیدگی دندان: سوواوی ددان›.

پوسیدن / pûsîdan/: *مصدر. لازم.* //**پوسیدی**: داڕزای؛ **میپوسی**: دادەڕزی؛ **بپوس**: داڕزە// داڕزان؛ ڕزیان؛ داڕزیان؛ ڕزان؛ داقنان؛ هەڵا بوون؛ پرتووکیان؛ پردووخیان؛ پوان؛ پوویەی؛ پوویای؛ پووسیان؛ پۆسین؛ پۆسیان؛ پەڕتین؛ ڕزین. هەروەها: **پوسیدنی**

■ صفت مفعولی: **پوسیده** (داڕزاو)/ مصدر منفی: **نَپوسیدن** (دانەڕزان)

پوسیده / pûsîde، ـها/: *صفت.* داڕزاو؛ پرتووکاو؛ پرتووکیاگ؛ ڕزیو؛ ڕزاو؛ ئەڕاڕزی؛ پۆرتکاو؛ پواو؛ هیمین؛ هەلار؛ هەلا؛ لەبەر یەک چووی ڕزاو ‹دندان پوسیده: ددانی ڕزیو›.

پوش[1] / pûš/: *اسم.* ١. *[قدیمی]* چێغ؛ چیغ؛ چیخ؛ دەوار؛ ڕەش‌دەوار؛ خێووەت؛ تاوڵ؛ زۆم؛ ڕەشماڵ؛ سیاماڵ ٢. *[گفتاری]* پرووشە؛ پووشە؛ پووش؛ چڵەکا؛ پار؛ بەشێکی زۆر چکۆلە و ناسک لە شتێک.

⊡ **پوش دادن**: گزردان؛ گژکردن؛ قژ هەڵدانەوە؛ فڕ دانە لاوە؛ گژراندن؛ دەژنەی؛ قژ شانەدانی بە پێچەوانە.

ـ **پوش**[2]: *پیوازه.* ـ پۆش ‹طلاپوش: زێڕپوش›.

پوشاک / pûšāk/: *اسم.* پۆشاک؛ جلک؛ چەک؛ شمەک؛ گنج؛ پۆشەن؛ هەنجگ؛ جل و بەرگ.

پوشال / pûšāl، ـها/:اسم. تەراش؛ پووشکا؛ پەڕووش؛ پەرووشە؛ پووشاڵ؛ پەلەش؛ چیلکا؛ تۆلاشە؛ تۆلاش؛ باریکەی چێو، مقەبا، کاغەز یان گژ و گیا.

پوشالی / pûšālî/: صفت. ١. پووشاڵی؛ سەر بە پووشاڵ ٢. [مجازی] سست؛ شل و شەویق؛ شلەواقە؛ شلویق؛ بێ‌هەڵکرد و خۆنەگرتوو ٣. [مجازی] دروینە؛ درۆیین؛ دەرەوین؛ فڕ و فیشاڵی ‹ارتش پوشالی: ئەرتەشی فڕ و فیسالی›.

پوشاندن / pûšāndan/: مصدر. متعدی. //پوشاندی: داتپۆشاند؛ می‌پوشانی: دادەپۆشێنی؛ بپوشان: داپۆشێنە// داپۆشاندن؛ پۆشین؛ پۆشان: ١. داپۆشان؛ بان‌دان؛ داشاردن؛ تەڤژاندن؛ پۆژنایرە؛ ئەرەپۆژنەی؛ سەخت‌کەردەی ‹روی چیزی را پوشاندن: بان شتێ داپوشان› ٢. لە بەر کردن؛ کردنە بەر؛ کردنە پێ؛ کەردەینە ‹کفش پوشیدن: پێلاو کردنە پێ› ٣. [مجازی] شاردنەوە؛ حەشاردان؛ داپۆشان؛ ئەرەپۆژنەی ‹برای پوشاندن منظور اصلی‌اش خیلی تلاش می‌کرد: بۆ شاردنەوەی مەبەستی سەرەکی خۆی زۆری حەول دەدا› ٤. داپۆشان؛ گرتنەبەر؛ داگرتن ‹این شبکه‌ی تلویزیونی سراسر جهان را می‌پوشاند: ئەم تۆڕی تەلەفیزیۆنیە سەرانسەری جیهان دەگرێتە بەر›. هەروەها: **پوشاندنی**

■ صفت فاعلی: **پوشاننده** (داپۆشێنەر)/ صفت مفعولی: **پوشانده** (داپۆشێنراو)/ مصدر منفی: **نَپوشاندن** (دانەپۆشاندن)

پوشبرگ / pûšbarg، ـها/:اسم. پەرەپووش؛ بارپۆش؛ ئەو پەرە ناسکە کە لاسکەی گوڵی داپۆشیوە.

پوشپر / pûšpar، ـها/:اسم. وردە تووک؛ وردە پەڕ و کوڵکی بن شاپەڕی باڵندە.

پوشپرک / pûšparak، ـها/:اسم. وردە تووکان؛ ڕیشاڵی زۆر باریکی بن شاپەڕی باڵندە.

پوشت / pûšet، ـها/: [فرانسوی]/اسم. پووشێت؛ دەسرۆک؛ ئەو دەستماڵەکە بۆ جوانی لە گیرفانی سەرووی لای چەپی کۆتەوە دەری دەخەن.

پوشرنگ / pûšrang/:اسم. ئەو ڕەنگە کە دەرەوەی شتێک (وەک دیوار یان ماشێن) دادەپۆشێ.

پوشش / pûšeš، ـها/:اسم. پۆشەن؛ پۆشەون؛ پۆشش: ١. بەرگ؛ قلێف؛ ئەوەی کە شتێ دادەپۆشێ ‹پوشش روی مبلها را جمع کرد: پۆشەن سەر موبلەکانی کۆ کردەوە› ٢. جل‌وبەرگ ‹هر دو پوشش مرتبی داشتند: هەردووکیان پۆشەنێکی ڕێک‌وپێکیان هەبوو› ٣. داپۆشەر؛ ئەوەی کە جێگایەک دادەگرێ یان کارتێکەری تێدا هەیە ‹پوشش خبری: پۆشەونی هەواڵی› ٤. [مجازی] ژێرناو؛ ئەوەی کە بۆ شاردنەوەی مەبەستێک بە کار دەڕوا ‹عده‌ای جاسوس را در پوشش یک هیئت بازرگانی به اینجا فرستادند: تاقمێک شۆفاریان لە ژێرناوی شاندێکی بازرگانیدا ڕەوانەی ئێرە کرد› ٥. [نظامی] کار و هۆکارێک بۆ پێشگری لە هێرشی دوژمن یان پشتیوانی لە هێزی خۆیی.

▣ پوشش گل ☜ **گُلپوش**

▣ پوشش دادن: ١. پۆشتەکردن ٢. [مجازی] کار تێکردن ٣. [مجازی] پشتیوانی‌کردن ٤. داگرتن؛ گرتنە بەر؛ لەبەرگرتن؛ گرتنە بەر خۆ.

پوششی / pûšešî/: صفت. ١. پۆشێنەر؛ پۆشەر؛ داپۆشێنەر ‹بافت پوششی: چنراوی پوشینەر› ٢. [کنایی] پۆشەرانە؛ حەشاردەر؛ سەختکەر؛ تاقەتکەر ‹عملیات پوششی: شەڕی

پوشه‌رانه›.

پوشک / pûšak، ـها/: اسم. پۆشکه؛ کۆنه؛ بەرهەمێکی نەرمچنراو بۆ خاوێن هێشتنەوەی منداڵێ کە هێشتا فێر نەبووە بچێتە سەر ئاو ‹بچه را پوشک کن!: منداڵە پوشکە بکە!›.

پوشن / pûšan، ـها/: اسم. پۆشەن؛ کاویر؛ پۆششی شتێک (وەک کتێب، جلوبەرگ و...) ‹پوشن کُت و شلوار: پۆشەنی کۆت و شەڵوار›.

پوشه / pûše، ـها/: اسم. پووشە؛ قەمزە؛ بەرگ؛ بەرگی نۆشتە ‹همه‌ی نوشته‌ها را لای پوشه گذاشت: هەموو نووسراوەکانی نیا تۆی پووشەکەوە›.

-پوشی / pûšî/: پیواژە. ـ پۆشی؛ کار و ڕەوتی داپۆشین ‹عیب‌پوشی: عەیب‌پۆشی›.

پوشیدگی / pûšîdegî، ـها/: اسم. پۆشتەیی؛ دۆخ یان چۆنیەتی داپۆشاو بوون ‹پوشیدگی از ویژگیهای فرهنگ ماست: پۆشتەیی لە تایبەتمەندیەکانی فەرهەنگی ئێمەیە›.

پوشیدن / pûšîdan/: مصدر. متعدی. //**پوشیدی**: پۆشیت؛ **می‌پوشی**: دەپۆشی؛ **بپوش**: بپۆشە// ١. پۆشین؛ پۆشان؛ پوشین؛ پۆشەی: الف) لە بەرکردن؛ دە بەرکردن؛ کردنە بەر؛ دە بەر خۆکردن؛ ئەنەکەردەی (کراس و کۆت و...) ب) لە پێ‌کردن؛ کردنە پا؛ کەردەینە پای (پانتۆڵ و کەوش و...) ج) کردنە دەستەوە؛ کەردەینە دەس ٢. [مجازی] داپۆشین؛ نخفتن؛ شاردنەوە؛ وەشاردن؛ ڕایاندن؛ ئەرەپۆژەی؛ ئەوەشارای ‹راز کسی را پوشیدن: رازی کەسێک داپۆشین›.
هەروەها: **پوشیدنی**
■ صفت فاعلی: **پوشنده** (پۆشەر)/ صفت مفعولی: **پوشیده** (پۆشراو)/ مصدر منفی: **نَپوشیدن** (نەپۆشین)

پوشیدنی / pûšîdanî/: صفت. پۆشەن؛ پۆشک؛ شیاوی لە بەرکردن.

پوشیده / pûšîde/: صفت. پۆشراو؛ داپۆشراو؛ داپۆشیاگ: ١. پۆشدار؛ نوخوم؛ سەربەستە؛ سەربەسە؛ سەرسوور ‹دهانه‌ی پوشیده: دەرگەی پوشیده› ٢. [مجازی] بەستراو؛ بەرپیوار؛ وەشارتوو؛ نهێنی؛ شاردراوە؛ داشاریاگ؛ شاراوە ‹سخن پوشیده: وتەی نهێنی›.

پوط / pût/: [روسی] ☜ **پوت**

پوف / pûf/: صوت. پیف؛ پف؛ پۆف؛ نیشانەی بێزاری ‹پوف، چه بویی!: پف، لەم بۆیە!›.

پوک / pûk، ـها/: صفت. پووک؛ پیک؛ پووکەڵ؛ پووچەڵ؛ پووچ؛ قرال؛ قارپە؛ خالی. بەرانبەر: **پرمغز** ‹گردوی پوک: گوێزی پووچەڵ›.
⊡ پوک شدن: پووکانەوە؛ پووکەو بوون؛ هەڵۆل/ هەرۆڵ بوونەوە؛ قورۆڵەو بوون؛ پووکیەی ‹تنه‌ی درخت پوک شده است: کۆتەی دارەکە پووکیوە›.

پوکاندن / pûkāndan/: مصدر. متعدی. [نامتداول] //**پوکاندی**: پووکاندت؛ **می‌پوکانی**: دەپووکێنی؛ **بپوکان**: بپووکێنە// پووکاندن؛ پتورکاندن؛ پرتووکاندن؛ دارزاندن؛ لە نێو بردنی بناغە و پتەوی شتێک ‹آب پی ساختمان را پوکانده بود: ئاو بنەڕەتی ماڵەکەی پووکاندبوو›.
■ صفت مفعولی: **پوکانده** (پووکێنراو)/ مصدر منفی: **نَپوکاندن** (نەپووکاندن)

پوکر / poker، ـها/: [انگلیسی] اسم. پوکیر؛ یارییەکە بە وەرەق دەکرێ.

پوکه / pûke، ـها/: اسم. پووکە؛ قەواخ؛ قەباخ؛ قەباخە؛ قەوان؛ قاپۆڕ؛ قاپۆر؛ قاوڕ؛ قابغ؛ قاوغ؛ قابلۆخ؛ قاپلۆخ؛ قەپوو؛ قاقل؛

قالک؛ جیّ بارووتی فیشەک ‹از توی خیابان‌ها پوکه‌ی فشنگ جمع می‌کردیم: لە نێو شەقامەکاندا پووکەی فیشەکمان خڕ دەکردەوە›.

پوکی / pûkî/: /سم. پووکی؛ پووکاوی؛ هلۆلی؛ ناو بەتاڵی؛ قالایی؛ قالاهی؛ لەدەس دانی کاکڵ و نەمانی پتەوی ‹پوکی استخوان: پووکی پێشە›.

پول / pûl، ـها/: [یونانی]/سم. پارە؛ پووڵ؛ پۆڵ؛ پویل؛ دراو؛ دراڤ؛ جیفە؛ زەڕ: ١. شتی وەرگیراوی گشتی لە وڵاتێکدا بۆ کڕین و فرۆشتنی کالا و ڕاژەگەل، کە نرخێکی دیاریکراوی هەیە ٢. بایەخ یان خەرجی شتێک ‹پول اتوبوس: پارەی پاس› ٣. [مجازی] شتیّ کە بە پووڵ دەگوردرێتەوە ‹این فرش را بخر، همیشه پول است: ئەم قالیە بکڕە، هەمیشە پارەیە›.

◙ پول پیش: ١. دەسپێر؛ بێعانە ‹این را برایم نگهدار، پول پیش هم می‌دهم: ئەمەم بۆ ڕاگرە، دەسپێریش دەدەم› ٢. بارمتە؛ بارۆمتە؛ پارەیەک کە بۆ کرێی خانوو، دووکان و... لە کاتی دانانی بڕیاردا وەریدەگرن و دوای ماوەی بڕیارەکە دەدرێتەوە ‹اجاره‌اش ماهی یکصدهزارتومان است و یک میلیون هم پول پیش می‌خواهد: کرێکەی مانگی سەد هەزار تمەنە و ملیۆنێکیش بارمتەی دەوێ›.

پول تقلبی: زڕەدراو؛ پارەی قولابی؛ دراوی قەڵب: **پول قلابی/ قلب**

پول توجیبی: پارەی گیرفان؛ دراوی تایبەت بۆ خەرجی ڕۆژانەی هەرکەس ‹پسرم روزی صد تومان پول توجیبی می‌گیرد: کوڕەکەم ڕۆژی سەدتمەن پارەی گیرفان دەگرێ›.

پول چای: [کنایی] پووڵ چایی؛ دستخۆشانە؛ دەسخوەشانە؛ پارەیەک کە بۆ سپاس لە کاری کرێکارێک پێی دەدرێ ‹پول چای ما فراموش نشود: دستخوشانەکەمان لە بیر نەکەی›.

پول حرام: پارەی حەرام؛ دراوی نارەوا؛ پارەی پیس. بەرانبەر: **پول حلال**

پول حلال: پارەی حەلاڵ؛ دراوی ڕەوا؛ پارەی خاوێن. بەرانبەر: **پول حرام**

پول خرد: وردە؛ پووڵەوردە؛ قەرەپووڵ؛ پارەی ورد؛ پووڵی ورد؛ چەرخی؛ خوردە؛ پەرەهوور؛ زەڕەوردە ‹ببخشید پول خرد ندارم: ببوورن وردەم نیە›.

پول خون: پارەی خوێن؛ زەڕوو ونێ؛ خوێن؛ خوێنبایی.

پول درشت: زروە؛ پووڵە زروە؛ پووڵە درشتە؛ پووڵە قەویە.

پول در گردش: پارەی بەدەست خەڵکەوە،کە بۆ سەندن و فرۆشتن و جێبەجێ بوونی کاری ئابووری پێویستە.

پول راکد: پارەی داکەوتوو؛ ئەو پارەیە کە هیچ کارێکی پێ ناکرێ.

پول رایج: پارەی باو؛ ئەو پارەیە کە لە وڵاتێکدا مامەڵەی پێ‌دەکرێ ‹پول رایج اروپا یورو است: پارەی باوی ئورووپا یۆرۆیە›.

پول زرد: زێڕ؛ پارەی زەرد؛ سکەی زێڕین؛ پارەی بەقیمەت.

پول سفید: زیو؛ پارەی زیو.

پول سیاه: پارەی ڕەش؛ قەرەپووڵ؛ پارەی بێ‌قیمەت.

پول طلا: دراوی زێڕ؛ سکەیەک کە زێڕی زۆر بێت. هەروەها: **پول نقره**

پول فلزی: سکە؛ سکێ؛ پوولک؛ پیلک.

پول قابل تبدیل: پارەی بایەخدار؛ ئەو پارە کە بکرێ بە پووڵی وڵاتی‌تر بیگۆڕیەوە.

پول قلابی/ قلب ☜ **پول تقلبی**

پول قلنبه: */گفتاری/* پارەیەکی زۆر؛ کۆڵێ پووڵ؛ تاپوورێک پووڵ ‹برای این کار یک پول قلنبه لازم است: بۆ ئەم کارە پارەیەکی زۆر پێویستە›.

پول کاغذی: پارەی کاغەزی؛ پووڵ کاغەزینە؛ ئەسکەناس.

پول نقد: پارەی نەخت ‹فقط پول نقد قبول می‌کنیم: تەنیا پارەی نەخت وەردەگرین›.

▣ **پول بالای چیزی دادن:** پارە لە سەر شتێک ژماردن؛ پارە بۆ شتێک ژماردن؛ پارە بە شتێک دان؛ پارە لە سەر شتێک دان؛ پارەی زۆر بۆ شتێک خەرج کردن ‹دە هزار تومان بالای این کیف پول دادەام: دە هەزار تمەن پارەم لە سەر ئەم کیفە ژماردووە›.

پول پارو کردن: */کنایی/* پارە ماشینەوە؛ زەڕ ئەووماشتەی؛ خاوەنی دەرامەتی زۆر بوون.

پول ـــ پول شدن: ورد و خاش بوون؛ ورد ـ ورد بوون؛ ئەنجە ـ ئەنجە بوون؛ خاپوور بوون ‹شیشە پول ـــ پول شد: شووشەکە ورد و خاش بوو›.

پول جمع کردن: پووڵ کۆکردنەوە؛ پاشەنازکردن؛ پاشکەوت خستن؛ پووڵ نیانە یەکەو؛ پووڵ و پارە خستنەوە ‹پول جمع کن، یک خانە بخر: پووڵ کۆ وەکە، خانوویێک بکڕە›.

پول خرج کردن: پارە خەرج کردن ‹هرچە پول داشتی خرج زنت کردی: هەرچی پارەت بوو خەرجی ژنەکەت کرد›.

پول خود را دور ریختن: */کنایی/* پارە تووڕدان؛ پووڵ بە فیڕۆ دان؛ زەڕ فرە دەی ‹اگر این بارانی را بخری پولت را دور ریختەای: ئەگەر ئەم بارانیە بکڕی پارەکەت تووڕداوە›.

پول درآمدن: پارە دەرهاتن؛ پارە بەدەس هاتن ‹از این کار پول درنمی‌آید: لەم کارە پارە دەرنایەت›.

پول درآوردن: پارە دەرهێنان؛ پارە بەدەس هاوردن؛ پارە وەدەست هێنان؛ پووڵ دەرهاوردن؛ زەڕ بەرئاردەی ‹از این مغازە پول خوبی در می‌آید: لەم دووکانە پارەیەکی چاک دەردێ›.

پول کردن ☜ **بە پول نزدیک کردن**

پول کسی از پارو بالا رفتن: */مجازی/* پارە لە کەسێک داکەوتن؛ گەنج کەسێ لە کوناوجەوە چوونە بان؛ پارەی کەسێک لە رادە بەدەر چوون ‹بعضی از آقایان پولشان از پارو بالا می‌رود: بڕێ لە ئاغاکان پارەیان لێ دادەکەوێ›.

پول کسی زیادی کردن: */کنایی/* پووڵ بە سەر کەسێکدا ڕژان؛ بە ماڵی خۆ بایەخ نەدان؛ هەمیەت نەدان بە ماڵی خۆ ‹مگر پولم زیادی کردە کە خرج این کارها بکنم؟: مەگەر پووڵم بە سەردا ڕژاوە کە خەرجی ئەم کارانەی بکەم؟›.

بە پول نزدیک کردن: */کنایی/* کردنە پووڵ؛ فرۆشتن: **پول کردن**

پولاد / pûlād/ ☜ **فولاد**

پولپرست / pûlparast، ـها؛ ـان/: [یونانی/ فارسی] *صفت*. پووڵپەرست؛ پوولپەرەست؛ پوولەکی؛ پوولەکی؛ ڕژد؛ دەس‌قووچاو؛ چرووک؛ چنۆک؛ خەپوولی؛ پارە خۆشەویست؛ زەڕ وەشەویس. هەروەها: **پولدوست**

پولدار / pûldār/: [یونانی/ فارسی] *صفت*. */گفتاری/* دەوڵەمەند؛ دەوڵەمەن؛ خاوەن سامان؛ جادار؛ پارەدار؛ پووڵدار؛ دارا؛ زەنگین؛ پارەمۆڵ؛ بوودە ‹چند خواستگار پولدار داشت: چەند داواکاری دەوڵەمەندی هەبوو›.

پولساز / pûlsāz، ـها؛ ـان/: [یونانی/ فارسی] *صفت.* پووڵ‌ئاوەر؛ پارەدەرهێنەر؛ پووڵ‌هێنەر ‹کار و کاسبی پولسازی دارد: کار و کەسبێکی پووڵ‌سازی هەیە›.

پول‌شمار / pûlšomār، ـها/: [یونانی/ فارسی] *اسم.* پووڵژمێر؛ کەرەسەیەکی کارەبایی بۆ ئەژماردنی خێرای ئەسکەناس.

پولک / pûlak، ـها/: [یونانی/ فارسی]/*اسم.* ۱. *[جانورشناسی]* پوولەک؛ پوولەکە؛ فەلس؛ پەڕەی وردەی پشتی بڕێ لە ماسیان ۲. *[خیاطی]* پرپرە؛ بریقە؛ ئۆیە؛ ئۆییە؛ پوولەکە؛ پەرە وردیلەی ڕەنگاوڕەنگی جلک ڕازێن.

پولک‌دوزی / pûlakdûzî/: [یونانی/ فارسی] *اسم.* پوولەک‌چنی: ۱. پوولەک‌دووری؛ پوولەکەچنی؛ هونەر یان زانینی هۆنینەوەی پوولەکە ۲. /ـها/ هەرچی پوولەکەی لە سەر هۆنرابێتەوە.

پولکی / pûlakî، ـها/: [یونانی] *صفت. [گفتاری]* پوولەکی: ۱. پوولی؛ پووڵ‌پەرست ۲. بە شێوەی پوولەک ‹آب‌نبات پولکی: مژۆکەی پوولەکی›.

پول و پله / pûl-o-pale/: [یونانی/ فارسی] *اسم. [گفتاری]* ماڵ و سامان؛ پووڵ و پارە؛ ماڵ و دارایی؛ پووڵ و دارایی ‹پول و پله‌ای تو دست و بالش نیست: ماڵ و سامانێکی بەدەستەوە نیە›.

پولونیم / polon(i)yom/: [فرانسوی/ انگلیسی] ☜ **پُلونیم**

پولی / pûlî، ـها/: [انگلیسی] *اسم.* پوولی؛ چەرخێ کە هێزی گەڕانی موتور (بە زنجیر یان تەسمە) دەداتە بەشێکی تری کەرستەوە.

پولی: [یونانی] *صفت.* پوولی؛ پارەیی: ۱. سەر بە پووڵ ‹سیاست پولی: سیاسەتی پوولی› ۲. بە پارە؛ بە پووڵ؛ پێویست بە دانی پارە ‹این طور پیش برود، نفس کشیدن هم پولی می‌شود: ئاوا بڕوا، هەناسە دانیش ئەبێتە پوولی›.

پولیپ / polîp/: [فرانسوی] ☜ **پُلیپ**

پولیور / polîver/: [از انگلیسی] ☜ **پلیور**

پوما / pûmā/: [فرانسوی/ از اسپانیول]/*اسم.* شیر کوهی ☜ **شیر**

پوند / pond/: [انگلیسی]/*اسم.* پۆند: ۱. یەکەی کێشانەی ئینگلیزی و ئەمریکی بەرامبەر بە ٤٥٤ گرەم: **پاند** ۲. لیرەی سترلینگ؛ پارەی باوی بریتانیا.

پونز / pûnez، ـها/: [فرانسوی]/*اسم.* پۆنس؛ پوونس؛ مێخێکی گچکەی سەرپانە بۆ ڕاگرتنی پەڕەی کاغەز یان مقەبا لە بان یان لە قەی شتێکەوە.

پونه / pûne، ـها/: *اسم.* بودینە؛ پنگە؛ پنگ؛ پونگ؛ پوونگە؛ پونگە؛ پوونە؛ پینە؛ پوینە؛ بنەگیایەکی خۆڕسکی یەک ساڵانەیە لە تیرەی نەعنا کە گەڵا و گوڵەکەی بۆ دەرمان دەشێ.

▣ **پونەی وحشی**: خەرپنگ؛ خەرپونگ؛ خەرپونگە؛ زڕپنگ؛ گریز؛ براپوونگە؛ پنگەی دەم ئاو.

پویا / pûyā/: *صفت.* ۱. پایدار؛ خۆگرتوو؛ خۆگر؛ سەقامدار ‹چون کوه پویاست: وەک کێو خۆی گرتووە› ۲. بزۆز؛ بزێو؛ کرژ؛ زرک و زیو؛ زیتەڵ؛ زرت و زینگ؛ وریا ‹ذهن پویا: بیری بزێو›.

پویائی / pûyā'î/ ☜ **پویایی**

پویانما / pûyānemā/ ☜ **انیماتور**

پویانمایی / pûyānemāyî/ ☜ **انیمیشن**

پویایی / pûyāyî، ـها/: *اسم.* ۱. خۆگری؛ پایداری؛ سەقامگیری ۲. بزێوی؛ بزیوی؛ بزۆزی؛ کرژی؛ زرت و زینگی؛ وریایی ＊ **پویائی**

پــویش / pûyeš ، ـهـا/: *اسـم.* پێداگــەڕی؛ پــەیجــۆری؛ کــار یــان ڕەوتی هلکــەوشــاندن؛ وێکــەتــن؛ پــەل‌وپــۆی بــەردەوام لــە گــەڕان بــۆ شتێک.

پوینـدگی / pûyandegî ، ـهـا/: *اسـم.* بـزۆزی؛ بزێوی.

پوینـــــده / pûyande ، ـگــان/: *صــفت.* ١. پێداگــەڕ؛ هوکــارە بــە پێداگــەڕان ٢. *[ادبـی]* ڕێبوار؛ ڕاویـار؛ ڕێـڤەنـگ؛ ڕێـڤنگ ‹پوینـدەی راه سعادت: ڕێبواری ڕێگەی ڕزگاری›.

پویـه / pûye ، ـهـا/: *اسـم. [ادبـی]* ١. دۆمانــە؛ گورگەلۆقە؛ قەتـرە؛ قۆرتـە؛ یورتمـە ٢. ڕەفتـار؛ جوولە.

پوییـــدن / pûyîdan/: *مـصدر. متعــدی. [ادبـی]* //**پوییـدی:** پێداگـەڕای؛ **مـی‌پـویی:** پێـدادەگـەڕی؛ **بپـــوی:** پێداگـــەڕە// پێداگـــەڕان: ١. گـــەڕان؛ گەڕیان؛ گێلەی؛ لـە شـوێنێکەوە بـۆ شـوێنێک چـوون یـان پـەیجـۆری شـتێک بـوون ٢. پـــــشکنین؛ وشـــــکنەی؛ پـــــشکنای؛ هلکـەوشـاندن؛ هلکـەواشـتن؛ بـە وردی لـە شتێک گەڕان * **پوئیدن**. هەروەها: **پوییدنی**

■ صـفت فـاعلی: **پوینـــده** (پێداگـــەڕ)/ صـفت مفعـولی: **پوییـــده** (پێداگـــەڕاو)/ مـصدر منفـی: **نَپوییدن** (پێدانەگەڕان)

پـه / pa(h)/: *صـوت.* حـەی؛ حـە؛ ئـەهـ ؛ تـەح؛ پـەکـوو؛ حـەهـ ؛ نیـشانەی پـێ‌نـاخۆش بـوون لـەگـەڵ سـەرسـووڕماندا ‹پـه! این همـه صبر کـردیم، حـالا مـی‌گـویی پـول نـدارم: حـەی! ئـەم هەمووە ڕاوەستاوین ئێستا ئێژی پارەم نیە›.

پهلـو / pahlû ، ـهـا/: *اسـم.* ١. هێـت؛ خالـیگە؛ خالـیە؛ هـەڵـیگا؛ بـن‌دەسـت؛ بـن‌دەس؛ تـەنشت؛ تـەنیـشت؛ ترکـەش؛ لاپـاڵ؛ ئـالی؛ بنچـغ؛ بنپـاڵ؛ کـاوڵ؛ کـەنـشت؛ کێلـەک؛ لاپیـەنـا؛ لاپیـەنـاوا؛ لا پـەراسـوو؛ فـەر؛ قـلـک؛ نۆق؛ پەڕەکە؛ مـەودای بـن باخـەڵ تـا لای ڕان

٢. *[مجــازی]* پــاڵ؛ کــست؛ لا؛ لارک؛ تــەک؛ پالــۆ؛ نــەکـس؛ هـەر دوو لای شــتێک ‹از پهلـو نگاه کن: لە پالـەوە بڕوانە›.

◙ پهلــو بــه پهلــو: پــاڵ بــە پــاڵ؛ لــە لای یــەکتریــیەوە؛ لــە پــەنایــەک؛ لــە پــەنـای یـــەکـــەوە؛ لـــەپـــاڵ یـــەکتریـــدا؛ پالـــوو هەنترینیەنە.

▣ پهلـو بـه پهلـو دادن: *[ادبـی]* پـشت‌دان بـە پـشتی یـەکـەوە؛ پـاڵ دانـە پـاڵ یـەکـەوە؛ هاوکاری و پاڵپشتی یەکترکردن.

پهلـو تهـی کـردن: *[ادبـی]* خۆکێشانەوە؛ خـۆ دزینـــەوە؛ فیـــسمالکی‌دان؛ لـــە هاوکـــاری کۆمەڵ دەرچوون.

پهلـــو زدن: *[ادبـــی]* شـــان دان لـــە شـــان؛ بەرانبـەری کـردن؛ هاوشـانی کـردن؛ وێ دای پاڵ.

پهلـو گـرفتن: لـەنگـەر خـستن؛ لـەنگـەر گــرتن؛ پــاڵ گــرتن؛ وەســتان یــان جــێگیر بوونی کەرەسـەی سـەر ئـاو (گـەمیە، لۆتکـە و...) لە پەنای بەستێندا.

پهلـوان / pahlavān ، ـهـا؛ ـان/: *اسـم.* پالـەوان؛ پــەهلــەوان؛ پــالاوان؛ پــەلهــەڤــان؛ گــورد؛ قــارەمــان: ١. مــرۆی زۆردار و بــەجــەرگ ٢. پیاوی نەبەزی چیرۆکان.

پهلـــوان‌پنبـــه / pahlavānpambe, -panbe، ـهـا/: *اسـم. [کنـایی]* پالـەوان‌فسفس؛ پالـەوان پەمـە؛ پالـەوان‌پەمـوو؛ خـۆ هـەڵکێشی هـیچ لـەدەس نـەهــاتوو ‹آرام کـە ایـن همـە رویـش حساب مـی‌کـردیم پهلـوان‌پنبـه از آب درآمـد: ئـارام وا هێنـدە لـێ دڵـنیا بـووین بـە پالـەوان فـسفس دەرچوو›.

پهلـوانی ١ / pahlavānî ، ـهـا/: *اسـم.* پالـەوانی؛ پالــەوانیــەتی؛ چۆنیــەتی پالــەوان بــوون ‹او از پهلـوانی همـان هیکـل درشـت و صـدای کلفـت را داشت: لە پالەوانیەتی هـەر دەنـگ و هـەیکـەلـێکی

زلی هەبوو›.

پهلوانی[2]: *صفت.* پاڵەوانی؛ سەر بە پاڵەوانیەوە ‹داستانهای پهلوانی: چیرۆکگەلی پاڵەوانی›.

پهلوئی / pahlû'î/ ☜ **پهلویی**

پهلوبندی / pahlûbandî/: *اسم.* بار و بۆ؛ باربۆ: ١. بار و بنە؛ بڕ و بەندیل؛ بارگە؛ کۆڵ؛ بەن و بیسات؛ قەباڵەتۆشە؛ تۆشەیەکی سووک (وەک نان و پەنیر) ٢. *[مجازی]* دەستگیری و یارمەتی (بە پارە).

پهلودستی[1] / pahlûdastî/: *صفت.* بندەستی؛ پاڵدەستی؛ لایدەسی؛ جێگرتوو لە کن یا لای کەسێک یان شتێکەوە ‹مسافر پهلودستی: مسافری پاڵدەستی›.

پهلودستی[2] /ـها/: *ضمیر.* پاڵدەست؛ پاڵدەسی ‹پهلودستی من پیر مردی بود: پاڵدەستی من پیاوێکی پیر بوو›.

پهلوفنگ / pahlûfang/: *اسم.* *[نظامی]* باری ڕاگرتنی چەک لە پاڵی خۆدا.

پهلوگاه / pahlûgāh، ـها/: *اسم.* لەنگەرگا؛ پاڵگە؛ بەشی پانکراوەی ڕێگە و جادە کە بۆ لاگرتن و ڕاگرتنی ماشین دابینکراوە.

پهلوی / pahlavî/: *اسم.* پاڵەوی؛ پاڵەوی: ١. زمانی فارسی سەردەمی ئەشکانی و ساسانی ٢. ڕێنووسی فارسی ئەو سەردەمانە ‹خط پهلوی: خەتی پاڵەوی› ٣. /ـها/ سکەی زێڕینی سەردەمی پاڵەوی (١٣٠٤- ١٣٥٧ ک.هـ.)کە لە ئێراندا لێئەدرا ‹سکّەی پهلوی: سکەی پاڵەوی›.

پهلوی / pahlûye/: *حرف.* پاڵ؛ پاڵی؛ پاڵوو؛ کنی؛ لە کن؛ لە لای؛ لای: ١. لە لای کەسێک یا شتێکەوە ‹آمده بود پهلوی من: هاتبووە لای من› ٢. لە کن شتێکدا ‹پهلوی میز ایستاده: لە پاڵ مێزەکەدا وەستاوە›.

پهلویی[1] / pahlûyî/: *صفت.* پاڵدەستی؛ کەناری؛ لایدەسی ‹اتاق پهلویی: ژووری پاڵدەستی›: **پهلوئی**

پهلویی[2] /ـها/: *ضمیر.* پاڵدەستی؛ پاڵوو؛ پاڵووەکە ‹پهلویی من خیلی موقر بود: پاڵدەستەکەی من زۆر ماقووڵ بوو›: **پهلوئی**

پهن / pahn/: *صفت.* ١. پان؛ بەرین؛ هەراو؛ پەهن؛ پیەنی؛ پیەن؛ لومگ؛ تەپیاس. بەرانبەر: **باریک** ‹کوچەی پهن: کۆڵانی پان› ٢. باز؛ واز؛ والا؛ وڵا؛ کراوە ‹سُفرەی پهن: سفرەی باز›.

▣ پهن بودن: ١. پان بوون؛ هەراو بوون ‹رودخانە خیلی پهن بود: ڕووبارەکە زۆر پان بوو› ٢. باز بوون؛ والا/ ئاوەڵا/وەڵا بوون؛ بڵاو بوون؛ یاویایەرە ‹سُفرە پهن بود: سفرەکە بڵاو بوو›.

پهن شدن: پان بوونەوە؛ پانەو بوون: ١. لە باری پانایییەوە زۆر بوونەوە ‹در آنجا کوچە کمی پهن شده است: لەوێدا کۆڵانەکە هێندێک پان بوتەوە› ٢. بڵاو بوونەوە؛ وەڵاوە بیەی ‹پهن‌شد روی زمین: پان بووەوە بە سەر زەویدا›.

پهن کردن: ڕاخستن؛ داخستن؛ بەڵاو کردنەوە؛ ڤەکشاندن؛ یاوتەیرە؛ پان کردنەوە لە سەر زەوی ‹قالیچە را پهن کن توی ایوان: قاڵیچەکە ڕاخە ناو هەیوانەکە›.

پهن / pehen/: *اسم.* شیاکە؛ پەیین؛ پەینە؛ پێن؛ سەنێر؛ سنێر؛ سەرین؛ سەورۆ؛ ڕیخ؛ ڕێخ؛ ڕەم؛ تەقزین؛ گوهوور؛ چوسلە؛ کۆمای لاس و قەرسەقول و پشکەڵ.

▣ پهن بار کسی نکردن: *[کنایی]* چڵمیش بە کەسێکا نەساوین؛ بێ نرخ زانینی کەسێک ‹می‌روی اروپا چە بکنی؟ آنجا پهن بارت نمی‌کنند: دەچیە ئورووپا چبکەی؟ لەوێ چڵمیشت پیا ناساوێ›.

پهنـــا / pahnā، ـهـــا/: اسـم. ١. پانـــا؛ پـــانی؛ پـەهـنی؛ بـەر؛ وەر. بـەرانبـەر: **درازا** ‹قالی را از پهنا بینداز: قالیەکە بە بـار پانـاوە ڕاخـە› ٢. [ادبـی] پانایی؛ هەرایی؛ بـەرینـایی؛ بـەرینـی؛ هـەراوی؛ بەراوی؛ ئـەنـدازەی بـڵاوی و ڕاخـراوی شـتێک ‹بـە پهنـای دریـا نظـر مـی‌فکنـد: پانـایی دەریـای دابووە بەر نیگای›.

پهنـــاب / pahnāb، ـهـــا/: اسـم. گـۆم؛ گۆمـاو؛ گـم؛ گـۆملاخ؛ پانـاو؛ پاناوکـە؛ شـوێنێک لـە ڕووباردا کە ئاوەکەی مەند دەبێتەوە.

پهنــــاور / pahnāvar/: صــفت. بـــەربـــڵاو؛ بـەرفـراوان؛ پـان و بـەریـن؛ بـەریـن؛ بـەرپـان؛ وەرپـــان؛ پـــان و پـــۆڕ ‹کـــشور پهنـــاور: وڵاتی بەربڵاو›.

پهنـــاوری / pahnāvarî/: اسـم. بـەربـڵاوی؛ بەرفراوانی؛ پان و بەریـنی؛ بـەریـنی؛ بـەرپـانی؛ وەرپانی؛ پان و پۆڕی ‹بـە پهنـاوری دریـا: بـە پانی و بەرینی زەریا›.

پهـــن‌بـــرگ / pahnbarg، ـهـا؛ ـان/: اسـم. گەڵاپان؛ گەڵایەک کە لە بنەوە پان بۆتەوە.

پهـــــن‌غلتانـــــک / pehenqaltānak/ ☜ **سرگین ـ غلتان**

پهنــــه / pahne، ـهـــا/: اسـم. [ادبـی] ڕاسـتایی؛ تـەختـایی؛ پانـایی: ١. لاڕووی ئاسـۆیی هـەر شـــتێک ‹پهنـــەی حیـــات: پانـــایی حـــەوش› ٢. [ادبی] هێڵ؛ پانە ‹پهنەی کارزار: هێڵی شەڕ›.

پهنـــــەبنـــــدی / pahnebandî/: اســـم. ناوچەڕێژی؛ پانەبـڕی؛ کـار یـان ڕەوتی دابـەش کردنی سەرزەمینێک بە چەند ناوچە.

پهنـــی / pahnî/: اسـم. پـانی؛ هـەراوی؛ دۆخ یـان چۆنیـەتی پـان بـوون ‹پارچـە بـە ایـن پهنـی دیدە بودی؟: پارچەی بەم پانیەت دیتبوو؟›.

پـــی / pey، ـهـــا/: اسـم. پـەی: ١. بناغـــە؛ بنـەڕەت؛ ڕیـشەڕەگ؛ ڕەتـەوێ؛ شـەنگـستە؛ بـەشـی ژێـرووی دیـواری مـاڵ ‹آب رفتـە پـی ساختمان را شسته است: ئاو چـوەتـە بـنـی ماڵـەکـە و شـۆردوویەتـەوە› ٢. [نامتـداول] بنچـاخ؛ بنـەڕەت؛ بناغە؛ بناخە؛ ڕەگـەز؛ بنـەچـە؛ بنچینـە؛ پایـە و بنیـــاتی هـــەر شـــتێک ‹پـــی افکنـــدن: بنـــە دارڕژتـــن› ٣. شـوێن؛ شـۆن؛ شـۆپا؛ شـوێن پـێ؛ یاگـە پـا؛ جـێ پـێ؛ ڕەت ‹پـی او را گرفتنـد و رفتنـــد: شـــوێنیان گـــرت و چـــوون› ٤. [ادبـــی] ڕەگ؛ دەمار ‹رگ و پی: ڕەگ و پەی›.

▣ پـی افکنـدن/ نهـادن: بـەدیهێنـان؛ وەدی هێنـــان؛ دامـــەزرانـــدن؛ دامـــەرزانـــن؛ بناخـە دادان؛ پـەی چانـدن؛ ئـەوەمـەرزنـەی ‹ایـن بیمارســـتان را روســـها پـــی افکنـــدند: ئـــەم نەخۆشخانەیە ڕووسەکان دایان مەزراند›.

پی بردن: تێگـەیيشتن؛ حاڵـی بـوون؛ پـەی بـــردن/ بـــەردەی ‹آن روز بـــە معنـــی حرفهـــایش پی بردم: لەو ڕۆژەدا لە قسەکانی تێگەیشتم›.

پی ریختن: بنەڕەت دانان.

پـــی کنـــدن: بنـــەڕەت دانـــەوە؛ پـــەی هەڵکەندن؛ پـەی دانـەوە؛ پـەی هـەڵـدانەوە؛ بنـــەڕەت دانـــەوە؛ بنـــەڕەت دارڕژتـــن ‹چنـــد کـارگر مـشغول پـی کنـدن بودنـد: چـەن کاریگـەر خەریکی بنەڕەت دانەوە بوون›.

پی گرفتن: شـوێن‌گـرتن؛ بـە شـۆن‌کـەوتـن؛ بـــە دوا کـــەوتـــن؛ شـــۆنی هۆرکـــەردەی؛ پەی‌گرتن ‹پـی ایـن کـار را بگیـر: شوێنـــی ئـەم کارە بگرە›.

پـــی / peye/: حـرف. شـوێنی؛ بـەدوای؛ بـە شـــوێن؛ شـــۆنۆ ‹فرســـتاده بـــود پـــی دختـــرش: ناردبوویە شوێنی کچەکەی›.

پـــی / pî/: [یونـــانی] اســـم. پـــی: ١. سێزدەهەمین پـیتی ئـەلف و بێتکـەی یونـانی (π و Π) ٢. ☜ عدد پی، **عدد**

پیـــــاپی / peyāpey, payāpey/: قیـــــد. پەیتا‌ـپەیتا؛ هەیتاـهـەیتـا؛ پـەسـتاـپـەسـتا؛ پەساـپـەسـا؛ پـەسـای‌پـەس؛ هـەرلـەپـەسـتا؛

لـەپـەسـا؛ پـەياپـەی؛ پـەیدەرپـەی؛ دوێک‌دوێک؛ بەشوێن یەکدا؛ بێ‌نێوان‌بڕ؛ ئازگار؛ بە دووی یەکدا؛ لەدویف ئێک؛ لە سەر یەک؛ بێ وچان و پسانەوە ‹شهر پیاپی بمباران می‌شد: شار بەپتابەپتا بومباران دەکرا›.

پیادە / piyāde، ـها؛ ـگان/:*اسم*. ١. پێـڕەو؛ پێرۆ؛ سەڵتە؛ سەوادە؛ سوادە؛ پەیا؛ پیادە؛ نانا؛ وەرێ؛ کەسێک بە پێ هاتوچوو دەکا ٢. سەرباز (مۆرەی شەترەنج، کە هەشت دانەیە): **سرباز**

پیادە: *صفت*. پیادە: ١. بەبێ ئامرازی ئاڵوگۆڕ ٢. *[مجازی]* پەرت؛ نائاگا و بێ‌خەبەر ‹در سیاست پاک پیادە است: لە سیاسەتدا تەواو بەرنە›.

▣ پیادە بودن: ١. پیادە بوون؛ سوادە بوون؛ بە بێ ئامرازی گواستنەوە بوون ٢. *[مجازی]* دەسخاڵی بوون؛ بێ‌دەسەڵات بوون؛ بێ پەروپۆ بوون ٣. *[کنایی]* پەرت بوون؛ ناشی بوون؛ هیچ لەبار نەبوون؛ هیچ پێ نەبوون.

پیادە شدن: ١. دابەزین؛ داوەزین؛ داخۆزین؛ داخۆستن؛ وارئامەیش؛ واربیایش؛ داخۆزان؛ داخوزیان؛ کەوتش؛ ئەرەووەستەی؛ وەستەیرە؛ لە ماشین و... هاتنە خوارەوە ‹از ماشین پیادە شدم: لە ماشینەکە دابەزیم› ٢. دارێژان؛ بەڕێوە چوون؛ جێبەجێ بوون ‹طرح سد پیادە شد: گەلالەی بەربەندەکە دارێژرا›.

پیادە کردن: ١. دابەزاندن؛ داوەزاندن؛ داخۆزاندن؛ هاوردنە خوار؛ وەزنایەرە؛ ئەرەووەزنەی ٢. دابەزاندن؛ ماشینگەلی کارخانە یان تیکەگەلی ماشین لە جێی خۆی دەرهێنان ٣. جێبەجێ کردن؛ بەڕێوە بردن؛ نەخشە یان گەلالەیێک هێنانە کار.

پیادە: *قید*. بەپێ؛ پیادە؛ بەپیادەیی؛ بێ کەڵک وەرگرتن لە ئامرازی گواستنەوە ‹پیادە آمدم: بەپێ هاتم›.

پیادەرو / piyāderow، ـها/:*اسم*. نانا؛ پێڕەو؛ پیادەڕێ؛ سوادەڕێ؛ پیادەڕەو؛ شوێنی پیادە لە شەقامدا.

پیادەروی / piyāderavî، ـها/:*اسم*. بمەش؛ پیادەڕەوی؛ کار یان ڕەوتی ڕۆیشتن بە پێ.

پیادەنظام / piyādenezām، ـها/: [فارسی/عربی]/*اسم*. هێزی پیادە؛ بەشێک لە هێزی ئەرتەش کە چالاکیان لە وشکیدایە.
هەروەها: **افسر پیادەنظام؛ سرباز پیادەنظام؛ لشکر پیادەنظام؛ هنگ پیادەنظام**

پیاز / piyāz، ـها/:*اسم*. پیواز؛ پیاز؛ پیڤاز: ١. خسکە؛ خلیسکە؛ ساقەتەی خڕ و کورتی ژێر زەوینی برێک ڕووەک ٢. سەرک؛ سەلک؛ سەرکەپیاز؛ بن؛ بنچ؛ بنۆکەی هەڵمساوی شینکەی پیواز کە پێگەیشتووەکەی بۆیەکی توندی هەیە و توژاڵ‌ـتوژاڵە ٣. بیچمێک وەک پیاز لە گیا و گیانەوەردا ‹پیاز مو: پیازی مو›.

▣ **پیاز حضرتی** ☜ **سورنجان ـ٢**
پیاز دشتی ☜ **سیل ـ٢**
پیاز مو: ڕیشەی موو؛ پیوازی موو.

▣ **پیاز کسی‌کونە کردن**: *[کنایی]* پێش کەوتن؛ سەرکەوتن؛ لەمپەر پەڕاندن.

پیازچە / piyāzče، ـها/:*اسم*. ١. تەرەپیاز؛ تەرەپیواز؛ پیازۆکە؛ پیازۆک؛ پیازچە؛ پیازی شین؛ گەلا پیازی ناسک ٢. پیازۆکە؛ پیازکە؛ پیوازی چکۆلەی دەرهاتوو لە تەنیشت پیوازی گەورەدا.

پیازداغ / piyāzdāq/:*اسم*. پیازداخ؛ بوریژ؛ ورتکە پیوازی لە ڕۆندا سوورەوکراو.

پیازی / piyāzî/: *صفت*. پیوازی؛ پیازی: ١. سەر بە پیاز ٢. پێست پیوازی؛ بەڕەنگی

پیاز یان بە ڕەنگی پێستی پیاز ۳. تۆ ــ تۆ وەک پیاز.

پیالە / piyāle، هـا/: [یونانی]/اسم. پیاڵە؛ پەیاڵە؛ جام: ۱. کۆتک؛ جامۆڵە؛ دەفری بچووکی قووڵ ۲. [ادبی] دەفری شەراو ‹ما در پیالە عکس رخ یار دیدەایم: لە پیاڵەدا ڕوخساری یاری خۆم بەدی کرد›.

پیالەفروشی / piyālefurûšî، هـا/: [یونانی/ فارسی]/اسم. مەیفرۆشی؛ مەیخانەیەکی بچووک بە شێوەی دووکان یا هۆدە.

پیام / payām, piyām، هـا/:اسم. [ادبی] پەیام؛ پەیغام؛ پەیخام؛ پێخام؛ نووچە؛ ڕاسپێری؛ ولام؛ هەواڵ؛ خەبەر ‹چشم بە راهم، مرا از تو پیامی رسد: چاوەڕێم بەشکوو هەوالیک وا لە لای تۆوە بگا›.

پیامآور / -payāmāvar, piyām، هـا؛ ـان/: اسم. [ادبی] پەیامهێنەر؛ پەیامئاوەر؛ پەیامهێن: ۱. پێغەمبەر؛ پێغەمەر؛ پەیامبەر ۲. خەبەرهێنەر؛ کەسێ کە وەلامێک دێنێ ‹درآمد پیامآور سرفراز: پەیامهێنەری سەربەرز دەرکەوت›.

پیامبر / -payāmbar, piyām، هـا؛ ـان/:اسم. [ادبی] پەیخامبەر: ۱. پەیامبەر؛ پێخەمبەر؛ پێغەمبەر؛ پێغەمەر؛ ڕاسپاردەی خودا ۲. [ادبی] خەبەربەر؛ پەیامهێنەر؛ کەسێ کە پەیامێک بگەیێنێتە کەسێ یان شوێنێک.

پیامد / peyāmad, payāmad، هـا/:اسم. ئەنجام؛ شوێنهات؛ شۆنهات؛ کاردانەوە؛ شۆنەما؛ ڕووداوێک کە لە ئاکام یا بەهۆی کار یا دیاردەیەکەوە پێک دێت ‹پیامد این زمینلرزه مرگ و ویرانی بود: شوێنهاتی ئەم بوومەلەرزە مردن و ماڵوێرانی بوو›.

پیامرسانی / -payāmresānî, piyām، هـا/: اسم. هەواڵگەری؛ کار یان ڕەوتی گەیاندنی پەیام ‹کار رادیو و تلویزیون پیامرسانی است: کاری ڕادیۆ و تەلەویزیۆن خەبەرگەیاندنە›.

پیامگیر / -payāmgîr, piyām، هـا/:اسم. پەیامگر؛ ئامرازێک بۆ وەرگرتنی هەواڵی تەلەفوونی: **منشی تلفنی**

پیامنما / -payāmnemā, piyām، هـا/:اسم. پەیامنوێن؛ دەزگایەک کە ئاگاداریە پێویستەکانی ڕۆژ لە سەر شاشەی تەلەویزیۆنەوە پیشان ئەدا.

پیانو / piyāno، هـا/: [فرانسوی از ایتالیایی] اسم. پیانۆ؛ سازێکی سیمی بە شێوەی سندۆقێکی گەورە و پایەدار.

پیانیست / piyānîst، هـا/: [فرانسوی]/اسم. پیانیست؛ کەسێ کە پیانۆ دەژەنێ.

پیپ / pîp، هـا/: [فرانسوی]/اسم. پیپ؛ سەبیلە؛ قەندە؛ قەنگە ‹دکتر پیپ میکشید: دوکتور پیپی دەکێشا›.

پیپت / pîpet، هـا/: [فرانسوی]/اسم. پیپێت؛ لوولەیەکی خەتلێدراوە لە ئازمایشتگادا بۆ هەڵگرتنی بە ئەندازەی تراو.

پیت / pît، هـا/: [روسی]/اسم. پووت؛ پۆت؛ دەفرێکی ئاسنی یا پلاستیکی چوارگۆش بۆ جێبەجێ کردنی شت بەتایبەت شتی ئاوەکی.

پیتزا / pîtzā، هـا/: [فرانسوی/ انگلیسی از ایتالیایی]/اسم. پیتزا؛ پێخۆرێکی ڕۆژاوایی کە لە گۆشت، بیباری سەوز، قارچک و پەنێر و نان دروست دەکرێ. هەروەها: **پیتزافروشی**

پیتون / peyton، هـا/: [فرانسوی]/اسم. پەیتون؛ جۆرێک ماری زۆر گەورەی بێژاری هێلکەکەرە، لە ڕەگەزی ئەژدەرماران، بە چالاکی دەخزێ، مەلە دەکات و ڕاوەکەی بە پێچیان بە دەوریدا و گوشاردانی دەکوژێت.

پیج / peyc/: [انگلیسی]/اسم. پەیج؛ بانگ؛ قاو؛ چڕ.

▣ پیج کردن: پەیج‌کردن؛ بانگ‌کردن؛ قاو کردن؛ چڕین؛ چڕەی.
پیجامە / pîcāme/: [انگلیسی از فارسی] ☜ **پیژامه**
پیجر / peycer/: [انگلیسی]/سم. پەیجێر؛ قاوکەر؛ بانگ‌کەر: ١. کەسێ کە دەینێرنە شوێن کەسێکی‌ترەوە تا بیدۆزێتەوە ٢. ئامرازێ کە کەسێکی پێ بانگ دەکەن.
پی جو / peycû، ـها/:/سم. پەیدۆز: ١. ـیان/ پەیجۆ؛ کەسێ کە لە دامەزراوەیەکدا بانگ کردنی کەسانی وەئەستۆیە ٢. دەزگایەک بۆ ئەم کارە برێتی لە میکرۆفۆن و بلیندگۆ.
پی‌جویی / peycûyî، ـها/:/سم. پەیدۆزی؛ پەیجۆری: ١. کار یان ڕەوتی پرسینەوە؛ لێکۆڵینەوە؛ داپرسین؛ شوێن‌کەوتن بۆ پەیدا کردن ‹پی‌جویی کردم، معلوم شد از آنجا رفته است: پەیدۆزیم کرد، دەرکەوت لەوێ ڕۆیشتووە› ٢. کاری بانگێشتن و چڕینەوەی کەسێک لە لایەن پەیدۆزەوە بۆ هاتنەوەی ‹همین الآن راننده را پی‌جویی کنید: هەر ئێستا پەیجۆری ڕانندەکە بن›.
پیچ[1] / pîč، ـها/:/سم. پێچ؛ فیچ: ١. بورغی؛ جەڕ؛ میلەیەکی شیاردار کە بۆ بەستن، ڕاگرتن، یان ڕێک‌وپێک‌کردنی دوو یا چەند تیکە پێکەوە بەکار دێ ‹پیچ ماشین: پیچی ماشین› ٢. قەمچ؛ با؛ چام؛ خولی ڕێگا؛ چەرخی جادە ‹سر آن پیچ منتظر باش: لە سەر ئەو پیچە چاوەڕوان بە› ٣. خول؛ سووڕ؛ لەف ‹پیچ‌وتاب: قەمچ‌وپیچ› ٤. /پزشکی/ ژان و پێچ؛ ئێشی کرژ بوونەوەی ڕیخۆڵە بە هۆی زگچوونەوە.
▣ پیچ ارشمیدس: جەڕجەرە؛ ئامرازێ کە لە بیرەوە ئاوی پێ هەڵدەگۆزن.
پیچ اره‌ای: پێچەمشاری؛ پێچ هەرەیی.
پیچ آلن: پێچی شەش‌سووچ: **پیچ شش‌گوش**
پیچ امین‌الدوله: گیا خەلات؛ سیا دەرمان؛ گیایەکە گوڵێکی سپی بۆنخۆش و میوەیەکی گۆشتنی ئەرخەوانی ڕەنگی هەیە.
پیچ دستی: گیرە؛ جەڕ؛ کەرستەیەک بۆ ڕاگرتن و بێ جووڵەکردنی ئەو شتە وا پێویستە کاری لە سەر بکرێ.
پیچ سرتخت: پێچی سەرتەخت.
هەروەها: **پیچ سرگرد**
پیچ شش‌گوش ☜ **پیچ‌آلن**
پیچ صحرایی ☜ پیچک‌صحرایی، **پیچک**
پیچ مهره‌ای: پێچی مۆرەیی.
▣ پیچ خوردن: پێچ خواردن؛ باو خواردن؛ تاو خواردن؛ قەمچ خواردن؛ جەڕ خواردن؛ پێچ واردەی؛ سووڕان؛ هالان؛ ئالان؛ ئالین؛ فەتلین؛ فتلین؛ لوولان؛ لوول واردەی؛ پیچان؛ وەران؛ ڤەگەڕان؛ خولین: ١. قەمچیان؛ پێچیان؛ پێچیەی ‹پایم پیچ خورد: پێیم پێچی خوارد› ٢. سووڕان؛ چەرخان؛ لا کردنەوە؛ باخواردنەوە ‹جاده در آنجا پیچ می‌خورد: جادە لەوێوە دەپێچێنەوە›.
پیچ دادن: پێچدان؛ پێچاندن؛ پێچانن؛ وەربادان؛ فتلاندن؛ لوولاندن؛ تاودان؛ خولدان؛ بادان؛ وادەی؛ پێچنەی ‹دستش را پیچ دادم: دەستیم پیچ دا›.
پیچ کردن: پێچ‌کردن؛ بە پێچ شتێک بەستنەوە بە جێگەیەکەوە ‹قفسه را به دیوار پیچ کردم: قەفەسەکەم پیچ‌کردە دیوارەکەوە›.
- **پیچ**[2]: پیواژه. ـ پێچ: ١. شیاو بۆ پێچاندن بە شتێک یان لە جێگایەکەوە ‹مُچ‌پیچ: مەچەک‌پیچ› ٢. پێچراو ‹کاغذپیچ: لە کاغەزپیچراو›.

پیچـاپیچ / pîčāpîč/: اسم. پـێچ‌ـپـێچ؛ پێچاوپێچ؛ پـێچ‌لـه‌پـێچ؛ پـێچ‌ده‌رپـێچ؛ پێچواپێچ؛ پێچه‌ڵ‌پێچ.

پیچـازی / pîčāzî/: صفت. پیچازی؛ چوارخانه‌ی ڕه‌نگاڕه‌نگ ‹پیراهن پیچازی زیبایی پوشیده بود: کراسێکی پیچازی جوانی ده‌به‌ر کردبوو›.

پیچان[1] / pîčān/: صفت. [ادبی] لـوول؛ پێچاو؛ پڕپێچ؛ به‌پێچ؛ پێچین؛ پێچدار؛ پێچ‌خۆر؛ پێچ‌وه‌ر؛ پێچسان؛ گرمۆڵه ‹ما در طلب وصل تو چون زلف تو پیچان: ئێمه بۆ گه‌یشتن به تۆ وه‌ک زولفی لوولت وا له پێچداین›.

پیچان[2]: قید. پێچ‌ـپێچ؛ به‌پێچه‌وه؛ به پێچ خواردنه‌وه ‹رود در میان دره غُران و پیچان پیش می‌رفت: ڕووباره‌که به ناو دۆڵاندا به گرماندن و پێچ خواردنه‌وه داده‌په‌ڕی›.

پیچاندن / pîčāndan/: مصدر متعدی. //**پیچاندی**: پێچاندت؛ **می‌پیچانی**: ده‌پێچێنی؛ **بپیچان**: بپێچێنه// پێچاندن؛ پێچ دانه‌وه؛ پێچانن؛ پێچنه‌ی؛ پێچنای: ۱. لوولاندن؛ جه‌ڕداین؛ داپێچانن؛ پێچدان؛ لـوول‌دان؛ لـوول‌داین؛ ئه‌ڵپه‌له‌نن؛ لووله‌کردن؛ واده‌ی؛ بـادان؛ جـه‌ڕاندن؛ تـه‌واندن؛ گـه‌ڕاندن و وه‌رگه‌ڕاندن به ده‌وری خـۆدا ‹پیچ را پیچاندن: پـێچ پێچانـدن› ۲. [مجازی] هه‌ڵشێواندن؛ ئاڵۆزکردن؛ سه‌خت و نامژمه‌ڵ کردن ‹حرف را پیچاندن: قسه پێچاندن›. هـه‌روه‌ها: **پیچاندنی**

■ صفت فاعلی: **پیچاننده** (پێچێنه‌ر)/ صفت مفعولی: **پیچانده** (پێچێنراو)/ مصدر منفی: **نپیچاندن** (نه‌پێچاندن)

پیچ ـــ پیچ / pîčpîč/: صفت. پێچاوپێچ؛ پێچه‌ڵ‌پێچ؛ باودراوی تێکه‌ڵاو؛ پێچ‌ـپێچ ‹این شکم بی‌هنر پیچ‌پیچ: ئه‌م زگه ته‌مبه‌ڵه پێچه‌ڵ‌پێچه›.

پیچ ـــ پیچی / pîčpîčî/: صفت. [گفتاری] پێچاوپێچ؛ پێچ‌له‌پێچ؛ پێچ‌پێچی.

پیچ‌خوردگی / pîčxordegî/: اسم. [گفتاری] پێچراوی؛ پێچاوی؛ پێچیایی؛ پێچیاگی؛ پـێچ خـوراوی؛ پـێچ‌خـواردوویی؛ وادریایی؛ پێچوارده‌یی.

پیچ‌درپیچ / pîčdarpîč/: صفت. پێچاوپێچ؛ پێچاپێچ؛ پێچ- پێچ؛ پێچ‌ده‌رپێچ؛ پێچ‌له‌پێچ؛ قـه‌مـچ و پـێچ؛ پێچان‌پـێچ؛ پـێچ و پـلووچ؛ گه‌وه؛ ڕێگه و بواری چه‌وت و چێل ‹جاده‌ی چالوس خیلی پیچ‌درپیچ است: جاده‌ی چالووس زۆر پێچاوپێچه›.

پیچش / pîčeš/: اسم. ۱. کار یان ڕه‌وتی پێچان؛ پێچیان؛ پێچ خواردن؛ پچان؛ پێچیه‌ی ‹دچار پیچش روده شده بود: تووش پێچ خواردنی ڕیله‌خۆ هاتبوو› ۲. [نامتداول] لاده‌ری؛ کلایی؛ ڕه‌وتی پێچ خواردنه‌وه ‹در آنجا رودخانه پیچش مختصری داشت: له‌وێدا ڕووباره‌که پێچ خواردنه‌وه‌یه‌کی کورتی هه‌بوو›.

پیچک / pîčak، ـها/: اسم. ۱. ئالینک؛ لاولاو؛ له‌ولاو؛ لـۆلاو؛ لافلاف؛ لاڤلاڤک؛ گوڵی لاڤلاف؛ ڕووه‌کی خزۆکی خۆ هه‌ڵکێش به دار و دیواردا ۲. ☜ **سیم‌پیچ**

▣ پیچک زمینی: مه‌له‌گه‌وی؛ مالۆچ؛ مالۆچه؛ گیایه‌کی خزۆکی گه‌لا خڕی گوڵ ئه‌رخه‌وانیه.

پیچک صحرایی: لاولاوی کێڵگه؛ مه‌له‌گه‌وه؛ مه‌له‌گه‌وی؛ مالویچه؛ مالوێنچه؛ مه‌له‌ویچه؛ مالۆنچه؛ گیایه‌که به دار و ده‌ور و به‌ریه‌وه پێچ ده‌خوا و هه‌ڵده‌کشێ، گوڵێکی گه‌وره و جوان و هه‌مه‌ڕه‌نگی هه‌یه.

پیچ‌گوشتی / pîčgûštî/ ☜ آچار پیچ‌گوشتی، **آچار**

پیچنده / pîčande، ـها/: صفت. خاوه‌ن

تایبەتمەندی و قەوەتی پێچ خواردن.

پیچ واپیچ / pîčvāpîč/: صفت. [گفتاری] پێچاوپێچ؛ پێچاپێچ؛ پێچەوپێچ؛ پێچلەپێچ؛ پێچدەرپێچ؛ پێچانپێچ؛ پێچپلووچ؛ قەمچاوپێچ؛ قەمچوپێچ.

پیچ و تاب / pîč-o-tāb، ـها/: اسم. پێچ و تاو؛ پێچ و خول؛ قەمچ و پێچ؛ پێچ و با؛ بزووتنێک وێڕای خول و پێچ خواردن ‹رود در پای کوه پیچ و تاب می‌خورد و پایین می‌رفت: رووبارەکە لە پای کێوەکەوە پێچ و خولی ئەخوارد و دادەبەڕزی›.

پیچ و خم / pîč-o-xam، ـها/: اسم. قەمچ و پێچ؛ پێچ و خول؛ پێچ و خەم؛ پێچ و قەمچ ‹پیچ و خم جاده: قەمچ و پێچی جادە›.

پیچه / pîče، ـها/: اسم. ١. [قدیمی] پەچە؛ پێچە؛ پووشی؛ ڕووبەند؛ ڕووبەن؛ ڕووبەنە ٢. ☜ سیم‌پیچ

پیچی / pîčî/: صفت. پێچی؛ پێچدار؛ بە پێچەوە ‹میخ پیچی: بزماری پێچی›.

ـ پیچی: پسواژه. ـ پێچی؛ کار یان ڕەوتی پێچاندن ‹سیم‌پیچی: سیم‌پێچی›.

پیچیدگی / pîčîdegî، ـها/: اسم. ١. پێچیاگی؛ پێچخواردوویی ٢. [مجازی] دژواری؛ ئاڵۆزی ‹پیچیدگی بحث: دژواری وتووویژ›.

پیچیدن / pîčîdan/: مصدر. لازم. متعدی. //پیچیدی: پێچات؛ می‌پیچی: دەپێچی؛ بپیچ: بپێچە// □لازم. ١. پێچان؛ پێچانەوە؛ فیچان؛ باو خواردن؛ وەربادان؛ وەرپێچانەوە؛ پێچدان؛ پێچیای؛ وەرانین؛ گۆڕانی شوێنی ڕۆیشتن ‹به راست پیچیدن: بەرەو ڕاست پێچان› ٢. [مجازی] قوو داکەوتن؛ زۆربە ساندن؛ پڕ بوونەوە؛ برەو سەندن ‹در شهر پیچیده بود که قرار است استاندار عوض شود: لە شاردا قسەوە کەوتبوو کە قەرارە پارێزەر بگۆڕدرێ› ٣. وەرپێچیان؛ تەویانەوە؛ هەڵبوونەوە ‹صدا در اتاق می‌پیچید: دەنگ لە وتاغەکەدا وەرپەپێچیا› ٤. بڵاو بوونەوە؛ پەخش بوونەوە؛ بەرز بوونەوە؛ داکەوتن ‹بوی عطر در اتاق پیچید: بۆنی عەتر لە هۆدەکە داکەوت› ٥. هەڵپێچان؛ چەرخان؛ لوول خواردن؛ سووڕ خواردن؛ خول خواردن؛ بە دەور شتێکدا گەڕان. □ متعدی. ٦. [مجازی] پێچیان؛ پێیدا پێچان؛ پێچیەی؛ چوونە دەور کەسێکا؛ خۆ لێ هالاندن؛ بوون بە هۆی دەردیسەری کەسێک ‹این قدر به او نپیچ، بگذار کارش را بکند: ئەوەندە پێیدا مەپێچە، بهێڵە با کارەکەی بکا›. هەروەها: **پیچیدنی**

■ صفت فاعلی: **پیچنده** (ـ)/ صفت مفعولی: **پیچیده** (پێچاو)/ مصدر منفی: **نپیچیدن** (نەپێچان).

پیچیده / pîčîde/: صفت. ١. پێچراو؛ پێچیاگ؛ باخواردوو؛ باوخواردوو؛ پێچدراو؛ بادراو؛ لوولدراو؛ پێچاو؛ پێچیدە؛ پێچیا ٢. [مجازی] دژوار؛ سەخت؛ ئاریشە ‹مسئلەی پیچیده: بابەتی دژوار›.

پیدا / peydā/: صفت. پەتی؛ دیار؛ ئاشکرا؛ ئاشکار؛ خویا؛ پەیدا: ١. وەرەچەم؛ بەرچاو؛ لە باری بەر چاودا ‹سرش از پشت درختان پیدا بود: سەری لە پشتی دارەکانەوە دیار بوو› ٢. دەرکەوتە؛ ڕوون ‹پیدا بود که می‌خواهد چیزی بگوید: دیار بوو دەیویست شتێک بڵێ›.

⊡ پیدا بودن: ١. بینران؛ دیتران؛ پیویەی ٢. ئاشکار بوون؛ ئاشکرا بوون؛ دیار بوون؛ ڕوون بوون.

پیدا شدن: پەیدا بوون؛ پەیا بوون؛ دەرکەوتن: ١. دۆزیانەوە؛ یۆزیایوە؛ شتی گومبوو یا نادیار دیتنەوە ‹کیفم پیدا شد؛ سر و کلاه‌اش پیدا شد: کیفەکەم پەیا بوو؛ سەر و سەکوتی دەرکەوت› ٢. دەسکەوتن؛

بـەدەس‌هـاتن؛ دەس‌کـەوتـەی ‹در آنجا چیزهایی پیدا می‌شود: لـەوێدا شتگەلێک دەس دەکەون›.

پیدا کردن: گیرخستن؛ پەیدا کردن؛ وەدەست خستن؛ پەیا کردن: ١. دەست خستن؛ بەدەست هێنان؛ گیر هێنان؛ گیر هاوردن ‹کار پیدا کردن: کار پەیا کردن› ٢. دۆزینەوە؛ ئەوەدیەی؛ یۆسەیوە؛ شتێ ون‌بوو یا نائاشکرایەک دیتنەوە ‹یک کیف پول پیداکردم؛ دزد را پیدا کردند: کیفێکی پووڵم دوزیەوە؛ دزەکەیان گیر خست›.

پیدائی / peydā'î/ ☜ **پیدایی**

پیدایش / peydāyeš/: اسم. کار یان ڕەوتی بەدیهاتن؛ پەیا بوون؛ ڕەخسان؛ خویا بوون؛ سەر هەڵهێنان؛ دەرکەوتن؛ هۆرئامەی ‹پیدایش جهان؛ پیدایش جوشهای ریز در ناحیەی شکم: بەدیهاتنی جیهان؛ دەرکەوتنی وردەزیپکان بە دەوری زگدا›.

پیدایی / peydāyî/: اسم. دیاری؛ دیتراوی؛ ئاشکرایی؛ چۆنیەتی دیار و لە بەرچاو بوون: **پیدائی**

پی‌درپی[1] /peydarpey/: صفت. پەساپەس؛ شۆن‌بەشۆن؛ پەیتاـپەیتا؛ لە سەر یەک؛ یەک لە دوای یەک؛ گوڕای‌گوڕ ‹سرفەهای پی‌درپی: قۆزەی لە سەر یەک›.

پی‌درپی[2]: قید. پەیتاـ پەیتا؛ پەساـ پەسا؛ هەیتاـ هەیتا؛ لە سەر یەک؛ شۆن‌بەشۆن؛ دوابەدوا ‹مردم پی‌درپی می‌آمدند: خەڵکی پەیتاـپەیتا دەهاتن›.

پی‌درو / peyderow, -dero/: اسم. ـها. دوادرەو؛ ئەو بەرهەمە لە پاش درەو کردنی مەزرا دەمێنێتەوە.

پیر[1] / pîr/: اسم. ـها؛ ـان. پیرەمێرد؛ بە تەمەن؛ کەڤنساڵ؛ دانساڵ؛ مێر؛ جاکەوتە؛ بە ساڵاچوو؛ ڕیش‌سپی؛ ڕیش‌چەرموو؛ ریش‌چەرمە؛ کاڵ: ١. [ادبی] دنیا دیتوو؛ جەهان دیتوو ‹پیری بە راهی می‌گذشت: پیرێ بە ڕێگایەکدا دەڕۆیشت› ٢. ڕێبەری دڵ؛ مورشید ‹پیر دیر؛ پیر طریقت: پیری دەیر؛ پیری تەریقەت›.

◘ **پیر کسی را درآوردن/ سوزاندن**: [مجازی] باوکی کەسێ دەرهێنان؛ بابی کەسێک هێنانە پێش چاو؛ زەحمەت و ئازاردانی زۆری کەسێک.

پیر[2]: صفت. پیر؛ بەتەمەن؛ ساڵمەند؛ لەکارکەوتوو؛ بەساڵاچوو؛ لەنگەر ‹مادرم خیلی پیر است: دایکم گەلێک پیرە›.

◘ **پیر شدن**: پیر بوون: ١. کاڵبوون؛ هەلهلین؛ تەمەن زیادکردن؛ گەڕانەوە ٢. لە ڕێزەکەوتن؛ داچەکان لە بەر تاوی ڕەنجی زۆر ‹من از دست تو پیر شدم: من بە دەستی تۆوە پیر بووم›.

پیر کردن: [مجازی] پیرکردن؛ ڕیش پێ چەرمووکردن؛ لە پا دەرهێنان؛ کەسێک بە هۆی ئازاردانی زۆر و درێژخایەنەوە پاتاڵ و پاسفندەکردن ‹زندانی شدن شوهر و فرار بچەهایش او را پیر کرد: زیندانی بوونی مێردەکەی و هەڵاتنی منداڵەکانی پیری کردن›.

پیرابند / pîrāband/: اسم. ـها. کادر؛ ئەندام.

پیراپزشکی / pîrāpezeškî, -pezešgî/: اسم. هەرکام لە پیشەگەلی سەر بە بژیشکی بۆ پاراستن یان گەڕاندنەوەی لەش ساغی.

پیرار / pîrār/ ☜ **پیرارسال**

پیرارسال[1] / pîrārsāl/: اسم. پێرارەکە؛ پێرار؛ ساڵی بەر لە پار: **پیرار** [ادبی]

پیرارسال[2]: قید. پێرارەکە؛ لە پێرارەکە؛ پێرارەنە؛ پێرارەوە؛ لە پێراردا؛ لە پێرارەوە: **پیرار** [ادبی]

پیراستگی / pîrāstegî/: اسم. [ادبی]

ڕێکوپێکی؛ لەباری ‹خطش در نهایت زیبایی و پیراستگی بود: خەتی لەوپەڕی جوانی و ڕێکوپێکیدا بوو›.

پیراستن / pîrāstan/: مصدر. متعدی. *[ادبی]* //**پیراستی:** تەوزاندت؛ **می‌پیرایی:** دەتەوزێنی؛ **بپیرا:** بتەوزێنە// تەوزاندن؛ ڕازاندنەوە؛ هەڵپەرتاوتن؛ هەڵپیتاندن؛ پەنجنین؛ ڕێک کردن؛ ڕێکوپێک کردن؛ جوان‌کردنەوە؛ ئاڕایش‌دان؛ نەژرنای؛ هۆرپاتەی؛ پەرچانن؛ پەرچاندن؛ چەتراندن؛ ڕازاندنەوە لە سۆنگەی لابردن و لێ‌زیادکردنەوە ‹پیراستن سر؛ پیراستن گل: سەر و قژ ڕێک کردن؛ تەوزاندنی گوڵ›.

■ صفت فاعلی: **پیراینده** (تەوزێنەر)/ صفت مفعولی: **پیراسته** (تەوزێنراو)/ مصدر منفی: **نَپیراستن** (نەتەوزاندن)

پیراسته / pîrāste، ـها؛ ـگان/: صفت. تەوزاو؛ جوان؛ پەرچاو؛ ڕێکوپێک؛ ڕازاوە؛ تایبەتمەندی ئەوەی کە خراپی و ناڕێکی نەبێت ‹پیراسته سخن می‌گوید: ڕێکوپێک قسەدەکا›.

پیراشکی / pîrāškî, pîrāšgî، ـها/: [روسی] *اسم.* پیراشکی؛ جۆرێک خواردنی ڕۆژاواییە وەکوو کولێرەیەکی ئەستوور، بە خۆراکی جۆراوجۆری لەتۆدا.

پیراقطبی / pîrāqotbî، ـها/: [فارسی/ عربی] *صفت. [نجوم]* ژوور جەمسەری؛ ژوور هیتمی ‹ستارەی پیراقطبی: هەسارەی ژوور جەمسەری›.

پیرامون[١] / pîrāmûn/: *اسم.* دەور؛ دۆر؛ دۆرمادار؛ دەوران پشت؛ هۆرە؛ پەڕانپەڕ؛ دۆران‌دۆر؛ بۆردۆر؛ گڕ؛ هەڤێرکە؛ گرد و پەڕ؛ دۆن: ١. *[هندسه]* گردای‌گرد؛ دەورگر ‹پیرامون دایره: گردای گردی جەغز› ٢. پەگاڵ؛ دەور و پشت؛ دەوران‌دەور؛ هاوێردۆر؛ هێل ‹در آن پیرامون جانداری دیده نمی‌شد؛ بە پیرامون شهری رسیدند: لەو پەگاڵەدا گیاندارێک نەدەبینرا. گەییشتنە دەور و بەری شار›.

پیرامون[٢]: *قید.* لە دەور و بەری؛ دەور تا دەور؛ لە دەوری؛ لە دۆرمەدۆر؛ لە گردوپەڕ؛ قەراخ‌بێچاخ؛ لە گردای‌گرد ‹پیرامون باغ درخت کاشته بودند: بە دەور و بەری باخەکە داریان نابوو› ٢. سەبارەت؛ لە بارەی؛ دەربارەی؛ جە بارەو؛ لەمەڕ ‹پیرامون فقر فرهنگی بحث شد: لەمەڕی کەمایەسی فەرهەنگیەوە باس‌کرا›.

پیرامونی / pîrāmûnî/: صفت. دەوراندەوری؛ دەوروبەری؛ گردای‌گردی؛ ئاقاری ‹دیوار پیرامونی: دیواری دەوراندەوری›.

پیرامونیان / pîrāmûniyān/: *اسم.* دەور و بەران؛ کەسانێک کە بەردەوام لە دەور مەقام یا کەسایەتیەکدا لە هات‌وچوودان و پێوەندی بێ‌بڕانەوەیان لەگەڵیدا هەیە ‹پیرامونیان شاه جز مشتی دزد و دغل نبودند: دەور و بەرانی شا جگە لە چەند دز و دەلەسەبازێک هیچی‌تر نەبوون›.

پیرانه / pîrāne/: صفت. پیرانە؛ وەکوو پیران ‹رفتار پیرانه: ئاکاری پیرانە›.

پیرانه‌سر / pîrānesar/: *قید. [ادبی]* سەرەوپیری؛ لە سەری پیریدا؛ لە کاتی پیریدا؛ سەروو پیری؛ پیری سەریە؛ پیریەنە؛ لەنگەرسەری ‹پیرانه‌سرم عشق جوانی به سر افتاد: سەرەوپیری ئەوینی لاوەتیم کەوتۆتە سەر دیسان›.

پیراهن / pîrāhan، ـها/: *اسم.* کراس؛ کەراس؛ کرواس؛ کراز؛ قولتە؛ گجی؛ جوە؛ گوملک؛ شەوی؛ شەی؛ شەیو؛ گجک؛ جوومە؛ متیان ❋ **پیرهن**

◙ **پیراهن خواب:** کراسی خەو؛ جلکی نووستن.

◙ **پیراهن بیشتر پاره کردن:** *[کنایی]* کاڵە

زۆرتر دڕاندن؛ ئاوی زۆرتر لە جۆ خستن؛ سەر زۆرتر شکیان؛ قژ زۆرتر چەرمووـ/ سپی کردن؛ بەئەزمەوونتر بوون؛ دونیادیتووتر بوون؛ تەمەندارتر بوون ‹هرچە باشد او دو تا پیراهن بیشتر از تو پاره کرده و اینها را بهتر می‌شناسد: هەرچێک بێت ئەو کاڵەی زۆرتری لە تو دڕاندووە و ئەمانە باشتر دەناسێت›.

پیراهن تن کسی بودن: [کنایی] پیرقەل و برازای کەسێک بوون؛ قۆڵی کراسی کەسێک بوون؛ کەوا و سەڵتەو یۆی بیەی؛ نێوان لەگەڵ کەسێکدا زۆر خۆش بوون.

پیراهن عثمان (درست) کردن: [مجازی] بیانووی شەڕ دروستکردن؛ بیانوو خۆش کردن بۆ شەڕنانەوە؛ کردنە داستان؛ کردنە بیانوو؛ کردنە تڕ خەسرەو؛ کردنە داردەست ‹شرکتش در گردهمایی را پیراهن عثمان کردند و بە زندانش انداختند: بەشداری کردنی لە کۆبوونەوەکەیان کردە بیانوو بۆی و خستیانە زیندانەوە›.

پیرایش / pîrāyeš، ها/:اسم. [ادبی] کار یان ڕەوتی تەوزاندن؛ ڕازاندنەوە؛ جوان کردنەوە؛ خشڵاندن؛ خەملاندنەوە؛ تیفتیفەدان.

پیرایشگری / pîrāyešgarî/:اسم. ١. [ادبی] ڕازێنەری ٢. بزووتنەوەی ڕێخۆشکەری دینی مەسیحی لە ئینگلیستان و ئەمریکای سەدەکانی ١٦ و ١٧ زایینی.

پیرایه / pîrāye، ها/:اسم. [ادبی] شتی جوان (لە زێڕ و زیوەر یان وشە و بێژە) بۆ ڕازاندنەوە و ڕێکوپێک کردن.

پیرچشمی / pîrčešmî/:اسم. پیرچاوی؛ دووربینی چاو بەهۆی تەمەن چوونە سەر.

پیرزن / pîr(e)zan، ها؛ ان/:اسم. پیرەژن؛ پیریژن؛ دایاپیر؛ ژنەپیری؛ پیرەژەنی؛ دادا؛ کەڤنەژن؛ تایەن؛ پۆپ چەرمووـ؛ پۆپچەرمگ؛ ژنی بە تەمەن و بە ساڵاچوو ‹پیرزن خوش‌سیمایی بود: پیرەژنێکی ناوچاو ڕوون بوو›.

پیرمرد / pîr(e)mard، ها؛ ان/:اسم. پیرەمێرد؛ پیرەمێر؛ پیرەمەرد؛ پیرەپیاو؛ پیرەپیا؛ پیاوی پیر؛ ئیختیار ‹بگذار پیرمرد سوار شود: بێڵانە ئەو پیرەمێردە سوار بێت›.

پیرن / pîran/ ☜ **پرند**[2]

پیرند / pîrand/ ☜ **پرند**[2]

پیرو[1] **/ peyrow, peyro**/:اسم. ١./ پیروان، peyrovān/ شوێنکەوتوو؛ شۆنەڕا؛ پاشەڕەو ‹ما پیرو تو هستیم: ئێمە شوێنکەوتووی تۆین› ٢. لایەنگر؛ شوێنکەوتوو؛ وەدووکەوتوو؛ ‹پیرو اسلام: لایەنگری ئیسلام› ٣. /ـها/ شوێنگر؛ پشتگر؛ پەیڕەو؛ برووسکە یان نامەیەک کە بۆ پشتگری لە داخوازێک دەنێردرێت ‹یک پیرو بفرستید، ببینید جواب چە شد؟: پشتگرێک بنێرن، بزانن جواب بوو بەچی؟›.

پیرو[2]: قید. بە شوێنی؛ بە دوای؛ بە شوێنگری؛ بە پشتگری؛ بە پێگرتی؛ بە پەیڕەو؛ بە ژێر چاو؛ بە دواکەوتە؛ دماو؛ شۆنوو ‹پیرو فرمایشات متین رییس‌جمهور: بەدوای وتەگەلی گونجاوی سەرۆک‌کۆماردا›.

پیر و پاتال / pîr-o-pātāl، ها/: صفت. [تعریض] پیر و زورهان؛ پیر و پاتاڵ؛ پیر و داکەوتە؛ پیر و کەنەفت؛ پیر و پاچاڵ؛ پیر و خەرف؛ هەترەگ؛ پیر و لە کارکەوتوو؛ داکەوتوو ‹یک مشت پیر و پاتال می‌نشینند و برای جوانان تصمیم می‌گیرند: بڕێ پیر و زورهان دادەنیشن و بۆ لاوەکان بڕیار دەدەن›.

پیروز / pîrûz/: صفت. ١. سەرکەوتوو؛ لە سەر؛ سەرکەفتی ‹تیم ما پیروز است: تیمی ئێمە سەرکەوتووە› ٢. پیرۆز؛ هەزەک؛

ممبارەک؛ هەزەخ ‹نوروزتان پیروز: نەورۆزتان پیرۆز›

پیروزمند / pîrûzmand، ـان/: صفت. سەرکەوتوو؛ بە ئاوات‌گەیشتوو لە کاردا ‹ارتش پیروزمند: ئەرتەشی سەرکەوتوو›.

پیروزمندانە[1] / pîrûzmandāne/: صفت. سەرکەوتووانە ‹نبرد پیروزمندانە: شەڕی سەرکەوتووانە›.

پیروزمندانە[2]: قید. سەرکەوتووانە؛ بە سەرکەوتوویییەوە ‹سپاهیان پیروزمندانە بازگشتند: چەکدارەکان سەرکەوتووانە گەڕانەوە›.

پیروزی / pîrûzî، ـها/: اسم. سەرکەوتویی: ۱. کار یا ڕەوتی گلاندنی هەڤبەر لە شەڕ یا کێبەرکێدا ‹آزاد در مسابقات پیروزی بزرگی بدست آورد: ئازاد لە کێبەرکێدا سەرکەوتنێکی مەزنی بە دەست هێنا› ۲. ڕەوتێک بۆ وەدەست هێنانی ئامانجێ کە پێویستی بە هەوڵ و تێکۆشانێکی زۆرە ‹پیروزی در زندگی: سەرکەوتوویی لە ژیاندا›.

پیروی / peyravî, peyrovî، ـها/: اسم. پەیڕەوی؛ شۆنەڕای: ۱. دانەدوویی؛ شوێن‌کەوتوویی؛ کار یان ڕەوتی مرید بوون؛ بە گوێ‌کردن و دواکەوتنی دەستووریٚ، کەسیٚ، ئاکاریٚ، بنەمایێ یان یاسا و شێوازێک ‹پیروی از اسلام: پەیڕەوی لە ئیسلام› ۲. شوێن‌گیری؛ پاشەڕەوی ‹آرام زد به آب و ما هم از او پیروی کردیم: ئارام دای لە ئاو و ئێمەش کەوتینە شوێنی›.

پیرهن / pîr(e)han/ ☜ **پیراهن**

پیری / pîrî/: اسم. پیری؛ زورهانی؛ دۆخ یا چۆنیەتی پیر بوون ‹دوران پیری: سەردەمی پیری›.

پیری / piri/: اسم. [تعریض] پیرەکۆن؛ پیرەمەرد؛ پیرەپیاو؛ پیرەمێرد ‹پیری عجب زوری دارد!: پیرەکون چ هێزێکی هەیە!›.

پی‌ریزی / peyrîzî، ـها/: اسم. ۱. کار یان ڕەوتی بنەڕەت دانان؛ بنەڕەت نیان؛ بنەڕەتمەی؛ بناغە دارڕژتنی خانوو ‹برای پی‌ریزی ساختمان چند کامیون بتن لازم داریم: بۆ بنەڕەت‌نیانی ئەم خانووە چەن کامیۆن بتوونمان پێویستە› ۲. بناغەدارێژی؛ بنیات‌نەری؛ بناغەدانەری ‹پی‌ریزی دانشگاه بە منظور تربیت نیروی متخصص: بناغەدارێژی زانکۆ بە مەبەستی پەروەردەکردنی زانیاران›.

پیری‌شناسی / pîrîšenāsî/ ☜ **سالمَندشناسی**

پیز / pîz/: [فرانسوی] اسم. پیز؛ یەکەی ئەندازەپێوی تەوژم و فشار بەرامبەر بە ۱۰۰۰ پاسکاڵ.

پیزر / pîzor/: اسم. جەگەن؛ گیایەکە لاسکی سێ سووچە لە زەلکاودا دەڕوێ.

▣ **پیزر لای پالان کسی گذاشتن**: [تعریض] ئاو کردنە پای کەسێک؛ شووتی دەبن هەنگڵ کەسێک نان؛ سابوون چێروو پاو یۆی نیەی؛ پێدا هەڵگوتن و خۆڵتەکردن بە کەسێک بۆ بەڕێوە بردنی کارێک یان مەبەستێک ‹آن‌قدر پیزر لای پالانش گذاشت که آخر پول را از او گرفت: ئەوەندە ئاوی کردە پای ئاخری پارەکەی لێ‌ساند›.

پیزری / pîzorî، ـها/: صفت. [گفتاری، مجازی] داهێزاو؛ فش؛ خاو؛ سس؛ سڕ؛ بێ‌هێز؛ لەرزۆک ‹پیرمرد پیزری: پیرەمێردی داهێزاو›.

پیزی / pîzî/: اسم. [مستهجن] سوو؛ خڕک؛ کۆمی؛ بالوور؛ تڕیزە؛ قیت؛ کونای قنگ؛ کونی قوون؛ وڵۆ عننێ.

▣ **پیزی گشاد**: [کنایی] حیزەڵ؛ تەمەڵ؛ تەوەزەل؛ تەپە؛ لەش‌گران؛ قن‌قورس؛ تەپلمۆس؛ تەپلۆس.

▣ **پیزی کاری را داشتن**: [مجازی] بە ورە و هێز بوون بۆ کارێک؛ بێ‌باکی و ئازایەتی

لە خۆ پیشاندان بۆ بەڕێوە بردنی کارێک.

پیزی کسی را جا انداختن:[تعریض] تیکە بۆ کەسێک گرتنەوە؛ تیکە بۆ کەسێک جاوین؛ جێبەجێ کردنی کاری کەسێک بەجێگەی ئەو.

پیژاما / pîjāmā/: [فرانسوی از فارسی] ☜ **پیژامە**

پیژامە / pîjāme، ـها/: [فرانسوی از فارسی] اسم. بیجامە؛ بیجامێ؛ ژێرشواڵی: **پیژاما؛ پیجامە**

پییس / piyes، ـها/: اسم. نمایشنامە؛ نمایشتنامە.

پیس / pîs/: اسم. ۱. ☜ **پیسی ـ۱** ۲. ـها/ پەڵە؛ لکوپیس؛ پیس؛ لەکەی دیار: **لکُوپیس**

پیست / pîst، ـها/: [فرانسوی] اسم. پیست؛ شەمیتۆک؛ خیزەڵان؛ زەوی یا هێڵی تەیار کراو بۆ دیلان یا کایە ‹پیست مسابقە: پیستی کێبەرکێ›.

پیسە[1] / pîse/ ☜ **پیسی ـ۱**

پیسە[2]: صفت. ۱. بەڵەک؛ بازگ؛ بازەڵە؛ رەش و سپی؛ سیاوچەرمە ۲. دووڕەنگ؛ بازۆ؛ بازگ؛ بازە؛ بازەڵە ۳. خاڵ ـ خاڵ.

پیسی / pîsî/: اسم. ۱. گولی؛ بەرەس؛ پیسی؛ نەخۆشینی پێستی: **بَرَص؛ پیس؛ پیسە** ۲. [گفتاری، کنایی] داماوی؛ ناتەوانی؛ قورەماوی؛ دەس تەنگی؛ هەژاری؛ بێچارەیی؛ گیرکەوتوویی؛ بەرقالی.

▣ **بە پیسی افتادن**: [مجازی] تێدا مانەوە؛ کەوتنە رۆژرەشی؛ دامان؛ بێچارە بوون؛ رۆژرەش بوون؛ کەوتنە جێوە ‹فردا کە بە پیسی افتادی، معنی حرفهایم را می‌فهمی: دوارۆژ کە تیدا مایەوە، ئەزانی چی ئێژم›.

پیش[1] / pîš/: اسم. بۆرە؛ ئەو بزوێنە کە وەکوو واوێکی چکۆلەیە (ُ) و دەچێتە سەر پیتەوە: **ضَمّە**

پیش[2]: صفت. بەر؛ لە پێش؛ پێشوو؛ بەرگین؛ وەرین؛ وەر؛ بەر لە دیتران ‹دندان پیش: ددانی پێشوو›.

▣ دندان پیش ☜ **دندان**

شب پیش ☜ **شب**

پیش[3]: قید. ۱. پێش؛ پێشەوە؛ بەرەو رووی مەبەست ‹پیش می‌رفت: ئەچووە پێشەوە› ۲. زووتر؛ لەوەو بەر؛ پێشتر؛ وەڵێنە؛ لە پێشەوە؛ لە بەرەوە ‹از پیش می‌دانست: پێشتر دەیزانی› ۳. لە کن؛ لە لای؛ لە پاڵ؛ لە تەنیشت؛ لجەم؛ پاڵوو؛ لە بەرانبەر یان لە نزیکی شتێکەوە ‹پیش من: لە لای من›.

▣ پیش پای کسی: بەر لە پای کەسێک؛ بەر لە هاتنی کەسێک؛ وەڵوو پاو یۆینە؛ وەر جە پاو یۆی؛ راست پێش لە هاتنی کەسێک.

پیش چشم: لە بەر چاو؛ لە پێش چاوی؛ رووبەرووی؛ وەرە چەموو؛ وەراوەروو.

پیش رو: لە رووبەرووودا؛ لە پێش چاودا؛ لە بەردەمدا؛ رووەورووو؛ لە رووەوە؛ لانە؛ وەراوەرەوە؛ لە بەرامبەردا ‹پیش رو تعریف می‌کند، پشت سر بد می‌گوید: لە رووەوە هەڵدەلێ، لە پشتسەرەوە پەڵ دەڵێ›.

از پیش: زووتر؛ لە بەر؛ لە پێش؛ بەر لە؛ لە پێشەوە؛ لە بەرەوە؛ جە وەڵێنە ‹از پیش می‌دانستم او نخواهد آمد: لە پێشەوە دەمزانی نایێت›.

▣ پیش آمدن: ۱. پێش هاتن؛ رووودان؛ پێش ئامەی؛ رووەدەی ‹اگر مشکلی پیش آمد بە من خبر بدە: ئەگەر گرفتێک رووی دا هەواڵم پێ بدە› ۲. هاتنە بەرەوە؛ هاتنە پێشەوە ‹پیش آمد و شناسنامەاش را نشان داد: هاتە بەرەوە، ناسنامەکەی نیشاندا›.

پیش آوردن: ۱. هێنانە پێشەوە؛ هێنانە پێش؛ هاوردنە بەرەوە ‹دستش را پیش اورد: دەستی هێنایە پێشەوە› ۲. پێش هێنان؛ خۆش‌کردن؛ وەش‌کەردەی؛ دروست کردن ‹دردسر پیش اوردن: دەردیسەر دروست‌کردن›.

پیش افتادن: کەوتنە پێشەوە؛ پێش کەوتن؛ وەپێش‌کەوتن؛ کەوتنە بەرەوە؛ کەوتەی وەڵێوە ‹قهرمان سیاهپوست پیش افتاد: پاڵەوانی ڕەش‌پێست کەوتە پێشەوە›.

پیش انداختن: خستنە پێشەوە؛ پێش خستن؛ وەپێش خستن؛ وسەی وەڵێوە: ۱. خستنە بەرەوە ‹امتحان را ۱۰ روز پیش انداختند: ئەزموونەکەیان ۱۰ ڕۆژ خستە بەرەوە› ۲. خستنە بەر؛ دانەبەر ‹آزاد پاسبان را پیش انداخت و با خودش برد: ئازاد پاسەوانەکەی خستە بەر و بردی›.

پیش بردن: ۱. بردنە بەرەوە؛ بردنە سەرەوە؛ سەر خستن ‹او سرانجام حرفش را پیش برد: لە ئاکامدا قسەی خۆی بردە بەرەوە› ۲. بەرەو بەر بردن؛ بەرەو پێش بردن؛ بردنە بەرەوە ۳. ڕێک خستن؛ گەشە پێدان؛ پێش خستن؛ وسەیەوە ڕا؛ ڕێک وسەی.

پیش پای کسی بلند شدن: لە بەر کەسێک هەڵسان؛ لە پێش کەسێکدا هەستان؛ هەستان لە بەر کەسێک بۆ ڕێز لێنانی.

پیش رفتن: پێش‌چوون؛ ڕۆینە بەرەوە: ۱. بەرەو پێش چوون؛ بەرەو بەر چوون؛ کەوتنە بەر ۲. پێشکەوتن؛ پێشڕەوت کردن؛ چوونە سەر.

پیش زدن: تەتەڵەکردن؛ لاتیل‌کردن؛ گیل/ گیج دان؛ تەتەڵەوازکەردەی؛ وەرلەنگەری‌کەردەی؛ هەڵدانی دانەوێڵە و خەلە و جیا کردنەوەی خاک و خۆڵی.

پیش کردن: لادرزکردن؛ لاترەک کەردەی؛ تەواو کپ نەکردن؛ دەلاقە یان درگا بە جۆرێک بەستن کە بە پاڵ پێوەنان بکرێتەوە ‹در را پیش کرده بودم باد بازش کرد: درگاکەم لادرز کردبوو با کردیەوە›.

پیش کشیدن: ۱. بەرچاو خستن؛ خستنە روو ۲. خستنە بەر باس؛ هێنانە پێشەوە؛ هاوردنە بەرەوە.

پیش گرفتن: گرتنە پێش؛ گرتنە بەر؛ دانە بەر؛ گیرتەینە وەر؛ هەڵبژاردن (لەمەڕ ڕێگا، کردەوە و کار) ‹این روشی که تو در پیش گرفته‌ای تو را به جایی نمی‌رساند: ئەم ڕێگایە تۆ گرتووتە پێش بە هیچ کوێت ناگەیێنێ›.

پیش[4]: حرف. پێش؛ بەر؛ وەر؛ پێشتر لە کات، جێ یان ڕووداوێک.

⊡ **پیش از تاریخ:** بەر لە مێژوو؛ پێش مێژوو؛ لە سەرهەڵدانی مرۆڤەوە هەتا سەرەتای نووسین.

پیش از ظهر: بەر لە نیوەڕۆ؛ بەلە نیمەڕۆ؛ بەرای نیوەڕۆ؛ پێش لە نیوەڕۆ؛ وەڵێ نیمەڕۆی؛ بەر لە کاتژمێری ۱۲، لە ۱۰ بەو لاوە.

پیش از میلاد: پێش زایین؛ بەر لە زایین؛ پێش لە دایک بوونی حەزرەتی عیسا.

⊡ **پیش از آخوند به منبر رفتن:** [*تعریض*] بەر لە مەلا نوێژ دابەستن؛ پێش لە نۆرە، قسە یا کاریێ‌کردن.

پیش ـ[5]: *پیشواژه*. پێشـ : ۱. بەسراو و لکاو بە بەرەوە ‹پیش‌آهنگ: پێش‌ئاهەنگ› ۲. سەر بە داهاتوو ‹پیش‌بینی: پێش‌بینی›.

پیش‌آزمون / pîšāz(e)mûn، ـها/: /*اسم*. پێش‌ئەزموون؛ ئەزموونێک کە بۆ هەڵسەنگاندنی خوازیارانی فێرکاری

ده‌گیردرێت.

پیش آسیا / pîšāsiyā/ ☜ (دندان) آسیای کوچک، **آسیا**

پیش آگاهی / pîšāgāhî/: *اسم.* پێش‌ئاگاداری؛ ئاگاداری یا ناسینەوەیەک کە بەر لە ڕووداوێک تەیار کرابێت.

پیش آگهی / pîšāgahî، ـها/: *اسم.* پێش‌ئاگەداری: ١. پێش‌ئاگاداری؛ ئاگاداریەک کە لە پێشەوە درابێت ٢. *[پزشکی]* پێش‌بینی دەوران و ئاکامی نەخۆشیەک.

پیشاب / pîšāb/: *اسم.* میز؛ مێز؛ گمێز؛ گمیز؛ شاش؛ پێشاو.

پیشابدان / pîšābdān، ـها/: *اسم.* لەگان؛ کاسەمیز؛ جێ گمێز؛ دەفری میزتنی ئەو نەخۆشانەی کە هێزی سەر دەساو چوونیان نیە.

پیشابراه / pîšābrāh/: *اسم.* ڕێ‌گمێز؛ ڕێ ڕژانە دەرەوەی میز لە میزدانەوە.

پیشاپیش / pîšāpîš/: *قید.* ١. لە بەر؛ لە پێش؛ پێشاپێش؛ وەڵوو ‹پیشاپیش همه می‌رفت: لە بەر هەمووانەوە دەڕۆیشت› ٢. زووتر؛ لە پێشدا؛ پێشەکی؛ پێشتر؛ وەڵینە؛ زووتەر؛ بەر لە کات و ساتی بڕیاردراو ‹پیشاپیش غذا را پخته بودم: زووتر چێشتەکەم لێنابوو›.

پیشامد / pîšāmad/: *اسم.* ڕووداو؛ پێشهات؛ پێشهاتە؛ پێشامە؛ ڕیوار؛ کەت؛ هەڵکەفتێ ‹مرگ دوستم پیشامد ناگواری بود: مەرگی هەڤاڵەکەم ڕووداوێکی دڵتەزێن بوو›.

پیش آمدگی / pîšāmadegî, pîš'ā-، ـها/: *اسم.* دەرپەڕیوی؛ دەرکەوتوویی؛ زۆپی؛ زەقی؛ بەپڕایی؛ سکنیاوی؛ ڕەوتی هاتنە پێشەوەی سروشتی شتێک (وەک ئاو یان وشکی) ‹پیش‌آمدگی دیوار: دەرپەڕیوی دیوار›.

پیش امضا / pîš'emzā/: [فارسی/ عربی] *اسم.* پێش‌ئیمزا؛ پاراف؛ ئیمزای پێشنووسی نووسراوەیەکی ڕەسمی.

پیش اندیشی / pîšanddîšî/: *اسم.* کار یا ڕەوتی لە پێشەوە داوەری یان بڕیاردان.

پیشانه / pîšāne/: *اسم.* *[نامتداول]* ژوور؛ سەرەوەی هۆدە؛ شوێنی دوور لە درگا.

پیشانی / pîšānî/: *اسم.* ناوچاو؛ نێوچاوان: ١. جەمین؛ هەنیە؛ هەنی؛ ئەنی؛ تەوێڵ؛ توێڵ؛ تیوڵ؛ تێوڵ؛ تەوێڵە؛ تاق‌توێڵ؛ جەبین؛ نۆتک؛ نەهتک؛ زەعتک؛ تێڵ؛ پشنی؛ نەعتک؛ فکلە؛ پێشانی؛ نەقسوور؛ ناڤیروو؛ تەمۆ؛ بەشێ لە لای ژووروووی ڕوومەت، لە سەر چاوەوە هەتا خەتی مووی سەر ٢. چارەنووس؛ بەخت؛ ناوچاو؛ ناڤچاڤان (کە ڕابردوان وایان دەزانی چارەنووسی هەرکەس لە سەر توێڵیەوە نووسراوە) ‹این در پیشانی‌اش بود که باید می‌آمد و با این دختر ازدواج می‌کرد: لە نێوچاویدا نووسرابوو کە بێت و ئەم کچە بخوازێت›.

▣ پیشانی بر خاک نهادن: *[ادبی، کنایی]* تەوێڵ نانە سەرخاک؛ بەندەگی و خاکەساری پیشان‌دان ‹پیشانی بر خاک نهاد و گریست: تەوێڵی نا سەر خاک و گریا›.

پیشانی کسی بلند بودن: بەختی کەسێک بەرز بوون؛ بەختیار بوون ‹نگران نباش موفق می‌شوی، پیشانی‌ات بلند است: نگەران مەبە سەردەکەوی، بەختت بەرزە›.

پیشاهنگ / pîšāhang، ـها؛ ـان/: *اسم.* پێشاهەنگ؛ پێشەنگ: ١. سەرقافڵە؛ سەرکاروان؛ سەرپەل؛ سەرگەلە؛ هوورە شۆپ؛ ڕەمکێش؛ بەراهی؛ بەرایی؛ پێشایی؛ ئەوەی لە بەرەوەی گرۆیەکدا دەڕوا ٢. ڕچەشکێن؛ پێش‌هەنگاو ٣. ئەندامی ڕێکخراوی پێشاهەنگی ‹من در مدرسه

پیشاهنگی بودم: من له فێرگەدا پێشاهەنگ بووم›.

پیشاهنگی / pîšāhangî/: اسم. پێشاهەنگی: ١. دۆخ یان چۆنیەتی پێشەنگی کردن؛ سەرقافڵەیی کردن؛ سەرکاروانی کردن؛ بەراهی کرن ٢. ڕێکخراوی ڕاهێنان و بارهێنانی تایبەتی بۆ تازەلاوان.

پیشباز / pîšbāz/ ☜ پیشواز

پیشبال / pîšbāl/: اسم. بەرداوێن؛ بەردایەن؛ وەردامنە؛ بەشی پێشینی داوێنی جلوبەرگ ‹دامن پیراهن: بەرداوێنی کراس›.

پیش‌بخاری / pîšboxārî، ـها/: [فارسی/عربی] اسم. بالاڕف؛ سەرتاق؛ تاقەچکۆلەی سەر دیوار.

پیشبرد / pîšbord/: اسم. پێشبەری؛ پێشکەوتی؛ کار یان ڕەوتی: الف) پێشکەوتن؛ پێشکەفتن؛ گەشە پێدان؛ بالابردن؛ بەرەو پێش بردن ‹پیشبرد فعالیت‌های عمرانی مستلزم صرف پول است: پێشکەوتنی کارکۆیی ئاوان‌کردنەوە پێویستی بە خەرج کردنی پارەیە› ب) سەرکەوتن؛ گەییشتن؛ سەرخستن ‹برای پیشبرد منظورش به سارا خانم متوسل شد: بۆ گەیشتن بە مەبەستی دەستەو داوێنی سارا خانم بوو›.

پیش‌برگ / pîšbarg، ـها/: اسم. پرۆفورما.

پیش‌بند / pîšband، ـها/: اسم. بەروان؛ بەروانە؛ بەروانک؛ بەرڤانک؛ بەرڤانەک؛ بەروانکە؛ بەرکۆش؛ وەربانە؛ وەربەن؛ بەرەوپێڵ؛ بەرەڵبێنە؛ بەرهەڵبێنە؛ بەرانپیل؛ پۆشەنێک بەندارە کە تەواو یان بەشێک لە بەرووی جلوبەرگ دادەپۆشێ و بۆ پیس یان تەڕ نەبوون لە کاتی کارکردن یان نان خواردندا دەیبەستن ‹پیش‌بند بچە: بەروانکەی منداڵ›.

پیش‌بها / pîšbahā/: اسم. [نامتداول] پێشەکی؛ پێشبایی؛ بێعانە؛ پارەی پێش.

پیش‌بین / pîšbîn/: صفت. پێش‌بین؛ خاوەن توانایی لە پێش‌بینی کردندا.

پیش‌بینی / pîšbînî، ـها/: اسم. کاڤشکی؛ بەربووری؛ پێش‌بینی؛ کار یان ڕەوتی لە پێشەوە هەست پێ کردنی ڕووداو یان پەیهاتەیەک و ڕەچاوکردنی چارەیەکی باش بەو بۆنەوە ‹آمدن بهمن را پیش‌بینی می‌کردم: هاتنی هەرەسم پێش‌بینی دەکرد›.

پیش‌پاافتاده / pîšepā'oftāde/: صفت. بێ‌بایەخ؛ لاکەوتە ‹موضوع پیش‌پاافتاده: بابەتی بێ‌بایەخ›.

پیش‌پرداخت / pîšpardāxt، ـها/: اسم. پێشەکی؛ بەعی؛ بێعانە؛ کرێ لە پێش کاردا.

پیش‌پرده / pîšparde، ـها/: اسم. پێش‌پەردە؛ کورتە شانۆ یان ئاهەنگێک کە بەر لە ئەسڵی شانۆکە یا لە نێوان دوو پەردەدا بەڕێوە دەچێ.

پیش‌پیش [1] / pîš-pîš/: قید. [گفتاری] پێشاپێش؛ پێشەکی؛ بەر لە هەر شتێک ‹پیش‌پیش به او گفته بودیم که می‌آییم: پێشاپێش پێمان گوتبوو کە دێین›.

پیش‌پیش [2] / piš-piš/: صوت. پش ـ پش؛ پشی ـ پشی؛ پشێ ـ پشێ؛ دەنگێکە بۆ قاو کردنی پشیلە ‹پیش‌پیش کردم، گربه آمد توی اتاق: پش‌پشم کرد، پشیلەکە هاتە هۆدەکە›.

پیشت / pîšt/: صوت. ختە؛ فسە؛ فس؛ ختەفس؛ دەنگێکە بۆ وەدەرنانی پشیلە ‹گربه را پیشت کن برود: ختە لەو پشیە بکە با بچێ›.

پیشتاب / pîštāb/: اسم. ١. /ـها/ شەش وەرب؛ شەش‌ئاگر؛ تاوهەنگاو؛ تاوهەلات؛ جۆرێک دەمانچەی لوولە درێژی کۆن ٢.

[ادبی] کازیوه؛ کازێوه؛ کاز و کووز؛ بوولێڵەی بەیانی؛ ڕووناکیەکی کەم کە بەر لە هەڵاتنی خۆر، وڵات ڕوون دەکاتەوە.

پیشتاز / pîštāz/: صفت. پێشەنگ؛ پێشڕۆ؛ پێشڕەو؛ ڕەمکێش؛ سەرگەلە؛ سەرجەلە؛ بەزا لە بەرای هەموانەوە ‹اسب پیشتاز: ئەسپی پیشەنگ›.

پیشتر [1] / pîštar/: صفت. پێشتر؛ پێشووتر؛ بەرتر؛ پێشوو: ١. بەروو؛ پێشوو ‹در سالهای پیشتر آلودگی هوا کمتر بود: لە سالانی پێشوودا پیسی هەوا کەمتر بوو› ٢. پێش ‹آزاد در کلاس از همه پیشتر بود: ئازاد لە پۆلەکەدا لە هەموو پێش بوو›.

پیشتر [2] /ـها/: قید. ١. ئەوسا؛ ئەوەدەم؛ ئەوکات؛ ڤێ‌گاڤێ؛ ئەوساکە؛ لەوێ‌چاخێدا؛ چیوەڵ؛ چاوەڵێ؛ لەمەو پێش؛ پێشووتر؛ زووتر؛ وەڵتەر؛ لە مێژینەتر؛ لە زوودا؛ زوو؛ لە کات و ساتی ڕابردوودا ‹پیشتر به این مدرسه می‌رفتم: زووتر دەچوومە ئەم قوتابخانەیە› ٢. لە پێشترەوە؛ لە پێشەوە؛ لە بەرەوە؛ وەرەنە ‹آرام پیشتر می‌رفت: ئارام لە پێشەوە دەڕۆیشت› ٣. لە پێشەوە؛ لە پێشترەوە؛ لە بەرەوە؛ وەڵێنە؛ لە بەرتر ‹تو پیشتر برو: تۆ لە پێشەوە برۆ›.

پیشخان / pîšxān، ـها/: اسم. ١. مێزەک؛ پێشخوان؛ مێزێ کە فرۆشیار لە پشتیەوە شتومەک دەفرۆشێ: **پیشخوان** ٢. ڕێودالان؛ پێشخان؛ پێشخانە.

پیش‌خدمت / pîšxedmat، ـها/: [فارسی/ عربی] اسم. پێشخزمەت؛ پێشخەومەت؛ بەردەست؛ وەردەس؛ خەومەتکار؛ خزمەتکار.

پیشخدمتی / pîšxedmatî/: [فارسی/ عربی] اسم. پێشخزمەتی؛ بەردەستی؛ وەردەسی؛ کاری پێشخزمەت.

پیش‌خرید / pîšxarîd/: اسم. سەلەم؛ پێشخڕ؛ پێشکڕ ‹محصول باغش را پیش‌خرید کرده‌اند: بەرهەمی باخەکەیان سەلەم کردووە›.

پیشخوان / pîšxān/ ☜ **پیشخان ـ١**

پیشخور / pîšxor/: اسم. بەرخۆر؛ پێش‌خۆر؛ سەوزەخۆر؛ شینخۆر ‹وقتی آزاد حقوق گرفت، نصفش را پیشخور کرده بود: کاتێک ئازاد مووچەی وەرگرت، نیوەی بەرخۆر کردبوو›.

پیش‌دانشگاهی [1] / pîšdānešgāhî/: اسم. ئاخر ساڵی خوێندنی ناوەندی بۆ کەسێک بیەوێ بچتە زانسگاوە.

پیش‌دانشگاهی [2]: صفت. سەبارەت یان سەر بە دەورانی پێش زانسگا.

پیشداوری / pîšdāvarî، ـها/: اسم. ١. پێشداوەری؛ بڕوا یا داوەری سەبارەت بە شتێک بەر لە وەدەست هێنانی ئاگاداری تەواو یا هەڵسەنگاندنی ڕاستیەکانی ئەو شتە ‹آنچه در مورد آرام می‌گویی یک پیشداوری است، چون تو اصلا او را نمی‌شناسی: ئەو شتانەی لەمەڕ ئارامەوە دەڵێی پێشداوەریە، چونکە تۆ هەر نایناسی› ٢. ڕکە؛ دەمارگری؛ بەدگومانی یا وەڕەزی بێ‌جێ سەبارەت بە دەستە، ڕەگەز یا دینێکی تایبەت.

پیش‌دبستانی / pîšdabestānî/: صفت. پێش‌سەرەتایی؛ سەبارەت بە پێشتر لە دەورانی سەرەتایی.

پیش‌درآمد / pîšdarāmad، ـها/: اسم. دەسپێک؛ دەستپێک: ١. پێشەکی؛ سەرەتا؛ یەکەم قۆناغی هەر کارێک ٢. [موسیقی] بەشێکی کورت کە لە سەرەتای ئاهەنگ یا بەرهەمێکی موسیقی لێ‌دەدرێ ‹درویش‌خان پیش‌درآمد را در موسیقی ایرانی وارد کرد: دەروێش‌خان دەسپێکی هێنایە ناو مۆسیقای ئێرانیەوە›.

پیش‌درد / pîšdard/: اسم. [پزشکی]

سۆڵـــسوڵـێ؛ ژانـێ کـه لـه ڕەوتی زایینـدا دێت و دەڕوا و هێشتا تەواو نەیگرتووە.

پیـشدستی / pîşdastî/: اسم. پێـشدەسـتی: ۱. /ـها/ دەوری؛ پێـشدەسـی؛ پـشدەسـی ‹بـدو یـک پیشدستی بیـاور: ڕاکـه پیشدەستییەک بێنـه› ۲. پێـشاوبڕکێ؛ کـار یـان ڕەوتی دەسـپێکردن یان جێبەجـێ کـردنی کارێـک بـەر لـه کـەس یان کەسانی‌تـر ‹مـن مـی‌خواستم بخرم، اما آرام پیشدستی کـرد: مـن ئـەمـەویـست بکـڕم، کـەچـی ئارام پێشدەستی کرد›.

پیـشران / pîşrān، ـها/: اسم. [صنعت] شـافت؛ مێـڵەیـەکـی کـانزایی کـه هێـزی مۆتـۆر دەگەیەنێتە شوێنانی‌تر.

پیـــــشرس / pîşras/: صـــــفت. زووڕەس؛ زووڕەسـه؛ زووگـەهیشتی؛ بـه تایبـەتمـەنـدی زوو پێگەییشتن یان باڵـغ بـوون بـەر لـه کـاتی ئاسـایی خـۆی ‹کـودک پیشرس: منالـی زووڕەس›.

پـیش‌رسـی / pîşrasî/: اسم. ۱. زووڕەسـی؛ زووگـەهیـشتی؛ چۆنـاوچۆنی زوو پێگـەییـشتن ۲. زووتر لە کاتی خۆی باڵغ بوون.

پیـشرفت / pîşraft، ـها/: اسم. پێـشڕەوت؛ پێـشکەتی: ۱. پێـشڕەوی؛ کـار یـان ڕەوتی بـەرەو پـێش چـوون؛ زیـادکردن ‹دریا پیشرفت کـرده و بخـشی از سـاحل را فـرا گرفتـه است: زەریـا پێشڕەوی کـردووە و پـاژێ لـه وشـکی داگرتـووە› ۲. پێـشڕەفـت؛ دۆخ یـان چۆنیـەتی هـەڵـدان؛ پێشکەوتن؛ پێشکەفتن ‹بـا ایـن کارهـا اقتصاد مـا پیشرفت نمـی‌کنـد: بـەم کارانـه ئـابووری ئێمـه پێشکەوت ناکا›.

پیـــشرفتگی / pîşraftegî، ـهـا/: اسـم. پێـشەوەچـوویی؛ بـەشـێ لـه شتێ کـه بـەرەو پـێش کـشاوە ‹خلـیج پیشرفتگی آب در خـشکی است: خەلیج پێشەوەچوویی ئاوە لە وشکانیدا›.

پیـشرفته / pîşrafte/: صـفت. پێـشکەوتـوو ‹کشور پیشرفته: وڵاتی پێشکەوتوو›.

پیـشرو / pîşrow، ـها؛ ـان/: صفت. پێـشڕەو: ۱. لـه پـێش؛ پێـشەنـگ ‹دستەی پیشرو: دەسـتەی پێشەنگ› ۲. پێـشکەوتـن‌خـواز ‹اندیـشەی پیشرو: بیری پێشکەوتن‌خواز›.

پیشروی / pîşravî، ـها/: اسم. پێـشڕەوی؛ کـار یـان ڕەوتی چوونـه بـەرەوە؛ بـزوانی بـەرەو پـێش یـان ڕووەو ئامـانج. بـەرانبـەر: **پَسروَی** ‹به علت بسته شـدن جاده پیشروی ممکـن نـشد: بـه هـۆی بـەسـترانی جـادەوە، پێـشڕەوی دەسـتی نەدا›.

پـیش‌زاده / pîşzāde، ـهـا؛ ـگـان/: اسـم. ۱. هەنەزا؛ هەنەزاگ؛ منداڵـی شـوو لـه ژنێکـی‌تـر ۲. کۆڵـــەوەس؛ کۆڵـــەبـــەس؛ کۆڵـــوەس؛ کۆڵـــوس؛ کۆڵـــبەســـت؛ منداڵـــی ژن لـــه مێردێکی‌تر.

پـــیش‌ســـاخته / pîşsāxte، ـهـــا/: صـــفت. دروسـت‌کـراو پـێش ئـەوەی داوا بکـرێ یـان پێش دانان لـه شـوێنی خـۆی (وەک دیـوار یـان پرد).

پـیش‌سـری / pîşsarî، ـها/: اسم. دەور سـەر؛ گێلگێلـــه؛ پێـــشانی؛ ڕیـــزە گوڵـــینگەی تێک‌خراو بۆ سەر و شەدەی ژنان.

پـیش‌سینه / pîşsîne، ـها/: اسم. ۱. بـەرۆک؛ ئەو بەشه لـه کـراس کـه سـنگ دادەپۆشـێ ۲. بەروانکە؛ سینگەبەند؛ سـینەبـەنـد؛ بـەرکـۆش؛ بەردەلک.

پـیش‌شـرط / pîş.šart، ـهـا/: [فارسـی/ عربـی] /اسم. پـێش‌مـەرج: ۱. پـێش‌شـەرت؛ مـەرجـێ کە بەر لـه دەسـت پێکـردنی کارێـک دادەنـرێ ‹دولـت هـیچ پیش‌شرطی را بـرای آغاز گفتگوهـا نمـی‌پـذیرد: دەوڵـــەت بـــۆ دەســـت پێکـــردنی وت‌وویژەکـان هـیچ پێش‌مەرجێـک ناپـەزیرێ› ۲. بـار و دۆخێـک کـه بـۆ پێکهـاتنی بـار و دۆخێکـی‌تـر پێویـستە ‹سرمایه، دانش فنـی و

نیروی کار ماهر، پیش‌شرط‌های توسعه اقتصادی است: سەرمایە، زانست و هێزی کاری کارامە، پیش‌مەرجەکانی گەشەی ئابوورین›.

پیش‌شماره / pîš.šomāre، ـها/: /اسم. پێش‌ژمارە؛ کۆد ‹پیش‌شمارەی تلفن: پیش‌ژمارەی تەلەفوون›.

پیش‌غذا / pîšqazā، ـها/: [فارسی/ عربی] /اسم. بەرکول؛ بەردڵ؛ وەردڵ؛ بەرچێشتانە؛ خواردەمەنی سارد (وەک سالاد، نان و پەنیر و سەوزی، ماست و خەیار) کە بەر لە چێشت لە سەر سفرەوە دەیخۆن: **اُردُور**

پیش‌فاکتور / pîšfāktor، ـها/: [فارسی/ فرانسوی] /اسم. پروفورما.

پیش‌فرض / pîšfarz، ـها/: [فارسی/ عربی] /اسم. گریمانە؛ پێش‌گرە؛ ئەو ئەگەرەی کە لە پێشەوە بۆ کار یان دۆخێک ڕەچاوکرابێ ‹پیش‌فرض ما این بود که حاضران در جلسه تحصیلات دانشگاهی دارند: گریمانەی ئێمە ئەمە بوو کە ئامادە بوانی دانیشتنەکە خوێندنی بالایان هەیە›.

پیش‌فروش / pîšfurûš/: /اسم. پێش‌فرۆش؛ فرۆشتنی شتێک پێشتر لەوە تەواو دروست بووبێ ‹همه‌ی این خانه‌ها پیش‌فروش شده است: هەموو ئەم خانوویانە پیش‌فروش کراون›.

پیش‌فنگ / pîšfang/: /اسم. [نظامی] پێش‌فەنگ؛ چەشنێک ڕاگرتنی چەک بە شێوەی ئەستوونی و لە بەر سنگ و بەرۆکەوە، بە نیشانەی ڕێزدانان ‹نگهبان دم‌در برایش پیش‌فنگ کرد: نگابانی بەر درگا پیش‌فەنگی کرد بۆی›.

پیشقدم / pîšqadam، ـها؛ ـان/: [فارسی/ عربی] /اسم. پێشەنگاو؛ ڕچەشکێن ‹او همیشه در کارهای خیر پیشقدم بود: ئەو هەمیشە لە چاکەکردندا پێشەنگاو بوو›.

پیشقراول / pîšqarāvol، ـها؛ ـان/: [فارسی/ ترکی] /اسم. دیدەوەر؛ پێش‌قەرەوڵ؛ سەیارە؛ پێشایی لەشکر.

پیش‌قسط / pîšqest، ـها/: [فارسی/ عربی] /اسم. پێشەکی؛ ئەو پارەیە کە بۆ کڕینی شتێک، بە نەختی و بەر لە دانەوەی قیستەکانی دەدرێ.

پیشکار / pîškār، ـها؛ ـان/: /اسم. پێشکار: ١. گزیر؛ بەردەست؛ کار بە دەستی خان و ئاغا ٢. پاکار؛ بەردەست؛ لێهاتووترین کرێکار لە کارگەیەکی سونەتیدا کە لە کاتی نەبوونی وەستاکار، سەرپەرشتی بە ئەستۆوە ٣. کرێکاری نانەوایی کە نان لە تەنوورە دەردێنێ. هەروەها: **پیشکاری**

پیشکرایه / pîškerāye، ـها/: [فارسی از عربی] /اسم. پێش‌کرێ؛ پێش‌کرایە؛ پێش‌کراهە؛ ئەو کرێیە کە پێش لە بار یان مسافر بردن وەردەگیردرێ. بەرانبەر: **پسکرایه**

پیش‌کسوت / pîškesvat، ـها؛ ـان/: [فارسی/ عربی] صفت. کۆنەکار؛ کارکوشتە لە کارێکدا ‹او از پیش‌کسوت‌های کشتی است: ئەو لە کۆنەکارەکانی زۆرەبانیە›.

پیشکش / pîškeš، ـها/: /اسم. پێشکەش؛ پێشکێش؛ دیاری؛ زەنگولنە.

پیشکشی / pîškešî، ـها/: صفت. پێشکەشی؛ پێشکێشی؛ خەلاتی؛ دیاری؛ بەخشراو لە لایەن کەسێکەوە؛ پێشکەش‌کراو ‹دندان اسب پیشکشی را نمی‌شمارند: ئەسپی پێشکەشی ددانی ناژمێرن›.

پیشکی / pîšakî/: صفت. [گفتاری] پێش؛ پێش لە کات؛ بەرین؛ بەرگین؛ وەلین؛ لە بەرا ‹حرف پیشکی: وتەی بەرین›.

پیشکی: قید. [گفتاری] لە بەردا؛ لە بەرا؛ لە پێشدا؛ وەلێنە ‹پیشکی پول پارچه را گرفت: لە بەرا پوولی پارچەکەی وەرگرت›.

پیشگام / pîšgām، ـان/: /اسم. پێشەنگاو؛

پێشەنگ؛ ئەوەی بەر لە خەڵکی تر کارێکی گرینگ دەکا ‹او در کار خیر همیشه پیشگام است: هەموو کات بۆ چاکە پێشەنگە›.

پیشگاه / pîšgāh/:/اسم. دەرگانە؛ ئاسانە؛ بارەگا؛ پێشگا؛ بەردەم؛ پێش‌چاو؛ هەنتەش؛ پێش‌بەر؛ پێش‌چاقی؛ پێش‌چاق؛ بەرچاق؛ بەرچاو؛ وەرەچەم؛ بەردەمی کەس یان کۆمەڵی پایەبەرز ‹ما در پیشگاه ملت سوگند می‌خوریم: ئێمە لە پێشگای خەڵکدا سوێند دەخۆین›.

پیش‌گزینی / pîšgozînî، ـها/:/اسم. بەربژاری؛ پێش‌هەڵچنی؛ پێش‌هەڵبژێری؛ کار یان ڕەوتی هەڵبژاردنی کەسێک یا شتێک لە پێشدا.

پیشگفتار / pîšgoftār، ـها/:/اسم. پێشەکی؛ پێش‌وتار ‹پیش از مطالعه‌ی این فرهنگ، پیشگفتار آن را با دقت بخوانید: بەر لە خوێندنی ئەم فەرهەنگە، پێشەکەکەی بە وردی بخوێننەوە›.

پیشگفته / pîšgofte/:/اسم. پێش‌وتە؛ بەروتە ‹پیشگفته‌ی نامه‌ی ما یاد خدا بود: پێش‌وتەی نامەکەمان یادی خودا بوو›.

پیشگفته: ضمیر. ناوبراو؛ بێژراو؛ گوتراو؛ وتراو؛ واچیا؛ وشیا؛ لە پێشدا گوتراو ‹در مقاله‌ی پیشگفته در این باره بحث شده‌است: لە وتاری ناوبراودا لەمەڕ ئەم بابەتەوە باس کراوە›.

پیشگو / pîšgû، ـها؛ ـیان/:/اسم. دوابین؛ یان؛ پێشگۆ؛ خەبەردەر لە ڕوونەداو ‹نمی‌دانستم پیشگو هم هستی: نەمدەزانی دوابینیشی›.

پیشگویی / pîšgûyî، ـها/:/اسم. یانی؛ پێشگۆیی؛ دوابینی؛ کار یان ڕەوتی خەبەردان لە نەهاتوو.

پیشگیری / pîšgîrî، ـها/:/اسم. بەرگری؛ پێشگری؛ بەرپێچ؛ کار یا چارەدۆزی بۆ بەر بە ڕووداوێک گرتن لە داهاتوودا ‹پیشگیری از بیماری؛ پیشگیری از سیل: بەرگری لە نەخۆشی؛ پێشگری لە لافاو›.

پیش‌لرزه / pîšlarze، ـها/:/اسم. وردە لەرەکانی پێش بوومەلەرزە. بەرانبەر: **پس‌لرزه**

پیشمانده pîšmānde، ـها/: صفت. بەرماو؛ پاشماوە ‹نخورد شیر پیش‌مانده‌ی سگ: شێر بەرماوی سەگ ناخوا›.

پیشمرگ / pîšmarg، ـها؛ ـان/:/اسم. پێشمەرگە؛ گیانفیدا؛ کەسێک کە بۆ بەخت‌کردنی گیانی خۆی بۆ کەس یان کەسانی‌تر ئامادەیە.

⊡ پیشمرگ شدن: لە بەر مردن؛ بوونە پێشمەرگە؛ گیان فدا کردن؛ بۆ کەس یان کەسانێک مردن ‹الاهی پیشمرگت شوم: یاخودا لە بەرت مرم›.

پی‌شناسی / peyšenāsî/:/اسم. دەمارناسی.

پیشنماز / pîšnamāz، ـها؛ ـان/:/اسم. بەرنوێژ؛ پێش‌نوێژ؛ نڤێژبەر؛ ئیمام؛ وەرنما.

پیش‌نویس / pîšnevîs، ـها/:/اسم. پێش‌نووس؛ چڵک‌نووس؛ ڕەش‌نووس؛ گەلالە؛ نووسراوەیەک کە هێشتا پێیدا نەچوونەتەوە و هەڵەگری نەکراوە.

پیشنهاد / pîšnahād, pîšnehād، ـها؛ ـات/:/اسم. پێشنیار؛ پێشنیهاد؛ پێشنیاد؛ وتەیەک کە بۆ چارەسەری کارێک یان بۆ بیر لێ‌کردنەوە دەگوترێت.

پیش‌نیاز / pîšniyāz، ـها/:/اسم. پێش‌نیاز؛ ئەوەی کە بۆ دەس پێ‌کردنی کارێک پێویستە.

پیشوا / pîšvā، ـها؛ ـیان/:/اسم. پێشەوا؛ ڕێبەر؛ یەکمان؛ سەرەک هۆز ‹پیشوای ملّی؛ پیشوای دینی: پێشەوای نەتەوەیی؛ پێشەوای دینی›.

پیشواز / pîšvāz/: [فارسی از کردی]/اسم. پێشواز؛ پیرایی؛ پیری؛ پێوەی؛ بەرەندک؛ بە

پیریـەوە چـوون ‹چنـد روز دیگـر بـە پیشواز بهـار مـی‌رویـم: چـەن ڕۆژی‌تـر ئـەچینـە پیرایـی بەهارەوە›: **پیشباز**

پیشواژە / pîšvāje، ـها/: *اسم. [دستور]* پێشگر؛ بەشی یەکەمین و بە تەنیا مانادار لە وشەی لێکدراودا (وەکوو «گەورە» لە وشەی «گەورەماڵ»دا).

پیشوند / pîšvand، ـها/: *اسم. [دستور]* پێشبەند؛ پێشوەند؛ بەندێک کە لە سەرەتای وشەیەکەوە دێت (وەک «هاو» لە وشەی «هاوڕێ»دا پێشبەندە).

پیشه[1] / pîše، ـها/: *اسم. [ادبی]* پیشە: ١. کار؛ پێشە؛ ئیش؛ کاربەند؛ هەرمانە؛ گورە؛ گوروە؛ سنعات؛ کار و بار، بەتایبەت چالاکی هونەری یان دەستی ‹پیشەی آهنگری؛ پیشەی خیاطی: کاری ئاسنگەری؛ پیشەی دروومانی› ٢. هوکارە؛ شێوەی کار و ڕەفتارێک کە کەسێک خووی پێ‌گرتووە ‹قهر کردن را پیشەی خود ساختە است: تۆرانی کردۆتە پیشە›.

▣ **پیشه کردن**: پیشەکردن؛ کردنە پیشە؛ گرتنە بەر ‹او مدتی روزنامەنویسی پیشە کرد: ئەو ماوەیەک ڕۆژنامەنووسی کردە پیشە›.

ـ پیشه[2]: *پیواژە.* ـ پیشە؛ ـکار؛ خاوەن پیشە ‹هنر پیشە؛ جفاپیشە: هونەرپیشە؛ جەفاکار›.

پیشەور / pîševar، ـها؛ ـان/: *اسم.* پیشەوەر؛ سنعاتکار؛ دوکاندار: ١. کەسێک کە لە کارگەیەکی چکۆلە، بەتایبەت لە دوکانێکدا سەر بە خۆ کار دەکا ٢. پیشەسازێ کە بە دەست یان ئامرازێکی دەستی کار دەکا.

پیشی / pîšî، ـها/: *اسم.* بەر؛ دۆخ و چۆنیەتی لە پێشتر و لە بەرەوە بوون.

▣ **پیشی گرفتن**: کەوتنە بەرەوە؛ کەوتنە پێشەوە؛ کەوتنە لای سەروو؛ بەرپێ لێ‌سەندن؛ پێش لێ‌گرتن؛ کەوتەی وەلێ؛ دانە بەر کەس یان کەسانی‌تردا ‹بە زودی بر همە پیشی گرفت: خێرا کەوتە پێش هەموانەوە›.

پیشی / piši، ـها/: *اسم. [کودکانە]* پشە؛ پشی؛ پشێ؛ پشیلە؛ پشەکە؛ پشلێ؛ پشیلی؛ کتک؛ کتە؛ کتلێ.

پیشین / pîšîn/: *صفت.* ١. پێشین؛ لە مێژ؛ زوو؛ بەرگین؛ لکاو بە ڕابردووەوە ‹روزگار پیشین: ڕۆژگاری زوو› ٢. پێشوو؛ بەر؛ بەروو؛ بەرێ؛ وەرین ‹صندلیهای ردیف پیشین: کورسیەکانی ڕیزی بەرەوە›.

پیشینە / pîšîne، ـها/: *اسم.* پێشینە ‹دارای پیشینەی کیفری: خاوەن پیشینەی جزایی›.

پیشینەدار / pîšînedār، ـها؛ ـان/: *صفت.* پێشینەدار.

پیشینیان / pîšîniyān/: *ضمیر.* پێشینان؛ پێشینیان؛ ڕابردوان؛ وەیەردێ ‹اندرز پیشینیان: پەندی پێشینان›.

پیغال / pîqāl/: *اسم.* ڕیتقە؛ ڕیخنە؛ ڕیتق؛ ڕینە؛ ڕێقنە؛ جیقنە؛ پێخە؛ گووی باڵندە.

پیغام / peyqām، ـها/: *اسم. [گفتاری]* پەیام؛ پەیغام؛ پێغەم؛ پێخەم؛ پێخام؛ وەلام؛ ولام؛ وەرام ‹پیغام شما رسید: پەیامەکەتان گەییشت›.

پیغام ــ پسغام / peyqāmpasqām، ـها/: *اسم. [تعریض]* وەلام و بەلام؛ پەیغامی پەیتاپەیتا؛ پەیامی لەپەستا ‹من دیگر از دست پیغام‌پسغام تو خستە شدم: من ئیتر ئەم وەلام و بەلامەی تۆ وەڕەزی کردم›: **پیغام و پسغام**

پیغام‌و‌پسغام / peyqām-o-pasqām / ☜ **پیغام ـ پسغام**

پیغمبر / peyqambar، ـها؛ ـان/: *اسم.* ڕاسپاردە؛ نێردراو؛ نێردراوە؛ کەسێ کە خۆی بە نێردراوی خودا بزانێ و

ئامۆژگاریگەلێک بەناو داخوازی و فەرمانکاری خواوە بە خەڵک بدا: ١. پێغەمبەر؛ پێغەمەر؛ پەیغەمبەر؛ پەیخەمەر؛ پەیخەمبەر؛ راسپاردەی خوا ٢. حەزرەتی موحەممەد؛ پێغەمبەری ئیسلام * **پیام‌آور**

پیغمبری / peyqambarî/: *اسم.* پێغەمبەری؛ پێخەمبەرایەتی؛ پەیخەمبەریەتی؛ کار یا پلەوپایەی پێغەمەر.

پیف / pîf/: *صوت.* پیف؛ پف؛ یەع؛ نیشانەی وەڕەزی بە تایبەت لە بۆنی ناخۆش ‹پف چە بویی!: پف چ بۆنێک!›.

پیک / peyk، ـها/: *اسم.* پەیک؛ پیک؛ پۆستەچی؛ نامەبەر؛ خەبەربەر؛ کەسێ کە نامە یان پەیامێک لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی‌تر یان لە لایەن کەسێکەوە بۆ کەسێکی‌تری دەبا ‹لطفاً کتاب را با یک پیک بفرستید: تکایە کتێبەکە بە پەیکێکدا بنێرن›.

پیک / pîk/: [فرانسوی]/*اسم.* پیک؛ خاڵی وەرەق بە وێنەی دڵێکی پێچەوانە و دەستەدار: **گلابی**

پیکاپ / pîkāp، ـها/: [انگلیسی]/*اسم.* وەرگر؛ ئامێرێک بۆ گۆڕانی جوولەی میکانیکی بە لەرەی کارەبایی و پێک هێنانی دەنگ (وەک وەرگری گرام، ڕادیۆ یا تەلەفیزیون).

پیکار / peykār، ـها/: *اسم. [ادبی]* پەیکار؛ خەبات؛ شەڕ و جەنگ؛کێشە و هەرا؛ بەربەرەکانێ؛ مل‌ملانێ؛ چنگەپرچێ ‹پیکار با بیسوادی: شەڕ لەگەڵ نەخوێندەواری›.

▣ پیکارکردن: شەڕکردن؛ بە شەڕ هاتن؛ گژیەی؛ بەربەرەکانێ کردن.

پیکارجو / peykārcû، ـیان/: *صفت. [ادبی]* شەڕڤان؛ خەباتگێڕ؛ جەنگەران؛ شەڕکەر؛ شۆڕشگێڕ: **پیکارگر**

پیکارگر / peykārgar/ ☜ **پیکارجو**

پیکان / peykān، ـها/: *اسم.* پەیکان؛ پێکان: ١. تیر؛ تیری کەوان؛ تیرێ کە بە کەوان دەیهاوێن ٢. سەرەتیر ٣. فلیش؛ نیشانەیەک بەم وێنەیە (←) کە زۆرتر بۆ پیشاندانی شوێن و لا بەکار دەبرێ: **پیکانە؛ فلش**

پیکانە / peykāne/ ☜ **پیکان ـ٣**

پیکر [1] / peykar، ـها/: *اسم.* پەیکەر؛ هەیکەل؛ قەلافەت؛ لەش؛ کەلەش؛ کەلەخ؛ کەڤاڵ؛ کەلەستە؛ گۆدە؛ گۆڤدە؛ تەن؛ سۆ؛ بەچک؛ تووز؛ جەستەی گیاندار بەتایبەت مرۆ ‹پیکر بی‌جانش روی خاک افتاده بود: لاشەی بێ‌گیانی کەوتبووە سەر خاکەوە›.

ـ پیکر [2] / ـها؛ ـان/: *پیواژە.* ـپەیکەر؛ بە تەن و پێکهاتەی دیار ‹پری‌پیکر: پەری‌پەیکەر›.

پیکربندی / peykarbandî، ـها/: *اسم.* پەیکەربەندی؛ سەقامگیری؛ چۆنیەتی جێگیر بوونی پاژگەلی کەرەسە یان دەزگایەک دەپاڵ یەکدا.

پیکرتراش / peykartarāš، ـها؛ ـان/: *اسم.* هەیکەل‌تراش؛ پەیکەرچێکەر؛ پەیکەرتراش؛ پەیکەرتاش؛ کۆتەڵ‌تاش؛ کەسێ کە پەیکەر دروست دەکا.

پیکرتراشی / peykartarāšî، ـها/: *اسم.* هەیکەل‌تراشی؛ پەیکەرتاشی؛ کۆتەڵ‌تاشی.

پیکرە / peykare، ـها/: *اسم.* ١. پەیکەر؛ هەیکەل؛ بەرهەمێکی دروست‌کراو، تاشراو یان هەڵکەندراوی شتێک یان کەسێک ‹پیکرەی آهو: پەیکەری ئاسک› ٢. ڕێژەک؛ چوارچێوە؛ ڕێز ‹پیکرەی ساختمان: ڕێژەکی بینا›.

پیکلو / pîkolo/: [ایتالیایی] ☜ **پیکُولو**

پیک‌نیک / pîknîk، ـها/: [فرانسوی]/*اسم.* سەیران؛ گەشت؛ هەلفۆنە؛ کار و ڕەوتی چوونە دەرەوەی بە کۆمەڵ بۆ حەسانەوە و

خۆشی.

پیکولـو / pîkolo، ـھا/: [ایتالیـایی]/اسم. پیکولـۆ؛ پیک؛ فیقـەنـە؛ فیقـەلـە؛ چکۆلـەتـرین سـازی بایی لە چەشنی شمشاڵ: **پیکۆلۆ**

پیگـــرد / peygard، ـھـا/:/اسـم. شـوێنگری؛ پـەیگـری؛ دواگـەڕی؛ پـەیگـەڕی؛ کـار یـان ڕەوتی شـوێن‌گـرتنی کارێـک یـان گـەڕان لـە دووی کـەسـێک بـۆ ڕوون بوونـەوەی ڕاسـتی ڕووداوێک.

▣ زیـر پیگـرد بـودن: لـە ژێـر چـاوەدێریـدا بوون.

پیگمـــە / pîgme، ـھـا/: [فرانـسوی]/اسـم. پیگمـــە: ١. خـــەڵـــکی کورتـــە بـــاڵای ئـەفریقـا تـا گینـەی نـوێ کـە باڵایـان کـەمتـر لـە ١،٥ میتـرە و ڕەنگیـان ڕەش و لێویـان ئـەسـتوور و لـەشـیان زۆر کـەمتـووک و سـەریـان قژنـە ٢. /مجـازی/ بـەگـە؛ بـاواقوت؛ بابـاقۆرەت؛ باڵابست؛ چڵەنۆک؛ گونەڵ؛ باواعەمرە.

پیگیـر / peygîr/: صفت. گـەڕیـانۆخ؛ شـوێنگێڕ؛ پـەیجـۆر؛ پـەیگـێڵ؛ دواگـەڕ؛ دەرەدوا؛ خـاوەن تایبەمەندی و توانی شوێنگری.

▣ پیگیـر بـودن: شـوێنگر بـوون؛ شـێلگیر بـوون؛ پێـداگر بـوون؛ پێداگـەڕ بـوون؛ دواگـەڕ بـوون؛ شـوێنداگەڕ بـوون؛ بـە دوادا چـوون؛ لـە پـەسـتا یـا بـۆ مـاوەیـەکـی زۆر شـوێن کارێـک کـەوتـن بـۆ گـەییـشتن بـە ئاکـامی ‹او در زمینـەی موسـیقی خیلـی پیگیـر اسـت و مرتـب تمـرین مـی‌کنـد: ئـەو لـە بـواری مۆسـیقادا زۆر شوێنگرە و هەر خەریکە›.

پیگیر شدن: پـەیگیـر بـوون؛ شـوێنگر بـوون؛ بە پێ و شوێنەوە چوون.

پیگیـــری / peygîrî، ـھـا/:/اسـم. شـوێنگری؛ شـــوێنگیری؛ وەدواکـــەوی؛ دانـــەدوویـــی؛ شـوێن‌کـەوی؛ وەدووکـەوی؛ بـن‌گـیری؛ وێ‌کـەوی؛ کـاری دوا کـەوتـن و لێکۆڵـینەوە؛ کـار یـان ڕەوتی دانـەپـەی؛ درێـژە پێـدان بـە کارێـک بـۆ مـاوەیـەکـی زۆر (بـەتایبـەت تـا بـەدەسـت هێنـانی ئاکـام) ‹از او خواسـتم کـار را پیگیـری کنـد: داوام لێکـرد شـوێنگری کـارەکـە بکا›.

پیـــل / pîl، ـھـا/:/اسـم. پیـــل: ١. [هنـــدی] /ــھـا؛ ان/ /ادبـی/ فیـــل؛ فـــێڵ؛ پـــێڵ ٢. [فرانـــسوی] قـــوە؛ پێـــل؛ بـــاتری؛ ئامرازێـــک بـۆ وەدەسـت هێنـانی گـەڕیـانی کـارەبـایی ڕاســـتەوخـــۆ لـــە وزەی کیمیـــایی، گەرمایی، ناوەکی یا خۆریدا.

▣ پیل آفتابی: پێلـی هـەتـاوی؛ ئامرازێـک کـە وزەی هەتاوی بکاتـە وزەی کـارەبـایی: **پیـل خورشیدی**

پیل خورشیدی ☜ **پیل‌آفتابی**

پیـــل‌آســا / pîlāsā, -'āsā/: [هنـدی/ فارسـی] صفت. /ادبی/ فیلـەتـەن؛ فیـل‌ئاسـا؛ لـەرمـان؛ پێلسان؛ وەک فیل یەکجار لەش قەوی.

پیـــل‌افکـــن / pîlafkan, pîl'afkan/: [هنـدی/ فارسـی] صـفت. /مجـازی/ شـێرکوژ؛ شـێرکورۆژ؛ یەکجار زۆردار.

پیلبـان / pîlbān/: [هنـدی/ فارسـی]/اسـم. /ادبـی/ فیلەوان؛ فێڵەوان.

پیلپـــایی / pîlpāyî/: [هنـــدی/ فارســـی] ☜ **داءُالفیل**

پیـل‌پیکـر / pîlpeykar/: [هنـدی/ فارسـی] ☜ **پیل‌تَن**

پیـــل‌تـــن / pîltan/: [هنـدی/ فارسـی] صـفت. /ادبی/ بەخۆوە؛ چوارشانە: **پیل‌پیکر**

پیلـــوت / pîlot، ـھـا/: [انگلیـسی]/اسـم. ١. شـەمعـەک؛ مۆمـک ٢. پیلـوت؛ یـەکـەم قـاتی بینـا کـە بـۆ پارکینـگ، مۆتۆرخانـە و ... دروست کراوە.

پیله / pîle /:اسم. ۱. ـها/ کەلوو؛ تەتلە؛ تەتلەمیوە؛ پیلە ‹پیلەی کرم ابریشم: تەتلووی کرمی ئاوریشم› ۲. ڕێش؛ برینێ کە چلکی کردووە و چڵ دەدا ۳. ـها/[قدیمی] هەگبە؛ ویلۆ؛ تووربێن؛ خورج؛ خورجین؛ تیوەرە؛ تۆرەکە؛ تووەرە؛ تۆمەرە؛ تۆمۆرە؛ توورەکە؛ تۆراخ؛ توورەکەیەکی کەم تا کورتێک درێژ کە چەرچی بە شانیدا دەدا و شتومەکی پێ هەڵدەگرت.

◘ پیلەی ابریشم: تەتلەمیوە؛ ماشۆت؛ کلافە ئاوریشمی خۆرست و دەست لێنەدراو.

▣ پیلە کردن: ۱. زووخ هێنان؛ چلک کردن؛ لووکردنی برین ۲. [مجازی] کەسێک هەڵپێچاندن ‹این قدر به مادرت پیله نکن: ئەوەندە لە دایکت هەڵ مەسچە›.

پیلەدوزی / pîledûzî، ـها/:اسم. ماشۆتچنی؛ جۆرێ دروومان لە تەتلەی ئاوریشم.

پیلەوەر / pîlevar، ـها؛ ـان/:اسم. دێوەرە؛ دیقەرە؛ چەرچی؛ کۆلگەر؛ کۆلگێر؛ پیلەوەر؛ وردەواڵەفرۆش؛ گەریدە؛ مەترەباز؛ حەتار؛ چارپێچی؛ دەسفرۆش؛ بەخەڵفرۆش؛ وردەفرۆش؛ دەزگیر؛ دەستگێر؛ مامەڵەچی گەڕیدە کە شتومەک دەباتە لادێیان.

پیلەوەری / pîlevarî /:اسم. دێوەرەیی؛ چەرچیەتی؛ وردەواڵەفرۆشی؛ دەستفرۆشی.

پیلی / pîlî / ☜ **پلی**

پیلی ـ پیلی / pîlîpîlî /:اسم.[گفتاری] لەتر؛ ڕەتەڵ؛ سەرە لەتر؛ لارەلار؛ لۆرەلۆر؛ لۆژەلۆژ؛ دارەدار؛ بەم لاو بەو لادا کەوتن؛ ڕۆیشتنی بە شلەپەتەیی.

▣ پیلی ـ پیلی خوردن: لەتردان؛ ڕەتەڵ بردنەوە؛ لەترێ پێکەی ‹فلانی از مستی پیلی ـ پیلی می‌خورد: فلانی لەبەر مەستی لەتر دەدا›.

پیلی ـ پیلی رفتن: ڕەت لێدان؛ شلەپەتە ڕۆیین.

ـ **پیما** / peymā /: پیوازە. ـگەر؛ ـ پێو؛ ـگێڵ؛ ـ پیم ‹فضاپیما: ئاسمانگەر›.

ـ **پیمانی** / peymā'î / ☜ ـ **پیمایی**

پیمان / peymān، ـها/:اسم. پەیمان؛ پەیمانە: ۱. هەڤبەست؛ شۆن؛ ئەمەگ؛ قەول؛ بەڵێن؛ شەرت؛ تەی؛ سۆز؛ گفت؛ بەخت؛ گفتە؛ سامە؛ قەرار؛ کار یان ڕەوتی پێکهاتنی دوو یا چەند لایەن بۆ جێبەجێ کردنی کارێک ۲. بریارنامە؛ پەیماننامە.

◘ پیمان اتحاد: پەیمانی یەکیەتی؛ پەیمانی یەکگرتوویی.

پیمان دفاعی: پەیمانی بەرگری؛ پەیمانی بەرەڤانی؛ بەڵێنی دوو یا چەند لایەن بۆ پشتیوانی کردن لە یەکتر ئەگەر دوژمن هاتە سەر یەکێکیان.

پیمان دوستی: پەیمانی دۆستایەتی؛ پەیمانی برایەتی.

پیمان صلح: پەیمانی ئاشتی.

پیمان نظامی: پەیمانی لەشکری؛ پەیمانی چەکداری. هەروەها: **پیمان اقتصادی**

▣ پیمان بستن: پەیمان بەستن؛ سۆزدان.

پیمان شکستن: پەیمان شکاندن؛ هلشاندن.

پیمان‌شکن / peymānšekan، ـان/: صفت. پەیمانشکێن؛ بێبەڵێن؛ بێبەخت؛ بێئامان؛ بەدقەول؛ بێقەول؛ بێشەرت و بەقا؛ خاوەن ئاکاری پێچەوانە لەمەڕ پەیمانێ کە بەستوویە.

پیمان‌شکنی / peymānšekanî، ـها/:اسم. پەیمانشکێنی؛ پەیمانماری؛ کار یان ڕەوتی لە ژێر بەڵێن دەرچوون یان بە

پێچەوانەی بەڵێن جووڵانەوە.

پیمانکار / peymānkār، ـها؛ ـان/: اسم. پەیمانکار؛ پەیڤدار.

پیمانکاری / peymānkārî/: اسم. پەیمانکاری: ١. کاری پەیمانکار ٢. ـها/ بنکە یان شوێنی ئەو کارە.

پیمان‌نامە / peymān.nāme، ـها/: اسم. پەیمان‌نامە؛ بڕیارنامە؛ بەڵگەیەک کە تێیدا چەند لایەن جێبەجێ‌کردنی کارێکیان بەڵێن داوە.

پیمانە / peymāne، ـها/: اسم. ١. پێوانە؛ پەیمانە؛ پێوەر؛ ئەنگارە؛ کەوچ؛ کیلە؛ میهەنگ؛ ئەیارە؛ ئایەرە؛ پیاڵە یان کاسەیەک بۆ پێوان ‹یک پیمانه شیر؛ دو پیمانه آرد: پێوانەیەک شیر؛ دوو پێوانە ئارد› ٢. [ادبی] جام؛ پیاڵەی شەراو.

پیمانی / peymānî، ـها/: صفت. پەیمانی؛ بڕیاری: ١. سەر بە بڕیار یا بڕیارنامە ٢. دامەزراو بە مەرج ‹کارمند پیمانی: مووچەخۆری پەیمانی›.

ـ پیمایی / peymāyî/: پیواژه. ـگەڕی؛ ـ پێوی؛ پێوان؛ پیمەی؛ بڕین ‹راه‌پیمایی: ڕێ‌پێوی›: **ـ پیمائی**

پیمبر / payambar, payombar، ـها؛ ـان/: اسم. [مخفف] ١. پێغەمبەر؛ پەیخەمبەر؛ ڕاسپاردەی خوا؛ پەیغەمبەر؛ پەیخەمەر؛ پێغەمەر ٢. حەزرەتی موحەممەد؛ پێغەمبەری ئیسلام. هەروەها: **پیمبری**

پیمودن / peymûdan/: مصدر. متعدی. [ادبی] //**پیمودی**: پێوات؛ **می‌پیمایی**: دەپێوی؛ **بپیمای**: بپێوە// ١. ڕۆیشتن؛ پێوان؛ پیمەی؛ پیمای؛ ڕانەلوەی؛ ڕێگایەک چوون ‹هنوز چند قدمی نپیموده بودیم که...: هێشتا چەند هەنگاو نەڕۆیشتبووین کە...› ٢. [نامتداول] ئەندازەگرتن؛ پێوان (بەتایبەت بۆ تراو) ٣. هەڵقۆڕاندن؛ هەڵقوراندن؛ خواردنەوە ‹باده پیمودن: شەراو خواردنەوە›. هەروەها: **پیمودنی**

■ صفت فاعلی: **پیماینده** (ـ)/ صفت مفعولی: **پیموده** (پێواو)/ مصدر منفی: **نَپیمودن** (نەپێوان)

پینک‌پنگ / pînkpong/: [انگلیسی] ☜ **پینگ‌پنگ**

پینکی / pînakî/: اسم. بیرەوخەو؛ خەونووچکە؛ خەوەنووچکە؛ خەوەکوتکێ؛ سووکەڵەخەو؛ بۆرژان؛ پۆنژین؛ ویژینگ؛ وەنەوزەکوتێ؛ خاوێر؛ خلماش؛ وەنەوز؛ چۆرت؛ غەوغەوە؛ سەرخەو؛ بارینە؛ نوقرشک؛ نوقورشک؛ پینەک؛ پینۆک؛ ورین؛ سرکەڵەخەو؛ قنگەخەو؛ قنەخەو؛ عنەوەنەوزە؛ کار یان ڕەوتی خەو بردنەوە بە دانیشتویی یان بە پاوە، بە شێوەیەک کە لە سەر یەک سەر دادەکەوێ و کەسەکە ڕادەچڵەکێ.

⊡ پینکی رفتن: ونەوز بردنەوە؛ چۆرت دان؛ وەنەوزدان؛ خەونووچکە بردنەوە.

پینگ‌پنگ / pîngpong/: [انگلیسی] اسم. پینگ‌پۆنگ؛ تۆپێنی سەر مێز: **پینک‌پینگ**

پی‌نوشت / peynevešt، ـها/: اسم. ژێرنووس؛ پەراوێز: ١. فەرمان یا بیر و ڕایەک کە لە پەراوێزی نامەی ئیداریدا دەنووسرێ ٢. دوانووس؛ بابەتێک کە پاش بروانامە، وتار یا کتێبێک پێی زیاد دەکرێ.

پینە / pîne، ـها/: اسم. پینە: ١. پنوو؛ پنی؛ پارچەیەک کە بە سەر دڕاویدا دەیدروون ٢. پۆڕگ؛ پۆلکە؛ گوڕاو؛ پینەی دەست؛ تویخێکی سەخت و ڕەق‌هەڵگەڕاو کە بە هۆی کاری زۆر لە بەری دەست و پێ و ئەژنۆ یان

مه‌چه‌که‌وه پێک دێ.

▣ پینه بستن: پینه هه‌ڵگردن؛ تره‌ک به‌ستن؛ کونجر-کونجر بوون؛ زبر و زوور بوون؛ ئاژ به‌ستن؛ گوڕاوکه‌نن؛ درز هه‌ڵدان ‹دستهایش از فرط کار کردن پینه بسته بود: هه‌ر دوو ده‌ستی له‌به‌ر کاری زۆر پینه‌ی هه‌ڵکرد بوو›.

پینه‌دوز / pînedûz، ـها؛ ـان/: *اسم*. پینه‌چی؛ پینه‌دۆز؛ مشه‌قه؛ شه‌کیلی.

پینه‌دوزی / pînedûzî/: *اسم*. پینه‌دۆزی: ۱. کۆشکاری؛ پینه‌دۆزی ۲. /ـها/ دووکانی پینه‌چی.

پیواژه / peyvāje، ـها/: *اسم*. *[دستور]* پاشگر؛ دوابه‌شی واتاداری وشه‌ی لێکدراو (وه‌ک وشه‌ی «یار» له «زانیار»دا).

پیوره / piyore/: [فرانسوی] *اسم*. شاڕێز؛ نه‌خۆشینێ که ده‌بێته هۆی چلک کردن و په‌نه‌مین و کزانه‌وه‌ی پدوو (هاروو).

پیوست / peyvast، ـها/: *اسم*. په‌یوه‌ست؛ په‌یوه‌س: ۱. ئه‌وه‌ی که به‌ستراوه به شتێکی تره‌وه ‹این نامه پیوست هم دارد: ئه‌م نامه‌یه په‌یوه‌ستیشی هه‌یه› ۲. یادداشتێک که له کۆتایی کتێب یان وتارێکه‌وه بۆ پاراو کردنی دێت ‹پیوست کتاب شامل کتابنامه و متن اسناد است: په‌یوه‌ستی کتێب بریه‌تیه له په‌رتووکنامه و ده‌قی به‌ڵگه‌کان›.

▣ پیوست بودن: ڕه‌گه‌ڵ بوون؛ په‌یوه‌ست بوون؛ په‌یوه‌س بیه‌ی ‹فتوکپی شناسنامه نیز پیوست تقاضانامه است: کۆپی ناسنامه‌که‌ش ڕه‌گه‌ڵ داواکاریه‌که‌یه›. هه‌روه‌ها: **پیوست شدن؛ پیوست کردن**

پیوستار / peyvastār/: *اسم*. *[فلسفه]* په‌یوه‌ستار؛ ئه‌وه‌ی که درێژه‌داره و هیچ به‌شێکی بێ به‌شه‌کانی‌تر دیاری ناکرێ.

پیوستگی / peyvastegî، ـها/: *اسم*. پێکه‌وه لکاوی؛ په‌یوه‌سته‌یی؛ پێکه‌وه نووساوی.

پیوستن / peyvastan/: *مصدر. لازم. متعدی.* //**پیوستید**: یه‌کتان گرت؛ **می‌پیوندید**: یه‌ک ده‌گرن؛ **بپیوندید**: یه‌ک بگرن (ئه‌م چاوگه زۆرتر به شێوه‌ی کۆ ده‌گوترێ)// ◻*لازم*. ۱. یه‌ک گرتن؛ یه‌ک گرتنه‌وه؛ هاوڕێ بوون؛ وێک که‌وتن؛ یۆگێرته‌ی؛ یه‌کگری یان بوونه‌یه‌کی دوو یان چه‌ند شت ‹در آنجا به دوستانش پیوست: له‌وێ له‌گه‌ڵ دۆسته‌کانی یه‌کیان گرته‌وه› ◻ *متعدی*. ۲. لکاندنه‌وه؛ پێوه به‌ستن؛ هاوڕێ کردن یان یه‌ک کردنه‌وه‌ی دوو یان چه‌ند شتی لێک‌جیا ‹به کمک چسب قطعه‌های شکسته را به هم پیوست: به چه‌سب له‌ته شکاوه‌کانی لکانده‌وه›.

هه‌روه‌ها: **پیوستنی**

■ صفت مفعولی: **پیوسته** (یه‌کگرتوو)/ مصدر منفی: **نپیوستن** (یه‌ک نه‌گرتن)

پیوسته[1] / peyvaste/: *صفت*. یه‌کگرتوو؛ به‌رده‌وام؛ بێ‌نێوبڕ؛ نه‌بڕی ‹عضو پیوسته: ئه‌ندامی به‌رده‌وام›.

پیوسته[2]: *قید*. ۱. هه‌میشه؛ بێ‌پسانه‌وه؛ له سه‌ر یه‌ک ‹پیوسته دلت شاد و لبت خندان باد: هه‌میشه دڵت شاد و لێوت به پێکه‌نین بێ› ۲. شه‌قانشه‌ق؛ سه‌رانسه‌ر؛ لێکدا-لێکدا؛ په‌یتا-په‌یتا؛ له‌په‌ستا؛ په‌سای‌په‌س؛ به‌به‌رده‌وامی ‹پیوسته طلبکاری می‌کرد: له‌په‌ستا ته‌رزه‌ی ده‌کرد›.

پیوسته‌سبز / peyvastesabz/ ☜ **همیشه‌سبز**

پیوسته‌کار / peyvastekār/: *صفت*. دایمه‌کار؛ خاوه‌ن پیشه‌ی ته‌واو کات.

پیوسته‌گلبرگ / peyvastegolbarg، ـها؛ ـان/: *صفت*. په‌ڕک په‌یوه‌ست؛ گوڵێ که په‌ڕه‌کانی پێکه‌وه لکاون. به‌رانبه‌ر:

جداگلبرگ

پیوند / peyvand، ـها/: *اسم.* پەیـوەنـد؛ پێوەند؛ پێوەن: ۱. پەیوەستی دوو یا چەند شت بە یەکەوە ‹در محل پیوند دو قطعه، شکستگی کوچکی دیده می‌شود: لە شوێنی پەیوەندی دوو تیکەکەدا، شکاویەکی چکۆلە دەبینرێ› ۲. نێوانی خۆش ‹پیوند دوستی: پەیوەندی دۆستایەتی› ۳. *[کشاورزی]* تووز؛ موتربە؛ موتوربە؛ موتورفە؛ تام؛ لوولی؛ کار یا ڕەوتی تاماندن؛ چەسپاندنی لقێ لە گیا یان دارێک بە ئەندامی گیا یان دارێکی ترەوە بۆ باشترکردن یان زۆرتر بوونەوەی ‹پیوند درخت: پەیوەندی دار› ٤. *[پزشکی]* کار یا ڕەوتی لابردنی ئەندامی نەخۆش و دانانی ئەندامی ساق لە جێگەی بە برینکاری ‹پیوند کلیه: پەیوەندی گورچیلە› ٥. *[شیمی]* چۆنیەتی لکانی ئەتومگەل و دروست بوونی مولوکوول ‹پیوند داتیو: پەیوەندی داتیو›.

◘ **پیوند اسکنه:** *[کشاورزی]* ئەسکەنەپەیوەند؛ پەیوەندێ کە قۆتەی دار هەندێک دەتلیشێنن و لقە پێوەندیەکەی لە نێو دادەنێن: **پیوند شکافی**

پیوند زناشویی: پەیوەندی ژن و شوویی.

پیوند شکافی ☜ **پیونداسکنه**

پیوند قلب: *[پزشکی]* پەیوەندی دڵ؛ لابردنی دڵی نەخۆش و دانانی دڵێکی ساق لە جێگەی.

پیوند لوله‌یی: *[کشاورزی]* چووزەپێوەند؛ لوولەپێوەند؛ جۆرێ پێوەند کە پێستی سەری پەیوەندەکە بە وەچێکەوە، وەک لوولە دەردێنن و بە سەر چڵی پێوەندیەوە دەیچەسپێنن.

پیوند لوله‌یی: *[کشاورزی]* لاپێوەن؛ پەیوەندێ کە تۆکڵی دوو جێ لە لقی پێوەندی هەڵدەکەنن و بە یەکەوە شەتەکیان دەدەن تا پێکەوە دەنووسن.

◘ پیوند زدن: تووزکردن؛ متوربەکردن؛ پەیوەندکردن؛ پەیوەند دان؛ تاماندن؛ لوول‌دان؛ بەستنی شتێک بە شتێکی‌ترەوە بە جۆرێ کە پێیەوە بلکێت ‹پیوند زدن گل: پەیوەند دانی گول؛ پیوند زدن کلیه: پەیوەندکردنی ولک›.

پیوند یافتن: پێکەوە لکان؛ پێکەوە نووسان؛ پەیوەندگرتن.

پیوندگاه / peyvandgāh، ـها/: *اسم.* پەیوەندگا؛ پێوەنگا؛ جێ‌لکان؛ شوێنی پێکەوە لکانی دوو یا چەن شت.

پیوندگاهی / peyvandgāhî/: *صفت.* پەیوەندگایی؛ پێوەندیدار یان سەر بە پێوەندگاوە.

پیوندی / peyvandî، ـها/: *صفت.* پەیوەندی: ۱. سەر بە پێوەند ‹بافت پیوندی: چنی پەیوەندی› ۲. تاماندی؛ پێوەندکراو؛ موتوربەکراو ‹سیب پیوندی: سێوی پەیوەندی›.


پی. وی. سی / pî.vî.cî./: [انگلیسی] *اسم.* *[مخفف]* پولی‌ڤینیل‌کلۆراید؛ بەرهەمێکی نەوتیە، زۆرێ لە پێویستیەکانی ژیانی ئەوڕۆی لێ دروست دەبێ.

پیه / pîh/: *اسم.* پی؛ پیە؛ پیڤ: ۱. دووگ؛ گوهن؛ پیو؛ دینگ؛ زوهم؛ پیم؛ وەز؛ بز؛ بەز؛ چەورایی بەز ۲. *[مجازی]* قەڵەوی؛ چاخی.

◘ پیه برنو ☜ درخت پیه، **درخت**

◘ پیه چیزی را به تن خود مالیدن: *[کنایی]* خۆ بۆ هەموو شتێک دانان؛ سەر بۆ شکاندن ‹وقتی در تظاهرات شرکت کرد، پیه همه چیز را به تنش مالیده بود: کاتێ لە خۆپیشاندانەکەدا بەشداری کرد، خۆی بۆ هەموو شتێکی دانا›.

پیه‌سوز / pîhsûz/ ☜ چراغ پیه‌سوز، **چراغ**



ت /t/: حرف. ت؛ چوارەمین پیتی ئەلف و بێتکەی فارسی.

ت /te/: اسم. ١. ناوی پیتی چوارەمی ئەلف و بێ زمانی فارسی ٢. [فرانسوی] تەی؛ تێ؛ ئامرازێکە بۆ شۆردن و خاوێن کردنەوەی سەر موزاییک و... ‹دو بار ت کشیدم اما تمیز نمی‌شود: دوو جار تەی‌م کێشا، بەلام خاوێن نابێتەوە›.

◙ ت گرد: تێی عەرەبی کە بەم شێوە: «ة» دەنووسرێت.

ـ ت /at/: ضمیر. ـ ت: ١. ـ ەت؛ کەت؛ کێت؛ ـ ئەکەت؛ ـ ئەکێت؛ جێناوی خاوەنیەتی لکاو بۆ دووهەم کەسی تاک ‹کلاهت روی میز است: کلاوەکەت لە سەر مێزەکەیە› ٢. ـ ی؛ جێناوی بەرکاری لکاو بۆ دووهەم کەسی تاک ‹کجا بردندت؟: بۆ کوێیان بردی›.

تا /tā/: اسم. تا: ١. نێوی عەرەبی چوارەمین پیتی ئەلفوبێتکەی فارسی ٢. لف؛ جفت؛ لنگ؛ لنگە؛ لۆ؛ لا؛ ئەندامی هاوچەشنی کۆمەڵێک ‹یبه تا: تاوەتا› ٣. دەق؛ قەد؛ لۆ؛ لا ‹هنوز تای پارچه را باز نکرده است: هێشتا دەقی پارچەکەی نەکردۆتەوە› ٤. تایلە؛ تەیلێ؛ درەختێکی بەرز و بەردارە کە وەچەکەی بۆ دەرمان دەشێ.

◙ تا خوردن: قەد خواردن؛ دەق خواردن؛ تا خواردن؛ نووشتانەوە؛ دانووشتان؛ لۆ واردەی ‹لبەی کاغذ تا خوردە است: لێواری کاغەزەکە قەدی خواردووە›.

تا زدن: دەق‌کردن؛ قەدکردن؛ نووشتاندنەوە؛ دانووشتاندن؛ هەڵدانەوە؛ داموو‌چاندن ‹سر آستین پیراهنت را تا بزن: سەرقۆلی کراسەکەت دەق کە›.

تا شدن: تا بوون: ١. دەق بوون؛ دەق خواردن؛ قەد بوون؛ دەق دران؛ قەد کران؛ نووچان؛ دانووشتان؛ قولزین؛ نوێریایوە ‹لبەی عکس تا شدە بود: لێواری وێنەکە قەد ببوو› ٢. داهاتنەوە؛ چەمیانەوە ‹با یک فشار کوچک تا شد و شکست: بە توزە گوشارێک چەمایەوە و شکا›.

تا کردن: ١. دەق‌کردن؛ تا کردن؛ قەد کردن؛ قەددان؛ دەق‌دان؛ داموو‌چاندن؛ تەواندن؛ نووشتاندنەوە؛ نوێرنایوە؛ قولزاندن ‹پولهایت را تا کن و بگذار توی جیبت: پارەکانت دەق‌کە و بینە گیرفانت› ٢.

چەماندنەوە؛ ئەوەچەمنەی ‹میلە را از وسط تا کن: میلەکە لە ناوەڕاستەوە بچەمینەوە› ٣. [مجازی، گفتاری] جوولانەوە؛ هەڵس و کەوت کردن؛ هۆرزونیشتکەردەی ‹بد تا کردن: خراو جوولانەوە›.

تا[2]: صفت. دانە؛ دانیێ؛ دەنک؛ دەنکە؛ دەندک؛ دانک؛ گلە؛ بە هەژمار یا هەندی دیارەوە ‹دو تا: دوو دانە›.

تا[3]: قید. تا؛ تەنانەت؛ تەنانە؛ تالای؛ تالاو؛ تاکوو؛ هەتا؛ هەتاکوو؛ هەتاکە؛ هەتاوەکوو؛ هەتتا ‹تا فرش زیر پایش را هم فروخت: تەنانەت قالیەکەی ژێریشی فرۆشت›.

تا[4]: حرف. هەتا؛ تا؛ تاوەکی؛ هەتاکینێ؛ هەتاکوونێ؛ هەتانێ؛ هەتاوەکوونێ؛ هەتاوەکی؛ هەتاوەکینێ؛ دا: ١. تا وەکوو؛ هەتاوەکوو؛ هەتاکە؛ تاکە؛ وشەی مەرج ‹تا نبینی باور نمی‌کنی: هەتا نەیبینی باوەڕ ناکەی› ٢. هاوکات لەگەڵ ڕووداوێک ‹تا خواست چیزی بگوید پاسبان زد توی دهنش: تا ویستی شتێ بڵێ پاسەوانەکە دایە ناو دەمیا› ٣. تاکوو؛ هەتاکە؛ نیشانەی مەودای کات یا شوێن تا لای ئامانج ‹تا فردا: تا سبەی› ٤. تاکوو؛ بۆ ئەوەی ‹رفت تا بنشیند: ڕۆیشت تا دانیشێت› ٥. تا وەکوو؛ پاش ئەوە ‹بنشین تا بگویم: دانیشە تا بڵێم› ٦. هەرچەند؛ هەرچەندە؛ هەرچن ‹تا می‌توانی بخور: تا دەتوانی بخۆ› ٧. پیتی هەڵسەنگاندن ‹من بیشتر خسته شدم تا او: من زۆرتر ماندوو بووم تا ئەو›.

تائب / tā'eb/: [عربی] ☜ **تایب**

تائوئیسم / tā'o'îsm/: [؟]/اسم. تائۆئیسم؛ دینی تائۆ؛ ئایینێ کە ٦٠٠ ساڵ پێش لە زایین، لە سەر پەند و ئامۆژەکانی لائۆتێسە لە چیندا سەری هەڵدا: **دینِ تائو**

ـ **تائی** / tā'î/ ☜ ـ **تایی**

ـ **تائید** / ta'îd/: [عربی] ☜ ـ **تأیید**

ـ **تائیدیه** / ta'îdîyye/: [عربی]☜ **تأییدیه**

تاب[1] / tāb/: اسم. ١. تاقەت؛ تاوشت؛ تابشت؛ تاو؛ توان؛ هازی؛ دەست و دوو؛ پۆ؛ هێزۆک؛ هێزک؛ هێز؛ تین؛ نز؛ نزە؛ وزە؛ کێش؛ گرک؛ توێ؛ کار؛ زۆخ؛ توانا؛ قار ‹تاب آوردن: تاقەت هاوردن› ٢. /ها/ جۆلانە؛ جۆلانێ؛ جۆلانی؛ داردێلەکانێ؛ داردلەکانێ؛ دێلەکانێ؛ دەیدیک؛ دەیدەک؛ دیلان؛ دللارێ؛ دەو؛ دەوگی؛ دەوگە؛ حوژم؛ هەڕەزان؛ هەڕازگە؛ هڕەزگۆنی؛ هەمچۆلا؛ قا؛ ئیزی؛ ئامرازێک پێکهاتوو لە دوو گوریسی هەڵواسراو و کورسییێک پێوە بەسراو بۆ لە سەر دانیشتن و هاتوچۆ کردن ٣. باو؛ با؛ لۆزان؛ ڕاژان؛ هەژیان؛ ڕووشیان؛ لەرە؛ کاروانە؛ جۆلانە؛ هەڕاز؛ هەلاجانی نەوەستاو و هەدانەداو بۆ دواوە و پێشەوە ‹تاب خوردن: باو خواردن› ٤. چەفتی؛ خوار و خێچی؛ چەوت و چێلی ‹چشمش کمی تاب داشت: چاوی نەختێ چەفتی هەبوو› ٥. با؛ وا؛ کار یان ڕەوتی بادان ‹نخ را تاب داد: بەنەکەی با دا› ٦. چرچ و لۆچ ٧. [مجازی] گوڕ و تین؛ تین و تاو.

▣ **تاب آوردن**: بەرگەگرتن؛ هەڵکردن؛ دەربردن؛ دەوام هێنان؛ کارین؛ تاقەت گرتن؛ تاقەت هێنان؛ خۆگرتن؛ هۆر کەردەی؛ وەرگەگێرتەی ‹در برابر همەی سختیها تاب آورد و حرفی نزد: لە بەرامبەر هەموو سەختییەکەوە بەرگەی گرت و هیچی نەگوت›.

تاب برداشتن: گێریان؛ خوار بوون؛ کەج بوون؛ خەمەو بوون (وەکوو پێچیانی چێوی تەڕ پاش وشکەوە بوون) ‹در، کمی تاب برداشته و خوب کیپ نمی‌شود: دەرگاکە نەختێ گیراوە و باش کپ نابێت›.

تاب بستن: جۆلانە هەڵواسین؛ دێلەکانێ هەڵخستن؛ حوژم هەڵخستن؛ دەوگێ درووس کردن؛ ئێزی درووس کردن؛ دلاریێ هۆروسەی ‹بچەها بە درخت تاب بستە بودند و تاب سواری می‌کردند: منداڵەکان بە دارەکەوە جۆلانەیان هەڵواسیبوو، دێلەکانەیان دەکرد›.

تاب خوردن: باو خواردن؛ با خواردن؛ پل خواردن: ١. جۆلانەکردن؛ دەو خواردن؛ دلاریێ کەردەی؛ بە سەر جۆلانەوە جووڵانەوە ‹اول بگذار من تاب بخورم: هەوەڵ بێلانە با من باو بخوم› ٢. گشت بوردن؛ لەریانەوە؛ هەژیانەوە؛ ڕاژیانەوە؛ سەنگەلا بوون؛ ڕاشەکیان؛ ڕاوەشیان؛ هەلاجان؛ هەڕازان؛ ئەوەلوەی؛ ئەوەشۆکیەی.

تاب دادن: با دان؛ باو دان: ١. قادان؛ بادان؛ پێچ دان؛ لوورکردن؛ هەلپێچاندن؛ تاباندن؛ تامەتش؛ هۆندنەوە؛ تاو دان؛ وادەی ‹داشت سبیلش را تاب می‌داد: خەریک بوو سمێلی با دەدا› ٢. پاڵ پێوە نان؛ دەس پێوە نیان؛ بۆق نان؛ هەلاجاندن؛ شەک لێدان؛ بۆق پووەونیەی؛ دەلەکدان لە جۆلانەدا ‹اول تو مرا تاب بده! بعد من: سەرەتا تۆ پالم بدە نە! ئەوجا من›.

تاب داشتن: ١. بەرگەگرتن؛ هێز هەبوون؛ توانایی هەبوون؛ دەربردن؛ تاقەت هاوردن؛ هاز بیەی ‹تو تاب تحمل آن گرما را داری؟: تۆ بەرگەی ئەو گەرمایە دەکری؟› ٢. لار بوون؛ خوار بوون؛ گێڕ بوون؛ گێڕیاگ بوون.

ـ تاب[2]: *پیوازە*. ١. ـ ڕێس؛ ـ هۆن؛ ـ موون؛ باد؛ بادەر ‹نخ‌تاب: بەنڕیس› ٢. ـگەشێن؛ ـکەوت؛ ـ تاو ‹شب‌تاب: شەوگەشێن› ٣. ـ تاو؛ ـ هەڵکەر؛ ـ داگرسێن؛ گەشکەرەوە؛ گەرمکەرەوە، ڕووناکیدەر ‹تونتاب: توونهەڵکەر›.

تابان / tābān/: *صفت*. تیشکدەر؛ تابان؛ ڕووناکیدەر؛ ورشەدەر؛ ترووسکەدەر؛ گرشەدار؛ درەوشان؛ زەریق؛ ڕۆشناییدەر ‹خورشید تابان: هەتاوی تیشکدەر›.

تاباندن / tābāndan/: *مصدر. متعدی.* //**تاباندی**: لێتگرت؛ **می‌تابانی**: لێدەگری؛ **بتابان**: لێگرە// ١. لێ گرتن؛ تێگرتن؛ لێخستن؛ ڕەوشاندن؛ کلکردن؛ گێرتەینە؛ وەنەتاونەی ‹چراغ را بە صورتم تاباند: چراکەی گرت لە ڕووم› ٢. تاودان؛ نێلدان؛ تین پێدان؛ کلکردن؛ گرەپنەدەی ‹تنور را تاباندن: تەنوور نێلدان› ٣. مووناندن؛ هۆناندن؛ بادان؛ وادەی *‌**تابانیدن**. هەروەها: **تاباندنی**

■ صفت فاعلی: **تاباننده** (لێگر)/ صفت مفعولی: **تابانده** (لێگیراو)/ مصدر منفی: **نَتاباندن** (لێنەگرتن)

تابانیدن / tābānîdan/ ☜ **تاباندن**

تاب‌بازی / tāb.bâzî/: *اسم*. جۆلانێ؛ جۆلانی؛ دێلەکانێ؛ داردێلەکانێ؛ دەلدەلەکانێ؛ هەڕەزگۆنی؛ هەڕازان وازی؛ دەوگێ؛ کار یان ڕەوتی جۆلانەکردن: **تاب‌سواری**

تابتا / tābetā/: *صفت*. تاکولۆ: ١. چەپ و ڕاست؛ چەپڕاس ‹با چشمهای تابتایش بە من نگاه می‌کرد: بە چاوە چەپڕاسەکانیەوە دەیڕوانی پێما› ٢. /ها/ تاوەتا؛ لنگاولنگ ‹کفش تابتا: کەوشی تاکولو›.

تابداده / tābdāde/: *صفت*. لوولدراو؛ بادراو؛ لووردراو؛ وادریا.

تابدار / tābdār/: *صفت*. ١. لوول؛ لوور؛ پرپێچ ‹گیسوی تابدار: ئەگریجەی لوول› ٢. بادراو؛ ڕێسراو؛ لوولدراو؛ لووردراو ‹نخ تابدار: بەنی بادراو›.

تابستان / tābestān، ـها/:/اسم. ١. هاوین؛ تاوسان؛ هامن؛ هامین؛ هاڤین؛ تاوسۆ؛ یەکێ لە چوار وەرزی ساڵ؛ سێ‌مانگەی پاش بەهار ٢. *[مجازی]* گەرمەوەزە؛ گەرما؛ قوڵەی گەرما ‹آن سال از نیمەهای اردیبهشت تابستان شروع شد: ئەو ساڵە لە ناوەڕاس گوڵانەوە گەرما دەستی پێ‌کرد›.

تابستان‌خوابی / tābestānxābî/:/اسم. هاوینەخەوی؛ تایبەتمەندی بڕێک لە ژینەوەران کە دەبێتە هۆی داهزران یان خاو بوونەوەیان لە وەرزی هاویندا.
بەرانبەر: **زمستان‌خوابی**

تابستانی / tābestānî/: *صفت*. هاوینی؛ تاوسانی: ١. پێوەندیدار یان سەر بە هاوین ‹محصول تابستانی: داهاتی هاوینی› ٢. شیاوی هاوین ‹لباس تابستانی: بەرگی هاوینی›.

تاب‌سواری / tābsavārî/ ☜ **تاب‌بازی**

تابش / tābeš/:/اسم. تابشت؛ تاوشت: ١. پرشنگ؛ چرف؛ کار یان ڕەوتی تیشک دانەوە ‹تابش آفتاب: پرشنگی هەتاو› ٢. /ـها/ *[فیزیک]* ناردن و بشاندنەوەی تیشک و تین.

تابش‌سنج / tābeššanc، ـها/:/اسم. تاوشت‌پێو؛ کەرەسەیەک بۆ شۆندۆزی و پێوانی تابشتگەلی ئیلیکترۆمیغناتیسی.

تابشگر / tābešgar، ـها/:/اسم. ڕادیاتۆر؛ پەڕەی کانزایی ناو خاڵی جێ هات‌وچووی ئاوی داخ بۆ گەرم‌کردنەوەی ژوور.

تابع / tābe'/: [عربی]/اسم. پێڕ؛ ڕاژێر: ١. /ـها؛ ـان؛ أتباع/ پەیڕەو؛ پاشکۆ؛ دەست و پێوەند؛ پاشڕەو؛ بەردەست ٢. /أتباع؛ تَبَعه/ خێڵ؛ خەڵک؛ هاو وڵاتی.

تابعه / tābe'e/:[عربی] *صفت*. پێڕەو؛ شۆنگر؛ فەرمانبەر ‹ادارەی تابعە: مەزرینگەی پێڕەو›.

تابعی / tābe'î، ـن/: [عربی]/اسم. *[قدیمی]* تابعی؛ پەیڕەو؛ کەسێ کە هاونشین و شۆنگری یەکێ لە یارانی پێغەمبەری ئیسلام بووبێ.

تابعیت / tābe'îyat/:[عربی]/اسم. ڕاژێری: ١. *[نامتداول]* چۆنیەتی ڕاژێری و سەر بە کەس یان شوێنێک بوون ٢. /ـها/ *[سیاست]* چۆنیەتی بەستراو بوون بە وڵاتێکەوە بە پێی بەهرەداری لە ماف و مووچەی هاو وڵاتی بوون لەو وڵاتەدا ‹بە تابعیت آمریکا درآمدن: بە ڕاژێری ئەمریکا دەرهاتن›.

تابعین / tābe' în/: [عربی] جمعِ ☜ **تابعی**

تابکاری / tābkārî، ـها/:/اسم. تینتاوی؛ گەرمکاری؛ تینکاری؛ تاوکاری؛ کار یان ڕەوتی تیندانی ماکێک (وەکوو کانزا یان شووشە) بۆ نەرم‌کردنەوە و کار لەسەر کردنی.

تابلو / tāblo، ـها/: [فرانسوی]/اسم. تابلۆ: ١. پەڕەیەک (کانزایی، شووشەیی، پلاستیکی و...) کە نووسراوە، وێنە یان هەر دووکیانی لە سەرە و لە جێگەی گشتیدا هەڵیدەواسن تا ئاگاریداریگەلێکی پێ ڕابگەیێنن ٢. پەردەی شێوەکێشی؛ پەڕەیەک کە نیگاری لە سەرکێشراوە ٣. پەڕەیەکی (چێوی، شووشەیی، پلاستیکی و...) پایەدار و شیاو بۆ نووسینی وتە یان کێشانی وێنەیەک لە سەریەوە لە بەرامبەر خەڵکی یان کەسانێکدا (وەکوو تەختە سیا) ٤. پەڕە یان قاپێ کە لە سەر دیوار یان پایەوە دادەمەزرێ و چتگەلێک بۆ بینین یان لە بەر دەستدا بوون لە سەری دادەنرێ ‹تابلوی برق: تابلۆی کارەبا›.

▣ **تابلوی اعلانات/ آگهی**: تابلۆی ئاگاداری؛ تابلۆی ڕاگەیاندن.

تابلوی برق: تابلۆی کارەبا؛ سندووقی جێ‌کلیل و فیووزی کارەبا لە سەر دیوار.

تابلوی راهنمایی: تابلۆی ڕێنوێنی؛ تابلۆی دانــدراو لــه ســەر ڕێگــای هــاتوچــۆی ماشینان، بۆ ئاگادارکردن و ڕێنوێنی.
تــابلوی نقاشـــی: تــابلۆی شــێوەکــاری؛ ڕووپەڕێک کـه تێـدا وێنـه یـان دیمـەنێـک کێشراوه.

تــابلو ٔ : صفت. [گفتاری، کنایی] زەق؛ بـەرچـاو؛ سەرنجڕاکـێش لـه بـەر نائاسـایی بـوون ‹این کاپشن تابلو است: ئەم کاپشنه زۆر زەقه›.

تابلوســاز / tāblosāz، ـهـا؛ ـان/: [فرانسـوی/ فارسـی]/اسم. تابلۆسـاز: ١. کـەسـێک تـابلۆ دروسـت دەکـا ٢. شـێوەکـار؛ کـەسـێ کـه نیگارکێشی دەکا. هەروەها: **تابلوسازی**

تــــابلونویس / tāblonevîs، ـهـــا؛ ـان/: [فرانسوی/ فارسی]/اسم. تـابلۆنووس؛ کـەسـێ کـه پیشەی نووسینەوه له سەر تابلۆیه.

تابلونویـــــــسی / tāblonevîsî/: [فرانـــــسوی/ فارسـی]/اسم. تابلۆنووسـی: ١. کـاری نووسـینی تـابلۆ ٢. کـاری تـابلۆنووس ٣. /ـهـا/ شـوێن و دووکانی تابلۆنووسی.

تابنــــاک / tābnāk/: صـــفت. ڕوونـــاک؛ درەوشـــان؛ درەوشـــاوه؛ درەخـــشان؛ خـــاوەن تیـشک و ڕوونـاکی ‹چهـرەی تابناک: ڕوخساری درەوشاوه›.

تابنـدگی / tābandegî/: اسم. تیـشکدەری؛ درەوشانی؛ ڕووناکی.

تابنده / tābande/: صفت. تیشکدەر.

تــابو / tābo، ـهـا/: [انگلیسی از پولینزیایی]/اسم. تـــابۆ: ١. ڕێـــز و خاترێـــک کـــه ببێتـــه بەرهەڵست له وتـنی نـاوی شـتێک، لـێنزیـک بوونەوەی یان بەکـار بـردنی ئـەو شـته ٢. ئـەو شته که بەم شـێوەیـه بـه پـیرۆز ژمێـردراوه ٣. بـه خـراو دەرکـردن یـان بـەر پـێگـرتن لـه شتێک بـەهـۆی نـەریتی نـاو کۆمـەڵگا یـان هەسـتی دەروونیـەوه ٤. بـاوەڕ بـه پـیرۆز بوونی دین و ڕێـز لێنـانی و هـەروەها بـەرچـاو خستنی بەر پێگیراوگەلی قانوونی.

تــابوت / tābût، ـهـا/: [عربـی]/اسـم. تـاوت؛ تاویـت؛ تـابووت؛ لـەزاگ؛ وەخـم؛ چـارداره؛ سـوندروک؛ سـوندریک؛ سـندووریک؛ تاڤـێر؛ دارەمـــەیـــت؛ دارەبـــازه؛ داربـــازه؛ دووداره؛ داربـەسـت؛ داربـەس؛ دارەتـەرم؛ تـابووتی مردوو گوێزانەوه. هەروەها: **تابوتساز**

تــاب و تــوان / tāb-o-tavān/: صـفت. [ادبـی] وزه و هێـز؛ تـوان و تاقـەت؛ هێـز و توانـا؛ تابشت و توان؛ برشـت؛ بـرس و تـاو؛ پـۆ؛ تاڤـا؛ گـوژم؛ تاوشـت و شـێ؛ کـێش؛ توانـایی تێکۆشـان و خـۆڕاگری لـه بـەرامبـەر کـاری دژوارەوه ‹دیگـر تـاب و تـوان ادامـەی ایـن کـار را نـدارم: ئیتـر وزه و هـێزی درێـژه پێـدانی ئـەم کارەم نیه›.

تابه / tābe/ ☜ **ماهیتابه**

ـ تابی / tābî/: پیـوازه. ١. ـ ڕێـسی؛ ـ هـۆنی؛ ـ موونی؛ با دان ‹نخ تابی: بەن ڕیسی› ٢. ـ تـاوی؛ داگرسێنی؛ داییسێنی؛ هەڵاییسێنی؛ هەڵـکری؛ پێکری ‹تونتابی: توون داگرسێنی›.

تابیـــدن / tābîdan/: مـصدر. لازم. متعـدی. //**تابیـدی**: تیـشکتدا؛ **مـی تـابی**: تیـشک دەدەی؛ **بتـــاب**: تیـــشکـده// □لازم. ١. تیـــشکدان؛ تـاوین؛ تـەیـسین؛ تـەییـسین؛ ئـەنـەتاویـەی؛ پرژانەوەی تیشک و تـین ‹آفتاب تابیدن: هـەتـاو دەرەوەشین› ٢. کــەوتــن؛ دان؛ لێــدان؛ ئەنەتاویەی؛ کەوتەی؛ گـەیـشتنی ڕوونـاکی یـا تیشک و تـین بـه شـتێک یـا شـوێنێک ‹آفتاب به اتاق تابیدن: خۆر لـه هـۆده کـەوتن› □ متعدی. ٣. بـادان؛ وادەی؛ مۆنانـدن؛ هۆندنـەوه ‹نـخ تابیدن: بـەن بـادان› ٤. لـوولدان؛ پـێچدان؛ تەواندن؛ لـوورکـردن ٥. تـاودان؛ گـردان؛ نـێڵ دان؛ گـره پـووەوه نیـەی: **تــافتن** [ادبـی]. هەروەها: **تابیدنی**

■ صفت فاعلی: **تابنده** (تیشکدەر)/ صفت مفعولی: **تابیده** (ـــ)/ مصدر منفی: **نَتابیدن** (تیشک نەدان)

تابیده / tābîde، هـا/: صفت. ڕێسراو؛ هۆندراو؛ بادراو؛ پێچدراو ‹نخ تابیده: بەنی ڕیسراو›.

تابین / tābîn/: [از عربی؟]/اسم. [قدیمی] تابین؛ بن‌دەست؛ سەربازی ئاسایی.

تاپ[1] / tāp، هـا/: [انگلیسی]/اسم. تاپ؛ جۆرێک ژێرکراسی بێ‌قۆڵ و کورتی ژنانە کە تا کەمەر دادەپۆشێ.

تاپ[2]: [انگلیسی] صفت. [گفتاری] تاک؛ هەلکەوتە؛ هەڵکەوتوو؛ سەر؛ هێژا ‹جنس تاپ؛ هنرمند تاپ: جنسی سەر؛ هونەرمەندی هەلکەوتە›.

تاپ[3]: صوت. تەپ؛ تەپە؛ تڵپە؛ زرم؛ زرمە؛ دەنگی لە یەک دانی دوو شتی قورس: **تالاپ**

تاپاله / tāpāle، هـا/: اسم. ۱. شیاکە؛ لاس؛ سەرین؛ سەنێر؛ سنێر؛ سەورۆ؛ سەهان؛ ڕەم؛ ڕیخ؛ سەنێری چوارپێیان بەتایبەت ئەسپ و وڵاخ و گا ۲. تەپاڵە؛ تاپاڵە؛ تەپاڵێ؛ تەپکە؛ تەپەڵۆک؛ تەپک؛ قلاخ؛ قالاخ؛ قەلاخ؛ دەوە؛ کێویلە؛ لبان؛ سەنێری چوارپێیان کە دەیپێژن و لە بەر تاوەوە وشکی دەکەنەوە و بۆ سووتەمەنی کەڵکی لێ وەردەگرن.

تاپ ـــ تاپ / tāptāp/: صوت. تەپەتەپ؛ تەپ ـــ تەپ؛ تەپەی بەردەوام ‹تاپ ـــ تاپ قلبم را می‌شنیدم: تەپەتەپی دلم دەبیستەوە›.

☐ **به تاپ‌ـتاپ افتادن**: کەوتنە تەپەتەپ ‹قلبم به تاپ ـــ تاپ افتاده بود: دڵم کەوتبووە تەپەتەپ کردن›.

تاپ‌تاپ خمیر / tāptāpexamîr/: [فارسی/ عربی]/اسم. دەس کێ لەبانە؛ دەس کێ لە سەرە؛ جۆرێ گەمەی زارۆکانە کە یەکیان بە دانیشتنەوە تەوێڵی دەنێتە سەر زەوی و باقی بە دەوریدا دەستیان دەنێنە سەر پشتی و دەبێ بزانێ دەستی کێ لە سەر هەموو دەستانە، کە پێی‌زانی، جێ‌گۆڕکێ دەکەن.

تاپو / tāpû، هـا/: اسم. کووپە؛ کووپەڵە؛ کووپ؛ کووپەرە؛ بستۆگە؛ گوشێ؛ کۆڵینە؛ هۆمە؛ هومە؛ هوومە؛ هۆمرە؛ دەفری گڵینی گەورەی دەم ئاوەلا بۆ جێ ئارد و گەنم و دانەوێڵە.

تاپ و توپ / tāp(p)-o-tûp/: صوت. ۱. تلپەتلپ؛ تەپ و تۆپ؛ تەپەتەپ؛ ڕمبە؛ زرمەزرم؛ دەنگی لێک کەوتنی شتی نەرم و گران یان کەوتنە سەر زەمینی ئەو شتانە: **تالاپ‌ـتولوپ** ۲. تەق و تۆق؛ تەق‌وپۆق؛ تەقەتەق؛ تەقە و ڕەقە؛ دەنگی تیرهاوێژی لە شوێن یەک.

تاپیر / tāpîr، هـا/: [؟]/اسم. تاپیر؛ جۆرێک گیانداری گیاخۆرە کە لە ناوچەی گەرمەسێری ئەمریکا و مالایا و سووماترا دەژی و بیچمی تێکەڵی ئەسپ و کەرگەدەنە.

تات / tāt، هـا/: اسم. تات؛ ناوێ کە لە ناوچەگەلی تورک‌نشیندا بە کەسانێ دەڵێن کە بە یەکێک لە زمانە ئێرانیەکان قسە دەکەن (وەکوو خەڵکی هەندێ لادێی دەورو بەری خەڵخال و قەزوێن).

تاتار / tātār، هـا/: اسم. موغول؛ مەغۆل؛ تاتار؛ نەژادی زەرد پێستی ناوەندی ئاسیا.

تاتاری / tātārî/: صفت. موغولی؛ مەغۆلی؛ تاتاری؛ پێوەندیدار بە تاتارەوە.

تآتر / te'ātr, tā'ātr، هـا/: [فرانسوی]/اسم. ۱. شانۆ ‹بچەها، تآتر اجرا کردند: منداڵەکان، شانۆیان بەڕێوە برد›: **تیاتر** [گفتاری] ۲. /ـهـا/

تیاترۆ؛ تیاترۆخانە؛ تەماشاخانەی سازندە و سەماکەران ‹دیشب رفتیم تئاتر: دوێنێ‌شەو چووینە تیاتروخانە› * تئاتر

تاتو / tātû، ـها/: [؟]/اسم. تاتۆ؛ جۆرێک ئەسپی کورتەبالا بە یال و کلک و مووی درێژەوە.

تاتوره / tātûre، ـها/: [از لاتینی]/اسم. تاتوولە؛ تاتوولە؛ تاتووره؛ تاتۆلە؛ تایتوولە؛ تاتیولە؛ تاتولە؛ گیاگۆیار؛ بنەگیاییکی یەکساڵەی خۆرسکە، تۆمێکی تاڵی ژەهراوی هەیە.

▣ تاتوره هوا کردن/ در هوا پاشیدن: [کنایی] تاس بە سەرا هێنان؛ تاساندن؛ تەواساندن؛ بەره بەردەی؛ بوونە هۆی گێژی و سەر لێ‌شێواوی خەڵک. هەروەها: **تاتوره به خورد کسی دادن**

تاتی / tātî/: اسم. دارە_دارە؛ لارە_لارە؛ لەرزە_لەرزە؛ ڕێگە ڕۆیشتنی منداڵێ کە تازە پای گرتووە: **تاتی_تاتی**

▣ تاتی کردن: دارە_دارەکردن (وەکوو ڕێ‌چوونی منداڵی تازە پاگرتوو).

تاتی / tātî/: اسم. تاتی؛ لە زمانە ئێرانیەکان کە زاراوە جۆراوجۆرەکانی لە ئێرانی ناوەندی و ئازەربایجاندا ماوەتەوە: **تاتی_تاتی**

تاتی ـ تاتی / tātîtātî/ ☜ **تاتی**

تاتی‌کنان / tātîkonān/: قید. بە دارە_ دارە ‹تاتی‌کنان خودش را به کنار من رساند: بە دارەدارە خۆی گەیاندە لام›.

تأثر / ta'assor، ـات/: [عربی]/اسم. پەژارە؛ خەم؛ خەفەت؛ کوڵ؛ کول؛ نیگەرانی؛ دڵتەنگی؛ ناڕاحەتی؛ کەسەر ‹تأثر شدیدی به حاضران دست داد: پەژارەیەکی گران دانیشتوانی داگرت›.

تأثرانگیز / ta'assorangîz/: [عربی/ فارسی] صفت. دڵتەزێن؛ خەماوەر؛ خەمدەر؛ پەژاراوی ‹سرگذشتش خیلی تأثرانگیز بود: بەسەرهاتی زۆر دڵتەزێن بوو›: **تأثرآور**

تأثرآور / ta'assorāvar/: [عربی/ فارسی] ☜ **تأثرانگیز**

تأثیر / ta'sîr، ـها؛ ـات/: [عربی]/اسم. کارتێکەری؛ کاریگەریەتی؛ کارلێکەری؛ کار یان ڕەوتی کارتێکردن ‹حرفهایم در او تأثیر داشت: وتەکانم کاری تێکرد›.

تأثیرپذیر / ta'sîrpazîr، ـها/: [عربی/ فارسی] صفت. ڕەنگ‌گر؛ ڕەنگ وەخۆگر.

تأثیرپذیری / ta'sîrpazîrî، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. ڕەنگ‌گری؛ ڕەنگ وەخۆگری.

تأثیرگذار / ta'sîrgozār/: [عربی/ فارسی] صفت. کارتێکەر؛ کاریگەر؛ ڕەنگدەر.

تأثیرگذاری / ta'sîrgozārî، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. کارتێکەری؛ کاریگەریەتی؛ کار و ڕەوتی ڕەنگ دانەوە.

تاج / tāc، ـها/: [معرب از پهلوی]/اسم. ١. زەرزەنگ؛ تاج؛ تاژ؛ ناقسەرک؛ کومەتیژ؛ کولیلک؛ تانج؛ تانجە؛ کڵاوی ڕازاوەی پادشایان کە بە زێڕ و زەنبەر خەملاوە و لە سەری دەنێن ٢. تەوقەتە؛ تەوقە؛ گەوە؛ بازنەیەکی نەواری لە زێڕ و زیو، گوڵ، پەڕ و پۆ و لەم چەشنانە کە لە هەندێک جێژناندا دەینێنە سەر کەسێکەوە ٣. پۆپە؛ پۆپنە؛ پۆپکە؛ کاکۆڵ؛ کاکول؛ کۆپیتە؛ کاتۆر؛ کاتار؛ پۆپیتە؛ قیتکە؛ قوتکە؛ کوومک؛ کووم؛ کڵاو؛ نیشان؛ قوتکەی سەری بڕێک پەلەوەر (وەک کەڵەباب و پەپووسێمانە) ٤. [گیاەشناسی] کڵاوە؛ کوڵاوە؛ کولیلک؛ تانجیک.

▣ تاج خورشید: تاجی هەتاو؛ دەرەوەیی‌ترین پاژی دیاری خۆر کە لە کاتی خۆرگیران دەر دەکەوێ.

تاج دندان: تاجی ددان؛ ئەو بەشە لە

ددان کە لە هاروو دەرهاتووە و مینای ددان داپۆشیوە.
تاج سد: تاجی ئاوبەند؛ لووتکەی بەربەند؛ بەرزترین بەشی ئاوبەند.
تاج سر: *[مجازی]* تاجی‌سەر؛ بەڕێز؛ سەروەر؛ زۆر هێژا و خۆشەویست.
تاج گل: تانجیک؛ کڵاوی‌گوڵ؛ تاجی گوڵ؛ تاجەگوڵینە؛ کۆمەڵێ پەڕەگوڵ و لق و پۆی ناسک پێکەوە کە بۆ ڕێزلێنان دەینێنە سەر مەزار یان بەر پەیکەری کەسێک.
▣ **تاج سر کسی بودن:** *[مجازی]* تاجی سەری کەسێک بوون؛ لای کەسێک زۆر خۆشەویست بوون؛ سەروەر بوون ‹ایشان تاج سر ما هستند: ئەوان تاجی سەری ئێمەن›.

تاج‌الملوک / tācolmulûk, tācolmolûk/: [معرب/ عربی] ☜ **تاج‌مُلوک**

تاجبخش / tācbaxš/: [معرب/ فارسی] *صفت.* تاجبەخش؛ خاوەن دەسەڵات و لێهاتوویی لە گەیاندنی کەسێک بە پلەوپایەی پاشایەتی.

تاج‌خروس / tāc(e)xurûs, tāc(e)xorûs، ـها/: [معرب/ فارسی] *اسم. [گیاه‌شناسی]* پۆپەکەڵەشێر؛ پۆپنەکەڕەشێلە؛ پۆپەکەڵەشێرە؛ سەوڵ؛ سواو؛ باقلەک؛ سوارۆک؛ گوڵەمەخموور؛ گوڵ‌عاشقان؛ گوڵ‌بادروو؛ ڕوەکێ کە بە بۆنەی جوانی گوڵە پۆپنەکانیەوە بەخێوی دەکەن ✻**بستان‌افروز**

تاجدار / tācdār، ـها؛ ـان/: [معرب/ فارسی] *صفت.* تاجدار؛ تاجلەسەر؛ خاوەن تاج.

تاجر / tācer، ـها؛ ـان؛ تجّار/: [عربی] *اسم.* بازرگان؛ سەوداگەر؛ مامەڵەگەر؛ مامەڵەکار؛ مامەڵەچی؛ خاجە؛ تاجر.

تاجرپیشه / tācerpîše، ـها؛ ـگان/: [عربی/ فارسی] *صفت. [کنایی]* سەوداکار؛ سەوداگەر؛ خاوەن پیشەی مامەڵەکردن.

تاجریزی / tācrîzî، ـها/: [معرب/ فارسی] *اسم.* ڕێزلە؛ ڕێزەلە؛ ڕەزلە؛ هلەزرە؛ حلەزرە؛ ترێ‌ڕێوی؛ ڕەسلی ڕووقی؛ هەلالەوزەمزەم؛ هەلەڕیزە؛ ڕەزڕەزۆک؛ توولەزەڕە؛ تەماتە مرۆژە؛ شیرین‌وتاڵ؛ قەبقەبۆک؛ گیایێکی چەند ساڵەیە گوڵی سپی یان بەنەوش دەدا و میوەکەی زەردە.
▣ **تاجریزی پیچ:** ڕێزەلەپێچ؛ ڕەزلەمارانە؛ ڕەزلە پێچ؛ پێچ ڕێزلە؛ گیایەکی هاوینی بەردەوامە، گوڵەکانی بەنەوش و گەڵاکەشی لە سەرەوە دەبنە سێ لەت و بەرەکەی بە ڕەنگی سوورە.
تاجریزی قرمز: سوورە ڕێزەلە؛ ڕەزەلە سوورە؛ گیایەکی هاوینیە، گوڵەکانی بەنەوش یا سپیە و گەڵاکەشی بە شێوەی دڵە و مێوەیەکی سووری خڕی هەیە.
تاجریزی سیاه: ڕەشەڕێزەلە؛ ترێ‌مارانە؛ ترێ‌مارا؛ هەنگوورە مارانە؛ ڕێزلەمارانە؛ گیایەکی یەک ساڵەیە گەڵاکانی دانەدار یان بێ‌دانەیە و بەرێکی ڕەش و خڕی هەیە کە ژەهراویە.

تاجگذاری / tācgozārî، ـها/: [معرب/ فارسی] *اسم.* تاجنان؛ کۆڕ و کۆ بوونەوەیەک کە لەوێرا پاشا تاج لە سەر دەنێ و پاشایەتی خۆی ڕادەگەیێنێ.

تاجملوک / tācmulûk, tācmolûk، ـها/: [معرب/ فارسی] *اسم.* یەزن‌پەرس؛ دووچکەتاوسە؛ ڕوەکێکی جوانە کە بە بۆنەی جۆراجۆری و شەنگی گوڵەکانیەوە لە ئینجانە و باخچەدا بەخێو دەکرێ: **تاج‌الملوک**

تاج و تخت / tāc-o-taxt، ـها/: [معرب/

فارسی]/اسم. تاج و تەخت: ١. [مجازی] نیشانەگەلی پاوشایی یان درۆشمی خونکاری ‹محمد رشید خان، شاه بی تاج و تخت بانە بود: حەمە ڕەشید خان شای بی تاج و تەختی بانە بوو› ٢. پاوشایی؛ پاشایەتی ‹نادر در سال ١١٤٨ هـ .ق. بە تاج و تخت رسید: نادر لە سالی ١١٤٨ ک.م. گەییشتە تاج‌وتەخت› * **تخت و تاج**

تاجور / tācvar، ـها؛ ـان/: [معرب/ فارسی] صفت. [ادبی] تاجدار؛ تاجوەر.

تاجیک / tācîk/: اسم. تاجیک: ١. نەتەوەیەکی ئارياييە لە ڕەگەزی ئێرانی، خەڵکی تاجیکستان ٢. /ـها؛ ـان/ هەر یەک لە خەڵکی ئەو نەتەوەیە.

تاجیکی [1] / tācîkî/: اسم. تاجیکی؛ زمانی خەڵکی تاجیکستان، لە زاراوەگەلی ئێرانی.

تاجیکی [2]: صفت. تاجیکی؛ پێوەندیدار یان سەر بە هۆزی تاجیکەوە ‹پوشش تاجیکی: جل‌وبەرگی تاجیکی›.

تاخت / tāxt/: اسم. ١. غار؛ سنکار؛ چوارناڵە؛ تیر؛ پڕتاو؛ پەلە پاتۆر؛ خار؛ ڕەم؛ ڕەو؛ ڕەڤ؛ لینگ؛ لنگار؛ ترەختان؛ کاری بە پڕتاو ‹اسبش را بە تاخت درآورد: ئەسپەکەی غاردا› ٢. هێرش؛ پەلامار؛ پەلەمار؛ شالاو؛ هەلمەت؛ هەو؛ کار یان ڕەوتی دابەڕزان؛ داپڕسکان ‹همه تاخت بردند بە طرف خوراکیها: هەمموو هێرشیان بردە سەر خواردەمەنیەکان› ٣. [گفتاری] تاق؛ ئاڵشت؛ گۆڕینەوەی شتێ بە شتێکی‌تر.

⊡ تاخت آوردن: هێرش بردن؛ هەلمەت دان/ هێنان؛ شالاو بردن؛ داپڕسکاندن؛ دابەڕزاندن؛ دارسان؛ بە پڕتاو هێرش هێنان. هەروەها: **تاخت بردن**

تاخت زدن: گۆڕینەوە؛ گۆڕانەوە؛ تاق لێدان؛ واڕایەوە ‹ساعتم را با دوربین آزاد تاخت زدم: کاتژمێرەکەم بە دووربینەکەی ئازاد گۆڕیەوە›.

تاختن / tāxtan/: مصدر. لازم. متعدی. //**تاختی**: غارتدا؛ **می‌تازی**: غاردەدەی؛ **بتاز**: غاردە// ▫لازم. ١. غاردان؛ دەرچوون؛ بەرشیەی؛ بەزین؛ بەزان؛ تەراتێن؛ تراتێن؛ پرتافیان؛ پڕتافین؛ ڕا کردن؛ هەڕا کردن؛ ڕەڤان؛ ڕەتان؛ ڕەتین؛ ڕەتیان؛ تەرقاندن؛ پرتافیەی؛ ڕەمەی؛ ڕەمای ▫متعدی. ٢. ڕەتاندن؛ تاودان؛ ڕەواندن؛ ڕەڤاندن؛ تاژاندن؛ پڕتافانن؛ پڕتافنەی؛ لنگ‌دان؛ لنگ کوتان؛ لنگ‌کوتاین ٣. هێرش‌کردن؛ هێرش بردن؛ هەروژم‌کردن ‹همه بە آرام تاختند کە تقصیر تو بود: هەموو هێرشیان کردە سەر ئارام کە تاوانی تۆ بوو›.

■ صفت فاعلی: **تازنده** (غاردەر)/ صفت مفعولی: **تاخته** (غاردراو)/ مصدر منفی: **نَتاختن** (غارنەدان)

تاخت و تاز / tāxt-o-tāz، ـها/: اسم. غار-غارێن؛ ڕەم و ڕمبازی؛ تەڕاتێن؛ شەڕ و شۆ؛ سەرڕەو؛ چار و خار؛ جلێت و دار؛ کار یان ڕەوتی هروژم‌کردن و ڕەواندن.

تأخر / ta'axxor/: [عربی]/اسم. دوا؛ دوایی؛ بار و دۆخ یان چۆنیەتی جێ گرتن لە دوای دیتر یان دیترانەوە. بەرانبەر: **تقدّم**

تاخوردگی / tāxordegî، ـها/: اسم. دەق؛ دەق‌خواردوویی؛ دەق‌بوویی؛ تاخواردوویی؛ دانووشتاوی ‹پارچه را از محل تاخوردگی ببرید: پارچەکە لە شوێنی دەقەکەیەوە ببڕن›.

تأخیر / ta'xîr، ـها/: [عربی]/اسم. دێرهات؛ دواکەوت؛ درەنگ؛ دوا ‹قطار دو ساعت تاخیر داشت: شەمەندەفەرەکە دوو سەعات دێرهاتی بوو›.

⊡ تأخیر کردن: دێرکردن؛ درەنگ‌کردن ‹چرا هر روز صبح تاخیر می‌کنی؟: بۆ چی

هەموو بەیانییێک دیر نەکەی؟›.

تأدیب / ta'dîb/: [عربی]/اسم. [ادبی] ١. کار و ڕەوتی ڕاهێنان؛ پەروەردەکردن ٢. کار و ڕەوتی ئەدەب‌کردن؛ ژێرکردن ‹باید این پسر را تأدیب کرد: دەبێ ئەم کوڕە ژێر بکرێ›.

تأدیبی / ta'dîbî/: [عربی] صفت. پەروەردەیی ‹حبس تادیبی: بەندی پەروەردەیی›.

تأدیه / ta'diye/: [عربی]/اسم. کار و ڕەوتی دانەوە؛ دایەوە ‹آزاد بدهی خود را تادیه کرد: ئازاد قەرزەکەی خۆی داوە›.

تار [1] / târ ـها/: اسم. ١. تال؛ تا؛ تار؛ تان؛ تەل؛ داو؛ هەودا؛ لۆ؛ تەڤن؛ لۆنە؛ مەچیر؛ دەسک ‹تار مو: تالی موو›.٢. [موسیقی] تەل؛ تار؛ سیم؛ ئەو تەلانەی کە لە سازگەلی ژێداردا بۆ بە دەنگ هێنان بەکاری دەبن ٣.[موسیقی] تار؛ لە سازگەلی ژێداری ئێرانی، شەش تالی هەیە و بە زەخمەوە دەیژەنن ٤.[نساجی] تان؛ تار؛ تانە؛ ڕاهێل؛ هەودای ئەستوونی بەن کە پۆ بە لابەلایدا دەبوێرن.

◘ تار صوتی: ژێێ دەنگی؛ تانە وردیلەی ناو گەروو کە هۆی چۆناوچۆنی دەنگە.

تار عنکبوت: جۆلاتەنە؛ سروا؛ کەروو؛ کەرتێنە؛ تەڤنە پیر؛ تەڤنۆک؛ تەڤنک؛ تەڤنا پیرێ؛کۆنکی پیرێ؛ تالی کاکلەمووشان؛ جالی جالجالووکە؛ هەلاوەودۆبالی؛ تەونۆکەی داپیرۆشک؛ داوی داوداوی؛ تەڤنێ‌تەڤنپیرکێ؛ هەلاوەو ماماڵەهەلاوێ؛ دواو ملاکەتۆ؛ دوورنج.

تار کشنده:[گیاه‌شناسی] پرز؛ ڕیشۆکەی دار؛ هەرکام لە ورتکە ڕیشەگەلی بنی‌دار.

◘ تار تنیدن: هەودا بەستن؛ تار تەنین؛ داو تەنین؛ هەلاوە نیەی ‹تار تنیدن عنکبوت: هەودا بەستنی جالجالۆکە›.

تار زدن: تار ژەندن؛ تار لێدان؛ تار دایوەنە.

تار [2]: صفت. تار: ١. لێڵ؛ تەم؛ تەمدار ‹عکسها چه تار درآمده‌اند: وێنەکان چەند لێڵ کەوتوون› ٢. [ادبی] ڕەش؛ تاریک؛ زەنگ؛ تەمار ‹شب تار: شەوی تار›.

◘ تار دیدن: لێڵ دیتن ‹چشمم همه جا را تار می‌بیند: چاوم هەموو شوێنێک لێڵ دەبینێ›.

تار شدن: لێڵ بوون؛ تاریک بوون؛ ڕەش هەڵگەڕان؛ سیاو بیەی ‹یکباره همه چیز پیش چشمم تار شد: لە نەکاو هەموو شتێک لە بەر چاوم لێڵ بوو›.

تاراج / târâc ـها/: اسم. [ادبی] تالان؛ تاژان؛ پوڕ؛ پوویر؛ پویر؛ پووڕ؛ قرپ؛ کالات؛ کالەت؛ چەپاو؛ چەپلاو؛ تالان و مالان؛ کارەڕەهاتی دزینی ماڵ و سامانی خەڵکی بە زۆر و ئاشکرایی.

◘ تاراج شدن: تالان بوون؛ چەپاو بوون؛ کالەت بوون؛ تالان‌کریان؛ تاژان‌کران؛ شەلیای؛ بە زۆر و بە ڕاشکاوی دزرانی ماڵ و سامان.

تاراج کردن: غارەت‌کردن؛ تالان‌کردن؛ چەپاوکردن؛ تالان و بڕۆکردن؛ بە زۆر و ئاشکرایی دزینی ماڵ و سامان.

بە تاراج بردن: بە تالان بردن؛ چەپاو کردن.

بە تاراج رفتن: بە تالان چوون؛ ڕۆیین بە تالاندا؛ بە پووڕ چوون؛ بە تالان و مالان چوون.

تاراجگر / târâcgar، ـها؛ ـان/: صفت. تالان‌کەر؛ غارەت‌گەر؛ چەپاوکەر؛ چەپاولگەر.

تاراق‌ـتروق / târâqtorûq/ ☜ **تَرَق ـ تُروق**

تاراندن / tārāndan/: مصدر. متعدی. [ادبی] //**تاراندی:** تاراندت؛ **می تارانی:** دەتارێنی؛ **بِتاران:** بتارێنە// تاراندن؛ ڕەواندن؛ ڕەڤاندن؛ ڕەماندن: ۱. بڵاوە پێ کردن؛ دەرکردن؛ پرژ و بلاوکردن؛ بەرکەردەی ‹با شلیک تیر هوایی مردم را تاراندند: بەتەقەی هەوایی بڵاودیان بە خەڵکەکە کرد› ۲. تەرەکردن؛ دوور خستنەوە؛ تۆراندن؛ تۆرنەی؛ تۆرنای؛ بوونە هۆی هەڵاتن و پرژ و بلاوی ‹تو با این زبان تند و تیزت همه را از اطراف خود تاراندی: تۆ بەم زمانە توند و تیژەتەوە هەمووت لە دەور و بەری خۆت تاراند› ❋ **تارانیدن.** هەروەها: **تاراندنی**

■ صفت فاعلی: **تاراننده** (تارێنەر)/ صفت مفعولی: **تارانده** (تارێنراو)/ مصدر منفی: **نَتاراندن** (نەتاراندن)

تارانیدن / tārānîdan/ ☜ **تاراندن**

تاربام / tārbām/: اسم. [نامتداول] بوومەلێڵ؛ بوولێڵ؛ کازیوە؛ سەوگر؛ سەهگور؛ تاریک و لێلەی بەیانی؛ تاریک و ڕوونی بەیانی.

تاربینی / tārbînî/: اسم. لێڵ‌بینی؛ لێڵ‌وینی؛ کز بوونی سۆمای چاو.

تارت / tārt، ـها/: [فرانسوی]/اسم. تارت؛ چەشنێک شیرینی کە لە هەویری تایبەتی شیرینی و میوەی تازە دروست دەکرێ.

تارتنک / tārtanak، ـها/: اسم. جاڵجاڵووکە؛ داوتەنە؛ جاوتەنە؛ کاکڵەمووشان؛ پیرۆشک؛ داپیرۆشک؛ دمباڵ؛ دۆباڵ؛ کارتێنک؛ جۆڵاتەنە؛ تەڤنپیچ؛ کەڤنی؛ تەڤنپیرک؛ داوداوی؛ مامالە هەڵاوێ.

تارریس / tār.rîs/ ☜ **نَخریس ـ۲**

تارزن / tārzan، ـها/: اسم. تارژەن؛ تارچی؛ ژەنیاری تار.

تارک / tārak، ـها/: اسم. ۱. کەفاک؛ بانی سەر؛ تۆقەسەر؛ تەپلی سەر؛ تەپلەسەر؛ سڵتان سەر؛ تەپڵ؛ بەچگ؛ بەچک؛ کات؛ کاتک؛ بۆلی؛ ڕاستکاسەری؛ تۆقۆ سەرەی ۲. لووتکە؛ ترۆپک؛ قولە؛ قوتکە؛ دوند؛ کلاوە؛ سەرکلاوە؛ پۆپە؛ چڵەپۆپە؛ بەرزترین جێگای شوێنێک یان شتێک.

تارک‌دنیا / tārekedonyā، ـها/: [عربی] صفت. دوورەپەرێز؛ لاگیر؛ تەرکەدنیا؛ تەریکەدونیا؛ چاوپۆشیو لە خۆشیگەلی ژیان.

تارکشی / tārkešî، ـها/: اسم. [نساجی] ☜ **چلّه‌کشی**

تارمی / tāremî, tāramî، ـها/: اسم. شەوەکە؛ تارمە؛ تارمێ؛ نەردە؛ نەردیێ؛ محەجەری بەر هەیوان: **طارمی**

تار و پود / tār-o-pûd، ـها/: اسم. ۱. [نساجی] تان و پۆ؛ ڕایەڵ و پۆ؛ دوو ڕشتەی تێک تەنراوی پارچە و... ۲. [مجازی] دڵ و دەروون؛ جەرگ و هەناو؛ ناخی دڵ ‹تنیده یاد تو در تار و پودم: بە بیری تۆوە تان و پۆم تەنیوە›.

تار و تنبور / tār-o-tambûr, -tanbûr/: اسم. [کنایی] تار و تەمبوور؛ تار و تەموور؛ دایرە و دمەک؛ چەند سازی مووسیقایی.

تار و مار / tār-o-mār/: صفت. تەفر و توونا؛ تەرت و توونا؛ قڕ و قات؛ قات و قڕ؛ پەرژ و بڵاو؛ تار و مار؛ هەڵاداد؛ نابووت؛ نابوود؛ نابوو؛ دەمار لێ دەرهاتوو ‹لشکر دشمن تار و مار شد: لەشکری دوژمن تەفر و توونا کەوت›.

تاری / tārî/: اسم. لێلی؛ تاری ‹آب مروارید موجب تاری چشم می‌شود: ئاومرواری دەبێتە هۆی لێلی چاو›.

تاریخ / tārîx، ـها/: [عربی]/اسم. مێژوو؛ تاریخ: ۱. کات؛ سات؛ کات بە پێی ڕۆژ، مانگ و ساڵ ‹تاریخ عروسی را تعیین کنید: کاتی زەماوەندەکە دیاری بکەن› ۲. بەروار؛ ڕێکەوت؛ کاتی نووسراوەی نێو بەڵگەیەک

‹دو قطعه چک به تاریخ اول خرداد دریافت شد: دوودانه چەک بە ڕێکەوتی هەوەڵی پووشپەڕ وەرگیران› ٣. کاتی یەک ڕووداو ‹تاریخ فوت: مێژووی کۆچی دوایی› ٤. سەرەتای مێژوو ‹تاریخ هجری: مێژووی کۆچی› ٥. /تواریخ/ دێرک؛ دیرۆک؛ لقێک لە زانستگەلی مرۆڤانی لەمەڕ تۆمارکردن و لێکدانەوەی ڕووداوگەلی تایبەت بە سەردەمانی ڕابردووەوە ‹علم تاریخ: زانستی مێژوو› ٦. /تواریخ/ سەربهوردی بنکە، نەتەوە یان تیرە و تایفەیەک لە چاخێکی دیاریکراودا ‹تاریخ اسلام: مێژووی ئیسلام›.

◙ تاریخ انقضا: کاتی بڕانەوە؛ ڕۆژ یان ساڵی بە سەر چوونی مۆڵەت یان مەودایێک.

تاریخ تولید: کاتی بەرهەم هاتن؛ ڕۆژ یان ساڵی دروست بوونی بەرهەمێکی (زیاتر) پیشەسازی.

تاریخ طبیعی: زیندەوەرناسی؛ ژینەوەر ناسی؛ ژینەبەرناسی؛ زانستی ناسینەوەی سروشت و زیندەوەران.

تاریخچه / tārîxče، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. کورتەمێژوو ‹تاریخچەی شهر ما: کورتەمێژووی شارەکەمان›.

تاریخدان/ tārîxdān، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی]/اسم. مێژووزان؛ ئەو کەسەی کە لە زانستی مێژوودا شارەزایە. هەروەها: **تاریخشناس**

تاریخزن / tārîxzan، ـها/: [عربی/ فارسی] /اسم. مێژووکوت؛ مێژوولێدەر؛ کەرەسەیەک کە کات (ڕۆژ، مانگ و ساڵ) لە سەر شتێکەوە چاپ دەکا.

تاریخگذاری / tārîxgozārî، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. کار یان ڕەوتی دیارکردن و ڕوون‌کردنەوەی تەمەن و دیرۆکی شتێک (وەک بەرد، چێو، قاپۆڕە و ...) کە زۆرتر لە ڕێگەی ئەندازەگرتنی ڕادەی تیشکدەری ئەو شتەوە ئەنجام دەدرێت.

تاریخگرایی / tārîxgerāyî/: [عربی/ فارسی] ☜ **تاریخیگری**

تاریخنگار / tārîxnegār، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی]/اسم. مێژوونووس؛ کەسێ کە پەرتووکی مێژوویی دەنووسێت: **تاریخنویس**

تاریخنگاری / tārîxnegārî، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. مێژوونووسی؛ کار یان ڕەوتی نووسین یان کۆکردنەوەی مێژوو: **تاریخنویسی**

تاریخ نویس / tārîxnevîs/: [عربی/ فارسی] ☜ **تاریخنگار**

تاریخ نویسی / tārîxnevîsî/: [عربی/ فارسی] ☜ **تاریخنگاری**

تاریخی / tārîxî/: [عربی] صفت. مێژوویی: ١. کەڤنارا؛ زۆر کەونارا ‹اثر تاریخی: ئاسەواری مێژوویی› ٢. شیاو بۆ تۆمارکردن و نوسین لە مێژوودا ‹پیروزی تاریخی: سەرکەوتنی مێژوویی›.

تاریخیگری / tārîxîgarî/: [عربی/ فارسی] /اسم. مێژووگەری؛ بیرۆکەیەک کە گرنگی بە مێژوو دەدات: **تاریخگرایی**

تاریک / tārîk/: صفت. تاریک: ١. تیەریک؛ دیجوور؛ جێگەی پێوار لە ڕووناکی ‹شب تاریک: شەوی تاریک› ٢. لێڵ؛ ئاڵۆز ‹جنبەهایی از این بحث برای من تاریک است: چەند لایەنێک لەم باسە بۆ من لێڵە› ٣. /مجازی/ ناخۆش؛ تاڵ؛ ڕەش؛ سیا ‹گذشتەی تاریک: ڕابردووی ناخۆش›.

تاریک اندیش / tārîkandîš، ـان/: صفت. /مجازی/ تاریک‌بیر؛ تاریک‌مژی؛ سیاویر؛ ڕەش‌بیر؛ بیرڕەش؛ دژی تازەداهێنی، دەسکاری و ڕۆشنبیری. هەروەها: **تاریک‌اندیشی**

تاریک‌بین / tārîkbîn، ـان/: صفت. [کنایی] ڕەش‌بین؛ تاریک‌بین؛ سیاوین. هەروەها: **تاریک‌بینی**

تاریکخانه/ tārîkxāne، ـها/: اسم. تاریکخانە؛ تاریکەخانە؛ دیوی تاریکی وێنەگرتن.

تاریک‌وروشن/ tārîk-o-rowšan, -ro:šan/: صفت. تاریک و ڕوون؛ بوومەلێڵ؛ بوولێڵە؛ تاریک و ڕۆشن؛ تاریک و لێڵ؛ ڕۆشنایی کەم (وەک بەیانی بەرلە هەلاتنی خۆر، یان ئێوارە پێش لە داهاتنی شەو).

تاریکی / tārîkî/: اسم. تاریکایی؛ ڕەشایی؛ تاریکی؛ تاریکە؛ تارێتی: ١. پاش پێوار بوونی خۆر ‹سرینی شب: تاریکایی شەو› ٢. جێگای تاریک؛ شوێنی تاریک ‹در تاریکی پنهان شد: لە تاریکیدا پەنای گرت›.

ـ تاز / tāz/: پیوازه. ١. ـبەز؛ ـتاو؛ تاژ؛ تاف؛ تاودەر ‹تیزتاز: خۆشبەز› ٢. هەلمەت؛ پەلامار؛ هێرش ‹تاخت و تاز: هەلپ و هەلمەت›.

تازان / tāzān/: قید. [ادبی] تاژان؛ بەتاو؛ لنگارین؛ ترەختان؛ لە حاڵی تاوداندا.

تازاندن / tāzāndan/: مصدر. متعدی. //تازاندی: تاوتدا؛ میتازانی: تاو دەدەی؛ بتازان: تاودە// تاودان؛ ڕەتاندن؛ ڕەپاندن؛ بەزاندن؛ هورووژاندن؛ پڕتافتن؛ پڕتافانن؛ پڕتافنەی: **تازانیدن**. هەروەها: **تازاندنی**

■ صفت فاعلی: **تازاننده** (تاودەر)/ صفت مفعولی: **تازانده** (تاودراو)/ مصدر منفی: **نتازاندن** (تاونەدان)

تازانیدن / tāzānîdan/ ☜ **تازاندن**

تازگی[1] / tāzegî/: اسم. تازەیی؛ نوێیەتی؛ تەڕی؛ تەرچکی؛ تەرجگی؛ بار و دۆخ و چۆنیەتی تازە بوون ‹آدم از تازگی میوەها و سبزیها حظ می‌کرد: پیاو لە تازەیی میوە و سەوزیەکان دەگەشایەوە›.

▣ تازگی داشتن: لە لاوە تازە بوون؛ تاسۆخ بوون ‹حرفهایش برایم تازگی داشت: قسەکانی بۆم تازە بوون›.

تازگی[2]: قید. تازەیی؛ تازەگی؛ بە تازەیی؛ نوهی؛ لە ڕابردووی نزیکدا ‹تازگی شده سرپرست کارگاه: تازەیی بووەتە سەرپەرشتی کارگا›: **تازگیها**

تازگیها / tāzegîhā/ ☜ **تازگی[2]**

تازه[1] / tāze، ـها/: اسم. نوێ؛ تازە؛ نەو؛ نۆ؛ جەخت؛ شتی تازە ‹تازه آمد به بازار: تازە هاتۆتە بازاڕ›.

تازه[2]: صفت. تازە؛ نوێ: ١. نۆ؛ نەو؛ نفت؛ نووف؛ ناقۆ؛ نەوەیی؛ بەدیهاتوو، سازراو، دۆزراو یان داهێنراو لە ماوەیێکی نێزیکدا ‹سد تازه: بەربەندی نوێ› ٢. نۆ؛ نەو؛ نفت؛ نووف؛ ناقۆ؛ نەوەیی؛ بێ‌هاوتا لە ڕابردوودا ‹حرف تازه: قسەی نوێ› ٣. گوڵبەدەم؛ تەڕ؛ پەژ؛ تەرچک؛ تەرجگ؛ خاوەن سەرسەوزی ‹میوەی تازه: میوەی تازە›.

▣ تازه کردن: تازەکردنەوە؛ نوێ‌کردنەوە؛ تازەوەکەردەی؛ دانانی شتی تازە لە جیاتی هاوتا کۆنەکەی یان پێشووەکەی.

تازه[3]: قید. تازە: ١. ماوەیەکی کورت بەر لە کاری ناوبراو ‹تازه رفته بودم سر کار: تازە ڕۆیشتبوومە سەر کار› ٢. ئەوساکە؛ ئەوسا؛ ئەوسایچ؛ ئەو سەرەکەی؛ ئەو سەرەکەیچ؛ ئەو سەرەکانی ‹آزاد گفته می‌آید. تازه، اگر هم نیامد خودم می‌روم: ئازاد گوتوویەتی دێم، ئەوسا، ئەگەریش نەهات خۆم دەڕۆم› ٣. ئێستا؛ هێشتا؛ هێما؛ هەلای ‹شیشه را شکسته، تازه زبان‌درازی هم می‌کند: شووشەکەی شکاندووە، تازە زمانیشی درێژە›.

تازه‌به‌دوران‌رسیده / tāzebedowrānresîde، ـها/: [فارسی/ عربی/ فارسی] صفت. [کنایی] نۆکیسە؛ تازەکیسە؛ نۆبەخت؛ تازە پێداکەوتوو؛ تازە

پیاکەفتگ؛ خاوەن ئاکاری نالەبار، لە بەر بەدەس هێنانی پارە یان دەسەڵاتێک کە هێژای نەبێ.

تازەداماد [1] / tāzedāmād، ـها؛ ـان/: *اسم.* زاوا زێڕینە؛ زاوازەڕینە؛ تازە زاوا ‹بە افتخار تازە داماد دست بزنید: بە خۆشی زاوازێرینەوە چەپڵە لێدەن›.

تازەداماد [2]: *صفت.* تازە زاوا؛ تازە زاڤا؛ تازە زاما؛ تازە زەما؛ زاوا زێڕینە ‹آزاد تازەداماد است: ئازاد تازەزاوایە›.

تازەدم / tāzedam/: *صفت.* تازەدەم؛ تازەدەمکێشاو.

تازەرو / tāzerû/: *صفت. [ادبی]* ڕووگەش؛ خوەشڕوو؛ وەشڕوو؛ ناوچاو ڕۆشن.

تازەساز / tāzesāz، ـها/: *صفت.* نۆچێ؛ تازە دروستکراو؛ تازە وەشکریا.

تازەعروس [1] / tāze'arûs، ـها؛ ـان/: [فارسی/ عربی] *اسم.* نۆبووک؛ تازەبووک؛ تازەوەوی؛ بووکی تازە؛ بوویکا نۆ؛ بووکە نەخشینە؛ تازەوەیوە ‹تازەعروس دختر فهمیدەای است: تازەبووک کچێکی ژیرە›.

تازەعروس [2]: *صفت.* تازەبووک؛ نۆبووک؛ تازەوەوی؛ بووکە نەخشینە؛ تازەوەیوە؛ تازەسوور ‹ سارا تازەعروس است: سارا تازەبووکە›.

تازەکار / tāzekār، ـها؛ ـان/: *صفت.* ناشی؛ تازەکار؛ نامامیەد؛ باش ڕانەهاتوو لە کاردا.

تازەمسلمان / tāzemosalmān، ـها؛ ـان/: [فارسی/ عربی] *صفت. [گفتاری]* نۆموسوڵمان؛ تازە موسوڵمان.

تازەنفس / tāzenafas، ـها/: [فارسی/ عربی] *صفت.* تازەنەفەس؛ خاوەن هێز و بڕێک کە هێشتا دەکار نەکراوە یان جارێک شەکەتی و کارکردن لێی نەبڕیوە.

تازەوارد / tāzevāred، ـها؛ ـان؛ ـین/: [فارسی/ عربی] *صفت.* تازەوارد؛ تازەهاتوو؛ بە تازەیی گەیشتوو جێگا یان کۆمایەک.

تازی / tāzî/: *اسم.* تازی: ١. /ـها؛ ـان/ *[ادبی]* عەرەب؛ عەرەو ‹سپاه تازی: سوپای عەرەب› ٢. *[ادبی]* عەرەبی ‹زبان تازی: زمانی تازی› ٣. /ـها/ تاژی؛ تاجی؛ تانجی؛ تانجیە؛ تانزی؛ نەژادێک سەگی قەد باریک و چابک بۆ ڕاو.

◙ **اسب تازی** ☜ **اسب**

تازیانه / tāziyāne، ـها/: *اسم. [ادبی]* قەمچی؛ قامچی؛ شەلاخ؛ قیرپاچ؛ قورپاچ؛ قورباچ؛ قەرپاچ؛ تازیانە؛ شەللاخ؛ شەللاق؛ قەلا؛ قۆرباج؛ هەودای لە چەرم یان ڕیخۆڵە و... بۆ لێدان و لێخوڕینی چوارپێ.

تاس [1] / tās، ـها/: *اسم.* تاس: ١. لەگان ٢. مۆرەی تەختە نەرد ❋ **طاس**

▣ **تاس انداختن**: مۆرە هەڵداشتن؛ مۆرە خستن؛ تاس هەڵخستن؛ مۆرە شانەی ‹تاس انداختم، جفت شش آمد: مۆرەم هەڵداشت، جووت شەش هات›.

تاس گرفتن: تاس گرتن؛ مۆرەگرتن (فێڵێکە لە کاتی هەڵخستنی تاسی تەختە نەردا دەیکەن بەشکوو ئەو ژمارە بێنن کە پێویستیانە).

تاس [2] /ـها/: *صفت.* تاس؛ هەوێز؛ تایبەتمەندی سەری بێموو: **طاس**

تاس بازی / tāsbāzî، ـها/: *اسم.* تاسبازی؛ مۆرەبازی؛ جۆرە قومارێکە کە بردنەوە و دۆڕاندنی بە مۆرە خستن و چۆن هاتنیەوە بەستراوە.

تاسعا / tāse'an/: [عربی] *قید. [نامتداول]* ١. نۆیەم؛ نۆهەم ٢. جاری نۆهەم.

تأسف / ta'assof، ـها؛ ـات/: [عربی] *اسم.* داخ؛ کەلیلان ‹این اوضاع جای تأسف است: ئەم بار و دۆخە جێگەی داخە›.

▣ **تأسف خوردن**: بەداخ بوون؛ داخ

لیٚ‌هاتن؛ خەفەت خواردن ‹خیلی بە حالش تأسف خورد: زۆری بۆ بەداخ بووە›.

تأسف‌انگیز / ta'assofangîz/: [عربی/ فارسی] *صفت*. داخدەر؛ داخهیٚنەر؛ داخیٚنەر ‹سرگذشت قانع بسیار تأسف‌انگیز است: سەربهوردی قانع گەلیٚک داخدەرە›.

تأسف‌آور / ta'assofāvar/: [عربی/ فارسی] *صفت*. داخدەر؛ داخبار.

تأسفبار /ta'assofbār/: [عربی/ فارسی] *صفت*. داخدار؛ پرداخ.

تاس‌کباب / tāskabāb/:*اسم*. [فارسی/ عربی] تاس‌کەواو؛ تاس‌کواو؛ جۆریٚ چیٚشتی تەڕە کە لە گۆشت و سیٚفەزەمینی و پیواز دروست دەکریٚ: **طاس‌کباب**

تاسوعا / tāsû'ā/: [عربی]/*اسم*. تاسووعا؛ ڕۆژی نۆهەمی مانگی موحەڕەم.

تاسه / tāse/:*اسم*. هەناسەبڕکیٚ؛ هەسکەهەسک؛ هەنکەهەنک؛ هەناسەبڕیٚ؛ بەرهەنگی؛ دۆخیٚکە بەهۆی گەرما، تینوویەتی و ماندوو بوونی زۆرەوە بەدی دیٚ.

تاسه‌خوار / tāsexār/:*اسم*. داقەگر؛ بەتاسە؛ تاسەکەر؛ بە ئاوات.

تاسی / tāsî، ـها/:*اسم*. تاسی: ۱. نەخۆشیەکی پیٚستی لە سەردا کە ئەبیٚتە هۆی وەرین و نەڕووانەوەی موو ۲. بار و دۆخ و چۆنیەتی تاس بوون * **طاسی**

تأسی / ta'assî/: [عربی]/*اسم*. پەیڕەوی؛ شۆپگری؛ شۆنەڕای؛ چاو لیٚ بڕی ‹او بە نماز ایستاد و همه بە او تأسی جستند: نویٚژی دابەست و گشت بە بەیڕەوی لەو نویٚژیان دابەست›.

تاسیدگی / tāsîdegî/:*اسم*. ڕەنگ‌پەڕیوی؛ ڕەنگ‌پەڕیاگی؛ هەڵبزڕکاوی؛ هەڵبرزکاوی؛ هەڵبرسکاوی: ۱. دۆخ یان چۆنیەتی ڕەنگ پەڕین ۲. ڕەنگ نەماوی بەهۆی نەخۆشی، ماندوویەتی یان ترسەوە.

تاسیدن / tāsîdan/: *مصدر. لازم*. ۱. ڕەنگ پەڕیان؛ ڕەنگ نەمان؛ هەڵبزرکان؛ هەڵبرزکان؛ هەڵبرزکین؛ هەڵبرسکان؛ تاسیان؛ تاسیەی؛ تاسیای ۲. تاسەکردن؛ تارسەکردن؛ ئارەزووکردن؛ کەڵکەڵەکردن ۳. مەگیرانی کردن؛ بیٚزی کردن؛ بیٚزگ کردن؛ مزن کەردەی ٤. ئوناق کردن؛ بوغز کردن. هەروەها: **تاسیدنی**

■ صفت فاعلی: **تاسنده** (ـــ)/ صفت مفعولی: **تاسیده** (تاساو)

تاسیده / tāsîde/: *صفت*. تاساو؛ ڕەنگ‌پەڕاو؛ ڕەنگ‌پەڕیاگ؛ هەڵبزرکاو؛ هەڵبرزکاو؛ هەڵبرسکاو؛ ڕەنگ‌پڕا.

تأسیس / ta'sîs/: [عربی]/*اسم*. کار و ڕەوتی دامەزران؛ دانان؛ هیم دانان؛ بناخە دانان؛ بنەڕەت دانیان؛ بنیات نانەوە؛ مەرزنەیرە؛ ئەرەمەرزنەی؛ پیٚکهیٚنانی دامەزراوە یان بنکەیەک ‹تاریخ تأسیس دانشگاه تهران ۱۳۱۳ بود: میٚژووی دامەزرانی زانستگای تاران ۱۳۱۳ی هەتاو بوو›.

تأسیسات / ta'sîsāt/: [عربی]/*اسم*. دامەزراوە؛ مەزراوە: ۱. کۆمەڵە خانووی تایبەت بە یەک پیشە یان ئامانجیٚک ‹تأسیسات نظامی: دامەزراوەی چەکداری› ۲. پیٚداویستیگەلی ئاسایشتی خانوو (وەک دەزگای هەواپالیٚو، گەرمادەر و فیٚنکیدەر، ئاو، کارەبا، بەتایبەت دام و دەزگای لوولەکیٚشی و سیمکیٚشی).

تأسیساتی[۱] / ta'sîsātî، ـها/: [عربی] / *اسم*. *[گفتاری]* دامەزراوە یان کەسیٚک کە کاری لەمەڕ ئامرازگەلی پیٚویست بۆ گەرم و سارد کردنەوەی خانووە.

تأسیساتی[۲]: *صفت*. دامەزراوەیی؛ سەر بە دامەزراوەوە.

تاشو / tāšow, -šo/: ـها/: *صفت*. دەق‌خۆر؛

تاخۆر؛ تایبەتمەندی هەر شتێ کە لە سەر یەک دەق ببێت و کۆ بکرێتەوە ‹میز تاشو: مێزی دەق‌خور›.

تافتان / tāftān/ ☜ **تافتون**

تافتن / tāftan/ ☜ **تابیدن ـ٥**

تافتون / tāftûn، ـها/: اسم. تافتوون؛ جۆرێ نانی گەنمە کە لە لەواش ئەستوورتر و بچووکترە، بە تەنووریدا دەدەن: **تافتان**

تافته / tāfte/: اسم. دێوا؛ حەریر؛ پارچەیەکی ئاورێشمی یان لە هەودای دەستکردی بەن بادراو کە پۆی لە تانی ئەستوورترە.

▣ **تافتەی جدا بافته**: [مجازی] چاو ڕەش؛ هەڵگەتگ هۆز؛ چەمێ سیاوێ ‹مگر او تافتەی جدا بافته است کە باید برای خودش اتاق مخصوصی داشته باشد: مەگەر ئەو چاوی ڕەشە کە دەبێ بۆ خۆی ژوورێکی تایبەتی هەبێ›.

تافی / tāfî، ـها/: [انگلیسی] اسم. تافی؛ شیرینیەکی چکۆلەی زۆرتر چوارپالووی چەسپنە کە لە شەکری کولاو، کەرە، قاوە و بادام دروستی دەکەن.

تاق[1] / tāq، ـها/: اسم. [گفتاری] تاق؛ سرمیچ؛ سەرمیچ؛ سرم: **طاق**

▣ **تاق‌ابرو**: تاقی برۆ؛ کەوانی برۆ.

تاق نصرت: تاقی زەفەر؛ تاق‌ئاسای ڕازاوە کە بۆ پێشوازی یا ڕێزنان لە کەسێک یان بیرئانینێک دروست دەکرێ.

▣ **تاق ابرو نمودن** ☜ ابرو آمدن، **ابرو**

تاق[2]: صفت. ١. [گفتاری] تەک؛ تەنیا؛ تاق. بەرانبەر: **جفت** ٢. [نامتداول] تاقانە؛ یەکتا؛ تەنیا؛ یەکتەن؛ یەکلە؛ تەنیا باڵ؛ بێ‌هاوتا *****طاق**

تاقباز[1] / tāqbāz/: صفت. [گفتاری] باز؛ واز؛ کراوە؛ وەکری؛ قالا؛ ئاوەلا (بۆ درگا و دەلاقە) ‹چرا در تاقباز است: ئەوە بۆچی درگاکە بازە›: **طاقباز**

تاقباز[2]: قید. [گفتاری] ١. پشتەوقەفا؛ قەفا؛ پەشتەقەپەی؛ لە حاڵەتی بە پشتەوە ڕاکشان و خۆ درێژکردنەوەدا ‹تاقباز افتاده بود روی زمین: پشتەوقەفا کەوتبووە سەر زەوین› ٢. ئاوەلا؛ باز؛ واز ‹پنجره را تاقباز کن: پەنجەرەکە باز کە› ***** **طاقباز**

تاقچه / tāqče، ـها/: اسم. بالاڕف؛ تاقە؛ ڕف؛ سەرتاق؛ ڕەفە؛ تاقچە؛ ڕەفک؛ شوێنێکە لە ناو قەدی دیواردا ساز دەکرێ بۆ دانانی شتومەک ‹چراغ را روشن کرد و بر تاقچه گذاشت: چراکەی داگیرساند و نایە سەر بالاڕەفەکەوە›: **طاقچه**

▣ **تاقچه بالا گذاشتن**: [تعریض] خۆگرتن؛ ناز کردن؛ وێ‌گیرتەی؛ نەواننەی ‹حالا کە بە او احتیاج دارم، برایم تاقچه بالا می‌گذارد: ئێستا کە ئاتاجیم پێیە خۆی دەگرێ›.

تاقگان / tāqgān، ـها/: اسم. دالانی سەرداپۆشراو بە تاقلە و کۆڵەکەی زۆرەوە: **طاقگان**

تاقنما / tāqnemā، ـها/: اسم. تاقنوا؛ تاقنوێن: ١. پێکهاتەیەک بۆ جوانی بە شێوازی تاقلەـ تاقلە بە قەد دیوارەوە ٢. تاقێکی بەرتەسک کە لە سەر درگا و... دروستی دەکەن ***** **طاقنما**

تاق‌وتوق / tāqq-o-tûq/: صوت. تەق‌وپۆق؛ تەقەتەق؛ تەق‌وهۆڕ؛ دەنگی گڕ کە لە وێکخواردنی شتگەلی جۆراوجۆر یا تەقەی لە سەر یەکی تیر لە دوورەوە پێک دێت.

تاق و جفت / tāq-o-coft/: اسم. تاق و جووت؛ تاق یان جفت؛ تاق‌نەجفت؛ تامانە جووت؛ کاڵەمشتێ؛ گەمەیەکە بەم جۆرە کە کەسێ بڕێک شت دەنێو مستیدا دەشارێتەوە و ئەوی دیکە جووت یان تاق

بوونی بەراورد دەکا.

تاقە / tāqe، ـها/:/سم. تۆپ؛ تاقە؛ یەکەی بژاردنی پارچەی پێچراو بە دەوری لوولە یان تەختەدا ‹سە تاقە پارچەی فاستونی: سێ تۆپ پارچەی فاسۆنی›.

تاک / tāk، ـها/:/سم. مێو؛ مۆ؛ مەیو؛ مێوی؛ مەیڤی؛ ڕەز؛ بنەترێ؛ داری ترێ؛ داری هەنگوور.

تاکتیک / tāktîk، ـها/: [فرانسوی]/سم. تاکتیک: ١. ڕێگە چارەیەکی شیاو و ئەوتۆ بۆ گەیشتن بە مەبەست ‹تاکتیک او این بود کە با جستوخیز خودش، حریف را خستە کند: تاکتیکی ئەوە بوو کە بە هەڵبەز و دابەزی زۆرەوە، حەریفەکەی ماندوو بکا› ٢. زانست و فەنی وەدەستخستنی ئامانجگەلی دیاریکراو ‹تاکتیک نظامی: تاکتیکی چەکداری› ✽ **ڕاهکار**

تاکس / tāks/: [فرانسوی]/سم. پیتاک؛ نرخی نەگۆڕی بڕێک ڕاژەگەلی دەوڵەتی.

تاکستان / tākestān، ـها/:/سم. ڕەز؛ ڕەزگە؛ مێوسان؛ باخەمێو؛ مەوستا؛ مەوسان؛ ڕەزجاڕ؛ ڕەزەوار؛ باخی ترێ.

تاکسی / tāksî، ـها/: [فرانسوی]/سم. تاکسی؛ ماشێنی سەواری وا کە بە پارە مسافر بۆ شوێنی پێویست دەبا.

▣ تاکسی تلفنی: تاکسی تەلەفوونی؛ ئاژانس؛ جۆرێک تاکسی کە بە تەلەفوون بانگ دەکرێت.

تاکسی‌بار / tāksîbār، ـها/: [فرانسوی/ فارسی] /سم. تاکسی‌بار؛ وانێتی بارکێش.

تاکسیدرمی / tāksîdermî/: [فرانسوی]/سم. تاکسیدیرمی؛ فەن و زانستی وشکەوەکردن و پڕکردنەوەی کەوڵی گیانلەبەران بۆ جوانی: **پوست‌آگنی**

تاکسی‌سرویس / tāksîservîs، ـها/: [فرانسوی]/سم. تاکسی‌خەتی: ١. جۆرێک تاکسی کە بە ڕێگایەکی دیاریکراودا هاتوچۆ دەکا ٢. تاکسی تەلەفوونی.

تاکسی‌متر / tāksîmetr، ـها/: [فرانسوی]/سم. تاکسی‌میتر؛ ئامێرێکە لە نێو تاکسی دایدەنێن و بە پێی درێژایی ڕێگە و ماوەی ڕابواردوو، کرێی مسافر حەساو دەکا.

تاکن / tākon، ـها/:/سم. دەقدەر؛ دەقکەر؛ تاکەر: ١. ئامێری تایبەتی دەقکردنی شتێک (وەک پارچە، ڕۆژنامە و کانزا) ٢. کەسێ کە بەرپرسیاری ئاوەها کارێکە.

تأکید / ta'kîd، ـها؛ ـات/: [عربی]/سم. پێداگری: ١. جەخت؛ کوت ‹پدرم بر این موضوع تاکید داشت: بابم لە سەر ئەم بابەتە جەختی دەکرد› ٢. کار یان ڕەوتی دەرخستن یان پێش چاو خستنی شتێک ‹روی برخی هجاها تاکید می‌کرد: لە سەر بڕێک بڕگەگەل پێداگری دەکرد›.

تاگالُگ / tāgālog/:/سم. تاگالۆگ: ١. نەتەوەی دوڕگەی لوزوون لە فیلیپین ٢. /ـها/ هەرکام لە کەسانی ئەو نەتەوە ٣. زمانی ئەو نەتەوە، لە زمانگەلی مالیزی- پلینێزیایی.

تالاب / tālāb، ـها/:/سم. تالاو؛ چەلاو؛ ئاوپەنگ؛ پەنگاو؛ گەبەڵ؛ دەشتێک کە ئاوی مەندی تێدایە.

تالاپ / tālāp/ ☜ **تاپ**[٣]

تالاپ ـ تولوپ/ tālāptûlûp/ ☜ **تاپ‌وتوپ ـ١**

تالار / tālār، ـها/:/سم. تەلار؛ بالاخانە؛ تالار؛ هۆدەیەکی هەراو کە درێژایی لە هەشت گەز کەمتر نیە: **طالار**

تالاسمی / tālāsemî/: [فرانسوی]/سم. [پزشکی] تالاسیمی؛ نەخۆشیەکی میراتی مرۆڤە دەبێتە هۆی کەمخوێنی و بێ‌هێزی.

تالاموس / tālāmûs/: [فرانسوی]/سم. ١.

[گیاه‌شناسی] تالامووس؛ بەشێکە لە ئەندامی گوڵ و گیا ٢. *[کالبدشناسی]* بەشێک لە تەختایی مێشک.

تالان / tālān، ـها /: [ترکی] *اسم. [نامتداول]* چەپلاو؛ چەپاو؛ تالان؛ پووڕ؛ تالان و بڕان؛ تالان و مالان؛ تالان و تاژان.

تالش / tāleš/: *اسم.* تالش؛ هۆزێکی ئێرانین کە لە باشووری خۆرئاوای دەریای خەزەرەوە دەژین.

تالش‌انگور / tālešangûr/ ☜ انگورفرنگی، **انگور**

تالشی / tālešî/: *اسم.* تالشی: ١. لە زمانگەلی ئێرانی باو لە نێو تالشدا ٢. ـها/ خەڵکی تالش.

تألم / ta'allom، ـات/: [عربی] *اسم. [ادبی]* کەسەر؛ خەم؛ پەژارە؛ خەفەت؛ کوڵ؛ جخار؛ جەخار ‹این وقایع موجب تألم خاطر گردید: ئەم ڕووداوانە کەسەری لە سەر دڵ دانا›.

تالی[1] / tālî/: [عربی] *اسم. [فلسفه]* شوێنهات؛ دوو؛ بەدوو ‹اگر بگویند آتش علت گرم شدن آب است، آتش مقدم و گرم شدن آب تالی است: ئەگەر بێژن ئاگر هۆی گەرم بوونی ئاوە، ئاور پێشینە و گەرم بوونی ئاو شوێنهاتە›.

تالی[2]: *صفت. [ادبی]* دوایی؛ دواگین؛ دمایین؛ دمایی.

تألیف / ta'lîf/: [عربی] *اسم.* دانان؛ نووسین؛ نویسەی؛ گردپەڕ: ١. ـها؛ ـات/ پەرتووک، پەخشان یان بە گشتی نووسراوەیەک کە کەسێ بە یارمەتی بیر و هزر، نوێکاری، ئەزموون یان لێکۆڵینەوەی خۆی نووسیویەتی ‹تاریخ شرفنامه تألیف میرشرفخان بدلیسی است: مێژووی شەرەفنامە نووسینی میرشەرەفخانی بدلیسیە› ٢. کار یان ڕەوتی نووسینی ئاوەها ئاسەوارێک ‹او کتابی دربارەی گیاهان دارویی زاگرس تألیف کرد: کتێبێکی سەبارەت بە گیای دارووییی زاگرۆسەوە نووسی›.

تالیم / tāl(i)yom/: [فرانسوی/ انگلیسی] *اسم.* تالیۆم؛ توخمێکی کانزایی نەرم و ژەهریە بە ژمارەی ئەتومی ٨١ و کێشی ئەتومی ٢٠٤٫٣٧ کە بۆ دروستکردنی ژەهر و بڕێ کەرستەی کارەبایی و شیشەسازی بە کار دێ.

تام / tām(m)/: [عربی] *صفت.* تەواو؛ خشت؛ بێ‌کەم و زیاد ‹اختیار تام: دەسڕۆیی تەواو›.

تامارزو / tāmārzû، ـها /: [؟] *صفت. [گفتاری]* بە ئاوات؛ تامازرۆ؛ تامەزرۆ؛ ئارەزوومەن؛ تاسوخ؛ ئارەزوومەندی وەدەست هێنانی شتێ کە کەمتر بۆی چەلاوە.

تام‌الاختیار / tāmmol'extiyār/: [عربی] *صفت.* بکوژ و ببڕ؛ خۆڕا؛ دەس‌واز؛ تەواو سەربەست؛ ئازاد لە ئەنجامدانی کارێک لە لایەن کەس یان کەسانێکەوە ‹نمایندەی تام‌الاختیار دولت: نوێنەری بکوژ و ببڕی دەوڵەت›.

تامپون / tāmpon، ـها/: [فرانسوی] *اسم. [پزشکی]* تەنزیف؛ تیکەی لۆکە یان هەور کە بۆ گیرساندنەوەی خوێن یان هەڵمژینی خوێن و ئاوی زەخم بە کار دەبرێ.

تام‌تام / tāmtām/: [انگلیسی از هندی] *اسم. [موسیقی]* تام- تام؛ جۆرە سازێک لە بیچمی دەف کە بەرگەکەی لە کانزایە و بە میلەیەک دەیژنن: **گُنگ**

تأمل / ta'ammol، ـها؛ ـات/: [عربی] *اسم. [ادبی]* ١. *[نامتداول]* کار و ڕەوتی تێڕامان؛ تێفکرین؛ ورد بوونەوە؛ چاو بۆ بەرەوە خستن و دوانۆڕی کردن ‹در این باره باید خوب تأمل کنی: لەم بارەوە دەبێ باش تێڕامێنی› ٢. وێستان؛ درەنگ؛ وێسان؛ مدرەی ‹پس از مدتی تأمل گفت... : دوای

کەمێ ودستان گوتی...›.

تـامو تمـام / tāmm-o-tamām/: [عربـی] قیـد. تێـر و پـڕ؛ تێـر و تـەسـەل؛ بـەتـەواوی؛ بـە گشتی؛ بە شێوەی گشتی و بێ‌کەم و زیاد.

تامیـــل / tāmîl/: اسـم. تامیـــل: ١. هـــۆزی دراویدی خەڵکی هێند و سریلانکا ٢. ـها/ هەر کام لەو خەڵکانە ٣. زمانی ئەو هۆزە.

تـأمین / ta'mîn، ـهـا؛ ـات/: [عربـی] اسـم. ١. دابـــین؛ کـــار یـــان ڕەوتی دابـــین‌کـــردن؛ مـسۆگەرکـردن؛ ساز دان؛ ئـابوور یـان پێـک هێنـان ‹تـأمین مخـارج عروسـی: دابـین‌کـردنی خـەرج و بـەرجـی زەمـاوەنـد› ٢. پـەنـا دان؛ هـەڤـاندن؛ دالـدەدان؛ کـار یـان ڕەوتی هـەدا دان ‹تـأمین دادن: پـەنـا دان› ٣. دڵـــنیایی؛ ئاسـایش؛ ئاسـوودەیـی؛ هـێمنی؛ هێمنایـەتی؛ هـەدار؛ پـشتگەرمـی ‹اینجـا تـأمین جانی نـدارم: لێرەداله گیانی خۆم دڵنیایم نیە›.

▣ تـأمین آتیـە: دابـینی داهـاتوو؛ کـار و ڕەوتی پێــک‌هێنـــانی پێویـــستیگەلی ژیـــان بـــۆ داهاتوو.

تـأمین اجتمـاعی: دابـینی کۆمــەڵایــەتی؛ ئاســـوودەیـــی کۆمـــەڵایـــەتی؛ ئاسایـــشتی کۆمەڵایەتی؛ زنجـیرە چـالاکی پێویـست بـۆ دابینی داهاتووی کۆمەڵ.

تـأمین جـانی: دڵـنیایی گیـانی؛ هــەداری گیان؛ ئارخەیانی گیانی.

▣ تأمین دادن: دڵنیا کردن؛ هەدناندن.

تـأمین داشـتن: دڵـنیا بـوون؛ پـشت‌گـەرم بوون.

تأمین شدن: پێک هـاتن؛ دابـین بـوون؛ ساز بوون.

تـأمین کـردن: پێـک هێنـان؛ دابـین‌کـردن؛ ئابوورکرن؛ سازکردن؛ مسۆگەرکردن.

ـ تان / etān/: ضمیر. ـتـان: ١. ـــ تـا؛ جێنـاوی لکـاو بـۆ دووهـەم کـەسـی کـۆ ‹کتابتـان: کتێبەکـەتان› ٢. جێنـاوی بـەرکـاری لکـاو بـۆ دووهــەم کــەســی کــۆ ‹آوردنــدتان؛ بردنــدتان: هێناتانیـان؛ بردتانیـان› ٣. [گفتـاری] ـتـا؛ بـۆ ئێـوە ‹بـستان نیـست؟: بـەســتان نیــە؟› ٤. [گفتـاری] ـــ تـا؛ بـە ئێـوە ‹بهتـان گفتـە بـودم: پێتانم گوتبوو›.

تانتـــالیم / tāntāl(i)yom/: [فرانــسوی] اســم. تانتــالیۆم؛ تــوخمێکی کیمــایی بــە ژمــارەی ئـەتـومی ٧٣ و کێـشی ئـەتـومی ١٨٠,٩٤، کـە کـانزاییێکی سـەخـت و خـۆڕاگر لـە بـەرامبـەر ئـەسـیدەکانـەوەیـە و لـە پیـشەسـازیدا بـۆ دروســتکــردنی ئامرازگــەلی برینکــاری بــە کاری دێ.

تانـک / tānk، ـهـا/: [انگلیـسی از گجراتـی] اسـم. ١. مـــەترالیـــزە؛ دەبابـــە؛ تانـــک؛ ڕەوانـــدژ؛ ماشـێنی زرێ و زنجـیرداری تایبـەت بـۆ شـەڕ کە تۆپ و شێستتـیری لـە سـەر دانـدراوە ٢. بۆشـــکە؛ بـــەرمیـــل؛ تانـــک؛ تـــانکی؛ دەفـــری گەورەی سەرداپۆشراو، جێئاو و نەوت و...

تـــانکر / tānker، ـهـــا/: [انگلیـــسی] اســـم. ١. بۆشـکە؛ بـەرمیـل؛ دەفـری گـەورەی سـەر داپۆشـــراو، جـــێئـــاو و نـــەوت و.. ٢. تـــانکیر؛ کەشتی یـان ماشـێنی گـەورەی گواسـتنەوەی تراو.

تـانگو / tāngo/: [فرانـسوی] اسـم. تـانگۆ؛ جـۆرە هـەڵـپەڕینێکـی نـەرم و نیـانی دوو کـەسـی ڕۆژاواییە.

تـــانن / tānan، ـهـــا/: [فرانـــسوی] اســـم. جـەوهـەرمـازوو؛ تراوێکـی لـە شـینکە گـیراوە کە بۆ دەباغی و ڕەنگرێژی و... بە کار دێ.

تأنی / ta'annî/: [عربـی] اسـم. [ادبـی] خـاوەخـاو؛ لـە سـەر خـۆیی؛ هێـدیکایی؛ هێواشـی ‹ایـن همە تانی برای چیست؟: ئەم هـەمـوو خـاوەخـاوە بـۆ چیە؟›.

تأنیث / ta'nîs/: [عربـی] اسـم. [ادبـی] مێینـەیـی؛

مێوینەیی؛ مێڵەیی؛ مەینە ‹در زبان فارسی بر خلاف عربی علامت تانیث وجود ندارد: لە زمانی فارسیدا بە پێچەوانەی عەرەبی نیشانەی مێینەیی نیە›.

تاوان / tāvān. ـها/: اسم. تاوان؛ تەشبی: ١. بژارە؛ خیسڵ؛ ئەوەی لە قەرەبووی زیاندا بدرێت یان وەربگیردرێت ‹باید تاوان شیشەای را کە شکستی بدهی: دەبێ تاوانی ئەو شووشەی شکاندت بدەی› ٢. باربوو؛ زەرەر و زیان یان گەزندێ کە کەسێک بە هۆی هەڵەکاری، کەمتەرخەمی یان ئازار گەیاندن بە دیترانەوە دەیبینێ ‹خان زمینگیر شدە بود و داشت تاوان روزهای گذشتەاش را پس می‌داد: خان زەویگیر ببوو، خەریک بوو تاوانی ڕۆژانی ڕابردووی دەدایەوە›.

تاوان‌نامە / tāvān.nāme. ـها/: اسم. تاوان‌نامە؛ نووسراوەیێک کە چۆناوچۆنی دانەوەی تاوانێکی تێیدا دابین کراوە: **غرامت‌نامە**

تاول / tāval. ـها/: اسم. بلۆق؛ پۆڕگ؛ تۆقلە؛ گۆزاوڵە؛ شۆقل؛ تلۆق؛ تاوڵە؛ بلۆقە؛ پفیلک؛ ئاوەزوولک؛ زیپکەی هەڵتۆقیوی پڕئاو.

تاول‌زا / tāvalzā/: صفت. بلۆقێنەر؛ پۆڕگزا؛ بلۆقزن؛ تایبەتمەندی ئەوەی لە سەر پێست بلۆق دروست بکا.

تاون / tāvan. ـها/: اسم. فڕ؛ کوورەی چێشت چێ‌کرن.

تاووس / tāvûs/: [معرب از آرامی] اسم. تاووس؛ تاوس؛ مەلێکی وڵاتی هیندە کە بەتایبەت نێرەکەی لە جوانیدا بەناوبانگە ✻ **طاوُس؛ طاووس**

تاووسی / tāvûsî. ـها/: [معرب] اسم. گوڵەگزگانە؛ تەپۆلەگیراو؛ گوڵەگزیانە؛ ڕوەکێکە لاسکی سەوزی باریکەلەی هەیە و گوڵی زەرد و بۆنخۆشی لێ دەڕسکێ.

تاوه / tāve/ ☜ **ماهیتابە**

تأویل / ta'vîl. ـها؛ ـات/: [عربی] اسم. ڕەوتی واتا لێکدانەوە؛ وەزرین؛ ڕاژە و لێکدانەوەی مەبەستی بێژەر، جگە لەوەی کە لە ڕواڵەتی وتەکەی دەردەکەوێ.

تأهل / ta'ahhol/: [عربی] اسم. [ادبی] هاوسەرداری؛ بار و دۆخی هاوسەردار بوون (ژن یان مێرد).

▣ تأهل اختیار کردن: هاوسەر هەڵبژاردن؛ لف‌گرتن.

تای / tāy/: اسم. تای: ١. هۆزی زەرد پێستی باشووری ڕۆژهەلاتی ئاسیا، دانیشتووی وڵاتی تایلەند و دەورو بەری ٢. /ـها/ هەرکام لە خەڵکی ئەو هۆزە ٣. زمانی تای، لە زمانگەلی هیندوچینی-سیامی.

تایب / tāyeb/: [عربی] صفت. [ادبی] تۆبەکار ‹مژدگانی کە گربە تایب شد: مزگێنی بەن! گوربە بوو بە تۆبەکار›.

تایپ / tāyp/: [انگلیسی] اسم. تایپ: ١. مەکینەی نووسین ‹بنشین پشت تایپ و این نامە را بزن: دانیشە پشت تایپەکە و ئەم نامەیەم بۆ لێدە› ٢. نووسین بە مەکینە ‹مقالە را تا فردا تایپ می‌کنم: وتارەکە تا بەیانی تایپ دەکەم›.

تایپی / tāypî. ـها/: [انگلیسی] صفت. تایپی؛ تایپ‌کراو؛ بە ماشین نووسراو ‹مقالە چهار صفحەی تایپی بود: وتارەکە چوار لاپەڕەی تایپ کراو بوو›.

تایپیست / tāypîst. ـها/: [انگلیسی] اسم. پیت‌چن ‹بە یک نفر تایپیست نیازمندیم: پیت‌چنێکمان پێویستە›.

تایر / tāyer/: [عربی] اسم. تەگەرە؛ هارە؛ پێچک؛ تەگەری؛ تایرە؛ چەرخ: **طایر**

تایمر / tāymer. ـها/: [انگلیسی] اسم. کات‌بژێر؛ ئامرازێک بۆ ڕاگرتن و ڕێخستنی

کات لە بڕێ کەرەسەدا ‹این رادیو تنظیم هم دارد: ئەم ڕادیۆوە تەنزیمیشی هەیە›.

ـ تایی / tāyî/: پیوازه. ـ دانەیی؛ بە ئەندام یان توخمەوە ‹دوپایی: دووپێیی›: **ـ تائی**

تأیید / ta'yîd، ـات/: [عربی]/اسم. ١. پەسەند؛ پەسەن؛ کار یان ڕەوتی پەسند کردن؛ چەسپاندن؛ ئەرێ لێدان؛ وەرگرتن؛ دروست یان شیاو زانینی وتەیەک، کارێ یان کەسێک ‹حرف شما را تأیید می‌کنم: قسەکەی ئێوە پەسەند دەکەم› ٢. پشتیوانی؛ کار یان ڕەوتی یارمەتی دان یان پشتیوانی لێ کردن ‹مردم دولت را تأیید کردند: خەڵکی پشتیوانی دەوڵەتیان کرد› ❋ **تأئید**

تأییدیه / ta'yîdîyye، ـها/: [عربی]/اسم. بڕوانامە؛ پەسندنامە؛ نووسراوەیێک کە دروستی بەڵگەیێک یان ڕاستی وتەیێک ڕادەگەیەنێ و دەسەلمێنێ.

تئاتر / te'ātr/: [فرانسوی] ☜ **تآتر**

تئاتری / te'ātrî/: [فرانسوی] ☜ **تآتری**

تئودولیت / te'odolît، ـها/: [فرانسوی]/اسم. تیئۆدولیت؛ دووربینی نەخشە هەڵگری.

تئوری / te'orî، ـها/: [فرانسوی]/اسم. تیۆری؛ بیرۆکە؛ لێدوانێک بەدانسته بۆ ڕوون کردنەوەی نهێنیەکی زانستی یان مەبەستێکی بیرەوانی.

تئوریسین / te'orîs(i)yan، ـها/: [فرانسوی] /اسم. بیرۆکەوان؛ دانەری بیرۆکە ‹گاندی تئوریسین عدم خشونت بود: گاندی بیرۆکەوانی دووری لە شەڕاشۆیی بوو›.

تئوریک / te'orîk/: [فرانسوی] صفت. بیرۆکی؛ بیرۆکەیی ‹مبانی تئوریک: بنەماگەلی تیۆریکی›.

تئوزوفی / te'ozofî/: [؟]/اسم. تیئۆزۆفی؛ ئامۆژەوانی سەبارەت بە خودا و جیهان بە پێی ڕوانگەی سۆفیانەوە.

تئوکراسی / te'ok(e)rāsî/: [؟]/اسم. خوداسالاری؛ خواسالاری؛ تیئۆکراسی.

تئین / te'în/: [؟]/اسم. تێئین؛ کافێینی وەرگیراو لە گەڵاچای.

تب / tab/:/اسم. تاو؛ تەو: ١. ـها/ تەب؛ تا؛ تێ؛ یاو؛ نۆبەتی؛ گڕ؛ گڕۆن؛ بەرز بوونەوەی پلەی گەرمای لەش لە شۆی ئاسایی ‹بچه تب دارد: منداڵەکە یاوی هەیە› ٢. [مجازی] گڕ؛ شۆر ‹تب فوتبال: تاوی فووتبال›.

▣ تب اردو: ڕەش‌گرانی؛ ئێشاگران؛ گرانەتێ؛ نەخۆشی گرانەتا.

تب برفکی: تەوەقە؛ تەوەق؛ تەبەق؛ جۆرێک نەخۆشی کارگی کە زیاتر لە دەم و پای ئاژەڵدا سەر هەڵدەدا.

تب پنج‌روزه ☜ **تب خندق**

تب تند: تاوی تیژ؛ تاوی زۆر؛ یاوی بە قەوەت.

تب ربع: سێبەڕۆ؛ سێڕۆ؛ تای سێبەڕۆ؛ نۆبەتی سێ ڕۆژە.

تب روده‌ای: کەوتەیی؛ کەفتەیی؛ نەخۆشینێ گەندەڵینی گیرۆ کە زۆرتر لە ڕێگای خواردنی چێشت، شیر و ئاوی پیسەوە تووش دەبێ و ئەبێتە هۆی یاو، زگەشۆرێ، بێ‌حاڵی، سەرئێشە و ماسینی ڕیخۆڵە.

تب زرد: یەرەقان؛ زەردەیی؛ نەخۆشینێکە زۆرتر لە وڵاتانی گەرمەسێرەدا سەر هەڵدەدا.

تب طوطی: نەخۆشینی تووتی؛ نەخۆشینێکە مرۆڤ و تووتی تووشی دەبن کە یاو و لەرز و زگچوون لە نیشانەکانیەتی: **بیماری طوطی**

تب لازم: سل؛ ئازارەسی؛ دەردەباریکە؛ ئازارە باریکە.

تب نوبه: نۆگە؛ ڕۆژنارۆژە؛ مالاریا.

◘ تب چیزی بالا رفتن: [مجازی] تافی هاتنی شتێک؛ کاتی هەڕەمە و جەنگەی شتێک هاتن.
تب داشتن: تەودار بوون؛ یاودار بوون؛ یاو بیەی.
تب کردن: تەوکردن؛ یاوکردن.
تب بریدن: یاو بڕیان؛ یاو نەمەنەی؛ لاچوونی یاو ‹شربت خورد، تبش برید: شەربەتی خوارد، یاوی بڕیا›.
تب کسی را بریدن: یاوی کەسێک بڕین؛ تێکۆشان بۆ هێنانە خوارەوەی یاوی نەخۆش بە نووشتە و دۆعا و...
تبادل / tabādol، ـها؛ ـات/: [عربی]/اسم. گۆڕاوگۆڕکاری؛ ئاڵشت؛ ئاڵوگۆڕی؛ گوهەڕ؛ کار یان ڕەوتی گۆڕینەوە؛ ئەوەوارەی؛ گۆڕاننەوە؛ وارەتەیەوە؛ پێ گهۆڕین.
◙ **تبادل افکار**: هاوفکری؛ هاوبیری؛ بیر و بۆچوونی خۆ لە بارەی شتێکەوە لەگەڵ کەس یان کەسانی تردا نانە بەین.
هەروەها: **تبادل‌نظر**
تبار / tabār/: اسم. بنەماڵە؛ ڕەگەز؛ ڕەتەوە؛ نەژاد؛ تۆرەمە؛ وەچە؛ بنچینە؛ نیژاد؛ ڕیشەی بنەماڵەیی، نەتەوەیی یا ڕەگەزی.
تبارک / tabārak/: [عربی] صفت. [ادبی] پیرۆز؛ هەزەخ؛ بەبەرەکەت؛ مبارەک؛ ممبارەک.
تبارک‌الله / tabārakallāh/: [عربی] دعا. خوا بیکاتە خێر؛ خودا پیرۆزی کات؛ خودا مبارەکی کات.
تباسیدن / tabāsîdan/: مصدر. لازم. [نامتداول] داهێزران؛ داهێزان؛ داهێزیان؛ تەواسان؛ تەوەسیای؛ لەش گران بوون لە تا یان لە گەرمادا.
تباشیر / tabāšîr/: اسم. تەباشیر؛ دەرمانی یاو بڕین: **طباشیر**

تبانی / tabānî، ـها/: [از عربی]/اسم. کاکە و برالە؛ ساز و باز؛ ساخت و پاخت؛ سەر و پاخت؛ سەین و بەین؛ کەین و بەین؛ خلێنە و بلێنە؛ خۆمانە-خۆمانە؛ پێکهاتنی بە نهێنی لە سەر کارێک (زیاتر ناڕەوا) دژ بە کەس یان کەسانی‌تر.
تباه / tabāh/: صفت. [ادبی] زایە؛ خەرا؛ خراو؛ خەراب؛ خەسار؛ تەبا؛ بەفیڕۆ چوو؛ لە کار کەوتە ‹او این بچه را تباه می‌کند: ئەو ئەم منداڵە زایە دەکات›.
تباهکار / tabāhkār/ ☜ **تَبَهکار**
تباهی / tabāhî، ـها/: اسم. [ادبی] خراپی؛ خەرابی؛ گەندەڵی؛ خراوی؛ لە نێو چوویی؛ لە بەین چوویی؛ بە فیڕۆ چوویی.
تباهی‌آور / tabāhîāvar, -'āvar/: صفت. [ادبی] گەندەڵی‌هێنەر؛ بەدی‌هێنەری خراپی.
تباین / tabāyon، ـات/: [عربی]/اسم. [ادبی] جیاوازی؛ ناتەبایی؛ وێک نەچوویی ‹این دو انتخاب با هم تباین دارند: ئەم دوو هەڵبژاردنە لێک جیاوازیان هەیە›.
تب‌بر / tab.bor، ـها/: صفت. یاوبڕ؛ بە توانایی یان تایبەتمەندی هێنانە خوارەوەی گڕی لەش و لە ناو بردنی یاو ‹آسپیرین از داروهای تب‌بر است: ئاسپیرین دەرمانێکی یاوبڕە›.
تبتی / tabbatî/: اسم. تەبەتی: ۱. /ـها/ هەر یەکە لە خەڵکی ناوچەی تەبەت یا منداڵەکانیان کە لە ڕەگەزی مەغولی و تێکەڵاو لە گەڵ چینی و هیندین ۲. زمانی خەڵکی تەبەت، لە زمانگەلی چین و تەبەتی.
تبحر / tabahhor/: [عربی]/اسم. شارەزایی؛ لێزانی؛ زانایی؛ زۆرزانی؛ کارامەیی؛ چاکزانی؛ چازانی؛ باش‌زانی؛ پسپۆڕی ‹او

در تاریخ باستان تبحر زیادی دارد: ئەو لە مێژووی کەونارادا [illegible]ێکی زۆری هەیە›.

تبخال / tabxāl، ـهـا/: /اسم. خشرۆک؛ تمیسک؛ تێمیسک؛ یاومز؛ یاونیشان؛ وەدایش؛ ئێمشک؛ کەرمشک؛ زرپک؛ قرتماغەی دەور لێو کە بە هۆی نەخۆشی (بەتایبەت یاو) یان ڕاچڵەکینەوە سەر هەڵدەدا.

تبختر / tabaxtor/: [عربی]/اسم. لووتبەرزی؛ دەمارزلی؛ بەدەماری؛ خۆزلبینی؛ گەوەزەیی؛ خۆ بە زل زانی؛ بادی هەوایی ‹در رفتارش تبختر نبود: لە ئاکاریدا [illegible] نەبوو›.

تبخیر / tabxîr، ـهـا/: [عربی]/اسم. ١. ڕەوتی بوونە هەڵم؛ گۆڕانی دۆخی شتی تراو بەرەو دۆخی هەڵم و گاز ٢. کار یان ڕەوتی بوونە هەڵم.

تبخیرسنج / tabxîrsanc، ـهـا/: [عربی/ فارسی]/اسم. ئامێرێک بۆ ئەندازە گرتنی خێرایی بوونە هەڵمی ئاو.

تبدار / tabdār/: صفت. نۆبەتیدار؛ یاودار؛ کەسێ کە تای لێدێ.

تبدل / tabaddol، ـهـا؛ ـات/: [عربی]/اسم. /ادبی/ گۆڕانکاری؛ ئاڵوگۆڕی؛ ڕەوتی گۆڕان؛ گۆڕدران؛ واڕەی.

◙ **تبدل عناصر**: /شیمی/ گۆڕانکاری کیمیاوی؛ کار و ڕەوتی گۆڕانی توخمێکی کیمیایی و بوونە توخمێکیتر.

تبدیل / tabdîl، ـهـا؛ ـات/: [عربی]/اسم. ١. جێگۆڕکێ؛ یاگەواڕێ؛ ڕەوتی جێنیشتنی شتێک لە جێی شتێکیتر ٢. ڕەوتی داگەڕان؛ گۆڕدران؛ گۆڕانی چۆناوچۆنی یا دۆخی شتێک ‹تبدیل آب به بخار: گۆڕانی ئاو بە هەڵم› ٣. گۆڕینەوە؛ گۆڕاندنەوە؛ گهۆڕین؛ ئەوە واڕەی؛ واڕایەوە ‹تبدیل پول به جنس: گۆڕینەوەی پارە بە شت› ٤. تیکەیێک بۆشی چکۆلە بە دوو دەمی گەورە و بچووکەوە بۆ گۆڕان یان لکاندنی لوولەیێکی ئەستوور بە یەکێکی ناسکترەوە.

◙ **تبدیل به احسن**: چاکترکردن؛ دانانی شتێکی چاکتر لە جێی شتیتر.

◙ **تبدیل شدن**: بوون؛ گۆڕدران؛ بیەی ‹خانەاش به یک قمارخانه تمام عیار تبدیل شده بود: ماڵەکەی ببووە قومارخانەیەکی شەش دانگ›. هەروەها: **تبدیل کردن**

تبذیر / tabzîr، ـهـا؛ ـات/: [عربی]/اسم. /ادبی/ هەڵەخەرجی؛ وێڵخەرجی؛ ئەبلەخەرجی؛ بلەخەرجی.

تبر / tabar، ـهـا/: /اسم. باڵتە؛ بیور؛ بێور؛ بیڤر؛ بڤر؛ تەور؛ تەوەر؛ تەڤر؛ تەوڤر؛ تەبر؛ تەوەر؛ بێپۆژ؛ سیکارد؛ نالجح؛ ئامرازی داربڕین.

تبرا / tabarrā/: [عربی] ☜ **تبرّی**

تبرئه / tabra'e/: [عربی]/اسم. فحیل؛ پاکانە؛ کار یان ڕەوتی تۆمەت سڕینەوە؛ ئازاد بوون لە تاوان و دەرکەوتنی بێگوناهی کەسێک ‹پس از دو سال زندانی شدن، سرانجام تبرئه شد: دوای دوو ساڵ بەندی بوون، ئاخری فحیل بوو›.

تبرزد / tabarzad/: /اسم. ١. /ادبی/ قەندی سپی ٢. نەبات ٣. تەبەرزە؛ مێوەی زۆر چاک و ئاودار.

تبرزین / tabarzîn، ـهـا/: /اسم. تەبەرزین؛ تەوەرزین؛ تەورنجاخ؛ تەورادین؛ تەڤەر؛ چەکێک بوو وەک تەور بە دەستی سوارەوە (وەک ئەوەی دەروێشان دەیخەنە سەرشان).

تبرع / tabarro'، ـات/: [عربی]/اسم. /ادبی/ باربوو؛ کاری بەختکردن؛ بەخشین و چاکەکاری بۆ ڕەزامەندی خوا.

تبرعاً / tabarro'an/: [عربی] قید. [ادبی] بەباربوویی؛ بۆ پێ خۆش بوونی خوا: **تبرّعی**

تبرعی / tabarro'î/: [عربی] ☜ **تَبرُّعاً**

تبرک[1] / tabarrok/: [عربی] اسم. [نامتداول] پیرۆزی؛ تەبەڕوکی؛ ممبارەکی؛ تەوڕک.

تبرک[2]: صفت. [گفتاری] پیرۆز؛ هەزخ؛ تەوەڕک؛ متەبەڕک ‹از مکه آوردەام تبرک است: لە مەکەوە هێناومە پیرۆزە›.

تبری / tabarrā/: [عربی] اسم. خۆپاریزی؛ کار یان ڕەوتی خۆ دوور خستنەوە؛ دووری کردن؛ خۆلادان؛ خۆپاراستن؛ لا گیرتەی: **تبرّا**

تبری / tabarî/: اسم. تەبەری: ١. زمانی دانیشتوانی کۆنی مازەندەران، یەکێک لە زمانە ئێرانیەکان ٢. /ـها؛ ـان/ خەڵکی تەبەرستان * **طَبری**

تبرید / tabrîd/: [عربی] اسم. کار و ڕەوتی سارد کردنەوە؛ ساردەو کردن؛ چیاوە کەردەی.

تبریزی[1] / tabrîzî، ـها/: اسم. تەوریزی؛ چنار؛ دارقەڵەم؛ شەلی؛ خوور؛ خۆجەلی؛ هۆلیر؛ دارشۆخ؛ ئەسپین؛ دارێکی بەرزی خەزەڵوەرە لە تیرەی داربیان، کەڵکی زۆری لە پیشەسازیدا لێ وەردەگرن: **شالَک؛ ارّەقلعە**

تبریزی[2] /ـها/: صفت. تەوریزی؛ تەبریزی؛ سەر بە شاری تەوریز لە ئازەربایجاندا.

تبریک / tabrîk، ـها؛ ـات/: [عربی] اسم. پیرۆزبایی؛ موبارەکبادی؛ ممبارەکبادی؛ مبارەکبایی؛ چاوڕوونی.

تبزا / tabzā/: صفت. یاوهێنەر؛ تاوزا؛ یاوزا؛ خاوەن تایبەتمەندی گڕ خستنە لەشەوە.

تبسم / tabassom، ـها/: [عربی] اسم. زەردە؛ بزە؛ بسکە؛ زەردەخۆ؛ وردە بزە؛ زەردەخەنە؛ گەشکە؛ زەردەکەنی؛ سرچ؛ زەردەخەوە؛ بزەی لێو و گەشەی ڕوو لە خۆشیان.

▣ تبسم کردن: مزچین؛ مزمزین؛ بزەکردن؛ گورمزین؛ بزە هاتنە سەر لێو؛ زەردەخەنە کردن؛ بسکەکردن.

تبشیر / tabšîr/: [عربی] اسم. [ادبی] ١. مزگێنیدەری؛ مزانیدەری؛ کار یان ڕەوتی مزگێنی دان ٢. ڕاگەیاندنی ئایینی فەلە لە نێو کەسانیتردا.

تبصره / tabsere, tabsare، ـها/: [عربی] اسم. ڕوونکاری؛ کورتە ڕاژەیەک کە لە سەر ماددەیەکی قانوون، بنەمانامە یا دۆزنامەیێک، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاد دەکرێ.

تبع / taba'، ـات/: [عربی] اسم. [نامتداول] ١. شوێنهات؛ پەیهاتە ٢. شوێنکەوت.

▣ به تبع آن: بەشوێن ئەودا؛ بەپێی ئەودا؛ بەدووی ئەودا؛ بە دوای ئەوا؛ شۆ نیشەرە ‹بقیەی مقاله هم به تبع آن باید اصلاح شود: باقی وتارەکەش بە شوێن ئەودا دەبێ ڕێک بکرێتەوە›.

تبعات / taba'āt/: [عربی] اسم. پەیهاتە ‹اگر غیبت کنی، باید تبعات آن را هم بپذیری: ئەگەر نەیێتەوە، دەبێ پەیهاتەکانیشی قەبووڵ کەی›.

تبعه / taba'e/: [عربی] اسم. ١. [نامتداول] جمعِ ☜ **تابع** ٢. /اتباع/ سەر بە؛ خەڵک؛ شاروەند ‹تبعەی ایرانی: شاروەندی ئێرانی›.

تبعیت / taba'îyyat، ـها/: [عربی] اسم. پەیڕەوی؛ پێڕەوی؛ شۆنەرایی؛ شوێنکەوتوویی ‹در هر کاری از او تبعیت می‌کرد: لە هەر کارێکیدا لەو پەیڕەوی دەکرد›.

تبعید / tab'îd/: [عربی] اسم. ڕەوتی تاراندن؛ دوور خستنەوە؛ شەلپین؛ ڕەواندن؛ جۆرێک سزایە بۆ کەسانێ کە دەوڵەت مانەویان لە نیشتنگەیاندا بە بڤە دەزانێ و بریەتیە لە ناردنیان بۆ شار یان وڵاتێکی تر ‹دو سال به

خاش تبعید شد: دوو ساڵ دوورخراوه بۆ خاش›.

تبعیدگاه / tab'îdgāh، ـهـا/: [عربی/ فارسی] /اسم. تاراوگـه؛ جێگـەیـەک کـە دوورخـراوه ناچاره تێیدا بمێنێتەوه.

تبعیدی / tab'îdî، ـهـا؛ ـان/: [عربی] صفت. دوورخـراوه؛ تـاراوی؛ سـرگوون ‹او قـبلاً تبعیدی بوده است: ئەو جاران دوورخراوه بووه›.

تبعیض / tab'îz، ـهـا؛ ـات/: [عربی]/اسـم. دووچـاوەکـی؛ کـار و ڕەوتی جوولانـەوه یـان داوەری نابـەرانبـەر لـەمـەڕ بـرێ کـەسـانەوه، بەرامبەر بە کەسانیتر.

▣ تبعیض جنسی: دووچاوەکـی جنسی؛ دۆخ یـان چۆنیـەتی یـەک نـەزانـینی ژن و مێـرد لـە بـەرانبـەر مـافی کۆمـەلایـەتی و مرۆڤانیەوه.

تبعیض نژادی: دووچـاوەکـی نـەژادی؛ دووچاوەکـی ڕەگـەزی؛ دۆخ یـان چۆنیـەتی بـەرانبـەر نـەزانـینی نـەژادگـەل لـەگـەڵ یەکتریدا، یان بەرزتـر زانـینی نـەژادێـک لـە نەژادانی دیکه.

تبلور / tabalvor/: [عربی]/اسـم. ۱. دانـاری؛ بـار و دۆخ یـا چۆنیـەتی بوونـە بلـۆر ۲. شـەختین؛ مـەیسین؛ گیرسـان و وەک بلـۆر لێهـاتن ۳. ڕسـکاوی؛ بـار و دۆخ یـان چۆنیەتی وێنه بەستن و دەرکـەوتـن؛ ڕسکان ‹احـساسات او در شـعرهایش تبلـور یافتـه اسـت: هەستی له شیعرەکانیدا ڕسکاوه›.

تبلیغ / tablîq، ـات/: [عربی]/اسم. بانگـەشـە؛ ڕاگـەیـێنی: ۱. کـار یـان ڕەوتی ئاگـادارکردن یان دڵپێخـۆشکـردنی کـەسـانێک لـە باشـی و کـەڵـکی شـت یـان شـتگەلێک ‹خیلی بـرای ایـن کـالا تبلیغ شـد: گـەلێـک بـۆ ئـەم کالایـە بانگـەشـه کـرا› ۲. بانگـەواز؛ کـار یـان ڕەوتی دنـە دانی کـەسـان بـۆ ئـەنجام دانی کارێـک یـان نـەکـردنی ئـەو کـاره ‹تبلیغ بر ضد مـواد مخدر: ڕاگەیینی دژی مەوادی خاوکەر›.

تبلیغات / tablîqāt/: [عربی]/اسـم. بانگـەشـه؛ بانگـەواز؛ کۆمـەڵـێک لـەو کارانـەی کـە بـۆ خـۆشکـردنی لایـەنگـری یـان لانـەگـری و دژایەتی لەگەڵ شتێکدا ئەنجام دەدرێن.

تبلیغاتچی / tablîqātčî، ـهـا/: [عربی/ ترکی] اسم. [گفتاری] ڕاگەیێنـەر؛ بانگـەشـەکـار؛ کـەس یان دامەزراوەیێک که کاری ڕاگەیاندنه.

تبلیغاتی / tablîqātî/: [عربـی] صـفت. بانگەشـەیی؛ سـەر بـە ڕاگـەیانـدن ‹ فعالیتهـای تبلیغاتی: چالاکی بانگەشەیی›.

تبلیغی / tablîqî/: [عربی] صفت. ڕاگەیاندنی.

تبه / tabah/: صفت. [مخفف] خـەسـار؛ زایـە؛ لەکیسچووگ.

تبهکار / tabahkār، ـهـا؛ ـان/: صفت. خراپکـار؛ خەرابکار؛ خراپەکـار؛ خـاوەن خـۆ یـان گـرۆی ئاکـاری چـەوت و نالـەبـار ‹ گـروه تبهکـار: کۆمەڵی خراپکار›: **تباهکار**

تبهکارانه / tabahkārāne، ـهـا/: صـفت. خراپکارانه.

تبهکاری / tabahkārî، ـهـا/: اسم. خرابکـاری؛ خراپکاری.

تبهگن / tabahgen/: صفت. [ادبی] دابـەزیـو؛ داکـەوتـوو؛ بـەرەو خـوار هـاتوو بـۆ پلـەیـەک، چینێـک یـان جـۆرێکی خـوارتر لـە دۆخـی ئاسایی خۆی.

تبهگنی / tabahgenî/: اسـم. [ادبـی] دابـەزیـوی؛ داهـاتوویی؛ ڕەوتی نـەوی بوونـەوه بۆ پله و دۆخێکی نزمتر.

تبیین / tabyîn/: [عربی] اسم. [ادبی] ۱. ڕوون کردنەوه ۲. دەربڕین.

تپ ـ تپ / teptep/: صوت. تـەپـەتـەپ؛ دەنگی کپی هـەسـتاوه لـە وێـککـەوتـنی دوو شت.

تبیینی / tabyînî/: [عربـی] صـفت. دەربـڕاو؛

ڕوون کراوه.

تپانچه / tapānče، ـها /:اسم. ١. دەمانچە؛ دەوانچە؛ دەبانچە؛ دەرمانجە؛ دەرمانچە؛ چەکی گەرم و چکۆلە کە لە گیرفاندا جێی دەبێتەوە ٢. *[قدیمی]* شەقەزیلە؛ شەپاڵە؛ شەپلاخە؛ چەپلاخە؛ شەقەزلە؛ شەقەزللە؛ زیللە؛ سیلە * **طپانچه**

تپاندن / tapāndan/ ☜ **چپاندن**

تپش / tapeš، ـها/:اسم. کوتە؛ تەپە؛ چڵ؛ چڵک؛ پل؛ لەرە یان لەرزەی لە سەر یەک.

▣ **تپش قلب**: دڵەتەپێ؛ دڵەتەپە؛ دڵەرپە؛ دڵەکوتە؛ دڵەکوتێ؛ دڵەگورپێ؛ گورپە؛ تەپەدڵ؛ خورپە؛ توند لێدانی دڵ بە شێوەیەک کە هەستی پێبکرێ: **طپش**

تپق / topoq/: [ترکی]/اسم. گت؛ گیرانی کوتوپڕی زمان کە دەبێتە هۆی خراپ وتنی وشە یان هەڵەکردنی ڕستە.

تپل / topol، ـها/: *صفت. [گفتاری]* گردەڵ؛ گردەڵە؛ قرپنە؛ خرپن؛ خرتەڵ؛ خەپە؛ گردڵ؛ خەپەلە؛ خەپەلێ؛ خرتەڵە؛ خرتەڵێ؛ کورتە باڵای خرکەڵە: **تُپُلی**

تپلی / topolî/ ☜ **تپل**

تپنده / tapande/: *صفت.* بە خروپە؛ خاوەن هەست و جوولە.

تپور / tapûr/:اسم. تەپوور: ١. هۆزی نیشتەجێی باکووری ئێران کە دوای کۆچی ئارياييەکان، بەرەو تەبەرستان (مازندەرانانی ئێستا) هەڵنران ٢. /ـها؛ ـان/ تەپووری؛ هەرکام لە کەسانی ئەو هۆزە.

تپه / tappe، ـها/:اسم. تەپۆڵکە؛ گردۆلکە؛ گر؛ حەدەف؛ حەندەف؛ گوژمە؛ چغا؛ کوننەلان؛ متک؛ گرد؛ گرۆ؛ گرت؛ گەڕ؛ تەپک گردۆڵە؛ باسک؛ تەپە؛ تەپۆکە؛ تەپۆلکە؛ تەپۆلە؛ تەپەکڵە؛ گرک؛ بەرزاييەک کە لە ٣٠٠_٤٠٠ میتر تێپەڕ ناکا.

تپه‌ماهور / tappemāhûr، ـها/:اسم. خێز؛ زوورک؛ زوورکان؛ کاجینە؛ گەوە؛ گەد؛ زەوی پڕ لە کەند و لەند.

تپیدن / tapîdan/: *مصدر. لازم.* //**تپیدی**: خورپیت؛ **می‌تپی**: دەخورپی؛ **بتپ**: بخورپە// ١. خورپین؛ خورپان؛ تەپین؛ لێدان؛ دای وەنە ٢. ترنجیان؛ پەستان؛ بە زۆر چوونە ناو جێگاییکی تەنگەوە * **طپیدن**. هەروەها: **تپیدنی**

■ صفت فاعلی: **تپنده** (ـ)/ صفت مفعولی: **تپیده** (خورپیو)/ مصدر منفی: **نَتپیدن** (نەخورپین)

تتا / tetā/: [یونانی]/اسم. تێتا؛ ناوی هەشتەمین پیتی ئەلفوبێتکەی یونانی (Θ,θ).

تتابع / tatābo'/: [عربی]/اسم. *[نامتداول]* کار و ڕەوتی ڕێچکەبەستن: ١. دوابەدوا؛ شۆن بە شۆن ٢. شوێن‌یەکگری؛ کار یان ڕەوتی پەیڕەوی کردن لە یەکتری.

▣ **تتابع اضافات**: *[دستور]* بەدوای یەکتردا ڕێچکە بەستنی چەند وشە.

تتبع / tatabbo'، ـات/: [عربی]/اسم. *[ادبی]* کار یان ڕەوتی توێژینەوە؛ لێکۆڵینەوە؛ لێکدانەوە؛ بە دوادا چوون؛ شۆنیەرە لوەی ‹چهل سال از عمرش را به تتبع سپری کرد: چل ساڵ لە ژیانی بە توێژینەوە خەریک بوو›.

تترون / tetron/: [؟]/اسم. ١. تێترۆن؛ هەودا؛ ڕیشاڵی پۆلیستر ٢. قوماشی دروست‌کراو لە تیترۆن.

تتق / totoq/:اسم. *[نامتداول]* دەوار؛ چادر؛ چادرە؛ چادور؛ تاوڵ؛ ڕەشماڵ؛ سیاماڵ؛ زۆم.

▣ **تتق زدن نور**: خەرمانەدان؛ تیشک دانەوە وەکوو ئاڵقەیەک بە دەوری

شتێکدا.

تتماج / totmāc/: [ترکی]/اسم. تۆتماج؛ چەشنێک چێشتی تەڕ کە لەگەڵ هەویری ناندا دروستی دەکەن.

تتمه / tatamme, tatemme/، ـها/: [عربی]/اسم. پاشماوە؛ دواماو؛ تەواوکەر؛ دمامەنە ‹تتمەاش را فردا می‌آورم: پاشماوەکەی بەیانی دێنم›.

▣ **تتمەی حساب**: پاشماوەی حسێب؛ باقی حیساب ‹تتمەی حساب شما چقدر است؟: پاشماوەی حسێبەکەی ئێوە چەندە؟›.

تتمیم / tatmîm/: [عربی]/اسم. [ادبی] کار یان ڕەوتی تەواو کردن؛ دوایی هێنان؛ تەمامنەی.

تته پته / tetepete/: اسم. [گفتاری] ١. پتەپتە؛ ترە ترە؛ لالەلال؛ پتەپت؛ چۆنیەتی زمان گیران، بەتایبەت بۆ تاوێک کە بە هۆی دەسەپاچە بوون یان هەست بە شەرمەزاری کردنەوە ڕوو دەدا ‹وقتی پرسیدم: چرا دیر کردی؟ به تته‌پته افتاد: کە پرسیم: بۆچی دێرت کرد؟ کەوتە پتەپتەوە› ٢. پرتەوبۆڵە؛ ورتەورت؛ پرتەپرت؛ بۆڵەبۆڵ؛ وتەی لە بەر خۆوە ‹قدری تته‌پته کرد که من نفهمیدم: هێندێک پرتەوبۆڵەی کرد کە تێنەگەیشتم›.

تثبیت / tasbît/: [عربی]/اسم. سەقامگیری؛ جێگری؛ کار یان ڕەوتی پتەو بوون؛ چەسپان؛ جێگیر بوون؛ ڕاگیر بوون؛ دامەزران؛ بەتایبەت لە یەک دۆخ، کار یان پلەیەکدا ‹تثبیت حکومت به زودی انجام شد: سەقامگیری حکوومەت هەر زوو سەری گرت›.

تثلیث / taslîs/: [عربی]/اسم. ١. کار و ڕەوتی سێبەش کردنەوە ٢. سێبەشی؛ سێیەتی؛ سیانەیی ٣. [مسیحیت] سێ پیرۆزان؛ باب و کوڕ و گیانی پیرۆز (خودا و مەسیح و جبرائیل) ئاموژەی خاچپەرستی لە بارەی پەرستنی خودا و جبرەییل و مەسیحەوە.

تثنیه / tasniye/: [عربی]/اسم. ١. دوانەیی؛ دوویەتی ‹علامت تثنیه: نیشانەی دوانەیی›.

تجار / toccār/: [عربی] جمعِ ☜ **تاجِر**

تجارب / tacāreb, tacārob/: [عربی] جمعِ ☜ **تجربه**

تجارت / tecārat/، ـها/: [عربی]/اسم. بازرگانی؛ توجارەت؛ سەودا؛ دان و سان؛ دان و ستان.

▣ **تجارت آزاد** ☜ بازرگانی آزاد، **بازرگانی**

تجارتخانه / tecāratxāne/، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. سەوداخانە؛ مامەڵەخانە؛ بنکەی بازرگانی؛ نووسینگە یان مەوازەیەک کە کاری دان و سانی تێدا دەکرێ.

تجارتی / tecāratî/: [عربی] صفت. توجارەتی؛ سەر بە بازرگانی و سەندن و فرۆشتنەوە.

تجاری / tecārî/: [عربی] صفت. بازرگانی؛ توجاری؛ سەر بە سەودا و مامڵە ‹فعالیتهای تجاری: چالاکی توجاری›.

تجانس / tacānos/: [عربی]/اسم. [ادبی] وەکهەڤی؛ گونجانی؛ پێکەوەیی؛ هاوڕەنگی؛ هاوشکڵی.

تجاوز / tacāvoz/، ـها؛ ـات/: [عربی]/اسم. دەسدرێژی؛ دەسڕێژی؛ کار و کردەوەیێک بۆ گەزن گەیاندن یان لە نێو بردنی مافی کەسانی تر ‹تجاوز نظامی: دەسدرێژی چەکداری› ٢. دۆخ یان چۆنیەتی تێپەڕین؛ لادان؛ لادان لە ڕادەی دیاریکراو ‹عدەی حاضران از هزار نفر هم تجاوز کرد: ژمارەی ئامادە بوان لە هەزار کەسیش تێپەڕی›.

▣ **تجاوز جنسی**: دەسدرێژی جنسی؛ سەرجێیی‌کردن لەگەڵ کەسێکدا بە زۆر.

تجاوز نظامی: دەسدرێژی چەکداری؛ بە زۆر و بە شێوەی چەکدارانە چوونە ناو خاکی وڵاتێکەوە.

تجاوزکار / tacāvozkār، ـها؛ ـان/: [عربی/فارسی] *صفت.* دەسدرێژکەر؛ دەسدرێژیکەر: **تجاوزگر**

تجاوزگر / tacāvozgar/: [عربی/فارسی] ☜ **تجاوزکار**

تجاهل / tacāhol/: [عربی]/*اسم.* [ادبی] کار و کردەوەی خۆ لە نەزانی دان؛ خۆ لە گێلیدان ‹طوری تجاهل کرد فکر کردم نمی‌شنود: وا خۆی لە نەزانی‌دا وام زانی نابیسێ›.

▣ تجاهل عارف: خۆگێل کردنی ئاگا؛ خۆ لە نەزانی دانی زانا.

تجدد / tacaddod/: [عربی]/*اسم.* نوێگەری؛ نۆباوی؛ نوێیەتی؛ تازەگەری؛ تازەگی؛ نەخوازە لە دیاردەکانی کۆمەڵایەتیدا.

تجددخواهی / tacaddodxāhî/: [عربی/فارسی] ☜ **تجددطلبی**

تجددطلبی / tacaddodtalabî/: [عربی]/*اسم.* نوێخوازی؛ خوازیاری نوێگەری و کۆشش بۆ بە دەست هێنانی بار و دۆخی تازە: **تجددخواهی**

تجدید / tacdîd/: [عربی]/*اسم.* ١. کار و ڕەوتی نوێکردنەوە؛ تازەکردنەوە؛ تازەوە کەردەی ‹تجدید بنا: تازەکردنەوەی ساختمان› ٢. سەر لە نوێ؛ لە سەرڕا ‹تجدید مطلع: سەر لە نوێ دەسپێکردنەوە› ٣. تەژدید؛ نمرەی کەمتر لە ڕادەی پێویست بۆ سەرکەوتن لە ئەزموون ‹آرام امسال دو تا تجدید داشت: ئارام ئەمساڵ دوو تەژدیدی هەبوو›.

▣ تجدید انتخابات: هەڵبژاردنەوە؛ کار و ڕەوتی دەنگدان و هەڵبژاردن دووپاتە کردنەوە.

تجدید چاپ: لەچاپ دانەوە؛ دووپات کردنەوەی چاپی نووسراوەیەک کە پێشتر لە چاپ دراوە.

تجدید حیات: ژیانەوە؛ ژینەوە؛ ئەوەژیوەی.

تجدید روابط: نوێ کردنەوەی پێوەندی.

تجدید فراش: ژن هێنانەوە؛ ژن خواستنەوە؛ ژەنەوە ئاردی.

تجدید قوا: ڤەژین؛ بووژانەوە؛ ژووژانەوە؛ گیان‌گرتنەوە؛ هازوەگێرتەی.

تجدید مطلع: ١. وتنەوە؛ قسە تازە کردنەوە؛ ئەوەواتەی؛ لە بارەی شتێکەوە کە پێشتر قسەکراوە، لە سەرڕا قسە کردنەوە ٢. دووبارەکردنەوەی بەشاوەند، لە بەرانبەر ناتەواو مانەوەی قسە یان تەنگی قیافەدا.

تجدید نظر: پێدا چوونەوە؛ چاو پیا خشاننەوە؛ دیتنەوە؛ ئەوەدیەی.

▣ تجدید داشتن: تەژدید بوون؛ هێنانی نمرەی کەمتر لە ڕادەی پێویست لە وانەیەکدا، کە نیازی بە ئەزموون دانەوەی دووبارەیە ‹آزاد امسال دو تا تجدید دارد: ئازاد ئەمساڵ دوو تەژدیدی هەیە›.

تجدید شدن: ١. دووپاتە بوونەوە؛ دووپات کرانەوە ‹انتخابات تجدید شد: هەڵبژاردن دووپاتە بووەوە› ٢. تەژدید بوونەوە؛ بە دەسهێنانی نمرەی کەمتر لە ئەندازەی پێویست لە وانەدا.

تجدیدشونده / tacdîdšavande/: [عربی/فارسی] *صفت.* تازەوەبوو؛ بە تایبەتمەندی یان لێهاتوویی بەرهەم هاتنەوە یان دیسان کەڵک لێوەرگرتنەوە.

تجدیدنظرطلب / tacdîdenazartalab، ـان/: [عربی] *صفت.* پێداچوونەوەخواز؛ خوازیار یا لایەنگری پێداچوونەوە: **ڕویزیونیست**

تجدیدنظرطلبی / tacdîdenazartalabî/: [عربی]/اسم. پێدا چوونەوەخوازی؛ لایەنگری لە لێروانینەوە و هەڵسەنگاندنەوەی ڕێبازێکی ڕامیاری، ئامۆژەیەکی فەلسەفی یان ڕێخراوەیەکی حیزبی: **ڕویزیونیسم**

تجدیدی / tacdîdî، ها/: [عربی]/اسم. تەژدیدی؛ قوتابیەک کە لە ئەزموونی وانەدا نمرەیەکی کەمتر لە ئەندازەی دیاریکراو بگرێ و ناچار بێ دیسانەوە ئەو دەرسە بخوێنێتەوە و ئەزموونی بداتەوە.

تجربه / tacrebe, tacrobe، ها؛ تجارب؛ تجربیات/: [عربی]/اسم. ئەزموون؛ ساوکە: ١. کار یان ڕەوتی ناسینەوە و پێزانینی هەر شتێک لە ماوەی ژیاندا ‹تجربەی زندگی در غربت را نداشتم: ئەزموونی لە غەریبیدا ژیانم نەبوو› ٢. کار یان ڕەوتی بەشدار بوونی تێکۆشەرانە لە ڕووداوگەل یان چالاکیگەلێک کە دەبنە هۆی لێزانی و کارامەیی ‹تجربەی کاری: ئەزموونی کاری› ٣. زانیاری؛ ئاگاداری یان لێزانییەک کە لەم ڕێگەوە بە دەست دێ ‹باید این حادثه برایت تجربەی خوبی شده باشد: دەبێ ئەم کارەساتە بۆت بووبێ بە ئەزموونێکی باش› ٤. ئازمایش؛ ئەزموون؛ تاقی؛ هێچ ‹می‌توانی برای خودت تجربه کنی: دەتوانی بۆ خۆت ئەزموونی بکەی›.

▣ تجربه آموختن: ئەزموون وەرگرتن؛ فێر بوونی زانیاری لەمەڕ شتان و دیاردەگەلەوە لە ڕێگەی دیتن یان کار پێ کردنیان.

تجربه اندوختن: ئەزموون کۆکردنەوە؛ جەرب کۆوەکردن؛ خڕکردنەوەی ئەزموون؛ گلێرکردنەوەی زانیاری و ئاگایی.

تجربه داشتن: ئەزموون هەبوون؛ بە ئەزموون بوون؛ ناسینەوەی دیاردە یان ڕووداوێک بە هۆی ئەزموون کردن لە پێشدا.

تجربه شدن: ١. ئەزموون کران؛ تاقی کرانەوە؛ تاقی بوونەوە ٢. بوونە ئەزموون؛ بە شێوەی زانیاریەکی زانستی دەرهاتن.

تجربه کردن: ئەزموون؛ جەڕباندن؛ تاقی کردنەوە؛ کرێشەیش؛ زمین.

تجربی / tacrebî, tacrobî/: [عربی] صفت. ئەزموونی: ١. پێوەندیدار بە ئەزموونەوە ‹علوم تجربی: زانستگەلی ئەزموونی› ٢. ئەزموونانە؛ بە دەس هاتوو لە ڕێی ئازمایش یان کارەوە ‹معلومات تجربی: زانیاریگەلی ئەزموونی›.

تجربیات / tacrebîyyāt, tacrobîyyāt/: [عربی] جمعِ ☜ **تجربه**

تجرد / tacarrod/: [عربی]/اسم. *[ادبی]* ١. سەڵتی؛ ڕەبەنی؛ بێهاوسەری؛ دۆخ یان چۆنیەتی هورم بوون ‹او هنوز در تجرد بە سر می‌برد و ازدواج نکرده است: هێشتا لە سەڵتیدایە وهاوسەری نەگرتووە› ٢. *[نامتداول]* تەنیایی؛ یەکلەیی ٣. *[تصوف]* تەرکە دنیایی؛ چۆناوچۆنی دەست لە دنیا بەردان و تەک بە لای خوداوە دان.

تجری / tacarrî/: [عربی]/اسم. *[ادبی]* بێپەروایی؛ بێشەرمی؛ ڕووداماڵیاگی؛ گوساخی؛ گۆسارتمەیی.

تجرید / tacrîd/: [عربی]/اسم. تەڵکەری؛ هەلوەژێری؛ هەڵبژاری؛ کار یان ڕەوتی جیا کردنەوەی شتێک، بەتایبەت چەمکێک، بۆ لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی جیاوازانەی.

تجریدی / tacrîdî/: [عربی] صفت. ١. هەڵبژارانە؛ پێوەندیدار بە هەلوەژێریەوە ٢. هەڵبژێراو؛ هەلوەژێراو؛ تەلکراو؛ ڕووتکراو.

تجزیه / tacziye، ها/: [عربی]/اسم.

شـی کـراوەیـی؛ لێـک کـراوەیـی: ١. جیـایی پاژگەلی شتێک لـه یـەکتری ٢. [شیمی] کار یـان ڕەوتی لێـک هـەڵاواردنی مـاکی لێکـدراو بـه تـەنگـەلی سادەتـرێ کـه تێیـدان ٣. کـار یـان ڕەوتی جیاکردنـەوەی بـەشـێک لـە شتێک.

⊡ **تجزیـەی ادرار**: هێچاندنی میز لـه باری پێکهاتـەکـان و تێکـەڵـیەکانیـەوە بـۆ دۆزینـەوەی هـۆی ناسـاغی. هـەروەهـا: **تجزیەی خون**

تجزیه‌تحلیل ☜ **تجزیه و تحلیل**

تجزیـه‌طلبـی / tacziyetalabî/: [عربی] ☜ **جدایی‌خواهی**

تجزیـه و تحلیـل / tacziye-vo-tahlîl، ـها/: [عربی]/اسم. کـڕ و کـاش؛ تێـک و لێـک؛ کـار یـان ڕەوتی لێکدانـەوەی پاژگـەل و توخمگـەلی چـەمکێک بـۆ بـه دەس‌هێنـانی زانیاری یان ئەنجامی گشتی: **تجزیه‌تحلیل**

تجسد / tacassod/: [عربی]/اسم. [ادبی] کـار یـان ڕەوتی بـه دەس‌هێنـانی پـەیکـەر یـان کەلەستە.

تجسس / tacassos، ـها؛ ـات/: [عربی]/اسم. گردی‌سـەر؛ کوڵـک و مـووش؛ کنـه؛ کـار یـان ڕەوتی پـشکان؛ گـەڕان؛ دانـه پـەی ‹همـەی سوراخ سنبەهـا را بـه جستجوی اسلحه تجسس کردند: هەمـوو کـون‌وقۆژبنیـان بـه شوێن چـەکدا پشکاند›.

تجسم / tacassom، ـها؛ ـات/: [عربی]/اسم. [ادبی] کـار یـان ڕەوتی هێنانـه بـەر چـاو؛ وێنەی زەینی شتێ کـه هـەبوونی دەرەوەیی نیه یـان نیـه لـه بـەر دەستدا ‹تجسم چهرەی دزد: هێنانه بەرچاوی وێنەی دز›.

⊡ **تجسم بخـشیدن**: هێنانـه بـەر چـاو: **بـه تجسم درآوردن**

تجسم یـافتن: هاتنـه بـەر چاو؛ هاتنـه پێش چاو.

بـه تجسم درآوردن ☜ **تجسم بخشیدن**

تجسمی / tacassomî/: [عربی] صفت. ١. پێوەندیدار یـان سـەر بـه ڕەوتی هێنانـه بـەر چاوەوە ٢. بـه توانـایی یـان تایبـەتمـەندی هێنانه بەرچاوەوە.

⊡ هنر تجسمی ☜ **هنر**

تجلی / tacallî، ـها؛ ـات/: [عربی]/اسم. [ادبی] دیاردی؛ خویایی.

⊡ تجلـی کـردن: درەوشـانەوە؛ دەرکـەوتـن؛ زیـەی؛ زیـای؛ دیـاردی دانی شـتێکی درەوشاوە (وەک هەتاو): **تجلی یافتن**

تجلی یافتن ☜ **تجلی کردن**

تجلید / taclîd/: [عربی]/اسم. [ادبی] کـار یـان ڕەوتی بـەرگ (تـێ) گـرتن یـان خـستنه نـاو بەرگـەوە ‹بودجـەای بـرای تجلید کتابهـا اختصاص یافـت: بووجـەیـەک بـۆ بەرگ‌گرتنی کتێبـەکـان تەرخان کرا›.

تجلیل / taclîl/: [عربی]/اسم. ڕێزگـری؛ کـار یـان ڕەوتی ڕێـز لێنـان؛ خـەمناندن؛ گـەورە کردن؛ قەدرگرتن.

تجمع / tacammo'، ـها؛ ـات/: [عربی]/اسم. [ادبی] پـسات؛ جـڤین؛ کـار یـان ڕەوتی کـۆ بوونـەوە؛ خـڕ بوونـەوە؛ گـرد بوونـەوە: ١. لـه جێیەکـدا گلێـر بوونـەوە ‹از تجمع افراد در برابر سفارتخانه جلوگیری شد: لـه کـۆ بوونـەوەی خـەڵک لـه بـەرانبـەر باڵـوێزخانەدا بـەرگـیری کـرا› ٢. گهـان؛ بـەراڤـی ‹در تجمع دانـشجویان اعمـال خـشونت محکـوم شـد: لـه کـۆ بوونـەوەی خوێندکارانـدا بـه کـار هێنـانی زەبـر و زووری تـرۆ کرا›.

تجمل / tacammol، ـها؛ ـات/: [عربی]/اسم. ڕەوش؛ ئـەوەی بـۆ زۆرکـردنی جـوانی و تـەکـووزی بـه کـار دەڕوات ‹بـرای عروسـی آنهـا ایـن همـه تجمـل لازم نبـود: بـۆ زەمـاوەنـدی ئـەوان

ئەم هەموو ... ـەیە پێویست نەبوو›.

تجمـــلات / tacammolāt/: [عربـــی]/اســـم. زەرق‌وبـەرق؛ شـتانێ کـە تـەنیـا بـۆ ڕانـانی سامان یان شکۆ و گەورەیی بە کار دێن.

تجمل پرست / tacammolparast، ـها؛ ـان/: [عربـــی/ فارســـی] صـــفت. شـــکۆپەرســـت؛ زەرق‌وبـەرقـی؛ خوازیـاری ڕانـانی سـامان و شکۆ. هەروەها: **تجمّل‌پرستی**

تجملـــــی / tacammolî/: [عربـــی] صـــفت. ڕەوشـــی؛ لـــووکس: ١. پێـــوەندیـــدار بـــە ڕەوشـــەوە ‹کـالای تجملی: پیتـەوای ڕەوشـی› ٢. ڕەوشـدار؛ بـە سـامان و شـکۆ ‹زنـدگی تجملـی: ژیانی ...›.

تجنـــیس / tacnîs، ـهـــا/: [عربـــی]/اســـم. ١. [ریاضی] هـاوجنس‌کـاری؛ کـار یـان ڕەوتی کـۆ کردنـەوەی ژمـارەیـەکـی سـاغ لـەگـەڵ ژمارەیەکی شکاودا ٢. ☜ **جناس**

تجوید / tacvîd/: [عربـی]/اسـم. تـەجویـد؛ زانـستی ڕاسـت و دروسـت خوێندنـەوەی قورئان.

تجـویز / tacvîz، ـها؛ ـات/: [عربـی]/اسـم. کـار یـان ڕەوتی نوانـدن؛ حـەلاڵ‌کـردن؛ ڕێگـەدان؛ بەرایی دان یان بە ڕەوا زانین.

◘ تجـویزکـردن: ١. بـەرایـی دان؛ ئیـزن دان ٢. دانـان؛ نووسـین؛ نوانـدن؛ فـەرمـانی دەرمـانی کـە بژیـشک بـە نـەخۆشـی دەدا ‹رفتـه بـودم پـیش دکتـر، بـرایم استراحت تجـویز کرد: ڕۆیشتم بۆ دوکتۆر، پشوودانی بۆ دانام›.

تجویـــف / tacvîf/: [عربـــی]/اســـم. [ادبـــی] بۆشـایی؛ کلـۆرایی؛ هـلـۆلی؛ شاشـی؛ چـۆلاتی نێوان چەن تۆ.

تجهیز / tachîz/: [عربی]/اسم. کـار یـان ڕەوتی تـەیـارکردن؛ تـەکـووزکردن؛ بـەرهـەڤ‌کـردن؛ گـیڤ‌کـرن؛ کـەرسـتە پێـدان ‹بیمارستان شـهر بـرای پـذیرش بیمـاران تجهیـز شـد: نـەخۆشـخانەی شار بۆ وەرگرتنی نەخۆشان تەیارکرا›.

تجهیـزات / tachîzāt/: [عربـی]/اسم. کـەرسـتە؛ ئـامێر؛ ئـەوەی بـۆ کارێـک (شـەڕ، سـەفـەر) پێویـــستە ‹تجهیـــزات نظـــامی: کـــەرەســـتەی چەکداری›.

تحیر / tacîr، ـها/: اسم. چـیخ؛ چیـغ؛ هـەتـان؛ تامـان؛ چـەپـەر؛ تـەیمـان؛ تـەیمانـە؛ هـەڕە؛ وارش؛ دیوارۆکـەی لـە چیتـک و جـەگـەن، تیکـە چێـوی ناسـک، ئـالۆمینیوم یـان لاسـتیک و... بـۆ جـوێ‌کردنـەوەی کـاتی بەشێ لە جێگایێک.

تحاشـــی / tahāšî، ـهـا/: [عربـی]/اسـم. [ادبـی] سەرپێچی؛ مل‌نـەدەری؛ خـۆلادەری؛ کـار یـان ڕەوتی خـۆ پاراسـتن لـە وەرگـرتنی شـتێک یـان ئـەنجامـدانی کارێـک ‹آن مـرد همـواره تحاشـی مـی‌کـرد و دعـوت او را نمـی‌پـذیرفت: ئـەو پیـاوە هـەر سـەرپێچـی دەکـرد و داوەتـەکـەی قەبووڵ نەدەکرد›.

◘ **تحاشـی‌کـردن**: ١. سـەرپێچـی‌کـردن؛ مـل نەدان؛ خـۆ لادان ٢. حاشـاکردن؛ نـەچوونـە ژێر بارەوە.

تحبیـــب / tahbîb/: [عربـی]/اسـم. [ادبـی] ڕەوتی هـەبانـدن؛ دلۆڤـانی بـۆ دڵ بـەدەس هینـان؛ دڵدانەوە و وەخۆگرتنی دۆستی.

تحـــت / tahte/: [عربـی] حـرف. ژێـر؛ دەژێـر؛ چێـر؛ بـن؛ خـوار؛ دە بـەرانبـەر یـان لـە ژێـر شتێکدا.

◘ **تحت امـر**: ژێـر دەسـت؛ ژێـر فرمـان ‹افـراد تحـت امـر را جمـع کنیـد: کـەسـانی ژێـر دەسـت کۆکەنەوە›.

تحـت پیگـرد: قاچـاخ؛ کـەسـێ کـە خـۆی شـاردۆتەوە و بـە دوایـدا دەگـەڕێن: **تحـت تعقیب**

تحـت تـأثیر: لـە ژێـر کارتێکـەری؛ لـە بـەر تاو؛ لە بەر کارتێکـەری شـتێکدا ‹تحـت تـأثیر

حرفهای مادرش قرار گرفته است: کەوتۆتە ژێر کارتیکەری قسەکانی دایکیەوە›.

تحت تعقیب ☜ **تحت پیگرد**

تحت تکفّل: دەژێر سەرپەرشتی؛ لە بەر حەواوینی ‹او هنوز تحت تکفل پدرش زندگی می‌کند: ئێستاش دەژێر سەرپەرشتی باوکیدا دەژی›.

تحت توجهات: لە ژێر چاوەدێری؛ لە بەرانبەر پێراگەیشتنەوە ‹این مدرسە تحت توجهات ادارەی آموزش و پرورش پیشرفت خوبی کردە است: ئەم قوتابخانەیە لە ژێر چاوەدێری مەزرینگەی فێرکاری و بارهێناندا باش چۆتە پێشەوە›.

تحت رهبری: بە سەرۆکایەتی؛ بە رێبەرایەتی.

تحت سرپرستی: لە ژێر سەرپەرشتی؛ چێروو یانەوانی؛ بە سەرپەرشتی کەسێک یان بنکەیەک.

تحت فشار: دەژێر گوشار؛ لە بەر تەوژم؛ هەل‌گوڤاشتی ‹آبیاری تحت فشار: ئاودێری دەژێر گوشار›.

تحت مسئولیت: بە لێپرسراوی؛ لە ژێر بەرپرسیەتی؛ لە بەرپرسایەتی ‹این شرکت تحت مسئولیت شما ادارە می‌شود: ئەم بەشدراگەیە بە لێپرسراوی ئێوەوە بەرێوە دەچێ›.

تحت نظر: لە ژێر چاوەدێری؛ نەترنایش؛ خانەشاری ‹بعد از زندان مدتی تحت نظر بودە است: دوای زیندان ماوەیەک لە ژێر چاوەدێریدا بووە›.

تحت‌الارضی / tahtol'arzî/:[عربی] *صفت*. *[قدیمی]* ژێرزەوینی؛ چێرەزەمینی.

تحت‌الحفظ / tahtolhefz/:[عربی] *قید*. وێرای نگاوان؛ وێرای چاودێڕ ‹او را گرفتند و تحت‌الحفظ بردند: گرتیان و وێرای چاودێری بردیان›.

تحت‌الحمایە / tahtolhemāye، ـها/: [عربی] *صفت*. ١. *[نامتداول]* لە ژێر پشتیوانی؛ خاوەن پشتیوان ٢. خاوەن فەرمانڕەوا و دەسەلاتی ناوخۆ، بەبێ مافی بەشداری لە پەیوەندی لەگەڵ ولاتانی‌تردا.

تحت‌الشعاع / tahtoššo'ā'/: [عربی] *قید*. لە ژێرکاریگەری؛ لە ژێرکارتێکەری؛ لە بەر شوێنەواری کار یان دیاردەیەکی بەهێزتردا.

تحت‌اللفظی / tahtollafzî/: [عربی] *صفت*. دەق‌بەدەق؛ دەقاودەق؛ وشەبەوشە ‹ترجمەی تحت‌اللفظی: وەرگێرانی دەق‌بەدەق›.

تحتانی / tahtānî/: [عربی] *صفت*. ژێرین؛ خوارین؛ ژێروو؛ چێرین؛ لە ژێر یان خوارەوە ‹طبقەی تحتانی: نهۆمی ژێرین›.

تحجر / tahaccor/: [عربی] *اسم*. *[ادبی]* ڕەقی؛ کەڤری؛ کار یان ڕەوتی سفت و سەخت بوونەوە (وەکوو بەرد).

▣ تحجر فکر: مێشک وشکی.

تحدب / tahaddob، ـها/: [عربی] *اسم*. کۆمی؛ قووزی؛ کووڕی.

تحدث / tahaddos/: [عربی] *اسم*. *[قدیمی]* وتەبێژی؛ کار یان ڕەوتی قسەکردن و خەبەردان لە مەبەستێک.

تحدید / tahdîd/: [عربی] *اسم*. کار یان ڕەوتی دیاریکردن و سنوور دانان؛ کەوشەن دیاری‌کردن.

▣ تحدید حدود: کلیدەبەنی؛ کەوشەن‌ڕێژی؛ کار یان ڕەوتی سنوور دانان؛ پەرێز دیاری‌کردن.

تحذیر / tahzîr/: [عربی] *اسم*. ئاگاداری؛ کار یان ڕەوتی ئاگادارکردن؛ های دان.

تحرک / taharrok، ـها؛ ـات/: [عربی] *اسم*. *[ادبی]* ١. جم و جووڵ؛ هەڵسووڕ؛ گلگەوەز؛

کار یان ڕەوتی هەڵسووڕان؛ بزووتن ‹جوان باید تحرک داشته باشد: لاو دەبێ جم و جووڵی هەبێ› ٢. چالاکی (بەتایبەت درێژەدار و بێوچان) ‹تحرک سیاسی: چالاکی ڕامیاری›.

تحریر / tahrîr/: [عربی] اسم. ١. کار یان ڕەوتی نووسین ٢. */موسیقی/* چڕین؛ هۆرە؛ چەهچەهە؛ هەڵەنگووتنی ئاواز دەگەرووردا ٣. */قدیمی/* ویرایش؛ ئیدیت؛ کار یان ڕەوتی پێداچوونەوەی ورد و هەڵەگرتن.

◘ **تحریر ترکە**: */حقوق/* کەلەپوور بڕین؛ دیاری‌کردنی ئەوەی لە مردوو بەجێماوە.

◘ **تحریر دادن**: ئاواز دەگەرووردا هەڵەنگووتن.

تحریر کردن: نووسین؛ نڤیسین؛ نویسەی؛ نیستەی.

تحریری / tahrîrî/: [عربی] صفت. نووسینی؛ پێوەندیدار یان سەر بە نووسینەوە.

تحریریه / tahrîrîyye/: [عربی] ☜ هیئت تحریریّه، **هیئت**

تحریص / tahrîs/: [عربی] اسم. */ادبی/* کار یان ڕەوتی خستنە هەڵگەوە؛ بەتەما خستن؛ هەڵخراندنی واز و ئەنگێزە لە کەسێکدا ‹زنش او را به رفتن از آن خانه تحریص می‌کرد: ژنەکەی بۆ چوون لەو ماڵە خستبوویە هەڵگەوە›.

تحریض / tahrîz/: [عربی] اسم. */ادبی/* کار یان ڕەوتی هەڵبزواندن؛ زیخاندن؛ هەڵخڕاندن بە مەبەستێکی نەگونجاو.

تحریف / tahrîf، ـها؛ ـات/: [عربی] اسم. کار یان ڕەوتی هەڵگەڕاندنەوە؛ وەرگەڕاندنەوە؛ بەراوەژووکردنەوە؛ گۆڕاندنی واتا یان ناوەڕۆکی قسە (نووسراوە)ی کەسێک ‹معنی آیه تحریف شده است: مانای ئایەتەکە وەرگەڕاوە›.

تحریک / tahrîk، ـها؛ ـات/: [عربی] اسم. ١. هان؛ دنە؛ هانە؛ هانە_هانە؛ فیت؛ زاخ؛ تور؛ فچک؛ کار یان ڕەوتی زیخان؛ هێزان؛ هێژان؛ ئالووز؛ هەڵزرنگان؛ هەڵزرنگیان؛ هەڵخران؛ بزاوتن؛ هاژۆتەی؛ هێرین؛ سیخدان؛ هەڵخڕاندنی گیاندار بە کارێک ‹تلویزیون‌های بیگانه مخالفان را به شورش تحریک می‌کردند: تەلەڤیزیۆنە بیانییەکان نەیارانیان بەرەو ڕاپەڕین هان دەدا› ٢. */نامتداول/* کار یان ڕەوتی بزاواندن؛ تووڕانن؛ جووڵاندن؛ خستنە زیخەوە.

تحریک‌آمیز / tahrîkāmîz/: [عربی/ فارسی] صفت. دنەدەر؛ هاندەرانە؛ هەڵخڕێنەرانە؛ بە هۆکارگەلێ کە دەبنە هۆی دنە و هاندانەوە ‹سخنان تحریک‌آمیز: وتەگەلی دنەدەر›.

تحریک‌پذیری / tahrîkpazîrî/: [عربی/ فارسی] اسم. هەڵزرنگاوی؛ دۆخ یان چۆنیەتی هەڵزرنگیان و بزوان لە بەرانبەر هاندەرەوە. هەروەها: **تحریک‌پذیر**

تحریم / tahrîm، ـها/: [عربی] اسم. ڕەوتی بە ناڕەوا زانینی کارێک و ئەنجام نەدانی ئەو کارە؛ حەرام‌کردن؛ پاوان‌کردن؛ هەمانەدن ‹تحریم کالاهای خارجی: حەرام‌کردنی پیتەواگەلی بیانی›.

◘ **تحریم اقتصادی**: پاوانکاری ئابووری؛ کار یان ڕەوتی بە ناڕەوا دەرکردن و قەدەغە کردنی هەر چەشنە کەین و بەینی ئابووری لەگەڵ لایەن یان لایەنەکانی‌تردا. هەروەها: **تحریم سیاسی؛ تحریم تسلیحاتی؛ تحریم اطلاعاتی**

تحزب / tahazzob/: [عربی] اسم. حیزبایەتی؛ دەستەبەندی؛ هەبوونی حیزب و ڕێکخراوەگەلی ڕامیاری.

تحسر / tahassor/: [عربی] اسم. */ادبی/* داخ؛ مخابن؛ خەمی سەرچاوەگرتوو لە پەرۆشی.

تحسین / tahsîn/: [عربی] اسم. پەسن؛ ستایش؛ باریقەلایی؛ ڕەوش؛ کار یان ڕەوتی

پێدا هەڵگوتن.

تحــشیه / tahšiye/: [عربــی]/اســم. [ادبــی] ١. پەراوێزنووسی (بۆ نووسراوەیەک) ٢. کار یان ڕەوتی زێــوار تــەوزانــدن؛ زێــوار ڕازاندنــەوە؛ جوانکاری دەوراندەوری پەڕەی نووسراوە.

تحــصل / tahassol/: [عربــی]/اســم. بــار یــان دۆخــی دابــین بــوون؛ بــەرهــەم هــاتن؛ بەدیهاتن؛ وە بەرهاتن؛ ئابووران.

تحــصن / tahasson/: [عربــی]/اسم. گــە؛ گــەد؛ هــۆک؛ جــەنــە؛ هــەرم؛ هــەڕن؛ کــاری لــە شوێنێک دانیشتن و خۆ مات دان.

▣ **تحــصن کــردن:** گــەگــرتن؛ هــۆک کــردن؛ هەرمین؛ جەنــەگرتن؛ هــەرنــین ‹دانشجویان در مسجد دانشگاه تحصن کردەاند: قوتابیــان لــە مزگەوتی زانسگادا کەبان کردووە›.

▣ تشنه بودن: تینوو بوون: ۱. بەنیازی ئاو بوون ‹خیلی تشنەام بود: زۆر تینوو بووم› ۲. *[مجازی]* زۆر خوازیار بوون؛ تامەزرۆ بوون.

هەروەها: **تشنه شدن؛ تشنه کردن**

تشنه‌لب / tešnelab/ ☜ **لب‌تشنه**

تشنیع / 'tašnî/: [عربی]/اسم. [ادبی] ١. ڕەوتی بە ناشیرین و نەگونجاو زانین ٢. [قدیمی] خراپەبێژی؛ کار یان ڕەوتی بەدناوکردن؛ ناو زڕاندن.

تشویش / tašvîš، ـها/: [عربی]/اسم. پەشێوی؛ پەرێشانی؛ پەشۆکاوی؛ شاشی؛ شێواوی؛ پەرۆشی؛ شڵەژاوی؛ بزاڵ؛ بڵاوی و پەرێشانی؛ پرژ و بڵاوی؛ شپرزەیی؛ هوو فرۆنی؛ ئاڵۆزی هزری لە سۆنگەی نیگەرانیەوە.

◙ تشویش اذهان: ڕەوتی بیرئاڵۆزکردن؛ شێواندنی هزر و بیری خەڵک.

◙ به تشویش افتادن: پەشۆکان؛ شڵەژان؛ پەرێشان بوون؛ شپرزە بوون؛ کەوتنە پەرۆشەوە؛ پەشۆکیەی؛ تووشی نیگەرانی هاتن ‹از شنیدن خبر بیماری پدرش به تشویش افتاد: لە بیستنی هەواڵی نەخۆشی بابی پەشۆکا›.

در تشویش بودن: بە پەرۆش بوون؛ شێوان ‹از دیروز تا بە حال در تشویش بودم: لە دوێنێوە تا کوو ئێستا بە پەرۆشم›.

تشویق / tašvîq، ـها؛ ـات/: [عربی]/اسم. ئافەرین و ستایش؛ کردەوەیەک کە ببێتە هۆی دڵگەرمی، ویست و داخوازی لە کارێکدا.

◙ تشویق شدن: ١. دڵگەرم بوون ‹از دیدن هیجان مردم تشویق شد و کارش را دنبال کرد: لە پێشوازی خەڵکی دڵگەرم بوو و کارەکەی درێژە پێدا› ٢. دڵگەرمکران؛ لە ئەنجامدانی کارێکی شیاو و لەبار دەستخۆشانە و ئافەرین وەرگرتن ‹از سوی حاضران تشویق شد و برایش کف زدند: لە لایەن ئامادەبوانەوە دڵگەرم کرا و چەپڵەیشی بۆ لێدرا›.

تشویق کردن: ١. دڵگەرمکردن؛ فتردان ‹پدرم من را به این کار تشویق کرد: بابم بۆ ئەم کارە دڵگەرمی کردم› ٢. بە بۆنەی ئەنجامدانی کارێکەوە ئافەرین و پەسند کردن.

تشویق‌نامه / tašvîqnâme، ـها/: [عربی/فارسی]/اسم. ئافەریننامە؛ نامەیێک کە بە کەسێکی دەدەن بە بۆنەی کارێکی چاکەوە کە کردوویەتی و تێیدا پەسنی دەدەن.

تشویقی / tašvîqî/: [عربی] صفت. بۆ دڵگەرمی؛ بە دۆخ یان چۆنیەتی پەسندان و دڵگەرمکردنەوە.

تشویه / tašviye/: [عربی]/اسم. ١. [قدیمی] کار و ڕەوتی بووژانەوە؛ ژووژانەوە؛ دیسان سەرهەڵدانەوە ٢. [شیمی] ئۆکسیداسیون؛ تێکئاڵاوی لەگەڵ ئۆکسیژندا بە هۆی گەرماوە.

تشهد / tašahhod/: [عربی]/اسم. شایەت؛ شایەت و ئیمان؛ شاتیمان؛ کار یان ڕەوتی شادە هێنانەوە.

◙ تشهد گفتن: شایەتی وتن؛ شایەتی هێنان؛ شایەتیمان هێنان.

تشی / taši، ـها/: اسم. سووچەر؛ سووچەڕ؛ سیچەڕ؛ سیچڕ؛ گیانلەبەرێکی گوهانداری شەوگەڕە لە ڕاستەی خۆراکجاوان بە درێژی میترێک و بە ڕەنگی ڕەشی ئاماڵ سوور کە سەرپشتی بە درکی درێژ و تیژ داپۆشراوە: **گربه‌تیغی**

تشیع / 'tašayyo/: [عربی]/اسم. تەشەییوع؛ ناوی دەستەیەک لە ڕێبازگەلی ئیسلامیە کە پەیڕەوانی، ڕابەری و پێشەوایی موسڵمانان بە مافی خودایی عەلی کوڕی ئەبیتالب و زارۆکانی دەزانن.

تشیید / tašyîd/: [عربی]/اسم. [ادبی] کار یان

ڕەوتی پتەوکردنەوە؛ قورس و قایمکردنەوە ‹تشيید مبانی اسلام: پتەوکردنەوەی بنەماکانی ئیسلام›.

تشييع / 'tašyî/: [عربی]/اسم. خستنەڕێ؛ کار یان ڕەوتی وەڕێ خستن و ڕەوانەکردنی تەرم: **تشييع جنازه**

▣ **تشييع جنازه**: وەڕێ خستن و بەشداری لە ناشتنی مردوودا.

▣ **تشييع شدن**: بەڕێ کران؛ ڕەوانەکران (بۆ تەرم).

تشييع کردن: بەڕێ کردن؛ ڕەوانەکردن (بۆ تەرم).

تصاحب / tasāhob/: [عربی]/اسم. کار یان ڕەوتی داگیرکردن؛ داوڕکردن؛ دەست بە سەرداگرتن؛ گێرتەیرە؛ بە دەست هێنانی خاوەنیەتی شتێک (بە تایبەت لە ڕێگای زۆر و بە شێوەی دوور لە قانوونەوە) ‹ارباب، خانەی او را تصاحب کرد: ئاغا، ماڵەکەی لێ داگیرکرد›.

تصادف / tasādof، ـها؛ ـات/: [عربی]/اسم. ۱. پێشهاتە؛ پێشهات؛ ڕێکەوت ‹تصادف روزگار است: پێشهاتەی ڕۆژگارە› ۲. کار یان ڕەوتی لە یەکدان؛ لێکدان؛ لێکەوتن؛ دەیونەیۆی؛ پێکدادان ‹دیروز نزدیک بود با یک موتور تصادف کنم: دوێنێ خەریک بوو دەگەڵ موتورێک لێکبدەین›.

▣ **تصادف غير مترقبه**: ڕزم؛ لێکەوتی لە ناکاو؛ ڕووداوێ کە پێشبینی نەکراوە.

▣ **تصادف شدن**: لێکدان یان لێکەوتنی کەرەسەیەکی هاتوچۆ لەگەڵ کەسێ یان شتێکدا. هەروەها: **تصادف کردن**

تصادفاً / tasādofan/: [عربی]قید. لەپڕ؛ لە پڕی؛ لەپڕا؛ لەپڕ و نەکاو؛ لەناکاو؛ ناکا؛ ناگا؛ کوتوپڕ؛ گزوگوم؛ گزوگومبەت ‹تصادفاً او را دیدم: لە پڕ بینیم›.

تصادفی[1] / tasādofî/: [عربی] صفت. ویکەوتی: ۱. بەختەکی؛ هەڵکەوت؛ هەڵکەفت؛ هۆرکەوت؛ هەڵکەوتی؛ بە هەڵکەوت ‹دیدارشان تصادفی بود: چاو پێکەوتنیان ویکەوتی بوو› ۲. ـها/ لێدراو؛ کەوتنە بار و دۆخی ویکەوتنەوە.

تصادفی[2]: *قید. [گفتاری]* بەختەکی؛ بە هەڵکەوت؛ بە هۆرکەوت؛ کوتوپڕ؛ لە خۆوە؛ ویشەوە؛ هەروا؛ خۆبەختی ‹تصادفی از آنجا می‌گذشتم: بەختەکی بەوێدا تێدەپەڕیم›.

تصادم / tasādom، ـها؛ ـات/: [عربی]/اسم. *[ادبی]* کار یان ڕەوتی لێکدان، پێداماڵین، پێکدادان، پێک هەڵچوون، پێکەوە هەڵتەقیان و لێککەوتن؛ لە یەکدان کە زۆرتر هاوڕێ لەگەڵ زەرەر و خەسارە ‹بر اثر تصادم به لبەی پله شکسته است: بە هۆی لێکدان بە لێواری پلەکەوە شکاوە›.

تصاعد / tasā'od/: [عربی]/اسم. ۱. *[نامتداول]* ڕەوتی بەرزەوە بوون؛ بەرەو ژوور چوون، سەرکەوتن، هەڵدانەوە؛ هەڵچوون، هەڵکشان، هەڵڕۆیین ۲. ـها/ *[ریاضی]* ڕیزێکی چندراو لە چەندین ژمارە کە هەر ژمارە لەگەڵ ژمارەی پێشوویدا خاوەن ڕێژەیەکی یەکسانە.

▣ **تصاعد عددی**: جۆرێک بەرزەوە بوون کە هەڤیازی هەر دوو ژمارە، بەردەوام شتێکی نەگۆڕە (وەک ۲، ٤، ٦، ۸ ...).

تصاعد هندسی: جۆرێک هەڵدانەوەیە کە هەر ژمارەیەک دوو یان چەند بەرامبەری ژمارەی پێشووە (وەک ۲، ٤، ۸، ١٦، ...).

تصانيف / tasānîf/: [عربی] جمعِ ☜ **تصنيف**

تصاوير / tasāvîr/: [عربی] جمعِ ☜ **تصوير**

تصحيح / tashîh، ـها؛ ـات/: [عربی]/اسم. ۱. هەڵەگری؛ هەڵەچنی؛ هەڵەبژێری؛ کار یان ڕەوتی ڕاستکردنەوە؛ ڕاستەقەکرن و دروستکردنی ئەوەی کە هەڵە، ناڕاست

یان ناتەواوە ‹این مقالە باید تصحیح شود: ئەم گوتارە دەبێ هەڵەگیری بکرێ› ٢. ئەوەی کە لە نووسراوەیەکدا لە سۆنگەی هەڵە یان نەشیانەوە بگۆڕدرێت.

▣ تصحیح کردن: ١. ڕاستکردنەوە؛ دروستکردنی شتێ کە هەڵە یان ناتەواوە ‹حرفم را تصحیح می‌کنم: قسەکەم ڕاست دەکەمەوە› ٢. /چاپ/ هەڵەگرتن؛ هەڵە سڕینەوە؛ هەڵە لابردن؛ پەڵە سڕینەوە؛ دەستنیشانکردنی هەڵەی چاپی لە نووسراوەیەکدا ‹تصحیح کردن هر صفحه نیم ساعت وقت می‌برد: هەڵەگرتنی هەر لاپەڕەیەک نیو ساعەت دەخایێنێ› ٣. /ادبی/ بەرامبەرکردنەوە؛ دیاریکردنی جیاوازی نێوان نوسخەگەل، نیشانەگەلی خاڵبەندی و لێ داکەوتوویی نووسراوەیەکی کۆن ‹ملا عبدالکریم مدرس کتابهای زیادی را تصحیح کردە است: مەلا کەریم کتێبی زۆری بەرامبەر کردووەتەوە› ٤. هەڵەگریکردن؛ هەڵەگرتن؛ ورد بوونەوە لە نووسراوەی خوێندکاران بە مەبەستی دیاریکردنی ڕاست و دروست و هەڵە و پەڵەکانی و نمرە پێدان ‹می‌خواهم ورقەهای امتحانی را تصحیح کنم: دەمەوێ وەرەقەکانی ئەزموونەکە هەڵەگری بکەم›.

تصحیف / tashîf/: [عربی]/اسم. ١. هەڵەی قەستی یا سەهوی لە نووسین یان خوێندنەوەی وشەیەک بەتایبەت لە بواری جێبەجێکردنی خاڵ یان جووڵەوە (وەک «نان» و «بان») ٢. /ـها/ /ادبی/ وشەیەک لە هەڵبەستدا کە بشێ بە کەم و زۆرکردنی خاڵەکانی، واتاکەی بگۆڕدرێت (وەک «سێو» و «شێو»).

تصدق / tasaddoq/: [عربی]/اسم. ١. کاری سەدەقە و یارمەتی دان ٢. خەیرات؛ بەلاگەردانی؛ بەلاوەگێری؛ یارمەتی؛ دەسگرۆیی؛ ئەوەی بە ناوی سەدەقە دەدرێ.

▣ از تصدق سر کسی: بە سایەی سەر کەسێکەوە؛ بە بۆنەی ئاوڕدانەوە لە چاکی و چۆنیدا ‹از تصدق سر شما وضعمان بد نیست: بە سایەی سەری ئێوەوە بارودۆخمان خراپ نیە›.

▣ تصدق دادن: خەیراتکردن؛ دەسگرۆیی دان؛ سەدەقەدان.

تصدق کسی شدن: لە دەوری کەسێ گەڕان؛ بوون بە قوربانی کەسێک؛ لە بەر دەم کەسێ مردن؛ بە فیدای کەسێک بوون.

تصدی / tasaddî/: [عربی]/اسم. وەئەستۆگری؛ دەستپێشکەری؛ کار یان ڕەوتی لە ئەستۆدا بوون ‹او تصدی آن شغل را داشت: ئەو کارەی وەئەستۆ بوو›.

▣ در تصدی داشتن: لە ئەستۆ بوون؛ بە دەستەوە بوون.

تصدیع / 'tasdî/: [عربی]/اسم. /ادبی/ ١. /نامتداول/ سەرئێشە ٢. /مجازی/ دەردیسەر؛ کار یان ڕەوتی چرووساندن، ڕەنج پێدان، زەباندن، زەحمەت و ئازار دان ‹این قسم از راه تصدیع بسیار و زحمت بی‌شمار دارد: ئەم بەشەی ڕێگە، دەردیسەری زۆر و زەحمەتی زەمەندی هەیە›.

▣ تصدیع دادن: سەر ئێشاندن؛ سەر و دڵ گرتن؛ بە قسەی زۆرەوە سەری کەسێک هێنانە ئێش؛ زەحمەت پێدان؛ کاتی کەسێک گرتن.

تصدیق / tasdîq، ـها/: [عربی]/اسم. ١. کار یان ڕەوتی گەواهی دان لە سەر دروستی شتێک؛ شایەتی دان ٢. ـات/ /قدیمی/ گەواهینامە؛ تەسێق.

▣ **تصدیق امضا**: گەواهی ئیمزا.

▣ **تـصدیق کـردن**: سـەلمانـدن؛ شـایەتی دان لە سەر دروستی یـان ڕاسـت بـوونی کـار یـا قسەیەک.

تـصرف / tasarrof، ـهـا؛ ـات/: [عربـی]/اسـم. ۱. داوڕ؛ داگـیر؛ کـار یـان ڕەوتی دەسـت بـە سەرداگـرتن؛ گرتنـە دەسـتەوە ‹هلاکو بغداد را تـصرف کـرد: هۆلاکـۆ بـەغـدای داوڕ کـرد› ۲. گۆڕانکـاری؛ کـار یـان ڕەوتی دەس لێـدان و دەسـت بردنـە نـاو شـتێک و بـە کـەیفـی خـۆ گـۆڕانی ئـەو شـتە ‹دخـل و تـصرف: دەس تێوەردان و گۆڕانکاری›.

▣ **تـصرف عـدوانی**:[حقـوقی] داوڕی دوژمنانـە؛ داگـیری دزانـە؛ کـار یـان ڕەوتی داگـیر کـردنی مـاڵ و سـامانێک بـەبـێ ئاگـاداری یان ڕەزامەندی خاوەنەکەی.

تـصریح / tasrîh، ـات/: [عربـی]/اسـم. ڕاشـکاوی؛ ئاشـکرایی؛ ڕوونی؛ کـار یـا ڕەوتی ڕوون‌کردنەوەی قسەیەک.

▣ **تـصریح کـردن**: بـە ڕاشـکاوی ڕاگـەیانـدن؛ ڕوون‌کردنەوە؛ بـە ئاشـکرا قـسەکـردن؛ ڕەپ و ڕاسـت‌گـوتن ‹اسـتاندار تـصریح کـرد کـە سیل‌زدگـان هنـوز اسـکان داده نـشده‌انـد: پارێزگـار بە ڕاشکاوی ڕایگەیانـد کـە بـەرلافاو کـەوتـووان هێشتا سامان نەدراون›.

تـصعید / tas'îd/: [عربـی]/اسـم. [شـیمی] داگـەڕانی ڕاسـتەوخـۆی شـتێک لـە دۆخـی خـۆگرەوە بـۆ دۆخـی گـاز (بـێ‌ئـەوەی ببێتـە تراو).

تـصغیر / tasqîr/: [عربـی]/اسـم. چـووکی؛ چکۆلەیـی؛ کـار یـان ڕەوتی بچـووک‌کردنـەوە؛ داشـکاندنەوە، بـەتایبـەت چـووک‌کردنـەوەی ناوێـک (وەک: پـسرک: کوڕیژگـە، کـوڕیژە. کـاف لە فارسیدا پاشبەندی چکۆلەییە).

تـصفح / tasaffoh/: [عربـی]/اسـم. [ادبـی] ۱. کـار یـان ڕەوتی هـەڵـدان و دانـەوەی پـەڕەی کتێـب، گۆڤـار و...؛ لاپـەڕە دانـەوە ۲. [مجـازی] کـار یـان ڕەوتی چـاو خـشاندن؛ خوێندنـەوەی سـەرسـەری؛ خوێنـدن بـەبـێ ورد بوونەوە.

تـصفیه / tasfiye، ـهـا/: [عربـی]/اسـم. ۱. کـار یـان ڕەوتی پـالاوتن؛ داپـالوین؛ نـەسـەلنـایش؛ پاڵفتەکـردن و سـافکـردنی شـتێک ‹تـصفیەی نفـت: پالاوتنـی نـەوت› ۲. [مجـازی] پاکـسازی؛ کار یان ڕەوتی لە نـاو بـردن یـا داماڵـین ‹بایـد ادارەهـا را از کارکنـان نابـاب تـصفیه کـرد: دەبـێ مەزرینگەکـان لـە مووچـەخـۆرانی ناباو پاکـسازی بکرێن›.

تـصفیه‌حـساب / tasf iyehesāb، ـهـا/: [عربـی] اسم. تسویه حساب ☜ **تسویه**

▣ **تـصفیه حـساب کـردن بـا کـسی**:[مجـازی] تۆڵە سەندنـەوە/ کردنـەوە لـە کـەسێک؛ لـە حـەسـاو کـەسێ پاکـەو بـوون ‹بـا ایـن کـار خواسـت بـا سـارا تـصفیه حـساب کنـد: بـەم کـارە ویستی لە سارا تۆڵە بسێنیتەوە›.

تـصفیه‌خانـه / tasfiyexāne، ـهـا/: [عربـی/ فارسـی]/اسـم. پالاوگـە: ۱. شـوێنێ بـۆ پـالاوتن کە ئامراز و دامـەزراوە و شـتومـەکـی شـیاوی تێدایـە ‹تـصفیه‌خانـەی آب: پالاوگـەی ئـاو› ۲. پالایشتگا؛ دامەزراوەی پالاوتنی نەوت.

تـصلب / tasallob، ـهـا/: [عربـی]/اسـم. [پزشـکی] دۆخ یا چۆنیەتی سفت یا سەختەوە بوون.

▣ **تـصلب شـرایین**: سـفت و ئـەسـتوور بوونـەوەی دیوارۆکـەی دەمـار، کـە زۆرتـر بـە هـۆی نیـشتنەوەی کولوسـترۆڵ و چـەوری لـە نـاوەوەی ڕەگـە سـوورەکانـدا بەدی دێ.

تصلب متعدد ☜ **ام. اِس.**

تصلب منتشر ☜ **ام. اِس.**

تـصمیم / tasmîm، ـهـا؛ ـات/: [عربـی]/اسـم.

بڕیار: ١. تەما؛ ئەوەی مرۆ بە یارمەتی زەین و بیر دەری دەبڕێ ‹تصمیم نسنجیده: بڕیاری هەڵنەسەنگراو› ٢. ویست؛ تەما؛ گەرەک؛ خواستێ کە چیدی دوودڵی تێدا نیە ‹تصمیم این شد که ...: بڕیار درا کە...› ٣. بیر و ڕا یان داوەری کۆتایی کە جێ بۆ قسە ناهێڵێتەوە ‹تصمیم قاضی این شد: بڕیاری داوەر ئەمە بوو›.

■ تصمیم داشتن: گەرەک بوون؛ هەرەک بوون؛ خواستن؛ ویستن؛ لە سەر بوون ‹تصمیم داشت خانه بخرد اما پول کافی نداشت: گەرەکی بوو ماڵ بکڕێ بەڵام پاری پێویستی نەبوو›.

تصمیم گرفتن: بڕیاردان؛ قەراردان ‹تصمیم گرفتن دشوار است: بڕیاردان دژوارە›.

تصمیم‌گیری / tasmîmgîrî، ـها/: [عربی/فارسی]/*اسم*. بڕیاردەری؛ کار یا ڕەوتی بڕیاردان و لێبڕان بۆ کارێک ‹تصمیم‌گیری بر عهده‌ی شماست: بڕیاردان بە ئەستۆی ئێوەیە›.

تصنع / tasanno'/: [عربی]/*اسم*. *[ادبی]* ١. ڕواڵەتکاری؛ ڕواڵەتسازی؛ ڕواڵەت بازی ٢. کاری خۆ ڕازاندنەوە.

تصنعی / tasanno'î/: [عربی] *صفت*. دەسکردی؛ نارەسەن؛ ڕواڵەتی؛ ناڕاست ‹لبخند تصنعی: پێکەنینی ڕواڵەتی›.

تصنیف / tasnîf، ـها؛ تصانیف/: [عربی]/*اسم*. ١. هۆنراوە؛ گۆرانی؛ هەڵبەستێکی کورت کە بۆ ئاواز وتن هۆنراوەتەوە. هەروەها: **تصنیف خواندن؛ تصنیف ساختن** ٢. کار یان ڕەوتی هۆنینەوە و داهێنانی بەرهەمی هونەری (وەک شیعر، چیرۆک، ستران، شانۆنامە و...).

■ تصنیف کردن: هۆنینەوە؛ داهێنانی بەرهەمی ئەدەبی یا هونەری.

تصنیف‌خوان / tasnîfxān، ـها؛ ـان/: [عربی/فارسی]/*اسم*. گۆرانیبێژ؛ سترانبێژ؛ سترانڤان؛ گۆرانیواچ. هەروەها: **تصنیف‌ساز**

تصور / tasavvor، ـها؛ ـات/: [عربی]/*اسم*. تێڕوانی: ١. گومان؛ کار یان ڕەوتی بۆچوون؛ هێنانە بەرچاو؛ داوەری یا بڕوا بە شتێ لە ڕووی زانیاری زەینیەوە ‹تصور من این است: تێڕوانی من ئەمەیە› ٢. *[منطق]* وێنەیەک کە لە مێشکدا دەردەکەوێ بێ ئەوەی بڕیارێک بە هیچ بارێکدا سەبارەت بەو شتەوە بدرێت.

■ تصور کردن: ١. هاوردنە بەر چاو؛ هێنانە پێش چاو ‹خانه‌ای را تصور کنید که در جنگلی است: ماڵێک بهێنە بەر چاو کە لە لێڕەوارێکە›. هەروەها: **به تصور درآوردن** ٢. وا زانین؛ ئەجیەی ‹تصور کردم رفته‌ای: وامزانی ڕۆیشتووی›.

به تصور درآوردن ☜ **تصور کردن ـ١**

تصوف / tasavvof/: [عربی]/*اسم*. سۆفیەتی؛ سۆفیگەری؛ ئامۆژەیەکی عیرفانی لە بارەی پەیوەندی مرۆڤ و خودا و ڕێگەی ناسینی خوا، کە لە کۆتایی سەدەی هەوەڵی کۆچی لە ولاتە ئیسلامیەکاندا بەدیهات.

تصویب / tasvîb/: [عربی]/*اسم*. پەسەند؛ پەسند؛ کار یان ڕەوتی ڕەوا زانین و ڕادان لە سەر کارێک، بەتایبەت لە لایەن بنکەیەکی باوەڕ پێکراوەوە و بوونە هۆی پەسندکران و پەسند بوونی شتێک ‹مجلس طرح پیشنهاد شده را تصویب کرد: پارلەمان گەلالەی پێشنیار کراوی پەسندکرد›.

■ به تصویب رساندن: پەسندکردن؛ ڕا لە سەر دان؛ بوونە هۆی پەسندکران و پەسند بوونی شتێک. هەروەها: **تصویب شدن؛ تصویب کردن**

تصویب‌نامه / tasvîbnāme، ـها/: [عربی/فارسی]/*اسم*. پەسندنامە؛ ڕێوشوێنێ کە لە لایەن کۆمەڵەی وەزیرانەوە سەبارەت بە

بابەتێک دادەنرێ.

تصویبی / tasvîbî/: [عربی] *صفت* پەسندی؛ پەسندکراو.

تصویر / tasvîr، ـها؛ تصاویر/: [عربی] *اسم.* وێنە؛ ئاشۆپ؛ شێوە؛ شکڵ و بیچمی شتێ لە سەر ڕووپەڕێک، وەکوو نەققاشی، ڕەسم و... ‹تصویر حقیقی: وێنەی ڕاستەقانی›.

▣ **تصویر کردن**: ١. کێشان؛ وێنە یان دیمەنێک نەققاشی‌کردن ٢. نیگار کێشان؛ نەخش‌کێشان ٣. *[مجازی]* پیشاندان؛ نیشاندان؛ ڕانانی شتێک بە هۆی ئامرازی دیتنیەوە ٤. گێڕانەوە بە شێوەیەک کە ئەوی ڕووی داوە بێتە پێش چاوی بیسەرانەوە * **بە تصویر کشیدن**

بە تصویر کشیدن ☜ **تصویر کردن**

تصویربردار / tasvîrbardār، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] *اسم.* وێنەگر؛ وێنەهەڵگر؛ فیلمهەڵگر؛ کەسێ کە لە ڕووداو یا دیمەنێک وێنە هەڵدەگرێ.

تصویربرداری / tasvîrbardārî، ـها/: [عربی/ فارسی] *اسم.* وێنەگری؛ وێنەهەڵگری؛ کار یا ڕەوتی چێ‌کردن یا هەڵگرتنی وێنە یا فیلم.

تصویرسازی / tasvîrsāzî، ـها/: [عربی/ فارسی] *اسم.* وێنەسازی؛ کار یا ڕەوتی بەدیهێنانی وێنە بە تایبەت لە بیری گوێگردا.

تصویرگر / tasvîrgar، ـان/: [عربی/ فارسی] *اسم.* ١. نیگارکێش؛ وێنەکێش؛ نەققاش ٢. کەسێ کە بۆ کتێب، گۆڤار یا وتارێک وێنەی شیاو دابین دەکات. هەروەها: **تصویرگری**

تصویرگرا / tasvîrgerā، ـیان/: [عربی/ فارسی] *صفت.* ئیمەیژیست؛ وێنەوەگر؛ لایەنگر و پەیڕەوی وێنەگری: **ایماژیست**

تصویرگرایی / tasvîrgerāyî/: [عربی/ فارسی] *اسم.* ئیمەیژیسم؛ وێنەوەگری؛ ڕەوتێک لە شیعری ئەورووپا، کە لە دەکانی دووهەمی سەدەی بیستەمدا لە ئینگلیز سەری هەڵدا و تایبەتمەندی گەورەی ئەوەیە کە شیعری ئازاد و وتنەوەی بیرۆکەگەل و دۆخی هەستیاری بە شێوەیەکی ساکار و وێنەگەلێکی زۆر بەرچاو و ڕاشکاو بەدی هێنا: **ایماژیسم**

تصویری / tasvîrî، ـها/: [عربی] *اسم.* ١. وێنەیی؛ شێوەیی؛ پەیوەندیدار و سەبارەت بە وێنەوە ‹لوازم تصویری: ئامرازی وێنەیی› ٢. وێنەدار؛ بە وێنە ‹نمایش تصویری: نمایشتی وێنەدار›.

تضاد / tazād(d)، ـها/: [عربی] *اسم.* دژەتی؛ دژایەتی؛ دژیەتی؛ دۆخ یا چۆنیەتی دژ و ناکۆک و ناتەبا بوون ‹تضاد اجتماعی: دژەتی کۆمەڵایەتی›.

▣ **تضاد طبقاتی**: دژایەتی چینگەل؛ دژ بە یەک بوونی هەڵوێست و قازانجی دوو یان چەند چین لە حاندی یەکدا لە کۆمەڵگایەکدا.

▣ **تضاد داشتن**: ناکۆک بوون؛ دژ بوون؛ بە دژایەتی بوون ‹این رنگها با هم تضاد دارند و چشم را آزار می‌دهند: ئەم ڕەنگانە پێکەوە ناکۆکن و چاو ئەتارێنن›: **در تضاد بودن**

در تضاد بودن ☜ **تضاد داشتن**

تضارب / tazārob/: [عربی] *اسم.* *[ادبی]* کار یان ڕەوتی وێکەوتن؛ پێکدان؛ لێکدان؛ پێکدادان.

▣ **تضارب آرا**: هاتنە ئارای بیر و ڕای جیاواز و لێدوان لە سەریان.

تضامنی / tazāmonî/: [عربی] ☜ شرکت تضامنی، **شرکت**

تضرع / tazarro'، ـها؛ ـات/: [عربی]/اسم. کزاڤ؛ کازکاز؛ کار یان ڕەوتی پاڕانەوە؛ لالانەوە؛ خوایشتی تێکەڵ بە گریان و هاوارەوە.

⊡ **تضرع کردن**: کرووزانەوە؛ لالانەوە؛ لالیانەوە؛ پاڕانەوە؛ نالە و زاری کردن؛ داواکردنی شتێ یان کارێک تێکەڵ بە شین و زاری ‹خیلی تضرع کرد، ولی فایدەای نداشت: زۆر کرووزایەوە، بەلام کەڵکی نەبوو›.

تضعیف / taz'îf/: [عربی]/اسم. ١. کار یا ڕەوتی لاوازکردن ‹نیروهای دفاعی را نباید تضعیف کرد: هێزە بەرگرەکان نابێ لاواز بکرێنەوە› ٢. کار یا ڕەوتی دوو بەرامبەر کردنەوە.

تضمن / tazammon/: [عربی]/اسم. داگری؛ داگیری؛ پاوان کاری؛ کار یان ڕەوتی گرتنە بەر؛ گرتنەوە؛ گێرتەیرە وەر ‹تضمن خیلی چیزهاست: زۆر شت دەگرێتە بەر›.

تضمین / tazmîn، ـها/: [عربی]/اسم. ١. دەستەبەری؛ کار یا ڕەوتی خستنە پەنای خۆ و دەستەبەرکردن ‹تضمین کار او بە عهدەی من است: دەستەبەری کاری ئەو لە ئەستۆی منە› ٢. دابینی؛ دەستەبەری ‹با تضمین قبولی: وێڕای دەستەبەری سەرکەوتن› ٣. [ادبی] تێهەڵکێش؛ تێکهەڵکێش؛ وەرگرتنی کەرت، بەیت یا چەن بەیتێ لە شاعیری دیکە و دانانی لە ناو شیعری خۆدا ‹قانع برخی اشعار حافظ را تضمین کردە است: قانیع برێک لە شیعرەکانی حافیزی تێهەڵکێش کردووە›.

تضمینی / tazmînî/: [عربی]/اسم. دەستەبەرکراو؛ دەستەبەری ‹کلاس تضمینی: کلاسی دەستەبەرکراو›.

تضییع / tazyî'/: [عربی]/اسم. خەسار؛ زایە؛ خراپ؛ فیڕۆ ‹جز تضییع عمر چیز دیگری نیست: جگە لە خەساری تەمەن شتێکیتر نیە›.

⊡ **تضییع شدن**: پێ‌شێل بوون/ کران؛ زایە بوون؛ بە خەسار چوون؛ لەکیس چوون؛ خراو بوون؛ بە فیڕۆ چوون ‹حق من تضییع شد: مافی من پێ‌شێل بوو›.

تضییع کردن: پێ‌شێل‌کردن؛ زایەکردن؛ خراوکردن؛ بە خەسار دان؛ بە فیڕۆ دان؛ لە بەین بردن ‹تضییع کردن حقوق مردم: پێ‌شێل کردنی مافی خەڵک›.

تضییق / tazyîq، ـات/: [عربی]/اسم. [ادبی] ١. [نامتداول] تەنگانە ٢. سەختگری؛ دژوارکاری؛ کار یان ڕەوتی تەنگ پێ‌هەڵچنین؛ خستنە تەنگانەوە؛ تەنگاو پێ کردن.

تطابق / tatāboq/: [عربی]/اسم. وەکیەکی؛ دۆخ یان چۆنیەتی وێک هاتنەوەی دوو یان چەند شت.

⊡ **تطابق چشم**: هانا کردنی چاو؛ بڕستی چاو بۆ ڕوون و جوان دیتنی شت، کاتێ دوور و نزیک دەبێتەوە.

تطاول / tatāvol، ـات/: [عربی]/اسم. [ادبی] ١. دەس‌درێژی؛ گووج؛ ستەم ٢. بێ‌حەیایی؛ بێ‌شەرمی.

تطبیق / tatbîq/: [عربی]/اسم. [ادبی] ١. بەرانبەری؛ هەمبەری؛ هەڤبەری؛ هاوشێوازی شتێ لەگەڵ یەکێکی دیکەدا، بە شێوەیەک کە هەر پاژێک لە یەکێکیان، لەوی‌تردا هاوتایەکی هەبێ ٢. بەراورد؛ کار یان ڕەوتی هەڵسەنگاندنی شتێ لەگەڵ شتێکی‌تردا ٣. پێخواردن؛ دۆخ یان چۆنیەتی بە یەک خواردن یان یەک گرتنەوە.

⊡ **تطبیق دادن**: ١. بەرانبەرکردن؛ لە بەر یەک دانان؛ بەرامبەرکردنەوەی دوو شت

بۆ زانینی ڕادەی وێکچوونیان ٢. بەراورد کردن؛ دەق‌بەدەق‌کردن؛ دەقاودەق‌کردن؛ بۆ زانینی ڕاستی و دروستی شتگەلێک، بەرامبەرکردنەوەیان.

تطبیقی / tatbîqî/: [عربی] *صفت.* بەراوردی؛ هەمبەری؛ هەڤبەری ‹زبان‌شناسی تطبیقی: زمان‌ناسی بەراوردی›.

تطمیع / tatmî'، ـها/: [عربی]/*اسم.* کار یان ڕەوتی خستنە تەماوە؛ چنۆک‌کردن؛ تەماح خستنە بەر.

تطور / tatavvor، ـات/: [عربی]/*اسم.* [ادبی] ئاڵوگۆڕ؛ گۆڕانکاری؛ دۆخ یان چۆنیەتی گۆڕیان؛ فرازین ‹زبان با گذشت زمان دستخوش تطور می‌شود: زمان بە تێپەڕ بوونی زەمان تووشی گۆڕانکاری دەبێت›.

تطویل / tatvîl/: [عربی]/*اسم.* کاری درێژە پێدان یان درێژەدار بوون؛ درێژکردن.

▣ **تطویل کلام**: درێژدادڕی؛ درێژەبێژی؛ درێژەدان بە قسە.

▣ **بە تطویل انجامیدن**: درێژە هێنان؛ خایاندن؛ بە درێژەکێشان؛ بە درێژە چوون؛ درەنگان کەوتن؛ فرە پێ‌چوون.

تطهیر / tathîr/: [عربی]/*اسم.* [ادبی] پاکسازی.

▣ **تطهیر شدن**: پاک بوونەوە؛ خاوێن بوونەوە؛ پوختە بیەیوە.

تطهیر کردن: پاکەوکردن؛ خاوێن‌کردن؛ لابردنی چەپەڵی؛ داشۆردن؛ پاقژ کردنەوە؛ پوختەکەردەی.

تظاهر / tazāhor، ـات/: [عربی]/*اسم.* ١. ڕواڵەتسازی ٢. کار یان ڕەوتی وا نیشاندان و نواندن؛ ئرمانەی ‹تظاهر کرد کە مرا ندیده است: وای نیشاندا کە منی نەدیوە›.

تظاهرات / tazāhorāt/: [عربی]/*اسم.* گەلەکۆیی؛ کار یان ڕەوتی خۆپیشاندان؛ خۆشاندن؛ ڕێ‌پێوان؛ دەرکەوتنی بە کۆمەڵ بۆ دەربڕینی بۆچوونی تاقمێک، بە کۆ بوونەوە یان ڕێ‌پێوان ‹جلو دانشگاه تظاهرات بود: لە بەر زانستگادا خۆپیشاندان بوو›.

▣ **تظاهرات خیابانی**: خۆپیشاندانی ئاشکرا؛ گەلەکۆیی خیابانی؛ خۆپیشاندانێ کە لە بەر چاوی هەموو خەڵکەوە بە ئاشکرا ئەنجام بدرێ.

تظلم / tazallom، ـات/: [عربی]/*اسم.* [ادبی] فریاخوازی؛ دادخوازی؛ دادوازی؛ کار یان ڕەوتی داد بە دیوان بردن.

تعابیر / ta'ābîr، ـها/: [عربی] جمعِ ☜ **تعبیر**

تعادل / ta'ādol/: [عربی]/*اسم.* هاوسەنگی؛ خۆگری؛ چۆناوچۆنی خۆڕاگری لە شتێک یان گیاندارێک بە شێوەیەک کە خۆ بگرێ و نەکەوێ ‹نتوانست تعادل خودش را حفظ کند و افتاد: نەیتوانی هاوسەنگی خۆی ڕاگرێ و بە لادا هات›.

▣ **تعادل بی‌تفاوت**: هاوسەنگی لابەلا؛ دۆخی تەنێکی ڕاوەستاو کە ئەگەر هێزێکی کەم باری بگۆڕێ، لە سەر باری تازەش هەر هاوسەنگە.

تعادل پایدار: هاوسەنگی پایەدار؛ چۆناوچۆنی تەنێکی ڕاوەستاو کە ئەگەر هێزێک باری بگۆڕێ، هەمیسان دەڕواتەوە سەر باری پێشووی.

تعادل ناپایدار: هاوسەنگی ناپایەدار؛ چۆنیەتی تەنێکی ڕاوەستاو کە ئەگەر هێزێک هاوسەنگیەکەی تێکدا، دەکەوێ.

▣ **تعادل خود را حفظ کردن**: خۆگرتن؛ خۆ ڕاگرتن؛ هاوسەنگی خۆ ڕاگرتن؛ وێ گێرتەی؛ نەکەوتن.

تعادل داشتن: هاوسەنگ بوون؛ خۆگر بوون؛ خۆڕاگر بوون.

تعادلی / ta'ādolî/: [عربی] *صفت.*

هاوسەنگی؛ هاوکێشی؛ هاوتایی.

تعارض / ta'āroz، ـات/: [عربی]/اسم. ناتەبایی؛ ناکۆکی؛ ناسازگاری؛ نەبانی؛ نەوانی.

▣ **تعارض داشتن:** ناتەبا بوون؛ یەک نەگرتنەوە؛ ناسازگار بوون؛ پێکەوە هەڵنەکردن ‹گفتەهایش با عملش تعارض داشت: قسەکانی لەگەڵ کردەوەیدا بەکیان نەدەکرتەوە›: **در تعارض بودن**

در تعارض بودن ☜ **تعارض داشتن**

تعارف / ta'ārof، ـات/: [عربی]/اسم. ١. تەعارف؛ مەکس؛ مکس؛ مسک؛ قسەی سەرزارەکی بەبێ کردەوە ‹اینها کە می‌فرمایید تعارف است و واقعیت ندارد: ئەمانە کە دەفەرموون گشتی تەعارفن و بە راستی نیە› ٢. پێشکەشی؛ دیاری ‹تعارف دادن: پێشکەشی دان› ٣. *[گفتاری]* کار و بەردەستیەک‌کردن بە مرازی دۆستانەوە بەبێ چاوەنۆڕی.

▣ **تعارف شاد عبدالعظیمی:** بۆرە خولک؛ مکس ماکنالی؛ خولکێ کە لە ناخی دڵەوە نەبێ.

▣ **تعارف تکه ـ پارە کردن:** *[تعریض]* نان بە یەک دانە قەرز؛ بە بالای یەکدیدا هەڵگوتن ‹دو نفری نشستە بودند، تعارف تکەپارە می‌کردند: دوو کەسی دانیشتبوون نانیان بە یەک ئەدا بە قەرز›.

تعارف دادن: دیاری پێدان؛ پێشکەشی دان.

تعارف داشتن: رووەدربایسی هەبوون؛ داب و دەستوور لە بەر چاوگرتن ‹ما کە با هم تعارف نداریم، خانەی خودتان است: ئێمە خۆ لە یەک رووەدربایسیمان نیە، مالی خۆتانە›.

تعارف کردن: ١. خێراتن‌گوتن؛ خۆش هاتن‌کردن؛ خوڵک‌کردن ٢. خزمەت کردن؛ کار یان خزمەتێک بە خۆڕایی بۆ کەسێ‌کردن.

تعارفات / ta'ārofāt/: [عربی]/اسم. ١. چاک‌وچۆنی؛ خوەشی‌وبێشی؛ وەشی و تشی؛ خێرهاتن و خوەش هاتن ‹پس از قدری تعارفات گفت کە دنبال کار می‌گردد: دوای کەمێ چاک‌وچۆنی وتی بۆ کار دەگەرم› ٢. *[گفتاری]* داب‌ودەستوور.

تعارفاتی / ta'ārofātî/: [عربی] صفت. داب و دەستووری

تعارفی [1] / ta'ārofî، ـها/: [عربی]/اسم. *[گفتاری]* چاورۆشنی؛ دیاریەک کە بە کەسێکی گەورەتر یان هاوتەمەنی خۆی دەدەن.

تعارفی [2]: صفت. *[گفتاری]* داب و دەستووری.

تعاریف / ta'ārîf/: [عربی] جمعِ ☜ **تعریف**

تعاقب / ta'āqob/: [عربی]/اسم. *[ادبی]* شوێنگری؛ پەیجۆری؛ پەیگیری؛ پاشگیری.

▣ **تعاقب کردن:** شوێن‌کەوتن؛ شوێن‌گرتن؛ شۆن‌گیرتەی؛ شۆپ چوون؛ دوا بە دوای کەسێک یان شتێکدا چوون.

تعالی / ta'ālā/: [عربی] صفت. مەزن؛ مازن؛ پایەبەرز؛ پایەبلند؛ بلیندپایە؛ گەورە ‹خدای تعالی: خوای مەزن›.

تعالی / ta'ālî/: [عربی]/اسم. *[ادبی]* هەڤیازی: ١. *[نامتداول]* بەرتری ٢. بەرزی؛ پێشرەوت ‹موجب تعالی هنر معماری شد: بوو بە هۆی هەڤیازی هونەری نژیاری›.

تعالیم / ta'ālîm/: [عربی] جمعِ ☜ **تعلیم**

تعامل / ta'āmol، ـها/: [عربی]/اسم. ١. هاوکاری؛ ئاریکاری ٢. *[قدیمی]* سەودا؛ مامەلە؛ دان و ستان؛ داوستەد.

تعاون / ta'āvon/: [عربی]/اسم. *[قدیمی]* هەرەوەز؛ هەرەوەنە؛ زبارە؛ دەستەوا؛

هاویاری؛ یاریدەری؛ دەستگیرۆیی.

تعاونی[1] / ta'āvonî، ـها/: [عربی]/اسم. ١. بنکەیەکی ئابووری کە لە ڕێگەی هاویاری و هاوکاری ئەندامانی، بە مەبەستی دابین کردنی قازانجی گشتیەوە دامەزراوە و بەڕێوە دەچێت ٢. زبارەیی؛ هەرەوەزی؛ کاری گەلەکۆمە؛ هەر شتێک بە هەرەوەزەوە پێوەندی هەبێ.

◘ **تعاونی توزیع**: هەرەوەزی دابەشین؛ هاوبەشییەکی دەستەوایی کە کاری بەشینەوەی کالایە. هەروەها: **تعاونی تولید**

تعاونی کشاورزی: هەرەوەزی کشتوکاڵ؛ زبارەی کشتوکاڵ؛ دابەشگەی هەرەوەزی کە بە ئاریکاری گرۆیێک وەرزێر پێک دێ. هەروەها: **تعاونی کارگری؛ تعاونی کارمندی**

تعاونی[2]: *صفت.* هەرەوەزی؛ زبارەیی؛ پێوەندیدار بە هاویاریەوە.

تعب / ta'ab/: [عربی]/اسم. *[ادبی]* ١. داماوی؛ کوێرەوەری؛ ڕەنج و سەختی؛ ئەرک و زەحمەت؛ سەختەتی ٢. *[مجازی]* ئێش و ئازار؛ شەکەتی؛ ماندوویەتی؛ مانیاگی.

◘ **تعب کشیدن**: ڕەنج و سەختی کێشان؛ ئەرک و زەحمەت دیتن؛ ئێش و ئازار دیتن؛ چەم و خەم چەشتن.

تعبد / ta'abbod، ـات/: [عربی]/اسم. *[ادبی]* ١. کۆیلەیی؛ کۆیلەتی؛ کۆیلایەتی ٢. کار و ڕەوتی پەرەستن ٣. *[کنایی]* ملکەچی؛ کار یان ڕەوتی وەرگرتن و پەزیرانی بێ‌پرس و ترس.

تعبیر / ta'bîr، ـها؛ ـات؛ تعابیر/: [عربی]/اسم. ڕاژە؛ ڕاقە؛ کار یان ڕەوتی لێکدانەوەی واتا و مەبەستێک کە لە وتە یان وشە، زاراوە یان چەند ڕستە پێک هاتووە.

◘ **تعبیر خواب**: پایژی؛ بژارەی خەو؛ شرۆڤەی خەو؛ لێکدانەوەی خەون.

تعبیه / ta'biye/: [عربی]/اسم. کار یان ڕەوتی دانان؛ نانەکار؛ نیایرە؛ ئەرە نیەی؛ دروست کردن یان خستنە ناو کارەوە ‹در داخل چاه باید جای پا تعبیه کرد: لە نێو بیردا دەبێ جێگە پێ دابنرێت›.

تعجب / ta'accob/: [عربی]/اسم. واقوڕماوی؛ سەرسووڕماوی: ١. ڕاماوی؛ داماوی ‹دچار تعجب شد: تووشی واقوڕماوی بوو› ٢. بەلاجەوی؛ واق؛ واقوڕی؛ سەیر؛ سەمەرە؛ سەرنج ‹اسباب تعجب است: مایەی سەرسووڕمانە›.

◘ **تعجب کردن**: پێ سەیر بوون؛ سەرسووڕمان؛ سەیرمان؛ واقوڕمان؛ ڕامان ‹وقتی او را با آن حالت دیدم خیلی تعجب کردم: کاتێک بەو شێوازە دیتم زۆرم پێ سەیر بوو›.

تعجیل / ta'cîl/: [عربی]/اسم. *[ادبی]* ١. پەلە؛ لەز؛ پەلەپاتۆر؛ شتاو؛ هەشتاو ٢. پەلەپرووزی؛ خێرایی؛ هەولی؛ بلەزی؛ بەتاوی؛ هەشتاوی؛ کار و ڕەوتی پەلە کردن.

◘ **تعجیل داشتن**: به پەلە بوون؛ بەلەز بوون ‹خیلی تعجیل داشت: زۆر بە پەلە بوو›.

تعجیل کردن: پەلەکردن؛ لەزکردن ‹اگر تعجیل نکنی از دستت می‌رود: ئەگەر پەلە نەکەی لە کیست دەچێ›.

تعداد / te'dād/: [عربی]/اسم. ژمارە؛ هەژمار؛ دەشە ‹تعداد گوسفندان را معلوم کنید: ژمارەی پەزەکان دیاری کەن›.

تعدد / ta'addod/: [عربی]/اسم. فرەیی؛ زۆری؛ دۆخ یان چۆنیەتی زۆر و جۆراوجۆر بوون.

◘ **تعدد زوجات**: چەند هاوسەری؛ چەن

ژنی؛ چن ژەنی.

تعدی / ta'addî، ـها؛ ـات/: [عربی]/اسم. [ادبی] دەستدرێژی؛ دەسدرێژی؛ دەزدرێژی؛ داگیرکاری؛ دەسخەری.

▣ تعدی کردن: دەسدرێژی کردن؛ خۆ کوتانە سەر دەسکەوت و ژیانی دیتران ‹به جان و مال مردم تعدی می‌کردند: دەست دریژییان دەکرد سەر ماڵ و گیانی خەڵکی›.

تعدیل / ta'dîl/: [عربی]/اسم. ۱. کار یان ڕەوتی هاوسەنگ و هاوتاکردن ‹برای تعدیل قیمت‌ها اقدام کردیم: بۆ هاوسەنگ کردنی نرخەکان دەست بە کار بووین› ۲. [مجازی] هەموارکاری؛ کار یان ڕەوتی هەموارکردن؛ کەمکردنەوە و لە شتێ گرتنەوە بە مەبەستی ڕێک و گونجاو بوونەوەی ‹تعدیل مالیات: هەموارکردنی پیتاک›.

▣ تعدیل ثروت: هەموارکاری ماڵ و دارایی؛ کار یان ڕەوتی ڕێک و هەموار کردنی سامانی کۆوە بوو لە لای دەوڵەمەندانەوە.

تعدیل مالیاتها: هەموارکردنی پیتاک؛ کار یان ڕەوتی هندکاندنی ڕادەی پیتاک.

تعذیب / ta'zîb/: [عربی]/اسم. [ادبی] کاری ئازار و ئەشکەنجە پێدان؛ ئەشکەنجەکردن؛ گەهراندن؛ ئاراندن.

تعذیر / ta'zîr، ـات/: [عربی]/اسم. [ادبی] کار یان ڕەوتی بڕ و بیانوو هێنانەوە؛ بیانک تاشین؛ ویانی یۆسەیوە.

تعرض / ta'arroz، ـها؛ ـات/: [عربی]/اسم. [ادبی] ۱. دەسدرێژی؛ پەلامار؛ کار یان ڕەوتی کوتانە سەر کەسێک بە مەبەستی ئێش و ئازارگەیاندن ‹تعرض به جان مردم؛ تعرض دشمن: دەسدرێژی بە سەر گیانی خەڵکدا؛ پەلاماری دوژمن› ۲. [قدیمی] تووڕەیی؛ تۆپ و تەشەر ‹دیگری خرابکاری کرده به من تعرض می‌کنی؟: کەسێکی‌تر گەنەکاری کردووە بە سەر مندا تووڕەیی دەکەی؟›.

تعرفه / ta'refe، ـها/: [عربی]/اسم. ۱. ڕیزنامە؛ ڕیزێ کە نرخی کاڵا، خزمەت، یا مافی کەس یان دابەشگەیەکی تێدا نووسراوە ‹تعرفه‌ی خدمات درمانی؛ تعرفه‌ی گمرکی: ڕیزنامەی خزمەتی دەرمانی؛ ڕیزنامەی گومرۆکی› ۲. بەرگی پێناسە.

تعریض / ta'rîz/: [عربی]/اسم. ۱. کار یان ڕەوتی پان‌کردنەوە؛ پانۆکردن؛ پانەوە کەردەی؛ پەرە پێدانی پانایی ‹جاده تعریض شد: ڕێگەکە پان‌کرایەوە› ۲. تەوس و توانج؛ پلار؛ تانێ؛ تەشەر؛ تەشەرە؛ زیپک؛ شاتاواڵ؛ سەرکۆنەی نەرێسات ‹در حرفهایش تعریض هم بود: لە قسەکانیدا تەوس و توانجیش هەبوو›.

تعریف / ta'rîf/: [عربی]/اسم. ۱. کار یان ڕەوتی ناساندن؛ پنە ئژناسەی ‹حرف تعریف: پیتی ناساندن› ۲. /ـها؛ ـات؛ تعاریف/ پێناس؛ پێناسە؛ قسەیەک بۆ ناساندنی شتێ یان کەسێک ‹تعریف اسب را بنویسید: پێناسەی ئەسپ بنووسن› ۳. /ـها/ [گفتاری] تاریف؛ پەسن؛ ستایش؛ کار یان ڕەوتی پێدا هەڵگوتن؛ دەمدان ‹خیلی از شما تعریف کرد: زۆرێ ستایشتانی‌کرد› ٤. [گفتاری] گێڕانەوە؛ تاریف؛ کار یان ڕەوتی گوتنەوە؛ وتن؛ ڤەگۆین ‹از مسافرتت تعریف کن، چطور بود؟: لە سەفەرەکەت بگێڕەوە، چۆن بوو؟›.

▣ حرف تعریف ☜ **حرف**

تعریفی / ta'rîfî/: [عربی] صفت. [گفتاری] ئەوتۆیی؛ شیاوی پێدا هەڵگوتن ‹زیاد تعریفی هم نبود: وا ئەوتۆیش نەبوو›. هەروەها: **تعریفی بودن**

تعریق / ta'rîq، ـها/: [عربی]/اسم. ۱. کار یان ڕەوتی ئارەق‌کردن/ کەردەی؛ نەقتاندن؛ خوەدان؛ خوّ/ خێ کردن ‹گرمای هوا باعث تعریق بیشتر می‌شود: گەرمای هەوا دەبێتە هۆی ئارەق‌کردنی زۆرتر›۲. ڕەوتی هەڵم دەرهاتن لە گیاگەلدا.

تعزیت / ta'ziyat/: [عربی]/اسم. *[ادبی]* پرسە؛ شینگێڕی؛ ئازیەت‌باری؛ تازیەباری.

تعزیت‌نامه / ta'ziyatnāme، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. *[ادبی]* شیوەن‌نامە؛ شین‌نامە؛ پرسەنامە.

تعزیر / ta'zîr، ـها؛ ـات/: [عربی]/اسم. ۱. *[نامتداول]* تەمێ؛ تەمبێ؛ کار یان ڕەوتی تاشاندن ۲. *[فقه]* کار و ڕەوتی تەمێ‌کردنی تاوانبار لە سەر تاوانێ کە لە شەرعدا سزای بۆ نەبڕاوەتەوە.

تعزیه / ta'ziye، ـها/: [عربی]/اسم. پرسە؛ پەرسە؛ تازیە؛ ئازیەتی؛ شینگێڕی؛ تازیەتی.
⊡ تعزیه گرفتن: تازیەگرتن: ۱. شین‌گێڕی کردن ۲. پرسەنیان؛ پەرسە نیەی.

تعزیه‌خوان / ta'ziyexān، ـها؛ ـات/: [عربی/ فارسی]/اسم. شینگێڕ؛ چەمەری‌خوێن؛ کەسێ کە لە پرسەدا بەیت و باڵۆرە بە ئاهەنگەوە دەخوێنێ و خەڵک دێنێتە گریان.

تعزیه‌خوانی / ta'ziyexānî، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. شینگێڕی؛ کار و ڕەوتی لاواندنەوە لە پرسەدا: **شبیه‌خوانی**

تعزیه‌داری / ta'ziyedārî، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. شینگێڕی؛ کار و ڕەوتی پرسە نیان؛ پەرسە نیەی؛ تازیەگرتن.

تعزیه‌گردان / ta'ziyegardān، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی]/اسم. ۱. شینگێڕ؛ کارگێڕ یا بەڕێوەبەری ڕێ‌وڕەسمی پرسە: **شبیه‌گردان** ۲. *[تعریض]* کتکەنەفتینە؛ ئاورخۆشکەرە؛ کەتن‌گێڕ؛ بشێونە؛ ئاژاوەگێڕ؛ ئاژاولەخۆشکەر؛ شێوەژنە ‹علیه استاندار تظاهرات راه انداخته بودند، آرام هم شده بود تعزیه‌گردان ماجرا: دژی پارێزگار خۆپیشاندانیان ساز دابوو، ئارامیش ببووە کتکەنەفتینەی کارەکە›.

تعصب / ta'assob، ـها؛ ـات/: [عربی]/اسم. ۱. ڕکە ‹تو از روی تعصب حرف می‌زنی: تۆ بە ڕکەوە قسە دەکەی› ۲. دڵ‌پێدانی زۆر و خۆشەویستی لە ڕادەبەدەر کە بەرچاو بگرێ.

تعطیل¹ / ta'tîl/: [عربی]/اسم. ۱. کار یان ڕەوتی ڕاوەستاندن یان کۆتایی هێنان بە کارێک؛ خەواندن؛ خەفاندن؛ وسنەی ‹تعطیل کار: خەفاندنی کار› ۲. /ـات/ بەتلانە؛ وچان؛ پشوودان؛ پشوودانی؛ بەتاڵی؛ بێکاری؛ پشوو؛ ڕۆژی کار نەکردن ۳. *[کلام]* بێ‌بڕوا بوون بە خودا.

تعطیل²: *صفت*. ۱. داخراو؛ بەستراو ‹کارخانه تعطیل است: کارخانە داخراوە› ۲. تایبەتمەندی کاتی بێکاری و پشوودان.

تعطیلات / ta'tîlāt/: [عربی]/اسم. ۱. جمعِ ☜ **تعطیل** ۲. جمعِ ☜ **تعطیلی** ۳. پشوودان؛ ڕۆژ، حەفتە، مانگ یان وەرزی پشوودان ‹تعطیلات تابستانی: پشوودانی هاوینی›
⊡ تعطیلات رسمی: پشوودانی ڕەسمی؛ کاتی پشوودان کە بە ڕەسمی لە لایەن خاوەن کار یان دەوڵەتەوە ناسرابێ.
تعطیلات فصلی: پشوودانی وەرزی؛ کاتی پشوو بە بۆنەی چاخێکی دیاریکراوەوە (وەک پشوودانی وەرزی جووتیاران، ماسیگران یان مامۆستایان).

تعطیل‌بردار / ta'tîlbardār/: [عربی/ فارسی] *صفت*. پشووهەڵگر ‹روزنامه تعطیل‌بردار نیست:

رۆژنامە [illegible] نیە›.

تعطیلی / ta'tîlî، ـها، تعطیلات/: [عربی]/اسم. پشوودان؛ کاتی دەس‌کێشان؛ چاخی (کات، رۆژ یان مانگ) دەست‌کێشان لە کار بۆ کەسێ کە لە دامەزراوەیەکدا کار دەکا ‹روز تعطیل: رۆژی پشوو›.

تعظیم / ta'zîm/: [عربی]/اسم. ١. کڕنۆش؛ کوڕنوشت؛ کوڕنۆ؛ پانتە؛ سەرکۆپ؛ کاری داهاتنەوە و سەر دانەواندن بە نیشانەی ڕێزلێگرتن ‹آمد و بە مرد قدبلند تعظیم کرد: هات و بۆ پیاوە بالابەرزەکە [illegible]ی برد› ٢. ـها/ *[نامتداول]* ڕێزلێنان؛ بیرئانین.

تعفن / ta'affon/: [عربی]/اسم. *[ادبی]* گەنیاوی؛ گەنیاگی ‹بوی تعفن: بۆی [illegible]›.

تعفین / ta'fîn/: [عربی]/اسم. *[قدیمی]* ١. تەنتوور؛ تێکەڵی دەرمانێک لەگەڵ ئەلکولدا ‹[illegible] یُد: [illegible]ی یود› ٢. گەنانـدن؛ بۆگەن‌کردن.

تعقل / ta'aqqol/: [عربی]/اسم. *[ادبی]* ١. مژیوەری؛ کار یان ڕەوتی کەڵک وەرگرتن لە ئاوەز، ژیری بە خەرج دان؛ ئاوەز خستنە کار ‹تعقل در هر کاری موجب سعادت است: [illegible] لە هەر کارێکدا هۆی بەختەوەریە› ٢. ئاوەز؛ ژیری ‹این جور کارها با تعقل سازگار نیست: ئەم چەشنە کارانە لەگەڵ [illegible]دا یەک ناگرنەوە›.

تعقلی / ta'aqqolî/: [عربی] *صفت*. مژیوەرانە؛ ژیرانە؛ پێوەندیدار بە بەڵگەی ئاوەزینەوە.

تعقیب / ta'qîb، ـها؛ ـات/: [عربی]/اسم. ١. کار و ڕەوتی لە شوێن‌گەڕان؛ بە دوودا خولانەوە؛ شۆنیەرەگێڵەی ٢. شوێنگری؛ کار یان ڕەوتی شوێن‌کەوتن؛ شوێن هەڵکردن؛ شۆن هۆرکەردەی ‹رد پایش را تعقیب کردم: [illegible] پایم [illegible]› ٣. پەیجۆری؛ کار و ڕەوتی ڕاودۆنان؛ بە دوای شتێکدا چوون و پاپەی بوون؛ شۆنیەرە لوەی ‹در آنجا پروندەی مرا تعقیب کن، ببین کار بە کجا رسیدە: لەوێ بەدیجوری هەڤنویسەکەی من ببە، بزانە گەییشتۆتە کوێ›. هەروەها: **تعقیب شدن؛ تعقیب کردن**

◘ در تعقیب: بە شوێن؛ بە دوا؛ لە دوا؛ شۆنۆ؛ دماو ‹در تعقیب نامەی شما، من هم بە او تلفن زدم: بە شوێن نامەکەی تۆدا، منیش تەلەفوونم بۆکرد›.

تعقید / ta'qîd/: [عربی]/اسم. *[ادبی]* ئاڵۆزی؛ دژواری؛ پێچوپلووچی؛ نائاسایی و پڕگرێ و گۆڵ بوون (بەتایبەت لە نووسراوەدا).

تعلق / ta'alloq، ـات/: [عربی]/اسم. پێوەندی؛ پەیوەندی؛ پێ‌بەندی؛ بەندەواری؛ بەستەگی؛ بەسراوی؛ بەسراویەتی ‹از این همە تعلق گسستن، کار آسانی نیست: لەم گشتە [illegible]دانە پسان، کارێکی هاسان نیە›.

◘ تعلق خاطر: دڵبەندی؛ دڵبەستەیی؛ گیرۆدەیی؛ پابەندی؛ پێبەندی؛ هۆگریەتی ‹تعلق خاطر او بە مادرش بیش از حد بود: دڵبەندی بە دایکی لە ڕادە بەدەر بوو›.

◘ تعلق داشتن: هی کەسێک بوون؛ هینوو یۆی بیەی ‹کتاب بە او تعلق داشت: کتێبەکە هی ئەو بوو›.

تعلق گرفتن: پێ‌بڕیان؛ بە کەسێک بڕیان؛ بوون بە هی کەسێ؛ پنە بڕیەی ‹جایزە بە آزاد تعلق گرفت: خەڵاتەکە بە ئازاد بڕا›.

تعلقات / ta'alloqāt/: [عربی]/اسم. بەندەواری؛ پێبەندان؛ ئەوەی کە دەبێتە هۆی دڵبەستەیی یان هۆگریەتی.

◘ تعلقات دنیوی: ١. *[مجازی]* سامان؛ ماڵ و دارایی ٢. پێبەندانی دونیایی؛ پەیوەندیگەلی سەر بە ژیانی ئاسایی.

تعلل / ta'llol/: [عربی] *اسم. [ادبی]* سنەسن؛ سنگەسنگ؛ سس کاری؛ دەستی ـ دەستی؛ دەسی ـ دەسی ‹در صورت تعلل در انجام وظیفه اخراج خواهد شد: ئەگەر لە جێبەجێ کردنی ئەرکیدا سنەسن بکا دەردەکرێ›.

تعلم / ta'allom/: [عربی] *اسم. [ادبی]* کار یان رەوتی فێر بوون/ بیەی؛ یادگرتن؛ هەڤۆتن.

تعلیف / ta'lîf/: [عربی] *اسم. [ادبی]* ١. کار یان رەوتی لەوەڕاندنی چوارپێیان؛ چەرانی ئاژەڵان؛ لەوەڕنەی ‹تعلیف احشام در زمین غیر: لەوەری مالات لە زەوینی یەکی تردا› ٢. کار یان رەوتی لەوەڕان؛ لەوەڕین؛ لەوەڕیان؛ لەوەڕیەی؛ چەرین؛ چەرپن؛ ئالف خواردن ‹تخریب چراگاهها بر اثر تعلیف بی‌رویه: رووتیانەوەی لەوەڕگەکان بە هۆی لەوەڕانی لە رادەبەدەرەوە›.

تعلیق / ta'lîq/: [عربی] *اسم.* ١. دواکەوت؛ دۆخ یان چۆنیەتی پاش کەوتن و بێ ئەنجام مانی کارێک ‹تعلیق انتخابات: دواکەوتنی هەڵبژاردن› ٢. *ـات/ [ادبی]* پەراوێز؛ پەیوەست: **تعلیقه** ٣. *[ادبی]* تەعلیق؛ شێوە نووسینێکی پیتی عەرەبی کە لە سەدەی شەشەمی کۆچیدا پەرەی سەند.

▣ **تعلیق به محال**: دانەپاڵی کارێک بە ئەنجامی شتێکەوە کە قەت روو نادا (وەکوو: با گوڵێ بێتەو لە کانی!).

تعلیق خدمت: کار یان رەوتی بێکار کردنی کارمەندێک تا کاتی روون بوونەوەی کارەکەی (کە رەنگە ببێتە هۆی هاتنەوەی بۆ سەر کار یا دەرکرانی یەکجاری).

تعلیق مجازات: رەوتی چاوپۆشی کردن لە سزادانی خەتابارێک تا کاتێ کە تاوانی تری لێ نەوەشاوەتەوە

تعلیقه / ta'lîqe/ ☜ **تعلیق ـ٢**

تعلیقی / ta'lîqî/: [عربی] *صفت.* وەدواخراو؛ پاشکەوتە.

تعلیل / ta'lîl/: [عربی] *اسم. [ادبی]* کار و رەوتی وەبیر خستنەوە؛ هۆ هێنانەوە؛ ویرەوە وسەی.

تعلیم / ta'lîm، ـها؛ ـات؛ تعالیم/: [عربی] *اسم.* ١. فێرکاری؛ هەوس؛ هەڤۆت؛ هووت ٢. کار یان رەوتی فێر بوون؛ یادگرتن ‹برای تعلیم نقاشی باید پیش استاد رفت: بۆ فێر بوونی شێوەکێشی دەبێ بچیە لای مامۆستا›.

▣ **تعلیم دادن**: فێرکردن؛ راهێنان؛ هین کردن؛ هەوساندن؛ هۆژاندن؛ عاملاندن؛ هەڤۆتن؛ مستنایش؛ مسنایىه ‹به او رانندگی تعلیم می‌داد: رانندەیی پێ فێر دەکرد›.

تعلیم دیدن: فێر بوون؛ راهاتن؛ هەڤۆتن؛ هەوسین؛ وانە وەرگرتن ‹پیش برادرم تعلیم دیدم: لای براکەمەوە فێر بووم›.

تعلیم یافتن: فێر بوون؛ راهاتن؛ هەڤۆتن؛ وەرگرتن ‹نواختن تار را نزد عبدالله‌خان تعلیم یافت: تارژەنی بە لای عەبدولڵاخانەوە فێر بوو›.

تعلیمات / ta'lîmāt/: [عربی] *اسم.* فێرکاری.

▣ **تعلیمات ابتدایی**: فێرکاری سەرەتایی.

تعلیمات اکابر: فێرکاری گەورەساڵان.

تعلیمات عالی: فێرکاری باڵا.

تعلیمات متوسطه: فێرکاری ناوەندی.

تعلیماتی / ta'lîmātî/: [عربی] *صفت.* فێرکاری ‹دورەی تعلیماتی: خولی فێرکاری›.

تعلیم و تربیت / ta'lîm-o-tarbiyat/: [عربی] *اسم. [قدیمی]* راهێنان و بارهێنان.

تعلیم و تعلم / ta'lîm-o-ta'allom/: [عربی] *اسم. [ادبی]* کار و رەوتی فێرکردن و فێربوون.

تعلیمی / ta'lîmî، ـها/: [عربی] *اسم.*

چێوتالیم؛ چێـوێکی کـورت و خـەڕاتی کـراو و ڕازاوە، کــە ئــەفــسەران بــە دەســـتیانەوە دەگرت.

تعلیمـــی[٢]: *صـفت.* پـەروەردەیـی؛ فێرکـاری؛ سەر بە پەروەردەیی ‹شعر تعلیمی: هـەڵبەستی پەروەردەیی›.

تعلـیم‌یافتــه / ta'lîmyāfte /: [عربـی/ فارسـی] ☜ **آموزش‌دیده**

تعمد / ta'ammod /: [عربـی]/*اسم.* ئـەنقـەسـت؛ ئانقەسـت؛ دەسـقەس؛ دەسـەنقـەسـت ‹از روی تعمد سر و صدا مـی‌کـرد: بـە ئانقـەسـت هـەرا و هوریای دەکرد›.

◘ **تعمـد داشـتن**: بـە ئـەنقــەسـت بـوون؛ دەسـەنقـەسـی و بـە ویـستی خـۆ کـارێ کردن.

تعمـــــدا / ta'ammodan /: [عربــــی] *قیــــد.* دەسـانقەس؛ بـە قـەسـت؛ بـە ئـەنقـەسـت؛ دەسـقەس؛ ئانقـەسـتی؛ قـەسـایقەس ‹تعمدا طـوری چرخیـد کـە بازویش بـە سینی چـای بخـورد: بە ئەنقەست، جۆرێک هەڵـگەڕایـەوە کـە باڵـی بـدا لە سینی چاییەکە›.

تعمــــدی / ta'ammodî /: [عربـــی] *صـــفت.* دەسقەسی؛ ئەنقەستی؛ ئەنقەسی.

تعمـق / ta'ammoq، ـات /: [عربی]/*اسم.* [ادبی] کــار یـا ڕەوتی تێفکـرین؛ تێـڕامان؛ هـشاندن؛ بیرکردنـەوەی ورد و هـەمـەلایـەنـە؛ تێـدا ورد بوونــەوە؛ تێـدا بیرکردنــەوە ‹بایـد در ایـن بـاره خــوب تعمـق کنـیم: دەبـێ لـەم بـارەوە بــاش تێفکرین›.

تعمیـــد / ta'mîd /: [عربـی]/*اسم.* تــەعمیــد؛ ڕێوڕەسمــی تایبـەتی بــڕێک لــە دینگــەل (وەک خـاچپـەرەسـتی) بـۆ ئیمـان پـێ‌هێنـانی کـەسـێ کـە لـەگـەڵ شـۆردن یـان نمایشتی شۆڕدنیدا هاوڕێیە.

◙ **غسل تعمید** ☜ **غسل**

◘ **تعمیـد دادن**: پـاک‌کردنـەوە؛ شـۆردن بـە پێی ڕێوڕەسمی تایبەتی.

تعمیـد یـافتن: پـاک بوونـەوە؛ شـۆران بـە ڕێوڕەسمی تایبەتی بڕێک لە دینگەل.

تعمیر / ta'mîr، ـها؛ ـات /: [عربی]/*اسم.* کـەڵـتە؛ کار یان ڕەوتی چـاک‌کردنـەوە؛ خاسـەوکـردن؛ خـۆش کردنــەوە؛ وەشــەوەکــەردەی ‹تعمیـر یخچـال خیلـی هزینـه دارد: چـاک‌کردنـەوەی یەخەچاڵ خەرجی زۆر دەبا›.

تعمیرکـــار / ta'mîrkār، ـهـا؛ ـان /: [عربـی/ فارسی]/*اسم.* چاکـەوکـار؛ وەشـەوەکـەر؛ وەسـتا؛ وۆسـا؛ ئۆسـا؛ کـەسـێ کـە کـاری چاکـەوە کردن و دیـسان خـستنەوە کـاری کـەرەسـەی خراو و لە کارکەوتووە.

تعمیرگــاه / ta'mîrgāh، ـهـا /: [عربـی/ فارسـی] *اسم.* کارگـەی چاکـەوکـاری؛ کارگـەی تایبـەت بـە سـاز و دروسـت‌کردنـەوەی کـەرەسـتەی خراپ و لە کارکەوتوو.

تعمیـــری / ta'mîrî، ـهـا /: [عربـی] *صـفت.* ١. چاکەوەکـراو؛ شـیاوی چـاک‌کردنـەوە ‹یکـی از رادیوهـا تعمیـری اسـت: یـەکێـک لـە ڕادیـۆەکـان چاکــــەوەکــــراوە› ٢. چاکــــەوکــــراو؛ خاسەوکریاگ؛ وەشەوەکریا.

تعمیــق / ta'mîq /: [عربـی]/*اسـم.* ١. [نامتـداول] کــار یـا ڕەوتی قــووڵ‌کردنــەوە/ کــەردەیــوە؛ کوورکردنەوە ‹تعمیـق چاه نفت: قـووڵ‌کردنـەوەی چاڵـی نـەوت› ٢. دابنـارتن؛ کـار یـا ڕەوتی لـە بن و ناخـەوە دانـان یـا قووڵـی پێـدان ‹تعمیـق حکومـت قـانون: دابنارتنـی دەسـەڵاتی قـانوون› ٣. لــە بــنج و بنــاوانی شــتێ کۆڵــینەوە و دەرخستنی وردە و پەردە شاردراوەکانی.

تعمـیم / ta'mîm، ـهـا /: [عربـی]/*اسم.* [ادبی] ١. [نامتـداول] کــار یــان ڕەوتی گــشتی‌کــردن؛ هەموانی‌کردنـەوە؛ گـشتی‌پێدانـەوە ٢. کـار یـا ڕەوتی ڕەوا زانــینی بــڕیارێک لــە بابــەت

تــەواوی تــەوەرەکــانی هاوچــەشــن یــان ئەندامانی کۆمەڵێکەوە؛ گشتاندن.

تعمیـــه / ta'miye/: [عربـــی]/اســـم. *[بـــدیع]* مــەتــەڵبێـژی؛ وتــنی پــەیـڤێک بــە شـێوەی سەربەسراو و ئاوێتە بە مەتەڵۆکەوە.

تعویـــذ / ta'vîz، ـهــا/: [عربـی]/اسـم. *[ادبـی]* نوشــتوو؛ نووشــتە؛ نــشتوو؛ نــڤەشــت؛ نڤشتی؛ نڤشتۆک؛ نڤشت؛ چاوەزار؛ دوعـای نووسـراو بــۆ پــارێزران لــە چاوچــڵە کــە ســێ سـووچ دەقی دەکەن و لـە بـەرگێکـی شینی دەگـرن و هەمیشە لە خۆی هەڵدەواسن.

تعـویض / ta'vîz، ـهـا/: [عربـی]/اسـم. *[ادبـی]* ١. ئـاڵوگـۆڕ؛ ئـاڵوگـۆڕی؛ هـەڤگلی؛ کـار یـان ڕەوتی گـــۆڕین؛ گـــۆڕان؛ وارەی؛ وارتـــەی؛ وارای؛ دانـانی شـتێ (زۆرتـر هاوچـەشـن) بـە جێـی شـتێکی دیکـە ‹تعویض چرخ: گۆڕینی چــەرخ› ٢. واروگـــۆڕ؛ کـــار یـــان ڕەوتی گۆڕینـەوە؛ وەگـۆڕین؛ ئـەوەوارەی؛ گۆڕانـەوەی شتێ بە شـتێکیتـر ‹تعویض خانە: گۆڕینەوەی ماڵ›.

تعویـــق / ta'vîq/: [عربـــی]/اســـم. دواکـــەوتی؛ دواخــستی؛ دواخــستنی؛ دۆخ یــا چۆنیــەتی دواکەوتنی کار یان ڕووداوێک.

▣ **بــه تعویــق افتــادن:** کــەوتنــە دواوە؛ دوا کــەفــتن؛ درەنــگ بــوون؛ کــەوتــەیــوە دمــا ‹آزمـون بـه تعویـق افتاد: ئـەزموونەکـە کـەوتـە دواوە›.

بـه تعویـق انـداختن: خـستنە دواوە؛ بـە دوا خستن؛ بەدرەنگا خـستن؛ وسـەیـەوە دمـاوە ‹دولـت انتخابـات را بـه تعویق انـداخت: دەوڵـەت هەڵبژاردنەکەی خستە دواوە›.

تعهـــد / ta'ahhod/: [عربـی]/اسـم. وەخـۆگری؛ وەئەسـتۆگری: ١. پـەیمـان؛ کـار یـا ڕەوتی وە ئـەسـتۆگرتنی کارێـک ‹تعهد کـردن: وەئەسـتۆ گـرتن› ٢. /ـهـا؛ ـات/ بـەڵـێن؛ ئـەوەی کـە وەئـەسـتۆ دەگـیردرێ یـان کـەسـێک بـە ئـەرکـی خـۆی دەزانــێ ئـەنجـامی بـدا ‹تعهد شغلی: … پیشەیی›.

▣ **تعهـــد اخلاقـــی:** وەخـــۆگری ئاکـــاری؛ ڕەوتێــک کــە بــە پێــی داب و نــەریــتی سـەلمـاو، کـەسـێک بـەڕێـوە بـردنی بـە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێ.

▣ **تعهـــد دادن:** *[گفتـــاری]* بـــەڵـــێندان؛ بــڕیاردان؛ قــەراردان؛ قــەوڵدان؛ وەئــەســتۆ گـرتن بـەتایبـەت لـە لای کاربـەدەسـتێکی ڕەسمیـەوە ‹تعهد داد که دیگـر دیـر نکنـد: … ئیدی درەنگ نەکا›.

تعهد کـردن: بـڕیاردان؛ وەسـتۆگرتن؛ وەخـۆ گـرتن ‹تعهد کرد کـه تـا فـردا پـول را بپـردازد: … تا بەیانی پارەکە بدا›.

تعهـــد گـرفتن: بــڕیار وەرگــرتن؛ بــەڵــێن سەندن ‹از او تعهد گرفتم کـه تـا یـک هفتـه کـار را تمام کند: … لێ … تـا حـەفتـەیـەک کارەکە تەواوکا›.

تعهدنامـــه / ta'ahhodnāme، ـهــا/: [عربـــی/ فارسـی]/اسـم. بـەڵـێننامـە؛ نووسـراوەیـەک کـە ئـەنجامـدانی کارێـک یـان چـاو بـڕین لـە ئاکـارێکی تێیـدا وەئـەسـتۆ گـیراوە ‹تعهدنامه گرفتند و آزادم کردند: … یـان لـێم سـەنـد و ئازادیان کردم›.

تعـیش / ta'ayyoš/: [عربـی]/اسـم. *[نامتـداول]* ١. خـــۆشبـــوێری؛ وەشـــبـەری ٢. ڕابـــواری؛ گوزەران؛ کار یـان ڕەوتی قـەرقـەدانـدن؛ ژیـان بردنە سەر.

تعـــین / ta'ayyon، ـهـا؛ ـات/: [عربـی]/اسـم. *[نامتـداول]* شـکۆ؛ شـانوشـکۆ؛ شـانوشـۆن؛ گەورەیی؛ پایەبەرزی؛ مەزنایەتی.

▣ **تعین یـافتن:** شـان و شـۆن پـەیـداکردن؛ شـان و شـکۆ پـەیـداکردن؛ بـە شـان و شـۆ گەیشتن؛ پایەبەرز بوونەوە.

تعیین / ta'yîn/: [عربی]/*اسم*. ١. کار یا ڕەوتی دیاری‌کردن و شاندان ‹میزان کار را تعیین کنید: ڕادەی کارەکە دیاری کەن› ٢. کار یان ڕەوتی دانان؛ دانیان؛ دامەزراندن ‹تا تعیین مسئول جدید، شما بمانید: تا دانانی بەرپرسی نوێ، ئێوە بمێننەوە›.

▣ **تعیین شدن**: ١. دیاری‌کران ٢. دانران.

هەروەها: **تعیین کردن**

تغابن / taqābon/: [عربی]/*اسم*. ١. *[ادبی]* خەڵەتاوی؛ تێشکان و هەست بە زیان و دۆڕان‌کردن ٢. تەغابون؛ ناوی سوورەی شەست و چوارەم لە قورعانی پیرۆز.

تغار / taqār، ـها/: [ترکی]/*اسم*. ١. تەخاراو؛ تەغار؛ دەفرێکی سواڵەتی (زۆرتر) بە دەمی ئاوەڵا و بنی تا ڕادەیەک بچووکەوە ٢. *[قدیمی]* تەخار؛ تەغار؛ پێوانەیەک بەرامبەر بە ٥ تەنەکە، یان ٨٣,٤ کیلۆگرەم ٣. *[تعریض]* کادان؛ هۆڵدان؛ ئەشقەمە؛ ورگ؛ زگ؛ زک؛ سک؛ لەمە ‹چقدر می‌خوری! هنوز تغارت پر نشده: چەندە دەخۆی! هێشتا کادانەکەت پڕ نەبووە› ٤. *[مجازی]* زار؛ دەم؛ دم؛ دەڤ ‹آن تغار گندەات را ببند کە دیگر حوصلەی حرفهایت را ندارم: ئەو زارە دڕاوەتە ببەسە ئیتر تاقەتی قسەکانتم نیە›.

تغافل / taqāfol/: [عربی]/*اسم*. *[ادبی]* کار یا ڕەوتی خۆ خافڵاندن؛ خۆ لە نەزانی‌دان؛ خۆ لە گێلی دان؛ خۆ گێل کردن؛ خۆ بێ‌خەوەرکردن؛ خۆ بێ‌خەوەر پیشاندان و شتێ لە بەرچاو نەگرتن.

تغذیه / taqziye/: [عربی]/*اسم*. ١. کار و ڕەوتی خواردن؛ واردەی؛ واردش؛ خۆراک خواردن ‹او روش تغذیەی صحیح را بە فرزندش آموختە بود: ڕێگەی دروست خواردنی بە منداڵەکەی فێرکردبوو› ٢. *[مجازی]* خۆراک؛ بژیو؛ کار یان ڕەوتی وەرگرتنی پێداویستی بۆ درێژە پێدان بە کار و تێکۆشان ‹تغذیە فکری: خۆراکی فیکری› ٣. *[مجازی]* کار یان ڕەوتی خۆراکدان؛ هێز و توانا دان بە کەسێ یان شتێک و نیازی ئەو دابین کردن.

▣ **تغذیه شدن**: بژیو پێگەیشتن؛ خۆراک پێگەیشتن؛ وەرگرتنی خواردەمەنی یان پێداویستی‌تری ژیان.

تغذیه کردن: خۆراکدان؛ بژیو پێگەیاندن؛ خۆرادەمەنی پێدان؛ خواردەمەنی یان پێداویستی دان.

تغزل / taqazzol، ـات/: [عربی]/*اسم*. *[ادبی]* کار یان ڕەوتی هەڵبەستن و خوێندنی شیعری دڵداری؛ هەڵگوتن؛ غەزەڵ‌گوتن.

تغزلی / taqazzolî/: [عربی] *صفت*. *[ادبی]* ئەویندارێتی؛ ئەوینداراندە ‹شعر تغزلی: هەڵبەستی ئەوینداراندە›.

تغلیظ / taqlîz/: [عربی]/*اسم*. کار یان ڕەوتی خەستەوکردن؛ خەس‌کردنەوە؛ هەسەو کردن؛ هەسەوەکەردەی ٢. *[مجازی، قدیمی]* ڕووگرژی؛ ناوچاوتاڵی؛ زمان‌تاڵی؛ گەمۆری.

تغیر / taqayyor/: [عربی]/*اسم*. *[ادبی]* تووڕەیی؛ توندی؛ هەڵچوویی؛ کار یان ڕەوتی هەڵشاخان؛ هۆڕنامەی ‹چرا با تغیر با من حرف می‌زنی: بۆ بە تووڕەییەوە ئەمدوێنی›.

تغییر / taqyîr، ـها؛ ـات/: [عربی]/*اسم*. گوهار؛ کار یان ڕەوتی گۆڕان؛ گۆڕیان؛ واڕیەی؛ فارپای ‹تغییر اوضاع: گۆڕانی بار و دۆخ›.

▣ **تغییر ذائقه**: تامی دەم گۆڕان؛ گۆڕانی تامی زار بە خواردن یان خواردنەوەی شتێک.

▣ **تغییر دادن**: گۆڕان؛ گۆڕین؛ گوهارتن؛ واڕەی؛ واڕتەی؛ گوهەڕین؛ گوهەڕاندن ‹شما بعضی جملەها را تغییر دادەاید: ئێوە بڕێ لە ڕستەکانتان گۆڕاوە›.

تغییر کردن/ یافتن: گۆڕان؛ گۆڕیان؛ گۆڕدران؛ واریەی؛ فارپای؛ گوهەران ‹رنگش تغییر کرد: ڕەنگی گۆڕا›.

تف / taf: /اسم. ۱. شەرا؛ سەبوون؛ تاو؛ تاوە؛ تین؛ تینی؛ هیت ‹تف خورشید: شەرای هەتاو›: **تفت** ۲. گەرما؛ گڕ ‹تف معده: گەرمای گەدە› ۳. *[مجازی]* ئاگر؛ گڕ؛ دەرد و ژان.

تف¹ / tof: /اسم. *[گفتاری]* تف؛ گلۆیز؛ ئاودەم.

▣ **تف سر بالا**: *[کنایی]* تفی بەرەو با/ ژوور؛ تف سەرەو ژوور؛ گلۆیزوو سەرەکۆی؛ دژمنایەتی یان تۆڵە سەندنەوەیەک کە زیان و زەرەرەکەی داوێنی تۆڵەسێنەر بگرێتەوە.

▣ **تف کردن**: ۱. تف‌کردنەوە؛ تفەوکردن؛ فتاندن؛ ئەوەتفەی؛ تفایوە؛ تف هاویشتن؛ تووڕدان یان داخستنی ئاوی دەم. هەروەها: **تف انداختن** ۲. تفاندنەوە؛ تفانەوە؛ لە زار دەرهاویشتن یان تووڕدانی شتێ کە بۆ خواردن نابێ.

تف²: *صوت*. تف؛ وتەیەک بۆ دەربڕینی ڕق و قین ‹تف به این زندگی که برای ما درست کردەاند: تف لەم ژینە کە بۆ ئێمەیان سازکردووە›.

تفاخر / tafāxor، ـها/: [عربی]/اسم. *[ادبی]* بەخ؛ بەخی؛ کار یان ڕەوتی خۆ هەلکێشان؛ غللووری کردن؛ یەرغە بوون ‹تفاخر به نیاکان مشکل ما را حل نمی‌کند: بەخ بە پێشینینان کێشەمان چارەسەر ناکات›.

تفاسیر / tafāsîr: [عربی] جمعِ ☜ **تفسیر**

تفاصیل / tafāsîl: [عربی] جمعِ ☜ **تفصیل**

تفاضل / tafāzol، ـها/: [عربی]/اسم. ۱. هەڤیازی ۲. *[ریاضی]* پاشماوە؛ ئەوەمەنە.

تفأل / tafa'ol: [عربی]/اسم. کار یان ڕەوتی دەم کتێوکردنەوە؛ لای کتێو ڕوانین؛ فاڵ گرتنەوە.

تفاله / tofāle، ـها/: [عربی]/اسم. تلف؛ تڵفە؛ تڵفار؛ تڵفارە؛ تۆفاڵ؛ تلپە؛ تلپ؛ تلتە؛ لیتە؛ لیرد؛ سلپ؛ سلف؛ خڵتە؛ ملت؛ ملتە: ۱. بەشی پاشماوەی ماکێک کە شیرە، ڕۆن یان ئاوەکەی لێ وەرگیراوە ‹تفالەی انگور؛ تفالەی چای: سەنەی تری؛ سەنەی چای› ۲. *[مجازی]* شت یان کەسی پەست و بێ‌نرخ ‹تفالەهای اشغالگران: سقارەکانی داگیرکەران›.

تفاوت / tafāvot، ـها/: [عربی]/اسم. جیاوازی؛ جیایی؛ جودایی؛ تەوفیر؛ تۆفیر؛ فەرق؛ نابەرانبەری لەگەڵ شتێکی‌تردا لە بواری چۆنیەتی، ڕەنگ، بیچم، هەند و ئەندازەوە ‹رنگ این با آن یکی تفاوت دارد: ڕەنگی ئەمە لە گەڵ ئەوەدا جیاوازی هەیە›.

▣ **تفاوت معنی‌دار**: جیاوازی بەرچاو؛ جیاوازیەک (کەم یان زۆر بوونەوەیێک) کە نیشاندەری کار و ڕەوتێکی تایبەتیە.

تفاهم / tafāhom: [عربی]/اسم. ۱. /ـها؛ ـات/ کار یان ڕەوتێک بۆ دەرکەوتنی بیر، باوەڕ، سەلیقە، ئاکار یان ئەنگیزەگەلی کەسێکی‌تر و ڕێک و یەک‌لا بوونەوە لەگەڵی؛ لێک‌گەیشتن؛ لێگەیشتن ‹بدون تفاهم کارشان پیش نمی‌رود: بەبێ لێک‌گەیشتن کاریان بەڕێوە ناچێ› ۲. *[مجازی]* سازشت؛ کار یان ڕەوتی پێک‌هاتن؛ سازان؛ ساچیان؛ ساچیەی؛ لەڤ هاتن ‹با هم تفاهم دارند: پێکەوە سازسیان هەیە›. هەروەها: **تفاهم داشتن؛ به تفاهم رسیدن**

تفاهم‌نامه / tafāhomnāme: [عربی/ فارسی] /اسم. پێکهات‌نامە؛ سازشت‌نامە؛ نووسراوەیێ کە ئەوانەی ئیمزایان‌کردووە لە سەر ئەو بابەتانەی تێیدا هاتووە، پێک‌هاتنی خۆیان ڕادەگەیەنن (تا لەوە دوا وەکوو بڕیار یان

پێکهاتێک بلاو بێتەوە›.

تفت / taft/: *اسم. [گفتاری]* تاو؛ تاوە؛ تین؛ تینی؛ هیت: **تف**

▣ تفت دادن: تاودان؛ سوورەوەکردن؛ چۆقاندن؛ گەرما دان بە شتێ تا ڕادەیەک کە ڕەنگی تۆزێک مەیلەو سوور بێتەوە ‹گوشت را کمی تفت می‌دهیم: گۆشتەکە نەختێ تاو دەدەین›.

تفتال / taftāl/: [؟] *اسم. [زمین‌شناسی]* تەفتال؛ ماکێکی سیلیسی و تواوەی نێو ناخی زەوین کە سەرچاوەی بەردی ئاگرینە: **ماگما**

تفتگی / taftegî/: *اسم.* تاودراوی؛ دۆخ یا چۆنیەتی هێندێک تین پێدان بەلام نەک تەواو.

تفته / tafte/: *صفت.* تاودراو؛ تین‌پێدراو ‹آهن تفته: ئاسنی تاودراو›.

تفتیش / taftîš، ـها/: [عربی] *اسم.* کار یان ڕەوتی پشکنین؛ بوشکنین: ١. قەلۆ؛ سەنگوسۆزن؛ سەچت؛ مالجور؛ کار و ڕەوتی گەڕان؛ وشکنەی؛ گێلەی؛ ورد بوونەوە و گەڕان بە شوێن شتێکدا ‹تفتیش منزل: پشکنینی مال› ٢. *[نامتداول]* پرس و جۆ ‹تفتیش عقاید: پشکنینی بیر و ڕا›

▣ تفتیش بدنی: پشکنینی لەش؛ گەڕان بە جلک و لەشی کەسێکدا.

تفتیش عقاید: پشکنینی بیر و ڕا؛ پرس و جۆکردن بۆ زانینی بیر و بۆچوونی خەلک و ناسینەوەی نەیاران.

▣ تفتیش کردن: پشکنین؛ سەچتین؛ قەلۆ کردن؛ لێ گەڕان؛ وشکنەی؛ چنەگێلەی؛ گەردین.

تفتین / taftîn/: [عربی] *اسم. [قدیمی]* بشێونەیی؛ شێوانکاری؛ ئاژاوەگێڕی؛ پیلانگێڕی؛ کاری ئاژاوە نانەوە.

تفحص / tafahhos، ـها؛ ـات/: [عربی] *اسم. [ادبی]* کار یان ڕەوتی تۆژینەوە؛ لێکۆلینەوە؛ وردگەڕان؛ هلکەوشاندن؛ هلکەواشتن ‹تفحص برای یافتن شخص فراری ادامه دارد: تۆژینەوە بۆ دۆزینەوەی کابرای هەلاتوو هەروا بەردەوامە›.

تفرج / tafarroc/: [عربی] *اسم. [ادبی]* سەیران؛ گەشت‌وگێل؛ گەڕان لە دەشت و دەر بۆ حەسانەوە و خەم ڕەواندن.

تفرجگاه / tafarrocgāh، ـها/: [عربی/ فارسی] *اسم.* سەیرانگا؛ جێگەی گەشت و سەیران لە ژینگەدا.

تفرعن / tafar'on/: [عربی] *اسم. [ادبی]* لووت‌بەرزی؛ دەماربەرزی؛ خۆ بە زل زانی؛ خۆپەسێنی؛ ئاکاری سەر هەلداو لە هەستی خۆ بە زلتر زانین و خەلک بە کەم دانانەوە.

تفرق / tafarroq/: [عربی] *اسم. [ادبی]* بلاوەیی؛ پرژ و بلاوی؛ پەرژاویەتی.

تفرقه / tafraqe, tafreqe، ـها/: [عربی] *اسم.* ١. بلاوی؛ بلاوەیی؛ پەرژ؛ بار و دۆخی دەست لە یەک بڕاوی و لێک‌جیایی لە شتێکدا ‹تفرقەی حواس: بیر بلاوی› ٢. چەن‌بەرەکی؛ چەن‌دەسەیی؛ دووبەرەکی؛ دووبەرەکی؛ دووبەرەکایەتی؛ چەن‌پەلی ‹تفرقه در میان اعضا موجب برهم خوردن جلسه شد: چەن‌بەرەکی لە نێو ئەندامانەدا بوو بە هۆی هەلوەشانەوەی دانیشتنەکە›.

▣ **تفرقەی حواس**: بیربلاوی؛ بیرئالۆزی.

تفرقەی خاطر: خاتر پەرێشانی؛ بیرپەرتی؛ بیربلاوی؛ بیرشاشی.

▣ تفرقه افتادن: دووبەرەکی ساز بوون؛ جیایی‌کەوتن/ کەوتنەوە؛ چەن‌بەرەکی داکەوتن ‹در میان اعضا تفرقه افتاد: چەن‌بەرەکی کەوتە نێوان ئەندامانەوە›.

تفرقە انداختن: دووبەرەکی نانەوە؛ دووبەرەکی خۆش‌کردن؛ جیایی خستن ‹تفرقە بیانداز و حکومت کن!: دووبەرەکی بنەوە و ئاغا بمێنەوە!›.

تفرقەانگیز / tafraqe'angîz, tafreqe- /: [عربی/ فارسی] صفت. بشێونە؛ بشێوەکار؛ بشێون؛ شێوەژنە؛ ئاژاوەگێڕ؛ هۆی چەند دەستەیی، دووبەرەکی و جیایی.

تفریح / tafrîh، ـها؛ ـات/: [عربی]/اسم. سەیران؛ گەشت؛ گەشت‌وگوزار؛ خڕ؛ گێڵەی؛ چالاکیەک کە دەبێتە هۆی سەرگەرمی، ڕابواردنی کات بە خۆشی و دوور خستنەوەی کوڵ‌وکەسەر.

▣ **تفریح سالم:** شادیەک کە لەگەڵ نەریتەکانی کۆمەڵگادا سازگار بێت.

زنگ تفریح ☜ **زنگ**

▣ **تفریح داشتن:** خۆش بوون؛ بوونە هۆی سەرگەرمی؛ سەیر بوون ‹کارهایش خیلی تفریح داشت: کارەکانی زۆر خۆش بوون›.

تفریح کردن: سەیران‌کردن؛ گێژ خواردن؛ گێل خواردن؛ بە دڵخوازی خۆ، کات ڕابواردن.

تفریحی / tafrîhî/: [عربی] صفت. خۆش؛ سەرگەرمکەر ‹فیلم تفریحی: فیلمی خۆش›.

تفریط / tafrît، ـها/: [عربی]/اسم. [ادبی] کۆتایی؛ کەمتەرخەمی؛ کار یان ڕەوتی پێ‌داگرتن لەسەر کەم. بەرانبەر: **افراط**

▣ **تفریط کردن:** کۆتایی‌کردن؛ ماڵ (بەتایبەت هی کەسانی‌تر) بە فیڕۆ دان.

تفریق / tafrîq، ـها/: [عربی]/اسم. ١. [ریاضی] یەکێک لە چوار کارە سەرەکیەکان کە جیاوازی دوو هەند بە گوێرەی یەکتری پێ دیاری دەکرێ ٢. [نامتداول] جوێکری؛ لێکبڕی، جیاسازی.

تفسیدن / tafsîdan/: مصدر. لازم. //**تفسیدن:** پڕووزای؛ **میتفسی:** دەپڕووزی؛ **بتفس:** بپڕووزە// ١. پڕووزان؛ پڕووزیای؛ تەوەسیان؛ پیشیان؛ پلیشیان؛ پلمیشیەی؛ لە بەر تاوی گەرمای سەختەوە بوون ٢. [فیزیک] قرچیان؛ هەڵقرچان؛ ئەوەقرچیەی؛ قرچیای؛ پل‌خواردنی تنۆکەی تراو لە سەر ڕوویەکی زۆر داخدا و بوون بە هەڵم بەبێ کوڵان.

■ صفت مفعولی: **تفسیده** (پڕووزاو)

تفسیر / tafsîr، ـها؛ ـات؛ تفاسیر/: [عربی]/اسم. ئازەنتی؛ ڕاوە؛ ڕاڤە؛ ڕازە؛ واتا لێکدانەوە؛ شی‌کردنەوە: ١. کار یان ڕەوتی ڕوون کردنەوەی واتا و مەبەستی نووسراوە یان وتەیەک و هۆی پەیدا بوون و مرازی نووسەر یان بێژەر ‹تفسیر قرآن: ڕاڤەی قورعان› ٢. وتە یان نووسراوەیەک کە ئاوەها مەبەستێکی هەیە و بۆ شی کردنەوەی شتێک نووسراوە.

▣ **تفسیر سیاسی:** ڕاڤەی ڕامیاری؛ شی کردنەوەی هۆی ڕووداوە ڕامیاریەکان و پێش‌بینی بۆ داهاتوو. هەروەها: **تفسیر اقتصادی؛ تفسیر نظامی**

تفصیل / tafsîl، ـها؛ ـات؛ تفاصیل/: [عربی]/اسم. [ادبی] کار یان ڕەوتی گوتنی پاژ بە پاژی بابەتێک بە دوور و درێژی.

▣ **تفصیل دادن:** بە وردی و دوور و درێژییەوە لێ‌دوان.

تفصیلی / tafsîlî/: [عربی] صفت. دوور و درێژ؛ بە هەموو وردەکاریەکەوە.

تفضل / tafazzol، ـات/: [عربی]/اسم. [ادبی] ١. چاکە؛ خاسە؛ باشی ٢. دلۆڤانی؛ میهرەبانی؛ مەیرەوانی.

▣ **تفضل کردن:** چاکە لەگەڵ کردن؛ دلۆڤانی‌کردن؛ لە ڕووی میهرەبانی و دلۆڤانیەوە شتێک دان ‹خداوند تفضل کرد

مـا را از آن مخمـصه نجـات داد: خـودا ... و لەو فەرتەنە پەڕاندینیەوە›.

تفضیل / tafzîl/: [عربی]/اسم. [ادبی] هەڤیازی؛ دۆخی لە سەرتر، گەورەتر یان باشتر بوون.

تفضیلی / tafzîlî/: [عربی]/اسم. خاوەن هەڤیازی.

◙ صفت تفضیلی ☜ **صفت**

تفقد / tafaqqod، ـات/: [عربی]/اسم. دڵنەوایی؛ دڵجۆیی؛ دلۆڤانی؛ کار یان ڕەوتی بە سەرکردنەوە ‹شاەزادە خانم از سر تفقد سری تکان داد: شازادە خاتوون لە ڕووی ...ەوە سەرێکی لەقاند›.

تفک / tofak/: اسم. ١. ☜ **پفک-١** ٢. تاپڕ؛ تاپەڕ؛ تفەنگی ساچمەزەن.

تفکر / tafakkor، ـها؛ ـات/: [عربی]/اسم. ١. سیفا؛ کار یان ڕەوتی تێفکرین؛ بیرکردنەوە؛ تێڕامان؛ هشاندن؛ ویرەوەکەردەی ‹مدتی به تفکر پرداخت: ماوەیەک تفکری› ٢. هزر؛ بۆچوون؛ شێوازی بیرکردنەوە ‹تفکر سیاسی: ...ی ڕامیاری›.

تفکیک / tafkîk/: [عربی]/اسم. جیاکاری؛ جوێکاری؛ کار یان ڕەوتی جوێکردنەوە؛ جیاکردنەوە؛ لێککردنەوە؛ لێک جیا کردنەوە؛ جیاوەکەردەی ‹تفکیک نامەها بە عهدەی شما: ... نامەکان لە ئەستۆی ئێوە بێ›.

◙ تفکیک قوا: جیاکردنەوەی هێزەکان؛ یەکێک لە پێویستەکانی وڵاتداری ئەمرۆژینەیە، کە دەبێ سێ هێزی قانوون‌دانەر و بەڕێوەبەر و داوەری کار، ئەرک و ئیشیان بە ڕۆشنی لێک جیاواز بێ.

تفمالی / tofmālî/: اسم. ١. تفمالی؛ تفساوی؛ کار یا ڕەوتی ساوینی ئاوی دەم بەسەر شتێکدا ‹در پاکت را تفمالی کرد و چسباند: دەرکی پاکەتەکەی تفمالی کرد و چەسپاندی› ٢. [مجازی] پشیلەشۆر؛ پشی‌شۆر؛ سەرچڵ؛ کار یا ڕەوتی جێبەجێ کردنی کارێک بە شێوەی سەرسەری و ناتەواو ‹کاسەها را تفمالی کردە و رفتە: قاپەکانی پشیلەشۆر کردووە و ڕۆیشتووە›.

تفنگ / tofang، ـها/: اسم. بەرووج؛ تفەنگ؛ تفەک: ١. ئامرازێکی تیر هاویشتنی تاکە کەسی لوولە درێژی قۆناخدارە ٢. چەک؛ گوللەهاوێژی شەڕ ٣. هەر ئامرازێک لە بیچمی تفەنگ بۆ سەمپاشی و...

◙ تفنگ بادی: تفەنگ بادی؛ چەکی بایی؛ بەرووجی بایی.

تفنگ پر: تفەنگی پڕ؛ بەرووجێ کە گوللەی تێدایە. هەروەها: **تفنگ خالی**

تفنگ تەپر: تاپڕ؛ تاپەڕ؛ بەڵمەبڕ؛ تفەنگێ کە لە بنەوە باroot و گوللەی تێ بخرێ. هەروەها: **تفنگ سرپُر**

تفنگ خودکار: چەکی خۆمەش؛ تفەنگێ کە بە چرکاندنی پەلەپیتکە، گوللەگەلێکی زۆر، بەڕیز دەتەقێنەوە.

تفنگ دولول: چەکی دوولوول؛ جفت لوول؛ جۆرێک تفەنگە کە دوو لوولەی لە هێلێک و لە پەنای یەکتردا هەیە، بۆ تەقاندنی دوو تیر بە شوێن یەکدا.

تفنگ ساچمەای: شرقە؛ قرمە؛ ڕەشۆکی؛ جۆرێک تفەنگی ڕاوە کە بە جێی تاقەگوللە، هێندێک ساچمەی تێدا یە.

تفنگ شکاری: چەکی ڕاو؛ تفەنگی تایبەتی ڕاو.

تفنگ نیمه‌خودکار: چەکی نیوەخۆمەش؛ تفەنگێ کە بە چرکاندنی پەلەپیتکە و دەرچوونی گوللە، گوللەیێکی‌تر دەچێتە بەرکار.

⊡ **تفنگ انداختن:** *[گفتاری]* گولله تەقاندن؛ تیر هاویشتن؛ تفەنگ تەقاندن.
تفنگ درکردن: تیر هاویشتن؛ گولله تەقاندن؛ تیر دەرکردن؛ گولله خستن؛ تیر خلاس‌کردن؛ گرۆلیە تەقنەی؛ تیر شای.
تفنگچی / tofangčî/ ☜ **تفنگدار**
تفنگدار / tofangdār، ـها؛ ـان/: [عربی]*اسم.* چەکدار؛ تفەنگدار؛ تفەنگچی؛ شەڕکەری بە تفەنگ: **تفنگچی**
⊡ **تفنگدار دریایی:** چەکداری زەریایی؛ چەکداری فێرکراوی هێزی زەریایی بۆ شەڕ.
تفنن / tafannon، ـها؛ ـات/: [عربی]*اسم.* سەرگەرمی؛ کارێک بۆ سەرگەرمی و خۆش ڕابواردن نەک بە شوغڵ؛ خۆخەڵەنجان؛ وێخەجڵەنەی ‹برای تفنن مدتی به گلکاری پرداخت: بۆ سەرگەرمی ماوەیەک خەریکی گولکاری بوو›.
تفننی [1] / tafannonî/: [عربی] *صفت.* بە دۆخ یان چۆنیەتی سەرگەرمیەوە.
تفننی [2]: *قید.* وەک سەرگەرمی؛ بۆ سەرگەرمی؛ بە مەبەستی خۆ خلافاندن یان وەک سەرگەرمی ‹آزاد تفننی درس می‌خواند: ئازاد وەک سەرگەرمی دەرس دەخوێنێ›.
تفو / tofû/: *صوت. [ادبی]* تف؛ تفکە؛ عەک تف؛ دەک تف؛ وشەی دەربڕینی بێزاری و وەڕەزی ‹تفو بر تو ای چرخ گردون! تفو: تف لە ڕووت ئەی چەرخی گەردوون! تف لە ڕووت!›.
تفوق / tafavvoq/: [عربی]*اسم. [ادبی]* هەڤیازی؛ سەرکەوتوویی؛ زاڵێتی؛ باڵادەستی ‹علل تفوق غرب: هۆی هەڤیازی ڕۆژئاوا›.
⊡ **تفوق جستن:** پێشەک ساندن؛ پێش گرتن/ کەوتن؛ هەڤیازی بە دەست‌هێنان ‹پس از مدتی نیروهای متفقین بر نیروهای متحدین تفوق جستند: پاش ماوەیەک هێزە هاوپەیمانەکان پیشدکیان لە هێزە یەکگرتووەکان ساند›.
تفوق داشتن: زاڵ بوون؛ هەڤیاز بوون؛ لە پێشەوە بوون ‹در آغاز جنگ آلمان بر متفقین تفوق داشت: لە دەسپێکی شەڕدا ئاڵمان بە سەر هێزە هاوپەیمانەکانەوە زاڵ بوو›.
تفوق یافتن: کەوتنە بەر؛ کەوتنە پێشەوە؛ زاڵ بوون؛ سەرکەوتن.
تفویض / tafvîz/: [عربی]*اسم. [ادبی]* ۱. کار یان ڕەوتی پێ‌سپاردن؛ پێدان؛ دانە دەست ‹تفویض اختیار: پێ‌سپاردنی دەسەڵات› ۲. *[فلسفه]* ئازادی ویستی مرۆڤ. بەرانبەر: **جبر**
⊡ **تفویض کردن:** سپاردن؛ دانە دەست ‹وزیر کشور اختیارات خود را در استانها به استانداران تفویض کرد: وەزیری وڵات دەسەڵاتی خۆی لە پاریزگاکاندا بە پارێزگەرەکان سپارد›.
تفهیم / tafhîm/: [عربی]*اسم. [ادبی]* کار یا ڕەوتی تێگەیاندن؛ فاماندن.
⊡ **تفهیم شدن:** تێگەیندران ‹موضوع شکایت به متهم تفهیم شد: تاوانیەکە لە بابەتی شکایەتەکەوە تێگەیندرا›.
تفهیم کردن: تێگەیاندن؛ فاماندن؛ قەوراندن؛ نیشاندان؛ بردنە مێشکەوە؛ چنەیاونەی؛ ڕوون‌کردنەوەی مەبەستێک ‹به او تفهیم کردم که ...: تیم‌کەباند کە...›.
تق / taq(q)/: *صوت.* تەق؛ تەقە؛ پۆقە؛ دەنگی گڕ و کەمبڕی تەقانەوە (وەکوو تەقینەوەی گولله، ترەکینی تەگەرەی ترۆمبیل و...).
⊡ **تق چیزی درآمدن:** *[گفتاری]* بە فشە

دەرچـوونی شـتێک؛ نـاوی شـتێک زڕان؛ دەرکـەوتـنی ڕاسـتەقانیـەک کـە شـاردراوە یـان شـاراوەیە؛ بـەتـاڵ و بـێ‌متمانـە بـوون ‹تـق شـرکت درآمـد: بـەشـدارگەکـە بـە فـشـە دەرچوو›.

تقابـل / taqābol، ـهـا/: [عربـی]/اسـم. [ادبـی] ۱. [نامتـداول] ڕووبـەڕوویـی؛ ڕواوڕوویـی؛ هـەڤبەری؛ دۆخـی لـە بـەرانبـەری یـەکـەوە بـوون ۲. دژایـەتی؛ کـار یـان ڕەوتی سەرپێچکاری کـردن ‹اگـر کـار بـه تقابـل بکـشد نتیجه‌اش قابل پیش‌بینی نیست: ئـەگـەر کـار بگاتـە دژایەتی ئاکامەکەی پێش‌بینی ناکرێت›.

تقـارب / taqārob/: [عربـی]/اسـم. [ادبـی] ۱. نێزیکـی؛ نزیکـی؛ هـەنـازی ۲. ڤـێک‌کـەتی؛ وێک‌کەوتی؛ هەڤگری.

تقـارن / taqāron/: [عربـی]/اسـم. [ادبـی] ۱. [ریاضـی] دەقـاودەقـی بیچمگـەل و ڕیـزی پاژگـەل لـە دوو لای خالـێک، خـەتێک یـان ڕووپـەڕێـک ۲. پێـوەنـدی نێـوان پـاژەگـەلی دوو شـتی وەک یـەک ۳. [مجـازی] هاوکـاتی؛ هاوچاخی؛ هاوچـەرخـی نێـوان دوو یـا چـەنـد ڕووداو ‹تقارن ماه رمضان بـا عیـد نـوروز: هاوکـاتی مانگی ڕەمەزان لەگەڵ جەژنی نەورۆزدا›.

تقـاص / taqās/: [عربـی]/اسـم. [گفتـاری] ۱. سـزا؛ تـاوان؛ وەباڵـبەرە؛ سـزای کـاری خـراپ ۲. تۆڵـە؛ کـار و ڕەوتی قـەرەبووی کـاری ناڕەوا لە کەسێ کردنەوە.

▣ **تقـاص پـس دادن**: سـزا دیتنـەوە؛ تـاوان دانـەوە ‹گفـتم آخـرش یـک روز تقـاص آن کـار را پـس مـی‌دهـی: وتم ئـاخری ڕۆژێـک سـزای ئـەم کارەت دەبینیەوە›.

تقـاص گـرفتن: تۆڵـە سـەندنـەوە؛ حـەق سـاندنەوە؛ قەرەبووکردنـەوە ‹مـی‌خواسـت تقـاص خـون بـرادرش را بگیـرد: دەیویـست تۆڵەی خوێنی براکەی بسێنێتەوە›.

تقاضـا / taqāzā، ـهـا/: [عربـی]/اسـم. ۱. داخـواز؛ بخـواز؛ تکـا؛ خوایـشت ‹تقاضـا مـی‌کـنم بـه کـار ایشان رسیدگی کنید: تکـا دەکـەم بـە کـاری ئـەوان ڕابگـەن› ۲. خـوازە؛ داخـواز؛ داوا ‹تقاضـای اسـتخدام: خـوازەی دامـەزران› ۳. [اقتـصاد] داخـوازی؛ داواکـاری؛ داوخـوازی کارنیـاری؛ خـوازە؛ داخـوازی شـتومـەک یـان ڕاژەگـەلێـک. بـەرانبـەر: **عرضـه** ‹تقاضـا بـرای خرید نفت کـاهش یافت: خـوازە بـۆ کـڕینی نـەوت کەم بووەوە›.

تقاضـانامه / taqāzānāme، ـهـا/: [عربـی/ فارسـی]/اسـم. داخوازنامـە؛ خـوازەنامـە؛ خواسـتنامە؛ داواکـاری‌نامـە؛ نووسـراوەیـەک زیـاتر بـۆ خـاوەن پلـە یـان بـەرپرسـێ کـە نووسەر تێیدا شتێکی داوا کردووە.

تقـاطع / taqāto'/: [عربـی]/اسـم. ۱. [نامتـداول] یـەکبـڕی؛ تـەقیـان؛ کـار یـان ڕەوتی یـەکتـر بـڕین؛ یـەک‌بـڕین ۲. /ـهـا/ بـڕگا؛ دابـڕین؛ بڕگـە؛ جێگایـەک کـە دوو یـا چـەن شـت یـەکـتری دابـڕن؛ جێگـای لێـک دابـڕان ‹سر تقاطع با عـابری تـصادف کـرد: لـە سـەر بڕگاکـە دای لە ڕێبوارێک›.

تقاعـد / taqāo'd/: [عربـی]/اسـم. وەنیـشتەیـی؛ دانیـشتەیـی؛ خانـەنـشینی؛ کـەنـارگری؛ دۆخ یان چۆنیەتی درێـژە نـەدانی کـار و پیـشە، بـە پێی داب و دەستوور، بە گرتنی مووچەوە.

تقبـل / taqabbol/: [عربـی]/اسـم. وەرگـری؛ ڤـەخـۆگری؛ هـەڵـگری؛ کـار یـان ڕەوتی وەئەستۆگرتن.

▣ **تقبل کـردن**: وەئـەسـتۆگرتن؛ بـوارا کـردن؛ ڤـەخـۆگرتن؛ هـەڤـگرتن؛ قـەبـووڵ‌کـردن ‹نگهداری او را تقبل کـرد: بـەخێـو کـردنی ئـەوی وەئەستۆگرت›.

تقبـیح / taqbîh/: [عربـی]/اسـم. خراپـەبێـژی؛ کار یا ڕەوتی بـە خـراپ زانـین یـا خراپـە وتـن

‹روزنامه‌ها کار او را تقبیح می‌کردند: ڕۆژنامەکان خراپەی کارەکەی ئەویان دەکوت›.

تق ــ تق / taqtaq/: *صوت*. تەقەتەق؛ تەق‌وتۆق؛ تیق‌ـتیق؛ تەق‌وپۆق؛ دەنگێکی وەک دەنگی تەقاندنی گولله لە دوورەوە یان پێکدادانی چەن شت.

تق ــ تق / teqteq/: *اسم*. خرەخر؛ دەنگی هێواشی وێکخواردنی چەن شت.

تقدس / taqaddos/: [عربی]/*اسم*. *[ادبی]* پیرۆزی؛ پاکی؛ دۆخ یا چۆنیەتی پیرۆز بوون ‹خیلی اظهار تقدس می‌کرد و جانماز آب می‌کشید: زۆر لە خۆیەوە پیرۆزی دەنواند و مەرایی دەکرد›.

تقدم / taqaddom/: [عربی]/*اسم*. پێشکەوت؛ وەرکەوت؛ دۆخ یان چۆنیەتی جێگرتن لە پێش شتان یان کەسانی‌ترەوە. بەرانبەر: **تأخّر**

▣ **تقدم داشتن**: لە پێشەوە بوون؛ لە بەرەوە بوون؛ لە پێشقە چوون؛ وەڵێوە بیەی ‹در آن اداره بر دیگران تقدم داشت: لەو مەزرینگەیەدا لە پێشەوەی ئەوانی‌ترەوە بوو›.

تقدیر / taqdîr/, ـها/: [عربی]/*اسم*. ۱. /ـات/ چارەنووس؛ چارەبەش؛ ناوچاو؛ قەڵەم نویس؛ تاسین‌ڕدێن ۲. سپاس؛ کار یان ڕەوتی پێزانین؛ قەدر زانین ۳. *[قدیمی]* خەملکاری؛ کار یان ڕەوتی سەنگاندن؛ خەمڵ‌کردن؛ نەهاندن؛ نرخاندن؛ هەسبان.

▣ تقدیر بودن: چارە بوون؛ چارەنووس بەو شێوە بوون ‹تقدیر این بود که باز هم همدیگر را ببینیم: چارەنووس وابوو کە دیسان یەک ببینینەوە›.

تقدیر شدن: ڕێز (لێ) گیران ‹از تلاش و کوشش کارکنان تقدیر شد: لە هەوڵ و تێکۆشانی کارمەندان ڕێز گیرا›. هەروەها: **تقدیر کردن**

تقدیرنامه / taqdîrnâme/, ـها/: [عربی/فارسی]/*اسم*. ڕێزنامە؛ نامەیەک کە بە مەبەستی سپاس و پێزانین لە کار یا کردەوەی کەسێک دەنووسرێت.

تقدیس / taqdîs/: [عربی]/*اسم*. کار یا ڕەوتی بە پیرۆز زانین یا لە ڕیزی پیرۆزان دانان ‹من این عشق را واقعاً تقدیس می‌کنم: من ئەم ئەوینە بە ڕاستی بە پیرۆز دەزانم›.

تقدیم / taqdîm/: [عربی]/*اسم*. پێشکەش؛ ئاراستە؛ کار یا ڕەوتی دانی شتێک بە کەسێکی گەورەتر یان بەڕێزتر ‹چقدر تقدیم کنم؟: چەند پێشکەش بکەم؟›.

▣ تقدیم شدن: پێشکەش‌کران؛ ئاراستە کران؛ درانی شتێک بە کەسێکی بەڕێز ‹این گلها از طرف فرزندان به مادر تقدیم شد: ئەم گولانە لە لایەن منداڵەکانەوە بە دایکیان پێشکەش کرا›.

تقدیم کردن: پێشکەش‌کردن؛ ئاراستە کردن ‹دسته گلی به میهمانان تقدیم کرد: چەپکە گوڵێکی پێشکەش بە میوانان کرد›.

هەروەها: **تقدیم نمودن؛ تقدیم فرمودن**

تقدیمی / taqdîmî/: [عربی]/*اسم*. پێشکەشی ‹بستهٔ تقدیمی حاوی یک جلد کتاب است: بەستەی پێشکەشی کتێبێکی تێدایه›.

تقرب / taqarrob/: [عربی]/*اسم*. *[ادبی]* نزیکی؛ نزیکایەتی؛ خزمایەتی؛ کار یا ڕەوتی نزیک بوونەوە؛ نزیکەوە بیەی ‹این پادشاه به ارادت درویشان در بهشت است و آن پارسا به تقرب پادشاهان در دوزخ: ئەم پادشایە لە بەر دۆستایەتی دەروێشان بەهەشتی بەرکەوتووە و ئەو پارسایە بە هۆی نزیکی بوونەوە لە پاتشایان لە دۆزەخ ڕۆنیشتووە›.

▣ تقرب جستن: (خۆ) نزیک‌کردنەوە؛ خۆ نزیکەوە‌کردن؛ وێ نزیکەوە وسەی ‹با

تـلاش زیـاد بـه دسـتگاه وزیـر تقـرب جسـت: بـه تەقـالای زۆرەوە خـۆی لـە دام و دەزگـای وەزیـر نزیک کردووە›.

تقریب / taqrîb، ـهـا/: [عربی]/اسم. ١. [نامتداول] نێزیکـی؛ نزیکـی ٢. نزیـک؛ هـەندێک کـە بـە ڕاسـتیەوە نزیکـە ‹ خطـای محاسـبه بـا تقریب پـنج در هـزار اسـت: هـەڵـە لـە بژاردندا نزیک بە پێنج لە هەزارە›.

تقریبا / taqrîban/: [عربی] قید. نزیکـەی؛ لـە دەوروبـەری؛ بـزان ــ مـەزان؛ نزیـک بـە شـت، دۆخ یـان چۆنیـەتی مـەبـەسـت ‹تقریبا هـزار تومان بود: نزیکەی هەزار تمەن بوو›.

تقریبی / taqrîbî/: [عربی] صفت. نزیکـەیـی؛ نەتەواو، بەڵام زۆر نزیک بە ڕاستی.

تقریر / taqrîr، ـهـا؛ ـات/: [عربی]/اسم. ١. ڤـەگـۆیی؛ کـار یـان ڕەوتی وتنـەوە؛ گوتنـەوە؛ گـەڕاندنـەوە؛ واتـەیـوە ‹آنچـه را دیده بـود بـرایم تقریر کـرد: ئـەوەی دیبـووی بـۆی گوتمـەوە› ٢. [نامتداول] کـار یـان ڕەوتی دانپـێدانـان؛ پێهاتن؛ پەنەئامای.

تقریظ / taqrîz، ـهـا؛ ـات/: [عربی]/اسم. نووسـراوەیـەک بـۆ سـپاس و ستایـشت لـە بـەرهـەمێکـی وێـژەیـی یـان هونـەری، بـە تایبەت کتێب.

تقسیط / taqsît/: [عربی]/اسم. پاژبـەنـدی؛ بـەشـبەنـدی؛ بـەشبەشـی ‹تقسیط بدهی‌های دولت: پاژبەندی قەرزەکانی دەوڵەت›.

تقسیم / taqsîm، ـهـا؛ ـات/: [عربی]/اسم. دابـەش؛ بـەش: ١. کـار یـان ڕەوتی بـەش کـردن ‹پول بـه چهـار بخـش مـساوی تقسیم شد: پارەکە بە چـوار بـەشـی وەک یـەک دابـەش کـرا› ٢. [ریاضی] یـەکێـک لـە چـوار کـارە سـەرەکیـەکـان، بـۆ زانـینی ئـەوەی کـە چەندیێتیـەک چـەنـد جـار لـە یـەکێکـی تـردا هەیە ‹شانزده را به چهـار تقسیم مـی‌کنیم مـی‌شـود چهـار: شـازده بـە چـوار دابـەش دەکـەیـن دەبێتـە چـوار› ٣. کـار یـان ڕەوتی جیـاوەکـردنی چـەندیـەتیـەک بـە ڕێـژەی دیـاریکراو ‹تقسیم سود شرکت: دابـەشـی قـازانجی بـەشـدارگە› ٤. بـڵاو؛ کـار یـان ڕەوتی بـەشـینەوە ‹پـولش را میـان بچـەهـایش تقسیم کـرد: پـارەکـانی لـە نـاو منداڵـەکانیدا دابـەش کـرد› ٥. [زیستشناسی] کـار و ڕەوتی دابـەشـین؛ زاوزێ لـە ڕێگـەی دوو یـان چـەنـد کـەرت بوونـەوەوە ‹تقسیم سلولی: دابەشینی خانەیی›.

▣ **تقسیم بـه نـسبت**: بـەش بـە ڕێـژە؛ بـەش بەشێن؛ کار یان ڕەوتی بـەش ــ بـەش کـردن بە گوێرەگەلی دیاریکراو.

تقسیم کار: کاربەشی؛ دابەش کردنی کار.

تقسیم‌بر / taqsîmbar/: [عربی/ فارسی]/اسم. بەش بـە؛ دابـەش بـە؛ نـاوی نیـشانەیـەک بـە بیچمـی«÷» کـە نیـشان دەدا هـەنـدی لای چـەپ بـە هـەنـدی لای ڕاسـتدا دابـەش دەبێت.

تقسیم‌بندی / taqsîmbandî، ـهـا/: [عربی/ فارسی]/اسم. بـەش‌بـەنـدی؛ پاژبـەنـدی؛ دابـەشـکاری؛ کـار یـا ڕەوتی دابـەش‌کـردنی شـتێک بـە بڕگـە، بـەش یـان تیکـەگـەلێـک ‹تقـسیم‌بنـدی زمینهـای شـهری: پاژبـەنـدی زەوینگەلی شاری›.

تقصیر / taqsîr، ـهـا/: [عربی]/اسم. ١. کـەمتـەرخـەمـی؛ هـەڵـە؛ گونـە؛ کۆتـایی؛ درێغی؛ کـار یـا ڕەوتی جـوان ئـەنجام نـەدانی کارێـک یـان ئـەنجامـدانی کـارێکی خـراپ ‹راننـده تقـصیر کـرده اسـت و بایـد مجـازات شـود: ڕانەندەکـە کـەمتـەرخـەمـی کـردووە و دەبـێ سـزا بـدرێ› ٢. /ـات/ سـووچ؛ تـاوان؛ گونـاح؛ گونـا؛ پیازە؛ خـەتـا ‹تقصیر مـن چیست؟: سـووچی مـن چیـە؟› ٣. کـاری کـوڵ‌کردنـەوە یـان تاشـینی قژ و گرتنی نینۆک لە کاتی حەج‌کردندا.

▣ **از تقصیر گذشتن**: لێ خۆش بوون؛ لە تاوان ڕابردن؛ لە گوناح گوزەریان؛ چاوپۆشی کردن لە هەڵە؛ جە گونای وەش بیەی ‹خدا از تقصیراتمان بگذرد: خوا لیمان خوش بی›.

تقصیرکار / taqsîrkār، ـها؛ ـان/: [عربی/فارسی] *صفت*. تاوانکار؛ تاوانبار؛ گوناحکار؛ هەڵەکار.

تقطیر / taqtîr/: [عربی]/*اسم*. *[شیمی]* کار یا ڕەوتی هەڵم بە ئاوکردنەوە، بە شێوەی دڵۆپ‌دڵۆپ لە ڕێگای ساردەوکردنەوە یان خستنە ژێر گوشارەوە.

▣ **تقطیر جزء به جزء**: جیا کردنەوەی چەند ماکی تراوی تێکەڵ، بە کەڵک وەرگرتن لە جیاواز بوونی ڕادەی تینی پێویست بۆ هاتنە کوڵیان.

تقطیر خشک: دەرکێشانی گازی ناو شتێکی وشک (وەک چێو)، ئەمجار سارد کردنەوەی گازەکە تا ببێتە تراو.

▣ **تقطیر کردن**: گەرم‌کردنی تراو تا دێتە کوڵ، ئەمجار ساردکردنەوەی هەڵمەکەی و بە شێوەی دڵۆپی ئاو دەرهێنانی.

تقطیع / taqtî'، ـها؛ ـات/: [عربی]/*اسم*. ١. کار یان ڕەوتی پارچە‌پارچە و کەرت‌کەرت کردنەوە ٢. *[ادبی]* کار و ڕەوتی بڕگەبڕگە کردنەوەی باڵی شیعر بە گرێ و بڕگەی کێشی عەرووزی.

▣ **تقطیع کردن**: کەرت‌کەرت‌کردن: ١. پەل‌پەل کردن؛ ئەنجن‌ئەنجن کردن؛ تیکە‌ تیکە کردنی شتێک ٢. *[ادبی]* بڕگە‌ بڕگەکردن؛ جیاکردنەوەی بڕگە بە بڕگەی شیعر بە پێی دەستووری عەرووزی.

تقعر / taqa'or/: [عربی]/*اسم*. *[ادبی]* قوپاوی؛ ڤالاتی؛ ناوچاڵی؛ قوپیاوی؛ قوپیاگی.

تقلا / taqallā، ـها/: [عربی]/*اسم*. پەلەقاژە؛ پەلەقاژێ؛ پەل‌وپۆ؛ تەقالا؛ هەڵگ؛ هەوڵ؛ تەپشت؛ زەن‌بەلیق؛ ڕەوتی تێکۆشانی زۆر، بەتایبەت بۆ دەرباز بوون لە بار و دۆخێکی ناحەز (وەک دەس و پا بە زەویدا کوتان و خۆ تل‌دان بۆ کردنەوەی بەند لە دەست و پێ).

تقلب / taqallob، ـها؛ ـات/: [عربی]/*اسم*. گەڕ؛ گڕ؛ گزی؛ گرنی؛ گزنی؛ گغنی؛ قۆپیە؛ فێڵ؛ چفۆ؛ کار یان ڕەوتی خەڵکی فریو دان بە هۆیەکی درۆیین یان ڕەوتارێکی دووڕوانە ‹در انتخابات تقلب شده بود: لە هەڵبژاردنەکەدا گزی کرابوو›.

تقلبی / taqallobî، ـها/: [عربی] *صفت*. درۆیین؛ درۆینە؛ زڕ؛ زرە؛ دەرەڤین؛ نەتێ ‹پول تقلبی: پارەی درۆیین›.

تقلی / toqlî، ـها/: [ترکی]/*اسم*. کاوڕ؛ کاڤر؛ کەوڕ؛ بێچوە مەڕ لە شەش مانگان هەتا یەک ساڵ.

تقلیبی / taqlîbî/: [عربی] *صفت*. *[نامتداول]* دەس‌ساز؛ دەسکرد ‹الکل تقلیبی: ئەلکولی دەس‌ساز›.

تقلید / taqlîd، ـها/: [عربی]/*اسم*. ١. لاسا؛ لاسایی؛ لاساوێ؛ چاولێکەری؛ کار یان ڕەوتی چاولێکردن؛ ژێ‌گرتن؛ شوێن ئاکار، وتار یا ڕواڵەتی کەسێکی‌تر کەوتن ‹تقلید کردن: لاسا کردن› ٢. *[اسلام]* پەیڕەوی؛ کار یان ڕەوتی شوێن بیر و ڕای ڕێبەر (مەلا و مفتی و پێشەوا) کەوتن لە کاری دینیدا ٣. لاسایی؛ لاسکە؛ لاسایێ؛ دەمەلاسکێ؛ دەمەلاسکی؛ کار یان ڕەوتی پیشاندانی ئاکار، وتار، دەنگ و زاراوەی کەسی‌تر (زیاتر بۆ گاڵتە) ‹تقلید درآوردن: لاسا کردنەوە› ٤. کار یان ڕەوتی دووبارەکردنەوەی ڕێباز و شێوازی کاری کەسێکی‌تر ٥. *[قدیمی]*

نمایشت و شانۆی کومیدیا.

▣ تقلید درآوردن: لاسایی‌کردنەوە؛ دەمەلاسکەکردن؛ لاساویَ‌کەردەی؛ ئاکار یان وتەی کەسێکی‌تر بۆ گاڵتە و پێکەنین دووپات‌کردنەوە.

تقلید شدن: چاو لێکران؛ چاو لێبڕیان؛ چەم چنە بڕیەی؛ دووپات بوونەوەی شێواز یان ڕەوتێک ‹در لباس خانمها از سبک فرانسوی تقلید می‌شود: لە پۆشەنی ئافرەتاندا چاو لە شێوازی فەرانسی دەکرێ›.

تقلید کردن: لاسایی‌کردنەوە؛ چاو لێکردن؛ شێواز یان ڕەوتی پێڕەوی و دووپات‌کردنەوە ‹صدای گربه را تقلید می‌کند: لاسایی دەنگی پشیلە دەکاتەوە›.

تقلیدی / taqlîdî/: [عربی] صفت. چاولێکەری؛ چاولێبڕی ‹کارهای او همه تقلیدی است: کارەکانی هەموو چاولێکەرین›.

تقلیل / taqlîl/: [عربی]/اسم. [ادبی] کار یان ڕەوتی کەم بوونەوە؛ دابەزان؛ هندکان.

▣ تقلیل دادن: کەم‌کردنەوە؛ دابەزاندن؛ هندکاندن؛ کەمەوەکەردەی.

تقلیل یافتن: کەم بوونەوە؛ دابەزین؛ هندکان؛ هاتنە خوارەوە؛ کەمەوە بیەی ‹با بیکار شدن همسرم درآمدمان تقلیل یافت: کە هاوسەرم بێکار بوو، دەسهاتمان کەم بووەوە›.

تقنین / taqnîn/: [عربی]/اسم. [نامتداول] کار یان ڕەوتی قانوون دانان.

تقنینی / taqnînî/: [عربی] صفت. [نامتداول] پەیوەندیدار بە قانوون دانانەوە: **تقنینیە**

تقنینیە / taqnînîyye/: [عربی] ☜ **تقنینی**

تقوا / taqvā/: [عربی]/اسم. [ادبی] پارێزیاری؛ پارێزگاری.

تق و توق / taq(q)-o-tûq/: صوت. [گفتاری] تەق و ترم؛ تەق و تورم؛ تەقەتەق؛ تەق و تۆق؛ تەق و پۆق؛ تەق و هۆڕ؛ قاڵ و قوو بەتایبەت دەنگی تەقاندنی تیر یان کوتانی شتێ بە شتێکی‌تردا.

تق و لق / taq(q)-o-laq/: صفت. تەق‌ولۆق؛ لەق‌ولۆق؛ تەق‌ولەق: ١. شل‌وشەوێق؛ شل‌وناپتەو ‹این چهارپایە تق‌ولق است: ئەم چوارپایە لەق‌ولۆقە› ٢. نیوە داخراو ‹امروز ادارە تق‌ولق بود: ئەمڕۆ مەزرینگە تەق‌ولوق بوو›.

تقویت / taqviyat/: [عربی]/اسم. ١. کار یا ڕەوتی هێزگەیاندن بە شتێ یان کەسێک؛ بەهێزکردن؛ بووژاندنەوە؛ ژووژاندنەوە ‹تقویت روحی: هێز پێدانی ڕۆحی› ٢. کار یان ڕەوتی زیاترکردنەوەی هێز و توانایی کەسێ یان شتێک.

▣ تقویت شدن: هێزگرتن؛ هێز تێکەوتنەوە؛ گیان‌گرتنەوە؛ بەهێز بوونەوە ‹با افزایش بهای نفت، بنیەی مالی دولت تقویت شده است: بە هەڵچوونی بایی نەوت، توانی مالی دەوڵەت هێزی گرتووە›.

تقویت کردن: بەهێزکردن؛ هێز پێدان؛ بووژاندنەوە ‹مردم با کمکهایشان دولت را تقویت می‌کنند: خەڵک بە یارمەتیەکانیان دەوڵەت بەهێز دەکەن›.

تقویت‌کنندە / taqviyatkonande، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. ئامپلیفایێر؛ کۆمەڵ یان خولگەی ئەلیکترۆنیکی بۆ بەهێزکردنی توان یان ڤۆلتاژی ئامێرێک.

تقویت‌کنندە : صفت. توانادەر؛ هێزپێدەر؛ وزەدەر؛ خاوەن چۆنیەتی توانایی بەخشین یان شێناهی زیادکردن.

تقویتی / taqviyatî/: [عربی] صفت. هێزدەر؛ بووژێنەر ‹شربت تقویتی: شەربەتی هێزدەر›.

تقویم / taqvîm، ـها/: [عربی]/اسم. ڕۆژئەژمێر؛ ڕۆژژمێر؛ ڕۆژمێر؛ ڕۆژپێو؛

ساڵنامە؛ ساڵپێو: ١. پەرتووکی بچووک، نامیلکە یان بەڵگەیەک کە خشتەگەلێک بۆ پیشاندانی مانگ، حەوتە و ڕۆژەکانی ساڵی تێدا پۆڕدراوە ‹تقویم بغلی: ڕۆژمێری باخەڵی›: **سالنما** ٢. هەرکام لە دەزگاگەلی ژماردنی کات کە سەرەتا، درێژایی و بەشەکانی ساڵی تێدا دابین و دیاری کراوە ‹تقویم **هجری**: ڕۆژمێری کۆچی›: **ساڵشماری** ٣. *[قدیمی]* کار یان ڕەوتی هەڵسەنگاندن؛ خەملاندن؛ نرخاندن؛ کرێشەیش.

◙ تقویم **بغلی**: ڕۆژژمێری باخەڵی؛ ڕۆژمێر گیرفانی؛ ڕۆژمێرێک لە بیچمی پەرتووکێکی چکۆلە کە لە گیرفاندا جێی دەبێتەوە.

تقویم ترکستانی: ڕۆژمێری تورکستانی؛ ساڵپێوی کۆنی باو لە ئاسیای ناوەندی و ڕۆژهەڵاتدا، کە ساڵەکان بە دەورەگەلی دوازدەدانەیی بە نێوی دوازدە گیانلەبەر (مشک، گا، پڵنگ، کەروێشک، نەهەنگ، مار، ئەسپ، مەڕ، مەیموون، مریشک، سەگ و بەراز) ناو نراون.

تقویم دیواری: ڕۆژژمێری دیواری؛ ڕۆژمێرێ کە بە قەد دیواردا هەڵدەواسرێت. هەروەها: **تقویم رومیزی**

تقویم شمسی: ڕۆژمێری هەتاوی؛ ڕۆژژمێری ڕۆژی/ خۆری؛ ساڵپێوێک بە پێی گەڕانی زەوین بە دەوری خۆردا (وەک ڕۆژمێری ئێرانی و زایینی).

تقویم قمری: ڕۆژمێری مانگی؛ ساڵپێوێک بە پێی گەڕانی مانگ بە دەوری زەویدا.

تقویم میلادی: ڕۆژمێری زایینی؛ ساڵژمێری هەتاوی کە دەسپێکی هەوەڵی مانگی ژانویەیە.

تقویم نجومی: ساڵنامەی چەرخی؛ ڕۆژمێرێ کە جێگا و کات‌وساتی هەڵاتن و ئاوا بوونی خۆر، مانگ و ئەستێرەکان لە هەرکام لە ڕۆژانی ساڵی تێدا دیاری کراوە.

◙ تقویم شدن: هەڵسەنگران؛ هەڵسەنگیان؛ هەڵسەنگان؛ سەنگ و سووک کران؛ سووک‌وسەنگین بوون ‹اموال او به طور دقیق تقویم شد: ماڵ و سامانی بە وردی سەنگ‌وسووک کرا›.

تقویم کردن: هەڵسەنگاندن؛ سەنگ و سووک کردن؛ کرێشەیش ‹اموالش را تقویم کردند: داراییەکەیان هەڵسەنگاند›.

تقه / taqqe، ـها/: *اسم. [گفتاری]* تەقە؛ دەنگی بەرزەوە بوو بە هۆی لێدان یان داکەوتنی شتێک لە سەر دەرگا، مێز و... ‹تقه‌ای به در خورد: تەقەیەک لە درگاکە درا›.

تقید / taqayyod، ـات/: [عربی] *اسم. [ادبی]* پێبەندی؛ پابەندی؛ کار یان ڕەوتی شان دانە ژێر باری کار یان بەرنامەیەکەوە ‹تقید به اسلام: پێبەندی بە ئیسلام›.

تقیه / taqîyye/: [عربی] *اسم.* خۆڕاگری؛ خۆپارێزی؛ کار یان ڕەوتی شاردنەوەی بیر و بڕوا و هاودەنگی ڕواڵەتی نیشاندان بە مەبەستی خۆ پاراستن لە هەر چەشنە مەترسیەک.

◙ تقیه کردن: خۆپارێزی کردن؛ خۆڕاگری کردن؛ بەرخۆگرتن؛ خۆ پاراستن لە ئاشکرا کردنی ئایین یا بڕوای خۆ ‹آن روز خفقان گرفته بودند و امروز می‌گویند: ما تقیه می‌کردیم: ئەو ڕۆژە دەمیان هاتبووە یەک و ئەمڕۆ ئێژن: ئێمە خۆپارێزیمان دەکرد›.

تک / tak، ـها/: *اسم.* ١. *[نظامی]* هێرش؛ پەلامار؛ پەلامارە؛ هەڵمەت؛ هەڵمەتە؛ گالا؛ هەو؛ دەسڕێژی؛ هەڵکوتان؛ کەت ٢. *[نامتداول]* هەڵەداوان؛ هەشتاوان؛ پۆ؛ پەلەوپۆ؛ هەڵکوت‌ـهەڵکوت؛ بریو‌ـبریو؛

پلەپاتۆر؛ جوولانەوەی بەپەلە.

تک : صفت. [گفتاری] تاک: ١. یەک؛ بێهاوتا؛ بێوێنە؛ تەک ‹آزاد در تیراندازی تک بود: ئازاد لە تیر هاویشتندا تاک بوو› ٢. تاق؛ زوو؛ زۆ؛ کەت؛ تەنیا؛ تەنێ ‹تک و تنها: تەنێ›.

تک ـ : پیشواژە. تاقە ـ ؛ تاکە ـ ؛ یەک ـ ؛ تەک ـ : ١. تەنیا؛ تەنا ‹ ـ بیت: ـ دێڕ› ٢. بە یەک ژمارەوە ‹ ـ برگ؛ ـ پایە: ـ گەلا؛ ـ پایە› ٣. بە تەنیایی ‹ ـ نفری: ـ کەسی›.

تک / tek/: [فرانسوی] ☜ ساج ـ ٣،٢

تک / tok/: اسم. [گفتاری] نووک؛ سەر؛ بەر ‹ ـ زبان: ـ زمان›.

◘ تک پا رفتن: ١. بە سەر پەنجە ڕۆیشتن؛ لە سەر ئەنگوستی پێوە ڕێگە ڕۆیشتن ٢. سووکەپا چوون؛ سەر پێیی چوون؛ زوو ڕۆیشتن و گەڕانەوە ‹یک ... نزد عمویم: ... بۆ لای مامەم›.

تک زبانی حرف زدن: تورەتورکردن؛ سەرزوانگرتن؛ گیرکردن لە قسەکردندا بە جۆرێ کە وتنەوەی بڕێک تا زۆرێک لە پیتەکان تێک بدرێ.

تک زدن: ١. نکلاندن؛ نووک لێدان؛ دەنووکدان ٢. [مجازی] نیوە و ناتەواو هێشتنەوەی کار؛ سەرسەری کارکردن.

تکاب / takāb، ـها/: اسم. [ادبی] ١. ئاودڕ؛ ئاودڕگە؛ کەندالّ؛ دڕنالّ؛ دڕکە؛ شەقاری پان و قووڵ لە ڕووی زەویدا کە بەهۆی هاتنی ئاوی کاتی و لافاوەو بەدیهاتووە ٢. ئاو، چۆم یان زەریای بێپەی

تکاپو / takāpû، ـها/: اسم. [ادبی] ١. هەوڵ؛ جەخت؛ پەلوپۆ؛ کرد و کاش؛ هەڵگ؛ تەپشت؛ کرد و کۆشی هاوڕێ لەگەڵ ئەملا و ئەولا چووندا ٢. [مجازی] سەنگوسۆزن؛ گەڕان ‹او هم به علم ایمانی ندارد و در تکاپوی کسب مقاماتی است: ئەویش بە زانست باوەڕی نیە و لە سەنگ و سۆزنی وەدەست هێنانی پلەوپایەدایە›.

◘ تکاپو کردن: پەلوپۆکردن؛ هەوڵدان؛ پەلکوتان؛ پەلکۆکەردەی؛ گەڕان و بە هەر لایەکدا سەرکێشان ‹برای یافتن کار مناسب، تکاپوی زیادی کرد: بۆ دۆزینەوەی کارێکی باش، ... زۆری کرد›.

به تکاپو افتادن: کەوتنە پەلوپۆ؛ کەوتنە/ هاتنە جمۆجووڵ؛ کەوتنە تالووکەوە؛ وەخۆکەوتن؛ کەوتنە خۆ؛ لە هەڵسووڕ و زڤران بوون؛ هەوڵی زۆر دان و بۆ لای کەس یان شوێنی جۆراوجۆر چوون ‹برای پیروزی در انتخابات، به تکاپو افتاد: بۆ سەرکەوتن لە هەڵبژاردندا، کەوتە پەلوپۆ›.

در تکاپو بودن: لە هەڵسووڕ و داسووڕدا بوون؛ گەڕان و ئەملا و ئەولا کردن ‹برای به دست آوردن پول لازم، مدتها در تکاپو بود: بۆ بەدەست هێنانی پارەی پێویست، ماوەیەکی زۆر لە هەڵسووڕ و داسووڕدا بوو›.

تکاثر / takāsor/: [عربی] اسم. [نامتداول] ١. زۆری؛ فرەیی؛ فرەهی ٢. [مجازی] کار یان ڕەوتی ماڵ کۆکردنەوە؛ ماڵ خستنەوە؛ ماڵ خستنەلاوە.

تکاثف / takāsof/: [عربی] اسم. [قدیمی] خڕپوویی؛ خەستی؛ تیری؛ چڕی؛ کەستی؛ تۆکمەیی.

تکافو / takāfû/: [عربی] اسم. [ادبی] بەسندەیی.

◘ تکافو کردن: بەشکردن؛ بەس بوون؛ بەسکردن؛ وەسێکەردەی ‹پولی که به دست می‌آورد برای ادارەی زندگیش تکافو نمی‌کرد: ئەو پارەیە کە دەری دێنا بۆ چەرخانی ژیانی بەسی نەدەکرد›.

تکالیف / takālîf/: [عربی] جمعِ ☜ **تکلیف**

تکامل / takāmol/: [عربی]/سم. تەواوکاری؛ ڕەوتی گوران؛ گووران: ١. گۆڕیان؛ بەرەو تەواوتر و بێ‌کەم و کووڕی چوون ٢. ڕەوتی داگەڕانی بەرەبەرەی شتێک کە دەبێتە هۆی سازگاری زۆرتری لەگەڵ ژینگە و توانایی باشتر لە وەرامدانەوە بە پێداویستیەکانی ‹تکامل جنین: گوورانی پز› ٣. بیر و بۆچوونێ کە پێی وایە چینگەلی گیانەوەران ڕەنگە بە ڕۆژگاران بگۆڕدرێن، بۆیە وێدەچێ بیچم و پێکهاتەی تەنی گیانلەبەرانی تازە لەگەڵ پێشووەکانیاندا جیاوازییان هەبێت.

▣ **تکامل یافتن**: گوران؛ گووریان ‹اتومبیل در طی یک قرن تکامل یافت و به صورت امروزی درآمد: ماشێن لە ماوەی سەدەیەکدا گورا و وەکوو ئەوڕۆی لێ دەرهات›.

تکاملی / takāmolî/: [عربی] صفت. گووراوی؛ گورانە ‹سیر تکاملی: ڕەوتی گووراوی›.

تکان / takān, tekān، ـها/: اسم. تەکان؛ تەکانە: ١. جوولە؛ چرکە؛ چرچێ؛ لەرە؛ دەگۆ؛ دەکۆ؛ تەوەن؛ ژیل؛ ڕیپ؛ ڕێت؛ جم؛ بزاڤ؛ جمە؛ جینگل؛ گینگڵ؛ گج‌ـگج؛ کار یان ڕەوتی هەژان؛ ڕاژان؛ لەقان؛ جوولانەوەی شتێک لە جێگەی خۆیدا ‹بچه توی شکمش تکان می‌خورد: منالەکە لە نێو زگیدا جوولە دەکا› ٢. چرکە؛ لەرە؛ دەگۆ؛ ڕیپ؛ ڕێت؛ کار یان ڕەوتی جێبەجێ بوون بەتایبەت گۆڕینی شوێن یان بار و دۆخی خۆ ‹از جایش تکان نمی‌خورد: لە جێی خۆی تەکان نادا› ٣. دۆخ یا چۆنیەتی ڕاچڵەکان؛ دڵ داکەوتن/ داکەفتن؛ دڵ داخورپان، لە ترس یا پەرۆشیەکی زۆر بە هۆی ڕووداوێکی کوتوپڕەوە ‹این حادثه همه را تکان داد: ئەم کارەساتە هەمووی ڕاچڵەکاند›.

▣ **تکان خوردن**: تەکان خواردن/ واردەی: ١. جمان؛ جمیان؛ جومین؛ هەژین؛ هەژیان؛ بزوان؛ بزووتن؛ لەران؛ لەریان؛ جوولان؛ ڤەشەقان؛ چرکیان؛ ڕاژان؛ لەقیان؛ لەرانەوە؛ جوولانەوە؛ شەکینەوە؛ شەکانەوە؛ چرکیانەوە؛ لەرینەوە؛ جمەی؛ جوولیەی؛ شۆکیایوە ٢. ڕاچڵەکان؛ شڵەژان؛ ڕاچەنین؛ داترووسکیان؛ چڵەکیایرە؛ زیویان؛ بە هۆی ڕووداوێکی ناکاو تووشی ترس و سەرسووڕمانی ئاستەم هاتن.

تکان دادن: تەکان‌دان: ١. جێ‌وەجێ کردن؛ جێبەجێ‌کردن؛ بزواندن؛ جوولاندەوە؛ ئەرەجمنەی ٢. بۆ بەر یان دوا جوولە پێدان؛ جمنەی؛ جمنای.

تکاندن / takāndan, tekāndan/: مصدر. متعدی. //**تکاندی**: تەکاندت؛ **می‌تکانی**: دەتەکێنی؛ **بتکان**: بتەکێنە// تەکاندن؛ داتەکاندن؛ ڕاوەشاندن؛ شەکاندن؛ ڕاتەکاندن؛ ڕاتڵەکاندن؛ تەکنەی؛ تەکنای؛ گۆتاندن؛ نەتراندن؛ گجگاندن؛ ئەرەتەکنەی؛ تەکنایرە؛ لەراندنەوەی شتێک بە دەست یان بە لێدان و کوتانی لە سەر یەک بە مەبەستی جیاوە بوون یان لێوە بوونی وردە و پردەیەک لەو شتە ‹تکاندن درخت؛ تکاندن سفره: تەکاندنی دار؛ داتەکاندنی سفره›: **تکانیدن**. هەروەها: **تکاندنی**

■ صفت فاعلی: **تکاننده** (تەکێنەر)/ صفت مفعولی: **تکانده** (تەکێنراو)/ مصدر منفی: **نتکاندن** (نەتەکاندن)

تکان‌دهنده / takāndahande, tekān-/: صفت. [مجازی] ڕاچڵەکێنەر؛ تەکاندەر؛ داچڵەکێنەر؛ ڕاچێنەر؛ ڕاژێنەر؛ بزوێنەری

هەستی دەروون (ترس، تووڕەیی و...) ‹خبر زەمین‌لرزە بسیار تکان‌دهنده بود: هەواڵی بوومەلەرزەکە گەلێک ڕاچڵەکێنەر بوو›.

تکانه / takāne، ها:/اسم. [فیزیک] ڕاوەش؛ تەکان: ١. دەڵەک؛ هێزی بزوێنەری کوتوپڕی ٢. جووڵەی پێک‌هاتوو لەو هێزە ٣. کار یا هێزێکی کورتی میکانیکی یان بەرقی، کە کەرەسەیەک بخاتە کار یان بیجوولێنێتەوە.

تکاور / takāvar، ها؛ ان/:اسم. چریک؛ کوماندۆ؛ گریلا؛ سەربازی چالاک و ڕاهاتوو بۆ دابەرزان، جەنگیان و داپرسکانی لە ناکاو.

تکایا / takāyā/: [عربی] جمعِ ☜ **تکیه**

تکبر / takabbor/: [عربی]/اسم. لووتبەرزی؛ خۆبەزل‌زانی؛ مەنەر؛ فیز؛ فیس؛ فیسە؛ بادی‌هەوایی؛ بایی‌هەوایی؛ کەپ؛ هەڕەی؛ تڕزلی؛ گەوزەیی؛ ئاخایۆکی؛ دەماربەرزی؛ هەوا؛ قاپانی؛ فرناخی.

▣ تکبر داشتن: لەخۆبایی بوون؛ خۆ بە زل زانین؛ لووتبەرز بوون.

تکبر فروختن: دەمار فرۆشتن؛ زرت دان؛ لووتبەرزی کردن؛ فیزکردن؛ فەخر فرۆشتن.

تکبر آمیز / takabborāmîz/: [عربی/ فارسی] صفت. فیزاوی؛ بە فیزەوە؛ بە لووت بەرزیەوە؛ بە دەمار زلیەوە ‹رفتار تکبرآمیز: ئاکاری فیزاوی›.

تکبیر /takbîr/: [عربی]/اسم. [اسلام] تەکبیر؛ کاری وتنی «الله اکبر».

تکبیرة الاحرام / takbîratol'ehrām/: [عربی]/اسم. [اسلام] لە بنەماکانی نوێژ و وتنی «الله اکبر» لە دەسپێکیدا؛ نوێژ دابەستن؛ قامەت بەستن.

تک‌بیتی / takbeytî، ها/: [فارسی/ عربی] اسم. ١. فەرد؛ شیعرێ کە تاقە بەیتێکە ٢. تاقە بەیت؛ ماڵک؛ دێڕێکی دیاریکراو لە شیعرێک.

تکپران / takprān، ها/:اسم. [گفتاری] ژنێ کە جاروبار لەگەڵ پیاوانی جۆراوجۆردا دڵداری دەکا.

تک‌تک / taktak/: قید. تاکەتاکە؛ تاک‌ـتاک؛ تاق‌ـتاق؛ یەک‌یەک؛ دانەدانە؛ یەک‌بەیەک؛ تاق‌ولۆقە؛ تاک‌وترووک؛ کت‌بکت؛ یۆـیۆ؛ یوەـیوە ‹مهمانها تک‌تک اینجا و آنجا نشسته بودند: میوانەکان تاکەتاکە لێرە و لەوێ دانیشتبوون›.

تک ـ تک / tektek/: صوت. چرکەچرک؛ دەنگی کاتژمێر: **تیک‌ـتاک**

تک‌تیر / taktîr، ها/:اسم. تەک‌تیر؛ تیرێ کە بە تەنیایی یا بە ماوەیەکەوە لە تیری پێشوو دەتەقێندرێت. بەرانبەر: **رگبار**

تک‌تیرانداز / taktîrandaz، ها؛ ان/:اسم. تەک‌تیرهاوێژ؛ تەک‌تیرشان؛ قەناسەچی؛ تیرەنازی بە دەست و نیشان کە بە تەنیا و بۆ ئامانجێکی تایبەت دەست دادەکێشێت.

تکثر / takassor/: [عربی]/اسم. [ادبی] زۆری؛ فرەیی ‹تکثر آرا به معنی وجود اختلاف نیست: زۆری دەنگ بە واتای هەبوونی دووبەرەکی نیە›.

تکثیر / taksîr/: [عربی]/اسم. کار یان ڕەوتی ١. زۆر بوونەوە؛ فرە بوونەوە ٢. زۆرکردنەوە؛ فرەکردنەوە؛ فەرکاندن.

▣ تکثیر شدن: زۆر بوونەوە؛ فرە بوونەوە؛ فرە بیەیوە.

تکثیر کردن: ١. زۆرکردن؛ فرەوەکردن ٢. ئامادەکردنی نوسخەگەلی زۆر لە نووسراوەیەک ٣. تۆمارکردن؛ پڕەوکردن؛ پەڕەوەکەردەی ‹یک نوار از موسیقی ایرانی برایم تکثیر کن: نەوارێک لە مۆسیقای ئێرانیم

بۆ تومار بکه›.

تــــک‌حزبــــی / takhezbî /: [فارســی/ عربــی] *صفت. [سیاست]* تاکەحیـزبی؛ تاکەڕێخـراوەیـی: ۱. سەر بە تـەنیـا حیزبێـک ‹دولت تک‌حزبی: دەوڵـەتی تاکـەحیـزبی› ۲. خـاوەنی تــەنیـا حیزبێــک ‹نظــام تــک‌حزبــی: سیــستەمــی تاکەحیزبی›.

تکخـــال / takxāl، ـهـا/: *اسـم.* تـــەکـــە؛ تەک‌خـاڵ؛ ئـاس؛ چکۆلـەتـرین و لـە هـەمـان کاتیشدا بەبایەخ‌ترین وەرەقی کایـە کـە تـەنیـا تاکە خاڵێکە.

تکخـوان / takxān، ـها؛ ـان/: *اسم.* تـەک‌چـڕ؛ تــەک‌بێــژ؛ تاکـــەخـــوێن؛ تـــەنیـــاواچ؛ گۆرانی‌بێژێک کە بە تەنیا دەخوێنێ.

تکخـوانی / takxānî، ـها/: *اسم.* تـەک‌چـڕی؛ تـەک‌بێـژی؛ تاکـەخـوێنی؛ کـار یـا ڕەوتی گۆرانی وتنی تەنیا گۆرانی‌بێژێک.

تکــدر / takaddor /: [عربــی] *اســم. [ادبــی]* ۱. ڕەنجـاوی؛ ئـەوگـاری؛ دڵــتەنگــی ۲. ڕەشـی؛ سیاوی.

◙ **تکــدر خــاطر**: دڵ شـکاوی؛ دڵ ئێـشاوی؛ دڵ ڕەنجاوی؛ دڵ ئەوگاری؛ دڵ‌کەیلی.

تکــــدی / takaddî /: [عربــی] *اســم. [ادبــی]* دەرۆزەیـی؛ دەریـووزەیـی؛ سـواڵ؛ پارسـەکـی؛ گــەدایـی؛ خـوازەڵـۆکی؛ دەرکـۆدەرکـۆیی؛ لەتەچنی؛ کـار یـان ڕەوتی گـەدانـدن؛ دەسـت لـە خەڵـک داکێـشان و داوای یارمـەتی‌کـردن ‹عدەی زیادی در بیرون حرم مشغول تکدی بودنـد: کۆمــەڵــێکی زۆر لـــە دەرەوەی بـــارەگاکـــەوە خەریکی دەروزەیی بوون›.

تکـذیب / takzîb، ـها/: [عربی] *اسم.* کـار یا ڕەوتی بـە درۆ خـستنەوە؛ بـە درۆ یـا ناڕاسـت ناساندنی قسەی کەسێک.

◘ **تکـذیب کـردن**: ۱. بـە درۆ خـستنەوە؛ بـە درۆ زانـــین و وەرنـــەگـــرتنی قـــسەی یـەکێکـی‌تـر ‹دولـت خبـر مـذاکره بـا آمریکـا را [illegible]: دەوڵەت هـەواڵـی وت‌ووێـژ لـەگـەڵ ئامریکـــای [illegible]› ۲. بــە درۆزن دەرکــردن؛ بـە درۆزن زانـەی؛ کـەسێک بـە نادروست یـا ناڕاسـت زانـین ‹من قـصد تأییـد یا [illegible] کـسی را نـدارم، فقـط مـی‌خـواهم حقیقـت روشـن شـود: مـن مـرازی بـە ڕاسـت‌بێـژ یـان [illegible]ـی کـەسێکم نیـە، تەنیا دەمەوێ ڕاستیەکە دەرکەوێ›.

تکـذیب‌نامـه / takzîbnāme، ـهـا/: [عربـی/ فارسـی] *اسـم.* نووسـراوەیـەک کـە وتـە و دەربـــڕینێکی تێـــدا بـــە درۆ خرابێتـــەوە: **تکذیبیه**

تکـذیبیـه / takzîbîyye /: [عربـی] *اسـم.* ☜ **تکذیب‌نامه**

تکـرار / tekrār,takrār، ـهـا/: [عربـی] *اسـم.* دووپـات؛ دووجـار؛ دهێـشە: ۱. دووپاتـە؛ دۆخ یـا چۆنیـەتی ڕوودانی دیـاردەیـەک یـا بـوونی شـتێک لـە شـوێنێک زۆرتـر لـە جارێـک ‹هـر هفتە روزها و هـر سـال فـصلها [illegible] مـی‌شـود: هـەر حـەفتـە ڕۆژان و هـەر ســاڵ وەرزان [illegible] دەبنــەوە› ۲. کــار یــان ڕەوتی ئــەنجامــدانی کارێک زۆرتر لـە یـەک جـار ‹او جملـەای را چنـد بار تکرار می‌کرد: ڕستەیـەکـی چـەنـد جـار [illegible] دەکردەوە›.

◙ **تکـرار مکـرر**: چـەنپاتـە؛ گێڕانـەوەی زۆرتـر لــە دوو جــار؛ وتنــەوەی یــەک لــە دوای یەک.

تکــراری / tekrārî, takrārî، ـهــا/: [عربــی] *صفت.* ۱. دووپاتە؛ دووپاتـەبـوو؛ لـە سـەر یـەک ‹کـار تکـراری: کــاری [illegible]› ۲. دووپاتــە؛ دووپاتەکراو ‹فیلم تکراری: فیلمی [illegible]›.

تکـرر / takarror /: [عربی] *اسم.* لـە سـەرڕایـی؛ دۆخ یــان چۆنــاوچۆنی زووـزوو دووبـــارە بوونەوە یان زۆر ڕوودانی دیاردەیەک.

◙ تکـر ادرار: میـزەچورتکـێ؛ مێـزە چرکـێ؛ گمێزە چرکە.

تک‌رنگ / takrang/ ☜ **تک‌فام**

تکـرو / takrow، ـهـا؛ تکـروان؛ takrovān /: صفت. سـەرەڕۆ؛ ئـۆگر بـە ڕەوتی ئـەنجامـدانی کاری تاکـەکـەسـی ‹او همیشه تکرو بوده است: ئەو هەمیشە سەرەڕۆ بووە›.

تکرونـد / takravand، ـهـا/: صـفت. [شـیمی] ئیزۆتـۆپ؛ دوو یـان چـەنـد ئـەتـوم لـە یـەک توخم کـە ژمـارەی نـوترۆن و دوابـەدوا کێـشی ئـەتومییـان پێکـەوە جیـاوازە (وەک کولـوری٣٥ و کولوری٣٧ یان کەربونی ١٢ و کەربونی ١٤).

تکـروی / takravî، ـهـا/: اسم. سـەرەڕۆیـی؛ کاری تاکە کـەسـی بـەبێ بایـەخدان بـە بـاوەڕ یا کردەی خەڵکی.

تکـریم / takrîm/: [عربـی] اسم. کـار و ڕەوتی ڕێزگـرتن؛ ڕێـز لێنـان؛ خـەمنانـدن ‹تکـریم خـدمتگزاران دانـش و فرهنـگ وظیفـەی همـەی شـهروندان اسـت: ڕێزگـرتن لـە خزمـەتکـارانی زانست و فەرهەنگ ئەرکی هەموو هاوولاتیانە›.

تکـزا / takzā، ـهـا؛ ـیان/: صفت. [زیستشناسی] تاکەزێ؛ تایبـەتمـەنـدی یـان توانـایی ئـەوەی کە لە هەر جاری زاوزێـدا تـەنیـا بێچوویـەکـی دەبێت.

تکـزی / takzî، ـهـا؛ ـان/: صفت. [زیستشناسی] تاقـەژێ؛ تـەنیـازێیو؛ تاکـەژێ؛ تایبـەتمـەنـدی ئـەوەی کـە تـەنیـا و دوور لـە کۆمـەڵ دەژی (بەتایبـەت لـەمـەڕ گیانلـەبـەرانـەوە). بـەرانبـەر: **گروهزی**

تـکشـاخ / takšāx/: اسـم. ١. [نجـوم] دیمانەیەکی ئاسمانی لـە ئـەستێرەگـەلی پـرژ و بـلاوی نێـوان سـەگـی گـەورە و سـەگـی چکۆلـە ٢. ئـەسـپی چیرۆکـان بـە دووبـاڵ و تاقەشاخێکەوە.

تـکشـکل / takšekl/: [فارسـی/ عربـی] صفت. تاقەوێنە؛ تـەکبـیچم؛ بـە تـەنیا وێنـەیـەکـی بەردەوامەوە.

تـکشـمـاره / takšomāre، ـهـا/: اسـم. تاقەژمـارە؛ یـەک بـەرگ لـە بلاوکـراوەیـەکـی دەورەیـی ‹بهـای تکشماره ٢٠٠ تومـان: نرخـی تاقەژمارە ٢٠٠ تمەن›.

تـکشـیب / takšîb/: [عربـی] صفت. ١. لالێـژ؛ لێژ تەنیا بە بارێکدا ٢. [زمینشناسی] چینێـک لـە ئاقارێکـدا کـە تـۆژەکـانی دەوروبـەری بـە شێوەی ئاسۆیی کەوتبێتن.

تکفـام / takfām، ـهـا/: صـفت. تاقـەڕەنـگ؛ یـەکڕەنـگ؛ بـە تیـشکی تاقە ڕەنگـەوە (وەک تەنیا سوور یان تەنیا زەرد و...): **تک‌رنگ**

تـکفرزنـد / takfarzand/: صـفت. ١. تاقەمنـداڵ؛ تـەنیامنـاڵ؛ تـەنیازاوڵـە؛ خـاوەنی تەنیا منداڵێک ‹خانوادەی تکفرزند: بنـەماڵـەی تاقـەمنـداڵ› ٢. /ـهـا/ تاقانـە؛ تاکانـە؛ تاقاڵـە؛ تەنیا منداڵی بنەماڵەیەک.

تکفـل / takaffol/: [عربـی] اسـم. سەرپـەرشتی؛ داشـدیاری؛ بنـەوانی؛ بنـاوانی؛ یانەوانی؛ کار یـا ڕەوتی بـە ئـەستۆگرتنی کـار و سـەرپـەرشـتیکـردنی مـاڵ ‹تکفـل یـک خـانوادەی دە نفـری بـا او بـود: سـەرپـەرشـتی خێزانێکی دە کەسی بە ئەستۆ بوو›.

تکفیـر / takfîr/: [عربـی] اسم. [ادیان] کـار یـان ڕەوتی بـەکـافر زانـین یـان ڕاگـەیانـدنی کـافر بوونی کەسێک لـە لایـەن خـاوەن پلـەیێکـی دینیەوە.

◙ تکفیـر شـدن: بـە کـافر زانـران؛ بـە کـافر دەرچـوون؛ بـە کـافر کـران ‹منـصور حـلاج تکفیر شد: مەنسووری هەلاج بە کافر زانرا›.

تکفیر کـردن: بـە کـافر زانـین؛ بـە کـافر دەرکـردن ‹عـدەای مُـلای قـشری او را تکفیـر کردند: برێ کۆلکە مەلا بە کافریان زانی›.

تکفـین / takfîn/: [عربـی] اسم. کـار یـان

◙ تکـرر ادرار: میـزەچورتکـێ؛ مێـزە چرکـێ؛ گمێزە چرکە.

تک‌رنگ / takrang/ ☜ **تک‌فام**

تکـــرو / takrow، ـهـــا؛ تکـــروان؛ takrovān /: صفت. سـەرەڕۆ؛ ئـۆگر بـە ڕەوتی ئـەنجامـدانی کاری تاکـەکـەسـی ‹او همیشـه تکرو بـوده اسـت: ئەو هەمیشە سەرەڕۆ بووە›.

تکرونـد / takravand، ـهـا/: صـفت. [شـیمی] ئیزۆتـۆپ؛ دوو یـان چـەنـد ئـەتـوم لـە یـەک توخم کـە ژمـارەی نـوترۆن و دوابـەدوا کـێشی ئـەتومییـان پێکـەوە جیـاوازە (وەک کولـوری٣٥ و کولوری٣٧ یان کەربونی ١٢ و کەربونی ١٤).

تکـروی / takravî، ـهـا/: اسـم. سـەرەڕۆیـی؛ کاری تاکە کـەسـی بـەبێ بایـەخدان بـە بـاوەڕ یا کردەی خەڵکی.

تکـریم / takrîm/: اعربـی]اسـم. کـار و ڕەوتی ڕێزگـرتن؛ ڕێـز لێنـان؛ خـەمنانـدن ‹تکـریم خـدمتگزاران دانـش و فرهنـگ وظیفـەی همـەی شـهروندان اسـت: ڕێزگـرتن لـە خزمـەتکـارانی زانست و فەرهەنگ ئەرکی هەموو هاووڵاتیانە›.

تکـزا / takzā، ـها؛ ـیان/: صفت. [زیستشناسی] تاکەزێ؛ تایبـەتمـەنـدی یـان توانـایی ئـەوەی کە لە هەر جاری زاوزێـدا تـەنیـا بێچوویـەکـی دەبێت.

تکـزی / takzî، ـها؛ ـان/: صفت. [زیستشناسی] تاقـەژی؛ تـەنیـازیو؛ تاکـەژی؛ تایبـەتمـەنـدی ئـەوەی کـە تـەنیـا و دوور لـە کۆمـەڵ دەژی (بەتایبـەت لـەمـەڕ گیانلـەبـەرانـەوە). بـەرانبـەر: **گروهزی**

تـــک‌شـــاخ / takšāx/: اســـم. ١. [نجـــوم] دیمانەیەکی ئاسمانی لـە ئـەستێرەگـەلی پـرژ و بـڵاوی نێـوان سـەگـی گـەورە و سـەگـی چکۆلـە ٢. ئـەسـپی چیرۆکـان بـە دووبـاڵ و تاقەشاخێکەوە.

تـک‌شـکل / takšekl/: [فارسی/ عربی] صفت. تاقەوێنە؛ تـەکبـیچم؛ بـە تـەنیـا وێنـەیـەکـی بەردەوامەوە.

تـــک‌شـــمارد / takšomāre، ـهـــا/: اســـم. تاقەژمـارە؛ یـەک بـەرگ لـە بڵاوکـراوەیـەکـی دەورەیـی ‹بهـای تک‌شماره ٢٠٠ تومـان: نرخـی تاقەژمارە ٢٠٠ تمەن›.

تـک‌شـیب / takšîb/: [عربـی] صفت. ١. لالێـژ؛ لێژ تەنیا بە بارێکدا ٢. [زمینشناسی] چینێـک لـە ئاقارێـکدا کـە تـوێژەکـانی دەوروبـەری بـە شێوەی ئاسۆیی کەوتبێتن.

تکفـام / takfām، ـهـا/: صـفت. تاقـەڕەنـگ؛ یـەکڕەنـگ؛ بـە تیـشکی تاقـە ڕەنگـەوە (وەک تەنیا سوور یان تەنیا زەرد و...): **تک‌رنگ**

تـــک‌فرزنـــد / takfarzand/: صـــفت. ١. تاقەمنـداڵ؛ تـەنیامنـاڵ؛ تـەنیازاوڵـە؛ خـاوەنی تەنیا منداڵێک ‹خـانوادەی تک‌فرزند: بنـەماڵـەی تاقەمنداڵ› ٢. /ـهـا/ تاقانـە؛ تاکانـە؛ تاقاڵـە؛ تەنیا منداڵی بنەماڵەیەک.

تکفـــــل / takaffol/: [عربـــــی]اســـم. سەرپـەرشتی؛ داشـدیاری؛ بنـەوانی؛ بنـاوانی؛ یانەوانی؛ کار یـا ڕەوتی بـە ئـەستۆگرتنی کـار و سـەرپـەرشـتیکـردنی مـاڵ ‹تکفـل یـک خـانوادەی دە نفـری بـا او بـود: سـەرپـەرشتی خێزانێکی دە کەسی بە ئەستۆ بوو›.

تکفیـر / takfîr/: [عربـی]اسم. [ادیان] کـار یـان ڕەوتی بـەکـافر زانـین یـان ڕاگـەیانـدنی کـافر بوونی کەسێک لـە لایـەن خـاوەن پلـەیێکـی دینیەوە.

◙ تکفیـر شـدن: بـە کـافر زانـران؛ بـە کـافر دەرچـوون؛ بـە کـافر کـران ‹منـصور حـلاج تکفیر شد: مەنسووری هەلاج بە کافر زانرا›.

تکفیر کـردن: بـە کـافر زانـین؛ بـە کـافر دەرکـردن ‹عـدەای مُـلای قـشری او را تکفیـر کردند: برێ کۆلکە مەلا بە کافریان زانی›.

تکفـین / takfîn/: [عربـی]اسـم. کـار یـان

ڕەوتی کفن‌پۆش‌کردنی مردوو؛ کفن‌کردن.

تک‌گویی / takgûyî، ـها/: [عربی]/اسم. تاقەبێژی؛ بەرنامەی وتاربێژی (بە تایبەت لە شانۆدا) کە تەنیا کەسێک بەڕێوەی دەبا.

تکلتو / takaltû/: [عربی]/اسم. نەرمەزین؛ ژێرزین؛ نمەد و ئارەقگیری بن زین.

تکلف / takallof، ـها؛ ـات/: [عربی]/اسم. کار و کۆشش بە مەبەستی گەورە و بەشکۆ کردن یان نیشاندانی شتێک.

⊡ **تکلف به خرج دادن**: خۆ خستنە ژێر ئەرک و زەحمەتەوە؛ زۆر بۆ خۆ هێنان لە کاراندا بە مەبەستی خۆ نواندن.

تکلم / takallom/: [عربی]/اسم. [ادبی] کار و ڕەوتی دوین؛ دوان؛ دوەی؛ پەیوین؛ پەیڤین؛ ئاخافتن؛ ئاخاوتن؛ قسەکردن.

⊡ **تکلم کردن**: قسەکردن؛ ئاخافتن؛ ئاخاوتن؛ دوان؛ دوەی؛ پەیوین؛ پەیڤین؛ قسێ‌کەردەی ‹او بە چهار زبان تکلم می‌کند: بە چوار زمانان قسە دەکا›.

تکلیس / taklîs/: [عربی]/اسم. کار یا ڕەوتی وشکەوەکردن و گەرما دان بە ماکێک بۆ نەهێشتنی نم و تەڕاییەکەی.

تکلیف / taklîf، ـها/: [عربی]/اسم. ١. تەوزیم؛ فەرمانە؛ ئەرکی سەرشان ٢. /تکالیف/ مەشق؛ کاری ڕاهێنان کە قوتابی لە ماڵ دەبێ ئەنجامی بدا.

⊡ **تکلیف دادن**: مەشق پێدان؛ کار پێدان؛ نیشان‌کردنی ئەو کارانەی کە قوتابی دەبێ لە ماڵەوە ئەنجامی بدات.

تکلیف شدن: ١. [گفتاری] باڵغ بوون؛ پێگەیین؛ گەیشتن بە تەمەنی بلووغ؛ پنەیاوەی ٢. سپێردران؛ وەئەستۆ نران ‹آن کار بە من تکلیف شد، ولی من قبول نکردم: ئەو کارە بە من سپێردرا، بەڵام وەئەستۆم نەگرت›.

تکلیف کردن: خستنە ئەستۆ؛ کار لێ ویستن؛ کار چنە گەرەک بیەی؛ داوای ئەنجامدانی کارێک لە کەسێ‌کردن ‹بە او تکلیف کرد [illegible] برود کار را تمام کند: [illegible] کە بڕوا کارەکە تەواو کات›.

تکلیف کسی/ چیزی را معلوم/ معین/ روشن کردن: کار و باری کەسێک/ شتێک/ بە بارێکدا بڕینەوە؛ کاری کەسێک/ شتێک بە لایەکدا خستن؛ بەرکردنە لایەکەوە؛ کار یەک‌لا کردنەوە ‹اول تکلیف [illegible] روشن [illegible]، بعد ما هم تکلیف خودمان را می‌فهمیم: لە پێشدا [illegible]، ئەمجار ئێمەش ئەرکی خۆمان دەزانین›.

تک‌محصول / takmahsûl/: [فارسی/ عربی] ☜ **تک‌محصولی**

تک‌محصولی / takmahsûlî، ـها/: [فارسی/ عربی] صفت. یەک‌بەرهەمی؛ تاکەبەرهەمی؛ تەک‌بەرهەمی؛ بە تەنیا بەرهەمێکی شیاو بۆ دانان لە بازاڕیدا ‹اقتصاد [illegible]: ئابووری یەک‌بەرهەمی›: **تک‌محصول**

تک‌مضراب / takmezrāb، ـها/: [فارسی/ عربی]/اسم. وردەئاهەنگ: ١. [موسیقی] تەک زەخمە؛ دەنگی تاقە نوتێک لە سازە ژێدارەکاندا ٢. [کنایی] چەڵتووک تێ‌فڕێدان؛ نۆک تێ‌خستن؛ قسەیەک کە کەسێک لەناو قسەی کەسێکی‌تردا (بۆ دژایەتی) بێژێتی ‹مخالفان در حین سخنرانی او گاه [illegible] می‌زدند: نەیارەکان لە کاتی وتارەکەیدا [illegible] لێدەدا›.

تکمله / takmele، ـها/: [عربی]/اسم. ١. تەواوکەر؛ ئەوەی کە شتێک کامڵ بکات ٢. پەیوەست؛ نووسراوەیەک بۆ تەواو کردنی نووسراوەیەکی‌تر.

تکمه / tokme، ـها/: [ترکی]/اسم. دوگمە؛

دکمــه: ١. کلانــه؛ پــشکۆژ؛ قومچــه؛ پۆپچــه؛ قولــۆبچه؛ گــژگ؛ ئــامێرێکی بچــووک کــه بــۆ هه‌ڵــپێکانی جلـک یـا بـۆ جـوانی بـه کـار دێ ٢. ئــامێرێکی بچــووکی زه‌ق و خــڕ کــه بــۆ وه‌کار خستنی که‌ره‌سـه‌یـه‌ک بـه کـار ده‌بـرێ ‹تکمه‌ی زنــگ: دوگمــه‌ی زه‌نــگ› ٣. *الــف) [گیاه‌شناسی]* گـرێ؛ گوچـک؛ بـه‌شـی خـوارین و ماســیوی ڕیخــه‌ی گیــای دار کــه خــۆراکی تیـدا کـۆ ده‌بێتـه‌وه. *ب) [کالبدشناسـی]* گرتکـه؛ زه‌قیـه‌کـی بچـووک لـه هـه‌نـدێک ئـه‌ندامی له‌شدا ❊ **دکمه؛ دگمه**

◘ تکمه‌ی سردست ☜ **تکمه‌سردست**

تکمه‌ی فشاری ☜ **تکمه‌فشاری**

تکمه‌ی قابلمه ☜ **تکمه‌فشاری**

تکمه‌ی منگنه‌ای ☜ **تکمه‌منگنه**

تکمــه‌سردســـت / tokmesardast، ــــهـــا/: [ترکـی/ فارسـی] *اسـم.* دوگمــه‌ی ســه‌رده‌ســت؛ قوپچه‌یه‌ک زۆرتر بـۆ جـوانی بریـه‌تیـه لـه دوو بـه‌ش کـه بـه میلـه یـان زنجیرێـک پێکـه‌وه لکـاوه و بـه مـه‌بـه‌سـتی بـه‌سـتنی جومگـه‌ی کراس له جێ قوپچانی مه‌چه‌ک ده‌یبوێرن.

تکمــه‌فــشاری / tokmefešārî، ـــهـا/: [ترکـی/ فارسـی] *اسـم.* دوگمــه داهــه‌ڕسـتی؛ نــه‌ڕومـا؛ جۆرێـک دوگمـه بـه دوو بـه‌شـی نێـر و مێـوه، که بـۆ بـه‌سـران ده‌چنـه نـاو یـه‌کـه‌وه: **تکمـه قابلمه‌ای**

تکمه‌قابلمه‌ای / tokmeqāblame'î، ـها/: [ترکـی] ☜ **تکمه‌فشاری**

تکمــه‌منگنــه / tokmemangane, -mangene، ـــهـا/: [ترکـی/ فارسـی] *اسـم.* دوگمـه مـه‌نگـه‌نـه؛ جۆرێـک قوپچـه کـه پارچـه یـان چـه‌رم بـه ڕوویدا مه‌نگه‌نه‌کراوه: **تکمه‌ی منگنه‌ای**

تکمیــل / takmîl/: [عربـی] *اسـم.* کـودان؛ دۆخ یان چۆناوچۆنی کامڵ بـوون یـان تـه‌واوکـردن ‹تکمیل کار دو ماه طول کشید: کودانـی کـاره‌کـه دوو مانگی خایاند›.

تکمیل[٢]: *اسـم.* پـڕ؛ تـه‌واو؛ بـێ کـه‌م و کـووڕی ‹ظرفیت تکمیل است: جێگه پڕه›.

◘ تکمیــل شــدن: تــه‌واو بــوون؛ جێبــه‌جــێ بــوون؛ پــڕ بــوون ‹ســاختمان تکمیــل شــد: خانووبه‌ره‌که ته‌واو بوو›.

تکمیل کـردن: جێبـه‌جـێ‌کـردن؛ تـه‌واو/ پـڕ کردن؛ تـه‌مامنـه‌ی ‹هـر وقـت مقالـه را تکمیـل کردی بفرسـت حروفچینـی: کاتێـک وتـاره‌کـه‌ت ته‌واو کرد بینێره بۆ پیتچنی›.

تکمیلــی / takmîlî/: [عربــی] *صــفت.* کۆتــایی؛ تـه‌واوکـه‌ری ‹دوره‌ی تکمیلی: خولی کۆتایی›.

تکنتــیم / teknetiyom/: [فرانــسوی] *اســم. [شــیمی]* تیکنیتیــۆم؛ کــانزای بــه‌ده‌گمــه‌نی ڕادیۆئــه‌کتیــف، بــه ژمــاره‌ی ئــه‌تــومی ٤٣ و کێــشی ئــه‌تــومی ٩٨,٩٠، بــه ڕه‌نگــی خۆڵــه‌مێــشی و ڕوویــه‌کــی زێــوی،کــه لــه تره‌کانه‌وه‌ی ئۆرانیۆم به‌رهه‌م دێت: **تکنسیم**

تکنسیم / teknesiyom/: [فرانسوی] ☜ **تکنتیم**

تکنگــــاری / taknegārî، ــــهــــا/: *اســـم.* نووســراوه‌یێکــی لێکۆڵــینه‌وه‌یــی (کتێـب، وتـار) له‌مه‌ڕ جێگه، شت یان دیارده‌یه‌که‌وه.

تکنـــواز / taknavāz، ـــان/: *اسـم. [موســـیقی]* تاکه‌ژه‌ن؛ سولۆ: ١. کـه‌سـێ کـه بـه تـه‌نیـایی سـاز ده‌ژه‌نـێ ٢. ئاهـه‌نگـێ یـان بـه‌شـێک لـه ئاهه‌نگ که ته‌نیا بۆ تاکه که‌سێک داندراوه.

تکنـوازی / taknavāzî، ـهـا/: *اسم.* تاکـه‌ژه‌نی: ١. کاری لێـدانی ئاهـه‌نگێکـی مووسـیقایی بـه سـازێک ٢. ئاهـه‌نگێـک کـه تـه‌نیـا کـه‌سـێک لێی‌ده‌دا.

تکنـوکرات / teknok(e)rāt، ـهـا/: [فرانـسوی] *اسـم.* کارامــه؛ لێــزان؛ شــاره‌زا؛ پــسپۆڕ؛ کـه‌سـێکی سـه‌رده‌رچـوو و کارلێهـاتوو کـه لـه بـه‌ڕێـوه‌بـه‌ری ولاتـدا بـه‌شـداری هـه‌یـه: **فن‌سالار**

تکنوکراسی / teknok(e)rāsî، ـــهـــا/: [فرانسوی]/اسم. تێکنۆکراسی؛ شارەزایی؛ پسپۆڕی؛ لێزانی؛ کارامەیی؛ سیستەمێکی کۆمەڵایەتی کە سەر لێدەرچوان و زانیاران بەڕێوەی دەبەن.

تکنولژی / teknolojî، ـها/: [فرانسوی]/اسم. ١. تیکنۆلۆژی؛ کۆمەڵە زانستێک کە لە کۆمەڵگایەکی خاوەن شارستانیەتدا بۆ بە دەست هێنانی ماک و دروست کردنی بە کار دەبرێ ٢. الف) کار یان ڕەوتی بە کار بردنی زانستگەل لە کاری پیشەیی و ئابووریدا ب) کۆمەڵەی ئەم کاربەری و ڕەوشتانە * **فناوری**

▣ **تکنولژی آموزشی**: تیکنۆلۆژی ڕاهێنان/ فێرکاری؛ کار یان ڕەوتی بە کار هێنان و کەڵک گرتن لە میدیا، کەرەسە و ئامێرگەل (وەکوو تەلەفزیۆن، ڤیدیۆ، تاقیگە و...) بۆ ڕاهێنان.

تکنولژیست / teknolojîst، ـها/: [فرانسوی] /اسم. لێزان؛ کەسی خاوەن شارەزایی لە تیکنۆلۆژیدا.

تکنولژیک / teknolojîk /: [فرانسوی] صفت. لێزانی؛ سەر بە تیکنۆلۆژیەوە.

تکنولژیکی / teknolojîkî/: [فرانسوی] صفت. لێزانی؛ لێزانانە؛ پەیوەندیدار و بەسراو بە تیکنۆلۆژیەوە.

تکنیسین / teknîs(i)yan, teknes(i)yan، ـها/: [فرانسوی]/اسم. پیشەساز: ١. کەسێک کە لە سەنعاتێکدا شارەزا و بەئەزموونە ٢. کەسێ کە لە ڕشتەیێکی فەنی یان سنعەتیدا هەتا فەوق دیپلۆم دەرسی خوێندووە * **فن‌ورز**

تکنیک / teknîk، ـها/: [فرانسوی]/اسم. ڕێکار؛ شێواز ‹دانش و تکنیک: زانست و ڕیکار›.

تکنیکوم / teknîkom، ـهـا/: [؟]/اسم. ڕێکارگە؛ یانەیەک کە زانستی جۆراوجۆری (فەنی و پیشەسازی) بە مەبەستی فێرکردن تێدا دەگوترێتەوە.

تکواندو / tekvāndo/: [انگلیسی از کرەای] /اسم. تێکواندۆ؛ لە وەرزشە شەڕانیەکانە کە لە وڵاتی کورەدا هاتۆتە دی و تا ڕادەیەکیش لە کاراتە دەکات.

تکواندوکار / tekvāndokār، ـها؛ ـان/: [انگلیسی/ فارسی]/اسم. تێکواندۆباز؛ کەسێ کە وەرزشی تێکواندۆ دەکات.

تک و تا / tak-o-tā/: اسم. [گفتاری] تەنگوتا؛ بەرزەمژی ‹خواستم کمکش کنم، ولی او خود را از تک و تا نینداخت و پول را نپذیرفت: ویستم یارمەتی بدەم، بەڵام خۆی لە تەنگوتا نەخست و پارەکەی وەرنەگرت›: **تنگ‌وتا**

تک و تنها / tak-o-tanhā: صفت. [گفتاری] تاقی‌تەنیا؛ تاق و تەنیا؛ تاقی‌تەنێ؛ تەک و تەنیا؛ تەنیا و تاق؛ تاک و واز؛ بێ‌هەواڵ و کەس و کار ‹از وقتی شوهرش مرده تک و تنهاست: لەو دەمەوە شووەکەی مردووە تاق‌وتەنیایە›.

تک و تنها[2]: قید. [گفتاری] بە تاقی تەنێ؛ بە تاقی تەنیا؛ بە تەنیا و تاق؛ تاک و واز؛ بە تەنیایی؛ خۆی و خۆی ‹تک و تنها در آن خانه زندگی می‌کند: بە تاقی تەنێ لەوماڵەدا دەژی›.

تک و توک / tak(k)-o-tûk/: قید. [گفتاری] تاک‌وتووک؛ تاق‌وتەرا؛ تاک‌وتەرا؛ تاک و واز؛ یەکە- یەکە؛ یوە-یوە؛ یەو- یەو؛ یۆ-یۆ؛ زۆر هەندک ‹توی خیابان تک و توک رهگذری دیده می‌شد: لە شەقامدا تاک‌وتووک ڕێبوارێک دەبیندرا›.

تکوین / takvîn/: [عربی]/اسم. [ادبی] گووران؛ پەیدابوون؛ کار یان ڕەوتی ڕسکان؛ بەدیهاتن؛ وەدیهاتن؛ خۆگرتن؛ سەرهەڵدان؛ دروست بوون؛ داهاتن؛ چێ

بــوون؛ وەش بیــەی؛ ڕســەی ‹ ... عــالم؛ ... فلسفەی ماتریالیسم دیالکتیک بە وسیلەی مارکس: ... ی جیهان؛ ... ی فەلسەفەی ماتریالیسمی دیالێکتیک بە دەستی مارکس›.

تکه / take، ـها/: *اسم.* کوور؛ حەچ؛ حەچە؛ تەجە؛ تەگە؛ خرت؛ خەرت؛ هەوری؛ هەفووری؛ هەفۆری؛ هەڤۆری؛ نێری؛ ساورێن؛ سابرێن؛ بلباس؛ بزنی نێری خۆماڵی.

تکه / tekke، ـها/: *اسم. [گفتاری]* تیکە؛ قەڵ: ١. لەت؛ خاش؛ پاژ؛ لەهـ ؛ پارچە؛ بەشێک جیاوەبوو لە شتێک ‹یک ... نان؛ دو ... کاغذ: ... یەک نان؛ دوو ... کاغەز› ٢. بەش؛ پارۆ؛ هەرکام لە بەشگەلی جیاکاری شتێک یان ئەوەی بکرێت لێی جیا بێتەوە ‹میز دو ...: مێزی دوو ...› ٣. *[گفتاری]* پاروو؛ پارۆ ‹... گرفتن: ... گرتنەوە› ٤. *[گفتاری]* بەرخۆڵە *[مجازی]*؛ گەنج (بەتایبەت کچ یان ژن)ی زۆر جوان و لەبار بۆ ئەویینداری.

▣ تکه‌ی چیزی بودن: قەپی شتێک بوون؛ تیکەی شتێ بوون؛ پارووی شتێک بوون؛ بەدەردخۆر و شیاوی شتێک بوون ‹او ...: ئەو ...›.

تکه گرفتن برای کسی: *[مجازی]* ئاش بۆ کەسێک گەڕاندن؛ خۆش کردنی بار و دۆخێک بۆ کەسێک کە ناخۆشی بەدوادایە ‹من شرمنده هستم، این ...: من شەرمەزارم، ئەم ...›.

تکه‌پاره / tekkepāre، ـها/: *صفت.* شڕ و وڕ؛ شڕ و دڕ؛ لەتوکوت؛ لەتوپەت ‹با این لباس ... می‌خواهی بروی بیرون؟: بەم جلوبەرگە ... وە دەتەوێ بچیە دەرێ؟›.

هەروەها: **تکه‌پاره شدن؛ تکه‌پاره کردن**

تکه‌تکه / tekke tekke/: *صفت.* جن‌جن؛ تیکەتیکە؛ لەت‌لەت؛ قەڵ‌قەڵ؛ کوت‌کوت؛ لەت‌کوت؛ لەت و پەت؛ لەت و کوت ‹پول را گرفت و تکه‌تکه کرد: پارەکەی گرت و ... کرد›.

تکه‌دوزی / tekkedûzî، ـها/: *اسم.* تیکەدووری؛ شێوازێکی دوورین کە کوت یا کوتگەلێک لە قوماشێک بە بیچمگەلی جۆراوجۆرەوە ئەبڕن و بە سەر قوماشێکی دیکەدا دایدەدوورن.

تک‌همسری / takhamsarî، ـها/: *اسم.* تاقە لفی؛ یەک‌هاوسەری؛ شێوەیەک لە پەیوەندی خێزانی کە هەر بوونەوەرێکی نێر یان مێ تەنیا خاوەن لفێکە. بەرانبەر: **چندهمسری**

تکی / takî/: *صفت. [گفتاری]* تەنیا ‹اتاق تکی: دیوی تەنیا›.

تکی: *قید.* تەنیا؛ بە تەنێ؛ بە تەنیایی ‹در آنجا تکی زندگی می‌کرد: دەوێدا تەنیا دەژیا›.

تکیاخته / takyāxte، ـها؛ ـگان/: *صفت. [زیست‌شناسی]* تاکەخانک؛ یەکخانک؛ بە پێکهاتەیەک کە تەنیا خانکێک دەگرێتەوە. بەرانبەر: **پُریاخته**

تکیدن / takîdan/: *مصدر. لازم. [نامتداول]* //**تکیده شدی**: داچەکای؛ **تکیده می‌شوی**: دادەچەکی؛ ...// داچەکان؛ داچەکیان؛ داچەکین؛ ژاکان؛ سیس هەڵگەڕان؛ سیسیان؛ لەڕ و بێ‌دەماخ بوون.

■ صفت مفعولی: **تکیده** (داچەکاو)

تکیده / takîde/: *صفت.* داچەکاو؛ ژاکاو؛ داچەکیو؛ سیسیاگ؛ لەڕ و لاواز بوو بەهۆی داچەکانەوە.

تکیه / takye, tekye/: [عربی]*اسم.* ١. پاڵ؛ پشت؛ پەشتی؛ کار یان ڕەوتی پاڵدانەوە؛ پاڵکەوتن ‹تکیه بده به دیوار: پاڵ بە دیوارەوە

بــده› ٢. *[مجــازی]* پــشت‌بــه‌ســتوویی؛ پشتگه‌رمـی؛ پـشت‌ئـه‌ستووری؛ پـشت‌قـایمی ‹تکیـه بـر آرای مـردم: پـشت‌بـه‌ستوویی بـه ڕای خـه‌ڵـکی› ٣. /ــهـا؛ تَکایـا/ تـه‌کیـه؛ خانـه‌قـا؛ جێگــه‌ی ده‌روێــشان ٤. *[زبـان‌شناسـی]* هێــز؛ گوشارێکی ده‌نگـی کـه لـه سـه‌ر یـه‌کێـک لـه بڕگــه‌کــانی وشــه‌وه ده‌رده‌کــه‌وێ، وه‌ک دوا بڕگه‌ی وشه‌ی «نووسـتن» کـه واتـای چـاوگی ده‌دات، بـه‌ڵام ئـه‌گـه‌ر هێـز بخرێتـه سـه‌ر بڕگــه‌ی یــه‌کــه‌م، واتــای ڕســته‌ی «ئــه‌وان نووستن» ده‌گه‌یێنێ.

▣ **تکیـه دادن:** پاڵــدان؛ پاڵــدانه‌وه؛ پاڵــه‌ودان؛ پاڵــۆدان؛ پــاڵ‌پێــوه‌دان؛ پــاڵ پــوه‌وه‌ده‌ی؛ هه‌ڵــپه‌سـاردن ‹بـه دیـوار تکیـه داده بـود: پاڵـی دابووه دیواره‌وه›.

تکیــه داشــتن: ١. پاڵپــشتدار بــوون؛ بــه پاڵپــشت بــوون ٢. ژێرپــێ قــورس بــوون؛ پشتگه‌رم بوون.

تکیــه‌ کــردن: ١. پاڵــدانه‌وه؛ پاڵــه‌وه‌دان؛ پــاڵ‌پێـدان؛ شـان داهـێڵان ‹بـرای ایـن کـه نیفتد، به دیوار تکیه کـرده بـود: بـۆ ئـه‌وه نـه‌کـه‌وێ پاڵــی‌دابــووه دیــواره‌وه› ٢. پــه‌رمیــان؛ ڕاپـه‌رمـوون؛ پـه‌رمیـه‌ی؛ پـشتگه‌رم بـوون؛ پشت پـێ‌بـه‌سـتن ‹دشمن بـه جنگ‌افزارهـای پیشرفته‌اش تکیـه کـرده بـود: دوژمـن بـه چـه‌کـه پێشکه‌وتـه‌کانیـه‌وه ده‌پـه‌رمیـا› ٣. پـێ‌داگـری کــردن؛ پــێ/ پــاداگرتن ‹او بیــشتر روی سودآوری کارخانـه تکیـه مـی‌کـرد: ئـه‌و زۆرتـر لـه سه‌ر قازانجده‌ری کارخانه‌وه پیی داده‌گرت›.

تکیــه‌ کــلام / takyekalām, tekye- ،ـــهـا/: [اعربـی]/*اسـم*. قـسه‌ی زار؛ وتـه‌ی زار؛ قـسه‌ی ده‌م؛ وشـه یـان زاراوه‌یـه‌ک کـه لـه ئاخـاوتنی کـه‌سـێکدا زۆرتـر دووپـات ده‌بێتـه‌وه ‹گفتم: خانم! تکیـه‌کـلام تـو شـده «پـول»، او هـم برگـشت و گفـت: تکیـه‌کـلام تـو هـم شـده «نـدارم»!: گـوتم: ژنـه‌کـه! قـسه‌ی زارت بۆتـه «پـاره»، ئـه‌ویش گـه‌ڕایـه‌وه، وتی: قـسه‌ی ده‌مـی تـۆش بـۆتـه «نیمه»!›.

تکیــه‌گــاه / takyegāh, tekye- ،ـهـا/: [عربـی/ فارسـی]/*اسـم*. پاڵپـشت: ١. جێگایـه‌ک کـه بتـوانی پاڵـی پـێ‌بده‌یـه‌وه یـان شـتێکی پـێ هـه‌ڵـپه‌سـێری ٢. شـوێنێک لـه لۆسـه‌دا کـه هێز لـه بازلـه‌وه بـۆ ئـه‌و جێگـه ده‌گوێزرێتـه‌وه ٣. *[مجـازی]* پـشتگر؛ پـشتیوان و لایـه‌نگـر ‹شما همیشه تکیـه‌گـاه ما بودید: ئێوه لـه هـه‌مـوو کاتدا پالپشتی ئێمه بوون›.

تگــرگ / tagarg ،ـــهـا/: *اسـم*. تـه‌رزه؛ تـه‌زره؛ تـه‌رزۆکـه؛ تـه‌وه‌رگـه؛ تـوه‌رگـه؛ تـه‌گـر؛ تگـر؛ تـه‌رگ؛ تـه‌تـره‌ک؛ زیپـک؛ تـه‌یـرۆک؛ ژیلـه؛ تـــه‌رزم؛ خرخــــرۆک؛ خلخــــل؛ خلۆریــــگ؛ خلۆیــــک؛ خولۆلیــــک؛ گلێرکــــه؛ گلێــــره؛ تـه‌رکـژۆک؛ گـژل؛ بـه‌رفخـۆرک؛ بـه‌رخـۆرک؛ بـه‌فرخۆرکـه؛ تـه‌زۆرکـه؛ ئـه‌ڵماسـێ؛ گژلـۆک؛ گۆنیژه: ١. دانه‌گـه‌لی سـه‌هـۆڵ کـه بـه هـۆی سـارد بوونــه‌وه‌ی لــه‌پــڕی هــه‌واوه، لــه بــه‌رزاییێکــی کــه‌مــدا ده‌رچــێن و بــه گــوڕ داده‌بــارن ‹تگــرگ باریــد بــه درشــتی یــک گــردو: تــه‌رزه‌یــه‌ک دایــدا ئــه‌وه‌نــده‌ی گوێزێــک› ٢. بارانی تـه‌رزه ‹تگـرگ بـه محـصول درختـان صدمه زد: تـه‌رزه‌کـه زیانی گه‌یانده به‌ری داره‌کان›.

تگرگـــــی / tagargî/: *صــفت*. ١. تگـــری؛ زۆرسـارد؛ چیـا؛ فـره‌چیـاگ؛ کـه‌للـه‌تـه‌زێـن؛ سـه‌رتـه‌زێـن ٢. تـه‌رزه‌یـی؛ بـه‌فرخـۆره‌کـی؛ گــژڵ‌ئاسـا؛ بـه ڕوویـه‌کـی گــرنج‌ــگـرنج و ده‌نـکـــ‌ده‌نکـی وه‌ک تـه‌رزه ‹شیشه‌ی تگرگـی: شووشه‌ی تـه‌رزه‌یی› * **تَگری** *[گفتاری]*

تگری / tagarî/ ☜ **تگرگی**

تـــل / tal(l) ،ـــهـا؛ اَتـلال/: [اعربـی]/*اسـم*. کـوا؛ کۆگـا؛ تـه‌پـه؛ تـه‌پـک؛ تـه‌پکـه؛ تـه‌پۆلـه؛ تـه‌پۆلکه؛ تـه‌پـه‌ی چکۆلـه کـه لـه کۆمـا بـوونی

شتێک پێک دێت ‹تل خاک: کوای خۆڵ›.

تل / tel، ـها/: [ترکی]/سم. تەل؛ تێل؛ قژگیر؛ کەرەستەی فەنەری نەرم بۆ ڕاگرتنی قژی بەر سەری ژنان.

تلاش / talāš، ـها/: [ترکی]/سم. کۆشش؛ هەوڵ؛ تەقالا؛ کەفتولەفت؛ هەڵگ؛ تەپشت؛ کرد و کۆش؛ تەلاش؛ خەبات؛ پەلوپۆ؛ متەملوو؛ تێکۆشانی سەخت و زۆر بۆ گەیشتن بە ئامانج.

▣ تلاش مذبوحانه: پەلەقاژێ؛ قولەفرتێ؛ پەلەفرتێ؛ لاقەفرتێ؛ پەلوپۆی بێهۆ؛ هەوڵدانی بێئاکام.

تلاش معاش: هەوڵی بژیو؛ کار یان ڕەوتی کۆشان بۆ بەدەس هێنانی بژیو.

▣ بە تلاش افتادن: تەقالادان؛ هاتنە پەلوپۆ؛ تێکۆشان؛ کەوتنە کەفت و لەفت ‹مردم به تلاش افتادند تا او انتخاب شود: خەڵکی هاتنە پەلوپۆوە بەشکوو ئەو هەڵبژێردرێ›.

در تلاش بودن: هەوڵدان؛ هەڵبزۆقین؛ لە تێکۆشاندا بوون؛ لە هەوڵدا بوون؛ خەریکی کار و کۆشش بوون ‹در تلاش بود تا به ریاست برسد: هەوڵی دەدا بەڵکوو بگاتە سەرۆکایەتی›.

تلاشگر / talāšgar، ـها؛ ـان/: [ترکی/ فارسی] صفت. تێکۆشەر؛ هەوڵدەر؛ کۆشەر؛ کۆشا؛ خەباتگێر؛ کارا ‹کارگران تلاشگر ادارەی راه: کرێکارە تێکۆشەرەکانی مەزرینگەی ڕێوبان›.

تلاشی / talāšî/: [عربی]/سم. [ادبی] پژاوی؛ پژیاگی؛ جیایی و لێکبڕاوی؛ دۆخ یان چۆنیەتی هەڵوەشانەوە و پووکانەوەی ئەندامان یان تیکەگەلی پێکهێنەری شتێک ‹تلاشی خانواده: پژاوی بنەماڵە›.

تلاطم / talātom، ـها؛ ـات/: [عربی]/سم. ١. شڵەژاوی؛ شێواوی؛ فەرتەنە؛ فرتەنە؛ فرتونەک؛ دۆخ یا چۆنیەتی جێبەجێ بوون و لێکدانی پەستاپەستای پاژگەلی شتێک، بەتایبەت تراوێک؛ هەژان؛ ڕاتڵەکان؛ ڕاشڵەقان؛ هاتنەیەک ‹دریا در اوج تلاطم بود: زەریا لەوپەڕی شڵەژاویدا بوو› ٢. هەڵتەک و داتەک؛ تەکان و شەکان؛ ڕاتڵەکانی بە هێزی شتی سەر ئاو ‹کشتی دچار تلاطم شد: گەمیەکە تووشی هەڵتەک و داتەک بوو› ٣. [مجازی] پشێوی؛ ئاژاوە؛ شڵەژاوی؛ فەرتەنە؛ وەیشوومە؛ خۆنەگری و ناتەوانی بە هۆی ڕووداوی درێژ خایەنی ناخۆشەوە ‹بر اثر جنگ زندگی مردم دچار تلاطم شد: لە سۆنگەی شەڕەوە ژینی خەڵکی تووشی پشێوی بوو›.

تلافی / talāfî/: [عربی]/سم. [گفتاری] قەرەبوو؛ قەرەوی؛ باربوو؛ چێرە؛ کار و کردەوەیەک کە لە وەرامدانەوە بەکارێکی تر و بە هەمان مەبەست ئەنجامدەدرێت ‹خواست با دادن هدیەای خوبی او را تلافی کند: ویستی بە دیاری دانێک چاکەی قەرەبوو کاتەوە›.

▣ تلافی سر کسی دیگر درآوردن: هەق تایی لە دۆلاوی سەندنەوە/ کردنەوە؛ قەرەوی کاری کەسێک لە کەسێکیتر کردنەوە؛ تۆڵە لە کەسێکیترسەندنەوە.

تلافیکردن: قەرەبوو دانەوە؛ هۆ دانەوە: ١. قەرەبووکردنەوە؛ بۆ بژاردنەوە؛ هەق کردنەوە ٢. تۆڵەکردنەوە؛ وەرامی کارێک وەک خۆی دانەوە؛ وەرام بە وەرامکردن.

تلافیجویانه / talāfîcûyāne/: [عربی/ فارسی] صفت. تۆڵەگرانە؛ تۆڵەسێنانە؛ دەستەوایانە؛ سەر بە تۆڵەسەندنەوەوە.

تلافیجویی / talāfîcûyî، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. تۆڵەسێنی؛ تۆڵەگری؛ بەرانبەرکەری؛ دەستەوایی؛ کار یان ڕەوتی

وەڵام دانەوە بە کاری (زۆرتر ناڕەوا و نەشیاو) کەسێک هەر بەو شێوەیە ‹کارگران هم بە فکر تلافی‌جویی افتادند: کرێکارانیش کەوتنە بیری تۆڵەسەندنەوە›.

تلاقی / talāqî، ـها/: [عربی]/اسم. ۱. وێکەوت؛ لێکەوت؛ کار یان ڕەوتی لێکدان؛ پێکگەیشتن ‹تلاقی رود و دریا: پێکەوەنوسی ڕووبار و زەریا› ۲. دیدار؛ دیمانە؛ کار یان ڕەوتی چاو پێکەوتن؛ چەم پنەکەوتەی ‹رغبتی آشکارا برای این تلاقی از خود نشان نمی‌داد: شەوقێکی وای بۆ ئەم دیدارە لە خۆی پیشان نەدەدا›.

تلألؤ / tala'lo'، ـها/: [عربی]/اسم. زریوە؛ گرشە؛ ورشە؛ ورچە؛ بریقە؛ چرف؛ ڕەوتی درەوشانەوە؛ بریقانەوە؛ درەوشین ‹تلألؤ زیورها چشم را خیره می‌کرد: ورشەی خشڵەکان چاوی ماق دەکردەوە›.

تلامذه / talāmeze/: [عربی] جمعِ ☜ **تلمیذ**

تلامیذ / talāmîz/: [عربی] جمعِ ☜ **تلمیذ**

تلاوت / talāvat, telāvat/: [عربی]/اسم. *[ادبی]* کاری خوێندنەوەی نووسراوەیەک (بە تایبەت قورئان) ‹آیاتی از قرآن تلاوت شد: ئایەتگەلێک لە قورعان خوێنرایەوە›.

تلبیس / talbîs، ـها/: [عربی]/اسم. *[ادبی]* ۱. کەلەک؛ فێڵ؛ گەڕ؛ گڕ؛ گەژ؛ سووڕ؛ فەن و فێڵ؛ تەڵەکە؛ گوڵ؛ گز؛ گزی؛ گزە؛ گزنی؛ گغنی ۲. فێڵبازی؛ گزدەری؛ کەلەکبازی؛ فەنبازی؛ گزبازی؛ گزیکاری؛ گغنی‌بازی؛ تەڵەکەبازی.

◘ تلبیس کردن: فێڵ کردن؛ کەلەک لێدان؛ گوڵ لێدان؛ شتێک بۆ فریودانی کەسێک بە بیچمێکی‌تر ڕازاندنەوە.

تلپ / telep/: صوت. تەپ؛ زرم؛ شڵپ؛ تلپ؛ تولوپ؛ شەق؛ دەنگی کەوتنە زەوینی شتێکی قورس ‹غش کرد و تلپ افتاد: بووڕایەوە و تلپ ڕمیا›.

◘ تلپ نشستن در جایی: *[مجازی]* پەسا داخستن لە شوێنێک؛ داکوتان لە شوێنێک؛ یاتاقی خستن؛ یاگێوەنە کوایرە؛ لێداکەوتن؛ لێکەوتن؛ داکەوتن؛ لە جێیەکدا داکوتان؛ پشتێن لێ‌شل کردن؛ پاڵدانەوە؛ مانەوە لە شوێنێک زۆتر بەبێ بانگێشتن یا ویستی میواندار ‹رفتند کرمانشاه، [illegible]: چوون بۆ کرماشان، لە [illegible] [illegible]›.

تلخ / talx/: *صفت*. تاڵ؛ تیەڵ: ۱. تەڵ؛ تەعل؛ ژاعرین؛ ژاعرێنی؛ ژاحرین؛ ژەحرین؛ ژەحر؛ تەحل؛ خاوەن چێژەی تاڵ ‹داروی تلخ: دەوای تاڵ› ۲. *[مجازی]* بە ژان؛ ئازاردەر؛ ناخۆش؛ ناوەش؛ بە ناسۆر ‹حرف تلخ؛ زندگی تلخ: قسەی تاڵ؛ ژینی تاڵ›.

تلخ‌رو / talxrû، ـها؛ ـیان/: *صفت*. *[مجازی]* ڕووگرژ؛ ڕووتاڵ؛ مۆن؛ گرژ و مۆن؛ ناوچاوتاڵ؛ ناوچاوتورشیاگ؛ مۆچ؛ مڕ و مۆچ؛ ڕوو ناخۆش.

تلخ‌رویی / talxrûyî، ـها/: *اسم*. *[مجازی]* ڕووگرژی؛ ڕووتاڵی؛ مۆنی؛ گرژ و مۆنی؛ ناوچاوتاڵی؛ ڕووناخۆشی.

تلخ‌زبان / talxzabān، ـها؛ ـان/: *صفت*. *[مجازی]* قسەتاڵ؛ زوان‌تاڵ؛ دەمتاڵ؛ قسەناخۆش؛ خاوەن قسە و لفتی بێ‌تام و ئازاردەر.

تلخ‌زبانی / talxzabānî، ـها/: *اسم*. *[کنایی]* قسەتاڵی؛ زوان‌تاڵی؛ دەمتاڵی؛ قسە ناخۆشی؛ دۆخ یان باری لفت ناخۆش بوون.

تلخکام / talxkām، ـان/: *صفت*. *[کنایی، ادبی]* پەشێو؛ خەمین؛ خەمبار؛ پەژار؛ داماو؛ ئەوگار؛ ڕەش‌هەڵگەڕاو؛ ژین‌تاڵ؛ دڵ‌بەکوڵ.

تلخکامی / talxkāmî، ـها/: اسم. [کنایی، ادبی] پەشێوی؛ پەژارەیی؛ داماوی؛ ژین‌تاڵی؛ خەمینی.

تلخه / talxe، ـها/: اسم. ١. تاڵگ؛ تاڵگە؛ تاڵک؛ تاڵە؛ تاڵی؛ تاڵگ؛ تاڵی‌تۆس؛ تاڵوو؛ تاڵوەتاڵە؛ گوڵ‌گۆچێلە؛ بنەگیایەکی ئاڵفیە دانەکانی تاڵە و زۆرتر لە لێواری مەزرای گەنمدا دەڕوێ ٢. زەرداو؛ زراو؛ زەرتاڵ؛ زراڤک؛ سەفرا؛ تراوێکی زەردی ئامال سەوزە، لە جەرگەوە دەڕژێتە ناو ڕێلەخۆوە و چەوری پێ دەتوێتەوە.

تلخی / talxî/: اسم. تاڵی؛ تەحلی؛ تیەڵژیەڵی: ١. دۆخ یا چۆنیەتی تاڵ بوون ‹مزەاش بە تلخی می‌زند: چێژەی بەرەو تاڵی ئەچێ› ٢. یەکێک لە چوار چێژەی سەرەکی کە بە پرزگەلی بەشی دوایینی زمان هەستی پێ‌دەکرێت (وەکوو چێژی بەڕووی کاڵ) ٣. ـها/ [مجازی] ڕەنجەڕۆیی؛ کوێرەوەری؛ ناخۆشی و ناکۆکی ژیان ‹واقعاً که تلخی زندگی طاقت‌فرسا است: بەراستی کە تاڵی ژیان برستبڕە›.

تلخیص / talxîs، ـها/: [عربی]/اسم. کورتکری؛ پوختەکاری؛ کار یا ڕەوتی کورت‌کردنەوە ‹متن کامل مقالەاش را بردیم تلخیص کردیم: دەقی تەواوی وتارەکەیمان برد و کورتمان کردەوە›.

تلسکپ / teleskop، ـها/: [فرانسوی]/اسم. تلیسکۆپ؛ کەرەستەیەکی پێشکەوتووە بۆ ڕوانین لە تەن و ئاشتەباکانی دوورەدەس بە شکاندن یان پەرچدانەوەی نوور لە ئاوێنەی کووردا: **تلسکُوپ**

▣ **تلسکپ رادیویی**: تلیسکۆپی ڕادیۆیی؛ ئامێرێک بۆ گردەوکەری و لێکدانەوەی شەپۆلگەلی کیانی.

تلسکوپ / teleskop/: [فرانسوی] ☜ **تلسکپ**

تلطف / talattof/: [عربی]/اسم. [ادبی] دڵسۆزی؛ مێهرەبانی؛ دڵۆڤانی؛ نەرمی.

تلطیف / taltîf/: [عربی]/اسم. [ادبی] کار یان ڕەوتی لە بارکردن یان لابردن و سڕینی هۆکارگەلی ناخۆش و ئازاردەر لە شتێکدا. هەروەها: **تلطیف کردن**

تلف / talaf/: [عربی] صفت. خەسار؛ نفلە؛ کار یان ڕەوتی تێداچوون؛ لە کیس چوون؛ لەناو چوون؛ بە فیڕۆ چوون؛ فەوتان؛ بەینەنە لوەی؛ دلێنە شیەی ‹وقتی افتاد، بچەی پنج ماهەی توی شکمش تلف شد: کاتێ کەوت مندالە پێنج مانگەکەی زگی تێداچوو›.

تلفات / talafāt/: [عربی]/اسم. خەسار؛ لە نێو چوو؛ لە ناو چووگ؛ لە کیس چوو؛ ئەوەی لە ناو چووە و فەوتاوە.

▣ **تلفات جانی**: خەساری گیانی؛ کوژراو یان کوژراوان.

تلفات مالی: خەساری مالی؛ لە کیس چوونی مالی؛ مالێ کە فەوتاوە.

▣ **تلف کردن**: بە با دان؛ لە ناو/ نێو بردن؛ لە کیس دان؛ بە ئاوا دان؛ فوودەی ‹این همە پول را بردی یک ماهە تلف کردی: ئەم هەمووە پارەیەت برد و بە مانگێک بە بات‌دا›.

تلفظ / talaffoz، ـها/: [عربی]/اسم. بێژە؛ دەنگانی؛ چۆناوچۆنی دەربڕینی وشە ‹تلفظ «خاک» چگونە است؟: بێژەی «خاک» چۆنە؟›.

تلفن / tel(e)fon، ـها/: [فرانسوی]/اسم. تەلەفوون؛ ئامێرێک بۆ ئاخاوتن لە ڕێی دوورەوە.

▣ **تلفن بی سیم**: تەلەفوونی بێ‌سیم؛ تەلەفوونێ کە لە سۆنگەی شەپۆلانی ڕادیۆییەوە پەیوەندی پێ‌دەگیردرێت.

تلفن سانترال: تەلەفوونی ناوەندی؛

دەزگای تەلەفوونێ کە بە هێڵێک، چەند پەل دەخاتە ڕێ.

تلفن سیار ☜ **تلفن همراه**

تلفن عمومی: تەلەفوونی گشتی؛ دەزگای تەلەفوون بۆ کەڵکوەرگرتنی هەموان.

تلفن گویا: تەلەفوونی بێژەر؛ ژمارەییێک کە لە بارەی شتێکی دیاریکراوەوە (وەک سەعات، ناوی ناوەندگەلی جۆراوجۆر و...) ئاگاداری ئەدا بە کەسێ کە ژمارەکەی بگرێ.

تلفن همراه: موبایل؛ تەلەفوونی بەبێسیم کە خاوەنەکەی دەتوانێ دەگەڵ خۆی بۆ هەرکوێی بەرێ و قسەی پێبکا: **تلفن سیار**

⊡ **تلفن زدن/ کردن:** تەلەفوون کردن؛ زەنگدان؛ زەنگ لێدان ‹پریروز به آزاد تلفن کردم: پێرەکە تەلەفوونم کرد بۆ ئازاد›.

تلفن شدن: تەلەفوون بۆکران؛ تەلەفوون کران؛ زەنگ بۆ لێدران؛ لە جێگایەکەوە تەلەفوون بۆکران ‹از بانه به من تلفن شد که بروم آنجا: لە بانەوە تەلەفوونم بۆکرا بڕۆم بۆ ئەوێ›.

تلفنچی / tel(e)fončî، ـها؛ ـان/: [فرانسوی/ ترکی]/اسم. *[قدیمی]* تەلەفوونچی؛ کەسێ کە کاری پێکهێنانی پەیوەندی تەلەفوونی نێوان تەلەفوونکەرانە.

تلفنخانه / tel(e)fonxāne، ـها/: [فرانسوی/ فارسی]/اسم. تەلەفوونخانە؛ ناوەندی پەیوەندی تەلەفوونی.

تلفنگرام / tel(e)fong(e)rām/: [فرانسوی] /اسم. پەیامی تەلەفوونی، کە بە شێوەی نووسراوە دەگاتە دەستی ئەو کەسەی کە بۆی دەنێردرێ.

تلفنی[1] / tel(e)fonî/: [فرانسوی] *صفت.* تەلەفوونی؛ پەیوەندیدار بە تەلەفوونەوە ‹تماس تلفنی: پێوەندی تەلەفوونی›.

تلفنی[2]: *قید.* تەلەفوونی؛ بە تەلەفوون ‹تلفنی خبر داد: تەلەفوونی هەواڵی دا›.

تلفیق / talfîq/: [عربی]/اسم. وێکخری؛ کار یان ڕەوتی ئاوێتەکردن و پێکەوە پەیوەند دان.

⊡ **تلفیق کردن:** وێکخستن؛ تێکخستن؛ کردنە یەکێک؛ خستنە یەک/ سەر یەک ‹بهتر است هر دو پیشنهاد را با هم تلفیق کنیم: باشتر ئەوەیە هەر دوو پێشنیارەکە وێکخەین›.

تلفیقی / talfîqî، ـها/: [عربی] *صفت.* وێکخراو؛ تێکخراو ‹عبارات تلفیقی: زاراوەگەلی وێکخراو›.

تلقی / talaqqî، ـها؛ ـات/: [عربی]/اسم. بۆچوون؛ بەرداشت؛ کار یان ڕەوتی هەڵسەنگاندن و وازانینی بیری کار یان دیاردەیەکی دیاریکراو؛ لێکدانەوە؛ وەرگرتن؛ بۆ ڕۆیین؛ پەی لوەی ‹تلقی من این است که شما موضوعی را از ما مخفی می‌کنید؛ سارا حرفهای من را بد تلقی کرد: بۆچوونی من ئەمەیە کە ئێوە بابەتێک لە مە دەشارنەوە؛ سارا قسەکانمی خراپ لێکدایەوە›.

تلقیح / talqîh، ـها؛ ـات/: [عربی]/اسم. کار و ڕەوتی ١. واکسیناسیۆن؛ وەشاندنی شتێ؛ کوتان ٢. باروەرکردن؛ بە بارکردن؛ نێر و مێ‌کردن (بە تایبەت بۆ ڕووەک).

⊡ **تلقیح آبله:** کوتانی هاوڵە.

تلقیح مصنوعی: باروەرکردنی دەستکردی.

تلقیحی / talqîhî/: [عربی] *صفت.* باروەرکراو؛ بە بارکراو.

تلقین / talqîn، ـها؛ ـات/: [عربی]/اسم. کار یان ڕەوتی خستنە دڵەوە؛ هێنانە سەر باوەڕ بە شتێک یان بەدیهێنانی گومانێک لە

ڕێگەی چەند پاتەکردنەوەیدا ‹شاید او بە خودش این گونە تلقین کردە بود: ڕەنگە ئاوەها حسێنندە دڵی خۆیەوە›.

▣ تلقین بە نفس: بە دڵ خۆ خستن؛ خستنە دڵی خۆوە.

تلقینی / talqînî/: [عربی] صفت. وەدڵ خراو ‹افکار تلقینی: بیر و ڕای وەدڵ خراو›.

تلکس / teleks، ـها/: [فرانسوی از انگلیسی] اسم. تیلیکس: ١. دەزگایەکی پەیوەندی بۆ ناردن و وەرگرتنی پەیام ٢. پەیامێ کەوا بنێردرێت.

▣ تلکس زدن/ کردن/ فرستادن: تلێکس ناردن/ کردن.

تلکه / talake/: اسم. تەڵەکە؛ پارە و داراییەک کە بە دەهۆ و زمانبازی لە کەسێک وەربگیردرێت ‹تا از ارباب‌رجوع چیزی تلکه نمی‌کرد کارشان را انجام نمی‌داد: تا لە کارێنەران شتێکی تەڵەکە نەکردبا کاریانی جێبەجێ نەدەکرد›.

تلگراف / telgerāf, telegrāf، ـها/: [فرانسوی] اسم. برووسکە؛ تەلگراف: ١. ئامێرێکی پێوەندی بۆ ناردن و وەرگرتنی پەیام لە ڕێگای دوورەوە ٢. /ت/ تیلیگرام.

▣ تلگراف بی سیم: برووسکەی بێ‌سیم؛ برووسکەیەک کە پەیامەکانی بە هۆی ڕادیۆوە دەنێردرێن و وەردەگیرێن.

▣ تلگراف زدن/ فرستادن: برووسکە لێدان؛ ناردنی برووسکە بۆ شوێنێک.

تلگرافچی / telgerāfcî, telegrāfčî، ـها؛ ـان/: [فرانسوی/ ترکی] اسم. برووسکەچی؛ ئەوەی ناردن و وەرگرتنی برووسکەی بە ئەستۆیە.

تلگرافخانه / telgerāfxāne, telegrāfxāne، ـها/: [فرانسوی/ فارسی] اسم. برووسکەخانە؛ کارگێڕی یان نووسینگەیەک کە پەیامی برووسکەیی وەردەگرێت و دەینێرێت و بڵاوی دەکاتەوە.

تلگرافی[1] / telgerāfî, telegrāfî/: [فرانسوی] صفت. ١. برووسکەیی؛ سەر بە برووسکە ‹ارتباط تلگرافی: پێوەندی برووسکەیی› ٢. [کنایی] کورت و بڕ (لە بابەت وتار یا نووسراوەوە) ‹جملەهایش تلگرافی بود: ڕستەکانی کورت‌وبڕ بوون›.

تلگرافی[2]: قید. ١. بە برووسکە؛ بە هۆی برووسکەوە ‹تلگرافی احضار شد: بە برووسکە بانگێشتن کرا› ٢. [مجازی، گفتاری] برووسکانە؛ بە شێوەی کورت و بڕ ‹تلگرافی حرف می‌زد: کورت‌وبڕ قسەی دەکرد›.

تلگرام / telgerām, telegrām، ـها/: [فرانسوی] اسم. برووسکە؛ پەیامێ کە لە ڕێگەی برووسکەوە دەنێردرێ یان وەردەگیردرێ.

تلماسه / talmāse، ـها/: [عربی/ فارسی] اسم. زوورچک؛ تەپۆڵکە یان کۆمای لم کە بە هۆی کەوتنی با و جێبەجێ بوونی زیخ و چەو درووس دەبێ.

تلمب / tolomb، ـها/: [؟] اسم. مەشکە؛ مەشکی؛ مەشک؛ هەڵیز؛ هەڵیزە؛ پێستەی گووراوی ئاژەڵان کە ماستی تێدا دەژەنن کەرەی لێ بگرن.

تلمبار / talambār/ ☜ **تلنبار**

تلمبه / tolombe، ـها/: [ترکی از فرانسوی] اسم. ترومپا؛ دینەمۆ؛ شیرە: ١. ئامراز یان دەزگایەک بۆ گواستنەوەی تراو لە خەزێنە یان دەفرێکەوە بۆ شتێکی‌تر ٢. [زیست‌شناسی] بەشێک لە پێکهاتەی لەشی گیاندار، بەتایبەت دڵ کە وەک دەزگای ترۆمپا کار دەکا ٣. [نجوم] وێنەیەکی ئاسمانی لە نیوەی باشووری زەویەوە.

▣ تلمبه زدن/ کردن: ترۆمپا لێدان.

تلمبــەخانــە / tolombexāne، ــهــا/: [ترکــی/ فارســی]/ســم. ترۆمپاخانــە؛ ژوورێــک کــە بــۆ گواســتنەوەی تــراو، ترۆمپایــەکی گــەورەی تێدا دانراوە.

تلمـــذ / talammoz/: [عربــی]/اســم. /ادبــی/ شــاگردی؛ بــەردەســتی وەســتا و مامۆســتا بــۆ فێر بوون.

◘ تلمـــذ کـــردن: ١. شـــاگردی‌کـــردن؛ لای مامۆســـــتایەک دەرس خوێنـــــــدن ٢. خوێندن؛ وانە خوێندن؛ وانەی.

تلمــیح / talmîh، ــات/: [عربــی]/اسـم. /ادبــی/ هــەڵــبەســت یــان پــەنــدێکی بــەناوبانــگ و جێ‌بڕوا کــە دە نووســراوە یــان وتــاردا ئامــاژەی پێ‌دەکەن.

تلمیــذ / telmîz، تلامــذه؛ تلامیــذ/: [عربــی]/اسـم. /نامتداول/ خوێندکار؛ قوتابی؛ شاگرد.

تلنبـــــــار / talambār, talanbār/: صـــــفت. قەلاچن؛ قەلانچــین؛ قــەلاپــەچــن؛ قــەلاقــووچ؛ قەلاقوچکە؛ تلۆقە؛ ستێڕ؛ شـخلی؛ تـەپـەکـراو؛ کەڵەکەکـراو؛ کۆمـا؛ کـۆکراو ‹همـەی کتابهـایش را روی تخت تلنبار کـرده: هـەمـوو کتێبـەکـانی لـە سەر تەختەکەوە قەلاچن کردووە›: **تلمبار**

تلنگـر / talangor، ــهــا/: اسـم. پــەلــەپیتکــە؛ پــڵتۆک؛ پــڵتۆکە؛ پلتــۆک؛ پیتکــە؛ ترنــگ؛ ترنگــە؛ پتیکــە؛ تپکــە؛ پتــە؛ پــت؛ پلــە؛ پلیــک؛ پڵتک؛ بە قامـک لـە شـتێک دان ‹خیلـی نـازک اســت، یــک تلنگر بزنــی مــی‌شــکند: زۆر ناســکە، پەلەپیتکەیەکی لێ‌بدەی دەشکێ›.

تلواســە / talvāse، ــهــا/: اسـم. دڵــەڕاوکــێ؛ دڵــەتــەپــێ؛ تــرس؛ نیگــەرانی؛ ئــەندێــشە؛ دڵـــبەدوایـــی؛ دڵـــەودوایی؛ دڵـــخورتی؛ دڵ‌پەرێشانی.

تلــو ــ تلــو / telowtelow, telo:telo/: /اســــم. /گفتاری/ لارە ــ لار؛ دارە ــ دار؛ تلاوتل؛ لـۆرە ــ لـۆر؛ لۆژە ــ لۆژ؛ تەتەڵە ــ تـەتـەڵ؛ لاروا ــ لاروا؛ ڕەتـەڵ؛ لەترە ــ لەتر؛ خنگڵ ــ خنگـڵ؛ شـەوس ــ شـەوس؛ جووڵەی خۆبەخۆیی (نەویستی) بـەرەو چـەپ و ڕاست لە بەر خۆنەگری.

◘ تلو ــ تلو خوردن: لـەتـردان/ بـردن؛ تـلاوتـل چـــوون؛ ڕەتبـــردن؛ ڕەتـــەڵدان؛ خـــنگلین؛ لەتر پێکەی ‹پیـرزن تلوتلو می‌خورد، ترسـیدم بیفتـد: پـیرەژنەکـە لەتلەتی دەدا، ترسـام نـەک بکەوێ›.

تلـــوریم / telor(î)yom/: [انگلیـــسی]/ســــم. تیلوریـۆم؛ تـوخمی کیمیـاوی وەک کـانزا، بـە ژمــارەی ئــەتــومی ٥٢ و کێــشی ئــەتــومی ١٢٧,٦٠: **سیلوانیۆم**

تلوگـــو / telûgo/:/اســـم. تیلووگـــۆ: ١. لـــە نەتــەوەگــەلی دراویــدی دانیــشتووی هێنــد ٢. زمانی تیلووگۆ ٣. ‹هــا/ هــەرکــام لــە خــەڵــکی ئەو نەتەوەیە.

تلـــــون / talavvon/: [عربـــی]/اســـم. ١. ڕەنگامــەیــی؛ ڕەنگــواڕەنگــی؛ ڕەنگــاوڕەنگــی ٢. دۆخ یــان چۆنــاوچۆنی ڕەنــگ گــۆڕان ‹از تلون برخــی در عجــبم: لــە ڕەنگ گۆڕانـــی بــڕێک ســەرم ســـووڕ مـــاوە› ٣. /مجـــازی/ وازوازی؛ ڕاڕایـــی؛ تاوتـــاوی؛ ڕەوتی هـــەر ســـاتێک لـــە ســـەر سازێک بوون.

◘ تلون طبع: عـەنتـەر مـەزاجـی؛ نـەگرساوی خۆ و خدە. هەروەها: **تلون مزاج**

تلــویح / talvîh/: [عربـی]/اسـم. هێمــا؛ ئیمــا؛ ئامــاژۆک؛ کــار یــان ڕەوتی ئامــاژەکــردنی بــە دەم قسەیێکی‌ترەوە و لە تۆی باسێکی‌تردا.

تلویحــا / talvîhan/: [عربـی]قیـد. بــە هێمــاوە؛ بــە ئیمــا ‹تلویحا بــە مــن فهمانــد کــە مایــل نیــست بیابد: بە هێماوە تێی گەیاندم کە نایەوێ بێت›.

تلــویحی / talvîhî/: [عربـــی] صــفت. هێمــایی؛ ئیمایی؛ نــەرێــسات؛ ســەربــەســتراو؛ داپۆشــراو؛ ڕووبـــەســـتراو؛ بـــە پێـــوار؛ بـــە هێمـــا و ناڕاستەوخۆ.

تلویزیون / televîziyon, telvîzyon، ـــهـــا/: [فرانسوی]/اسم. ته‌له‌فزیۆن: ١. كه‌ره‌سه‌یه‌ک بۆ پێشاندان و ڕاگه‌یاندنی ده‌نگ و ڕه‌نگ ٢. [مجازی] به‌رنامه‌ی ته‌له‌فزیۆن ‹دو ساعت تلویزیون نگاه كردم: دوو سه‌عات ته‌له‌فزیۆنم ته‌ماشاكرد›.

تلویزیونی / televîziyonî, telvîzyonî/: [فرانسوی] صفت. ته‌له‌فزیۆنی؛ سه‌ر به ته‌له‌فزیۆن ‹برنامه‌های تلویزیونی: به‌رنامه‌گه‌لی ته‌له‌فزیۆنی›.

تله / tale، ـها/: اسم. ته‌ڵه؛ پاداو: ١. ته‌ڵمه؛ ئاره؛ خه‌پک؛ داوخه‌فک؛ لابک؛ خه‌فک؛ ته‌لی؛ بالان؛ فاق؛ فاقه؛ ئامرازێک بۆ گرتنی گیانله‌به‌ر ‹تله‌ی موش: ته‌ڵه مشک› ٢. [كنایی] داو؛ دامی؛ هه‌ر چه‌شنه ئامێرێک یان به‌رنامه‌یه‌ک بۆ گیرۆداركردنی كه‌سێک ‹معلوم شد برایش تله گذاشته‌اند: ده‌ركه‌وت كه ته‌ڵه‌یان بۆ ناوه‌ته‌وه›.

▣ تله‌ی انفجاری: ته‌ڵه‌ی ته‌قینه‌وه‌یی؛ جۆرێ ماک كه به‌هۆی ده‌ستلێدان یان جێبه‌جێ‌كردنه‌وه، ده‌ته‌قێته‌وه.

▣ تله گذاشتن: ته‌ڵه نانه‌وه؛ ته‌ڵه نیانه‌وه؛ داو داخستن؛ ته‌ڵه‌وه نیه‌ی: ١. دانانی ته‌ڵه بۆ گرتنی گیانله‌به‌ران ٢. [كنایی] داو نیانه‌وه؛ تووشی ده‌ردیسه‌ركردن.

تله افتادن: به ته‌ڵه‌وه بوون؛ بوونه ته‌ڵه‌وه؛ كه‌وتنه ته‌ڵه‌وه؛ به ته‌ڵه‌وه پێچیان؛ گیر و به‌ن بوون؛ تووش بوون.

به تله انداختن: خستنه ته‌ڵه‌وه؛ به ته‌ڵه‌وه كردن؛ تووش‌كردن؛ ئه‌نه‌ته‌ڵه وسه‌ی.

تله‌پات / telepāt/: [فرانسوی] صفت. تیلیپات؛ خاوه‌ن هێزی تیلیپاتی.

تله‌پاتی / telepātî/: [فرانسوی]/اسم. تیلیپاتی؛ پێوه‌ندی به هه‌ست، بیر یان ته‌نانه‌ت چاو، له دووره‌وه و نێوان دووكه‌س، به بێ ئه‌وه‌ی هیچ ئامرازێک نیاز بێ.

تله‌سی‌یژ / telesiyej، ـها/: [فرانسوی]/اسم. تیلێ‌سیێژ؛ كه‌رسته‌یه‌كی گواستنه‌وه‌یی به شێوه‌ی نیمكه‌تی ئاوێزان و لكاو به كابلێكه‌وه، بۆ هاوردن و بردنی مسافر له بلندایییه‌وه.

تله‌فیلم / telefîlm، ـها/: [فرانسوی]/اسم. تیلێ‌فیلم؛ فیلمی ته‌له‌فزیۆنی.

تله‌كابین / telekābîn، ـها/: [فرانسوی]/اسم. تیلێ‌كابین؛ هۆده‌ی ئاوێزان به كابل یان ته‌سمه‌یێكه‌وه بۆ هاوردن و بردنی كه‌سان له شوێنگه‌لی كوێستانی و سه‌خڵه‌ته‌وه.

تله‌كنفرانس / telekonf(e)rāns/: [فرانسوی] ☜ **دورسخنی**

تله‌گذاری / talegozārî، ـها/: اسم. كار و ڕه‌وتی داو نانه‌وه؛ ئاماده‌كردن و نانه‌وه‌ی ته‌ڵه بۆ گرتنی گیانله‌به‌ران.

تله‌متر / telemetr/: [فرانسوی] ١. ☜ **دورسنج** ٢. ☜ **فاصله‌سنج**

تله‌متری / telemetrî/: [فرانسوی]/اسم. دوورپێوی: ١. زانست یا ڕه‌وتی پێوانی چه‌ندیه‌تی له ڕێگای دووره‌وه ٢. /ـها/ ئه‌و زانیاریانه‌ی له‌و ڕێگاوه كۆ ده‌كرێته‌وه و هه‌ڵده‌سه‌نگێندرێن ❋ **دورسنجی**

تله‌موش / talemûš، ـها/: اسم. ته‌ڵه‌مشک؛ ته‌ڵه‌مڵه؛ خه‌فک؛ جۆرێكی ته‌ڵه‌ی تایبه‌ت بۆ گرتنی مشک.

تلیت / tilît, telît/ ☜ **ترید**

تلیسه / talîse، ـها/: اسم. ١. نوێن؛ نوین؛ به‌ركه‌ل؛ گای مێینه‌ی سێ‌سالان ٢. پارێن؛ پارێنه؛ گوێلپار؛ پارگوێل؛ پارگوێر؛ پانێر؛ گوێره‌كه‌ی پێگه‌یشتوو.

تلیله / talîle، ـها/: [؟]/اسم. شێلاقه؛ ناوی چه‌ند جۆره په‌له‌وه‌ری چكۆله له تیره‌ی مه‌لانی كه‌ناری، به ده‌ندووكی درێژ و له

برێکیاندا چەماوە، پێی بڵند و پەڕ و باڵی پەل- پەل و ڕەنگاوڕەنگەوە.

تم / tem، ـها/: [فرانسوی]/سم. ناوەڕۆک ‹فیلم تم عاشقانه داشت: فیلمەکە ناوەڕۆکی ئەویندارانەی بوو›.

تمارض / tamāroz، ـها/: [عربی]/سم. کار یان ڕەوتی خۆ لە نەخۆشی دان؛ نەخۆش نواندن ‹آزاد تمارض کرد و در جلسه حاضر نشد: ئازاد خۆی لە نەخۆشیدا و لە دانیشتنەکەدا بەشداری نەکرد›.

تماس / tamās، ـها/: [عربی]/سم. ۱. دۆخ یان ڕەوتی پێکگەیشتنی دوو یا چەند شت، لانیکەم لە شوێنێکدا ‹محل تماس: شوێنی پێکگەیشتن› ۲. پەیوەندی؛ کار یا ڕەوتی پێوەندیگرتن (بە شێوەی وتووێژ یان نامە) ‹تماس گرفتن: پیوەندیگرتن›.

▣ **تماس برقرار کردن**: پەیوەندی دامەزراندن؛ پێوەندی چێکرن؛ پێوەندی پێکهێنان ‹به زودی توانست با همشاگردیهایش تماس برقرار کند: زۆر زوو توانی دەگەڵ هاوقوتابیەکانیدا پەیوەندی دابمەزرێنێ›.

تماس پیدا کردن: ۱. پێکگەیشتن؛ پێکگەیین؛ وێکەفتن؛ پێوە تەقین؛ پنەیاوەی؛ یاوەی یۆی؛ لێکدان ۲. پێوەندیگرتن؛ پێوەندیدار بوون لە گەڵ کەسیتردا ✽ **تماس یافتن**

تماس داشتن: ۱. پێوەتەقین؛ گەییشتنەوە یەک ‹در نقطەهایی کە با زمین تماس داشت ساییدە شدە بود: لەو شوێنانەی کە دەتەقیە زەویەوە سوابوو› ۲. پێوەندی بوون ‹مدتها با او تماس داشتم: ماوەیەکی زۆر لە گەڵی پیوەندیم بوو›: **در تماس بودن**

تماس گرفتن: پێوەندیگرتن؛ پەیوەندی گرتن لە گەڵ کەسێکدا بۆ پەیڤین.

تماس یافتن ☜ **تماس پیدا کردن**

در تماس بودن ☜ **تماس داشتن**

تماشا / tamāšā/: [عربی/ ؟]/سم. سەیر؛ تەماشا؛ تماشا؛ تەواشا؛ تواشا؛ مێزە؛ فەت؛ فە؛ ئیسفا؛ فت؛ مەیزە؛ مەیز؛ ڕەوتی ڕوانین لە شتێ یان شوێنێکردن بۆ سەرگەرم بوون یان خۆش ڕابواردن؛ چاو لێکردن؛ ڕوانین؛ نۆڕین؛ دیەی.

▣ **تماشا داشتن**: سەیر بوون؛ شیاو بۆ دیتن ‹کارهایی کە می‌کند تماشا دارد: ئەو کارانەی دەیکات سەیریان هەیە›.

تماشا کردن: چاولێکردن؛ تواشا کردن؛ سەر خڕ داین؛ لێنوارین؛ ڕوانین؛ مەیزاندن؛ بەرادان؛ فتراندن؛ فەتکرن؛ دیەی؛ هەونیایش؛ وەینیایش؛ تەماشە کەردەی؛ چاو لە کەسێک یان شتێکردن بەتایبەت بۆ سەرگەرمی و ڕابواردن.

بە تماشا گذاشتن: ڕانان؛ پیشاندان؛ نواندن؛ نیشاندان؛ لە بەر چاو دانان؛ ڕێکخستنی شتێک بۆ چاو لێکردنی خەڵکی.

تماشائی / tamāšāî/: [عربی] ☜ **تماشایی**

تماشاچی / tamāšāčî، ـها؛ ـان/: [عربی/ ترکی]/سم. بینەر؛ وینەر؛ نوارێن؛ نواچی؛ سەیرکەر؛ تواشاچی؛ تەماشاچی.

تماشاخانه / tamāšāxāne/: [عربی/ فارسی] /سم. تەماشاخانە؛ تواشاخانە؛ جێگایەک (زۆرتر بەشێوەی ماڵێک بە دەم و دەزگای تایبەتەوە) بۆ بەڕێوە بردن و پیشاندانی شانۆ لە بەر چاو بینەران.

تماشاگر / tamāšāgar، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی]/سم. بینەر؛ وینەر؛ سەیرکەر؛ تماشاچی؛ تواشاچی.

تماشاگه / tamāšāgah/: [عربی/ فارسی]/سم.

/ادبی/ ڕوانگــه؛ ڕوانینگــه؛ نواگــه؛ نوارگــه؛ بینینگـه؛ تـەماشـاگه؛ شـوێنی شـیاو بـۆ چـاو لێکردن.

تماشـــایی / tamāšāyî/: [عربـــی] صــفت. ١. دڵــڕفێن؛ دیــتنی؛ شـــیاوی دیـــتن ‹جـای تماشـایی قشنگی اسـت: شـوێنێکی دڵـڕفێن و جوانـه› ٢. سـەیـر؛ سـەرسووڕێنەر؛ سـەیـر و سەمەرە ‹کارهایی تماشایی می‌کند: کـاری سـەیـر و سەمەرە دەکات› ***تماشائی**

تمـــام¹ / tamām/: [عربـــی] اســم. [گفتـــاری] هـەمـوو؛ گـش؛ گـشت؛ گـشک؛ گـرد؛ پـاک؛ تەڤ؛ تەواو؛ تـواو؛ تـەمـام ‹دیشب تمام دوستان منزل ما بودند: دوێشەو هەمـوو هـەوالان لـه مالـی ئێمه بوون›.

▣ تمام بـودن: تـەواو بـوون: ١. دوایـی هـاتن؛ کۆتایی هاتن؛ دمـایی ئامـەی ‹این هفته کـار تمام است: ئـەم حـەوتـەیـه کـار تـەواوە› ٢. دروسـت و بـێ‌کـەمایـەسـی بـوون ‹همه چیزش تمام است: هەموو شتێکی تەواوە›.

تمـام شـدن: بڕانـەوە؛ تـەواو بـوون؛ دوایـی هــاتن؛ قوتـار بـوون؛ قـەتـان؛ قـەتیـان؛ قـەدیـن؛ تـەمـان؛ هـەرادیـای؛ تـەمامیـەی؛ ماردش.

تمـام کـردن: تــەواوکـردن: ١. دوایـی هێنـان؛ هـیچ نـەهێـشتنەوە؛ دوایـی پـێ‌هێنـان؛ تـەمامنـەی ٢. [کنایی] مـردن؛ گیـان دانـه دەسـەوە ‹ساعت پنج صبح تمام کرد: کاتژمێری پێنجی بەیانی تەواوی کرد›.

تمام²: صفت. تـەواو؛ تـواو؛ تـەمـام؛ پیـەک: ١. بێ‌کەم و کـووڕی؛ خـشت؛ ڕێـک ‹یک هفتـەی تمام: حـەوتـەیـەکـی تـەواو› ٢. هـەراد؛ دوایـی هاتوو ‹پولم تمام شده بود: پارەکەم تەواو ببوو›.

تمـام³: قیـد. [گفتـاری] یـەکجـاری؛ ئێجگـاری؛ تێکڕایی؛ بـه تـەواوەتی؛ پـاک لـه پـاکی؛ سـەر لـه بـەر؛ بـەگـشتی؛ یـەکـسەرە؛ یـەکڕاسـت؛ یەکهۆ؛ گژ؛ گشک؛ جـەمـین ‹همـه را تمـام بـرده بودند؛ سیبها تمام خراب شد: هـەموویـان یـەکجـاری بردبوون؛ سێوەکان یەکجاری خراپ بوون›.

تمـامــ⁴: پیشوا‌ژه. تـەواوــ؛ بـێ‌کـەم و کـووڕ ‹تمامنما: تەواونوێن›.

تمامـا / tamāman/: [عربـی] قیـد. پـاک لـه پاک؛ سەر لە بـەر؛ تێکـڕا؛ گـرد؛ بـه تـەواوەتی؛ بـه تـەواوی؛ بـەیـەکجاری؛ ئێجگـارەکـی؛ بـه تێکـڕایی؛ گـشت لـه گـشت؛ گشتاوگـشت؛ بـەگـشتی؛ تـەواو ‹گوجـەفرنگـی‌هـا تماماً خـراب بودند: تەماتەکان پاک لە پاک خراپ بوون›.

تمـــامرخ / tamāmrox/: [عربـــی/ فارســـی] صـفت. تــەواوڕوو؛ دەبـەرگـری هــەمــووی ڕوخسار ‹تصویر تمامرخ: وێنەی تەواوڕوو›.

تمامرنـــگ / tamāmrang/: [عربـی/ فارســی] صـفت. [عکاسـی] پانکروماتیـک؛ تــەواوڕەنـگ؛ خـاوەن هـەسـتەوەری بـه تـەواوی تیـشکان (وەک سوور و سەوز و...).

تمامرویـــه / tamāmrûye/: [عربـی/ فارســی] صـفت. [کانی‌شناسـی] ڕێـک؛ ڕێـکوپێـک؛ بـه تایبەتمەندی لـه هـەمـوو بارێکـەوە دەقـاودەق هاتنەوە.

تمـامعیـار / tamām'ayār/: [عربـی] صـفت. ١. بـێ‌خـەوش؛ پوخـت و پـاراو؛ تـەواوعـەیـار؛ ڕووت؛ پـاک ‹طـلای تمـام عیـار: زێـڕی بـێ‌خـەوش› ٢. تــەواو؛ شــەش‌دانـگ ‹دزد تمام‌عیار: دزی تەواو›.

تمـــامقـــد / tamāmqad/: [عربـــی] صـــفت. سەرتاپـا؛ سـەراپـا؛ تـەواو قـەد ‹عکس تمامقد: وێنەی سەرتاپا›.

تمـــامنمـــا / tamāmnemā/: [عربـی/ فارســی] صـفت. بـالانـوێن؛ ئاوێنـه؛ شـاندەری تـەواوی و بێ کـەم و کـووڕی شـتێک ‹شعرهای او تـصویر تمـامنمـای روزگـاش اسـت: شـیعرەکانی وێنـەی بالانوێنـی سەردەمیەتی›.

تمـــام‌وقـــت / tamāmvaqt/: [عربـی] *صفت.* تـەواوکـات؛ تـەواو وەخـت؛ پێـوەندیـدار بـە هـەمـوو سـەعاتـانی کـارەوە. بـەرامبـەر: **پارەوقت**

تمــام و کمــال / tamām-o-kamāl/: [عربـی] *قید.* بە تـەواوی؛ سـەر لـە بـەر ‹دزد همە چیز را تمام و کمال جارو کـردە و بـردە بـود: دزەکـە هـەمـوو شـتێکی سـەر لـە بـەر گـەسـک لـێ دابـوو و بردبوونی›.

تمــامی [1] / tamāmî/: [عربــی]/*اسـم.* دوایـــی؛ کۆتایی؛ دمایی.

◘ **تمـامی نداشـتن:** دوایـی (بـۆ) نـەبـوون؛ نەبڕانەوە؛ بێبڕانەوە بـوون؛ دمـایی نـەبیـەی ‹کارهـا تمـامی ندارند: کـارەکـان دوایـیـان نـیە›.

تمــامی [2] : *صـفت.* هــەمــوو؛ گــشت؛ گــش؛ هـەمـی؛ تـەواوی؛ گـژ؛ گـشک؛ گـرد؛ تـواو؛ تــەمــام ‹تمـامی میـوەهـا خـراب بودنـد: هـەمـووی میوەکان خراپ بوون›.

تمـامی / :tamāmî/*اسـم.* هـەمـوو؛ هـەمـی؛ گشت؛ گـشک؛ گـژ؛ گـرد؛ تـەواو ‹کتابهـا تمـامی فــروش رفتــە بــود: کتێبــەکــان هــەمــووی فرۆشرابوون›.

تمامیـــــت / tamāmîyyat/: [عربـــی]/*اســـم.* یەکپارچەیـی؛ دۆخ یـان چۆنـاوچۆنی بـێ کـەم و کووڕی.

◙ **تمامیت ارضـی:** یـەکپارچـەیـی نیـشتمانی؛ یـەکپارچـەیـی وڵاتێـک و پارچـە‌ـپارچـە نەبوونی.

تمامیـت‌خــواە / tamāmîyyatxāh، ــها؛ ــان/: [عربـی/ فارسـی] *صـفت. [سیاسـت]* پـاوانخواز؛ خاوەن خوو یان ئۆگری پاوانخوازی.

تمامیـــــت‌خـــــواهی / tamāmîyyatxāhî/: [عربـی/ فارسـی]/*اسـم. [سیاسـت]* پـاوانخوازی؛ خـاوەن بـیر و بـڕوا بـە نیـازی بـە دەسـتەوە گـــرتنی تـــەواوی هێـــز و دام و دەزگـــای دەسەڵاتی.

تمـایز / tamāyoz، ــهـا؛ ــات/: [عربـی]/*اسـم.* جیـاوازی؛ لێـکجیـاوازی: ١. دوو لایـەن یـان چـەنـد لایـەن بـوون لـە بـاری چۆناوچۆنیـەوە ‹وجه [illegible] آنها چیست؟: بـاری [illegible]ـان چیـە؟› ٢. سەرپشکی؛ باشتری؛ هـەڤـیازی؛ بـەبـژاری؛ وەرتـەری ‹مگـر چـە [illegible]ی بـا بقیـە دارد؟: بـۆچی [illegible] لەگەڵ باقیدا چیە؟›.

تمایـل / tamāyol، ــها؛ ــات/: [عربـی]/*اسـم.* ١. خواســت؛ ویــست؛ مووکــەمــووت؛ دۆخ یــان چۆنیـــەتی دڵپێـــوە بـــوون ‹آن [illegible] و هواخـواهی کـە از جانـب مـردم نـسبت بـە او ابـراز می‌شد، از میان رفت: ئـەو [illegible] و لایـەنگریـەکـە لـە لایـەن خـەڵـکەوە سـەبارەت بـە ئـەو پیـشان دەدرا، لــە نێــو چــوو› ٢. ئــۆگرەتی؛ بــرەو؛ گرەوەیـی ‹[illegible] او بـە مـسائل اجتمـاعی مـشخص اسـت: [illegible] بـە بابـەتگـەلی کۆمـەڵایـەتیـەوە دیارە›.

◘ **تمایـــل داشـــتن:** دڵ پێـــوە بـــوون؛ دڵ تواسن؛ دڵ ترچیان؛ دڵ گەرەک بیەی.

تمبـر / tam(b)r، ــها/: [فرانـسوی]/*اسـم.* تـەمـر؛ تەمـرە؛ پارچـە قاقـەزێکـی چـاپکراوی چکۆلـە بــە نرخێکــی تایبــەتــەوە کــە لــە بــەرانبــەر خزمــەتێکــەوە، دەوڵــەت لــە خــەڵــکی دەستێنێ.

◙ **تمبر باطله:** تەمـری لـەکارتـە؛ تـەمـرێ کـە مۆری خواردبێت یا لە باو کەوتبێت.

تمبـر یـادبود/ یادگـاری: تـەمـری بیرئـانین؛ تــەمــرێ کــە بــەبۆنــەی ڕووداوێکــەوە چـاپ کرابێ.

تمبر بــاز / tam(b)rbāz، ــها؛ ــان/: [فرانـسوی/ فارسـی]/*اسـم.* تــەمربــاز؛ ئــەوەی حــەزی لــە کۆکردنـــەوە و هــەڵـــگرتنی تـــەمـــری جۆراوجۆرە.

تمبردار / tam(b)rdār، ـــهـــا/: [فرانســوی/ فارسی] صفت. تەمردار؛ بە تەمر ‹پاکت تمبردار: پاکەتی تەمەدار›.

تمبک / tombak/ ☜ تنبک

تمتع / tamatto'/: [عربی]/اسم. [ادبی] کەڵک گری؛ کەڵک لێوەرگری؛ بەرخورداری؛ بەهرەمەندی؛ بەهرەگری؛ چێژەگری.

⊡ تمتع یافتن: بەهرەگرتن؛ بەهرەمەند بوون؛ کەڵک لێوەرگرتن؛ بەرخوردار بوون؛ چێژە وەرگرتن.

تمثال / temsāl، ـهـا/: [عربی]/اسم. ١. وێنە؛ بیچم یا شێوەی کەسێک (لە ڕووی ڕێزەوە دەگوترێ) ٢. هەیتاڵ؛ کۆتەڵ؛ پەیکەر.

تمثل / tamassol/: [عربی]/اسم. ١. کار یا ڕەوتی وێنە هاوردنەوە؛ وێنە هێنانەوە ‹به حکایت سعدی تمثل جستم که فرمود...: وێنەم بە چیرۆکێکی سەعدی هێنایەوە کە فەرمووی ...›.

تمثیل / tamsîl، ـهـا؛ ـات/: [عربی]/اسم. پارچەهەڵبەست یان کورتە چیرۆکێک کە بۆ وێنە لە ناو وتار یان نووسراوەدا دەگوترێ.

تمجمج / tamacmoc/: [عربی]/اسم. [ادبی] منجەمنج: ١. مینگەمینگ؛ بۆڵە؛ پرتە و بۆڵە؛ کار یان ڕەوتی لە ژێر لێوەوە و بە ناڕوونی قسەکردن ٢. [مجازی] کار یان ڕەوتی خستنە پشتگوێ؛ خۆکەڕکردن؛ ئاوڕ نەدانەوە لە خواستی کەسێک.

تمجید / tamcîd، ـهـا/: [عربی]/اسم. [ادبی] کار یان ڕەوتی هەڵگوتن؛ پێدا هەڵگوتن، پێدا هەڵدان، بە شاندا هاتن، ناساندن و پەسنданی چاکەگەل و ژێهاتیگەلی کەسێ یان شتێک.

تمدد / tamaddod/: [عربی]/اسم. ئاسایش؛ وچان؛ پشوو؛ پیش؛ ڕەوتی هێور بوونەوە.

⊡ تمدد اعصاب: حەسانەوە؛ حەوانەوە؛ ڤەحەسان؛ بووژانەوە.

تمدن / tamaddon، ـهـا/: [عربی]/اسم. شارستانیەت؛ ژیار؛ ژیاری؛ ژیوەری؛ باژێری؛ ژیوار؛ ژیوەر: ١. شارەوەری؛ قۆناغێک لە گووڕانی کۆمەڵگای دامەزراوە کە بنکە و ڕێکخراوەگەلێکی تێدا بە مەبەستی بەڕێوەبردنی ئەو کۆمەڵگەیە پێک هاتووە ‹سپیده‌دم تمدن: کازیوەی شارستانیەت› ٢. بەهرەمەندی لە دەسکەوتگەلی زانست و پیشەسازی پێشکەوتوو لە کۆمەڵگادا ‹ما در سده‌های میانه از تمدن درخشانی برخوردار بودیم: ئێمە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا خاوەنی شارستانیەتێکی گەشەدار بووین› ٣. جۆری فەرهەنگ، کارامەیی و شێوەی ژیان کە مرۆ لە کۆمەڵگادا فێری دەبێ ‹مثل اینکه از تمدن بویی نبرده است: وادیارە لە شارستانیەت بێ‌خەبەرە› ٤. جۆری ڕێکخراوە و دامەزراوە و ژێهاتوویی و دەسکەوتی فەرهەنگی لە ولات یان چاخێکی تایبەتدا ‹تمدن اروپا: شارستانیەتی ئەورووپا›.

تمدید / tamdîd/: [عربی]/اسم. ١. کار یان ڕەوتی زۆرکردنەوەی ماوەی کارێک ٢. کار یا ڕەوتی لە سەر کارێک چوون؛ درێژەدان؛ درێژە پێدان.

⊡ تمدید شدن: پێ زیاد بوون؛ لێ زیادکردن ‹مهلت ثبت نام یک هفته‌ی دیگر تمدید شد: مەودای ناونووسی حەوتەیەکی تری پێ زیاد بوو›.

تمدید کردن: ١. درێژەدان؛ درێژە پێدان ٢. دانەدەم؛ درێژکردنەوە.

تمرد / tamarrod/: [عربی]/اسم. ١. سەرپێچی؛ مل پێچی؛ ملەپێچی؛ نافەرمانی؛ گوێنەدەری ‹تمرد از مافوق جرم است:

سەرپێچی لە سەرتر تاوانە› ٢. سەربزێوی؛ سەربزۆکی؛ مکوڕی؛ سەرکێشی؛ سەرکەشی ‹او مرد تمرد نیست: ئەهلی سەربزیوی نیە›.

تمرکز / tamarkoz، ـها/: [عربی]/اسم. /ادبی/ کار یا ڕەوتی کۆ بوونەوە؛ خڕ بوونەوەی کۆمای ئەندامانی کۆمەڵێک لە شوێنێکدا ‹تمرکز ثروت در پایتخت: کۆ بوونەوەی دارایی لە پایتەختدا›.

تمرگیدن / tamargîdan/: *مصدر. لازم.* *[گفتاری]* // **تمرگیدی**: داتەپای؛ **می‌تمرگی**: دادەتەپی؛ **بتمرگ**: داتەپە// داتەپین؛ داتەپان؛ داتەمران؛ داتەمرین؛ داسەکان؛ داکاسیان؛ کاسیایرە؛ ئەرەکاسیەی: ١. داسرەکیان؛ دانیشتن؛ نیشتەیرە؛ ئەرەنیشتەی ‹همین‌جا بتمرگ: هەر لێرە داتەپە› ٢. مت بوون؛ مانەوە لە شوێنێکدا بەبێ جوولە ‹می‌خواست توی خانەی خودش بتمرگد و این قدر ما را عذاب ندهد: با لە ماڵەکەیدا داتەپایا و ئەوەندە ئازاری ئێمەی نەدایا› (ئەم وشە بۆ سووکایەتی‌کردن بەکار دەچێ).

■ صفت مفعولی: **تمرگیده** (داتەپیو)/ مصدر منفی: **نتمرگیدن** (دانەتەپین)

تمرهندی / tamrehendî، ـها /: [عربی/ هندی]/اسم. تەمر هیندی؛ تەمرە هیندی: ١. دارێکی ئارانی کە بەرزایی بە ٤٠ میتر دەگات ٢. بەری ئەو دارە کە خۆراکیەکی ترشە و کەلکی دەرمانیشی هەیە.

تمرین / tamrîn، ـها؛ ـات/: [عربی]/اسم. کۆششێک بە مەبەستی لێ‌پەیدا بوون یان زۆر بوونەوەی توان و چابکی و کارامەیی لە کارێکدا.

تمساح / temsāh، ـها؛ ـان/: [عربی]/اسم. تیمساح؛ کروکودیل؛ جانەوەرێکی خزۆک لە ڕیزی نەهەنگ، بە پۆزە و کلکی درێژ، چوار دەست و پێ و لەشی گڕناڵ و سەر پشت داپۆشراو بە پوولەگەلی پەڕەئاسا و ددانگەلێکی زۆری بزمارینەوە.

تمسخر / tamasxor/: [عربی]/اسم. */ادبی/* تیز؛ گاڵتە؛ ڕشخەن؛ ڕیشخەن؛ ڕشقەن؛ تیتاڵی؛ گەمە.

تمسخرآمیز / tamasxorāmîz/: [عربی/ فارسی] *صفت.* گاڵتەجاڕانە؛ تیزاوی؛ بەگاڵتە ‹سخن تمسخرآمیز: قسەی گاڵتەجاڕانە›.

تمسک / tamassok/: [عربی]/اسم. */ادبی/* دەس‌بەداوێنی؛ دەسەوداوێنی؛ چنگاوشی.

▣ تمسک جستن: پەنا بۆ بردن؛ دەس بە داوێن بوون؛ پەنا بەردەی؛ چنگاوش بوون ‹متهم به دلیلهای مضحکی تمسک می‌جست: تاوانی دەسی بە بەڵگەگەلی خەنینی دەبرد›.

تمشک / tamešk، ـها؛ ـان/: اسم. تووڕک؛ تووورک؛ تووودڕک؛ تیڕک؛ تیڕگ؛ تیرە؛ تووترک؛ تووتڕک؛ تووتەڕگ؛ تووتەرگ؛ دڕەدووک؛ تووودزیە؛ تووودڕە؛ تووودڕی؛ تووودلقی؛ ستری؛ تفەدرەی: ١. ناوی چەند جۆر دارچکی دڕکدار ٢. بەری ئەو بنچکە کە خواردەمەنیێکی سوور، ئاودار و ترش و شیرینە و لە گاتوو دەچێ ✻ **تمشگ**

▣ تمشک باغی: تووڕکە باخی؛ جۆرێک تووڕکی لەق و پۆ نەرمە کە بەسەر زەویدا دەکشێ.

تمشک جنگلی: تووڕکی دارستانی؛ جۆرێک تووتڕک کە گوڵی سپی و میوەی سوورە.

تمشک سیاه: تووڕکە ڕەشە؛ جۆرێ تووڕکە کە گوڵەکانی سپی یا ئاڵە و میوەکەی ڕەشە.

تمشک کبود: تووڕکە کەوە؛ دڕی شین؛ تووودڕکەشینە؛ تووڕکی میوە ڕەش یان

کەوە.

تمشک / tamešg ☜ **تمشک**

تمشیت / tamšiyat، ـها/: [عربی]/اسم. [ادبی] ڕێخەری؛ ساماندەری؛ کار یا ڕەوتی ڕێک و پێک‌کردن؛ ڕێ‌خستن؛ پەسارنەی.

◙ تمشیت امور: کار ڕێک‌خستن؛ بەڕێ کردن؛ کار پەسارنەی.

◙ تمشیت دادن: سامان‌دان؛ ڕێک خستن؛ خستنە ڕێ؛ ڕاوسەی؛ پەسارنایوە.

تمشیت یافتن: جۆر بوون؛ ڕێک هاتن؛ بار هاتن؛ سامان پەیداکردن؛ سامان پێدران؛ پەسارییایوە.

تمکن / tamakkon/: [عربی]/اسم. [ادبی] ۱. دەسچوویی؛ دەسڕۆیی؛ دەوڵەمەندی؛ سامانداری؛ توانستی ماڵی ۲. /ـها/ [گیاەشناسی] شێوەی جێگەگرتنی هێلکۆکان لە هێلکۆگەدا.

تمکین / tamkîn/: [عربی]/اسم. گوێ لە مستی؛ گوێڕایەڵی؛ گۆشداری؛ فەرمانبەری.

◙ تمکین کردن: گوێدان؛ قەوڵ کردن؛ گوێ لە مست بوون؛ گوێ ڕایەڵ بوون؛ گوێ پێدان؛ گۆش پنەی‌دەی؛ گۆش دارەی ‹به حرف کسی تمکین نمی کرد: گوێی بە قسەی کەس نەدەدا›.

تملق / tamalloq، ـها/: [عربی]/اسم. کلکەسووتە؛ مێچگە؛ مێچک؛ زمان‌لووسی؛ شالووزی؛ هولیسکی؛ حولیاتی؛ مای‌مای؛ مەرایی؛ موسموس؛ مەلاق؛ لامە؛ خولتە؛ ماستاوکەری؛ شەلاف؛ باریکەڕێسی؛ سفتە؛ ڕەفملۆ؛ قسە یان کرداری پڕمەرایی و درۆینە.

تملق آمیز / tamalloqāmîz/: [عربی/فارسی] صفت. خولتەکەرانە؛ زمان‌لووسانە؛ موسمووسانە؛ مەراییانە و تێکەڵ بە زمان‌لووسی ‹سخنان تملق‌آمیز: وتەگەلی خولتەکەرانە›.

تملق گویی / tamalloqgûyî، ـها/: [عربی/فارسی]/اسم. زمان‌لووسی؛ هولیسکی.

تملک / tamallok/: [عربی]/اسم. ۱. ماڵ؛ سامان؛ دارایی ۲. خاوەنیەتی؛ خێویەتی.

◙ تملک داشتن: خاوەن بوون؛ دارا بوون.

بە تملک درآوردن: بوونە خاوەن؛ بە دەس‌هێنان؛ بە خاوەن بوون؛ بە دەس ئاردەی.

تملیک / tamlîk/: [عربی]/اسم. ۱. کار و ڕەوتی کردنە خاوەن؛ خێویەتی شتێک دان بە کەسێک ۲. /ـها/ شەوژەن؛ جۆرێک قوڵف و بەستی دەرگا کە لە پشتەوە دادەخرێت.

تملیکی / tamlîkî/: [عربی] صفت. خاوەن‌دار کراو؛ بە کەسێکی‌تر ئەسپاردە.

تمنا / tamannā، ـها؛ تمنیات/: [عربی]/اسم. تکا؛ لاڵە؛ هێقی؛ خوایشت؛ خواهیشت؛ خوازەی خاکەسارانە: **تمنّی**

◙ تمنا داشتن: تکاکار بوون؛ خوازیار بوون؛ خوایشت هەبوون ‹شخصی آمده و از جنابعالی تمنایی دارد: کەسێک هاتووە و لە بەڕێزتان تکایێکی هەیە›.

تمنا کردن: تکا کردن؛ خوایشت‌کردن؛ پاڕانەوە؛ لالانەوە؛ ئەوەلالیەی ‹تمنا می کنم، ایشان را ببخشید: تکا دەکەم، بیبەخشن›.

تمنی / tamannā/: [عربی] ☜ **تمنا**

تمنیات / tamannîy(y)āt/: [عربی] جمعِ ☜ **تمنا**

تموج / tamavvoc، ـها/: [عربی]/اسم. [ادبی] کار یان ڕەوتی شەپۆل لێدان یان قەمچ و پێچ خواردن.

تموز / tamûz/: [سریانی]/اسم. تەمووز: ۱.

مانگی حەوتەمی سالی هەتاوی بڕێک لە ولاتە عەرەبیەکان، بەرانبەر لە گەڵ مانگی ژوویە یا جوولای، کە ٣١ ڕۆژە ٢. مانگی چوارەمی ڕۆژمێری دینی و مانگی دەیەمی ڕۆژمێری عورفی جوولەکە.

تمول / tamavvol/: [عربی]/اسم. ماڵ؛ سامان؛ دارایی.

تمهید / tamhîd، ـها؛ ـات/: [عربی]/اسم. */ادبی/* ڕێخۆشکەری؛ پێکئانی: ١.کار یان ڕەوتی بەرهەڤ کردن و بوار خۆش کردن ٢. چارەدۆزی؛ بەردەباری ٣. کار و ڕەوتی ئابووران؛ پێکهێنان.

تمهیل / tamhîl/: [عربی]/اسم. کار یا ڕەوتی دەرفەت دان؛ ماوە پێدان؛ مۆڵەت دان.

تمیز [1] / tamîz/: [عربی]/اسم. ١. هاوێر؛ کار یا ڕەوتی ناسینەوە یان هەلاواردنی شتان یا دیاردەگەلی لێک جیاواز ٢. */دستور/* بەرکاری دووهەمی یەک بکرد (لە ڕستەی «همه آرام را بد می‌پنداشتند: گشتیان ئارامیان بە خراپ دەزانی» «بد» و «خراپ» بەرکاری دووهەم (تمیز)ی پێ‌دەڵێن).

⊡ **تمیز دادن**: هەلاواردن؛ جیا کردنەوە؛ ناسینەوە؛ ناسین و لێککردنەوەی شتانی‌تر ‹در این جمله می‌توان سه حالت دستوری را تمیز داد: لەم ڕستەدا دەکرێ سێ باری ڕێزمانی لێک هەلاویرین›.

تمیز [2]: *صفت. /گفتاری/* تەمیس؛ پاک؛ خاوێن؛ وێژە؛ پاراو؛ بژوون؛ هیلاو؛ پوختە ‹لباس تمیز: جلوبەرگی تەمیس›.

⊡ **تمیز شدن**: خاوێن بوونەوە؛ پاک بوونەوە؛ تەمیس بوون؛ پوختە بیەیوە ‹چند بار شستم تا خوب تمیز شد: چەند جار شۆردم تا باش خاوێن بووە›.

تمیز کردن: خاوێن کردنەوە؛ پاک کردنەوە؛ تەمیس کردن؛ پوختەکەردەی ‹فرچەها را تمیزشان بگذار سر جایشان: فلچەکان خاوێن بکەوە و بیاننێیە سەر جێگای خۆیان›.

تمیزی / tamîzî/: [عربی]/اسم. تەمیسی؛ تەمیزی؛ پاکی؛ خاوێنی؛ پوختەیی ‹ظرفها از تمیزی برق می‌زد: قاپەکان لە تەمیسیدا بریقەی دەداوە›.

تمییز / tamyîz/: [عربی]/اسم. */ادبی/* کار یان ڕەوتی ناسینەوە؛ جیاکردنەوە؛ هەلاواردن؛ ناسینی جیاوازی شتێک لەگەڵ شتێکی‌تردا.

تن / tan، ـها/: اسم. ١. لەش؛ لاشە؛ تەن؛ کەلەسە؛ کەلەستە؛ کەلەخ؛ پەیکەر؛ گەت؛ گۆدە؛ گۆڤدە؛ لەس؛ لەخت؛ کۆمەڵەی پێکهاتەی ماکی بوونەوەری زیندوو ‹تن و جان: لەش و گیان› ٢. کەس؛ یەکەی ژماردنی مرۆڤ ‹پنج تن: پێنج کەس›.

⊡ **تن به کار دادن**: */کنایی/* خۆ لە کار دان؛ قۆڵ (لێ) هەڵماڵین؛ تەن دانە قەزا؛ باسک لێ هەڵکردن؛ چۆڵێ هۆرکەردەی ‹اگر تن به کار بدهد، زود یاد می‌گیرد: ئەگەر خوی لە کار بدا، زوو فێر دەبێت›.

تن خود را چرب کردن: */کنایی/* خۆ دانان؛ خۆ تەیارکردن بۆ تووش زەحمەتێک هاتن؛ بەرهەڤ بوون بۆ دەردی سەری.

تن دادن/ دردادن: مل‌دان؛ کۆڵ‌دان؛ کۆڵ پێدان؛ مل پێدان؛ مل پیاکردن ‹هر چه با او صحبت کردم تن نداد که با من بیاید: هەر چەندە قسەم لەگەڵ کرد ملی نەدا بکەوێتە تەکم›. هەروەها: **تن ندادن/ درندادن**

تن زدن: */ادبی/* مل‌پێچی کردن؛ وەرنەگرتن؛ خۆ نەدان؛ وێ نەدەی.

تن کردن: */گفتاری/* کردنە بەر؛ پۆشین؛ پۆشان؛ لە بەرکردن؛ لخۆکردن؛

کەردەینە؛ لە بەر کردنی شتێک ‹لباست را [illegible]: جلەکانت [illegible]›: **بر/ بە تن کردن**

تن کسی خاریدن: *[کنایی]* سەر کەسێ خوران/ خوریان؛ سەری کەسێک ئێشان؛ شەقێ وریەی؛ لە شوێن دەردیسەر و کێشەدا بوون ‹مگر [illegible] کە داری سر بسرم می‌گذاری؟: [illegible] سەر ئەنیتە سەرم؟›.

تن کسی را لرزاندن: گشت گیانی کەسێک هێنانە لەرزەوە؛ تەکان و شەکان بە کەسێک دان؛ کەسێک تووڕە، ناڕاحەت یان پەرێشان‌کردن یا ترساندن. هەروەها: **تن کسی لرزیدن**

بر/ بە تن کردن ☜ **تن کردن**

بە تن داشتن: لە بەرا بوون؛ لەبەردا بوون؛ پۆرەرە بیەی؛ جل و بەرگ لە بەرا بوون ‹پالتو خاکستری [illegible]: پاڵتاوێکی خۆڵەمێشی [illegible]›.

تن / ton/: [فرانسوی]/سم. تون: ١. یەکەی کێشانە بەرامبەر بە ١٠٠٠ کیلۆگرەم ٢. *[ها]/[موسیقی]* تۆن؛ چۆنیەتی دەنگ لە باری زیلی و بەمی یا بەرزی و نزمیەوە: **تُون** ٣. تیرەیەک ماسی پووڵەکەداری خۆراکی کە زۆرتر کۆنسێرڤی لێ چێ دەکەن: **ماهی تُن**

▣ تن بلند: تونی قورس؛ یەکەی کێشانەی ئینگلیزی و ئەمریکی بەرامبەر بە ١٠١٦ کیلۆگرەم.

تن کوتاه: تونی سووک؛ یەکەی کێشانەی ئینگلیزی و ئەمریکی بەرامبەر بە ٩٠٧ کیلۆگرەم.

تن آسا / tanāsā، ـها؛ ـیان/: *صفت. [کنایی، ادبی]* تەنپەروەر؛ لەش‌گران؛ دەست و پێ سپی؛ تەوەزەل؛ تەمەڵ.

تن آسائی / tanāsā'î/ ☜ **تن آسایی**

تن آسایی / tanāsāyî، ـها/: *اسم. [کنایی، ادبی]* تەنپەروەری؛ لەش‌گرانی؛ ڕەوتی خۆ لە کار نەدان: **تن آسائی**

تناب / tanāb، ـها/: [عربی]/سم. ١. تەناو؛ تەناف؛ تەنافە؛ شریت؛ شریتە؛ کەبەند؛ ڕێسراوێکی زۆرتر ئەستوور لە ماکێکی نەرم ٢. گوریس؛ گوریس؛ وەرێسە؛ گوروێس؛ پەتی ئەستوور ❋ **طناب**

▣ تناب پشتی: *[زیست شناسی]* مۆغەرە؛ مۆرتخە؛ مازە؛ بربڕە؛ گازەڕا؛ گازەرە؛ لوولەییێک لە پشت ملەوە تا خوار کەمەر لە لەشی برێ گیانلەبەران کە بنەمای سەرەکی لەشیانە: **مازە**

تناب صوتی: ژێی گەروو.

تناب نخاعی: مۆخی پشت.

▣ تناب مفت پیدا کردن: *[کنایی]* ڕۆنی مفتە گیر هێنان؛ بە هۆی لە بەر دەستدا بوونی شتێکی بەلاش، کەوتنە ئازەوە و خۆ تووش‌کردن ‹باز تناب مفت پیدا کرده، می‌خواهد خودش را دار بزند: دیسان ڕۆنی مفتەی گیر هاتووە، قوونگی خۆی پێ دەناوێ›.

با تناب پوسیدەی کسی به چاه رفتن: *[کنایی]* کەوتنە شوێن قسەی کەسێکەوە؛ فریوی کەسێکی نابار و نارێک خواردن و دڵ پێی خۆش‌کردن.

روی تناب ارزن پهن کردن: *[کنایی]* مەویز لە سەر ڕەشکە هەڵخستن؛ کردنە منجەمنج؛ بۆ نەدانی شتێک بڕ و بیانووی نەگونجاو هێنانەوە.

تناب‌بازی / tanāb.bāzî، ـها/: [عربی/ فارسی]/سم. تەنافبازی؛ جۆرە وەرزش و گەمەیەک کە بە گرتنی دوو سەری گوریسێک و هەڵسووڕاندنی، بە سەریدا باز

دەدەن: **طناب‌بازی**

تناب‌پیچ / tanābpîč/: [عربی/ فارسی] *صفت*. گوریس‌پێچ؛ تەناف‌پێچ؛ بەسراو یان بەسەبەنی‌کراو بە تەناف ‹صاحبخانە را تناب‌پیچ کردە بودند: خاوەن ماڵەکەیان گوریس‌پێچ کردبوو›: **طناب‌پیچ**

تنابندە / tanābande/: *اسم. [گفتاری]* مشەکەر؛ جووقەوار؛ تاقەکەس؛ کەس؛ یۆ؛ بەنەخوا؛ بنیادەم ‹هیچ تنابندەای پیدا نشد، بپرسم: بابا، این قبرستان اسمش چیست: مشەکەرێکم نەدیتەوە لێی بپرسم: ئەرێ برا، ئەم کاول بووە ناوی چیە›.

تنازع / tanāzo'/: [عربی] *اسم*. ۱. بەرەنگاری؛ ململانێ؛ کێش‌مەکێش؛ کار یان ڕەوتی تێک‌هەڵپرژان یا بە شەڕ هاتن لەگەڵ یەکتریدا ۲. پەل‌وپۆ بۆ ژیان.

▣ **تنازع بقا**: پەل‌وپۆی ژیان؛ شەڕی مان؛ شەڕی ژیان: ۱. کێشە و شەڕ بۆ مانەوە ۲. *[زیست‌شناسی]* کردوکۆشی گیانلەبەران بۆ زاڵ بوون بە سەر دوژمن و بارودۆخی وادا کە بیانخاتە مەترسی لەناو چوونەوە.

تناس / tanās/: *اسم. [گفتاری]* فەت؛ فەتق؛ تەناز؛ تەناس؛ هەڵتۆقیوی بەشێک لە بەرگەدە، بە بۆنەی ناسک بوونەوە یان پچڕانی ماسوولکەی ئەو جێگایە لە لەشدا.

تناسب / tanāsob، ـها؛ ـات/: [عربی] *اسم*. ۱. هاوڕێژەیی؛ هاوڕێزەیی؛ هاوڕێژی؛ هاوگری؛ هەڤگری ‹تناسب سنی: هاوڕێژەیی تەمەنی› ۲. هاوگری؛ وێکەوی؛ یەکگری؛ هەڤگری؛ هەماهەنگی؛ ڕەوتی یەک‌گرتنەوە ‹این رنگها با هم تناسب ندارند: ئەم ڕەنگانە لەگەڵ یەکدا هاوگریان نیە/ یەک ناگرنەوە› ۳. *[ریاضی]* هاوڕێژەیی؛ دۆخی ڕێکبوونی دوو ڕێژە ۴. *[ادبیات]* ☜ مُراعات نظیر، **مُراعات**

▣ **تناسب اندام**: بەژن‌ڕێکی؛ هاوگری ئەندامانی لەش پێکەوە.

تناسب عددی: هاوڕێژەیی ژمارەیی؛ هاوگری ژمارەیی؛ بەرامبەر بوونی دوو ڕێژەی ژمارەیی (وەک: ٢-٦ = ٤-٨).

تناسب مرکب: هاوڕێژەیی لێکدراو؛ هاوڕێژەیی تێکەڵ؛ هاوڕێژەییەک کە زۆرتر لە دوو ڕێژەی تێدایە.

تناسب مستقیم: هاوڕێژەیی ڕاستەوخۆ.

تناسب معکوس: هاوڕێژەیی بەراوەژوو.

تناسب هندسی: هاوڕێژەیی هەندەسی (وەک: ٢÷٨=٥÷٢٠).

▣ **تناسب بستن**: هاوڕێژە بەستن؛ دروست‌کردنی پێوەندییەک بە شێوەی:

$$\begin{matrix} a & 8 \\ b & x \end{matrix} \rightarrow x = \frac{8 \times b}{a}$$

تناسب داشتن: کالانەوە؛ شیاو بوون؛ وێک‌کەوتن؛ بەیەک خواردن.

تناسخ / tanāsox/: [عربی] *اسم. [ادبی]* ۱. کار یا ڕەوتی سڕانەوە؛ لەناو چوون و نەمان بەتایبەت بە هۆی تێپەڕ بوونی کاتەوە ۲. *[فلسفە]* دۆنادۆن؛ بڕوا بەوەی کە گیان بە مەرجی جیا بوونەوەی لە لەشی مرۆ، ڕادەگوێزرێتەوە بۆ لەشی مرۆیێک یان بوونەوەرێکی‌تر.

▣ **تناسخ ازمنە**: ڕابردنی سەردەمان؛ تێپەڕ بوون و بگاری ڕۆژگاران؛ ویەردەی شەو و ڕۆی.

تناسخ در ارث: مردنی میراتگران یەک لە شوێن یەک، بێ‌ئەوەی ماڵ و میراتەکە لە نێویاندا دابەش بکرێت.

تناسخ روح: دۆنادۆن؛ هەڵبگاردنی گیانی کەسێک پاش مەرگ لە قەوارەی بوونەوەرێکی‌تردا.

تناسل / tanāsol/: [عربی] *اسم. [ادبی]* زاوزێ؛ زگ‌وزا؛ سکوزا؛ کار یا ڕەوتی بە دنیا

هێنان.

تناسلی / tanāsolî/: [عربی] صفت. زاوزێیی؛ سەر بە زاوزێوە ‹اندام تناسلی: ئەندامی زاوزێیی›.

تناظر / tanāzor، ـها/: [عربی]/اسم. هاوتایی؛ لێکچوویی؛ وەک‌یەکی؛ هاویەکی.

◘ تناظر یک به یک: هاویەکیەکی وا کە هەر ئەندامێک لە کۆمەڵێک، وەکوو خۆیەکی هەبێ لە کۆمەڵەیەکی‌تردا.

تنافر / tanāfor/: [عربی]/اسم. [ادبی] نەیاری؛ دژهەڤی؛ دژیەکی؛ ناتەبایی؛ ناسازگاری.

تناقض / tanāqoz، ـها؛ ـات/: [عربی]/اسم. ناتەبایی: ۱. وێک نەچوون و یەک نەگرتنی بەیەکجاری دوو دیاردە، بەجۆرێ کە هەردووکیان لە یەک جێدا پێکەوە کۆ نەبنەوە (وەک: بوون و نەبوون؛ ڕەشایی و سپیایی؛ شەو و ڕۆژ) ۲. ئەوەی لەگەڵ یەکی‌تردا ڕێک نەکەوێ ‹حرفهایش تناقض داشت: قسەکانی ناتەبایان بوو›.

◘ تناقض داشتن: ناتەبا بوون.

تناقض‌گویی / tanāqozgûyî، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. دژبێژی؛ کار و ڕەوتی وتنی قسەگەلێک کە یەک نەگرنەوە.

تناوب / tanāvob، ـها/: [عربی]/اسم. نۆرەیی؛ گەڕاوگەڕی؛ چەلاوچەلی؛ دۆخ یا چۆنایەتی بە نۆرە بوونی: *الف)* مەودای کاتی یان شوێنی دیاریکراوی نێوان سەر هەڵدانەوەی دووبارەی شتێ یا دیاردەیەک *ب)* بە شوێن یەکدا هاتنی چەند شت یان دیاردە بە مەودای دیاریکراوەوە.

تناوبی / tanāvobî/: [عربی] صفت. نۆبەیی؛ نۆرەیی.

تناور / tanāvar/: صفت. [ادبی] بلەرمان؛ بلەرمە؛ بە پەیکەرێکی گەورە و ئەستوورەوە.

تناوری / tanāvarî/: اسم. بلەرمانی؛ دۆخ یا چۆنیەتی گەورە و ئەستوور بوون.

تناول / tanāvol/: [عربی]/اسم. [ادبی] کار یان ڕەوتی خواردن؛ خوارن؛ واردەی؛ نۆشی گیان‌کردن.

تناهی / tanāhî/: [عربی]/اسم. بنەتایی؛ دوایی؛ دمایی؛ دوماهی؛ بڕانەوەیی؛ دۆخ یا چۆنیەتی بە بڕانەوە بوون.

تنباکو / tambākû, tanbākû، ـها/: [انگلیسی از اسپانیایی]/اسم. تەماکۆ: ۱. تەنبەکی؛ گەڵای تەماکۆ ۲. *[قدیمی]* تووتن.

تنبان / tombān, tonbān، ـها/: اسم. ۱. شاپک؛ تۆمۆ؛ تەومان؛ ڕانکی؛ ڕانک؛ پاتۆڵ؛ پانتۆڵ؛ شواڵێ پان کە ناوقەدەکەی بە دۆخین یان کێش دەبەسترێ ۲. *[تعریض، گفتاری]* شواڵ؛ دەرپێ؛ پاوەرێ (بۆ گاڵتە یا سووکایەتی کردن دەگوترێ).

◘ **تنبان خود را خراب کردن**: *[کنایی]* خۆ چەپەڵ‌کردن؛ دەرپێی خۆ پیس‌کردن؛ پانتۆڵی خۆ تەڕکردن؛ گووکردن بە خۆدا؛ تۆقان؛ زراو چوون؛ زۆر ترسان.

تنبان کسی را کندن: *[کنایی]* شواڵ لە پای کەسێک دەرهێنان؛ پابەرۆ و یۆی وەتەی؛ زۆر ئازار دان و سووکایەتی بە سەر کەسێکدا هێنان.

تنبک / tombak, tonbak، ـها/: اسم. دمبەگ؛ دمەک؛ دومەک؛ دنبەگ؛ دمڵەک؛ تومەک؛ تومەلەک؛ دومەلەک؛ دمەلەک؛ دومهە؛ دوممە؛ سازێکی ئێرانیە بە بیچمی تۆنگی داریین (سواڵەتی یان کانزایی) کە بنەکەی پەڕەپێستێکی ناسکی بە سەردا کێشراوە و کاتێک دەیکوتن ملەکەی لە بن هەنگڵ دەنێن و بە سەرپەنجە لەو پەڕە دەدەن: **تمبک؛ دمبک؛ دنبک**

تنبل[1] / tambal, tanbal، ـها/: اسم. تەمەڵ؛

تیره‌یه‌ک له گوهاندارانی چکۆله‌ی شاخه‌ی بیٚددانان، به کولکی دریٚژ و ده‌ست و پیٚی چرنووکداره‌وه که له‌سه‌ر داران ده‌ژین و به‌و چرنووکانه خۆ به دارانه‌وه هه‌لده‌واسن.

تنبل ^۲^: *صفت.* ته‌مه‌ڵ؛ ته‌مبه‌ڵ؛ ته‌پ؛ که‌هال؛ سه‌قه‌لوو؛ هه‌مین: ۱. له‌ش‌گران؛ سه‌رگران؛ بارگران؛ له‌ش‌قورس؛ شه‌ختۆ؛ میٚشگره؛ سلپ؛ ته‌پلۆس؛ ته‌پلمۆس؛ ترِه‌ک؛ دیزه‌ک؛ بیٚکاره؛ ته‌ڕاڵ؛ پالۆ؛ بیٚهونه‌ر؛ ماتوڕا؛ کارنه‌که‌ر؛ فل؛ قوونگران؛ بیٚزار و وه‌ڕه‌ز له کار و بار ‹شاگرد تنبل: شاگردی ته‌مه‌ڵ› ۲. ته‌وه‌زه‌ل؛ گۆنگرۆ؛ قه‌لب؛ قنگی؛ کاپه‌ل؛ کاهیٚل؛ کاسول؛ ته‌نپه‌روه‌ر؛ شله‌په‌ته؛ پفیو؛ پنتی؛ په‌لشتی؛ جلنبۆر؛ کالووم؛ گه‌نده‌ڵ؛ ته‌ووش؛ ته‌نه‌له‌ش؛ به‌ربه‌رۆشک؛ سه‌رپیریٚزان؛ سست؛ دیٚراخیٚز؛ دیٚرخیٚز؛ مه‌له‌ت؛ زه‌مر؛ ته‌پی؛ ته‌په؛ مه‌دلمه؛ شل و شه‌ویٚق؛ پیٚگران؛ لۆژ؛ له‌شه؛ مه‌رش؛ مه‌رشۆ؛ ژه‌لمۆ؛ به کردار و جموجوولی خاو و سست ‹امروز خیلی تنبل شده‌ای: ئه‌مڕۆ زۆر ته‌مه‌ڵ بوویی›.

تنبل‌خانه / tambalxāne, tanbal- ، ها/: *اسم.* ته‌مه‌ڵخانه: ۱. ناوی جیٚگایه‌ک که که‌سانی ته‌مبه‌ڵ و له‌ش‌گرانی تیٚدا کۆ ده‌بنه‌وه، بخۆن و بخه‌ون و هیچ نه‌که‌ن ۲. *[کنایی]* شویٚنیٚک که کارگیٚران و ئه‌ندامانی وه‌ک پیٚویسته کار ناکه‌ن.

تنبلی / tambalî, tanbalî ، ها/: *اسم.* سستی؛ ته‌مه‌لی؛ ته‌نبه‌لی؛ ته‌پی؛ ته‌وه‌زه‌لی؛ که‌لبایه‌یی؛ که‌هالی؛ خام‌سه‌ردی؛ لۆژی؛ قوونگرانی؛ خاوی؛ خۆپانی؛ خاوخاوی؛ قۆنه‌قۆنی؛ له‌ش‌گرانی.

▣ تنبلی کردن: شنه‌شن‌کردن؛ خنه‌خن کردن؛ ته‌مه‌لی‌کردن؛ خۆ له کار بواردن.

تنبور / tambûr, tanbûr ، ها/: *اسم.* ته‌مبوور؛ ته‌مووره؛ ته‌موور؛ سازیٚکی چوار سیمی کاسه‌گه‌وره‌ی وه‌ک هه‌مرۆیه، ده‌سته‌یه‌کی دریٚژی هه‌یه و به قامکان ده‌یژه‌نن: **طنبور**

تنبوشه / tambûše, tanbûše ، ها/: *اسم.* سۆلینه؛ ئاوه‌ڕۆ؛ گونجه؛ گۆنجه؛ گۆنگه؛ گۆنگ؛ گۆنج؛ مه‌نهۆڵ؛ نۆین؛ لووله‌یه‌کی له سواڵه‌ت بۆ چوونی ئاو یان ده‌ردانی ڕه‌هه‌ند.

تنبّه / tanabboh/: [عربی] *اسم.* *[ادبی]* وشیاری؛ هۆشیاری؛ شیاری؛ بیٚداری؛ ئاگایی ‹امیدوارم این حادثه برایش موجب تنبّه باشد: هیوادارم ئه‌م ڕووداوه بۆی ببیٚته هۆی وشیاری›.

تنبی / tanabî ، ها/: *اسم.* *[قدیمی]* په‌نجده‌ری؛ هۆڵ؛ دیوی گه‌وره: **طنبی**

تنبیه / tambîh, tanbîh ، ها؛ ات/: [عربی] *اسم.* ته‌میٚ؛ جۆریٚک سزادان به مه‌به‌ستی ئاگادارکردنه‌وه له ئاکاری نادروست؛ ئه‌ده‌ب کردن.

▣ تنبیه استحقاقی: کاری ژیرکردن؛ سزایه‌ک که که‌سیٚک به بۆنه‌ی لادانی له کاریٚک تووش ده‌بیٚ.

تنبیه بدنی: لیٚدان؛ کوته‌ککاری؛ ته‌پله‌کۆ.

▣ تنبیه شدن: ۱. ته‌میٚ بوون؛ ته‌میٚ کران؛ تاشان؛ ته‌پله‌کۆ بیه‌ی ۲. عارنان؛ ژیر بوون؛ له سۆنگه‌ی سزا دیتنه‌وه؛ وشیار بوونه‌وه. هه‌روه‌ها: **تنبیه کردن**

تنبیهی / tambîhî, tanbîhî/: [عربی] *صفت.* بۆ ته‌میٚکردن؛ به دۆخ یان چۆنیه‌تی ته‌میٚوه.

تن‌پرور / tanparavar ، ها؛ ان/: *صفت.* *[کنایی]* ۱. ته‌مه‌ڵ؛ ته‌وه‌زه‌ل؛ بیٚله‌ش؛ له‌ش‌قورس؛ له‌ش‌گران؛ ته‌پلۆس ۲. ته‌نپه‌روه‌ر؛ خۆ خۆشه‌ویست؛ له‌ش به

دۆشاو؛ دەستوپێ سپی.

تن‌پروری / tanparvarî، ـها/: اسم. [کنایی] ۱. تەمەڵی؛ تەوەزەلی؛ لەش‌قورسی؛ لەش‌گرانی ۲. تەن‌پەروەری؛ خۆ خۆشەویستی.

تن‌پوش / tanpûš، ـها/: اسم. تەن‌پۆش؛ وەرپووش؛ پۆشەن؛ جل و بەرگ؛ پووشەن؛ جنک؛ هەنجگ؛ گنج؛ پرتاڵ؛ لیباس؛ ئەوەی لەشی پێ دادەپۆشن.

تنتور / tantûr، ـها/: [فرانسوی] اسم. [شیمی] تەنتوور؛ تێکەڵی دەرمانێک لەگەڵ ئەلکولدا: **طنطور**

▣ تنتور ید: تراوی یود و ئەلکول کە بۆ خاوێن‌کردنەوەی برین بە کار دێ.

تنجیم / tancîm: [عربی] اسم. ئەستێرەژمێری؛ ئەستێرەوانی؛ هەسارەگەری.

تنخواه / tanxāh، ـها/: اسم. پارەی نەخت؛ نەختینە (لە زێڕ و زیو و پارە و...).

تنخواه‌گردان / tanxāhgardān/: اسم. پارەگەردان؛ پارەیەک کە بۆ خەرجگەلی وەگەڕ و ڕێورایی دەدرێتە کەسێک یان لێپرسراوێک پاشان سەری مانگ یان سەری ساڵ لەگەلی حیساب دەکرێتەوە.

تند / tond/: صفت. توند؛ تون؛ تن؛ تونگ: ۱. گورج؛ گورد؛ کرژ؛ تروسک؛ تێژ؛ تیژ؛ بە خێرایی زۆرەوە. بەرانبەر: **کند** ۲. [مجازی] قەڵس؛ تووڕە؛ جاڕز؛ گرگین؛ ئاژرین؛ تەنگەتیکە؛ تەنگەتاو؛ کەسکین؛ ئاڵەتی ‹زود تند می‌شد و هرچه به ذهنش می‌آمد می‌گفت: زوو توند دەبوو و هەرچی بە دەمیدا دەهات دەیگوت› ۳. تیژ؛ تێژ؛ کەسکون؛ کەسکوول؛ بە گۆژمەیی و کارتێکەری ئازاردەرەوە ‹بوی تند؛ حرف تند؛ مزەی تند: بۆنی تیژ؛ قسەی توند؛ ڕەنگی توند؛ چێژەی تون›.

▣ تند بودن: توند بوون؛ تون بوون؛ تن بیەی: ۱. [مجازی] تووڕە بوون؛ قەڵس بوون؛ جاڕز بوون ‹او آدم تندی است: مرۆڤێکی توندە› ۲. [مجازی] غەزرین؛ ڕەقینی بوون؛ تووڕە بوون ‹این مقاله خیلی تند است: ئەم وتارە زۆر توندە› ۳. کەسکون بوون؛ تامی دەم‌سووتێن؛ توون بوون ‹غذا تند است: چێشتەکە توونە› ٤. بە تەوژم بوون؛ پرتاو بوون؛ خێرا بوون؛ گورج بوون ‹آب تند است: ئاوەکە توندە› ٥. [مجازی] تۆخ بوون؛ پڕڕەنگ بوون ‹این آبی تند است: ئەم ئاویە توخە›.

تند شدن: ۱. [مجازی] قەڵس بوون؛ تووڕە بوون؛ هەڵچوون؛ چوونە بان سک خۆ؛ هۆرئامەی ۲. توندەوە بوون؛ تێژەوە بوون؛ خێرا بوونەوە ۳. توون بوون؛ چێژەی زۆر هەبوون ٤. هەڵگەڕان؛ تام گۆڕان؛ تامی شتێ گۆڕان لە بەر مانەوە.

تند کردن: ۱. توندکردنەوە؛ تونەوکردن؛ پاهەڵگرتن ‹وقتی پاسبان را دید تند کرد: کاتێ پاسەوانەکەی دی توندی کردەوە› ۲. خێراکردنەوە؛ تونکردنەوە؛ خێرایی پێدان ‹دستگاه را تند کرد: کەرستەکەی خێرا کردەوە› ۳. توون‌کردن؛ تن‌کەردەی؛ ئاڵەت پێدان ‹خورشت را خیلی تند کرده‌ای نمی‌شود خورد: خۆرشتەکەت زۆر توندکردووە، ناخورێت›.

تند[2]: قید. [گفتاری] توند؛ تن؛ تون؛ خێرا؛ بە پرتاو؛ بەتوندی ‹تند می‌رفت: توند دەچوو›.

▣ تند رفتن: ۱. توند چوون؛ تون ڕۆیین؛ خێرا چوون؛ تن لوەی؛ تێژ شیەی؛ بەتوندی چوون ‹آزاد خیلی تند می‌رفت و من نمی‌توانستم پا به پایش بروم: ئازاد زۆر توند دەچوو، من نەمدەتوانی بە پای ئەو بڕۆم› ۲.

پـــای زیـــادی داکێـــشان؛ لـــه ڕاده لادان؛ تەلاس کـەردەی ‹نبایـد ایـن‌قـدر تندی می‌رفتی: نەدەبوو ئەوندە پای زیادی داکێشی›.

تنداب / tondāb، ـها/: اسم. ١. خوڕگـــه؛ بەشێک لە ڕووبار کـە ئـاوی تێـدا بـە خێرایـی دەڕوا ٢. ڕێـــژاو؛ خـــوڕ؛ تـــاف؛ ئـــاوی خـــوڕ و بەتەوژم.

تندان / tondān، ـها/: اسم. تـــاش؛ زنـــار؛ تیـــشەشـــاخ؛ مـــاە؛ مـــای؛ مایـــە؛ زەرد؛ لاشـــەی بەرز و لێژی گاشەبەرد لە چیادا.

تندباد / tondbād، ـها/: اسم. بـاگرۆ؛ بـاهۆز؛ واهوور؛ گژەبا؛ بـاگژە؛ واگـوژە؛ باسـەر؛ گـوژین؛ بـای بـە خێرایـی ٦٤ تـا ٧٤ کیلـۆمیتر لـە سەعاتدا.

▣ **تندباد** شـدید: ڕەشـەبـا؛ هۆڵـەجنانێ؛ بـای بـــە خێرایـــی ٧٥ تـــا ٨٧ کیلـــۆمتر لـــە سەعاتدا.

تندپز / tondpaz، ـها/: اسم. ماکرۆڤـەیـڤ؛ کەرەسەیـەک کـە بـە کـارەبـا کـار دەکـا و بـە پێلان گەرمـا بـەرهـەم دێنـێ و زۆر خێـرا ئـاو دێنێتە کوڵ و خۆراک پێدەگەیێنێ.

تندتاز / tondtāz/: صفت. خۆشـبەز؛ ڕەهـوار؛ خۆشڕەو؛ یەکڕان؛ بەپا؛ ئەسپی چالاک.

تندخو / tondxû، ـها؛ ـیان/: صفت. /مجازی، ادبی/ تـووڕە؛ قـەڵـس؛ ڕووش؛ تونـەمـەزاج؛ جـاڕز؛ تـووڕێ (بـۆ مێینـە)؛ خـاوەن خـووی شـەڕانی و نـەگونجـاو ‹مـردی تندخو و بـدذهن بود: پیاوێکی تووڕە و دەمشڕ بوو›.

تندخوانی / tondxānî/: اسم. تونـدخوێنی؛ کـار، ڕەوت یـان شـێوازی بـە خێرایـی خوێندنەوەی دەقی نووسراوەیەک.

تندخویی / tondxûyî، ـها/: اسم. /مجازی، ادبی/ تـووڕەیـی؛ قـەڵـسی؛ تونـەمـەزاجـی؛ سـەرگـورزی؛ تۆسـنی؛ هۆکـار یـان ئـۆگرەتی بـە زیـز و زویریـەوە ‹تندخویی او همـه را عاصی کرده بود: تووڕەیی ئەو هـەمـووی گیانـەسـەر کردبوو›.

تندذهن / tondzehn/: [فارسی/ عربی] صفت. /مجازی/ بیرتیژ؛ زیرەک.

تندر / tondar، ـها/: اسم. /ادبی/ هـەورەگرمـە؛ گۆڵـە؛ گـورم؛ گـوڕژ؛ زورم؛ دەنگـێ کـە بـە هۆی هەورەتریشقەوە چێ دەبێ.

تندراه / tondrāh، ـها/: اسم. تونـەڕێ؛ شـاڕێ؛ شـاڕا؛ ئوتووبـان؛ ڕێگایـەکـی پـان و بـەرفـرە بـۆ هـاتوچـووی بـە خێرایـی کەرەسەگەلی ڕاگواستنەوە.

تندرست / tandorost، ـها؛ ـان/: صفت. سـاق؛ لـەش‌سـاغ؛ تـەندروسـت؛ تـەنـدرس؛ خۆش؛ خوەش؛ وەش؛ سلامەت.

تندرستی / tandorostî، ـها؛ ـان/: اسم. تـەندروسـتی؛ لـەش‌سـاغی؛ فـەت؛ سـاقی؛ سـەلامـەتی؛ دۆخ یـان چۆنیـەتی نـەبـوونی نەخۆشی و گەزن و تەوەرە.

تندرو / tondrow، ـها/: صفت. ١. خێـرا؛ خۆشـڕەو؛ خۆشـبەز؛ بـەزا ‹ماشین تندرو؛ اسب تندرو: ماشـێنی خێرا؛ ئـەسـپی خۆشبەز› ٢. ـان/ /سیاست/ ڕادیکـاڵ؛ تونـدڕەو؛ تونـڕەو؛ هـۆگری تونـد و تیـژی‌کـردن لـە داخـوازی ڕامیاریـدا ‹حـزب تندرو؛ روزنامـەی تندرو: حیـزبی ڕادیکاڵ؛ ڕۆژنامەی توندڕەو›.

تندروی / tondravî، ـها/: اسم. تـەلاس؛ زێـدەڕۆیـی؛ دۆخ یـان چۆنیـەتی تونـدڕەو بوون.

تندزبان / tondzabān، ـها؛ ـان/: صفت. /مجازی/ زمان‌تیـژ؛ زمـان‌تـاڵ؛ دەم‌تـاڵ؛ خـاوەن قـسە و گفـتولفـتی بـە تـووڕەیـی و ئازاردەرەوە.

تندگیر / tondgîr/: صفت. ١. خـۆش‌گـیر؛ خـوەش‌گـڕ؛ بـە تایبـەتمـەنـدی ئاگربـەری زۆرەوە ٢. زووگـرس؛ خـوەش‌گـرس؛ بـە

تایبەتمەندی زوو سفت و پتەو بوونەوەوە.

تندمزاج / tondmezāc, -mazāc، ـها؛ ـان/: [فارسی/ عربی]/اسم. [مجازی] تونەمەزاج؛ ئاڵەتی؛ تووڕە و تون؛ ڕووشە؛ تووڕە؛ تۆسن؛ تنەتەبیات.

تندمزه / tondmaze، ـها/: صفت. توند؛ توون؛ تن؛ گەزەک؛ حەڕا؛ دۆخ؛ زمانگەز؛ توێژ؛ کەسکوون؛ ڕووس؛ چێژە توند.

تندنویس / tondnevîs، ـها؛ ـان/: اسم. شەما؛ توندنووس؛ زوونووس؛ بەلەزنووس؛ خێرانووس.

تندنویسی / tondnevîsî/: اسم. توندنووسی؛ بەلەزنووسی؛ خێرانووسی؛ شەمایی؛ گورج و گۆڵ نووسی.

تند و تیز / tond-o-tîz، ـها/: صفت. توند و تیژ؛ تن و تیژ: ۱. گرچوبڕ؛ بە تام و چێژێکی یەکجار بە هێز، بەتایبەت تاڵ یان تورشەوە ‹خیلی تند و تیز بود و تا بیخ گلویم را سوزاند: زۆر تند و تیژ بوو، تا بن گەرووی سووتاندم› ۲. [مجازی] ئازاردەر؛ گەهرێنەر ‹مقالەاش خیلی تند و تیز بود: وتارەکەی زۆر تند و تیژ بوو›.

تند و تیز: قید. [گفتاری] گورج و گۆڵ؛ کرژ و کۆڵ؛ توند و تۆڵ؛ بەتوندی؛ چالاکانە؛ ئازایانە؛ بەلەز؛ خێرا ‹تند و تیز برو دنبالش: گورج و گۆڵ برۆ بە دوایدا›.

تنده / tonde، ـها/: اسم. لێژگە؛ نشێو؛ سەرەوخواری تون؛ لێژایی تیژ؛ قەدپاڵی چرورک.

تندی / tondî/: اسم. تونی: ۱. توونی؛ تنی؛ بار یان دۆخی توند بوون ۲. گورجی؛ توندی؛ خێرایی ۳. ـها/[مجازی] توندی؛ تووڕەیی؛ تیژی؛ قەڵسی ‹خیلی با او تندی کردم: زۆرم تندی لەگەڵدا کرد› ٤. تامی تیژی؛ چێژەیەک کە دەبێتە هۆی سووتانەوەی زمان (وەکوو تامی بیبار).

تندیس / tandîs، ـها/: اسم. [ادبی] پەیکەر؛ هەیکەل؛ تووز؛ سوێس؛ کۆتەڵی گیانلەبەر.

تنزل / tanazzol، ـها/: [عربی]/اسم. ۱. نوشوس؛ نوشوست؛ شکانی ‹کیفیت کارتان تنزل کرده است: کارەکەتان نوشوستی کردووە› ۲. کار یان ڕەوتی دابەزین؛ داشکان؛ کز بوون؛ کەمکردن؛ هاتنە خوارەوە؛ هندکان ‹تنزل بهای نفت: دابەزینی نرخی نەوت›.

⊡ **تنزل کردن**: ۱. نوشوست هێنان؛ کەم کردن؛ دابەزین؛ ئەرەووەسەی ۲. کەم بوونەوە؛ هندکان؛ هەلسان.

تنزل یافتن: هاتنە خوار؛ دابەزان؛ کەم بوون؛ هندکان؛ هەلسان؛ ئەرەووەسەی.

تنزیب / tanzîb، ـها/:[عربی]/اسم. تەنزیف؛ نەوارێکی پارچەیی پەمۆینەی تۆڕئاسای سپی کە لە زام بەستنەوەدا بە کار دەڕوا.

تنزیل / tanzîl، ـها /:[عربی]/اسم. سوو؛ نسوو؛ بەهرەی پارە؛ هێزی پووڵ.

⊡ **تنزیل دادن**: پارە بە سوو دان؛ پارە بە بارەوە بە وام دان.

تنزیل کردن: نەختکردنەوەی بەڵگەیێکی ماوەدار بە کەمکردنەوەی سوو.

تنش / taneš، ـها/: اسم. ۱. بار؛ گوشاری ڕۆحی، زەینی یان عاتیفی ۲. گێرەوکێشە؛ ئاڵۆزی؛ لێڵی یان دوژمنایەتی لە پەیوەندی نێوان دوو گرۆ یان دەوڵەتدا.

تنش‌زا / tanešzā/: صفت. کێشەساز؛ بە تایبەتمەندی یان توانایی پێکهێنانی کێشەوە ‹سخنان تنش‌زا: وتەگەلی کێشەساز›.

تنش‌زدایی / tanešzdāyî، ـها/: اسم. کێشەلابەری؛ کار یان ڕەوتی لە نێو بردنی کێشە؛ هێورکردنەوە.

تنصیف / tansîf/:[عربی]/اسم. [ادبی] کار یان ڕەوتی لەت‌کردن؛ دوو کوت‌کردن؛ نیوە/ نیمەکردن؛ کوت‌کەردەی.

تنظیف / tanzîf/:[عربی]/اسم. [ادبی] کار یان ڕەوتی خاوێن‌کردن؛ پاکەوکردن؛ پاک کردنەوە؛ تەمیس‌کردن؛ پوختەکەردەی.

تنظیم / tanzîm، ـها؛ ـات/:[عربی]/اسم. هەڵوەژێری؛ کار یان ڕەوتی ڕێک‌وپێک کردن؛ هەڵپەرتاوتن؛ مرێس‌کردن و دوزەنە پێدان.

◙ **تنظیم بودجه**: کار و ڕەوتی بووجەکرن؛ نڤیسینی بووجە.

تنظیم خانواده: بەرنامەیەکی لە پێش ڕەچاوکراو بۆ دیاری‌کردنی ژمارەی منداڵ و لێ‌نەترازان لەو ڕیچەیە.

◙ **تنظیم کردن**: ۱. هەڵوەژارتن؛ هەڵوەژاردن؛ ڕێک‌وپێک‌کردن؛ پۆڕاندن؛ مرێس‌کردن ۲. تەیارکردن؛ تەکووز کردن؛ بەرهەڤ‌کردن؛ بەڕێ خستن؛ ڕاوسەی؛ شایاندن ۳. میزان‌کردن ‹تنظیم‌کردن موتور ماشین: میزان‌کردنی موتوری ماشێن›.

تنظیمی / tanzîmî/:[عربی] صفت. ڕێکخراو؛ ڕێک‌وپێک‌کراو؛ هەڵوەژێراو؛ مرێس‌کراو؛ پۆڕدراو ‹سند تنظیمی: بەڵگەی ڕێکخراو›.

تنعم / tana'om، ـات/:[عربی]/اسم. [ادبی] ۱. دارایی؛ سامان؛ ماڵ‌وپارە ۲. خۆش‌ڕابوێری؛ خۆش‌بوێری؛ خوەش‌گوزەرانی؛ ئاسایش؛ وەش‌بەری.

تنفر / tanaffor، ـها/:[عربی]/اسم. بێزاری؛ ڕق؛ ڕک؛ قین؛ وێڕسی؛ بێزیاگی ‹تنفر زیادی در ما ایجاد شد: بێزاریەکی زۆرمان لێ پەیدا بوو›.

تنفرنامه / tanaffornāme، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. قین‌نامە؛ نووسراوەیێک کە بێزاری لە کار یان شتێکی تێدا ڕادەگەیێنن.

تنفس / tanaffos/:[عربی]/اسم. ۱. کاری هەناسە هەڵکێشان و هەناسە دانەوە ۲. /ـها/ وچان؛ پشوو؛ گت؛ پشووی کەم خایەن لە کاردا بۆ حەسانەوە ‹در فاصلەی سخنرانیها تنفس اعلام شد: لە نێوان قسەکاندا پشوو درا›.

◙ **تنفس دادن**: ۱. نەفەس پێدان؛ هەناسە گەیاندن بە لەشی کەسێک ‹مجبور شدند به او تنفس بدهند: ناچار بوون نەفەسی پێبدەن› ۲. وچان پێدان؛ پشوودان ‹در این هنگام تنفس داده شد: لەم کاتەدا وچانێکیان دا›.

تنفس کردن: هەناسە دان؛ نەفەس کێشان؛ هەناسە دەی ‹این هوایی که تنفس می‌کنیم بسیار آلوده است: ئەو هەوایە هەناسەی پێدا دەدەین زۆر پیسە›.

تنفسی / tanaffosî/:[عربی] صفت. هەناسەیی؛ نەفەسی ‹بیماری تنفسی: نەخۆشی هەناسەیی›.

تنفیذ / tanfîz، ـها/:[عربی]/اسم. کار یان ڕەوتی برەو دان بە بەڵگەیێک بە پەسند و ئیمزا کردنی؛ بڕ پێدان.

◙ **تنفیذ کردن**: ۱. بڕ پێدان ۲. بایەخ دان؛ پەسندکردن ۳. ئیمزاکردن؛ واژۆکردن.

تنقل / tanaqqol، ـها؛ ـات/:[عربی]/اسم. چەرەوچەرەز؛ چەرەس؛ نوقڵ و نەوات؛ شۆرکە؛ ئاجیل.

تنقیح / tanqîh، ـات/:[عربی]/اسم. [ادبی] بژار؛ هەڵوەژار؛ کار یان ڕەوتی تەکووزکردنی نووسراوە لە باری پێ‌زیادکردن، لابردن و وردەکاریەکانیەوە.

تنقید / tanqîd، ـها؛ ـات/:[عربی]/اسم. [قدیمی] ۱. ڕەخنە؛ هەڵسەنگێنی ۲. خراپەبێژی.

تنقیه / tanqiye، ها/:[عربی]/اسم. ١. تەنقیە؛ کار یان ڕەوتی عیمالەکردن؛ پاک کردنەوەی ڕیخۆڵە گەورە بە تێوەڕێژانی تراوی داروویی ٢. [مجازی] عیمالە؛ کەرەسەیەک کە ئاوا کارێکی پێ دەکرێ ٣. جۆمالی؛ پاکمالی هەر چەشنە گونجەیەک ‹تنقیەی قنات: جومالی کاریز›.

تنک / tonok/: صفت. ١. تەنک؛ تەنی؛ نارین؛ ناسک؛ شاش؛ ناسکی سووک ‹موی تنک: مووی تەنک› ٢. [مجازی] کەم؛ کێم؛ هندک ‹تنک‌مایه: کەم‌مایە›.

تنک‌روزی / tonokrûzî، ها/: صفت. [مجازی، ادبی] کەمدەسەلات؛ بێ‌ئەنوا؛ بێ‌بەش لە بژیوێکی ئەوتۆ.

تنک‌مایه / tonokmāye/: صفت. [مجازی، ادبی] کەممایە؛ دەسکورت؛ دەستەنگ؛ دەسخاڵی؛ کەمڕزق؛ خاوەن سەرمایەی هندک.

تنکه / toneke, tonoke، ها/: اسم. ١. شورت؛ توونکە ٢. [معماری] تەیمان؛ تەیمانە؛ تامان؛ چەپەر؛ چیخ؛ دیوارێکی ناسک لە چێو یان گەچ بۆ لێک‌دابڕانی دوو بەشی شوێنێک.

تنکیر / tankîr/:[عربی]/اسم. [دستور] ڕەوتی نەناس‌کردنی ناو.

تنگ / tang/: اسم. ١. تەنگە؛ تەنگژە؛ زندۆر؛ زەندۆر؛ زەندۆڵ؛ گەلی تەنگ؛ دەرەتەنگ؛ بوهلی‌باهو؛ دۆلی تەنگ؛ شیوی تەنگەبەر ٢. /ها/ تەنگ؛ تنگ؛ نەوار یان تەسمەیەکی پان کە زین، کۆپان یان باری پێ‌دەبەستنە سەر بارەبەرەوە.

تنگ: صفت. ١. تەنگ؛ تەسک؛ بەرتەسک؛ وەرتەسک؛ تەسک‌وترووسک؛ تەسکەبەر؛ تەنگەتریز؛ تەنگەبەر؛ تەنگ‌وتورش؛ گەڕگول؛ بە بۆشایی، پانایی یان بەری کەمەوە ‹اتاق تنگ؛ کوچەی تنگ: ژووری تەنگ؛ کۆڵانی تەسک› ٢. [مجازی، ادبی] کەم؛ هندک ‹مجال تنگ: مەودای کەم›.

▣ تنگ بودن: تەنگ بوون؛ تەسک بوون؛ تەنگەبەرە بیەی.

تنگ شدن: ١. تەنگ بوونەوە؛ تەنگەو بوون؛ بووچکەو بوون؛ چوونە ئاو؛ تەسکەوە بیەی (بە هۆی چوونە ئاوەوە) ‹پیراهنم را شستم حالا تنگ شده: کراسەکەم شۆرد، ئێستا تەنگ بونەوە› ٢. تەنگ بوونەوە؛ کورت بوونەوە؛ تەسک بوونەوە؛ کەم بوونەوەی بۆشایی ‹خانه برایشان تنگ شده بود: ماڵەکە تەنگ بووەوە بۆیان› ٣. کەم بوونەوە؛ کەمەو بوونەوە؛ هندکین.

تنگ کردن: تەنگ کردن؛ تەنگەوکردن؛ بووچکەوکردن؛ تەسکەوەکەردەی.

به تنگ آمدن: [مجازی] وەڕەز بوون؛ وە زاڵەهاتن؛ وێرس بیەی. هەروەها: **به تنگ آوردن**

تنگ: قید. پاڵ‌بەپاڵ؛ لە پەنا؛ لە پاڵ؛ تەنگەتریزە؛ بێ‌ناوبڕ و لکاو بە یەکەوە ‹تنگ هم نشسته بودند: پاڵ‌بەپاڵی یەک دانیشتبوون›.

▣ تنگ غروب: ئەنگۆرە؛ هەنگۆرە؛ ئەنگۆری؛ هەنگڤار؛ تەنگی ئێوارە؛ نزیک خۆراوا؛ زەردەی خۆراوا؛ بەرەووتەنگ؛ وێرەگا؛ وەرەگا؛ تاریکان؛ تاریکەی؛ ڕۆژپەڕ؛ درەنگان؛ ئێوارەی درەنگ.

تنگ هم: نزیک یەک؛ لە پەنا یەک؛ لە پاڵ یان لە ئامێزی یەکتریدا.

▣ تنگ دل کسی نشستن: [مجازی، گفتاری] بن دەس لە کەسێک برینەوە؛ لە تەنیشت کەسێکەوە دانیشتن؛ لە بن‌دەس کەسێک دانیشتن؛ لاو یۆیرە نیشتەیرە.

تنگ کسی افتادن: *[مجازی، گفتاری]* لە پاڵ کەسێکەوە بوون؛ لە تەنیشت کەسێکدا بوون؛ کەوتنە پاڵ/ تەنیشت یەکێکەوە.

تنگ کسی گرفتن: *[کنایی، گفتاری]* تەنگەتاو بوونی کەسێک؛ تەنگ لە کەسێک هەڵچنیان؛ زۆر بۆ کەسێک هاتن؛ کەوتنە پێداویستی زۆرەوە بۆ چوونە سەر ئاو.

تنگـ[2]: *پیشواژە.* ـتەنگ: ۱. کەمـ ؛ تەنگـ ؛ کورت؛ بە هەندێکی زۆرکەم لە شتێک ‹تنگ حوصله؛ تنگدست: کەمتاقەت؛ دەستەنگ› ۲. کەم و کوور؛ بەرتەسک؛ سنووردار ‹تنگ چشم؛ تنگدل: بەرچاوتەنگ؛ دڵتەنگ›.

تنگ / tong، ـها/: *اسم.* ۱. گۆزەڵە؛ گۆزە؛ گۆزێ؛ گۆزەڵێ؛ تۆنگ؛ کووزی؛ بەقۆ؛ تۆنگە؛ گومگومە؛ ئاڤگینە؛ گمگمۆک؛ دۆلکە؛ ئاڤکینە؛ دەفری مل‌باریک بۆ تراو ۲. تراوی ناو تۆنگ ‹تنگ را سر کشید: تۆنگەکەی نایە سەریەوە›.

تنگاب[1] / tangāb/: *اسم.* تاسکەواو؛ تەنگاب؛ خۆراکێکی ئێرانی وەک ڕاگۆ.

تنگاب[2]: *صفت.* کەم‌ئاو؛ خەست؛ خەس؛ هەس؛ هەس و هۆڵ (بۆ چێشت).

تنگاتنگ / tangātang/: *صفت.* نزیک؛ پاڵ‌بەپاڵ؛ پشت‌بەپشت؛ فرە نزیکی یەکتر.

تنگ‌چشم / tangčešm، ـها؛ ـان/: *صفت.* *[کنایی، ادبی]* ۱. ڕژد؛ چکووس؛ پیسکە؛ ئاجگی ۲. بەخێڵ؛ ئێرەیی‌بەر؛ بە ئێرەیی؛ چاوچنۆک؛ گاڤبەر ۳. بەرچاوتەنگ؛ وەرچەم‌تەنگ ***چشم‌تنگ**

تنگ‌چشمی / tangčešmî، ـها/: *اسم.* *[کنایی، ادبی]* ۱. ڕژدی؛ چکووسی؛ ئاجگی ۲. ئێرەیی‌بەری؛ چاوچنۆکی؛ گاڤبەری ۳. بەرچاوتەنگی * **چشم‌تنگی**

تنگ‌حوصله / tanghowsele, -ho:sele، ـها/: [فارسی/ عربی] *صفت.* *[مجازی، ادبی]* بێ‌تەشە؛ کەم‌تاقەت؛ بێ‌سەبر؛ کەم‌جیقەڵدان؛ تەنگەجیقەڵدان؛ بێ‌گەپرووگ؛ بێ‌نتم؛ کەم‌تابشت.

تنگ‌دست / tangdast، ـها؛ ـان/: *صفت.* *[مجازی، ادبی]* تەنگدەس؛ دەستەنگ؛ هەژار؛ نەدار؛ بێ‌پارە؛ بێ‌ماڵ؛ کەم‌دەس؛ دەسکورت؛ فەقیر؛ دەست‌بەتاڵ؛ دەس‌وڵا؛ دەست‌ڤاله؛ خاوەن بارەچەی هندک و کەمتر لە ڕادەی پێویست بۆ بە سەر بردنی ژیان.

تنگ‌دستی / tangdastî، ـها/: *اسم.* *[مجازی]* هەژاری؛ دەستەنگی؛ دەسکورتی؛ بێ‌مانگووری؛ ناگوزووری؛ فەقیری.

تنگدل / tangdel، ـان/: *صفت.* *[مجازی، ادبی]* پەرۆش؛ دڵتەنگ؛ خەمبار؛ خەمین؛ ئاخدار.

تنگرس / tangars، ـها؛ ـان/: *اسم.* تەنگس؛ تەنگز؛ تەنگەس؛ تەنگەزی؛ تینگیز؛ تەنگیز؛ تەنگسەک؛ چالووک؛ چالۆک؛ بنەداری تایبەتی ناوچەگەلی وشکی کوێستانی، بە لەق و پۆی درکاوی و گوڵی وەک هۆشەی سوورکاڵ و بنی زۆر پتەوەوە.

تنگسالی / tangsālî، ـها/: *اسم.* *[مجازی]* وشکەساڵی؛ سیاساڵی؛ ساڵێ کە تێیدا قات‌وقڕی و نەبوونی مانگووری ڕوو دەدا.

تنگستن / tang(e)stan/: [انگلیسی از سوئدی] *اسم.* تەنگستەن؛ ولفرام؛ توخمی کیمیاوی کانزایی قورس، بە ژمارەی ئەتومی ۷۴ و کێشی ئەتومی ۱۸۳,۸۵، کە کانزایەکی پتەو و چەکوچخۆرە: **ولفرام**

تنگنا / tang(e)nā، ـها/: *اسم.* تەنگی: ۱. تەنگانە؛ بەرتەنگی؛ تەنگەبەری؛ تەنگژەیی؛ شوێنێ کە ژلێوە و کردوکۆشی تێیدا ناکرێ

٢. بێ‌دەرەتانی؛ تەنگاوی؛ دژواری و ناخۆشی؛ بار و دۆخێکی نالەبار کە لێ دەرباز بوونی حەستەمە.

◘ بە/ در تنگنا افتادن:/کنایی/ کەوتنە تەنگانەوە؛ بێ‌دەرەتان داکەوتن؛ کەوتنە تەنگی؛ تووشی بارێکی سەخت و نالەبار هاتن. هەروەها: **بە/ در تنگنا افکندن**

در تنگنا بودن:/کنایی/ لە تەنگانەدا بوون؛ بێ‌دەرەتان بوون؛ لە تەنگیدا بوون ‹برای گذران زندگی در تنگنا بودیم: بۆ ڕابردنی ژیان لە تەنگانەدا بووین›.

تنگ‌نظر / tangnazar، ـها؛ ـان/: [فارسی/ عربی] صفت./مجازی/ ١. بەرچاوتەنگ؛ وەرەچەمتەنگ؛ کورت‌بین؛ بیرتەسک ٢. سەختگیر؛ دژوارگر ✱ **نظرتنگ**

تنگ‌نظری / tangnazarî، ـها/: [فارسی/ عربی]/اسم./مجازی/ بەرچاوتەنگی؛ وەرەچەمتەنگی؛ کورت‌بینی: **نظرتنگی**

تنگ‌نفس / tangnafas/: [فارسی/ عربی] صفت./گفتاری/ هەناسەسوار؛ پشووسوار؛ تەنگەنەفەس؛ بە تایبەتمەندی دژواری هەناسەدانەوە.

تنگ و تا / tang-o-tā/ ☜ **تک و تا**

تنگ و ترش / tang-o-tor(o)š/: صفت. تەنگ و تورش؛ تەنگ وترووسک: ١. تەنگ و خەف؛ جێگەی کەم دەرەتان و دڵگیر ‹دو اتاق تنگ و ترش داشت کە تویشان نمی‌شد تکان خورد: دوو دیوی تەنگ و تورشی بوو کە نەدەکرا لە ناویاندا بجوولێیەوە› ٢. زۆر تەنگ؛ زۆر تەسک (بۆ جل و بەرگ دەگوترێ) ‹پیراهن تنگ و ترش: کراسی تەنگ و ترش›.

تنگه / tange، ـها/:اسم. تەنگە: ١./جغرافیا/ تەنگەڵان؛ کەل؛ ناوتەنگ؛ باریکە ئاوێ کە دوو وشکاتی لێک دادەبڕێ ٢./قدیمی/ سکەی زێڕی ئاسیای ناوەندی.

تنگی / tangî/:اسم. تەنگی: ١. دۆخ یان چۆنیەتی تەنگ بوون ‹تنگی جا: تەنگی جێ› ٢. /ـها/ دژواری؛ سەختی؛ گرفتی ‹دست‌تنگی: دەس‌تەنگی›.

◙ تنگی قافیە: صفت./کنایی/ ناچار؛ ناچاری؛ ناگوزیری.

تنگی نفس: تەنگەنەفەسی؛ هەناسەسواری؛ پشووسواری؛ نەخۆشی ئاسم.

تن و توش / tan-o-tûš/:اسم./ادبی/ تەن و تووز؛ تووز؛ بیچم و قەڵافەت؛ پەیکەر؛ هەیکەل؛ پەیکەرە ‹تن‌وتوش محکم و نیرومندی داشت: تەن‌وتووزێکی پتەو و ئەستووری بوو›.

تنور / tanûr، ـها/: [؟]/اسم. تەنوور؛ تەندوور؛ تەنوورە؛ تەندور؛ ترین؛ تەنور؛ قووڵکەی خڕی ئاگردان بۆ نان‌کردن ‹این نان را تازە از تنور درآوردە است: ئەم نانەی تازە لە تەنوور دەرهێناوە›.

تنور / tenor/: [فرانسوی از ایتالیایی]/اسم./موسیقی/ زیڵ‌ترین دەنگی پیاو.

تنورە / tanûre، ـها/: [؟]/اسم. ١. دووکەڵکێشی زۆر گەورە (وەک دوودکێشی گەمیە یان کارخانە) ٢. تەمۆ؛ تەموورە؛ کونێک کە لەوێوە ئاو بە سەر پەڕەکانی ئاشدا دەڕژێت.

◘ تنورە کشیدن: لوور بوون؛ لوول واردەی؛ خول‌ـ خول و پێچ‌ـ پێچ (وەک بڵێسە یا دووکەڵ) بەرەو ئاسمان خێزیان.

تنوری / tanûrî/: [؟] صفت. تەنووری؛ تەندووری: ١. برژاو لە تەنووردا ٢. برژاو لە بەر تاوی تەنوور بەبێ ئاو یان هەڵم.

تنوع / tanavvo'، ـها/: [عربی]/اسم. جۆراوجۆری؛ چەشناوچەشنی ‹تنوع گیاهان:

جوراوجوری ڕووەکان›.

تنومند / tanûmand، ـها؛ ـان/: *صفت. [ادبی]* زنتۆڵ؛ ئابۆنە؛ شاقەڵدار؛ زەگەردوگ؛ زەگزەگە؛ زەگوردە؛ باهووبەرز؛ چوارشانە؛ کەڵین؛ زەلام؛ گەپ؛ هرچیمەندش؛ بڕمن؛ زبر و زەلام؛ زخم؛ مرۆی زەلام و ئەستوور ‹مرد تنومند: پیاوی زنتۆل›. هەروەها: **تنومندی**

تنویر / tanvîr/: [عربی]/*اسم. [ادبی]* کار یان ڕەوتی ڕوون‌کردنەوە؛ ڕۆشن‌کردنەوە.

▣ **تنویر افکار**: ڕوون‌کردنەوەی بیروڕا؛ ڕۆشن‌کردنەوەی هزر و بیری خەڵک.

تنوین / tanvîn، ـها/: [عربی]/*اسم.* تەنوین؛ دووسەر؛ دووژێر؛ دووبۆر؛ هەر یەکە لە نیشانەگەلی فۆنێتیکی نووسینی فارسی (و عەرەبی) بە شێوەی «ـً»، «ـٍ» و «ـٌ».

تنه[1] / tane، ـها/: *اسم. [گفتاری]* ۱. لەش؛ تەنە؛ پەیکەر؛ گۆدە؛ کەلەخ؛ لەخت ‹تنه‌گنده: لەش‌گرس› ۲. لاشە؛ تەندە؛ بەشی سەرەتایی پەیکەری گیاندار، جگە لە سەر و دەست و پێ (کلکوباڵ) ‹تنه‌ی مجسمه: لاشەی کۆتەڵ› ۳. گژ؛ قەد؛ قۆتە؛ کوتار؛ کۆتەرەدار؛ کۆپەرەدار؛ پادار؛ ناوقەدی دار؛ بەشی سەرەتایی درەخت بەبێ ڕیشە، لق، گەلا، هەلالە و میوەوە ٤. قاپلۆخ؛ قولاخ؛ قاپیلکە؛ بەشی دەرەوەی شتێک ‹تنه‌ی هواپیما: قاپلوخی فڕۆکە› ٥. شان؛ لاشان؛ تەنە؛ لامێزە؛ کوتەیەک بە قورسایی لاشەی خۆ ‹تنه زدن: شان لێدان›.

▣ تنه به تنه‌ی کسی خوردن: *[مجازی]* نان لە گەڵ کەسێک دوو کوت‌کردن؛ خۆ و خەدەی کەسێک گرتن؛ نان لەگەڵ کەسێکدا خواردن؛ کێشانە سەر کەسێک ‹تو هم انگار تنه‌ات به تنه‌ی هیتلر خورده، که این قدر سنگ نژاد آریا را به سینه می‌زنی: تۆش دەڵێی [illegible] هیتلەردا [illegible]، هێندە باسی نەژادی ئاریا دەکەی›.

تنه خوردن: شان خواردن؛ لامێزە واردەی.

تنه زدن: شان وەشاندن؛ شان‌لێدان؛ لامێز دایەنە؛ لاشان داین؛ بە لاشان دان لە شتێ یان کەسێک.

ـ **تنه**[2]: *پیوازه.* ۱. ـ قەد؛ سەبارەت بە لەش ‹نیم‌تنه: نیم‌تەنە› ۲. ـ کەسی؛ ـ تەنە؛ ـ تەنێ ‹یک‌تنه: تاکەکەسی›.

تنها[1] / tanhā/: *صفت.* تەنیا؛ تەنها؛ تەنێ: ۱. کت؛ یەکلە؛ تەق؛ تاک؛ تاق؛ تەنە؛ جیا لە هەر شتێ یان کەسێک ‹تنها بودن: تەنیا بوون› ۲. تاقەشتە؛ بەس؛ بێ‌دیتر؛ بێ‌شتێکی‌تر ‹تنها آب کافی است: تەنیا ئاو بەسە› ۳. ☜ حرف تنها، **حرف**

▣ **تنها بودن**: تەنیا بوون؛ بێ‌هاوڕێ بوون؛ هاوتا و هاوڕێیەک نەبوون ‹در خانه تنها بودم: لە ماڵەوە تەنیا بووم›. هەروەها: **تنها شدن؛ تنها ماندن**

تنها به قاضی رفتن: بە بار خۆدا بڕین؛ ئاوڕ نەدانەوە لە بڕوا و باوەڕی پێچەوانە و هەر یەک‌لایی دیتن ‹هر کس تنها به قاضی برود راضی برمی‌گردد: هەرکەسێک بە بار خوێدا ببڕێ دەسپڕ دێتەوە›.

تنها[2]: *قید.* تەنیا؛ بە تەنێ؛ ئەمەو چیترنا ‹تنها همین را داشتم: تەنیا ئەمەم بوو›.

تنهائی / tanhā'î/ ☜ **تنهایی**

تنهایی[1] / tanhāyî، ـها/: *اسم. [گفتاری]* تەنیایی؛ تەنیایی: ۱. دۆخ یان چۆنیەتی تەنیا بوون ‹او از تنهایی می‌ترسید: ئەو لە تەنیایی دەترسا› ۲. دووری یان جیایی لە دیتران ‹تنهایی برایش بسیار دشوار بود: تەنیایی گەلەک دژوار بوو بۆی› * **تنهائی**

تنهایی[2]: *قید. [گفتاری]* (بە) تەنیا؛ بە تەنێ؛

بە تەنیایی؛ تەنیا؛ تەنیایی؛ یەکانی؛ یەکێنی؛ یەکایەتی؛ یەوراپی؛ یەوەیی؛ تاقی تەنیا؛ بە تاقی تەنیێ؛ تاقەکەسە؛ بە چەشنی تەنیا ‹همه را تنهایی خورد: بە تەنیایی هەمووی خوارد›: **تنهائی**

تنەلش / tanelaš، ـها/: *صفت.* *[گفتاری]* تەوەزەل؛ تەمبەڵ؛ بێکارە و خوێڕی؛ لەش‌گران؛ لەش‌قورس؛ تەنەلەش.

تنی / tanî، ـها/: *صفت.* دایک و بابی؛ خوێنی؛ هاوخوێن؛ ئەدا و تاتەیێ. بەرانبەر: **ناتنی** ‹برادر تنی: برای دایک و بابی›.

تنیا / tenyā، ـها/: *اسم.* تێنیا؛ ڕەگەزێک لە کرمگەلی هاوڕیزی کرمی کەدوو کە جانەوەری ڕیخۆڵەی مرۆڤ و ئاژەڵە.

تنیدن / tanîdan/: *مصدر. متعدی.* // **تنیدی:** تەنیتەوە؛ **می‌تنی:** دەتەنیەوە؛ **بتن:** بتەنەوە// تەنینەوە؛ چنینەوە؛ وەندن؛ هۆندنەوە؛ هۆندن؛ هۆنینەوە؛ موونین؛ مووناندن؛ تەناندن؛ ئەوەتەنەی؛ تەنای: ١. چنین؛ چنیەی؛ تێک‌کێشانی تەنگی هەودا و تاڵ لە یەکتریدا ٢. دروست‌کردنی هۆنەیەک بە تانگەلێکی لیکدارەوە ‹تار تنیدن: تار تەنین›. هەروەها: **تنیدنی**

■ صفت فاعلی: **تننده** (ـــ)/ صفت مفعولی: **تنیده** (وەتەنراو)/ مصدر منفی: **نتنیدن** (نەتەنینەوە)

تنیس / tenîs/: [انگلیسی]/*اسم.* تنیس؛ گەمەی دوو یان چوارکەسی بە ڕاکێتی بلیند و تۆپی ماوتیەوە لە سەر زەوینێکی گەورەدا بە تۆڕێک لە ناوەڕاستیاندا.

▣ **تنیس روی میز:** پینگ‌پونگ؛ تنیسی سەرمێز؛ گەمەی دوو یان چوارکەسی بە تۆپێکی چکۆلە لە سەر مێزێکەوە.

تنیس‌باز / tenîsbāz، ـها؛ ـان/: [انگلیسی/ فارسی]/*اسم.* تنیس‌باز؛ کەسێ کە گەمەی تنیس دەکات.

تنیسور / tenîsor، ـها/: [عربی از انگلیسی]/*اسم.* تنیس‌باز؛ کەسێ کە گەمەی تنیس دەکات و پێی ڕاهاتووە.

تنین / tennîn/: [عربی] ☜ **اژدها۔۲**

تو / to/: *ضمیر.* تۆ؛ تە؛ ئەتۆ؛ توو؛ جێناوی ئاماژە بۆ دووهەم کەسی تاک ‹تو را من چشم در راهم، شباهنگام: دوو چاوم چاوەڕێی تویە، کە شەو دادێ›.

تو[1] / tû، ـها/: *اسم.* ژوورەوە؛ ژوور؛ ناو؛ ناوەوە؛ نێو؛ هندرۆ؛ هوندرۆ؛ ئەندەروون؛ هەناو؛ دەروون؛ دلێ؛ لەناو؛ تێ؛ تۆی ‹بفرمایید تو: فەرموونە ژوورەوە›.

▣ **توی جلد:** ناو بەرگ؛ دیوی ناوەوەی بەرگی کتێب و دەفتەر.

▣ **از توی چیزی درآمدن:** لە نێو شتێک هاتنە دەرەوە؛ لە ناو شتێکەوە دەرکەوتن؛ لە ناو شتێکەوە دەرهاتن؛ دلێو چێوێویەنە بەرئامەی ‹از توی نان یک تکە کاغذ درآمد!: لە ناو نانەکەوە پارچە کاغەزێک هاتەدەر!›.

تو[2]: *قید.* تۆی؛ ناو؛ نێو؛ لە ناو؛ لە نێو؛ نەتۆی؛ لە تۆی؛ جە دلێ؛ دلێو.

▣ **توی چشم:** لە بەرچاو؛ لە بەردەم؛ وەرەچەموو ‹توی چشم من دروغ می‌گفت: لە بەر چاومەوە درۆی دەگوت›.

توی هم ☜ **توهم**[2]

▣ **تو(ی) آستین داشتن:** در/ توی آستین داشتن ☜ **در**[2]

تو(ی)/ در بحر چیزی رفتن/ بودن: *[مجازی]* چوونە ناخی شتێکەوە؛ زۆر بۆ شتێک داچوون؛ لەوەی تانوو پۆ و چێوێویەرە؛ باش‌باش تۆژینەوە لە شتێک ‹رفته بود توی بحر موضوع: چووبووە ناخی بابەتەکەوە›.

تو(ی) بورس بودن: */مجازی/* لە بەرەودا بوون؛ ڕۆژی خۆی بوون؛ خوازیار یان کڕیاری زۆر هەبوون ‹این روزها قالی نقش ماهی توی بورس است: ئەم ڕۆژانە قاڵی ماسی دەرهەم لە برەو دایە›.

تو(ی) جلد کسی رفتن: */مجازی/* چوونە بن کڵیشەی کەسێکەوە؛ چوونە خت کەسێکەوە؛ نیشتنە ژێر پای کەسێک؛ هەڵخڕاندنی کەسێک بۆ مەبەستێک ‹رفته بود توی جلد آزاد که بیا فرار کنیم: چووبووە بن کڵیشەی ئازادەوە کە وەرە با دەرچین›.

تو(ی) جوال رفتن با کسی: */مجازی/* دۆن دانە دۆن کەسێکەوە؛ لە گەڵ کەسێکی نەگونجاودا هەڵس‌وکەوت کردن.

تو(ی) حرف کسی دویدن: */مجازی/* پەڕینە ناو قسەی کەسێکەوە؛ دانە ناو باڵ قسەی کەسێکدا ‹دوید توی حرفم و گفت ... : پەڕیە ناو قسەکەمەوە و گوتی...›:
هەروەها: **وسط حرف کسی دویدن**

تو(ی) دل چیزی راخالی کردن: */مجازی/* ناو شتێک خاڵی‌کردنەوە؛ شتێ کاردۆژە کردن؛ ناوی شتێک هەڵکڵۆشین؛ ناوی شتێک دەرهێنان؛ دڵێو چێوێوی هۆرکلاشەی ‹توی دل بادنجانها را خالی کن: ناو زک باینجانەکان خاڵی کەرەوە›.

تو(ی) دل چیزی رفتن: */مجازی/* چوونە نێو/ ناخ شتێکەوە ‹رفته بودیم تو دل جنگل: چووبووینە ناخی جەنگەڵەوە›.

تو(ی) دل خواندن: */مجازی/* لە بەر خۆوە خوێندنەوە؛ لە دڵەوە خوێندن؛ لە دڵی خۆدا خوێندنەوە؛ دڵەنە وانەی؛ بە بێ دەنگ و بۆ خۆ خوێندن ‹توی دلت بخوان: لە بەر خۆتەوە بخوێنەوە›.

تو(ی) دل کسی راخالی کردن: */مجازی/* دڵ کەسێک داخستن؛ کەسێک ترساندن؛ دڵوو یۆی وسەیرە ‹با این حرفت حسابی [illegible]: بەم قسەتە تەواو [illegible]›.

تو(ی) دهان کسی زدن: */مجازی/* دانە ناو دەم کەسێکدا؛ لێدان و چوونە گژ کەسێکدا، نەخوازە لە بەر وتنی قسەیەک.

تو(ی) ذوق کسی زدن: */مجازی/* دانە ناو زەوق کەسێکدا؛ خۆشی کەسێک خراپ کردن: **ذوق کسی را کور کردن**

تو رفتن: چوونە ناوەوە: ١. ڕۆینە ژوورەوە؛ لواینە دلێ ‹تا در باز شد، [illegible]: تا دەرگا کرایەوە، [illegible]› ٢. قوپان؛ قوپیان؛ چوونە ناودا؛ لوای دلێرە ‹گلگیر ماشین تو رفت: گڵگیری ماشینەکە [illegible]›.

تو(ی) روی کسی ایستادن: */گفتاری/* لە ڕووی کەسێکدا وەستانەوە؛ لە حەنای کەسێکا وێسیانەوە؛ سەرپێچکاری‌کردن ‹خجالت نمی‌کشی [illegible]؟: داناڕزێی [illegible]؟›.

تو زدن: */گفتاری/* ١. پاشەکشەکردن؛ پاشگەز بوون؛ خۆ دزینەوە ‹آزاد تا آنها را دید تو زد: ئازاد تا ئەوانی دی [illegible]› ٢. دەق‌کردن؛ نووشتاندنەوە؛ داشکاندنەوە؛ بردنە ناوەوە.

تو(ی) سر چیزی زدن: */کنایی/* شتێک مردارەوەکردن؛ شتێک تۆپاندن؛ نرخی شتێک شکاندن؛ بێ‌برەوکردنی بازاڕی شتێک ‹چرا [illegible]؟: بۆ [illegible]؟›.

تو کردن: */گفتاری/* کردنەوە؛ کێشانە ناو؛ بردنە نێوەوە؛ خستنە ناوەوە؛ پیا کردن؛ پێوەکردن؛ بەردەینە دلێ؛ کەردەی پۆنە ‹نخ را کرد توی سوراخ سوزن: بەنەکەی [illegible]

سۆکەوە›.

[illegible]: *[مجازی]* چوونە ناخی شتێک/ کەسێکەوە؛ ورد بوونەوە لە کەسێ/ شتێک ‹[illegible] حرفهای پدرم: [illegible] قسەکانی بابمەوە›.

[illegible]: *[گفتاری]* دانە ناوەوە؛ قەو کردن؛ خستنە ناوەوە؛ کردنە ناوەوە؛ بردنە ناوەوە؛ بەرەو ناو تاکردن؛ دەق کردن؛ بەردەینە دلێ ‹لبەی پارچە را [illegible]: لێواری پارچەکە [illegible]›.

[illegible]: *[کنایی، گفتاری]* هەوسار بە دەستەوە بوون؛ کلک لە مستدا بوون؛ مشتەنە بیەی ‹یارو را [illegible] کابرای [illegible]›. هەروەها: **تو(ی) مشت گرفتن**

[illegible]: *[کنایی، گفتاری]* بە دەستەوە بوون؛ لە ناو چنگدا بوون ‹اگر یک لحظە زودتر جنبیدە بودم [illegible]: ئەگەر نەختێک زووتر جوولابام [illegible]›.

[illegible]: *[مجازی]* لە یەک و دووی شتێکدا بوون؛ زۆر ورد بوونەوە لەمەڕ شتێکەوە ‹[illegible]›.

[illegible]: تووشی گێچەڵ بوون: **بە هچل افتادن**

[illegible]: *[مجازی]* ناوچاوان ڕەش بوون؛ سیاچارە بوون؛ ڕۆژڕەش بوون ‹بیچارە [illegible]: بیچارە [illegible]›.

[illegible] ☜ **توهّم**[1]

[illegible] / tavvāb، ـها؛ـان؛ـین/: [عربی] صفت. تەوبەکار؛ تۆبەکار.

[illegible] / tavābe'/: [عربی]/اسم. دەور و بەر؛ شوێنگەلێ کە لە لایەنی کارگێڕیەوە سەر بە ناوەندێکن ‹سقز و [illegible]: سەقز و [illegible]›.

[illegible] / tavātor/: [عربی]/اسم. *[ادبی]* یەک لە دوای یەکی؛ یەک لە شوێن یەکی؛ لە پەستایی؛ لە پەسایی؛ دۆخ یان چۆناوچۆنی پەیاپەی و پەیتاپەیتا بوون.

▣ بە [illegible]: زۆر باو بوون؛ زۆر گێڕانەوەی وتە یان ڕووداوێک لە لایەن چەن کەسەوە، بە جۆرێ کە ئیتر جێ باوەڕ بێ.

[illegible] / tavāros/: [عربی]/اسم. میراتبەری؛ میراتگری؛ کالکی؛ کار یان ڕەوتی کەلەپوور بردن؛ میرات گرتن.

[illegible] / tavārod/: [عربی]/اسم. *[ادبی]* ڕستە یان بەیتێکی ڕازاوەی هاوچەشن کە لە لایەن دوو یان چەند کەسەوە، بەبێ ئاگاداری لە یەکتر بگوترێ (وەک ئەمەی کە دوو شاعیر ـ بە بێئاگا لە شیعری یەکترـ هەر دووکیان زولفی یار بە تاڤگەیەکی زێڕین بشبهێنن، بە مەرجێ وشە بە وشە وەکوو یەک بن).

تواریخ / tavārîx/: [عربی] جمعِ ☜ **تاریخ**

[illegible] / tavāzon/: [عربی]/اسم. *[ادبی]* هاوسەنگی؛ هاوکێشی؛ هاوتایی ‹[illegible] قوا: [illegible] هێزگەل›.

[illegible] / tavāzî، ـها/: [عربی]/اسم. هاورێکی؛ دۆخ یان چۆنیەتی لە ڕێکی یەکدا بوون.

تواشیح / tavāšîh/: [عربی]/اسم. تەواشیح؛ چڕەی ئایینی بە شێوەی بڕگەبڕگە و دووپاتەکردنەوەی ئایەگەلی قورعان.

تواشیح‌خوانی / tavāšîhxānî، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. تەواشیح‌خوێنی.

تواضع / tavāzo'/: [عربی]/اسم. خاکەساری؛

خاکەڕایی؛ بێدەماری.

توافـــق / tavāfoq/: [عربـــی]/اســـم. ١. ڕەوتی پێکهـاتن؛ سـازان؛ هـەڤـگهان ‹در ایـن مـورد بـا هـم توافـق داشـتند: لـەم بابـەتـەدا پێکـەوە پێکهـاتبوون› ٢. /ـهـا؛ ـات/ کـار یـان ڕەوتی پێکهـاتن ‹در مـورد انحـلال شـرکت توافـق داشـتند: لەمەڕ هـەڵـپێچانی شـەریکـەوە پێکهـاتبوون› ٣. [موسیقی] هاوتایی.

توافقنامـــه / tavāfoqnāme، ـهـا/: اعربـــی/ فارسـی]/اسـم. پێکهـاتنامـە؛ بـەڵـگەنامـەی ڕەسمـی لـە بـارەی ئـەو شـتانەی وا دوو یـان چـەنـد کـەس لـە سـەری پێکهـاتوون، تـا لـە داهاتوودا ببێتە بڕیارنامە یا پەیماننامە.

توالـــت / tovālet, tûvālet/: [فرانـسوی]/اسـم. ١. کـەنـاراو؛ کنـاراو؛ مـستراو؛ مـستەراو؛ مـەبـاڵ؛ مامـشاخانە؛ ئـاوریز؛ ئـاودەسـت؛ دەسـاو؛ ئـاودەس؛ دەسبـەئـاو؛ کـەڤـی ٢. کاسەی دەساو؛ سـەنـگمـستراو ٣. [نامتداول] ئاڕایـشت ‹توالـت غلیظـی کـرده بـود: ئاڕایـشتێکی توندی کردبوو›.

▣ **توالت ایرانی**: کاسـە دەسـاوی کونـدار لـە جنـسی چـینی یـان سـیمان کـە لـە بـنی مەستەراودا دەنرێتە کار.

توالـت فرنگی: مـستەراو فـەرەنگـی؛ کاسـە دەسـاوی وەکـوو سـەنـدەڵـی و لـە جنـسی چـینی کـە لـە دەسـاو یـان حـەمامـدا دایدەنێن.

▣ **توالـت رفـتن**: چوونـە دەسبـەئـاو؛ چوونـە سەر دەساو.

توالـت‌کـردن: ئاڕایـشت‌کـردن؛ خـۆ ڕازاندنەوە.

توالـــد و تناســـل / tavālod-o-tanāsol/: [عربـــی]/اســـم. زاوزێ؛ زاوزیـــچ؛ ڕەوتی بەدیهێنانی بێچوو.

تـــوالی / tavālî، ـهـا/: [عربـی]/اسـم. [ادبـی] دوابـەدوایـی؛ لـە شـوێنیـەکـی؛ دۆخ یـان چۆنیەتی لە پشت سەر یەکترەوە بوون.

تـوأم / tow'am/: [عربـی] صفت. [ادبی] هـاوڕێ ‹عطسەی تـوأم بـا آبریـزش چشم و بینـی: پژمـەی هاوڕێ لەگەڵ ئاو لە لووت و چاو هاتن›.

توأمـان / tow'amān/: [عربـی] صـفت. [ادبـی] دوانـە؛ لفـەدوانـە؛ دوانـێ؛ جمـک؛ جـڤـک ‹دو پسر توأمان داشت: دوو کوڕی دوانەی هەبوو›.

تـــوان / tavān، ـهـا/: اسم. تـوان؛ تـەوان: ١. وزە؛ توانا؛ تـین؛ تـان؛ تـوێ؛ تابـشت؛ تاوشـت؛ توانـست؛ توانـشت؛ هێـز؛ هـێس؛ هـازی؛ هـاز؛ دەگـەر؛ بڕسـت؛ بـڕس؛ گـرک؛ کـێش؛ کـار؛ ئاشـــک؛ ئـــاوزان؛ خـــووز؛ دەرب؛ کۆســـە؛ پێشکان؛ شێ؛ زەبر؛ زدێ؛ خێـز؛ تـەشـە؛ نـەوا؛ حێل؛ قام ‹این کار در تـوان مـن نیست: ئـەم کـارە لە وزەی مندا نیـە› ٢. [فیزیک] هێـز؛ ئـاز؛ وێـر؛ نـزگ؛ لـڕ؛ وزەی دەکـارکراو لـە دەزگایـەکـدا، یان هێـزێ کـە لـە کـاتێکی دیـاریکراودا لێـی گیراوە.

در تـــوان داشــتن: لـە وزەدا بـــوون؛ تـــانین؛ تـوانین؛ هازیـە نـەبیـەی ‹آنچـه در تـوان داشـت برای آسایش خانوادەاش کوشید: ئـەوەی لـە وزەیـدا بوو بۆ ئاسایشتی بنەماڵەکەی تێکۆشا›.

توانـا / tavānā، ـها؛ـیان/: صـفت. توانـا؛ زۆخ: ١. شـەنگـە؛ شـێنا؛ بـە بـڕ؛ وزەدار؛ هـازدار؛ وەگـوڕ؛ کـارا؛ زۆردار؛ هێـزان؛ بـە قـەوەت؛ هێـزدار ٢. لێهـاتوو؛ خـاوەن کارامـەیـی و ڕاهاتوویی لە کارێکدا.

توانانی / tavana'î/ ☜ **توانایی**

توانـایی / tavānāyî، ـهـا/: اسم. توانـایی؛ بـرە؛ هێـز؛ کـەلێـژ؛ تابـشت؛ شـێناهی؛ زۆخ؛ هـازی؛ هـەرەنـگ؛ دانـستەی کـەس یـان شـتێک کـە کـردنی کـار یـان وەرگـرتنی دۆخێکـی بـۆ هـەمـوار دەکـا ‹او توانـایی تحمـل ایـن وضـع را نـدارد: توانایی بە سـەر بـردنی ئـەم دۆخـەی نیـە›:

توانائی

توانبخشی / tavānbaxsî، ـها/: *اسم.* هێزنکی؛ هێزدەری؛ کار یان ڕەوتی گەڕاندنەوەی لەشساغی و گوڕ و تین بە کەسێک کە بە بۆنەی نەخۆشی یان ڕووداوێکەوە هێز و توانای خۆی لە دەس داوە.

توانخواه / tavānxāh، ـان/: *اسم.* کەمئەندام؛ ئیفلیج؛ نەتەواو؛ کەسێ کە دەس یا پێی گۆج بێ یان قرتابێ و هێزی کارکردنی نەبێ.

توانستن / tavānestan/: *مصدر لازم.* //**توانستی**: توانیت؛ **می توانی**: دەتوانی؛ **بتوان**: بتوانە// توانین؛ تانین؛ توانسن؛ کارین؛ تاقەت هێنان؛ تاوین؛ لە دەس هاتن؛ شیان؛ چەلیان؛ تاوەی؛ تاوای؛ وێرسن ‹خواستن توانستن است: ویستن توانستنە›.

هەروەها: **توانستنی**

■ صفت مفعولی: **توانسته** (توانراو)/ مصدر منفی: **نتوانستن** (نەتوانین)

توانسنج / tavānsanc، ـها/: *اسم.* هێزپێو؛ ئامرازێک بۆ پێوانی هێز و توانی میکانیکی (لە ماشینێکدا).

توانفرسا / tavānfarsā/: *صفت.* برستبڕ؛ هێزبڕ؛ لابەر و لە کارخەری هێز و کار، لە بەر دژواری زۆرەوە ‹زندگی توانفرسا: ژیانی برستبڕ›.

توانگر[1] / tavāngar، ـها؛ ـان/: *اسم. [ادبی]* دارا؛ دەولەمەند؛ دەولەمەن؛ کەسێک کە ماڵ و سامانی زۆرە ‹توانگر ز دزدان بود ترسناک: دارا لە دز هەراسانە›.

توانگر[2]: *صفت. [ادبی]* دارا؛ دەولەمەند؛ دەولەمەن؛ ساماندار؛ پووڵدار؛ دەولەتمەند؛ خاوەن پارە و ماڵ و سامان ‹پدرش مردی توانگر بود: باوکی پیاوێکی دارا بوو›.

توانگری / tavāngarî/: *اسم.* دەولەمەندی؛ دارایەتی؛ سامانداری.

توانمند / tavānmand، ـها؛ ـان/: *صفت. [ادبی]* بەتاقەت؛ هێز و قەوەتدار؛ نیرگ؛ خورت؛ دەرقەوە؛ خووزاو؛ شێندار؛ هازمەند ‹کارگران توانمند: کرێکارانی بەتاقەت›.

توانمندی / tavānmadî، ـها/: *اسم.* هێزداری؛ وزەداری؛ نیرگی؛ خورتی؛ توانامەندی؛ شێنداری؛ لێهاتووی.

تونی / tû'î/ ☜ **تویی**

توبره / tûbre، ـها/: *اسم.* ۱. توربێن؛ تووەرە؛ تۆمەرە؛ تیوەرە؛ تۆبرە؛ پاریزان؛ قوماشی هەڵدووراو بۆ شت تێکردن ۲. توورەکە؛ تۆرەکە؛ توورک؛ کیسەیەکی گەورە و دەسەلێخراو کە ئالفی چوارپێی تێدەکەن و لە کاتی خواردندا دەیکەنە سەریەوە.

▣ **هم از توبره خوردن هم از آخور**: *[تعریض]* هەم لە کا و هەم لە کادێن خواردن؛ لە چەند لاوە دەست لە کاردا بوون؛ لە دوو یان چەند لا (زیاتر دژ بەیەک) پارە دەرهێنان.

توبه / towbe, to:be، ـها/: [عربی] *اسم.* تۆبە؛ تەوبە؛ تاوبە: ۱. بڕیارێک بۆ دەستکێشان لە کاری (زۆرتر) ناڕەوا و وەرگەڕانەوە لە گوناح ‹توبه کردم که دگر با تو به جایی نروم: تۆبەم کرد جارێکیتر لەگەڵ تۆ نەچمە هیچکوێ› ۲. بە ڕاشکاوی دەربڕینی ئەم بڕیارە ‹سرانجام توبەی او را پذیرفتند و آزاد شد: لە ئاکامدا تۆبەیان لێ وەرگرت و بەردرا›.

▣ **توبەی گرگ**: *[مجازی]* تۆبەی گورگ؛ تۆبە درۆینە.

▣ **توبه دادن**: تۆبە دادان؛ تۆبەڕە دەی.

هەروەها: **توبه کردن**

توبه شکستن: *[مجازی]* تۆبە شکاندن؛ تۆبە مارەی؛ گوێ نەدان بە بەڵێنی دەست

کێشان له گوناح و کاری نه‌شیاو.

توبه‌کار / towbekār, to:be- / ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] صفت. تۆبه‌کار.

توبیخ / towbîx, to:bîx / ـها/: [عربی]/اسم. سه‌رکۆنه؛ وله؛ مامێزه؛ کار یان ڕه‌وتی لۆمه‌کردنی که‌سێک به بۆنه‌ی کارێکی ناڕه‌واوه ‹به خاطر دیر رسیدن به اداره توبیخ شد: له‌به‌ر دێر گه‌یشتنه مه‌زرینگه سه‌رکونه کرا›.

توبیخنامه / towbîxnāme, to:bîx- / ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. ته‌مێ‌نامه؛ نووسراوه‌یه‌ک که تێیدا که‌سێک (کارگێڕ یان که‌سێکی ژێرده‌ست) له لایه‌ن پله‌یه‌کی بالاتره‌وه لۆمه کرابێت.

توپ / tûp / ـها/: [ترکی]/اسم. تۆپ: ١. تۆپه؛ ئامرازی گه‌مه که خرته و گه‌وره و بچووک و هه‌مه ڕه‌نگی هه‌یه ‹توپ تنیس: تۆپی تنیس› ٢. *[نظامی]* تۆپه؛ ئامرازی ئاگرین بۆ شه‌ڕ که گوله‌ی قورس ده‌ته‌قێنێ (هه‌م به خۆی و هه‌م به گولله‌که‌ی ده‌ڵێن) ‹توپ دشمن مرتباً سنگر ما را می‌کوبید: تۆپی دوژمن په‌یتا په‌یتا مه‌ته‌رێزی ئێمه‌ی ده‌کوتا› ٣. تۆپه؛ تاقه‌ی قوماش ‹دو توپ پارچه‌ی روتختی: دوو توپ پارچه‌ی لحێفکی› ٤. *[مجازی، گفتاری]* تانه؛ ته‌شه‌ر؛ ته‌وس و توانج ٥. *[مجازی]* گه‌ف؛ تاپاڵ؛ هه‌ڕه‌شه و گوڕه‌شه؛ شات و شووت ٦. *[گفتاری]* زۆرباش؛ تۆپه؛ بێ‌که‌مایه‌تی ‹کارش توپ بود: کاری زۆر باش بوو›.

▣ **توپ احترام**: تۆپی ڕێز؛ گوله تۆپێ که به بۆنه‌ی ڕێزگرتن له که‌سێکه‌وه ده‌ته‌قێندرێت.

توپ افطار: تۆپی به‌ربانگ؛ تۆپێ که له کاتی به‌ربانگی مانگی ڕه‌مه‌زاندا بۆ کردنه‌وه‌ی ڕۆژوو ده‌ته‌قێندرا. هه‌روه‌ها: **توپ سحری**

توپ پر: *[مجازی]* قرمی پڕ؛ تووره؛ قه‌ڵس ‹توپ رییس امروز خیلی پر بود و به هر کس می‌رسید دعوا می‌کرد: سه‌رۆک ئه‌ورۆ قرمی پڕ بوو، ده‌گه‌یشته هه‌رکه‌س شه‌ڕی پێ ده‌فرۆشت›.

توپ تحویل: تۆپی سه‌رساڵ؛ تۆپێ که به بۆنه‌ی نوێ بوونه‌وه‌ی ساڵ ده‌ته‌قێندرێ.

▣ **توپ انداختن**: ١. تۆپ خستن؛ تۆپ هاویشتن؛ تۆپ شانه‌ی ٢. تۆپ ته‌قاندن؛ تۆپ ته‌قنه‌ی: **توپ درکردن**

توپ درکردن ☜ **توپ انداختن-٢**

توپ زدن: ١. تۆپ لێدان؛ تۆپ خستن ٢. *[مجازی]* شات و شووت‌کردن ٣. *[مجازی]* تانه و ته‌شه‌ر لێدان ٤. تۆپێن کردن؛ تۆپان‌کردن؛ کایه‌کردن له هه‌رکام له‌و وه‌رزشگه‌له که تۆپی تێدایه.

▣ توپ کسی پر بودن: *[مجازی]* قرمی که‌سێ پڕ بوون؛ زۆر تووره بوون؛ قه‌ڵس بوون ‹دیدم توپ خانم خیلی پر است، چیزی نگفتم: دیتم خانم زۆر قرمی پڕه، فزه‌م نه‌کرد›.

به توپ بستن: دانه به‌ر تۆپ؛ جێگه‌یه‌ک دانه‌به‌ر گولله‌ی تۆپ ‹محمدعلی‌شاه مجلس را به توپ بست: حه‌مه‌عه‌لی‌شا پارله‌مانی دایه به‌ر توپ›.

توپچی / tûpčî / ـها؛ ـان/: [ترکی]/اسم. تۆپچی؛ تۆپ‌ته‌قێن؛ که‌سێ که تۆپ به‌ره‌و نیشانه داده‌مه‌زرێنێ و فه‌رمانی ته‌قاندن ده‌دا.

توپخانه / tûpxāne /: [ترکی/ فارسی]/اسم. تۆپخانه: ١. هێزی تۆپ‌ته‌قێنی ‹توپخانه‌ی دشمن روی سر ما آتش می‌بارید: تۆپخانه‌ی دوژمن به سه‌ر ماندا ئاگری داده‌باراند› ٢. شوێنی ئه‌و هێزه ‹توپخانه‌ی دشمن را بمباران کردیم: تۆپخانه‌ی دوژمنمان بوردمان‌کرد›.

توپر / tûpor، ـها/: صفت. ناوپڕ؛ تۆکمە؛ دڵیپەڕ. بەرانبەر: **توخالی** ‹استخوان توپر: ئێسکی ناوپڕ›.

توپ و تشر / tûp-o-tašar، ـها/: [ترکی/ فارسی]/اسم. [گفتاری] تەوس و توانج؛ تانە و تەشەر.

▣ **توپ و تشر زدن**: تەوس و توانجگرتن؛ تەوس و توانج تێگرتن؛ تانە و تەشەر لێدان.

توپوزی / tûpûzî، ـها/:اسم. [گفتاری] دەمکوت؛ ئاکار یان قسەیەک کە لە جوابی کەسێکدایە و بێدەنگی دەکا.

توپوش / tûpûš/ ☜ **درونپوش**

توپوگرافی / topog(e)rāfî/: [فرانسوی] اسم. تۆپۆگرافی: ١. کار یان ڕەوتی شاندانی بە وردی و دۆگە بە دۆگەی ناوچە یان دەڤەرێک ٢. زانستی نیشاندانی شوێنی خۆرسکی و دەسنەخواردووی جێگا و دەڤەرێک بە هێڵگەلێک لە ڕووی خەریتەوە.

توپولژی / topolozî/: [فرانسوی]/اسم. توپولۆژی؛ تۆژینەوەی تۆپۆگرافیانەی شوێن یان دەڤەرێک لە باری پەیوەندی لەگەڵ مێژوویدا.

توپی / tûpî، ـها/: [ترکی]/اسم. ١. [مکانیک] تۆپی؛ تیکەی خڕی ناوەڕاستی چەرخ کە نەجووڵە و چەرخ بە دەوریدا دەخولێتەوە ٢. ئامرازێ لە چێو، لاستیک و... بۆ کپ کردنی دەرگای کونێک.

توپیدن / tûpîdan/: مصدر. لازم. [گفتاری] //**توپیدی**: هەڵشاخای؛ **می‌توپی**: هەڵدەشاخی؛ **بتوپ**: هەڵشاخە// [گفتاری] هەڵشاخان؛ تێخوڕین؛ وەنەخوڕەی؛ بەگژا چوون؛ دانە بەر قسەی سووک و تەشەر ‹چرا بە من می‌توپی؟: بۆچی پێمدا هەڵدەشاخی؟›: هەروەها: **توپیدنی**

■ صفت مفعولی: **توپیده** (هەڵشاخاو)/ مصدر منفی: **نتوپیدن** (هەڵنەشاخان)

توت / tût، ـها/: [آرامی]/اسم. توو: ١. تی؛ تفی؛ تیت؛ شمی؛ تووک؛ بەری دار توو ٢. تفە؛ داری توو ٣. جۆرێ شیرینی بە شێوەی توو، کە بە هەویری بادام و پستە دروست دەکرێ.

▣ **توت خشک**: تووە وشکە؛ تووی وشک؛ تیوشک؛ وشکە توو؛ وشکە تی؛ تیە وشکە؛ تفە زوەردێ؛ وشکەوە کراوی تووی سپی.
توت سفید: تووە سپی؛ تووە چەرمگ؛ تیە چەرموو؛ تفە چەرمێ؛ قەسپە توو.
توت سیاه: ڕەشە توو؛ شاتی؛ تووە ڕەشە؛ ڕەشە تی؛ تفە سیاوێ.
توت مجنون: شۆڕەتوو؛ شەنگەتوو؛ جۆرێک داری توو کە لە نێو پارکەکاندا بەخێوی دەکەن و شێوازی بەخێوکردنی بە چەشنی شۆڕەوەکردنە.

توتالیتاریسم / totālîtārîsm/: [فرانسوی] اسم. [سیاست] پاوانخوازی؛ بڕوادار بە پێویستی بە دەستەوەگرتنی تەواوی هێز و دام و دەزگای دەسەڵاتی.

توتالیتر / totālîter/: [فرانسوی] صفت. [سیاست] پاوانخواز؛ خاوەن خوو یان ئۆگری پاوانخوازی.

توت‌پزان / tûtpazān/: [آرامی/ فارسی]/اسم. توورەسێن؛ تووگەیین؛ وەرزی پێگەیشتنی توو ‹در تهران اوایل خرداد توت‌پزان است و در کردستان اواخر تیر: لە تاراندا، سەرەتای جۆزەردان توورەسێنە و لە کوردستاندا ئاخروئۆخری پووشپەڕ›.

توتستان / tûtestān، ـها/:اسم. [آرامی/ فارسی] باخی توو؛ توەسان؛ باخەتوو ‹زمانی

گرداگـرد شـهر توتستان بـود: ڕۆژگارێـک دەوراندەوری شار باخی توو بوو›.

تـوت‌فرنگـی / tûtfarangî، ـهـا/: [آرامـی/ فرانسوی]/اسـم. تـووە زەمینـە؛ تـووە فـەرەنگـی؛ تـوو فـەرەنگـی؛ شـیلک: ۱. بنـەگیایـەکـی خزۆکـی گـەڵا بڕکـەـ بڕکـەیـە و بـە هۆشـە گـوڵ دەکاتـەوە ۲. میـوەی ئـەو گیایـە کـە سوورکاڵـی تـرش و شـیرینە و لـە هـەمـوو شوێنێک زیاتر لە کوردستان بەرهەمدێ.

تـوتم / totem، ـهـا/: [انگلیسی/ فرانسوی از زبان بومی سرخپوستان]/اسم. تـوتێم؛ گیانـدار یـا هـەر جـۆرە بوونـەوەرێکـی سروشـتیە لـە نێـو هـەنـدێک نـەتـەوەدا کـە فـەرهـەنگێکـی ساکاریان هـەیـە و لایـان وایـە ڕۆحـی بـاب و باپیرانیان لـە نێـو ئـەو شـتەدایە و دەگـەڵیان پێوەندی هەیە.

توتمیـسم / totemîsm/: [فرانسـوی]/اسـم. توتێمیسم؛ بڕوا بە توتێم و پەرستنی.

تـوتن / tûton، ـهـا/:/اسم. تووتۆن؛ هـەر کـام لە کەسانی نەتەوەی کەڤنارای ژێرمەن.

توتـون / tûtûn، ـهـا/: [ترکـی]/اسـم. تـیتن؛ تووتن؛ توتن؛ هێتـووین؛ تـەمـاکۆ؛ تـەنبـەکـی: ۱. بنـەگیایـەکـی یـەکسالەی بـۆن‌تونـدی گەڵاپـانی گـوڵ زەرد و سـپیە ۲. گـەڵای ئـەو گیایـە کـە وشـک و وردی دەکـەن و دەنێـو پـەڕی دەپـێچن و دەبێتـە جگـەرە یـان بـە قلیان ئاوری پـێ دەگـەیـنن و دووکـەڵـەکـەی هەڵدەکێشن.

توتی / tûtî، ـها؛ـان/:/اسم. تـووتی؛ پـەلـەوەری دەنـووک‌کـوڵ و قـەوی و لار وەک قـولاپ، پـای ئـەسـتوور و بـە پـەڕ و باڵـی ڕەنگامـەی کـەسـک، کـەوە، زەرد یـان سـووری بریقـەدارەوە، دەنگـی بـەرزە و بـڕێکیان دەتـوانن لاسـایی دەنگـی مـرۆ بکـەنـەوە: **طوطی**

توتیـا / tûtiyā/:/اسم. تووتیـا؛ تۆتیـا؛ دەرمانێکی کۆنی چاوە: **طوطیا**

تـوتی‌وار / tûtîvār/: صـفت. لاسـاکەر؛ تووتی‌وار؛ چەنەوەکەر: **طوطی‌وار**

توتی‌وار : قید. تـووتی‌ئاسا؛ وەک تـووتی؛ بـە بـێ زانـین و تـێگـەیـین ‹درس را طوطی‌وار یاد گرفتـه بـود: تووتی‌ئاسا وانـەکـەی فێـر ببـوو›: **طوطی‌وار**

توجـه / tavaccoh/: [عربـی]/اسم. ۱. سـەرنـج؛ لاوە؛ ئـاوڕ؛ کنـە؛ کـار یـان ڕەوتی ڕوو تێکـردن و هـۆش و گـۆش دان بـەرەو شـوێنێک ‹انگـار بـه حرفهـای مـن توجـه نـداری: وادیـارە سـەرنج نـادەیتـە قسەکـانم› ۲. /ـها؛ ـات/ چـاوەدێری؛ ئاگـاداری؛ پارێزگاریـەتی؛ کـار یـان ڕەوتی پێداگەیـشتن ‹بچـه نیازمنـد توجـه بیـشتری اسـت: منداڵەکە پێویستی بە چاودێرییەکی زۆرترە›.

توجیـه / towcîh, to:cîh/: [عربـی]/اسم. پاکانـە: ۱. کـار یـان ڕەوتی ڕوون‌کردنـەوە و بـەڵـگە هێنانـەوە لـە سـەر دروسـتی و ڕەوا بـوونی کارێـک ‹بـا ایـن حرفهـا عملتـان توجیـه نمی‌شود: بـەم قسانە پاکانـەی ڕەکـەتـان نـاکرێ› ۲. /ـها؛ ـات/ ڕوون‌کردنـەوە یـان بـەڵـگەیـەک کە بۆ ئەم مـەبـەسـتە دەهێنرێتـەوە ‹اینهـا کـە گفتی توجیه است: ئەمانەی کە وتت پاکانە یە›.

تـوجیهی / towcîhî, to:cîhî/: [عربـی] صـفت. پاکانەیی؛ قسە، نووسـراوە یـان بـەرهـەمێکـی وا کـە تێکۆشـێ ڕاسـت و ڕەوا بـوونی شـتێک بسەلمێنێ.

تـوحش / tavahhoš/: [عربـی]/اسـم. /ادبـی/ کۆڤـێتی؛ دڕندایـەتی؛ نازیـاری؛ وەحـشیگەری ‹ایـن کارهـا نـشانه توحش اسـت: ئـەم کارانـە نیشانەی کۆڤێتییە›.

توحیـد / towhîd, to:hîd/: [عربـی]/اسـم. ۱. [نامتـداول] کـار یـان ڕەوتی کردنـە یـەکـێ؛ وێک‌خـستن؛ یـەک خـستن ۲. تاکپـەرستی؛

تاکانەپەرستی؛ باوەڕ بە تاکی خودا ‹توحید نخستین اصل اعتقادی اسلام است: تاکپەرستی یەکەم بنەمای باوەڕی ئیسلامە›.

▣ توحید مساعی: هەرەوەز؛ زبارە؛ گەل؛ دەسگەل؛ ڕەوتی تێکۆشانی هەموانی بۆ جێبەجێ کردنی کارێک.

توحیدی / towhîdî, to:hîdî/: [عربی] صفت. تاکپەرستی؛ تاقپەرستی؛ تاکەپەرەستی ‹دینهای توحیدی: دینە تاکپەرستیەکان›.

توخالی / tûxālî/: [فارسی/ عربی] صفت. ١. ـها/ هلۆل؛ هەلۆل؛ هرۆل؛ قرۆل؛ نوڕ؛ پووک؛ ناوچۆل؛ ناوپووک؛ کروور؛ پیفا؛ ناوخالی؛ خلۆخە؛ پووچەل؛ والا؛ قوێرە؛ بۆش؛ بەش قرۆل؛ دلیهالی؛ ناوکپووچ. بەرانبەر: **توپر** ‹ساقەی توخالی: ساقەتەی هێول› ٢. [مجازی] پووچەل؛ بێناوەرۆک؛ پیفیاگ؛ بێناوک؛ ناوبەتال؛ پیچ؛ پووچ ‹وعدەی توخالی: بەلێنی بووجەل›.

توختن / tûxtan/: مصدر. متعدی. [ادبی] //**توختی**: کوتکردەوە؛ **میتوزی**: کۆ دەکەیەوە؛ **بتوز**: کۆکەوە // ١. کۆکردنەوە؛ نانەیەکەوە؛ هەمارکردن؛ داخستن؛ کۆم کردن؛ وسەی وریۆ؛ ئەوەماشەی؛ جلەکردن؛ سەر یەک نیان ٢. بەجێهێنان؛ بە یاگێ ئاردەی ٣. ویستن؛ خواستن؛ تواسن؛ واسەی.

تودار / tûdār/، ـها/: صفت. [مجازی، گفتاری] دەخەس؛ نهێنبر؛ نەهێنبر؛ دەبنەوە بر؛ خۆراگر؛ دەروون‌دار؛ دەرین‌دار.

تودرتو / tûdartû/: صفت. تۆـتۆ؛ تووەن دەر توو؛ لە نێو یەک؛ یۆ دلێ یۆینە؛ بنەلبن ‹اتاقهای تودرتو: ژوورگەلی توـتو›.

تودل‌برو / tûdelboro/: صفت. [مجازی، گفتاری] ئێسکسووک؛ ڕەزاسووک؛ ڕەزاشیرین؛ زەرەشیرین؛ زەرەدار؛ خوێن شیرین؛ ون‌شیرین؛ هەستیسڤک؛ دلپەسن (بۆ مرۆڤ) ‹بچەی تودل‌برو: زارۆی ئیسکسووک›.

تودماغی[1] / tûdamāqî/: صفت. [گفتاری] گن؛ گنین؛ منگن؛ منجەدار؛ مینگەدار؛ خاوەن دەنگی لە کەپۆ دەرهاتوو بە هۆی لووت‌گیرانەوە ‹صدایش تودماغی بود: دەنگی گن بوو›.

تودماغی[2]: قید. منگەمنگ؛ مینگەمینگ؛ گنەگن؛ بە گنینەوە؛ لە ناو لووتەوە ‹گوینده تودماغی حرف میزد: بێژەرەکە منگەمنگ قسەی دەکرد›.

تودوزی / tûdûzî/، ـها/: اسم. ناودووری: ١. هەموو جۆرە دروومانی ناوەوەی جلک ٢. هەموو جۆرە ڕووکێشی سەندەلی ناو ماشێن.

توده / tûde/، ـها/: اسم. [ادبی] کۆگا؛ کۆمەلە: ١. کۆمەلتە؛ کۆمە؛ کوومە؛ کۆمەل؛ کۆمالێ؛ کۆ؛ کۆم؛ تەپ؛ تۆپ؛ ئەوەی بە ڕووی یەکدا کەلەکەی بەستووە ‹تودەی هیزم: کۆمای ئێزنگ› ٢. کۆمەل؛ جەماوەر؛ جڤات؛ ئاپۆرە؛ پڕایی؛ خەلکی ئاسایی کۆمەلگا، ولات یان نەتەوەیەک ‹تودەی مردم: کۆمەلی خەلک› ٣. چین؛ دەستەیەک لە پاژگەل، توخم یان ئەندامگەلێک کە کۆمەلەیەکی یەک چەشن پێک دێنن ‹تودەی کشاورز: چینی جووتیار›.

▣ توده شدن: کەلەکە بەستن؛ کەوتنە سەر یەک؛ بە سەر یەکا کەفتن؛ کەلەکە کردن؛ کەلار بوون؛ قەلاپەچن بوون؛ قەلاچین بیەی؛ بە سەر یەکدا کەوتن.

هەروەها: **توده کردن**

تودەای / tûde'î/، ـها/: صفت. ١.

جه‌ماوه‌ری؛ کۆمه‌لایه‌تی؛ کۆمه‌ڵی ‹حرکت تـوده‌ای: بزووتنــه‌وه‌ی کۆمه‌ڵایه‌تی› ۲. تـووده‌یـی؛ سـه‌ر بـه حیـزبی تـووده‌ی ئێـران ‹روزنامه‌ی توده‌ای: ڕۆژنامه‌ی تووده‌یی›.

تـودهنی / tûdahanî، ـهـا/:/اسم. ده‌مکـوت: ۱. کـار یـان ڕه‌وتی دان بـه نـاو ده‌مـدا ‹چـرا یـک تودهنی بهـش نمـی‌زنـی؟: بـۆچی ده‌مکوتـی نـاده‌ی؟› ۲. /کنـایی/ کــرده‌وه‌یــه‌ک لــه ڕووبه‌ڕوو بوونـه‌وه لـه گـه‌ڵ دژبـه‌ر و نـه‌یارانـدا و بـه مـه‌بـه‌سـتی مـت‌ومۆڕکردنیـان ئـه‌نجـام ده‌درێـت ‹جـواب آزاد یـک تودهنی بـه رئیس بـود: وه‌لامـی ئـازاد ده‌مکوتێـک بـوو بـۆ بـه‌رپـرس› ۳. /کنایی/ سه‌رکۆنه؛ لۆمه؛ وله.

تودیـع / towdî', to:dî' /: [عربـی]/اسـم. /ادبـی/ مــالاوایی؛ خواحــافیزی ‹دیـروز مراسـم تودیع برگزار شـد: دوێنـێ ڕێورەسمـی مالئاوایی بـه‌ڕێـوه چوو›.

تــور / tûr /:/اســم. تــۆڕ؛ تــۆڕه: ۱. [ترکــی] پارچـه‌ی زۆر تـه‌نـک‌چنـراو کـه ئـه‌و دیـوی دیـاره یـان هـه‌ر شـتێ کـه وا چنرابـێ ‹تور عـروس: تـۆڕی بـووک› ۲. [ترکـی] /ـهـا/ داوی تـۆڕی ‹تـور مـاهیگیری: تـۆڕی ماسـیگری› ۳. [فرانسوی/ انگلیسی] تـوور؛ گـه‌شـت و سـه‌یـران ‹تور اروپا: تووری ئورووپا›.

◙ تـور سیمی: تـۆڕی تـه‌لـین؛ تـۆڕ سـیمی؛ تۆڕی به هه‌ودای کانزایی چنراو.

تـور صـورت: ڕووبـه‌نـدی تـۆڕی؛ پارچـه‌ی تۆڕی بـۆر کـه ژنـان ده‌یکێـشنه سـه‌ر ده‌م و چاویاندا بۆ ئه‌وه‌ی که دیار نه‌بن.

تـور عـروس: تـارا؛ پارچـه‌ی تـه‌نکـی سـپی یان سوور که به سه‌ر بووکیدا ده‌ده‌ن.

تور ماهیگیری: تۆڕی ماسیگری.

تـور واليبـال: تـۆڕی بالـده؛ تـۆڕی والـیبال.

هه‌روه‌ها: **تور تنیس**

◘ تور انـداختن: تـۆڕ داخـستن؛ تـۆڕ خـستن؛ تۆڕ هاویشتن؛ تۆڕ وسـه‌ی؛ تـۆڕ خـستنه نـاو ئاو بـۆ گـرتنی گیانلـه‌بـه‌ری ئـاوژی ‹تـا تور انداخت یک ماهی بـزرگ افتـاد تـوی تـور: تـا تۆڕی خست ماسـیه‌کـی گـه‌وره کـه‌وتـه نێـو تۆڕه‌که‌وه›.

تـور انداختن:/کنــایی، گفتــاری/ خــستنه چنگــه‌وه؛ بــه‌ره‌وخۆڕاکێـشان ‹دختـره آن پـسر را تـور زد: کچـه‌تیـو ئـه‌و کـوڕه‌ی تۆڕ دا› ۲. ☜ **به تور زدن**

به تور انداختن: ۱. بـه تـۆڕگرتن؛ بـه تـۆڕ ڕاوکـردن ‹چنـد مـاهی بـزرگ به تور انداختند: چـه‌نـد ماسـی گـه‌وره‌ی به تۆڕ گرتن› ۲. /کنایی/ خـستنه چنگـه‌وه؛ بـه زمـان‌بـازی و پـیلان‌گێـڕی کـه‌سـێک فریـو دان و بــه ئامانجێک گه‌ییشتن.

بـه تـور زدن:/مجـازی/ ڕاو کـردن؛ خـستنه چنگه‌وه: **تور کردن ـ۲**

به تور کسی خوردن:/کنـایی/ ۱. بوونـه داو که‌سێکه‌وه؛ گیری کـه‌سـێ کـه‌وتـن؛ گـیروو یۆی ئامه‌ی ‹امـروز یـک مـشتری خـوب به تورم خورد: ئه‌مرۆ کـریارێکی بـاش تووشم هات› ۲. تووشــیار هــاتن/ بــوون؛ بــه تووشــه‌وه بــوون ‹امـروز به تور آزاد خوردم و یک ساعت برایم حـرف زد: ئـه‌مـڕۆژ تووشی ئـازاد هاتم و ساعه‌تێک قسه‌ی بۆ کردم›.

تــورب / tûrb، ـهـا/: [فرانـسوی]/اسـم. تــۆرب؛ بــه‌رده‌بــۆر؛ بــه‌رده‌خــه‌ڵـۆزی کــاڵ کــه ڕه‌نگـی قاوه‌ییه و زۆر سه‌خت ده‌سووتێ.

توربـافـی / tûrbāfî /: [ترکــی/ فارســی]/اســم. تـۆڕچنی: ۱. هونـه‌ر یـا پیـشه‌ی چنینـی تـۆڕ ۲. کارگه‌یه‌ک که تۆڕی تێدا ده‌چنن.

توربـوتـرن / tûrbot(e)ran، ـهـا/: [فرانـسوی] /اسم. توربۆترەن؛ قه‌تاری توربین‌دار.

تـوربـوجـت / tûrbocet، ـهـا/: [انگلیـسی]/اسـم. توربۆجیت؛ جیتی توربین‌دار.

توربین / tûrbîn، ـها/: [فرانسوی]/اسم. توربین؛ ماشێنێ کە بە تەوژمی تراوێ (ئاو یان گازێک (هەڵم و با) دەخولێتەوە و کارەبا بەرهەم دێنێ.

توربینی / tûrbînî/: [فرانسوی] صفت. توربینی؛ توربین‌دار.

توردوزی / tûrdûzî، ـها/: [ترکی/ فارسی] اسم. تۆڕدووری؛ کار یان ڕەوتی تۆڕ دوورین؛ تۆر وراسەی.

تورفتگی / tûraftegî، ـها/: اسم. [گفتاری] قوپاوی؛ قوپیاوی؛ قوپیاگی.

تورق / tavarroq/: [از عربی] اسم. [نامتداول] ۱. پەڕە‌ـپەڕە بوونەوە ۲. [ادبی] کار یا ڕەوتی هەڵدانەوەی پەڕە‌ـپەڕەی نووسراوەیەک (کتێب یا گوڤار و ...) بە مەبەستی پێدا چوونەوەی بە پەلە؛ پەڕە دانەوە؛ پەڕە لێدانەوە؛ پەلەوە دەی.

تورک / tûrak/: [؟] اسم. چاوسووری؛ سوورایییەک کە لە قرتیانی وردە دەماری سەر سپیایی چاوەوە بەدی دێت.

تورم / tavarrom/: [عربی] اسم. هەڵمساوی: ۱. پەنەماوی؛ کار یان ڕەوتی پەرچفین؛ پەنەمیان؛ ماسەی؛ واکەردەی ‹تورم صورت: پەنەماسی سەر و چاو› ۲. پەنەماوی؛ ئاماسی؛ هۆرماسەی ‹دچار تورم شدن: تووشی ئاماسی هاتن› ۳. [اقتصاد] ئاوسانی ئابووری؛ ڕەوتی زۆر بوونەوەی پارەی وڵاتێک بەجۆرێ کە کالا یان کاری پێویست بۆ وەگەڕ خستنی ئەو پارە کەم بێت و ئابووری ئەو وڵاتە نەتوانێ بیهێنێتە کایەوە ‹در سال گذشته تورم ۲۰٪ بود: لە ساڵی ڕابردوودا ئاوسانی ۲۰٪ بوو›.

تورنسل / tûrnosol/: [فرانسوی از ایتالیایی] اسم. [شیمی] تورنوسول؛ تراوێکی ئەرغەوانیە، ئەسید (ترش) و بازی پێ دەناسنەوە، بەم جۆرە کە بە ئەسید سوور هەڵدەگەڕێ و بە باز ئاوی دەبێتەوە.

توری[1] / tûrî/: [ترکی] اسم. تۆڕ؛ تۆڕی: ۱. پارچەی تۆڕ؛ پارچەی تەنک و شاش ‹برای پرده‌ها ۴ متر توری خریدم: بۆ پەردەکان ٤ میتر تۆرم سەند› ۲. ـها/ کیسەی تۆڕی کە لە هەندێک چرادا لە جێی فتیلە بە کار دەبرێت ‹توری چراغ: توری چرا› ۳. ـها/ کیسە؛ زەمبیلە؛ زەمبیلە؛ قەرتاڵەی لە تۆڕ ٤. تۆڕی لە تەل چنراو، بەتایبەت بۆ دەرک و دەلاقە.

توری[2]: صفت. تۆڕی؛ لە تۆڕ ‹پارچەی توری: پارچەی توری›.

توری‌بافی / tûrîbāfî/: [ترکی/ فارسی] اسم. تۆڕی‌چنی؛ کاری چنینی تۆڕ.

توریست / tûrîst، ـها؛ ـان/: [فرانسوی] اسم. گەشتیار؛ گەڕیدە؛ تووریست.

توریستی / tûrîstî/: [فرانسوی] صفت. گەشتیاری.

توریسم / tûrîsm/: [فرانسوی] اسم. گەشتیاری؛ گەشت و گێڵ ‹درآمدهای حاصل از توریسم: داهاتی بەدەست هاتوو لە گەشتیاری›.

توریم / tûr(i)yom/: [فرانسوی] اسم. توریۆم؛ توخمێکی کیمیاوی کانزایی ڕادیۆئەکتیڤ لە دەستەی ئاکتینیدەکان بەژمارەی ئەتومی ۹۰ وکێشی ئەتومی ۲۳۲٫۰۳وە، بە ڕەنگی خۆڵەمێشی کە لە ئاو و ئەلکول و تەنانەت ئەسید و بازیشدا ناتوێتەوە.

توزرد / tûzard/: صفت. [مجازی، گفتاری] فشە؛ بێ توانایی یان ژێهاتی چاوەڕوان‌کراو.

▣ **توزرد درآمدن**: [مجازی، گفتاری] خوێری لە ئاو دەرهاتن؛ بە خوێری دەرچوون؛ نارێکی، ناڵەباری یان لاوازی خۆ (کە دوور لە چاوەنۆڕی کەسانی‌تر بووە) ئاشکرا کردن

‹خودش را طوری دیگر نشان می‌داد، ولی وقتی کاملاً او را شناختم توزرد درآمد: خۆی جۆرێ‌تر پیشان ئەدا، کەچی کاتێ باش ناسیم خوێری لە ناو دەرهات›.

توزیـــع / towzî', to:zî' /: [عربی] اسم. دابەشی: ١. پەخش؛ کار یان ڕەوتی بەشینەوە؛ بەخشەوکردن ‹توزیع نامەها: بەشینەوەی نامەگەل› ٢. ڕادەی هەبوون یان کەم و زۆری شتێک لە شوێنێک ‹توزیع بیماری بین روستاییان: دابەشی نەخۆشی لە نێو لادێیاندا› ٣. کار یان ڕەوتی دابەش‌کردن ‹توزیع سنی: دابەشی تەمەنی›.

تـوزین / towzîn, to:zîn /: [عربی] اسم. [ادبی] کار یان ڕەوتی کێشان؛ هەڵسەنگاندن؛ بەراوردکردنی کێش؛ لە سەنگ‌دان ‹توزین کالا: کێشانی پیتەوا›.

تـوژ / tûj /: هـا: [؟] اسم. تـوێ؛ تووشـک؛ تـۆژگ؛ تـۆژی؛ تـوێژ؛ تـوێژ؛ تـووژ؛ تـووژاڵ؛ توێژاڵک؛ تووژک؛ تـوە؛ تـۆ؛ تـۆی؛ تـوێخ؛ کـاژ؛ تۆژاڵـی زۆر ناسـک (وەک هـی سـەر مـاس و شیر یان چەوری سەر ئاوگۆشت).

تـوس / tûs /: هـا: اسم. دارتـووز؛ دارتـەویس؛ جۆرێک داری لێڕەوارییە.

توسـرخ / tûsorx /: هـا: اسم. ١. دارێکـی گەلاپان لە تیرەی داری پرتەقاڵ ٢. میوەی ئەو دارە کە لە پرتەقاڵ ئەکا، بەلام ناوسوور و ترش و شیرینە.

توسـری / tûsarî /: هـا: اسم. چـەپـۆک؛ چـەپـەلۆک؛ چـەپاڵـە؛ پـووک؛ لاپ؛ زەربـەتی بـە پانـایی دەسـت لـە تـەپـڵەی سـەر ‹چند توسری به او زد: چەن چەپۆکی دا بە سەریا›.

⊡ **توسری خـوردن**: ١. چـەپـۆک خـواردن ٢. [کنایی] چـەوسـانەوە؛ سـتەم دیـتن.

هەروەها: **توسری زدن**

توسـری‌خـور / tûsarîxor /: هـا: صفت. [کنایی، گفتاری] ١. دامـاو؛ زەبـوون؛ قـوڕەمـاو؛ بەش‌خوراو ‹این قدر توسری‌خور نباش: ئەوەنـدە داماو مەبە› ٢. چـەوسـاوە؛ سـەرکـوت‌کـراو ‹بیچـاره خیلـی توسری‌خور است: بێچـارە زۆر چەوساوەیە›.

توسـط / tavassot /: [عربی] اسم. [نامتداول] نێوانجیگـەری؛ ناوجیگـەری؛ نـاوبژیوانی؛ ناوبژیکـەری؛ ناڤـچیاتی ‹عمویم پیش پدربزرگم مجبور به توسط شد: مـامم مـەجبوور بـوو لـە لای باپیرمەوە ناوجیگەری بکا›.

توسـط / tavassote /: [عربی] حرف. بـە هـۆی؛ بە؛ لە لایـەن؛ جـە لاو ‹توسط آرام پیغام فرستاد: بە هوی ئارامەوە هەواڵی نارد›.

⊡ **به توسط**: بـە نێوانجیگـەری؛ بـە هـۆی؛ بـە؛ بە دەستی؛ بە دەسوو.

توسـعه / towse'e, to:se'e /: [عربی] اسم. گـەشـە: ١. پـەرە؛ بـلاوە ‹توسعەی فـضای شـهری: پەرەی جێگـەولـۆری شـار› ٢. [سیاست] پێـشرەوت؛ دۆخ یـان چۆنیـەتی پـەرەسـاندن؛ گەشەکـردن؛ پێشکەوتـن (لـە بـاری ئـابووری و رامیاریـەوە) ‹توسعەی سیاسی مستلزم توسعەی آزادی‌هـای مـدنی اسـت: گـەشـەی رامیـاری پێویـستی بـە گـەشـەکـردنی ئـازادی کۆمەلایەتیە›.

توسـعه‌طلبـی / towse'etalabî, to:se'e- /: هـا: [عربی] اسم. دەسـدرێژی؛ دەسـداگری؛ کـار یـا ڕەوتی پـەرە دان بـە دەسـەلات و ژێـر دەسـت‌گـرتنی ناوچـە یـان ولاتێکـی‌تـر بـە نیـازی دەسـکەوتـنی قـازانجێکی زۆرتـر ‹توسعەطلبی یکی از ویژگیهای امپریالیسم است: دەسـدرێـژی یـەکێـک لـە تایبـەتمـەندیـەکانی ئەمپریالیسمە›.

توسکا / tûskā /: اسم. هـەرجنـەک؛ ئـەرژنـەک؛ بەهێڤەچیـا؛ جۆرێـک داری لێـڕەواریـە کـە لـە پیشەسازی چێودا زۆر پڕبایەخە: **توسه**

توسل / tavassol/: [عربی]/اسم. دەس‌بەداوێنی؛ دەسەوداوێنی؛ دەستەدامێنی؛ کار یا ڕەوتی پەل‌وپۆ بۆ دۆزینەوەی هەر شتێک کە بەهەرەیەکی تێدا هەبێ.

⊡ توسل جستن: دەس بۆ بردن: ۱. [نامتداول] دەس‌داکێشان؛ دەست درێژ کردنەوە؛ دەس پەی بەردەی ۲. دەس بە داوێن بوون؛ دەسەوداوێن بوون ‹بە هر کس و ناکسی توسل می‌جست بلکه شغلی پیدا کند: دەستە داوێنی هەموو کەس و ناکەسێک دەبوو بەشکوو کارێک پەیداکات›.

توسن / towsan, to:san/: صفت. [ادبی] سەرکێش؛ سەرکەش؛ تۆسن؛ سەرگران؛ چەمووش؛ چەمیش؛ سرک؛ قوشقی؛ ڕەوەک؛ سڵ؛ چەتوون؛ تووش ‹اسب توسن: ئەسبی سەرکێش›.

توسنی / towsanî, to:sanî، ـها/: اسم. [ادبی] تۆسنی؛ سەرکێشی؛ چەتوونی؛ تووشی؛ چەمووشی.

توسه / tûse/ ☜ **توسکا**

توسی / tûsî/: اسم. تووسی؛ خۆڵەمێشی؛ بۆر؛ بۆرکار؛ بوولین؛ ڕەنگی تووسی: **طوسی**

توسی: صفت. تووسی: ۱. بۆر؛ بوولین؛ خۆڵەمێشی؛ بەڕەنگی تووسی ۲. خەڵک یان سەر بە شاری کۆنی تووس (فیردەوس) لە باشووری مەشهەد * **طوسی**

توش / tûš/: [؟]/اسم. تاو؛ تین؛ هێز؛ لەش؛ تابشت؛ کۆسە؛ بڕست؛ کار؛ شێن؛ هازی؛ وزە؛ شێ؛ دەگەر؛ گرک؛ خووز؛ حیل؛ خێز؛ هێس ‹توش و توان: تاو و توانا›.

توشک / tûšak/: [ترکی] ☜ **تُشَک**

توش و توان / tûš-o-tavān/: اسم. [ادبی] تاو و توان؛ هێز و توان؛ هازە و تین ‹از همەی توش و توان خود بهره گرفت: لە هەموو هێز و توانی خۆی کەڵکی وەرگرت›.

توشه / tûše، ـها/: اسم. تۆشە؛ تۆشک؛ تێشۆ تێشوو؛ تێشە: ۱. نان و زاد؛ پێخۆرێ کە بۆ ڕابواردنی ژین لە ماوەیەکدا پێویستە ‹توشەی یک ساله: تێشووی یەک ساڵە› ۲. زەور؛ زەواد؛ سەرشان؛ توێشووی ڕێگە؛ ژیوی سەفەر ‹توشەی سفر: توشەی سەفەر›.

توشەبر / tûšebar/: اسم. تۆشەبەرە؛ تۆشەبەر؛ تۆشەوەرە؛ تۆشۆرە؛ تۆشەدان؛ تێشوودان؛ واگۆنی هەڵگرتنی باروبنەی مسافر لە هێڵی ئاسندا.

توشیح / towšîh, to:šîh/: [عربی]/اسم. ئیمزا؛ واژۆ (بۆ ڕێزلێنان) ‹ایشان شخصاً فرمان را توشیح کردند: ئەوان بە دەستی خۆیان فەرمانەکەیان ئیمزا فەرموو›.

توصیف / towsîf, to:sîf، ـهاـات/: [عربی] اسم. کار یان ڕەوتی گەڕاندنەوە؛ گێڕاندنەوە؛ ناساندن؛ پێداهاتن؛ گێڵنایوە؛ ئەوەگێڵنەی؛ وتنەوەی چۆنیەتی شتێک ‹ماجرای آن شب را برای حاضران توصیف کرد: بەسەرهاتی ئەو شەوەی بۆ دانیشتوان گێڕاوە›.

توصیفی / towsîfî, to:sîfî، ـها/: [عربی] صفت. گەڕاندنەوەیی؛ تایبەتمەندی قسە، نووسراوە یان بەرهەمێک کە تێکۆشێ چۆناوچۆنی شتێک نیشان بدا.

توصیه / towsiye, to:siye، ـها/: [عربی]/اسم. ڕاسپێری؛ قەوینتی؛ کار یان ڕەوتی ڕاسپاردن ‹توصیه شده بود او را استخدام کنند: ڕاسپێرابوو دایمەزرێنن›.

توضیح / towzîh, to:zîh، ـهاـات/: [عربی] اسم. شرۆڤە؛ ڕاڤە؛ ڕاژە؛ داخویان؛ ڕۆنانی وتنەوەیی یان نووسینەوەیی سەبارەت بە چۆنیەتی بابەتێک بە مەبەستی ئاگاییدانی زۆرتر؛ ڕوون‌کردنەوە.

⊡ توضیح خواستن: لێ پرسینەوە؛ داواکاری

بـۆ ڕوون‌کردنـــەوە؛ ڕوون‌کردنـــەوە ویـــستن ‹رئـیس از مـــن توضـیح خواسـت: بـــەرپـــرس لیی‌پرسیمەوە›.

توضـــیح دادن: ڕوون‌کردنـــەوە: ١. ڕۆشـــن کردنـەوەی ڕووداوگـەل ‹آقـای رئـیس بـە مـن گفت در مـورد کـارم توضـیح بـدهم: بـەرپرسـەکـە داوای لێ‌کردم کـە هـۆی کـارەکـەمـی بـۆ ڕوون کـەمـەوە› ٢. ڕۆشــن‌کردنـەوە؛ دیـارکردنی نـەزانـراو؛ شـی‌کردنـەوە ‹جزئیـات راه را بـرایم توضـیح داد: وردەکاریـەکـانی ڕێگـای بـۆم ڕوون کردەوە›.

توطئــه / towte'e, to;te'e، ـهـا/: [عربـی]/اسـم. پـیلان؛ نـەخـشە؛ دەسـەداو؛ سـاخت و پاخـت؛ سـاز و بـاز؛ دەسیـسە؛ کـەیـن و بـەیـن بـۆ فێڵبازی.

⊡ **توطئـه چیـدن:** پـیلان‌گێـڕان؛ نـەخــشە کێـشان؛ دەسیـسێ چنیـەی. هـەروەهـا: **توطئه کردن**

تــوطن / tavatton/: [عربـی]/اسـم. [ادبـی] کـار یـا ڕەوتی بـە نیـشتمان دانـان و هـەڵـبژاردنی شـوێنێک بـۆ نیـشتەجـێ بـوون؛ جێگـە بـۆ مانەوە بڕینەوە؛ ماڵبەندکردن.

⊡ **تــوطن اختیــار کــردن:** جــێگیر بـــوون؛ نیـشتەجـێ بـوون؛ نیـشتمان هـەڵـبژاردن؛ یاگـەگێرتـەی؛ یاگـێ پـەسـنیەی: **تــوطن گزیدن**

توطن گزیدن ☜ **توطن اختیار کردن**

توفــال / tûfāl، ـهـا/: اسـم. تۆفـاڵ؛ ئاڵـۆدار؛ دەپ؛ زەنگەتـڵیش؛ خێـزەرە؛ هـەلاش؛ پـەڵـخ؛ پـردوو؛ ئـەو دارە ناسـک و باریکانـە کـە لـە خانوو داپۆشیندا دەکەونە سەر دارەڕاوە.

توفـان / tûfān، ـهـا/: [معـرب از یونـانی]/اسـم. ١. بـاسریـشک؛ بازریـشک؛ بـا و بـۆران؛ واو واران؛ لاسـامێ؛ ئاڵـۆزی زۆر گـرانی کـەش و هـەوا لـەگـەڵ بـای بـە خێرایـی ٩٠ تـا ١٢٠ کیلـۆمیتر لـە سـەعاتـدا ٢. [کنـایی] ئـاژاوە؛ تۆفان؛ وەیشوومە؛ بشێوە؛ فـەرتـەنـە ‹دیروز در اداره توفـان بـود: دوێنـێ لـە مـەزرینگـە ئـاژاوە بوو› ❋ **طوفان**

توفـــانزا / tûfānzā/: [معـرب/ فارسـی] صـفت. باسریـــشک‌هــێن؛ وەدیهێنـــەری تۆفـــان: **طوفانزا**

توفـــانی / tûfānî/: [معـــرب] صـــفت. ١. باسریـــشکی؛ تۆفـــانی ٢. [کنـایی] شـــێواو؛ شـڵەژاو؛ ئاڵـۆزاو ‹اوضـاع توفـانی: بـار و دۆخـی شێواو› ❋ **طوفانی**

توفنـد / tûfand، ـهـا/: اسـم. گـژەبـا؛ بـاهۆز؛ بـاسـەر؛ بـاگرۆ؛ باگرۆکـە؛ بـای تونـد و بـە تـەوژم؛ ئاسـتەمتـرین بـا بـە زیـاتر لـە ١٢٠ کیلۆمتر خێرایی لە سەعاتدا.

توفنـده / tûfande/: صـفت. بـە خـرۆش؛ بـە تـۆف؛ وەک تۆفـان ‹بـاد توفنـده: بـای بـە خروش›.

توفیـدن / tûfîdan/: [معـرب/ فارسـی] مـصدر. لازم. [ادبی] خرۆشان؛ هەڵچوون؛ تۆفنەی.

■ صـفت فـاعلی: **توفنـــده** (ــ)/ صـفت مفعـولی: **توفیده** (خرۆشاو)

تـــوفیر / towfîr, to:fîr/: [عربــــی]/اســـم. جیـاوازی؛ فـەرق؛ تـەوفـیر ‹ایـن هـم کـە بـا آن یکی توفیر ندارد: ئـەمـیش خـۆ لـەگـەڵ ئـەو دانـەدا جیاوازی نیە›.

⊡ **تـوفیر داشـتن:** جیـاوازی بـوون؛ جیاکـاری بوون.

توفیر کردن: تەوفیرکردن؛ فەرق‌کردن.

توفیــق / towfîq, to:fîq، ـهـا؛ ـات/: [عربـی]/اسـم. سـەرکـەوتـوویی؛ کـار یـا ڕەوتی دەس‌خـستن، دەس‌کـەوتـن، وەدەسـهێنان؛ سـەرکـەوتـەی ‹تـلاش پـی‌درپـی موجـب توفیـق مـی‌شـود: تێکۆشـانی بـێ‌پـسانەوە دەبێتـە هـۆی سەرکەوتوویی›.

▣ توفیق اجباری/ جبری: خوا داو؛ خوا داگ؛ دەسکەوتی بێ هەوڵدان و بە هەڵکەوت.

▣ توفیق داشتن: سەرکەوتوو بوون ‹در کارش توفیق داشت: لە کارەکەیدا سەرکەوتوو بوو›.

توفیق رفیق شدن: [مجازی] سەرکەوتن؛ بەخت تەخت/ یار بوون؛ دەسدان؛ دەس کەوتن؛ بە ئامانج گەیشتن.

توفیق یافتن: سەرکەوتن ‹در امتحانات توفیق یافت: لە ئەزموونەکاندا سەرکەوت›.

توقع / tavaqqo' ،ـها؛ ـات/: [عربی]/اسم. چاوەڕوانی؛ چاوەنۆڕی؛ چەمەوچەمی؛ خوازە؛ ڕابینی؛ داخوازی ‹سعی می‌کنم توقع او را برآورده کنم: تێدەکۆشم چاوەڕوانی ئەو بەجێ بێنم›.

توقف / tavaqqof ،ـها/: [عربی]/اسم. کار یان ڕەوتی ڕاوەستان؛ وەستان؛ وێستان؛ وێسیان؛ وێسان؛ مدرەی؛ مدرای: ١. لە ڕۆیشتن مانەوە ‹سر چهار راه توقف کرد: لە سەر چوارڕێیان ڕاوەستا› ٢. گت؛ گر ‹کار دچار توقف شد: کار تووشی وەستان هات›.

▣ توقف کردن: وەستانەوە؛ وێسانەوە؛ وێستانەوە؛ وەستان؛ ڕاوەستان؛ وێسیان؛ مدرایرە؛ ئەوەمدرەی.

توقفگاه / tavaqqofgāh ،ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. ١. وێستانگە؛ پارکینگ؛ شوێنێک بۆ ڕاگرتنی ماشێن ٢. گاراج؛ گاراژ.

توقیر / towqîr, to:qîr/: [عربی]/اسم. [ادبی] ڕێزگری؛ ڕێز و سوپاس؛ کار یا ڕەوتی ڕێز گرتن، ڕێزلێنان، خەمناندن؛ ڕێز چنە گێرتەی ‹با کمال توقیر به عرض می‌رساند ... : بەو پەڕی ڕێزلێنانەوە رادەگەیێنرێ...›.

توقیع / towqî', to:qî'/: [عربی]/اسم. ١. /ـها/ فەرمان؛ ئەمر؛ دەستووری کە لە لایەن شا و بە مۆر یان ئیمزای ئەوەوە دەردەکرا ٢. یەکێک لە شێوەگەلی خەتی عەرەبی.

توقیف / towqîf, to:qîf/: [عربی]/اسم. گرتن: ١. /ـات/ [قدیمی] باڵبەست؛ پەلبەست؛ قۆڵبەست؛ کار یان ڕەوتی گیران ‹در تظاهرات دیروز چند نفر توقیف شدند: لە خۆپیشاندانەکەی دوێنێدا چەند کەس باڵبەست کران› ٢. پەیت؛ کار یان ڕەوتی گلدانەوە ‹پولیس پولهای مسروقه را توقیف کرد: پۆلیس پارە دزراوەکانی پەیت‌کرد›.

توقیفگاه / towqîfgah, to:qîf- ،ـها/: [عربی] /اسم. بەندیخانە؛ گرتووخانە؛ گرتۆخانە.

توقیفی / towqîfî, to:qîfî ،ـها/: [عربی] صفت. گلدراوە؛ گیراو؛ گراو؛ گیریاگ؛ پەیتی.

توکا / tûkā ،ـها/: اسم. ڕەشیشە؛ باڵندەیەکی ستران‌بێژی چکۆلەی ڕەنگامە: **باستَرک**

توکار / tûkār ،ـها/: صفت. تووکار؛ ناوکار؛ دڵێ‌کار. بەرانبەر: **روکار**

توکان / tûkān/: [فرانسوی]/اسم. تووکان: ١. [نجوم] وێنەیەکی ئاسمانی لای باشوور ٢. /ـها/ پەلەوەرێکی میوەخۆر تایبەتی دەڤەرانی گەرمی ئامریکایە و لە تیرەی دارەسمە.

توکسین / toksîn ،ـها/: [فرانسوی]/اسم. [پزشکی] زاڵە؛ ژاراوە؛ زاور؛ ژەهراوێک کە لەشی برێ لە گیاندارە وردیلەکان دروستی دەکا.

توکل / tavakkol/: [عربی]/اسم. کار یان ڕەوتی هیوادار بوون بە کارسازی لە لایەن خوا و پیاوچاکانەوە؛ پشت بەستن؛ پشت پێ‌بەستن؛ پشتن بەستن؛ پەشتی پنەبینەی ‹به خدا توکل کن: پشت بە خودا

بەستە›.

توکـوفرول / tokoferol/: [فرانسوی]/اسم. ویتامین ئی ☜ **ویتامین**

توکیل / towkîl, to:kîl/: [فرانسوی]/اسم. بریکارگری؛ کار یا رەوتی دەستنیشان کردن یان گرتنی بریکار.

توگود / tûgowd, tûgo:d/: صفت. *[گفتاری]* قووڵ؛ ناوچاڵ؛ چاڵ؛ قوپاو؛ قوپیاگ؛ قوپیا؛ ڕۆچوو ‹بشقاب توکود: قاپی قووڵ›.

تـولا / tavallā/: [عربی]/اسم. *[ادبی]* دۆستی؛ دۆستایەتی؛ دۆسی؛ هەڤالی: **تَولّی**

تـولارمی / tûlāremî/: [فرانسوی]/اسم. *[پزشکی]* کەروێشکەتا؛ نەخۆشیەکی چڵکی بڕێ گیانلەبەران کە وەکوو تاعوونە و مرۆیش لە پێوەدانی حەشەرەی پیس، تووشی دەبێ.

تولب / tûlab/: صفت. *[گفتاری]* خەمین؛ کەیل؛ وەڕەز؛ وێڕس؛ وەڕس؛ جاڕز؛ دڵخۆر.

▣ **تولب رفتن**: وەڕەس بوون؛ دڵ کەیل بیەی؛ دلخۆر بوون.

تولد / tavallod، ـها/: [عربی]/اسم. ۱. ڕەوتی هاتنە دنیا؛ لە دایک بوون ‹تولد کودک: لە دایک بوونی زارۆک› ۲. وەدیهاتن؛ پەیدا بوون؛ هاتنە ئاراوە؛ پەیدا بیەی ‹تولد عصر جدید: پەیدا بوونی چاخی نوێ›.

▣ **تولد یافتن**: لە دایک بوون؛ بە دنیا هاتن؛ پەیا بوون؛ هاتنە دنیاوە؛ پەیدا بیەی ‹مستوره در سنندج تولد یافت: مەستوورە لە سنەدا لە دایک بوو›.

تولک / tûlak/: صفت. *[جانورشناسی]* تووک وەراندوو؛ تووک خستوو؛ پەڕ/ تووک وەریو.

▣ **تولک رفتن**: پەڕ وەرین؛ پەڕ و پۆ خستن؛ پەلکەوتەی؛ داوەرانی پەڕ و پۆی پەلەوەر.

تولە / tûle، ـها/: اسم. تووتک؛ کۆلە؛ توولە؛ تووتەلە؛ بەچکەی سەگ، گورگ، ورچ، ڕێوی، شێر و…

تولەسگ / tûlesag، ـها/: اسم. تووتک؛ تیتگ؛ سەی سانگ؛ تووتەکۆلە؛ تیتەکۆلە؛ تووتەڵە؛ کوتتلک؛ گجووک؛ کوتک؛ کوتکزای؛ کوتکە؛ کووتە؛ ختو؛ کۆک؛ گوجووک؛ کجووک؛ گوجی؛ گوجیلە؛ تووتکەسەگ؛ تیتکەسەگ؛ توولەسەگ؛ بەچکە سەگ.

تولی / tavallā، ـها/: [عربی] ☜ **تولا**

تولیت / towlîyat, to:lîyat/: [عربی]/اسم. سەرپەرستی؛ سەرپەرشتی؛ چاوەدێری (بەتایبەت شوێنێکی پیرۆز) ‹تولیت آستان پیر شالیار: سەرپەرستی بارەگای پیر شالیار›.

تولید / towlîd, to:lîd/: [عربی]/اسم. ۱. کار و ڕەوتی وەبەر هاتن؛ بەدیهاتن؛ بەرهەم هاتن ‹تولید شدن: وەبەر هاتن› ۲. کار یان ڕەوتی وەبەرهێنان؛ هلبەراندن؛ وەش کەردەی؛ بەرهەم هێنان؛ بەدیهێنان ‹تولید برق: وەبەر هێنانی کارەبا› ۳. /ـها: ـات/ بەرهەم؛ داهات؛ هەڵبەر؛ هلبەر؛ ئەنجام؛ ئاکام؛ حاسڵ.

▣ تولید انبوه: کۆمەسازی؛ کار یان ڕەوتی بەرهەم هێنانی کالاییک بە فراوانی.

تولید ثروت: ماڵخستنەوە؛ بەدیهێنانی سامان.

▣ **تولید داشتن**: بەرهەم هەبوون؛ بەرهەمدار بوون ‹این کارخانە سالی پنج هزار تن تولید دارد: ئەم کارخانە لە ساڵدا پێنج هەزار تون بەرهەمی هەیە›.

تولید شدن: ۱. بەدیهاتن؛ بەرهەم هاتن؛ وەبەر هاتن ۲. درووس بوون؛ چێ بوون؛ وەش بیەی ‹در این جا شیشە تولید می‌شود: لێرەدا شووشە درووس دەبێت›.

تولید کردن: بەرهەم هێنان؛ وەبەر

هێنان؛ بەدیهێنان؛ هلبەراندن ‹ تفنگ و فشنگ را خودمان تولید می کنیم : خۆمان چەک و گولله بەرهەم دێنین ›.

تولیدات / towlîdāt, to:lîdāt/: [عربی]/اسم. بەرهەمگەل؛ بەرهەمەکان؛ ئەوەی بەرهەم هاتووە ‹تولیدات کشاورزی: بەرهەمەکانی کشتوکاڵ›.

تولیدمثل / towlîdemesl, to:lîdemesl، ـها/: [عربی]/اسم. *[زیستشناسی]* زاوزێیی؛ زاوزێچی؛ کاری تۆرەمە خستنەوە؛ ژینەوەر (گیا یان گیانلەبەر) بۆ بەدیهێنانی ژینەوەرێکی وەک خۆی: **زادآوری؛ هَماوَری**

تولیدی / towlîdî, to:lîdî، ـها/: [عربی] اسم. *[گفتاری]* بەرهەمگە؛ شوێنی دروستکردنی شتومەک.

تولیدی: *صفت.* بەدیهاتوو؛ چێکراو؛ وەبەر هێنراو ‹محصول تولیدی: بەرهەمی چێکراو›.

تولیم / tûl(i)yom/: [فرانسوی]/اسم. تولیۆم؛ تۆخمی کانزایی لە دەستەی لانتانیدگەل، بە ژمارەی ئەتومی ٦٩ و کێشی ئەتومی ١٦٨,٩٣.

تومار / tûmār، ـها/: [از عربی]/اسم. شاینامچە؛ تۆمار؛ کاغەزی باریک و بڵیند کە لە سەریەوە شتێک دەنووسرێ و کۆمەڵێک مۆر و ئیمزای دەکەن: **طومار**

تومان / tûmān، ـها/: [ترکی]/اسم. تمەن؛ یەکەی خۆماڵیانەی پارەی ئێران بەرانبەر بە ١٠ ڕیاڵ: **تومن**

ـتومانی / tûmānî/: [ترکی] پیوازه. ــ تمەنی؛ بایەخدار بە پێی تمەن ‹دوهزارتومانی: دووهەزارتمەنی›: **تومنی**

تومر / tûmor, tomor، ـها/: [فرانسوی]/اسم. *[پزشکی]* توومۆر؛ لک؛ گرێ؛ لوو؛ کۆمەیەک لە شانەی نائاسایی کە بە ڕواڵەت هەر لە شانەی ئاسایی ئەکا، بەڵام کارێکی وا ناکا و بڕێ جاریش دەبێتە شێرپەنجە و هێرش دەکاتە سەر شانەگەلی دەور و بەری و دەتەنێتەوە: **غدّه؛ تومور**

▣ **تومر استخوانی**: لکی پێشە؛ جۆرێک شانەی نائاسایی کە لە پێشەدا بەدیدێ.

تومن / toman/ ☜ **تومان**

تومنی / tomanî/ ☜ **تومانی**

تومور / tûmor/ ☜ **تومر**

توموگرافی / tomog(e)rāfî، ـها/: [فرانسوی]/اسم. *[پزشکی]* تۆمۆگرافی؛ جۆرێ دیتنەوەی ئەندام بە هۆی تیشکی کارەباوە.

تون / ton/: [فرانسوی] ☜ **تُن**

تون / tûn، ـها/: اسم. *[قدیمی]* توون؛ توونخانە؛ ئیتوون؛ هێتوون؛ ئاگردانی گەرماو.

تونتاب / tûntāb، ـها؛ ـان/: اسم. توونچی؛ پەینچی؛ توونەوان؛ ئاگرهەڵکەری گەرماو.

توندرا / tondrā، ـها/: [انگلیسی از روسی] اسم. *[زمینشناسی]* تۆندرا؛ دەشت و دەری تەخت و بێدرەختی ولاتانی سەرد و سەهۆڵاوی باکووری، کە لە گیای وەک هەژگ و چرپی و تووڕک داپۆشراوە.

تونگ / tûng/ ☜ **چوبِ چینی**

تونگوز / tûngûz/: اسم. توونگووز: ١. خێڵی زەردپێستی نیشتەجێی سیبری ٢. /ـها/ هەرتاکێ لەو خەڵکە ٣. زمانی ئەو خێڵە، لە زمانگەلی ئۆراڵ ـ ئاڵتایی * **تنگوز**

تونل / tûnel، ـها/: [فرانسوی از انگلیسی]/اسم. بنکەن؛ قمیش؛ قوموش؛ قومەش؛ نەفەق؛ لەغەم؛ لەغمە؛ نەغمە؛ تونیل؛ بوارگەی دەسکردی دە ژێر زەوی یان بە ناو کێودا.

▣ **تونل زدن**: تونێل لێدان؛ دروستکردنی بوار بە ژێر زەوی یان بە ناو دڵی کێودا.

تونل کندن: تونێلکەندن؛ کەندن و کون کردنی کێو و ژێر زەوی.

تــوهم / tavahhom، ـهـا؛ ـات/: [عربـی]/اسـم. گومـان؛ ساویر؛ تـەمـژی؛ خـەیـالات؛ تـۆیش؛ بــەهــزرەوە چــوون؛ ڕەوتی خــەیــاڵ کــردنی شـتێک کـه لـه ڕاسـتیدا نیـه ‹گـاهی دچـار ایـن توهم می‌شدم کـه سـرم بزرگتـر مـی‌شـود: بـڕێ جـار تووشی ئـەم گومانـە دەبـووم کـه سـەرم گـەورەتـر دەبێتەوە›.

تــوهم[1] / tûham/: صـفت. [گفتـاری] تێکچــوو؛ پـەشـێو؛ داگـیراو؛ داگیریـاگ؛ پـەرێـشان ‹آزاد خیلـی تــوهم بــود: ئــازاد زۆر تێکچــوو بــوو›.

هەروەها: **توهم رفتن**

تــوهم[2]: قیـد. [گفتـاری] ناویــەک؛ نێویــەک؛ لەنێـو یـەک؛ دلـێ یـۆی؛ وریـو ‹حلقـەهـا تـوهم رفتـه بودنـد: ئاڵـقەکـان چووبوونـه نـاو یـەکـەوە›.

هەروەها: **توی هم**

تــوهمزا / tavahhomzā، ـهـا/: [عربـی/ فارسـی] صفت. خاوهێنەر؛ گوماناوەر؛ بیرئاڵۆزکەر.

تــوهین / towhîn, to:hîn، ـهـا/: [عربـی]/اسـم. ســووکایەتی؛ هــەڵــس‌وکــەوتێـک کــه بـه مـەبـەسـتی زەبـوون‌کـردن یـان بـێ‌ڕێـز و بـڕ کردنی کـەسـێکە، یـان دەبێتـه هـۆی ئـاوەهـا کارێـک ‹نبایـد بـه کـسی تـوهین کـرد: نابـێ سووکایەتی به کەسێ بکرێ›.

تــویی[1] / tûyî، ـهـا/: اسـم. [گفتـاری] تیـۆب؛ ئاڵــقەی لاسـتیکی نێـو بـۆش کـه ده نـاو تەگەرەوە دەخرێ: **توئی**

تــویی[2]: صـفت. [گفتـاری] نــاوین؛ نێــوان؛ ناوەکـی؛ دلـێین؛ نـاونجی؛ نـاوگین؛ جێگرتـوو له نێو یەکێکی‌تـردا ‹اتـاق تـویی: دیـوی نـاوین›: **توئی**

تــویی[3] / ـهـا/: ضـمیر. نێـوانی؛ نـاوین؛ دلێیـی؛ نـاوگین؛ شـتێ کـه لـه نێـو جێگایـەک یـان شــتێکی‌تردایـه ‹تـویی را برداشـتم: نیوانیـەکـەم لابرد›: **توئی**

تــه[1] / tah، ـهـا/: اسـم. بــن: ۱. بــێخ؛ قــۆت؛ تەخـت؛ بنـە؛ تـا؛ نـاخ؛ کـەوکـەوی؛ ڕووبـەری خــــواری دیــــوار یـــان پـــای شــــوێنێکی دەورەگـیراو ‹تـه دره؛ تـه دریـا: بـنی دۆڵ؛ بـنی زەریـا› ۲. نـاخ؛ ئـاخر؛ قـور؛ بنـە؛ لای خـوار؛ بـێخ؛ قـووڵایی؛ قـوون ‹تـه جیـب؛ تـه دل: بنـی گیرفـان؛ ناخــی دڵ› ۳. ئـەو پـەڕ؛ شــوێنی بڕانــەوەی درێــژەیـەک. بـەرانبـەر: **سـر** ‹تـه خیابـان: ئـەو سەری شـەقـام› ٤. [مجـازی] بـێخ؛ بنە؛ بنجـی؛ نزیـک بـه ڕیـشه ‹از تـه کنـدن: لـه بنەوە کەندن›.

▣ از تـه: لـه بنــەوە؛ لـه بێخـەوە؛ لـه قۆتــەوە؛ بێخەنه؛ پەینەنە.

از تـه دل: لـه نـاخی دڵـەوە؛ لـه قـووڵایی دڵـــەوە ‹از تـــه دل گفــتم: لــه نــاخی دڵــەوە گوتم›.

تـا تـه: ۱. تـا بـێخ؛ تـا بـن؛ تـا پێیـان؛ تـا پەینوو؛ تا گامه؛ تـا خـوارترین شـوێن ۲. تـا ئاخر؛ تا دوایی؛ تا دمایی.

▣ تـه چیـزی بـالا آمـدن ☜ **تـه کـشیدن چیزی**

تـه چیـزی را بـالا آوردن: [کنـایی] یافـت شـتێ بـڕین؛ قرتـه لـه شـتێ بـڕین؛ تـاق شــتێک برینــەوە/ چنینــەوە؛ دوایــی بـه شــتێ هێنــان؛ دمــاو چێوێــوی بریــەی ‹بچـەهـا تـه شـیرینی و میـوه را بـالا آورده بودنـد: منداڵــەکــان یـافتی شـیرینی و میـوەیـان بریبوو›.

تـه دل را گـرفتن: [مجـازی] بـەردڵ خـستن؛ نیمه تێـر بـوون؛ وەردڵ گێرتـەی ‹یـک لقمـه بخـور تـه دلـت را بگـیرد: تیکـەیـەک بخـۆ بـا بەردڵت بکرێ›.

تـه کـشیدن چیـزی: [کنـایی] دوایـی هـاتنی شــتێک؛ ئـاخری شـتێ هـاتن؛ دمـاچۆڕوو چێوێـوی ئامـەی ‹پـولم تـه کشید: پـارەکـەم دوایی هات›.

تــە کــرِدن: بــن گــرتن؛ کزیانــەوە؛ کزیــەی پــۆرەرە ‹بــرنج کمــی بە قرضە بود: برنجــەکــە کەمێ پێ قرتیوو›.

تــە˚: *قیــد. [گفتــاری]* بــن؛ بــێخ؛ قــوت؛ بــنی؛ تــەخــت؛ بنــۆ؛ بنــەو ‹ســاعتم افتــاد بە چــاه: سەعاتەکەم کەوتە بنی چاکەوە›.

تە ـ˚: *پیشواژە.* بنــەــ ؛ بــێخــ ؛ بــنــ ؛ لــە بنــە؛ بەشێکی کــەم یــان ئاســەواری شــتێک مانــەوە ‹تەمانده: بنەماو›.

تهــــاتر / tahātor/: [عربــــی]*/اســـم. [قــــدیمی]* ئاڵوگۆڕی؛ واروگۆڕی؛ چۆنیــەتی ســەربــەســەر بوون.

تهــاتری / tahātorî/: [عربــی] *صــفت. [قــدیمی]* سەربەسەر؛ هــەمبــەری؛ ڕەوتی شــت بــە شــت گۆڕینەوەی بــێبــاقی دانــەوە ‹معاملــەی تهاتری: مامەڵەی سەربەسەر›.

تهــاجم / tahācom، ــهــا؛ ــات/: [عربــی]*/اســم.* هێــرش؛ دەســرِێژی؛ پــەلامــار؛ هــەڵــمەت؛ شالاو؛ پلار؛ گالا؛ هروژم؛ وروژم؛ هورووژمە.

▣ تهاجم فرهنگی: شــالاوی فــەرهــەنگــی؛ کــار و ڕەوتگــــەلی ڕێکخــــراو بــــۆ گــــۆڕین، لاواز کــردن یــان ســڕینەوەی فــەرهــەنگێــک، لــە ڕێــی نوانــدنی بایــەخگــەل و وێنــەگــەلی دژ بەو فەرهەنگەوە.

▣ تهــاجم آوردن: پــــەلامــــار دان؛ شــــالاو هێنــان؛ هــورووژم بــردن؛ هــەڵــمەت بــردن؛ هێــرش بــردن؛ داپرِســکاندن؛ دابــەرزانــدن؛ پارێز بردن.

تهـــــاجمی / tahācomî/: [عربـــــی] *صـــــفت.* هێــرشبــەرانــە؛ هێــرش کــەرانــە؛ هێرشــی؛ هروژمیانــــە ‹ســــلاح تهــــاجمی: چــــەکــــی هێرش بەرانە›.

تــەبــری / tahborî/: *اســم.* بــێخبــر؛ بــنبــر؛ بنــەبــڕی؛ کــاری لــە بنــەوە بــڕینی ڕوەکــان. هەروەها: **تەبر**

تــەبنــدی / tahbandî/: *اسم. [گفتــاری]* بــەردڵ؛ وەردڵ؛ بەرکــوڵ؛ خــواردەمــەنیــەکــی کــەم لــە نێــوان دوو ژەمــدا یــان بــە جێــی ژەمێــک دەخــوری ‹دیــدم بــە ایــن زودی از نهــار خبــری نیــست، کمــی تــەبنــدی کــردم: زانــیم بــەم زووانــە فراوێن پێ ناگا، بەردڵێکم خست›.

تــەپــر / tahpor/: *اسم.* تاپر؛ تاپــەڕ؛ چــەکێکــە لــە بــن لوولــەکــەیــەوە گــوللەی تــێدەخــرێ ‹تفنگ تەپر: تفەنگی تاپر›.

تهتـــــــراز / tahtarāz/: *اســــم.* بنـــــــدین؛ خــواروترین ڕوو لــە بــەســتێنی ئــاودا کــە بــە هۆی ئاوەوە سواوە و چۆتە خوارەوە.

تــە تغــاری [1] / tahtaqārî، ـهــا/: [فارسـی/ ترکـی] *اسـم. [مجــازی، گفتــاری]* ئــاخرچۆڕ؛ پاشــەبــەرە؛ بچووکترین منداڵی خێزان.

تــە تغــاری [2]: *صــفت. [کنــایی، گفتــاری]* ئــاخرچۆڕ؛ نازدار؛ وەرِوێرکە.

تهجـــــی / tahaccî/: [عربـــی]*/اســـم.* حـــونجی؛ هینجــە؛ حینجــە؛ کــار یــان ڕەوتی خوێندنــەوە بە سەر و ژێر و بۆرەوە.

تــەچــسب / tahčasb/: *اسم.* جۆرێــک بــەرگ گــرتنی کتێــب کــە لاپــەڕەکــان بــە چــەســپ پێکــەوە و ئــەمجــار بــە بــەرگــەکــەیــەوە دەچەسپێنن.

تــەچــک / tahček، ـهــا/: *اسم.* تاچــەک؛ تــەهــ چــەک؛ ئــەو بــەشــەی لــە پــەڕەگــەلی دەســتەچــەک کــە لای خــاوەنــەکــەیــەوە دەمێنێتــەوە و ناســنامەی چــەکــەکــەی تێــدا دەنووسرێ.

تـــــەچـــــین / tahčîn/: *اســـم.* کراشـــــکە؛ پەردەپلاوە؛ خواردەمەنیــەکــی ئێرانیــە بریــەتی لــە بــرنج، پلــە گۆشــت، مــاس، هێلکــە و زەعفەران کە یەکتەختە دەبێتەوە.

تـــــەدوزی / tahdûzî/: *اســـم.* بــــندووری؛ جــۆرێ بــەرگ گــرتنی کتێــب کــە لاپــەڕەکــان

له بنەوە پێکەوە دەدروون.

تهدیــد / tahdîd، ـهـا؛ ـات/: [عربــی]/ـسـم. هەڕەشە؛ هەڕەشێ؛ هەشەکە؛ گوڕەشە؛ ڕەشە؛ گـف؛ گەف؛ کـف؛ گـوڕ؛ وەردە؛ زرت؛ نـەهیـو؛ نهیب؛ زیـت؛ تاپاڵ: ۱. کـار یـان ڕەوتی ترساندنی کـەسێک لـه لێدان، ئازار، مـەرگ یـان لـە دەسـتدانی شـتێک؛ هـەدیدانـدن ‹ارباب مـا را تهدیـد کـرد: ئاغـا هەڕەشـەی لـێ کـردین› ۲. ئـەوەی دەبێتـه هـۆی تـرس و نیگـەرانی ‹آلودگی محیطزیست به صورت تهدیدی بـرای زنـدگی مـردم درآمـده است: ئالوودەیی ژینگه بووەتـه هـەڕەشـەیـەک بـۆ ژیـانی خەڵکی›

تـەدیـگ / tahdîg، ـهـا/:/ـسـم. بنکـڕ؛ بنکڕکـە؛ بنکڕنـە؛ لایـەک لـە بـرنج یـا نـان یـا سێفەزەمینه که له بنی مـەنجـەڵـەی دەخـەن و دەبرژێ.

▣ تەدیگ بستن: بنکـڕ بـەستن؛ بـێخ گـرتن؛ بنکڕنـە گیرتـەی؛ بـرژانی لای ژێـرووی چێـشت (وەک بـرنج، سـێفەزەمـینی و...) لـه ڕەوتی کولاندا.

تهـذیب / tahzîb/: [عربـی]/ـسـم. ڕەوتی پاکەوە بوون له عەیب و کەم و کووڕی.

تـەرنـگ / tahrang، ـهـا/:/ـسـم. شـوێنەڕەنـگ؛ ئاسـەواری کـەمڵـەچاوەری ڕەنـگ ‹تـەرنـگ خاکستری: شوێنەڕەنگی خۆڵەمێشی›.

تـەریـش / tahrîš، ـهـا/:/ـسـم. بنـەڕدێن؛ بنـەڕیـش؛ تـاریش؛ ڕیـشی زۆر کـەم ‹عینـک مـیزد و تـەریـش داشـت: چاویلکـەی دەنـا و بنەڕیشی ئەهێشتەوە›.

تەسفره / tahsofre/:/ـسـم. بـەرماو؛ پاشماوە؛ سـفرەمـەنە؛ ئـەو خـواردەمـەنیانـەی کـە لـە دوای نـانخـواردن لـە سـەر سـفرەوە دەمێننەوە.

تـەصـدا / tahsedā/: [فارسی/ عربـی]/ـسـم. نیمچه دەنـگ؛ دەنگـی هنـدەک خـۆش ‹قدیم تـەصـدایی داشتم: چـەلان نیمچـە دەنگـێکم هەبوو›.

تهلکـه / tahloke/: [عربـی]/ـسـم. /ادبـی/ ۱. نابوودی؛ له نێو چـوویی؛ فـەوتیاگی؛ نـەمانی ۲. جێگا یان دۆخێ کـه دەبێتـه هـۆی لـه نـاو چوون.

تەلهجـه / tahlahce، ـهـا/: [فارسی/ عربی]/ـسـم. بـنزار؛ بنـەزاراوە؛ نیـشان یـان تـۆزە شوێنەوارێـک لـه زاراوە یـان زمـانێکی بێجگـه ئـەو زمانـە قسەی پـێ دەکـرێ ‹فارسی را بـا تەلهجـەی کـردی حـرف مـیزد: بـه بـنزارێکی کوردیەوە فارسی قسەی دەکرد›.

تهلیـل / tahlîl/: [عربـی]/ـسـم. /اسلام/ تـەلیلـە؛ وتنی «لا اله الا الله» به کۆمەڵ.

تـەمانـده / tahmānde/:/ـسـم. /گفتـاری/ پاشمـاوە؛ پاشمـەنـە؛ پاشمـەنـدە؛ پاشـخوان؛ بەرماوە؛ بـنمـاوە؛ پاشـخوانه ‹تـەمانـدەی غذا را دور ریخت: پاشماوەی چێشتەکەی ڕژاند›.

تهمـت / tohmat، ـهـا/: [عربـی]/ـسـم. قـڕ؛ بوخـت؛ بخـت؛ نایـە؛ بوختـان؛ تۆمـەت؛ بوختیـان؛ هـەڵبەسـتە؛ ڕەوتی لکانـدنی کارێکی نـاڕەوا بـە کـەسێکەوە، تـا کاتـێ کـه نەسەلماوە.

▣ تهمـت زدن: تۆمـەت لێـدان؛ بوختـان کردن؛ درۆ هەڵبەستن به کەسێکەوە.

تەمزه / tahmaze/:/ـسـم. بـنچێژە؛ بـنچێژ؛ تامێکی زۆر هندک لـه چێـژەیـەک کـه زۆرتـر دوای چێـژەی سـەرەکـی هـەسـت دەکـرێ ‹شـیرین بـود، ولـی یـک تـەمـزەی تـرش داشـت: شـیرین بـوو، بـەلام بـنچـێژەیـەکـی ترشـی هەبوو›.

تـەنشست / tahnešast/:/ـسـم. بـنخاڵـە؛ ڕۆنیـشتەی ماکـێ لـه جێگـەیێک ‹وەک بـن سـەمـاوەر، لوولـەی تاقیکـاری، دەمـاری لـەش

و...).

تەنشین / tahnešîn/: *صفت.* نیشتوو؛ تانشین؛ بن‌نیشتوو؛ بێخ‌گرتگ.

تەنشینی / tahnešînî/: *اسم.* نیشتوویی؛ بن‌گرتوویی؛ بێخ‌گرتوویی؛ کار یان ڕەوتی نیشتنە بنەوە.

تهنیت / tahniyat، ـها/: [عربی]/*اسم.* پیرۆزبایی؛ شادبای؛ مبارەک بایی ‹عید نوروز را بە شما تهنیت می‌گویم: پیرۆزبایی جێژنی نەورۆزتان لێ دەکەم›.

تەوتو / tah-o-tû/: *اسم.* *[گفتاری]* قووڵایی؛ ناخ؛ ناوەرۆک؛ تاوتوێی؛ بەشی داشاردراوی دوور لە بەرچاو.

◘ **تەوتوی جایی را گشتن:** کون و قوژبنی شوێنێک گەڕان؛ سەنگ و سۆژن‌کردنی شوێنێک؛ باش گەڕان و پشکنینی جێگایەک؛ یاگێوە وشکنەی ‹[illegible]، بلکە عصایم را پیدا کُنی: [illegible]، بەشکوو گۆچانەکەم بدۆزیەوە›.

تەوتوی کاری را در آوردن: بن و بنەڕەتی کارێک دەرهێنان؛ وەرد دانەوەی کارێک؛ وردکردنەوەی کارێک؛ کارێک شی‌کردنەوە؛ لە بنەجۆ دەرهاوردنی کارێک؛ بەردەیوە ئەوپەڕ ‹[illegible]، تا بفهمم چرا خانەاش را فروخت: [illegible]، بزانم بۆ ماڵەکەی فرۆشت›.

تهور / tahavvor/: [عربی]/*اسم.* *[ادبی]* بوێری؛ بێ‌پەروایی؛ موکوری؛ ئازایەتی لە ڕادەبەدەر.

تهوع / tahavvo'/: [عربی]/*اسم.* دڵ‌شێواوی؛ ئاریان: ۱. شڵەژانی گەدە وێڕای حەز بە هەڵهاوردنەوە ۲. *[کنایی]* ئێق؛ هێق؛ حێق؛ قیز؛ قێز؛ هەست بە بێزاری و قینی زۆر.

تهوع‌آور / tahavvo'āvar/: [عربی/ فارسی] *صفت.* هێڵنجاوەر: ۱. دڵ‌تێکدەر؛ دڵ‌شێوێن ۲. *[کنایی]* قیزەون؛ قێزەون؛ بێزهێنەر؛ دڵ‌هەڵشێوێن؛ شتی زۆر ناڵەبار و نەگونجاو.

تهویه / tahviye/: [عربی]/*اسم.* ۱. باگۆڕی؛ باگهۆڕی؛ کار یا ڕەوتی گەیاندن و ئاڵ‌وگۆڕ پێکردنی هەوا لە شوێنێکدا ۲. /ـها/ *[مجازی]* ئێرکۆندیشن؛ دەزگا یان کەرەسەیەک کە ئەو کارەی پێدەکرێ.

تهی / tohî/: *صفت.* *[ادبی]* والا؛ فالا؛ خاڵی؛ بەتاڵ؛ پی؛ پووک؛ نووڕ؛ خافوور؛ ناوخاڵی؛ بێ‌ناوەرۆک؛ خاڵ؛ پووچ؛ هوویل؛ هاڵی؛ کلۆر؛ کروور. بەرانبەر: **پُر** ‹جام تهی: جامی والا›.

تهیدست / tohîdast، ـها؛ ـان/: *صفت.* *[کنایی، ادبی]* دەسکورت؛ دەسخاڵی؛ دەستەتەنگ؛ هەژار؛ نەدار؛ دەسهاتی؛ دەس‌والا؛ دەس‌هەوڵی؛ دەس بەتاڵ؛ بێ سەرمایە، دارایی یان کاری پێویست بۆ بە سەر بردنی ژیان ‹مردی تهیدست بود: پیاوێکی دەسکورت بوو›.

تهیدستی / tohîdastî/: *اسم.* *[کنایی]* دەسکورتی؛ دەستەنگی؛ هەژاری؛ نەداری؛ دەسخاڵیەتی ‹تهیدستی ننگ نیست: دەسکورتی عار نیە›.

تهیگاه / tohîgāh/: *اسم.* *[کالبدشناسی]* ۱. بانترین بەشی پێشەی لەگەن؛ پێشەی بن‌باڵ ۲. *[مجازی]* خاڵیگە؛ برک؛ لابرگ؛ کەلەکە؛ کیلەکە؛ کێلەکێ؛ کاڵەکا؛ خاقک؛ پووتەگا؛ هاڵیگا؛ هێت؛ تەموو؛ تەنشت؛ تەڕێزە؛ لاپالوو؛ قەبرخە؛ قەپرخە؛ قەورخە؛ لاقەبرەغە؛ لاکاول؛ پەراسوو؛ نەوق؛ نیڤ‌تەنگ؛ بەشێکی لەش کە دەکەوێتە خوار شوێنی پێک‌گەیشتنی دوایین

پەراسوو بە برِبرەی پشتەوە.

تهـی‌مغـز / tohîmaqz، ـهـا؛ ـان/: *صـفت. [مجـازی، ادبـی]* بـێ‌مێـشک؛ بـێ‌مـەژگ؛ دەبەنگ؛ سەرخلۆل؛ گـەوج؛ بـلّحە؛ سـەرکـوێر ‹مُشتی تهـی‌مغـز دورش را گرفتـه بودنـد: بـرێ بێ‌مێشک دەوریان دابوو›.

تهیـه / tahiyye/: [عربـی]/سـم. دابـین؛ ئـابوور؛ کـار یـان ڕەوتی پێکهێنـان ‹تهیـەی ایـن همـه پـول مـشکل اسـت: دابیـی ئـەم هـەمکـە پـارەیـە دژوارە›.

⊡ **تهیـه شـدن**: دابـین بـوون؛ ئـابوورین.
هەروەها: **تهیه کردن**

تهیـه‌کننـده / tahiyyekonande، ـها؛ ـگـان/: [عربـی/ فارسـی]/سـم. کارگێـڕ؛ کـەسـێ کـە دابـین‌کـردنی خـەرج و پێویـستیگەلی فـیلم یـان شـانۆیێک وەئـەسـتۆ دەگـرێ و یارمـەتی دەرهێنەر دەدا.

تهیـیج / tahyîc/: [عربـی]/سـم. کـار و ڕەوتی وروژان؛ ئاروژان.

⊡ **تهیـیج شـدن**: وروژان؛ وروژیـان؛ ئاورووژان؛ خوێن هاتنە کوڵ.
تهیـیج کـردن: وروژانـدن؛ ئاورووژانـدن؛ خوێن هاوردنە کوڵ.

تیاتر / tiyātr/: [فرانسوی] ☜ **تآتر۱**

تیـار / tayyār, tiyār/: [مغـولی] *صـفت. [گفتـاری]* بازر؛ ئامادە؛ تەیـار؛ سـاز؛ دابـین؛ ئـابوور؛ حـازر و بـازر؛ گیـف؛ بـەرهـەڤ؛ مـق ‹تخـت و تیـار: حازر و بازر›.

تیار / tiyār/: [؟]/سـم. برگـە؛ لـەلـەک؛ شـکڵ و شێوازی برگە-برگەی مەوجدار.

تیـامین / tiyāmîn/: [فرانـسوی]/سـم. ☜ **ویتامین**

تیـان / tiyān، ـها/:/سـم. تیانـە؛ تیـان؛ قـازان؛ قازانـە؛ بـەرۆش؛ قـەزان؛ دەفـری گـەورەی دەم‌باز و زۆرتر بێ‌سەر.

تـی.ان.تـی / tî.en.tî/: [انگلیـسی]/سـم. *[مخفـف، شـیمی]* تی.ئـێن.تی؛ تـری‌نیتروتولۆئـەن، تـەنێکـی بلـوورینی زەرد و ماکێکی تەقینەوەیی زۆر بەقەوەتە.

تیـپ / tîp، ـها/: [فرانـسوی]/سـم. ۱. تیـپ؛ یەکـەی چـەکـداری؛ بریـەتی لـە (زۆرتـر) ۲۱۵ کەس ۲. چـین؛ تـاقم؛ پـۆل؛ دەسـتەیـەک لـە کـەسـان یـان شـتانی وەک یـەک کـە بـە شـێوەی پـەلێکـی جیـاواز دەسـتەبـەنـدی دەکـرێن ‹تیـپ پرخاشگر: چینـی جـەنگـەرانی› ۳. وێنـە؛ نمانـە؛ کـەسـێک یـان شـتێ کـە خـاوەن تایبـەتمـەنـدی گـرۆ یـان ڕیزێکـە ٤. چـەشـن؛ جـۆر؛ دەسـە؛ دەسـتە؛ ڕیـز؛ تـاقم؛ تاقمـێ ‹از ایـن تیـپ کتابهـا خوشـم نمـی‌آیـد: لـەم چەشنە کتێبانە خۆشم نایەت›.

⊡ **به تیـپ هـم خـوردن**: بـە یـەک هـاتن؛ بـە یەک خواردن؛ واردەی بـە هـەنتـرینی یـۆی ‹آرام و سارا خوب به تیـپ هـم مـی‌خورنـد: ئـارام و سارا باش بە یەک دەخون›.
به تیپ هم زدن: بـەگـژ یـەکـدا چـوون؛ دان لـە یـەک؛ چوونـە سـەر و کـلاو یـەکـا؛ بـە یەکـا دان؛ پێـوەرەگژیـەی ‹دو روز نکـشید کـه زدند بـه تیـپ هـم و کارشـان بـه کلانتـری کـشید: دوو ڕۆژی نـەخایانـد بـەگـژ یـەکـدا چـوون و کاریان کێشایە کەلانتەری›.

تیپـا / tîpā، ـهـا/:/سـم. *[گفتـاری]* پـشتەپـا؛ پشتەپـێ؛ شـاپان؛ شـەق؛ قـاو؛ شـەپ؛ پچـین؛ پن؛ شەقێ کە بە بەشـی پێـشووی بـان پـا لـێ دەدرێ.

تیپـاکس / tîpāks/: [انگلیـسی]/سـم. تیپـاکس؛ نێـوی بازرگـانی بـۆ دامـەزراوەگـەلی پۆسـتی تایبەتی.

تیتان / tîtān/: [فرانسوی] ☜ **تیتانیُم**

تیتـانیم / tîtan(i)yom/: [انگلیـسی]/سـم. تیتـانیۆم؛ تـوخمی کـانزایی، بـە ژمـارەی

ئەتومی ٢٢ و کێشی ئەتومی ٤٧،٨٨، بە ڕەنگی خۆڵەمێشی زیوی، کە کانزایەکی نەرم و سووکە و بە شێوەی تێکەڵ لە سروشتدا هەیە و لە دروستکردنی ئالیاژگەلدا کەڵکی لێ وەردەگرن: **تیتان**

تیتر / tîtr، ـها/: [فرانسوی]/اسم. ١. سەردێڕ ‹تیتر مقاله: سەردێڕی وتار› ٢. /شیمی/ پەیمانە؛ پێوانە؛ عەیار.

تیتراژ / tîtrāj، ـها/: [فرانسوی]/اسم. سەردێڕبەندی.

تیتراسیون / tîtrās(i)yon، ـها/: [فرانسوی] اسم. /شیمی/ عەیارپێوی؛ دەرخستنی ڕادەی ماکێک لە نێو تراوێکدا بە شێوەگەلی کیمیاوی.

تی‌تیش‌مامانی / tîtîšmāmānî، ـها/: صفت. تازە و جوان (واژەیێکی مندالانەیە بۆ جلوبەرگ کە گەورەگەل بۆ تیز و گاڵتە ئێژنی).

تیر / tîr/: اسم. ١. پووشپەڕ؛ مانگی چوارەمی ساڵی هەتاوی و یەکەم مانگی هاوین کە ٣١ ڕۆژە ٢. تیر؛ گولە؛گرۆڵیە؛ گوللەی چەکی گەرم ٣. زاوە؛ نزیکترین هەسارە بە هەتاوەوە: **عطارد** ٤. ـها/ تیر؛ دارتەل؛ کۆڵەکە؛ کۆڵەکێ ‹تیر برق: تیری بەرق› ٥. ـها/ تەخش؛ تیری هەوالی کەوان؛ ئەوەی بە کەوان دەیهاوێژن ٦. دار؛ داری دارەڕای میچ ٧. /مجازی/ میچ؛ کاش؛ بنۆ دارا.

◘ **تیر برق**: دار بەرق؛ دارەتەل؛ دار چرابەرق؛ پاچرا؛ تیر بەرق؛ دار یان ئەستوونێک کە تەلی کارەبای پێوە ڕادەگرن. هەروەها: **تیر تلگراف**

تیر چوبی: تیری چێوی؛ کۆڵەکەی دارین.

تیر حمال/ باربر: کاریتە؛ گاریتە؛ حەماڵ؛ خۆماڵ؛ تیرەک؛ دیرەک؛ شاتیر؛ باهوو؛ ئالودار؛ دارڕایەڵ؛ نێرگە؛ ڕاژە؛ ڕاجە؛ دارێکی پتەو و قایمە کە دارگەلی میچ دەکەونە سەری.

تیر خلاص: تیری خەلاس؛ گولەیەک کە بۆ دڵنیا بوون لە کوژرانی کەسێ یا گیانلەبەرێک لە کاتی گیان‌کەنشتیدا لێی دەتەقێنن.

تیر سیمانی: تیری سیمانی؛ تیری چیمەنتۆ؛ تیربەرقێک کە لە سیمان دروست دەکرێ.

تیر شهاب: ١. هەسارە بۆ؛ ئۆسارە بوە؛ شەهاو؛ شولک ٢. /کنایی/ پەلەپاتۆڕ؛ لەزبەلەز؛ هەشتاو؛ زۆر بە لەز و پەلە.

تیر غیب: ١. گولەی ناگەهانی؛ گولەی وێڵ/ وێڵەکی؛ گولەی لابەلا؛ گولەیێ کە لە شوێنی نادیارەوە دەردەچێ ٢. /مجازی/ مفاجا؛ مەرگی ناکاو؛ مەرگی کوت‌وپڕ؛ مەرگی بێ‌وادە.

تیر کمان: دۆخ؛ تیری کەوان؛ تیر و کەمان: **کمان-١**

تیر مژگان: /کنایی/ تیری موژگان؛ تیری مژۆڵ؛ برژانگی درێژ و جوان.

تیر هوایی: گولەی هەوایی؛ گوللەیەک کە بەرەو ئاسمان و بەبێ نیشانەگرتن دەتەقێ.

یک تیر و دو نشان: /کنایی/ بە تیرێ دوو نیشان؛ تیرێک و دوو نیشان؛ کارێک کە دوو قازانجی هەیە.

◘ **تیر انداختن**: تیرەنازی‌کردن؛ تیر هاوێشتن؛ تیر خستن/ تەقاندن؛ فیشەک شانەی/ شای.

تیر خالی کردن: تەقەکردن؛ تیر دەرکردن؛ گولە تەقاندن؛ تیرتەقاندن؛ گرۆڵیە تەقنەی.

تیر خوردن: */گفتاری/* پێکیان؛ ئەنگوان؛ تیر خواردن؛ وەبەر گولەکەوتن؛ پێکیای ‹دو نفر تیر خوردند که یکیشان کشته شد: دوو کەس پێکیان که یەکیان کوژرا›.

تیر در رفتن: تیر دەرچوون؛ گولە دەرچوون؛ گرۆڵیە بەرشیەی؛ گولە تەقانی بێدەسقەستی ‹تیر دررفت و زد به سقف: تیر دەرچوو و دای لە میچەکە›.

تیر در کردن: */گفتاری/* تەقەکردن؛ گولە تەقاندن؛ تیر دەرکردن؛ تیرەنازی‌کردن؛ فیشەک تەقنەی.

تیر کردن: */کنایی/* تیژکردنەوە؛ پڕکردنەوە؛ هەڵخڕاندن؛ هاندان؛ هەڵپێچان؛ هۆرنیەی ‹آزاد را تیر کردم فرستادم خدمتش برسد: ئازادم تیژکردەوە و ناردم بێتە دەوریا›.

تیر کسی به سنگ خوردن: */کنایی/* تەواسیانەوە؛ نەپێکیان؛ بە ئاکام نەگەیشتن؛ ناکام بوون ‹وقتی او را در خانه پیدا نکردند تیرشان به سنگ خورد: کاتێک لە ماڵدا نەیاندۆزیەوە بەواسیانەوە›.

تیر کشیدن: */مجازی/* چڵ وەشاندن؛ چریسکە پێدا هاتن؛ زریکە هەستان؛ چریسکەنن؛ برووسکێ شانەی؛ هەست کردنی دەرد و ئازارێکی کوتوپڕ کە لە جێگایەکەوە تا جێگایەکی‌تری لەش دەڕوات ‹تیر کشیدن پشت: چڵ وەشاندنی پشت›.

تیری به تاریکی انداختن: */کنایی/* بەرد لە هەوا خستن؛ بەرد بەرەو دوا خستن؛ کوچک بە دارا خستن؛ پەڵ بە دارا خستن؛ سەر لە خوا کارێ کردن؛ تەوەنی وسەی ئاسمانەرە؛ لە رووی ناچاری و بێ‌هیوای بە ئاکام گەیشتن، هەروەها بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخەکە، کارێک‌کردن ‹حالا تیری به تاریکی می‌اندازیم، ببینیم چه می‌شود: ئێستا بەرد بە تاریکیدا دەخەین، بزانین چی دەبێ›.

تیراژ / tîrāj /: [فرانسوی] */اسم.* ئەژمار؛ ژمارەی کتێب یا چاپەمەنیەکانی‌تر لە یەک جاری چاپکردندا.

تیراژه / tîrāje ،ـها/: [؟] */اسم.* کۆلکەزێڕینە؛ پەلکەزێڕینە؛ هەورەزێڕینە؛ سوورەزەڕینە؛ ئەستوونەزێڕینە؛ هەسێرەزێڕینە؛ تووشەزەڕینە؛ هۆرەوری؛ کەسکەسوور؛ کەسک‌وسوور؛ کێلستوون؛ پلوورەوارانێ؛ موندای ئاشمە؛ پەینجەوپەیغەمبەری؛ توول سەوز و دێز؛ پرچی ئایشەوفاتمان؛ کەمەیەکی گەورەی ڕەنگاوڕەنگە، پاش باران و لەبەر هەتاو، لە ئاسمان دەردەکەوێ.

تیرانداز / tîrandāz ،ـها؛ ـان/: */اسم.* تیرەناز؛ تیرئەنداز؛ تیرئەناز؛ تیرهاوێژ؛ تیرشان؛ کەسێ کاری تیر هاویشتنە یان شارەزای تیرەنازیە.

تیراندازی / tîrandāzî ،ـها/: */اسم.* تیرهاوێژی؛ تیرەنازی: ١. کار یان ڕەوتی گولە تەقاندن؛ گولە خستن؛ فیشەک تەقنەی؛ تیر هاویشتن ٢. کار یان ڕەوتی تیر خستن؛ تیر شانەی (بە تیر و کەوان).

تیرآهن / tîrāhan ،ـها/: */اسم.* تیرئاهەن؛ تیراسن؛ شاخە ئاسنێک بە ئەستووری لای‌کەم ٦ سانتیمتر کە زۆرتر لە بیچمی H یا I دەکا و لە ماڵ و خانووسازیدا بەکار دەچێ.

◘ **تیرآهن ریلی:** هێڵی ئاسن؛ شاخە ئاسنی لە بیچمی ⊥ کە زۆرتر لە هێڵی ئاسندا بەکاردەچێ.

تیربار / tîrbār ،ـها/: */اسم.* تیربار؛ جۆرێک چەک کە لە سەر سێ‌پایەوە دەوەستێ و گولەکەی لە ٤٠ میلیمتر گەورەترە.

تیرباران / tîrbārān، ـهـا/:/اسم. گولەباران؛ تیرباران؛ تیرەباران؛ تیروباران؛ کار و ڕەوتی کوشتن بە تیر هاویژی بە کۆمەڵ ‹بامداد دیروز دو نفر قاچاقچی تیرباران شدند: بەرەبەیانی دوێنێ دوو قاچاقچی گولەباران کران›.

تیرتخش / tîrtaxš، ـهـا/:/اسم. فیشەکەشێتە؛ فیشەک و تەقەمەنی ئاوبازی.

تیرتخشائی / tîrtaxšā'î/ ☜ **تیرتخشایی**

تیرتخشایی / tîrtaxšāyî/:/اسم. زانست و هونەری دروستکردن و بەکار بردنی ئامێرگەلی ئاگربازی: **تیرتخشائی**

تیرچه / tîrče، ـهـا/:/اسم. تیرچە؛ تیرەک؛ تیرەکلێ؛ تیرێک لە چێو، ئاسن یان بیتون بۆ کاری ماڵکردنەوە و...

تیرچەبلوک / tîrčebulûk, -bolok، ـهـا/:/اسم. تیرچەبلووک؛ تیرچەی بیتونی.

تیررس / tîr.ras/:/اسم. بەرپێک؛ تیرەنگاو؛ هەتەر؛ تیرگیر؛ تیروەر؛ مەودایەک کە تیری هاوێژراوی دەگاتێ ‹اگر در تیررس بود حتماً کشته می‌شد: ئەگەر لە بەرپێکدا ببا هەر دەکوژرا›.

تیرک / tîrak، ـهـا/:/اسم. تیرەک؛ دیرەک؛ دارەک؛ کۆڵەکەی دارینی کورتە بالا.

تیرکمان / tîrkamān، ـهـا/:/اسم. ۱. قۆچەقانی؛ قەفانچۆلە؛ قەلماسک؛ چۆکشمان؛ کێشمانکێش؛ قەلماسن؛ قەلماسەنگ؛ قالماسک؛ دووفلیقانە؛ هنیک؛ تیرکەوان؛ لاستیق‌وچەلەمێ؛ لەیستۆکی مندالان بۆ بەرد هاویشتن کە لە چەلەمە چێویک و دوو کێش یان پارچەلاستیک و تیکە چەرمێک دروست دەبێ ۲. [گفتاری] کمان و تیر آن، **کمان ــ۱** ❊ **تیروکمان**

تیرگی / tîregî، ـهـا/:/اسم. ۱. تیرەیی؛ تیریەتی؛ دۆخ یان چۆنیەتی ڕەش یان بۆر بوون ‹تیرگی رنگ پوست: تیرەیی ڕەنگی پێست› ۲. تاریکایی؛ تاریکی؛ تاریبار؛ تاریکان؛ تاریکسان؛ تاریتی؛ ڕەشایی؛ تاریکایەتی؛ تاریکە ‹در تیرگی شب از نظرها پنهان شد: لە تاریکایی شەودا گوم بوو› ۳. [مجازی] ناتەبایی؛ دۆخ یان چۆنیەتی نادۆستانە بوون.

تیروئید / tîro'îd/: [فرانسوی]/اسم. [کالبدشناسی] تیرۆئید؛ دەرەقی؛ لکی دوو پارچەی سەر قورقوڕانچک کە هورمونی تیرۆکسین دروست دەکا.

تیر و تخته / tîr-o-taxte، ـهـا/:/اسم. [تعریض] چڵوچێو؛ دار و قۆتەلان؛ قۆتەرێ؛ ئامێرگەلی چێوینی جۆراجۆر (زیاتر بێ بایەخ) ‹با خریدن این تیر و تخته پولت را دور می ریزی: بە کڕینی ئەم چڵوچێوە پارەکەت فڕێ دەدەی›.

تیروکسین / tîroksîn/: [فرانسوی]/اسم. [فیزیولوژی] تیرۆکسین؛ هورمونی تیرۆئید کە توخمی یودی تێدایە و لەشی پێ ئۆقرە دەگرێ.

تیروکمان / tîr-o-kamān/ ☜ **تیرکمان**

تیره[1] / tîre، ـهـا/:/اسم. ۱. [زیست‌شناسی] تیرە؛ بەشێ لە گیانلەبەر یان گیاگەلی بە چەند تایبەتمەندی یەک جۆرەوە ۲. ☜ خط تیره، **خط**

▣ تیرەی پشت: [کالبدشناسی] بربرە؛ مۆرەغە؛ گازەڕا؛ ڕیزێک لە مۆرەی پێشەیی یان کرۆچەنەیی لە درێژایی پشتی گیانلەبەرانی مۆرەداردا.

تیره[2]: صفت. ۱. تاریک؛ تنۆک؛ تنووک؛ زۆرتاریک؛ تاریکی خەست و توند؛ ئەنگوستەچاو ‹شب تیره: شەوی تاریک› ۲. تیرە؛ تیر؛ ڕەنگی تۆخ؛ بە پێکهاتە، ڕەنگ یان لۆرێکەوە کە تیشکی خۆر تا ڕادەیەک

وەرگرێ ‹لباس تیره: بەرگی تیره› ٣. [مجازی] ڕەش؛ ناتەبا؛ ناخۆش؛ بە چۆنیەتیەکی ناحەز و ئازاردەرەوە ‹روزگار تیره: ڕۆژگاری ڕەش›.

تیرە-[٣]: *پیوازە.* ـ ڕەش؛ سیا ـ؛ سیاو ـ؛ خاوەن شتێکی خراپ و ناخۆش ‹تیرەروز؛ تیرەبخت: ڕۆژڕەش؛ سیابەخت›.

تیرەبخت / tîrebaxt، ـها؛ ـان/: *صفت.* *[مجازی]* چارەڕەش؛ ڕۆژڕەش؛ سیابەخت؛ سیاچارە؛ بەختڕەش؛ کلۆڵ.

تیرەدل / tîredel، ـان/: *صفت.* *[مجازی]* دڵڕەش؛ بێبەزە؛ ڕەشدڵ؛ دڵسیاو.

تیرەرنگ / tîrerang/: *صفت.* تۆخ؛ ڕەنگتون؛ پڕ ڕەنگ.

تیرەروز / tîrerûz، ـها؛ ـان/: *صفت.* *[مجازی]* ڕۆژڕەش؛ کلۆڵ؛ بەدبەخت؛ چارەڕەش؛ ڕۆسیاو؛ سیابەخت؛ سیاچارە.

تیرەروزی / tîrerûzî، ـها/: *اسم.* *[مجازی]* ڕۆژڕەشی؛ بەدبەختی؛ چارەڕەشی؛ سیاچارەیی؛ کلۆڵی.

تیز[١] / tîz، ـها/: *اسم.* *[ادبی]* تڕ؛ بای دەنگدار و بۆگەنی قوونگ.

⊡ **تیز دادن:** *[ادبی]* تڕین؛ تڕان؛ تڕ لێدان؛ تڕای؛ تڕکەندن؛ تڕەی؛ تڕکەنتەی.

تیز[٢]: *صفت.* تیژ؛ تێژ؛ تووژ: ١. بە دەمی باریک و بڕەوە. بەرانبەر: **کند؛ کُل** ‹چاقوی تیز: چەقۆی تیژ› ٢. تێزە؛ نووسکن؛ بە سەرێکی زۆر باریکەوە ‹نوک تیز: نووکی تیژ› ٣. *[مجازی]* تیژاو؛ چابک؛ خێرا؛ گورج؛ تاشک؛ توند لە کار و ڕۆیشتندا ‹تیز پرواز: تیژ باڵ› ٤. تن و تۆڵ؛ بە هێز یان خێرا ‹تند و تیز: تون و تیژ› ٥. *[مجازی، گفتاری]* هۆشیار؛ وریا ‹فروشنده مرد تیزی بود و زود فهمبد من چه می خواهم: فرۆشیارەکە پیاوێکی تیژ بوو خێرا زانی چم دەوێ›.

⊡ **تیز کردن:** تیژکردن؛ تێژکردن: ١. ساوین؛ هەسانْدان ٢. *[کنایی]* تیژەو کردن؛ هەڵنان؛ هاندان؛ دنەدان؛ هەڵخڕاندن؛ هۆرنیەی ‹اشتهایش را برای نهار تیز کرده بود: ددانی بۆ فراوێن تیژ کردبوودەوە›.

تیز[٣] ـ: *پیوازە.* تێژ ـ؛ ـ تیژ؛ بە ئازایی و خێرایی ‹تیزبین: چاوتیژ›.

تیزاب / tîzāb/: *اسم.* تراوێکی بێڕەنگی بەبۆنی توندە کە تێکەڵ بە ئاو دەبێ و زۆربەی کانزاکان دەتاوێنێتەوە و لە پیشەسازیدا زۆری کەڵک هەیە.

⊡ **تیزاب سلطانی:** *[شیمی]* تێزاوی سوڵتانی؛ تێکەڵی سێبەش ئەسیدکلۆریدریک و بەشێک ئەسید نیتریکی خەست کە هەمووکانزایەک تەنانەت زێڕیش دەتاوێنێتەوە.

تیزبال / tîzbāl/ ☜ **تیزپرواز**

تیزبر / tîzbor، ـها/: *اسم.* تیزبڕ؛ کاتێر؛ ئامرازی بڕینی موکێت و شتی سفت و سەخت.

تیزبین / tîzbîn، ـها؛ ـان/: *صفت.* *[مجازی]* ١. چاوتیژ؛ چەوتیژ؛ چاوڕوون؛ چاقمار ٢. وردبین؛ وردابین؛ دی؛ ڕێزوێن.

تیزپا / tîzpā، ـها؛ ـیان/: *صفت.* تیژاو؛ تێژاو؛ چالاک؛ لەش سووک؛ بەپا؛ پادار؛ لەزگین؛ خاوەن پل و پای توند خێرا.

تیزپر / tîzpar/ ☜ **تیزپرواز**

تیزپرواز / tîzparvāz، ـها؛ ـان/: *صفت.* *[مجازی]* تیژباڵ؛ فرا؛ فرۆک؛ زۆر خێرا لە فڕیندا ‹پرندەی تیزپرواز: مەلی تیژباڵ›:
تیزبال؛ تیزپر

تیزتک / tîztak، ـها/: *صفت.* *[مجازی، ادبی]* کورەک؛ خۆشبەز؛ لەزگین؛ تاشک.

تیزچنگ / tîzčang، ـها؛ ـان/: *صفت.* *[ادبی]*

١. چڕودڕ؛ بە خێرایی و فرزی زۆر لە ڕاودا ٢. چنگ‌تیژ؛ بە نینۆک یان چنگاڵی تیژەوە.

تیزدندان / tîzdandān، ـها؛ ـان/: صفت. ددان‌تیژ؛ دیان‌تیژ؛ دزان‌تیژ؛ دگان‌تیژ ‹پلنگ تیزدندان: پلەنگی ددان‌تیژ›.

تیزر / tîzer، ـها/: [انگلیسی]/اسم. تیزێر؛ ئاگەیی تەلەفیزیۆنی یان سینەمایی.

تیزرو / tîzrow, -ro:/: صفت. چالاک؛ خۆشبەز؛ پادار؛ کرژ؛ گورج؛ تیژاو؛ لەزگین؛ تاشک؛ تیژ؛ پڕتاو؛ سەر؛ خێرا ڕەو.

تیزکن / tîzkon، ـها/: صفت. [گفتاری] تیژکەر؛ تێژکەر؛ تیژەوەکەر؛ تێژەوکەر؛ تیژەوەکەرە؛ تێساو ‹چاقو تیزکن: چەقۆ تیژکەر›.

تیزگام / tîzgām/: صفت. [مجازی، ادبی] بەدەو؛ هەنگاوتیژ؛ بەرزەلۆق؛ تێژگاڤ؛ گاڤ‌گوشاد؛ لۆقلۆقی؛ لاقۆردرێژ؛ پڕتاوە ‹اسب تیزگام: ئەسپی بەدەو›.

تیز و بز / tîz-o-boz/: قید. [گفتاری] لەزبەلەز؛ لەزوبەز؛ لەزبلەز؛ لەزالەز؛ گورج و گۆڵ؛ کرژ و کۆڵ؛ تیزە‌‌ـتێزە؛ بەفڕتە.

تیزه / tîze، ـها/: اسم. قوتە؛ قوتکە؛ سەریاڵ؛ سەرکەل؛ سەرکاو؛ سەرکێف؛ سەرچیا؛ سەرشاخ؛ بەرزترین جێگای بەرزاییەک.

تیزهوش / tîzhûš، ـها؛ ـان/: صفت. [مجازی] بیرتیژ؛ بیرتێژ؛ ویرا؛ بەبیر؛ زیرەک؛ هۆشیار؛ وشیار؛ یەکجار وریا.

تیزی / tîzî، ـها/: اسم. تیژی؛ تێژی؛ تویژی؛ تووژی؛ تێژیەتی؛ دۆخ یان چۆنیەتی تیژ بوون.

تی‌شرت / tîšert، ـها/: [انگلیسی]/اسم. تی‌شێرت؛ جۆرێ کراسی بێیەخە و قۆڵ‌کۆتا بۆ هاوین وەک پیتی T.

تیشه / tîše، ـها/: اسم. تەشوێ؛ تەپشۆ؛ تەوشوێ؛ تەوشۆ؛ تەفشۆ؛ تەفشی؛ تەپشۆی؛ ترێشتە؛ تەمشوو؛ ترشتە؛ تەشۆ؛ ترەشتە؛ ئامرازێکی چەکوچ ئاسای دەم پان و تیژ بۆ داتاشینی چێو و بەرد.

◙ مثل تیشه ☜ مثل

▣ تیشه به ریشه‌ی چیزی/کسی زدن: [کنایی] بە ڕیشەی کەسێ/ شتێکدا چوونە خوارەوە؛ بە بیور، دان لە ڕیشەی شتێ/ کەسێک ‹این جنگ تیشه به ریشه‌ی بسیاری زد: ئەم شەڕە بە ڕیشەی زۆرێکدا چووە خوارەوە›.

تیغ / tîq، ـها/: اسم. ١. تێخ؛ تیخ؛ تیغ؛ تێغ؛ جووزان؛ گوێزان؛ دەمەی تیژ و بڕی هەندێ کەرەسە ٢. [گفتاری] چقڵ؛ دڕوو؛ دڕێ؛ دڕک؛ دڕگ؛ دڕەی؛ ڕوو ٣. [گفتاری] ئێسک؛ پێشە؛ دڕکەئێسک ‹تیغ ماهی: ئێسکی ماسی› ٤. [ادبی] شیر؛ شمشێر ‹چون تیغ به دست آری، مردم نتوان کشت: کە ... ت گرتە مشت، خوێن کەس نەڕژنی›.

◙ تیغ بی‌آب: ترنجۆ؛ تێخی تیژ؛ تێخی بەبڕشت.

تیغ سلمانی: کافرمان؛ گوزان؛ گوێزان؛ گیزان؛ مووس؛ هەستەرە؛ کەرەسەیێکی وەک چەقۆ بۆ تاشینی سەر و ڕیش.

▣ تیغ انداختن: تێخ‌لێدان؛ تاشین بە تێخ؛ تێخ لێخستن؛ تێخ دایوەنە ‹سرش را تیغ انداخته بود: تیخی دابوو لە سەری›.

تیغ زدن: ١. [کنایی] دەست/ قۆڵ بڕین؛ فریواندن؛ کڵاو لە سەر نان؛ دەس بڕیەی؛ بە زمان‌لووسی و درۆ یان زۆر، شتێ لە کەسێک سەندن ‹کاوه باز پدرش را تیغ زد: کاوە دیسانەوە دەسی بابی بڕی› ٢. [ادبی] شیر وەشاندن/ لێدان؛ شیرکوتان؛ شمشێر دایوەنە/ شانەی.

تیغ کسی برا بودن/ بریدن: [کنایی]

خنجێری کەسێک بەبڕشت بوون؛ زۆر بە دەسەلات بوون؛ دەس چوون.
تیغ کشیدن: ۱. [گفتاری] شڕ و دڕکردن؛ لەتوکوتکردن؛ لەتوپەتکردن؛ بە شتێکی تێژ بڕین ۲. [ادبی] شیر دەرکێشان؛ شمشێرکێشەی.
تیغ گرفتن: دروو/ چقڵ دەرهێنان؛ جیاکردنەوە و لابردنی تیخ یان دڕکی شتێک.
تیغال / tîqal/ ☜ **شکَرتیغال**
تیغچە / tîqče، ـها /: [عربی]/اسم. لامیل؛ شووشەی بچووکی میکرۆسکۆپ.
تیغ‌زن / tîqzan، ـها؛ ـان/: صفت. ۱. [کنایی، گفتاری] تەلەکەباز؛ ساختەچی؛ گوێبڕ؛ سازوبازکار؛ گزیکار ۲. [ادبی، نامتداول] شیروەشێن؛ شمشێروەشێن؛ شیرباز.
تیغە / tîqe، ـها/: اسم. ۱. تیغە؛ تێخە؛ دەمی شیر و چەقۆ یان هەر شتێکی تیژ ۲. تیغە؛ نێوان؛ نێوبڕ؛ ناوبڕ؛ زەمۆمە؛ مابەین؛ بەتامان؛ سپین؛ قولهەر؛ باریکەدیوار؛ هەرە ‹دیوار تیغه است و استحکامی ندارد: دیوارەکە تیخەیە و ئەوندە هەڵناگرێ› ۳. لام؛ شووشە گەورەی میکرۆسکۆپ ٤. سەر یاڵ؛ قوتکە؛ کەپک؛ کەپکە؛ لووتکەی شاخ؛ سەر شانی چیا.
⊡ تیغە کشیدن: تێغەنان؛ تێغەکێشان/ نیان؛ جیاکردنەوەی دوو دیو لە یەک بە تێغە ‹سالن را از وسط تیغه کشیدند و دو تا اتاق از آن درآوردند: سالۆنەکەیان تیغەنا و دوو ژووریان لێ دەرهێنا›.
تیفوئید / tîfo'îd/: [فرانسوی]/اسم. کەفتەیی؛ کەوتوویی؛ سوورەیاو؛ حەسبە؛ نەخۆشییەکی ڕیخۆڵەخۆیە بە تا و سەرێشە و زگچوون و سستیەوە دەست پێدەکا و زۆر دەگرێ.
تیفوس / tîfûs/: [فرانسوی]/اسم. ڕەش‌گرانی؛ ئێشاگران؛ گرانەتێ؛ نەخۆشینێکی تووشە لە گیانداریکی زۆر ورد کە بە ئەسپێوە دێ و تەوی گران، شل و ولی لەش و وراوەی جاروبارەشی لەگەلایە و پێستی نەخۆش جوانەزرۆی سووری ئاماڵ ڕەش دەردەدا.
تیک / tîk/: [انگلیسی]/اسم. [پزشکی] ۱. پل؛ ڕەوتی فرین؛ فریان؛ جوولەی بێهەستی ماسوولکەی لەش بەتایبەت سەروچاو بە هۆی پێداهاتن یان هۆکارێکی ڕەوانیەوە ۲. تیک؛ نیشانەیەک بۆ دیاردەکردنی شتێک (✓) ۳. ☜ **ساج ـ ۱،۲**.
تیک‌تاک / tîktāk/ ☜ **تِک ـ تِک**
تیلر / tîler، ـها/: [انگلیسی]/اسم. تیلێر؛ جۆرێ ماشێنی کشتوکاڵ کە دوو چەرخ و دەستەیەکی هەیە و کاری جۆراوجۆر دەکات و بە کارگەرێک بەڕێوە دەچێ.
تیلە / tîle، ـها /: اسم. کەلا؛ کەللا؛ خلمات؛ تیل؛ بیل؛ تیلە؛ شتیلە؛ گۆلوو؛ مەرمەڕ؛ مەرمەرە؛ هەرمات؛ هەلمات؛ تەشبەرە؛ دەستکەلا؛ گۆلە؛ هۆل؛ مەردەک؛ تەبەر؛ زەق؛ گۆی چکۆلەی لە شیشە، سواڵەت و... زیاتر بۆ کایەی منداڵان.
تیلەبازی / tîlebāzî/: اسم. مێشێن؛ مێشان؛ کەلامێشان؛ حەلەوێن؛ هەلماتان؛ هەلماتێن؛ هەلاتێن؛ ماتێن؛ هەلماتانێ؛ هەرماتانێ؛ کەلایانێ؛ بیلانێ؛ مەرمەڕێن؛ چەلەدان؛ تەشیلان؛ چالان؛ چالێن؛ مەرمەڕۆکێ؛ کەلایین؛ مەرمەڕین؛ مووشێن؛ مووشانی؛ مووشانە؛ مێتێن؛ گولان؛ پلان.
تیم / tîm، ـها/: [انگلیسی]/اسم. تیم؛ گرۆپ؛ تیپ؛ دەسە؛ دەستە؛ شاند؛ گرۆ؛ پۆل؛ گۆل؛ ڕیزە؛ کۆمەڵ؛ چەندکەسێ کە بۆ کایەیکی تایبەت ڕێکخراون.

تیماج / tîmāc، ـهـا/: [ترکـی]/اسـم. مێشن؛ تیماج؛ پێستی بزن و مەڕی لە دەباغ دراو کە سفت و پتەوە و بۆ چێکرنی کیف و کەوش و کەمەربەند و... بەکار دەچێ.

تیمار / tîmār/:/اسم. نەخۆشیار؛ تیمار؛ چاوەدێری و پەرەستاری نەخۆش.
هەروەها: **تیمار کردن**

تیمارستان / tîmārestān/:/اسم. ۱. نەخۆشخانەی ڕەوانی ۲. ئاسایشتگای ڕەوانی.

تیماس / tîmās/: [؟]/اسم. نەرمان؛ نەرمایی؛ زەوینی نەخت کە زۆرتر لە بنچکان، دار و شەخەلانی خۆڕسک داپۆشراوە.

تیمچە / tîmče، ـهـا/:/اسم. تیمچە؛ قەیسەری؛ بازاڕۆکە؛ حەوشێک و چەند دالانی سەرداپۆشراو، سەرانسەر دووکان و حوجرەی بازرگانان لە نێوانی بازاڕدا.

تیمسار / tîmsār، ـها؛ـان/:/اسم. تیمسار؛ ژنراڵ؛ ڕێزناوێک بۆ ئەمیرانی ئەرتەش (لە سەرهەنگ سەرتر).

تیمم / tayammom/: [عربی]/اسم. *[اسلام]* تێمۆم؛ تەیەمۆم؛ دەسنوێژ بە تۆز یان خۆڵ لە جیاتی ئاو لە شوێنێکدا کە ئاو دەس ناکەوێ.

تیمن / tayammon/: [عربی] *صفت*. پیرۆزی؛ بەودمی؛ مبارەکی؛ موارەکی؛ ممبارەکی؛ بار و دۆخی مبارەک و خۆش قەدەم بوون.

تیموس / tîmûs/: [فرانسوی] *صفت*. تیمووس؛ لکێکە لە پشت چۆلەمەی سینگی منداڵانەوە کە کاتی باڵغ بوونیان زۆر گەورە و پڕکار دەبێتەوە و پاشان وردە-وردە دەتوێتەوە و لە ناو دەچێ.

تیمی / tîmî/: [انگلیسی] *صفت*. پۆلی؛ تیمی؛ گرووپی؛ دەستەیی ‹خانەی تیمی: یانەی پۆلی›.

تیمی: *قید*. پۆلی؛ تیمی؛گرۆپی؛ گرۆیی؛ دەستەیی ‹آنها درآن خانه، تیمی زندگی می‌کردند: ئەوان دەو ماڵەدا بە پۆلی دەژیان›.


تین‌ایجر / tîneycer، ـها/: [انگلیسی] *صفت*. تازەلاو؛ لاو؛ لاوژۆک؛ لاوژۆکە؛ لاوێژە؛ لاوێژە؛ دەمڕووت؛ لاوی تازە پێگەیشتوو دەنێوان ۱۷ تا ۱۹ ساڵدا.

تینر / tîner/: [انگلیسی]/اسم. تینێر؛ تراوێکی کیمیاوی بۆ شلکردنەوە و تەڕکردنی ڕەنگ.

تیوب / tiyûb، ـها/: [انگلیسی از فرانسوی]/اسم. تیوپ: ۱. ئاڵقەیەکی لاستیکی نەرم، نێو خاڵی و بێدرز کە دەکەوێتە ناو تەگەرەوە و بە تەوژمەوە بای تێدەکەن ۲. ئاڵقەیێکی هەر بەو چەشنە بۆ لە سەر ئاو ماناوە بۆ دەوری کەمەر یان هەر دوو باڵ ۳. لوولەیێکی لاستیکی یان کانزایی کە سەرێکی بەستراوە و ئەو سەرەکەی باریک کراوەتەوە بۆ جێگای ڕەنگ و خەمیر دان و...

تیول / tiyûl/: [ترکی]/اسم. ۱. *[مجازی]* کاپۆ؛ بەردەستی فەرمانڕەوایی؛ مووچە و مەزرای خەڵاتی و بێباج ۲. *[قدیمی]* سنجەق؛ دێ، شار یان ناوچەیێک کە داهاتی بۆ تاقە کەسێکە.

تیهو / teyhû, tîhû، ـها؛ تیهوان teyhuvān/: /اسم. کاسەلە؛ کاسەکەو؛ شوشک؛ سووسک؛ سووسکە؛ سۆس؛ سۆسک؛ سوێسکە؛ سۆسکە؛ سووسی؛ سویسکە؛ شووشک؛ مارەکەو؛ تێ؛ گەمزیلە؛ ژەرەژە زرێ؛ پەلەوەرێکی وەک کەو بەلام پچووکترە، بە ڕەنگی بۆری ئاماڵ زەرد، ژێر سنگ خاڵ-خاڵ ڕەش کە باڵی خرتۆڵە و گچکەیە.



ث / s/: [عربی] *حرف*. پێنجەمین پیتی ئەلف و بێتکەی فارسی کە هەر وەک «س» دەخوێندرێتەوە.

ث / se/: *اسم*. سێ؛ سێی سێ نوقتە؛ نێوی پێنجەمین پیتی ئەلف و بێتکەی فارسی.

ثـا / sā /: [عربی]/*اسم*. نێوی عەرەبی پێنجەمین پیتی ئەلف و بێتکەی فارسی.

ثابت[1] / sābet / ـها/: [عربی]/*اسم*. ۱. / ثوابت//*مجازی*/ ئەستێرە؛ هەسارە؛ ئاسارە ۲. نەگۆڕ؛ خۆگر؛ ژمارەیەک کە لە بار و دۆخێکی ئاسایی یان تایبەتدا هەندی ناگۆردرێ.

ثابت[2] / ـها/: [عربی] *صفت*. ۱. ڕاوەستاو؛ بەردەوام؛ چەق؛ وەستاو؛ پاوەجێ؛ بنەجە؛ پایا ‹درجایش ثابت است: لە جێیدا ڕاوەستاوە› ۲. بێجوولە؛ هادار؛ ئادار؛ لەجێخۆ ‹سرت را ثابت نگهدار: سەرت بێ‌جوولە ڕاگرە›.۳. نەگۆڕ؛ پایا ‹رنگش ثابت است: ڕەنگی نەگۆڕە›.

▣ ثابت بودن: ۱. ڕاوەستاو بوون؛ بێجوولە بوون ۲. نەگۆڕ بوون؛ بێ ئاڵوگۆڕ بوون.

ثابت شدن: ۱. سەلمان؛ سەلمیان؛ دروستی واتەیەک ڕوون بوونەوە ‹... کە او نبوده است: ... کە ئەو نەبووە› ۲. ڕاوەستاو بوون؛ بنەجێ بوون؛ پاوەجێ بوون. هەروەها: **ثابت کردن**

ثابت‌قدم / sābetqadam، ـها؛ ـان/: [عربی] *صفت*. پێ‌پەیت؛ پێداگر ‹او در کارش ... است: ئەو لە کاریدا ...›.

ثارالله / sārallāh/: [عربی] *صفت*. سارەڵلا؛ تۆڵەسێن لە دوژمنانی خوا.

ثاقب / sāqeb/: [عربی] *صفت*. /*ادبی*/ ڕووناک؛ ڕۆناک؛ ڕۆشن؛ ڕەوشەن؛ ڕوون؛ گەش؛ پرشنگدار؛ تیشکدار.

ثالث / sāles/: [عربی] *صفت*. سێهەم؛ سێیەم؛ یەرەم ‹شخص ...: کەسی ...›.

ثالثاً / sālesan/: [عربی] *قید*. سێهەم؛ لە سێهەمدا؛ لە پلەی سێهەمدا ‹...، ثابت کنید: ...، بسەلمێنن›.

ثالثه / sālese/: [عربی]/*اسم*. یەکەی

پێوانی کونج، بەرانبەر یەک شەستەمی چرکە.

ثالوث / sālûs/: [عربی]/اسم. سێیانەی پاکی خاچپەرستی (باب، کوڕ، ڕۆحی پیرۆز).

ثامناً / sāmenan/: [عربی] قید. *[نامتداول]* لە هەشتەمدا؛ لە هەشتەمەوە؛ لە پلەی هەشتەمدا.

ثانوی / sānavî/: [عربی] صفت. ۱. دووهەم؛ دووهەمین ‹در ملاقات ثانوی: لە دیمانەی دووهەمدا› ۲. دوایین؛ دمایین؛ دوا ‹اطلاع ثانوی: دوایین هەوال›.

ثانویه / sānavîyye/: [عربی] صفت. ۱. دووهەم؛ دووهەمین ۲. دوایین؛ دمایین.

ثانی / sānî/: [عربی] صفت. ۱. دووەم؛ دووهەمین؛ دووەمین ‹فارابی را معلم ثانی لقب دادند: نازناوی فارابیان مامۆستای دووەم ناوە› ۲. هاوتا؛ وێنە؛ وەکی ‹آب و هوای اینجا ثانی ندارد: ئاو و هەوای ئێرە دووەمی نیە›.

ثانیاً / sāniyan/: [عربی] قید. لە دووهەمدا؛ دووهەم؛ دووەم؛ لە پلەی دووهەمدا ‹ثانیاً، مشخصات خود را بنویسید: لە دووهەمدا، پێناسەگەلی خۆتان بنووسن›.

ثانیه / sāniye/: [عربی]/اسم. چرکە: ۱. سانیە؛ یەکەی سەرەکی بژاردنی کات، بەرانبەر بە ۱/٦۰ دەقیقە و ۱/٨٦٤۰۰ شەو و ڕۆژێک ۲. *[مجازی]* سات؛ کاتێکی زۆر کورت ‹یک ثانیه هم از او غافل نبود: ساتێکیش چاوی لێ دانەدەخست›.

ثانیه‌ای[۱] / sāniye'î/: [عربی/ فارسی] صفت. چرکەیی؛ سانیەیی؛ پێوەندیدار یان سەر بە چرکەوە ‹کار ده ثانیه‌ای: کاری دە چرکەیی›.

ثانیه‌ای[۲]: قید. ۱. چرکەیی؛ سانیەیی؛ بە پێی چرکە ‹ثانیه‌ای محاسبه می‌شود: چرکەیی حیساب دەکرێ› ۲. چرکەیێک؛ چرکێونە؛ لە هەر چرکەیەکدا ‹ثانیه‌ای پنج عمل انجام می‌دهد: چرکەیێک پێنج کاران دەکات›.

ثانیه‌شمار / sāniyešomār، ـها/: [عربی/ فارسی]/اسم. چرکەژمێر؛ چرکەژمار؛ سانیەشمار ‹ساعتم ثانیه‌شمار ندارد: کاتژمێرەکەم چرکەژمێری نیە›.

ثانیه‌شماری / sāniyešomārî/: [عربی/ فارسی]/اسم. بێ قەراری؛ بێ ئۆقرەیی؛ چاوەڕوانی وێڕای بێتەشەیی ‹برای بازگشت پسرش ثانیه‌شماری می‌کرد: بۆ گەڕانەوەی کوڕەکی بێقەراری دەکرد›.

ثبات / sabāt, sobāt/: [عربی]/اسم. پایەداری؛ پێوەجێیی؛ بەرقەراری؛ ڕاوەستاوی؛ بەردەوامی؛ دامەزراوی ‹ثبات اجتماعی: پایەداری کۆمەلایەتی›.

ثبات / sabbāt/: [عربی]/اسم. تۆمارڤان؛ تۆمارگەر؛ نڤیسەر.

ثبت / sabt/: [عربی]/اسم. ۱. تۆمار؛ کار یان ڕەوتی نووسین لە دەفتەردا ۲. مەزرینگەی نووسین و تۆمارکردنی بەلگە.

◙ **ثبت نام**: ناونووسی ‹رفتم دانشگاه و ثبت‌نام کردم: ڕۆیشتم بۆ زانستگا و ناونووسیم کرد›.

▣ **ثبت شدن**: تۆمارکران؛ نووسران؛ نووسیان؛ نویسیەی؛ لە زابەندا نووسین.

هەروەها: **ثبت کردن؛ ثبت بودن**

به ثبت دادن ☜ **به ثبت رساندن ـ۱**

به ثبت رساندن: تۆمارکردن: ۱. نووسین؛ تۆمارکردن لە مەزرینگەی تۆرمارگەدا ‹شرکت را به ثبت رساند: بەشدارگەکەی تۆمار کرد›: **به ثبت**

دادن ٢. دابین کردنی هۆکارگەلی نووسینی نووسراوەیەک لە دەفتەر یان بەلگەیەکی ڕەسمیدا. هەروەها: **به ثبت رسیدن**

ثبتی / sabtî/: [عربی] *صفت*. ١. تۆمارگەیی؛ پێوەندیدار یان سەر بە تۆمارگەوە، مەزرینگەی تۆمارکردنەوە ‹سند ثبتی: بەلگەی تۆمارگەیی› ٢. تۆمارکراو ‹وکالتنامەی ثبتی: بریکارنامەی تۆمارکراو›.

ثبوت / subût, sobût/: [عربی]/*اسم*. ١. خۆگری؛ چەسپاوی؛ دامەزراوی؛ بار و دۆخی چەسپان یان مسۆگەر بوون ‹فرش کردستان به ثبوت رنگ معروف است: قالی کوردستان بە خۆگری ڕەنگ ناوداره› ٢. کارێک لە وێنەگریدا کە بە دەرمانی کیمیایی، وێنەی سەر فیلم یان کاغەزی وێنەگری خۆگر دەبن و ئەمجار لەبەر تیشکەوە ڕەش نابنەوە.

▣ **به ثبوت رسیدن**: سەلمێندران؛ سەلمیان؛ سەلمان ‹جرم متهم به ثبوت رسید: تاوانی تاوانبارەکە سەلمیندرا›.

ثخذ / saxez/: [عربی]/*اسم*. ناوی حەوتەمین دەستە لە پیتەکانی ئەبجەد.

ثروت / servat, sarvat/ ـها/: [عربی] *اسم*. مال؛ دارایی؛ سامان؛ کلوور: *الف)* هەرچی لە مال و دارایی کە بایەخی ئابووری هەیە ‹ثروت من همین خانه است: دارایی من هەرئەم مالەیە› *ب)* سامان و دارایی زێدەتر لە پێویست ‹او ثروت زیادی به هم زده است: مال‌وسامانێکی زۆری پێکەوە ناوه›.

ثروتمند / servatmand, sarvatmand/ ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] صفت. ساماندار؛ دەولەمەن؛ دەولەمەند؛ دەولەتمەن؛ مایەوەر؛ دارا: ١. دەسمایەدار؛ پارەدار؛ پارەمۆل؛ زەنگین؛ خاجا؛ خواجا؛ مالۆدار؛ بوودە؛ ئەنگراو؛ کەڕانە؛ دارندە ‹خانوادەی ثروتمند: بنەمالەی دەولەمەند› ٢. خاوەن لێهاتوویی ئابووری ‹کشور ثروتمند: ولاتی دەولەمەن›.

ثریا / sorayyā/ ☜ **پروین**

ثعلب / sa'lab/: *اسم*. ١. ☜ **روباه-١** ٢. /ـها/ سالمە؛ بنەگیایەکی زەمینی یان پێچدەرە بە گولی جۆراوجۆر و میوەیەکی وەک بادامەوە بەلام زۆر ڕەق کە دەیهاڕن و بۆ خەستکردنەوە (بەستەنی و شەربەت و...) بە کاری دەبەن.

ثفل / sofl/: [عربی] اسم. */گفتاری/* تلتە؛ تلف؛ سلپە؛ پلتە؛ تلپە؛ تلفارە؛ پەگر ‹ثفل چای: سلپەی چایی›.

ثقل / seql/: [عربی]/*اسم*. ١. قورسی؛ سەنگینی؛ سۆڤ ٢. */فیزیک/* کێش؛ هێزی بەرەو خۆ کێشانی زەوین.

▣ **ثقل سامعه**: گوێ‌گرانی؛ قورسی گوێچکە؛ گوێچکە سەنگینی.

ثقل سرد: برک؛ ژان‌وپێچ؛ ئێشی زگ و گەدە کە بە هۆی خواردنی شتگەلی سارد و نەگەییشتوو بەتایبەت میوەی کالەوە تووش دەبێ.

ثقل معده: گرانی گەدە؛ قورسی و ئاخندراوی زگ.

ثقیل / saqîl/: [عربی] *صفت*. گران؛ قورس؛ سەنگین؛ سەنگدار ‹زبان این کتاب خیلی ثقیل است: زمانی ئەم کتێبە زۆر گرانە›.

ثلاثه / salāse/: [عربی] *صفت*. ١. سێیانی؛ سێ‌دانەیی ٢. سێ‌بەشی؛ سێینە؛ سیانە.

ثلاثی / salāsî/: [عربی] صفت. ١. سێیانی؛ سێدانەیی ٢. سێپیتی.

ثلث / sols/: [عربی]/سم. ١. ـها/ سێ یەک؛ یەک لە سێ ٢. سێیەکی دارایی مردوو ٣. سولس؛ یەکێک لە شێوە خەتیەکانی فارسی و عەرەبی ‹خط ثلث را زیبا می‌نویسد: خەتی سولس جوان دەنووسێ› ٣. بەشێک لە سێبەشی سالی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی.

ثمر / samar/، ـها؛ ـات/: [عربی]/سم. بەر: ١. [نامتداول] میوە ‹درخت بی ثمر: داری بێ بەر› ٢. قازانج؛ کەڵک؛ بەهرە؛ بەرهەم؛ سوو؛ باهر ‹کارش هیچ ثمر نداشت: کارەکەی هیچ قازانجێکی نەبوو› ✽ ثمرە

▣ ثمر بخشیدن: بەهەرەدان؛ قازانجگەیاندن؛ بەردان؛ وەچ دانەوە؛ بەرهەمدان ‹سرانجام تلاشهایم ثمر بخشید: ئاخری کارەکانم بەرهەم دان›. هەروەها: ثمر دادن

بە ثمر رساندن: پێگەیاندن؛ وەبەر هێنان؛ بە پایەگەیاندن؛ هێنانە بەرهەم؛ بە ئاکامی دڵخوازگەیاندن ‹این من بودم کە بچەها را بە ثمر رساندم: ئەمن بووم منداڵەکانم پێگەیاند›.

ثمربخش / samarbaxš/: [عربی/ فارسی] صفت. بەهەرەدەر؛ بەکەڵک؛ کەڵکدار؛ قازانجدەر؛ فایەدار ‹معالجەاش ثمربخش نبود: دەوا و دەرمانی بەهەرەدەر نەبوو›.

ثمرە / samare/ ☜ ثمر

ثمن / saman/: [عربی] اسم. [نامتداول] نرخ؛ بایی؛ بایەخ.

▣ ثمن بخس: هەرزان و تالان؛ خوتوخۆڕا؛ پەتی؛ بەلاش؛ مفتومەرحەبا ‹خانە را بە ثمن بخس فروخت: ماڵەکەی هەرزان و تالان فرۆشت›.

ثمن / somn/: [عربی] اسم. [نامتداول] هەشتیەک؛ یەک لە هەشت.

ثمین / samîn/: [عربی] صفت. [ادبی، نامتداول] پڕبایەخ؛ پڕبەها؛ بەنرخ؛ گران.

ثنا / sanā/: [عربی]/سم. پەسن؛ ڕەوش؛ تاریف؛ کار یان ڕەوتی پێهەڵگوتن.

ثناخوان / sanāxān/، ـها؛ ـان/: [عربی/ فارسی] صفت. پەسندەر؛ پەسنبێژ؛ تاریفدەر؛ پێهەڵگۆ؛ پێهەڵخوێن؛ خاوەن خۆ و خدەی بەباڵای دیتراندا هەڵگوتن.

ثناگو / sanāgû/، ـها؛ ـیان/: [عربی/ فارسی] صفت. پەسندەر؛ پێهەڵگۆ؛ ڕەوشدەر.

ثنایا / sanāyā/: [عربی]/سم. ددانگەلی پێش؛ دگان بەر؛ چوار ددانی بان و خواری پێشەوەی مرۆ کە سەرجەم هەشت ددانە.

ثنوی / sanavî/: [عربی] صفت. [ادیان] دوانەپەرست؛ بڕوادار بە دوانەپەرستی.

ثنویت / sanavîyyat/: [عربی]/سم. [ادیان] دوانەپەرستی؛ بڕوا بە هەبوونی دوو ئافرێنەر یان دوو گەوهەر لە جیهاندا (وەک ئەهوورامەزدا و ئەهریمەن).

ثواب / savāb/، ـها/: [عربی]/سم. ١. چاکە؛ سواو؛ سەواب؛ کارچاکی؛ خێر ‹من خواستم ثواب کردە باشم: من ویستم چاکەیەکم کردبێ› ٢. پاداشت؛ دەسخۆشانە؛ دەسیاو؛ مزی کاری چاکە لە جیهانی‌تردا ‹ثواب این کار عاید تو می‌شود: پاداشی ئەم کارە بە تۆ دەگا›.

ثوابت / savābet/: [عربی] جمعِ ☜ ثابت

ثور / sowr/: [عربی]/سم. ١. ☜ گاو - ٢١. [تقویم] سەور؛ دووهەمین کەلوو لە کەلووگەلی دوازدەینەی ساڵ، بەرانبەر بە مانگی گولان.

خوێنەری هێژا!

ئەم وشە فارسیانە کە لێرەدا بە مانای عەرەبی و ئینگلیسیانەوە ڕیز کراون، ئەوانەن کە ئێمە بەرانبەرێکی پڕ بە پێستی کوردیمان بۆ نەدیونەتەوە. ئەگەر ئێوە بۆ هەر کامیان کوردیەکی ڕەسەنتان زانی، لە جێگای خۆی داینێن و بۆ ئێمەشی بنێرن تا لە چاپەکانی داهاتوودا ڕەچاویان کەین.

کردی	انگلیسی	عربی	فارسی
	–	الماءالقلیل	آب قلیل : *[فقه]*
	–	الماءالکّر	آب کر : *[فقه]*
	lampshade	كُمّةالمصباح	آباژور : [فرانسوی] *اسم.*
	hydrophobia	رُهابالماء	آب‌ترسی : *اسم. [روان‌شناسی]*
	shoal	الضَّحْل	آبتل : [فارسی/ عربی] *اسم.*
	–	أول طعامٍ یطعمون الطفل	آبحتی : *اسم.*
	jacuzzi	الأبزن	آبزن : *اسم.*
	aquarium	المستمهی	آبزیخانه : *اسم.*
	reef	الحدبالمرجانی	آبسنگ : *اسم.*
	hydrosphere	المحیطالمائی	آبکره : [فارسی/ عربی] *اسم.*
	scoter	دجاجةالماء	آبکوپیل : *اسم. [زیست‌شناسی]*
	hydrophobia	–	آبگریزی : *اسم.*
	subscription	الاشتراک	آبونمان : [فرانسوی] *اسم.*
	subscribed	المشترک	آبونه : [فرانسوی] *صفت.*
	projector	مکینة السینما	آپارات : [روسی] *اسم.*
	projectionist	عامل مکینةالسینما	آپاراتچی : [روسی ترکی] *اسم.*
	pyrophobia	رُهابالنار	آتش‌ترسی : *اسم. [روانشناسی]*

فارسی	عربی	انگلیسی	کردی
آتلیه: [فرانسوی]/اسم.	المَرسَم	atelier/ studio	
آداپتور: [فرانسوی]/اسم.	المبدِّل	adaptor	
آدم‌آهنی: [معرب/ فارسی]/اسم.	الانسان‌الآلی	robot	
آدم‌زیوی: [معرب/؟]/اسم.	-	archeozoic	
آرشیو: [فرانسوی]/اسم.	المحفوظات	archive	
آسکاریس: [فرانسوی]/اسم.	الدودةالمدوّرة	ascaris	
آسمان‌پیسه: /اسم.	السماءالاسقمرية	-	
آش نذری: *[فرهنگ مردم]*	-	pottage	
آغاره: /اسم.	-	-	
آفیش: [فرانسوی]/اسم.	الإعلان‌الدعائی‌المصورالجداری	announcement	
آلزایمر: [آلمانی]/اسم. *[پزشکی]*	-	alzheimer's disease	
آمبولی: [فرانسوی]/اسم. *[پزشکی]*	الانسدادالوعائی	embolism	
آمپلیفایر: [انگلیسی]/اسم.	المکبِّر	amplifier	
آموزانه: /اسم.	أجرةالتدریس	tuition	
آنوریسم: [فرانسوی]/اسم. *[پزشکی]*	التمددالوعائی	aneurism	
آوابر: /اسم.	-	door phone	
آوانگاری: /اسم.	تمثیل‌اللفظ	phonography	
آوانگاشتی: صفت.	التمثیل‌اللفظی	phonographic	
آورتا: [انگلیسی]/اسم.	الوتین	aorta	
اتباع: [عربی]/اسم. *[بدیع]*	الأتباع	-	
اتوماسیون: [فرانسوی]/اسم.	الأتْمَتَة	automation	
أجرت‌المثل: [عربی]/اسم.	القیمةالتأجیریة	rental value	
أجرت‌المسمّی: [عربی]/اسم.	القیمةالاسمیة	rental	

فارسی	عربی	انگلیسی	کردی
ارتزاق: [عربی]/اسم.	الارتزاق	sustenance	
ارسال مثل: [ادبی]	التمثیل	proverbial quotation	
ارگونومی: [فرانسوی]/اسم.	التقانةالإحيائية	ergonomics	
استخاره: [عربی]/اسم.	الاستخارة	–	
استراتژی: [فرانسوی]/اسم.	الاستراتيجية	strategy	
اشراق: [عربی]/اسم.	الاشراق	theosophy revelation	
اضافه حقوق:	بدل‌الراتب	increment raise	
افلاک‌نما: [عربی]/اسم.	–	planetarium	
اقتصادسنجی: [عربی/ فارسی]/اسم.	الاقتصادالقياسی	econometrics	
اقطاع: [عربی]/اسم. [قدیمی]	الإقطاع	–	
اقناع: [عربی]/اسم. [ادبی]	الإقناع	contentment	
اقیانوس: [معرب از یونانی]/اسم.	المُحيط	ocean	
المنت: [انگلیسی]/اسم.	سلک‌المقاومة	element	
امکانات: [عربی]/اسم.	الأمكانيات	facilities/potentialities	
انبردست: /اسم.	الزَرَديّه	pliers	
انترن: [فرانسوی]/اسم.	–	intern	
انیفرم: [فرانسوی]/اسم.	البِزّةالرسمية	uniform	
اهله‌ی قمر:	أوجُهُ القمر	phases of moon	
ایهام: [عربی]/اسم. [بدیع]	الإيهام	ambiguity	
باجراه: /اسم.	طريق ذات‌الجُعل	toll road	
بادآورده: صفت. [کنایی]	غير مكتسب بعمل	godsend/ unearned	
باد دبور	الريح الجنوبية الغربية	gharbi	
باد فرارو	الريح الصاعدة	anabatic wind	

فارسی	عربی	انكليسى	كردى
باد فرورو	الريح الهابطة	katabatic wind	
باد موافق	الريح المساعدة	trade wind	
بادسوخته: صفت.	–	–	
بادنقش: [فارسی/ عربی]/اسم.	دورة الرياح	–	
بادنگار: /اسم.	مرسمة الريح	anemograph	
بادنما: /اسم.	دوّارة الهواء	weather- vane	
بازرسی: /اسم.	التفتيش	inspection	
بالارو: صفت. [گفتاری]	الصاعد	rising	
بالفعل: [عربی] قید.	فعلاً	actual	
بالقوه: [عربی] قید.	فی الأمكان	potential	
بچه‌سرکه: /اسم. [شیمی]	أمّ الخَلّ	vinegar-plant	
بخار ـ۳: [عربی]/اسم.	البخار	steam/ vapor	
بدمنصب: [فارسی/ عربی] صفت.	–	officious	
بدیهیات: [عربی]/اسم.	البديهيات	self-evidence	
بذر اصلاح‌شده	الزرعة المعدّلة	breeder's seed	
برفمرز: /اسم.	خطّ الثلج	snowline	
برگردان: /اسم.	اللازمة	refrain	
برهمکنش: /اسم. [فیزیک]	التفاعل التبادلی	interaction/ interplay	
برونبر: /اسم.	قشرة الثمر	epicarp	
برونبوم: /اسم.	مقاطعة محاطة بأرض	enclave	
برون‌همسری: /اسم. [جامعه‌شناسی]	الأباعدية	exogamy	
بز اخفش	–	–	
بزنگاه: /اسم.	الموضع الحساس	on time	

کردی	انگلیسی	عربی	فارسی
	developer/ jerry-built	البنّاء المهلوج	بساز و بفروش: /اسم.
	stuff	الأهبة	بضاعت: [عربی] /اسم.
	(sense of) touch	اللامسة / اللمس	بساوایی: /اسم.
	remnants	المتخلفات	بقیة السیف: [عربی] صفت.
	monument/ trophy	النُصب التذكاری	بنای یادبود
	sling arms	تعليق السلاح	بندفنگ / bandfang/: اسم. [نظامی]
	–	–	بند تنک: اسم. [خیاطی]
	vernalize	الإرباع	بهاره کردن
	farming improvement	علم إصلاح طرق الزراعة	بهزراعی: [فارسی/ عربی] /اسم.
	–	مكان للمحافظة على المذنبين	بهکده: /اسم.
	eugenics/ upgrade	تخسين النسل	بهنژادی: /اسم.
	optimization	رفع الإرتقاء	بهینه سازی: /اسم.
	indifferent	الزاهد	بی تفاوت: [فارسی/ عربی] صفت.
	roost/ bunk	المبيت	بیتوته: [عربی] /اسم.
	bistro	مطعم صغير	بیسترو: [؟] /اسم.
	–	–	بیش تیماری: اسم. [روانشناسی]
	biosphere	البيئة الحيوية	بیوسفر: [فرانسوی] /اسم.
	biochemistry	الكيمياء الإحيائية	بیوشیمی: [فرانسوی] /اسم.
	biophysics	الفيزياء الإحيائية	بیوفیزیک: [فرانسوی] /اسم.
	parchement	الرِّقّ	پارشمن: [؟] /اسم.
	part-time	بعض الوقت	پاره‌وقت: [فارسی/ عربی] صفت.
	archaeozoic	الدهر العتيق	پارین زیوی: /اسم.
	plinth	الرهْس	پاسنگ: /اسم.

فارسی	عربی	انگلیسی	کردی
پاشیب: اسم.	المسلّم المستدير	-	
پداگوژی: [فرانسوی] اسم.	علم التربية	pedagogy	
پدرخوانده: اسم.	الربيب	godfather	
پرتونگاری: اسم.	التصوير الشعاعی	radiography	
پردازش: اسم.	العلمية	process	
پروژکتور: [فرانسوی] اسم.	النَوّارة	projector	
پریچه: اسم.	الليف	-	
پل روگذر	مَعبر فوقیّ	overpass	
پل زیرگذر	مَعبر تحتیّ	-	
پلکان متحرک	السلّم الدائر	escalator	
پوشرنگ: اسم.	-	-	
پول در گردش	النقود الدائره	currency	
پیچنده: صفت.	المتلوی	winder	
پیرایه: اسم. [ادبی]	الزينة	embellishment	
پیرچشمی: اسم.	طول البصر	presbyopia	
پیش‌اندیشی: اسم.	التبصر	forethought	
پیش‌ساخته: صفت.	المعدّ من قبل	prefabricated	
تئوزوفی: [؟] اسم.	التصوف	theosophy	
تاباندن: مصدر. متعدی.	التطيع	to shine	
تحبیب: [عربی] اسم. [ادبی]	التحبيب	ingratiation	
تدوین: [عربی] اسم.	التدوين	-	
تدوینگر: [عربی] اسم.	المدوّن	editor/ compiler	
تزویج: [عربی] اسم.	التزويج	marriage	

فارسی	عربی	انگلیسی	کردی
تشبیب : [عربی]/اسم. [ادبی]	التشبیب	exordium	
تشعیر : [عربی]/اسم.	التنمیق	–	
تشنیع : [عربی]/اسم. [ادبی]	التشنیع	reproaching	
تشویق : [عربی]/اسم.	التشجیع	acclamation	
تشویق نامه : [عربی/ فارسی]/اسم.	رسالةالتقدیر	acclamation/ frame	
تصحیف : [عربی]/اسم.	التصحیف	–	
تصلب : [عربی]/اسم. [پزشکی]	التصلب	sclerosis	
تفریق : [عربی]/اسم.	الطرح	subtraction	
تقارن : [عربی]/اسم. [ادبی]	التناسق	symmetry	
تفننی : [عربی] صفت.	الترفیهی	recreational	
تقطیر : [عربی]/اسم. [شیمی]	التقطیر	distillation	
تکلف : [عربی]/اسم.	التصنّع	formality	
تکلیس : [عربی]/اسم.	التحمیص	calcination	
تلفن همراه	الهاتفالخلوی	cell phone	
تلمیح : [عربی]/اسم.	التلمیح	allusion	
تله پات : [فرانسوی] صفت.	المتخاطر	telepath	
تماس : [عربی]/اسم.	المساس	contact/ touch	
تمثیل : [عربی]/اسم.	الحکایة	allegory	
تنبیهی : [عربی] صفت.	التأدیبی	punitive/ penal	
تهذیب : [عربی]/اسم.	التهذیب	edification	
تیزر : [انگلیسی]/اسم.	الإعلانالمصور	commercial	

کتابنامه

ابراهیم‌پور، محمدتقی: *واژه‌نامه‌ی فارسی ـ کردی*. تهران، انتشارات ققنوس؛ چاپ اول، ۱۳۷۳.

احمد حبیب، بدران: *فه‌رهه‌نگی زاراوه (عه‌ره‌بی ـ کوردی)*. هه‌ولێر (اربیل)، وه‌زاره‌تی په‌روه‌رده چاپی یه‌که‌م، ۲۰۰۲.

امینی، امیر: *فرهنگ گیاهان دارویی*. کرماشان، انتشارات طاق‌بستان، چاپ سوم ۱۳۷۸.

انوری، حسن: *فرهنگ بزرگ* (۸ جلدی) *سخن*. انتشارات سخن، چاپ دوم، تابستان ۱۳۸۲.

بابان، شکراله: *فه‌رهه‌نگی بابان (فارسی ـ کوردی)*. چاپی یه‌که‌م، ۱۳۶۱.

بحری، احمد: *فه‌رهه‌نگی باڵنده*. هه‌ولێر (اربیل)، انتشارات ئاراس، چاپ اول، ۲۰۰۱.

جلال غریب، کمال: *القاموس العلمی (عربی ـ انگلیسی ـ کردی)*. به‌شی یه‌که‌م، چاپی یه‌که‌م، به‌غدا، ۱۹۷۹.

جلال غریب، کمال: *که‌ماڵنامه، فه‌رهه‌نگی زانستی عه‌ره‌بی* ـ

ئینگلیزی ـ کوردی، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٣.

حییم، سلیمان: *فرهنگ معاصر فارسی انگلیسی حییم* (کوچک). تهران، انتشارات فرهنگ معاصر، چاپ هشتم، ١٣٨٠.

خالد گولی، مسعود: *فەرهەنگی گولی (فارسی ـ کوردی)*. هەولێر (اربیل)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، ٢٠٠٢.

خضری، سید شهاب: *فرهنگ گیاهان دارویی کردستان*. دانشگاه کردستان، سنندج، چاپ اول، ١٣٨١.

دباغ، فیصل: *ئینسکلۆپیدیای ئابووری، عەرەبی ـ ئینگلیزی ـ کوردی*. هەولێر (اربیل)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە. چاپی یەکەم، ٢٠٠١.

ذبیحی، عبدالرحمان: *قامووسی زمانی کوردی* (ئەلف و بێ). ارومیە، انتشارات صلاح‌الدین ایوبی، ١٣٦٧.

سعداله، صلاح: *قامووسا سەلاحەدین. ئینگلیزی ـ کوردی*. چاپی یەکەم، ١٩٩٨.

شرفکندی، عبدالرحمان (هەژار): *فرهنگ فارسی ـ کردی* (دستنویس).

شرفکندی، عبدالرحمان (هەژار): *هەنبانە بۆرینە (فرهنگ کردی - فارسی)*. تهران، انتشارات سروش، چاپ اول، ١٣٦٩.

صدری‌افشار، غلامحسین ـ حکمی، نسرین ـ حکمی، نسترن: *فرهنگ معاصر فارسی امروز*. (ویرایش چهارم)، تهران، انتشارات فرهنگ معاصر، ١٣٨١.

عارف، حەمەکەریم: *گۆڤەند و زنار*، بەرگی یەکەم (ء ـ س). دەزگای چاپ و بلاو کردنەوەی موکوریانی، هەولێر (اربیل)، چاپی یەکەم، ٢٠٠٦.

عمید، حسن: *فرهنگ عمید* (۲جلدی)، کتابخانەی ابن‌سینا، تهران، چاپ ۱۳۳۷.

کاویان، فتاح: *حەوتەوانە*، سلێمانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سەردەم، چاپی یەکەم، ۲۰۰۰.

کریم، رزگار: *فەرهەنگی دەریا (عەرەبی ـ کوردی)*، (۲جلدی). سلێمانی، وەزارەتی ڕۆشنبیری، ۲۰۰۵.

کریمپور، کریم: *خوەرهەڵات*. فرهنگ گویش کردی کلهری (کرمانشاهی)، کردی ـ فارسی، (۳ جلدی)، کرمانشاه، نشر صبح روشن. ۱۳۸۰.

کریمی‌دوستان، غلامحسین: *کردی ایلامی (بررسی گویش بدره)*. تهران، باغ نو، ۱۳۸۰.

مردوخ کردستانی، شیخ محمد: *فرهنگ مردوخ*. سنندج، انتشارات غریقی، چاپ دوم، ۱۳۶۲.

موکریانی، گیو: *فەرهەنگی کوردستان*. هەولێر(اربیل)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، ۱۹۹۹.

نانەوەزادە، عەلی، *فەرهەنگی هەرمان (کوردی ـ کوردی)*. تهران، توکلی، چاپی یەکەم، ۱۳۷۹.

نجیب سردشتی، بهزاد: *سازشناسی موسیقی کردی*. تهران، انتشارات توکلی، چاپ اول، ۱۳۸۵.

نظام‌الدین، فاضل: *فەرهەنگی شیرین* (عەرەبی ـ کوردی). سلێمانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سەردەم، چاپی یەکەم، ۲۰۰۲.